# جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی
# یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە

**ناوی کتێب: جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە**

**نووسەر:  ئاوارە حسێن**

**دیزاینی بەرگ‌و ناوەوە: ئومێد محەمەد**

**تیراژ:  ٥٠٠ دانە**

**ساڵی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٧**

**چاپ: چاپخانەی حەمدی**

***لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان**
**ژمارەی سپاردنی ( ١١١١ )ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە**

---

Email: Awara.humanity@gmail.com.

هەموو مافەکانی پارێزراوە بۆ نوسەر

---

# جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە

ئاوارە حسێن

2017

# پێشکەشە

بەو خوێنە گەشانەی کە ڕژاون لەپێناوی گێڕانەوەی مەزنایەتی بۆ ئازادیی و مرۆڤ پەروەریی ئەو خاکەی کە دووەمین لانکەی لەدایکبوون و نیشتەجێبوون و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە.

بەو نەوەیەی کە بەشێوەیەکی قووڵ گرێدراوی یاسای گەوهەرانەیەو جینۆسایدی نەتەوەکەی و مرۆڤایەتی لەبیر ناکات و لەپێناوی مرۆڤ دۆستی و ژیاندۆستیدا یادی دەکاتەوە.

# پێڕست

**پێشەکی........................................................................................................٧**
**بەشی یەکەم.....................................................................................................١١**
تێگەیشتنێکی گشتی دەربارەی تاوان و  تیۆری گشتیی جینۆساید................١١
باسی یەکەم/ چەمکی جینۆساید..........................................................................١١
باسی دووەم/ پێناسەکردن و ناساندنی جینۆساید...........................................١٨
باسی سێیەم/ پایەکانی تاوانی جینۆساید............................................................٢٦
باسی چوارەم/ تاوانی جینۆساید لە مێژوودا.....................................................٢٩
باسی پێنجەم/ شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید.................................٣٣
باسی شەشەم/ گروپە پارێزراوەکان لە جینۆساید...........................................٤٧
باسی حەوتەم/ جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی لە یاسا نێودەوڵەتی و نیشتیمانییەکاندا................................................................................................٥٤
باسی هەشتەم/ سزادان و تەسلیم کردنەوەی تاوانباران و بەسەر نەچوونی جینۆساید.........................................................................................................٥٨
باسی نۆیەم/ پەیوەندیی جینۆساید بە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی ترەوە...........٦٨

**بەشی دووەم...................................................................................................٨٩**
ڕاستینەی کوردان و جینۆسایدەکانی لە باکوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشووری کوردستان.........................................................................................٨٩

باسی یەکەم/ ڕاستینەی کوردان و ساغکردنەوەی مێژووی شێوێنراو و نادادوەریی یاسایی..............................................................................................٨٩
باسی دووەم/ جینۆسایدی کورد لە باکووری کوردستان..............................١١٦
باسی سێیەم/ جینۆسایدی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان..........................١٢٢
باسی چوارەم/ جینۆسایدی کورد لە خۆر ئاوای کوردستان.......................١٢٨
باسی پێنجەم/ جینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان............................١٣٧

**بەشی سێیەم...............................................................................................٢٤٥**
شایەد حاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی کورد..............................................٢٤٥
باسی یەکەم/ شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی دەرسیم......................٢٤٦
باسی دووەم/شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی نێرینە بارزانییەکان............٢٦٥
باسی سێیەم/ شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی هەڵەبجە......................٢٧٦
باسی چوارەم/ شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەنفال..........................٣٤٤

باسی پێنجەم/ شایەد حاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی شەنگال...............٣٦٦
**بەشی چوارەم...............................................................٣٨٧**
دادگای باڵای تاوانکاریی عێراق و جینۆسایدی کورد..........................٣٨٧
باسی یەکەم/ دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراق........................٣٨٧
باسی دووەم/ پسپۆڕییەکانی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراق......................٣٩١
باسی سێیەم/ دادگای باڵای تاوانکاریی عێراق و کەیسەکانی جینۆسایدی کورد.......................................................................٤١٠
باسی چوارەم/ دادگاییکردنی بەکرێگیراوان (تۆمەتبارەکان)ی جینۆسایدی کورد.......................................................................٥٥٠
باسی پێنجەم/ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی جینۆسایدی کورد........٥٧١
باسی شەشەم/ چۆنیەتی بە نێودەوڵەتیکردن و ناساندنی جینۆسایدی کورد.....٥٧٦
**بەشی پێنجەم...............................................................٥٨٥**
جینۆسایدی کورد و دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی.........................٥٨٥
باسی یەکەم/ دامەزراندنی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی......................٥٨٥
باسی دووەم/ پسپۆڕییەکانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی.....................٥٩٠
باسی سێیەم/ چۆنیەتی گەیاندنی کەیسی جینۆسایدی کورد بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی.......................................................٥٩٧

**بەشی شەشەم..............................................................٦١١**
سوود وەرگرتن لە جینۆسایدی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان....٦١١
باسی یەکەم/ پێناسەو پایەکانی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا...............٦١٢
باسی دووەم/ تیۆرەکانی دان پێدانان بە دەوڵەت...................................٦٢٢
باسی سێیەم/ جۆرەکانی دان پێدانان بە دەوڵەت...................................٦٢٤
باسی چوارەم/ مافی چارەی خۆنووسین لە یاسای نێودەوڵەتیدا و پیادەکردنی......................................................................٦٢٩
باسی پێنجەم/ بەڵگەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.........................٦٣٧
باسی شەشەم/ ئەرکە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان...................................................................٦٤٦
باسی حەوتەم/ گرنگیی هەبوونی دەوڵەت.........................................٦٥٠

**ئەنجام.......................................................................٦٥٧**
**ڕاسپاردن...................................................................٦٦١**
**سەرجەمی سەرچاوەکان.....................................................٦٦٣**
**پاشکۆ یاساییەکان..........................................................٦٧٣**

## پێشەکی

ئەم کتێبە (جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیی)ەوە، بەشێوازێکی یاسایی و زانستی و بۆ یەکەم جار و بە قووڵی جینۆسایدی نەتەوەی کوردم خستووەتە بەردەم ئاوێنەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و سەلماندوومە کە ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی لەدژی نەتەوەی کورد ئەنجامدراون جینۆسایدە. بۆ یەکەمین جار هەندێ داهێنانم لە بواری شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی تاوانی جینۆسایددا کردووە، ئەمەش کلیلێکی یاسایی دەداتە دەست خوێنەر و توێژەری بواری جینۆساید کە ئەوەی لە کتێبەکانی تردا دەستی نەکەوتووە، لێرەدا بەدەستیدەهێنێت.

ئەم کتێبە، بە لەدایک بوونی دووەمی خۆم و بە بەشێک لە کەرامەتم ناودەبەم، لەکاتی نوسینیدا هەمیشە ئەو نزایەم لە خودا دەکرد (خودایە بمژیێنە تا ئەم کتێبە تەواو دەکەم). چونکە لە هەقیقەتدا مانەوەمم بە پێویست دەزانی بۆ لەدایک بوونی. لێرەدا بە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی مرۆیی- ئاینی- یاسایی و نەتەوەیی هەستاوم و هیچ خۆ مافداربونێکی تێدا نییە. بەڵام بەرامبەر بەوانەی بەناوی نەتەوە پەروەرییەوە نەتەوەیان خوارد، بەناوی خۆشەویستیی خاکەوە خاکیان فرۆشت، بەناوی ڕاژە کردن بە پرسی جینۆسایدی کوردەوە کوردستانیان کڕاندەوە. هەست بە ماندوویێتییەکەم نەکرێت ئەوا ڕەوشێکی بەئازار دەبێت بۆم!

هەوڵمداوە وەک ئەو ئەرکەی کە مرۆڤایەتیم، یاسام، ئاینەکەم و نەتەوەکەم خستویانەتە ئەستۆم. جوانی بە ژیان و مرۆڤایەتی ببەخشم. نامەوێت ئەو دێڕانەی کە لە ئازار و ئاگری سینەمەوە هاتوون لەگەڵتاندا بەشیکەم، هەر خۆم قورسایی خەمەکە هەڵدەگرم.

لێرەدا هەموو هێز و هزری یاسایی خۆمم تا ساتی نووسینەکە تێدا خستووەتە گەڕ و بۆ یەکەمین جارە بەقوڵی ئەو زانیاریە یاساییانەم

بەخشیوە. هەربۆیە بەرهەمی خوێندنەوەیەکی قووڵی یاسا و شەونخونی و بیرکردنەوەیەکی دورودرێژە.

زۆربەی کاتەکان لە نووسینی ئەم کتێبەدا لە ناخ و هەناوەوە بەکوڵ گریاوم، ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێت ئازار و جینۆسایدی نەتەوەیەک بنووسێتەوە و لە دەروون و ویژدانەوە نەهەژێت، ئەو نەتەوەیەش کورد بێت و جینۆسایدەکەشی قووڵترین ئەو جینۆسایدە بێت کە مێژووی جینۆساید ناسیویەتی. سەرەڕای ئەوەش نەم هێشتووە وشەیەکیش هەست و سۆز بەسەرمدا زاڵبێت لە نوسینیدا و لەڕێڕەوی یاسایی و زانستی دووری خستبێتمەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەموومان وەک مرۆڤ یەکدی پەسەند بکەین و ڕێز لە بوون و ماف و کەرامەتی یەکتری بگرین و بە ئازادییەوە یەکتری لە ئامێز بگرین.

پاش ئەوەی لەگەڵ مامۆستایانی هاوڕێم بەشی یاسامان لە ساڵی (٢٠١٤- ٢٠١٥)دا لە زانکۆی هەڵەبجە کردەوە. وەک دەستەی دامەزرێنەری بەشەکە، سەرۆکایەتی زانکۆ، سەرۆکی پرۆگرامەکانی زانکۆ، سەرۆکی دڵنیای جۆری زانکۆ، بەشێکی زۆر لە سەرۆک بەش و مامۆستایانی زانکۆی هەڵەبجە داوایان لێکردم کە سەرپەرشتی بەشەکە لە ئەستۆبگرم. پاش چەند جارێک ڕەتمکردەوە کە من سەرپەرشتی بکەم. لەبەرئەوەی یەکەم حەزم بە ئیشی کارگێڕی و پۆست نەبوو وە نییە. لە لایەکی تریشەوە زۆربەی کاتەکانی داگیردەکردم و بوارێکی ئەوتۆم نەدەمایەوە بۆ خوێندنەوەو نووسین. پاش چەند داوایەکی تر لەکۆتایدا داواکەیانم پەسەند کردو بووم بە یەکەمین سەرۆک بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە لە بەرواری (٢٠١٤/٦/٢٩) بە پێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە (١٩٤٦/٥/٢). سەرەکیترین و گرنگترین کارێک بیرم لێکردەوە جێگیر کردنی جینۆسایدی کورد بوو وەک یەکێک لەوانەکانی پرۆگرامی بەشی یاسا. پاش هەوڵێکی زۆر خۆشبەختانە پرۆگرامەکانی

بەشــی یاســا کە جینۆســایدی کــوردیش یەکێــک بــوو لە وانەکــان، لە کۆنوسـی کۆبـونەوەی ژمـارە (٤)ی ئەنجـومەنی زانکـۆی هەڵەبـجە، کە لە (٢٠١٤/١٠/١٥)دا ئەنجامــدرابوو، وە بەپێــی فەرمــانی زانکــۆی ژمــارە (٣٠٧١/٥/٢) لە (٢٠١٤/١٠/٢١)دا پەسەندکرا.

بە پێویســتی دەزانــم ئەوە بڵــێم، کە ڕۆژانــی (٦/٨ و ٢٠١٥/١٠/٥) لە ســەر داوای وەزیــری خوێنــدنی بــاڵا و تــوێژینەوەی زانســتی، هەمــوو سەرۆک بەشـەکانی یاسـا لە زانکۆکانی کوردسـتان لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەولێر کۆبونەوە، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی وەرگرتنی بۆچـوونی سـەرۆک بەشـەکان بـۆ گـۆڕینی بەکالۆریۆسـی یاسـا لە چـوار ساڵەوە بۆ پێنج سـاڵ و چاکسـازی و گۆڕانکاری پرۆگرامەکانی بەشـی یاســا. بەنــدەش وەک ســەرۆکی بەشــی یاســای زانکــۆی هەڵەبــجە لە کۆبونەوەکە ئامادەبووم، سەرەڕای چەند پێشنیارێک، پێشنیاری ئەوەشـم کــرد کە (جینۆســایدی کــورد) بکــرێتە پرۆگرامــی خوێنــدنی بەشــە جیاوازەکانی زانکۆکانی کوردستان و وەک وانەیەک لە هەموو بەشەکاندا جێگیـر بکرێـت. گـرنگییەکەیم ڕوونکـردەوە و ئەوەشـم ووت کە ئـێمە لە بەشـی یاسـای زانکـۆی هەڵەبـجە (جینۆسـایدی کـورد) وەک یەکێـک لە وانەکان جێگریمان کردووە و ئێوەش ئەو وانەیە جێگیر بکەن. بەڵام یەک ســـەرۆک بەشـــیان ئامـــادەی ئەوەیـــان پیشـــاننەدا کە ئەو وانەیە لە پرۆگرامەکانی یاسادا جێگیربکەن و هەندێکیشیان دژایەتیان کرد.

لەو ڕوانــگەیەوە کە خــۆم لەڕووی ئەکــادیمییەوە پســپۆڕیی گشــتیم (یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی ) و پسپۆڕیی تایبەتم (تاوانی جینۆساید)ە. بەباشــم زانــی کە هەر خۆشــم هەســتم بەدانــانی پرۆگرامێــک بــۆ ئەو وانەیەی کە جێگیرمـان کـردووە لە بەشـی یاسـای زانکـۆی هەڵەبـجەدا کە وانەی جینۆسایدی کوردە.

بۆیە نوسینی ئەم کتێبە بۆ پرۆگرامی بەشی یاسا وە ئەگەر جینۆساید بوو بە پرۆگرامی خوێندنی بەشە جیاوازەکانی زانکۆکانی کوردستان ئەوا دەتوانێت پرۆگرامی ئەوانیش بێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەیەکی یاسایی و زانستیی گرنگ بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لە جینۆسایدی کورد و مرۆڤایەتی بگەن و توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامبدەن.

ئەم کتێبەمان دابەش کردوووە بۆ سەر شەش بەش:

بەشی یەکەم: بەقوولی و ووردی لەبارەی تاوان و تیۆری گشتیی جینۆسایدەوە دواوین.

بەشی دووەم: تایبەتە بە ڕاستینەی کوردان و جینۆسایدەکانی لە هەر چوار بەشی کوردستانی دابەشکراو و داگیرکراودا.

بەشی سێیەم: تایبەت کراوە بە شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی کورد.

بەشی چوارەم: لە بارەی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراق و جینۆسایدی کوردەوە دواوین.

بەشی پێنجەم: تایبەتە بە جینۆسایدی کورد و دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی.

بەشی شەشەم و کۆتایی: باسمان لە سوود وەرگرتن لە جینۆسایدی کورد کردووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان.

**ئاوارە حسێن**

**٢٠١٦/١١/١١- هەڵەبجە**

# بەشی یەکەم
# تێگەیشتنێکی گشتی دەربارەی
# تاوان و تیۆری گشتیی جینۆساید

**باسی یەکەم/ چەمکی جینۆساید**

(Genocide): چەمکێکی لێکدراوەو لە دوو دەستە ووشە پێک دێت. ئەوانیش (Genos) وشەیەکی گریکییە بە مانای وەچە یان نەوە یان ڕەگەز دێت و (Cide) وشەیەکی لاتینییەو بە مانای کوشتن یان لە ناوبردن دێت. هەردوو دەستە ووشەکەش بەیەکەوەو بە کوردی بە مانای نەوە کوژی یان وەچە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێن. لە هەریەک لە زمانەکانی فارسی و ئوردو دا چەمکی (نسل کشی) بەکاردەهێنرێت کە ئەم چەمکەش بە کوردی بە مانای نەوە، وەچە، یان ڕەگەز کوژی دێت.

جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن. واتە جینۆساید وەک تاوانێک بە شێوازی جیاواز لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا لە دژی گروپە جیاوازەکان ئەنجام دراوە. بەڵام ئەم چەمکە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٤٤) لە لایەن (ڕافایل لیمکن/ ١٩٠٠/٦/٢٤– ١٩٥٩/٨/٢٨) کە یاسا ناسێکی جولەکەی پۆڵەندی بە ڕەگەز ئەمریکی بوو. لە کتێبە بە ناوبانگە شەش سەدو حەفتا لاپەڕەییەکەیدا (یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا)، تاوانی جینۆسایدی جێگیرو تۆمار کردوو ناوی لێنا کە تا ئەو کاتە جینۆساید، تاوانێک بوو بە بێناو.

ڕافایل لیمکن لە کێڵگەیەک لە دایک بووە بە ناوی ئۆزێریسکۆ لە نزیک گوندی بێزودن لە باوکێکی جوتیار بە ناوی جۆزێف، و دایکێکی نیگار کێش و مامۆستا بە ناوی بێلا نی پۆمێرانز. دوو برای هەبووە، گەورەکەیان ناوی ئیلیاس بووە و ی‌چوکەکەشیان ناوی سامۆیل بووە.[١]

ئەوەی وای کردووە لە بواری جینۆساید دا قوڵ ببێتەوەو هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە، ئەوەبوو کە سەرەڕای ئەوەی دەرچووی بەشی یاسا و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووە لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا، هەروەها (٤٩) چل و نۆ کەسی ئەندامانی خێزانەکەیشی لە جینۆسایدی جولەکەکان لەلایەن ڕژێمی ئەڵمانیای نازییەوە کە لە مێژووی جینۆسایددا بە هۆلۆکۆست ناسراوە دەکوژرێن. بەتەنها خۆی و برا گەورەکەی (ئیلیاس) و براژنی (لیسا) و دوو برازای (ساول و سامۆیل) ڕزگاریان دەبێت. کە ئەوانیش لە کاتی جینۆسایدەکەدا نێردرابوون بۆ کامپەکانی زۆرەملێی کرێکاران لە سۆڤیەت.

بەرامبەر بە چەمکی جینۆساید زۆر جار لەناو دونیای نووسینی کوردی و توێژەران و چالاکەوانانی بواری جینۆساید و میدیای کوردیدا، چەمکەکانی (کۆمەڵ کوژی- گەل کوژی- ڕەشە کوژی) دادەنرێت. کە هەریەک لەو چەمکانە مانای تەواوەتی جینۆساید نادەن بەدەستەوە. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، جینۆساید بە کوردی بە مانای وەچە کوژی، نەوە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێت. گەرچی ئەم چەمکانەش مانای تەواوەتی جینۆساید نادەن بەدەستەوە چونکە دەکرێت لە جینۆسایددا ڕاستەوخۆ هیچ کەسێک نەکوژرێت بۆیە باشتر وایە تەنها چەمکی جینۆساید بەکار بهێنرێت.

سەرەتا جینۆساید دەناسێنین و پاشتر ڕوونیدەکەینەوەو دەیسەلمێنین کە هەریەک لە چەمکەکانی کۆمەڵکوژی و گەلکوژی و ڕەشەکوژی هەڵەو نادروستن و بە مانای جینۆساید نایەن و گوزارشت نین لە چەمکی جینۆساید.

جینۆساید تا ساڵی(١٩٤٤) تاوانێک بوو بە بێ ناو، هەر بۆیە جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن. بۆ یەکەمین جار کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕۆژی(١٩٤٦/١٢/١١) بڕیاری ژمارە(٩٦)

(١) دەرکردو جینۆسایدی بە تاوانێک دانا لە یاسای نێودەوڵەتیدا. وە لە بڕیارەکەدا هاتووە کە جینۆساید نکوڵی کردنە لە مافەکانی تاک و کۆمەڵ و دژی ڕەوشتی یاسا و ئامانج و گیانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تاوانێکی هزر و ویژدان هەژێنەو دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی گەورەی مرۆڤایەتی و جیهانی شارستانی سەرزەنشتی دەکات. دوو ساڵ پاش تێپەڕبوونی ئەم بڕیارە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (١٩٤٨/١٢/٩) بە بڕیاری ژمارە (٢٦٠) ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی لە شاری پاریس دەرکرد و بۆ یەکەمین جار جینۆساید بوو بە یاسا. ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (١٩) نۆزدە ماددە پێک هاتووەو لە (١٩٥١/١/١٢) ەوە کارییپێدەکرێت. تا ئێستا (١٤٧) دەوڵەت لەو ڕێککەوتننامەیەدا ئەندامن.

ئەو ڕێککەوتننامەیە کە بەڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید ناسراوە، لە ماددەی (٢) دا پێناسەی جینۆسایدی کردووە و هاتووە:

(جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

ئەو کردەوانەش:

**١/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.**

**٢/ زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری بە ئەندامانی گروپەکە.**

**٣/ دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.**

**٤/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.**

**٥/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.**

لەم پێناسەیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە تاوانی جینۆساید دەکرێت بە پێنج شێواز ئەنجامبدرێت. هەروەک لە ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەکەدا پێناسە کراوە. ئەوانیش:(کوشتن، ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان). واتە لە تاوانی جینۆسایدا دەکرێت ڕاستەوخۆ کەسیش نەکوژرێت. ئەمەش بۆ خۆی وەڵامدانەوەی هەموو ئەوانەیە کە تا هەنووکە بە هەڵە لە بری چەمکی جینۆساید چەمکەکانی کۆمەڵکوژی و گەلکوژی و ڕەشەکوژی بەکاردەهێنن.

هەروەک لە بڕگەکانی (دووەم- سێیەم- چوارەم- پێنجەم)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە هەریەک لە کردارەکانی: (ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان) بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان بە جینۆساید دادەنرێت.

نادرووستیی چەمکی کۆمەڵکوژی. گەر بە ووردی سەرنجی هەر پێنج بڕگەکەی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید بدەین. دەبینین بە تەنها لە بڕگەی یەکەمیدا باس لە کوشتنی ڕاستەوخۆ دەکات. هەرچی چوار بڕگەکەی تری ماددەکەیە باس لە کوشتنی ڕاستەوخۆ ناکات بەڵکو ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان بە تاوانی جینۆساید داناوە. هەروەها هەندێک لە بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی و شارەزایانی بواری جینۆساید ئەوە دەخەنە ڕوو کە تاوانی جینۆساید پێک دێت ئەگەر هاتوو ژمارەی کوژراوان نەگەنە کۆمەڵێکیش. چونکە لە تاوانی جینۆسایدا مەبەستی ئاراستە کراو گرنگە نەک ژمارەی کوژراوان. گەر هاتوو مەبەستە تاوانکارییەکە ئاراستە کرابێت

بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی یان نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی، و لە ئەنجامدا چەند کەسێکیش بکوژرێن یان کەسیش نەکوژرێت بەڵکو تەنها ڕووبەڕووی ئازارێکی هزری و جەستەیی ببنەوە، ئەوا تاوانی جینۆساید پێک دەهێنێت. سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵکوژی ڕاستەوخۆ وەرگێڕانی چەمکە عەرەبییەکەی جینۆسایدە کە عەرەبەکان پێی دەڵێن (الابادە الجماعیە) و ئەو چەمکەش بۆ خۆی هەڵەیەکە تا ئێستا بە زمانی عەرەبیش دەرخواردی خوێنەر دراوە.

نادرووستی چەمکی گەلکوژی. زۆربەی ئەوانەی لە بواری جینۆسایددا کار دەکەن و ئەم چەمکە بە کاردەهێنن بە ووردی تێبینی و سەرنجی ئەوەیان نەداوە کە تەنها لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆسایددا باس لە کوشتن کراوە. لە لایەکی ترەوە ئەوانەی ئەم چەمکە بە کاردەهێنن لە ژێر کاریگەریی زمانی ئەسکەندەنافی و ئەڵمانیدان، و بۆیە بە هەڵە بەکاریان هێناوە. هەر بۆ نموونە بە زمانی سویدی و نەرویجی و ئەڵمانی بە گەل دەوترێت (Folk) و بە کوشتنیش دەوترێت (Mord). هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە بە مانای گەلکوژی دێت. هەر بۆیە ئەو چەمکەیان لەو زمانانەوە وەرگرتووە و لە ژێر کاریگەریی زمانی ئەو دەوڵەتانەدان بۆیە لەو هەڵە یاساییە بەردەوامن.

لە لایەکی ترەوە نادرووستیی چەمکی گەلکوژی بەرامبەر بە چەمکی جینۆساید، ئەوەیە کە ئەو گروپەی جینۆسایدی بەرامبەر ئەنجامدەدرێت بە تەنها لەبەر ئەوە نییە کە گەلێکی جیاوازن. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە پەیڕەوی ئاینێکی جیاواز دەکەن، لە ڕەگەزێکی جیاوازن یان سەر بە نەژادێکی جیاوازن. هەروەک ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەنجامدانی تاوانی بەرامبەر بەو چوار گروپە بە جینۆساید داناوە ئەگەر

تاوانکار مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپەکەی هەبێت. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت ئەو گروپەی کە جینۆساید ئەنجامدەدات و ئەوەشی کە جینۆسایدی لە دژ ئەنجامدراوە یەک گەل بن بەڵام ڕەگەزیان جیاواز بێت. وەک جینۆسایدی توتسییەکان لەلایەن هوتوەکانەوە لە ڕواندا لە ساڵی (١٩٩٤) کە یەک گەلن بەڵام ڕەگەزیان جیاوازە. هەروەها جینۆسایدی موسوڵمانەکانی هەرێمی ڕاخینی میانمار لە ساڵی( ٢٠١٢) کە یەک گەلن بەڵام ئاینیان جیاوازە. هەربۆیە چەمکی گەلکوژی نا درووستەو واتای تەواو ناگەیەنێت.

نادرووستیی چەمکی ڕەشەکوژی. ڕەشەکوژی بەو جۆرە کوشتنە دەوترێت کە کەسی بکوژ هەڕەمەکی دەکوژێت و هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نییە لە کوشتن و لە ناوبردنی هەریەکێک لەو گروپانەی کە لە جینۆساید پارێزراون. هەربۆیە بەکارهێنانی چەمکی ڕەشەکوژی لە بری چەمکی جینۆساید نادروستە و بەو مانایە نایەت چونکە یەکێک لە پێوەرە گرنگەکانی ناساندن و یەکلاییکردنەوەی تاوانێکی نێودەوڵەتی بە جینۆساید. بوونی مەبەست و نیازە بۆ لە ناوبردنی گروپێکی نەتەوەیی یان نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی. بەڵام لە ئەنجامدانی تاوانی ڕەشەکوژیدا دەکرێت تاوانەکە ئەنجامبدرێت و هیچ یەکێک لەو گروپانە نەکرێنە ئامانج. هەربۆیە ئەم چەمکەش نادروستە.

بۆ ئێمەی کورد چەمکی جینۆساید گونجاوترین چەمکێکە کە بەکاریبهێنین. من خۆم هەر ئەم چەمکە بەکاردەهێنم و پێشم وایە بەکارهێنانی وەچەکوژی- نەوە کوژی یان ڕەگەز کوژی، کە بە کوردیکردنی جینۆسایدە مانای تەواوەتی جینۆساید ناگەیەنێت. چونکە وەک ڕوونمان کردووەتەوەو سەلماندوومانە کە جینۆساید بە پێنج شێواز ئەنجامدەدرێت و لە یەک شێوازیشیاندا باس لە کوشتن دەکات شێوازەکانی تر بریتین لە: ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ

ژیـانێکی نـاهەموار، نەزۆک کردنـی قوربانیـان و ڕاگواسـتنی منـداڵان. بە مەبەسـتی لە نـاوبردنی هەمـوو یـان بەشـێکی گروپێکـی نەتەوەیـی یـان نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی. هەربۆیە بەکارهێنانی مانا کوردییەکەی چەمکی جینۆساید کە بریتییە لە وەچەکوژی یان نەوە کوژی یان ڕەگەز کوژی. نادروست و نا یاساییە.

بەکارهێنـانی چەمکـی جینۆسـاید لەلایەن نوسـەرو میـدیای کـوردییەوە نــابێتە جێگــای ڕەخــنەو والێکنــادرێتەوە کە زمــان و چەمکــی بێگــانە بەکـاردەهێنین و زمـانی کـوردی بە کەم دەزانـین. بەڵکـو هەروەک چـۆن زۆربەی نەتەوە ئاری نەژادەکان چەمکی جینۆسـاید بەکـاردەهێنن و ئەم چەمکە بووە بە چەمکێکی ئاری. ئەوا ئێمەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی ئـاری نەژاد دەتـوانین جینۆسـاید بەکـاربهێنین. بـۆ سـەلماندن و پشـت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەشمان نمونەی بەشێک لەو نەتەوەو دەوڵەتـانە دەهێنینەوە کە چەمکی جینۆساید یان چەمکێکی زۆر نزیک لە جینۆسـاید بە کاردەهێنن.

ئەوانیش:

*ئینگلیزەکان: جێنۆساید.

* فەرەنسییەکان: ژەنۆسید.

* ڕوسییەکان: گینەتسید.

* ئەلبانییەکان: جێنۆسید.

* ئیندۆنیسییەکان: گێنۆسیدە.

* ئیتالییەکان: جێنۆچیدیۆ.

* ژاپۆنییەکان: جێنۆسایدۆ.

* لاتینییەکان: جێنۆچیدیا.

* پورتوگالییەکان: ژێنۆسیدیۆ.

* ڕۆمانییەکان: جێنۆچید.

* سلۆڤاکییەکان: جێنۆسیدا.

**باسی دووەم/  پێناسەکردن و ناساندنی جینۆساید**

تـــاوانی جینۆســـاید لەلایەن زۆربەی شـــارەزایانی بـــواری یاســـای نێـــودەوڵەتی و جینۆســـایدەوە بە پێـــی ڕووداو و کـــاتی تۆمارکردنیـــان پێناســـەکراوە. بە کـورتی ئامـاژە بـۆ ئەو پێناسـانە دەکەیـن و دواتـریش ڕوونیـــدەکەینەوە کە چـــی جـــۆرە پێناســـەیەک بـــۆ تـــاوانی جینۆســـاید درووست و یاساییە.

(ڕافایـل لـیمکن) بەم شـێوەیە پێناسـەی جینۆسـاید دەکـات: جینۆسـاید بەمانـای  دەستبەجێ تێک شکاندنی نەتەوەیەک نـایەت. جگە لەو کـاتەی کە کۆمەڵکوژی هەموو ئەندامانی نەتەوەکە دەکرێت. ئەوە وادادەنرێت بە هێمای هاوتاکردنی پیلانێکی ئامانجی کردەوە جیاوازەکان لە تێکشکاندنی پایەکانی پێک هێنانی ژیانی ئەندامانی نەتەوەکە، بە ئامـانجی لە نـاوبردنی خـودی گـروپەکە. ئامانجەکـانی ئەو پـیلانە شـیبونەوەی دەزگـا سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، کەلتـور، زمـان، هەسـتی نەتەوەیـی، ئـاینی و  ئـابوری مـــانەوەی ئەنـــدامانی گروپەکـــان، تێـــک شـــکاندنی ئاسایشـــی تـــاک، ئازادییەکـانی، تەندروسـتی، شـکۆی و، تەنـانەت ژیـانی ئەو تاکـانەی کە سەر بەو گروپانەن.[٢]

پێناسەکان بۆ تاوانی جینۆساید بەپێی ڕووداو و کاتی تۆمارکردنیان.[٣]

<u>پیتەر درۆست (١٩٥٩).</u>

جینۆســـاید تێکشـــکاندنێکی مەبەســـتداری فیزیکیـــی ژیـــانی تاکەکـــانی ئادەمیزادە بە هۆی ئەندامبونیان لە گروپێکی مرۆییدا.

**<u>ڤاهان دادریان (١٩٧٥).</u>**

جینۆسـاید هەوڵێکـی سـەرکەوتوانەیە لەلایەن گروپێکـی سەردەسـتەوە. بە بەروانـکەی دەسـەڵاتێکی فەرمـی یـان نزیـک بـوونەوەیەکی لەبـار بـۆ زاڵبـوون بەســەر ســەرچاوەکانی دەســەڵاتدا. بـۆ لەنـاوبردن بەهـۆی

زۆرداری یان توندوتیژییەکی کوشندەی ژمارەی کەمینە گروپێک بۆ قوڵترین لە ناوبردن کە دەخوازرێت سود وەربگرێت لە ڕێزگرتنی لاوەزەکان کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردانی جینۆساید.

**ئیرڤین لویس هۆرۆویتز (١٩٧٦).**

(جینۆساید) لەناوبردنێکی بناغە بۆ داڕێژراو و سیستەماتیکانەی خەڵکی بێتاوانە لە لایەن دەوڵەتێکی بیرۆکراتی دامودەزگاییەوە.... جینۆساید ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی سیستەماتیکانەی دواین دەرفەتی پاککردنەوەی دانیشتوانێکی نەتەوەییە، کە هەمیشە کەمینەن... و کارکردنی بنچینەیی سیستەمێکی سیاسییە بۆ دڵنیاکردنەوەی جێگیرکردن و بەشداریکردنی هاووڵاتیبوون.

**لیۆ کوپەر (١٩٨١).**

من شوێنکەوتووی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانم بۆ جینۆساید. لە بەر ئەوە نا کە ڕازیم بە پێناسەکە. لە دژیدا، بڕوام وایە کە فەرامۆشکردنێکی سەرەکی هەیە لە دورخستنەوەی گروپی سیاسی لە ناو لیستی گروپە پارێزراوەکانی جینۆساید. لە دونیای ئێستادا، جیاوازیی سیاسی بنامەیەکی زۆر بچوکە بۆ کۆمەڵکوژی و لە ناوبردن، بە هۆی جیاوازیی هەریەک لە نەژاد، نەتەوە، ڕەگەز و ئاین. هەروەها جینۆساید لە دژی گروپەکانی نەژادی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و ئاینی بە گشتی لە ئەنجامی پەیوەندییەکی هۆگرانەوەیە بە ناکۆکی سیاسییەوە. هەرچەندە پێم وانییە ئەوە هاوکاربێت بۆ پێکهێنانی پێناسەیەکی نوێ. کاتێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو پێناسەیە ناسێنراوەو ڕێککەوتننامەی نەتەوە

یەکگرتووەکان کە بووە بە بناغە بۆ هەندێ کرداری کاریگەر، هەرچەندە چەمکەکە سنووردارو دیاریکراوە. بەڵام لەو کاتەوە کە ئەو پێناسەیە بە هەندی وەرنەگرتووە شیکردنەوەی دورخستنەوەی گروپی سیاسی، من پێویستە ئازادانە ئاماژە بکەم ... بۆ پاککردنەوەو یان بنەبڕکردنی ئەو کردارانەی لە دژی ئەوانن.

**جاک نوسان پۆرتەر (١٩٨٢).**

جینۆساید لە ناوبردنێکی مەبەستداری هەموو یان بەشێکی کەمینەیەکی نەژادی، ڕەگەزی، ئاینی، تیرەیی یان سیاسییە لە لایەن حکومەت یان نوێنەرەکانیەوە. کە تەنها کۆمەڵکوژییەک ناگرێتەوە، بەڵکو خنکاندن و دەرکردن بەزۆر و ملکەچ پێکردنێکی سیاسی و ئابووری و بیۆلۆژییە. جینۆساید لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێک هاتووە ئەوانیش ئایدۆلۆژی، تەکنۆلۆژی، و بیرۆکراسی دام و دەزگا.

**هنری هنباگ (١٩٨٨).**

جینۆساید هەرکردارێکە کە مەترسی لەسەر هەبوونی گروپێک دادەنێت.

**فرانک چۆک و کورت جۆنسن (١٩٩٠).**

جینۆساید شێوازێکە لە کۆمەڵکوژییەکی یەکلایەنە بەمەبەستی تێکشکاندنی گروپێک لە لایەن دەوڵەت یان دەسەڵاتێکی ترەوە، کە ئەو گروپەو ئەندامبونیان لەو گروپەدا ناسێنراوەو دیاری کراوە لە لایەن تاوانکارەوە.

## هێلن فاین (١٩٩٣).

جینۆساید کردارێکی بەردەوامی مەبەستدارە لە لایەن تاوانکارەوە بۆ تێکشکاندنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی گروپێک. لە ڕێگەی ڕەفتاری بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی وەچە خستنەوەی ئەندامانی گروپێک، بەردەوام بێ گوێدانە خۆبەدەستەوەدانی یان نەبوونی هەڕەشەی پێشکەشکراو لەلایەن قوربانییەوە.

## ستیڤن تی کاتز (١٩٩٤).

جینۆساید هێنانەدی مەبەستێکە، هەرچۆنێک سەرکەوتووانە ئەنجام درابێت، بۆ کوشتنی سەرجەم گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، نەژادی، ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زایەندی یان ئابووری. کە ئەم گروپانە ناسێنراو و دیاریکراون لە لایەن تاوانکارەوە بە هەر هۆکارێکی کوشتنی هەموو یان بەشێکی گەورەو هەستپێکراوەوە بێت.

## ئیسریل چرنا (١٩٩٤).

جینۆساید ڕەفتارێکی هەستپێکراوە لە ڕێگای کۆمەڵکوژی ژمارەیەکی گەورەی ئادەمیزاد، کاتێک لە بواری کرداری سەربازیدا نین لە دژی هێزە سەربازییەکانی دوژمنی دیارو ئاشکرا، لە ژێر بارودۆخەکانی پێویستی بێبەرگرییانەی قوربانی.

## عەبدوڵڵا ئۆج ئالان (٢٠١٣).

جینۆساید: بریتییە لە بەردەوامی کرداری توانەوە. ئامانجی لە ناوبردنی کەلتوری و جەستەیی ئەو گەل و گروپە ئاینی، ڕێبازی و ڕەگەزییە هەمە جۆرانەیە کە لە ڕێگای توانەوەوە تێک نەشکاون. بە

گوێرەی ڕەوش یەکێک لەو ڕێبازانە هەڵدەبژێرێت. ڕێبازی جینۆسایدی کەلتوری بە گشتی بەرامبەر ئەو گروپە کەلتورییانە پەیڕەو دەکرێت کە بەرامبەر بە کەلتوری نوخبەی باڵا دەست، واتە بە گوێرەی کەلتوری دەوڵەت- نەتەوە باڵاترن. و هەربۆیە ئامانج لە لەناوبردنی تەواوەتی گروپی نەتەوەیی، ئاینی و ڕەگەزییەو دەخرێنە ژێر فشاری دامەزراوەی پەروەردەوە. بەم جۆرەش هەوڵی کۆتاییهێنان بە بوونەکەیان دەدرێت. بە گوێرەی لە ناوبردنی جەستەی جینۆسایدی کەلتوری بە ئێشترەو جۆرێکی درێژ خایەنی جینۆسایدە. گەورەترین کارەساتە کە نەتەوەیەک یان هەر گروپێک لە ژیانیدا دووچاری دەبێت. ناچارکردنی بۆ دەستبەردان لە بوون ناسنامەو تەواوی هۆکارەکانی کەلتوری مادی و دەروونی لەگەڵ لە خاچدانی بە کۆمەڵی درێژ خایەن یەکسانە.[٤]

هەریەک لەو پێناسانەی سەرەوە کە بۆ تاوانی جینۆساید کراون لە ڕوانگەی خۆیان و قوڵبونەوە لەو تاوانە هەڵیان سەنگاندووەو ناساندوویانە. هەندێک پێناسەکان ئەوەمان پێدەڵێن گەر تاوانێک لە دژی هەریەک لە چوار گروپە پارێزراوەوەکەی جینۆساید وجیاواز لەوانیش ئەنجام بدرێت دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە. بەڵام چی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەکەیدا بۆ جینۆساید و چی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) لە ماددەی (٦)دا. کە پێناسەی جینۆسایدیان کردووە تەنها ئەو چوار گروپەیان پاراستووە (نەتەوە، نەژاد، ڕەگەز، ئاین). هەر بۆیە بۆ دادگاییکردنی تاوانکارانی جینۆساید سود وەردەگیرێت لە پێناسەی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید. هەروەها بە پێی خاڵی (١) بڕگەی (١)ی ماددەی (٣٨)ی دادگای دادی نێودەوڵەتی.

ڕێککەوتننـامە نێودەوڵەتییەکـان بە یەکەمـین و گرنگتـرین سـەرچاوەی یاسـای نێـودەوڵەتی دادەنرێـت و کەیسـە تاوانکارییەکـانیش بە پێـی سەرچاوەی یەکەم یەکلایی دەکرێنەوەو دەناسرێن. واتە کاتێک کەیسێک دەخـرێتە بەردەم دادگـای تاوانکـاری نێـودەوڵەتی یـاخود دادگـای دادی نێودەوڵەتی، ئەوا دادگا بە پێی سەرچاوەی یەکەمی یاسای نێودەوڵەتی کە ڕێککەوتننـامە نێودەوڵەتییەکـانە بڕیـار لەسـەر کەیسـەکە دەدات. وە ئەگەر سەرچاوەی یەکەمیش لەبەردەست نەبوو ئەوا بە پێی ڕیزبەندی کـار بەسـەرچاوەکانی تـر دەکـات تـا دەگـاتە سـەرچاوەی شەشـەم. سـەبارەت بە دادگـاییکردنی تاوانکـارانی جینۆسـایدیش ئەوا ئـێمە لە ڕوانگەی یاساییەوە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و دادگـای تاوانکـاری نێودەوڵەتیمـان هەیە. کاتێـک گەر کەیسـێکی تاوانکاری بخرێتە بەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەوا دادوەران پشت بەو ڕێککەوتننامەیە و یاسای دادگاکە دەبەستن.

هەر بۆیە ناتوانرێت سود لەو پێناسـانەی سـەرەوە وەربگیرێت وەک سـەرچاوەیەکی یاسـای نێـودەوڵەتی بـۆ دادگـاییکردنی تاوانکـارانی جینۆسـاید، چـونکە ئەو پێناسـانە یاسـایی نـین و پێناسـەی یاسـایی بـۆ جینۆسـاید و دادگـاییکردنی تاوانکـارانی جینۆسـاید پێناسـەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتییە.

بەبۆچـوونی ئـێمە پێناسـەی جینۆسـاید بـریتییە لە ئەنجامـدانی هەر کردارێـک کە مەترسـی دروسـت بکـات لەسـەر هەبـوونی گروپێـک کە ناسـێنرابێت و دیـاریکراو بێـت لە لایەن تاوانکـارەوە و کـردارەکە بە مەبەسـتی لە نـاوبردنی هەمـوو یـان بەشـێکی گـروپەکە بێـت و گەر لە

ئەنجامدانی کردارەکەدا بە تەنها یەک کەسیش بکوژرێت یان کەسیش نەکوژرێت و تەنها ئازارێکی جەستەی یان هزرییان ڕووبەڕوو بکرێتەوە، مادام مەبەستێک هەبووە ئاراستەی گروپیک کراوە بۆ لەناوبردنی هەمو یان بەشێکی گروپەکە ئەوا کردارەکە دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

گەرچی خۆشم قولترین ڕەخنەم لە پێناسە یاساییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانکاری نێودەولەتی هەیە. بەوەی نەدەبوو بە تەنها ئەو چوار گروپە (نەتەوە- ڕەگەز- نەژاد- ئاین)ی بپاراستایە. بەلام سەرەڕای ڕەخنەو تێبینی و پێشنیارەکانمان دەبێت بەو پێناسەوە پابەند بین لە دادگاییکردنی تاوانکارانی جینۆساید تا ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشت بەستن بە ماددەی (١٦)ی ڕێککەوتننامەکە هەمواری بکات و گروپەکانی تریش بپارێزێت. هەر بۆیە کەسانێکی زۆر بە ناوی شارەزای بواری جینۆساید کە خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزن، زۆر تاوانی جینۆسایدمان پێدەناسێنن و دەڵێن نەتەوە یەکگرتووەکان وا ناساندویەتی بەلام لەوەرگێڕانی پێناسەکەشدا هەڵەیان کردووە.

<u>پێناسەی یاسایی بۆ تاوانی جینۆساید بە پێی ماددەی (٢) ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی و ماددەی (٦)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی. بریتییە لە:</u>

(جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

ئەو کردەوانەش:

**١/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.**

**٢/ زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری  بە ئەندامانی گروپەکە.**

**٣/ دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.**

**٤/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.**

**٥/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.**

Legal definition crime of genocide under article (2) of the Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide and article (6) of the international criminal court

Genocide means any of the following acts committed with intent to destroy, in whole or in part, a national, ethnical, racial or religious group, as such:

1/ Killing members of the group;

2/ causing serious bodily or mental harm to members of the group;

3/ deliberately inflicting on the group conditions of life calculated to bring about its physical destruction in whole or in part;

4/ Imposing measures intended to prevent births within the group;

5/ forcibly transferring children of the group to another group.

لە ماددەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە کە ئەم کرادارانەش سزایان لەسەرە:

١/ جینۆساید.

٢/ پیلان دانان بۆ جینۆساید.

٣/ هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ تاوانی جینۆساید.

٤/ هەوڵدان بۆ تاوانی جینۆساید.

٥/ بەشداریکردن لە جینۆساید.

**باسی سێیەم/ پایەکانی تاوانی جینۆساید**

پێـک هێنـانی هەر تاوانێـک پێویسـتی بە هەبـوونی سـێ پـایە هەیە، ئەوانیش بریتین لە پایەکانی: (مادی- مەعنەوی- ئەنجامی تاوانەکە).

**یەکەم/ پایەی ماددی**

مەبەست لە پایەی مـاددی تـاوانی جینۆسـاید، هەر تاوانێک دەگرێتەوە کە دەچێتە چـوار چێـوەی پێکهێنـانی تـاوانەکە. ئەم پـایەیە سروشـتێکی مـــادی هەیە، وە یاســـا تاوانکـــارییە نیشـــتیمانی و نێودەوڵەتییەکـــانیش تاوانێکیـان نەناسـاندووە کە پـایەی مـادی تێدا نەبووبێت. پـایەی مـاددی تـاوانی جینۆسـاید بـریتییە لە لە نـاوبردنی ئەنـدامانی گروپێکـی نەتەوەی، یـان ڕەگەزی، یـان نەژادی، یـان ئـاینی. وە بـۆ ئەوەی ئەم پـایە مـاددییە هەبێـت لە تـاوانی جینۆسـایددا دەبێـت تاوانکـار بە مەبەسـت و نیـازەوە هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یـان ڕەگەزی، یـان نەژادی، یـان ئــاینی. لە ناوبەرێــت بە هەریەک لە شــێوازەکانی تــاوانی جینۆســاید ئەوانـیش: (کوشـتن، ئەشـکەنجەدان، دانـانی بە ئامـانجکراوان لە ژیـانێکی نــاهەمواردا، نەزۆککردنــی بە ئامــانجکراوان و ڕاگواســتنی بە زۆری منداڵان).

هەروەهـا لە مـاددەی (٢١)ی دادگـای تاوانکـاریی نێودەوڵەتیـدا بـاس لە چەسـپاندنی یاسـاکانی دادگـاکە دەکـات. خـاڵی (١)ی بـڕگەی (١)ی هەمـان ماددە ئاماژەی بۆ ئەوە کـردووەو دەڵێت: (لە سـەرەتای جێبەجـێ بـوونی یاســاکانی ئەم دادگــایەدا دەبێــت پایەکــانی تــاوان و یاســای شــێوازی دادگاییکردن و بەڵگەکانی تـاوانی هەبێت). واتە هەبـوونی پایەکـانی تـاوان لە ناویشیاندا پایەی ماددی مەرجێکی سـەرەکی یاسـاییە بۆ پێک هێنـانی تاوانەکە، کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان تاوانی جینۆسایدە.

**دووەم/ پایەی مەعنەوی**

ئەم پایەیە بۆ تاوانی جینۆساید زۆر گرنگە. چونکە هەبوونی مەبەست یان نیازو نیەت لە ئەنجامدانی تاوانێکدا، تاوانی جینۆساید لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر جیا دەکاتەوە. لە تاوانی جینۆساید دا تاوانکارو ئەنجامدەری جینۆساید مەبەستیەتی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی لە ناوبەرێت. بەهەر شێوازێک لە پێنج  شێوازەکەی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید کە ماددەی (٢) ڕێککەوتننامەی جینۆساید بەدەق ئاماژەی بۆ کردووە. واتا لێرەدا تاوانکار بۆیە تاوانەکە ئەنجام دەدات چونکە گروپی بە ئامانجکراو جیاوازیی هەیە لە گروپەکەی خۆی لە ڕووی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی یەوە.

گروپەکە جینۆساید دەکرێن چونکە ئەندامی گروپی نەتەوەیەکی ترن. لە ڕەگەزێکی تری جیاوازن، سەر بە نەژادێکی ترن و، پەیڕەوی ئاینێکی تری جیاواز دەکەن. ئەوەش تەواو ڕوونە کە تاوانکار تا دڵنیا نەبێت ئەو گروپەی کە تاوانەکەی لە دژی ئەنجام دەدات جیاوازە لە گروپەکەی خۆی وە هۆکاری سەرەکی ئەو جینۆسایدەشی کە لەدژیان بە بنەمای دەگرێت بوونی جیاوازییانە لەو چوار پێوەرەی کە باسکراون، تاوانەکە ئەنجام نادات. هەر بۆیە لە تاوانی جینۆسایددا ژمارەی قوربانییەکان گرنگ نییەو یاسای نێودەوڵەتییش بە مەرجی دانەناوە، تەنها مەبەست و نیازو نیەتی تاوانکاری گرنگە. چونکە لە سەرەتای دەستپێکردن بە ئەنجامدانی تاوانەکەدا، تاوانکار ویستویەتی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. لە ناو بەرێت. هەربۆیە ژمارەی قوربانیان گرنگ نییە چونکە مەبەستەکە ئاراستە کراوە

بۆ لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپە بە ئامانجکراوەکە. هەر بۆیە بە بۆچوونی ئێمە گەر لەئەنجامدانی تاوانەکەشدا کەسیش نەکوژرێت بەڵکو ئەنجامی تاوانەکە تەنها ببێتە هۆی ئازارێکی جەستەیی و هزری، ئەوا تاوانەکە دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

**سێیەم/ پایەی ئەنجامی تاوانەکە یان پەیوەندی هۆکاری**

ئەم پایەش ئەنجامی تاوانە ئەنجامدراوەکە دەگرێتەوە کە تاوانکارەکە بەرامبەر بە گروپێکی بە ئامانجکراو ئەنجامی داوەو ئەنجامەکەی بەدیهاتووە. پایەی ئەم تاوانەش ئەو کردارە ئەنجامدراوانەیە جا بەهەر شێوازێک ئەنجامدرابێت لە پێنج شێوازەکەی تاوانی جینۆساید کە لە ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەکەدا بە دەق هاتووە، لە دژی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت پەیوەندی هۆکاری لە نێوان تاوانی تاوانکارەکەو ئەنجامەکەیدا هەبێت. واتا ئەنجامی تاوانەکە بەهۆی ئەو کردارەوە پێک هاتبێت کە تاوانکار ئەنجامی داوە، نەوەک بە هۆکارێکی تری دەرەکی.

**باسی چوارەم/ تاوانی جینۆساید لە مێژوودا**

جینۆساید وەک سامناکترین تاوانی نێودەوڵەتی چەمکێکی نوێیە لە ناو دونیـای نوسـینداو لە سـاڵی (١٩٤٤) بـۆ یەکەمـین جـار تۆمـار کـراوە و نـاونراوە، وە لە سـاڵی (١٩٤٨) بـووە بە یاسـا. جینۆسـاید وەک تـاوانێکی بێناو بە درێژایی مێژوو و لە پێش مێژووشدا لە دژی گروپە جیاوازەکان ئەنجامـدراوە. گـروپە لاواز و ژێـر چەپۆکەکـان قوربـانییەکی سـەرەکیی سیستەمە خوێنمژو چەوسێنەرەکان بوون. مێژووی ئازار، خەم، خوێن و پێشێلکاریی یاسا سروشتییەکان دەیگێڕێتەوە کە زۆربەی ستەمکارەکانی مێژوو چێژیـان وەرگرتـووە لە دروسـتکردنی گـۆم و ڕوبـار لە خـوێن و پێکهێنـــانی قەڵا لە کەلەســـەری مـــرۆڤە بێگوناهەکـــان. ئەوانەشـــی کە هێڵـراونەتەوە وەک کـۆیلەیەکی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی مامەڵەیـان لەگەڵ کـراوە. کۆیلەبونێـک کە خـاوەنی هـیچ شـتێک نەبـوون تەنـانەت سـێبەری تـــایبەتی خۆشـــیان، لە هەمـــووی ترســـناکتر ئەوە بـــووە کە کۆیلەکـــان گەشتبوونە باوەڕێک کە بە کۆیلەیی چاویان بۆ ژیان هەڵهێنـاوە و دەبێت بە کۆیلەییش بژین.

مێژووی یاسا بۆمان دەگێڕێتەوە کە یەکەمین جینۆسـاید، لە نـاوبردنی ئاشـــوریەکانە لە نەیـــنەوا لە لایەن بابلییەکـــان و ماددەکـــانەوە لە ســـاڵی (٦١٢)ی پێش زاین.

لە (١٢٥٨/٢/١٠) ی زاینیـدا، مەغـۆل و تەتەرەکـان بە سـەرکردایەتی هۆلاکۆ ڕوویان لە بەغداد کردوو، لە ماوەی (٤٠) چل ڕۆژدا کوشتارێکی زۆریـان نـایەوەو لە نـاو ئەوانەشـدا ژن و منـاڵ و پەککەوتەو دیلـیش هەبـــووە ئەوەی شـــەڕی دەکـــرد و ئەوەی تەســـلیم دەبـــوو هـــیچ جیاوازییەکیـان نەبـوو سـەریاندەبڕین. بەو ڕەنـگەو لەو مـاوە کەمەدا (٨٠،٠٠٠) هەشتا هەزار کەس کوژران.[٥]

له ساڵی (١٤٩٢)ی زاینیدا دوای ئەوەی کە کیشوەری ئەمریکا لەلایەن کریستۆڤەر کۆڵۆمبۆسەوە دۆزرایەوە، خاوەنی ئەو کیشوەرە کە هیندییە سورەکان بوون نزیکەی (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن کەسیان لێ جینۆساید دەکرێت.[٦] (گەرچی ئەو ڕێژە زۆرە جێگای گومانە، بەراوورد بە ژمارەی هیندییە سورەکان و دانیشتوانی ئەمریکاش. نوسەر).

چەند نمونەیەکی جینۆساید لە مێژوودا:

* نزیکەی (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) سی ملیۆن خەڵک کوژران لە پریسیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕوسیا و چین لەلایەن جەنگیز خانەوە.

* زیاد لە (٤٠،٠٠٠،٠٠٠) چل ملیۆن کوژراو لە شۆڕشی تاپین لە ساڵانی (١٨٥١- ١٨٦٤).[٧]

* لە (١٩١٥/٤/٢٤) سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی و ڕێکخراوی تورکیای لاو، بۆ وەدەرنان و لە ناوبردنی ئەرمەنەکانی تورکیا (بۆ ڕێگریکردن لە جیابونەوەی ئەرمینیای خۆرهەڵات لە تورکیا)، ترسناکترین قەسابخانەی کەم وێنەیان بۆ دروستکردن و ڕوباری خوێنیان نایەوە، نزیکەی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار قوربانی بە دەستی سوڵتان عەبدولحەمید و لە ئاکامی هێرشەکانی تورکیای لاویشدا دەوروبەری (١،٥٠٠،٠٠٠) ملیۆن و نیوێک جینۆسایدکران.[٨]

* جینۆسایدی جولەکەکان لەلایەن هیتلەرەوە کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە، کۆتایی بە ژیانی (٧،٠٠٠،٠٠٠) حەوت ملیۆن مرۆڤ هێنرا، سەرەتا نەخشەی لە ناوبردنی (١١،٠٠٠،٠٠٠) یانزە ملیۆن جولەکە کێشرابوو لە ئەوروپا، بەڵام هاوپەیمانان کۆتاییان بەم پیلانە هێنا.

* جینۆسایدی موسڵمانەکان لە هیندستان و هیندۆسەکان لە پاکستان، هەر یەکەو نزیکەی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن کوژراو.[٩]

* ڕۆژی (١٩٤٥/٨/٦)، (١٤٠،٠٠٠) سەدو چل هەزار لە شاری هیرۆشیماو ڕۆژی (١٩٤٥/٨/٩)، (٨٠،٠٠٠) هەشتا هەزار لە شاری ناکازاکی ژاپۆن جینۆساید کران لە لایەن ئەمریکاوە.

* لە سالآنی (١٩٧٦- ١٩٧٩) لە کۆی (٦٠،٠٠٠) شەست هەزار ڕەبەن (مۆنک)ی بودی تەنها (٣،٠٠٠) سێ هەزاریان بە زیندوویی مانەوە کە لە لایەن ڕژێمی خمێر ڕۆفەوە لە کەمبۆدیا کوژران. هەر لەو جینۆسایدەدا (١،٧٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس جینۆسایدکران.

* لە سالآنی (١٩٧٥- ١٩٩٩) لە تەیموری خۆرهەلآت نزیکەی (١٧٠،٠٠٠) سەدو حەفتا هەزار مەسیحی جینۆساید کران، کە ئەو ڕێژەیەش دەگاتە لە (٢٤%- ٢٥%) دانیشتوانی تەیموری خۆرهەلآت لە سالّی (١٩٧٥)دا.[١٠]

* لە سالّی (١٩٩٤) لە ماوەی چواردە هەفتەدا.[١١] نزیکەی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن توتسی جینۆساید کران لە لایەن هوتوەکانی ڕوانداوە، کە دەکاتە نزیکەی (٧٠%) توتسییەکانی ڕواندا و لە (٢٠%) هەموو دانیشتوانی ڕواندا.

* نزیکەی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن تیبتی جینۆساید کران لە لایەن ڕژێمی ماو تسی تۆنگی چینەوە لە نێوان سالآنی (١٩٥٠- ١٩٥٩)دا.

* جینۆساید کردنی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن خەلّک لە سودان لە سالّی (١٩٥٥) هوە تا سالّی (٢٠٠٥).

* لە بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا نزیکەی (٢٠،٠٠٠- ١٠٠،٠٠٠) بیست هەزار تا سەد هەزار جیۆسایدکران لە سالّی (١٩٩٥)دا.

* لە باکووری کوردستان لە سالآنی (١٩٣٧- ١٩٣٨) نزیکەی (٧٠،٠٠٠) حەفتا هەزار کورد جینۆسایدکران.

* له ساڵی (١٩٦٦ ەوە تاوەکو ١٩٨٨) نزیکەی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار کورد لە باشووری کوردستان له لایەن ڕژێمەکانی پێشوو و بەعسییەکانەوە جینۆسایدکران.

* لە ساڵی (٢٠٠٩) لە سریلانکا پڵنگەکانی تامیل جینۆسایدکران.[١٢]

* نزیکترین جینۆسایدێکیش کە ئەنجامدرابێت جینۆسایدی موسڵمانەکانی هەرێمی ڕاخینە لە میانمار لە ساڵی (٢٠١٢) و جینۆسایدی ئێزدییە کوردەکان لە شەنگالی باشووری کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤) و جینۆسایدی کۆبانییە لە خۆرئاوای کوردستان لە ساڵی (٢٠١٥)دا.

سەرەڕای زۆری ژمارەی جینۆسایدەکانی دونیا بەڵام تەنها چەند جینۆسایدێکیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتی و تایبەتەکان بە جینۆساید ناسێنراون. ئەوەی کە ئاماژەمان بۆ کردوون بە تەنها تاوانەکانی جینۆساید بوون. ئەمە سەرەڕای ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی تر وەک تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دوژمنکاری.

بە پێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی مێژوو لە پێنج هەزار ساڵی دوایدا زیاتر لە (١٤،٠٠٠) چواردە هەزار جەنگ تۆمار کراون. بەهۆی ئەو جەنگانەشەوە نزیکەی (٣/٢)ی سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی ئەمڕۆی سەر زەوی کوژراون.[١٣]

**باسی پێنجەم/ شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید**

هەروەک لە ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی و ماددەی (٦)ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئاماژەی بۆ کردووە، تاوانی جینۆساید بە پێنج شێواز ئەنجامدەدرێت. گەر مەبەست لە ئەنجامدانی کردارەکە ئەوە بێت ببێتە هۆی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی.[١٤]

ئەو شێوازانەش بریتین لە:

**یەکەم/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە**

ئەو تاوانە لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی جینۆساید، بە یەکەم شێوازی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت و بە مەترسیدارترین شێوازی جینۆساید دەژمێردرێت. چونکە ڕاستەوخۆ نکوڵی لە مافی ژیان دەکات. مافی ژیانیش لە ماددەی (٣)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی مافە ڕامیاری و شارستانییەکان بۆ هەموو کەسێک پارێزراوە. بە بێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەکی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی، ئاینی، ڕێبازی ئاینی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

کوشتنی ئەندامانی گروپەکە بە هەر شێوازێک ئەنجام بدرێت کوشتنی ڕاستەوخۆ، لە سێدارەدان، گولە بارانکردن، بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بەکارهینانی ژوری گازی ژەهراوی بۆ خنکاندن و لە کارەبادان... هتد. لێرەشدا تاوانەکە هیچ جیاوازییەکی نابێت ئەگەر تاوانەکە دژی گروپێک ئەنجام درابێت کە هەموویان پیاو بن یان ژن، مناڵ بن یان پیرو پەککەوتە. هەروەها ئەوەش بە بنەما ناگیرێت

ئەگەر بێتوو تاوانەکە هەموو گروپەکە بگرێتەوە یان بەشێکی. ئەوەی گرنگە بوونی نیاز و مەبەستە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا. کە تاوانکار مەبەستی بێت هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. لە ناوبەرێت.

خوێندنەوەیەکی فراوان و گفتوگۆیەکی قوڵ کراوە دەربارەی ئەوەی ئایا ئەگەر هاتوو ئەو گروپەی دەکرێتە ئامانج تەنها یەک کەسیش بکوژرێت دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە؟ گەرچی لە ڕێککەوتننامەی جینۆساید و لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای)یشدا، دەقی لەسەر ئەوە نەداوە. بەڵام زۆرێک لە شارەزایانی بواری جینۆساید مەبەستی تایبەتیان بەلاوە گرنگەو پێیان وایە گەر گروپی بە ئامانجکراو یەک کەسیشی لێبکوژرێت ئەوا تاوانی جینۆسایدە. هەربۆیە زۆرێک لە شارەزایانی بواری جینۆساید دەڵێن دەبوایە ڕیککەوتننامەکە بە ڕاشکاوی دەقی لەسەر ئەوە بدایە کە تاوانی جینۆساید پێک دێت تەنانەت ئەگەر یەک کەسی گروپەش بکوژرێت. چونکە پێیان وایە مادام مەبەست و نیازی تاوانی لە تاوانکار بوونی هەبێت و ئەو مەبەستە ئاراستە کرابێت دژی ژیانی زیاد لە ئەندامێکی گروپەکە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکەشی سنووردار بێت بەکوشتنی ئەندامێکی گروپەکە ئەوا هەر جینۆسایدە.

هەروەها دەقەکانی ڕێککەوتننامەکە هۆکارو شێوازی دیاری کراوی بۆ ئەو کوشتنە دیاری نەکردووە، بۆ ئەوەی تاوانەکە بە جینۆساید بناسرێت. وە ئەو ڕێککەوتننامەیە کارێکی باشی کردووە کە دەقی لەسەر ئەو بابەتە نەداوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو تاوانکارانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن سودی لێنەبینن. چونکە ئەو تاوانکارانە بەسود بینین لەو پێشکەوتنە گەورە تەکنەلۆژییە شێوازی کوشتنی جیاواز دادەهێنن.[١٥]

**دووەم/ زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری بە ئەندامانی گروپەکە**

زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری بە ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. بە ئامانجکراو بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان، بە پێی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی جینۆساید دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

توشکردنی تاکەکانی گروپێک بە نەخۆشیی گواستراوە، لە ڕێگەی گواستنەوەی میکرۆبی مەلاریا بۆ بەشێک لە ئەندامانی گروپێک، یاخود ناچارکردنی ئەندامانی گروپێک بەخواردن و خواردنەوەی ماوە بەسەرچوو، یان لێدان و بریندارکردن کە ببێتە هۆی کەموو کوڕییەکی هەمیشەیی و زیانی جەستەیی مەترسیدار بەئەندامانی ئەو گروپە بگەیەنێت کە ڕێککەوتننامەکە باسی کردووە. ئەوا گومانی تێدا نییە کە ئەو کارانە بەجینۆسایدێکی لەسەر خۆ دادەنرێن. چونکە ئەو ڕەفتارانە وا لە ئەندامانی گروپێک دەکات کە نەتوانن ئیش و کارەکانیان بە شێوەیەکی سروشتی ڕاپەڕێنن.[١٦]

ئاشکرایە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی دەقی نەداوە لەسەر چۆنیەتی زیانپێگەیاندنەکە. زیانپێگەیاندنی جەستەیی یان دەرونی مەترسیدار. بۆ ئەو گروپەی کە کە لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەکەدا دەقی لەسەر هاتووە. وەک دەستدرێژی کردن کە ببێتە هۆی بریندارکردن، یان ئەشکەنجەدان، یان بەدخۆراکی، یان دوودڵی، یان نائومێدی یان گوشاری هزری.[١٧]

زیانپێگەیاندن و ئازاردانی جەستەیی و هزری ئەندامانی گروپێک جگە لەوەی لەڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانیدا قەدەغە کراوە و بەدووەم شێوازی جینۆساید دادەنرێت. لە هەمانکاتیشدا پێشێلکاری و پێچەوانەی چەندین جاڕنامەو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی یاساییە، ئەوانیش:

١/ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨) لە ماددەی (٥)دا دەڵێت: (هیچ کەسێک نابێ ئەشکەنجەو سزا بدرێت و ڕەفتاری توندو تیژی و دڕندانەو ئابڕوبەرو نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت).

٢/ ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکانی ساڵی (١٩٦٦).

لە ماددەی (٧)دا دەڵێت (هیچ کەسێک نابێت ئەشکەنجە بدرێت، یاخود سوکایەتی پێبکرێ و سزای نا مرۆڤانەو دڕندانەی بدرێت، بە تایبەتی تاقیکاریی زانستی و پزیشکی کە نابێت بەبێ ڕەزامەندی ئازادانەی کەسەکە لەسەری بە ڕێوە بچێت).

لە بڕگەی (١) ماددەی (١٥)دا دەڵێت:

هیچ کەسێک نابێ هاوکات سەبارەت بە ئەنجامدانی کردەوەیەک یان دەستهەڵگرتن لەو کردەوەیە کە بەپێی یاسای ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی تاوان نییە، مەحکووم بکرێ. هەروەها نابێ هیچ سزایەکی توندتر لەو سزایەی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ تاوانەکە هەبوو، دیاری بکرێ. ئەگەر پاش ئەنجامدانی تاوان، ڕێوشوێنی یاسایی دیکە دابنرێ و سزایەکی سووکتر بۆ ئەو تاوانە دیاری بکرێ، تاوانبار دەبێ لەو ڕێوشوێنانە سود وەربگرێ.

٣/ ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەو ئابڕوبەری ساڵی (١٩٨٤). لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢)دا دەڵێت: (هیچ جۆرە هەلومەرجێکی تایبەتی دەوڵەتێک وەک جەنگ، ناسەقامگیری سیاسی ناوخۆیی و هەر جۆرە بارودۆخێکی نا ئاسایی دیکە، نابێ بکرێتە بیانوو و بەڵگە بۆ سود وەرگرتن لە ئەشکەنجە).

لەبڕگەی (٣)ی هەمان مادەدا هاتووە: (فەرمانەکانی کاربەدەستانی باڵا نابێت بکرێتە بەڵگەو پاساو بۆ پەنابردن بۆ ئەشکەنجە).

ماددەی (٤)ی هەمان ڕێککەوتننامە دەڵێت (هەر دەوڵەتێکی ئەندام، چاودێر و دڵنیا دەبێت کە هەرجۆرە ئەشکەنجەیەک لەژێر ناوی یاسا تاوانکارییەکاندا، بەتاوان دەژمێردرێت و، کەسێکیش کە ئەشکەنجە ئەنجام دەدات، ئەوەشی هاوکاری و بەشداری ئەشکەنجەکە دەکات، بە تاوانبار دەناسرێن).

**سێیەم/ دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە نیازی لە ناوبردنی هەمو یان بەشێکیان**

ئەم تاوانەش هەروەک لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا دەقی لەسەر داوە، شێوازی سێیەمی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدە. کە ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. دەخرێنە بارودۆخیکی ناهەموار و سەختەوە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان. ئەو شێوازەش هەر لە ڕاگواستنی ئەندامانی گروپەکە لە ماڵ و حاڵیانەوە بۆ ناوچە سەخت و دوور لە بژێوی و سەرچاوە ژیانییەکان، ئاوارەکردن، برسی کردنی ئەندامانی گروپەکە، لەناوبردنی سەرچاوە بژێوییەکانی ژیانی رۆژانەیان، سوتاندنی ڕەز و باخ و بە تالان بردنی سەروەت و ماڵ و سامانی ئاژەڵ و دانەوێڵە... هتد. ی ئەندامانی گروپەکە بۆ ژیانێکی ناهەموار و سەخت کە سەرەنجام دەبێتە هۆی جینۆسایدێکی لەسەرخۆ و لە ناوبردنی هەموو یان بەشیکی ئەندامانی گروپە بەئامانجکراوەکە.

سەپاندنی بارێکی گوزەرانی دیاریکراو بەسەر کەسێک یان زیاتر بەپایەکانی ئەو تاوانە دادەنرێت. کە ئەگەر هاتوو ئەو هەڵسوکەتە لە چوارچێوەی شیوازێکی هاوشێوەی ئاشکرا ئەنجام درابێت و ئاراستە کرابێت لەدژی ئەندامانی ئەو گروپەو ببێتە هۆی لە ناوبردنی ئەندامانی گروپەکە.[١٨] دانانی گروپەکە لەبارودۆخی گوزەرانی وەهادا کە ببێتە هۆی لە ناوبردنی ئەو گروپەی کە لەڕێککەوتننامەکەدا دەق هاتووە لە سەر

پاراستنی، شێوازێک لە شێوازەکانی جینۆساید کە لەڕێککەوتننامەکەدا دەقی لەسەر داوە بە خێرایی کۆتایی پێهاتنی جەستەییە. کە گرووپەکە بەزۆر بخرێتە ژێر بارێکی دیاریکراو، بە ئامانجی کۆتایی پێهاتن و لە ناوبردنیان کە ئەوە دادەنرێت بە شێوازێک لە شێوازەکانی ئەنجامدانی جینۆساید. داهێنانی ئامرازەکانی زیانگەیاندن بۆ باری گوزەرانێکی بەمەبەست بۆ گرووپەکە، خواردنی قورس، ڕاوەدونان و دەرکردن و دورخستنەوەی بەبەرنامە لە شوێنەکانیان و کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بۆ کەمترین ئاست.[19] کە ئەو تاوانانە دەچنە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە کە مەبەست لێی لە ناوبردنی بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینییە. کە مەبەست لە ئەنجامدانی جینۆسایدەکە یەکێک لەو پاڵنەرانەیە کە لە جیاوازیی گروپەکاندا هەیە.[20]

ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی خەڵکی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی تر. کە بە خواستی خۆیان نەبێت و بەزۆر و ناچاری بێت وە ئەو شوێنەشی بۆی دەچن و دەگوازرێنەوە وە یاخود ناچار کراون پەنای بۆ ببەن و کۆچی بۆ بکەن بۆ پاراستنی ژیانیان لە پەلامارەکانی جینۆساید بژێوی ڕۆژانە و پێداویستی و خزمەتگوزارییە ژیانییەکانی تێدا نەبێت و ژینگەکەی لەبارو گونجاو نەبێت. ئەوا دەچێتە چوارچێوەی شێوازی سێیەمی ئەنجامدانی جینۆسایدەوە کە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەکەدا بە دەق هاتووە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێوازێک لە شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت لە هەمانکاتیشدا پێشێلکاری و ژێر پێخستنی دوو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی یاساییە. ئەوانیش:

١/ جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨). ماددەی (١٣):

لە بڕگەی (١)دا دەڵێت (هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە ناو هەر دەوڵەتێکدا بە ئازادانە هاتوچۆ بکات بە ویستی خۆی شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونی هەڵبژێرێت).

لە بڕگەی (٢)دا دەڵێت (هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە هەر دەوڵەتێک بە دەوڵەتەکەی خۆشیەوە بە جێ بهێڵێ یان بگەڕێتەوە دەوڵەتی خۆی).

٢/ ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکانی ساڵی (١٩٦٦). ماددەی (١٢):

لە بڕگەی (١)دا دەڵێت (هەموو کەسێک لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی خۆیدا، دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی مافی هاتوچۆی ئازادانەو هەڵبژاردنی ئازادانەی شوێنی نیشتەجێبونی هەبێت).

لە بڕگەی (٢)دا دەڵێت (هەموو کەسێک دەبێت ئازادی بەجێهێشتنی هەر دەوڵەتێک بە دەوڵەتەکەی خۆشیەوە هەبێت).

لە بڕگەی (٣)دا دەڵێت (ئەو مافانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بە هیچ شێوەیەک نابێت بەرتەسک بکرێنەوە، مەگەر ئەو کاتانەی کە بەرتەسککردنیان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، فەرمانی گشتی، تەندروستی و ڕەوشتی گشتی، یاخود لە پێناو ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی تردا پێویست بێت و بە هۆی یاساوە بڕیاریان لەسەر درابێت و لەگەڵ مافە ناسراوەکانی تری ئەم ڕێککەوتننامەیەدا بگونجێت).

لە بڕگەی (٤)دا دەڵێت (هیچ کەسێک نابێت لە مافی ڕۆشتن بۆ دەوڵەتی خۆی، لە خۆوە بێ بەش بکرێت).

## چوارەم/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا

ئەو تاوانەش هەروەک لە بڕگەی (٤)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا دەقی لەسەر داوە، بەشێوازی چوارەمی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت. کە بە مانای وەستاندنی زۆروبون و زاوزێیە لە ناو ئەندامانی گروپێکی بە ئامانجکراو کەمکردنەوەی ژمارەیان. دەکرێت ئەو شێوازەش بەهۆی خەساندنی نێرینەکان و لە کارخستنی ئەندامی زاوزێی مێینەکانیان بێت.

ڕێگریکردن لە زۆربوون و زاوزێ یان سنوردارکردنی منداڵ بوون و لەو گروپەداو منداڵ لە باربردن و نەزۆککردن و جیاکردنەوەی نێرینە پێگەیشتووەکان لە مێینە پێگەیشتووەکان بۆ ماوەیەکی درێژ و قەدەغەکردنی هاوسەرگیری، بەمەبەستی بێبەشکردنی گروپێک لە زۆربوون و ناچارکردنی ژنانی سکپڕ بە دانانی سکەکانیان و نەزۆککردنی ژنان یان پیاوان و بڕینەوەی ئەندامی زاوزێی پیاوان و دەرهێنانی هێلکەدانی زاوزێی ژنان و ناچارکردنیان بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەربەستکردنی سکپڕی (کۆندۆم).

یان سوتاندن و ئوتوکردنی ئەندامی زاوزێی بە ئامانجکراوان بەپارچە ئاسنی سورەوە بوو یان بە جگەرەو تێئاخنینی هێلکەی کوڵاو و داخ بوو لە کونی زاوزێی مێینەکانداو بە ڕوتی و لنگەو قوچ هەڵواسینیان لە کاتی سوڕی مانگانەیاندا بۆ ئەوەی خوێنەکە لە شوێنی خۆی بمێنێ و بمەیەو یان بڕژێتەوە ناو دەمی، کە دیارە ئەوەش گریمانەی منداڵ نەبوونی زۆرە. هەروەها بەکارهێنانی گیراوەی ترشی کبریتیک و گوشینی ئەندامی زاوزێی نێرینەکان بە هۆی بۆری تەسکەوەو بڕینەوەی گونی پیاو و بەکارهێنانی دەرزییەکانی نەزۆککردن و هیستریا و شلکردن و داهێزراندنی لەش بەهۆی هۆرمۆنی جیاوازەوە. جگە لە تێکردنی

هۆرمۆنی پیاوەتی لە لەشی ئافرەتاندا و تێکردنی دەرمانی لە پیاوەتی خستن لە لەشی پیاواندا و لێدانی هەردوو ئەندامی زاوزێ و بەستنەوەی گون یان ووردکردنی بە ئاسن یان دەرکێشانی بەداو هەروەها بەستنەوەی سەری ئەندامی زاوزێی پیاو یان هی ژن بە جەمسەری کارەبایی.[٢١]

هەر هۆکارێکی تر کە ببێتە هۆی کەمبونەوەی زاوزێ و زۆر بوون و نەزۆککردن و ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان ئەوا دەچێتە چوارچێوەی ئەو تاوانەوە.

نەزۆککردنی پیاوان و لەباربردنی سکی ژنان و جیاکردنەوەی نێرینەکان و مێینەکان بۆ ماوەیەکی درێژ و سەپاندنی ڕێوشوێنێکی دیاریکراو بەسەر ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. کە ئاکامەکەی نەهێشتنی وەچە نانەوە بێت لە ناو ئەو گروپەدا ئەوا ئەو کارانە قەدەغەن و بە جینۆساید دادەنرێن.[٢٢]

ئاشکراشە کە ڕێگریکردن و جیاکردنەوەی نێرینەو مێینەکان و قەدەغەکردنی ژیانی هاوسەری سەرەنجام سەردەکێشێت بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی ئەندامانی گروپی بە ئامانجکراو و فەوتاندنیان کە ئەمەش بۆ خۆی پێچەوانەو پێشێلکاری و پەراوێزخستنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨) ە:

لەماددەی (٣)دا دەڵێت: (هەمو کەسێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایش و تەناهی تایبەتی خۆی هەیە).

لە بڕگەی (١) ماددەی (١٦)دا دەڵێت (هەر کچ و کوڕێک کە گەشتنە تەمەنی یاسایی، مافی ئەوەیان هەیە بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ بنەمایەک لە ڕووی ڕەگەز، نەتەوە و ئاینەوە ببنە هاوسەری یەکتری و ژیانی

هـاوبەش پێکبهێنن. لە تەواوی مـاوەی هاوسـەرێتییاندا هەروەهـا لە کـاتی هەڵوەشـــاندنەوەیدا، ژن و پیـــاو لە کاروبـــاری پەیوەندیـــدار بەژیـــانی هاوبەش، مافی وەک یەکیان هەیە.

لە بـڕگەی (٢)دا دەڵێـت (پـێکەوە نـانی ژیـانی هاوسـەرێتی دەبێـت بەڕەزامەندی تەواو و ئازادانەی ژن و پیاو بێت).

لە بـڕگەی (٣)دا دەڵێـت: (خێـزان کـۆڵەکەی سروشـتی و بنەڕەتیـی کۆمەڵگەیەو دەبێت لە لایەن کۆمەڵگەو دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێبکرێت).

هەروەها پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانیەکانی ساڵی (١٩٦٦)یشـە

لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٢٣)دا دەڵێت: (خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایـەتی و کۆڵەکەیــەکی بنچینــەیی و سروشــتیی کۆمەڵگەیــە و، دەبێـت لەلایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە، پارێزگاریی لێبکرێت).

لە بڕگەی (٢)دا دەڵێت (مـافی پێکـەوەنانی ژیانی هاوبـەش و پێکهێنـانی خێـزان بـۆ پیـاوان و ژنانێـک کـە گەیشـتوونەتە ئـەم تەمەنـە، بـەفەرمی دەناسرێت).

لە بـڕگەی (٣)دا دەڵێـت (هـیچ ژیـانێکی هاوبـەش بـەبێ ڕەزامەنـدیی ئازادانەو بە تەواویی ژنو پیاو پێکناهێنرێت).

لە بڕگەی (٤)دا دەڵێت (دەوڵەتانی ئەندامی ئـەم ڕێککەوتننـامەیە، دەبێ هــەنگاوی گونجــاو بــەمەبەســتی دابینکردنــی یەکســانی مافــەکان و بەرپرسـیارێتییەکانی ژن و مێـرد لـەکـاتی پێکـەوەنانو هەڵوەشـاندنەوەی ژیـانی هاوبەشـدا هـەڵبگرن. لـەپێوەنـدی لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی ژیـانی هاوبەشدا، دەبێ بۆ پارێزگاری لەمنداڵان، پێشبینیی پێویست کرابێت).

## پێنجەم/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر

کـــــۆمەڵەی گشـــــتی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان لە (١٩٨٩/١١/٢٠)دا ڕێککەوتننـامەی مافەکـانی منـداڵانی دەرکـردو ئەو ڕێککەوتننـامەیە لە (١٩٩٠/٩/٢)وە کارپێدەکرێت.

لە ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە:

(منداڵ مرۆڤێکە کە هێشتا تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە لەدەوڵەتـانی پەیوەندیـداردا تەمەنێکـی کەمتـری وەک تەمەنـی خۆناسین لە ڕووی یاساییەوە دیاریکرابێ).

گواسـتنەوەی منـداڵ لە گـروپێکەوە بـۆ گروپێکـی تـر بە زۆر وەک لە بـڕگەی (٥)ی مـاددەی (٢)ی ڕێککەوتننـامەی جینۆسـایددا دەقـی لەســەر داوە، بە شێوازی پێنجەمی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت. دیارە ئەوەش بە وە دەبێت منداڵانی سەر بە گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی بەزۆر و بەبێ ویستی خۆیان دەگوازرێنەوە بۆ گروپێک کە لە گـروپە بنچینەییەکەی خۆیـان جیـاوازە. جـا دەکرێت ئەو جیاوازییە نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی بێت. دەکرێت ئەو گـــروپەی بـــۆی دەگـــوازرێنەوە لەڕووی زمـــان و کەش و هەواو هەڵسوکەوت و کەلتوریانەوە جیاواز بن و هـزرو هەسـتیان بۆ زمـان و مێـژوو کەلتـوری گـروپە نـوێیەکە زاخـاو بـدرێت و وایـان لێبکرێـت کە نەزانن سەر بەگروپە زگماکی و بنچینەییەکەی خۆیانن ووردە ووردە لە ناو گروپە نوێیەکەدا بتوێنەوە. دیارە گواستنەوەی منداڵ لەگروپێکەوە بۆ گروپێکـی تـر بەزۆر و بەبـێ ویسـتی خۆیـان تـاوانی جینۆسـاید پێـک دەهێنێت. جـا ئەگەر هـاتوو ئەشـکەنجەو ئازاریشـی تێدا بەکارهـات ئەوا تاوانەکە دوو بەرامبەر دەبێتەوە.

ئەو تـاوانە سـەرەڕای ئەوەی کە بە شـێوازی پێنجەمـی ئەنجامـدانی تـاوانی جینۆسـاید دادەنرێـت قەدەغەو ڕیسـوا کـراوە. لە هەمانکاتیشـدا پێشـێلکاری و سـەرپێچی و پەراوێزخسـتنی ڕێککەوتننـامەی مافەکـانی منداڵە:

لەمـــاددەی (٩)دا دەڵێـــت (ئەو دەوڵەتـــانەی ئەم ڕێککەوتننامەیـــان مۆرکردووە، دڵنیایی دەدەن کە منداڵ بەبێ ویستی دایک و باوکیان لێیان جیـا نـاکرێنەوە. مەگەر ئەوکـاتەی کە بەگـوێرەی یاسـا بسـەلمێنرێت کە جیاکردنەوەیـان پێویسـتەو لە بەرژەوەنـدی منداڵەکەیە. بۆ نمـونە کاتێک منـداڵ سـودی خراپـی لێوەردەگیرێت، یـان بە کەمتەرخەمییەوە ڕەفتـاری لەگەڵدا دەکرێت، یـان دایـک و بـاوکی لێکجیـابوونەتەوە و بە جیـا دەژیـن دەبێ بارودۆخی منداڵەکە ڕوون بکرێتەوە).

هەروەهـــا پێشـــێلکاری پرۆتۆکـــۆڵی زیـــادکراوی یەکەمـــی ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤی ساڵی (١٩٧٧)ە.

کە لەماددەی (٧٨)دا دەڵێت:

بڕگەی (١):

(هیچ لایەنێک نابێت منداڵ دەربەدەر و کۆچی پێبکات، بۆ دەوڵەتێکی تـر بـێجگە لە دەوڵەتەکەی خـۆی وە دەبێـت ئەو کـۆچ پێکـردنەش بـۆ ماوەیەکی کاتی بێت و هۆکارەکەش ناچاری بێت بۆ لایەنی تەندروسـتی منداڵەکە و پـارێزراو بـوونی بێت لە هەرێمە داگیرکراوەکەدا. وە دەبێت دایک و بـاوکی یان بەخـوێکەرە یاسـاییەکەی بە ڕەزامەندییەکی نوسـراو ڕێـگە بـدەن بە بەجێهێشـتن و کـۆچی منـدالاکەیان. گەر ئەو کەسـانەش نەدۆزرانەوە، ڕەزامەندییە نوسراوەکە بۆ کۆچی منداڵەکە دەبێت لە لایەن کەسـێکەوە بێـت کە بەشـێوەیەکی یاسـایی بەرپرسـە لە بایەخـدان بە مندالاکە.

بڕگەی (٢):

(هەر کاتێک دەربەدەرکردنەکە ئەنجامدرا، دەبێت بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیەیە بێت، هەر پەروەردەیەکی منداڵەکە، لە ناویاندا ئاین و پەروەردەی ڕەوشتی منداڵەکە کەدایک و باوکیان ئارەزوویان کردووە دەبێت دابین بکرێت).

بڕگەی (٣):

(بە مەبەستی ئاسان گەڕانەوەی منداڵان بۆ ناو خانەوادەکانیان و دەوڵەتەکانیان، دەسەڵاتەکانی ئەو دەوڵەتەی کە منداڵاکەی لایە، دەبێت بۆ هەر منداڵێک کارتێکی بۆ بکات و وێنەیەکی خۆی لەسەر بێت و وە دەبێت بنێردرێت بۆ سەنتەری ئاژانسی وێنە کاغەزییەکان لە لیژنەی خاچی سوری نێودەوڵەتی. وە هەر کارتێک ئەگەر گونجاو بوو وەنەبوو بەهۆی زیاندان لەمنداڵەکە دەبێت ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تێدا بێت):

١/ نازناوی منداڵەکە.

٢/ ناوی یەکەمی منداڵەکە.

٣/ ڕەگەزی منداڵەکە.

٤/ شوێن و بەرواری لەدایک بوون، وە ئەگەر نەزانرابوو کەی لەدایک بووە تەمەنێکی باوەرپێکراو.

٥/ ناوی تەواوی باوک.

٦/ ناوی تەواوی دایکی و ناوی پێش هاوسەرگیری.

٧/ خزمی یەکەمی منداڵەکە.

٨/ ڕەگەزنامەی منداڵەکە.

٩/ زمانی نیشتیمانی منداڵەکە و هەر زمانێکی تر کەقسەی پێدەکات.

١٠/ ناونیشانی خانەوادەی منداڵەکە.

١١/ هەر هێمایەکی تری ناسینەوەی منداڵەکە.

١٢/ دۆخی تەندروستی منداڵەکە.

١٣/ گروپی خوێنی منداڵەکە.

١٤/ هەر هێمایەکی تری جیاکەرەوە.

١٥/ بەروار و شوێنی دۆزینەوەی منداڵەکە.

١٦/ بەروار و شوێنی جێهێشتنی منداڵەکە لەدەوڵەتەکەی.

١٧/ ئاینی منداڵەکە.

١٨/ ناونیشانی هەنوکەیی منداڵەکە لەو دەوڵەتەی کە وەریگرتووە.

١٩/ ئەگەر منداڵەکە مرد پێش گەڕانەوەی بۆ دەوڵەتەکەی. پێویستە ئاماژە بکرێت بە بەروار و شوێن و دۆخی مردنی منداڵەکە و لەگۆڕنانەکەی.

**باسی شەشەم/ گروپە پارێزراوەکان لە جینۆساید.**

بەپێـــی مـــاددەی (٢)ی ڕێککەوتننـــامەی نەتەوە یەکگرتووەکـــان بـــۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨)، هەروەهـا بە پێـی مـاددەی (٦)ی دادگـای تاوانکـاری نێـودەوڵەتی سـاڵی (١٩٩٨). تەنها چوار جۆرە گروپی مرۆڤیان پاراستووە، یان بە واتـایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەنجامدانی تـاوانی مەبەستداری لە دژی چـوار جۆرە گـروپ بە تـاوانی جینۆسـاید دانـاوە. کە ئەوانیش گروپەکانی (نەتەوەیی، ڕەگەزی، نەژادی، ئاینی)یە.

واتـا ئەگەر تاوانکـار بەمەبەسـت و نیـازەوە هەریەکێـک لەم کـردارانە (کوشـــتن، ئەشـــکەنجەدان، دانـــانی قوربانیـــان لە ژیـــانێکی نـــاهەموار، نەزۆککردنی قوربانیان و بە زۆر ڕاگواستنی منداڵان)ی ئەنجامدا لە دژی گروپێکـی تـری جیـاواز لە خـۆی لە ڕووی نەتەوەیـی، یـان ڕەگەزی، یـان نەژادی، یان ئاینی. بەمەبەستی لە نـاوبردنی هەمـوو یان بەشێکیان، ئەوا دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

لێرەدا پێویستە هەریەک لەو گروپانە بناسین.

**نەتەوە:** مەبەسـت لە نەتەوە هەر کـۆمەڵە مـرۆڤێکە کە بە تایبەتمەنـدی مێژوو، زمان، کەلتـور و  فەرهەنـگ... هتـد. دەناسـرێنەوەو لە نەتەوەکـانی تر جیادەکرێنەوە. واتا لێرەدا ئەگەر هاتوو ئەو گروپەی تـاوانەکە ئەنجـام دەدات جیـاواز بێت لەو نەتەوەی کە تـاوانەکەی لە دژی ئەنجـام دەدرێت و، تاوانکار مەبەستی بێت هەموو یان بەشێکی نەتەوەی بە ئامانجکراو لە ناوبەرێـت بە پێـنج شـێوازەکەی جینۆسـاید ئەوا دەچێـتە چـوار چێـوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

نمـــونەی ئەم جـــۆرە جینۆســـایدەش، کە بەجینۆســـایدی نەتەوەیـــی دەناسـرێت. وەکـو جینۆسـایدی کـورد لە هەر چـوار بەشـی کوردسـتانی داگیرکراو و دابەشکراودا، لە لایەن نەتەوە داگیرکەرەکانی عەرەب و فـار

س و تورکەوە. یان جینۆسایدی تیبتییەکان لە لایەن ڕژێمی کۆمۆنیستی چینەوە. ئەمانە نمونەیەکن بۆ باشتر تێگەشتن لە جیاوازی نەتەوە بۆ چەسپاندنی تاوانی جینۆساید کە یاسای نێودەوڵەتی گشتی بە مەرجی داناوە کە دەبێت یەکێک لە پێوەرەکان هەبێت وەک هەبوونی جیاوازی نەتەوە لە نێـــوان نەتەوەی بە ئامـــانجکراوی قوربـــانی و نەتەوەی ئەنجامدەری تاوانکاردا.

**ڕەگەز:** مەبەست لە ڕەگەز بریتییە لە جیاوازیی مرۆڤەکان لە یەکتری لە ڕوی پێکهاتەی ئەندامانی جەستەییەوە. وەک جیاوازیی ڕەنگی چاو، قژ، پێست، بەرزی و کورتی باڵا و پێکهاتە جیاوازەکانی تری ئەندامانی جەســتەی مــرۆڤ. واتــا ئەگەر هــاتوو گروپــی تاوانکــار هەســتا بە ئەنجامدانی یەکێک لە پێنج شێوازەکەی جینۆساید لە دژی گروپێکی تری بە ئامانجکراو کە جیاوازییان هەیە لە ڕووی ڕەگەزییەوە یان لە ڕووی پێکهاتەی ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە، بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان ئەوا دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

نمــونەی ئەم جــۆرە جینۆســایدەش لە مێــژووی جینۆســایددا، کە بەجینۆسایدی ڕەگەزی دادەنرێت. بریتییە لە جینۆسایدی ڕەشپێستەکانی ئەمریکــا لەلایەن ســپی پێســتەکانەوە. جینۆســایدی ســیخەکان لەلایەن هیندۆسەکانەوە لە هیندستان، سەرەڕای ئەوەی کە جینۆسایدێکی ئاینی بوو جینۆسایدێکی ڕەگەزیش بوو. هەروەها جینۆسایدی توتسییەکان لە لایەن هوتوەکانی ڕواندەوە. لەدەوڵەتی ڕواندا سێ جۆرە گروپی مرۆڤ هەیە ئەوانیش بریتین لەگروپەکانی (هوتو- توتسی- توا). کە جیاوازیی ڕەگەزی لەنێوانیاندا هەیە گەر کەسێک ئەندامانی ئەو سێ جۆرە گروپە ببینێــت ئەوا بە ئاســانی دەتوانێــت لە یەکیــان جیــا بکــاتەوە و بــۆی دەربکەوێت کە کامە هوتو و کامە توتسی و کامە توایە. هەرچی گروپی هوتوەکانە باڵایان نزمترە لەباڵای کەسانی ئاسایی. بەڵام توتسییەکان

بالآیان بەرزترە لەبالای کەسانی ئاسایی، تەنانەت بەبەرزترین مرۆڤی دنیا دادەنرێن لەڕووی بەرزی بالاوە، هەروەها توتسییەکان ڕەنگی چاویان قاوەییە. مێینە توتسییەکانیش سمتیان پانتر و قەڵەوترە لەژنانی هوتو. بەمەش دەتوانرێت بەئاسانی جیاوازی ڕەگەزییان دیاریبکرێت و بسەلمێنرێت کەئەوەی لەڕواندا هوتوەکان لە دژی توتسیەکان ئەنجامیاندا ڕوناکترین نمونەی تاوانی جینۆسایدە بە پێی پێوەری جیاوازی ڕەگەزی.

لە قۆناغی خوێندنی ماستەرەکەم لەبواری یاسای نێودەوڵەتیدا لە هیندستان سالانی (٢٠١١-٢٠١٣). بەو پێیەی کە تویژینەوەی ماستەرەکەم لەسەر جینۆسایدی باشووری کوردستان بوو، بۆ خۆشم بە عەشقێکی قوڵەوە مەبەستم بوو لەگەڵ زۆرترین ئەندامانی گروپە نەتەوەیی، ڕەگەزی، نەژادی و ئاینییە جینۆسایدکراوەکانی دنیادا ئاشنایەتی و دۆستایەتی دروست بکەم و بتوانم ئازاری نەتەوەی کورد بگەیەنمە گوێچکەکانی ئەوان و ویژدان و هەست و سۆزیان بۆلای جینۆساید و دۆزی کورد ڕاکێشم. ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا کەئەندامانی زۆربەی گروپە جینۆسایدکراوەکانی دنیا بناسم کە بۆ مەبەستی خوێندن، یان گەشت، یان چارەسەری نەخۆشی ڕوویان لە هیندستان کردبوو. لەناو ئەوانەشدا توتسی و هوتوەکانی ڕواندا کە ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەم بە چاوانی خۆم بینی و بەئاسانی جیام دەکردنەوە کە کامە توتسی و کامە هوتووە.

ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەش کاتێک بۆم دەرکەوت کەزۆر ماندووبووم و قوڵ بوومەوە بۆ ئەوەی بزانم کام جۆر لەچوار جۆرە جیاوازی و پێوەرەکانی جینۆساید لەنێوان هوتو و توتسییەکانی ڕواندادا هەیە. وا دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ڕواندا بە پێی مادده (٢) جینۆسایدی توتسیەکانی لە لایەن هوتوەکانەوە ناساندووە. چونکە هەردوو گروپ پەیڕەوی یەک ئاین دەکەن کە مەسیحییە، سەر بەیەک نەژدان کە

حامییە، یەک نەتەوەشن کە ڕواندایین. کەواتە ئەبێت جیاوازییەکەیان لە چیدا بێت. هاوڕێیەکی کۆنگۆیم (سێت تیبۆزا ماتو) کە هەروەک من بۆ خوێندن ڕووی لە هیندستان کردبوو کەسێکی زۆر زیرەک و ڕۆشنبیر بوو، گەرچی پسپۆڕییەکانمان لەیەکدی جیاواز بوو، من لە یاسای نێودەوڵەتی و ئەو لە بازرگانی نێودەوڵەتی دەیخوێند، بەڵام زۆر تێکەڵ بووبووین، ئێستاش پەیوەندیمان ماوەو لە تەندروستی و هەواڵی یەکدی دەپرسین. ستێ پۆزا جیاوازییە ڕەگەزییەکەی نێوان ئەو دوو گروپەی بەوێنەوە بۆ شیکردمەوەو پێی ناساندم. تەنانەت وێنەی (پاوڵ کاکەگەیم) سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ڕوانداى پیشاندام کە توتسی بوو بالآیەکی بەرزو باریکی هەبوو. کۆنگۆ یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە دراوسێی ڕواندایە بۆیە بۆ ئەوان ئاسان بوو کەجیاوازی نێوان سێ گروپەکەی ڕواندا هوتو و توتسی و توا بکەن و بیانناسنەوە.

**نەژاد:** جیاوازی نەژادیش لە نێوان گروپی تاوانکار و گروپی بە ئامانجکراودا. یەکێکی ترە لە پێوەرە یاساییەکانی چەسپاندنی تاوانی جینۆساید. کە بە جینۆسایدی نەژادی دەناسرێت. گەر هاتوو هەر شێوازێک لەپێنج شێوازەکەی جینۆساید لەلایەن هەریەکێک لەنەژادەکانەوە بەرامبەر بەنەژادێکی دیاریکراو ئەنجامبدرێت بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکیان، ئەوا دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

نمونەی ئەم جۆرە جینۆسایدەش جینۆسایدکردنی جولەکەکانە لەلایەن ڕژێمی نازیی ئەڵمانیاوە کە لە مێژووی جینۆسایددا بە هۆلۆکۆست ناسراوە. چونکە جولەکە سەر بەنەژادی سامین و ئەڵمانیاش سەر بەنەژادی ئارین. ئەوەشی پاڵنەر بوو بۆ ئەو جینۆسایدە جیاوازیی نەژادی و پاککردنەوەی نەژادی ئاری بوو لە سامی و لە ناوبردنی نەژادی سامیەکان بوو.

**ئـاین**: جیـاوازی ئـاینیش یەکێکـی تـرە لە پێـوەرە یاسـاییەکان بـۆ چەسـپاندنی تـاوانی جینۆسـاید. ئەمەش بەوە دەبێـت ئەگەر هـاتوو پەیڕەوانـی ئاینێـک هەسـتن بە ئەنجامـدانی یەکێـک لەپێـنج شـێوازەکەی جینۆساید لەدژی پەیڕەوانی ئاینێکی تری جیاواز بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکیان، ئەوا دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە. بەبـێ ڕەچـاوکردنی ئەوەی کە پەیڕەوانـی گروپـی ئـاینی تاوانکـار و پەیڕەوانی گروپی ئاینی تاوان بەرامبەرکراو و بە ئامانجکراو پەیڕەوی چ جۆرە ئاینێک دەکەن. ئایا ئاینەکە سروشتی و ئاسمانییە، یان دەسکردو زەمینییـە. ئەوەی لێـرەدا گـرنگە ئەوەیە کە گروپێـک پەیـڕەوی ئـاینێکی تـایبەت بە خۆیـان دەکەن و پابەنـدن بە جێبەجێکردنـی ئەرکە ئاینیەکـانی خۆیانەوە کە ئاینەکەیان داوای کردووە لێیان.

نمـونەی ئەم جـۆرە جینۆسـایدەش لەمێـژووی جینۆسـایددا، کە بەجینۆسـایدی ئـاینی دەناسـرێت. جینۆسـایدی ئەرمەنەکـانە لەلایەن عوسمانییەکانەوە. کە ئەرمەنەکـان پەیـڕەوی ئـاینی مەسـیحیان دەکـرد و عوسـمانیەکانیش پەیـڕەوەی ئـاینی ئیسـلامیان دەکـرد. یـان جینۆسـایدی پڵنگەکـانی تامیـل لەلایەن دەوڵەتـی سـریلانکاوە، کە پڵنگەکـانی تامیـل پەیـڕەوی ئـاینی هندۆسـیان دەکـردو حکـومەتی سـریلانکاش وەک ئەنجامـدەری جینۆسـایدەکە پەیـڕەوی ئـاینی بوودییـان دەکـرد. یـان جینۆسایدی موسڵمانەکانی هەرێمی ڕاخین لەلایەن حکومەتی میانماری بودییەوە. یان جینۆسایدی ئێزدییەکانی شەنگال لە لایەن داعشەوە.

لەم جۆرە جینۆسایدەدا دەکرێت پەیڕەوانی ئاینێکی ئاسمانی لەدژی پەیڕەوانـی ئـاینێکی تـری جیـاوازی ئاسـمانی ئەنجـامی بـدەن. وەک جینۆسـاید کردنـی ئەرمەنەکـان لە لایەن عوسـمانییەکانەوە. یـان دەکرێت پەیڕەوانـی ئـاینێکی زەمینـی لە دژی پەیڕەوانـی ئـاینێکی تـری جیـاوازی زەمینی ئەنجامی بدەن، وەک جینۆسایدکردنی پڵنگەکانی تامیل لە لایەن

حکومەتی سریلانکاوە. یان دەکرێت پەیڕەوانی ئاینێکی زەمینی لە دژی پەیڕەوانی ئاینێکی ئاسمانی ئەنجامی بدەن، وەک جینۆسایدی موسڵمانەکانی هەرێمی ڕاخین لەلایەن حکومەتی میانمارەوە. یاخود دەکرێت پەیڕەوانی ئاینێکی ئاسمانی لەدژی پەیڕەوانی ئاینێکی زەمینی ئەنجامی بدەن، وەک جینۆسایدی ئێزدییەکانی شەنگال لە لایەن داعشەوە.

دەگونجێت لە یەک جینۆسایددا لە نێوان گروپی تاوانکار و گروپی تاوان بەرامبەر کراو و بەئامانجکراودا، زیاد لەپێوەرێک بوونی هەبێت. وەک جینۆسایدی کورد لەلایەن داگیرکەرە تورک و عەرەبەکانەوە. کە سەرەڕای جیاوازی نەتەوەیی، لە ڕووی ڕەگەزی و نەژادییشەوە جیاوازن. یان جینۆسایدی جولەکەکان (هۆلۆکۆست) لە لایەن ئەڵمانیاوە. جگە لەجیاوازیی نەژادی، هەروەها جیاوازیەکانی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاینییش لەنێوانیاندا هەیە. یان جینۆسایدی ئێزدییەکان لەشەنگال لەلایەن داعشەوە. سەرەڕای جیاوازیی ئاینی، هەروەها جیاوازی نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزییش لەنێوانیاندا هەیە. چونکە ئێزدییەکان سەرەڕای ئەوەی پەیڕەوی ئاینی ئێزدی دەکەن کە ئاینێکی زەمینییە، هەروەها وەک نەتەوە کوردن، وەک نەژاد ئارین، ڕەگەزیشیان جیاوازە لەڕەگەزی داعش. یان جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە کە هەر چوار پێوەرەکەی جینۆسایدی تێدایە. چونکە ئەرمەنەکان وەک نەتەوە ئەرمەن بوون عوسمانییەکان وەک نەتەوە تورک بوون، ئەرمەنەکان پەیڕەوی ئاینی مەسیحیان کردووە عوسمانییەکانیش پەیڕەوی ئاینی ئیسلامیان کردووە، ئەرمەنەکان ئاری نەژاد بوون عوسمانییەکانیش سامی نەژاد بوون، هەروەها لەڕوی ڕەگەزیشەوە ئەرمەنەکان و عوسمانییەکان لەیەکتری جیاواز بوون.

وە دەشگونجێت لەیەک جینۆسایددا لەنێوان گروپی تاوانکار و گروپی تـاوان بەرامبەرکـراو بە ئامـانجکراودا، یەک پێـوەر هەبێت. ئەویش وەک جینۆســـایدی توتســـییەکانی ڕوانـــدا لەلایەن هوتوەکـــانەوە کە تـــاکە جیاوازییان ڕەگەز بووە. یان جینۆسایدی موسڵمانەکانی هەرێمی ڕاخین لە میانمـار، کە جیاوازییـان تەنهـا پێـوەری ئـاینی بـوو، کە ئەو گـروپەی جینۆسـایدەکەی ئەنجامـدابوو وەک ئـاین بـودی بـوون. ئەگینـا لە ڕوی نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزییەوە یەکن.

بەڵام ئەوەی گرنگە و یاسای نێودەوڵەتی بەمەرجی داناوە، ئەوەیە کە تەنهـا یەک پێـوەری جیـاواز هەبێت لەنێـوان گروپـی تاوانکـار و گروپـی تـاوان بەرامبەرکـراو و بە ئامـانجکراودا بەســە بـۆ ئەوەی بەجینۆسـاید یەکلایی بکرێتەوە. هەربۆیە دەقی مـاددەی (٢)ی ڕێککەوتننـامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، هەروەهـا دەقی ماددەی (٦)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، دەڵێن:

(جینۆســـاید هەریەکێــک لەم کــردارانەی خــوارەوەیە بە مەبەســـتی لەناوبردنی هەمـوو یان بەشـێکی گروپێکی نەتەوەیی، یـان ڕەگەزی، یـان نەژادی، یان ئاینی).

دەبینـین ڕاشـکاوانە دەڵێـت گروپێکـی نەتەوەیـی، یـان ڕەگەزی، یـان نەژادی، یان ئاینی. واتە لێرەدا گروپەکانی کۆنەکردووەتەوەو بەمەرجی دانەناوە کە لەیەک کاتدا هەر چوار جۆرە گروپەکە پێکەوە بن ئەو کات تاوانی جینۆساید پێک دێت. بەڵکو جیاوازی یەک گروپ بە تەنها لەگەڵ گروپەکەی تر تاوانی جینۆساید پێک دێنێت. دەکرێت ئەو جیاوازییەش لە ڕووی نەتەوە، یـان نەژاد، یـان ڕەگەز، یـان ئـاینەوە، بێت. بە هەریەک لە پێـنج شـێوازەکەی جینۆسـاید وە ئامـانج لێـی لە نـاوبردنی هەمـوو یـان بەشـێکی گـروپە جیـاوازەکە بێـت ئەوا دەچێـتە چـوار چێـوەی تـاوانی جینۆسایدەوە.

**باسی حەوتەم/ جینۆساید وەك تاوانێكی نێودەوڵەتی**
**لەیاسا نێودەوڵەتی و نیشتیمانیەكاندا**

تـاوانی جینۆسـاید لەسـاڵی (١٩٤٨) لەلایەن كـۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بەڕێككەوتننامەیەكی (١٩) نۆزدە ماددەیی كرا بەیاسا. كە بەڕێككەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ قەدەغەكردنی جینۆساید و سزا خستنە سەرتاوانكارانی ناسراوە.

بە پێـی مـاددەی دووی ڕێككەوتننـامەكەش تەنهـا چـوار گروپـی پاراسـتووە كە ئەوانـیش (نەتەوە- ئـاین- نەژاد و ڕەگەزن). واتە ئەنجامدانی هەریەک لەو پێنج كردارەی كە بە شێوازەكانی ئەنجامدانی تـاوانی جینۆسـاید دادەنـرێن، بە مەبەسـتی لە نـاوبردنی هەمـوو یـان بەشـێكی هەریەک لەو گروپـانە دەچێـتە چـوار چێـوەی تـاوانی جینۆسایدەوە.

گەرچی ئەو پێناسەیەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ جینۆساید زۆرترین ڕەخنەی لێگیراوە لە لایەن یاسا ناسانی نێودەوڵەتییەوە، بەوەی كە تەنها چوار گروپ دەپارێزێت وگروپەكانی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕێبازی ئـاینی و كەلتـوری و ڕۆشـنبیرییەكانی نەپاراسـتووە. هۆكـاری ئەوەش ئەوەبوو، لە كاتی بەستنی ڕێككەوتننامەكەدا تەنها نوێنەرانی دەوڵەتانی بەرژەوەندی ویستی تێدا بەشداربوو بەبێ بەشدارپێكردنی نوێنەرانی نەتەوە ژێر چەپۆكەكان و جێگیركردنی پێشنیارە دروستەكانی نوێنەری گروپە جینۆسایدكراوەكان لەداڕشتنی یاسای ڕێككەوتننامەكەدا. بەمەش سـەرەڕای ڕەخنەو تێبینییەكانمـان لەسـەر ئەو پێناسـەیە بـۆ جینۆسـاید ئەوا دەبێت تـاوەكو ئەو كـاتەی نەتەوە یەكگرتووەكان هەمواری دەكـات لە دادگاییكردنی تاوانكارانی جینۆسایددا كار بەو پێناسـەیە بكرێت و بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخـنەی یاسـایی نەبیـنەوە. هەر ئەوەش بـو ئەو

دادگـا تاوانکـارییە نێـودەوڵەتی و تایبەتـانەی کە دواتـر دامەزران لە ژێـر ڕوونـاکیی پێناسـەی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ جینۆسـاید، پێناسـەی جینۆسایدیان کردو جێگیریان کرد.

نمونەی ئەو دادگا تاوانکارییانەش وەکو:

* دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی بـۆ یوگۆسـلاڤیای پێشـوی سـاڵی (١٩٩٣)، ماددەی (٤).

* دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بۆ ڕوانـدای سـاڵی (١٩٩٤)، مـاددەی (٢).

* دادگای تاوانکاریی تایبەتی کەمبۆدیای ساڵی (١٩٩٧)، ماددەی (٤).

* دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٩٨)، ماددەی (٦).

* دادگای تاوانکاریی باڵای عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی (١١).

هەروەهـا لە یاسـای تاوانکـاری و سـزادانی دەوڵەتانیشـدا سـود لەهەمـان پێناسـە وەرگیـراوەو تـاوانی جینۆسـاید لەیاسـاکانی ئەوانیشـدا جێگیرو چەسپاوەو سزای بۆ ئەنجامدەرانی داناوە.

نمونەی یاسا تاوانکاری و سزاییەکانی ئەو دەوڵەتانەش:

* یاسای تاوانکاریی ئەرمینیا، ماددەی (٣٩٣).

* یاسای تاوانکاریی ئازەربایجان، ماددەی (١٠٣- ١٠٤).

* یاسای تاوانکاریی بیلاڕوسیا، ماددەی (١٢٧).

* یاسای سزادانی بۆلیڤیا، ماددەی (١٣٨).

* یاسای سزادانی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا، ماددەی (١٤١).

* یاسای تاوانکاریی بولگاریا، ماددەی (٤١٦).

* یاسای جینۆساید و تاوانەکانی جەنگی کەنەدا، ماددەی (٣١٨).

* یاسای سزادانی کۆڵۆمبیا، ماددەی (١٠١- ١٠٢).

* یاسای سزادانی کۆستاریکا، ماددەی (١٢٧).

* یاسای سزادانی کۆت دیڤوار، ماددەی (١٣٧).
* یاسای سزادانی کرواتیا، ماددەی (١٥٦).
* یاسای سزادانی کوبا، (٣٦١).
* یاسای سزادانی چیک، ماددەی (٢٥٩).
* یاسای سزادانی ئەل سلڤادۆر، ماددەی (٣٦١).
* یاسای سزادانی ئەتیوبیا، ماددەی (٢٦١).
* یاسای سزادانی فەرەنسا، ماددەی (٢١١).
* یاسای سزادانی جۆرجیا، ماددەی(٦٥١).
* یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی ئەڵمانیا، ماددەی (٦).
* یاسای سزادانی گواتیمالا، ماددەی (٣٧٦).
* یاسای سزادانی هەنگاریا، ماددەی (١٥٥).
* یاسای تاوانکاریی قیرگیزستان، ماددەی (٣٧٣).
* یاسای سزادانی لاتیڤیا، ماددەی (٧١).
* یاسای سزادانی لیختنشتاین، ماددەی (٣٢١).
* یاسای تاوانکاریی لیتوانیا، ماددەی (٩٩).
* یاسای سزادانی مالی، ماددەی (٣٠).
* یاسای سزادانی مەکسیکۆ، ماددەی (١٤٩).
* یاسای سزادانی نیکاراگوا، ماددەی (٥٤٩- ٥٥٠).
* یاسای سزادانی پەنەما، ماددەی (٣١١).
* یاسای سزادانی پاراگوای، ماددەی (٣١٩).
* یاسای سزادانی پیرۆ، ماددەی (١٢٩).
* یاسای سزادانی پۆڵەندا، ماددەی (١١٨).
* یاسای سزادانی پۆرتوگال، ماددەی (٢٣٩).
* یاسای سزادانی ڕۆمانیا، ماددەی (٣٥٦).
* یاسای تاوانکاریی ڕوسیا، ماددەی (٣٥٧).

* یاسای سزادانی دورگەکانی سۆلۆمن، ماددەی (٥٢).
* یاسای تاوانکاریی سلۆڤاکیا، ماددەی (٢٥٩- ٢٦٥).
* یاسای سزادانی سلۆڤینیا، ماددەی (٣٧٣- ٣٧٨).
* یاسای سزادانی ئیسپانیا، ماددەی (٦٠٧).
* دەستووری سورینام، ماددەی (٧).
* یاسای جینۆسایدی سوید، ماددەی (١٦٩).
* یاسای سزادانی سویسرا، ماددەی (٢٦٤).
* یاسای سزادانی توڤالۆ، ماددەی (٥٢).
* یاسای تاوانکاریی ئۆکرانیا، ماددەی (٤٤٢).
* یاسای فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەشی (٥٠).[٢٣]
، ماددەی (٧٦). یاسای تاوانکاریی تورکیا*

لەژێر ئەو ڕووناکییە یاساییانەی سەرەوەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە جینۆساید وەک مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتی یان تاوانی تاوانەکان. لەیاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغە کراوەو لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای تاوانکاریی و سزادانی زۆربەی دەوڵەتانیشدا قەدەغە کراوەو ئەنجامدەرانیشی لە هەر پلەو پۆستێکدا بن لە تاکە کەسێکەوە تاوەکو سەرۆکی دەوڵەت، بە پێی ماددەی (٧)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی و ماددەکانی (٢٧- ٢٨)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی. بە هیچ شێوەیەک مافی وەرگرتنی پەنابەری مرۆیی و سیاسییان نییەو ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە.

**باسی هەشتەم/ سزادان و تەسلیم کردنەوەی تۆمەتباران و بەسەر نەچوونی جینۆساید**

لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە بەگشتی دژی سزای لە سێدارەدانم. نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە مرۆڤەکان خوا دروستی کردوون و بە تەنها خوای گەورەش مافی ئەوەی هەیە ژیانیان لێوەربگرێتەوە و لێسەندنەوەی ژیانیش بۆ هیچ کەسێکی تر ڕەوا نییە. بەڵکو لەبەر ئەوەی بە بڕوایەکی قوڵەوە لەوە گەشتووم کە سزاو تۆڵە ناتوانێت هاوسەنگی دروست بکاتەوە. لەسێدارەدانی تاوانکارانی جینۆساید لەبەرئەوەی تاوانی جینۆسایدیان ئەنجام داوە. ناتوانرێت دۆخی گروپێکی جینۆساید بەرامبەرکراو و بەئامانجکراو بگەڕێنێتەوە بۆ پێش دۆخی جینۆسایدەکە. وە لەگەڵ بەخشین و لێخۆشبوونیش نیم، ئەمەش لەبەر ئەوەنا کە یاسای سروشتی و یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئەنجامدەرانی جینۆسایدی نەبەخشیوەو سزای بۆ داناون، بەڵکو لەبەر ئەوەی. لەبنەڕەتدا لێخۆشبوون بەمانای لەبیرکردنی تاوان دێت، جینۆسایدیش یەکێکە لەو تاوانانەی کە هەرگیز نابێت ئەنجامدەرانی لەبیربکرێت.

دژ بوونم لەگەڵ سزای لەسێدارەدان بەمانای بەخشین نایەت و وازهێنانیش لە سزاو تۆڵە مانای لێخۆشبونی تاوانکارانی جینۆساید نییە بەڵکو مانای جیاکردنەوەو دانانی تاوانکارانە بە ناشیرینییەکانیانەوە. وەک کەسێکی ڕەفتار خراپ و دڕندەیەکی تایبەت و جیاواز لە دڕندەترین دڕندەکان، جیاکردنەوەیان بە تاوانەکانیانەوە بە ستەمەکانیانەوە بە چڕنوک و دەستی سوربوویان بە خوێنی مرۆڤە بێ گوناهە جینۆساید کراوەکانەوە. کە ئەو تاوانکارانە لەگەڵ ژیانی مرۆییانەی ئێمەدا ناژین و جێگایان نابێتەوە. ئیدی ئەوان وەک مرۆڤ تایبەتمەندیی مرۆییان لەدەستداوە و ئەرکی دەستگای دادوەرییە کە

دادگاییان بکات و جۆرێک لە سزای یاساییان بەسەردا بسەپێنێت بەبێ لەسێدارەدان و بخرێنە پەراوێزی کۆمەڵایەتییەوە.

لەژێر ئەو ڕوناکییەی کە بڕوام بە لەسێدارەدان نییە. بەڵام لێرەدا وەک کەسێکی یاسایی بەئەرکی دەزانم کە بەرچاو ڕوونی بدەم لەسەر شێوازی دادگاییکردن و سزادانی تاوانکارانی جینۆساید لەڕوانگەی یاسای سزایی و نێودەوڵەتییەوە.

لە ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەرتاوانکارانی هەمان ڕێککەوتننامەدا هاتووە: (دادگاییکردنی کەسانی تۆمەتبارکراو بەئەنجامدانی جینۆسایدو هەرکردارێکی تری باسکراو لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە، لە بەردەم دادگایەکی پسپۆڕ لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتانەی کەکردارەکە لەخاکەکەیدا ڕویداوەو ڕوودەدات، یان لەبەردەم دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە تایبەتمەندیی هەبێت بەرامبەر هەر لایەنێک کە پەیوەندیدار بێت و دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نابێت).

ئەم ڕستەو ماددەیە: (دادگاییکردنی کەسانی تۆمەتبار کراو بە ئەنجامدانی جینۆساید و هەرکردارێکی تری باسکراو لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە، لەبەردەم دادگایەکی پسپۆڕ لەدادگاکانی ئەو دەوڵەتانەی کەکردارەکە لەخاکەکەیدا ڕویداوەو ڕوودەدات). بۆ خۆی جێگەی ڕەخنەیەکی قووڵە، چونکە لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا ئەو دادوەرییە نەبینراوە کە تاوانکاران و ئەنجامدەرانی جینۆساید لێپێچینەوەو دادگایی خۆیان کردبێت، لە بەرامبەر ئەو جینۆسایدانەی کە ئەنجامیان داوە. ئەوان هەمیشە خۆیان لەسەرووی یاساوە داناوەو وتەکانی ئەوان بۆ هەموو ژێر دەستەکانیان یاسا بووە.

ئەم ماددەیە زۆر نالۆژیکی و چاوەڕواننەکراوە کە دەسەڵاتداران یان ئەنجامدەرانی جینۆساید بڕوایان بە لێپرسینەوە هەبێت جا سەرەڕای

ئەوەی لەدادگاکانی خۆیاندا دادگایی خۆیان بکەن بەرامبەر بە ئەو جینۆسایدانەی کە ئەنجامیانداوە، ئەوان هەر لەبنەڕەتدا بڕوایان بەهیچ لێپرسینەوەیەکی دونیایی و دوایی نەبوەو نییە.

له هەمان ماددەی (٦)دا ئەم ڕستەیەش (تاوانبارانی جینۆساید یان لەبەردەم دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی دادگایی دەکرێن کە تایبەتمەندیی هەبێت بەرامبەر هەر لایەنێک کە پەیوەندیدار بێت و دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نابێت).

دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نابێت. ڕستەیەکی زۆر ئازار هەڵگرە. ئەی ئەگەر دوڵەتێک دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نەنابێت چی. ئەوا ئیدی ڕەها دەکرێت لە سزاو سەربەست بێت لە ئەنجامدانی جینۆساید. یاخود لەو دەوڵەتانەی کە جینۆساید ئەنجامدراوە یان ئەنجامدەدرێت، ئەوە تەواو ڕوونە کە سیستەمێکی تۆتالیتار فەرمانڕەوایی کردووەو فەرمانڕەوایی دەکات لەو جۆرە سیستەمانەشدا دادگاکان ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و سەربەخۆیانەو بوێرانەو ئازادانە لێکۆڵینەوەو دادگایی تاوانکارانی جینۆساید بکەن و بگرە دەستگاو دەسەڵاتی دادوەری لە ژێر دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە. واتە شتێک نییە بەناوی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری، کە نزیکەی چوار سەدەیە بیرمەندی یاسایی (مۆنتیسکیۆ) لە پەرتوکە بە نرخەکەیدا (ڕۆحی یاساکان) جێگیری کردووە.

بۆیە ئەرکێکی یاسایی و ڕەوشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، کە لە کاتی پێکهێنانی ڕێککەوتننامەکەدا دەستبەجێ دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی پێک بهێنایە، ئەمەش لە لایەکەوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێک بیر لە ئەنجامدانی جینۆساید نەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی تاوانکارانی جینۆساید لە سزای یاسایی دەربازیان نەبێت و ڕێگرییەک دابنرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تاوانەکان (جینۆساید).

ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەی کە ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ئاماژەی بۆ کردووە. لە (١٩٩٨/٧/١٧) لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا دامەزرا، واتە پەنجا ساڵ پاش پێکهێنانی ڕێککەوتننامەکە. وە لە (٢٠٠٢/٧/١)ەوە ڕۆشتە بواری کارکردنەوە. وە پاش پێکهێنان و چوونە بواری جێبەجێکردنی، ئەم دادگایە نەیتوانی تا ڕادەیەکی باش کۆتایی بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بهێنێت، یان ئەو تاوانکارانە دادگایی بکات کە جینۆسایدیان ئەنجام داوە. ئەوەش لەبەر ئەو کۆت و کەلەپچانەی کە دەوڵەتانی بەرژەوەندی ویست لە پێکهێنانی دادگاکەدا بۆ دادگاکەیان دانا.[٢٤]

ئەو دادگایە بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ناسراوە، بارەگاکەی لە شاری لاهای هۆڵەندایە و (١٢٤) دەوڵەت ئەندامی ئەو دادگایەن و دانیان بە پسپۆڕییەکانیدا ناوە، لە (١٢٨) ماددە پێکهاتووە و (١٨) دادوەری هەیە، وە بەپێی ماددەی (٥)ی دادگاکە تەنها تایبەتمەندیی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی لەسەر چوار تاوان و تاوانکاری نێودەوڵەتی هەیە. ئەوانیش تاوانکارانی (جینۆساید، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دوژمنکاری)ن.[٢٥]

ئەوەی جێگای سەرنجە لە ماددەی (١١)ی دادگاکەدا هاتووە کە ئەم دادگایە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی لەو کەیسە تاوانکارییە نێودەوڵەتییانە هەیە، کە لە دوای (٢٠٠٢/٧/١)ەوە ڕوویانداوە. واتە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی دادگاکە. هەربۆیە دادگا دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە پسپۆڕیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی ئەو تاوانکارانەی کە لەپێش ئەو بەروارەوە تاوانیان ئەنجامداوە. بەمەش زۆربەی ئەو تاوانکارانەی کە تاوانی جینۆسایدیان ئەنجام دابوو لە ڕابردوودا بە بێ سزا مانەوەو دادگایی نەکراون.

ئەمڕۆ ئاراستەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بەرەو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان دەچێت. بەڵام بەڕەهایی هەڵینەوەشاندووەتەوەو تا ئێستاش لە چەندین دەوڵەتدا ئەو سزایە جێبەجێدەکرێت بەسەر هەندێ دۆخـی تـایبەت کەتاوانکارەکـان تـاوانی مەترسـیداریان ئەنجـام داوە. گەرچـــی زۆربەی دادگـــا تاوانکـــارییە نێودەوڵەتییەکـــان ســـزای لەسێدارەدانیان تێدا نییە بەڵام کار بەسزای زیندانی و دارایی دەکەن. لەناویاندا دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی.

هەر پەیوەســت بەوەوە خــاڵی (١)ی بــڕگەی (١)ی مــاددەی (٧٧)ی دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی دەڵێـت (تاوانکـاران سـزا دەدرێـن بە زیندانی کردن بۆ چەندین ساڵ، کە نابێت لە سی ساڵ زیاتر بێت).
لە بڕگەی (٢)ی هەمان ماددە دا دەڵێت: (زیاد لەوەی کە دادگا سزای زینـدانی کـردن دەسـەپێنێت. دەتوانێـت سـزای دارایـی و پێبـژاردنیش بسەپێنێت).

لەهەمـووی گرنگتـر ئەوەیە کە ئەگەر لەیاسـای نیشـتیمانی دەوڵەتانـدا هەنـدێ کەس وەک بەرپرسـان و سـەرۆکی دەوڵەت لەسـزا دەربازیـان ببێت و یاسـا نەیـانگرێتەوەو مـافی وەرگرتنـی یاسـاپارێزی (حصـانە)یان هەبێت ئەوا لە یاسای سزایی نێودەوڵەتیدا هیچ کەسێک لە سزای یاسایی ڕزگاری نابێت.

بـۆ ئەو مەبەسـتەش مـاددەی (٤)ی ڕێککەوتننـامەی قەدەغەکردنـی جینۆسـاید و سزاخسـتنە سـەر تاوانکـارانی دەڵێـت: (ئەنجامـدەرانی جینۆســـایدو هەر کردارێکـــی تـــر کە لەمـــاددەی ســـێیەمی ئەم ڕێککەوتننـــامەیەدا هـــاتووە ســـزا دەدرێـــن، بە بـــێ گوێـــدانە ئەوەی فەرمانڕەوای دەستووری بن یان فەرمانبەری گشتی یان تاکە کەسێک).

کردارەرەکانی ماددەی (٣) بریتین لە:

**١/ جینۆساید.**

**٢/ پیلان دانان بۆ جینۆساید.**

**٣/ هاندانی ڕاستەوخۆو ئاشکرا بۆ جینۆساید.**

**٤/ هەوڵدان بۆ جینۆساید.**

**٥/ بەشداریکردن لە جینۆساید.**

هەروەها دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لە ماددەی (٢٧)ی بڕگەی (١)دا دەڵێت (دەسەڵاتەکانی ئەم دادگایە بەیەکسانی بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێدەبێت، بەبێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر بنەمای پۆستی فەرمی. بە تایبەتی، پۆستی فەرمی سەرۆکی دەوڵەت یان حکومەت، وەزیر یان ئەندام پەڕلەمان، نوێنەری هەڵبژێردراو حکومەتی فەرمی، هیچ کەسێک نابەخشرێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەم دادگایەدا و بنەمایەک درووست بکات بۆ کەمکردنەوەی سزا).

نمونەی ئەوەش:

١/ دەستگیرکردنی (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیج) سەرۆکی یوگۆسلاڤیای پێشوو، لە ساڵی (٢٠٠١) پاش ئەوەی ڕادەستی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو لە لاهای کرا، تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید و دژ بەمرۆڤایەتیی ئاراستە کرابوو، کەیسەکەی یەکلایی نەکرابوویەوە و لە ماوەی دادبینیدا بوو وە هێشتا بڕیاری کۆتایی بەسەردا نەسەپێنرابوو. لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٣/١١) لە زیندان بەهۆی نەخۆشی دڵ و فشاری خوێنەوە کۆچی دوایی کرد.

٢/ دەستگیرکردنی (صدام حسین) سەرۆک کۆماری عێراق لەکاتی جینۆسایدکردنی کورددا. لە (٢٠٠٣/١٢/١٣) کە تاوانەکانی جینۆساید، دژ بەمرۆڤایەتی، جەنگ و پێشێلکاریی یاساکانی عێراقی ئەنجام دابوو، پاش ئەوەی ڕادەستی دادگای تاوانکاریی باڵای عێراقی کرا لە بەغداد لە

(٢٠٠٦/١٢/٣٠) له یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بە تەنها لەسەر کەیسی دوجەیل و بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لە سێدارە درا.

هەرچی سەبارەت بە تەسلیمکردنەوەی تاوانکارانی جینۆسایدە، ئەوا ماددەی (٧)ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی دەڵێت:

(جینۆساید و کردارەکانی ناوبراو لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا، لەسەر ئاستی تەسلیمکردنەوەی تاوانکاراندا، بە تاوانی سیاسی دانانرێن و لایەنە ڕێککەوتووەکانیش پەیمان دەدەن کە لەدۆخێکی وەهادا کە بەپێی یاساکانیان و ڕێککەوتننامە کارپێکراوەکان داوای تەسلیمکردنەوەکە جێبەجێبکەن).

هەروەها بە پێی ماددەکانی (١ و ٤)ی جاڕنامەی پەنابەریتی هەرێمی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٦٧)، کە دەڵێت: (ئەو کەسانەی کە پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پێشێلکردووەو ئەوانەشی کە تاوانە نێودەوڵەتییەکانیان ئەنجام داوە ناتوانن سودمەند بن لەمافی پەنابەریتی هەرێمی و دەبێت تەسلیم بکرێنەوە).

وەک ئاشکراشە تاوانی جینۆساید قوڵترین تاوانی نێودەوڵەتیە. هەربۆیە بە پێی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و ئەو جاڕنامەیە، ئەنجامدەرانی جینۆساید مافی وەرگرتنی پەنابەریی سیاسی و مرۆییان نییەو کەیسەکەیان وەک کەیسێکی سیاسی سەیر ناکرێت و دەبێت تەسلیم بکرێنەوە.

نمونەی ئەوەش:

١/ دەستگیرکردنی (ژۆن کامباندا) سەرۆک وەزیرانی پێشوی ڕواندا لە (١٩٩٧/٧/١٨) لە نایرۆبی پایتەختی کینیاو پاشان تەسلیمکرایەوە بە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا و لە (١٩٩٨/٩/٤) بە تۆمەتی

ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و دژ بەمرۆڤایەتی بە زیندانی هەمیشەیی سزای بەسەردا سەپێنرا.[٢٦]

٢/ دەستگیرکردنی (لۆرێن گابۆ) سەرۆکی پێشووی کۆت دیڤوار لە (٢٠١١/٤/١١)، بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تەسلیمکردنەوەی بە دادگای تاوانکاریی نێودوڵەتی بۆ دادگاییکردن لە مانگی (٢٠١١/١١)، وەک یەکەمین سەرۆکی دەوڵەت، لە کارکردنی دادگاکەوە.

هەرچی سەبارەت بە بەسەر نەچونی تاوانی جینۆسایدە ئەوا جیاوازە لەتاوانەکانی تر. بەسەرچوون بەو واتایە دێت کەدوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی کە یاسا دایناوە بەسەر ئەنجامدانی تاوانێکدا بێ ئەوەی داوای سزای لەسەر تۆمار کرابێت، ئەوا داواکار و داواکاری گشتی و دادگا بە هیچ شێوەیەک مافی لێپرسینەوەی نامێنێ و تاوانەکە بەهۆی بەسەر چوونی ئەو ماوەیەی کە یاسا دیاریکردووەو بە هۆی بێدەنگ بوونی داواکار بەسەر دەچێت. هەروەها پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر جێبەجێ نەکردنی سزایەکدا لە مێژووی دەرچوونی بڕیارەکەوە سزاکە لەسەر تاوانبار لادەچێت.

ئەم پرەنسیپە، تاوانە نێودەوڵەتییەکان ناگرێتەوە. هەرچی سەبارەت بە تاوانە مەترسیدارە نێودەوڵەتییەکانە لە ناویشیاندا جینۆساید ئەوا هەرگیز بەسەر ناچن گەرچی چەندین ساڵیش تێپەڕێت بەسەر ئەنجامدانیاندا. هەربۆیە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٦٨/١١/٢٦) بە بڕیاری (٢٣٩١) (د- ٢٣) ڕێککەوتننامەی بەسەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و دژ بەمرۆڤایەتی دەرکرد، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (١٩٧٠/١١/١١) وە کارییێدەکرێت و لە (١١) مادده پێک هاتووە.

لەماددەی (١)دا ڕاشکاوانە دەڵێت بە چاوپۆشین لە کاتی ئەنجامدانیان هیچ بەسەر چونێک بەسەر ئەو تاوانانەی خوارەوەدا پیادە ناکرێت:

١/ تاوانەکانی جەنگ، ئەوانەن کە پێناسەکراون لە دەستووری دادگای نێودەوڵەتی سەربازی نۆرمبێرگ، کە لە (١٩٤٥/٨/٨) دا دەرچووە، کە لە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٣ (١) کە لە (١٩٤٦/٢/١٣) دەرچووە و بڕیاری ٩٥ (١) کە لە (١٩٤٦/١٢/١١) دا دەرچووە، جەخت کراوەتەوە لەسەری. بە تایبەتی پێشێلکاری گەورە کە ئاماژەی بۆ کراوە لەرێککەوتننامەکانی ژنێڤی (١٩٤٩/٨/١٢) دا بۆ پاراستنی قوربانیانی جەنگ.

٢/ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەوانەن کە ئەگەر هاتوو ئەنجام درابن لەکاتی جەنگ یان ئاشتیدا، وە پێناسەکراون لە دەستووری دادگای نێودەوڵەتیی سەربازی نۆرمبێرگ، کە لە (١٩٤٥/٨/٨)دا دەرچووە، کە لە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٣ (١)ی کە لە (١٩٤٦/٢/١٣) دەرچووە و بڕیاری ٩٥ (١) کە لە (١٩٤٦/١٢/١١)دا دەرچووە. جەخت کراوەتەوە، دەرپەڕاندن بە هۆی دەستدرێژی چەکدارانە، یان داگیرکردن و کردەوەی نامرۆییانە کە لەئەنجامی سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و تاوانی جینۆساید کە پێناسەکەی لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨)دا هاتووە، ئەگەر چیش ئەو کارە ناوبراوانە لاسەنگییەکی لە یاسای ناوخۆی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی لێ ئەنجامدراوە دروست نەکردبێت).

ماددەی (٢) دەڵێت (ئەگەر هەر تاوانێک لەو تاوانانەی کە لەماددەی یەکەمدا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەنجام درا، ئەوا بڕیارەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێدەبێت بەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئەو تاکە کەسانەی کە بە سیفەتی کارکردەی سەرەکی یان هاوبەش دەبن بە

بەشـداریکردن لە ئەنجامـدانی هەر تاوانێـک لەو تاوانـانە یـان بەهانـدانی ڕاسـتەوخۆی کەسـانی دیـکە لەسـەر ئەنجامـدانی یـاخود ئەوانەی پـیلان دەگێڕن بـۆ ئەنجامدانی، بە چاوپۆشـین لە پلەی جێبەجێکـردن و لەسـەر نوێنەرانی دەسـەڵاتی دەوڵەت، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان نەرمـی دەنوێنن).

مـــاددەی (٣) دەڵێـــت (دەوڵەتـــانی ئەنـــدامی ئەم ڕێککەوتننـــامەیە، بەڵێندەدەن کە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی ناوخۆی یاسایی یان غەیرە یاسایی دەگرنە بەر بۆ تەسلیم کردنەوەی کەسانی ئاماژە بۆ کراو کە لە ماددەی دووی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی ئەنجامـدەرانی تـاوانە نێودەوڵەتییەکـان بەگشـتی و بە تـایبەت (جینۆسـاید) لە سـزای یاسـایی ڕزگاریـان نابێت و هـیچ دەوڵەتێکـیش ناتوانێـت داڵـدەیان بـدات و تاوانەکانیـان وەک تـاوانی سیاسـی سـەیر بکـات و مـافی پەنـابەری سیاسـی و مرۆییـان پێبـدات و دەبێت تەسلیم بکرێنەوە.

تاوانکـارانی جینۆسـاید شایسـتەی لێخۆشـبون نـین و نـابوردرێن نەک لەبەر ئەوەی کەئەو گـــروپەی بە ئامانجیـــان کـــردووە جینۆســـایدیان کـردوون لەژیانـدا نەمـاون تـا داوای لێبوردنیـان لێبکرێـت. بەڵکـو لەبەر ئەوەی بەخشین و دەرکردنی بڕیاری لێبووردن واتە لە بیرکردنی تـاوان، کە نابێـت لە بیـر بکرێـت و وا پێویسـت دەکـات لە هـزری تـاک بە تـاکی نەوەی گـروپە جینۆسـاید کراوەکـان و مرۆڤایەتیـدا جێگیـر بکرێـت و لە پێنـاو مـرۆڤ دۆسـتی و مـرۆڤ پەسـەندی و دووبـارە نەبـوونەوەی جینۆسـایدەکەدا یـادی مەزنـی ئازاراوی جینۆسـایدەکە بکـرێتەوە و وەک دژوارتـرین ئـازار و سـەختترین ئەشـکەنجە کە ئەزموونیـان کـردووە لە خەیاڵگەیاندا هەڵیبگرن.

**باسی نۆیەم/ پەیوەندی جینۆساید بە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی ترەوە**

پەیوەندییەکی نزیک هەیە لە نێوان جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتیەکانی تردا، بە تایبەت تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی. ئێمە لەم باسەدا لە پەیوەندی جینۆساید بە هەموو تاوانە نێودەوڵەتیەکانی ترەوە نادوێین. بەڵکو تەنها باس لەپەیوەندییەکانی جینۆساید و ئەو سێ تاوانە دەکەین کە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بە دەقی یاسایی بە تاوانی داناوە و سزای بۆ ئەنجامدەرانیشی دیاریکردووە. ئەو تاوانانەش بریتین لە:

***تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.**

*** تاوانەکانی جەنگ.**

*** تاوانەکانی دوژمنکاری.**

هەموو ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییانەی کە پێک هاتوون لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی باسیان لە زۆربەی ئەو تاوانانە کردووە و سزایان بۆ ئەنجامدەرانی دیاریکردووە.

لێرەدا هەریەک لەو تاوانانە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی تاوانکارییەوە دەناسێنین و بە ناساندنیشیان ئەو هۆشیارییە یاساییە لای خوێنەر دروست دەبێت کە بتوانێت بە ئاسانی لەیەکیان جیا بکاتەوە. گەر لەهەر شوێنێک وەک جوگرافیا لەهەر کاتێک وەک مێژوو تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا بە ئاسانی بزانێت کام تاوانی نێودەوڵەتییە کە ڕویداوە.

**یەکەم/ تاوانەکانی جینۆساید**

لەباسی یەکەم و دووەمی ئەم بەشەدا، لە ژێر ڕووناکیی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی و ماددەی (٦)ی دادگای تاوانکاری

نێودەوڵەتی. پێناسەی جینۆسایدمان کردووە. هەربۆیە جارێکیتر ئاماژەی بۆ ناکەینەوە.

ئەو پێناسەیە کە لە (٦٦) شەست و شەش وشە پێکهاتووە، پێناسە یاساییەکەی تاوانی جینۆسایدە. وەک لە باسی حەوتەمی ئەم بەشەدا بەڕوونی ئاماژەمان بۆ کردووە، هەموو دادگا نێودەوڵەتییە تاوانکارییەکان و ئەو دەوڵەتانەشی کەجینۆسایدیان وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی لەیاسا سزایی و تاوانکارییەکانیاندا جێگیرکردووە. هەمان پێناسەیان کردووە و پابەندبوون بە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بۆیە لە ڕوانگەی یاساییەوە گەر تاوانکارێکی جینۆساید دادگایی کرا ئەوا لەڕوانگەی ئەو پێناسەیەوە تاوانەکەی هەڵدەسەنگێنرێت و تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێت. بۆیە هەر تاوانێک لەدەرەوەی ئەو پێناسەوە بوو ئەوا ناچیتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە بەڵکو دەکرێت یەکێک بێت لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر.

**دووەم/ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی**

تاوانەکانی جینۆساید لێکچوونێکی دیاری هەیە لەگەڵ تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی[٢٧]. لە پێش ئەوەی جینۆساید لە ساڵی (١٩٤٨) ببێت بە تاوانێکی سەربەخۆ و ببێت بە یاسا. جینۆساید تاوانێک بوو لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. وە کاتێک هۆلۆکۆست بە جینۆساید ناسێنرا بە پێی ماددەی (٦)ی دەستووری دادگای نێودەوڵەتی سەربازی نۆرمبێرگ، جینۆساید بەشێک بوو لە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی.

بە پێی بڕگەی (٣)ی ماددەی (٦)ی دەستووری دادگای نێودەوڵەتی سەربازی نۆرمبێرگی ساڵی (١٩٤٥).[٢٨] و بە پێی بڕگەی (٣)ی ماددەی (٥)ی دەستووری دادگای نێودەوڵەتی سەربازیی خۆرهەڵاتی دوور

(تۆکیۆ)ی ساڵی (١٩٤٦).[٢٩] ئەم تاوانانەی خوارەوە دەچنە چوارچێوەی تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتییەوە، ئەوانیش:

*کوشتن.

* لە ناوبردن.

* بە کۆیلە کردن.

* دورخستنەوە.

* هەر کردارێکی نامرۆیانە لە دژی دانیشتوانی سڤیل لەپێش یان کاتی شەڕدا.

* چەوساندنەوە لەسەر بنەمای سیاسی و نەژادی و ئاینی.

پاش پێکهێنانی چەند دادگایەکی تری تاوانکاریی نێودەوڵەتی، بۆ دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و پێشێلکاریی یاسا نیشتیمانییەکان. تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی لەچەند ماددەیەکدا جێگیر و فراوانکراو چەند تاوانێکی تر زیادکرا و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی دابەشکرا بۆ:

*کوشتن.

* لە ناوبردن.

* بە کۆیلەکردن.

* دورخستنەوە.

*زیندانیکردن

* ئەشکەنجەدان.

* چەوساندنەوە لەسەر بنەمای سیاسی، نەژادی، ڕەگەزی و ئاینی.

* هەر جۆرە کردارێکی تری نامرۆڤانە.

*دەست درێژیکردنە سەر ناموس، کۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشیی بەزۆر، سکپڕ بوونی بەزۆر و هەر شێوازێکی تری توندو تیژی سێکسی.

ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییانەش کە ئاماژەیان بۆ ئەو تاوانە دژ بەمرۆڤایەتییانە کردووەو جێگیریان کردووە بریتین لە:

*ماددەی (٥)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشووی ساڵی (١٩٩٣).

* ماددەی (٣)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی ڕواندای ساڵی (١٩٩٤).

* ماددەی (٢)ی دادگای تایبەتیی سیرالیۆنی ساڵی (٢٠٠٢).

وە کاتێک دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دەمەزار لە (١٩٩٨/٧/١٧) و لە (٢٠٠٢/٧/١)وەوە ڕۆشتە بواری کارکردنەوە. ژمارەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی زیاتر کرا، کە لەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتیانەی تردا نەبوون کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون.

بە پێی بڕگەی (١)ی ماددەی (٧)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بریتین لە (هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە کەڕیزبەند کراوە. هەرکاتێک ئەنجامدرا لەچوارچێوەی هێرشێکی بەرفراوانی ئاراستە کراو و پیلان بۆ داڕێژراو دژی کۆمەڵێک لەدانیشتوانی سڤیل وە زانیاری بەو هێرشانە هەبێت). ئەو تاوانانەش:

*کوشتن.

* لە ناوبردن.

* بە کۆیلەکردن.

* دورخستنەوە یان گواستنەوەی دانیشتوان بە زۆر.

* زیندانیکردن، یان بێبەشکردنی توند لە هەر شێوەیەک لەشێوەکانی ئازادی جەستەی کەپێچەوانەی ڕێسا بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت.

* ئەشکەنجەدان.

* دەستدرێژی کردنە سەر ناموس، کۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشیی بەزۆر، سک پڕبوون بە زۆر، نەزۆککردنی بەزۆر. یان هەر شێوەیەک لەشێوەکانی توندو تیژی سێکسی کە بەم پلەیە ترسناک بێت.

* چەوساندنەوەی هەر گروپێکی دیاریکراو لە سەر بنەمای سیاسی، نەژادی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، کەلتوری و ئاینی. یان پەیوەندی هەبێت بە جۆری ڕەگەز، یان بە هەر هۆیەکی ترەوە کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەی لێگرتووە.

* ونکردنی کەسانێک بە زۆر.

* تاوانی جیاخوازی ڕەگەزایەتی (ئاپارتاید).

* کرداره نامرۆییەکانی تر کەشێوەی هاوجۆری ئەوانن و دەبنە هۆکاری بەئەنقەست بۆ گیرۆدەیی توند کە ئازاری ترسناک بەجەستە یان تەندروستی یان هزر دەگەیەنێت.

لەئەنجامی پێناسەکردنی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی ئەوەمان بۆ ڕوونبوویەوە کە:

* تاوانی جینۆساید لە دژی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی ئەنجام دەدرێت. وە هەروەها گەر هاتوو لە کاتی ئاشتی یان جەنگدا ئەنجام بدرێت هەر تاوانە.

* تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، لەدژی تاکە کەسێکیش ئەنجامبدرێت هەر دەچێتە چوارچێوەی ئەو تاوانەوە. هەروەها یە کێک لە جیاوازییە گەوهەرییەکانی نێوان جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی ئەوەیە. کە لەجینۆسایددا ئەنجامدانی تاوان بەمەبەست لەدژی چوار گروپ کە ئەوانیش نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی، تاوانی جینۆساید پێک دەهێنێت. بەڵام لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیدا ئەنجام دانی تاوان بەمەبەست لەدژی زیاتر لەچوار گروپ ئەوانیش نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی، یان سیاسی، یان کەلتووری، یان کۆمەڵایەتی، تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی پێک دەهێنێت.

**سێیەم/ تاوانەکانی جەنگ**

لەکورتترین پێناسەدا تاوانەکانی جەنگ بەمانای (پێشێلکردنی یاساو داب و نەریتەکانی جەنگ دێت).

یاساو داب و نەریتەکانی جەنگ لەسەدەی پانزەیەمەوە خراونەتە چوارچێوەی دەق و پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، هەربۆیە پێشتر داب و نەریتەکان، جەنگەکانی ڕێک خستبوو. یاساکانی جەنگ یان داب و نەریتەکانی جەنگ لەپێش ئەوەی بخرێتە چوارچێوەی دەق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە لەلای هەریەک لە جولەکەکان، یۆنانییەکان، ڕۆمانییەکان، هیندییەکان و سەردەمی ڕاگەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام موحەمەد (د.خ). ڕەنگ دانەوەی هەبووە و گەشەی پێدراوە.

تاوانەکانی جەنگ بە پێی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٦)ی دادگای نێودەوڵەتی سەربازی نۆرمبێرگ و بڕگەی (٢)ی ماددەی (٥)ی دادگای نێودەوڵەتیی سەربازی خۆرهەلاتی دوور (تۆکیۆ). بریتین لەم تاوانانەی خوارەوە:

*پێشێلکردنی یاساکان و داب و نەریتەکانی جەنگ. ئەو پێشێلکارییانەش تەنها بریتی نین لە کوشتن، بەڵکو مامەڵەی خراپ، دوورخستنەوە، بە کۆیلە کردنی کارکردن بۆ هەر مەبەستێک بێت بەدانیشتوانی سڤیل یان هەرێمی داگیرکراو، خراپ مامەڵەکردن و کوشتنی دیلی جەنگ، کوشتنی بارمتەکان، تالانکردنی سامانی گشتی و تایبەت، داوێن پیسی و تێکدانی شارو شارۆچکەو گوندەکان و وێرانکردنی بێ پاساوی پێداویستی سەربازی.

دوای پێکهێنانی ڕێککەوتنامەکانی ژنێف لە (١٩٤٩/٨/١٢)و دوو پڕۆتۆکۆڵە زیاد کراوەکەی کەبوون بە سەرچاوەی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی (یاساکانی جەنگ)، کە زیاتر لە شەششەد مادەدا ڕێکخراون.

هەروەهــا پــاش ئەوەی چەنــد دادگــایەکی تاوانکــاریی نێــودەوڵەتی تــر پێکهــاتن لەســەر ئاســتی جیهــان و لەکیشــوەرە جیاوازەکــان، تاوانەکــانی جەنگ فراوانکران. لەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییانەش:

*مــاددەی (٢-٣)ی دادگــای تاوانکــاری نێــودەوڵەتی بــۆ یوگۆســلاڤیای پێشوو.

* ماددەی (٤)ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ڕواندا.

* ماددەی (٣-٤)ی دادگای تایبەتی سیرالیۆن.

وە بــڕگەی (٢)ی مــاددەی (٨)ی دادگــای تاوانکــاریی نێــودەوڵەتی بەم شێوەی خوارەوە تاوانەکانی جەنگی ناساندووە و دابەشکردووە:

یەکەم/ پێشــــــێلکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکـــــانی (جنێـــــف)ی (١٩٤٩/٨/١٢)، وە بەدیــاریکراوی هەریەک لەم کــرادارانەی خــوارەوە کە ڕیزبەند کراوە و ئەنجامدراوە دژی کەسان یان موڵک و ماڵی پارێزراو بەپێی بڕیارە پێدراوەکانی ڕێککەوتننامەی (جنێف)ی پەیوەندیدار:

*کوشتنی بە ئەنقەست.

* ئەشــکەنجەدان یــان هەڵســوکەوتــی نامرۆڤــانە، لەوانە هەســتان بە تاقیکردنەوەی بایۆلۆژی.

* بەسەر هێنانی کوێرەوەری توند و مەبەستدار یان گەیاندنی ئازاری ترسناک بەجەستە یان تەندروستی.

* وێرانکردنێکــی فــراوان و لەڕادەبەدەری موڵــک و مــاڵ و دەســت بەســەراگرتنیان بەبێ پاساوی پێویستییەکی سەربازی وە بەشێوەیەکی لادەر لەیاساو بەڕێگایەکی گێرەشێوێنانە.

* ناچــارکردنی دیلەکــانی جەنــگ یــان کەســی پــارێزراو بــۆ ڕاژە لە سوپای دوژمن.

* بێ بەشکردنی هەر دیلێکی جەنگ یان کەسی پارێزراو لە مافی خۆی بۆ دادبینی کردن لەدادگایەکی دادپەروەرو ڕێک و پێک، بە مەبەست.

* دورخستنەوە یان گواستنەوەی یان گلدانەوەی نایاسایی.

* بە بارمتە گرتن.

دووەم/ پێشێلکارییە ترسناکەکانی تری ئەو یاساو داب و نەریتانەی کە پێویستە پیادە بکرێت لە ململانێ چەکدارییەکاندا، لە چوار چێوەی یاسای نێودەوڵەتیی چەسپاوو وە بە دیاریکراوی لەم کردارانەدا:

*هێرشی بەمەبەست و ئاراستە کراو دژی دانیشتوانی سڤیل یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگییەکان بەشدار نەبوون.

* هێرشی بەمەبەست ئاراستەکراو دژی ئامانجە سڤیلییەکان لەوانە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین.

* هێرشی بەمەبەست دژی خزمەتگوزارییەکان، دامەزراوەکان، کەل و پەلەکان، یەکەکان یان ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو لە کارە هاریکارییە مرۆییەکان یان پاراستنی ئاسایش بەپێی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنە بن کە دراوە بە سڤیلەکان یان ئامانجە سڤیلییەکان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.

* هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی کە بزانرێت ئەم هێرشە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانی گیانی یان بریندار بوونی سڤیلەکان یان کەوتنەوەی زیانی سڤیلی کە زیادە ڕۆییەکەی ڕوون بێت بە بەراورد لەگەڵ گشت دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکراوە ڕاستەوخۆکان.

* هێـرش یـان بۆردومـانی شـارەکان، گونـدەکان، ماڵەکـان یـان باڵەخانەکان بە هەر ئامرازێک بێت کە هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نیەو ئامانجی سەربازییش نین.

* کوشـتن یـان برینـدارکردنی جەنگاوەرێـک کە دەسـت بەرداری چەکەکەی بووبێت یان ئامرازی بەرگری لە خۆ کردنی نەبێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی بەدەستەوە دابێت.

* خراپ بەکارهێنانی ئاڵای ئاگر بەست یان ئاڵا یان دروشمی سەربازی و جل و بەرگی دوژمن، یان ئاڵا یان دروشمەکان و جل و بەرگی سەربازیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها نیشانەکانی جیاکاری ڕێککەوتننـامەی جنێـف کە دەبێـتە هـۆی گیـان لە دەسـتدان یـان برینداركردنی تاکەکان.

* گواستنەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەشێک لە دانیشتوانە سڤیلەکان لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە بۆ هەر خاکێک کە داگیری دەکات. یان دوورخستنەوە و گواستنەوەی هەموو یان بەشێک لە دانیشتوانی خاکە داگیرکراوەکە لەنێو ئەو خاکە یان بۆ دەرەوەی .

* هێرشی بەمەبەست ئاراستە کراو دژی باڵەخانەکان کە ئامانجی سەربازی نین و تایبەتن بۆ مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، خێرخوازی، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، نەخۆشخانەکان و شوێنی کۆبونەوەی نەخۆش و برینداران.

* سـەرپێدانواندنی کەسـانی سـەر بە هەر دەوڵەتێک بۆ شێواندنی جەستەیی یان هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی یان زانستی کە بیانویەک لە ئارادا نەبێت بۆ چارەسەری کەسی مەبەست لە نەخۆشخانە و لە بەرژەوەندیدا نەبێت و ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانێک یان تەندروستییان بخاتە ژێر مەترسییەکی ترسناکەوە.

* کوشتن یان بریندارکردنی هەر کەسێک لەکەسانی نەتەوەی دوژمن بەڕێگایەکی ستەمکارانە.

* ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ کەسێک لە ژیاندا نەماوە.

* وێرانکردن یان دەست بەسەردا گرتنی موڵک وماڵی دانیشتوانی سڤیلی لایەنی دوژمن کە ئەم وێرانکردن و دەست بەسەردا گرتنە کارێکی وانەبێت کە ناچارییەک بێت بۆ پێویستییەکانی جەنگ.

* ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوە، یان هەڵپەساردن، یان نەهێشتنی پەنابردنە بەر دادوەری بە مەبەستی بێبەشکردنی هاووڵاتیانی لایەنی دوژمن بۆ داواکردنی مافەکانیان.

* ناچارکردنی هاووڵاتیانی لایەنی دوژمن بۆ بەشداری لەکردارەکانی جەنگی ئاراستە کراو دژی دەوڵەتەکەیان، هەتا ئەگەر هاتوو ئەو هاووڵاتییانە لە ڕاژەی دەوڵەتی شەڕکەردا بووبن پێش هەڵگیرسانی جەنگ.

* تالانکردنی هەر شارێک یان شوێنێک، ئەگەر هاتوو بەزۆریش دەستی بەسەردا گیرابێت.

* ژەهر بەکارهێنان یان چەکی ژەهراوی.

* بەکارهێنانی گازی خنکێنەر یان ژەهراوی یان هەر گازێکی تر، وە هەروەها هەر شلەیەک یان کەرەستەیەک یان کەلو پەلێکی تری هاوجۆر.

* بەکارهێنانی ئەو گوللانەی کە دەکشێت یان بە ئاسانی ڕۆدەچێت بۆ ناو جەستەی مرۆڤ، وەک ئەو گوللانەی کە بەرگیان بەهێزەو هەموو جەستەی گولەکە داناپۆشێت یان ئەو گولانەی کە بەرگەکانیان بەهێزکراوە.

* بەکارهێنانی ئەو چەک، موشەک، ماددەو ڕێگایانەی جەنگ، کە لە سروشتدا دەبێتە هۆی بریندارکردنێکی زیاد لە پێویست، یان چێشتنێکی نا پێویست، یان زگماکییەکی دیارینەکراو و پێشێلکردنی یاسای

نێـودەوڵەتی ململانـێ چەکـدارییەکان. ئەو چەک و موشـەک و مـاددەو ڕێگایانەی جەنگ بابەتێکن کە بەگشتی قەدەغە کراون، لەوانە لە پاشکۆی یاسـای هەمـوارکراو بە گـوێرەی بڕیـارە پەیوەسـتەکانی چەسـپاو لە ماددەکانی (١٢١ و ١٢٣) دا.

* دەسـت درێـژی کـردنە سـەر شـکۆمەندی کەسـان، وە بەتـایبەتی هەڵسوکەوتی ڕیسواکەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی شکۆمەندی.

* دەست درێژیکردنە سەر ناموس، یان کۆیلە کردنی سێکسی، یان لەشفرۆشی بەزۆر، یان سک پڕکردنی بەزۆر. کە پێناسە کراوە لە خاڵی (٦) ی بـڕگەی (٢) ی مـاددەی (٧) دا، نەزۆککـردن بەزۆر، یـان هەر شـێوەیەک لە شـێوەکانی تونـدو تیـژی سێکسـی، کە دەبێـتە هـۆی پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکانی جنێف.

* بەکارهێنـانی هەبـوونی کەسـانی سـڤیل یـان کەسـانی پـارێزراو بـۆ ئەوەی هەندێ خاڵ یان ناوچە یان هێزی سـەربازی توندو تـۆڵ بکـات لە ڕووی کردارە سەربازییەکانەوە.

* ئاراسـتەکردنی هێرشـی بە مەبەسـت دژی باڵەخانەکـان، کەل و پەلەکـانی یەکە پزیشـکییەکان و ئامرازەکـانی گواسـتنەوە و کەسـانێک کە دروشـمی جیاکـاری ڕێککەوتننامەکـانی جنێـف بەکـاردەهێنن بە گـوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

* برسـی کردنـی دانیشـتوانە سـڤیلەکان وەک شـێوەیەک لە شـێوەکانی جەنـگ وە بێبەشـکردنیان لەو خواردنـانەی کە پێویسـتە بـۆ مـانەوەی ژیانیـان، لەوانە بە مەبەسـت کۆسـپ خسـتنە بەردەم یـارمەتییە فریاگوزارییەکان کە لەدەقەکانی ڕێککەوتننامەکانی جنێف دا هاتووە.

* سـەربازگیری یـان تۆمـارکردنی منـاڵانی خـوار تەمەنـی (١٥) پـانزە سـاڵی لەهێـزی سـوپای نیشـتیمانی یـان بەشـداری پێکردنیـان لەکـردارە دوژمنکارییەکاندا.

سـێیەم/ لەکـاتی ڕوودانـی هەر جـۆرە ململانێیەکـی چەکـداری کە کـارەکتەرێکی نێـودەوڵەتی نەبێـت، کە پێشـێلکاریەکی ترسـناکی مـاددەی (٣)ی هەر چـوار ڕێککەوتننـامەکەی جنێـف ی (١٩٤٩/٨/١٢)، لە هەریەک لەم کـرادارانەی خـوارەوەدا کە دژی کەسـانێک ئەنجـام دەدرێـت، کە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەکرداره جەنگییەکـان بەشـدار نەبـوون، لەوانە کەسـانی هێزی چەکـداری ئەوانەی کە چەکەکانیـان فـڕێ داوەو ئەوانەی دەستە پاچەن لە شەڕ بەهۆی نەخۆشی یان برینداری یان گلدانەوە یان بەهەر هۆیەکی تر:

* تونـدو تیـژی بەکارهێنـان دژی ژیـانی کەسـان، بە تـایبەتی کوشـتن بەهەمـوو جۆرەکـانیەوە و شـێواندن و هەڵسـوکەوتی بـێ بەزەییـانە و ئەشکەنجەدان.

* دەسـت درێـژی کـردنە سـەر ئـابڕوی کەسـان بەتـایبەتی هەڵـس و کەوتی ڕیسواکەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی شکۆمەندی.

* بە بارمتە گرتن.

* فەرمـان دەرچوانـدن و جـێ بەجـێ کردنـی لەسـێدارە دان، بەبـێ هەبـوونی فەرمـانێکی پێشـوو کە لە دادگـایەکی دامەزراو و پەیڕەوکـراو دەرچووبێت و دەستەبەری هەموو گەرەنتییە دادوەرییە باوەڕ پێکراوە گشتییەکان بێت کە دەست بەرداربوونی بۆ نییە.

چـوارەم/ خـاڵی سـێیەمی بـڕگەی (٢) جێبەجێـدەبێت بەسـەر ململانـێ چەکـدارییە نانێودەوڵەتییەکـان. جێبەجـێ نابێـت بەسـەر بـارودۆخە تێکـدەرەکان. لەوانە ئـاژاوە، دابـڕین، بچڕبچڕکـردن و کـردارە تونـدو تیژییەکانی تر کە هەمان سروشتیان هەیە.

پێنجەم/ پێشـێلکارییە ترسـناکەکانی تـری یاسـاو داب و نەریتەکـان کە پێویستە جێبەجێ بکرێت لەسەر ململانێ چەکدارییە نا نێودەوڵەتیەکان لە چوار چێوەی یاسای نێودەوڵەتی جێگیر کراو، لەم کردارانەی خوارەوەدا:

* ئاراستەکردنی پەلامـاری بەمەبەسـت دژی دانیشـتوانی سـڤیل، یـان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ بەشداری کردارە جەنگییەکان ناکەن.

* ئاراســتەکردنی پەلامــاری بە مەبەســت دژی باڵەخانەکــان، کەل و پەلەکــان، یەکەکــان یــان ئامرازەکــانی گواســتنەوەی پزیشــکی وە یــان کەسانێک کە دروشمی جیاکاری ڕێککەوتننامەکانی جنێف بەکار دەهێنن بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

* هێرشـــی بەمەبەســـت دژی خزمەتگوزارییەکـــان، دامەزراوەکـــان، یەکەکان، یان ئۆتۆمبێلەکانی بەکارهاتوو لەکارە یارمەتییە مرۆییەکان یان پاراسـتنی ئاسـایش بەپێـی دەسـتووری نەتەوە یەکگرتووەکـان. تـاکو ئەو جـۆرە کـارانە شـایانی ئەو پاراسـتنە بـن کە دراوە بە سـڤیلەکان یـان ئامانجە سڤیلەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.

* ئاراستەکردنی هێرشی بەمەبەست دژی باڵەخانەکانی تایبەتمەند بە مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، زانستی، یان خێرخوازی، یان شـوێنەوارە مێژووییەکـــــان و نەخۆشـــــخانەکان و شـــــوێنەکانی کۆبـــــونەوەی نەخۆشخانەکان و بریندارەکان، بەمەرجێک ئامانجی سەربازی نەبن.

* تـاڵانکردنی هەر شـارێک یـان شـوێنێک ئەگەر بەزۆریـش دەسـتی بەسەردا گیرابێت.

* دەست درێژیکردنە سـەر نـاموس، یـان کۆیلە کردنـی سێکسـی، یـان لەشفرۆشیی بەزۆر، یان سک پڕکردنی بەزۆر. کە پێناسە کراوە لە خـاڵی (٦)ی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٧)دا. نەزۆککردن بەزۆر، یان هـەر شێوەیەک لە شـێوەکانی تونـدو تیـژی سێکسـی، کە دەبێـتە هـۆی پێشـێلکردنی ڕێککەوتننامەکانی جنێف.

* سـەربازگیری یـان تۆمـارکردنی منـاڵانی خـوار تەمەنـی (١٥) پـانزە سـاڵی لە هێـزی سـوپای نیشـتیمانی یـان بەشـداری پێکردنیـان لە کـردارە دوژمنکارییەکاندا.

* فەرمان دەرکردن بە ڕاگواستنی دانیشتوانە سڤیلەکان بە هۆکاری پەیوەندیدار بە ململانێ، ئەگەر هات و ئەم کارە لە پێناو ئاسایشی سڤیلەکان یان هۆکاری سەربازی ڕاستەوخۆ نەبوو.

* کوشتن یان بریندارکردنی یەکێک لە جەنگاوەرانی دوژمن بە ستەم.

* ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ کەسێک لە ژیاندا نەماوە.

* سەرپێدانواندنی کەسانی سەر بە دەسەڵاتی لایەنی تری ململانێ، بۆ شێواندنی جەستەیی یان هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی یان زانستی کە بیانویەک لە ئارادا نەبێت بۆ چارەسەری پزیشکی یان چارەسەری مرۆڤ یان چارەسەری کەسی مەبەست لە نەخۆشخانە و لە بەرژەوەندی ئەودا نەبێت و ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانێک یان تەندروستییان بخاتە ژێر مەترسییەکی ترسناکەوە.

* وێرانکردن یان دەست بەسەردا گرتنی موڵک و ماڵی لایەنی دوژمن کە ئەم وێرانکردن و دەست بەسەردا گرتنە لە کارێکی وانەبێت پێویستییەکانی جەنگ ناچاری کردبێت.

شەشەم/ خاڵی (٥)ی بڕگەی (٢)، جێبەجێ دەبێت بە سەر ململانێ چەکدارییە نانێودەوڵەتییەکان. جێبەجێ نابێت بەسەر بارودۆخە ناوخۆییە تێکدەرەکان. لەوانە ئاژاوە، دابڕین، بچڕبچڕکردن و کردارە توندو تیژییەکانی تر کە هەمان سروشتیان هەیە. ئەوە جێبەجێ دەبێت بەسەر ململانێ چەکدارییەکان کە لە هەرێمی دەوڵەتێکدا ئەنجام دەدرێت، کە درێژەدانی ململانێ چەکدارییەکان لە نێوان دەسەڵاتە حکومییەکان و گروپە ڕێکخراوە چەکدارییەکان یان نێوان ئەو گروپانە.[٣٠]

دوای ئەو ناساندنە قوڵەی تاوانەکانی جەنگ. بۆمان ڕوونبوویەوە کە تاوانەکانی جەنگ لەکاتی جەنگدا ڕودەدات هەر کاتێک یاساو داب ونەریتەکانی جەنگ پێشێلکران ئەوا تاوانەکانی جەنگ پێک دێن. بەڵام جینۆساید تاوانێکە کە لە کاتی ئاشتی و جەنگیشدا ئەنجام دەرێت. وەک

چۆن ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی دەڵێت:

(لایەنە ڕێککەوتووەکان بڕوا بەوە دێنن کە جینۆساید گەر لە کاتی ئاشتیدا یان کاتی جەنگدا ئەنجام درابێت تاوانێکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و پەیمان لەسەر قەدەغەکردن و سزادان لەسەر ئەنجام دانی دەدەن).

**چوارەم/ تاوانەکانی دوژمنکاری**

لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥)ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا باس لە پسپۆڕییەکانی دادگا دەکات و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم تاوانانە دەچنە چوارچێوەی پسپۆڕی دادگاوە، ئەوانیش: (تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دوژمنکاری)ن.

بەڵام دادگا لە ئێستادا ناتوانێت پسپۆڕیی خۆی جێبەجێ بکات بەسەر تاوانەکانی دوژمنکاریدا. ئەو کاتە دادگا دەتوانێ کە پشت دەبەستێ بەو بڕیارەی دوای (٢٠١٧/١/١) دەدرێت. ئەویش بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی ئەندام و، بە پشت بەستن بە پەسەندکردنی (٣٠) سی دەوڵەتی ئەندام بە لایەنی کەمەوە، لەسەر هەمووارکردنی تایبەت بەو تاوانە.[٣١]

هەربۆیە تا ئێستا دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای) پێناسەی تاوانەکانی دوژمنکاریی نەکردووە.

بەڵام بەپێی بڕگەی (١) ماددەی (٦)ی دادگای نێودەوڵەتی سەربازی نۆرمبێرگ و بڕگەی (١)ی ماددەی (٥)ی دادگای نێودەوڵەتیی سەربازی خۆرهەڵاتی دوور (تۆکیۆ). بەم شێوەیەی خوارەوە تاوانەکانی دوژمنکارییان پێناسە کردووەو دابەشیان کردووە بۆ ئەو تاوانانەی خوارەوە، ئەوانیش:

(پــیلان دانــان، ئامــادەکردنی، دەســتپێکردنی جەنگــی دوژمنکــاری، پێشــێلکردنی ڕێککەوتننــامە نێودەوڵەتییەکــان، یــان بەشــداریکردن لە پیلانگێڕییەکی گشتی بۆ ئەنجام دانی ئەم کردارانە).

پـاش ئەوەی کـۆمەڵەی گشـتی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان بە بڕیـاری (٣٣١٤)، پێناســەی تاوانەکـانی دوژمنکـاری کـرد. ئەو تاوانــانە فراوانتـر و جێگیـر کـرا. ئەو بڕیـارە لە کۆبـونەوەیەکی فـراوان و گشـتی ژمارە (٢٣١٩)، لە (١٩٧٤/١٢/١٤) دەرکراو، لە (٨) مادده پێک هاتووە.

لە مــاددەی (١)ی ئەو پێناســەیەدا هــاتووە (دوژمنکــاری بــریتییە لە بەکارهێنـانی هێـزی سـەربازی لەلایەن دەوڵەتـێکەوە دژی سـەروەری و ئـارامی هەرێـم و سـەربەخۆیی سیاسـی دەوڵەتێکـی تـر، یـان بە هەر شێوازێکی تر کە پێچەوانە بێت لەگەڵ دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەم پێناسەیەدا چەسپاوە).

لە مــاددەی (٢)دا دەڵێــت (لە ســەرەتادا بەکارهێنــانی هێــز لەلایەن دەوڵەتــێکەوە کە ناتەبابێــت لەگەڵ دەســتووری نەتەوە یەکگرتووەکــان. کـرداری دوژمنکـاری پێـک دەهێنێـت، هەرچەنـدە لەوانەیە ئەنجـومەنی ئاسایش بیگونجێنێت لەگەڵ دەستوورەکەدا، دەبێتە هۆی بڕیاردان لەسەر کرداری دوژمنکاری کە ئەنجام دراون و هیچ پاساوێکیشی بۆ نیە لەگەڵ بـارودۆخە پەیوەسـتدارەکاندا، لەوانە کـردارە پەیوەسـتدارەکان یـان ئەو ئەنجامانەی کە وەک پێویست نین).

هەروەها لە ماددەی (٣)دا دەڵێت هەریەکێک لەم کردارانەی خوارەوە بە بێ لە بەرچاو گرتنی جەنگ، بابەتێکن بە پێی بڕیارەکانی ماددەی (٢) بە کرداری دوژمنکاری دادەنرێن. ئەوانیش:

* داگیرکردن یان هێرش لە لایەن هێزی سەربازیی دەوڵەتێکەوە لە دژی هەرێمــی دەوڵەتێکــی تــر، یــان هەر داگیرکردنێکــی ســەربازی هەرچەنـدە ئەنجـامی ئەو هێـرش و داگیرکـردنە کـاتی بێـت، یـان هەر بە

پاشــکۆ کردنێــک لە بەکارهێنــانی هێــزی هەرێمــی دەوڵەتێکــی تــر یــان بەشێکی.

* بۆمـب بـارانکردن لە لایەن هێـزی سـەربازیی دەوڵەتـێکەوە لە دژی هەرێمـــی دەوڵەتێکـــی تـــر، یـــان بەکارهێنـــانی هەر چەکێـــک لەلایەن دەوڵەتێکەوە لە دژی هەرێمی دەوڵەتێکی تر.

* ئابڵۆقە خستنە سەر بەندەر یان دەریای دەوڵەتێک لە لایەن هێزی سەربازیی دەوڵەتێکی ترەوە.

* هێرشی هێزی سەربازی دەوڵەتێک لە سـەر ئاسـتی زەمینی، ئاوی، ئاسمانی، یان دەریاوانی و کەشتیگەلی جەنگی بۆ سەر دەوڵەتێکی تر.

* بە کارهێنـــانی هێـــزی ســـەربازی دەوڵەتێــک کە لەنـــاو هەرێمـــی دەوڵەتێکـی تـردایە، بەپێـی پەیمـانی دەوڵەتـی پێشـوازیکەر و وەرگـر، کە یەک نــاگرێتەوەو ناتەبــایە لەگەڵ مەرجەکــانی پەیماننــامەکە، یــان هەر مەودایەک لەکۆتایی هاتنی پەیماننامەکە لە هەرێمەکەدا.

* کردارەکانی دەوڵەتێک لە ڕێگەدانی بەسەرکەشـی، کە دەبێتە هـۆی دەســت کــاریکردنی شــوێنی دەوڵەتێکــی تــر، کە بەکارهــاتووە لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە بۆ تاوانکاری و کرداری دوژمنکاری بەرامبەر دەوڵەتـی سێیەم.

* ناردنی بەکرێ گیـراو، گروپـی ناڕێک و بانـدی سـەربازی بەسـودی دەوڵەتێــک، کە کــردارەکە ئەنجــام درابێــت لەدژی هێــزی ســـەربازیی دەوڵەتێکـی تـر. کە بـایەخی سـەرجەم ئەو کـردارانەیە کە ئاماژەیـان بـۆ کراوە لە سەرەوە.

لە ئەنجامی پێناسەکردنی تاوانەکانی دوژمنکارییش ئەوەمـان بـۆ ڕون بوویەوە، کە ئەم تاوانانە لەگەڵ تاوانەکانی جینۆساید جیاوازن لەیەکدی. تاوانەکانی جینۆساید تەنها دەوڵەتێک ئەنجامی نـادات لە دژی دەوڵەتێکی تـر، بەڵکـو دەکرێـت دەوڵەتێـک لە دژی گروپێـک، یـان گروپێـک لە دژی

گروپێکــی تــر ئەنجــامی بــدات. بەڵام تاوانەکــانی دوژمنکــاری وەک لە پێناسەکەیدا هاتووە زیاتر لە لایەن دەوڵەتێکەوە ئەنجام دەدرێت لە دژی دەوڵەتێکی تـر. بەو کـردارانەی کە لە بـڕگەی (١)ی هەردو مـاددەی (٥-٦)ی دەسـتووری هەردوو دادگـای سـەربازی نێـودەوڵەتی نـۆرمبێرگ و تۆکیۆ دا ئاماژەی بۆ کراوە. یان لە ماددە ئاماژە پێکراوەکانی (١-٢-٣)ی پێناسەی تاوانەکانی دوژمنکاریدا هاتووە.

کەواتە لێـرەدا جیـاوازی نێـوان ئەو تاوانـانەی سـەرەوە بەڕوونـی دەردەکەوێت، ئەوانیش:

* ئەگەر هـاتوو تـاوانەکە جینۆسـاید بـوو، ئەوا دژ بە مرۆڤـایەتی و جەنگیشـــە. چـــونکە لە هەمـــوو تاوانەکانـــدا ڕەگەزی پێشـــێلکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان هـاتوون و مەرجە بۆ هەبوونی تاوانەکان. بەڵام مەرج نییە ئەگەر تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، جەنگ، دوژمنکاری بوو، ئەوا جینۆسایدیش بێت. دەکرێت بەتەنها تـاوانی دوژمنکاری بێت وەک شکاندنی سەروەری دەوڵەت، بەبێ ئەوەی یەک کەسیش بکوژرێت. یـان بە تەنهـا تـاوانی جەنـگ بێـت وەک ڕوخانـدنی نەخۆشـخانەیەکی دەوڵەتی دوژمن بەبێ ئەوەی یەک کەس بکوژرێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پاش ئەوەی تـاوانی جینۆساید، وەک مەترسیدارترین تـاوانی نێودەوڵەتی، لە سـاڵی (١٩٤٨)وە لەلایەن کـــۆمەڵەی گشـــتی (پەڕلەمـــان)ی ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە کـرا بە یاسـا. ئەمـڕۆ لەیاسـای تاوانکـاری و سـزای نێـودەوڵەتی و ناوخۆییەکانـدا گرنگییەکـی زۆری پێـدەدرێت و سـزای سـەختی بۆ ئەنجامدەرانی دانـاوە و ئەنجامدەرانیشـی بە هـیچ شـێوەیەک مافی وەرگرتنی پەنابەری مرۆیی و سیاسییان نییە.

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم**

1) John Cooper, Raphael Lemkin and the struggle for the genocide convention, first published, 2008, Palgrave Macmillan, page (6).
2) http://en.wikipedia.org/wiki/Genocide 7-12-2014.
3) Adam Jones, Genocide a Comprehensive Introduction, First published, published in the Taylor and Francis e- Library, 2006. Page (15-18).

٤) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک- پەرتوکی پێنجەم (کێشەی کورد و ڕێگە چارەی نەتەوەی دیموکراتیک)، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، لاپەڕە (٣٥).

5) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٣١-٣٢).

6) Awara Hussein, genocide and the declaration of an independent Country, first published, Jamal Erfan cultural organization press, 2014, page (16-17).
7) International conference on genocide against the Kurdish people, Aras press, Erbil, 2008, page (47).

8) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤).

9) د.سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چاپخانەی پیرەمێرد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤، لاپەڕە (٩).

10) Adam Jones, former source, page (199 and 208).
11) Micheal N.Dobkowski and Isidor Walliann, the coming age of scarcity, preventing mass death and genocide in the twenty- first century, first edition, 1999, page (220).
12) Awara Hussein, former source, page (17 and 21).

١٣) د.سالار باسیرە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١).

14) Human rights watch, Genocide, war crimes and crimes against humanity, printed in the United Stated of America 2006, Page (145).

١٥) د. آيمن عبدلعزيز محمد سلامه، المسئوليه الدوليه عن ارتكاب جريمه الاباده الجماعيه، التبعه الاولى، (١٤٢٧ هيجرى ٢٠٠٦ ميلادى)، صحيفه (٧٢-٧٥).

١٦) د. حسنين عبيد، الجريمه الدوليه، دار النهضه العربيه، القاهره، ١٩٧٨م، صحيفه (٢٦٤).

١٧) ڤالا فريد ابراهيم، المسئوليه الدوليه الجنائيه عن جريمه الاباده الجماعيه، الطبعه الاولى، ٢٠٠٤م، صحيفه (٤١).

١٨) د.زارى خليل محمود- باسيل يوسف، المحكمه الجنائيه الدوليه الهيمنه القانون القانون الهيمنه، ٢٠٠٣، صحيفه (٢١٢).

١٩) ) د. آيمن عبدلعزيز محمد سلامه، المصدر السابق، صحيفه (٨٣-٨٤)

20) Aristotile kallis, genocide and fascism the elemintations, drive in fascist Europe, first published, by Rutledge, New York, 2009, page (125).

٢١) ) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١٨-١١٩).

٢٢) ڤالا فريد ابراهيم، المصدر السابق، صحيفه (٤٢).

٢٣) ئاوارە حسێن، جینۆسایدو چۆنیەتی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان، گۆڤاری دادگەری، ژمارە (١)، مانگی (١١) ی ساڵی (٢٠١٤).

٢٤) ئاوارە حسێن، تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە (٥١).

٢٥) ئاوارە حسێن، دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و جینۆسایدی کورد، وتار، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٢٠١٤/٦/٢٦.

٢٦) ئاوارە حسێن، چاوپێکەوتن، ڕۆژی جیهانی هۆلۆکۆست، کەناڵی KNN TV، (٢٠١٤/١/٢٧).

27) Robert Cryer_Haman friman_Darryl Robinson, Elizabeth Wilmshurst, an introduction to international criminal law and procedure, second edition, 2010, Cambridge University Press, Page (206).

٢٨) دادگای نێودەوڵەتیی سەربازیی نۆرمبێرگ، لە (١٩٤٥/٨/٨) دامەزراوە بۆ دادگاییکردنی سەرکردە سیاسی و سەربازییە تاوانکارەکانی ڕژێمی نازی. ئەو دادگایە ئامانجی دادگاییکردنی (٢٣) داواکراو بوو، لە ناو ئەوانەدا (٣) سێ تۆمەتبار ئازاد کران، (١٠) دە تاوانکار لە سێدارە دران، (٣) سێ تاوانکار بە زیندانی

هەمیشـەیی سـزا دران، (٤) چـوار تاوانکار بە زیندانیکردن بۆ مـاوەیەکی درێژ سـزا دران و هەریەک لە ئەدۆڵـۆف هیـتلەر و هێنـرِیچ هـیملەر و جۆزیـف گـۆبلز خۆیـان کوشـت بە چەنـد مانگێک پێش ئەوەی دادگا تاوانبارکردنیـان واژو بکات. هەروەهـا دەسـتووری ئەو دادگـایە لە (٣٠) مـاددە پێـک هـاتبوو. لە (١٩٤٦/١٠/١) کۆتـایی بە کارەکانی هێنا.

٢٩) دادگای نێودەوڵەتیی سـەربازیی خـۆرهەڵاتی دوور (تۆکیـۆ)، لە (١٩٤٦/٤/٢٩) دامەزراوە بـۆ دادگـاییکردنی سـەرکردەکانی ئیمپراتـۆریەتی ژاپـۆن. بـۆ سـێ جـۆری تاوانەکانی جەنگ. ئەوانیش: جۆری یەکەم/ ئەوانەی بەشدارییان کردبوو لە پیلانـدان و دەسـتپێکردن و هەڵگیرسـاندنی جەنـگ. جـۆری دووەم/ ئەوانەی تاوانەکـانی دژ بە مرۆڤایەتییـان ئەنجـام دابـوو. جـۆری سـێیەم/ ئەوانەی کە بە شـدار بـوون لە پـیلان نانەوەو فەرمان دەرکـردن و دەسـەڵات پێدان، یـان شکسـت هێنـان لە رِێگریکـردن لە سنوور دەرچوون لە بەرزترین ئاستی بنەمـای دەسـەڵاتدا. لە قۆنـاغی یەکەمـدا: (٢٨) بیسـت و هەشـت سـەرکردەی سیاسـی و سـەربازیی ژاپـۆنی تۆمەتبـار کـران. لە قۆناغی دووەمدا: (٥٧٠٠) پێنج هەزار و حەوت سەد هاوڵاتی ژاپۆنی تۆمەتبار کران. لە قۆناغی سێیەمدا: زۆربەیـان زیندانی کران. لە ئەنجامـدا (٥٠٤) پێنج سـەدو چـوار تۆمەتباریان برِیـاری تاوانبـار کردنیـان بەسـەردا سـەپێنرا و (١٤٩) سـەدو چل و نـۆ تاوانکاریـــان لە ســـێدارە دران. ئەو دادگـــایە لە (١٧) مـــاددە پێـــک هـــاتبوو. لە (١٩٤٨/١١/١٢) کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

30) Statute of the International criminal court, article (8).
31) Understanding the International Criminal Court, page (14).

# بەشی دووەم

# ڕاستینەی کوردان و جینۆسایدەکەی لە باکوور و خۆرهەڵات و خۆرئاواو باشووری کوردستان

**باسی یەکەم/ ڕاستینەی کوردان و ساغکردنەوەی میژووی شێوێنراو و نادادوەری یاسایی**

## یەکەم/ کوردستان وەک دووەمین لانکەی لە دایک بوونی مرۆڤایەتی

گەر هیندستان یەکەمین لانکەی لەدایک بوونی مرۆڤایەتی بێت، ئەوا کوردستان دووەمین لانکەی لە دایک بوون و نیشتەجێبوون و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە.

کە (ئادەم و حەوا)، لە ئاسمانەوە دابەزێنرانە سەرزەوی. لە سەر شاخی (بوز) لە هیندستان دابەزین.[١] دوای ئادەم چەندین پێغەمبەری تر هاتن هەتا سەرە گەیشتە پێغەمبەر (نوح)، خوایان لێ ڕازی بێت. خەڵکی زۆر بووبوو، هەمووی لە بت پەرستییەکی سەختدا دەژیان.[٢]

نوح لە کیشوەری هیندستاندا زۆر دوور نەکەوتبووەوە (٦٠٠) شەش سەد ساڵ ژیانی بەبانگی خەڵکییەوە لەو ناوچانەدا بەخت کرد، بۆ لای خوای تاک و تەنهاو وازهێنان لەدارو بەرد پەرستن. بەڵام چونکە خەڵکی سەرەتا بوون، ئەو زەینەیان بۆ دروست نەبووبوو لە نوح تێبگەن. نوح زۆر ماندوو بوو تەنانەت بێئومێد بوو. داوای لەخوا کرد لەناویان بەرێت. خوای گەورەش بەهانایەوە هات و داواکاریەکەی جێبەجێکرد، داوای لێکرد کە کەشتییەک دروست بکات. هەموو بڕوا دارەکان کە زۆر کەم بوون لەگەڵ هەموو جوتێک نێرو مێیەک سوار بکات. هەموو شت جێبەجێ بوو، لەئاسمانەوە ئاو بەلێزمە دەهاتە خوارەوە، لەزەوییەوە کانیاوە نوێ و کۆنەکان تەقین و ڕوبارو دەریاکان هەڵچوون. تۆفانەکە هەموو زەوی و لوتکەکانیشی داپۆشی، جگە لە ئەوانەی ناو کەشتیەکە

گیانداریک لەسەر زەویدا نەما مەگەر یەکێک خوا خۆی پاراستبێتی. هەموو بێبڕواکان بە کوڕەکەی نوحیشەوە لەناوچوون.[٣]

نوح داوایەکی تری لە خوای گەورە کرد (وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ). سورة المؤمنون، آية (٢٩).
(And say, 'My Lord, let me land at a blessed landing place, and You are the best to accommodate).

واتە (وە بڵێ ئەی پەروەردگارم دامبەزێنە لە کەشتییەکە لە جێگایەکی پیرۆز و بەپیتدا، وە خۆت ئەی خوایە باشترینی دابەزێنەرانی).

خوای گەورەش بەدەم هاوارەکەیەوە هات و فەرمانی بەزەوی کرد کە ئاوەکەی هەڵمژێ و ئاسمانیش باران نەبارێنێ.
(وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ ۖ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ). سورة هود، آية (٤٤).
(And it was said, "O earth, swallow your water, and O sky, withhold [your rain]." And the water subsided, and the matter was accomplished, and the ship came to rest on the [mountain of] Judiyy. And it was said, "Away with the wrongdoing people).

واتە (ئەوجا وترا، ئەی زەوی ئاوەکەت هەڵمژە، و ئەی ئاسمان باران مەبارێنە، ئیتر لافاوەکە ڕۆچوو بە ناخی زەویدا و کاری خنکاندنەکە ئەنجام درا و و کەشتییەکە بەسەر شاخی جودییەوە وەستاو وترا دوور لە بەزەیی خوا بۆ گەلی ستەمکاران).

جودی شاخێکە لە باکوری کوردستان و کەشتییەکەی نوح لەوێ نیشتەوەو لەنگەری گرت. کەواتە ئەگەر هیندستان یەکەمین لانکەی

مرۆڤـایەتی بێـت، ئەوا کوردسـتان دووەمـین لانـکەی لەدایـک بـوون و نیشتەجێ بوون و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە. ئەو کوردستانەی دووەمین لانکەی لەدایک بوونی مرۆڤایەتییە. ئەمڕۆ ستەمکاران نەک کردوویانە بە گۆڕستانەکەی بەڵکو بووە بە لانکەی تاقیکردنەوەی قوڵترین جینۆسایدی نەتەوە ڕەسـەنەکەی کە کـوردە. کوردسـتان یەکەمـین مـافی پەنـابەری دەبەخشـێت بەو پەیـامبەرەی کەنازانێـت پەنـا بـۆ کـوێ ببـات لە دوای لافـاوەکە. هەر بـۆیە لە خـودا دەپاڕێتەوەو هـاوار دەکـات ئەی خـوایە لە شـوێنێکی پیـرۆزو بە پیتدا دامبەزێنە. خـوای گەورەش تکـاو هـاوارەکەی پەسەند دەکات و لە پیرۆزترین شوێن دایدەبەزێنێت کە کوردستانە. واتە بەلای خـــوای گەورەوە پیرۆزتـــرین شـــوێن کوردســـتان بـــووە. ئەو کوردسـتانەی چەنـدین سـەدە لەپـێش لەدایـک بـوونی پێغەمـبەر عیسـاوە (ڕ.خ)، دەبێـتە یەکەمـین پەنـاگە بـۆ بـاوکی مرۆڤـایەتی. لەدوای ڕوخانـدنی دەوڵەتـی مـادی کـوردی بە شـێوازێکی بەکرێگیراوێتـی و (٢١) بیسـت و یەک سـەدە لەدوای لەدایـک بـوونی پێغەمـبەر عیسـا، مـافی پەنـابەرێتی لەسەر خاکی خۆشی پێنادرێت جینۆساید دەکرێت.

نـوح سـێ کـوڕی هەبـووە بە ناوەکـانی (سـام و یـافس و حـام). وە هەریەک لەو سـیانە سـیانیان لێکەوتـووەتەوە. ئەو سـێ کـوڕەی نـوح لە کەشتییەکەدا لە گەڵی بوون و لە خـاکی کوردسـتان گەورە بوون. کەواتە ئەو خەڵـــکەی کە ئەمـــڕۆ لەســـەر زەوی دەژیـــن، ئەو گەل و خێـــڵ و دەوڵەتانەی، بەڕەنگ و زمـان و نـاوی جیـاواز. لەسـەر زەوی بڵاون... لە خاکی کوردانەوە بڵاوەیان کردووە.[٤]

## دووەم/ ڕاستینەو ڕیشەی کورد و کوردستان

کوردسـتان بەهـۆی هەڵـکەوتە جـوگرافییەکەی و کەلتـوری دانەوێڵە و مـاڵیکردنی ئاژەڵ بۆ یەکەمـین جـار لەجیهانـدا بـۆتە بێشـکەی سـەردەمی

نیۆلیتیک. ئەو گۆڕەپانەیە کە شۆڕشی کشتوکاڵی و گوندیی تێدا ئەنجام درا. لەڕێگای پاشماوەکانی شوێنەوار و شوێنەوار ناسییەوە سەلمێنراوە کە خاوەنی کەلتورێکی جێگیرە.[5] بەشێوەیەکی مێژوویی لەکوردە یەکەمینەکانەوە تا دەگاتە کوردانی هاوچەرخ بەردەوام ڕاستینەی نیشتیمانی دایک بۆ کوردان لە ئارادا بووە. دەستەواژەکانی کورتیا (کوردیا) لای سۆمەرییەکان، کوردیوانا (نیشتیمانی کوردان) لای لوبییەکان و کاردۆکیا (کاردۆخیا) لای هێلینیەکان. هەمان ڕەگیان هەیەو بەپێی بەسەرچوونی کات و سەردەم گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. لەسەردەمی دەسەلاتی سوڵتانە سەلجوقییەکان لە ئێران سەدەی (١١) یانزەی زاینی بەدواوە بەشێوەیەکی فەرمی وەک کوردستان دوا شێوەی خۆی وەرگرتووە. لەسەردەمی سوڵتانی عوسمانیشدا لەسەدان فەرماندا (فەرمانەکانی سوڵتان) بەردەوام دەستەواژەی کوردستان بەکارهاتووە.[6] کوردستان زاراوەیەکی جوگرافییە کە بۆ یەکەمین جار سوڵتان سەنجەری سەلجوقی لەساڵی (١١٥٠) ی زاینی وەک ناوی یەکێک لە ویلایەتەکانی سنووری دەسەلاتی بەکاریهێنا. پایتەختی ئەو ویلایەتەش قەڵای بەهار بووە. دواتر گەڕیدەی بەناوبانگی ئیتالی (مارکۆپۆلۆ/ ١٢٥٤- ١٣٢٣)ی زاینی، یەکەم کەس بووە کە ناوی (کاردستان) ی بۆ ناوی وڵاتی کوردان بەکارهێناوە. ئەوەش لەو سەردانەیدا کە ساڵی (١٢٧١) ی زاینی هەستاوە و تیایدا بەکوردستاندا تێپەڕی.[7]

مێژوونوسی بەناوبانگی ئیسلامیش (حەمدوڵڵای موستەوفی قەزوینی) لە کتێبەکەیدا باخچەی دڵان (نزهـة القلـوب) و لە دەوروبەری ساڵی (١٣٤٠) ی زاینی، زاراوەی (کوردستان)ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێنا، کە بۆ شانزە ویلایەت دابەشیکردووە و ویلایەتەکانیش ئەمانە بوون (هەمەدان، ئورمییە، قەرەمسین، شاری کورد، ئیلام، شارەزوور، ئامێدی، موسڵ، جەزیرە، حەلەب، نوسەیبین، ئامەد، ئورفە، میافارقین، ئەرزەڕۆم،

بەتلیس). پایتەختەکەشی بە قەلاَی (بەهار)ی باکوری خۆرئاوای شاری هەمەدان دانا.[٨]

لە تەواوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا کوردان وەکو گەلێکی بەرهەمهێنەر و بەدیهێنەرو بەجموجوڵ، هەبوونی خۆیان نیشانداوە. بەجموجوڵترین گەلی سەردەمی نیۆلیتیک (چاخی بەردینی نوێ) کوردەکانن. ئەو گەلەیە کە گەورەترین شۆڕشی لەسەر بنەمای کشتوکاڵ ئاژەڵداری ئەنجامدا. کوردەکان خاوەنی شەرەفی ناسنامەی ئەو گەلە ڕەگەزییەن کە بۆ یەکەمین جار لەمیانەی وشیاریی خێڵەکی و تامەزرۆیی ئازادی بەرامبەر بەکۆیلەداری و داگیرکاریی سۆمەرییەکان بەرخۆدانیان کرد. ئەو گەلەیە کە یەکەمین ئالاَی ئازادیی مرۆڤایەتیی بەرامبەر کۆیلایەتی بەرزکردەوە. بەدرێژایی چەرخەکانی سەرەتا بەرخۆدانی ئازادی کوردان کە لەسەر بنەمای ڕەگەزی بوو، بۆ گەلان بووە بە چاوگی سروش بەخشی. دیسان کوردان نوێنەرایەتی هێزی سەرەکیی ئەو گەلە دەکەن کە لە مێژووی ڕۆژهەلاَتی ناویندا، لە هەموان زیاتر بەرامبەر دەوڵەتی کۆیلەداری بەرخۆدانی کرد، تەسلیم نەبوو، بەرامبەر بە شارستانێتی کۆیلەداری ژیانی ئازادی سەر لوتکەی چیاکانی هەڵبژارد.[٩]

### سێیەم/ دەوڵەتی ماد

مادەکان (میدیاییەکان) خاوەنی ناسنامەی یەکەمی باپیرە ناسراوەکانی مێژووی نوسراوی نەتەوەی کوردن. دەوڵەتی ماد- یش یەکێکە لە گەورەترین دەوڵەتەکانی کورد (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ پێش لەدایک بوونی پێغەمبەر عیسا (س. خ)، دامەزراوە. واتە ساڵی (١) کوردی.[١٠] و لە ماوەی نێوان ساڵانی (٧٠٠- ٥٥٠) پێش زاین، فەرمانڕەوایی کردووە.[١١] (هێرۆدۆت) کە لەلایەن (شیشرۆن)ەوە نازناوی باوکی مێژووی پێدراوە.

(دیـاكۆ) به دامەزرێـنەری ئەو دەوڵەتە دادەنێـت.[١٢] كاتێـك دیـاكۆ سـاڵی (٧٠٠) پێش زاین، وەكو پادشای ماددەكان دەستنیشـان كراوە. ماددەكـان لەســـەر شـــاخ و شـــوێنە بەرزەكانـــدا ئاگریـــان كـــردووەتەوە بـــۆ ئاگـــاداركردنەوەی ســـەرۆک هـــۆز و دانیشـــتوانی گونـــد و ئاواییەكـــان، بەڕێكەوت ئەو ڕۆژە هاوكات بووە لەگەڵ یەكەم رۆژی بەهـار، كە ئێستا بووە بە سـەری سـاڵی كوردی و مێژووەكەی (٧٠٠) حەوت سـەد سـاڵ پێش سـاڵی زاینییە.[١٣] لەمـاوەی (١٥٠) سـەدو پەنجا سـاڵ فەرمـانڕەوایی ئەو دەوڵەتەدا چوار كەس فەرمانڕەواییان كردووە (دیاكۆ) یەكەم پاشـای دەوڵەتـی مـاد بـووە. پـاش ئەو كـوڕەكەی (فـراورتیس)، دوای ئەویـش كوڕەكەی فراورتیس (كەیخەسرەو) كە هیگباتانا هەمەدانی ئێستای كـردە پایتەختی دەوڵەتەكەی.

یەكێک لەو ئیمپراتۆریەتانەی كە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ماددەكاندا ســـتەمكاری قـــوڵی ئەنجـــام داوە، ئیمپراتـــۆریەتی ئاشـــووری بـــووە. پایتەختەكەیان نەینەوا (موسڵ) ی ئێستا بووە. مێژوو ئەو ئیمپراتۆریەتە تاوانبار دەكات بە ئەنجامدانی چەندین جینۆسایدی قوڵ. سێیەم پادشـای مادەكان كەیخەسرەو  لەگەڵ بابلیەكان هاوپەیمانییەک دروست دەكەن و هێـــرش دەكەنە ســـەر ئاشـــوورییەكان و لە ســـاڵی (٦١٢) پـــێش زایـــن، دەوڵەتەكەیان دەڕوخێنن.

دوای ئەو ڕوداوەش دوایەمین پادشای ئاشووری (ئاشـور ئۆبڵەت) لە سـاڵی (٦١٠) پـێش زایـن، كـوژرا. بەو شـێوەیەش دەوڵەتـی ئاشـووری كۆتایی بە دەسەڵاتی هات.[١٤]

(نەوشـیروان موسـتەفا ئەمـین)، لە كتێبـی یەكەمـی (بەدەم ڕێگـاوە گـــوڵچنین)دا. ســـاڵی كـــوردی ڕەت دەكـــاتەوە و (ئاشـــوورییەكان) بە ئیمپراتۆریەتێكی خاوەن شارستان و (ماددەكـان و بابلیەكـان)یش  بەدوو تیرەو هـۆزی دڕنـدەو دواكەوتووی نـاوچە شـاخاویەكان ناودەبـات. ئەو

هەڵەو چەواشەکارییەی کە نەوشیروان موستەفا لە کتێبەکەیدا بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆی  و مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و مرۆڤایەتی بەڕێوەی دەبات، دەگمەن بینراوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەبێ سەرچاوە دایڕشتووە. هەروەها قوڵترین ڕاژەی بەو تاوانبارانەی کورد کردووە کە لە قوڵایی مێژووەوە تا ئەمڕۆ کوردستانیان دابەش و داگیر و جینۆساید کردووەو دەیکەن. تێنەگەشتم چۆن ئەو مافەی بەخۆی بەخشی کە نەتەوەکەی خۆی بەتیرەو هۆزێکی دڕندە، دواکەوتوو و شاخاوی ناو ببات.

بەباوەڕێکی قوڵەوە دەیڵێم گەر مێژوو نووسانی کورد بە ئەرکەکەیان هەستابان و وەڵامێکی ڕاستەقینەیان بدایەتەوە، ئەوا من لێرەدا ئەو هەڵەو چەواشەکارییەم ڕاست نەدەکردەوەو نەوشیروان موستەفام بە ناڕاست و هەڵە لەو مێژووەدا ناو نەدەبرد.

پەرتوکی یەکەمی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین)، لە بەهاری (٢٠١٢) بڵاو کرایەوە، ئەو کات لە قۆناغی یەکەمی ماستەرەکەم دەمخوێند لە هیندستان، لەڕێگای ماڵپەڕە کوردییەکانەوە بە مانشێتێک ئەو هەواڵە بڵاوکرایەوە کە (نەوشیروان موستەفا ساڵی کوردی ڕەت دەکاتەوە). هەر ئەو کات وەڵامێکی کورتم نوسی و سەلماندم ئەو ئاماژەیە لە کتێبەکەیدا هەڵەو چەواشەکارییە.

لە میانەی زانستەوە توانستی بەهێزی ڕۆشنگەری پێک هاتووە. ئەوەی ناتەواوە ئاراستە کردنیەتی بۆ مێژوو و ڕاستی. لە میانەی هزری زانستیەوە مێژوو بە ڕوونکردنەوەیەکی دەوڵەمەند دەگات. شیکردنەوە سەبارەت بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، ئان و سات ڕێگا لە پێش زیندووبوونەوە دەکاتەوە. تەنانەت شیکردنەوەی یەکێک لە مرۆڤەکانمان بەسە بۆ ئەوەی لە جیهان تێبگەین. لە شوێنێکدا چەندە کەوتن ڕوویدابێت، کەواتە هێندەش دەرفەتی مەزنبوون هەیە. چەندە تاریکای

قووڵ ببێتەوە، واتا ڕوناکییش هێندە نزیکە . پێویستە هەرگیز نەبین بە پاسەوانی هزرێکی وشک و ئایدۆلۆژیایەکی نەفرەتلێکراو. مەزنترین دەوڵەمەندێتی خاکی کوردان لە قوڵایی مێژوودا مرۆڤ پەروەرییەکەیەتی، نەک دڕندە بوون، پێویستە کوردستان هەڵبسێنینەوە سەر پێیان. کوردستان لە قوڵایی مێژووەوە تا ئەمڕۆ پەناگە بووە بۆ پەناهێنەران و دەستی بەزەی و سۆزی بەسەردا هێناون. نەک دەستی زۆرداری و بە بنەماگرتنی دۆخی دڕندەیی. کوردستان پیرۆزترین خاکی سەر ئەستێرەی زەوییە. ئەمە بەوتەی ئێمە نا، بەڵکو خوای گەورە بە پیرزۆترین خاکی داناوە. ئەوە سەرفرازییەکی گەوهەرییە بۆ کوردان کە خوای تاقانە و باڵا بەو شێوەیە ڕێزی لێناوە.

لێرەدا هەڵەو چەواشەکارییەکەی نەوشیروان موستەفا وەک خۆی دادەنێینەوەو پاشتریش هەڵەکەی ڕاست دەکەینەوە.

نەوشیروان موستەفا لە کتێبە ئاماژە پێکراوەکەیدا نووسیویەتی (لە کوردستانی عێراق لە بەرامبەر ساڵی زاینیدا ئێستا بە شانازیەوە ساڵێک ئەنووسن، لە ساڵی هیچ گەلێکی ئەم دنیایە ناچێ، گوایە ئەوە ساڵی کوردیە. لە کاتێکدا ئەگەر یەکێ بەوردی بچێتە بنج و بناوانی مێژووی ئەو ساڵە نەک ناکرێ ئەوە بکرێتە ساڵی لە دایک بوونی کورد، بگرە ئەبوو مێژوو نوسانی کورد خۆیان نەکردایە بە خاوەنی. چونکە ئەوە ساڵێکە وەکو مێژووی ناوچەکە ئەیگێڕێتەوە. لەو ساڵەدا چەند تیرەو هۆزی دڕندەو دواکەوتوی ناوچە شاخاویەکان هێرشیان کردووەتە سەر نەینەوای پایەتەختی ئیمپراتۆری ئاشووری و یەکێ لە پێشکەوتووترین شارستانێتیەکانی ئەو سەردەمەیان بەجۆرێ وێران کردووە کە ئیتر هەڵنەساوەتەوە).[١٥]

لە سەرەتادا نەتەوەی کورد ئەو ساڵەی نەکردووە بە ساڵی لەدایکبوونی خۆی، چونکە وەک ئاماژەمان بۆ کردووە دەوڵەتی ئاشوری

لە ساڵی (٦١٢)ی پێش زاین دەڕوخێندرێت. وە کوردیش ماوەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی لەلایەن ماددەکانەوە کردووە بە ساڵی لەدایک بوونی خۆی کە ئەو ساڵەش ساڵی (٧٠٠)ی پێش زاینە. نەک ساڵی (٦١٢)ی پێش زاین. گەر وابێت وەک نەوشیروان موستەفا دەڵێت کە کورد ساڵی وێرانکردنی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریی کردووە بە ساڵی لەدایک بوونی خۆی، ئەوا دەبوو ئێستا ساڵی کوردی تا ساڵی (٢٠١٢) کە ساڵی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیەتی، دەبوو (٢٦٢٤) بوایە نەک (٢٧١٢). چونکە گەر ئەو ساڵانە کۆبکەیتەوە (٦١٢+ ٢٠١٢= ٢٦٢٤)، نەک (٢٧١٢). بەهاری (٢٠١٢)ی زاینی بەرامبەرە بە (٢٧١٢)ی کوردی. وەک چۆن ساڵی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەی کە دەیخوێنیتەوە (٢٠١٦)ی زاینییە و بەرامبەرە بە (٢٧١٦)ی کوردی.

هەروەها ماددەکان ئەو تیرەو هۆزە دڕندە و دواکەوتوو و شاخاوییە، نەبوون کە نەوشیروان موستەفا ناویان دەبات. بەڵکو ماددەکان نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی و پێشکەوتووی قۆناغی خۆیان بوون. تەنانەت نەتەوەکانی تری قۆناغەکەی وەک شاگردێک لە ماددەکانەوە فێری کەلتورو شارستانییەت بوون.

ماددەکان (میدیاییەکان) خاوەنی ناسنامەی یەکەمی باپیرە ناسراوەکانی مێژووی نوسراوی نەتەوەی کوردن. ناسنامەی پارس-یش سەبارەت بەبوونی خۆی لە بنەڕەتدا قەرزاری ماددەکانە. لە مێژووی هێرۆدۆتدا ماددەکان وەک پێشکەوتوترین نەتەوەی قۆناغی خۆی هەڵدەسەنگێنرێت. پارس و گریکەکانیش لە پێگەی ئەو شاگردانەدان کە لەماددەکانەوە فێری کەلتور دەبن. ماددەکان بەلانی کەم هێندەی سۆمەریەکان ڕۆڵیان لە قۆناغ بڕین و قەڵەمبازی سیستەمی شارستانی ناوەندیدا هەبووە. کەلتوری میدیایە کە بناغەی

شارستانیەکانی پارس، ئیجە، هیلین و ڕۆمای داناوە و دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون.[16]

یۆنانییەکان و بەتایبەتی هیرۆدۆت بەشێکی زۆری مێژووەکەی بۆ مادەکان تەرخان دەکات (باس لە یۆنانی کۆن دەکەین، نەک گاڵتەجارییەکەی مۆدێرنیتە). مەزەندە دەکەم تەواوی ئەوانەی لە سەرچاوەی کەلتوری هۆرییەوە دێن بە مادەکان ناودەبات، ڕێز لە گەورەییەکەی دەگرێت. پارسەکان لە ڕیزی دووەم دادەنێت. کاتێک دەڵێت مۆرکی کەلتوری ناوچەکە هی ڕەسەنی مادەکانە هەروەکو بڵێی ڕاستی بینیوە.[17] دەوڵەتی ماد، دەوڵەتێکی داد و بەڕێز و پایەدار بووە، کە دەسەڵاتی بەسەر شام و تورکیا و ئێران و ئەرمینیا و ئەفغانستانی ئێستادا هەبووە. پیاوەکانی لە ژیرترین و سیاسەتمەدارترین پیاوانی کاتی خۆی بوون.[18]

هەرچی سەبارەت بە ئاشووریەکانە کە نەوشیروان موستەفا بە ئیمپراتۆریەتێکی پێشکەوتووی شارستاني ناوی دەبات. ئەوا مێژوو پێچەوانەکەی ناساندووە. مێژوو ئەوە دەگێڕێتەوە کە ناتوانرێ ڕۆڵی پادشا ئاشووریەکان لە باڵا دەست بوونی هزری کۆیلایەتی لەهزر و کردەوەی مرۆڤ لەبیر بکرێت و بچوکبکرێتەوە، لەپێشکەوتن و بەدەزگابوونی بازرگانییشدا ڕۆڵێکی دیاریکراویان هەیە. لە کاروانێکی نزیکەی هەزارساڵی شارستانیی کۆیلەداریتی لەگەڵ بابلیەکانەوە پێشەنگایەتییان جێگای باسە.

ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لەبازرگانیکردن بە کەرەستەی خاو و مادە هەڵگیراوەکان بوو بوو بە پسپۆڕ. داخوازیەکانی بەدەستەوەگرتن و پاراستنی سەرچاوەکانی قازانج، ڕێگای لەپێش ئەوە کردەوە لەپێناو دەسەڵاتدا دوودڵی لەپیشاندانی دڕندانەترین دیمەن نەکەن. ئاشووریەکان بەسەرفرازییەوە دەیانگێڕایەوە کە چۆن قەڵاو شورایان لە کەلە سەری

مـــرۆڤ دروســـت كـــردووه.[19] دەگێـــڕنەوە كە ئیمپراتـــۆریەتی ئاشـــوور ســـتەمكار و دڵڕەقتـــرین هێـــز بـــووە كە مێـــژوو ناســـیویەتی. وەكـــو گەل ئاشـــووریەكانیش هـــیچ جیاوازییەكیـــان لەگەڵ گەلانـــی دیـــكەدا نیـــیە. بەڵام پشـــت بەســـتنی هەژمـــوونگەراییەكەی بە پـــاوانی بازرگـــانییەوە بـــۆ بەدەستهێنانی قازانج توندوتیژی دەكاتە ناچارییەک. توندوتیژیی ئاشـوور و ســـوربوونی قـــازانج كە بنـــاغەكەی پێـــک دەهێنێـــت، برینـــی گەورەیـــان لەویژدانـــی مرۆڤـــدا كـــردۆتەوە. تەنیـــا بەڕێخۆشـــكردن بـــۆ تەنـــگەژە نەوەستاوە. بەڵكو بۆتە هۆكارێک كە ئاشـووریيەكان بكەونە دۆخێكەوە وەک هێـزی سیاسـی- سـەربازی و گەل- كۆمەڵگـا جـارێكی تـر نەتـوانن پشتی خۆیان ڕاست بكەنەوە.[20]

هێـــرۆدۆت نوســـیویەتی ماددەكـــان پـــێش دروســـتكردنی دەوڵەت، بە شـێوەیەكی پچڕپچـڕ، مـاوەی (٥٠٠) پێـنج سـەد سـاڵ، واتە نیـوەی یەک هەزارە، لەژێـر دەســـەڵاتی دەوڵەتـی ئاشـوریەكاندا بـوون. بەبۆچـوونی هێـرۆدۆت، ئەو نەتەوەی كە لەپـێش نەتەوەكـانی تـر لەكـۆت و زنجیـری ئاشوورییەكان ڕزگاری بووە، ماددەكان بوون. هەروەهـا ئاشـووریەكان لەســـەردەمی فەرمانڕەواییانـــدا چەنـــدین دەوڵەت و شارســـتانییان لە ناوچەكـانی دەوروبەری خۆیانـدا لەنـاوبردووە. لەوانە شارسـتانییەتی: (لۆلۆییەكـــان، میتانییەكـــان، ئیلامییەكـــان). ئاشـــووریەكان بەدڕنـــدەیی و خـــوێنڕێژی دەناســـرێنەوە لە مێـــژوودا. كە لەهێرشـــەكانیاندا چەنـــدین سـەركردەو پادشـای دوژمنەكانیـان بەزینـدویی پێسـتكەند كـردووە، یـان نینۆک و چاویان دەرهێناون و گوێ و لوتیـان بڕیـون. یـاخود بەزینـدویی و بە بەرچـاوی خۆیـانەوە كـوڕ و كچـی دوژمنەكانیـان خسـتونەتە نـاو ئاگرەوە.[21]

کەواتە لێرەدا خوێنەری بە ئاگاو ڕاستەقینە، تێدەگات و بۆی دەردەکەوێت کە ئاشووریەکان ستەمکارن، یان ماددەکان، کامیان چێژیان وەرگرتووە لە دروستکردنی قەڵاو شورا لە کەلە سەری مرۆڤ، خوێنەری بەویژدان لەوە تێدەگات کە ئاشوورییەکان خاوەنی لوتکەی شارستانیی کۆیلەداری بوون و ماددەکانیش خاوەنی لوتکەی شارستانیی دیموکراسی. ئایا ڕێی تێدەچێت خاکێک یەکەمین مافی پەنابەری بدات و بە سنگ و دڵێکی فراوانەوە باوەش بۆ پەناهەندەیەکی وەک پێغەمبەر نوح (س. خ) بکاتەوە لە دوای تۆفانە بێوێنەکەیەوە، نەوەیەک بەرهەمبهێنێت کە دڕندە بێت.

ماددەکان دوای ئەوەی بۆ ماوەی (١٥٠) سەدو پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایی دەکەن. دواین فەرمانڕەواییان کوڕەکەی کەیخەسرەوە بەناوی (ئەستیاک)، ئەم پادشایەی ماد نەیتوانی وەک باوک و باپیرانی بە باشی فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەی بکات و سەرگەرم بوونی بە ڕابواردن و چێژە دونیاییەکانەوە لە بەڕێوەبردنێکی چالاکانە دووری خستووەتەوە. لە میانی گەمەیەکی کورت خایەنی کۆشک خستویانەتە دەست خانەدانی هاخەمەنشینی فارس. لە ئاکامی ڕێککەوتنێکی کوڕە فارسێکی دایک میدی بەناوی (کۆرش)ەوە لەگەڵ فەرماندەی سەربازی کۆشک (هێرباکۆس) لە میانی کودەتایەکی پڕ لەئێشی کۆشک دوا پادشای بەساڵاچوو ئەستیاک لە دەسەڵات خراوە.[٢٢] لە مێژووی هێرۆدۆتەوە دەزانین ئەستیاک لەبەرامبەر ئەو ناپاکییە وتوویەتی (ئەی هیچ و پووچ ئەوا پاشایەتیی منت ڕوخاند، ئەی بۆچی خۆت یان میدیایەکی ترت نەکرد بە پادشا، لە جیاتی ئەوە بەکرێگیراوێتیتان بۆ پارسە نارەسەنەکان هەڵبژارد).[٢٣] ئەوەبوو بەهۆی ئەو ناپاکیی و بەکرێگیراوێتییەوە دەوڵەتی ماد لەلایەن پارسەکانەوە دەڕوخێندرێت و لەجێگەی دەوڵەتی ئەخمینی فارسی دادەمەزرێنرێت.

**چوارەم/ نەورۆز**

کورد نەتەوەیەکی ئاری نەژادە. وشەی ئاری بەچەند بۆچونێکی جیاواز لێکدراوەتەوە، وەک (ڕەسەن، خانەدان، یان میوان دۆست و ئازاد). ئارییەکان لە وەچەی (یافسی کوڕی نوح) پەیامبەرن.[٢٤]

نەورۆز جەژنێکی کۆنی کورد و چەندین نەتەوەی تری ناوچەکەیە. هەموو ساڵێک لە (٣/٢٠)دا ئاگر و یادی مەزنیی نەورۆز دەکرێتەوە. ڕێکخراوی یونسکۆ لە (٢٠٠٩/٩/٣٠)وە، جەژنی نەورۆزی خستۆتە لیستی کەلەپووریی کەلتوری نمونەیی جیهانییەوە و وەک ڕۆژێکی جیهانی ناسیویەتی و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. هەروەها کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە (٢٠١٠/٢/٢٣)دا.[٢٥] بەبڕیاری (٢٥٣/٦٤) لەسەر پێشنیاری چەند دەوڵەتێک لەوانەش (ئەفغانستان، ئەلبانیا، ئازەربایجان، یوگۆسلاڤیای پێشوو، کۆماری مەکدۆنیا، هیندستان، ئێران، کازاخستان، کیرگیزستان، تاجیکستان، تورکیا و تورکمانستان).[٢٦] نەورۆزی وەک ڕۆژێکی نێودەوڵەتی بەفەرمی ناساندووەو ڕۆژی (٣/٢١)ی هەموو ساڵێکی بەڕۆژی نەورۆزی نێودەوڵەتی پێناسە کردووە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داواشی لە دەوڵەتانی ئەندام و ڕێکخراوی یونسکۆ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی تر کە ئەو ڕۆژە جێگەی بایەخیانە کردووە، یادی نەورۆز بکەنەوە و بەو بۆنەیەوە ئاهەنگی خۆشی بگێڕن.

ئەوەی جێگەی ڕەخنەیەکی قووڵە لە هەردوو بڕیارەکەی یونسکۆ و نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەهیچ شێوەیەک ناوی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی دێرین و ڕەسەنی ئاری نەژاد و گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندیداری ڕاستەوخۆ بە نەورۆزەوە نەهاتووە. ئەوەش بە یەکێک لە قووڵترین ستەمەکان لە نەتەوەی کورد و کەلتورە ڕەسەنەکەی دادەنرێت و ئەو یاسایە کە نەتەوەی کوردی بێبەش کردووە لە جەژنی نەورۆز یاسایەکی نادادوەرو چەواشەکار و ناڕاستە،

و نیشانەو سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها ڕێکخراوی ئەو نەتەوانەیە کە دەوڵەتیان هەیەو ئەندامی ڕێکخراوەکەشن. نەتەوە یەکگرتووەکان بەو بڕیارە دەیسەلمێنێت کە نوێنەرایەتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ناکات، هەرچەندە لە پێشەکی دەستوورەکەیدا بەدەستەواژەی ئێمەی نەتەوەکان دەستی پێکردووە. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی ستەم و نادادییەکە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد لە هەمان کاتیشدا پێشێلکردنی پرەنسیپی خودی ڕێکخراوەکەیە کە نەدەبوو بیشکێنێت و پێشێلی بکات.

دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بێهەڵوێست نەبوایە. چونکە فەرامۆشکردنی نەتەوەیەکی ڕەسەن و دێرینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە جەژنە نەتەوەییەکەی قووڵترین نادادوەریی ئەو ڕێکخراوە دەگەیەنێ بەرامبەر بە پاراستنی پرەنسیپی یەکسانیی نەتەوەکان.

**پێنجەم/ کاوە و زوحاک**

لە ناو بەشێکی کوردەواری و هەندێک لە مێژوونووسەکانی کورد، کاوە بە فارس و زوحاک بە کورد دەزانن و ناودەبەن.

لەبەر ئەوەی کیانمان نەبووە، شەرم دەکەین باسی گەورەیی ئەو دەسکەوتە بێ وێنە میللیانە بکەین و خەڵکیش باوەڕمان پێ ناکات. ئەوەتا کاوە دەکەنە ناپاک و زوحاکیان لێکردوینەتە نیشتیمان پەروەر، پێشدادیان لێکردووینەتە فارسی و، نەورۆز و کاوە دەکەن بە ئەفسانە، دەڵێن دەوڵەتی میدیاش کورد نەبووە، تەنانەت زەردەشت و ئاڤێستاشیان بە فارس داناوەو ناوەڕۆکی کتێبەکەیان گۆڕیوە.[٢٧]

جەژنی نەورۆز (٣/٢١)ی هەموسالێک هەموو کوردێکی ڕاستەقینە یادی دەکاتەوە ئەم جەژنە هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد و سالی نوێی کوردی.

کوشتنی زوحاک لەلایەن کاوە و فەرەیدونەوە، لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە زوحاک یەکێک بووە لە ستەمکارترین پادشاکانی سەردەمی خۆی کە مێژوو ناسیویەتی. بەتایبەتی پاش ئەوەی زوحاک بۆ کەمکردنەوەی ئازاری زامەکانی سەر هەردوو شانی ڕۆژانە دوو گەنجی بۆ سەر دەبڕاو مۆخەکەی لە زامەکان دەدرا. بەڵام لە ناو کوردەواریدا بەو زامانەی سەر شانی زوحاک دەوترێت مارەکانی سەرشانی زوحاک.

مەترسیی ستەمەکەی زوحاک لە ئەدەبی کوردییشدا ڕەنگی داوەتەوەو چەندین شاعیری کورد مارەکانی سەرشانی زوحاک یان خستووەتە ناو شیعرەکانیان و زوڵفی یارەکانیان بە مارەکانی سەر شانی زوحاک چواندووە.

(نالی)ی شاعیر دەڵێت:

دوو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەسەر شانی، وەکوو زەححاک و، ناوی ناوە زولفەینی

نالی، لەم بەیتەدا ئاماژەی بە ماری جادووبازەکانی فیرعەون و، بە مارەکانی سەرشانی ئەژدەهاک (زوحاک) کردووە و زوڵفەکانی یاری داناوە بە هەر کام لەم دوو کۆمەڵە مارە و، دەست بەسەراگرتنی بیر و دڵی دڵدارانیشی داناوە بە خواردنی مێشکیان. لە ئەفسانەکەی ئەژدەهاکدا، دەڵێ یار جوتێ ماری وەک مارە جادوبازەکانی فیرعەون، جادو لەدڵداران کەرو، وەک مارەکانی سەرشانی ئەژدەهاک، عەقڵ لەدڵداران سێنی خستووەتە سەر شانی خۆی و ئەڵێ گوایە ئەمانە زوڵفن... ئەمانە زوڵف نین مارن.[٢٨]

(کوردی)ی شاعیر هەروەک نالی لەوەسفی دڵدارەکەیدا، دەڵێت:

بە ئاوێنەی ڕوخ ئەسکەندەر بە جامی دیدە جەمشیدی
بە تەختی سینە پەروێزی بە ماری زوڵف زوحاکی.[٢٩]

(سالم)ی شاعیریش، هەروەک نالی و کوردی زوڵفی یارەکەی داناوە بە مارەکانی سەر شانی زوحاک و دەڵێت:

ماری زەححاکن یەکا یەک مووت بە مەحبوسانی زار
وەە چ صەعبە بەند بەندی سیلسیلەی زنجیری تۆ.[٣٠]

گەر زوحاک کورد بووبێت بۆچی سێکوچکەی بابان (نالی و سالم و کوردی) بەو شێوە دڕندەیەو بەشێوازێکی ئەدەبی باس لە مارەکانی سەر شانی زوحاک دەکەن؟

شاعیری فارس (فیردەوسی)یش، لە شانامەکەیدا کە بە شیعر دایڕشتووە و لە سالّی (١٠٠٠)ی زاینیدا نووسیویەتی، ئاماژە بە ستەمکاریی زوحاک دەکات و دەڵێت (زوحاک زۆر لەگەڵ ژێردەستەکانی خراپ بوو، دلّڕەشیی ئەو پادشایە لەوەدا دیاربوو کە مارێک لەسەر شانی ڕوابوون، خواردنی ڕۆژانەی هەر کامێکیان مێشکی لاوێک بوو. خەڵک لەدەست ئەو زوڵم و زۆرە بێزار بوو بوو، و لە وڵاتدا هیچ ماڵێک نەمابوو بەدەستی ئەو پادشا بێ بەزەییە تازیەبار نەکرابێ و قوربانی نەدابێ).[٣١] فیردەوسی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو لاوانەی مێشکیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی زوحاک دەدرا کورد بوون. ئێمە دەپرسین ئەگەر زوحاک کورد بووبێت بۆچی بۆ زامەکانی سەرشانی لاوی کوردی کردووە بە قوربانی؟ چۆن لاوی دوژمنەکەی کە فارس بووە نەکردووە بە قوربانی؟

بۆ زامەکانی سەرشانی زوحاک خەڵکی زۆر سەردەبڕان، باوکی فەرەیدون سەربڕاوە هەروەها لە ماڵی کاوەدا لە (١٨) هەژدە کوڕ (١٧) حەڤدە کوڕیان بەرکەوتووە. ئەگەر کاوە ئەوەندەی بەرکەوتبێت، کەواتە ژمارەی سەربڕاوەکان هەزاران کەس بوون و وە ژمارەی ڕزگارکراوەکانیش هەزاران بوون، جگە لەو هەزارانەی کە ڕۆژانە لەترسی زوحاک هەڵدەهاتن بۆ کێوە بەرزەکان، خێزان نەما قوربانی نەدات، زوحاک وەکو دڕندەیەکی بریندار لە کۆشکەکەیدا دەهات و دەچوو.[٣٢]

لە ناو کوردەواریدا دەربارەی جەژنی نەورۆز و کاوە و زوحاک دوو بۆچوون هەیە

بۆچوونی یەکەم/ پێیان وایە کاوە کوردەو زوحاک فارسە و جەژنی نەورۆزیش وەک چۆن جەژنی زۆر نەتەوەی ئاسیاو گەلانی هیندو ئەوروپاییە ئاوەهاش جەژنێکی کوردیشە و یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆزیش سەری ساڵی نوێی کوردییە و دامەزراندنی دەوڵەتی مادده.

بۆچوونی دووەم/ پێیان وایە کاوە فارسەو زوحاک کوردە، کاوەی کوردیش ئەفسانەیە و جەژنی نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە.

مێژوو دەیگێڕێتەوە کە کاوە کوردە و زوحاک فارسە، بەپێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە

* یەکەم ڕاپەڕینی میللی لە مێژوودا کاوەی کورد دروستی کرد لەدژی زوحاک، یەکەم شۆڕشی سەرکەوتوو لە شاخەوە هەڵتۆقی و زۆرداری شاری ڕوخاند. فەرەیدونی کورد بوو.[٣٣] شۆڕشی کاوە و فەرەیدون (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ پێش زاین بووە و شۆڕشێکی ئازادیخوازانەو مافخوازانەو بوونخوازانەو دیموکراسی بووە بەسەر دیکتاتۆری و ستەمکاریی زوحاکدا.

ئەوانەی کەدەڵێن کاوە فارسە لێیان تێکچووە و بە کۆرش تێگەشتوون، (کۆرش) ڕوخێنەری دەوڵەتی مادده، لە مێژووشدا بە کۆرش ناوی هاتووە نەک کاوە. کۆرش بە ڕوخێنەری دەوڵەتی ماد دادەنرێت کە لەوکاتەدا ئەستیاک پادشا بووە. کە دوایین پادشای ماددەکانە، لە مێژوودا بە ئەستیاک ناوی هاتووە نەک زوحاک. واتە کاوەی کوردی ئەو کاوەیەیە کە لە مێژوودا هەر بەناوی کاوە هاتووە و (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ پێش زاین، شۆڕشی بەسەر زوحاکی فارسدا ئەنجام داوەو سەرکەوتنی بەسەریدا بەدەستهێناوە. بەڵام کۆرشی فارسی ئەو کۆرشەیە کە لە مێژوودا هەر بە کۆرش ناوی هاتووەو (٥٥٠) پێنج سەدو پەنجا ساڵ پێش زاین کودەتایەکی کردووە بەسەر

ئەستیاکی دواین پادشای ماددەکاندا و لەکاری خستووە. لە مێژووەکەی هێرۆدۆتـدا ڕووخـانی مادەکـان باسـدەکات، ئەزدەهـاک (ئاسـتیاک) دوا فەرمانڕەواوی ماددەکان بەمجۆرە باس لە خیانەتی هێرباکۆس دەکات و دەڵێت (ئەی هیچ و پوچ ئەوا پاشایەتیی منت ڕوخاند، ئەی بۆچی خۆت یـان میـدیایەکی تـرت نەکـرد بە پاشـا، ئەی چەپەڵ خیانەتـت لێکـردم و پاشـایەتییەکەمت ڕوخاند، خۆزگە خۆت بهاتبایتایە جێگام. کە ئەوەشـت نەکرد، هەر هـیچ نەبوایە پاشـایەتییەکەت بۆ ماددەکـان جێهێشـتبوایە. لە جیاتی ئەوە بەکرێگیراوێتیتان بۆ پارسـە نارەسـەنەکان هەڵبژارد؟. بۆچی بەشـێوەیەکی چەپەڵانە چوویـت پاشـایەتییەکەت ڕادەسـتی خزمەتکـارە پارسەکەمان (کۆرش) کرد؟).

لە لایەکی ترەوە ساڵی کوردی (٢٧١٦)یە، بەڵام ساڵی فارسی هەتاوی (١٣٩٥)ە، واتە ساڵی کوردی (١٣٩١) هەزار وسێسەدو نەوەدو یەک ساڵ لە پێشی ساڵی هەتاویی ئێرانیەوەیە.

* کـاوەی کـورد بە هاوکـاریی فەرەیـدون گەمـارۆی زوحـاک دەدەن و هەمـوو سـەربازەکانی دەکـوژن. کـاوە زوحـاک دەگرێـت و چـوار پەلـی دەبەسـتێتەوە و دەیخـاتە سـەر پشـتی ئەسـپێک و دەیبـات بـۆ شـاخی دەماوەنـد، لە دەمـی ئەشـکەوتی (شـیرخان) کە کـۆنە گڕکـان بـووە، بە بەردێکەوە دەیبەستێتەوە، هەتا بەخەفەتەوە دەمرێت و دەبێت بەخۆراکی قەل و داڵ، وادیـــاربووە لە ئـــاینی ئەو ســـەردەمەدا نەدەبـــوو پادشـــا بکوژرێت.[٣٤]

پاش سـەرکەوتنی کـاوەو فەرەیـدون بەسـەر زوحاکدا، (دیاکۆ) لەبـەر ئـەوەی لـە نـاو خەڵکیـدا قسـە ڕۆشـتووبووەو ڕێـزدار بـووە دەکرێـت بـە سـەرۆکی ئـەو دەوڵەتـەی کـە دیـاکۆ دایدەمـەزرێنێت بـە نـاوی دەوڵـەتی (مـاد). هێـرۆدۆت دان بـەوەدا دەنێـت کـە دەوڵـەتی مـاد دیـاکۆ سـەرۆکی بـووە و پایتەختەکـەی هیگباتانـا هەمـەدانی ئـەمڕۆ بـووە. ئـەو دەوڵەتـەش

ماوەی (١٥٠) سەدو پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە واتە لەنێوان ساڵانی (٧٠٠- ٥٠٠) پێش زاین.

* وەک لایەنگرانی بۆچونی دووەم دەڵێن کاوە و جەژنی نەورۆزی کوردی ئەفسانەیە. ئایا گەر ئەفسانەیە بۆ کورشی فارس ئەفسانە نەبێت؟ بۆچی هەڵە ڕاڤەی بکەین لەزیانی مێژووی کورد؟ لە لایەکی ترەوە زۆربەی نەتەوەکان خاوەنی ئەفسانەو داستانی خۆیانن و بەگەورەترین سەرمایەی کەلتوری و شارستانیی خۆیان دایدەنێن و هەنووکە هێشتویانەتەوە و لە ئەفسانەو داستانەکانیانەوە بناغەی داهاتوو بونیاد دەنێن و بووە بەبەشێک لە یاسا و مێژوو و فەرهەنگیان و بە گەوهەرییەوە لێی دەڕوانن.

(ئەلیازە و ئۆدیسە)، ئەفسانەیەکی ئەغریقییە. باس لە جەنگێکی نێوان ئەغریق و تەروادەکانی ئاسیای بچوک دەکات، بەسەرکەوتنی ئەغریقی تەواو دەبێت، ئەم جەنگە لەسەدەی (١٢) دوانزەی پێش زاین ڕویداوە. (ئەنیازە) داستان و ئەفسانەیەکی ئەوروپییە. (فرجیلوس) ی شاعیر لەپێش زایندا نوسیویەتی و، باس لە مێژووی ڕاپەڕین و هەستانەوەی (ڕۆما) دەکات. هەروەها داستانەکانی (بولف ئیبلجن)ی ئەڵمانی و، گۆرانیی (جست و ڕۆلان)ی فەرەنسی و، (سید)ی ئیسپانی و (ئیکۆر)ی ڕووسی و، (کولفولا)ی فینلەندی و گەشتەکەی (دانتی) و (لەیل و مەجنون)ی عەرەبی.[٣٥]

هەروەها هەردوو داستانی (ڕامایانا و ماهابهاراتا)، کە قوڵترین داستانی شانازییە لای هیندییەکان. تەنانەت بیرمەندانی هیندی یاسای نێودەوڵەتی، گەشەکردنی مێژووی یاسای نێودەوڵەتی لە سەدەکانی هیندستانی کۆندا دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئەو دوو داستانە.[٣٦] زیاد لەوەش داستانی (گەلگامێش)، کە یەکەمین داستانی نوسراوی مرۆڤایەتییە. لەناوەڕۆکدا گوزارشت لە تێکۆشانی ئازادی و پاراستنی

بوونی کوردان (کورتیەکان) دەکات کە بەرامبەر بە شارستانی بوونی سۆمەر بەرخۆدانیان دەکرد.[٣٧] ڕاهیبەکانی ماد (میدیا) ش کە بە ماگ (موغ) ناودەبرێن. نوێنەرایەتیی گروپ و ئایدۆلۆژیای ڕزگاری دەکەن. لایەنی نوێی موغەکان ئەوەیە، چەمکی ئاینی ئارییەکان و ئەفسانەی سۆمەریەکانیان کردۆتە سەنتێزێک و نزیکی هەڵوێستی ڕزگاریخواز و نزیک بەمرۆڤ بوونەتەوە. دەشێ بەرخۆدانی کاوەی ئاسنگەر وەکو لایەنی داستان و کرداری ئەم مەیلە هەڵسەنگێنین. لەم قۆناغە مێژووییەدا داودی ئاسنگەر لەناو عیبرانییەکان، ئاکهیلۆش لەناو هێلینەکان هەمان ڕۆڵی قارەمانێتییان بینیوە. لە هیندستانیش ڕاهیبەکانی براهمان بەشێوەیەکی بەهێز نوێنەرایەتی دەکەن.[٣٨]

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان دەربارەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش و بەدەستهێنانەوەی هیواکان بۆ ئازادیی کورد و زیندوکردنەوەی عەشقی کوژراوی کورد کە لەدوای جینۆسایدی دەرسیمی باکووری کوردستان لەدەست درابوو. دەڵێت (سەرچاوەی ژیانی گەلێک بووم کە بێکەسە. تەنانەت خاوەنی ڕۆڵەیەکیش نەبوو کەبزانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکی تر لەمەیدانەکەدا نەبوو، ناچار بووم دوای (٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵ هەڵوێستی زۆر لەوەی عیسا زەحمەتتر بگرمە ئەستۆ. ڕۆڵی کاوەی شۆڕشگێڕیشم خستە ئەستۆم. پیرۆزییەکەی حەزرەتی ئیبراهیمیشم هاوچەرخ کردەوە.[٣٩])

ئۆج ئالان دەڵێت (ڕۆڵی کاوەی شۆڕشگێڕیشم خستە ئەستۆم). ئەو دەیەوێت بڵێت کە شۆڕشی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕابەرایەتی خودی خۆی شۆڕشێکی کاوەییە. شۆڕشێکە ئەو بەهایانە دەگەڕێنێتەوە کە لەدەست دراوە، ئەو عەشقەی ئازادی و سەرکەوتن زیندوو دەکاتەوە کە کوژراوە، شۆڕشێکی کاوەییە بۆ سەلماندنی بونی کوردان، بەتایبەتی لەدوای شکست پیهێنانی شۆڕشەکەی سەید ڕەزای دەرسیم لە باکووری

کوردستان کە تورک گەشتە ئەو بڕوایەی کە شتیک نەماوە لە تورکیا بەناوی کورد.

کەواتە هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن کە داستانی کاوەی ئاسنگەر و سەرکەوتنی بەسەر زوحاکدا یەکێکە لە ئەفسانەو داستانە گەوهەرییەکانی مێژووی نوسراوی کورد. کۆنترین قوتابخانەی مێژوویی لای وایە کە ئەفسانە چیرۆکێکە باسی هەندێ ڕوداوی گرنگی مێژوویی دەکات کە پەیوەندیی بەژیانی نەتەوەکەوە هەبووە، لەترسی لەبیرچوونەوە بەهەندێ دەستکارییەوە خراونەتە قەوارەی چیرۆک ئامێزی ڕەونەق دارەوە.

کەواتە داستانی کاوە، داستانێکی کوردییە. نەورۆز لە کاوە و زوحاک کۆنترە، تەنها ئەوەندەیە شۆڕشی کاوە لە نەورۆزدا بەرپابووە و هەردوو یادەکەیان پێکەوە گرێداوە. ئەو دوو جەژنەیان کردووە بەیەک، نەورۆز هی هەموو گەلە ئارییەکانە و، کوردیش تیایدا بەشدارە، بەڵام کاوە تایبەتە تەنها بە کورد.[٤٠]

* لە ناو کوردەواریدا هەر لەشاعیرانی نەتەوەوە بیگرە تا گۆرانی بێژان و بەشێک لەو مێژوو ناس و مێژوو نووسانەی کە لەڕاستییەکە گەشتون کاوە بە شۆڕشگێڕێکی مەزنی کورد دادەنێن و شیعرو گۆرانیی بۆ وتراوە. سەرەڕای ئەوەی لە کوردستانی گەورەدا چەندین منداڵ ناونراون کاوە. ئەویش وەک هێمای خۆشەویستی و بە زیندو هێشتنەوەی ناوی کاوەی شۆڕشگێڕ. لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان چەندین شەقام و باخچەو باڵەخانە بە ناوی کاوەوە ناونراون.

سەبارەت بە ئاگری نەورۆز. لە جەژنی نەورۆزی هەموو ساڵێکدا ئاگر وەک سیمبۆلێکی نەورۆز لەسەر بەرزاییەک دەکرێتەوە، کردنەوەی

ئــاگری نەورۆزیــش لە مێــژووەوە تــا ئێســتا بــۆ چەنــد بۆچوونێــک دەگەڕێتەوە، ئەوانیش

* کـردنەوەی ئـاگری نەورۆز وەک هێمـای ڕاگەیانـدنی سـەرکەوتنی شۆڕشی کاوە دێت.[٤١]

* کـردنەوەی ئـاگر ڕێـزێکە بـۆ پەیـامبەر زەردەشـت کە هەمیشـە لە ئاتاشگاکەیدا ئاگرو ڕوناکیی هەبووە.

* بۆچوونێکی تر پێیان وایە کاتێک دیاکۆ سالّی (٧٠٠) حەوت سەدی پێش زاین، وەکو پادشای ماددەکان دەستنیشانکراوە، مادەکان لەسەر شاخ و شوێنە بەرزەکاندا ئاگریان کردووەتەوە بۆ ئاگادار کردنەوەی سەرۆک هۆز و دانیشتوانی گوند و ئاواییەکان. بەڕێککەوت ئەو ڕۆژە هاوکات بووە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی بەهار. کە ئێستا بووە بەسەری سالّی کوردی و مێژووەکەی (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ پێش سالّی زاینییە.[٤٢]

* بۆچوونی کۆتایی پێیان وایە کە کردنەوەی ئاگر ڕێزێکە بۆ خودی ئاگر کە ئەو ئاگرە پێغەمبەر ئیبراهیمی نەسوتاندووە و بووە بە هاوەڵی لەو دۆزەخە دەستکردەی کە نەمروودی پادشا بۆی دروست کردبوو. ئاگرەکە هەموو شتێکی سوتاند ئیبراهیم نەبێت.

چونکە بڕوا وایە لە نێوان کاوەی شۆڕشگێڕ و پێغەمبەر ئیبراهیم-دا پەیوەندییەک هەیە و هەردوو ڕووداوی کاوە و ئیبراهیم لە کوردستان بوون.

ئەگەر بچینە سەر ڕووداوەکەش ئەم چەند خاڵە دەبینین

* ئیبـراهیم تەوری بەدەسـتەوە بـووە بـۆ شـکاندنی بتەکـان. کـاوە چەکوش.

* ئیبـراهیم سـەری سـاڵ و بەهـاری هەڵبـژارد واتە (نەورۆز) بـۆ شکاندنی بتەکان. کاوەی ئاسنگەریش نەورۆزی هەڵبژارد بۆ بەرپاکردنی شۆڕشەکەی.

* نەمرودی پادشا ئەستێرەو بتی دەپەرست. زوحاکیش هەر ئەستێرە پەرست بووە بتخانەی هەبووە.

* باوکی کاوە دوکانی ئاسنگەرییان هەبووە. باوکی ئیبراهیم دوکانی دارتاشییان هەبووە.[٤٣]

چیرۆکێکی هەقیقیی خۆم لەگەڵ نەورۆز و ئاگرەکەی

بزوتنەوەی ئیسلامی لە باشووری کوردستان لە ناوچەی ژێر فەرمانڕەواییاندا لە هەڵەبجەو هەورامان و بەشێکی شارەزوور. ئەوەی من بیرم بێت دژی کردنەوەی ئاگری نەورۆز و جەژنی نەورۆز بوون. چونکە بەهەموو باوەڕیانەوە پێیان وابوو کە ئەوانەی ئاگری نەورۆز دەکەنەوە ئاگر پەرست و زەردەشتین.

لە کاتێکدا (پیرەمێرد) ی شاعیر دەڵێت

ئاگرێک کە خۆم بیکەمەوە و بتوانم بیکوژێنمەوە، کێ باوەڕ دەکات بیپەرستم؟

بزوتنەوەی ئیسلامی و دواتریش کۆمەڵی ئیسلامی پاش جیابونەوەیان لە بزوتنەوەی ئیسلامی لە (٢٠٠١/٥/٣٠). بزوتنەوەی ئیسلامی لە ناحیەی سیروانی سەر بە شاری هەڵەبجەدا هێزێکیان هەبوو بە ناوی هێزی (لێدان)، لێدان!

ئەو کات هێشتا لە گوندەکەی خۆمان بووم گوڵکەنی (کوڵکنی)، گوندێکە بە دووریی (١٦) کیلۆمەتر، دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی هەڵەبجەوە. گروپێکی (٨) هەشت کەسیمان پێک هێنابوو زۆر شەڕانی بووم لە منالێمدا هیچ منالێک لە قسەم دەرنەدەچوو و هاوڕێ منالەکانم هەموویان گوێڕایەڵییان دەکردم. لەگەڵ ئەو گروپە هەشت کەسییەو منالانی تری گوند هەموو نەورۆزێک ئاگرمان دەکردەوە لەسەر گردەکەی ناوگوند. ئەوەی ڕاستی بێت کردنەوەی ئاگری نەورۆز بۆ ئێمە

وەک ئەرکێکی پیرۆز وابوو، چونکە چیرۆکە قارەمانییەتییەکەی  کاوەی شۆڕشـــگێڕمان بیســـتبوو کە چـــۆن بەســـەر زوحـــاکی ســـتەمکاردا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو.

هەرکاتێک بزوتنەوەی ئیسلامی ئێمەیان دەبینی ئاگرمان دەکردەوە دەستبەجێ خۆیان دەگەیاندە گوند بەڕیشی درێژ و شەرواڵی کورتەوە. گوندەکەی ئێمە کە سەر بەشاری هەڵەبجەیە یەکێک بوو لەو گوندانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندابوو تا ساڵی (٢٠٠١) و لەو کاتەشەوە تا ساڵی (٢٠٠٣) لە ژێر فەرمانڕەوایی کۆمەڵی ئیسلامیدا بوو.

بەبیرم دێت جەژنی نەورۆزی ساڵی (٢٦٩٦)ی کوردی (١٩٩٦)ی زاینی، کە ئەو نەورۆزە تەمەنم (٩) نۆ ساڵ بوو. لەسەر گردەکەی ناو گوند ئاگری نەورۆزمان کردبووەوە. ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر کە چەند چەکدارێکی ڕیش درێژ و شەرواڵ کورتی بزوتنەوەی ئیسلامیی تێدابوو بە خێرایی و تورەییەوە خۆیان کرد بە گوندەکەماندا و ئێمەش لەترسان خۆمان لە گەوڕ (تەویلە)ی مانگادا شاردەوە. بینیمان ئەو چەکدارانە لەگەڵ چەند پیاوێکی گوندەکەمان شەڕێکی ساردیان هەڵگیرساند و بە زەردەشتی و ئاگر پەرست تاوانباریان کردین. ئەوەی شەڕەکەی وەستاند یەکێک لە چەکدارەکان ناسراو دەرچوو. ئیتر ئێمەش بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز لەترسی ئەو چەکدارە توند ڕەو و نەزانانە شوێنێکی ترمان هەڵدەبژارد بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز بەناوی چاوگەدرێژ چاوگێکە لە خۆرئاوای گوندەکەدا. ئەو هێزە ئیسلامییە سیاسییە توند ڕەوانە ئازادییەکانیان لێ سنووردار کردبووین، ڕێگر بوون لە ڕێگای جێبەجێکردنی پیرۆزترین چێژی منالّیمان کە کردنەوەی ئاگری نەورۆز بوو.

بۆ یەکەمین جار خاکی کوردستانی گەورە لەدوای جەنگی چاڵدیرانی (١٥١٤/٨/٢٣)ی زاینـــی لەنێـــوان هەردوو ئیمپراتـــۆریەتی عوســـمانی و سەفەوی دابەشکرا. لەو کاتە بەدواوە خاکی کوردستان بووە بە مەیدانی ململانـــێ سیاســـی و ئـــابووری و ڕێبـــازییە ئاینییەکـــانی ئەو دوو ئیمپراتـــۆریەتە داگیرکـــارە و ســـەرجەم داگیرکەرەکـــانی تـــری خـــاکی کوردســتان. بەمەش بەشــی کــورد جگە لە خەم و خــوێن و جینۆســایدە یەک لەدوای یەکەکانی، بەختەوەرییەکی ئەوتۆی نەبینیوەو هەناسـەیەکی پشووی هەڵنەکێشاوە.

(جۆناتـــان ســـی ڕانـــداڵ) لەکتێبەکەیـــدا (کوردســـتان یـــان کڵـــۆڵی نەتەوەیەک- دوای ئەو هەموو زانیارییە، لێبوردنی چی؟)، دەنوسێت:

دوای شـــەڕی چاڵـــدیرانی ســـاڵی (١٥١٤)ی زاینـــی، کە عوســـمانییەکان بەســـەر ســـەفەوییەکاندا زاڵ بـــوون. کوردســـتانیان کـــردە کەلاوە. هەردوو ئیمپراتۆریەت نەک هەر کوردستانیان کردە گۆڕەپانی جەنگی نێوانیـان، بەڵکو تەکنیکی خاکی سوتاویان تێدا بەڕێوە دەبرد تـا هەریەکە ئەوی تر لە توانـا مـرۆییەکەی کوردسـتان بێبەش بکـات، کۆچیـان بەکـورد کـرد. ڕاگـــوێزانی زۆرە ملـــێ ســـزادانێکی تونـــدی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتی خـۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتە. سـوڵتان سـەلیمی دڕنـدە، پـاش سـەرکەوتنی لە شـــەڕی چاڵدیرانـــدا، ســـەرجەم عەشـــیرەتە کوردەکـــانی بـــۆ ناوەنـــدەکانی باشـــووری ئەنـــادۆڵ، بەتـــایبەتی بـــۆ ناوچەکـــانی باشـــووری ئەنـــقەرە ڕاگواســـت، کە تائێســـتاش زۆر لەوەچەکانیـــان هەر لەو نـــاوەدا دەژیـــن، تەنانەت بۆ شوێنی زۆر دوورتری وەک بولگاریاشی ناردن.[٤٤]

لە ساڵی (١٥٣٤- ١٥٣٥)دا سەفەوییەکان، لەبەردەم شاڵاوی سەربازە سـەرکەوتووەکانی عوسـمانیدا، شـارو گونـدی کوردانیـان بەدوای یەکـدا وێرانکـــرد و ئاگریشـــیان لە دەغـــڵ و دانیـــان بەردا، کـــانی و کـــارێز و بیرەکانیان کوێرکردنەوە، هەموو کارێکی ڕێکخستنەوەشیان بەسەر یەکدا تێک و پێکدا. لەکۆتایی هەمان سەدەدا شا عەباسی یەکەم زیاتر پەلەی لە

ئیشەکەیدا کرد و کوردە هەڵکەنراوەکانی جارێکی تر و بەزوویی بەرەو خۆرهەڵات نارد. سەرەتا بەسەر سنووردا بۆ ئازەربایجان و بۆ خۆراسان. چەند عەشیرەتێکی تری کورد لەوە زیاتریش دورخرانەوە و بۆ چیاکانی هند و کوشی ئەفغانستان.[٤٥]

نەتەوەی کورد وەک ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٤٠،٠٠٠٠٠٠) چل ملیۆنە. نیشتیمان و خاکەکەیان پێی دەوترێت کوردستان. خاکی کوردستان لەسەدەی بیستەمدا بەزۆرداری بەسەر پێنج دەوڵەتدا دابەشکرا، ئەوانیش (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریاو یەکێتی سۆڤیەت). دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەسەرەتای ساڵی (١٩٩٠). کوردستانی بەشی سۆڤیەت (کوردستانی سور)، بوو بە بەشێک لە ئازەربایجان و ئەرمینیا.[٤٦]

کوردستان لەپاش ڕێککەوتننامەکەی (لۆزان)ی (١٩٢٣/٧/٢٤) کە لە شاری لۆزانی سویسرا بەسترا بەم شێوەیە دابەشکرا:

*بەشی باکووری کە بە باکووری کوردستان ناسراوە، خرایە سەر دەوڵەتی تورکیاو لە (٢٢) پارێزگا پێک هاتووە.

* بەشی خۆرهەڵاتی کە بە خۆرهەڵاتی کوردستان ناسراوە، خرایە سەر دەوڵەتی ئێران و لە (٤) پارێزگا پێک هاتووە.

* بەشی باشووری کە بە باشووری کوردستان ناسراوە، خرایە سەر دەوڵەتی عێراق و لە (٦) پارێزگا پێک هاتووە.

* بەشی خۆرئاوای کە بە خۆرئاوای کوردستان ناسراوە، خرایە سەر دەوڵەتی سوریاو لە (٣) پارێزگا پێک هاتووە.

* بەشی باکووری خۆرهەڵاتی کە بە کوردستانی سوور ناسراوە. خرایە سەر دەوڵەتی (ڕوسیای قەیسەری)ی کۆن. دوای ڕوخانی ڕوسیای قەیسەری و هەڵوەشانەوەی (یەکێتی سۆڤیەت)ی جاران، ئەو بەشەی کوردستان دابەشکرا لەنێوان (ئازەربایجان و ئەرمەنستان)، لە ساڵی (١٩٩٢)دا.[٤٧]

هەر یەکێک لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان (تورکیا- ئێران- عێراق- سوریا)، لەکاتێکدا تاوانی جینۆسایدیان لەدژی نەتەوەی کورد لەناو خاکی خۆیدا کە کوردستانە ئەنجام داوە. کە وەک ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەچوارچێوەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا ئەندامی چەندین ڕێککەوتننامەو جاڕنامەی نێودەوڵەتیی گرنگ بوون و گرنگن کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە قوڵی پێشێل و پەراوێزیان خستن. لەوانەش:

*پرۆتۆکۆڵی ژنێڤ بۆ قەدەغەکردنی چەکە کیمیاوی و بایۆلۆژییەکان، ساڵی (١٩٢٥).

* دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی (١٩٤٥).

* ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، ساڵی (١٩٤٨).

* جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ساڵی (١٩٤٨).

* ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ، ساڵی (١٩٤٩)، لەگەڵ هەردوو پرۆتۆکۆڵە زیاد کراوەکەی ساڵی (١٩٧٧).

* ڕێککەوتننامەی ڕیشەکێشکردنی هەموو جۆرەکانی نەژاد پەرستی و جیاخوازی، ساڵی (١٩٦٥).

* ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە سیاسی و شارستانییەکان، ساڵی (١٩٦٦) و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوورییەکان، ساڵی (١٩٦٦).

* ڕێککەوتننامەی ڕیشەکێشکردنی هەموو جۆرە جیاوازی دانانێک بەرامبەر بە ژنان، ساڵی (١٩٧٩).

* ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە یان سزادان و ڕەفتاری نامرۆییانەو سوکایەتی پێکردن، ساڵی (١٩٨٤).

* ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان، ساڵی (١٩٨٩).

**باسی دووەم/ جینۆسایدی کورد لە باکووری کوردستان**

ڕەگەکانی مێژووی جینۆساید کردنی کورد لە باکووری کوردستان قوڵن. گەرچی ئەو بەشەی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای کەمالییەوە، خرایە سەر ئەو دەوڵەتە. بەڵام جینۆساید و سەرکوتکردنی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی قوڵتر و کۆنتر. کە کوردان بە درێژایی ئەو مێژوووە گروپێک بوون مەترسیدارترین جینۆسایدیان لەدژ ئەنجام دراوە.

دامەزراندنی کۆماری تورکیا بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ساڵی (١٩٢٤)دا. سەرەتای پیلانێکی مەترسیداربوو بۆ جینۆسایدکردنی کورد لە باکووری کوردستان. لە ساڵی (١٩٢٥) شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران سەرکوت کراو خودی شێخ سەعید و (٥٢) پەنجاو دوو هاوڕێی لە سەرکردایەتیی شۆڕشەکە لە (١٩٢٥/٦/٢٩) لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەسێدارە دران.[٤٨]

لە (١٩٢٦/٥/٣١) ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانیی تورکیا، یاسای ژمارە (٨٨)ی دەرکرد. بە گوێرەی ئەو یاسایە، هێرش و پەلاماردانی سەر ناوچە کوردییەکان کارێکی ڕێگە پێدراوەو هیچ لێپرسینەوەو بەدوادا چوونێکی بەدوادا نایەت و بگرە دەستخۆشی و ڕێزلێنانیشی بەدوادا دێت. وەک بەڵگەنامەکانیش ڕاستینەی ئەوە دەسەلمێن کە لە ساڵانی (١٩٢٥- ١٩٢٦)دا، ڕژێمی تورکیا بە کۆمەڵ خەڵکی کوردی ڕاگواستووە و بە کۆمەڵیش لێی کوشتون و جینۆسایدی کردوون. هەر لەو ساڵەداو بە زستانێکی سەخت لە کاتی ڕاگواستنی کورددا خەڵکێکی زۆر لەبرسی و سەرماو ئازارێکی زۆردا گیانیان لەدەستداوە. هاوکات گوندەکان سوتێنراون و وێرانکراون و پرۆسەی تورکاندن و نیشتەجێکردنی تورک لە کوردستان و شوێنی کورد بە بەردەوامی ئامادەیی هەبووە.[٤٩] هەر لەهەمان ساڵدا بە دەستی ڕژێمی ئەتاتورک

زیاتر لە (٤٠،٠٠٠) چل هەزار کەس کوژران و سەدان هەزاریش لە سەر زێدی باب و باپیرانیان دەربەدەرکراون، تەنانەت ناوی (کورد)یش نەماو کردیان بە (تورکی چیایی).[٥٠]

ڕژێمی تورکیا لە جینۆسایدکردنی کورد دەستی هەڵنەگرت بەڵکو کەرامەتی کوردانی شکاندووەو بە خزمەتکارو کۆیلە سەیری کردوون. لەسەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیادا وەزیری داد (مەحمود عێزەت بەگ) لەپێش دەنگدەراندا دەڵێت (ئێمە لە تورکیا دەژیین، ئازاترین دەوڵەتی دونیایە. نوێنەرتان بەوپەڕی کراوەییەوە لەبارەی بیروباوەڕییەوە ناتوانێ لەم وڵاتە باشتری دەست بکەوێت. لەبەر ئەوە ناتوانم هەستی خۆم بشارمەوە، تورک گەورەیە، تاکە خاوەنماڵی وڵاتە، ئەوەی بەڕەگەز تورکێکی خاوێن و پاک نەبێت تەنیا یەک مافی لەم وڵاتەدا هەیە ئەویش ئەوەیە ببێتە خزمەتکار ببێتە کۆیلە، با دۆستان و دوژمنان ئەو ڕاستییەیان لە بیربێ، با چیاکانیش ئەوە بزانن).[٥١]

لەدوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید. شۆڕشەکانی تری کوردان کە بۆ سەلماندنی کورد و بەدەستهێنانی ئازادی بوو سەرکوتکراون. لەو شۆڕشانەش، شۆڕشی ئاگری داخ بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نوری پاشا و شۆڕشی دەرسیم و لەسێدارەدانی خودی سەید ڕەزای دەرسیم لە (١٩٣٧/١١/١٨) لە شاری سیواسی باکووری کوردستان.

لە جینۆسایدی دەرسیم لە ساڵی (١٩٣٧) دا نزیکەی (٥٠،٠٠٠) هەزار کورد جینۆساید کراون.[٥٢]

کەمالیستەکان لەدوای سەرکوتکردنی شۆڕشی دەرسیم، (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد پیرەژن و ژن و منداڵ دەبەستنەوەو لە چاڵێکی گەورەدا نەوت دەکەن بەسەریاندا و ئاگریان تێبەردەدەن. بەر دەرگای ئەو ئەشکەوتانەیان هەڵچنی کە هەزاران خێزانی کورد بە ژن و پیرو

پەککەوتەوە خۆیان تێدا شاردبووەوە بە تێبەڕبونی ڕۆژگاریش مەرگ و برسێتی تەنگی پێ هەڵچنین و هەموویانی کوشت.[٥٣] ڕژێمی تورکیای کەمالی لە جینۆسایدی دەرسیمدا گۆگرد و بۆمبی ژەهراویی لەدژی کورددان بە کارهێنا. جگە لە جینۆساید کردنی (١٠٧٣٧) دە هەزار و حەوت سەد و سی و حەوت کەس لە ساڵی (١٩٣٧)و لەدەستدانی (٦٨٦٨) شەش هەزار و هەشت سەد و شەست و هەشت ژن.[٥٤] نزیکەی (٩٠،٠٠٠) نەوەد هەزار گوندی باکووری کوردستانیش وێران کران. کەمالیستەکان جینۆسایدێکیان ئەنجامدا کە لەوەو پێش ئەو بەشە داگیرکراو و دابەشکراوەی کوردستان بە خۆیەوە نەدیبوو.

تورکەکان سەرەڕای جینۆساید کردنی فیزیکیی کورد کەرامەت و کەسایەتییشیانیان شکاندووە. جۆرە شکانێک کە قوڵتر و بەئازارترە لە جینۆسایدی فیزیکی. لە پرۆسەی جینۆسایدی دەرسیم-دا سەربازەکانی حکومەتی تورکیای کەمالی بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر دەست درێژییان کردووەتە سەر ناموسی کچان و ژنانی کورد.

(بێزا خدێ ئاوزەتی)، کە یەکێکە لەڕزگاربوو و شایەدحاڵەکانی جینۆسایدی دەرسیم، دەیگێڕێتەوەو دەڵێت (سەرەڕای کوشتن و جینۆساید کردنی هاوولاتیان و بە کۆمەڵکوشتنیان پێکەوە، بە بێجیاوازی ژن و پیاو پیر و گەنج منداڵ. دەست دریژی کردنە سەر ناموسی ژنانی کورد لەلایەن سەرباز و جەندرمەکانەوە ڕوویانداوە. لەوانە ژنەکەی (ئیڤیکا تەمر ئاغا) ناوی (سەدرە) بوو، زۆر جوان بوو، دوای لاقەکردنی کوشتوویانە، کچەکەی جەمشید ئاغا ناوی (چاکی)بوو، خێزانی (تەسلیم ئەیوب ئاغا)بوو، لە نێوان دێی (ئنێ) و (ئینجیغە)دا، ڕاستییەک هەیە، لەوێ دوای دەستدرێژیکردنە سەری کوشتیان. شوانێک چاوی پێوە دەبێت چی لەو ژنە دەکەن لەپێشدا منداڵێکی بە باوەشەوە دەبێت منداڵەکەی لێدەسێنن، تا دەستیان بیگرێت وەکو بەردێک فڕێی دەدەن،

کەوادەکەن (چاکی) هاوار دەکات، شوانەکە دەڵێت قیژەی لەو دەشتە دەنگی دایەوە، ئەوجا، کەوتنە سەرخۆی، ژنەیان پاڵخست، قاچیان لەیەک ترازان، بەو حاڵە دەست درێژییان کردە سەری و دواجاریش کوشتیان).

لە بەشێکی تردا بێزا خدێ ئاوزەتی، ئاماژە بە لاقەکردنی کچان دەکات کە لەلایەن سەربازانی سوپای تورکیاوە و دەڵێت (بینیم لاشەی چەند کەسێکی تر کەوتبوون بە سونگە سکیان هەڵتڵیشابوو... ئافرەتەکان لەشیان بەدەرەوە بوو، لاقەی کچی عازەبیان کردبوو، بەو خوێنەدا دیاربوو کە لەناو گەڵیاندا ڕژابووە سەر خۆڵەکە..! وەکو دەگێڕنەوە لەناو ئەو گروپەدا، یەکێک لە سەربازەکان خەڵکی دێکەیان دەبێت، ژنەکە دەیناسێت، دەبینێت زۆر دەپاڕێتەوە (ناموسم بپارێزن... بمکوژن)، ئەو سەربازە کە دەیناسێت گولەیەکی پێوە دەنێت تا دەست بۆ نامووسی درێژ نەکرێت).[٥٥]

جینۆسایدی کورد لە باکووری کوردستان بەردەوام بووەو لەو چوارچێوەیەشدا لەڕۆژانی (١٩- ١٩٧٨/١٢/٢٦)، لە شاری مەرەشی باکووری کوردستان جینۆسایدێکی تر ئەنجامدرا. ئەوەش دوای ئەوە هات کە تورکە دەسەڵاتدارەکان هێرشیان کردە سەر گەڕەکی عەلەوییەکان لە شاری مەرەش و بەشێوەیەکی دڕندانە سەدان کەسیان کوشت. لەو تاوانەدا کە ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، بەپێی ئامارە فەرمییەکان (١٠٥) سەدو پێنج کەس کوژران و (١٧٦) سەدو حەفتاو شەش کەسی تر بریندار بوون و (٢١٠) دوو سەدو دە ماڵ و کارگەش وێران کراون.

جینۆسایدی فیزیکی لە باکووری کوردستان، هەر لە ئەتاتورکەوە تا ئەردۆگان بەردەوامە. گەر لە ڕابردوودا سزاکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕێکنەخرابووبێت و یاساکانی نێودەوڵەتی خاڵی بوبێت لە کارەکتەری یاسایی بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و

دادگاییکردن. ئەوا ئەمڕۆ لەسایەی هەبوونی ئەو سێ دەسەڵاتەی یاسای نێودەوڵەتیدا، بەشێوازێکی تر و سیستەماتیکانەتر جۆرێکی تر لە جینۆساید جگە لە جینۆسایدی فیزیکی، جینۆسایدێک لەدژی کوردان بەڕێوە دەبرێت کە دەتوانرێت بە جینۆسایدی کەلتوری ناوزەد بکرێت.

لەدوای یەکەمین ئاگر بەستی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لەگەڵ حکومەتی (تورگۆت ئۆزاڵ)، لە ساڵی (١٩٩٣)وە، تا هەنوکە شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان کە (PKK) ڕابەرایەتی دەکات شێوازی خەباتەکەی لە هێرشەوە گۆڕاوە بۆ بەرخۆدان و سەلماندنی بوونی نەتەوەیەک و ناسنامەو ئازادییەکەی. بەڵام ئەو ڕژێمانە ڕاستگۆیانە نایانەوێت مافی ئەو نەتەوە نکوڵی لێکراوە بناسێنن و بەردەوامن لە جینۆساید کردنی. ئامانجی سەرەکی لەدەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا، لەڕۆژی (١٩٩٩/٢/١٥)، لە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی پیلان بۆ دارێژراودا و تەسلیم کردنەوەی بە تورکیا، بۆ ئەوەبوو کە جوڵانەوەی ئەو بەشەی کوردستان شکست بهێنێت و جینۆسایدکردنی کوردیش ئاسانتر بێت.

سەرەڕای ئەوانەش درێژکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر شۆڕشگێڕانی کورد و بە گولە وەڵامدانەوەی داخوازییە سپییەکانی کوردان لە باکووری کوردستان تا دەگاتە تاوانەکەی گوندی ڕۆبۆسکی لە (٢٠١١/١٢/٢٨) لە ناوچەی قلابانی پارێزگای شرناخی باکووری کوردستان، کە (٣٤) سی و چوار کۆڵبەری کوردی تێدا کوژرا، لەوانەش (١٩) نۆزدەیان منداڵ بوون.  ڕۆژانە سوکایەتی دەکرێت بەهەست و سۆزو ئەشکەنجەی زیندان کراوانی کورد تا کوشتنی (٤٦) چل و شەش هاوولاتیی کورد لە خۆپیشاندانەکەی هاوینی ساڵی (٢٠١٤)، کە لەدژی ئەردۆگان و ڕژێمەکەی بوو، بۆ وەستاندنی هاوکارییەکانی بۆ هێزەکانی داعش بۆ کەوتنی بەرخۆدانی گەوهەریی کۆبانێ.

هەروەها لە (٢٠١٥/٦/٥)دا، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لە کاتی بانگەشـەی هەڵبژاردنە گشـتییەکەی پەرلەمـانی تورکیا و بـاکووری کوردسـتان، دوو تەقیـنەوە ئەنجـام دراو بەهـۆیەوە (٤) چـوار هـاوڵاتیی کورد کوژران و نزیکەی (٤٠٠) چوار سەدی تریش بریندار بوون.

لە (٢٠١٥/٧/٢٠) تەقینەوەیەکی تر لە شارۆچکەی پرسوس ی سـەر بە پارێزگای ئورفای باکووری کوردستان ئەنجام دراو بەهۆیەوە (٣٢) سـی و دوو هـاووڵاتی کـوردی بێتـاوانی بێبەرگـری کـوژران و نـزیکەی (٢٠٠) دوو سـەدی تـریش بریـندار بـوون. تـا ئێسـتاش ڕژێـمەکەی ئەردۆگـان بەردەوامە لە کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد. سیاسەتی ئەو ڕژێمەش بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی دەچێـتە چوارچێـوەی تـاوانی جینۆسـایدەوە. سـەرەڕای ئەوەی کە لەدوای هەڵبـژاردنە گشـتییەکەی تورکیـا لە (٢٠١٤/٨/١٠)و لەپاش ئەوەی کە سـەرۆک وەزیران بوو بـوو بە سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا و خـاوەنی دەسـەڵاتێکی زۆرو بـێ لێپێچیـنەوەیە لە دەوڵەتدا، بەڵام تـا هەنوکە نەک هەڵنەستاوە بە هەمـوارکرنی ماددەکانی (٢-٣-٦٦) ی دەستوری تورکیا کە بەقوڵی جەخت لەسەر نەژاد پەرستی و نەتەوە ویسـتی دەکـاتەوە. بەڵکـو بەردەوامـی دەدات بەپاراسـتنی یەک نەتەوە، یەک زمـان، یەک ئـاڵا، یەک دەوڵەت و یەکپـارچە. ئەوەی ئەتاتورک ئەنجامی داوە لە کاتی سـەرقاڵبونی جیهان بەجەنگەوە. ئەمڕۆ ئەردۆگـان لە سـایەی هەبـوونی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان و چەندین ڕێککەوتننامەی هەبوون و ناساندنی مافەکانی مرۆڤ کە تورکیا ئەندامە تیایاندا ئەنجامی دەدات و ڕاستگۆیانە و بەمەبەستەوە نایەوێت مافەکانی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا بناسێنێت.

گەر دەوڵەت وەک بـاوک وابێـت بـۆ پاراسـتنی منـداڵەکانی، قەڵغانێک بێـت بـۆ بەرگـری لەتیـرە ژەهراوییەکـان. ئەوا لە تورکیـادا لە سـایەی هەبـوونی دەوڵەت- نەتەوەدا، دەوڵەتـی تورکیـا ژەهـرێکە بـۆ کوشـتنی

کوردان و نەناسینی مافەکانیان وەک نەتەوەیەکی ئازاد و یەکسان، کە هەست بکەن وەک مرۆڤێکی ئازاد کەسایەتی و کەرامەتیان پارێزراوەو دەپارێزرێت.

**باسی سێیەم/ جینۆسایدی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان**

ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر فەرمانڕەوایی داگیرکاری دەوڵەتی ئێران دایە. بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر جینۆساید لە دژی ئەنجام دراوە. هەر لەکوشتن بەشێوازەکانی تیرۆرکردن و لەسێدارەدان، تا دەگاتە جینۆساید کردن بە ئەشکەنجەدان و ڕاگواستن و ناچارکردنی کوردان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆککردن و ڕێگریکردن لەزۆربوون بە چەندین شێوازی جیاجیا تا دەگاتە قەدەغەکردنی کەلتوری زمان و جل و بەرگ و مەراسیمە نەتەوەییەکان هەبووەو بەردەوامە.

لەسەرەتای فەرمانڕەوایی ڕەزا شای پەهلەوی و پاشتریش محەمەد شای کوڕی. ڕژێمی ئێران بە نامرۆڤانەترین شێواز جینۆسایدیان لەدژی کوردان تاقیکردووەتەوەو مەبەستیشیان ئەوەبووە کە بیسەلمێنن لەو دەوڵەتەدا یەک نەتەوە هەیە ئەویش فارسە. بۆ ئاسان ئەنجامدانی جینۆسایدە فیزیکی و کەلتورییەکەیان لەدژی کوردان بە پیلانێکی ترسنۆکانە لە (١٩٣٠/٦/٢١)دا، سمکۆی شکاک سەرکردەی جوڵانەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان دەکوژن.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بیست ساڵەی دیکتاتۆریی ڕەزا شادا زۆرداری نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆڤێنیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی فەرمی پەهلەوی و گەلانی جیاواز لە فارسی ئێران خرانە ژێر توندو تیژترین ستەمی نەتەوەیی. بۆ لەناوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوو و فەرهەنگی ئەو گەلانە بەرنامەیەکی داڕێژراو و درێژ خایەن بەڕێوە دەچوو، کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی جیاواز لە فارس بوو.

دەست تێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی گەلێک مەراسیمی نەتەوەیی، تەنانەت لەبەرکردنی جل و بەرگی نەتەوەیی. هەموو بۆ ئەوە بوو کە نیشان بدرێ لە ئێراندا تەنیا تاکە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە.[٥٦]

لەپاش ڕوخاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لە سێدارەدانی سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی موحەمەد و هاوڕێیانی زیاتر لە (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار کەس کوژران.[٥٧] سیاسەتی ڕژێمی پەهلەوی، دانی بە بوونی کوردانـدا نەدەنـا وەکـو نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ و جیـاواز لە فـارس. فەرمانڕەوایانی ئێران وایان بڵاو دەکردەوە کە کورد یەکێکە لە هۆزە ڕەسەنەکانی ئێران و زمانی کوردی یەکێکە لە زاراوەکانی زمانی فارسی. چەندین مامۆستای زانکۆی تاران- زانای ئێرانی لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە ڕاسپێردران، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچونە لێکۆڵینەوەو باسی مێژوویی و جوگرافی و زمانەوانی و کۆمەڵناسی بنووسن.[٥٨] ئەو جۆرە لە سیاسەتکردنیش بۆ خۆی بەمانای جینۆساید کردنێکی لەسەر خۆیانەی نەتەوەی کورد هاتووە.

ئەگەر سیاسـەتی ڕژێمـی پەهـلەوی لە کۆنـدا بەو جـۆرە بوبێت، بـۆ فەوتاندنی لەسەر خۆی گەلی کورد. ئەوا سیاسەتی ڕژێمی تازەی ئێران لەگەڵ درێژەپێدانی هەمـان سیاسـەتدا، بەکارهێنـانی چەک و بە کـۆمەڵ کوشـتن و وێرانکردنـی هەر جـێگەو بەرەیەکە، کە داخـوازیی خەڵکـی لەسەر بێ بۆ مافە ڕەواکانیان. کوردستانی بندەستی ئێرانیش هەروەکو بەشەکانی تری کوردستان کە لکێندراون بەو دەوڵەتانەوەو لەژێر زەبری سیاسەتێکی داگیرکارانەدایە، وەکو هەمان سیاسەتی تورکیا. ڕۆژهەڵات ناس (پرۆفیسۆر م. س. لازاریف) زانستییانە هەستی بەوە کردووە کە (سەرانسـەری نـاوچە کوردییەکـانی ئەو وڵاتـانە بە ئاشـکرا جیاوازییـان

پێوە دیارە، کە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتورییان نزمترە لە ناوچەکانی تری ئەو وڵاتانە).[٥٩]

لە ساڵی (١٩٧٩)یشدا، کاتێک گەلانی ئێران لەدژی ستەمی شا ڕاپەڕین، نزیکەی (٨،٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن کورد لەو شۆڕشەدا بەشدار بوون و ڕۆڵیان نیشاندا و قوربانییان دا. کەچی فەرمانڕەوایانی نوێی ئێران دەرهەق بە کورد هەر هەمان سیاسەتی پێشوویان پەیڕەو کرد و هەر لە ساڵی (١٩٨٣) دا (٥٩) کەسیان بەیەکەوە لەسێدارەدا.[٦٠] بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران نەهامەتییەکانی کورد زیادی کردو کوردان ترسناکتر لە سیستەمەکانی تری فەرمانڕەوایی ئێران جینۆساید کران. لە (١٩٧٩/٨/١٨)، خومەینی فەتوای جیهادی دژی خۆرهەڵاتی کوردستان دەرکرد و زیاتر لە (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار سەرباز و ئەرتەشی لە (٣،٠٠٠) سێ هەزار بنکەی سەربازیدا جێگیر کرد بۆ چەوساندنەوە و سەرکوت کردن و جینۆسایدی کورد.[٦١]

پیتەر پلیچ لە کتێبی (ئیسکۆرت بەرەو تاران)دا، نووسیویەتی (ئێران یاسای مارە بڕینی کاتی، واتە سیغەی بەسەر کوردستاندا سەپاند بۆ ئەوەی ژنە کورد لەلایەن پازدارانەوە ناچاربکرێن لەو شوێنانەی کە جێگیرکراون سیغە بکرێن... ئەو جۆرە بەزۆر ژنهێنانە خۆی لەپاکژکردنەوەی ڕەگەزی دەدا، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زارۆکان کوردایەتییەکەیان ونبکەن و هاوپەیوەندی ژنان بە وڵاتەکەیانەوە دابڕن).

تەنها لەماوەی (١٢) دوانزە ساڵی حکومەتی ئێستای ئێراندا لە ساڵی (١٩٧٩ تاوەکو ١٩٩١) زیاتر لە (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار کورد بە گروپ و بە تاک کوژراون و جینۆساید کراون. ئەگەر لە ساڵی (١٩٩١ وە بۆ ٢٠١٤) کوشتار و لەسێدارەدان و گرتن و لەناوبردن ئەژمار بکەین، ئەوا

ئەو ژمارەیە دوو هێندەی تر بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار کەس، ئەمە جگە لە کردەوەی تیرۆریستی کە دژ بەچەندین سەرکردە ئەنجامیان داوەو پرۆسەی لەسێدارەدان کە بە بەردەوامی و تا ئەم ساتە بوونی هەیە.[٦٢]

هەر لەماوەی فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چەندین سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و کەسایەتی و ڕوناکبیری کورد بە پیلانێکی ناجوامێرانە کوژراون، لەوانەش فوئادی موستەفا سوڵتانی، ناسری سوبحانی، ئەحمەدی موفتی زادە، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و د.سادقی شەرەفکەندی.

**جینۆسایدی سەردەشت**

لە (١٩٨٧/٦/٢٨)، فرۆکە جەنگییەکانی هێزی ئاسمانیی عێراق، بەبۆمبی کیمیاوی شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی کوردستانیان بۆمبارانکرد و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی (١٢٠) سەدو بیست کەس و برینداربوونی (٨،٠٠٠) هەشت هەزار هاووڵاتی سڤیلی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری لەژن و منداڵ و پیر. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەپێی پرۆتۆکۆڵی ژنێڤی (١٩٢٥/٦/١٧)، قەدەغە کراوەو هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران-یش ئەندامن و واژووی پابەند بوونی خۆیان بەو پرۆتۆکۆڵەوە کردووە. هەروەها هەردوو دەوڵەت ئەندامن لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی نەتەوە یەکگرتووەکانی (١٩٤٨/١٢/٩) و واژووی پابەند بوونی خۆیانیان پێوە کردووە. دوای ئەوەی کە هیچ گومانێک هەڵناگرێت ئەو تاوانە جینۆسایدە، هەربۆیە هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق بەرپرسیارن، لەڕووی یاساییەوە.

**بەرپرسیاریێتیی ئێران**

بەرپرسیاریێتیی ئێران لەو تاوانەدا، بەپێی پرەنسیپی هەرێمیی ئەنجامدانی تاوانە. ئاشکرایە لەدوای دابەشکردنەکەی ڕێککەوتننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٣). شاری سەردەشت بەر کوردستانی ژێردەستەی ئێران کەوتووە و لەوکاتەدا و تا ئەمڕۆش لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە شارێکە لە هەرێمی ئێراندایە. کەواتە حکومەتی ئێران بەپێی پرەنسیپی هەرێمی، ئەو ماف و دەسەڵاتە یاساییەی هەیە کە هەر تاوانێک لە هەرێمەکەیدا ڕوودەدا دادگایی تاوانکارانی بکات و مافی تاوان بەرامبەرکراوانیش وەربگرێتەوە. ئەرکە یاساییەکەی حکومەتی ئێران لەوەدایە کە دەبوو لە ئاست شکاندنی سەروەرییەکەی و پێشێل کردنی مافی بوون و ژیان و ئازادیی هاووڵاتیانی هەڵوێستی مانادارى هەبوایاو قەرەبوی مادی و مەعنەوی و تەندروستی و ژینگەیی بۆ زیانلێکەوتوان وەربگرتایەتەوە. بەڵام حکومەتی ئێران ئەو هەڵوێستەی پیشان نەداو ڕاستگۆیانە هەستی بەو ئازارە قووڵە نەکرد کەبەر ئەو شارە کوردییە کەوت.

**بەرپرسیاریێتیی عێراق**

بەرپرسیاریێتیی عێراق لەو تاوانەدا بەپێی هەردوو پرەنسیپی هەرێمیی تاوان و بەرپرسیاریێتیی ڕەگەزنامەی تاوانکارانە.

پاش ئەوەی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی لە (٢٠٠٥/١٠/٩) بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) پێک هات. لەبڕگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دادگاکەدا هاتووە (دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت، بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کەلە عێراق نیشتەجێبێت، وە تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تاوانانەی کە باسکراون لە مادەکانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا و ئەنجام دراون لە (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١)، لە عێراق یان لەهەر شوێنێکی تردا).

ئەم مـــاددەیە دەســـەڵاتەکانی دادگـــای لە ڕووی کـــاتی بینینـــی تاوانەکانەکـانەوە دیـاریکردووە کە مـاوەکەی (٣٥) سـی و پێـنج سـاڵە. هەروەهـا دادگـا دەسـەڵاتی ئەوەی هەیە بـۆ دادگـایکردن بگەڕێتەوە بـۆ دواوە، ئەوەش ناڕاستەوخۆ گوزارشت کردنە لە گرتنە دەستی دەسـەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە لە عێراقدا. تـاکو ڕاگەیاندنی فەرمیی کۆتایهاتنی پرۆسـە سـەربازییەکانی ئەمریکـا لە عێراقدا. ئاشکراشـە کیمیابـارانکردنی سـەردەشـتیش لەو مـاوەیەدا ئەنجـام دراوە کە دادگـا لەڕووی کـاتەوە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە.

بڕگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، ئاماژەی بە دەسەڵاتی دادگا کردووە لە تایبەتمەندێتی شوێندا و دەڵێت دەسـەڵاتی دادگـا پەیڕەو دەکرێت بەسـەر هەمـوو کەسێکی سروشـتی ئەگەر هـاتوو عێراقـی بێـت یـان بیـانی کەلە عێـراق نیشـتەجێ بێـت وە تۆمەتباربێـت بەئەنجامدانی یەکێک لە تاوانە باسکراوەکانی ئەم ماددەیە لە عێراق یان هەر شوێنێکی تردا.

ئەو دەقە یاســاییە کە دەڵێــت (لەهەر شـــوێنێکی تــر)، مانــای ئەوەیە کەدەسـەڵاتی دادگـا کۆت نەکراوە بە تەنهـا لەهەرێمـی دەوڵەتـی عێراقـدا، درێـژ بـوونەوەی بـۆ (هەر شـوێنێکی تـر)، مەبەسـتی ئەوەیە کەدەسـەڵاتی دادگـا ئەو تاوانـانەش دەگـرێتەوە کە ئەنجـام دراون لەدەوڵەتەکـانی تـردا، وەک ئەو تاوانانەی کەئەنجام دراون لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، نمونەی ئەوەش شاری سـەردەشـت و هەروەهـا تـاوانی دەسـت درێژی کردنە سەر دەوڵەتی کوەیت.

کەواتە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، لەڕوانگەی یاسای دادگـاکەوە ئەرکیـەتی کە کەیسـی کیمیابـارانی سـەردەشـت بەجینۆسـاید بناسـێنێت و حکومەتی ئێستای عێراقیش وەک میراتگری حکومەتی بەعس، قەرەبووی

ماددی و مەعنەوی و تەندروستیی زیانلێکەوتوانی ئەو ئەو جینۆسایدە بکاتەوە.

ئەوەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێرانە، کە ڕاستگۆیانە لەژێر ڕووناکایی ئەو بەرچاو ڕوونییە یاساییە کە ئاماژەمان بۆ کردووە ئەو کەیسە بجولێنن و کاری دڵسۆزانە بکەن بۆ ئەوەی کەیسی کیمیابارنکردنی سەردەشت لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی یەکلایی بکرێتەوە.

لەئێستادا زیاتر لە هەشت ملیۆن کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ژێر فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەژین و بێبەشن لە مافە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگی و کەلتورییەکانیان. سەرەڕای ئەوەی کە جینۆسایدێکی لەسەر خۆیانەی فیزیکی و کەلتوری لە دژیان ئەنجام دەدرێت ڕۆژانە لاوانی کورد دەبرێنە بەر پەتی سێدارە و بە تۆمەتی ناڕەواو ژیانیان لێدەسێنرێت.

**باسی چوارەم/ جینۆسایدی کورد لە خۆرئاوای کوردستان**

خۆرئاوای کوردستان تا شۆڕشە بوون سەلمێنەر و ئازادیهێنەکەی کوردانی خۆرئاوا لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی سوریا-دابوو. ئەو بەشەی کوردستان بەچەندین شێوازی ترسناک جینۆسایدی لەدژ ئەنجام دراوە.

لەبەرئەوەی لە خۆرئاوای کوردستان، بەبەراورد بە بەشەکانی تری کوردستان شۆڕش و بەرخۆدانێکی کوردانە نەبووە هەربۆیە جینۆساید کردنی کوردان لەو بەشەی کوردستان ئاسانتر بووە. گەرچی ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨) دەڵێت (لایەنە ڕێککەوتووەکان ئەوە دەچەسپێنن کە جینۆساید لەکاتی ئاشتیدا ئەنجام بدرێت یان لەکاتی

جەنگدا تـاوانێکە بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی و پەیمـانی قەدەغەکـردن و سزادانی ئەنجام دەرانی دەدەن).

لە (١٩٢٦/٥/٣٠)دا پەیماننـــامەی دۆســـتایەتی لەنێـــوان تورکیـــا و فەرەنسـا-دا مۆرکرا. پاشـتر پرۆتۆکۆڵی ژمـارە (٨) وەکـو پاشـکۆی ئەو پەیماننـامەیە مـۆرکرا. لەبەرئەوەی ئەو کـاتە سـوریا لەژێـر فەرمـانڕەوای فەرەنسـادا بـوو، بەگـوێرەی مـاددەی (١)ی ئەو پرۆتۆکـۆڵە، سـوریا و تورکیـا پابەنـدن بە بەرهەڵسـتی کردنێکـی هـاوبەش لەدژی هەرکەس و دەستەیەک بێت لە نـاوچە سنورییەکانی نێوان هەردوولایـان. بەگوێرەی مـــاددەی (٣- ٤)یـش هەردوولا تاوانبـاران کە ئـاودیودەبن، دەگـرن و تەسلیمی یەکتـری دەکەنەوە. ئەوە ئاشـکرایە کە تاوانبـاران و چەکداران مەبەست لەو هێزو گروپە کوردیانەیە کە ئەو سەردەمە لە خەباتدا بـوون بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد.[٦٣]

کاتێـک گەلانــی سـوریا لە دژی داگیـرکەرە فەرەنسـییەکان ڕاپەڕیـن، کوردەکـانی خۆرئـاوای کوردسـتان ڕۆڵێکـی دیـار و کاریگەریـان هەبـوو، بەتـــایبەت لە شـــارەکانی قامیشـــلۆ و حەڵەب. بەڵام پـــاش دەرپەڕانـــدنی فەرەنسـییەکان و هـاتنە سـەر کـاری (شـوکری قـوەتلی) وەک نەریتـی هەمیشەیی داگیرکەر دژی کوردەکـان جوڵانەوەو تەواوی مـافە سیاسـی و شارستانییەکانیان پێشێلکردن کە هەر نەشیان بوو.[٦٤]

لەســاڵی (١٩٤٥ تــاوەکو ١٩٥٨) دەوڵەتــی ســوریا هەمــوو ئەفســەرە کوردەکـان لە سـوپا دەردەکـات. لە سـاڵی (١٩٥٨) ڕێگـا لە خوێنـدکارە کوردەکان دەگرێت بچنە کۆلێژی سەربازی و پۆلیس. گۆرانی و نوسـین و چـاپی کـوردی لە هەمـان ئەو سـاڵانەدا قەدەغەکـرا. هەر لەو سـاڵانەدا (١٥٠٠٠) پـــانزە هەزار خێزانــی عەرەب هێنــرانە نــاوچە کوردیەکــان و نیشـتەجێکران. لە سـاڵی (١٩٦٢) حکـومەتی سـوریا سـەرژمێریی گشـتیی کـــردو بەپێـــی ئەو ســـەرژمێرییە (٩٠%) ی کوردەکـــان لە مـــافی

هاونیشتیمانی بێبەشکران و ناسنامەیان لێزەوت کرا.[٦٥] پرۆژە نهێنییەکەی (محەمەد طلب هلال) لێپرسراوی سیاسیی ناوچەکانی جزیرە ساڵی (١٩٦٣) بەناونیشانی لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ناوچەی جزیرە لەڕوانگەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. تابلۆیەکی دیاری سیاسیی سوریایە و نەخشەی لەناوبردنی گەلی کوردی لەچوارچێوەیدا داڕێژراوە. ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە زۆر بەڕاشکاوی سیاسەتی جینۆسایدی تێدا دیاری کراوە لەدژی بوونی نەتەوەی کورد. محەمەد طلب هلال دەڵێت (هیچ گەلێک نییە ناوی کورد بێت، هەرگیز زمانێک نادۆزینەوە ناوی زمانی کوردی بێت، کوردەکان نیشتیمانێکی نەتەوەییان نیە، بەڵکو کەسانێکی دانیشتوانی چیاکانن، گەلی کورد مێژوو و شارستانی و زمانی نییەو بەڵکو ڕەگەزیشی نییە)[٦٦]. محەمەد طلب هلال وەک کاربەدەستێکی گەورەی سوریا ئەو لێکۆڵینەوە ناڕاست و هەڵبەستراوە دەکات بە پرۆژەیەکی سیاسی و بە نوسراو بەرزی کردووەتەوە بۆ سەرانی دەوڵەتی سوریا. ئیتر ئەوە بووە بەسیاسەتی جینۆسایدی دەوڵەتی سوریا و بە کردار کاریان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە کردووە.

بەگوێرەی سیاسەتی پشتێنی عەرەبی (١٤٠،٠٠٠) سەدو چل هەزار جوتیار و ڕەنجدەری کورد جێگاکانیان بە عەرەب پڕکرانەوە و زیاتر لە (٦٠،٠٠٠) شەست هەزاری تریش ڕوویان کردە تورکیاو لوبنان و شوێنەکانی تری سوریا.

لەئەنجامی ئەوە (٣٣٢) سێسەد و سی و دوو گوندی کوردنشین ڕاگوێزران و لەشوێنیاندا و بە ناوی دامەزراندنی باغ و بێستان، عەرەبەکانی تێدا نیشتە جێکران و ناوچەکە تەعریب کرا.[٦٧]

بەپێی برگەکانی (١- ٢)ی ماددەی (١٥)ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ (هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە مافی

هاونیشتیمانی (ڕەگەزنامە)ی پێبدرێت. هیچ کەسێک نابێت لە خۆوە مافی هاونیشتیمانیی یەکەمی لێ بسەندرێت). ڕوداوەکانی ئەو کات و سەرژمێریی ساڵی (١٩٦٢)ی پارێزگای حەسەکە، (١٢٠٠٠٠ تاوەکو ١٥٠٠٠٠) سەد و بیست هەزار تاوەکو سەدو پەنجا هەزار کورد کە لەماوەی هەموو ژیانیان لە سوریا ژیابوون، لە مافی هاووڵاتی بوونیان بێبەشکران و بە بیانی یان بێ وڵات پۆلێن کران.

بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (٧)ی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان و بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢٤)ی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکان (هەموو منداڵێک دەستبەجێ دوای لەدایک بوونی دەبێت ناوی بۆ دابنرێت و تۆماربکرێت و ڕەگەزنامەی پێبدرێت).

لە سوریا ئەو مافە یاساییە پێشێل کراوەو. هەموو منداڵێک بەعەرەبی سوری دادەنرێت لەژێر یاساکانی ڕەگەزنامەی سوریا کەلەو دەوڵەتەو لە باوکێکی خاوەن ڕەگەزنامەی سورییەوە لەدایک ببێت، یان لە سوریا و لەدایک و باوکێکی نەناسراو یان بێ وڵات لەدایک ببێت، یان لە سوریاو لەدایک و باوکێکی بێگانە لەدایک ببێت کە منداڵەکە ناتوانێ ڕەگەزنامەکەیان وەربگرێت.[٦٨] نکوڵی کردن لەپێدانی مافی ڕەگەزنامە بۆ زۆر لەمنداڵانی کورد لەلایەکەوە گاڵتە کردن و پێشێلکردنی یاساکانی نێودەوڵەتی و یاساکانی خودی سوریایەو لەلایەکی ترەوە جینۆسایدێکی کەلتورییە کە هەموو منداڵێک بە عەرەبی سوری ئەژمار بکات کە لەناو خاکی سوریا لەدایک ببێت.

بە پێی بڕگەی (١- ٢)ی ماددەی (١٦)ی جاڕنامەی جیهانی مەفەکانی مرۆڤ و بڕگەکانی (٢- ٣)ی ماددەی (٢٣)ی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکان (هەموو پیاو و ژنێک کە گەشتوونەتە تەمەنی یاسایی، مافی ئەوەیان هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ سنورێک لەباری نەژاد، نەتەوە، یان ئاینییەوە ببنە هاوسەری یەکتری و ژیانی هاوسەری

پێک بهێنن. له تەواوی ماوەی هاوسەرێتی و لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرێتیدا، ژن و پیاو لەکاروباری پەیوەندیدار بەژیانی هاوسەری مافی وەک و یەکیان هەیە و پێکهێنانی ئەو ژیانە هاوبەشەش دەبێت بەڕەزامەندی تەواو و ئازادانەی ژن و پیاو بێت).

کەچی دیسان له سوریا ئەو مافه یاساییه نێودەوڵەتییه که گەرەنتی کراوەو ناسێنراو و دانپێدانراوە، بەڵام بۆ کوردان پێشێلکراوە. ژنانی سوری ناتوانن بەکوردانی ناهاووڵاتی واته بێڕەگەزنامه شووبکەن؛ ئەگەر هەوڵ بدەن به بیانییەکی له سوریا لەدایک بوو شوبکەن ئەوا ئەو هاوسەرگیرییه بەشێوەیەکی یاسایی دانیپێدا نانرێت و هەموو موڵک و ماڵێک بەناوی ژنەکەوە دەنوسرێت و پاش مەرگی، ئەگەر هیچ کەسێکی نەبێت ئەوا موڵکەکه دەگوازرێتەوە بۆ حکومەت. ئەو موڵکه نەدەدرێت به مێردەکەی و نه بەمنداڵەکانی. بەو جۆره نەریتەکانی سوریا لەدژی پیاوانی کوردی ناهاووڵاتی و ژنانی سوری جیاکاری دەکات و لەزۆربەی منداڵانی کورد لەبوون بەخێزانێکی یاسایی دانپێدانراو ڕێگری دەکەن.[٦٩]

له ماددەی (٢٦)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە:

* بڕگەی (١) هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیه بخرێته بەرخوێندن و پەروەردە بکرێت. پەروەردە و فێرکردن لانی کەم بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و بنەڕەتی دەبێت بەخۆڕایی بێت. خوێندنی سەرەتایی بەزۆر دەبێت بخوێندرێت و خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی دەبێت بکرێته گشتی و دەستڕاگەیشتن به خوێندنی باڵا دەبێت به یەکسانیی تەواوەوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێت تا هەموو بتوانن بەگوێرەی مایەو توانای خۆیان سودی لێ وەربگرن.

* بڕگەی (٢) ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبێت بۆ پێگەیاندنی هەمەلایەنی کەسایەتیی مرۆڤ و برەودان بەڕەچاوکردنی مافەکانی

مـرۆڤ و ئـازادییە بنەڕەتییەکـان بێـت. پەروەردەو فێرکـردن دەبێـت لەخزمەت پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی باشترو پیکەوە ژیان و دۆستایەتي نێوان هەمـوو نەتەوەکـان و گشـت نەژاد و ئاینەکـان  بێت، و هەروەهـا یـارمەتی پەرەپێـدانی تێکۆشـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـدات لە پێنـاو پاراستنی ئاشتیدا.

* بـڕگەی (٣): دایـک و بـاوک لە هەڵبژاردنـی جـۆری پەروەردەو فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە لەپێشەوەی کەسانی تر بن.

هەروەها لە ماددەی (٢٨)ی جاڕنامەی مافەکانی منداڵاندا هاتووە:

* بـڕگەی (١) دەوڵەتـان مـافی پەروەردەو فێربـوون بـۆ منـداڵان بەفەرمی دەناسن و بەتایبەتی بۆ بەدیهێنانی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی بۆ هەمووان دەکەنە زۆر و خۆڕایی، قوتابخانەی جۆراوجۆری فێرکردن و پیشەیی پێکدێنن و بەهەرزان یان بەخۆڕایی دەیدەن بەکەسانی دەس کورت و کەم داهات، ڕێگای چوون بۆ خوێندنگە باڵاکان بۆ هەمووان تەخت دەکەن و پشتیوانیی لێدەکەن، ڕاوێژکاری لەبارەی کار و پیشەوە بـۆ هەمـوو منـداڵان دابـین و کارئاسـانی دەکەن و بـۆ کەمکـردنەوەی ژمـارەی ئەو منـداڵانەی دەسـت لەخوێنـدن هەڵـدەگرن تێدەکۆشـن و هەنگاوی گونجاو بەمەبەستی چوونی بەردەوام و ڕێک و پێکی منداڵان بۆ قوتابخانە دەهاوێژن.

* بڕگەی (٢) دەوڵەتانی ئەندامی جاڕنامەکە هەوڵی خۆیان دەدەن تا ڕەوتـی پەروەردە و فێرکـردن  لە قوتابخانەکـان لەگەڵ ڕێـزو کەرامەتـی مرۆییدا بێتەوە و لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم جاڕنامەیەدا بگونجێت.

* بـڕگەی (٣) دەوڵەتەکـان پێشـوازی لەهاوکـارییە نێودەوڵەتییەکـان لەبـواری پەروەردەو فێرکردنـدا دەکەن و تـایبەتی لەسـەر نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری و پەرەپێـدانی زانسـت و تەکنیـک پێـداگری دەکەن و

لەوبـارەوە پێویسـتییەکانی وڵاتـانی لەبـاری گەشـەکردندا، سـەرنجی زیاتریان دەدرێتێ.

سـەرەڕای ئەو گەرەنتییە یاسـاییە نێودەوڵەتییـانە بۆمـافی پەروەردەو فێرکـردن. کەچـی ڕژێمـی سـوریا ئەو مـافەی بـۆ کـوردان نەناسـاندووەو دەستەبەرنەکردووە و بەقوڵی و بەچەنـدین شـێوازی جۆراوجۆر پێشـێلی کردووە. (کەریم یەڵدز) لەچاپی یەکەمی کتێبەکەیدا ساڵی (٢٠٠٩) (کورد لە سـوریا گەلێکـی لە بیـر کـراو) دا دەنووسـێت (کـوردانی ناهـاووڵاتی ئەوانەی کە ڕەگەزنامەیـان پێـنەدراوەو نیـیە دەتـوانن بەدیبلـۆم بـگەن و هەندێک جاریش دەتوانن تـا زانکـۆ بچـن، ئەگەر حەزبکەن یاخود پارەی پێویسـتیان هەبێـت. بەڵام لەشایسـتەبووندا دووچـاری تەنـگ و چەڵەمە دەبنەوە و ناتوانن لەشوێنی حکومیدا دابمەزرێن. لەوەش زیـاتر هەنـدێک قوتابخانە، وەک قوتابخـانە سـەربازییەکان، قوتابخانەکـانی ڕۆژنامەنوسـی و پزیشـکی دەرگاکـانی خۆیـان لەو کـوردانە داخسـتووە. تەنـانەت ئەگەر کـوردێکی بـێ ڕەگەزنـامە دەسـتی بەخوێنـدنی ناوەنـدی یـان بـاڵا بگـات، وەزارەتـی پەروەردە داننانێـت بە بڕوانـامەکەی و ئەو کـوردە ناتوانێـت ئیشـێک لەئاسـت بروانامەکەیـدا وەربگرێـت. بەو جـۆرە کـوردانی بێڕەگەزنامە پەلە قاژێ دەکەن بۆ ئەوەی بچنە سەر ئیشێک کە زانست و ئەزمونیـان تێیـدا ڕەنـگ بـداتەوە. سـەرباری ڕێبـازی تـایبەتی جیاوازیکـارانەی حکـومەت بەرامـبەر بە پەروەردەو خوێنـدن و دەرفەتەکـانی بەردەم منـداڵانی بێڕەگەزنـامەی کـورد، زۆر جـار منـداڵانی کـورد ناچـارن ئـیش بـکەن و بـۆ مەبەسـتی یارمەتیـدانی داهـاتی خێـزان لەخانووسـازی، خواردنگەکـان، عەرەبانەکـانی سـەر شـەقام و شـوێنی تـر کـار بـکەن. هەرچەنـدە ئەو هەلـومەرجە بەتەنیـا تـایبەت نیـیە بەمنـداڵانی کورد و لەزۆر کەرتی کۆمەڵگای سـوریدا ڕوودەدات، بەڵام ئەو ڕاسـتییەی کە زۆرتر کۆمەڵگا کوردییەکان هەژارن بووەتە هـۆی تەنگوچەڵەمەیەکی

هـاوبەش لەنـاو کوردانـدا و لەمنـاڵانی کـورد زیـاتر ڕێـگە دەدرێـت بـۆ وەدەست خستنی دەرفەتی یەکسان لە پەروەردەو خوێندندا.

ئەو پێشـێلکارییە یاسـاییانە بەرامـبەر بەهەردوو بەشـی بـاکوور و خۆرهەڵاتی کوردسـتانیش بە بنەمـا گیـراوە و منـداڵان لە مـافی یاسـایی بێبەشـکراون نـاتوانن بەزمـانی دایـک بخـوێنن و پەروەردە وەربگـرن و هەموو قوتابخانەکان بە زمانی تورکی و فارسییە. ئەوەش دەچێتە چوار چێوەی جینۆسایدێکی لەسـەر خۆوە، بەپێی بڕگەی (٥)ی مـاددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی.

لەپـاش شۆڕشـی تونسـییەکان و میسـرییەکان، گەلانـی سـوریاش (٢٠١١/٢/٤) یـان بە ڕۆژی ڕاپەڕیـن دژی ڕژێـمەکەی بەشـار ئەسـەد ڕاگەیانـد لەتـۆڕە کۆمەڵایەتیەتیەکانـدا. نەتەوەی کـورد لەو بەشـەی کوردسـتان (خۆرئـاوای کوردسـتان) بەڕابەرایەتیـی پـارتی یەکێتـی دیمـوکراتی سەرپەرشـتیی شۆڕشـێکی مـافخوازو یاسـاییان کـردو پـاش تێکۆشـانێکی گەوهەریـی و یاسـایی توانییـان بەشـێکی زۆری خـاکی کوردسـتان بـخەنە ژێـر ڕکێفـی خۆیـانەوە. دەیـان گەنـج و سـەرکردەی دیاریان خوێنیان ڕشت بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری. لەرۆژی (٢٠١١/١٠/٧) سەرکردەی کورد مەشعەڵ تەمۆ کوژراو لە مەراسیمی ناشتنەکەشیدا لە شاری قامیشلۆ کە نزیکەی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار کورد بەشدار بوون، هێزەکانی ڕژێمی سوری تەقەیان بەناو ئامادەبوانی مەراسیمەکەدا کردو پێنج کەسی تریان کوشت. ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی جینۆسایدێکی تر بوو لەپاش ئەوەی کوردانی ئەو بەشەی کوردستان دژی ئەو ڕژێمە شۆڕشێکی ڕەوایان هەڵگیرساند و ئەو بەشەی کوردستانیش جیاوازتر لە بەشەکانی تری کوردستانی داگیرکراو بێدەنگییەک گرتبوویەوە.

کــــوردانی خۆرئـــاوای کوردســـــتان لەئەنجـــامی شۆڕشــــەکەیاندا سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتییان بۆ خۆیان پێک هێناوە و لە چوارچێوەی سێ کانتۆندا (جەزیرە- عەفرین- کۆبانێ). دۆخی خۆیان بەڕێـــوە دەبەن و بە زۆرێـــک لە مافەکانیـــان شـــاد بـــوون و لە (٢٠١٦/٣/١٥)دا سیستەمی فیدراڵییان ڕاگەیاند.

پاش دروست بون و سەرهەڵدانی گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و بەرەی نوسرە هەر لەسەرەتاوە دژایەتییەکی قوڵی دەستکەوتەکانی ئەو بەشەی کوردستانیان کرد و لە (٢٠١٤/٩/١٤)دا بە پیلانێک مەترسیدارترین پەلاماریان ئەنجامدا بۆ سەر کانتۆنی کۆبانێ و گەمارۆیەکی چوار مانگییان خستە سەر ئەو کانتۆنە.

کوردانی ئەو بەشەی کوردستان بەهاوکاریی شۆڕشگێڕانی هەر چوار بەشی کوردستان پاش بەرگرییەکی گەوهەریی-خوێناوی و کوژرانی (٤٠٨) چـوار ســەدو هەشــت شــەرڤانی یەپەگەو چەنـدین پێشــمەرگەو گەریلای بەشەکانی تری باشوور و باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان. لە ئەنجامدا توانییان لە (٢٠١٥/١/٢٧) تەواوی شاری کۆبانێ ڕزگار بکەن و کەرامەتـی دانیشتوانەکەشـی لەو جینۆسـایدە بپـارێزن کە بەشـێوازێکی ترەوە لەسەریان ئەنجام دەدرا.

جــارێکی تــر هێزەکــانی داعــش بەهاوکــاریی حکــومەتی تورکیــا لە (٢٠١٥/٦/٢٥) جینۆسایدێکی تری لەکۆبانی ئەنجامداو لەئەنجامدا (٢٠١) دوو ســەد و یەک هـاوڵاتی سـڤیل کـوژران و (٢٠٠) دوو ســەدی تـریش بریندار بوون.

هەنووکەش گەنجەکانی ئەو بەشەی کوردستان و گەنجانی پشتیوان لەهەرچـوار بەشـی کوردسـتانەوە خـوێنی ئـاڵ دەبەخشـن بـۆ پاراسـتنی خۆرئاوای کوردستان لەو جینۆسایدەی کە لەلایەن هێزەکانی داعشەوە لە دژیان ئەنجام دەدرێت.

**باسی پێنجەم/ جینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان**

لە (١٩٢١/٨/٢٣) داگیـــرکەرە بەریتانییەکـــان دەوڵەتـــی عێـــراق دادەمەزرێنن لەهەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغداد و پاشتریش لکاندنی ویلایەتـی موسـڵ (باشـوری کوردسـتان) بەدەوڵەتەکەوە. هەر ئەوەبـوو فەیسەڵی کوڕی حسین ئەو پیاوەی کە لەژیانیدا پیاسەیەکیشی بەعێراقدا نەکردبـوو دەیـکەن بە پاشـای عێـراق.[٧٠] هەر ئەوەش بـوو بە بڕیـارێکی کـــۆمەڵەی نەتەوەکـــان لە (١٩٢٥/١/١٦) بەفەرمـــی ویلایەتـــی موســـڵ (باشـوری کوردسـتان)ی کـردە بەشـێک لە جەسـتەی سیاسـیی دەوڵەتـی نەتەوەیـی عێـراق. بەڵام بەشـێکی جیـاواز، هەربـۆیە ڕژێمە عێـراقییە یەک لەدوای یەکەکان، بەردەوام لەهەوڵی داڕشتنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی و جـوگرافی و مێژوویـی ئەو هەرێـمەدا بـوون، بە داڕشـتنێکی عەرەبییـانە لەپێنـاو نەهێشـتنی هەمـوو مـۆرکێکی جیـاواز لەنێـوان عێراقـی عەرەبـی و کوردسـتاندا.[٧١] ئەو سیاسـەتەش بەجینۆسـایدکردنی کـورد دەسـتپێکرد، بەڕێگـا جۆراوجۆرەکـانی جینۆسـاید کـردن. هەربـۆیە فەرمـانڕەوا عەرەبە ناسیۆنالیسـتەکان بـۆ ئەوەی بیسـەلمێنن لە دەوڵەتەکەیانـدا یەک نەتەوەی لێدەژی دەستیان کرد بە ئەنجامدانی جینۆساید و سڕینەوەی نەتەوەکانی ترو لەناویشیاندا کورد.

بەردەوام ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەماوەی (٢٧) بیسـت و حەوت سـاڵ فەرمـانڕەوایی مۆنارشـی سـتەمکاری و (٣٥) سـی و پێـنج ســـاڵ فەرمـــانڕەوایی کۆمـــاریی دیکتـــاتۆری و (١٣) ســـیانزە ســـاڵ فەرمـانڕەوایی فیـدراڵیی سـاختە. واتە تـاهەنوکە بەردەوام ئەو ڕژێمـانە ڕاسـتگۆیانە نەیانویسـتووە مافەکـانی گەلـی کـورد بناسـێنن و بەردەوام کێشـە بـوون بـۆ کـورد و ناپاکییـان بەرامـبەر بە بەڵێنەکانیـان کـردووە. نکوڵییـان کـردووە لەدیـاریکردنی مـافی چـارەی خۆنووسـینی کـورد و مافەکانیان پێشێل کراوەو چەوسێنراونەتەوە تا پلەی جینۆساید کردنیـان.

دەتـوانین بڵـێن قـووڵترین جینۆسـاید لەدژی کـورد لەنێـوان هەر چـوار بەشــی کوردســتانی داگیرکــراو و دابەشــکراودا لە بەشــی باشــووری کوردسـتان ئەنجـام دراوەو تێیـدا قەدەغەکراوتـرین چەکە کیمیاوییەکـان بەکارهات و کۆمەڵگای نێودوڵەتییش بێدەنگیی هەڵبژارد و هەڵوێستێکی یاسایی لە ئەنجومەنی ئاسایش نەبینرا بۆ سەرکوتکردنی ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکەو قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و بەئامانجکراوانی جینۆساید کە کورد بوون.

لە ســاڵانی (١٩٣٣- ١٩٣٤) بــۆ دامرکانــدنەوەی ڕاپەڕینــی بــارزان هێزەکانی سوپای عێراق و بەریتانیا کەوتنە هێرش و وێرانکردن. تەنیا لە ناوچەکـانی بەرۆژ، مـزووری و شـێروان (٧٩) حەفتـاو نـۆ گونـد وێـران کــران، لە ســەرجەمی (٢٣٨٢) دوو هەزار و سێســەد و هەشــتاو دوو خانووبەرە، (١٣٦٥) هەزار و سێسەد و شەست و پێنج خانویـان سوتاند و ڕوخاند. واتە لە (٦٠%) ی وێران کران.

هاوینی ساڵی (١٩٦١)، ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، هێرشی کردە سەر کوردستان و نیوەی زیاتری سوپای عێراقی بەهێرش لە دوای هێرشی بەردایە سـەر دانیشـتوان. تـا لەمـاوەی سـاڵ و نیوێکـدا نـزیکەی (٣،٠٠٠) سێ هەزار کەس کوژران، کە زۆرینەیان خەڵکی سڤیل بوون، زیاتر لە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار ئاوارە بوون و کەوتنە چیا، (١٥٠) سـەدو پەنجا گوند و شار وێرانکران. لە (١٩٦٣/٦/١١) دیسانەوە شەڕ هەڵگیرسایەوەو لە مانگی یەکەمی هێرشەکەدا نزیکەی (٢٠٠) دوو سـەد گونـد سوتێنران و زیــاتر لە (٢،٠٠٠) دوو هەزار کەســیش کــوژران.[٧٢] لە (١٩٦٣/٦/٩)دا بەعسیەکان بەسەرکردایەتیی زەعیم سدیق مستەفا، بەبێ لێکۆڵینەوە و دادگـاییکردن (٣٦٠) سێســەد و شەســت کەســیان لە شــاری سـلێمانی لەسـێدارەدا. دواتـر لە شـوێنێکدا نێـژران کە لەدواییـدا بەدەشـتی مەرگ ناوبرا.[٧٣]

له (١٩٦٣/٧/٩)، ڕژێمی عێراق جاڕی قەدەغەکردنی هاتووچۆی دا و کەوتە ڕەشبگیرکردنی خەڵکی. بەسەدان کەس و لەهەموو تەمەن و چین و توێژێک دەستگیرکران، (٨٣) هەشتاو سێ کەس لەپشتی حامییەی سلێمانییەوە گولە باران کران. لەو هێرش و پەلامارانەشدا، سوپای عێراق کەوتە گیانی پیاو و ئافرەت و منالان و سوکایەتی کردن بە ژنان بە بەرچاوی مێردەکانیانەوە کە بەسترابوونەوە. (٥،٠٠٠) پێنج هەزار کەس گیران و (٢٧٦) دووسەدو حەفتاو شەش کەس کوژران و بە بلدۆزەر تەرمەکانیان شاردنەوە. هاوکات لە شاری کۆیە ڕژێمی عێراق کەوتە گیانی ژن و منداڵ و پیرە مێردی بێ تاوان و (٢٠) بیست کەس بە دار تێلەکانەوە بەسترانەوەو گولە باران کران.[٧٤]

له (١٩٦٣/٦/١٣)، ڕژێمی بەعسی عێراقی بەربووە گیانی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی کەندیناوەی سەر بە هەولێر و گوندەکانیان بە مزگەوت و قوتابخانەکانەوە سوتاند و وێران کردن، کۆمەڵێ خەڵک شەهید کران، هاوکاتیش بەعسییەکان کەوتنە عەرەبکردنی ناوچەکە. قۆناغی یەکەم لە حوزەیرانی (١٩٦٣)وە دەستی پێکرد، قۆناغی دووەمیش لە (١٩٧٥)ەوە و قۆناغی سێیەمیش لە (١٩٨٧)ەوە سەرجەم (١٥٣) سەدو پەنجاو سێ گوند بەعەرەبی کران، تەنانەت ناوی گوندەکانیش کران بە عەرەبی.[٧٥]

له (١٩٦٣/٧/١٠)، (٤٠،٠٠٠) چل هەزار کوردی دەوروبەری شاری کەرکوک دەربەدەر کران. دانیشتوانی گوندەکانی ئەو مەڵبەندە ڕاگوێزران و عەرەبی خێڵەکییان لەجێگاکانیان دانا، ماڵە کوردەکان بە بلدۆزەر تەخت کران و خوێندن و نووسین بە کوردی قەدەغە کران، و کەوتنە عەرەبکردنی ناوە کوردیەکان و تالانکردنی سەروەت و سامان و باخ و سوتاندنی بێستانی خەڵکەکە. لە ئەنجامی هێرشی سوپای عێراقەوە بۆ سەر کوردستان لە (١٩٦٣/٦/١١)وە تا (١٩٦٣/٧/٢٣) سەرجەم (٨٧٥) هەشت سەدو حەفتاو پێنج گوند وێران کران.[٧٦]

**یەکەم/ جینۆسایدی کوردانی فەیلی**

زاراوەی (فەیلــی) بە کـۆمەڵە هـۆزێکی کـوردي لـوڕی دەوترێـت کە نیشتەجێی (پێشکۆ و پشکۆ)ی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوون. زاراوەی کوردی فەیلی بۆ جیاکردنەوەی ئەو توێژەی کورد بەکاردەهێنرێت، کە لەڕووی ڕێبازی ئاینییەوە پەیڕەوی ئاینی ئسیلام شیعە ڕێباز دەکەن. واتە ناولێنانەکە لەسەر بنەمای ڕێبازی ئاینییە نەک نەتەوەیی. ناوی لوڕ بەو هـۆزانە دەوترێت کە لەبەشـی خـۆرهەلآت و باشـووری کوردسـتان نیشتەجێن و بە هەموو لوڕەکانی دانیشتوانی عێراق دەوترێت (فەیلی).

کــوردی فەیلــی بەشــێکی ســەرەکین لە نەتەوەی کــورد. فەیلــی بەو کــوردانە دەوترێــت کە بەزۆری لە شــارو شــارۆچکەکانی ناوەڕاســت و باشووری عێراق نیشتەجێن و بە شێوەزاری لوڕی دەدوێن و پەیڕەوی ڕێبــازی شــیعە دەکەن لەڕووی ئــاینییەوە. ڕەگ و ڕەچەڵەکــی کــوردە فەیلییەکـــان دەگەڕێـــتەوە بـــۆ هینـــدو ئەوروپاییەکـــان و لە نـــاوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران و شاخەکانی زاگرۆس ژیاون. لە ئێســتادا زیــاتر لە شــارەکانی (خــانەقین، شــارەبان، مەنــدەلی، بەددرە، زەڕباتیە، جەسان، کوت، عەزیزیە) و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەشێکی زۆریان کۆچییان کردووە بۆ بەغداد و لەوێ دەژین. لە بەشی خـۆرهەلآتی کوردسـتان و ئێرانیشـدا لە شـارەکانی (قەسـری شـیرین، کرماشــان، خۆرئــاوای ئیســلام ئابــاد، ســەرپێلی زەهــاو وســاڵح ئابــاد) دەژین.[٧٧]

لە ســاڵی (١٩٢٤)، یاســای ڕەگەزنــامەی عێراقــی جەختــی لەســەر دابەشکردنی گەلی عێراق کردەوە بۆ سێ بەش لەسەر بنەمای ئاین و نەتەوە. کــوردە فەیلییەکــان لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوانــی ڕێبــازی شــیعە بوون، بەڕەچەڵەک ئێرانی ناونوسکران، بۆیە بەبەردەوامی کەوتنە بەر هێرشی دەسەلآتدارانی عێراق.

کــوردانی فەیلــی لە ســاڵی (١٩٦٣)وە ڕووبەڕووی جینۆســاید کــردن بوونەتەوە. لە ساڵی (١٩٧١)، (٤٠،٠٠٠) چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیـان (١٨٠،٠٠٠) سـەدو هەشـتا هەزار کەس دەبـوو، دەسـتگیرا بەسـەر موڵک و ماڵ و سامانیاندا و ئاودیوی ئێران کران. هەروەها لە سـاڵی (١٩٨٠) (٣٠٠،٠٠٠) سێسـەد هەزار کـوردی تـری فەیلـی ئـاودیوی ئێـران کـران، بە بیـانوی ئەوەی کە ئەوانە بەڕەچەڵەک ئێـرانین. لە کـۆی ئەو (٣٠٠،٠٠٠) سێسەد هەزار کوردە فەیلییە، (١٥) پانزە هەزار کوردیان لێ بێسەروشوێن کردن و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە.[٧٨]

لە (١٩٨٠/٤/٤)، (٢٢٠،٠٠٠ تــا ٣٠٠،٠٠٠) دوســەدو بیســت هەزار تــا سێســەد هەزار کــوردی فەیلــی ڕەگەزنــامەی عێراقییــان لێســەندرایەوەو بەرەو سنوری ئێران دەرکران.[٧٩] ئەوەش پاش ئەوەی کە ڕژێمی بەعس بڕیاری ژمارە (٦٦٦) شـەش سـەد و شەسـت و شەشـی دەرکـرد و مـافی هاووڵاتیبوونی لێسەندنەوە.

لەمیانی پرۆسەی جینۆسایدکردنی کوردە فەیلییەکاندا سەدام حسین و ڕژێـمەکەی، داهێنــانێکی نوێیــان هێنــایە کــایەوە، ئەویــش ئەوەبــوو ئەو پیـاوەی عێـراقییەو ژنەکەی فەیلـیـە دەبـێ لێـی جیـابـبێتەوە، بەرامـبەر بە (٤،٠٠٠) چوار هەزار دینار ئەگەر سەرباز بێت، (٢،٥٠٠) دوو هەزار پێنج سەد دینار ئەگەر سڤیل بێت.

لە ســاڵی (١٩٨٠)دا، وەزیــری نــاوخۆی عێــراق، فەرمــانی وڵات بەدەر کردنـی کـوردە فەیلییەکـانی دەرکـرد. لە فەرمـانەکەی وەزیـری نـاوخۆی عێراقـدا هـاتووە (ئەو ئێرانییـانەی لە عێراقـدان و ڕەگەزنـامەی عێرقییـان نـیە، هەروەهــا ئەوانەشــی کە مامەڵەیـان کـردووەو بڕیاریـان لەبـارەوە دەرنەچــووە دەردەکــرێن. لەهەمانکاتــدا بڕیــارەکەی حکــومەتی عێراقــی ئەوەشی تێدا بوو کە لاوانی کوردی فەیلی لە تەمەنی (١٨ تـا ٢٨) سـاڵی، بگیرێن و لە بەندیخانەی پارێزگاکاندا تا مـاوەیەکی نادیـار دەس بەسـەر

بکـرێن و هەرکەسـێک لەو کـوردانەی ئـاودیوی ئێـران دەکـرێن ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت). بە پێی سـەرچاوەو ئامارەکان کە سـاغکراونەتەوە (٣٨٠،٠٠٠) سێسـەدو هەشـتا هەزار کوردی فەیلی ڕوو بەڕووی جینۆساید کردن بوونەتەوە.[٨٠]

لەدوای ڕوخـانی ڕژێمـی بەعـس، حکـومەتی عێراقـی بڕیـاری ژمـارە (٦٦٦) شەش سەدو شەست و شەشی هەڵوەشاندەوە، کە پەیوەست بوو بە سـەندنەوەی ڕەگەزنـامەی عێراقـی لەلایەن ڕژێمـی پێشـوو، و بە پێـی یاسـای ڕەگەزنـامەی عێراقـی سـاڵی (٢٠٠٦)، ژمـارەیەک توانییـان مـافی ڕەگەزنامە بەدەستبهێننەوە.

پاش پێکهێنـانی دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێـراق لە سـاڵی (٢٠٠٥)دا، کەیسی کوردانی فەیلی لە (٢٠١٠/١١/٢٩)، بە پێی ماددەی (١١)ی دادگاکە بە جینۆساید ناسێنرا، و پاش تێهەڵچونەوەی بڕیارەکە جارێکیتر دادگا لە (٢٠١١/٥/١٠)دا، بەجینۆسایدی ناساندەوە.

هەروەهـا ئەنجـومەنی وەزیرانـی عێـراق، بە بڕیـاری ژمـارە (٤٢٦)، لە (٢٠١٠/١٢/٢٧)دا کەیسی کوردە فەیلییەکانی بە جینۆساید ناساند.

**دووەم/ جینۆسایدی قەڵادزێ**

شــارۆچکەی قەڵادزێ ســەر بە پارێزگــای ســلێمانییە و دەکەوێــتە بـاکووری خۆرهەڵاتی شـاری سلێمانییەوە، مەڵبەنـدی دەڤەری پشـدەرە. لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاکەیەوە شـوێنێکی شـاخاوییەو لەبار بووە بۆشــۆڕش و ڕاپەڕینەکــانی کــورد و گەلێــک لاوی نەبەردیشــیان لەو پێنـاوەدا خوێنی ئاڵیـان بەخشـیوە هەربـۆیە لەلایەن ڕژێمـی بەعسـەوە بە ئامانجکراوە.[٨١]

لە (١٩٧٤/٤/٢٤)، ڕۆژی چوارشـەممە، کاتژمێر (٩:٤٥) خولەکی بەیانی، کە ئەو ڕۆژە خۆرەتاو بوو، ڕژێمی عێراقی بۆمبارانی قەڵادزێی کـردوو

(١٣١) سەدو سی و یەک هاوڵاتیی شارەکە بە مامۆستاو خوێندکارانەوە کوژران. لەهەمان ساڵ (٩٠) نەوەد کەسی تر بە بۆمبی ناپاڵم و فسفۆڕی قەدەغەکراو لە سەر پردی گەڵاڵە کوژران.[٨٢]

دادوەر تەها بابان لە کتێبەکەیەدا (کۆستی شارێک)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی کوژراوەکان (١٦٣) سەدو شەست و سێ کەسن و بریندارەکانیش (٣٨٠- ٤٥٠) سێسەد و هەشتا بۆ چوار سەدو پەنجا کەس بوون.

زانکۆی سلێمانی لەو کاتەدا بۆ قەڵادزێ گوێزرابویەوە. لە کوردستان تەنها زانکۆی سلێمانی هەبوو. مامۆستاو کاربەدەستانی زانکۆ زۆربەیان خەڵکی سلێمانی بوون، بۆیە هەر شارەزای ناوچەی سلێمانی بوون لە ناوچەی سلێمانییشدا قەڵادزێ باشترین شوێن بوو چونکە پان و بەرینە و لە هەر چوار لاوە بە شاخی سەخت دەورە دراوە بۆیە بۆ بەرگری زۆر گونجاو بووە هەروەها لە شارە گەورەکانەوە دوور بووە بۆیە ئەگەر حکومەت بیویستایە بیگرێتەوە وا زوو بۆی نەدەگیرایەوە دیسان هەر لەو هۆیانە نزیک بوو لە ئێرانەوە بۆ پەنابردن لە کاتی لێقەومانا وەیان هێنانی شتومەکی پێویست، ئەمە جگە لەوەی کە خەڵکی شارۆچکەی قەڵادزێ وە بەگشتی ناوچەی پشدەر لە هەموو سەردەمێکدا قەڵای شۆڕش بوون و دڵسۆز بوون بۆ پێشمەرگەو خزمەتێکی زۆریان کردوون و کوڕی ئازاو جەنگاوەری ماندو نەناسیان لێ هەڵکەوتووە. بەڵام وەک هەموو شارۆچکەیەک ئەو بینایەیان نەبوو کە بۆ زانکۆ بەکاربێ. هەربۆیە گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی هۆکاری سەرەکیی بۆمبارانکردنی قەڵادزێ بوو. چونکە یەکەم هەنگاو بوو بۆ دروستکردنی دەزگای شارستانی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، کە ئەوە بەلای ڕژێمەوە سەرەتایەک بووە بۆ دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراقدا کە حکومەت زۆر لێی ئەترسا بۆیە ئەوەی کرد کە کردی.[٨٣]

له ئەنجامی بۆمبارانکردنی قەڵادزێ جگە لە کوژرانی دەیان مامۆستاو خوێندکاری زانکۆی سلێمانی و هاوڵاتیانی شارەکە، هەروەها نزیکەی (٣٦) سی و شەش دووکان، (٢٣) بیست و سێ خانوو، هەروەها شوێنی تــوتن هەڵگــرتن کە کرابــوو بە بەشـــە نــاوخۆیی خوێنــدکارانی زانکــۆ، ئۆفیسی سەرۆکایەتیی زانکۆ، قوتابخانەی قەڵادزێی کچان، قوتابخانەی پشدەری سەرەتایی، قوتابخانەی ناوەندیی قەڵادزێ، خانوی پزیشک، بە شێک لە نەخۆشخانە، بینای شارەوانی و ماڵی قایمقام. خاپور و وێران کران.[٨٤]

له (١٩٨٢/٤/٢٤)، بە بـۆنەی هەشـتەمین سـاڵیادی بۆمبـارانی قەڵادزێ وە ڕاپەڕینیــک ئەنجــام دراو ئەو ڕاپەڕیــنە لە لایەن ڕژێمــی بەعســەوە ســـەرکوتکرا و لە ئەنجامـــدا (٢) دوو کـــوژراو و (١٠) دە برینـــداری لێکەوتەوە و نزیکەی (١٠٠) سەد کەس دەستگیر کران کە زۆرینەیان لە قوتابخانەی کچان بوون.[٨٥]

ڕژێمـــی بەعـــس لە (١٩٨٩/٦/٢٦)دا، دەســـتی کـــرد بە ڕاگواســـتنی شـــارۆچکەی قەڵادزێ و تەواوی نـــاوچەی پشـــدەر بـــۆ ئۆردوگـــا زۆرە ملێکـان کە کەمتـرین پێداویسـتیی ژیـانی تێـدا بـوو. هەروەهـا هەسـتا بە تەقانــدنەوەو وێرانکردنـــی قوتابخـــانە و مزگەوتەکـــان نـــاوچەکەش بە ناوچەی قەدەغەکراو دانرا و هیچ کەس لە خەڵکی ناوچەکە بۆی نەبوو بە سەردانی کاتییش بچێتە ناوچەکە.[٨٦]

کەیسـی بۆمبـارانکردنی قەڵادزێ لە (١٩٧٤/٤/٢٤)، کە هەمـوو پێـوەرە یاســاییەکانی تــاوانی جینۆســایدی تێــدایە تــا ئێســتا بەجینۆســاید نەناسێنراوە.

بەڵام کەیسـی ڕاگواسـتنی قەڵادزێ و پشـدەر (١٩٨٩/٦/٢٦)، لە لایەن دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقەوە، بە پێی ماددەی (١١) یانزە لە یاسای ژمـــــارە (١٠) دەی ســـــاڵی (٢٠٠٥) لە بەرواری (٢٠١٣/١٢/٢٦)وە بە

جینۆسـاید ناسـێنرا. ئەوەش هەمـوو مـافێکی یاسـایی دەداتە هاوڵاتیـانی شـارەکە و زیـانلێکەوتوان و کەسـوکاری قوربانیـان کە لەبەردەم دادگـا شارسـتانییەکانی عێراقـدا داوای قەرەبـووی مـاددی بـکەن و ئەرکـی حکـومەتی ئێسـتای عێراقیشـە کە لەسـەر ئاسـتێکی گشـتی قەرەبـوی مەعنەویی شارۆچکەکە بکاتەوە.

**سێیەم/ جینۆسایدی بارزانییەکان**

بارزان ناوچەیەکی شاخاوییە، سەر بە پارێزگای هەولێرە و دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگاکەوە. دانیشتوانەکەی لەڕووی دیمۆگرافییەوە بەسـەر نـزیکەی (٤٠٠) چـوار سـەد گونـد دا دابەش بـوون. بارزانییەکـان لەیەکگرتنـی حەوت هـۆزی دەڤەرەکە پێـک هـاتوون (شـێروانی، بەرۆژی، نـزاری، دۆڵەمەڕی، مـزووری، هەرکـی بنەجـێ و گەردی). ئەو هـۆزانە لە پەیڕەوانی شێخانی بارزانن، هەر لەژێر ئەو چەترەش یەکیان گرتووە بە ناوی بارزانی.[٨٧]

پـاش ڕێککەوتننـامەی جەزائیـر (١٩٧٥/٣/٦) و شکسـت پێهێنـانی شۆڕشی ئەیلول. ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی پیلان بۆ داڕێژراو کەوتە جینۆسـایدکردنی بارزانییەکـان و لەسـەرەتادا بارزانییەکـان ڕووبەڕووی ئـاوارەیی بـونەوە بەرەو سـنوری خـۆرهەڵاتی کوردسـتان و ئێـران و بە شارە فارسە ئێرانییەکاندا بڵاو بونەوەو دابەشکران.

## یەکەم/ جینۆسایدی فیزیکیی بارزانیەکان

لە (١٩٨٣/٧/٣١) ڕژێمی بەعس بە هێزێکی گەورەوە کە پێک هاتبوو لە دەزگـا ئەمنییەکـان و گـاردی کۆمـاری، گەمـارۆی هەردوو کـۆمەڵگەی (قـودس و قادسـیە)یدا لە شـارۆچکەی قوشـتەپە. کە بارزانییەکـانی تێـدا نیشـتەجێبوون، دەسـتیکرد بە دەسـتگیرکردنی نێرینەی تەمەن (١٥) پـانزە

ساڵ تاکو پیرەمێردی (٩٠) نەوەد ساڵی و ڕاپێچی ناو پاسی پەردە پۆشکران و بەرەو شوێنی نادیار گواسترانەوە.[٨٨]

لە مانگی ئابی هەمان ساڵ، پەلاماری کۆمەڵگە زۆرە ملێییەکانی (بەحرکەو هەریر و دیانە)ی داو نێرینەکانیان دەستگیر کرد و بە پاسی گەورە بەرەو باشوور ڕەوانە کران. لە مانگی تشرینی یەکەم دووبارە هەڵیان کوتایە سەر هەردوو کۆمەڵگەی (قودس و قادسیە)، بۆ ئەو مێرد منداڵانەی کە جاری پێشوو دەستگیر نەکرابوون، و هەموویان دەستگیر کران. لەو پەلامارانەدا نزیکەی (٨،٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی بارزانی لە گەنج و پیر بەساغ و نەخۆشەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە لەڕووی دەروونییەوە تەواو نەبوون دەستگیر کران و شوێنبزرکران و ژن و منداڵەکانیشیان بەبێ سەرپەرشتی و بە ژیانێکی مەرگەساتی لە ئۆردوگاکان هێشتەوە. بەپێی بەڵگەنامەکان ئەو نێرینە بارزانییانەی کە تەمەنیان لە (١٥) پانزە ساڵ بەرەو سەرەوە بوو بۆ بەغدا گواستراونەوەو ڕەوانەی دادگای بەناو شۆڕش کران و بەشێوەیەکی ڕەمەکی لەسێدارەدراون و هەندێکی تریشیان بەشێوازی جۆراو جۆر بۆ بیابانی (بوسەیە) لە باشووری خۆرئاوای عێراق زیندەبەچاڵکران.[٨٩]

قوربانییەکان، بارزانییە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، ئەنجامدەری تاوانەکەش حکومەتی عێراق بوو بە پلەیەک، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خودای گەورە بە کورد و بە بارزانی دروستی کردبوون، هەروەها لەبەر ئەوەی وەک هەر مرۆڤێکی تری سەر ڕووی ئەم زەوییە داوای نەتەوە و خاک و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە. ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان، مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لەدەست دەدەن و دەبن بە دڕندە و دەست دەکەن بەخوێن مژین و لەناوبردنی خەڵکی سڤیل و بێگوناه و پیر و کەڕ

و لاڵ و کەم ئەقڵ و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەت و ژینگە بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانییەوە.

بەعسییەکانیش بۆ سەپاندنی تاک ڕەهەندی و هەژمونگەرایی خۆیان و کپکردنی دەنگی ئۆپۆزسیۆن و بیروڕای جیاواز، لەمینبەر گەلێکەوە زۆر بەخەستی ڕق و کینەیان بە کورد هەڵڕشت و هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و دیمۆگرافیی کوردیان داوە، بەدیماگوگیەت و عەقڵیەتێکی دوگما ڕەفتاریان دەکرد.

ڕاگواستن و جینۆسایدی بارزانییەکان لوتکەی سیاسەتی تاوان و مەرگەسات و سوکایەتی کردنە بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەت و ئازاردانیان، دوور لە هەموو بەها و داب و نەریتێکی مروڤایەتی. تۆقاندنی ئافرەت و منداڵ و چاندنی ترس و دڵەراوکێ لە دەروونیاندا ئامانجێکی سەرەکیی ڕژێمی بەعسی عێراق بوو لە پرۆسەی ڕاگواستن و جینۆسایدی بارزانییەکان.

سەرەڕای دەیان ساڵ ئاوارەبوون, ڕاگواستن, وێرانکردنی دێهاتەکان, سوتاندنی ژینگە, مین ڕێژکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانییەکان لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. لە ساڵی (١٩٨٣)دا، دڕندەیی ڕژێمی بەعس گەیشتە لوتکەو تاوانی لەناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار لە نێرینەی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لەناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر و بێ باوک و بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

تاوانێکی نەخشە بۆ کێشراو بوو، مەبەست لێی سەپاندنی جۆرە ژیانێکی پڕ لەئازاربوو. ڕژێمی بەعس بەم کارەی دەیویست کۆمەڵگای کوردستان لاوازبکات، جۆرە ژیانێکی تایبەت بە سەر ئافرەت و منداڵە

ڕزگاربووەکانـدا بسـەپێنێت. هێشـتنەوەی ئەشـکەنجەیەکی بەردەوام و سـزایەکی ناهەقـانەی بە کـۆمەڵ بـوو. ئۆردووگاکـان بـوون بەشـوێنی ئافرەتان و منداڵان.

ئەو بارزانییانەی جینۆسایدکران هەموویان خەڵکی بێتاوان و سڤیل و بێچەک بوون، هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو. دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخود نا، بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.

بەعس بە لەناوبردنی نێرینە بارزانییەکان نەتەوەیەکی ئازاردا. بەعس و حکومەت و دەوڵەتی عێراق دەیانویست هەموو ئەگەرێ بۆ گەڕانەوەی ژیانیان لەناوبەرن و ئایندەی کەسوکاری بارزانییە جینوسایدکراوەکان تیرۆر بکەن.[٩٠]

## دووەم/ جینۆسایدی بارزانییەکان و نەمانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ناشتنی مردووکان

سـەرەڕای جینۆسـایدکردنی فیزیکیـی بارزانییەکـان، ئەوەی ئـازارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەی قووڵتر دەکردەوە و تا ئێستاش کاریگەرییە قـوڵەکەی مـاوە. ئەوەبـوو بۆمـاوەیەکی دوور و درێـژ لەنـاو هەزاران مرۆڤـدا پرۆسـەی هاوسـەرگیری نەمـا و گۆڤەنـد و هەڵپەڕکـێ بـوو بە خەون و لە هـزر و بیـری ئافرەتـانی ڕزگـاربووی جینۆسـایدی بارزانییەکان.

بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی بارزانییەکان و دواتریش بەتایبەت لە ئۆردووگای (قودس و قادسیە) لە قوشتەپە و لە ئۆدووگاکانی تریش (حەریر و بەحرکە و دیانا)، هیچ هاوسەرگیرییەک ئەنجـام نەدرا. چـونکە هەمـوو پیـاو و مێردمنـداڵەکان لەگەڵ (٨،٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینۆسایدکران. تەنیا ئافرەت و منداڵ مـانەوە و ئافرەتـانیش هەرگیـز بیریـان لە شـوکردن نەکـردەوە. بەڵکـو

سەرەڕای لەدەستدانی خوشەویستانیان ئەرکی سەرەکییان بەخێوکردنی منداڵەکان و پاراستنی بیرو باوەڕ و شەرەف و ناموس و کەرامەتی خۆیان بوون.

ئەوان بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٢) بیست و دوو ساڵ، لانکیان نەهەژاند و بێشکە لە ماڵە بارزانییەکان بەدەگمەن دەبینرا.

یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی حکومەتی بەعسی لەناوچوو و دەوڵەتی عێراق لە پرۆسەی جینوسایدی بارزانییەکاندا، لەناوبردنی هێزی بەرهەمێنەری مرۆیی بوو، بەجینوسایدکردنی پیاوەکان و هێشتنەوەی ئافرەت و منداڵەکان، کە مەبەست لێی سڕینەوەی ڕەچەڵەکی مروڤایەتی و لەناوبردنی ڕەگ و ڕیشەی بارزانییەکان بوو. کە ئەمەش جینۆسایدێکی زەقی بایۆلۆژییە.

هەربۆیە ئافرەتە بارزانییەکان خۆیان بە هەموو کاروباری مردووەکان هەڵدەستان و دەیان شۆردن و گۆڕیان بۆ هەڵدەکەندن و دەیان شاردنەوە و تازیەیان بۆ دادەنان. لە پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان ڕەگەزی نێر لە ناو ماڵ و منداڵیان ڕفێندران و چارەنووسیان زیندەبەچاڵکردن بوو لە ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا. بەڵام ئافرەت و مندالانی ڕزگاربوو لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، جگە لەوەی هاوسەر و باوک و کوڕ و برا لە بەرچاویان ڕفێندران و دواتر زیندەبەچاڵ کران، ڕزگاربوەکانی ئەو ئۆردوگایە زۆرەملێیانەیان لێ بووبوو بەشوێنی ئافرەت و منداڵ، جگە لە فشاری سەربازی و ئابلۆقەی ئابووری، ئازارێکی تری ئەو ئافرەتانە ئەو بارە دەروونییە بوو کە ئەگەر منداڵێک یاخود ئافرەتێک بمردایە کەس نەبوو بیشارێتەوە و کەس نەبوو گۆڕ هەڵکەنێت و کەس نەبوو بە مەراسیمی ماتەمینی هەستێت.[٩١]

لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، لە ساڵی (٢٠٠٣)وە، لە پرۆسەی گەڕان و پشکنین تا ئێستا ژمارەیەک لە ڕوفاتی بارزانییەکان هێنراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان و لە گۆڕستانی بارزان جارێکی تر بە خاک سپێردرانەوە.[٩٢] ئەو ژمارەیەش (٥٩٦) ڕووفاتن و لە زێدی دایک بە خاک سپێردرانەوە.

کەیسی جینۆسایدی بارزانییەکان، لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، یەکەم دانیشتنی دادگا لەسەر کەیسەکە لە (٢٠٠٩/٣/٢)دا، دەستی پێکرد و پاش (٤٠) دانیشتنی دادگا، ئەوەبوو دادگا لە (٢٠١١/٥/٣)دا، بەپێی ماددەی (١١)ی دادگاکە کەیسەکەی بە جینۆسایدناساند و پاش جیاکردنەوەی (تەمییزکردنەوەی) بڕیارەکەش لە (٢٠١١/٦/٢٠)دا، بووە هۆی ئازادکردنی تۆمەتبار (وەتبان ئیبراهیم حەسەن)، زڕبرای سەدام حسین. و سزادانی چەند تاوانبارێکی تر و دووبارە کەیسەکە بەجینۆساید ناسێنرایەوە.

**بڕیاری جینۆسایدکردنی کورد**

لە (١٩٨٧/٣/٢٩)، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، بڕیاری ژمارە (١٦٠) سەدو شەستی دەرکرد. بەپێی ئەو بڕیارە عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیاوی)، بە واژووی فەرمیی (سەدام حسین) بوو بە سەرۆکی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور (رئيس مكتب تنظيم شمال). دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدرا لە بەکارهێنانی هێزەکانی هەوایی و هەواڵگری و زەمینی و جیش شعبی، بۆ سەرکوتکردنی هەموو بەرهەڵستییەک، هاوشێوەی نازییەکانی ئەڵمانیا بە سێ قۆناغ. قۆناغی یەکەم (پێناسەکردنی ئەوانەی کە لە ناوبردن دەیانگرێتەوە. قۆناغی دووەم کۆکردنەوەیان. قۆناغی سێیەم لەناوبردنیان).[٩٣]

**دەقی بڕیارەکە**

به ناوی خوای گەورە

ژمارەی بڕیار (١٦٠)

به ناوی گەل

بەروار (١٩٨٧/٣/٢٩)

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

بەپشت بەستن به بڕیاری بڕگەی (ئەلیف)ی ماددەی (٤٢)، وە بڕگەی (ئەلیف)ی ماددەی (٤٣)ی دەستوور، بەجێبەجێکردنی تەواوی له کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرۆکایەتی هەرێمایەتی (حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست) یدا، له (١٩٨٧/٣/١٨) دا، بڕیاردرا:

١/ هەڤاڵ (عەلی حەسەن مەجید)، نوێنەرایەتیی سەرۆکایەتیی هەرێمایەتیی حیزب و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات، بۆ جێبەجیکردنی سیاسەتەکانیان له گشت ناوچەکانی باکووردا له ناویشیاندا ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و دەستەبەرکردنی ئارامی و جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەکە.

٢/ هەڤاڵ ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی بۆ ئەنجام دانی ئەم بڕیارە، سەرپەرشتیی دەسەڵاتی بڕیاردانی پەیوەندیدار به هەموو دەستگا سڤیل و سەربازی و ئاسایشییەکانی دەوڵەت دەکات به تایبەت ئەو دەسەڵاتانەی پەیوەندی به ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و لیژنەی کاروباری باکوورەوە هەیە.

٣/ هەموو ئەو لایەنانەی خوارەوە له گشت ناوچەی باکوور به هەڤاڵ ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتییەوە دەبەسترێنەوە، وە به هەموو ئەو بڕیار و ڕۆتینانەوە پەیوەست دەبن که دەبێ جێبەجێبکرێن به پێی ئەم بڕیارە:

* ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان.

* له ڕزگارانی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە وەزارەتی حکومی کرداری.

* دەستگاکانی هەواڵگری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەواڵگریی سەربازی.

* سەرکردایەتیی سوپای میللی.

٤/ سەرکردایەتیی سەربازیی ناوچەکە پەیوەست دەبن بە فەرمانەکانی هەڤاڵ ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی بە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارە هەیە.

٥/ کار بەم بڕیارە دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە تا ئاگادارکردنەوەیەکی تر، ئەو بڕیارە یاساییانەی ناکۆک دەبن لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەدا کاریان پێناکرێت.

**واژوو**

**سەدام حسین**

**سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

لە دوای ئەو بڕیارە عەلی حەسەن مەجید دەسەڵاتێکی زۆر و بێ لێپێچینەوەی وەرگرت بۆ جینۆساید کردنی کورد لە باشووری کوردستان و جۆرەها بڕیاری ترسناک دەردەکات. ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نەک هەست بە هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی ناکات، بەڵکو بە یاسایەکی ستەمکارانەو سەرکوتکارانە ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە کە هەستێت بەئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، بڕیاری (٤٠٠٨)، ژمارە (٨٠٠٤/٢٨)ی لە (١٩٨٧/٦/٢٠)دا دەرکرد.

**ئەمەی خوارەوەش دەقی بڕیارەکەیە**

دەقی بڕیارەکە

بڕیاری (٤٠٠٨)

ژمارە (٢٨/٤٠٠٨)

بەرواری دەرچونی بڕیار (١٩٨٧/٦/٢٠)

له سەرکردایەتیی نوسینگەی سکرتاریەتی ڕێکخستنی باکورەوە

بۆ/ سەرکردایەتیی فەیلەقی یەک، سەرکردایەتیی فەیلەقی دوو، سەرکردایەتیی فەیلەقی پێنج.

لەبەرئەوەی ماوەی فەرمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گوندانە لە بەرواری (١٩٨٧/٦/٢١)، کۆتاییهاتووە، بڕیارماندا لە ڕۆژی (١٩٨٧/٦/٢٢)، دەست بەکاربین بەو شێوەی خوارەوە:

١/ هەموو گوندەکان، لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لەڕووی ئەمنییەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بەکرێگیراوانی ئێران و تێکدەران و ناپاکەکان و نمونەکانیانن کە ناپاکیکارانی عێراقن.

٢/ بەتەواوی قەدەغەیە خەڵک و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەو ناوچانانە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقەکردن تیایاندا ئازادە بێمەرج و بێڕێنمایی، مەگەر ڕێنمایی تر دەربچێت لەلایەن بارەگاکەمانەوە.

٣/ هاتوچۆ لەوێوە بۆ ئێرە و لێرەوە بۆ ئەوێ، یان کشتوکاڵ و تۆوکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بەدواداچوونی جدییان لەو بارەوە هەبێت و هەریەکەو بەپێی تایبەتمەندیی خۆی.

٤/ سەرۆکایەتیی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادە بکەن، ناو بە ناو بە تۆپ وفڕۆکەو سەمتی کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بەشەو و بەڕۆژ بخەنە کار بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی کە لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.

٥/ دەست بەسەرداگرتنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیردەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لە لایەن دەزگا ئاسایشییەکانەوەو بڕیاری سێدارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە (١٥) پانزە ساڵ تا (٧٠) حەفتا ساڵ بێت، دوای سود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی وە ئاگادارمان بکەنەوە.

٦/ دەزگـا پەیوەندیـدارەکان هەڵدەسـتن بە لێکـۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەی خۆیـان بەدەسـتەوە دەدەن لە دەزگـا حکومییەکـان و حیزبییەکانـدا بـۆ ماوەیەک کە ئەو پەڕی (١ هەتا ٣) یەک هەتا سێ ڕۆژ بێت. دەبێت لەو دۆخـانە ئاگـادار بکـرێینەوە. ئەگەر مـاوەکە پێویسـتی کـرد لەوە زیـاتر بکرێـت ئەوا بە تەلەفـون یـان بروسـکە ڕەزامەنـدیی ئـێمە وەربگـرن، لەڕێگای هەڤاڵ (تاهیر ئەلعانی)یەوە.

٧/ هەموو ئەو شت و مەکانەی کەوا فەوجەکانی بەرگریی نیشتیمانی و جەنگاوەرەکانیـان دەسـتیان دەکەوێت بـۆ خۆیـان دەبێت. تەنهـا چەکە قورسـەکان و چەکـی ئەسـناد و چەکـی مامناوەنـدی نەبێـت، چەکە سـوکەکان بـۆ خۆیـان دەبێـت، ئـێمەی لـێ ئاگـادار بـکەنەوەو تەنهـا ژمارەکانیـان تۆمـار بکەن. پێویسـتە لەسـەر فەرماندەکان چـالاک بـن بـۆ ئاگادار کردنەوەی هەموو ڕاوێژکارەکان (موستەشارەکان) و فەرماندەی هەموو سریەکان و مەفرەزەکانیان، وە بە ووردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکـانی فەوجەکـانی بەرگریـی نیشـتیمانی. سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنی یاسادانان، سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنی جێبەجێکردن، دەزگای زانیاری، سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئاسایشییەکانی ( نەینەوا، دیالە، سـەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهـۆک)، ڕازگـری لقەکـانی ئەو پارێزگایـانەی کەلە سـەرەوە ناوەکانیـان هـاتووە، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی گشـتیی سـەربازی گشـتی، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشـی گشـتی، بەڕێـوەبەری ئاسایشـی نـاوچەی خـۆ بەڕێـوەبەری (حـوکمی زاتـی)، بەڕێـوەبەری ئاسایشـی پارێزگاکـانی (نەیـنەوا، تەئمـیم، دیـالە، سـەلاحەدین، سـلێمانی، ئەربیـل، دهـۆک). تکـایە بـۆ تێـڕوانین و جێبەجێکـردن هەرکەسـەو بەپێـی تایبەتمەنـدێتی خـۆی ئاگادارمـان بکەنەوە.[٩٤]

**ئیمزا**

**عەلی حەسەن مەجید**

**ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی**

**سەرۆکی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور**

لەپـاش ئەو بڕیـارەوە هەمـوو ئەو هێـزانەی کە حکـومەتی بەعســی عێراقــی لە باشــووری کوردســتان جێگیــری کردبــوون. هەســتان بە ئەنجامـدانی جینۆسـایدی کـورد، بەهەمـوو شـێوازەکانییەوە. کوشـتن بەشـێوازە جۆراوجۆرەکـانی ئەشـکەنجە، لە سـێدارەدان کیمیابـارانکردن، ڕاگواسـتنی کـوردان لە مـاڵ و خـاکی بنچینەیـی خۆیـانەوە بۆ شـوێن و ژیـــانێکی نـــاهەموار و جێگیرکردنـــی عەرەب لە شـــوێنەکانیاندا، ئەشکەنجەدانی هزری و دەرونی و جەستەیی، نەزۆککردنی قوربانیان و لێـک جیـاکردنەوەی نێـرینەو مێینەکـان و ژنـان و منـاڵان و پیرەکـان لە یەکتری و ڕاگواستنی مناڵان و گەنجەکان بە زۆر.

ڕژێمی بەعسی عێراقی لەناوەڕاستی مـانگی نیسـانی سـاڵی (١٩٨٧) تـا ناوەڕاســتی مــانگی تشــرینی یەکەمــی ســاڵی (١٩٨٨). هەســتا بە کیمیابارانکردنی چەندین گوند و ناوچەی کوردستان بە چەکی کیمیـاوی. کە ئەو چەکـانە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی و بە پێی پڕۆتۆکۆڵی ژنێڤـی (١٩٢٥/٦/١٧) قەدەغەکراوبوون.

ئەو گوند و ناوچـانەی کە بە چەکـی کیمیـاوی لەلایەن ڕژێمـی بەعسـی عێراقییەوە بۆمبارانکراون بریتین لە:

* لە (١٩٨٧/٤/١٥)، گوندەکانی: هەڵەدن، بەرگەڵو، سەرگەڵو، کـانی تـو، سیروان، چنارتە، ئاوزیە، نولچکە، شـاوەزێ، چـاڵاوە، یاخسـەمەری سـەر بە پارێزگای سلێمانی.

* لە (١٩٨٧/٤/١٦)، گوندەکانی دۆڵی بالیسـان: گونـدی شـێخ وەسـانان کە تێیدا (١٩٠) سەدو نەوەد کەس کوژران، هەروەهـا گونـدەکانی: تـوتمە، کـانی بەرد، بالیســان، زینــێ، بەڵاڵوکـان، بیـراوە، ئـالانە، دراش، شــاخی

ئاراس، گردە شێر، ساوسیوەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر. هەروەها چەند شاخ و بەرزاییەکی تری وەک: خەجە لەرزۆک، کویرەنگ، دووبرا، قەیوان، شاخە سوور، قولە بۆشین و شاخی پیرەمەگروون-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

وە لەدوای هێرش و بۆمبارانکردنی دۆڵی بالیسان بە چەکی کیمیاوی لە پارێزگای هەولێر، (٣٦٠) سێسەدو شەست کەسی تری لە گوندی شێخ وەسانانی گواستەوە بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر بەمەبەستی چارەسەرکردنیان. بەڵام پاشتر بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی وە لە نێوانیشیاندا ڕاپۆرتی شایەد حاڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕژێم ڕێگری کردووە لەوەی کە هیچ چارەسەرییەکیان بۆ بکرێت و وە لە لایەن هێزە ئاسایشییەکانی ڕژێمەوە گوستراونەتەوە بۆ سەنتەری گیراوان لە هەولێر و پاشتریش جەستەکانیان شاردونەتەوە.

* لە (١٩٨٧/٤/١٧)، گوندەکانی قزلەر، سەنگەر، مێولاکە-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

* لە (١٩٨٧/٤/٢٠)، جارێکی تر دۆڵی بالسیان بە چەکی کیمیاوی بۆمباران کرا.

* لە (١٩٨٧/٤/٢١)، زیاتر لە جارێک شارۆچکەی قەرەداغ بە چەکی کیمیاوی بۆمباران کرا، کە بووە هۆی کوژرانی سەدان کەسی سڤیلی کورد. بریندارەکانیش دەستگیرکران و لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە بە ڕێگای سلێمانیدا بە ناوی چارەسەری پزیشکی ڕاستەوخۆ گوێزرانەوە بۆ حامییەی سەربازیی تانجەرۆ کە دەکەوێتە (٤) چوار کیلۆمەتر لە دەرەوەی شارەکەوە، وە لە وێدا لە سێدارە دران.

* لە (١٩٨٧/٥/١)، ناوچەی زێوە-ی سەر بە پارێزگای دهۆک.

* له (١٩٨٧/٥/٥)، گوندەکانی: نازەنین، کامۆسک، ئەسپیندارە، عەلیاوە، وەریێ، سماقوڵی-ی سەر بە پارێزگای هەولێر.

* (١٩٨٧/٥/٢٣)، گوندەکانی: مەلەکان، گۆڕە شێر، کەندۆڵ، بەردۆک، بلێ، بالیسار، و نازەنین-ی سەر بە پارێزگای هەولێر. هەروەها لە هەمان ڕۆژ گوندەکانی: تومار، گرکان، قەمەر-ی سەر بە پارێزگای کەرکوک.

* له (١٩٨٧/٥/٢٥)، گوندەکانی: بالیسان، کانی بەرد و وەریێ.

* له (١٩٨٧/٥/٢٧)، گوندەکانی: مەلەکان، گۆڕە شێر، نازەنین، کەندۆڵ، بەردۆک، بلێ، تارینان، دۆڵی سماقوڵی.

* له (١٩٨٧/٦/٥)، قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک.

* له (١٩٨٧/٦/٦)، شاخی کێوە ڕەش-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

* له (٧- ٨/ ١٩٨٧/٦)، جارێکی تر گوندەکانی: بالیسان، سماقوڵی، گەڕەوان و ناوچەی هەریر.

* له (١٩٨٧/٦/٩)، جارێکی تر گوندەکانی: بالیسان، سماقوڵی، گەڕەوان.

* له (١٩٨٧/٦/٢٧)، گوندی زێویێ-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

* له (١٩٨٧/٩/٣)، گوندەکانی: بەرگەڵو و یاخسەمەری سەر بە پارێزگای سلێمانی و گوندەکانی: ئاری، سیرۆ، زەروە-ی سەر بە پارێزگای هەولێر.

* له (١٩٨٧/٩/١٤)، ناوچەی مێرگە پان-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

* له (١٩٨٨/٢/٢٥)، گوندەکانی: سەرگەڵو، یاخسەمەر، هەڵەدن و گوێزیلە.

* له (١٦- ١٩٨٨/٣/١٨)، ڕژێمی بەعسی عێراقی تاوانی تاوانەکان له شاری هەڵەبجه و ناحیەی خورماڵ و گوندی عەنەب ئەنجام دا و به دەیان فڕۆکه و سوخۆی، که بووەهۆی کوژرانی (٥٠٠٠) پێنج هەزار کوردی سڤیل و بریندار بونی زیاتر له (١٠) ده هەزاری تر.

* له (١٩٨٨/٣/٢١)، گوندەکانی سێوسێنان و شارۆچکەی دوکان.[٩٥]

* له (١٩٨٨/٣/٢٢)، کاتژمێر (١٢) دوانزەی شەو گوندی سێوسێنان کیمیا بارانکرا، له ئەنجامدا (٨٦) هەشتاو شەش کەس کوژران دەیان برینداری لێکەوتەوه که هەمویان ژن و مناڵ و گەنج و پیر بوون.[٩٦]

* له شەوی (٢٨- ١٩٨٨/٣/٢٩)، ناحیەی قەرەداغ ی سەر به پارێزگای سلێمانی، که بووه هۆی کوژرانی (٨٨) هەشتاو هەشت کەس له ناویاندا ژن و مناڵ هەبوون.[٩٧]

* له (١٩٨٨/٥/٣)، گوندی گۆبتەپه کیمیابارانکراو له ئەنجامدا (٣٣٥) سێسەدو سی و پێنج کەس له ژن و مناڵ و گەنج و پیر کوژران و بریندار بوون.[٩٨]

* له (١٩٨٨/٥/١٥)، گوندی دەری له پارێزگای هەولێر و گوندەکانی عەسکەر و حەیدەر بەگ له پارێزگای کەرکوک و (٤٢) چل و دوو هاوڵاتی کورد کوژران.

* له (١٩٨٨/٧/٣٠)، دۆڵی سماقوڵی و گوندی گەڕەوان و بووه هۆی کوژرانی (١٦) شانزه هاوڵاتی کورد.

* له (٢٥- ١٩٨٨/٨/٢٨)، گوندەکانی: سەری ئامێدی، سبیر، سینا، نێروه، خەرکول، کوهەرزکا خراب، زێوه، بوجی، کانی، دێری، درگنی، سیری، سگیرێ، سەرکەلی، هێرستەک، چیا ڕەشک، تسیفیێ، هێتۆت، کانیا، پینگ، باشی، سەرنی، کاوه، گەرو، باوانکی، وەرمیلی، بابیرێ،

گەرگوهە، چەقەلا، هیسی، ئیکمالە، ئاسمیٚ، بازیٚ، موسکا، توشەمبیک، میٚرگا چیا، کانی بلاڤ، کیٚریٚ، بەلینی، باوەرکا کەفری، گرگا، کوفلینک، ردینیا، سارکیٚ، زیٚوکا، شیٚروانە، سواریٚ، سبیندریٚ، کانیکا باسکا، ئاڤۆکیٚ و بیمنانش–ی سەر بە قەزای ئامیٚدی. هەروەها گوندەکانی: بلیٚجان و زەرهەوا–ی سەر بە قەزای زاخۆ. گوندەکانی: برجین، دەگەلا شیٚخا، ریئاڤا، کەلی کوتکی، بازیٚ و بانکا–ی سەر بە پاریٚزگای دهۆک.[٩٩]

* لە (١٩٨٨/٨/٢٩)، پاش ئەوەی گەلی بازیٚ لە بەرواری بالا، نەیانتوانی بوو بەرەو سنورەکان ڕەو بکەن و خۆیشیان تەسلیم بە ڕژیٚم نەکردبوو وە وەک بەرگرییەک خۆیان لە ئەشکەوتەکاندا توند کردبوو بە فڕۆکە ژەهر باران کران.[١٠٠] لەئەنجامدا (٣٥٩١) سیٚ هەزار و پیٚنج سەدو نەوەدو یەک هاولاتی کورد کوژران و (٦٠٦) شەش سەد و شەش کەسی تر بریندار بوون و (٢٧٨) دوو سەد و حەفتاو هەشت کەسی تر لە منالٚ و ژن و پیر ونبوون.[١٠١]

هەروەها بۆمبارانکردنی گوندەکانی: خەتیٚ و وەرتیٚ–ی سەر بە قەزای ڕەواندوز. گوندەکانی: بەڕیە، جەزگیرا، جەمجالی، چەم شرتیٚ، جەم ڕەبەتکیٚ، میٚروکیٚ و بلمبالی–ی سەر بە قەزای ئاکریٚ لە شاری موسلٚ. وە هەموو ئەو گوندانەی کە دەکەویٚتە نیٚوان زاخۆ و سیٚگۆشەی سنووری عیٚراق و ئیٚران و تورکیا. هەروەها گوندەکانی دۆلٚی بالیسان، کانی بەرد، دراش، کۆلکە ڕەش، میٚرگە سور، کاموسەک، نازەنین و هیران.

* لە (١٩٨٨/١٠/١٤) ناوچەی چەمی ڕیٚزان لە پاریٚزگای سلیٚمانی و شیٚخ بزیٚن لە پاریٚزگای کەرکوک.[١٠٢]

## چوارەم/ ئەنفال

### یەکەم/ چەمکی ئەنفال

تــاوانی ئەنفــال یەکـێکە لە قــوولّترین جینۆســایدەکان. نەک بەتەنهــا لە مێژووی جینۆسایدی کورددا، بەڵکو لە مێـژوو جینۆسـایدەکانی دنیـادا و بە تەنهــا بـۆ ســەدەی بیســتیش نــا بەڵکــو ئــازارو جینۆســایدێکە قــوڵ و سامناک.

زاراوەی ئەنفال ناوی هەشـتەمین سـورەتی قورئـانی پیرۆزە. قورئـانی پیرۆز لە (١١٤) سـەدو چـوارده سـورەت پێک هـاتووە. سـورەتی ئەنفـال لە (٧٥) حەفتاو پێنج ئایەت پێک هاتووە. ئەنفال لە زمانەوانیدا لە (نفل)وە هــاتووە بە ئینگلیـزی پێـی دەوترێـت (Spoils)، بەمانــای دەســت کەوت دێت.[١٠٣] ئەنفال کە چەمکێکی عەرەبییە و خوێندنەوە و لیکدانەوەی جیاواز هەڵــدەگرێت و زۆرێــک لە ڕاڤەکــاران و زانایــانی ئــاینییش لێکــدانەوەی جیــاوازی بــۆ دەکەن، بەو پێــیەی ئەنفــال، لەگەڵ ئەوەی زاراوەیەکــی قورئــانییە، بەڵام بنەڕەتێکـی عەرەبیـی هەیە و وشــەکە بـۆ پـێش هــاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئەنفال کۆی وشەی (نفل)ە، بەواتای (غنیمه) دێت کە کــۆی وشــەی (غنــائمه)یە. هەنــدێک لە زانایــان پێیــان وایە وشــەیەکی عەرەبییە و بە واتای دەستکەوت دێت، کە لە پێش هـاتنی ئاینی ئیسـلامدا عەرەبەکــان وشــەی (ئەنفال)یــان، بە واتــای تــاڵان و بــڕۆی جەنــگ بەکارهێناوە.[١٠٤]

ئەنفــال وەک هەشــتەمین ســورەتی قورئــانی پیــرۆز لە ســاڵی (٢) دووەمی کۆچی و غەزای بەدری گەورە هـاتە خـوارەوە. غەزای بـەدر لە (٦٢٤/٣/١٧) ز. لە نێوان مسوڵمانەکانی مەدینە بەسـەرۆکایەتیی پێغەمبەر موحەمـەد (د.خ) و قوڕەییشـییەکانی مەککە بەسـەرۆکایەتیی ئـەبو جـەهل ڕویـدا. مسـوڵمانەکان ژمارەیـان (٣١٧) سێسـەد و حەڤـدە کـەس بـوون و قوڕەیشــییەکان ژمارەیــان (٩٠٠) نــۆ ســەد کــەس بــوون. لەئەنجامــدا

مســـولْمانەکان ســـەرەڕای ئـــەوەی (١٤) چـــوارده کەســـیان کـــوژران سەرکەوتنیان بەدەستهێناو قورەیشییەکان شکستیان هێناو (٧٠) حەفتا کەسیان لێکوژراو (٣٥) سی و پێنجی تریان بریندار کراو (٧٠) حەفتا کەسیشیان بەدیل گیران.[١٠٥]

زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەو سورەتە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر (د.خ)، بینیی هاوەڵانی ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان لەسەر ئەو کەلوپەل و شمەکانەی کە لە سوپای بێباوەڕان جێماوە، بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکی و کێشەیە خوای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند.

(سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) دەڵێت (کاتێک غەزای بەدر ڕوویدا و مســـولْمانەکان ســـەرکەوتن، شمشـــێرێکم هەڵگـــرت و هێنـــام بـــۆ لای پێغەمبەری خوا (د.خ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا داخ و مەراقی دڵم نەما کە سەرکەوتین بەسەر بێباوەڕاندا، ئەم شمشێرەم پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: ئەو شمشێرە نەهی منەو نەهی تۆیە؛ لەوانەیە ئەم شمشێرە بدرێت بەکەسێک کە وەک من نەجەنگێت. پاشان پێغەمبەری خوا (د.خ)هات و فەرمووی تۆ داوای شتێکت لێکردم کە هی خۆم نەبوو ئێستا بووە بەهی خۆم و ئەوا دەیبەخشم بەتۆ، بەو هۆیەوە ئایەتی یەکەمی سورەتی ئەنفال دابەزی).[١٠٦] کە خوای گەورە لە ئایەتی یەکەمی سورەتەکەدا دەفەرموێت

(یسئلونک عن الآنفال قل الآنفال لله والرسول فاتقوا الله و آصلحو ذات بینکم و آطیعوا الله ورسوله ان کنتم مومنین). سورة الایة (١).

(They ask you about the windfalls. Say: the windfalls are for God and the Apostle. So be careful of (your duty to) God and set aright matters of your difference, and obey God and His Apostle if you are believers).

واتە: ئەی موحەمەد پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە دەستکەوتەکانی غەزای بەدر. تۆش بڵێ: ئەو دەستکەوتانە هەر بۆ خواو پێغەمبەرن، کەواتە خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن وە پەیوەندی نێوان خۆتان چاک بکەنەوە و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بن ئەگەر ئێوە بڕوادارن.[١٠٧]

بەو شت و مەکانەی مەیدانی جەنگ کە پێی دەوترێت (غنیمە) واتە دەستکەوت، لەپێش ئیسلامدا و لە ئاینەکانی پێشوودا، ڕێگە بەکەس نەدراوە هەڵیان بگرێتەوە. بۆیە لەیەکەم جەنگی نێوان مسوڵمانەکان و بێباوەڕانی عەرەبدا هاتە ئاراوە، بۆ ئەو سات و وەختە شتێکی نوێ بوو، بۆیە مسوڵمانان نەیاندەزانی ئەو شتومەکانە هەڵبگرنەوە یان نا. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەنفال لە قورئاندا مەبەست لێی کەلوپەل و شتومەک دەگرێتەوە و مرۆڤ ناگرێتەوە. چونکە لە قورئاندا بە دەستگیرکراوی جەنگ دەوترێت دیل (ئەسیر).[١٠٨]

بۆیە دەتوانین ئەنفال لەڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەم شێوەیەی خوارەوە لێکبدەینەوە:

١/ ئەنفال بە واتای ئەو دەستکەوتانە دێت، کە جەنگاوەرە مسوڵمانەکان لەکاتی شەڕدا لەگەڵ بتپەرستان و بێباوەڕان لە ماڵ و سامان و ئاژەڵ و دیلەکانی جەنگ دەستیان دەکەوت.

٢/ ئەو لایەنەی کە دەستکەوتەکانی لێدەگیرێت دەبێ کۆمەڵێکی بێباوەڕ و کافر بن، لەلایەن ئەو مسوڵمانانەی کە مەبەستیان لە جەنگەکە بۆ سەرخستن و گەیاندنی پەیامی ئاشتی خوازی ئیسلام بووە، نەک کەسانی بێتاوان.

هەربۆیە گەر بەراوردێکی نێوان بنەماو فەلسەفەی ئەنفال و ئەنفالی ڕژێم بکەین، ئەوا بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکتری ناگونجێت، چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی مسوڵمان و بڕوادارە و نەبووەتە ڕێگر لەڕێگای گەشتنی پەیامی ئیسلام. یەکێکیشن لەو نەتەوانەی لەسەرەتای

گەشتنی ئاینی ئیسلام بە کوردستان موسڵمان بوون و تاکو ئێستاش یەکێکن لەو نەتەوە دەگمەنانەی کە بەدروستی پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، نەوەکو بۆ مەبەستی پاراستن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانیان. هەورەها کورد نەتەوەیەکن لەسەر خاکی خۆی هێرش و پەلامار کراوەتە سەری و جینۆساید کراوەو کەرامەت و کەسایەتیی شکاوە.

پرۆسەکانی ئەنفال هەشت قۆناغ بوون لە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازی باشووری کوردستاندا. مەبەست لێی جینۆسایدکردنی تەواوەتیی کورد بوو لەو بەشەی کوردستان. (میدڵ ئێست وۆچ)، پێی وایە کە ئەنفال (ئەو ناوە بوو کە بە زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازیدا ئەنجامدرا، کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا بەڕێوە چوو، لە نێوان کۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٨٨)، فەرماندەی گشتیی پرۆسەکە لە دەستی نوسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعس بوو، کەوا بنکەکەی لە شاری کەرکوک بوو، لە مانگی مارتی ساڵی (١٩٨٧)، بەدواوە لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید)ەوە سەرۆکایەتی دەکرا.[١٠٩]

هەر لەبەر ئەوە بوو کە ڕژێمی بەعس و خودی سەرۆکەکەی سەدام حسین، لە نەزانییەوە چەمکی (ئەنفال)ی بەکار نەهێناوە، بەڵکو بەعس نەتەوەی کوردی لە باشووری کوردستان وەک نەتەوەیەکی هەڵگەڕاوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام داناوە و بۆیە پێیان وابوو کە کورد و کەرامەت و ناموس و سەروەت و سامانی بۆ ئەوان حەڵاڵ و یاساییەو بۆ ڕەوایەتیدان بە پرۆسەی جینۆسایدەکەی ئەو چەمکە ئاینییەی بەکارهێناوە. هەر وەک چۆن لە شەڕی دژی ئێران مۆرکێکی ئاینیی بە شەڕەکەی داو بەشەڕی قادسیە ناوزەدی کرد. گەرچی لە ناوەڕۆک و گەوهەردا ئەو سورەتەی قورئانی پیرۆز و ئەو ڕاڤەیەی هەڵنەدەگرت و

هەڵناگرێت کە لە پراکتیکدا بەعسییەکان لەدژی کورد کردیان، ئەوان بە جارێک لەو سورەتەو لە تەواوی فەلسەو گەوهەری ئیسلام لایاندا و پەراوێزیان خست.

پرۆسەکانی ئەنفال بووە هۆی وێرانکردنی (٤٧٣٢) چوار هەزار و حەوت سەدو سی و دوو گوندی باشوری کوردستان، لە ناوبردنی (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کوردی بێ گوناهـ لە ژنان، منداڵان و پیرەکان. ئەمە سەرەڕای سوتاندنی ڕەزو باخ و کوێرکردنەوەی کانیاو و کارێزەکان و شکاندنی کەرامەتی کچە پاکیزەکان و فرۆشتنی جەستەی پاکیان بە یانە لەشکرەکانی وڵاتانی عەرەبی.[١١٠] هەروەها وێرانکردنی (٤) چوار قەزا، (٣٠) سی ناحیە، (٣١٠٠) سێ هەزار و سەد مزگەوت و (١٠٠) سەد کڵێسا. وە لە ڕووی گیانداریيەوە بووە هۆی بە تاڵانبردنی (٢) دوو ملوێن سەر مەڕو ماڵات و ئاژەڵ. پرۆسەکانی ئەنفال جگە لەو زیانانەی سەرەوە کارەساتێکی ژینگەیی گەورەبوو، کە بووە هۆی شێواندنی ڕواڵەتی گیانداری و ڕووەکی ناوچەکە و بووە هۆی لەناوبردنی ڕوبەرێکی فراوان لە باخ و ڕەزو چەم و چنار کە هاوسەنگیی ژینگە لاسەنگ دەکات.[١١١] تاڵانکردن و بردنی دانەوێڵە و سەرچاوە بژێوییەکانی خەڵکی لەناوبردنی باڵندە کێوی و پەلەوەرە ماڵییەکان و سوتاندن و وێرانکردنی ڕەزو باخ و کێڵگە کشتوکاڵییەکان. پیسکردنی ژینگەی کوردستان بە چەندین ماددەی کیمیاویی زیانبەخش کە لەکاتی جینۆسایدەکەداو تا ئێستاش کاریگەریی خراپی تەندروستی گەورەی هەیە لەسەر ڕزگاربوانی جینۆسایدەکە. سەرەڕای کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونی و مرۆییەکان کە بەقوڵی لە هەناو و ناخ و ویژدانی کورددا ماوەتەوەو ئازاری پێوە دەچێژن.

هەروەها (د.کەندال نزان) دەربارەی پرۆسەکانی ئەنفال دەنوسێت (لە شاڵاوەکانی ئەنفال-دا بنەماکانی ژیان لە کوردستان هەڵتەکێنران، دوای

ئەوەی ئەو هستریا شێتانەی جینۆسایدی کورد کۆتایی هات، لە (٩٠%)ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە (٢٠) بیست شارو شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕانەوە، ناوچە گوندنشینەکان بە (١٥،٠٠٠٠٠٠) پانزە ملیۆن مین مینڕێژکران، بەم جۆرەش چالاکیی کشتوکاڵی لەو ناوچانەدا کارێکی ئەستەم بوو (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و نیو کوردی گوندنشین بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی لە (١٠%) سەدا دەی کوردی دانیشتوانی عێراق لەناوبران).[١١٢]

(لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفێڵد)، لە کتێبەکەیاندا (ئایندەی عێراق: دیکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٩٨) بەدواوە هێرشەکانی ئەنفالی ناوزڕاو بە واتای (دەستکەوتەکانی جەنگ) بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە خۆگرت و بووە هۆی خاپورکردنی (٤٠٠٠) چوار هەزار گوندی کوردی و ڕاگواستنی نزیکەی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار کەس.[١١٣]

**دووەم/ قۆناغەکانی ئەنفال**

ئەنفال وەک یەکێک لە پرۆسەکانی جینۆسایدی کورد بە هەشت قۆناغ ئەنجام درا.

ڕژێمی بەعس لە (١٩٨٨/٢/٢٣)، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال بە هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا ئەوانیش (قۆناغی یەکەم بۆسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی، قۆناغی دووەم بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ، قۆناغی سێیەم بۆسەر ناوچەی گەرمیان، قۆناغی چوارەم بۆ سەر ناوچەی قەڵا سێوکەو ئاوگەی زێی بچوک، قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم بۆسەر ناوچەکانی شەقڵاوەو ڕەواندوز، قۆناغی هەشتەم و کۆتایی بۆسەر ناوچەی بادینان).

بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆسەیەش ڕژێم هێزێکی گەورەو پڕ چەکی بەکارهێنا و هێزە نیزامییەکانی هەردوو فەیلەقی یەک و پێنج و هێزی تایبەت و هێزی کۆماندۆ و هێزی کتوپڕ تێیدا بەشدار بوون. هەروەها بەکارهێنانی زرێپۆش، تانک، هێزی ئاسمانی، یەکەی تۆپخانەو کاتیۆشا. هەروەها هەموو جاشە کوردەکان (لەناو فەرهەنگی کوردیدا چەمکی ،،جاش،، بۆ ئەو کوردانە بەکارهاتووە کە لە پرۆسەکانی جینۆسایدی کورددا بەرەی ڕژێمی بەعسیان هەڵبژارد بوو، بەو چەمکە قوڵترین غەدر لە جاش کراوە وەک بەچکەی ئاژەڵێکی بێ زیان و ماندووی ڕۆژگار. لە یاسای نێودەوڵەتی تاوانکاریدا چەمکی بەکرێگیراو بەکارهاتووە و بە بۆچونی ئێمە هەر بەکرێگیراو دروستتر و گونجاوترە و لەشوێنێکی تردا دەگەڕێیینەوە سەری و لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی تاوانکاری باشتر دەیناسێنین... نوسەر) ئەرکی دیاریکراویان پێسپێردرابوو، مەفرەزە تایبەتەکانی زانیاری، جاشەکانی سەر بە تەواری، فەوجی بەرگریی نیشتیمانی لە یەکەم ڕۆژەوە تا دواین ڕۆژی ئەنفال لەگەڵ ڕژیم بووون. جاشە کوردەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە چاوساغی و پێشڕەوی کردنی سەربازانی ڕژێم و بەشێک لەوانە بەشداریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لە جێبەجێکردنی هێرشەکانی ئەنفال، ئەوە ڕاستییەکی مێژووییە کە لەو کاتەدا نزیکەی (٣٠٠) سێسەد فەوج لە کوردستان هەبووە و زیاتر لە (٢٠٠) دوو سەد هەزار بەناو جاشی کوردیان تێدا کۆکرابووەوە.[١١٤]

**قۆناغی یەکەم**

**ناوچەی دۆڵی جافایەتی (١٩٨٨/٢/٢٣- ١٩٩٨/٣/١٩)**

لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی شەوی (١٩٩٨/٢/٢٣)دا، لە سەربازگەکانی قەڵای سوسێ و کەندە شینەوە زەنگی ئەنفال بە تۆپی (١٧٥) سەدو

حەفتاو پێنج ملم و ڕاجیمە چل موشەکییەکان و تۆپە نەمساوییەکان لێدرا بەرەو گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە کە گوندەکانی شەدەڵە، هۆمەرقەوم، سەرگەت، چالاوە، قۆمەرغان، مەولان، سێدەر، شارستێن، کانی توو، سیروان و هەموو گوندەکانی بەری مەرگە تاکو بناری چیای ئاسۆس، بەرەو دۆڵی جافایەتی، مالومە، یاخسەمەر، هەڵەدن، چۆخماخ، قەیوان، کۆڵەرد، قۆڵە چاخ، گاپیلۆن، باڵخ، ووڵاغلوو هەموویان کەوتنە بەر بڵێسەی تۆپی ئامادەکراوی سەربازگەکانی ناوبراو.[115] ئامانجی ئەو هێرشە لەناوبردن و وێرانکردنی(٢٥- ٣٠) بیست وپێنج بۆ سی گوندی دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتیی هێزی پێشمەرگە بوو لەو ناوچەیەدا، ئەو هێرشە بە سەرپەرشتیی وەزیری بەرگری ئەوکاتی عێراق سوڵتان هاشم بوو. هێزە بەشداربووەکانی ئەو هێرشە پێکهاتبوون لە (٢٠) بیست لیواو (٦٠) شەست فەوج و دەیان فەوجی جاشی سوک و مەفرەزە تایبەتەکان، بە نوێترین چەکی قورس و بەخەستی چەکی کیمیاوی لەو هێرشەدا بەکارهات.[116]

حکومەتی عێراق بۆیە هیرشی ئەنفالی لە دۆڵی جافایەتییەوە دەست پێکرد، چونکە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و دەستگا سەرکردایەتییەکانی تری یەکێتی نیشتیمانی ئێستگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی لێ بوو. عێراق پێی وابوو تاکو سەرکردایەتی یەکێتی لە ناو جەرگەی کوردستانی عێراقدا بێت، ئەوا ئەو ناتوانێت نەخشەی لە ناوبردنی گوندنشینەکان وەک خۆی دەیەوێت ئاوا جێبەجێبکات.[117] هێرش و بۆمبارانی کیمیایی بارەگاو ئاوارەکانی ناوچەکەو تۆبباران و هێرشی ئاسمانیی بێپسانەوە بەردەوام بوون، لەزۆربەی قۆڵەکانەوە هێرشەکانی سوپای عێراق دەشکێنران، بەڵام کۆڵیان نەدەداو بەهێزی تازە سەر لەنوێ هێرشیان دەکردەوە، لە قۆڵی مەرگەوە جەیشی عێراق بەردەوام هێرشیان دەهێنا بەڵام لە چەند ڕۆژی یەکەمدا هیچ

سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، بەڵام دواتر لە چەند هێرشێکدا توانیی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات بەمە هێزەکانی پێشمەرگە پەرتەوازە بوون و هەر تاقمەو بەلایەکدا ڕۆیشت. هەندێک لە دانیشتوانی ناوچەکەش بە ناوچە سەختەکاندا بەرەو گوندی گەلاڵە بەڕێکەوتن کە لەبەر زۆری بەفرو سەرما و سۆڵە نزیکەی (٤٠) چل کەسیان مردن کە زۆربەیان ژن و مناڵ و گەنج بوون.[١١٨]

لە کاتژمێر (١:٣٠ – ٢) یەک و سی خولەک بۆ دووی شەوی (٢/٢٣) بوو، کەخەڵکی یاخسەمەر و سەرگەڵوو بەرگەڵوو لە تاریکی و باراندا بە دەنگی ناڵە و زرمەی ڕاجیمە بە ئاگا هاتنەوە... ئەو بۆردومانە بە هەموو نیاز و مەبەستێک، بەیەکەم تەقەی پەلاماری ئەنفال دەژمێردرێت.[١١٩] بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شاڵاوە کە دواتر بە ئەنفال ناسرا، پێشمەرگەکان لەوە تێگەشتن کە بۆ پاراستنی سڤیلەکان شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەدەکرا لەوە زیاتر کە ئامۆژگاریی گوندنشینەکانیان دەکرد بتوانن شتێک بۆ خۆیان بکەن، ئەویش لە ڕێگەی ئێزگەیەکی ڕادیۆیی پێشمەرگەوە بە بەردەوامی ئاگاداری بڵاودەکرایەوە سەبارەت بەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوویەوە.

لەو هێرشەدا هێزەکانی سوپای عێراق نزیکەی بە (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرا. بەڵام لەبەرامبەری ئەو هێزەدا، یەکێتی نزیکەی (٢،٠٠٠) دوو هەزار پێشمەرگەی لە تیپی مەڵبەندەکانی: (١– ٢– ٣) یەک و دوو سێ ی کۆکردبووەوە بۆ پارێزگاری کردنی ناوچەکە لەگەڵ چەند مەفرەزە و هێزێکی حیزبی شیوعی عێراقی و پاسۆک و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان. پێشمەرگە (٦٠) شەست کوژراوی دا و لەبەرامبەریشدا دوژمن زیاتر لە (٨،٠٠٠) هەشت هەزار کەسی لە هێزە چەکدارەکانی کوژرا و بریندار بوو کە زیاتر لە (٤٠٠) چوار سەد کەسیان ئەفسەر بوون.[١٢٠]

## قۆناغی دووەم

## ناوچەی قەرەداغ (٣/٢٢/ ١٩٨٨- ١/٤/١٩٨٨)

لە دوای قۆناغی یەکەمی ئەنفال، ڕژێم خۆی بۆ قۆناغی دووەم ئامادەکرد. کە قۆناغی دووەمی ئەنفال بۆ سەر ناوچەکانی (قەرەداغ، بازیان، دەربەندیخان) بوو. وەکوو نەریتی خۆی ڕژێم سەرەتای هەر قۆناغێکی ئەنفال بە هێرشی کیمیاوی دەستی پێدەکرد، بۆیە (٦) شەش ڕۆژ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە و لە (١٩٨٨/٣/٢٢) گوندی سێوسێنان بەسەختی و بەشێوازی بەعسیانە درایە بەر ڕاکێتی کیمیاوی. بۆیە ئەو چەکە بوو بەسامناکترین چەک کە دژی کورد بەکاربهێنرێت. ئەو هێرشە بەدەستپێکی قۆناغی دووەمی ئەنفال دادەنرێت.[١٢١] لە ئەنجامی ئەو کیمیابارانەدا وێڕای زیانێکی ماددی زۆر، بوو بەهۆی کوژرانی زیاد لە (٦٩) شەست و نۆ کەس و بریندار بوونی (٨٥) هەشتاو پێنج کەسی تر.[١٢٢]، لە ناو کوژراوەکاندا (٣٠)یان منداڵ بوون.[١٢٣]

بەهۆی هێرشی زەمینی و ئاسمانی سوپای عێراقەوە بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ، بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بەرەو گەرمیان هەڵاتن لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە لەژێر دەستی پێشمەرگەدا بوو، پاش ئەوەی ڕژێم ئەو ناوچەیەی داگیر کردبوو سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیەی ڕوخاند کە نزیکەی (٨٠) هەشتا گوند و (٢٢٤١) دوو هەزار و دوو سەدو چل و یەک خانو کە (١٢٢٥٤) دوانزە هەزار و دوو سەدو پەنجاو چوار کەس لەو ناوچەیەدا دەژیان. وە نزیکەی (٥٦٣٧) پێنج هەزار و شەش سەدو سی و حەوت کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و شوێن بزرکران.[١٢٤] لە ئەنفالی قەرەداغ (ئەنفالی دوو) ئەو هاوڵاتیە کوردانەی کە گیران یان خۆیان دابەدەستەوە، گواستنیانەوە بۆ سەربازگەی قۆرەتوو، کە نزیکەی (٨،٠٠٠) هەشت هەزار کەس دەبوون لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج، پاشان گواسترانەوە

بۆ سەربازگەی تۆپزاوا–ی نزیک کەرکوک. ئینجا لەوێ گەنجەکانیان لەوانی تر جیاکردەوە بەرەو شوێنی نادیار ڕەوانە کران. خەڵکەکەی تر لە ژن و منداڵ و کچانی عازەب خرانە زیندانەوە. بەڵام پیرەژن و پیرە مێردەکان بۆ نوگرە سەلمان–ی بیابانی سەماوە گواسترانەوە، کە لەوێ ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لە برسان و تینوێتی و نەخۆشی مردن و تەرمەکانیان فڕێدەدرایە دەرەوەی زیندانەکە، سەگ دەیخواردن.[١٢٥]

لە نیسانی ساڵی (١٩٨٨) کۆتایی بەشاڵاوی ئەنفالی دوو هاتوو سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە دووی هەمان مانگدا بەیانی ژمارە (٣١٠٩) سێ هەزار و سەدو نۆی بڵاو کردەوە. کە تێیدا باسی پاک کردنەوەی تەواوی ناوچەی قەرەداغ لە ناپاکیکاران و تێکدانی بنکەکانیان لە زۆربەی ناوچەکانیان شوێنەکانیان دەکات.[١٢٦]

### قۆناغی سێیەم

### ناوچەی گەرمیان (١٩٨٨/٤/٧– ١٩٨٨/٤/٢٠)

قۆناغی سێیەم بەترسناکترینی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال دادەنرێت و گەورەترین و فراوانترین پەلاماری ئەنفال بوو و زۆرترین ژمارەی جینۆسایدکراوانی کورد لەو قۆناغەدابوو.

لەپاش کۆتایی هاتنی هەردوو قۆناغی ئەنفالی یەکەم و دووەم، قۆناغی ئەنفالی سێیەم دەستی پێکرد بۆ سەر ناوچەی گەرمیان. ئەو ناوچەیە لە مێژووی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی کورددا ڕۆڵی گەوهەرییان بینووە، بە تایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلی کورددا زۆرترین لاوی ئازاو دلێری خوێنی ئاڵیان بەخشیووە بۆ پاراستنی کوردان و کەرامەتەکەی و بەهێزترین قەڵغان بوون لە ڕێگای پەلامارە ژەهراوییەکانی ڕژێمی بەعسی سەددام. هەربۆیە بەتایبەتی و بەقووڵی کرایە ئامانجی ئەو جینۆسایدەی کە پیلانیان بۆ دارشتبوو.

قۆناغی سێیەمی ئەنفال، ناوچەکانی (دوز، قادر کەرەم، کەلار، کفری، چەمچەمـــاڵ، تێلەکــۆ، پێبـــاز، ســـەنگاو، تەکــیەو بەشــێک لە نـــاوچەی ئـــاغجەلەر)ی ڕامـــاڵی. زیـــانێکی ئێجگـــار گەورەی گیـــانی و مـــاڵیی بە دانیشـتوانی نـزیکەی (٥٠٠) پێـنج سـەد گونـدی ئەو ناوچـانە گەیانـد، کە زیاتر لە (٣٠،٠٠٠) سی هەزار ژن و منداڵ و پیر و گەنجی بێسەروشوێن کــرد و مــاڵ و سامانیشــیان بە تــاڵان بــران. لە (١٩٨٨/٤/١٤)دا، چــوار شـــارۆچکەی گەرمیـــان بەیەک ڕۆژ بەتەواوەتـــی وێرانکـــران و نـــزیکەی (٢٠،٠٠٠) بیسـت هەزار ژن و منـداڵ و پیـاو بـۆ سـەربازگەی قۆرەتـوو ڕەوانە کـــران، بـــۆیە ئەو ڕۆژە لە هەمـــوو ســـاڵێکدا کـــراوەتە ڕۆژی یادکردنەوەی تاوانە گەورەکەی ئەنفال لە کوردستان.[١٢٧]

ئەو هێرشـەی قۆنـاغی سـێیەم لە ڕۆژی (١٩٨٨/٤/٢٠)، کۆتـایی هـات و یەک گوند لە گەرمیاندا بە پێوە نەما و ڕوخێنرا. خەڵکەکەشی بەزۆری لە قــادرکەرەم کــۆکرانەوە. لەئەنجـامی قۆنــاغی ســێیەمی ئەنفالــدا نــزیکەی (٥٠٠) پێنج سـەد گونـدی گەرمیـان وێـران کـران، کە زیـاتر لە (٣٠،٠٠٠) ســی هەزار گەنــج و ژن و منــاڵ و پیــری بێسەروشــوێن کــرد، بەپێــی خەمڵانــدنی (لیــژنەی بەرگــری لە مــافی قوربانیــانی ئەنفــال) ڕێــژەی بێسەروشوێنکردنی ئەو قۆناغە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

سنوری ناوچەی چەمچەماڵ (٥٦٤٥) پێنج هەزار و شـەش سـەدو چل و پێنج کەسی بێسەروشوێن کراوە، قادرکەرەم (١٤٨٦٣) چواردە هەزار و هەشت سەدو شەست و سێ کەس، کەلار (٤٥٦٧) چوار هەزار و پێنج سەدو شەسـت و حەوت کەس، سـەنگاو (٤٩٢٢) چوار هەزار و نۆسـەدو بیسـت و دوو کەس، تیلەکۆ (٣٦٨٠) سـێ هەزار و شـەش سـەدو هەشـتا کەس، پێباز (٤٤٢٠) چوار هەزار و چوار سەدو بیست کەسـی لێ ئەنفـال کراوە.[١٢٨]

له ئەنجامی ئەنفالی گەرمیان لەماوەی سالآنی (١٩٨٧- ١٩٨٨) دا ئەو زیانانەی خوارەوە کەوتنەوە:

* (٧٨١) حەوت سەدو هەشتاو یەک گوند سوتێنران.

* (٦) شەش مەرکەز و ناحیە وێرانکران.

* (٣٩١٧٨) سی و نۆ هەزار و سەدو حەفتاو هەشت خانوبەرە وێرانکران.

* (٣٨١) سێسەد و هەشتاو یەک قوتابخانەو و (٦٥٧) شەش سەدو پەنجاو حەوت مزگەوت و (٦٩) شەست و نۆ نەخۆشخانە وێرانکران.

* (٤٥٧٧٧) چل و پێنج هەزار و حەوت سەدو حەفتاو حەوت خێزان ئاوارە و بێسەرو شوێن کران.

* (٥٢) پەنجاو دوو عەماراوی ماتۆڕی ئاو (٤٧) چل و حەوت مەکینەی ئاش و (١٣٥) سەدو سی و پێنج کارێز و ئەستێل تەقێنرانەوە.

* (١٥٧) سەدو پەنجاو حەوت تەکیەو خانەقا و مەرقەد و شوێنەواری ئاینی وێرانکران.

* (١٤٣٥) هەزار و چوار سەدو سی و پێنج ڕەزو باخ سوتێنران.

* (١٧٢٢٠) حەڤدە هەزار و دوو سەدو بیست تراکتۆر و مەکینەی جۆراو جۆر سوتێنران و تالآنکران.

* (٤٧٢٧٧٠) چوار سەدو حەفتاو دوو هەزار و حەوت سەدو حەفتا سەر مەڕ و بزن تالآن کران و فەوتێنران و (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار ڕەشەولآخ تالآنکران و فەوتێنران.

* (٥٧،٠٠٠) پەنجاو حەوت هەزار تەن گەنم و جۆ و دانەوێڵە فەوتا و سوتێنران.

* بێسەروشوێن کردنی زیاتر لە (٨٠،٠٠٠) هەشتا هەزار هاووڵاتی کورد لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج.[١٢٩]

## قۆناغی چوارەم

## ئاوگەی زێی بچوک (١٩٨٨/٥/٣- ١٩٨٨/٥/٨)

جوگرافیای ئەو قۆناغە ئاوگەی زێی بچوک بوو، کە هێڵی سنووریی هەردوو پارێزگای کەرکوک و هەولێر پێک دەهێنێت. شارۆچکەکانی (ڕێدار، ئاغجەلەر، تەقتەق و چەند گوندێکی گەورەی وەک عەسکەر و گۆبتەپە) دەگرێتەوە. واتە ناوچەکانی دەشتی کۆیە و تەقتەق و شێخ بزێنی و ناوشوان و ئاغجەلەر و خاڵخاڵان و چەمی ڕێزان-ی گرتەوە.

سەرەتای قۆناغی ئەنفالی چوار بە کیمیابارانکردنی گوندی گۆبتەپە لەڕۆژی (١٩٨٨/٥/٣)دا، دەستی پێکرد، فڕۆکە جەنگییەکان بۆمبی کیمیاوی بەسەر خەڵکەکەیدا باراند. قوربانییەکانی ئەو گوندە بەنزیەکەی (٣٠٠) سێسەد کەس دەخەمڵێنرێت، هاوکات گوندی عەسکەر-ی بەهەشت بۆمبی کیمیاوی بۆردومانکرد.

لە ڕاپۆرتی دەستنوسی ڕۆژانەی ژمارە (٨٢٨٠) هەشت هەزار و دوو سەدو هەشتا لە (١٩٨٨/٥/٦)، لە فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای جێبەجێکردنی سوپا نێردراوە، تێیدا هاتووە؛ کە تا ئەو ڕۆژە لەنزیک شارۆچکەی تەق تەق ئەوانەی خۆیان بەدەستەوە داوە بریتین لە (٦٠) شەست پیاو و (١٢٩) سەدو بیست و نۆ ژن و (٣٩٦) سێسەدو نەوەدو شەش منداڵ و (٣٧) سی و حەوت پێشمەرگە. بەو شێوەیە ڕژێم هەموو ناوچەکانی دەشتی کۆیە و تەق ق و شێخ بزێنی و شوان و ناوچەکانی تری وێرانکرد، لە ناوچەکانی ئاغجەلەر (٧٥) حەفتاو پێنج گوند، لە ناوەندی کۆیە (٢٦) بیست و شەش گوند، لە ناوچەی شوان (٦١) شەست و یەک گوند، (٥٢) پەنجاو دوو گوند لە ناوچەی تەق تەق و (٢٣) بیست و سێ گوند لە پردێ. سەرەڕای وێرانکردنی گوندەکان، هەزاران ژن و منداڵ و پیر و گەنجیش شوێنبزرکراون کە (٢٥٠٠) دوو هەزارو پێنج سەد کەسیان لە دەشتی کۆیەو (٣٠٠٠) سێ هەزاری تریان لە ناوچەکانی شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە-ی ناو شوان ئەنفال کراون.[١٣٠]

**قۆناغی پێنجەم شەشەم حەوتەم**

**خۆشناوەتی و باڵەکایەتی (١٩٨٨/٥/١٥- ١٩٨٨/٨/٢٦)**

لە دوای کۆتـایی پێهێنـانی قۆناغەکـانی یەکەم و دووەم و سـێیەم و چـوارەم. کە ڕژێمـی بەعـس تـوانیی ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشمەرگە کۆنترۆڵ بکات و گوندەکان وێران بکات و سـەرچاوە بژێوییە ژیانییەکانیشیان تێک بدات. دەستی کرد بە ئەنجامدانی قۆناغی پێنجەم و شەشـەم و حەوتەم، بۆ ئەو قۆناغەیـان پێویسـتی بەو هێـزە سـەربازییە زۆرە نەبوو کە لە قۆناغەکانی تردا بەکاریدەهێنا. سـەرەتای هێرشـەکە لە (١٩٨٨/٥/١٥) بوو، کە دوا ڕۆژی مـانگی ڕەمەزان بـوو. چەنـد فڕۆکەیەک کەوتـنە کیمیابـارانکردنی گونـدەکانی (وەرە، دۆڵـی نـازەنین، کاموسـەک، ئەسـپیندارە، عەلیـاوە، دۆڵـی سـماقوڵی، سـکتان، دۆڵـی بالیسـان، شـێخ وەسانان، مەلەکان، ئاکۆیان، کۆمتان، پشت ئاشان و باڵەیان). بووە هـۆی گیـــان لەدەســـتدانی ژمـــارەیەکی زۆری دانیشـــتوانی گونـــدەکان و مرداربـونەوەی ئاژەڵەکانیـان.[131] دەسـتپێکردنی ئەو قۆنـاغە لە دوا ڕۆژی ڕەمەزاندا بـوو خەڵکی خۆیـان بۆ جەژنـی ڕەمەزان ئامـادە کردبـوو، لەو پەلامـارەدا لە گونـدی وەرە (٣٦) سـی و شـەش کەس کـوژران (١٧) حەڤدە پیاو و (١٩) نۆزدە ئافرەت.[132] لە (١٩٨٨/٥/٢٣)، بالیسـان و هیـران و دۆڵەکـانی دەوروبەری چەنـد جـار بە سـەختی کیمیابـارانکران و (٢٢-٢٣)ی هەمـان مانـگ گونـدی وەرتـێ کیمیابـاران کـرا. لەلایەکـی تـرەوە سـەروچاوە و بەنـی هەریـر و خەلیفـان، نـزیکەی (٧٢٠) حەوت سـەدو بیست خێزانی دەربەدەرکـرد و ماڵیشـیان تـاڵانکرا. هەروەک گیراوەکـانی تـر بەرەو تـۆپزاوای کەرکـوک ڕەوانە کـران و لەوێشـەوە ژن و پیـاو و گەنج لێک جیاکرانەوە و گەنجەکان بزرکران.

سـەرەتای ئەنفـالی شـەش لە (١٩٨٨/٧/٢٦) بە بۆردومـانکردنی ناوچەکانی دۆڵی بالیسان، دۆڵـی مەلەکـان، دۆڵـی وەرتـێ، دۆڵـی هیـران و

سماقوڵی بەچەکی کیمیاوی دەستپێکرد و خەڵکەکەی دەرپەڕاند، پاشان لەلایەن بەکرێگیراو(جاشەکان)ەوە ناوچەکە داگیرکرا. داواشیان لە خەڵک کرد خۆیان بەدەستەوە بدەن و لێبوردنی گشتی هەیە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر خەڵکەکە هەڵخەڵەتان و خۆیان دابەدەستەوە. ئاگاداری خەڵکەکە کرایەوە گەر چەکیان پێبێت دەبەخشرێن، بۆیە خەڵکەکە بەدوای ئەو چەکانە دەگەڕان کە پێشمەرگە لە ناوچەکە شاردبوویانەوە، پاشان دان پێدانانیان پێ مۆرکردن کە پێشمەرگەن، لە دوایدا هەموویان شوێن بزرکران.[١٣٣]

لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالی شەش دا بوو، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی لەگەڵ عێراقدا. بۆیە لە دوای قۆناغی پێنجەم، قۆناغەکانی شەشەم و حەوتەم دواکەوت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لە (١٩٨٨/٧/١٧) دا عەلی خامنەئی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە وڵاتەکەی بە نیازە بڕیاری (٥٩٨) پێنج سەدو نەوەدو هەشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند بکات. بڕیاری (٥٩٨) پێنج سەدو نەوەدو هەشت لە (١٩٨٧/٦/٢٠)، لە کۆبونەوەی ژمارە (٢٧٥٠) دوو هەزار و حەوت سەدو پەنجای ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو. ئەو بڕیارە لە (١٠) دە ماددە پێک هاتبوو، تێیدا ئاماژە دەکات بە (دانوستاندنی ئاشتی و وەستانی شەڕ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق و کشانەوەی هێزە سەربازیەکانیان لە سنووری دەوڵەتی یەکتری بە بێ دواخستن، ئازادکردنی دیلەکانی جەنگ هەر لە دوای وەستانی ململانێی چەکداریی نێوانیان بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی سێیەمی ژنێڤ (١٩٤٩/٨/١٢)، هەوڵدان بۆ بنیاد نانەوەو چالاککردنی ئەو بڕیارەو جێبەجێکردنی).[١٣٤] ئەو بڕیارە بۆ هێزەکانی حکومەتی عێراق

سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو وە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە مایەی ورە دابەزینێکی یەکجار گەورە بوو.

لە میانەی شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت دا، (٥٢) پەنجاو دوو گوند لە ناحیەی خەلیفان و ڕەواندوز و خۆشناو وێرانکران، کە سەرجەم خێزانەکانیان (٢٦٠٢) دوو هەزار و شەش سەدو دوو کەس بوون، هەروەها (٢٤) بیست و چووار قوتابخانە و (٥٢) پەنجاو دوو مزگەوت، جگە لە کویرکردنەوەی سەدان کانی و جۆگەو سوتاندنی ڕەزو باخی ناوچەکە، کە ژێر خانی ئابووری پێک دەهێنا، ڕەگو ڕیشەی بژێوی خەڵکی ناوچەکە وێرانکراو سامانەکانیشیان بەتاڵان بردرا.[١٣٥] لە ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٦) کۆتای بە قۆناغی حەوتەمی ئەنفال هات.

### قۆناغی هەشتەم و کۆتایی
### دەڤەری بادینان (١٩٨٨/٨/٢٥- ١٩٨٨/٩/٦)

ئەو قۆناغە لەدوای وەستانی شەڕی نێوان عێراق- ئێران لە (١٩٨٨/٨/٨) و بە یەک ڕۆژ لە پێش کۆتاییهاتنی ئەنفالی حەوتەم، دەستیپیکرد. ئەوەش پاش ئەوەی سوپای عێراق دەستی واڵابوو بۆ جینۆسایدکردنی دەڤەری بادینان. ئەو شاڵاوەش بە درێژایی ناوچەکانی (زاخۆ، ئامێدی، شێخان و ئاکرێ)ی گرتەوە. ڕژێم هەروەک نەریتی کە لە قۆناغەکانی تردا بەبنەمای گرت سەرەتا بە بۆردومانکردنی ناوچەکە بەچەکی کیمیاوی دەستیپێکرد.

لە (١٩٨٨/٨/٢٥) هێرشی هێشووی بۆ سەر گوندی سپیندار-ی قەد پاڵی شاخی گارە بوو. ڕۆژی دواتر ناوچەکە کیمیابارانکرا، کە نزیکەی (٥٠) پەنجا گوند دەبوو. لەلای باکوور گوندەکانی (دهۆکێ، باوەڕکا، کەڤرِی، مێزێ، سپیندار.... هتد). لە سەر شاخی گارەش گوندەکانی

(گارەگۆ، زێوەشکان، زارکێ، سارتکێ.... هتد). لە لای باشوور گوندەکانی (سوارێ و ئاڤۆک و چەند گوندێکی تر).

سەرجەمی گوندە وێرانکراوەکانی هێرشەکانی ئەنفالی بادینان (٤٥٠) چوار سەدو پەنجا گوند و (٣٢،٠٠٠) سی و دوو هەزار کەسیش گولە باران و شوێنبزرکران و زیاتر لە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزاریش ئاوارە و دەربەدەری تورکیاو ئێران بوون. ئەوانی تریش گواسترانەوە بۆ کۆمەڵگاکانی جەژنیکان لە نزیک هەولێر. لە مانگی (٥)ی ساڵی (١٩٨٩) دا (٣٠٣٤) سی هەزار و سی و چوار کەس لە ئۆردوگایەکی تورکیا، بەهۆی نان ژەهراوی بوون، ئەو کارەش بە هاوبەشی لە نێوان پیاوانی ڕژیمی عێراق و کاربەدەستانی تورکیا ئەنجام درا. لەو هێرشانەشدا مەسیحیەکان کران بە ئامانج و دوای بۆردومان کردن و سوتاندن و وێرانکردنی گوندەکانیان، بەشێکیان هەڵهاتن و ئەوانی تریان دەستگیرکران و خرانە مەڵبەندی کۆکردنەوەی ئەنفال لە بەندیخانەی سەلامیەی موسڵ. ژمارەیەکیشیان کە بەپێی زانیارییەکان (١٥٢) سەدو پەنجاو دوو کەس بوون گولە باران کران، کە زۆربەیان خەڵکی گوندەکانی (مێزێ لە سەرسەنگ و گوندە کۆسە لە دۆسکی و کانی بەلاڤ لە بەرواری بالا و گوندی باش و گوندی قارولە لە نێروا و دەرکش لە ئامێدی) بوون.[١٣٦]

ڕژێمی بەعس لە (١٩٨٨/٩/٦) کۆتایی بە قۆناغی هەشتەمی ئەنفال هێناو پاش ئەوەی ئەو پیلانەی کە دانابوو بۆ جینۆسایکردنی کورد جێبەجێی کرد. لەهەمان ڕۆژدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری ژمارە (٧٣٦) حەوت سەدو سی و شەشی دەرکرد کە تێیدا بڕیاری لێبوردنی گشتی ڕاگەیەنرا جگە لە (جەلال تاڵەبانی) بەهۆی ئەوەی کە بەمەبەست و نیازەوە یاساکانی پێشێل کردووەو دەیکات.

به پێی وتەی بەرپرسانی ڕژێمی بەعس ژمارەی جینۆساید کراوان لە پرۆسەکانی ئەنفالدا (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار کەس بووە. ئەو ژمارەیەش کاتێک ئاشکرا بووە کە وەفدی بەرەی کوردستانی لە مانگی (٥) ساڵی (١٩٩١) لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. وەفدی کوردی داوای ئاشکراکردنی بێسەرو شوێنانی ئەنفال دەکەن ڕایدەگەنن کە (١٨٢،٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کەس بووە، عەلی حەسەن مەجیدیش هەڵچووەو ووتویەتی کە تێکڕای ئەوانەی لە ئەنفالدا کوژراون بە هیچ جۆرێک لە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار کەس تێپەڕ نەبوون.

هەروەها بە پێی خەمڵاندنی میدڵ ئێست وۆچ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنفالدا لانی کەم (٥٠،٠٠٠- ١٠٠،٠٠٠) پەنجا هەزار بۆ سەد هەزار کەس کوژراون کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. بەکارهێنانی (١٨٢،٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کەس دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لە (١٩٩١/٩/١١)، لە وتارێکیدا لە سلێمانی ئاماژەی بۆ کردبوو.[١٣٧]

ئامارەکانی دواتر ئەوە دەردەخەن کە ژمارەکە دەگاتە (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار کەس. هەربۆیە لە هێرشەکانی ئەنفال دا بە تەنها (٢٠٠) دوو سەد هەزار کورد جینۆساید نەکران، بەڵکو (٤٧٣٢) چوار هەزار و حەوت سەدو سی و دوو گوند کە نزیکەی (٩٠%) سەدا نەوەدی گوندەکانی باشوری کوردستان بوو، (٤) چوار قەزا، (٣٠) سی ناحیە، (٣١٠٠) سێ هەزار و سەد مزگەوت و (١٠٠) سەد کڵێسا وێرانکران. وە لە ڕوی گیاندارییەوە بووە هۆی بە تاڵانبردنی (٢) دوو ملوێن سەر مەڕو ماڵات و ئاژەڵ.

**سێیەم/ گولە بارانکردن و زیندە بەچاڵ کردن و پاکیزەکانی ئەنفال**

لەدوای پرۆسـەکانی ئەنفـال رژێـم هەسـتا بە لەنـاوبردنی ئەوانەی کە گرتبوونی، عەلـی حەسـەن مەجید (عەلـی کیمیـاوی) چەندین جار ئەوەی دووپات کردبووەوە (کە تەنیا ڕێگا بۆ ئازادکردنی خێزانە بەندکراوەکان و گیراوەکان، زیندە بەچاڵکردنیانە).

گیراوەکانی سنوری گەرمیـان گوێزرانەوە بۆ سـەربازگەی تۆپزاوا لە نزیـک کەرکـوک، گیراوەکـانی بادینـانیش لە هەردوو قەڵا سـەربازییەکەی نزارکێی دهۆک و ئەوی تریشیان زیندانی سەلامیەی موسڵ بوو.

لەدوای جیـاکردنەوە و پۆلێنکردنیـان کەوتـنە پـیلان دانـان بـۆ دوورخسـتنەوە و بێسەروشـوێن کردنـی ئەو خەڵـکە بێشـومارە. عەلـی حەسـەن مەجیـد لەکۆبونەوەیەکـدا دەڵێـت (ئایـا دەکـرا هەروا بە ڕێـک و پێکی دایان نێم، ئێ من ئەو خەڵکە بێشـومارە لە کوێ دابنێم؟ چـی لەو بزنـانە بـکەم؟ خزمەتیـان بـکەم؟ نەخێـر... بـۆیە کەوتـمە دابەشـکردنیان بەسەر پارێزگاکاندا و ئەوکاتەش بە بلدۆزەر دەیانکەم بە ژێر خۆڵەوە).

لەدوای گرتن و کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان لە سەربازگەو کەمپەکاندا، دەستکرا بەلێکجیاکردنەوەیان بەم شێوەی خوارەوە:

* تەمەنـی (١٢ تـا ٤٥) سـاڵ، بەرەو باشـووری عێـراق بەڕێکـران و پاشـان بێسـەرو شـوێن کـران. بە پێـی گێـڕانەوەی ئەوانەی کە لە مەرگەساتەکە ڕزگاریان بووە، لە بیابانەکانی ڕومادی و عەرعەردا زیندە بەچاڵکران.

* تەمەنـی (٥٠ تـا ٩٠) سـاڵ، نێـردران بـۆ قەڵای بە جێمـاوی نـوگرە سـەلمان لە باشـووری عێـڕاق، پـاش ئەوەی ئەو پیرانەیـان بە ئۆتۆمبێـل گـوێزایەوە بـۆ نـوگرە سـەلمان کە نـزیکەی (١٥) پـانزە کـاتژمێر لە تـۆپزاواوە دوورە، لەو زینـدانە چـۆڵەدا نـزیکەی (٨،٠٠٠) هەشـت هەزار کەسـی تێخزێنرابـوو.[١٣٨] ئەو زیندانیانەی کە پیرو بەسـاڵا چو بوون، بۆ

ئۆردوگاكـانی كـاری زۆرەملێـی نـوگرە سـەلمانی باشـووری عێـراق ڕاگوێزران. لە چەند مانگی یەكەمدا زیاتر لە ڕێژەی (١٠%) سەدا دەی ئەو زینـدانییانە بەهـۆی كـاری سـەخت و هەلـومەرجی نەگونجـاوەوە گیانیـان لەدەسـتدا. بەرپرسـانی ئۆردوگـاكە، لاشـەی ئەو كەسـانەیان نەدەناشت و لە گەرمای هاوینی باشووری عێراق دا، فڕێیان دەدان.[١٣٩]

* ژن و منـاڵ، ئەوانەش بـۆ سـەربازگەی دبـس لە نزیـك تكریـت گـــوێزرانەوە، ئەو زینـــدانە نـــزیكەی (٧،٠٠٠) حەوت هەزار كەســـی تێخزێنرابوو. دواتر بەشێكیان بێسەرو شوێن كران و بەشێكیشیان ئازاد كران.

* كچـان بە جیـا.[١٤٠] زۆربەی ئەوانـیش بە هـۆی هەوەسـی نەگریسـی ئەفسـەرانی بەعـس بەزینـدوویی مـانەوە نەك تەنهـا لە عێـراق، بەڵكـو لە كوێت و عەرەبساتنی سعودییەش كرانە كەنیزەكی پیاوە دەوڵەمەندەكان. بەڵگەنـامەیەكی زۆر نهێنی بە پێنوسی یەكێك لە سـەركردەكانی سـوپای عێـراق بەدەسـتهێنراوە كە تیایـدا نوسـراوە (ژمـارەیەكی زۆری كچـانی تەمەن (١٤ تـا ٢٩) سـاڵ، لە نێـوان دیلەكانـدا بـوون كە نێـردراون بـۆ قەحبەخانەكان و یانەكانی شەوانە لە میسر).[١٤١]

چەندین ڕزگاربووی پرۆسەكانی ئەنفال چۆنیەتیی جینۆساید كردن و دەست درێژی كردنە سـەر ناموسـی ئەنفـال كـراوان دەگێڕنەوە. یەكێك لەوانە (فەرەج مـحەمەد عەزیـز)ە، لە دایـك بـووی سـاڵی (١٩٥٠) یەو لە گوندی تۆپخانەی سـەر بە نـاحیەی قادر كەرەم لە دایك بووە. فەرەج لە قۆنـاغی سـێیەمی ئەنفـال لەگەڵ خـزم و كەس و كـوردانی تـر دەسـتگیر دەكـرێن و دەبـرێن بـۆ سـەربازگەی تـۆپزاوا و دواتـریش بـۆ بیابـانی ڕوومـادی و لەوێـش دەسـت و چاویـان دەبەسـتنەوەو دەسـت دەكەن بە گولە بارانكردنیان. فەرەج كە لە گەڵ ساڵحی ئامۆزایدا بەیەكەوە دەبن لە تاریكە شـەودا گولە بارانیـان دەكەن، بەڵام فەرەج گولەی بەرناكەوێت و

خۆی دەکات بەمردوو دواتر ڕایان دەکێشنە ناو ئەو چاڵانەی کە بە بلدۆزەر بۆیان هەڵکەنراوە، دوای ئەوەی خۆڵ دەکەن بەسەریاندا فەرەج لە تاریکی شەودا ڕادەکات و دەربازی دەبێت، بەڵام سەرجەم ئەوانەی کەلەگەڵی دا دەبن گولە باران کران و زیندە بەچاڵ کران.[١٤٢]

یەکێکی تر لە ڕزگار بووەکانی ئەنفال (تەیمور عەبدوڵڵا ئەحمەد)ە، تەیمور تاکە ڕزگاربووی ناو گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکانە. لە ساڵی (١٩٧٦)، لە گوندی کوڵەجۆ-ی سەر بەناحیەی ڕزگاری لە دایک بووە. تەیمور دەگێڕێتەوە پاش ئەوەی کە دەستگیردەکرێن و دەبرێن بۆ قەڵای قۆرەتوو لەوێشەوە بە گەڵابە کۆمەڵ کۆمەڵ دەیانگوازنەوە بۆ تۆپزاوا و پاشتریش بۆ گولە بارانکردن و زیندەبەچاڵکردنیان لە بیابانەکانی سەماوە لە باشووری عێراق کەهەر ئۆتۆمبێلێک سەربازێک یان بەکرێگیراوێک (جاشێک)ی تیابووەو بە دیار خەڵکەکەوە پاسەوان بووە. تەیمور ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو خەڵکەی کۆمەڵ کۆمەڵ کرابون لەیەک جیا دەکرانەوە، پیاوی گەنج بەجیا، ژن و مناڵ بەجیا، پیرەژن و پیرە مێردەکانیش بەجیا.

ئەو تاکە ڕزگاربوەی ناو گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان درێژە بەچیرۆکی جینۆسایدکردنیان دەدات و دەڵێت لەپاش ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکان دایان دەگرن دەیانخەنە ناو چاڵەکانەوە پاش ماوەیەکی کەم کە تەنها دە خولەک بۆ چارەکێک دەخایەنێت گولە باران دەکرێن. تەیمور وەک مناڵێک کە لەگەڵ تاقمی دایک و خوشکەکانیدا بووە دیمەنی گولە بارانکردنەکەی لەبیرەو کە وەک ئاورشێن دەسترێژیان بەناویاندا کردوون و لە چەند ساتێکی کەمدا هەمووی فیشەکی بەرکەوتووەو کەوتوون بەسەر یەکدا درێژە دەدات و دەڵێت ئاگام لێبوو کە چۆن فیشەک بەریان کەوت و چۆن شەهید بوون. ئاگام لێبوو کە فیشەک بەر سەری دایکم و خوشکەکانم کەوتن و شەهید

بوون. یەکەمجار فیشەکێک بەر سەری دایکم کەوت، سەرپۆشێکی سپی لەسەر بوو سەرپۆشەکەی سەری پەڕی و دایکم کەوت بینیم خوێن بە لاڕومەتیدا بە فیشقە هاتە دەرەوە. گولەکان زۆر بەخێرایی بەدوای یەکەوە بوون فیشەکێک بەخێرایی دای لە لاڕومەتی لاولاوی خوشکم و ئەویشم بینی کەوت، سنوری خوشکم لە ترسا ئاوا لەپی دەستی ڕاست کردبووەوە، وەک ئەوەی بیەوێت بەدەستی نەهێڵێت گولەکە بەری کەوێت فیشەکێک دای لە دەستی و فیشقەی خوێنم بینی لەدەستیەوە دەرچوو کەوت بەسەر لاشەکەی دایکمدا. ئەوەی گێلاسم لە بەرچاو نییە واهەست دەکەم کەوتبووە ئەودیوی دایکمەوە لێمەوە دیار نەبوو. فیشەکێک بەر گۆشتەکەی شانی خۆشم کەوت و گرمۆڵە بووم، ئیتر هەمووی لە چاوتروکانێکدا بەسەر یەکدا کەوتن.[١٤٣]

سەرەڕای گولە بارانکردنی ئەنفالکراوان، بەشێک لەکچەکان و ژنە گەنجەکان دەفرۆشرێن بە دەوڵەتانی عەرەبی و زۆرێک لە بەڵگەو گێڕانەوەکان ئەوە دەسەلمێنێت، دیارترین بەڵگەنامەش فرۆشتنی (١٨) هەژدە کچی ئەنفالە بە دەوڵەتی میسر و ئەویش ڕەوانەی مەلهاکانی کردووە.

هەروەها بەشێکی تر لەوان دەستدرێژی کراوتە سەر ناموسیان و هەست بە شکانی کەرامەت و کەسایەتییان دەکەن. (ڕەحمە عەبدولکەریم) دەربازبویەکی ئەنفالەو دەڵێت (بەچاوی خۆم لە سەربازگەی تۆپزاوا دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتانم بینیوە. کچێکی زۆر جوان کە ناوی (بەیان) بوو خەڵکی خالۆ بازیانی بوو، تەمەنی (١٤-١٥) چواردە پانزە ساڵان دەبوو سەربازەکان پەلاماریاندا، هەر ئەو شەوە لە تاوا شێت بوو دوای لە هۆڵەکان بەزنجیر دەیانبەستەوە بە پەنجەرەکانەوە).[١٤٤]

ئافرەتێکی هەڵهاتووی عەرعەر دەگێڕێتەوە (ڕۆژی وا هەبووە دوانزە پیاو هاتونەتە لام و دەست درێژییان کردووەتەوە سەر ناموسم).

هەر لە زیندانەکانی ڕژێمدا کە ژن و پیاویان لێک جیاکردبووەوە، زۆر دیمەنی ترسناک و دەستدرێژی بینراوە، ئافرەت هەبووە بە قژ هەڵواسرابووەو مەمکیشیان بڕابووەوە یان چاویان هەڵکۆڵرابوو، نینۆکەکانیشیان هەڵکێشرابوو.[١٤٥]

کەیسی ئەنفال، یەکەم دادبینیی لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق، لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٨/٢١) بوو. پاش (٦١) شەست و یەک دانیشتن، دادگا لە (٢٠٠٧/٦/٢٤)، کەیسەکەی بە جینۆساید ناساند.

هەروەها پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خۆیدا بە بڕیاری ژمارە (٢٦)، لە ساڵی (٢٠٠٨) دا، کەیسی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند.

**پێنجەم/ جینۆسایدی هەڵەبجە**

**یەکەم/ جوگرافیای هەڵەبجە**

هەڵەبجە یەکێکە لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی باشووری کوردستانەوە، هەروەها بەدووریی (٣٦٤) سێسەدو شەست و چوار کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی بەغدادی پایتەختی عێراقەوە، بە دووریی (١٦) شانزە کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە. وەک مێژووناسان باسی دەکەن هەڵەبجە پێش (٤،٠٠٠) چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیانی تیابووە و شار بووە، وە لە ساڵی (١٦٥٠)ی زاینی لە لایەن بەگزادەکانی جافەوە ئاوەدان کراوەتەوە. لە ساڵی (١٨٨٩) بووە بە قەزاو لە ساڵی (٢٠١٤) بووە بە پارێزگا. و لە (٢٠١٥/٢/٥) پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی

خۆی کە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە ئەنجام درا، یاسای پارێزگای هەڵەبجەی دەرکرد کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) یەو لە (١٢) مادده پێک هاتووە. ئەو یاسەش لە (٢٠١٥/٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٣) لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسەند کرا.

شاری هەڵەبجە بە شاخەکانی هەورامان لە باکووری خۆرهەڵات، شنرویێ لە خۆرهەڵات و بالامبۆ لە باشووری خۆرهەڵاتەوە دەورە دراوە. هەروەها دەشتی شارەزوور دەکەوێتە باکوری شارەکەوە و دەریاچەی سیروانیش دەکەوێتە باکووری خۆرئاوایەوە.

خەڵکی شاری هەڵەبجە پەیڕەوی ئاینی ئیسلام ڕێبازی سونی دەکەن و هەروەها کەمینەیەکی تری هاوارییی تێدایە و بە ئازادییەوە ئەرکە ئاینییەکانی خۆیان جێبەجێدەن. تەواوی دانیشتوانەکەی کوردن و بە هەردوو شێوە زاری سۆرانی و هەورامی قسەدەکەن.

**دووەم/ ناولێنانی هەڵەبجە**

ئەوەی تا ئێستا لەبارەی ناولێنانی هەڵەبجەوە باسکرابێت، ئەم بۆچونانەی خوارەوەیە:

* حەڵەبچە: حەڵەب+ چە، واتە: حەڵەبی بچوک. حەڵەب شارێکی خۆشە لە شام و (چە) ش ئامرازی بچوکردنەوەیە، وەکو باخ+ باخچە. دەریا+ دەریاچە، خاوەنی ئەم بۆچونە هەڵەبجە بە حەڵەبێکی بچوک دەزانن.

* ئەلەبجێ: ئەم وشەیە لە دوو بەش پێک هاتووە: (ئەلەب+ جێ)، واتە جێگای ئەلەب. گوایە ئەلەب ناوی جولەکەیەک بووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بێگەبەگی ئەردەڵانیدا هاتووەتە ناوچەکەو یەکەمین ئاوەدانی تیا دروست کردووە.

* هەڵـۆجێ: ئەم وشـەیەش لە دوو بەش پێکهـاتووە: (هەڵـۆ+ جـێ)، بە واتای جێگای هەڵۆ. گوایە مەبەست هەڵۆخانی ئەردەڵانیە کە مـاوەیەک لە ناوچەکەدا فەرمانڕەوای کردووە.[146]

* هەڵـوژە: ئەم نـاوەش لەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت گـوایە جێگـای هەڵەبـجە درەختـی هەڵـوژەی زۆری تیـابووە، ئێسـتاش بەشـێک لە گوندنشـینەکانی نـاوچەکەو خەڵـکە بەتەمەنەکـان بە هەڵەبـجە دەڵـێن: (هەڵەوجە)، ئەم وشەیەش نزیکە لە هەڵوژەوە.

* عەجەب جێ: واتە شوێنێکی سەرسوڕهێنەر. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە شـوێنێکی خۆشـەو بەشـێکی زۆر لە هـاوینەهەوارە بەناوبانگەکـانی کوردسـتان لە هەڵەبـجەن و هەروەهـا بەرووبـوم و زەوی چـاکی هەیەو دەشـتی شـارەزووریش کە دەکەوێـتە بـاکوری شـارەکەوە دووەمـین دەشـتی بەپیتـی جیهـانە، لەدوای دەشـتی کالیفۆرنیـا لە ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**سێیەم/ تاوانەکانی جینۆساید لە هەڵەبجەدا**

لەبەر ئەوەی هەڵەبـجە ئـاوێتەی بـزوتنەوەی ئـازادیخوازی کوردسـتان بووە، بەدرێژایی هەموو جوڵانەوەکانی کورد و شارێکی زیندوو بووە و لە مێـژووی سیاسـی و ڕونـاکبیریی کوردسـتاندا. ناکرێـت بـاس لە بزوتنەوەی سیاسی و ڕوناکبیری و ئەدەبیی کوردستان بکرێت و ئامـاژە بە هەڵەبـجە نەدرێـت. هەر ئەو ڕۆڵە سیاسـی و ئەدەبییەشـی بـووە کە وایکـردووە بەردەوام لە لایەن داگیـرکەرانەوە ڕووبەڕووی جینۆسـاید کردن بێتەوە.

لە سـاڵی (١٩٢١)، شـەڕی دەربەنـدی ئەشـکەوەڵ لە قەدپـاڵی چیاکـانی شـنروێ لە نێـوان هەڵەبجەییەکـان و هێزێکـی سـەربازیی بەریتانیـادا ڕوویـدا. بەریتانییەکـان ژمارەیـان (٥٠٠) پێـنج سـەد سـەرباز بـوون و

تووشـی زەرەرێکـی گیـانی و مـاددیی گەورە بـوون بەبێ ئەوەی بتـوانن یەک چەکـداری هەڵەبجەیـی بکـوژن یـان دەسـتگیر بـکەن. لەبەر ئەوە بەریتانییەکان پەنایان بردە بەر هێزی ئاسمانی و دەوروبەری شارەکە بە تایبەتی گوندی عەبابەیلێ-یان بۆردومان کرد کە قەڵای چەکدارەکان بوو، کۆمەڵێ گوندنشین شەهید کران کە یەکێکیان ئافرەت بوو.[١٤٧]

لە سـاڵی (١٩٦٣)، (زەعـیم سـدیق موسـتەفا) هێـرش دەکـاتە سـەر شـارەکەو پـاش ئەوەی لەلایەن پێشـمەرگەوە بەرگرییەکـی دلاوەرانە لە شارەکە دەکرێت و ڕێ لەو پەلامارەی دەگیرێت ئەویش زۆر دڵڕەقانە و بە ناچاری پەلاماری باخەکان دەدات و تەڕ و وشک دەسوتێنێ و زەرەر لە سـامانی هاولاتیـان دەدات. (بـاخی میـر)ی بەناوبانـگ لەو هەڵـمەتەدا سووتا. ئەوەی هێشتا لەبیرەوەری خەڵکی شاردا ماوەتەوە ئەوەبوو دوو بـرای بە ناوەکـانی (عابـد مـحەمەد سـۆفی و ڕەوف مـحەمەد سـۆفی) چاوبەسـت کـردوو لە بەردەرکـی سـەرای شـارەکەدا گـولە بـارانیکردن. هێزەکانیشـی لە دزی و تـالانیکردن درێغیـان نەدەکـرد، دەسـتیان گەشـتە دوکان و گەنجینە بازرگانییەکان و ماڵ و باخی هاوولاتیـان. ئەوەی هـاتە بەردەستیان دزییان. هەموو یاسـا نێودەوڵەتیەکان پێشـێل کران تەنانەت یاسـا عێراقیەکـانیش پشـت گـوێخران.[١٤٨] دوو ڕۆژ لەدوای جینۆسـاید کردنـی قەڵادزێ و لە (١٩٧٤/٤/٢٦)، ڕژێـمەکەی بەغـدا دەسـتی خـۆی وەشاندەوەو هەڵەبجەشی بۆمبارانکرد. چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی وەک ناپـاڵم و مووشـەکی ئاسـمانی- زەمینـی دژ بەسـڤیلی ئەم شـارە بەکارهێنـا (٥٠) پەنجـا کەس شـەهید بـوون زیـاتر لە (١٠٠) سـەد کەس برینـدار بـوون. خـانوو بەرەیەکـی زۆر وێرانکـران و زەرەری مـاددی گەورە بەر ئەم شارە کەوت.[١٤٩]

له ساڵانی (١٩٧٨- ١٩٧٩)، ڕژێمی بەعسی عێراقی سیاسەتی چۆڵکردنی کوردستان و گوندەکانی کردبوو بە بەرنامە بەتایبەتی دانیشتوانی سڤیل، ئەویش بە دوو قۆناغ.

قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٧٨) بۆ گوندەکانی هەورامان و بنارەکانی هەڵەبجە و سەر سنووری خۆرهەڵاتی کوردستان بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی (زەمەقی- عەنەب- خورماڵ) و قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٨٧) بۆ گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجەو شارەزوور بۆ ئوردوگای (برایەتی) لە گوندی باریکە. کە ئەو ئۆردوگایە بۆ خەڵکی دەڤەری هەڵەبجە زۆر ژیانێکی سەخت بووە چونکە لەڕووی کەش و هەواوە گەرم و ووشک و کەم ئاوبووە بە بەراورد بە شوێنی بنچینەیی خۆیان شوێنێکی فێنک و ئاودار.

لەو چوارچێوەیەشدا لە کۆی (٢١٦) دوو سەدو شانزە گوندی هەڵەبجە (١٩٨) سەدو نەوەدو هەشت گوند کاولکرا.[١٥٠] لەو تاوانانەدا فەوجە بەکرێگیراوەکان (جاشەکان)، ڕۆڵێکی باڵای کاریگەریان هەبوو لەتێکدانی هێمای شارستانیەت و هاوکاری هێزەکانی ڕژێم بوون لە دەرپەڕاندنی گوندنشینەکان و کۆکردنەوەیان لەسەربازگەی کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا. هەر بۆیە خەڵکانی ڕاگوێزراوی دەوروبەری شاری هەڵەبجە دەخرانە کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی (خورماڵ، عەنەب، زەمەقی) و لە دوایشدا کۆمەڵگایەکی گەورەی لە باشووری رۆژئاوای هەڵەبجە زەقکردەوە ناویان نا هەڵەبجەی سەدام. ئەو ڕاگواستنەش بووە هۆی لێکترازانی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی بێ کاری و هاندانی گەنجان بۆ چونەنێو ڕیزی بەکرێگیراوێتیەوە. هەروەها لە ساڵی (١٩٨٦)، نزیکەی (١٠٠) سەد کەس لە ناحیەی سیروانی باکووری شاری هەڵەبجە کوژران.

لەمیانەی سیاسەتە بەردەوامەکانی ڕژێم بۆ جینۆسایدکردنی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٧)، و بە بەرنامەی زەوی سوتاو ناوچەی پاوانکراو، لەو میانەدا پیلانێکی سەربازی ئاسایشی واژۆ کرا بۆ چۆڵکردنی بازنەی سنووری شاری هەڵەبجە لەگەڵ ئێراندا. وە بە پانتایی نزیکەی (٢٠) بیست کیلۆمەتر بوو بەشێوەی نیوە بازنەیەک. مەبەستی پیلانەکەش گۆشەگیرکردنی ئەو شارە تێکۆشەرە بوو، لە ناوچە هەستیارەکانی بەتایبەتی لەو گوندانەی کە دەکەونە نێوان هەڵەبجەو ئێرانەوە. لەو چوارچێوەیەشدا (٥٢) پەنجاو دوو گوندی شارەزوور ڕاگوێزران. بۆ ئەو مەبەستەش وەک نارەزای دەربڕینێک دژ بە سەپاندنی ڕێوڕەسمی سەربازی و پۆلیسی بەسەر شاری هەڵەبجە و دەوروبەریدا کۆمەڵێ لە گەنجان و قوتابیانی شارەکە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیان ئەنجامدا کە دواتر بە ڕاپەرینەکەی (١٩٨٧/٥/١٣)ی هەڵەبجە ناسرا، دواتر ناحیەکانی خورماڵ و سیروان و سەیدصادق-یشی گرتەوە. خۆپیشاندەران شەقامەکانی هەڵەبجەیان گرتە بەرو هاواریان دەکرد (نا بۆ ڕاگواستن، نا بۆ بەبەعسی کردن و نا بۆ بەعەرەبکردن). وەڵامی هێزە سەرکوتکەرەکان بە ئاگر بوو. لەو ڕۆژەدا لاوێک بە ناوی (مەریوان حەمەڕەشید)ە وە شەهید بوو، بەڵام کوڵنەدەران تەرمەکەیان بەرزکردوەو بە شارەکەدا دەسوڕانەوە. لە ئاستی تەشەنەسەندنی بارودۆخەکەدا، ڕژێم کەوتە خۆی و ئامادە باشی نواند بۆ داپڵۆسینی ڕاپەرینەکە و پەنای بردە بەر هێزی ئاسمانی و هێزی پیادەو موغاویر. هەشت فڕۆکەی هێلیکۆپتەر بە قومبەلەو ڕەشاش شارەکەیان بۆردومانکرد.[١٥١] ڕەشاشی فڕۆکەکان ڕویانکردە سڤیلەکانی گەڕەکەکانی (کانی عاشقان، مۆردانە، شێخ سمایل، پیر محەمەد). بووە هۆی کوژران و زیندە بەچاڵ کردنی (٧٨) کەس و بریندار بوونی (٢٢) بیست و دوو

کەسی تر و تەقاندنەوەی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا خانوی گەڕەکی کانی عاشقان و مۆردانە.

هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی (٥/١٣) هەڵەبجە، ڕەواندوز و شەقڵاوەش بۆ پشتیوانی هەڵەبجە ڕاپەڕین، بەڵام ڕاپەرینەکەی ئەویٚ زوو خامۆش کرا.[١٥٢]

کەیسی کانی عاشقان یەکێک بوو لە کەیسەکانی جینۆسایدی هەڵەبجەو کوردستان لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق-دا بەڵام تا ئێستا ئەو کەیسە یەکلای نەکراوەتەوەو بە جینۆساید نەناسێنراوە.

**چوارەم/ جینۆساید کردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی**

هێزەکانی ئێران بەهاوکاریی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٣)، بە تۆپی قورس و بەبیٚ ئەوەی هیچ گویٚ بەوە بدەن کە ئەوشارە هاووڵاتیی سڤیلی تیایە هێرش دەکەنە سەر شارەکە و لەو تۆببارانە سەختەی ئێراندا سەرەڕای پێشێلکردنی قووڵی ڕێککەوتننامەی چوارەمی ژنێفی ساڵی (١٩٤٩) چەندین هاوڵاتیی سڤیلیش دەکوژرێن. ئێرانیش خۆی مەبەستی گرتنی ئەو شارە بوو چونکە ژمارەیەکی زۆری ئۆپۆزسیۆنی کوردی کە هەردوو حیزبی (دیموکرات و کۆمەڵە) بوون لە ناوچەکەدا بوون.

پاش کۆنترۆڵکردنی شارەکە لەلایەن هێزەکانی ئێران و هێزە کوردییەکانەوە، هێزە کوردیەکان شاری هەڵەبجە تەسلیم بە پازداری ئێرانی دەکەن.

ڕۆژی چوارشەممە (١٩٨٨/٣/١٦)، کاتژمێر (١١:٣٥) یانزەو سی و پێنج خولەکی پێش نیوەڕۆ، دەیان فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی بەعس کە لە هەردوو بنکەی (الحریە- البکر)وە هەڵدەستان کەوتنە بۆردومانکردنی شارەکە بە چەکی کیمیاوی و بە چەکی کلاسیکی لە سەرەتادا گازی

خەردەلی تێدا بەکارهات و دواتریش بۆ یەکەم جار لە مێژووی دروست کردنی چەکی کیمیاوی گازی دەمارەکان بەکار هات.

دەیان فڕۆکەی جەنگی (سوخۆی و میراج) ئاسمانی شارەکەیان داپۆشی و (١٥) پانزە جار شارەکە بۆردومان کرا. هەرجارەی (٨- ١٠) هەشت تا دە فرۆکە بەشداریی دەکرد و گازەکانی (خەردەل، سیانید، و فسفۆر)یان دەڕژاند بەسەر دانیشتواندا.[١٥٣] ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا لە کاتژمێر (٣) سێی پاش نیوەڕۆی (٣/١٦)دا، خەڵکەکە هەستیان بە بۆنێکی نائاسایی دەکرد، لە بۆنی سێوی شیرین دەچوو، هەندێکیان بە بۆنی عەتر و خەیار تێدەگەیشتن، ترسێکی بێوێنە باڵی کێشا بەسەر ئەو خەڵکەدا. ئەوەی توانییان بیکەن تەنها ئەوەندە کە درزی دەرگاو دیوارەکان بە خاولیی تەڕ بگرن و دەموو لوتیان بە قوماشی تەڕ داپۆشن، هەندێکیان ئاگریشیان لە ژوورەوەی پەناگەکاندا کردەوە، بەم شێوەیە مانەوە تاکو تاریکی باڵی کێشا بەسەر شارەکەدا و ئیتر نەدەتوانرا لە پەناگەکاندا بمێننەوە.[١٥٤]

ئەو هەڵەبجەییانەی کە لەو ژەهربارانە ڕزگاریان بووە، ئەوانەی چارەنوسیان وابوو کە بژین باسی ئەو ڕۆژە دەکەن کە بەچاوی خۆیان لەژێر دوکەڵی ژەهری کوشندەی کیمیاوی قەدەغەکراودا بینییان. جەستەی هەڵەبجەییەکان وەک گەڵای دار کەوتبوو ئاژەڵ و باڵندەکانیش هەمان چارەنووسیان هەبوو. خەڵک هەبوو لەبەر دەرگا، لەسەر جادە، لە ناو ئۆتۆمبێلدا گیانی سپاردبوو، زیندووەکان دۆخیان زۆر ناجێگیر و خراپ بوو، دەم و دەست و چاویان لە گۆ کەوتبوو. هەندێکیان بەبێ ویستی خۆیان پێدەکەنین، هەندێکیان پەلە قاژێی دەربازبونیان دەکرد و کەمێک دەڕۆیشتن و دەکەوتن، چاویان باش بینایی نەدەکرد و وەک ئەوەی دەرزی ژەن بکرێن، کە میزیان دەکرد میزی خوێناوییان دەکرد.[١٥٥] ئەوەش هەموو کاریگەری کوشندەیی ئەو چەکە کیمیاوییە

قەدەغەکـــراوە بەکارهـــاتووانە بـــوون. دەرەوەی شـــارەکەش هەمـــوو بۆردومان کرابوو بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت بیر لە خۆ دەربازکردن بـکەنەوە لەوێـش بە کـاریگەری ژەهرەکـان گیـان لەدەسـت بـدەن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لەوانەی لە شار چوونە دەرەوە لە دەوروبەری شارەکەدا گیان لەدەست بدەن.

لەپـێش جینۆسـایدی هەڵەبـجە، ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی قەزای هەڵەبـجە و گونـدەکانی یەکەی کـارگێڕییەکەی بەپێـی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٨٧)، کە لەلایەن ڕژێمـی عێراقـی لەنـاوچووەوە کرابـوو، گەیشـتبووە (١١٥٥٤٠) سەدو پانزە هەزار و پێنج سـەد و چل کەس. کە لە شـارەکەو (٢١٦) دوو ســـەدو شـــانزە گونـــددا نیشـــتەجێ بووبـــوون. لە دوای جینۆسـایدەکە تەنهـا (١٨) هەژدە گونـد مـانەوە و (١٩٨) سـەدو نەوەدو هەشـت گونـدەکەی تـر وێرانکـران و خەڵـکەکەی ئـاوارە کـران. سـامانی ئـاژەڵ و کشـتوکاڵ و سروشـت بەڕێـژەی (١٠٠%) لە سـەدا سـەد لە ناوبران، چونکە سەرجەم ناوچەکەیان کرد بە قەدەغەکراو.

سـەبارەت بە ژمـارەی قوربانیـانی جینۆسـایدی هەڵەبـجە، تـا ئێسـتا ئامـارێکی ورد لەبەردەسـت نـیە. بەڵام ڕێکخـراوی چـاودێری مافەکـانی مرۆڤ ئامارێکی هەڵەبجەیان کردووەو (٣٢٠٠) سێ هەزار و دوو سەد ناویـــان لایە، وە بڕواشـــیان وایە کە (٤،٠٠٠- ٧،٠٠٠) چـــوار هەزار تـــا حەوت هەزار، لە هەڵەبـجە خنکێنرابێـت.[١٥٦] ئامـارێکی تـر ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات کە ژمـارەی کوژراوەکـان دەگـاتە (٥٤٦١) پێـنج هەزار و چـوار سـەدو شەسـت و یەک کەس و ژمـارەی برینـدارەکانیش لە نـاو (١٤) چواردە کامپی ئێراندا و بەپێی ئاماری ئێرانیەکان دەگاتە (١٢٨٠٠) دوانزە هەزار و هەشت سەد کەس.

بەشـێک لەو بریندارانەشـی کە ڕوویـان لە ئێـران کـرد بە مەبەسـتی وەرگرتنی چارەسەر بەشێکیان لەوێ گیانیان لەدەست دا و هەر لەوێش

نێـژران لە گۆڕسـتانی بەهەشـتی زەهـرای تـاران لە شـوێنێکدا بەنـاوی (موقیعیت شـهدای حلـبجە)، کە ژمارەیـان نـزیکەی (١٧٠) سـەد و حەفتـا گۆڕە.[١٥٧] هەر لە ئێـران و خۆرهەڵاتی کوردسـتان نـزیکەی (٧٣٠) حەوت سـەد و سـی گـۆڕی هەڵەبجەیـی هەیە. بە تۆپبارانی ئێرانیش بـۆ گرتنـی هەڵەبجە نزیکەی (١٥٠) سەد و پەنجا کەس کوژران.

بەشێکی ئەو بریندارانەش بەهـۆی سـەختی برینەکەیـان و کوشـندەی گازەکـانەوە کە تـا ئێسـتا چارەسـەریان وەرنەگرتـووە بەردەوام لێیـان دەمرێـت. ئەوانەشـی کە مـاون و لە ژیانـدان لە دۆخێکـی تەندروسـتی سەختتدان.

ئەو هەڵەبجەییـانەی کە ڕوویـان لە خـۆرهەڵاتی کوردسـتان و ئێـران کرد بۆ پاراستنی گیانیان، دەستبەجێ لەلایەن مانگی سوری ئێرانییەوە (٢٠) بیست کامپیان بۆ دروست کرا و لەوێدا نیشتەجێبون لەو کامپانەش (مەرگەوەڕ، هەرسـین، جـوانڕۆ، بـارام ئـاوا، کامیـاران، هەزارخـانی، دۆڵە ناو، سنقوور، شوشمێ، دزڵی، سەریاس و سەلاسی باوەجانی).

کـاتژمێر (٢) دووی شـەوی (١٩٨٨/٣/١٣) بۆمبـارانی شـارەکە دەسـتی پێکرد. خەڵکی هەڵەبجە پێش بینی ئەوەی کردبوو کە ڕژێمـی سـەدام لە کاردانەوەکانیدا کیماویی لەدژی هەڵەبجە بەکاردەهێنێت. بەڵام پێشـمەرگە ئەوەیـان وتبـوو گەر شـتی وا ببێـت ئـیمە پـێش وەخـت ئاگادارتـان دەکەینەوە. بەشێوەیەکی گشتی خەڵکێکی زۆری هەڵەبجە متمانەی نە بە پێشمەرگە هەبوو نە بە سوپای پاسدارانی ئێران، کە شارەکە بپارێزێت. بۆیە ئێوارەی (١٩٨٨/٣/١٥) بە ئۆتۆمبێل خەڵکێکی زۆری هەڵەبجە لەوانە (سەعدونی ئەلە کەچەڵ و تۆفیقی کارەبا) بە شاخی شنرۆیدا سـەرکەوتن و تا ئەشکەوەتی ئەشکەوەڵێش چوون. بەڵام پێشمەرگە گەڕاندنیانەوە بە بیانووی ئەوەی شـار پارێزراوە و ئەوەنـدە تەقەمەنـی و هێـز هـاتووە کە ڕژێـم هەر هەوڵێـک بـدات سـەرکەوتوو نابێـت و شـارەکە پـارێزراوە.[١٥٨]

خەڵکی هەڵەبجە هێشتا تاوانی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی (١٩٨٧) و تەقاندنەوەی گەڕەکی کانی عاشقانی لە بیردا بوو. بۆیە پێش بینی ئەوەی دەکرد ئەمجارە ڕژێمی بەعس خراپتر بەسەر هەڵەبجەدا بهێنێت. بۆیە بیریان دەکردەوە لە شار هەڵبێن، بەڵام پێشمەرگە نەیهێشت و تەنانەت تەقەشیانکرد بەسەر خەڵکەکەدا بۆ ئەوەی لە شار دەرنەچن، و ژنێکی هاواری لەو تەقە کردنەدا بریندار دەبێت. ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە دەگێڕنەوە کە ویستویانە لە هەڵەبجە بچنە دەرەوە بەرەو سنووری تەوێڵە، پێشمەرگە ڕێگرییان لێدەکەن و پاشتر ئەوانە لە جینۆسایدەکەدا دەمرن و ئەوانەشی کە ئەم چیرۆکە هەقیقییە دەگێڕنەوە لە جینۆسایدەکەدا بریندار بوون.[١٥٩]

لە پاش ئەوەی لە ڕۆژی (٣/١٦) وە بۆ ماوەی (٣) سێ ڕۆژ شارەکە کەوتە بەر بۆردومانی سەختی فڕۆکەو قومبەلە هاوێژەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقی، ئیتر شارەکە بەتەواوی چۆڵکرا. تەرمەکان لە ناو گەڕەک و کۆڵانەکانی شارەکەدا، لە ناو ماڵ و پەناگەکاندا، لە دەروازەی شارەکەدا بێخاوەن بێناشتن بەجێهێڵران. ئا لەو بارودۆخە ناهەموارەدا کۆمەڵە کەسێکی بەرژەوەندی پەرست کە چەکداری هەندێ لە حیزبەکان بوون لەگەڵ ئەو سقیلانەی کە لە ژیاندا مابوون و هەندێ گرووپی ئێرانی هەستان بەتالان و دزینی شتومەکی ناو ماڵەکان و شوێنە بازرگانیەکان و ئەوەی دەستیان پێی دەگەشت، هەندێکیان بێباکانە و بێپەروایانە، هەستان بە بڕینەوەی دەستی ئافرەتە شەهیدەکان بۆ دزینی بازنە ئاڵتونەکانی دەستیان.[١٦٠]

(مەحمود فەتاح عەبدول محەمەد)، یەکێکە لە ڕزگاربوو و شایەتحاڵەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە و چەندین کەسی کوژراون لە (٣/١٦) دا، دەربارەی دزی و تالانیەکانی هەڵەبجە دەڵێت لەو سەرەتایەوە کە من لە هەڵەبجەدا بووم تەنها دزی (ئاڵتون وپارە) هەبوو. تەنانەت

یەکێک لەو پێشمەرگانە کە ئێستا موقەدەمە. لە بامۆک دانی بە زیاتر لە ناوی (٣٠) سی پێشمەرگەدا نا کە هەموویان لە سەرەتای ڕووداوەکەوە (ئاڵتون و پارەی) یان لە مردووەکان دزیوە. لە کۆتا دانپێدانانیدا ئەو پێشمەرگە موقەدەمە دەڵێت بڕی (٣٣) سی و سێ هەزار دینار، لە پشتی ئافرەتێکدا بوو، لە فلان ژێر زەمیندا بوو، فەرماندەی کەرتەکە ناردینی لە پشتیدا دەرمان هێنا. ڕۆژێکی تر پێشمەرگەیەکی تر کە هەڵەبجەیی بوو هات و وتی کاکە وەرە ئێمە هەڵەبجەین با ڕێگری بکەین لەم تالانی و دزییە کە لەم شارەدا دەکرێت. منیش وتم کاکە وازبێنە ئەتکوژن، بەسەدان کەس ڕژاوەتە ئەم شارە و کەس ناناسین. لەجیاتی ئەوەی گیانی هاوولاتیان ڕزگار بکەن، دواتر بەو شێوەیە پەلاماری سەروەت و سامانی خەڵکی هەڵەبجە و مردووەکانیان دەدا. تەنانەت هەر لەو ماوەیەدا بوو کە من لە هەڵەبجە بووم ناوی ئافرەت دەهێنرا، من حەزناکەم لێرەوە ناوی ببەم کە بە مردووی دەست درێژی کراوەتە سەر ناموسی. هەر لەو ماوەیەدا بوو ناوی ئافرەت دەهێنرا کە بۆئاڵتون و بازنەکانی دەستی دەستیان بڕیوەتەوە. تەنانەت ئەو کاتە ناوی (٣٨٤) سێسەد وهەشتاو چوار کەس هەبوو. کە دەستیان هەبووە لە تالانی ماڵ و کەل و پەلەکانی خەڵکی هەڵەبجەدا. ئەو پانزە ڕۆژەی کە لە هەڵەبجەدا بووم ئەو بارودۆخەم بینی لە شەهید بوونی خێزان و مناڵەکانم بەلامەوە ناخۆشتر بوو. پێش ئەوەی لە هەڵەبجەوە بگەڕێمەوە بۆ ئێران کەل و پەلی ماڵەکەم کۆکردەوە و قوفڵێکم لێدا. دوای ماوەیەک لە ئۆردوگاوە نوسراوێکم کرد و گەڕامەوە بۆ کەل و پەلی ناو ماڵەکەم، خوا شایەتە لیفەی ژوورو سەر مەعرەز هاتبووە بەر دەرگاکە، جلی مناڵەکانم هەمووی پژابوو بەژورەکاندا. تەمەز هەرکەس چوو بووە ژوورەوە دەستێکی لێدابوو، یان شەقێکی لێدابو بەڕاستی جێگەی داخە لە

ڕووداوی ئاوادا له بری دڵنەوایی. بەو شێوەیە دەست درێژی بکرێتە سەر شەرەف و ماڵ و گیانمان و له کۆتایشدا ئاوا تاڵان بکرێین.[١٦١]

دوای ئەوەی سوپای ئێران هەڵەبجەی چۆڵکرد و سوپای عێراق هاتنە ناوەوە. جارێکی تریش تالان و فەرهود کرایەوە ئەمجارە له لایەن تاکەکانی سوپای عێراق و بەکرێگیراوەکانیەوە بوو. وێرای ئەوانەش سوپا دەستی کرد بە کاولکردنی ئەوەی بەپێوە مابوو هێشتا بەوەش ڕازی نەبوون، بە دینامێت کەوتنە تەقاندنەوەی خانووبەرەکان و تەختکردنیان بە بلدۆزەر و شۆفڵ، ئەمە چارەنووسی هەردوو کۆمەڵگای زەمەقی و عەنەب بوون، کەڕژێم خۆی له کۆتایی ساڵەکانی حەفتادا دروستی کردبوون بۆ کۆکردنەوەی گوندنشینەکانی سەر سنوور و نیشتەجێکردنیان بەزۆرەملێ.

هەر دەربارەی شاری هەڵەبجە، ڕژێمی عێراقی لەناوچوو دەستیکرد بە دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر خەڵکی شارەکەدا بۆ بنیادنانی شارێکی تازە له خۆرئاوای دەشتی شارەزووردا بە ناوی هەڵەبجەی سەدام (صدامیە حلبجە)، بەڵام ئەو زەوییانە بەپێی فۆرمێک دەدرا کە دەبوایە مۆری بە کرێگیراوەکان (جاشەکان)ی ڕژێمی پێوە بوایە، ئەو زەوییانەش بەو هەڵەبجەییانە نەدەدرا کە ڕوویان له ئێران کردبوو.

له دوای ئەوەی کە ڕژێمی بەعس لێبوردنی گشتیی دەرکرد، هەندێ خەڵک بەدەم لێبوردنەکەوە هاتن و له ئێرانەوە گەڕانەوە بەهیوای نیشتەجێکردنیان له هەڵەبجەو گوندەکانی دراوسێی. بەڵام ڕژێم نیشتەجێبونیانی له هەموو پارێزگای سلێمانیدا لێقەدەغەکردن، ناچاری کردن کە دەبێت له کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی (بەرە حوشتر و گردە چاڵ)، له نزیک شاری هەولێر دەستبەسەر بژین، وە ئەگەر جوامێریی خەڵکی شاری هەولێر نەبوایە زەحمەت دەبوو بتوانن ژیان ببەنە سەر. بەڵام ئەوانەی لەدوای تەواوبونی ماوەی لێبوردنەکە گەڕانەوە، ڕاپێچیان کردن

بـۆ ئەنفـاڵ کردنیـان لەبیابـانی عەرعەر و زینـدانی نـوگرە سـەلمان لە پارێزگای سەماوە لە باشووری عێراق لەبرسا کوشتنیان.[162]

ئەو هەڵەبجەییانەشـی لەدوای مـاوەی لێبـوردنەکە گەڕانەوە ڕاپێچـی سەربازگەکانی نوگرە سەلمان کران لە پارێزگای سەماوەی باشووری عێراق.

(سـەلمان ئەلاکەرەم میـر ئەحـمەد عەزیـز) کە لە سـاڵی (١٩٦٥)، لە گونـدی هـاواری هەڵەبـجە لە دایـک بـووە. یەکـێکە لە شـایەدحاڵەکانی جینۆسایدی هەڵەبجەو دەگێڕێتەوە

دوای ئەوەی لە ئۆردوگای (سەریاس) ماوەی (٨) هەشت مانگ لە ژێر خێمەدا بووین، بەردەوام ئەگەر نەڵێم ڕۆژانە، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەفتانە فڕۆکە عێراقیەکان ئەهاتنە سەر ئاسمانی ئۆردوگای هەڵەبجەییەکان لە سەریاس و ترس و بیمێکی زۆریان بۆ ئاوارەکانی هەڵەبجە دروست کردبوو. تەنانەت بیرمە سابیر تەوێڵەیی نازانم لە بەر چ هۆکارێک لە پاوە زیندانی بوو، ڕۆژێکیان فڕۆکەی عێراقی شاری پاوەی بۆردومانکرد و لە ناو زیندانەکەدا ئەو سابیر تەوێڵەییە شەهید بوو.

دوای ئەوەی بڕیاری لێبوردن دەرچوو بۆ هەڵەبجەییەکان. ئێمەش لەگەڵ مـاڵی خوشـکەکەماندا ناومـان نوسـی و دواتـر ئۆتـۆمبێلی بارهەڵگریان پێداین و هاتینە مەرزی تەوێڵە- نەوسود. لە مەرزی تەوێڵە سەربازە عێراقیەکانمان بینی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتیە ئاشتی پارێزەکانی مۆزەمبیـق کە چـاودێری گەڕانەوەی ئاوارەکـان و بـارودۆخی سنوورەکەیان دەکرد. هەر لە مەرز گەنجێکی هەڵەبجەیی چووە لای سەربازێکی عێراقی و بێئەوەی وەڵامی بداتەوە زلەیەکی لێداو گەنجەکە گەڕایەوە دوا. دواتر ئۆتۆمبێلی سەربازییان هێنا و سەرجەم خەڵکەکەیان گواستەوە بۆ تەواری چوارباخ لە سلێمانی.

تـا (٣) سـێ ڕۆژ لە تەواری سـلێمانی لەژێـر لێکـۆڵینەوەدا بـووین. پرسیارەکان ئەمانە بون:

لە کوێ بوون؟

بۆچی هاتونەتەوە؟

پێشتر لە هەڵەبجە ئیشتان چی بووە؟

سەربازیت کردووە یان نا؟

چەند برات هەیە؟

براکانت پێشمەرگە نین؟

کێ کیمیایی کردووە بەسەر هەڵەبجەدا؟

زۆر پرسیاری تر لەدوای (٣) سێ ڕۆژەکە دوو جار ئۆتۆمبێلیان هێنا بۆمـان، پاسـی ڕیـم بـۆ ژن و منداڵ و پیاوە پیرەکـان بەجیـا، ئۆتـۆمبێلی موقەپەتیش بۆ گەنجەکان. ئەو ڕۆژە لە کاتژمێر (٩)ی نـۆی سـەرلەبەیانی بەڕێکەوتین تا کـاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ بەڕێوە بـووین، بێئەوەی ئەو ئۆتۆمبێلە جامێکی هەبێت و دەرەوە ببینین، یـان ئـاڵوگۆڕێکی هەوای تێدا بێت. لە دوای کاتژمێر (٣) سێ ئۆتۆمبێلەکەمان وەستا، ئەوەنـدەمان زانـی زابتێکـی ڕەشـتاڵەی بە هەیکەلـی ناشـیرین هـاتە سـەرمان و ووتـی ئۆتۆمبێلەکە پەنچەر بووە وەرنە دەرەوە بچنە ناو ئەو پاسە. ئێمە هـاتینە دەرەوە لە ئۆتۆمبێلە موقەپەتەکە و پێش ئەوەی بچینە ناو پاسەکە وتمان تینومانە.

زابتە ڕەشتاڵەکە ڕۆشت تەنەکەیەک ئاوی گەرمی بۆ هێنـاین و ووتـی خێرا بیخۆنەوە و سەرکەون. دواتر وتمان ئێرە کوێیە؟

زابتە ڕەشتاڵەکە وتـی ئێـرە نـاحیەی (بەلەد)ە دەکەوێتە نزیـک بەغـدای پایتەخـت. کاتێـک سـواری ئۆتـۆمبێلەکە بـووین لە بەلەد، سـەیر دەکەیـن شۆفێری پاسـەکان جلەکانی بەریـان گۆڕیـوە و جلی سـەربازی و دەزگا

هەواڵگرییەکانی بەعسیان لەبەردایە. دواتر ئەوەی لەناو بەغدا ئەوەی لە تەنیشت شۆفێرە ئاسایشەکە بوو. ئامێرێکی بێتەلی پێبوو کەوتە قسەکردن و وتی ئەوە هێناومانن، چیان لێبکەین؟

هەر لە ئامێرە بێ تەلەکەدا وەڵامیان دانەوە و وتیان بیان بەن بۆ پارێزگای سەماوە هەموو شتێک ئامادەیە. دواتر گەشتینە دەروازەی شارێک نوسرابوو پارێزگای سەماوە. بەناو ئەو شارەشدا تێپەڕیین دیسان بە ئامێری بێتەل قسەیان کرد و وتیان بیانهێنن، زۆرتان نەماوە. چەند کاتژمێرێکی تر ڕۆشتین تا گەشتینە شوێنێک و لەسەر ڕێگاکە نوسرابوو (حدود بلدیە سعودیە). واتە سنووری شارەوانی سعودیە. ئیتر لەو شوێنەوە نیو کاتژمێر بەدەستە چەپداو بەناو ڕێگای خۆڵدا ڕۆشتین. دواتر بەدرێژایی ئەو ڕێگا خۆڵە زۆربەمان ڕشاینەوە، چونکە وەرزەکەی زۆر گەرم بوو، ئێمەش ڕانەهاتبووین بە گەرمای عەرعەر، ئەوەش با بوەستێت هەموومان خەفەت دایگرتبووین.

کاتێک نزیک بووینەوە لەو شوێنەی کە بۆی دەبراین، بینایەکی گەورەمان بینی، پەنجەرەی بچوک بچوکی تیابوو. کاتێک دابەزین لەبەردەم ئەو بینایەدا و سەیری دەروازە و دەرگاکەم کرد، لەسەر دەروازەکە نوسرابوو (یا ویل للجهنم). ئەوەش زانراوە کە وەیل شیوێکە لە دۆزەخ. پاشان چووینە ژورەوە تەنها خزمەکانی من بە خوشک و خوشکەزاکانمەوە نزیکەی (١٥) پانزە کەس دەبووین. لەگەڵ دانیشتندا (موقەدەم ئیحسان)ێک گاڵۆکێکی ئەستوری بەدەستەوە بوو کەوتە لێدانمان، یەکێک لە گاڵۆکەکان کێشای بە پشتی مندا، دواتر دای لە (ناتق تەوێڵەیی)، پاشان دای لە (عەلی کەریم پاڵەنیای) یەکسەر کراسەکەی لکا بە خوێنی پشتیا. ئەمە بێئەوەی ئێمە هیچ بڵێین. دواتر موقەدەم ئیحسان

وتـی بـرای قەحـبە، (٤،٥٠٠) چـوار هەزار و پێـنج سـەد سـەرباز لە ئـێمە دەکوژن و دێنەوە بۆ لامان و دەڵێن بڕیاری لێبوردنە. با بزانن بڕیاری لێبوردن بۆ ئێوە نییە.

ئا لەو کاتەدا کە بە لێدان کەوتبووە گیانمان، باوکم کە تەمەنی (٦٥ بۆ ٦٦) ساڵ دەبوو، وەک بڵێی من تەمەنم پیرە بەڵکو بیکات بە خاتری من و لەو گەنجانە نەدات.

لە ناو خەڵکەکەدا هەستایە سـەر پێ و ووتـی گەورەم ئەمـانە تاوانیـان چییە بۆ لێیان دەدەیت؟

هەر کە وای وت مـوقەدەم ئیحسـان پەلامـاری بـاوکمی دا، تـا (١٠) دە خولەک بەو گاڵۆکەی دەستی لە باوکمی دا. زۆر بە ناشیرینی ، ئەوەندە بە گاڵۆک کێشـای بە سـەروو پشتیدا، تـا بـاوکم بـورایەوە وازی لێنەهێنـا. ئەمە لە کاتێکـدا هەموومـان سـەیرمان دەکـرد هـیچ کەس نەی دەوێـرا هەسـتێتەوە و بڵـێ لێـی مەدە، چـونکە ئەویشـی وەک بـاوکم لـێ دەکـرد. بـاوکم ئەو شـەوە تـا نزیکـی بەیـانی نەهـاتەوە هـۆش خـۆی، دوای چەنـد کاتژمێرێـک پـێش ئەوەی ڕۆژ بێـتەوە، بـاوکم کـۆچی دوای کـرد و بـوو بەیەکەم کەس کە لە (نوگرە سەلمان) شەهید بێت.

بۆ بەیانی هەندێ تەکلیفمان کرد لە پاسەوانەکانی بەردەرگا و هەندێک پارەمـان پێـدان و وتمـان هەرچیتـان کـردووە لەبەر خـوا چەنـد مەترێـک خاممـان بـۆ بهێـنن لە سـەماوە، بـۆ ئەوەی بیپێچـین لە تەرمـی بـاوکم و دواتر بە خاکی بسپێرین، ئیتر هەر چۆنێک بوو لەگەڵ (فەرەجی عـارف و شامورادی زاوامان) تەرمەکەی باوکمان شۆرد. دوای ئەوەی خامەکەیان بۆ هێناین لێمان پێچاو دواتر خستمانە ناو بەتانیەک و دیسان بە تەکلیف لە پاسەوانەکانی بەردەرگا چوینە ئەودیوی زیندانەکە و دەستمان کرد بە

گـۆڕ هەڵکەنـدن. مـانگی (٩) ی سـاڵی (١٩٨٨) لە سـەماوە بە ئاراسـتەی مەرزی (سـعودیە) بیابـانێکی وشـک و گەرمە، ئاسـان نەبـوو بتـوانین گۆڕێکی ئاسایی هەڵبکەنین. بۆیە تەنها توانیمان بستێک زەوی هەڵبکەنین و خـۆڵەکەی پیـادا بـدەین. ڕۆژی دواتـر سـەگە ڕەشـەکەی نـوگرە سەلمانمان بینی ئێسقان و جەستەی باوکمی بە دەمەوە بوو.

دواتـریش (٥٢) پەنجـاو دوو تەرمـی ژن و منالّمـان لەدەرەوەی ئەو قەڵایە ناشت، بە هەمان شێوەی تەرمی باوکم، ئەو سەگە ڕەشە تەرمی هەموویـانی دەردەهێنـاو دەخـوارد. چـونکە بەئاسـانی دەچـووە سـەر گۆڕەکانیـان و بە ئاسـانی لمـی بیابـانەکەی هەڵ دەدایەوە و تەرمەکەی دەردەهێنا.

یەکەم ڕۆژ لە نـوگرە سـەلمان خێزانەکانیـان دابەشـکرد بەسـەر هۆڵەکانـدا، زینـدانەکە دوو دەرگـای هەبـوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا. لە هەریەکە لە دەرگاکـانی زینـدانەکە، (سـێ، سـێ) پاسـەوانیان لێدانابوو، بەرپرسـی زینـدانەکە بە (حەجـاج) بانگیـان دەکـرد، جێگـرەکەی نـاوی (شەمخی) بوو، ملازمی نمرە یەک بوو.

ڕۆژانە حەجاج دەهـاتە نـاو خەڵکی هۆڵەکان و بە کێبڵ لە خەڵکەکەی دەدا، ڕۆژێکیان وا هەستم کرد سەرخۆشە حەجاج هـاتە لای مـن و وتـی بەم دەستانەی خۆم (٢،٠٠٠) دوو هەزار کوردم خنکاندووە.

ئێمە وەک هەڵەبجەییەکان ژمارەمان گەشتە (١١٥٢) هەزار و سەد و پەنجـاو دوو کەس، تەنهـا لە یەک ڕۆژدا لە نـاو هەڵەبجەییەکانـدا (١٩) نۆزدە کەس مردن.

لە پیاوێکی پیرم پرسی هۆکاری ئەم مردنە چیە؟

وتی ئەم جۆرە نەخۆشییە لە برسێتییەوە تووشـی مرۆڤ ئەبێت و لە گرانییەکەی کۆندا ئێمە بەم جۆرە نەخۆشییەمان دەوت چاوە قوڵە.

شێوه و ڕوخساری حەجاج زۆر ترسناک بوو. بە بینینی هەموو کەس لێی دەترسا. تەنانەت ئافرەت هەبوو گەورە بوو، هەر ڕۆژێک بچوایەتە نـــاو هـــۆڵەکەی ئەوان، لە ترســـا ئەو ئـــافرەتە نـــاوکی دەکەوت. خوشکەزایەکم هەبوو تەمەنی (٢) دوو ساڵ بوو. پێش ئەوەی بچینە ناو نـوگرە سـەلمان پێـی گرتبـوو، لە نـوگرە سـەلمان لە ترسـی حەجـاج و سزاکانی حەجاج لە پێکەوت. ڕۆژێکی تر ئاویان بۆ هێنابن، تامی تاڵی دەدا، هەندێکم لێخواردەوە وتم ئەم ئاوە شتێکی تێکراوە مەیخۆنەوە. دواتر ئاوەکەیان خواردەوە و دایکی (ئەکرەم مەحمود مستەفا تەوێڵەیی) ئاوەکەی خواردەوە و لە کاتژمێر (٩) نۆی بەیانی دەستیکرد بە ڕشانەوە تا بانگی عەسر بەردەوام ئەڕشایەوە تا مرد. (گوڵستان حەمەخان قادر ئێناخی) تەمەن (٨) هەشت ساڵ مرد. (ئەکبەر ئەحمەد عەلی شەریف بەکراوایی) مرد.

(عەبـدولەتیف مەولـود عەبـدولکەریم) لە سـاڵی (١٩٣٩) لە گونـدی بامۆکی هەڵەبجە لەدایک بووە یەکێکە لە شایەد حاڵ و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە و بەو شێوەیە باسی باردۆخی هەڵەبجە دەکات پاش جینۆسایدەکە

ئەو ماوەیە بارودۆخی هەموو خێزانە هەڵەبجەییەکان چ لە سنووری سلێمانی و چ لە سنووی هەولێر زۆر خراپ بوو. خوێندکارەکانمان لە هیچ خوێندنگایەکی سنووری پارێزگای سلێمانی وەرنەدەگیران، لەم ماڵ بـۆ ئەو مـاڵ هەڵەبجەیـی خـۆی دەشـاردەوە، نەخۆشـخانە بیزانیـایە هەڵەبجەیین چارەسەری نەخۆشەکانی نەدەکرد، خاوەن خانوو بیزانیایە هەڵەبجەیـین خـانووی بەکـرێ پێـنەدەدابن، نـزیکەی دوو سـاڵ بـوو گەڕابـووینەوە بـۆ عێـراق هـیچ فەرمـانبەرێکی هەڵەبجەیـی بـۆی نەبـوو بگەڕێـتەوە بـۆ فەرمـانگەکەی. لەهەر شـوێنێک دوو نەفەری هەڵەبـجەی ببینرایە، ملازم موحسین ئاگادار دەکرا کە هەڵەبجەییەکان خۆپیشاندان

دەکەن. ئیتر تەواو گول بووبووین لە سلێمانیدا. دوای چەند ڕۆژێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەرانمان چەند پیاوێکی هەڵەبجەیی لەوانە من و مامۆستا عەبدوڵڵای عەبدولعەزیز و مامۆستا ڕەحیم و قادری سۆفی سەعید سەردانی شێخ جەعفەری پارێزگای سلێمانیمان کرد. دوای ئەوەی سکاڵای خۆمان کرد، شێخ جەعفەر وتی (هەڵەبجەیی شایەنی ژیان نیە، ئێستا کە ماون بارن بەسەر ئێمەوە). بۆیە من هیچم بەدەست نیە، بەڵام هەر ئێستا تەلەفون دەکەم بۆ کەسێک و دواتر ئێوەش سەردانی بکەن، بەڵکو شتێکتان بۆ بکات. کە هاتینە دەرەوە لای شێخ جەعفەری پارێزگار وتم بە وانەی لەگەڵم بوون، شێخ جەعفەر تەلەفونی بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی کردووە. بۆیە من نایەم لەگەڵتان چونکە دەمانگرن، ئیتر ئەوەبوو ئەو پیاوانەی هاوڕێم ڕۆشتن و یەکی سێ مانگ گیران. منیش ڕامکرد بۆ بەغدا.[١٦٣]

**پێنجەم/ گۆڕە بە کۆمەڵەکانی هەڵەبجە و منداڵە وونبوەکان**

تەرمی هەڵەبجەییەکان لە ڕۆژانی (١٩٨٨/٣/١٨)وە بەدواوە نێژراون.

(باقی عەبدوڵڵا ڕەشید)، یەکێکە لەو پیاوە هەڵەبجەییانەی کە لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناشتنی تەرمی هەڵەبجەییەکان و دەگێڕێتەوە کە بە ئۆتۆمبێلێکی میکزەمینی دەستیکردووە بە کۆکردنەوەی تەرمەکان و هەر لە سەرەتاوە کوشنی ئۆتۆمبێلەکەی دەرهێناوە بۆ ئەوەی تەرمی زیاتر بگرێت، ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی (١،٥٠٠ تا ٢،٠٠٠) هەزار و پێنج سەد تا دوو هەزار تەرمی بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بارکردووە. دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەو ڕۆژانە زۆربەی قوربانیەکان لەژێرزەمینەکاندا بوون، بۆیە لە یەک ژێرزەمینی هەڵەبجەدا (١١٣) سەد و سیانزە تەرممان دەرهێناوە. لە ژێرزەمینێکی تردا پیرەژنێکمان دەرهێنا وامانزانی مردووە، تا خەریکی دەرهێنانی تەرمەکانی تربوین سەیر دەکەم

پیرەژنەکە ڕاست خۆی درێژکردەوە و زیندوو بووەتەوە، هەر لەوێدا هەندێک ئاو و پیسکیتم داپێی و دواتر تەسلیم بە ئۆتۆمبێلێکی ئێرانیەکانمان کردو بردیان بۆ بنکە تەندروستیەکانی خۆیان بەمەبەستی چارەسەرکردن. زۆربەی ئەو تەرمانەش گواستراونەتەوە بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عەنەب و شەهیدان. کەسانێک هەبوون بەدانیشتنەوە مردبوون لەناو ژێرزەمینەکاندا. هەروەها دەڵێت بۆ گواستنەوەی ئەو تەرمانە لەزۆربەی ماڵەکانی هەڵەبجەدا بەتانیان دەرهێناوە. ئەو رۆژانە سەخت بوو لەژێر بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی عێراقدا بە ئۆتۆمبێل تەرم کۆکەیتەوە و لەژێر خاکدا بیانشاریتەوە. ئێمە بۆ ئاسانکاری پەنامان دەبردە بەر شوێنی ئەو ناپاڵمانەی کە زەوییەکەی چاڵ کردبوو. لەوانەش ناپاڵمێکی گەورە دابووی لە عەنەب و لە گۆڕستانی شەهیدان، ئەوە ئاسانکاری بوو بۆ شاردنەوەی تەرمەکانی هەڵەبجە.[١٦٤] پاسداری ئێرانی لەبەر ئەوەی خۆی لە هەڵەبجە ماوەتەوە و جەستەی شەهیدەکان بۆگەنی کردووە و هەستاوە بەلابردنیان و شاردنەوەیان ئەو کارەش بە سەربازە دیلە عێراقیەکان ئەنجام داوە چونکە لەژێر زەمینەکاندا بۆگەنیان کردبوو. تەنانەت (٣٥) سی و پێنج کەس بوون دەستیان کردووە بەناشتنی شەهیدەکان و لەکاتی ناشتنیشیان ژماردوونیان، و سودیان وەرگرتووە لەچاڵی بۆمبەکان، لەئێستادا گۆڕستانی قلیچ تایبەت کراوە بۆ ئەو بریندارانەی کە هەرکەس گیانی سپارد دەبێت لەوێ بنێژرێت و تایبەتە بەوان.[١٦٥]

سەبارەت بەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی هەڵەبجە نزیکەی (٥٣) پەنجاو سێ گۆڕن، جگە لە هەڵەبجە لە خورماڵ و بیارە و سیروان، و جگە لەو (٣) سێ گۆڕانەی کە هەڵدرانەوە، لە لایەن (٥) پێنج کارمەندی شارەوانیەوە کە دواتر سێ کارمەندیان بەهۆی کاریگەری و مانەوەی گازەکان لەسەر

جەستەیان گیانیان سپارد و دوانەکەی تریش بە سەختی بریندارن تا ئێستا. بۆیە وەک شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن کە گازی خەردەل گەر خۆر و باران لێی نەدات ئەوا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێنێتەوە. هەربۆیە هەڵدانەوەی گۆڕەکانی کیمیاباران وەک ئەنفال ئاسان نیە چونکە مانەوەی گازەکان لەسەر گۆڕەکان وایکردووە کە نەتوانرێت هەڵبدرێتەوە ئەوە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە وەک لایەنە دەروونیەکەی کەسوکاری شەهیدان لەوە نیگەرانن و ناتوانن دەریان بهێننەوە، چونکە نایانەوێت جەستەی ئازیزانیان بەشێواوی ببیننەوە. ئەو گۆڕانەشی هەڵدرایەوە لە گۆڕستانی قلیج ئەوە نەبوو کە حکومەتی هەرێم بە پلان بۆی هاتبێت، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەبوو کە لەو شوێنەوە جادەیەک لێدرا. هەروەها تا ئێستاش لە هەندێ ژێر زەمینی هەڵەبجە کاریگەری گازەکان ماوە و تەنانەت مریشکی کوشتووە و بەوەدا زانراوە کە کاریگەری ماوە و بەوەش تا ئێستا ژێر زەمینەکان سودی لێوەرناگیرێت.[١٦٦]

کێشەیەکی تر کە حکومەت کەمتەرخەمە بەرامبەری بریتیە لە بۆمبەکان لە هەڵەبجە کە گازی خەردەلی تیایەو تا هەنووکەش کاریگەری ساڵی (١٩٨٨)ی ماوە و تا ئێستا (٧) حەوت کۆمەڵ بۆمب لە هەڵبجە هەیە، حەوت ماڵی هەڵەبجەی بەسەر بۆمبەکانەوە خانوویان کردووە و لەبەر نەداری و نەشارەزای نەیانتوانییوە کە بۆمبەکان دەربهێنن. بۆیە تا ئێستا خەڵکی هەڵەبجە مەترسی ئەوەی هەیە کە ئەو بۆمبانە تێکەڵ بە ئاوی هەڵەبجە ببێت و خەڵکەکەی بکوژێت.

هەرچی سەبارەت بە منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەیە، نزیکەی (١١٤) سەد و چواردە منداڵ تۆمارکراون کە ونبوون و تا ئێستا (٨) هەشت منداڵیان دۆزراونەتەوە و بە کەس و کاریان شاد بوونەتەوە.

**شەشەم/ زیانە مادییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە**

ئەو زیانانەی کە هێزەکانی عێراق گەیاندیان بە هەڵەبجە بریتین لە:

* ویرانکردنـی (٢٤٥٩) دوو هەزارو چـوار سـەدو پەنجـاو نـۆ یەکەی نیشتەجێبوون.

* تێکدانی (٣٢) سی و دوو کیلۆ مەتر تۆڕی ئاوەڕۆ.

* ویرانکردنی (٨) هەشت کیلۆ مەتر جادەو شۆستەی قیرتاوکراو.

* تـاڵانکردن و تێکشـکاندنی (٨١) هەشـتاو یەک کیلـۆ مەتـر تـۆڕی دابەشکردنی کارەبا و وێستگە و ستون و محەویلە.

* ڕوخاندنی کارگەی پوختەکردنی توتن کە پێکهاتبوو لە چوار نهۆم. هێزەکـانی ئێرانـی هەمـوو ئـامێر و کەل و پەلەکـانی تـاڵانکردبوو پـێش ڕووخاندنی لەلایەن ڕژێمی بەغداوە.

* ویرانکردنی سەرای فەرمانڕەوایی.

* کاولکردنی باخچەی ساوایان.

* کاولکردنی نەخۆشخانەی شار و دوو ناوەندی تەندروستی.

* کـاولکردنی بەشـە نـاوخۆیی خوێندکاران کە تەلارێکی پێنج نهۆمی بوو.

* کـــاولکردنی فەرمـــانگە میرییەکـــان وەکـــو کشـــتوکاڵ، ئـــاودێری، تەندروسـتی، ئـاژەڵ بەخێـوکردن، ئـاگر کـوژێنەوە، بەریـد و تەلەفـون، گەنجان و پۆلیسخانە.[١٦٧]

هێزەکانی ئێرانیش لەلای خۆیەوە ئەم زیانانەی گەیاند:

* دروێنە کردن و گواستنەوەی گەنم و جۆی ئەو ساڵەی سنوورەکە بۆ ئێران، هەندێک لەو جوتیارانەی کە بەڵگەنامەیان هەبوو بە مەزەندە گەنم و جۆیان بۆ گەڕاندنەوە.

* دزینـی کتێبەکـانی کتێبخـانەی هەڵەبـجە کە بـڕی (١٧،٦٠٠) حەڤـدە هەزار و شەش سەد کتێبی تیابوو.

* کەل و پەلی (٢٥) بیست و پێنج قوتابخانە بە مێزو و تەختە ڕەش و دەفتەر و پێنووسی فێرخوازانەوە.

* کەل و پەل و ئامێری کارەبا و فەرش و ڕاخەری (٢١) بیست و یەک مزگەوت.

* هەروەها ئێران بەخواستی خۆی ڕۆژی (١٩٨٨/٧/١٣)، لە هەڵەبجە کشایەوە، چەند ڕۆژ پێش ئاشکراکردنی وەستانی شەڕ، لەکاتی کشانەوەیدا بەخێرای دەستی دایە تەقاندنەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو ڕۆژە تەنها فریای تەقاندنەوەی (٧٣) حەفتاو سێ بینای دەوڵەت کەوت، کە زۆرینەیان قوتابخانەو نەخۆشخانەو فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان بوون.

واتە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەک لە شێوەکان ئێران بەدەر لە یارمەتییە مرۆییەکان، بۆ هەڵەبجە لەهەمانکاتدا دەستی هەبووە لە بەشێک لە تالانکردن و وێرانکردنیدا، هاوشانی پەلاماری هێرشی جینۆساید کردنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.[١٦٨]

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین هەڵەبجە بووبوو بە وێرانە، بەهەمووی نزیکەی (١٠٠) سەد خانوو بە پێوە مابوو هەمووی ڕوخابوو. سەرەڕای خانوو تەواوی مزگەوت، نەخۆشخانە، خوێندنگە....هتد

**حەوتەم/ زیانە تەندروستی و ژینگەییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە**

ئەو گازە کیمیاویانەی کە لەدژی شاری هەڵەبجە بەکارهێنرا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، دەیان کاریگەری خراپی تەندروستی لەسەر دانیشتوانی شارەکە جێهێڵا.

(د.کریستین گۆسدێن)، مامۆستای بۆماوەزانی پزیشکی لە زانکۆی لیڤەرپوڵ، دەڵێت (ئەو گازانەی کە لە هەڵەبجە بەکارهێنرا تا دەیان ساڵی

دیکە کاریگەری هەیە لەسەر چاو، پێست، هەناسەدان، منداڵ نەبوون و منداڵ لەبارچوونی ژنانی خەڵکی هەڵەبجە).[١٦٩]

هەروەها (د.حسێن شەهرستانی)، شارەزای ناوکی، دەربارەی گازە بەکارهاتووەکانی هەڵەبجە دەڵێت (ڕژێمی عێراقی بۆنی سێوی ئاوێتەی ژەهرەکان کرد بۆ ئەوەی خەڵکی هەڵخەڵەتێنێت و وابزانن کە ماددەکە زەرەرمەند نییە و بە ئارەزوی خۆیان هەڵی مژن. وە ئەو گازانەی کە ڕژێمی عێراقی لەناوچوو بەکاریهێنان جۆری سەنگین و قورس بوون و بە ئاسانی دەڕژانە شوێنە نزمەکانەوە، بەم شێوەیە بێتاوانێکی زۆری لە ناو ژێرخان و پەناگەکاندا کوشت. بەم شێوەیە ئەوانەی سەربان و سەر ڕێگاکانی خۆ ڕزگارکردنیش لەناوچوون. ئێمە پاش (١٣) سیانزە ساڵ، لەڕووداوەکە دەدوێین کە هێشتا خەڵکی بەرکەوتوو لەژیاندا ماون بەڵام نیشانەی تەندروستی نەرێنییان پێوە دیارە، پیاوەکانی تووشی نەزۆکی و بێبەرهەمهێنان بوون، ئافرەتەکان منداڵیان لەبار دەچێ، تێکچونی جەستەی بە منداڵی تازە لەدایک بووەوە دیارە، جۆرێ نەخۆشی شێرپەنجە بەدی دەکرێت کە پێشتر نەبوون لەو ناوچەیەدا. کاریگەرییە تەندروستییە خراپەکان تەنها لەسەر بەرکەوتووەکان دەرناکەوێت بەڵکو لە جیلەکانی داهاتوش دەبینرێت).[١٧٠]

هەروەها ئەو گازە کیمیاوییە بەکارهاتووانە چەندین کاریگەریی نەرێنیی تری تەندروستییان بەجێهێڵا، لەوانەش:

* شێرپەنجەی سییەکان.
* کاریگەریی سەر کۆئەندامی هەرس.
* کاریگەریی سەر پێست و چاو.
* کاریگەریی لەسەر کۆ ئەندامی هەناسەدان.
* بڵاو بوونەوەی نەزۆکی لەنێوان پیاوان و ئافرەتەکاندا.
* کەمبونەوەی بەرگریی نەخۆشی لە کەسانی ئاسایی.[١٧١]

له هەڵەبجە چەندین گاز بەکارهاتووە ئەوانەی کە بە گازی دەمارەکان بریندار و بەرکەوتوون خێرا کوشتوونی و کاریگەریی درێژ بەجێناهێڵێت. بەڵام ئەوانەی بە گـــازی خەردەل بەرکەوتـــوون ئەوانە کە جەســـتەیان سوتاوە و تلۆقەیان کردووە، لەڕێگای تلۆقەکانەوە گازەکە ڕۆشتووەتە ناو سیەکانیەوە و تا مردنی کاریگەری لەسەری دەمێنێتەوە و ساڕێژ نابێت. ئەوانەی کە ئێستا بریندارن نزیکەی (٤٠٠) چوار سەد کەسن و لە (٢٠٠٣) وە نزیکەی (٨٩) هەشتاو نۆ کەس لەبریندارەکان مردوون.

جیاوازی گازە کیمیاوییە بەکارهاتووەکانی هەڵەبجە لەگەڵ هەردوو شاری هێرۆشیماو ناکازاکی ئەوەبوو، کە لەهەڵەبجە چەکی کیمیاویەکان لە شێوەی گازدا بەکار هات، بەڵام لە هێرۆشیماو ناکازاکی بۆمبی ناوکی بەکارهات.

لە هەڵەبـــجە بـــاخە بەناوبانگەکـــانی نـــاوچەکە کیمیابـــاران کـــرا بـــۆ لەنـــاوبردنی مـــاددەی کلۆرۆفیـــل لە درەخـــت و ڕووەکەکانـــدا بـــۆ لە ناوبردنیان و وشک کردنیان. دوای کیمیابارانەکە ژمارەیەکی زۆر مار و دووپشـک لە هەڵەبـجە دەرکەوتـن کە ئەوانە لەکـاتی کیمیابـارانەکەدا لە سوڕی متبووندا بوون و لە ناو نەبرابوون. هەروەها بەهۆی مەوادی کیمیاوی و گازاتەوە گەلێ جۆری مێش و مەگەزی زەرەر بەخش و ئافاتی دیکە هاتنە کایەوە. هەروەها بەهۆی وشککردنی ڕووەکەکان بە چەکی کیمیاوی بووە هۆی کەمبونەوەی ئۆکسجین. ئەوەش چەندین ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە وەکو (کێشەی تەنگە نەفەسی و لاوازی بینین لە منداڵەکاندا، کەموکوڕی، کێشەی دەروونی و ئیفلیجی مێشک).

**هەشتەم/ ئەو کۆمپانیانەی مەوادی چەکی کیمیاویان بە عێراق فرۆشت**

* ئەڵمانیا (٨٢) هەشتاو دوو کۆمپانیا.
* بەریتانیا (١٧) حەڤدە کۆمپانیا.

* نەمسا (١٧) حەڤدە کۆمپانیا.
* ئەمریکا (١٤) چواردە کۆمپانیا.
فەرەنسا (١٣) سیانزە کۆمپانیا.
* بەلجیکا (١٢) دوانزە کۆمپانیا.
* ئیتالیا (١٢) دوانزە کۆمپانیا.
* سویسرا (١١) یانزە کۆمپانیا.
* ئەرژەنتین (٥) پێنج کۆمپانیا.
* ئیسپانیا (٣) سێ کۆمپانیا.
* مۆناکۆ (٢) دوو کۆمپانیا.
* بەرازیل (١) یەک کۆمپانیا.
* میسر (١) یەک کۆمپانیا.
* یۆنان (١) یەک کۆمپانیا.
* هیندستان (١) یەک کۆمپانیا.
* ژاپۆن (١) یەک کۆمپانیا.
* جیرسی (١) یەک کۆمپانیا.
* پۆڵۆنیا (١) یەک کۆمپانیا.
* سوید (١) یەک کۆمپانیا.[١٧٢]

واتە هەموو ئەو کۆمپانیانەی کە مەوادی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە بریتین لە (١٩٦) سەد و نەوەد و شەش کۆمپانیا لە (١٩) نۆزدە دەوڵەتی جیهانەوە. هەریەک لەوانیش لە ڕوانگەی یاسای تاوانکار نێودەوڵەتییەوە بەرپرس و هاوبەشن لەو تاوانەدا، بەڵام تا ئێستا وا (٢٨) بیست و هەشت ساڵ، بەسەر ئەو جینۆسایدەدا تێدەپەڕێت بەرپرسیارێتییەکەیان لە ئەستۆ نەگرتووە.

لەناو ئەو دەوڵەتانەشدا (٧) حەوت دەوڵەتیان ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بوون لە ساڵی (١٩٨٨)دا، ئەوانیش

هەریەک لە (ئەمریکا- بەریتانیا- فەرەنسا). وەک دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی و هەروەها دەوڵەتانی (ئەڵمانیا- ئیتالیا- بەرازیل- ژاپۆن)، وەک دەوڵەتانی ئەندامی نا هەمیشەیی. ئەوەش هۆکارێکی دیار بوو کە ئەنجومەنی ئاسایش، ئەرکە یاساییەکەی جێبەجێنەکات و هەڵنەستێت بە پێکهێنانی دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی لەژێر ڕوناکایی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعسی پێشوو. دەرچوونی بڕیاریش لە ئەنجومەنی ئاسایش پێویستی بە (٩) نۆ دەنگ هەیە لە کۆی (١٥) هەر پانزە دەنگەکەی دەوڵەتە ئەندامەکانی و دەبێت هیچ کام لە دەوڵەتە هەمیشەییەکان ڤیتۆی بڕیارەکە نەکەن ئەو کاتە دەردەچێت. بەڵام لەو کاتەدا ئەمریکا وەک دەوڵەتێکی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش نەیهێشت ئەو بڕیارە دەربچێت. هەربۆیە ساڵی (١٩٨٨) ئەو ساڵە بوو کە قووڵترین جینۆساید لە مێژووی هاوچەرخی جینۆسایدەکانی دونیا لەدژی هەڵەبجە و باشووری کوردستان ئەنجام دراو نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگییان هەڵبژارد، لەبری ئەوەشی ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشێتەوە و ڕەخنەی یاسایی و سەرکۆنەبکرێ لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ویژدانە زیندووەکانی دنیاوە، کەچی پێچەوانەکەی ڕویداو خەلاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی (١٩٨٨)ی پێبەخشرا. لەپاش ئەو قووڵترین جینۆسایدە کە لەدژی کورد ئەنجام درا لە باشوری کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسی سەدامەوە لە ساڵی (١٩٨٨)دا، ئەرکی یاسایی و ڕەوشتمەندیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو وەک تاکە دەستگای جێبەجێکاری یاسای نێودەوڵەتی، کە دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی پێکبهێنایە بەپێی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگاییکردن و سزادانی تاوانکارانی بەعس، بەڵام بەو ئەرکە هەڵنەستا.

(مایکـڵ لیزنبێـرگ)، لە کتێبەکەیـدا (ئەنفـال لە کوردسـتانی عێـراق)، دەنووسێت

بۆردومـانی کیمیـاویی سـوپای عێـراق بـووە مـایەی بایەخپێـدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەو ڕاپۆرتانەی بەر لەو هێرشە دەربارەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بڵاوکرابۆوە، دوبارە سەرنجی جیهانی بۆ لای خـۆی ڕاکـێش کـرد. ڕووداوەکە ڕاکێشـکرایە بەردەم ئەنجـومەنی ئاسایشـی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. عێراقیەکان بە زیرەکییەوە توانییـان سـود لە بـارودۆخی جەنگـی سـارد وەربگـرن، بە پشـتیوانیی ئەمریکا خۆیان لە مەترسی ئابلۆقە دەرباز بکەن.

لە (١٩٨٨/٥/٩)دا، (٥٤) پەنجـاو چـوار ڕۆژ پـاش جینۆسـاید کردنـی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی، ئەنجومەنی ئاسایش لەکۆبونەوەی ژمارە (٢٨١٢) دوو هەزار و هەشـت سـەدو دوانـزەدا، بڕیـاری ژمـارە (٦١٢) شـەش سـەدو دوانـزەی دەرکـرد و سـەرکۆنەی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیاویی کرد لە ململانێکانی نێوان عێراق و ئێراندا و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو بۆردومـانە پـێچەوانەی ڕێککەوتننامەکـانی ژنـێفە. هەروەهـا سکرتێری گشتیی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تیمێکی تـایبەتی نـارد بۆ لێکۆڵینەوە، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی ئەرێنی هەبێت.

دەبێت ئامـاژە بەوە بکرێت کە سـەرەڕای ئەوەی هـیچ کۆمپانیـایەکی هۆڵەنـدی لەڕیـزی ئەو کۆمپانیـا ئامـاژە پێکـراوانەدا نـیە کە مەوادی کیمیاویـان بە سـەدام فرۆشـتووە. بەڵام هۆڵەندا هەستا بەدادگـایکردن و سزادانی بازرگانێکی دەوڵەتەکەی کە مەوادی خاوی کیمیاوی بە عێراق فرۆشـتبوو. ئەویـش لە ڕوانگەی هەسـتکردن بەو بەرپرسـیارێتییەی کە هـاوڵاتییەکی بەشـداربووە، وەک پەیوەنـدییەکی هۆکـاری بەفرۆشـتنی مەوادی خاوی کیمیاوی، بە ڕژێمەکەی سەددام. ئەو بازرگانەش (فراسن ڤـان ئانرانت)بوو، کە لە نێوان سـاڵانی (١٩٨٩ تـاوەکو ٢٠٠٣) لە عێـراق

ژیاوەو پاش ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سەددام گەڕایەوە بۆ هۆڵەنداو پاش دەستگیرکردن و دادگاییکردنی لە (٢٠٠٥/١٢/٢٣)، بە (١٧) حەڤدە ساڵ زیندانیکردن سزادرا.

لەپاش ئەوەی هەڵەبجە گیرا لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە بە هاوکاری و چاوساغی پێشمەرگەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کوژرانی (١٦) شانزە پێشمەرگەی باشووری کوردستان. حکومەتی عێراقیش بڕیاری کیمیابارانکردنی شارەکەی دا. یەک ڕۆژ لەدوای  کیمیابارانەکە، واتە لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٧)، هێزەکانی ئێران (٧٢) پێشمەرگەی کۆمەڵە کە بە گوردانی شوان ناسرابوون و زۆربەیان خەڵکی شاری سنە بوون دەکوژن لەنزیک گوندی دوانزە ئیمام و کانی شێخی سەر دەریاچەی سیروان. ئەو هێزەی کۆمەڵە پێشتر لە بیارە بوون، پاش چۆڵکردنی سوپای عێراق لە ناوچەکە ئەوانیش لە بیارە هاتنە خوارەوە بۆ شارەزوور.

حیزبی دیموکرات هەرچەندە (٥) پێنج پێشمەرگەیان شەهید دەبن ئەوانیش هەریەک لە (عیزەت ئەحمەدی، مەحمود گەلێنی، ئەنوەر دەرەبەیانی، سەعدی شەب ڕەند، مام یوسفی نەوسودی) بوون. ئەوانی تریان کە پێک هاتبوون لە هێزەکانی (شاهۆ، زاگرۆس، بەیان)، نزیکەی (٨٥٠) هەشت سەدو پەنجا کەس دەبن، ئەکەونە ڕێ لەسەر کەنی تاوێرەوە بەدەشتی سەباندا بۆ لای خورماڵ و لەوێشەوە بۆ پشتی گوندی شیرەمەڕ و لە نێوان گوندی عامورەو شاخی سورێنەوە تێدەپەڕن و ڕزگاریان دەبێت بەبێ زیان. نزیکەی (١٠) دە کەسی تریان چەند ڕۆژ دوای ئەم هێزە کە لە ناوچەکە بە جێمابوون ئەوانیش لەهەمان ڕێگاوە ڕزگار دەبن. دەربازکردن و ڕەوانە کردنی ئەو هێزەش بەهاوکاری هەڤالان (محەمەد حەمە ئەمین تەپی سەفای و عومەر کولکنی) لە یەکێتی  نیشتیمانی کوردستان کە دواتر شەهید کران، لەگەڵ

(حاجی عەبدوڵڵا سیامێووە) لە حیزبی سۆسیالیست دیموکرات، بوون ئەوەش لە (١٩٨٨/٣/١٩) بوو.[١٧٣]

ئەو پێشمەرگانەی کە دەستیان هەبوو لە ئازادکردنی ماڵ و پێشمەرگە دیموکراتەکاندا، دواتر لەلایەن شەهید د.عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕێزیان لێدەگیرێت و خەڵات دەکرێن، و لە ئێستاشدا ناویان لە فەرنگی ستایشی حیزبی دیموکراتدا تۆمار کراوە.

جینۆسایدی هەڵەبجە کە یەکەم دادبینی لە کەیسەکەدا لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق لە بەغداد لە (٢٠٠٨/١٢/٢١)، ئەنجام درا و پاش (٣٤) سی و چوار دانیشتن، دادگا لە (٢٠١٠/٢/٢٨)، کەیسەکەی بە تاوانی جینۆساید ناساند و یەکلایکردەوە.

هەروەها پەرلەمانی عێراق لە (٢٠١١/٣/١٧)، لە کۆبونەوەی ئاسایی ژمارە (٤٤)، بە بریاری ژمارە (١٢) کەیسی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند.

**شەشەم/ جینۆسایدی سەیدصادق**

سەیدصادق لە ساڵی (١٩٥٢) لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە کراوە بە ناحیە و تا ساڵی (٢٠٠٨) ناحیەیەک بوو سەر بە قەزای هەڵەبجەی ئەوکات، لە (٢٠٠٨/٢/٢٢)، لەگەڵ ناحیەکانی قەرەداغ و ڕەواندوز، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کران بە قەزا.

قەزای سەیدصادق لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، بەدووریی (٥٣) پەنجاو سێ کیلۆمەتر لەناوەندی پارێزگای سلێمانییەوە. یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاترلە (٩٣،٠٠٠) نەوەد و سێ هەزار کەس دەبێت. لە مێژووی دوورو نزیکی شارۆچکەکەدا، چەندین

جار ڕووبەڕووی تاوان و ستەملێکردن بووەتەوە، بەڵگەنامەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە جۆری ئەو تاوانەی لەدژی شارۆچکەکە ئەنجام دراون تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و جینۆساید پێک دەهێنن. جگە لە وێرانکردن و خاپورکردنی شارۆچکەکە و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی، بەپێی زانیارییەکانی بەردەست، ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکانی سەیدصادق (٥٤) پەنجاو چوار گوندن، کە لەدوای ڕوخاندنی سەیدصادق لە ساڵی (١٩٨٨)، سەرجەم گوندەکان ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی (نەسر و برایەتی) و بەزۆرە ملێ تێیدا نیشتەجێکران.[١٧٤]

ئەو تاوانەش بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەچێتەوە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە و ناساندن و ڕاستکردنەوەی ئەو تاوانانەی سەرەوە، هاوڵاتیان و پارێزەران و یاساناسانی شارۆچکەکە لە بەرواری (٢٠٠٩/٣/١٣)، سکاڵایان تۆمارکرد لەسەر ئەو تۆمەتبارانەی کە دەستیان هەبوو لە ڕوخاندن و ڕاگواستنی شارۆچکەکەدا، ئەو سکاڵایەش بە پشت بەستن بە یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٥) بە پێی هەردوو ماددەی (١١ و ١٢) ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی. پاش لێکۆڵینەوە لە کەیسی وێرانکردن و ڕاگواستنی شارۆچکەکە، لەلایەن دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقەوە بە هەوڵ و کۆششی پارێزەران و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی بەدواداچوونی یاسایی کەیسەکانی کوردستان لە بەرواری (٢٠١٣/١٢/٢٦)دا بە جینۆساید ناسێنرا، ئەوەش وەک بەشێک لە کرداری درێژکراوەی هێرشەکانی ئەنفال.[١٧٥]

ئەو بڕیارەش ئەو مافە یاساییە دەدات بە کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەتوانی شارۆچکەکە کە لەبەردەم دادگا شارستانیەکانی عێراقدا داوای قەرەبوکردنەوەی ماددی بکەن و هەروەها حکومەتی ئێستای

عێـراقیش وەک میراتگـری حکـومەتی بەعسـی ڕوخـاو لە سـەر ئاسـتی گشتی قەرەبووی مەعنەویی شارۆچکەکە بکاتەوە.

### حەوتەم/ جینۆسایدی شەنگال

## یەکەم/ شەنگال و جینۆسایدی ئێزدییەکان لە مێژوودا

شـەنگال بەپێـی مێـژوو و جوگرافیـا، هەروەهـا بەپێـی بـڕگەی (١)ی مـاددەی (٢)ی پـرۆژەی دەسـتوری هەرێمـی کوردسـتان یەکـێکە لە قەزاکـانی باشـووری کوردسـتان، شـاخی شـەنگالیش کە لە سـنوری قەزاکەیە بەرزییەکەی (١٤٦٣) مەترە.

ئێزدییەکان لە جیهاندا نـزیکەی (٢،٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن کەسن. زیاتر لە (٨٠٠) هەشـت سـەد هەزاری لە کوردسـتان دەژیـن، بەتـایبەتیش لە (شـەنگال، شـێخان، زومـار، سـیمێڵ، خـانکێ و بەحزانـی). ئێزدییەکـان خـاوەنی بیروبـاوەڕی تـایبەت بە خۆیـانن و باوەڕیـان بەبـوونی تـاک خودایی هەیە فریشتەی مەلەک تاوس پیرۆزترین فریشـتەیە بە لایانەوە، کتێبـی پیرۆزیـان کتێبـی (ڕەش)ە، نـوێژ و ڕۆژوو و بەرستشـی خۆیـان هەیەو پەرستگای پیرۆزیان لالشە کە لە قەزای شێخانە.[١٧٦]

ئێزدییەکـان چـی بەهـۆی نەتەوایەتـی وەک کـورد و چـی وەک و بیروبـاوەڕ وەک گروپێـک کە پەیـڕەوی لە ئـاینی خۆیـان دەکەن، لە مێـژوودا چەنـدین جـار جینۆسـاید کـراوان. لە سـاڵی (١٦٤٠)دا عوسمانییەکان هێرش دەکەنە سەریان و نزیکەی (٣٠٦٠) سێ هەزار و شەست ئێزدی دەکوژن، نزیکەی (١٠٠٠) یەک هەزاری تریان دەمرن لەبەر نالەباریی دۆخی ژیانیان کە لە ترسی جینۆسایدەکە ڕوویان لە ئەشکەوتەکانی دەوروبەری شەنگال کردبوو و (٣٠٠) سێسەد گوندیش دەسـوتێنن. لە سـاڵێ (١٨٩٢) دووبـارە بە فەرمـانی سـوڵتان عەبـدول

حەمیدی دووەم جینۆسـاید دەکـرێنەوە، لە سـاڵی (٢٠٠٧)یشـدا بەهـۆی کـردەوەی تیرۆریسـتیەوە (٧٩٦) حەوت سـەدو نەوەدو شـەش کەسـیان دەمرێـت و (١٥٦٢) هەزار و پێـنج سـەدو شەسـت ودوو کەسـی تریـان بریندار دەبن.[١٧٧]

تازەترین جینۆساید لەدژی ئێزدییەکان هێرشی هێزەکانی داعشە بۆ سـەر قەزای شـەنگال و نـاحیەو گونـدەکانی لە ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣)دا. کە بووەهـۆی کوشـتن و ڕفانـدنی نێـرینەو مێینەکـانی ئێـزدی- مەسـیحی- شەبەک و شیعە و بەزۆر ناچارکردنیان بۆ گۆڕینی ئاینەکەیان تا پلەی کوشـــتنیان. ئەوەش جینۆســـایدێکی ئاشـــکرایە بە هەمـــوو پێـــوەرە یاساییەکانی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید.[١٧٨]

پـاش ئەوەی هێـرش دەکـرێتە سـەر شـەنگال نـزیکەی (٣٠،٠٠٠- ٥٠،٠٠٠) سی هەزار بۆ پەنجا هەزار لە ئێزدیەکان بۆ پاراستنی ژیانیان پەنـادەبەنەبەر شـاخی شـەنگال. سـەرەڕای هێرشـی جینۆسـایدەکە بـۆ سەریان هیچ پێداویستیەکی وەک ئاو، خۆراک و پێداویسـتی پزیشکییان دەست نەکەوتووە. ئێزدیەکانی شەنگال لە و هێرشـەدا ڕووبەڕوی تـاوانی گەورە بـونەوە لە (کوشــتن و دەســت درێــژی سێکســی و بردنــی کچەکانیـان و مردنـی پیرو منداڵەکان لە برسـان). لەو هێرشـانەدا بەپێـی ئامـاری ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان زیـاتر لە (٥،٠٠٠) پێنج هەزار کوژراون و نزیکەی (٥،٠٠٠- ٧،٠٠٠) پێنج هەزار بۆ حەوت هەزار لە کچ و ژنەکانیـان ڕفێنـدراون و (٥٠٠،٠٠٠) پێـنج سـەد هەزاری تـر ئـاوارە بوون.[١٧٩].

سـەرەڕای جینۆسـایدکردنی ئەوڕێـژەیەی ئاماژەمـان بـۆ کـردووە لە جینۆسایدی شەنگالدا، نزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار پێشـمەرگە و شـەڕڤان

و گەریلا کە ڕۆڵەی هەر چوار بەشی کوردستانن لە پەلامارەکانی داعش- دا کوژراون و تا هەنوکەش بەخشینی خوێنی گەش بۆ پاراستنی کورد و کەرامەتی بەردەوامە.

لە مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠١٤)دا کە نالی (BBC) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی ئێزدی سازکردووە. کە پاش کۆنترۆڵکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە کەوتوونەتە دەست ئەوان. ژمارەیەک لەو ئافرەتانەی کە توانیویانە لەدەست هێزەکانی داعش هەڵبێن و خۆیان ڕزگار کەن بەو شێوەیەی خوارەوە چیرۆکی جینۆسایدەکە دەگێڕنەوە:

١/ حەنان: کە کچێکی (١٨) هەژدە ساڵە ویستویەتی ببێت بە پەرستار خەونێک کە لەگەڵ هێرشی داعشدا نەبوو بەڕاستی. خانەوادەی حەنان وەک هەموو خانەوادەکانی تری دانیشتووی شەنگال بێئاگا بوون لە هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر شارۆچکەکەیان. حەنان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕۆژیکی گەرمی هاوین بوو، ئەوەی کە توانی بارو بنەی خۆی پێچایەوە و لە شار ڕایکرد. ئەو ڕۆژە هەموو لە شەقامەکاندا ڕایان دەکرد و هاواریان دەکرد، دەنگی تەقەش لە هەموو شوێنێکەوە دەبیسترا.

حەنان دەڵێت: ئەو رۆژە داعش هەموو شەقامەکانی شەنگالیان گرتبوو و هەموو خەڵکیان گەڕاندەوە ناو شارۆچکەی شەنگال، هەر لەوێشدا ژن و پیاویان لە یەکتری جیاکردەوە. ژمارەی داعشەکان (٢٠) بیست کەس بوون، ڕیشیکی درێژیان هەبوو و چەکیان بەدەستەوە بوو، ووتیان دەتانبەین بۆ موسڵ، ئێمەش ڕازی نەبووین، بەڵام بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و بردینیان بۆ موسڵ. لەوێ بردینیانە هۆڵێکی وەرزشی، کەچەندین ئافرەتی دیکەی تێدابوو. پاشان ئیمەیان بردە هۆڵێکی ئاهەنگ گێڕان (٢٠٠) دوو سەد ئافرەتی دیکەی تێدا

کۆکرابوەوە. ئەویٚ بازاڕی فرۆشتنی کۆیلەکان بوو. ئەندامانی داعش دەهاتن و ئافرەتیان هەڵدەبژارد، ئێمە نەماندەتوانی سەیری دەموچاویان بکەین، زۆر ترسابوین، بۆ ئەوەی ئێمە بترسێنن دەستیان کرد بەتەقەکردن. زۆر هەوڵماندا خۆمان بکوژین، بەڵام ڕێگایەکمان بۆ ئەو کارە نەدۆزییەوە، هەرچەند یەکێک لە کچەکان خۆی کوشت.

بەوتەی حەنان لەناو داعشدا ژمارەیەک کەسی بیانی هەبوون، بەڵام زۆربەیان لە سوننەکانی ناوچەکە بوون. حەنان یەکێک لەوانەی ناسیبوەوە ئەو کەسە لە شەنگال دوکانێکی مۆبایل فرۆشتنی هەبوو و پێی وتین ئێزدیەکان کافرن، ئێستا ئێوە بڕیارە موسڵمان بن و ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبردەوە بۆ ئەوەی سێکسیان لەگەڵ بکەن. حەنان دەڵێت داعش بەردەوام جێگای ئەو ئافرەتە ئێزدیانەی دەگۆڕی، جارێکیان ئافرەتەکان پیاوەکانی خۆیانیان بینی کە سمێڵی هەموویانیان تاشیبوو، چونکە بەلای داعشەوە سمێڵ کارێکی نا ئیسلامیە. بەوتەی حەنان داعش ژمارەیەک ئافرەتی زۆریان بردە ڕەقەی پایتەختیان، ئافرەتە جوانەکانیان زوتر دەبرد و لە دوا جاریشدا نۆرەی حەنان هات.

حەنان دەڵێت، گریان و پاڕانەوە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. ئەوان پارەی کڕینی ئێمەیان لە شێخێکی داعش وەردەگرت. یەکێک لەوان ڕۆژێک (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار دینار واتە (١٣) سیانزە دۆلاری ئەمریکی پیشاندان و وتی ئێوە هەر ئەوەندە دەکەن.

حەنان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ژورەی ئەوانی تیا بوو پاسەوانی هەبوو، بەڵام پەنجەرەیەکی پلاستیکی تیابوو و شەوێکیان دوای ماندووبونێکی زۆر توانیان پلاستیکەکە بشکێنن. حەنان دەڵێت یەک

بە یەک لە پەنجەرەکـانەوە چـوینە خـوارەوە. مـن پێـنجەم کەس بـووم، چاوەڕێی کچە مامەکەمم دەکرد، بەڵام بینیم گڵۆپەکە داگیرسا، نەمتوانی لەوە زیـاتر چـاوەڕێی بـکەم، لە دیـوارەکەوە خـۆم فڕێـدایە خـوارەوەو ڕامکرد.

٢/ خومـا: یەکێکـی تـرە لەو ئـافرەتە ئێزدیـانەی کە لەیەکێـک لە کۆمەڵگەکانـدا دەژی و پـاش داگیرکردنـی شـەنگال داعـش وەکـو کـۆیلە دەسـتگیری کـرد و نـاردییە ڕەقە. خومـا ڕاینەکـرد و خـۆی ڕزگـار نەکـردووە، بەڵام دوا جـار خـانەوادەکەی بە بـڕی (٣،٠٠٠) سـێ هەزار دۆلار ئـازادیی کـچەکەی خۆیـان لە داعـش کـڕییەوە. خومـا تەمەنـی (٣٠) سـی سـاڵە، شـەرم و ترسـی ئەو ڕۆژەی کە ئەوی تیـا فرۆشـراوە وەک کۆیلە لە نێوچاوانیدا هێشتا مابوو، تەنانەت ئەو بڕە پارەیەیش کە ئەوی پێ فرۆشرابوو لەبیری مابوو.

خوما دەڵێت: پۆل پۆل بۆ کڕینی ئافرەتەکان دەهـاتن. نەماندەتوانی بە تەواوی بخەوین، چونکە کاتی بۆ نەبوو لە هەموو کـاتێکی شـەو و ڕۆژدا بۆمـان دەهـاتن و زۆر جـاریش کچەکانیـان بێـزار دەکـرد پاشـان دەیانگەڕاندنەوە و کە چاک دەبوونەوە دووبارە دەیانفرۆشتنەوە.

خوما و کچی پورێکەی، کەسێک بردنـی کە پاسپۆرتەکەی بیانی بـوو. ئەو پێنج کچ و ژنی تری ئێزدی لە ماڵەکەی دانابوون. ئەو خێزاندار بـوو و خێزانەکەشـی لەگەڵیـدا دەژیـا و دەیویسـت لەگەڵ (٢) ئـافرەتی تـری دەسـتگیرکراوی ئێـزدی هاوسـەرگیری بکـات و ئەوانـی تـریش کە خومـا یەکێـک بـوو لەوان، وەک کەنیـزەک لە ماڵەکەیـدا بمێنـنەوە. خومـا دەڵێـت هاوسەری ئەو پیاوە ناڕازی بوو، ڕۆژێکیان یەکێک لە دراوسـێکانی هـات و وتـی نـاتوانی هەمـوو ئەو کچـانە لە ماڵەکەتـدا بهێڵێـتەوە، ئەبـوبەکر

بەغدادی فەرمانی کردووە کە دەبێت لە هەر ماڵێکدا ئافرەتێک لەوانەی زیاتری تیا نەبێت.

٣/ چنار: کچێکی تری تەمەن (٢٠) بیست ساڵە و دەڵێت یەکێک لە کچەکان تەمەنی (١١) یانزە ساڵ بوو، بەردەوام لێیان دەدا. سەرەتا ئەویان دایە داعشێک لە موسڵ و پاشان گەڕاندیانەوە و دواتر دایانە داعشێکی تر، بەڵام دوای ماوەیەک بیستم کە خۆی کوشتووە.

لەخانەوادەکەی چنار (٩) نۆ کەسی تر، کە سیانیان کچن، هێشتا لەلای داعشن. چنار دەڵێت کاتێک لە موسڵ بوین زۆر هەوڵیاندا ئێمە لەگەڵ خوشکەکانم لە یەکتری جیا بکەنەوە، بەڵام نەمانهێشت.

چنار دەڵێت ئەو کەسەی کە دەیویست ئێمە بکڕێت دەمناسی، پێشتر کرێکار بوو، چەندین جار هاتبووە ماڵمان، بەڵام لە موسڵ بوبووە ئەمیر. ئێمە داوامان لێکرد کە ئێمە لە یەکتری جیانەکاتەوە و ئەویش ڕازی بوو. وەک داعشەکانی تر خراپ نەبوو، بەڵام هەر خراپ بوو. خۆزگە دەمتوانی هەمویان لەت لەت بکەم.

هیچ یەکێک لەو ئافرەتە ئێزدیانە کە پێشتر دیلی داعش بوون، ئامادەنەبوون بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بۆ (BBC) قسە بکەن و چیرۆکی جینۆسایدەکە بگێڕنەوە. هەربۆیە بەناوی خواستراوەوە چیرۆکی دەست درێژی کردنە سەر ناموس و فرۆشتنیان گێڕاوەتەوە.

خەیزەر دلمە، چالاکوانێکی ئێزدییە، خەیزەر کە ئەوئافرەتانەی ڕازیکرد بوو کە چیرۆکەکانی خۆیان بۆ (BBC) بگێڕنەوە. دەڵێت داعش هەر لەسەرەتاوە بەرنامەی بۆپاکسازیی فەرهەنگی و ڕێبازی ئێزدیەکان دانابوو. ژنەکانی ئێمەیان لە شوێنێک کۆ دەکردەوە و وەکو غەنیمەتی جەنگ بەسەر خۆیاندا دابەشیان دەکردن و سەرەتایش بۆ چەکدارە بیانیەکان و پاشان بۆ سەرکردە ناوخۆییەکان.

خـــانمێکی تـــری دەربـــازبووی گونـــدی کۆجـــۆ بە (ج. ش. ع) خـــۆی ناســـاندووە، لە دایـــک بـــووی (١٩٨٣) یە. دەڵێـــت ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) لە گونـــدی کۆجـــۆ وە هەڵهـــاتین بـــۆ چیـــای شـــەنگال، لەلایەن دەوڵەتـــی ئیســـلامیەوە دەســـتگیر کـــراین و ئـــێمەی ئافرەتانیـــان بەجیـــا کـــردە ژووریـێکەوە، دوای چەنـد خولەکێـک گوێمـان لە دەنگـی تەقە بـوو، دوای ئەوەی کە دەریـان کـردین، پێیـان وتـین: پیاوەکانمـان کوشـت؟ ئەوانەمـان کوشت کە ڕایانکرد. دواتر بردینیان بۆ گوندی سۆلاغ و لەوێ کردینیانە ماڵێـک کە دوو نهـۆم بـوو، دوای ئەوە ئۆتـۆمبێلی گەورەیـان هێنـا و ڕەوانەی قوتابخـانەی زەهرەیـان کـردین کە دوو نهـۆم بـوو لە تەلەعـفەر بـوو، دوو هەفـتە لەوێ مـاینەوە، لەوێشـەوە ڕەوانەی زینـدانی بادوشـیان کـردین، لە زینـدانی بـادوش منداڵەکانیـان لێمـان جیـاکردەوە، ئـافرەتە بە تەمەنەکانیان برد بۆ موسڵ چونکە بۆمبارانی فڕۆکەکان هەبوو لەسـەر ناوچەو زیندانەکە، دوو ڕۆژ لە نـاو ماڵێک مـاینەوە، دوای ئەوە بردینیـان بۆ ماڵێکی تر، ئیتر من لە خوشک و کەسوکارەکەم دابڕام.

دەگێـڕێتەوە و دەڵێـت: لەگەڵ (٦٧) شەســت و حەوت ئـافرەتی تـر بردینیـان بـۆ زینـدانێکی تـر کە هـۆڵی ئاهەنـگ و شـایی بـوو لە شـاری ڕەقەی ســوریا، داعشـــەکان هەمـــوو کاتێـــک بە ناومانـــدا دەگەڕان، بە پێویسـتی خۆیـان لێیـان هەڵدەبژاردین، کاتێک بەرگریمـان بکـردایە بەدار عەسـاکانی دەسـتیان لێیـان دەدایـن، هەمـوو ڕۆژێـک مـامەڵەی کـڕین و فرۆشـتنی ئافرەتەکـان بـوو، دوای مـاوەیەک (٥٤) پەنجـاو چـوار ئـافرەتی تـری گونـدی کۆجۆیـان هێنـا بـۆ لامـان و دوای فرۆشـتنیان، مـن و کچـی مامەکەم لەبەرئەوەی من وەرگێڕیان بووم بۆ زمانی عەرەبی و هەروەها بەرپرســـیش بـــووم لە کاروباریـــان و ناردنیـــان بـــۆ نەخۆشـــخانە و بەکارخستنی موەلیدەی کارەبایی وکارەکەم بەرپرسیاری بوو لە (١٣٠)

سـەدوو سـی ئـافرەت. بەردەوام پـێم دەوتـن لەگەڵ داعشـەکان نەڕۆن، بەڵام داعشەکان دەیانفرۆشتن و داعشەکانیش دەیان کڕین، من کەسێک کڕیمی و بوومە خزمەتکار لە ئیدارەی شوێنەکە. ئەم خانمە درێژە دەدات بەگێڕانەوەکەیی و دەڵێت دەمـانتوانی هەڵبێین، بەڵام ڕێگـای گەیشـتن بە سـنوورمان پێنەدەزانـی و هەڵـیش بهاتـاین دەیـان گـرتینەوە. کڕیـاری داعشـی لە هەمـوو دەوڵەتـێکەوە دەهـاتن، ئـافرەتێکی هەڵـدەبژارد و بە پاسـەوانەکەی دەوت ئەم ئـافرەتە بـۆ مـن گیـراوە دەچـوە لای ئەمیـری زیندانەکە و بڕێ پارەی دیاریکراوی دەداو (١٠٠) سەد دۆلاریشی دەدایە پاسـەوانەکان و ئەوانیش ئافرەتەکەیان ناچاردەکردن لەگەڵی دەربچێت. نرخی ئافرەتە ئێزدیەکان لە زیندانەکانی سوریا لە (١،٠٠٠- ١،٥٠٠) یەک هەزار بـۆ هەزارو پێـنج سـەد دۆلار بـوو، زۆربەشـیان چەنـد ڕۆژێـک دەیـانهێڵایەوە و دوای ئەوە دەیانفرۆشـتنەوە بە داعشـێکی تـر و بەم شێوەیە بەردەوام بوون لە کڕین و فرۆشتن و هەندێکیان دوو ئـافرەت و سێ ئافرەتیان دەکری. لەوانەی دەفرۆشران، دوای ماوەیەک دەگەڕانەوە، برین کەوتبووە قاچ و دەستیان، منیش لەگەڵیان دەچوومە نەخۆشخانە بە مەبەسـتی چارەسـەرکردنیان دوای چاکبوونەوەیـان هەم دیسـان دەیانفرۆشـتنەوە. لەسـەرەتادا کڕیارەکـان دەیـانووت دەتـانبەین بـۆ خزمەتکاری ماڵ، بەڵام هەموویان درۆیان دەکرد و بۆ تێرکردنی غەریزە سێکسـیە دڕنـدانە و ناڕەوشـتیەکانیان ئێمەیـان دەکـڕی، کە پـێچەوانەی هەڕچـی یاسـای ئاسـمانی و دنیـایی بـوو. لێـرەدا داعشـێکی ئیسـرائیلی هەبوو، سەردانی ئەمیری زیندانەکە (شێخ ئەبو محەمەد عێراقی) دەکرد، لە هەموو سەردانێکیدا داوای لێدەکرد، منی ڕادەست بکات، بەڵام ئەمیری زینـدانەکە پێـی دەوت، ئەم ئـافرەتە بەرپرسـە شـارەزایە و جـددیە لە بەرپرسیارێتی کاروباری ئافرەتەکان لە زیندانەکە و نایفرۆشمە کەس. لە کۆتایـدا هەمـوو ئافرەتەکانیـان فرۆشـت و تەنیـا مـن و کـچە مـامەکەم

مـاینەوە، بردینیـان بۆ زینـدانێکی تـر کە زیـاتر (٢٥٠) دوو سـەد و پەنجـا ئـافرەتی لێبـوو، ئەم ئافرەتـانە موسـڵمان بـوون و لەبەر پابەنـد نەبوونیـان بە بنەماکـانی ئیسـلامەوە دەسـتگیر کرابـوون. هەروەهـا تیایانـدا بـوو مێـردەکەی لە ڕیـزی داعشیشـدا بـوو کوژرابـوو، لێـرەش پرۆسـەی هاوسـەرگیری دەکرا بە ڕۆژانە، داعشـێک دەهـات یەکێکی هەڵدەبژارد و ئەگەر ڕازیبوایە قورئانێک گرێبەستەکەیان بوو، ئەگەریش نا یەکێکی تری هەڵـدەبژارد. لەم زینـدانە بە ڕۆژ و بە شـەو دەنگـی قورئـان دەهـات، ئافرەتەکان نوێژیان دەکرد و داوایان لە ئێمە دەکرد فێری نوێژ بین بەڵام ئێمە ڕەتمـان کـردەوە. ئەمیری زیندانەکە هـات بۆ لامـان و وتـی: بۆچی ئێـوە ڕەتـی دەکەنەوە بەشـدارییان لەگەڵ بـکەن. پـێم وت نـاتوانین ئەوە بکەیـن و گریـام و داوام لێکـرد ڕەوانەی شـوێنێکی تـرم بـکەن. بـۆیە ڕەوانەی مـاڵێکی تریان کردم و تـا جەژنـی قوربـان لەوێ مـامەوە، پیاوە ئوستورالیەکە کە زانی لەم مـاڵەم هـات و منی کڕی و کچی مامەکەشـم لەگەڵمدا هـات. کەچووینە مـاڵەکە بینیمـان پێنج ئـافرەتی ئێزدی لێیە، ئەو ئوستورالیە مامەڵە کردنی زۆر دڕندانە بـوو، لەگەڵ هەمـووان، یەکێک لە ئەمیرەکان هات بۆ لای و پێیوت: مـافی ئەوەت نیە هاوسـەرگیری لەگەڵ حەوت ئـافرەت بکەیت و دەبێت بیانفرۆشیت بە چەکدارەکانی تـر، دوای ئەوە ڕۆیشـت بـۆ شـاری دێـرە زوور بـۆ شـەڕ، داوامـان لە هاوسـەرێکی کرد هاوکاریمان بکات، لە ڕێگای فەیسبوکەوە وێنەی ماڵەکەمـان گـرت و ناونیشـانی تەواومـان نـارد بـۆ کەسـوکارمان لە عێـراق، دوا تێپەڕبـوونی چەند ڕۆژێک تاکسیەک هات و لەگەڵ خۆی بردینی بۆ مـاڵەکەی و وتـی: مـن لەلایەن ئەبـو شـەجاع وە هـاتووم، رۆژی دووەم دەرچـووین و گەیشـتینە سـنووری تورکیـا، بەڵام دوای ئەوەی مـاوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی داعش ماینەوە.[١٨٠]

## دووەم/ نرخی فرۆشتنی دەستکەوتەکانی جەنگ

دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی

ژمارە (١٧٨)

بەروار (٢١ ی زوالحجە ی ١٤٣٥)ی کۆچی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ب/ نرخی فرۆشتنی دەستکەوتەکانی جەنگ

پێمان گەیشتووە کە بازاڕی مامەڵەکردن بە ئافرەت و دەستکەوتەکانی جەنگ لاوازی تێکەوتووە و ئەوەش کاری کردووەتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و خەرجییەکانی هەڵمەتی موجاهیدانمان.

بۆیە دەستەی بەیتولمال بەباشی زانی کە ڕێککاری و نرخی فرۆشتنی ئافرەت و دەستکەوتەکان دیاری بکات و هەموو ئەو کەسانەشی کە مامەڵە بەو بابەتەوە دەکەن پابەندبن بەو ڕێنمایی و ڕێککارییانە بەپێچەوانەوە سەرپێچیکاران لە سێدارە دەدرێت.

| نرخەکان | کەلوپەل |
| --- | --- |
| ٧٥،٠٠٠ حەفتاو پێنج هەزار دینار | بۆ ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە نێوان (٣٠ ٤٠) سی بۆ چلساڵدایە، ئێزدی/ مەسیحی. |
| ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار دینار (٢٠- ٣٠) | بۆ ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە نێوان بیست بۆ سی ساڵدایە، ئێزدی/ مەسیحی. |
| ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار | بۆ ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە نێوان (١٠- ٢٠) دە بۆ بیست ساڵدایە، ئێزدی/مەسیحی. |
| ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار دینار (٤٠- ٥٠) | بۆ ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە نێوان چل بۆ پەنجا ساڵدایە، ئێزدی مەسیحی. |
| ٢٠٠،٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار | بۆ هەموو ئەو منالانەی تەمەنیان لە نێوان (١- ٩)یەک بۆ نۆ ساڵدایە، ئێزدی/ مەسیحی. |

هیچ کەسێک بۆی نییە سێ دەستکەوت بەیەک جار بکڕێت، جگە لەکەسانی بیانی لە تورک و سوری و کەنداویەکان نەبێت.[١٨١]

**مۆر**

**(٢١ ی زوالحجە ی ١٤٣٥)ی کۆچی**

**سێیەم/ ناساندنی جینۆسایدی شەنگال**

ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر ئێزدییەکان ئەنجام دراون لە شەنگال، نەک هەر پێوەرێک بەڵکو هەر چوار پێوەرە یاساییەکەی تاوانی جینۆسایدی تێدایە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەرجی داناوە بۆ یەکلاییکردنەوەی تاوانێک بە جینۆساید یان تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر.

بەپێی ماددەی (٢)ی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید تەنها چوار گروپ پارێزراوەو دیاریکراوە ئەوانیش گروپەکانی نەتەوە- ئاین- نەژاد و ڕەگەزن.

ئەوەی لە شەنگال ئەنجامدرا بەتەنها کوشتنی ڕاستەوخۆ نەبوو، بڵکو کردارەکانی تری ئازاردان و زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی سەخت و ناهەموار، جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لەیەکتری و بردن و ڕفاندنی منداڵەکانی ئێزدییەکان ئەنجامدران. واتە هەرپێنج شێوازەکەی تاوانی جینۆساید لە شەنگال ئەنجامدراو هەرچوار پێوەرەکەی تاوانی جینۆسایدیشی تێدایە.

وەک ڕونە کە ئێزدییەکان وەک گروپی تاوان بەرامبەرکراو سەر بە نەتەوەی کوردن، وەک ئاین پەیڕەوی ئاینێکی زەمینیی تایبەت بە خۆیان دەکەن، وەک نەژاد ئارین و وەک ڕەگەز جیاوازن لە تاوانکارەکان. هەرچی گروپی تاوانکارییشە کە جینۆسایدەکەی ئەنجامداوە زۆرینەیان سەر بە نەتەوەی عەرەبن، وەک ئاین ئیسلامن، وەک نەژاد سامین و وەک ڕەگەز جیاوازن لە قوربانیان و بەئامانجکراوان. واتە ئێزدییەکان لەبەرئەوە جینۆساید کراون کە لە نەتەوەیەکی جیاوازن و پەیڕەوی ئاینێکی جیاواز دەکەن و سەر بەنەژاد و ڕەگەزێکی جیاوازن

جینۆسایدی ئێزدییەکان لە قەزای شەنگال ئەنجام دراوە، ئەو قەزایەش یەکێکە لە شارۆچکە کوردیەکانی باشووری کوردستان. باشووری کوردستانیش بەپێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١١٧) ی

دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، هەرێمێکە لە ناو دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدایە. واتە جینۆسایدەکە لە ناو سنوور و خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە.

لەم ڕووەوە یاسای دادگای تاوانکاریی باڵای عێراقی لە ماددەی (١١)دا تاوانی جینۆسایدی پێناسە کردووە و دەسەڵاتی دادگاییکردنی تاوانکارانی جینۆسایدی هەیە و سزای بۆ ئەنجامدەرانی داناوە. بەڵام کێشەی ئەو دادگایە لەوەدایە کە ناتوانێت ئەو کەیسە ببینێت. لەبەرئەوەی لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١) ی دادگاکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر هەموو کەسێکی سروستی ئەگەر هات و عێراقی بێت یا بیانی کە لە عێراقدا نیشتەجێبێت، وە تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تاوانانەی کە باسکراون لە ماددەکانی:

* جینۆساید، ماددەی (١١).
* تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ماددەی (١٢).
* تاوانەکانی جەنگ، ماددەی (١٣).
* پێشێلکاریی یاساکانی عێراقی، ماددەی (١٤).

بەڵام مەرجە ئەو تاوانانە ئەنجام درابێت لە بەرواری (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١).[١٨٢]

ئاشکراشە کە جینۆسایدی شەنگال لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئەنجامدراوە. واتای ئەوەیە کە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی لەڕووی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەوە پسپۆڕیی ئەوەی نییە کە لێکۆڵینەوەو دادگایی تاوانکارانی داعش بکات بۆ ئەو جینۆسایدەی کە ئەنجامیان داوە.

**چوارەم/ بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەسەر کەیسی شەنگال**

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ڕۆژی (٢٠١٤/١١/١٨)، لە کۆبونەوەی ژمارە (٢٠) دا هێرشەکانی داعشی بۆ سەر کوردانی ئێزدی و مەسیحی و شەبەکی بە جینۆساید ناساند.

ئەو بڕیارە گەرچی کاریگەرییەکی یاسایی ئەوتۆی نییە بۆ مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی جینۆسایدەکە. بەڵام لە ڕوانگەی دەرونییەوە بڕیارێکە جێگای خۆی گرتووە، بەوەی پێش پەڕلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردووەو بەجینۆسایدی ناساندووە. لەکاتێکدا هیچ کام لەو سێ سەرۆکایەتییەی هەرێمی کوردستان ئەو کەیسەی بەجینۆساید نەناساندووە و بیانویەکی یاسایی و پاساوێکی بڕواهێنیشی پێنییە.

ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق گرنگییەکەی لەوەدایە کە عێراق ئەندامی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای) نییە. ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی گرنگ کە عێراق ڕەزامەندی دەربڕێت کە داواکاری گشتی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای) دەست تێوەردان بکات لە کەیسەکەدا. گەرچی بڕیارەکە سیاسییش بێت بەڵام هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بسەلمێنرێت کە ئەوەی ڕویداوە جینۆسایدەو دەبێت هەر بە جینۆسایدیش یەکلایی بکرێتەوە و بناسرێت.

**پێنجەم/ بڕیاری پەڕلەمانی یەکێتیی ئەوروپا لەسەر کەیسی شەنگال**

پەڕلەمانی یەکێتیی ئەوروپا لە (٢٠١٤/١١/٢٦)دا، لە کۆبونەوەیەکیدا، بڕیاری ژمارە (٢٩٧١)ی دەرکرد. لە بڕیارەکەدا هاتووە ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامی داون دژی خەڵکی شەنگال بەتایبەتی ڕفاندن و کوشتن

و تونـــــدوتیژی و ڕاگواســـــتن. دەچـــــنە چوارچێـــــوەی تـــــاوانی دژ بەمرۆڤایەتییەوە. لە بڕیارەکەدا ئاماژە بە کوشتن و ڕفاندنی (٣١٣٣) سێ هەزار و سەد و سی و سێ هاووڵاتی ئێزدی دەکات، لەوانە (٢٣٠٥) دوو هەزار و سێ سەد و پێنج کەسیان ڕفێنراون، لە ناو ئەوانەشدا (٤١٢) چوار سەد و دوانزەیان مندالْن. هەروەها بەپێی ئامارەکان لە نێوان (٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠) پێنج هەزار تا حەوت هەزار ئافرەتی ناوچەکە بە گشتی ڕفێندراون کە بەپێی زانیارییەکان لە تەلەعفەر لە پێنج سەنتەر ڕاگیراون.

دوای ئەوەی کۆبونەوەیەکی گرنگ و فەرمی لە پەرلەمانی ئەورووپا بەڕێوەچوو، تایبەت بوو بەپرسی ڕفاندن و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بە دەستی تیرۆریستانی داعش و بەتایبەتی ئافرەتانی ئێزدی. لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا بڕیاری ژمارە (٢٩٧١)ی دەرکرد و ناوەڕۆکی بریارەکە پێک هاتبوو لەم خالانەی خوارەوە:

١/ ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون دژی خەڵکی شەنگال و بەتایبەتی ڕفاندن و کوشتن و توندوتیژی و ڕاگواستن بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەناسرێن و تاوانباران دەبێت بە پێی یاسا سزا بدرێن.

٢/ پرۆژە بڕیارەکە ئاماژە بە کوشتن و ڕفاندنی (٣١٣٣) سێ هەزار و سەدو سی و سێ هاولاتی ئێزدی دەکات. کە لەوانە (٢٣٠٥) دوو هەزار و سێسەد و پێنج کەسیان ڕفێندراون، کە لەوانیش (٤١٢) چوار سەدو دوانزە یان مندالْن. هەروەها بەپێی ئامارەکان لە نێوان (٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠) پینج هەزار تا حەوت هەزار ئافرەتی ناوچەکە بە گشتی ڕفێندراون کە بەپێی زانیارییەکان لە تەلەعفەر لە پێنج سەنتەر ڕاگیراون.

٣/ پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ببێت بە ئەندام لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لە لاهای، بۆ ئەوەی دادگا بتوانێت بەدواداچوون بۆ تاوانباران بکات وەک تاوانباری دژ بە مرۆڤایەتی.

٤/ پشتگیری لە بڕیاری حکومەتی ئەمریکا دەکات بۆ پشتگیری و یارمەتی دانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەشەڕی دژە تیرۆر بەیارمەتی سەربازی و مرۆیی و داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات کە هاوکاریی زیاتری بکەن بەتایبەتی کە کاتی زستان و سەرما زۆر نزیک بووەتەوە. هەروەها داوا دەکات کە یارمەتیی ئاوارەکانی چیای شەنگال بدرێت.

٥/ داوا لە دەوڵەتانی ئەندام و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات یارمەتیی زۆرتری ئاوارەکان بدەن بە تایبەتی منداڵان و ئافرەتان.

٦/ داوا لە دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا و ڕێکخەری باڵای یەکێتیی ئەوروپا دەکات بۆ یارمەتیدانی ئەو ئافرەتانەی کە لەدەست داعش ڕزگاریان بووە و ئەوانەی کە تووشی ناخۆشی بوون بە کردنەوەی (special post- traumatic) سەنتەری تایبەت بۆ چارەسەرکردن و گەیاندنی هاوکاریی تەندروستی پێویست.

**شەشەم/ بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە بەجینۆسایدناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان**

لەکۆبونەوەی ڕۆژی (٢٠١٦/٢/٤)دا، پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل بەزۆرینەی دەنگ ئەوتاوانانەی کە بەرامبەر بە ئێزدی و ئاشوریەکان و کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر ئەنجامدراون لەسەر دەستی ڕێکخراوی داعش بە جینۆساید ناساند.

هەروەها لەکۆبونەوەکەدا ئاماژە بەگرنگی دانانی نوێنەرێکی تایبەت بەئازادی ئاین و بیروای جیاواز لە دەوڵەتانی ئەندامدا کراوە، هەروەها هانی دەوڵەتانی ئەندامی پەرلەمانیدا کە پێوست دەکات یاساکانیان هەموار و نوێ بکەنەوە و رێگری بکەن لەبەشداری هاووڵاتیانیان لەریزەکانی رێکخراوی داعشدا.

ئەو ئەنجامنامەیە کە لەکۆبونەوەکەدا واژوی لەسەرکراوە، لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاوە کەلە (٢١) خاڵ پێکدێت هەموو باس لەتاوانەکانی داعش و بەشداریکردنی کوران و کچانە لەسەرانسەری جیهان، و وە چۆنیەتی رێگریکردن لێیان، وە داوای لە دەوڵەتانی ئەندام کردوە کە پابەندی خاڵەکانی کۆبونەوەکە بن تاکو بەپێی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنەسەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨)، تاوانکاران سزابدرێن.

## حەوتەم/ بریاری پەرلەمانی بەریتانیا سەبارەت بە ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان

پەرلەمانی بەریتانیا لە دانیشتنی رۆژی چوارشەممە (٢٠١٦/٤/٢٠) بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی تاوانەکانی داعشی دژ بە ئێزدی، مەسیحی وکەمینەکانی تر بە جینۆسایدناساند. هەروەها ئەندامانی پەرلەمان رەزامەندبوون لەسەر ئەوەی کە ئەو کەیسە تاوانکارییە رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت.

## هەشتەم/ ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

رۆژی پێنج شەممە (٢٠١٦/٦/١٦) لێکۆڵەرە تایبەتەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو تاوانانەی

لەدژی ئێزدییەکـــان ئەنجـــام دراوە جینۆســـاید و تاوانەکـــانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەیاندا هاتووە کە ڕێکخراوی داعش هەستاوە بەجینۆسایدکردنی ئێزدیەکان لە عێراق و سوریا لە ڕێگای بەکۆمەڵ کوشتن و دورخستنەوە و دەستدرێژی سێکسی و تاوانی ترەوە، بەکردەوە و بە بەرنامەڕێژی هەوڵیانداوە بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی ئێزدیەکان کە کۆمەڵە خەڵکێکن نەژاد و ئاینیان جیاوازە. هەروەها داوایان لە دەوڵەتانی ئەندام کردووە کە هاوکاربن لە ڕزگارکردنی زیاتر لە (٣٢٠٠) سێ هەزار و دوو سەد ژن و منداڵی ئێزدی کە هەنوکە لەژێر دەستی تاوانکارانی داعشدان. هەروەها هانی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان داوە کە پشتیوان و یارمەتیدەربن تاکو کەیسی تاوانەکە ئاراستەی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (دادگای لاهای) بکرێت..

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کورد نەتەوەیەکی ڕەسەن و دێرینی خۆرهەلاتی ناوەڕاستەو خاکەکەیشی دووەمین لانکەی لە دایک بوون و نیشتەجێبوون و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە و خاوەنی مێژوو و داب و نەریت و داستانی شانازیی خۆیەتی.

هەروەها توانیمان ئەوە بەدەست بهێنین کە ئەو تاوانانەی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە تاوانکارانی داعشیشەوە لە باکوور و خۆرهەلات و خۆرئاواو باشووری کوردستان دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامی داون، دەچنە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید و هەموو مەرج و پێوەرە یاساییەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە. هەروەها زیاد لەوەش تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگی ئەنجام داوە. هەموو ئەو ڕێککەوتننامەو جاڕنامە نێودەوڵەتیانە پێشێلکران کە بوون و

کەرامەت و مافی مرۆڤ دە پارێزن. ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی بە ڕەهای پێشێلکران کە هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان (تورکیا، ئێران، سوریا، عێراق)، ئەندام بوون تیایدا.

بەڵام دادگاکانی هەریەک لە حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و سوریا نەک هەڵنەستاون بە ئەرکە یاساییەکەیان و دادگایی تاوانکارەکانیان نەکردووە، کە تاوانی جینۆسایدیان لە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام داوە، بگرە ئەو حکومەتە داگیرکەرانە و بەتایبەت ئێران و تورکیا تا هەنوکە بەردەوامن لە جینۆسایدکرنی کەلتوری و فیزیکی کوردان. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەرکە مرۆیی و یاسایی و ئاکارییەکەیان بەجێنەگەیاندووە، نەک هەڵنەستاون بە ئاراستەکردنی کەیسی جینۆسایدی کورد بۆ بەردەم دادگای تاوانکاری نێوودەوڵەتی (دادگای لاهای) بەتایبەت ئەو تاوانی جینۆسایدانەی کە دوای (٢٠٠٢/٧/١) ئەنجام دراون، هەروەها ئامادەش نەبوون لە ژێر ڕوناکایی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتیان پێک بهێنن بۆ دادگایکردنی سەرانی ئەو حکومەتە داگیرکەرانە و هەروەها نەیانویستووە و نەیانتوانیووە ڕێگربن لە ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە.

هەرچی سەبارەت بە کەیسەکانی جینۆسایدی باشووری کوردستانە. ئەوە بوو لە پاش ڕوخانی ڕژێمی عێراق و پێکهێنانی دادگای بالای تاوانکاری عێراقی لە کۆی هەموو کەیسەکانی جینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان و بە تایبەت ئەو کەیسانەی کە گەیەنرانە دادگا

ئەوانیش کەیسەکانی (کەیسی ئەنفال، کەیسی کوردانی فەیلی، کەیسی هەڵەبجە، کەیسی بارزانیەکان، کەیسی ڕاگواستنی قەڵادزێ، کەیسی سەیدصادق، کەیسی پاکتاوی نەژادی، کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و کۆڕە، کەیسی (مەنع تجول)ی سلێمانی، کەیسی قەڵادزێ، کەیسی گوندی زێوە، کەیسی ئەشکەوتی سۆرەیا، کەیسی ئەشکەوتی دەکان، کەیسی گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجە، کەیسی پێنجوێن، کەیسی پارتە کوردستانیەکان)، بەتەنها شەش کەیسیان بە جینۆساید ناسێنران ئەوانیش کەیسەکانی (ئەنفال، کوردە فەیلیەکان، هەڵەبجە، بارزانیەکان، ڕاگواستنی قەڵادزێ، سەید صادق)، بوون.

هەروەها ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق، بە بڕیاری ژمارە (٢٦)، لە (٢٠٠٨/٩/١٠)دا، دا، ئەو تاوانانەی کە لەدژی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجام دراون لە لایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بە جینۆسایدی ناساند.

پەڕلەمانی کوردستان، لە (٢٠٠٨/٤/١٤)دا، دا ئەو تاوانانەی کە لەدژی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجام دراون لە لایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بە جینۆسایدی ناساند.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە بڕیاری ژمارە (١٣)، لە (٢٠٠٨/٦/٢)دا، دا ئەو تاوانانەی کە لەدژی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجام دراون لە لایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بە جینۆسایدی ناساند.

پەڕلەمانی چەند دەوڵەتێکیش ئەو تاوانانەی کە لەدژی کورد ئەنجام دراون لە باشووری کوردستان، وەک جینۆساید ئاماژەی بۆ کردوون، ئەو دەوڵەتانەش (سوید، نەرویج، بەریتانیا، کۆریای باشوور)ن.

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

١) حەسەن مەحمود کەریم، ئاینی کورد لە تۆفانی حەزرەتی نوحەوە تا سەرەتای ئیسلام، ١٩٩٧، لاپەڕە ( ٣).

٢) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣).

٣) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ( ٣).

٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤- ٥).

٥) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠، لاپەڕە (٦٢٠).

٦) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، کێشەی کورد و ڕێگا چارەی نەتەوەی دیموکراتیک، پەرتوکی پێنجەم، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، لاپەڕە (١٥٧).

٧) کەیوان ئازاد ئەنوەر، چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە (١٥).

٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦).

٩) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠، لاپەڕە (١٢٦).

١٠) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠١٠، لاپەڕە (٢٠).

١١) کەیوان ئازاد ئەنوەر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٧).

١٢) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٠).

١٣) عومەر ئیسماعیل مارف، دەوڵەتی ماد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، لاپەڕە (٤٣).

١٤) کەیوان ئازاد ئەنوەر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٨).

١٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، بیروت- لبنان، الدار العربیە للعلوم- ناشرون، ٢٠١٢، لاپەڕە (١٢).

١٦) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، کێشـەی کورد و ڕێگا چارەی نەتەوەی دیموکراتیـک، پەرتـوکی پێنجەم، سـەرچاوەی پێشـوو، لاپەڕە (١٩٤).

١٧) عەبـدوڵڵا ئـۆج ئـالان، مانیفسـتۆی شارسـتانێتی دیموکراتیـک، شارسـتانی- سـەردەمی خوداوەنـدە دەمامکدار و پادشـا داپۆشـراوەکان، پەرتـوکی یەکەم، چـاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩، لاپەڕە (٢٤٨).

١٨) حەسـەن مەحمود حەمە کەریم، کوردسـتان لە دەوڵەتی مـادەوە بۆ دەوڵەتی مەدینە، بەبێ شوێنی چاپ، ١٩٩٧، لاپەڕە (٤).

١٩) عەبــدوڵڵا ئــۆج ئــالان، مانیفســـتۆی شارســـتانێتی دیموکراتیــک، قەیرانــی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوین و چارەسـەری شارستانێتی دیموکراتی، پەرتوکی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١١، لاپەڕە (٧٥).

٢٠) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١٣).

٢١) عومەر ئیسماعیل مارف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٠).

٢٢) عەبـدوڵڵا ئـۆج ئـالان، مانیفسـتۆی شارسـتانێتی دیموکراتیـک، شارسـتانی- ســـەردەمی خوداوەنـــدە دەمامکـــدار و پادشـــا داپۆشـــراوەکان، پەرتـــوکی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤٧).

٢٣) عەبــدوڵڵا ئــۆج ئــالان، مانیفســـتۆی شارســـتانێتی دیموکراتیــک، قەیرانــی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوین و چارەسـەری شارستانێتی دیموکراتی، پەرتوکی چوارەم، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٢٩).

٢٤) عومەر ئیسماعیل مارف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢).

25) http://www.un.org/en/ga/64/resolutions.shtml, 4/4/2015.

26) http://www.un.org/en/events/nowruzday/, 4/4/2015.

٢٧) حەسـەن مەحمـود حەمە کەریـم، کـاوە و نەورۆز لە نێـوان ئەفسـانەو ئاینـدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی، ١٩٩٨، لاپەڕە (٣).

٢٨) دیـوانی نـالی، لێکـۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبـدولکەریمی مـدرس، چـاپی شەشەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان- سنە، ١٣٨٧، لاپەڕە (٦٨٢- ٦٨٣).

٢٩) شـێخ دارا شـارباژێڕی، نەورۆز: بنەڕەتـی، کوردانـدنی، ڕای زانایـان، چـاپی یەکەم، چاپخانەی ڤاری- سلێمانی، ٢٠١٤. لاپەڕە (١٠).

٣٠) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١).

٣١) د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٣٧).

٣٢) حەسەن مەحمود حەمە کەریم، کاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانەو ئایندا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣).

٣٣) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤-٣٦).

٣٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٦).

٣٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨).

36) Dr. S. K. Kapoor, International law and human rights, 15th edition, published by central law agency- Allahabad, 2010, page (25).

٣٧) ئاوارە حسێن، تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤، لاپەڕە (٤٥).

٣٨) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٩١).

٣٩) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٦٤).

٤٠) حەسەن مەحمود حەمە کەریم، کاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانەو ئایندا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١).

٤١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥٣).

٤٢) عومەر ئیسماعیل مارف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٣).

٤٣) حەسەن مەحمود حەمە کەریم، کاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانەو ئایندا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣- ١٤).

٤٤) جۆناتان س. ڕانداڵ، کوردستان یان کڵۆڵی نەتەوەیەک- دوای ئەو هەمووە زانیارییە لێبوردنی چی؟ وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە د. خەسرەو شاڵی، چاپخانەی بەرهەم، ٢٠٠٣، لاپەڕە (٤٣- ٤٤).

٤٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٤).

46) Jemal Nebez, The Kurds history and culture, first published in German, The Kurdish community house in Berlin, Berlin- Germany, page (7).

٤٧) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١).

٤٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣٦).

٤٩) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینای، ٢٠١٤، لاپەڕە (١٣).

٥٠) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٣٧).

٥١) ئاوارە حسێن، ، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣٧).

52) Ali Mahmud – Shakhawan Shorsh, The Darsim Massacre, directorate of culture for printing, Erbil, 2013, page (19).

٥٣) د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپی چوارەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لاپەڕە (٨٥).

٥٤) محەمەد ڕەئوف، پاکیزەکانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤، لاپەڕە (٥٨).

٥٥) مونزور چەم، ئەمە لە دەرسیم ڕویدا (لەدەمی قوربانیەکانەوە)، وەرگێڕانی لە تورکیەوە ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی (هەولێر)، ٢٠١٣، لاپەڕە (٨٣- ٨٧- ٨٨).

٥٦) د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ١٩٨٨، لاپەڕە (٢٣).

٥٧) د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧٢).

٥٨) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٠٠).

٥٩) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٠١).

٦٠) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٨-٣٩).

٦١) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣٦).

٦٢) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٦).

٦٣) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١٢).

٦٤) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣٢).

٦٥) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢).

٦٦) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١٤).

٦٧) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١).

٦٨) کەریم یەڵدز، کورد لە سوریا گەلێکی لە بیرکراو، وەرگێڕانی شاهۆ قادر خانزاد، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، لاپەڕە ( ١٩٧- ١٩٨- ٢٠٢).

٦٩) کەریم یەڵدز، کورد لە سوریا گەلێکی لە بیرکراو، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٠٦).

٧٠) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٥٧).

٧١) ویسی صالح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح للە، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی دوووەم، چاپخانەی ماتیک، تورکیا، ٢٠١٤، لاپەڕە (٧).

٧٢) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٩).

٧٣) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٩).

٧٤) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٠- ٣١).

٧٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣١).

٧٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ( ٣١).

77) Awara Hussein, genocide and the declaration of an independent Country, first published, Jamal Erfan cultural organization press, 2014, page (77).

٧٨) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٠- ٣١- ٣٢).

79) Awara Hussein, former source, page (77).

٨٠) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣١- ٣٢).

81) Awara Hussein, former source, page (75).

٨٢) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦٠).

٨٣) دادوەر تەها بابان، کۆستی شارێک، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٤، لاپەڕە (٧٥- ٧٧).

٨٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨٨- ٨٩).

85) Awara Hussein, former source, page (76).

٨٦) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٥).

٨٧) ویسی صاڵح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح لله، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٣- ٤٤).
٨٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٩).
٨٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٩- ٥٠).
٩٠) چاوپێکەوتنی نوسەر لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان (ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)، شەوی (٢٠١٥/٤/٨)، لە گوندی کولکنی (گوڵکەنی) شاری هەڵەبجە وە بۆ گوندی بازێی دەڤەری بارزان. (رێبوار رەمەزان عبدالله)، لە ساڵی (١٩٨٢) لە ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ لەدایک بووە ، تاقانەیە لەبرا، تەمەنی کەمتر بووە لە ساڵێک کاتێک باوکی لەگەڵ هەشت هەزار لە نێرینەی بارزانییەکان جینۆساید کراون، هەردوو پابیرەی و دوو خاڵ و مامێک و چەندین ئاموزا و خالوزای جینۆسایدکراون کۆی گشتی جینۆسایدکراوانی خانەوادەکەی ڕونتر بڵێم گوندەکەی کە هەرهەموویان کەسوکاری ئەون (١٥٣) کەس لە ڕەگەزی نێر جینوسایدکراون. دەرچووی کۆلیژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسییە. ئێستا توێژەرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتییە و بەرێوەبەری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی بارزانە، لە بارزان خزمەت بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکات. هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بەکۆمەلی بارزانییە جینۆسایدکراوەکان و جل و بەرگ و ئەو کەل و پەلانەیە لە گورە بەکومەلەکان دەرهێنراون، ئەمە جگە لە موزەخانەیەکی بچوک کە لە بەڵگە و کەل وپەلی تایبەت بەجینۆسایدی بارزانییەکانە و ڕۆژانە کەسایەتی و خەڵک و مروڤ دۆستان سەردانی دەکەن. هەروەها نووسەر و توێژەرەو تاکو ئیستا (١٣) کتیبی چاپکراوی هەیە و زیاد لە (١٥) کتێبی تریش لە بەردەستن و ئامادەی چاپن کە هەر هەموویان تایبەتن بە تاوانە دژ بەمروڤایەتییەکان و جینوساید و ئەنفال و ڕاگواستنن. تا ئیستا تەنیا لەو بوارەدا نوسیویەتی.
٩١) سەرچاوەی پێشوو.
٩٢) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٨).
٩٣) خەبات عەبدوڵلا، هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٠، لاپەڕە (٣٧٩- ٣٨٠).
٩٤) تەها سلێمان، تێگەیشتن لە ئەنفال وەک جینۆسایدی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە (٩- ١٠- ١١).

٩٥) ڤالا فريد ابراهيم، المسئوليه الدوليه الجنائيه عن جريمه الاباده الجماعيه، الطبعه الاول، ٢٠٠٤م، صحيفه (١٩٤- ١٩٥- ١٩٦).

٩٦) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٩).

٩٧) ڤالا فريد ابراهيم، المصدر السابق، صحيفه (١٩٦).

٩٨) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٩).

٩٩) ڤالا فريد ابراهيم، المصدر السابق، صحيفه (١٩٦).

١٠٠) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٨).

١٠١) ڤالا فريد ابراهيم، المصدر السابق، صحيفه (١٩٦).

١٠٢) المصدر السابق، صحيفه (١٩٦- ١٩٧).

١٠٣) ئاوارە حسێن، بیست و شەشەمین ساڵیادی ئەنفال، چاوپێکەوتن، کەناڵی ئاسمانی KNN TV، ٢٠١٤/٤/١٤.

١٠٤) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٢- ١٣)

١٠٥) ئاوارە حسێن، پاراستنی یاساکانی جەنگ لە غەزاکانی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ)، تویژینەوە، ماڵپەڕی شرۆڤە، ٢٠١٥/١/١٩.

١٠٦) محمد ملا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، چاپی چوارەم، لاپەڕە (١٧٧).

١٠٧) پوختەی تەفسیری قورئان، سورەتی الانفال، ئایەتی (١)، هەمان سەرچاوە.

١٠٨) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٤- ١٥).

١٠٩) میدڵ ئێست ۆچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: سیامەندی موفتی زادە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لاپەڕە (١٢٦).

١١٠) ئاوارە حسێن، ئەنفال جینۆسایدی نەتەوەیەک، وتار، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٢٠١٤/٤/١٤.

١١١) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٣).

١١٢) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٣)

113) Liam Anderson and Gareth Stansfield, the future of Iraq: dictatorship, democracy or division? First published, 2004 by Palgrave Macmillan, page (123).

١١٤) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤).

١١٥) سابیر کۆکەی، ناڵەی پێشمەرگەیەک، بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، ٢٠٠١، لاپەڕە (٢٨٠).

١١٦) ویسی صالّح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح لله، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧٣- ٧٤).

١١٧) شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفالی کوردو دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، ٢٠٠٣، لاپەڕە (٨٣).

١١٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩، لاپەڕە (١٢٦).

١١٩) میدڵ ئیست وۆچ، جینۆسساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٩٥).

١٢٠) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٧- ٢٨).

١٢١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٩-٣٠).

١٢٢) چنار نامیق ئەنفال و جینۆسسایدی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٣، لاپەڕە (٦٩).

١٢٣) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٠).

١٢٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٠).

١٢٥) ویسی صالّح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح لله، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧٥).

١٢٦) یوسف دزەی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردا، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١، لاپەڕە (١٠٣).

١٢٧) ویسی صالّح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح لله، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧٦).

١٢٨) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٣).

١٢٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤).

١٣٠) یوسف دزەی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٢٦).

131) Awara Hussein, former source, page (85).

١٣٢) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٨).

١٣٣) ویسی صالّح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح لله، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨٠).

134) UN Security Council resolution no. (598) on July 20, 1987.

١٣٥) ویسی صالّح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح لله، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨١).

١٣٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨٤- ٨٥).

١٣٧) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١).

١٣٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٤- ٤٥- ٤٦).

١٣٩) مایکڵ لیزنبێرگ، ئەنفال لە کوردستانی عێراق، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت ژمارە (١٠)، ٢٠١٣، لاپەڕە (١٤).

١٤٠) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٤- ٤٦).

١٤١) مایکڵ لیزنبێرگ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٣- ١٤).

١٤٢) عارف قوربانی، لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، لاپەڕە (٧٥- ٧٦).

١٤٣) عارف قوربانی، ئەنفال و سەرگوزشتەی تەیمور، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە (٦٠- ٦٧- ١٠٦- ١٠٧).

١٤٤) عارف قوربانی، شایەد حاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە (١٠٢).

١٤٥) محەمەد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٨).

١٤٦) حەکیم مەلا ساڵح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجە، ٢٠١١، لاپەڕە (٣٧).

١٤٧) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، بەرپرسیاریێتی تاوانکاری لە تاوانی ڕەشەکوژی هەڵەبجە، وەرگێڕانی عەبدولکەریم عوزێری، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە (٨٢).

١٤٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨٣- ٨٤).

١٤٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨٧).

١٥٠) ئاوارە حسێن، بیست و شەشەمینساڵیادی جینۆسایدی هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، کەناڵی ئاسمانی Newroz TV، ٢٠١٤/٣/١٧.

١٥١) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨٨- ٨٩- ٩٠).

١٥٢) حەمەی حەمە سەعید، گازبارانی هەڵەبجەو ڕاستی ڕووداوەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٤، لاپەڕە (٤٤).

١٥٣) سيروان طه آحمد، الحمايه الدوليه للبيئه من آسلحه الدمار الشامل، حاله عراق نموذجا، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، اسليمانيه، ٢٠٠٦، الصحيفه (٢٦٧).

١٥٤) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٩٦).

١٥٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٩٦).

١٥٦) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦١- ١٦٢).

١٥٧) سەردانی نوسەر بۆ سەر گۆڕی شەهیدە هەڵەبجەییەکان لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران- تاران، ٢٠١٣/٧/١٠.

١٥٨) هاودەنگ محەمەد فەرەج، ڕومەڵخەزایی هەڵەبجە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، ٢٠١٥، لاپەڕە (٢٣٣- ٢٣٤).

١٥٩) چاوپێکەوتنی نوسەر لە گەڵە لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، شوێن و کاتی چاوپێکەوتن هەڵەبجە، (٢٠١٥/٤/٣٠) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی شەو، لە دایک بووی ساڵی (١٩٦٨) لە شارۆچکەی تەوێڵە. لە جینۆسایدی هەڵەبجە جگە لە باوک و خوشک و برایەکی تەواوی خێزانەکەی بە هاوسەرەکەشیەوە کە تازە ژیانی هاوسەری پێک هێنابوو لە ناودەچن لەگەڵ (٢٤) بیست و چوار کەسی نزیکی.

١٦٠) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٠٢).

١٦١) هاودەنگ محەمەد فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤١- ٢٤٣).

١٦٢) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٠٣- ١٠٤).

١٦٣) هاودەنگ محەمەد فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣١٠- ٣١١).

١٦٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٨٦- ٢٨٧- ٢٨٩).

١٦٥) چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ لوقمان عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو.

١٦٦) سەرچاوەی پێشوو.

١٦٧) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٠٥- ١٠٦).

١٦٨) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٢-٤٣).
١٦٩) ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، سەرجاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦٢).
١٧٠) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١٨- ١١٩).
171) Awara Hussein, former source, page (98).
١٧٢) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٣-٤٤).
١٧٣) حەمەی حەمە سەعید، گازبارانی هەڵەبجەو ڕاستی ڕووداوەکە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٩٧- ٩٨- ١٨٢- ١٨٣- ١٨٤).
١٧٤) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(٧٠-٧٢).
١٧٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧١).
١٧٦) ئاوارە حسێن، چۆنیەتی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان (تویژینەوە)، ماڵپەڕی کوردۆساید، ٢٠١٥/١/١٤.
١٧٧) سەرچاوەی پێشوو.
١٧٨) ئاوارە حسێن، جینۆساید و چۆنیەتی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان، گۆڤاری دادگەری، ژمارە (١)، مانگی ١١ ی ساڵی ٢٠١٤.
١٧٩) ئاوارە حسێن، چۆنیەتی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان، سەرچاوەی پێشوو.
١٨٠) داود موراد خەتاری، جینۆسایدی ئێزدیەکان (گوندی کۆجۆ)، وەرگێران و ئامادەکردنی بۆ کوردی تەها سلێمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٥، لاپەڕە (٧٨- ٨٢).
١٨١) ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان- جینۆسایدی کوردانی ئێزدی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥، لاپەڕە (١٩٤).
١٨٢) بڕوانە: ماددەی (١) ی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٥).
١٨٣) ئاوارە حسێن، چۆنیەتی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی سێیەم
# شایەدحاڵ و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی کورد

تۆمارکردن و نوسینەوەی جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکان، هێندەی لەزاری شایەدحاڵ و ڕزگاربووان و ئامادەبوانیانەوە گرنگە و هەقی پێدەدەن. ڕەنگە جۆرەکانی دیکەی بەڵگە و زانیاری نەتوانن ئەو هەقەی پێبدەن. بەتایبەت لە زاری کەسانی سڤیل و خەڵکانی ئاسایی کۆمەڵگە و ڕزگاربووە بەرکەوتووەکان، کە هیچ مەبەست و بەرژەوەندیەکی نەبێت لە گێڕانەوەیان، تەنیا ئەو ڕووداو ئازارانەی کە بەچاوی خۆی بینیویەتی و چێشتوویەتی دەیەوێت بیانخاتەڕوو.

ئەم بەشە تایبەتە بە گێڕانەوەی چیرۆکی جینۆسایدی نەتەوەی کورد. لە زاری شایەدحاڵ و ڕزگاربووەکانەوە. بەشێکیان خۆم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون و بەشێکی تریشیان چالاکوانانی تری بواری جینۆسایدی کورد لەگەڵیان ئەنجام داون منیش بە کەمێک دەستکاری کردنەوە بەبێ ئەوەی گۆڕانکاریم لە ناوەڕۆکی وەڵامی شایەدحاڵەکاندا کردبێت، وەک خۆی دامناوەتەوە. ئەوانەی کە خۆم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون دەیان جار لە ناخ و هەناو دەروونەوە گریاوم. ئەوانەشی کە وەرمگرتوون بۆ من هەمان ئازار و خەمی هەبووە. چونکە ئازاری جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە یەک مانگ پێش لە دایک بونمەوە تا هەنوکە تێکەڵ بە خوێن و گیانم بووە.

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆساید بەباشترین و باوەڕپێکراوترین بەڵگە دادەنرێت. مەبەستی ئێمەش لەم بەشەدا خستنەڕووی ئەو ئازار و جینۆسایدەیە کە کورد چێشتوویەتی و لەدژی ئەنجام دراوە. ئەوەش ئەو هەقیقەتە دەخاتەڕوو کە کورد وەک یەکێک لە ستەملێکراوترین نەتەوەکان لە سەدەی بیستەمدا قووڵترین

جینۆسـایدی لە دژ ئەنجـام دراوە و لەسـەدەی بیسـت و یەکەمیشـدا ئەو جینۆســـــایدە بەردەوامە. ئەو ڕزگـــــاربووانە ئەوە دەخەنە ڕوو گەر بەرژەوەنــدی پەروەران و تاوانکــاران هەوڵــی پەردەپۆشــکردنی ئەو جینۆسـایدەیان دابێـت ئەوا ئەو ڕزگـاربووانە هەقیقەتەکـان دەخەنەڕوو، تەنانەت ڕەونەقدارترین میدیای چەواشـەکاریش توانـای پەردەپۆشکردنی جینۆسایدی کوردی نیە.

### باسی یەکەم/ شایەدحاڵ و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی دەرسیم

#### یەکەم/ زەینەڵ قەمەر

(زەیــنەڵ قەمەر) یەکــێکە لە ڕزگاربووەکــانی جینۆســایدی دەرســیم. لەکاتی جینۆسایدەکەدا تەمەنی (١٣) سیانزە ساڵان بووە. خەڵکی گوندی وارتنیگــایەو نزیــک چیــای ژێــلە و ســەربەهۆزی حەیــدەرانە. زەیــنەڵ جینۆسـایدەکەی زۆر بـاش بیرەو تەنـانەت لەوکاتەشـدا جاروبـار چەکـی هەڵگرتووە.

زەینەڵ بەم شێوەیە جینۆسایدی دەرسیم دەگێڕێتەوە:

سـاڵی (١٩٣٧)، لە خـوارەوە سـەربازێکی زۆر هـات و دێکـانی ئەو ناوەیـان چۆڵکرد، خـەڵکی دێکەی ئێمە ڕوویـان کردە چیاکانی سـەروی دێکەمـانەوە. لەوێ ئەشـکەوت هەبـوو، چـوونە نـاو ئەشـکەوتەکانەوە هەنـدێک مـاڵیش چادریـان هەڵـدا، (خـدۆ پتیـزۆ)یەک هەبـوو، بـراکەی پـورزایەکی مــن ژنــی بــوو، نــاوی (عەلی)بــوو، پورزاکەشــم نــاوی (شارەبان)بوو، خدۆ ڕۆژێکیان لەگەڵ ماڵی براکەیدا بۆ دێکەی ئێمە دێن، گوایە خۆیان بشارنەوە، ژنەکەی تورکییەکی باشـی دەزانی لەو ڕۆژانەدا کەمبــوون ئەوانەی کە تورکییــان دەزانــی، دانیشــتوانی دێــکەی ئــێمە چوبـوونە یاڵەکـان، ئـێمە بەڕێککەوت لەگەڵ دایکمـدا لە دێـکەدا بـووین،

خۆمان ئامادە کردبوو بۆ دروێنە بچین، من لە دوورەوە سەربازەکانم بینی بۆ دێکە دەهاتن، وتم باوکە سەربازەکان هاتن با ڕاکەین.

ئەو وتی بڕۆ هەندێ پارەم داناوە بیهێنەو وەرە، بە پەلە چوومە ژوورەوە پارەکەمان لە ناو خوێدانەکەمان دابوو، دەمەکەم کردەوەو پارەکەم هێنا، لەو دەمەدا سەربازەکان دەوری گوندەکەیان دابوو، من وام نیازبوو ڕاکەم و لە ناو خەرمانەکاندا خۆم بشارمەوە، بەڵام باوکم نەیهێشت، سەربازەکان هاتن و بردینیان بۆ ناوەڕاستی گوندەکە، لەگەڵ ژمارەیەک کەسدا ڕایانگرتین، یوزباشی پەیدابوو، (ئیڤو کەمانی) لەگەڵدا بوو. ئیڤو بە باوکمی وت خەبەریان لێتان داوە قەمەر؟ باوکم وتی کەس خەبەر نادات مەگەر تۆ.

سەربازەکان ئەو خەڵکەیان کردە سێ بەشەوە، بەشی یەکەم من و باوکم و عەلی ناوێک لەگەڵ خۆیان، دەستیان کردە ماڵ پشکنین، خەڵکەکە زۆربەیان بەزۆزانەکان بوون، دەرگای ماڵەکانیان کلۆم دابوو، سەربازەکان دەرگاکانیان دەشکاند و دەچوونە ژوورەوە و شت و مەکەکانیان بەسەریەکدا دەدا، دەشکاند، زەخیرەیان تێکەڵی یەکتر دەکرد، هەرچی پارەو زێڕێکیشیان دەدۆزیەوە لەباخەڵیانیان دەنا. کاتێک ئەوەیان دەکرد قاقا پێدەکەنین و لەنێوان خۆیاندا بە تورکی دەئاخاوتن. نەمدەزانی چی دەڵێن. کە تەواو دێکەیان پشکنی ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان بردە لای کەپرەکان. لەو لاوە کادانێک مابوو یەکێک لەسەربازەکان دەرگای کادانەکەی کردەوەو ڕۆشتە ژوورەوە تومەز (خدۆ پەتیز) لەوێ دایە. هەر لەناو کادێنەکەدا دەیکوژن.

کە سەربازەکان بەم لاو ئەولادا داغان بوون وتی با ڕاکەین؟ وتم دەمانکوژن.

بەڵام ئەو گوێی نەدا، ڕایکرد.. لەناو دێ دەنگی تەقە دەهات، کەمێک چوومە ئەولاترەوە، لەسەر کۆلانێک عەلیم بینی کەوتبوو برینداربوو، تومەز باوکیشم بریندارکراوە، گولەیەک لە شانیی دابوو. تەقە لە هەموو لایەکەوە دەهات. گولەیەکیش بەر من کەوت نەرمەی قۆڵمی گرتبوو خۆم

نەگرت و کەوتم. بەلارە لار کەمێک خۆم دوور خستەوە، سەیرم کرد باوکم بۆ لای من دێت، بەحاڵ دەتوانێت ڕێبکات، عەلی هاوڕێمان هەر لەوێدا گیانی دەرچوو. یوزباشی و ئیڤۆ، کەمێک دوور لە ئێمەوە دانیشتبوون، یەکێک لە سەربازەکان نارنجۆکێکی بەدەستەوە بوو خستیە کادانەکەوە ئاگر و دوکەڵ بەرز بووەوە، زۆری پێنەچوو خەڵکی گوندەکە هاتن و خەبەری مردنی باوکمیان پێدااین، لەوێدا یەک دوو سەرباز تەقەیان لێکرابوو کوژرابوون، لەو کاتەدا یەکێک لە میلیشیاکان ڕۆشت عەلی برای خدۆی هێنا برینداربوو خستییە سەر هێسترێک و ئێمەش لەگەڵیدا ڕۆشتین لە ڕێگا تا گەیشتین برینەکانی دەکولانەوە برینەکەی زۆر سەخت بوو. دواجار خوێنی لێدەهات خوێنەکەیان دەخستە سەر پێڵاوەکانیان. بەمە هەم ئازاریان دەدا هەم دەیان ویست بڵێن خوێنی ئێوە بۆ پێڵاو پاککردنەوە دەشێت..!

بەو جۆرە گەیشتینە (ولێ سولەسنۆ) تومەز (خدۆ)ش مردووە، لاشەکەیان هێنا بەمردوویی سەریان بڕی قومەندانەکە لەسەر لاشە بێسەرەکەی خدۆ وەستاو ووتی ئەم لاشەیە کەس نەینێژێت ئەوەی بینێژێت نەوتی بەسەردا دەکەم و دەیسوتێنم با هەر لێرەدا بمێنێتەوە. دوای ئەوە سەرەکەیان خستە جواڵێکەوە و لەگەڵ خۆیان بردیان.

منیش (١٥) پانزە ڕۆژ لە دێکە مامەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بارو دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبوو لەبەر ئەوە چوومە دێکەی (خدر ئاغا) موریدێکی خدر ئاغا ناوی سەید عەلی بوو بە (٤٠) چل ڕۆژ برینەکەی بۆ چارەسەرکردم مەرهەمێکی بەکاردەبرد بە فتیل پاکی دەکردەوە ئێسکە شکاوەکانی دەردەکرد و چارەسەری دەکرد چاک بوومەوە بەڵام قۆڵێکم وەکو پێشوو نەبوو. خەڵکی دێکەش لە زۆزانەکان گەڕابوونەوە ناو دێ. تاکو لە دێکەی خدر ئاغاش گەڕامەوە لاشەکەی خدۆ هەر لەوێدا مابوو

گەرماکە تاواندبوویەوە و خاکەکەی چەور کردبوو و مێروولە لێی ئاڵابوو.

ڕۆشتم بۆ (دەواپیلە) لەناوچەی حەیدەران ئەو دێیە لەگەڵ هۆزی (سەید ڕەزا)دا خزمن. کاتێک لەوێ بووم ئەوەی لە یادم دەرناچێت هاتنی سەید ڕەزا بوو، سەید ڕەزا هاتە دەواپیلە لە ژێر دارگوێزێکدا ڕایەخیان ڕاخست و دانیشت لەگەڵ خەڵکەکەدا دەستیان بە گفتوگۆ کرد، ئەوەی لە تەمەنی مندا بوو لەوێ دانەدەنیشت. لەو دەمەدا هێشتا شەڕ لە نێوان دەرسیمییەکان و دەوڵەتدا بەردەوام بوو، ڕەنگە بۆ ئەو مەسەلەیە هاتبێت. دوای ماوەیەکی کەم سەربازێکی زۆر لە باکوورەوە بۆ ئەرزنجان و ناوچەکانی تر دەهاتن لێرەو لەوێ شەڕ هەڵدەگیرسا. ڕۆژێکیان نزیکەی (١٨٠) سەد و هەشتا ژن و منداڵ لەگەڵ چەند چەکدارێکی خۆماندا بەرەو حەیدەران کەوتینە ڕێ. نزیکی دێکەی خۆمان بووینەوە.

سەید حەسەن و چەکدارێکی تر وتیان ئێمە بۆ (وارتینگە) دەڕۆین، ئێوەش یایشە یایشە بڕۆن. ئەوان ڕۆیشتن. سەید حەسەن خزمی حوسێن ئاغا بوو، دێکەی حوسێن ئاغا ناوی دەواپیلە بوو و ئەوان لە ئێمە دور کەوتنەوە و سێ چەکدارمان لەگەڵ دا مایەوە حوسێن ئاغا کوڕەکەی، (سەید عەڤدل)، سێیەمیان ناوەکەیم بیر ناکەوێتەوە. زۆر نەڕۆیشتین لەسەر ڕێگاکەمان شیوێک هەبوو گەیشتینە ئەو شیوە لەوێ حوسێن ئاغا و چەکدارەکەی تر لە پێش ئێمە بوون ڕێیان دەکرد، لە دارستانەکەدا ڕاستایەک هەبوو، گەیشتینە ئەو ئاستە، دەنگی ڕەشاشێک هەمووماني وەستاند و چەکدارەکانی لای ئێمە ڕۆشتنە ناو کۆمەڵە دارو بارێکەوە ئێمەش لە قەراغی شیوەکە بووین سەربازەکان ئێمەیان لێوە دیار نەبوو خوارەوەی شیوەکە ئاوی پیادا دەڕۆیی لەو لاشمانەوە ئەشکەوتێک هەبوو. (سەید عەڤدل) شەڕی مان و نەمانی دەکرد و جار ناجارێک هێرشیان بۆ دەبات ئەوان دەکشانەوە، ئەوجا دەگەڕایەوە سپێرەکەی خۆی. سەربازێک لێی نزیک بوبووە ئەم ئاگادار بوو تەقەی

لێکردوو کەوت، سەید چووە سەری و تفەنگەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە جێگاکەی خۆی.
ئەو ساڵە لەوێ ماینەوە، ساڵی داهاتوو شێتگیرانەتر کەوتنە گیانی خەڵکەکە، بەو جۆرە لە بنەماڵەکەی ئێمە مامم، دایکم، خوشکێکم و برایەکم کوژران. ساڵی (١٩٣٨) ئێمەیان بردە ئەو بەری ڕوبار کە سەر بە هۆزی (ئالان) بوو، من لە (گومەمشێ) مامەوە ڕۆژێکیان سەربازەکان بە دێکاندا دەگەڕان، هاتنە ئەو دەوروبەرەی ئێمە بە خەڵکەکانیان وت (وەرن بۆ زستان زەخیرە و ئازوقەتان دەدەینێ) ئەو کاتەش دێکان چۆڵ کرابوون مەزراو دانەوێڵەکان لە شوێنی خۆیان ڕزابوون. وتوبوویان وەرن گەنم و جۆتان دەدەینێ، دوای ئەم قسانە پیاوانی دی کۆبونەوە و هەموویان ڕۆشتن. بەڵام دوو سێ ڕۆژی پێچوو نەگەڕانەوە دوای چوار ڕۆژ ئەمجارە سەربازەکان لە ڕێگای موختارەکانەوە خەبەریان بۆ ناردین کە دەبێ گەورە و بچوکی حەیدەریەکان خۆیان تەسلیم بکەن ئەوەی لە دێکەدا بمێنێتەوە دەیکوژین. ئەمجا خۆیان هاتن و هەموومانیان کۆکردەوە لە (گومەمشێ) دار تو هەبوو هەموومانیان لەوێدا کۆکردەوە، خەڵکێکی زۆریان هێنابوو دانیشتوانی (کورتەسورە) (گومەمشێ) (پورتک) و (وەلێ کاسۆ) هەموو لەوێدا کۆیان کردینەوە نزیکەی (٦٠٠- ٧٠٠) شەش سەد حەوت سەد کەسێک دەبووین. تا ئەو کاتە هیچ سۆراخی ئەو پیاوانە نەدەزانرا کە بۆ ئازوقە دان بردبوونیان، دەمەو ئێوارە ئێمەیان بردە (وەلێ پاخێ) لە ڕێگاکە سەرەو ژورێک هەیە لەوێدا بە دزیەوە هەڵگژامە سەر بەرزاییەکەو ڕامکرد، سەربازەکان بینیمیان دەستیان کرد بەتەقە بەڵام من خۆم ڕزگار کرد، بۆ بەیانی ئەو مرۆڤانەیان لە دۆڵێکدا گولە باران کردبوون. تومەز پیاوەکانیش کە بۆ ئازوقە بردبوویان هێنابوویان هەر لەوێدا بە کۆمەڵ کوژرابوون، ئەو شوێنە کە کوشتارگەکەی تێدا ئەنجام درا دۆڵی (زوخوری) پێ دەڵێن.[١]

**دووەم/ بێزا خدێ ئاوزەتی**

(بێـزا خـدێ ئـاوزەتی)، یەکێکـی تـرە لە شـایەدحاڵ و ڕزگاربووەکـانی جینۆسـایدی دەرسـیم و بـاس لە جینۆسـایدکردنی نەتەوەکەی دەکـات لە دەرسیمدا.

ئەوەی ئـێمە بینیمـان، ئەوەی بەسـەر ئـێمە هـات، کەس نەیبینێـت و بەسەری کەس نەیەت، چیمان نەدی...؟

پێش ساڵی (١٩٣٨) گەلێک ڕووداو ڕویاندا ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی. ساڵی (١٩٣٨) لە مـانگی ئابـدا خەریکـی کشـتوکاڵی خۆمـان بـووین لە نـاو مەزراکانی خۆماندا بووین دروێنەمـان دەکرد کاتێک سـەربازەکان هـاتن زۆر ترسـاین، لە ڕاسـت و چەپەوە هەواڵ و دەنـگ و باسـی ناخۆشـمان دەبیسـت، ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتی ئەو سـەربازانە جێگـای گومـان و تـرس بـوون دەرسـیمییەکان کەوتـنە مقۆمقۆ تـا ئەوەی ڕۆژێکیـان هێشـتا دنیـا ڕووناک نەبوبوەوە سەربازی تورک ڕژانە ئەو دەوروبەرە. لە هەر چوار لاوە هەر سەرباز دەهاتن لەو لاشەوە زیل و تانک نەماندەزانی بۆ کوێ دەچـن. ئەو ڕۆژە تـا ئێـوارەکەی پەیتـا پەیتـا هەر هێـز و سـەرباز تێـدەپەڕین. لەو لای دێکەمـانەوە شـوێنێک هەیە پێـی دەڵـێن (سـانیگا) هەندێک لەسـەربازەکان هـاتنە ئەوێ چادریـان هەڵدا، (سـانیگا) ڕاسـتیە و چیمەندارە ئەو ناوە لەوەڕگاو مەزرایە بەهاران هەندێک لە ئاغاکان چادر هەڵدەدەن و چەند ڕۆژێک دەمێننەوە. هەر لەو نزیکە شـوێنێک هەیە پێـی دەڵـێن (کلیسـە) جەمشـید ئاغـا هەمیشـە ئـا لەوێـدا چـادری هەڵـدەدا، سـەربازەکان کە دێنە ئەوێ فەرمـان دەدەن ئەوەی لەو نـاوانەدا چـادری هەڵـداوە بـالێرە نەمێنێـت و بـڕواتە دێـکەی خـۆی. یەکێـک هەبـوو نـاوی (حوسـێنی بـاش چـاوش)بوو، لە (خـۆزات) دادەنیشـت. ئەو هـات ووتـی (پاشـا هـاتووە دەبێـت هەمووتـان چادرەکانتـان هەڵگـرن و بگەڕێـنەوە دێکـانی خۆتـان). پرسـیبوویان لەبەرچـی؟ وتبـووی (سـوپا مونـاوەرە

دەکــات...) وا وەڵامــی خەڵــکەکەی دابــووەوە. بەهــۆی ئەم هەواڵەوە (قەرەباڵییەکان) مەمەدالی ئاغا و وەیسی کوڕی چوونە لای پاشا، لەو کاتەدا ژنەکەی کێکی ئاغا لەگەڵ چەند کەسێکدا چووبوونە (خۆزات) بۆ بینینی پاشا و یوزباشی.

بێزا خدێ درێژە دەدات و دەڵێت:

ئێمە نەماندەزانیی چی بکەین، پەشۆکابووین ترس و چووبووە دڵی هەموانەوە لە بەیانی زووەوە کەس دەستی لە کار و فەرمان نەدابوو پەز و ئاژەڵ هەر لەماڵدا مابوونەوە و مانگا و بزن و بەرخ لەو ناوانەدا بوون، بۆ هەر لایەک دەمانڕوانی سەرباز و جەندرمە بوو پیادە سوارە دەهاتن و دەچوون زۆری پێنەچوو ئەو جەندرمانەی (ناریکە خاتوون) یان بردبوو گەڕانەوە. ژنەکەی (کێکی) هاوسێمان ووتی:

وای.. وای.. سەربازەکان جلەکانیان بەخوێنەوەیە، ئیتر زانیمان ئاریکە و منداڵەکانیان کوشتووە.. (عەباس)ی مامی بەرخۆلەکانی بۆ دەرەوەت دێ بردبوو، کە گەڕایەوە بۆی باسکردین.

من لە کەرتی سامی بووم، چاوم لێبوو چۆن ئاریکە و منداڵەکانیان کوشــت. بە نێــزە کوشــتنیان. کە ئەوەم بینــی ترســام و بەرخەکــانم کــۆکردەوە و گەڕامەوە.. (کێکــی ئاغــا) کچێکــی بەشــووی هەبــوو لە (سورپیان) دادەنیشتن، ناوی (ئانێ)بوو شووی بە (گەنجە خان)کردبوو، لەوێ دەبیستێت خەڵکێکی زۆر کوژراون، دێت بۆ سۆراخی براکانی (ئانێ) خوشکی (زابت ئاغا)بوو، دێت و دەچێتە لای عومەر ئۆنباشی

دەمەوێت برۆمە چادرەکانی براکانم...

(عومەر) دەست بە بۆڵەبۆڵ دەکات (هەموو کەس دێت و لە دەرگای من دەدات و یەخەی من دەگرێت وێڵبن برۆن...).

ژنە ناچــار دەگەڕێــتەوە، زۆر نــاڕوات لە (چــریکە) دەکەوێــتە نــاو جەندرمەکانەوە هەر لەوێ دەیکوژن..!

له لایەکی ترەوە هەر لەو ماوەیەدا عومەر ئۆنباشی و یوسفی کێکی بۆ ماڵی خاتوون دەڕۆن لە ڕێگا لەسەر ڕێگاکە لاشەکەی ئافرەتێک دەبینن کە کەوتووە، دواجار یوسف گێڕابویەوە و وتبوی:

دەگەڕاینەوە لە سەر ڕێگاکە ژنەکەی حەسەن ئەفەندی کەوتبوو، ڕوانیمان تەنها گولەیەک لەسنگی دابوو، کچێکی بچکۆلەشی دەبێت بەسەر قۆڵیوە دەبێت بەڵام سەری مناڵەکە تاوێرێکی گەورەیان بەسەردا دابوو.. سەربازەکان بەبەرد سەری ئەو مناڵەیان پان کردبووەوە!

هەر لەو لایانەوە لاشەی چەند کەسێکی تر کەوتبوون بە سونگە سکیان هەڵتڵیشابوو.. ئافرەتەکان لەشیان بە دەرەوە بوو.. لاقەی کچی عازەبیان کردبوو، بەو خوێنە دەزانرا کە لەناو گەڵیان ڕژابووە سەر خۆڵەکە...! وەکو دەگێڕنەوە لە ناو ئەو گروپەدا یەکێک لە سەربازەکان خەڵکی دێکەیان دەبێت ژنەکە دەناسێت دەبینێت زۆر دەپاڕێتەوە (ناموسم بپارێزن... بمکوژن...) ئەو سەربازەی کە دەیناسێت گولەیەکی پێوە دەنێت تا دەست بۆ ناموسی درێژ نەکەن.

جەندرمەکان کەوتنە تالآن کردنی ماڵەکان پێنج شەش ڕۆژ هەر مەڕیان گوێزایەوە بەئارەزوی خۆیان بەرخیان سەردەبڕی و گۆشتیان دەبرژاند. ئیتر ئێمە لەشوێنێک کۆبوینەوە و سەری خۆمان کزکرد وتمان دەمانکوژن یا بمانکوژن.

هەر ئەو ڕۆژە لە (تەنەر)ەوە دوکەڵ بەرزبووەوە دێکە بەچاو نەدەبینرا دوکەڵەکەی دیاربوو، هەر لەولامانەوە دێیەکی تر دوکەڵی لێبەرزبووەوە. لە پڕ لە دێی (تاوغ)وە سەربازەکان پەیدابوون دەمەو ئێوارە بوو ژمارەیان زۆربوو ئەو ناوە پڕبوو لەسەرباز ئێمە زۆر ترساین خۆمان کپکرد پێمان خۆشبوو بە گولە بمانکوژن نەک بە سوگی سکمان هەڵتڵیشێنن. لەژێر دارپەلێک چادریان بۆ گەورەکەیان هەڵدا کەس

نەیدەویرا خۆی دەرخات مێردەکەم موختار بوو لە عومەر ئۆنباشی پرسی:

ئەگەر ویستتان خواردن بۆ پاشا ئامادە دەکەین؟

نەخێر ئەو خواردنی کەس ناخوات.

لەو دەمەدا دوو کەسی خەڵکی (سەرپنانلی) لە ماڵی ئێمەدا بوون وتیان (ماڵەکانمان شتومەکەکانمان مەزراکانمان هەموویان سوتاند و ئێستاش ئێمە دەڕۆین بۆ دێکەمان)، وتم ئەگەر دەتانەوێ بمرن لێرە بمرن باشترە دەڕۆن چی دەکەن؟ ڕێگاکان گیراون ئایا سەربازەکان ڕێگاتان پێدەدەن؟ خۆ بتان بینن دەتانکوژن لەم کاتەدا عومەر ئۆنباشی کچێکی گەنج و مێرد منداڵێکی لەگەڵدا بوو،

هات و ووتی:

(خدر) ئەمانە ڕادەستی تۆیان دەکەم سبەی دەیاندەیتەوە دەستی خۆی، باوکی مناڵەکانم بە ئاستەم وتی:

بابێن لای ئێمە بمێننەوە و لێرە بمرن باشترە.

عومەر ئۆنباشی هەستی کرد ئێمە پەشۆکاوین و دەترسین وتی:

مەترسن تا من لێرە بم بۆ ئێوە هیچ نابێت، یەکێک هاتە بەردەرگاتان یان هەرشتێک ڕوویدا ئاگادارم بکەنەوە باوکی منداڵەکان لەبەرانبەر ئەمەدا هیچی نەوت.

ئەو دوو گەنجە خوشک و برا بوون بەیانی زوو کە جەندرمە هێرش بۆ دێکەیان دەبات ئەو دوانە خۆیان دەرباز دەکەن و ڕادەکەن، بەڵام توشی کۆمەڵێک جەندرمەی تر دەبن دەیانگرن و تەسلیمی عومەر ئۆنباشییان دەکەن.

ئێمە ماڵێکی گەورەمان هەبوو کەنگرمان کۆدەکردەوە و وشکمان دەکردەوە هەم بۆ خواردنی خۆمان بەکارمان دەهێنا کە وشکیش دەبوو لە جیاتی کا دەمان دایە ئاژەڵەکان. لەگەڵ هاوسێکاندا وتمان:

هەمـوو ئەو کەنگـرە وشـک بـوانە لە پشـتەوەی دەرگـاکەوە کـۆمەڵە دەکەین، تا ئەگەر جەندرمەو سەرباز هاتن بۆیان نەکرێتەوە. دواجار لەم بڕیـارە پەشـیمان بـوینەوە و وامـان نەکـرد بیرمـان لە چـارەیەکی تـر کردەوە، لە ناو ماڵەکەمانەوە دەرگایەک بۆ ئاخوڕی ئاژەڵەکان دەچوو لە نـاو ژووری ئاژەڵەکاندا چەند پەتـی ئەستورمان بە کاریتەی میچەکەوە هەڵواسی و سەرەکەی ترمان کردە حەڵقە، بڕیارماندا هەر کە جەندرمە هـات بچین هەمـوو گەورە و بچـوک خۆمـان هەڵواسـین و نەکەوینە ژێـر دەستیان. یانی ڕێککەوتین یەک جەندرمە سەربازێک بهاتبایا بەر دەرگـا ئەو کارەمان ئەنجامدەدا.

چاومـان لە دەرگـا و پەنجەرەکـان نەدەگـوێزایەوە ئەو شـەوەمان بە گریـان و تـرس و لەرز ڕۆژمـان کـردەوە، بەیـانی کە رۆژ بـووەوە لە پەنجەرەکانەوە ڕوانیمـان وا خەریکن چادرەکانیـان هەڵدەکەند و خۆیـان بۆ ڕۆیشتن ئامادەدەکرد.

باوکی منالان وتی:

عەلی بەگ با بەبەهانەی کار و کاسپییەوە تا دەوروبەری دێی (تـاوغ) بـڕۆین بـزانین دەنـگ و بـاس چیـیە ئاژەڵەکانیـان دەرکـرد و ڕۆیشـتن دەوری نیوەڕۆ گەڕانەوە، هەندێک دێیان بینیبوو، دەنگ و باسـەکانیان لە زاری ئەوانەوە ئاوا دەگێڕایەوە:

کە سەربازەکان هاتن هەندێکمان لە دێکە نەبووین ڕوویان لە چیاکـان کردبـوو ئەوەی لەدێ مـابووەوە کۆیـان کـردنەوە، دوو دوو بەیەکەوە بەستنیانەوە زیلیان ئامادە کردبوو، لەو کاتەدا (حسـێن چاوش) لەو لاوە پەیدا بوو بە توند هات و هاواری کرد:

لێبوردن لێبوردن دەرچووە.

قومەنـدانەکە ئەمەی بیسـت و پێـی نـاخۆش بـووە، کە حوسـێن چـاوش دەگاتە لای قومەندانەکە پێی دەڵێت:

من ئەمانەم قۆڵبەست کردووە چەکیشمان حازرە بۆ کوشتنیان تۆ وەرە و  بڵێ درەنگ گەیشتم و فریا نەکەوتم هەواڵەکەیان پێڕاگەیەنم با ئەمانە لەناو بەرین.

ئەویش دەڵێت:

پاشام خۆتان دەزانن بەڵام کە من هاتمە ئێرە ئەم مرۆڤانە ساغ و سەلیم بوون و من هەواڵی لێبوردنەکەم پێ ووتیت. حوسێن لە خۆزات بوو، لەوێوە هات و (تاوغێکانی) لە مردنی مسۆگەر ڕزگارکرد.

خێزانێک هەبوو لە تاوغیەکان لەوێدا ناوی دەروێش جەمەلانی بوو، لەو خێزانە چەند کەسێکیان کوژران. بەڵام لە خۆزات زۆر کوژران گەورە، بچوک، پیاو و ژن دەستیان نەپاراست. دەیانبردنە قشڵەکان و لەوێدا دەیانکوشتن. مەمەدالی تەمەر ئاغا زۆری تر لە (کەرتی کلیسە) کوژران لەو شوێنەی جەمشید ئاغای لێکوژرا زۆر نزیکە دەکەوێتە ئەو لای دێکەی ئێمەوە وەکو دەیگێڕنەوە بەر لەوەی مەمەدالی ئاغا بکوژن لاشەکەی جەمشید ئاغای پیشان دەدەن و لێی دەپرسن:

ئەمە دەناسیت؟

ئەویش دەڵێت: بەڵی دەیناسم.

لەشوێنەکانی تر شەڕ و پێکادان ڕوویاندا، بەڵام لای ئێمە هیچ ڕووینەدابوو. لە پڕ سەرباز هێرشی هێناو دەستی بەکوشتنی دانیشتوانەکە کرد لە (سورپیان)یش خەڵکێکی زۆریان کوشت ئەوانەی لەوێ کوژران ناوی هەندێکیان دەزانم خێزانەکەی ئەفەندی، مەمێ قوویتی خۆی و خێزانەکەی، خێزانی حوسێن، ئیبراهیمی پتکی خۆی و خێزانەکەی. هەندێک هەبوون ئاغایان پێ دەوتن، بەڵام ئاغا و خاوەنی دێ نەبوون، هەموویانیان کوشت.

ئێمە کوشتنی (سورپیانەکان)مان بینی، لە سەروی دێکەوە خۆمان شاردبووەوە چاومان لێبوو لە پێشدا ئەوانەی خەریکی کارکردن بوون

لەناو مەزراکانیاندا کۆیان کردنەوە ئەمجارە ژنەکانیان هێنا، منداڵ و بە سالاچوانیشیان لەگەڵدا بوون بە سونگە کەوتنە سک هەڵدڕینیان.

یەکێک ناوی (یتەکاکا)بوو، ئاگرێکیان هەڵایساند و بە چوار دەستە فڕێیان دانە ناو ئاگرەکەوە وەک گاڵتە بکەن، لە ناو ئاگرەکە گڕیگرت، لە حەژمەتدا هەوڵی دەرچوونی دەدا بەدەم سوتانەوە دەگەوزایەوە، بەملاو بەولادا دەهات. بووە تۆپەڵێک ئاگری بڵێسە دار و تا کوڵ و کۆی دامرکا و بووە چنگێک خۆڵەمێش، خۆڵەمێش، خۆڵەمێش، خۆڵەمێش..

لەو دێیەدا برازاکەی (حوسێن قوویتی) منداڵیش بوو توانی هەڵبێت هاتە لای ئێمە مانگێک لای ئێمە مایەوە.

دێی (تانەری لۆلان)یان زۆر دڕندانە سوتاند زۆر. نەیانهێشت کەس لە ماڵەکەی خۆی بێتە دەرێ. ئەوجا ئاگریان لە خانووەکان بەردا، بەوانەی ناویانەوە دەسووتا.

لە (سورپیان)یش ئاگریان لە ماڵەکان بەردابوو ئەم سورپییانە سورپییانی بەرتاق نییە، یەکێکی ترە ئەم سورپییانە نزیکی خۆزاتە سورپییانی فوراتیشی پێ دەڵێن.

(عەباس ئانلی) کە لەنەوەی سلێمان ئاغایە، لەگەڵ کوڕەکەی (ئیبراهیم ئاغا) و (حەمید ئاغا)ی خۆزات کوژران. ژنەکەی حەمید ئاغا (دەلیفە) کچی سەید ڕەزایە، ئەوانە دوای لێبوردنەکە کوشتنیان.

زۆر بابەتی دەست درێژی کردنە سەر ناموسی ژنانی کورد لەلایەن جەندرمەکانەوە ڕوویدا. ژنەکەی (ئیڤیکا تەمەر ئاغا) ناوی (سەدرە)بوو، زۆر جوان بوو، دوای لاقەکردنی کوشتبوویان، کچەکەی جەمشید ئاغا ناوی (چاکی)بوو، خێزانی (تەسلیم ئەیوب ئاغا)بوو، لە نێوان دێی (ئنێ) و (ئنجیغە)دا، ڕاستایەک هەیە، لەوێ دوای دەست درێژی کوشتبوویان.

شوانێک چاوی پێوە دەبێ چی لەو ژنە دەکەن.. لە پێشدا منداڵێکی بە باوەشەوە دەبێت منداڵەی لێ دەسێنن تا دەستیان بیگرێت وەکو بەردێک

فرێی بدەن، فرێی دەدەن، کەوا دەکەن چاکی هاوارێک دەکات، شوانەکە دەڵێت قیژەکەی لەو دەشتە دەنگی دایەوە. ئەوجا کەوتنە سەرخۆی ژنەیان پاڵخست قاچیان لەیەک ترازان بەو حاڵە دەستدرێژییان کردە سەری و دواجاریش کوشتیان.

ئەوەی بەسەر دەرسیمیەکان هات کەس نەیبینێت دوژمنەکەشم وای بەسەر نەیەت، لەوە زیاتر چی بڵێم.[٢]

**سێیەم/ ئیڤرایمێ حەسەنێ عەلیێ ئاڤاشی**

(ئیبراهیم حەسەن) یەکێکی ترە لە ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی دەرسیم، لەکاتی جینۆسایدەکەدا تەمەنی (١٠- ١١) دە بۆ یانزە ساڵان بووە و زۆر ڕووداوی ئەوکاتەی لەیادە و بەم شێوەیە باس لە جینۆسایدی دەرسیم دەکات:

دێکەمان کرابووە شارەدێ قەرەقۆڵ لە دێکەماندا هەبوو، بەڕێوەبەری شارەدێ ناوی (حوسنی بەگ)بوو، نێوان دانیشتوانەکە و بەڕێوەبەرەکە باش نەبوو چونکە ژنی بەڕێوەبەرەکە لە ڕووی ئەخلاقەوە باشیان نەدەوت خەڵکەکە بە ڕاشکاوی پێیان وتبوو ژنەکەت ڕەفتاری باش نییە حەزناکەین لە ناوماندا بێت، بەڕێوەبەرەکە تورە بووبوو، مەسەلەکە گەشتبووە سەرەوە، پێیان وتبوو یان دەبێت زاڤبێنی یان ژنەکەت لەوێ نەمێنێت. ناچار ژنەکەی تەڵاق دابوو.

چاکم لە بیرە زستان بوو بەفر دەباری ژنەکەی ڕۆیشت لەبەر بەفر نەچووە دەرسیم، لەڕێگای (دەپە) قەرەقوچانەوە بۆ (ئەلەزیک) ڕۆیشت. ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕێ و ساڵی (١٩٣٨) هات، وەکو دەگێرنەوە بەڕێوەبەرەکە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە لە دانیشتوانەکە ڕاپۆرتی خراپی دەربارەی دێکە و ناوچەکەمان نوسیبوو تا زیانمان پێبگەیەنێت، لە سەرووی دێکەمانەوە شوێنێک هەیە پێی دەڵێن (دەشتە) لەنزیکییەوە (قورتیگرانە) لەوێدا لەزۆزانەکان بووین ڕۆژێک

هەنـــدێ ســـوارەی چەکـــدارمان بینـــی لە لای بـــاکوورەوە هـــاتن لە چادرەکانمان دابەزین ئاژەڵەکانمان بۆ لەوەڕگاکان دوورخستەوە ژنەکان بانگیان لێکردین (نەیەنە ئەملاوە، دوربکەونەوە، خۆتان بشارنەوە) وایان پێـوتین. ســوارەکان لە زمــانی ئـێمە تێنەدەگەیشــتن، ئەو ســەربازانە خەڵکەکەیــان کــۆکردەوەو بەرەو دێکەیــان بــردن، ئــێمە لە دورەوە بەترسەوە دەمانڕوانی ئەوان لە چاو ونبوون ئێمەش چووینە ئەو دەشتە لە چادرەکان تەنها دوو پیرەژن مابوونەوە هەموویانیان بردبوو، یەکێک لە پیرەژنەکـان نابینـابوو، ئەوی تریـان کەنەفـت و پیربـوو، نەیـدەتوانی ڕێبکات یەکێکیان ناوی (خەجە)بوو ئەوی تریان ناویم لەبیرنەماوە.

ئەمە لە کۆتایی هاویندا بوو، دەغڵ دروێنە دەکرا.

ئەو ڕۆژە (زەیـــنەڵ چاوش)یـــان هێنـــابوو زەیـــنەڵ خەڵکـــی دێـــی (چـــامورک)بوو، لە (قەرەشـــانلی)یەکانە، یـــانی لە ئـــێمەیە، دەســـتیان بەستبووەوە.

دایکــم ئەو ڕۆژە گەڕابــووە دێ لە زۆزانەکە قەرەقولەکــان دەیبیــنن لێیدەپرسـن (قۆچـان) لەکوێیە؟ دەڵێـت چـووە بـۆ (نـازمیە) نەگەڕاوەتەوە. پرسیاری مێردەکەی لێدەکەن لێیدەپرسن بۆ کوێ دەڕۆی؟ دەڵێت (چوار هەتیـوم هەیە دەچـم ســەردانیان دەکەم). ئینجـا لە مــامم دەپرســن ئەم ئافرەتە چی تۆیە؟ خێزانتە؟ مامم دەڵێت (خێزانی براکەمە)، دەپرسن ئەی کوا براکەت؟ دەڵێت چووە بـۆ (نـازمییە)، دەڵـێن دەبـڕۆ بیهێنەرەوە. دوای ئەم گفتوگـۆیە مـامم دەکەوێـتە شـوێن دایکـم، کە دەچێـتە سـەر گردێـک دەبینێـت دایـک وا نزیکـی زۆزانەکـان بـووەتەوە لەوێـوە بـانگی دەکـات نەڕۆی وەرەوە دایکــم نــاڕوات دەگەڕێــتەوە، برایەکــی بچــوکی هەبــوو ئەویشی لەگەڵدا دەبێت، ناوی (عەلی)بوو، برا گەورەکەم خەریکی کاسپی بوو تـازە ژنـی مـارە بڕیبوو بەتەمـا بویـون لەو ڕۆژانەدا زەماوەنـدی بـۆ بکەیـن ئەو ڕۆژە دەزگیرانــی بــراکەم لەوێ نابێــت و نــاکەوێتە دەســتی

سەربازەکان لە زۆزان دەبێت کە دێتە لای چادرەکان دەبینێ کەسی لا نەماوە دواجار ئەو دوو پیرەژنە دەبینێت ئێمەش چووینە چادرەکان، دوو پیرەژنەکە وتیان:

ئەو خەڵکەیان برد بیانکوژن ئێوەش مەوەستن بڕۆن ئەگەر بێن ئێوەش دەبەن.

کە ئەوەمان بیست ڕوومان لە دارستانەکە کردو لەوێدا خۆمان شاردەوە چوار پێنج کەس بووین ئەوەی بیرم مابێت یەکێکیان ناوی (فیتۆزە)بوو، ئەوی تر ناوی (سەکینە)بوو.

لە پڕ کابرایەک ناوی (زولفی)بوو لەو ناوەدا پەیدا بوو، ئەو زولفییە یەکێک لەپیرەژنەکان پوری بوو، وتی قەرەقول ژن و منداڵی کۆکردووتەوە و هەموویان دەکوژن. هەروەها (زەینەڵی مستۆ) هاتە لامان و ژنەکەی و دوو کچی خۆی لەگەڵدا بوو لەوێ بەژنەکەی وت با ڕاکەین ژنەکەی وتی بۆ کوێ بڕۆین؟ وتی ڕوو لەو چیایە دەکەین، خۆمان دەشارینەوە، ئەگینا دەمانگرن و دەمانکوژن.

شەو تاریک داهات لەوێدا چاوەڕێمان دەکرد و دەگریاین لە پڕێکدا دایکی (فیتۆزە) پەیدابوو هات کچەکەی خۆی برد و ڕۆشت، منیش لەگەڵیان ڕۆشتم بۆ دێکە، لە دێکەدا پشتەوەی ماڵی (حەیدەری ملێ) خەرمان بوو، لەوێوە چووینە ناو دارستانەکەوە و خۆمان شاردەوە نەماندەوێرا خۆمان نیشانبدەین، بێجگە لە ئێمە خەڵکی دێکەش تاک و تەرا پەیدابوون، بینیمان لە قەرەقولەکانەوە چرایان داگیرساند کۆمەڵێک کەسمان لە ڕۆشناییەکەیاندا کەوتە بەرچاو بردنیان بەرەو (دەرێ چرێ). زۆری نەبرد قەرەقولەکان گەڕانەوە. دەنگی خرمەی ناڵی ئەسپ دەهاتە گوێ، تومەز لەوێدا (قەمەر)ی مامم و خێزانەکەیان کوشتووە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تردا منداڵ و ژن و پیریشیان تێدابووە.

(موسا)ی ئامۆزام لە سەربازیبوو سەربازی بۆ دەوڵەت دەکرد، ئەو کاتە بە مۆڵەت گەڕابووەوە دیکەیان، دەبینێت خێزانەکەیانیان بردووە ئەویش بە جلی سەربازییەوە یەک ڕاست دەچێتە لایان و دەڵێت:

سەیرکەن منیش وەکو ئێوە سەربازم بە مۆڵەت گەڕاومەتەوە، ئێوە بۆ دایک و باوک و خوشکەکانی منتان هێناوە؟ جۆن دەبێت؟!

هەر کەوا دەڵێت ئەویش باڵبەست دەکەن، لەوێدا دەڵێت سەربازیمان بۆ دەوڵەت کرد و بەکارمان نەهات.

مامم تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵ بوو، لەوێ هەموویان بەسونگی دەکوژن، ئامۆژنم کە دەست بەکوشتارەکە دەکەن دەبورێتەوە دەکەوێت و دەکەوێتە ژێر لاشەکانەوە بریندار دەبێت، بەڵام برینەکانی کاری نابن. دوای ماوەیەک هۆشی بەبەردا دێتەوە. گوێ هەڵدەخات کەس نییە. دەڕوانێت دەوروبەری هەموو مردوون.

گەلێک جار بۆیدەگێڕاینەوە:

سەیرم کرد لەولامانەوە دارستانێکە، بەقونە خشکێ خۆم بە دارستانەکەدا کرد، چوومە نێوان دارەکانەوە لەناو دارستانەکە گوێم لە تەقەی تفەنگ دەبوو، تومەز خەڵکی تریان دەستکەوتووە و وا دەیانکوشتن.

ئەو دەمەی قەمەری مامم و خێزانەکەی و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون دەکوژرێن، سەربازەکان بە نێزە و سونگی ئەو هەمووە مرۆڤە زوو ناکوژرێن ماندوویان دەکات!

هەندێکیان دەڵێن:

ئێمە لەبەردەم لەشکرێکدا شەڕ ناکەین تا نێزە بەکاربهێنین بۆ ئێمە زەحمەتە با ڕەشاش بەکاربهێنین.

ئیتر خەڵکەکەیان بە گولە دەکوشت، جارجار نەبێت، ئەویش بۆ سک هەڵتڵیشان ئەگینا هەر بە گولە خەڵکیان دەکوشت.

مامەم (حوسێن) لە نازمیەوە دەیبەن بۆ دێی (قل) ئەویش لەگەڵ قوربانیەکانی تردا دەیکوژن. قل دێیەکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی (دوزگن باوا)وە.

ئامۆژنم کە بریندار بوو خۆی گەیاندبووە دارستانەکە لەوێ زیارەتگایەک هەیە دەڕواتە ئەوێ لەوێ یەکێک لەوێوە بەڕێکەوت تێدەپەڕێت بانگی دەکات:

برا تۆزێک ئاوم بۆ بێنە.

ئەویش ئاوی بۆ دەبات و دەیباتە ئاوای، بەڵام ناچنە ناو دێکەوە چونکە قەرەقول بیزانیایە هەردووکیانی دەکوشت.

ئامۆژنم پێی دەڵێت:

کچەکەم ئاگادار بکەرەوە بابێتە لام، یان هەردووک ڕزگارمان دەبێت، یان پێکەوە دەمانکوژن.

بەو جۆرە کچەکەی دێتە لای و لەوێ هەفتەیەک خۆیان دەشارنەوە، ئیتر قەرەقول پێی دەزانێ یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت دەڕواتە ئەوبەر ڕوبار، دەچێتە گوندی (پاش)، ڕوبارەکەش ڕوباری (پرە)، ئێمە چەمی (باسێ)ی پێ دەڵێین مورشیدەکانمان لەوبەر ڕوبار دادەنیشتن (سەیدۆکان) یان پێدەوتن دەچێتە لای ئەوان. شەوی بە کۆمەڵکوشتنەکە گەنجێک هەبوو ناوی (یوسف ئەسلان) دەبێت لە ناو دارستانەکە خۆی دەشارێتەوە، ئەویش هاتەلامان ئەو یووسفە پێشتر وتم برای سلێمان ئەفەندیە ماڵی سلێمان هەموویان دێنن و دەیانکوژن یەکێکیان لێ ڕزگار نابێت لە خێزانی (حەسەنی دەمەنی) بەولاوە کەس نامێنێت هەموویان دەکوژرێن، ئەو باسی بە کۆمەڵ کوشتنەکەی بۆ کردین من ئەمەیان لە دەمی ئەوەوە دەگێڕمەوە:

دەیوت باقلی ئامۆزام ژن و منداڵەکەی هەڵگرت و پێکەوە کەوتینەڕێ، حەمەدی برام و خێزانەکەی کەوتبوونە بەردەستی سەربازەکان، بەڵام

لای ئێمە نەبوو لە ئێمە جیابووبوونەوە ڕۆشتبوونە دێی (گەرە). خدری براشم هەر لە دێکەی خۆیان مابووەوە لەوێوە چاوی بە ماڵەکانمانەوە دەبوو. ژنەکە و منداڵە وردەکانی دوور خستبووەوە، بەڵام خۆی لەو دەروبەرەدا بوو پێیانی وتبوو ئێوە بڕۆن من لێرە دەمێنمەوە کە خەڵەکەیان کوشت با منیش بکوژن دوای ئەوان ژیانم بۆ چییە.

ئێمە جلی نوێن و لێفەو دۆشەکمان زۆربوو هەموو ئەو شتومەکانەمان لە سوریا کڕیبوو. کە سەربازەکان لەو ناوە دەڕۆین دەهات بزانێت چی ماوە و چی براوە. سەربازەکان زۆریان لێبردبوو، یەکێک لە هاوسێکانمان پێی دەڵێت هەستیان کردووە تۆ لێرەیت، بڕۆ مەمێنە زۆری پێناچێت کۆمەڵێک سەرباز بۆ گرتن دێن بەڵام ئەو چاپوکانە هەڵدێت و خۆی قوتاردەکات.

ئێمە چووینە زۆزانەکان دەبینین ئەو دوو پیرەژنە هێشتا لەوێدان، لێمان پرسین کەس هاتووەتە ئەم ناوە؟ نەخێر کەس نەهاتووە تەنها (زولفیێ) لەگەڵ منداڵەکانیدا هاتوون وا لەسەر ئەو کانییەی خوارەوە دانیشتوون. چووینە لای (زولفیێ)، وتی لە دێکە کەس نەما هەموو کوژران با ئێمەش لێرە نەمێنین و بڕۆین، دەڕۆینە (بوغسیێ کەمۆ). خوشکێکی (سلێمان ئەفەندی) ناوی (ئینجە)بوو لەوێ شوی کردبوو بە کوڕی (مەمێ وەلی) ئەو پیاوە دەنگ بێژبوو. چووینە ماڵی (ئینجی)، ئینجی بۆی باسکردین کە لە (بێرەسک) خەڵکێکی زۆر بەکۆمەڵ کوژراوە، بەڵام نەیدەزانی کوژراوەکان کێن ئامۆزاکەم حاڵی ئێمەشی بۆ باسکرد:

هاتووین زوڵفێمان لەگەڵدایە ئەگەر دەتوانیت هەندێ خواردنمان بدەرێ.

ئینجە هەندێک نانی بۆ ئامادەکردین وتی:

تا بەیانی ئیدارەبکەن دوای ئەوە وەرنە ئێرە نانتان بۆ ئامادە دەکەم ئێستا هەر ئەوەندەمان بۆ پەیداکرا.

دوای دوو ڕۆژ گەڕاینەوە لای ئینجی بەڵام حاڵی زۆر پەرێشان بوو، هەواڵی کوشتنی براکەیان پێدابوو. ئینجا ڕوومان لەلایەکی تر کرد چووینە شوێنێکی چەپ کانی و ئاوێکی لێبوو لە ژێر دارگوێزەکاندا ماینەوە، نزیکەی هەفتەیەک بەو جۆرەمان گوزەراند، شەوێکیان زولفێ و ئامۆزاکەم چوونە (بوغس) تا بزانن چی باسە لە یەکێک دەپرسن دەڵێت:

لە نازمییەوە خەڵکانێک هاتوون دەڵێن لێبوردن دەرچووە بەکۆمەڵ کوشتن وەستاوە!! خەڵکی دەگەڕێنەوە دێکانی خۆیان ئێوەش بگەڕێنەوە، بەڵام بڕوایان نایەت، بەڵام سوێند دەخۆن کەوایەو هیچ نەماوە و مەترسن بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان. وایان پێدەڵێن.

بۆ بەیانیەکەی هەستاین بەرەو (تاغگین) ڕۆیشتین لەوێوە بەرەو خوار بوینەوە چووینە ئاوای (بولچییە) لەوێ ژنێکمان بینی باسی خۆمانمان بۆ کرد ژنە ووتی مەترسن لێبوردن دەرچووەو بکەونە ڕێ و بگەڕێنەوە دێکەی خۆتان.

ڕاست ڕوویان کردە زۆزانەکانی لای خۆمان لەوێ نە ئاژەڵ مابوو نە شتومەکەکان، هەموو شتێک وێرانکرابوو. لەوێشیوە چووینە ئاوایی، لەپێشدا نەچووینە ناو ئاواییەوە زولفێ وتی من دەڕۆم سۆراخی دایکم و باوکم دەکەم و دەگەڕێمەوە هاتەوە دایک و باوکی کوژرابوون. سەربازەکان ئەو دوو پیرە بەتەمەنەشیان کوشتبوو. ڕاست بوو لێبوردن دەرچووبوو. چووینە ماڵ خۆمان بەڵام هەموو شتێکمانیان بەتاڵان بردبوو.

ئەوەی لە (٣٨) بەسەری ئێمەدا هات ئەوە بەشێکی بوو خەڵکێکی بێ گوناە بە کۆمەڵ کوژران، هەندێک خێزان کەسیان لێدەرنەچوو.[٣]

**باسی دووم/ شایەدحاڵ و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان**

**یەکەم/ خانزاد تەتو مستەفا**

(خانزاد تەتو) ئافرەتێکی بارزانییە و بەم شێوەیە چیرۆکی جینۆساید کردنیان دەگێڕێتەوە: ساڵی (١٩٧٥) بوو، ئێمە لە گوندەکانمان بووین ژیانێکی سادەو ساکارمان بەسەردەبرد، من ئەو کات شووم نەکردبوو کچیکی تازە پێگەیشتوو بووم، ژیانی گوندم زۆر پێخۆش بوو، باوکم و براکانم و باپیرەم هەموویان لە لامان بوون، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان حکوومەتی عێراق بە سەربازێکی زۆر و خۆ ئامادەکردنێکی باشەوە دەوری گوندەکەمانی گرت، نەیانهێشت کەس لە گوند بچێتە دەرەوە، پاشان چەند زیلێکی سەربازییان هێنا و ئێمەیان سواری زیلەکان کرد و ئێمەیان برد بۆ هەولێر لەڕێگا برسیمان بوو، تینوومان بوو، ئێمەیان لە هەولێر لە سەربازگەیەک دانا، ڕۆژی دواتر ئێمەیان برد نەمان زانی بۆ کوێمان دەبەن.

زیاتر لە شەو و ڕۆژێک بە ڕێگاوە بووین، زۆر دەترساین بمان خەنە نێو ڕووبارێک یاخود زیندەبەچاڵمانکەن، ئێمەیان بردە بیابانێک هەندێک حەسیلە و دار پێکەوەنرابوون لە شێوەی خێمە، ئەو بیابانە ئاوێکی پێدا دەهات زۆر پیس بوو کە لەشی سەگی تۆپیو و پشیلە و شتی لەو جۆرانەی پێدا دەهات، ئەو بیابانە تەواو پێچەوانەی سروشتی گوندەکەمان بوو، ناوچەکە سەر بە پارێزگای دیوانییەی باشووری عێراق بوو، هەمووی عەرەب بوون و هیچ لە زمان و شێوەزار و هەڵسوکەوتی خەڵکەکە نەدەگەیشتین، تۆز و لمی بیابانەکان ڕۆژانە ئازاری دەداین و بە هۆی پیسیی ئاوەکە و خراپیی کەش و هەواوە چەندین کەسمان لێ مردن بەتایبەت منداڵ و ئافرەت ڕۆژ هەبوو لەم ئۆردووگایە زۆرەملێیە زیاتر لە (١٠) دە بارزانی گیانیان لە دەستدەدا.

بەردەوام دەبێت و دەڵێت ساڵی (١٩٨٠)بوو، چەند مانگێک بوو ئێمەیان لە بیابانەکانی باشووری عێراق هێنابووە دەوروبەری هەولێر لە قوشتەپە نیشتەجێ کرابووین، لە کۆمەڵگای قودس هەندێک لە خانووەکان تەواوکرابوون و هەندێک لە ژێر دروستکردندا بوون، ئەوانەی خانوەکانیان تەواو نەکرابوون، هێشتا لە بن خێمەدا بوون. پاش نیوەڕۆ بوو چوار فڕۆکە کۆمەڵگای قودسیان بۆردوومان کرد نزیکەی (١٧) حەڤدە کەس لە پیر و منداڵ و ئافرەت شەهید بوون و نزیکەی (٥٠) پەنجا کەسیش بریندار بوون، برایەکم بە ناوی (رەمەزان تەتو مستەفا) شەهید بوو، خەڵکی دەوروبەری قوشتەپە و بەحرکە بەهانامانەوە هاتن بۆ شاردنەوەی شەهیدەکانمان و هیچ جێگا نەبوو لاشەی شەهیدەکانمان بشۆین لە سەر بیری ئاوی کۆمەڵگای قودس تەرمی شەهیدەکانمان شۆرد. حکوومەتی عێراق دەیگوت فڕۆکەی ئێرانە بەڵام ئێمە باوەڕمان نەدەکرد.

خانزاد تەتو مستەفا بەردەوام دەبێت و دەگێڕێتەوە پیاوەکانمان کرێکار بوون دەچوونە کاری ڕۆژانە، لە سەر شەقامەکان ڕادەوەستان هەندێک ڕۆژ کاریان دەستدەکەوت و هەندێک ڕۆژیش هیچ کاریان بۆ نەدەڕەخسا دەگەڕانەوە ماڵەوە. شەوێک پاش کاتژمێر سێ دەوری ئۆردووگا بە تانک و فڕۆکە و سەرباز گیرابوو گەر هەڵەنەبم پاسەوانی کۆماری و هێزی ئاسایش بوون. کاتێک دونیا ڕوناکی کرد بەناو ئۆردووگا کەوتن، ئەوانەی دەچوونە سەر ئیش لە سەر شەقام و لە ڕێگا دەستگیرکران، هەر هەندێک بە جۆرێک دەستگیرکران تەنیا ڕەگەزی نێر، پیر و گەنج و منداڵ و کەم ئەقل و کەم ئەندام و نەخۆش و کوێر و کەڕولاڵ گشتیان دەستگیرکران بەزۆر برانە سەر شەقامی گشتی، ئێمەی ئافرەتیش ڕاماندەکرد بە دوایاندا، بەڵام سەربازەکان بە قۆنداغە تفەنگ لە ئێمەیاندەدا و تەقەیان لە ئێمە دەکرد چەند ئافرەتێک برینداربوون من

بە چاوی خۆم بینیم شێتێک ناوی (حسێنییەدین)بوو، پێیەکانی کەلەپچە کرابوو بە سێ سەرباز دەیان هاوێشتە نێو پیکابێک پاشان بردیانە سەر شەقامی گشتی لەوێ لە یەکێک لە پاسەکان سوارکرا.

هاوسەر و باوکم و باپیرەم و خەزور و شووبراکانم و مامم و خاڵ و کەسوکارم هەر هەموویان دەستگیر کران و (١٥٠) سەد و پەنجا کەس لە گوندەکەمان گوندی بازێ جینۆساید کراون.

خەزوریشم کاتێک دەستگیر کرا ئاورێکی لە ئێمە داوە و خەریک بوو ئامۆژگارییەکمان بکات یاخود شتێکمان پێبڵێ، بەڵام سەربازە دڕندەکان لە بەرچاوی ئێمە دایانە بەر قۆنداغە تفەنگ و خوێن لە لوتی هات و کاتژمێری دەستیان شکاند و لەبەر دەرگا کاتژمێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە ئێستاش لە لام ماوە ئەو کاتژمێرە شکاوە. بەم شێوە دڕندانەیە نەیاندەهێشت لە پیاوەکان نزیک ببینەوە ئێمە لە دوایاندا دەچووین ئاو و پارەمان بۆ دەبردن، بەڵام سەربازەکان ئاوەکانیان ڕژاند و پارەکانیان بۆ خۆیان برد. لە سەر شەقامە گشتییەکە هەموو پیاو و مێرمنداڵەکان بەزۆری لە پاسەکان سوارکران و پەردەی پاسەکانیان داخست.

پاش ئەوەی گشت پیاوە بارزانیەکان گیران ئێمە بێکەس و هەژار ماین، کاری ئێمە ببووە گریان، نەماندەوێرا لە ماڵەوە بخەوین، چەند ماڵێک لە یەک خانوودا کۆدەبووینەوە تا بەیانی.

دەرگای قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیان داخست و ئاو و کارەبایان لە ئێمە بڕی، ئاو نەبوو خۆمانی پێبشوین، کانیە کارێزێکی دوور هەبوو نزیکەی کاتژمێرێک دووربوو لە ئۆردووگاکەمان، بەپێ دەچووین ئاومان دەهێنا، بەڵام سەربازەکان دەهاتنە سەر ڕێگا و تەنەکەی ئاویان لە سەر شانمان دەڕشت و تەنەکەکانیان دەقوپاندەوە، هەندێک جار لە دوورەوە تەقەیان دەکرد و گولەیان بەسەرسەردا دەهاویشتین بۆ چاوترساندن و تۆقاندنی ئێمە.

بەمەش نەوەستان دواتر گوندەکانی دەوروبەری ئۆردووگایەکەمان ئاگادارکران کە هەرگوندێ یاخود هەر کەسێ ئاو و ئازوقە و شتومەک و هەر شتێکی تر بفرۆشێت و بداتە ئێمە چارەنووسی ئەوانیش وەکو بارزانییەکان دەبێت، کەس نەیدەوێرا شتومەکمان پێبفرۆشێ مەگەر زۆر بەنهێنی.

ئەم ژیانە کولەمەرگییە بەردەوامبوو، ئێمەش پەرتەوازە بووین و هەرچی پارە و پولمان هەبوو خەرجمانکرد و دواتر دەستمانکرد بە فرۆشتنی کەل و پەلی ناو ماڵ، من ئەو کات دووگیان بووم منداڵەکەم شەش مانگی بوو، دوای سێ مانگ کوڕەکەم لە دایکبوو، بەڵام چ لە دایکبوونێک بێ باوک بێ ماڵ و حاڵ بێ هەموو شتێک!!

کوڕەکەم باوکی خۆی نەبینیووە لە پاش باوکی لە دایک بووە، باوکیشی بە حەسرەتی بینینی منداڵەکەیەوە ڕۆیشت و ئیتر نەگەڕایەوە، خۆزگە باوکی تەنیا ئەوەندە زیندوو دەبوو کە گریانی یەکەم چرکەساتی منداڵەکەی ببینیایە.

من بەم دۆخە شڕەوە دەبوایە بە نهێنی بچم کار بکەم بۆ ئەوەی منداڵەکانم بە خێوبکەم چونکە کچەکەشم تەمەنی یەک ساڵان بوو ئەم کوڕەشم لە دایک بوو ئیتر دوو منداڵی ساوا ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆی مندابوو هەم باوک و هەم دایک بووم.

ئەم منداڵانەم ڕاسپاردەی دراوسێکان دەکرد و دەچوومە کار، کاری بیناسازی و کارکردن لە کارگەکان و کارکردن لە باخچە و شیناییەکان، دڵم لای منداڵەکانبوو، هەست و بیرم لەلای چارەنووسی هاوسەرەکەم و دەستەکانیشم لە نێو کاری چیمەنتۆ بوو.

شەوانە چەند ماڵێک لە خانویەکدا دەنوستین و بە بەردەوامی ئێمەی ئافرەتان پاسەوانیمان لە خۆمان دەکرد، دەترساین لە پیاوانی بەعسی عێراقی.

ئێمە تەنیا ئافرەت و منداڵ لەم ئۆردووگایە بە جێما بووین، کاتێک منداڵێک یان ئافرەتێک دەمرد کەس نەبوو گۆڕ لێبدات و مردووەکان بشوات و بیان نێژێت، ناچار ئێمەی ئافرەت بەم هەموو ئەرک و مەراسیمانە هەڵدەستاین.

دواتر بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بە نهێنی ڕوومانکردە ناو شاری هەولێر لە گەرەکێکی ئەو شارە لە گەڵ چەند ماڵێکی تری بارزانی خانویەکمان بە کرێ گرت، دەچووینە کارگە و کارمان دەکرد.

ڕۆژێک کوڕە بچوکەکەم کە لەبەر دەرگا منداڵەکانی تری بینیبوو ئەیان وت باوکە و دەست لە ناو دەست، هاتەوە وتی دایکە ئەی کوا باوکم ؟ بۆ من باوکم نییە؟ بۆ منداڵی هاوسێمان باوکیان هەیە!! بۆ باوکی من تەنیا ئەم وێنە ڕەش و سپییەیە؟ منیش خۆم پێڕانەدەگیرا و بە گریانەوە دەموت کوڕەکەم تۆش وەک ئەمانە باوکت هەبوو، بەڵام بردیان و تا ئێستاش نەگەڕایەوە، ئەو چاوەڕێ بوو ڕۆژانە دەگریا دەیگوت دایکە ئەی کەی باوکم دەگەڕێتەوە، بۆ نایاتە ماڵەوە!!!

لە کارکردن بەردەوام بووین وایلێهات بە نۆرە ئەچوینە سەرکار و هەر ڕۆژە کەسێک لە ئافرەتەکان چاودێری منداڵەکانی دەکرد، وایلێهاتبوو منداڵەکانمان ئەیان وت دایکی شەو دایکی ڕۆژ، بە ئێمەیان دەگوت دایکی شەو، چونکە تەنیا بە شەو ئێمەیان دەبینی بەو ئافرەتانەی ڕۆژانە چاودێریان دەکرد ئەیان وت دایکی ڕۆژ. ئێمە جەژن و گەشتوگوزار و نەورۆزمان هەر گریان بوو هیچیتر.

حکومەتی بەعسی عێراقی و پیاوانی ئاسایش بەمەش نەوەستان بۆیە بەرەبەیانێکی زوو چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی هاتن هەر چوار لای ئەو خانوویەی ئێمەی تێدا بووین گیرا و شەقامەکانیش داخران و بە ناو خانووەکانمان کەوتن و ئێمەیان خستە نێو ئۆتۆمبێلەکان و نەمانزانی ئەمجارەشیان بۆ کوێمان دەبەن، تەنانەت ڕێگەیان نەدا دراوسێیە

هەولێریەکانمان نزیکمان ببنەوە ئێمەیان برد، لە شوێنێکی نزیک موسڵ کە دەشت و دەر بوو ئێمەیان لەوێ فڕێدا و سەربازەکان پاسەوانییان لە ئێمە دەکرد. هەموو ئافرەت و منداڵ بووین ئەوانەی گەڕەکەکانی هەولێر هەموویان هێنرانە ئەم شوێنە، دواتر بینیمان پاسەوانەکانیش کەمتەرخەمن و ئەرۆیشتن و ئەهاتنەوە، بۆیە بە نهێنی لەم شوێنە ڕامان کرد، بەڵام هیچ ماڵ و حاڵ و شوێنمان نەبوو، نەماندەزانی بەرەو کوێ بڕۆین، دواتر بڕیارماندا بەناچاری بگەڕێینەوە ئۆردووگای قودس لە قوشتەپە، کە چووینە ئەم ئۆردووگایە چۆڵ بوو کەسی لێنەمابوو، نەمانزانی ئەم خەڵکە بۆ کوێ براون و چارەنووسیان لە کوێیە و چیان بە سەر هاتووە، دوای چەند ڕۆژێک بینیمان ناوە ناوە هەندێک لە خەڵکەکە گەڕانەوە ئۆردووگاکە، دواتر کە لێمان پرسین، ئەوانیش وەک ئێمە دەستگیرکرابوون و لە چەند پاس و ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی کرابوون و بەرەو ناوچە سنووریەکانی نێوان تورکیا و ئێران بردرابوون و لەوێ لە کێڵگەیەکی بەمین ڕێژکراوی سەر سنوور کە لە دەڤەری بارزان بوو ناوچەی شێروان مەزن، لە نزیک گوندی چەمێ ئەم ئافرەت و منداڵانەش فڕێدرابوون و پێیان ڕاگەیەندرابوو کە بەرەو ئێران یان تورکیا بڕۆن و کەسوکارتان پێشمەرگەن و ئێوەش شوێنتان لێرە نەماوە، ئەگەر بشگەڕێنەوە دەکوژرێن.

بەردەوام ئێمە لە چاوەڕوانیدا بووین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشەویستانمان بگەڕێنەوە، بەڵام بە داخەوە پاش ئازدکردنی عێراق و لە ناوچونی حکومەتی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن و دارودەستەکەی، لە ساڵی (٢٠٠٥) بەدواوە هەندێک لە ڕوفاتی ئازیزانمان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی باشووری عێراق هێنرانەوە، نازانم کامیان هاوسەرمە و کامیان باوکم و کامیان خەزورمە. بەڵام هەر هەموویان کەسوکارمن، لە گۆڕستانێکی تایبەت لە بارزان نێژراونەتەوە،

به بەردەوامی سەردانی گۆڕەکانیان دەکەین و نازانین گوڵ بۆ کام گۆڕ ببەین هەموویان بێناو و بێناونیشانن و کێلەکانیان سپین، جل و بەرگ و کەلوپەلەکانیـــــان لەوێ نمایشـــــکراون دوا ئومێـــــد و یادگـــــاری خۆشەویستانمانن.

لە جـــل و بەرگیـــانەوە دیـــارە بە چ شـــێوازێکی دڕنـــدانە و بە کۆمەڵکـوژراون و زینـدەبەچاڵ کـراون، بە جامـانەی سـەریان چـاوی هەندێکیان گرێدراوە و بە پشتێنەکانیان دەستیان لە پشتەوە گرێدراوە و دواتـر گـولە بـاران کـراون، خـوا ئەزانـێ چەنـدیان زینـدوو بـوونە لە نێـو گۆڕەکاندا، بە چ جۆر و شێواز و ئەشکەنجەیەک گیانیان لە دەستداوە.[٤]

**دووەم/ سامیە شەمزین سەیدۆ**

(سـامیە شـەمزین)، یەکێکـی تـرە لە شـایەدحاڵەکانی جینۆسـایدی بارزانییەکان و باس لە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان دەکات:

لە ڕێکەوتـی (١٩٧٥/١١/٢٥) کـاتژمێر (١٠) دەی بەیـانی، سـێ فـڕۆکەی هەلیکـۆپتەر لە سـەر لـوتکەی گوڤەنـد بە دیـارکەوتن، یەکێکیـان بەرەو گونـدی ئەرگـوش و ئەوانـی تـر بەرەو گونـدی درێ هـاتن و فڕۆکەکـان گەیشتنە شوێنی نیشتنەوەیان و سـەربازەکانی ڕژێم دابەزین لە هەمـوو لایەک گەمارۆی گوندەکەیان دا، نەیان هێشت هیچ کەسێک بۆ دەرەوەی گوند بچێتە دەرەوە، جگە لە چەند منداڵێک ئەوانیش بۆ بانگهێشتکردنی ئەو کەسـانەی کە بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئـیش و کـاری ڕۆژانەیـان ڕوویـان لە دەرەوەی گوند کردبوو، تابگەڕێنەوە.

شەوی بە سەردا هات هەموو پیاوەکان قۆل بەست کران بۆ ناو بینای قوتابخانە، ئەو شەوەیش زیاتر لە نیو مەتر بەفر باری بوو.

هەڵکەوتـی جـوگرافی ئەو گونـدەش بەو شـێوەیە بـوو کە لە دوو تـاخ پێکهـاتبوو، تـاخی ڕۆژهەڵات لە سـنووری تورکیـا نزیـک بـوو هەنـدێکیان توانیـان خۆیـان دەربـازبکەن بـۆ نـاو خـاکی تورکیـا، بـۆ روژی دواتـر

هەرچی خاو خێزان هەیە ڕاپێچکران بێئەوەی بتوانن تەنیا یەک ژەم خواردن لە گەڵ خۆیان ببەن، تەنانەت نەیانهێشت قورئانی پیرۆز لە گەڵ خۆمـــان بـــبەین، بەهەزاران مەڕ و بـــزن لە نـــاو گەوڕ بە جێمـــان، هاوسـەرەکەم ویسـتی دەرگایـان لێبکـاتەوە و بـۆ ئەوەی مەڕ و بـزن و ڕەشـەوڵاغەکان ئـازاد بـبن و لە بـێ ئـاو و لە برسـان گیـان لە دەسـت نەدەن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدان.

سواری فڕۆکەیان کردین بۆ مێرگەسۆر، ئێوارەی هەمان ڕۆژ سواری ئیڤـای ئۆتـۆمبێلی سـەربازیان کـردین بـۆ دەشـتی هەولێـر، بـۆ بەیـانی گەیشـتینە هەولێـر، تـا ئێـوارە مـاینەوە نەمـان زانـی هەولێـرە، نزیـک سەربازگەیەک بە بێخواردن و خواردنەوە. ئێوارە چەند لۆریەکیان هێنا سـواری بـووین نـازانم بـۆ کـوێ ئیتـر ئەوەبـوو دوو ڕۆژ و دوو شـەو تاگەیشـتینە ئەو شـوێنەی کە خۆیـان مەبەسـتیان بـوو. ئەویـش بیابـانی جەحیش بوو لە سنووری قەزای عەفەکی پارێزگـای دیـوانییە، بـاش بە بیـرم دێـت کـاتژمێر نـۆی بەیـانی یەکەم کـاروانی ئـێمە گەیشـتە جەحـیش دیتمان کە پڕە لە بارزانیەکانی تـری بەڕۆژ و نـزاریش کە چەند ڕۆژێـک بەر لە ئـێمە هێنرابـوون، بەڵام نەمـان زانیبـوو، کەمێـک ئـارام بـووینەوە کاتێـک چاومـان بە جامـانەی سـوری بارزانیەکـان کەوت، ئەوانـیش زۆر جـوامێرانە کەوتـنە کـۆکردنەوەی نـان و دابەشـکردنیان بەسـەر ئـێمەدا، بەدرێژایی مانەوەمان لەم بیابانە کارەسات دەستیپێکرد، چونکە زەحمەت بوو کەسێک کە خەڵکی بناری چیای چوارچەل بێت بتوانێت لەم بیابـانە وشک و ڕووتە بژێت.

ئیسـهالبوون و ڕشـانەوە دەسـتی پێکـرد بەهـۆی خـواردنەوەی ئـاوی پـیس، بەبـێ چارەسـەرکردن ڕۆژانە زیـاتر لە (١٠) کەس لە منـداڵ و ئـافرەت و پەککەوتە گیانیـان لەدەسـتدەدا هـیچ کـار و کاسـبیمان نەبـوو تەنیـا ژێـر گـڵ کردنـی ڕۆڵەکانمـان نەبێـت، خـۆم دوو منـداڵم بەنـاوی ( ڕەشـید و لەزگـین) و چەنـد ئەنـدامانی تـری خێزانەکەمـان گیانیـان لە دەستدا.[٥]

**سێیەم/ فاتمە بابکر محەمەد**

(فاتمە بابکر) تەمەنی (٥٩) پەنجاو نۆ ساڵە، شەش براو هاوسەرەکەی و باوکی جینۆساید کراون. هەروەها لە ڕاگواستنی زۆرەملێی ساڵی (١٩٧٥) بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیە بیابانەکانی باشووری عێراق چەند کەسێکی بەهۆی نالەباریی و ئاو و هەوای ئەم بیابانە گیانیان لە دەست داوە. یەکێکە لە شایەدحاڵەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان.

دەڵێت: بەرەبەیانێکی زوبوو ئێمە چێشتمان دەخوارد سەربازەکان بەناو ماڵەکان کەوتن پیاوەکانیان بردن و هەندێکیش لە ڕێگا و لەناو جێگا گیران، ئەوەی نێر بووایە دەیان برد، هەشت کەسم کۆمەڵکوژکراوە (شەش برا و هاوسەر و باوک)م جگە لە مام و خاڵ و خزمە نزیکەکانی ترم، سێ برام ژنیان هێنا بوو.

پاش ئەم شاڵاوە ئێمە تەنیا ئافرەت و منداڵ ماین، چەند ماڵێک لە یەک ماڵ کۆدەبووینەوە لە ترسی پیاوانی ڕژێمی بەعس.

ئاو و کارەبایان بڕی، پاش دوومانگ دووبارە سەربازەکانی عێراق هاتن ماڵ بە ماڵ گەڕان، ئەم جارەیان کەنتۆر و سندوقیان دەشکاند، تەنانەت کولانەی ئاژەڵی وەک مریشکیان دەسوتاند هیچ جێگایەک نەمابوو نەگەڕێن، ئێمە بە نهێنییەوە دەچوینە هەولێر و پێداویستی و شتومەکی ڕۆژانەمان دەکڕی.

کرێکاریمان دەکرد، کاری پیاوان کاری قورس قورس، شتومەکی ناو ماڵمان دەفرۆشت.[٦]

**چوارەم/ گورگیس یوخنا ئاودیش**

(گورگیس یوخنا)، دانیشتووی گوندی بێدیال لە سنووری یەکەی کارگێری قەزای مێرگەسۆر و سەر بە ناحیەی شێروانی مەزنە, ناوبراو بە ڕەچەڵەک مەسیحییە و ئەم گوندەش گوندێکی مەسیحی نشینن، وەک بارزانیەکان دووچاری ڕاگواستن و جینۆسایدکردن بوونەتەوە, چونکە

ڕژێمی بەعس و حکومەتی عێراقی پێیان وابوە ئەوانیش بارزانین. ئەو هاووڵاتییە دەڵێت نزیکەی (٥٠) پەنجا سەر خێزان بووین لە کاتژمێر (٤) چواری ئێوارەی (١٩٧٨/٧/٣٠) سەربازانی ڕژیمی بەعسی عێراقی لە فڕۆکەکان دابەزین و هەر چواردەوری گوندی بێدیال یان گرت و بە بیانووی پشکنینی چەک و تەقەمەنی بێ حورمەتانە بەنێو ماڵەکان کەوتن.

مریشک و مەڕ و بزنیان بە ئێمە سەربڕی و خواردنیان بە ئێمە لێنا, شەو لە ماڵەکانمان خەوتن و بەیانی زوو بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە گوندەکەمان چوڵ بکەین, خانووەکانیان ڕوخاند و تەقاندەوە چەند ڕیش سپییەکی گوند داوایان لە سەربازەکان کرد تەنیا دێرەکە کە شوێنێکی پیرۆزە بپارێزن, بەڵام گاڵتە و سوکایەتییان پێکردین و دێرەکەشیان تەقاندەوە, مەڕ و ماڵاتەکانیان تالان کردوو دوو گەنجی گوندیان دەستنیشان کردوو پێیان ڕاسپارد کە هەموو مەڕ و ماڵاتەکان ببەنە سەر شەقامی گشتی لە سەر پردی چامە, نزیکەی (٧) حەوت کاتژمێر بە پیادە دوور بوو. چەند سەربازێک لە پێشەوە و چەند سەربازێک لە دوواوە بوون, تەنیا ڕێگای پیادە هەبوو بۆ گوندەکەمان, بە ڕێکەوتین بۆ سەر ڕێگای سەرەکی, چەند ئافرەتێکی سک پڕ و چەند نەخۆش و پەککەوتەمان لە گەڵدابوو بە ماندوبوون و شەکەتێکی زۆرەوە گەیشتینە سەر پردی چامە و لە وێ سەرباز و ئۆتۆمبێلی جۆری زیل ئامادەکرابوون, ئێمەیان بردە ئۆردووگای دیانا, خانووەکان بە دار و حەسیلە سەریان داپۆشرابوون, دیواریان بە بەرد دروستکرابوو, ئاوی نەبوو بە تانکی ئاومان بۆ دەهات پیاوانی ئاسایش بە جل و بەرگی سەربازی بەردەوام چاودێرییان دەکردین و بە نێو ئۆردووگا دەکەوتن. لە (١٩٨٣/٨/١٠) سەربازان و پیاوانی ئاسایش بە نێو ئۆردووگا کەوتن هەرچی بارزانی بووایە و جامانەی سوریان لە سەر بووایە دەستگیر

دەکران, برایەکم بە ناوی (ئاودیش یوخنا ئاودیش) و زاوایەکم بە ناوی (خوشابە یوخنا هورمز) کە جامانەی سوریان لە سەربوو گیران و لە گەڵ بارزانییەکان بە زیندوویی خرانە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە و چەندساڵێک لە مەوبەر ئێسکەکانیان بۆ هێنایەنەوە.[٧]

**پێنجەم/ بەسنا مستەفا ئەلیاس**

(بەسنا مستەفا) تەمەنی (٥٩) ساڵە، یەکێک لە شایەد حاڵ و کەسوکاری جینۆسایدکراوانی نێرینە بارزانییەکانە. لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا چەند ناسنامەیەک وەک بەڵگە بۆ ئەو تاوانە ڕەشە مابوون، یەکێک لە ناسنامەکان هی جینۆسایدکراو(ئەسعەد عەلی جان عەلی)یە خەڵکی گوندی بازێی سەر بە دەڤەری بارزانە، لە نێو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دۆزراوەتەوە، لە دایک بووی ساڵی(١٩٤٥)ە و لە ساڵی (١٩٨٣) لەگەڵ (٨،٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینۆساید کراوە، خێزانەکەی بەناوی (بەسنا مستەفا ئەلیاس) تەمەن (٥٩) پەنجاو نۆ ساڵ، دەگێڕێتەوە (بەر لە بانگی بەیانی سوپا و لەشکر دەوری ئۆردوگاکەمانی گرتبوو، ئەو بەیانییە وەک بەیانییەکانی تر نەبوو دەنگی ئۆتومبێل و دەنگی تانک و لەشکر زۆر دەهات. سەربازەکان بێ حورمەتانە بە ناو ماڵەکان کەوتن، بەر لەوەی بگەنە ماڵی ئێمە ووتم (ئەسعەد)خۆت بشارەوە، بەڵام (ئەسعەد) ووتی نەخێر نامگرن، بۆ دەمگرن، خزمەتی سەربازیم تەواوکردووە، هیچ تاوانێکم نەکردووە، سەرپێچی یاسام نەکردووە، نامگرن. لە ناکاو سەربازەکان بە ناو ماڵمان کەوتن ئەسعەد یان گرت و برد، هەندێک پارەم دا بە ئەسعەد بەڵام وەری نەگرت، ووتی پارەم پێیە، ئەو پارەیە با لەلات بێت بۆ منداڵەکان خەرجی بکە، لە ناو منداڵەکاندا ئەسعەد یان بردو هاوار و گریان و نزا و پاڕانەوەی ئێمە و منداڵەکان بێ سوود بوو، هەموو کەسوکارمان گیران ئێمەش بە ڕەزیلی و بێ کەسی لەو ئۆردۆگایانە ماینەوە, هەرچاوەرێ بووین بگەڕێنەوە، ئەمڕۆ نا سبەی هەرپێیان شاد دەبینەوە. بەڵام بەداخەوە ئێسکەکانیان بۆ هێنایەنەوە، ناسنامەکەی هاوسەرم ئەسعەد یان بۆ هێنامەوە.[٨]

**باسی سێیەم/ شایەدحاڵ و ڕزگاربووانی جینۆسایدی هەڵەبجە**

**یەکەم/ فەریدە موحەمەد عەبدولقادر**

(فەریدە موحەمەد) دەکاتە دایکم (دایکی نوسەر)، لە ساڵی (١٩٦٠) لە گوندی کوڵکنی (گوڵکەنی) سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە دایک بووە. یەکێکە لە شایەدحاڵ وڕزگاربووەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە، ئازاری جینۆسایدی هەڵەبجە لە قوڵایی ویژدان و هەناو و هەستیدایە، وەک شایەدحاڵێک بە وردی و بە ئاگاییەکی زۆرەوە چیرۆکی جینۆسایدی هەڵەبجەی بۆ گێڕامەوە، خۆشم وەک بەرکەوتەیەکی جینۆساید پێویست بوو تۆماری بکەم.

لە ساڵانی (١٩٧٨- ١٩٧٩)، ڕژێمی بەعسی عێراقی سیاسەتی چۆڵکردنی کوردستان و گوندەکانی کردبوو بە بەرنامە بەتایبەتی دانیشتوانی سڤیل، گوندەکانی هەڵەبجەش بەر ئەو سیاسەتە کەوتن، ئەویش بە دوو قۆناغ.

قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٧٨) کە گوندەکانی هەورامان و بنارەکانی هەڵەبجە و سەر سنووری خۆرهەڵاتی کوردستان بوو بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکانی (زەمەقی- عەنەب- خورماڵ).

قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٨٧) کە گوندەکانی دەوروبەربەری هەڵەبجەو شارەزوور بوو بۆ ئوردگای برایەتی لە گوندی باریکە. لەو چوارچێوەیەشدا لە کۆی (٢١٦) دوو سەدو شانزە گوندی هەڵەبجە (١٩٨) سەدو نەوەدو هەشت گوند کاولکرا.

لە ساڵی (١٩٨٧) گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە ناچاردەکرێن بڕۆنە ئۆردوگای برایەتی، بەڵام ئەوانەی کە خانوویان هەبووە لە هەڵەبجە دەچوونە خانوەکەی خۆیان. ماڵ ئێمە دەچنە خانوەکەی خۆمان لە گەڕەکی کانی قوڵکە لە هەڵەبجە. بەڵام سەرەتا لە گوندەکەی خۆمانەوە کوڵکنی (گوڵکەنی) لە مانگی (٤)ی ساڵی (١٩٨٧) دەچنە

کۆمەڵگای زۆرەملێی خورماڵ. ناخۆشییەکانی ئەوکاتی دایکم (فەریدە موحەمەد عەبدولقادر)، سەرەڕای هەژاری و ژیانێکی سەپێنراو و نامۆ، چەند منداڵێکی بچوکی لەگەڵە و سکپڕە بە منەوە ئەمەش دەیخاتە ژێر بار و ئەرکێکی گران. دوای چەند رۆژێکی کەم ئەو منداڵەش لەدایک دەبێت و بەناوی ئەو چرکە ساتانەوە ناو دەنرێت (ئاوارە) کە لەئێستادا سەرقاڵی خستنەڕووی ئەو جینۆسایدە و تەواوی جینۆسایدی کوردە. بەوردی رۆژی لەدایک بونم ڕوون نییە. بەو هۆیەی دایکم خوێندەوار نەبووە و لەبەر کات و بارودۆخی ئەوکات بیر لە تۆمارکردن و رێککەوتی لەدایک بوون نەکراوەتەوە، بۆیە نازانن رۆژی لەدایک بوونەکەم کەیە. بەڵام ئەوەندەی لە بیرە کە (٢١) بیست و یەکی مانگی ڕەمەزان و سێیەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجە بووە، ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەش ڕۆژی چوار شەممە (١٩٨٧/٥/١٣) دەستی پێکردووە. هەربۆیە لە دایک بوونی منیش دەکاتە ڕۆژی هەینی (١٩٨٧/٥/١٥). بەمەش بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەو کەیسە و زیاتر هانمان دەدات ئیشی لەسەر بکەین. چونکە لەدایک بوونمان لەئاوارەیی بووە و شاهیدێکە بۆ چارەنوسی جینۆسایدی نەتەوەی کورد و شکاندنی یاسا و ڕۆژگاری تاڵی مرۆڤ، هەربۆیە وەک دەربڕین و زمانحاڵی ئەو رۆژگارە ئازاراوی و جینۆسایدە ناودەنرێم (ئاوارە) بۆ ئەوەی چیتر ئەو ڕۆژانە لە بیرنەکرێن و بەناوی مرۆڤەکانی سەردەمەکەیەوە بناسرێنەوە. بۆ ئەوەی ناوی ئاوارە شاهیدێک بێت بۆ چارەنووسی تاڵی مرۆڤ و چارەنووسی ئەو گەلەی کە جینۆسایدی دەکەن و نکوڵیی لێدەکەن و کەچی هەشە.

لەناو خێزانەکەمان بەشێکی زۆریان یادەوەریی ئەو کاتیان لاماوەتەوە کە کەم تازۆر کاریگەریی لەسەر ژیانیان هەیە. خودی خۆم لەسەرەتای منداڵیمەوە تێکەڵ بەو تراژیدیایە بووم، بەڵام لەهەمووومان زیاتر دایکمە، کە بەشێکی زۆر لەو خەم و کۆژانانەی چنیوەتەوە و، زیاتر چوەتە ژێر

بـــاری نەهامەتییەکـــان، بەوپێـــیەی خەمخـــواردنی منـــداڵەکانی و هەم خەمخۆریی بۆ ماڵی باوکی (باپیرم) کە ئەوانیش لە هەڵەبجەدا بوون زیاتری پێبڕاوە.

لێرەوە شوێن چیرۆکی دایکم دەکەوین پاش ئەوەی ماوەیەک لە ناحیەی (خورماڵ) دەمێنینەوە دەچینە ناحیەی (سیروان) و لە پایزی ساڵی (١٩٨٧) یش دەچینە خانوەکەی خۆمان لە هەڵەبجە لە گەڕەکی (کـــانی قـــوڵکە)ی ئەو کـــات و گەڕەکـــی (مەرزەبۆتـــۆ)ی ئێســـتا، تـــا (١٩٨٨/٣/١٥) واتە یەک ڕۆژ پێش جینۆسایدکرنی هەڵەبجە. لەو ڕۆژەدا زۆرێک لەخەڵکی هەڵەبجە هەوڵی ڕزگاربوونی داوە لە شارەکە و بەرەو ناوچە پارێزراوەکان لەوانەش سلێمانی و کۆچ کردن بەرەو خۆرهەڵاتی کوردستان.

دایکم دەگێڕێتەوە کە لەگەڕەکەکەی خۆمان کانی قوڵکە، گەنجێکی دراوسێمان بەناوی (فەرەیدونی مینە سور)، گەلابەیەکی پێدەبێت بۆ گواســتنەوە و ڕزگـــارکردنی خەڵـــکەکە و گیـــانی هاوکـــاری و نەبەردی زۆری لابوە و بە خەڵکی گەڕەکەکە دەڵێت (کێ دێت لەگەڵ من دەربازی دەکەم بەڵام خوێنی خۆتان بە ئۆباڵی خۆتان، کێ ناڵێت ڕەتڵێک تۆپ نادات لە گەلابەکە و هەمووی تیا ناچێت). مەبەستی تۆپەکانی ئێران بووە کە لەو کـــاتەدا بە چـــڕی تۆپبـــارانی شـــارەکە دەکـــات بە مەبەســـتی داگیرکردنی، لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەش (١٥٠) سەد و پەنجا هاولاتی سڤیلی هەڵەبجە گیان لەدەست دەدەن.

ســـاتەوەختی قســـەکانی ئەو گەنـــجەی خـــاوەنی گەلابەکە، کلیلێکـــی ڕزگـــاربوونە، تـــاوەکو لەو ڕێـــگەیەو لە نائـــارامیی شـــار و نیـــوە مەرگ ڕزگاریـــان ببێـــت. ئەو وێنـــای دایکـــم لە گێڕانەوەکانیـــدا دەیکـــات هەمـــان ستایشـــی قیـــامەتێکی بچـــوک یـــان دۆزەخێکـــی دەســـتکردە بەدەســـتی ستەمکارانی چەرخ. کەس لە کەس نییە و هەر یەکەی فریای گۆشەیەک

دەکەوێت بۆ ئەوەی شار جێبهێڵن. باوکم (حسێن ئەحمەد)، دەڵێت (فەرەیدون گیان منداڵەکانی ئێمەش لەگەڵ خۆت ببە). لەوێدا گفتوگۆیەکی کورت لەنێوان دایکم و باوکم دروست دەبێت. دایکم بەهۆی خەمخۆریی بۆ ماڵی باوکی (باپیرم)، ناتوانێت بڕوات و دەڵێت (تا هەواڵی ماڵ باوکم نەزانم لە هەڵەبجە دەرناچم). بۆیە بەڕاکردن دەچێت بۆ گەڕەکی پاشا، بۆ سۆراخ کردنی ماڵی باوکی (باپیرم). لە ڕێگادا ڕەتڵێک تۆپی ئێران لە نزیکی دەدات و، بەهێزی هەوای تۆپەکان بە زەویدا دەیخەن. خەڵکەکەی نزیکی وا هەست دەکەن مردوو و هاواریان لێ بەرزدەبێتەوە کە ژنێک تۆپ کوشتی. پاش ماوەیەک هەڵدەستێتەوە و دەڵێت (زیندووم تەنیا هەوای تۆپەکان بوو خستمی). دایکم دەڵێت (کاتێک گەیشتمە ماڵی باوکم، کەسی لێنەمابوو ماڵەکەیان چۆڵ بوو، ئەو کات زانیم هەڵەبجەیان جێ هێشتووە، چەند کەسێک لەدەورووبەری ماڵی باوکم بوون، پرسییان چی دەکەیت لێرە؟ وتم هاتووم بۆ هەواڵ پرسینی ماڵی باوکم، بەسەرسوڕمانەوە وتیان ئەوان ئێرەیان جێهێشتووە کەی ڕۆژی هەواڵ پرسین و ئاگاداربوونە، بڕۆ خۆت دەرباز بکە. یەکسەر گەڕامەوە بۆ گەڕەکەکەی خۆمان سەیرەکەم گەلابەکە پڕ بووە و جمەی دێت ئەوەندەی خەڵک تێترنجاوە). لەو کاتەدا باوکم دەست دەکات بە بۆڵە بۆڵ و قسە وتن بە دایکم، چونکە لە گەلابەکەدا شوێن نەماوەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بووە جێی خۆی و ئێمەی کردووتەوە.

لەدوای دەرچوون لە هەڵەبجە بە ئاراستەی سەیدصادق و سلێمانی، دایکم دیمەنی ئۆتۆمبێلە سوتاو و وەرگەڕاو و تۆپ بەرکەوتووەکانی سەر ڕێگا دەگێڕێتەوە، کە چۆن ئۆتۆمبێل سوتاوە و تەرمەکان بەسەر یەکدا کەوتوون. بەشێکیان منداڵی بچوک و ژن وکچ بوون. هەروەک دەڵێت (ناو گەلابەکە زۆر ناخۆش بوو بە ئاسانی هەناسە نەدەدرا، نەمان دەزانی بەرەو کوێ دەڕوات تەنیا ئاسمانمان لێ دیاربوو، بەردەوام

خەمی ماڵ باوکم دەخوارد، لەلایەکی ترەوە ئەو هەموو منداڵەمان لەو شوێنە تەنگەلانەدا پێ بوو، دایکم دەڵێت (ئاوارە) تۆ تەمەنت (١٠) دە مانگ بووە، ئەو دۆخە زۆر ئازاراویی و سەخت بووە بۆ تۆ. هەروەها دەڵێت کاتێک گەیشتینە گوندی (تەپەگولاوی)، لەودیو ناحیەی سیروان، ڕەتڵیک تۆپ دای لە گوندی (گردی گۆ) لە سەر ڕێگامان، هەموومان ترساین، کە گەیشتینە گردی گۆ، پاسێکمان بینی کە هەموو سەرنشینەکانی گیانیان لەدەست دابوو. لەو کاتەدا هەمووی بێدەنگ بوو، لەو لاتر کاتێک لە گوندی (گردی قازی) دەرچووین ئۆتۆمبێلێکی لاندرۆڤەرمان بینی کە تۆپ پیایا کێشابوو، منداڵێکی ساواش لە ناو بێشکەکەیدا لە خوێندا گەوزابوو. کە بینینم دەستم بەدەم و چاومەوە گرت و هاوارمکرد، ئەوە ماڵ باوکمە ئەو ئۆتۆمبێلە زۆر بەوەی عەلی برام دەچێت، تەواو، ماڵ باوکم هەموویان تیاچوون ئەوان پێش ماڵ ئێمە هەڵەبجەیان جێهێشتووە ئەو منالەش منالەکەی (عەلی مام عەبدوڵلایە) ئەوان لەگەڵ ماڵ باوکم هەڵەبجەیان جێهێشت. مەگەر خوا بزانێت ئەو ڕۆژە چیم بەسەر هات، ئەوانەی لە ناو گەلابەکەدا بوون هەوڵیاندا هێورمکەنەوە و دڵنەوایمکەن و ئەیانووت خوا گەورەیە ان شاءالله ماڵ باوکت سەلامەتن و ئەوە ئەوان نین.

دەگێڕێتەوە و دەڵێت دوای ئەوەی لە شارۆچکەی عەربەت لەگەلابەکە دامان دەبەزێنێت، خۆی و من کە بە باوەشی دایکمەوە بووم لەگەڵ هەرسێ براکەم (ئارام، ئاسۆ، ئامانج) و خوشکەکانم (نەشمیل و ئەڵوەن)، و خەسوی واتە نەنکم (خەدیجە حەسەن). دەستبەجێ ئۆتۆمبێلێک بە (٢،٥) دوو دینار و نیوی پارەی ئەو کات دەگرێت و بەرەو ئۆردوگای زۆرەملێی برایەتی لە گوندی باریکە بەڕێدەکەوین. ئیتر لەوێ زیاتر لە سێ ساڵ ژیانی تاڵ و پڕناخۆشی بەسەر دەبەین. سەرەڕای ئەوەی ئاو وهەوای ئەو ئۆردوگایە زۆر وشک و گەرم و کەم ئاوبووە، هەروەها

بەتایبەت بۆ خێزانێک کە کەسی یەکەمی بۆ ماوەیەک لەگەڵ نەبێت، بەو پێیەی لەکاتی دەرچوونمان لەهەڵەبجە، باوکم بۆ ماوەیەک لەگەڵمان دادەبڕێت و بەر ئێران دەکەوێت.

دایکم و نەنکم سەدان چیرۆکی ئەو ئۆردوگایە دەگێڕنەوە، هەتاوەکو جینۆسایدی هەڵەبجەیان بەخەو بینیوە. کاتێک بەیانی (١٩٨٨/٣/١٦)، نەنکم (خەدیجە حەسەن) دایکی باوکم، خەونێک دەگێڕێتەوە کە دواتر خەوەکەی بوەتە واقیع.

دایکم بەسەرهاتی خەوەکەی نەنکم دەگێڕێتەوە و دەڵێت (کاتێک خەسوم لەخەو هەستا، خەوەکەی بۆ گێڕامەوە، کە قسەی لەگەڵ (عومەر)ی کچەزای کردووە، بینیویەتی ژێر چاوی عومەر شین و مۆر بووەتەوە. لێی دەپرسێت ئەوە چیە عومەر گیان؟ ئەویش دەڵێت نەنێ گیان ئەوە غازەکە لێی داوم، لەو کاتەدا لە ناو هەڵەبجەییەکان ئەوە بڵاو بووەتەوە کە هەڵەبجە کیمیاباران دەکرێت و بە غازەکەش بەخەڵک گەشتبوو. لەو کاتادا دەستیکرد بەگریان و بە هەناسکە هەناسک دەیووت،ماڵی ئاسکەی کچم تیاچوون کەسیان نەماوون، منیش دڵنەوایم کرد و پێمووت، ئینشاءلله زیندوون مەگری خەم مەخۆ خوا گەورەیە. هەر ئەوە بوو ئەو خەوە ڕاست دەرچوو تەواوی ماڵی ئاسکەی کچی، لە ڕۆژی جینۆسایدی هەڵەبجە جینۆساید دەکرێن. چونکە ئەوان هەر لە هەڵەبجەدا مابوونەوە و فریای ئەوە نەکەوتبوون دەربچن).

ئەندامانی ماڵی کچەکەی نەنکم (ئاسکە ئەحمەد) واتە پورێم کە دەکاتە خوشکی باوکم، بریتین لە:

* پورێم (ئاسکە ئەحمەد)،
* هاوسەرەکەی پورێم (محەمەد)،
* دوو کوڕە پورزام (عوسمان و عومەر)،
* چوار کچە پورزام (ناسکە، سنەوبەر، چیمەن، خەولە).

که هەموویان لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا گیانیان لەدەستدا.
دوای سێ ساڵ مانەوە لەئۆردوگای باریکەو سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی کوردستان، دەگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە بۆ خانوەکەی خۆمان، بەڵام تەنیا دوو ڕۆژ لە هەڵەبجە دەمێنینەوە و بەهۆی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی باشووری کوردستانەوە ڕوودەکەینە خۆرهەڵاتی کوردستان.
ئەو کاتەی بەرەو سنورەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان کۆچمان کرد، تەمەنی من چوار ساڵ بووە، یادەوەریی من لەگەڵ ئەو ڕۆژانەدا تەنیا وەک تارمایی بەرچاو دەکەوێتەوە بیرم. لەوێ چەند کەسێکم بینی کە جلی سەربازییان لەبەر بوو، ساتێکی ناخۆش بوو بۆ بنەماڵەکەمان، لەبەرئەوەی جلی سەربازی یادەوەریی تاڵی بۆ دروست کردوون، بەڵام ئەو کۆمەڵە سەربازە عێراقی بوون و بەهۆی ڕاپەڕینەکەی کوردەوە پەنایان بۆ ئێران بردبوو ئێرانیش وەرینەگرتبوون و گەڕاندبوونیەوە، یەکێک لەسەربازەکان لێم نزیک بوەو و بە بزەیەکەوە ماچی کردم و دینارێکی ڕەنگ سەوزی کاغەزی ئەوکاتی پێدام. لەناو ئەو هەموو ناخۆشیەدا بۆ من ئەو دینارە عێراقییە زۆر خۆش بوو. دایکم دەڵێت دوای ئەوەی ماچی کردم داینام و دەستەکانی درێژ کرد بۆ ئاسمان و دەستی بە نزا کردن کرد، وەک ئەوەی بڵێ خوا ئەمە قبوڵ نەکات و حەقت بسێنێ. دایکم دەڵێت بەهۆی زۆری باران بارین و تەرزەوە تەواوی جلەکانی بەرم تەڕ تەڕ بووە و منیش لە سەرما لەرزیوم. دایکم بەو ماندووییەوە منی لە کۆڵ کردووە وەک منداڵی بچوکی ماڵ و سکپڕیش بووە بە لەشکری برامەوە. دوای ئەوەی (٧) حەوت شەو لەو ئەشکەوت و شاخەی ملەخورد لە نێوان هەردوو سنووری باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستان ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنین دواجار دەگەینە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان و لە ئۆردوگای (دۆڵەناو) جێگیر دەبین و

دوای چــوار مانــگ مــانەوە لەو ئۆردوگــایە و ئەو بەشــەی کوردســتان. دواتــر لە مــانگی (٧)ی ســاڵی (١٩٩١) گەڕایــنەوە هەڵەبــجە و دواتــر بــۆ گوندی کوڵکنی (گوڵکەنی).

ئیتر لەوکاتەوە جینۆسایدی هەڵەبجە بە تایبەتی و کوردستان بەگشتی بەقوڵی تێکەڵ بە ژیانم بووە و چیرۆکی دایکم بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیـانم. یەکێـک لەو هۆکـارانەی وایکـردووە دەسـتبەرداری جینۆسـاید نەبم، ئەوەیە کە بە قووڵی ئەو تاوانە چی وەک تـاک، وەک بنەمـاڵە، وەک نەتەوە، وەک یاســـا و وەک مرۆڤـــایەتی ئەزمـــوونم کـــردووە و تـــا هەنـــووکەش نەتەوەی کـــورد یەکـــێکە لەو گروپـــانەی کە قـــوڵترین جینۆسایدی لەدژ ئەنجام دەدرێت لە سایەی هەبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکـانی هەڵگـری نـۆبڵی ئاشـتیدا و یاسـاش بـووە بە ئـامرازی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و نەتوانرەوە ئازادبکرێت و لە تێکشکانە بەردەوامەکان بپارێزرێت و سەروەر بکرێت.

**دووەم/ مزەفەر ئەسکەندەر عەبدوڵڵا عەبدولکەریم**

(مـزەفەر ئەسـکەندەر عەبـدوڵلا عەبـدولکەریم)، لە دایـک بـووی سـاڵی (١٩٧٨)ی گونـــدی دەرەی مەڕی ســـەر بەنـــاحیەی بیـــارەی پارێزگـــای هەڵەبـــجەیە. مـــزەفەر یەکـــێکە لە تاقانەکـــانی جینۆســـایدی هەڵەبـــجە. تاقانەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە (٣٣) سـی و سێ کەسن. مزەفەر وەک یەکێـک لە تاقانەکـان کە لە خێزانێکـی حەوت کەسـی بە تەنهـا خـۆی ڕزگاری بووە.

کەسە نزیکەکانی مزەفەر کە لەهەڵەبجە جینۆساید کراون بریتین لە:

باوکی (ئەسکەندەر عەبدوڵڵا عەبدولکەریم)

دایکی (بەلقیس سالم حەمە کەریم)

دوو خوشکی (فەریدە و چنور)

دوو برای (ڕەفیق و تاریق).

مزەفەر لە سەرەتادا باس لە ڕاگواستنی زۆرەملێیانەی گوندەکەیان دەکات و دواتر باس لە چیرۆکی جینۆسایدی هەڵەبجە دەکات:

گونـدی دەرەی مەڕ لە مـانگی (٩)ی سـاڵی (١٩٧٨)، دادەگیـرێن و ڕاپێچـی ئەو سـێ کۆمەڵگـا زۆرەملێیانەیـان دەکەن کە حکـومەت خـۆی دروستی کردبوون لەو چوار چێوەیەشدا ماڵی مزەفەر دێنە کۆمەڵگای زۆرە ملێی خورماڵ. خەڵکی گوندەکە بە کاری ئاژەڵداری و باخداری و بازرگـانیی بچـوک و کـۆڵبەرییەوە خەریـک بـوون لەگەڵ شـارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەت شاری سنە.

پاش دەرکردنیان لە گوندەکان ئیتر گوندەکەیان دەبێت بە گوندێکی قەدەغەکراو کەس بۆی نەبووە بە هیچ شێوەیەک بۆیبگەڕێتەوە. دواتر لە ساڵی (١٩٨١)، دێنە گوندی کوڵکنی (گوڵکەنی) ئەویش لەبەر دووهۆ هۆی یەکەم ئەو تۆپبارانە سەختەی کە لە ئەنجامی شەڕی عێراق و ئێران دا هەبوو بۆ سەر کۆمەڵگای زۆرە ملێی خورماڵ، دووەم لە گوندی کوڵکنی خزم و کەسیان هەبووە ڕویان لەوان کردووە و لەوێش ئاژەڵەکانیان بەخێـو کـردوون. پـاش سـاڵێک لە کـوڵکنی لە سـاڵی (١٩٨٢)، بەهـۆی چڕبـوونەوەی بۆمـب و تـۆپی شـەڕی نێـوان ئەو دوو دەوڵەتە لەسـەر گونـدەکان و کـوڵکنی ناچـار کـوڵکنییش بەجێـدەهێڵن و ڕوودەکەن هەڵەبـجەو لە گەڕەکـی گـوڵانی خـوارو خـانویەک دەکـڕن و لەوێ دەمێننەوە. مزەفەر دەڵێت هەڵەبجە دوورتر بوو کەمتر تۆپی پێدەگەشت هەروەهـا خانووەکەمـان لە هەڵەبـجە ژێـر زەمینـی هەبـوو دەمـانتوانی خۆمان بپارێزین لەبۆمب و تۆپەکان.

مزەفەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت تا جینۆساید کردنی هەڵەبجە لەوێ مـاینەوە، خۆشـم تـا کـاتژمێر (٣) ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی (١٩٨٧/٣/١٥)، لە ژێر زەمینەکەی ماڵ خۆماندا بووم، بەهۆی چڕی تۆپەکانەوە بۆ سەر شـارەکە کە هێشـتا ئێران شـارەکەی داگیـر نەکردبـوو، لەگەڵ ئەندامانی

ماڵ خۆمان بەنیاز بووین هەڵەبجە بەجێبهێڵین، هەر ئەوە بوو لەو کاتەدا کوڕێکی پورێم (بێستوون کەریم)، کە بە میوانی لە ماڵ ئێمە بوو لەگەڵ خاڵۆم (یونس سالم)، کە کەم ئەندام بوو لەگەڵ ماڵی ئێمە دەژیان. بە ماڵی خۆمانم ووت کە من دەڕۆم بۆ ماڵی پورێم کە لە گەڕەکی تووە وشک بوون تا ئێوە دێن دواتر یەک دەگرینەوە و بەیەکەوە خۆمان دەرباز دەکەین. هۆکاری هەڵبژاردنی ماڵی پورێشم ئەوەبوو کە ئەوان ئۆتۆمبێلیان هەبوو دەمانتوانی لەگەڵ ئەوان بڕۆینە دەرەوەی هەڵەبجە. کاتێک لە ماڵی خۆمان دەرچووین لە بازاڕ لە نزیک مەرقەدی پیر محەمەد دەگەین بە ناسراوێکی خاڵۆم کە ناوی (هاشم محەمەد) بوو کە بەرازیلییەکی پێبوو لە سلێمانییەوە هاتبوو بۆ ڕزگارکردنی ماڵی مامەکانی خۆی، لەو کاتەدا بەزەیی بە خاڵۆم دا دێتەوە کە کەم ئەندامەو ناتوانێت وەک کەسی ئاسایی ڕێبکات هەربۆیە سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەکات لەبەر نەبوونی جێگاش لەگەڵ پیاوێکی تر دەچنە سندوقی بەرازیلییەکەوە.

پاش ئەوەی کە گەشتینە ماڵی پورێم (فاتمە عەبدوڵلا عەبدولکەریم) تۆپەکان سەختتر دەبوو، هەربۆیە بۆ پاراستنی ژیانمان ڕۆشتینە ژێر زەمین تا یەک کاتژمێر پێش خۆرئاوابوون. ئیتر گەلابەیەکی مان ئامادە دەبێت و خاوەنەکەی پەیژەیەکی پیا هەڵواسیبوو خەڵکی سوار دەکرد و دەیبرد بۆ سلێمانی، خاوەنی گەلابەکە ناوی (کاک فەیرۆز) بوو ئێستا لە ژیاندا ماوەو ئێستاش خۆم بە قەرزاری دەزانم و هەرکاتێکیش بیبینم پێی دەڵێم گەر خوای گەورەو تۆ نەبوایا من ڕزگارم نەدەبوو.

لەو کاتەدا ماڵی پورێم دەیانەوێت بڕۆن بۆ سلێمانی، بەلام من وتم دەگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان بۆچی تا ئێستا دایک و باوک و خوشک و براکانم نەهاتوون، پورێم نەیهێشت و لەگەڵ ماڵی خۆیان بردمی ووتی با مزەفەر لەگەڵ خۆمان بێت. دوای نیو کاتژمێر لەوەی کە ئێمە گەڕەکی

تـووه وشـک و هەڵەبجەمـان بەجێهێشـت، وەک ناسـراوە ڕزگاربووەکـان دەیگێڕنەوە دایکم خۆی گەیاندووەتە ماڵی پورێم و بە دوای مندا هاتووە. کە دەزانێـت مـن ڕۆشـتووم، تەنهـا ئەوەنـدە دەڵێـت (بـۆ دوا جـار خـوا حافیزیم لە کوڕەکەم نەکرد و ئێمە ئەم هەمـوو سـەروەت و سامانەمان هەیە بەڵام مـزەفەر هیچـی لەگەڵ خـۆی نەبـرد)، حـاجی ئەسـکەندەری باوکی مزەفەر کەسێکی دەوڵەمەند و ناسراوبووە.

مـزەفەر دەگێـڕێتەوە تـا گەیشـتینە سـلێمانی دوو جـار وەسـتاین، جارێکیـان لە گونـدی (گـردی گـۆ) بـوو ئەویـش بەهـۆی چڕیـی تۆپەکـانی ئێران بـۆ سـەر پـردی زەڵـم بەمەبەسـتی ڕووخانـدنی پـردەکە. خەڵـکەکە وتیـان دەگەڕێینەوە بـۆ هەڵەبـجە لە ناکـاو تۆپەکـان وەسـتان و ئێمەش بەرەو سـلێمانی بەڕێکەوتـین. (١٠٠) سـەد مەتـر دوور نەکەوتبـووینەوە یەک ڕەتڵ تۆپ دای لەو شوێنەی کە ئێمەی لێوەستابووین لە گـردی گۆ. لەوێدا دیمەنێکی سـەیر و دڵتەزێنم بینی، تراکتۆرێک وەسـتابوو هەمـوو سەرنشـینەکانی مردبـوون، جگە لە یەک منـاڵی سـاوا لە نـاو بێشـکەکەیدا بوو زینـدوو بـوو یـاری بە دەسـرازەی بێشـکەکەی دەکرد. هەروەهـا ئەو شتەی هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە قاچی مـن بەسـەر سـەری ژنێکەوە بـوو ژنەکە هەر دەیوت کوڕم قاچت لابە سـەرم کەوت منیش جێنەبوو قـاچم دابنێم ئەو گەلابەیە نـزیکەی (١٠٠- ١٢٠) سـەد بـۆ سـەدو بیسـت کەسـی تیــابوو جێگامــان زۆر تەنــگ بــوو. بەڕێکەوتــین و گەشــتینە گونــدی (قەدەفەری) لەوێش سەربازە عێراقییەکـان وەسـتاندینیان و هەمـوو ژن و منـاڵ دەسـتیان کـرد بە گریـان، هۆکـاری وەستانیشـمان ئەوەبـوو کە پێنج پیاومان پاڵتاوی سەربازی عێراقییان لەبەر بوو وایاندەزانی کە لە ئەرکی سـەربازی هەڵهـاتوون، بەڵام دواتـر تێگەشـتن کە مۆڵەتیـان هەیە ڕێگەیـان داین بڕۆین، کە گەشتینە سلێمانی بانگی خەوتنان بوو. لە سلێمانی لەگەڵ ماڵی پورێم ڕۆشتینە ماڵی خزمێکمان لە گەڕەکی توی مەلیک و سێ ڕۆژ

ماینەوە و دواتریش ڕۆشتینە ماڵە خزمێکمان لە گەڕەکی هەواری تازە و پاش (١٥) پانزە ڕۆژ. ڕێک لە ڕۆژی (١٩٨٨/٤/١)، هەواڵی ئەوەم زانی کە دایک و باوک و خوشک و براکانم لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا شەهید بوون. دوای ئەو ئازار و خەمە قوڵە نەشم دەوێرا بە ئاشکرا بۆ لەدەستدانی خۆشەویسترین کەسانم بگریم چونکە گەر حکومەتەکەی سەدام بیانزانیایە هەڵەبجەیم و بە تەنها خۆم ڕزگارم بووە ئەوا سەرنگومیان دەکردم، بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ چیرۆکی ئازاری ئەو جینۆسایدە بۆ نەوەکانی داهاتوو نەگێڕمەوە و نەبم بە شایەدحاڵێک لە سەر تاوانەکانی ڕژێمەکەی سەدام. تەنانەت لە کاتی تۆمارکردنی ناوی شەهیدەکانمان لە فەرمانگەی باری شارستانی نەمان دەوێرا بڵێین کەسوکارمان لە (٣/١٦) شەهید بوون، دەبوایا بمانوسیایە لە (٣/١٣ و ٣/١٤) شەهید بوون، چونکە (٣/١٦) ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە لەلایەن حکومەتی سەدامەوە، بەڵام (٣/١٣/ و ٣/١٤) ڕۆژانی هێرشی ئێرانە بۆ سەر شارەکە. ئەوەش بۆ ئەوەی ڕژێمی سەدام وا نیشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدات کە هەموو کوژراوەکان لە کاتی هێرشی ئێران بۆ داگیرکردنی شارەکە شەهید بوون نەک هێرشەکەی خۆی و بەوەش خۆی لەو تاوانە گەورەیە بە بێتاوان پیشان بدات.

لە سلێمانی لە قوتابخانەی دەباشان لە گەڕەکی توی مەلیک دەستم بەخوێندن کردەوەو تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێند، لە قوتابخانەش نەمدەوێرا بڵێم هەڵەبجەییم لەلای موشریفەکان. هەر لەگەڵ ماڵی پورێم بووم تا ئەو کاتەی سەددام شارێکی نوێ بەناوی (حلبجە سدامیە) دروست دەکات کە ئێستا پێی دەوترێت قەزای شارەزوور یان هەڵەبجەی تازە. خانوش لەو شارەدا بەو هەڵەبجەییانە دەدرا کە نەڕۆشتبوونە ئێران و دەبوو پشتگیریی یەکێک لە موستەشارەکانیش بەدەست بهێنێت. گەرچی من نەڕۆشتبووم بۆ ئێران بەڵام بێبەشیش

کرام لەو خانووە، چونکە نەمویرا بڵێم هەڵەبجەییم، ئەترسام وا بڵێم و لەبەر ئەوەشی کە تاقانەم سەرنگوم بکرێم. دواتر چەند ڕۆژێک پاش ڕاپەڕینەکەی کورد و پێش کۆڕەوەکە کە ڕێگە کرابوویەوە مامەکانم لە ئێرانەوە دێن بە دوامداو لەگەڵ ئەوان دەچم بۆ ئێران و لەوێش لەگەڵ باپیر و نەنکم ژیام. لە ساڵی (١٩٩٢) ش گەڕامەوە بۆ باشووری کوردستان و ڕۆشتمەوە بۆ هەڵەبجە لەخانوەکەی خۆمان لەگەڕەکی تووە وشک لەگەڵ مامەکانم دەژیام. دوای ساڵێکیش مانەوە لەهەڵەبجە ڕۆشتمەوە بۆ گوندەکەی خۆمان دەرەی مەڕ، ئەو گوندەی کە زێدی باب و باپیرانمەو (١٥) پانزە ساڵە کرابوو بە گوندێکی قەدەغەکراو نەمدەتوانی بۆیبگەڕێمەوە، لەویٚ دەستم بە ژیان کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەگوند نە دایکم لەگەڵە نە باوک نە خوشک و نە براکانم و بە تەنهایی و بە ئازارێکی قوڵەوە باوەش بە بەردەوامی و ژیاندا دەکەم.

لە (٢٠٠٠/٣/٢٣) ژیانی هاوسەریم پێک هێناو پاش (٦) شەش مانگ ماڵەکەم گواستەوە بۆ خورماڵ، خانویەکم کردەوە لە هەمان ئەو شوێنەی کە لە ساڵی (١٩٧٨) لەگەڵ ماڵ باوکم تێیدا بووین لەگەڕەکی دالانی. ئێستاش خێزانێکی شەش کەسیین و دوو کوڕو دوو کچم هەیە بە ناوەکانی: (هونەر- بینەر- هایما- نما).[٩]

**سێیەم/ لوقمان عەبدولقادر محەمەد**

(لوقمان عەبدولقادر) لە ساڵی (١٩٦٨) لە شارۆچکەی تەوێڵە لە دایک بووە و ماڵەکەیان لە ساڵی (١٩٨٢) ڕادەگوێزرێت بۆ شاری هەڵەبجە. سەرەڕای ئەوەی لە جینۆسایدی هەڵەبجە (٢٤) بیست و چوار کەسی گیان لەدەست دەدەن. خۆشی بە سەختی بریندار بووە، و تا ئێستاش کاریگەریی برینەکە لە جەستەو هەناو و دەروونیدایە. بەبیٚ نوسینەوەی

سەرگوزشتەی ئازارەکانی لوقمان، ناتوانین باس لە جینۆسایدی هەڵەبجە بکەین و هەقی تەواو بەو ئازارە بدەین.

لوقمــان عەبــدولقادر وەک شــایەدحاڵ و ڕزگــاربوو و برینــدارێک، جینۆسایدی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە:

دوای ئەوەی ئەو دەنگۆیانە بڵاو بوویەوە کە ئێران بە نیازە هێرش بکاتە سەر هەڵەبجە، ئێمەش دەمان بینی بە شێوەیەکی ئاشکرا ئێران بەجادەیەک کە لە سنووری (ئەحمەد ئاوا)وە هێنابوویەوە خوارەوە، کە ئەو جادەیە هەموو خەڵک دەیبینی و حکومەتی بەعسیش هیچ وەڵامێکی نەبوو بۆ ڕاگرتنی ئەو جادەیە.

من سەربازی هەڵهاتوو بووم، یان با بڵێم ئەو کەسانەی وەک من وابوون زیاتر ئەو ترسەمان پێوە دیاربوو، بۆیە ئێمە بە بەردەوامی چاودێریی ئەو هەل و مەرجەمان دەکرد. ئێمە ئەو کاتە خێزانێک بووین زۆر قەرەباڵەغ بووین، پێک هاتبووین لە (٦) شەش خوشک و (٥) پێنج براو دایک و باوکم و خۆشم تازە ژیانی هاوسەریم پێک هێنابوو، هەموومــان لەیەک ماڵــدا دەژیــاین. مــاڵی ئــێمە لە ڕووی دەرامەت و ماددیەوە ناوەند بووین و زۆر باش نەبووین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەختەوەر دەژیاین و هەموومان بە گەورەو بچوکەوە وابەستەبووین بەیەکەوە، حەزمان لە ژیان بوو، حەزمان لە پێکەنین بوو، حەزمان دەکرد هەمووممــان بە ئــاوات و ئامــانج بگەیــن. بەداخەوە ئەو دەنگــۆیە وایکردبوو کە هەمووممان ئەو ئومێدانە بە ترسەوە لە دڵماندا بهێڵینەوە بەتایبەتی من چونکە سەربازی هەڵاتوو بووم و هەمیشە ترسم هەبوو لە گــرتن و زینــدانی کــردن زۆرگــوێم لە هەواڵ و بــاس و خواســەکان دەگرت، پرسیارم لە دۆست و کەسایەتییە نزیەکەکانم دەکرد لە سەر ئەو هەڵوێستانە چۆن دەبن و چی بکرێت باشە بێگومان هەموو خەڵکی هەڵەبجە حەزی دەکرد لە دەستی ڕژێمی بەعس ڕزگاری ببێت.

ئەوەبوو لە شەوی (١٣ لەسەر ١٤)ی مانگی (٣)ی ساڵی (١٩٨٨) شەڕ دەستی پێکرد و لە هەموو سنورەکانی هەڵەبجەوە بە دەنگی تۆپ زەنگی شەڕێکی گەورە لێدرا. من لە سەربانی ماڵی خۆمانەوە چاودێریم دەکرد و سەیری تۆپ هاویشتنەکانم دەکرد، دیاربوو لە سنوورەکانەوە هێرشەکە دەستی پێکرد. نەمدەتوانی ئارام بگرم وەک بڵێی دڵم هەواڵی کارەساتێکی گەورە بدات، دیاربوو شەڕەکە زۆر گەرم بوو لە هەموو لایەکەوە بوو، ئیتر وردە وردە هێزەکانی بەعس پاشەکشەیان دەکرد و ڕایان دەکرد، خەڵکیش لە چاوەڕووانیدا بوون و بزانن چی ڕوودەدات؟ بۆ ڕۆژی دواتر من بە چاوی خۆمم بینیم لە سنووری گەڕەکی گوڵانەوە دواتر بینیمان ڕژێمی بەعس ئەو هێزەی کەمابووی کۆی کردەوە و لە بەردەمی هەڵەبجەوە بە مەبەستی دەربازبوون بەرەو (گردی درۆزنە) هەڵهاتن. بەڵام ئەوە بوو کەوتە بەر بۆردومانی ڕاجیمەکانی ئێران و هەر جوڵەیەک بکرایە لەو کاتەدا شوێنەکە بۆردومان دەکرا. حکومەتی عێراقی دوای ماوەیەک هێزی زۆری هێناو لە نزیک بەرزاییەکانی جەلیلەوە بە کۆپتەر دایبەزاندن و ئەو هێزە دەتوانم بڵێم هەموویان خۆکوژی بوون و زۆربەیان لەناوچوون و کوژران ئەوانەشی کە دەرباز بوون دواتر هەموویان دیل کران.

وردە وردە هێزەکانی ڕژێمی عێراقی لە هەڵەبجەدا نەمان. دوای ئەو شەڕە ئیتر خەڵکێکی زۆر لە ئەنجامی بۆردومان و تۆپبارانی هێزەکانی ئێران بۆ ناو شار و دەوروبەری شەهید بوون، کە نزیکەی (١٥٠) کەس دەبن و بە شەهیدی کیمیاباران ئەژمار کراون. کە دنیا کەمێک ئارام بوویەوە و خەڵک سەردانی یەکتری دەکرد بۆ هەواڵپرسین، من و باوکیشم ڕۆیشتین بۆ ماڵی خاڵۆیەکم لە گەڕەکی (کانی عاشقان) بزانین چی بکەین. نەک هەر ئێمە هەموو خەڵک سەردانی یەکتریان دەکرد بۆ ڕێگا چارەی دەربازبوون ترسێک بەو خەڵکەوە دیار بوو بە ئاشکرا

هەستی پێدەکرا، ڕوخساری کەس ئاسایی نەبوو، هەمووان بە پەلە پەل هاتووچۆیان دەکرد و خەڵک دەیوت حکومەتی بەعس هەر بۆردومانی ئەم شارە دەکات و وێرانی دەکات، دەیان زانی ڕژێمی بەعس چەند دڕندەیە، بەڵام بەڕاستی باوەڕ نەدەکرا کە بە کیمیاوی هێرش بکاتە سەر خەڵکی هەڵەبجەو ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە. ئیتر ئێمە هاتینەوە بۆ ماڵەوە و کاتژمێر نزیکەی (١٠:٣٠) دە و نیوی سەر لە بەیانی دەبوو سەردانی خزمەکانمان کردبوو، لەگەڵ باوکم هاتینە ناو بازاڕ، خەڵکی هەڵەبجە زۆر زۆر شڵەژابوون وەک وتم هەمووی لە هاتووچۆدا بوو شتیان دەکڕی و ئیتر من و باوکیشم هەندێ پێداویستیمان کڕی و هاتینەوە بەرەو ماڵەوە، ئێمە چونکە ئاژەڵیشمان هەبوو باوکم وتی ئاژەڵەکان دەربکە لەبەر ئەوەی (دوو) ڕۆژ دەبوو دەرمان نەکردبوون بۆ لەوەڕگاو دەشت، ماڵمان نزیک باخەکانی ماڵی (مامە قادر) بوو لە گەڕەکی تووە وشک. من کە ئاژەڵەکانم بردە دەرەوە و نزیک بوومەوە لە باخەکان کەسێک بانگی کردم کە سەیرم کرد سەربازێکە کەوتووە بریندار بوو لە قەراغ باخەکەوە بوو، بەڕاستی منیش زۆر بەزەییم پێیدا هاتەوە و سەیرم کرد قاچی بریندار بوو کە لێی نزیک بوومەوە داوای ئاوی دەکرد، بەو پێیەی خوێندنمان عەرەبی بوولە زمانەکەی تێگەشتم. چوومەوە بۆ ماڵەوە بە دایکمم وت ئەویش پارچەیەک گۆشتی مریشک و هەندێ ئاوی پێدام و بۆم برد، ئیتر کە چوومەوە بۆ لای سەیر دەکەم دوو کەسی تری لایە، بەڵام من بە تەنها جێم هێشت. ئیتر کە چووم سەیر دەکەم بوون بە سێ کەس، بەڕاستی کەمێک ترسام، هەرسێکیان سەربازی عێراقی بوون زۆر گەنجیش بوون، ئەوان بریندار نەبوون. هەرچۆنێک بێت خواردنەکەم بۆ بردن، بەڵام دیاربوو زۆر شارەزا نەبوون لە منیان پرسی وتیان لە کوێوە دەتوانین بچینە (سەید صادق) منیش پێمنیشان دان و وتم لەوێوە دەچن، هاتمەوە بۆ ماڵەوە چونکە

ئێمە ژێر زەمینمان هەبوو دراوسێکانمان بە بەردەوامی منداڵەکانیان لە ماڵی ئێمەدا بوون، بەڵام پێش ئەوەی نان بخۆین ئێمە لەگەڵ خزمە نزیکەکانمان وامان نیاز بوو بچینەوە بۆ شارۆچکەی تەوێڵە لەبەر ئەوەی خۆمان خەڵکی ئەوێ بووین وتمان لەوێ خۆمان حەشار دەدەین بۆ ماویەک تا بزانین ئەم بارو دۆخە چیلێبەسەر دێت بەڵام لەبەر ئەوەی میوانێکی زۆرمان هەبوو لە ژێر زەمینەکە، ڕوومان نەبوو ماڵەکە بە ڕووی ئەواندا دابخەین و چۆڵی بکەین، لەبەر ئەوەبوو بڕیارماندا کە نەچین. سفرەمان ڕاخست بوو بۆ نان خواردن ئیتر بۆردومانەکە دەستی پێکرد و ئەوەندە دەنگی زۆر بوو هەموو دراوسێکانمان خۆیان کرد بە ژێر زەمینەکەی ماڵماندا. دواجار ئەوەبوو بۆردوومان و ناپاڵمێکی قورس دەستی پێکرد، فڕۆکەکان زۆر نزم دەبونەوە و دەنگیان زۆر گەورە بوو، ئەوانەی لە ماڵی ئێمەدابوون کەس نانی نەخوارد، سفرەکەش هەر ڕاخرابوو لە هەیوانەکەدا. ئەوانەی کە گەورە بوون نانیان خوارد بەڵام ئەوانی تر منداڵ بوون لە ترسا هەر لە ژێر زەمینەکەدا بوون، تا ئەوکاتەی ئێمە ماڵەکەمان بەجێهێشت سفرەکە وەک خۆی ڕاخرابوو. ئیتر بۆردومانکردنەکە تا دەهات زیاتر دەبوو، نەمان دەزانی ئەو ناپاڵمانە بەر کوێ دەکەون ئەوەندەمان دەزانی هەر دەنگ دەهات، وەخت بوو کاس دەبووین، بەڵام بەڕاستی گرمەی فڕۆکەکان زۆر نزیک بوون بە بەردەوامی فڕۆکەکان دەهاتن و بۆردومانی شاری هەڵەبجەیان دەکرد. بۆردومانی ئەو شوێنانەی دەکرد کە خەڵکی زۆری تێدابوو یاخود ژێر زەمینەکان، ماڵی ئێمەش بۆردومان کراو ساروخێک ڕاستەوخۆ دای لە ماڵمان. بە بۆچوونی من ئەو شوێنانە پێشتر وێنە گیرابوون، ئینجا بۆردومانیان دەکرد، ئیتر ئەوەبوو بۆردومان بەردەوام بوو، کات گەیشتە کاتژمێر (٢) دووی پاش نیوەڕۆ دەنگی بۆمبەکان کەم بوونەوە و نەمانزانی کیمیایی وەشێنراوە، کە بۆردومان کەم بویەوە و

هەر ئەوەندەمانزانی یەک کڵپەی ئاگر خۆی کرد بەماڵماندا و کەس بە پێوە نەماو ژێر خانەکەمان بچووک بوو، بڕوا بکە سەیرت بکردایە دەتووت لەوانەیە (١٠) دە کەس نەگرێت بەڵام (١٢٠) سەد و بیست کەس زیاتری تێدابوو. ئەگەر بێیت سەیر بکەیت دەڵێیت چۆن جێگەی ئەم هەمووە خەڵکە بووەتەوە. کاتێک بۆمبەکە دای بە حەوشەکەی ماڵ ئێمەدا هەموومان کەوتین بەسەر یەکتریدا، ئیتر بە ڕاستی حاڵەتێکی نا ئاسایی ڕویدا و دووکەڵێکی زۆر هاتە ناو ژێر زەمینەکە، هەرکەس هەڵدەسایەوە خۆی دەتەکاند و بزانیێ پارچەی بەرنەکەوتووە، خۆشبەختانە هەموومان سەلامەت بووین و کەسمان بریندار نەبووین. من زۆر حەزم لەپەلەوەر بوو (٢) دوو کەوم هەبوو سەیرم کرد باڵە تەپەیان دەکرد و خەریک بوو مردار دەبونەوە، نەماندەزانی ئەمە گازەکەیە و ئیمە بێ ئاگاین، وردە وردە خەریک بوو کاریگەریی کیمیاویمان دەبینی، بۆ نمونە چاومان سور دەبویەوە و قوڕگمان زبر دەبو. ولاخێکمان لە کۆڵان مابوویەوە ئەویش کەوتە ئەوەی مردار بێتەوە، باوکم بانگی کردم و وتی برۆ ڕوبە هەنار بێنە با کەمێک بکەم بە قوڕگی مانگاکەدا ئەوە دووکەڵەکە کاری تێکردووە.

دواجار ناڕەحەت بووین و دەوترا ئاویش باشە، لەبەر ئەوەی کارەبا نەبوو باوکم لە بیرەکە ئاوی هەڵئەگۆزی و دەموچاومان پێدەشۆرد، کەوتینە ڕشانەوە وەک ووتم چونکە ئێمە خاوەن ماڵ بووین نەدەکرا ماڵ جێبهێڵین، بەڵام ئەوانەی کە ترسیان هەبوو ماڵیان جێدەهێشت و دەچوونە دەرەوەی شار، یان بۆ ناو باخەکان، هەر باشتر بوو ترسیان کەمێک دوور دەکەوتەوە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی خاوەن ماڵ بووین نەماندەتوانی ماڵ جێبهێڵین لەوێ ماینەوە، تا دواهەمین کەس ماڵی (حاجی جەلالی تازەدێی) لەوێ بوون نزیکەی (٧- ٨) حەوت هەشت کەسێک بوون، ئەوانیش تراکتۆرێکیان هەبوو، ئیتر وردە وردە لەوێ

مـاینەوە تـا چۆڵیـان کـرد و کاتێـک کەسـی لێنەمـا ئێمەش بڕیارمانـدا بە تراکتـۆرەکەی مـاڵی (حـاجی جەلال) دەربچـین بـۆ دەرەوەی هەڵەبـجە. لە ڕێگاش خەڵک دەستی لێدەگرتین و سەرمان دەخست. وا بڕیـاربوو دایـک و بـاوکم بمێننـەوە لە مـاڵەوە تـاوەکو وڵاخەکەنمـان بێـنەوە و ئەوانـیش دواتـر دەرچـن، (نەریمـان)ی براشـم وتـی منـیش لەگەڵ دایـک و بـاوکم دەمێـنمەوە و ئەویـش نەهـات. مـن و خوشـکەکانم و مـاڵ دادە زێبـا کە پیـاوەکەی نابینـا بـوو سـواری ئەو تراکتـۆرە بـووین هەنـدێ خـواردن و پێداویستیشـمان بـرد لەگەڵ خۆمـان، خەڵکـی زۆر لە تراکتـۆرەکەدا بـوون پـێش ئەوەی دەربچـین وتمـان بەرەو تەوێـڵە دەڕۆیـن، کەوتیـنە ڕێ  و نزیکی مامۆستای نەناسراوی ئێستا بووینەوە و سـەیر دەکەیـن ناپاڵمێک داویەتـی لەو ڕێگـایەو جـادەکە داخرابـوو، ژمـارەیەک خەڵکـی زۆر لەوێـدا شـەهید بووبـوون. شـۆفێرەکەمان کە ئەوانەی بینـی زۆر ترسـا و شـڵەژا. لەوێـوە گەڕایەوە و لای ئاشـەکەی مـاڵی عەلـی شاوەیسـەوە هـاتین و بۆمبێـک دابـووی لەوێـش و (٢- ٣) دوو بـۆ سـێ کەس سـوتابوون بە تەواوی. هەتـا گەیشـتینە خوێنـدنگەی (ئەحـمەد موختـار جـاف)ی ئێسـتا کاتێکی زۆرمان پێچوو چونکە جادەکـان داخرابـوون، بەهـۆی تەرم و ئەو چاڵانەی بۆمبەکان دروستیان کردبوو.

هـاتینە ئەوێ و بە بەردەوامـی فڕۆکەکـان دەهـاتن و ئەو ناوەیـان بۆمباران دەکرد و ئێمە نزیکی خوێندگای (کیمیبـاران)ی ئێسـتا بـووینەوە، بەرەو عەنەب دەڕۆیشـتین، سـەیر دەکەیـن ئۆتۆمبێلێـک هـات و شـۆفێرەکەی لە جامەکەیەوە سـەری دەرهێنـابوو دەیـووت کەس لەوێـوە نەڕوات لەبەر تەرم ئەو جادەیە داخراوە و خەڵکێکی زۆر لە سەر جادەو کۆڵانەکاندا شەهید بوون لەسەر ڕێگـای گونـدی عەنەب ئەوانەی لە دوای تراکتۆرەکەوە بوون هەواڵی ئەو شتانەیان نەدەزانی کە ئێمە دەمانبینیست، ئەوان نەیاندەزانی ڕامان گۆڕیوە و ناچین بۆ تەوێڵە کەوتینە ڕێ بەرەو

نـاوچەی سـەرا کە گەشـتینە ئەوێ تـاریکی کـرد و لایتـی ئۆتـۆمبێلیش نەدەتــوانرا ئیشــی پێبکرێــت لەبەر فرۆکەکــان هەر کەســێک لایتــی دابگیرساندایە خەڵک هاواریان دەکرد بیکوژێنەوە. شپرزەییەک دروست بوو بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو. لەبەر ئەوە لایتمان دانەدەگیرساند و تاریکیش بـوو عەرەبانەی تراکتۆرەکەمـان وەرگەڕاو هێشتا هەر لە شـار بـووین. سـوپاس بـۆ خـوا هیچمـان لێنەهـات و بە سـەلامەتی هەموومـان هەســتاینەوە لە ژێــر تراکتــۆرەکەدا ئیتــر ســەیردەکەم دایە زێبــا و پیاوەکەشی سەلامەتن و هەمووومان هەستاینەوە ئەو شوێنە چۆڵ کەین، دایە زێبا وتی من نایەم لای پیاوەکەم دەمێنمەوە، وەک وتم پیاوەکەی نابینـا بـوو، زۆر پـاڕاینەوە لێـی هەر نەهـات. لەبەر ئەوەی بەمنـداڵی مـن شـیری ئەوم خواردبـوو، منیش زۆر نـاڕەحەت بـووم ویژدانم پەسـەندی نەکـرد جێـی بهـێڵم بەو شـێوەیە، لە کـاتی وەرگەڕانـی تراکتـۆرەکەدا دەرمهێنـان و (کـاک حەمە خـان و خـاتوو زێبـا) بەڕەحـمەت بـن دواتـر زانیمـان هەردووکیـان شـەهید بـوون. وتـم دایە زێبا مـن هەر (دایەم) پـێ دەوت، بـا بـڕۆین ناکرێت لێـرە تەنهـا بـن، هەر نەهـات و وتـی بـا لەگەڵ پیـاوەکەم لێـرە بمـرم ڕۆڵە گیـان. ئیتـر چارمـان نەمـا کەمێـک چـووینە ئەولاوە بەتــانییەکم بــۆ ڕاخســت و و لەگەڵ دایە زێبــا خســتمانە نــاو بەتــانییەکەوە و دایە زێبــا داوای لێکــردم بچــم کەمێــک ئــاو بێــنم لە تەرمۆزەکەدا، کاتێک تراکتۆرەکە وەرگەڕا هەندێ ماست و شتمان پێبوو ڕژا بوو پێمـان دا ئیتر هەرچی شتمان پێبوو جێمـان هێشت بۆیـان. مـن بەتـانییەکەم خستە سـەر شـانم و کـوڕێکم لەگەڵدا بـوو نـاوی (حەسـەن) بـوو، ماڵیـان لە (کـانی پـانکە) بـوو، لە ژێـر خـانەکەدا بەیەکەوە بـووین خوێنـدکار بـوو لەو یەک دووو ڕۆژە لە مـاڵی ئـێمە بـوو، خوێنـدکاری ئامـادەیی پیشەسـازی بوو، ئەویش بەڕەحـمەت بێت دواتـر شـەهید بـوو. ئیتـر کەوتینە ڕێ و نەشـمان دەزانـی کە بەرەو کـوێ دەڕۆیـن، چاومـان

زۆر ئـازاری هەبـوو، ئـاوی پێـوە نەدەوەسـتا، هەسـتمان دەکـرد چاومـان وردە وردە کـز دەبـوو. مـن و (٥) پێـنج لە خوشـک و براکـانم بـووین و هاوسـەرەکەم و ماڵی پورێشم لەگەڵ بوو، ئیتر جار جار بە باوەش و بە کـۆڵ هەڵـم دەگـرتن و یـارمەتیم دەدان، ئەوانـیش خەریـک بـوو کـوێر دەبوون چاویـان نەیدەبینی، بە ڕەحـمەت بێت کـاک حەسـەن ووتـی بـا پشـتوێنەکانمان بکەیـنەوە و هەمووان دەسـتی پێـوە بگـرین، ئەو لە پێشەوە و من لە دواوە پشتوێنەکانمان گرێدا و منداڵەکانیش هەریەکەیان بە توندی پشتوێنەکەیان گرتووە بۆ ئەوەی لە یەکتری دانەبڕێین.

لەو ڕێگـایە خەڵکـی زۆرمـان بینـی شـەهید بووبـوون، منـداڵەکان نەیانـدەزانی شـەهیدبوون دەیـان وت چەنـد تەمەڵـن نـاتوانن ڕێ بـکەن خەوتوون، دەی با ئێمەش بخەوین تا بەیانی ڕۆژ دەبێتەوە...

ئێمە نەوەستاین تا گەیشتینە گوندی (عەبابەیلێ) ئەگەرکەسێکی لەش ساغ بوایە لەوانەیە بە چەند کاتێکی کەم بگەیشتایەتە ئەو شوێنە، بەڵام ئـێمە لەبەرئەوەی زۆر هـیلاک بـووین و چاومـان کـز بووبـوو زۆرمـان پێچوو. نزیکەی (٤) چوار کاتژمێرمان پێچوو تا گەیشتینە ئەوێ. لەبەر ئەوەی چاومان نەیدەبینی دەچووینە شوێنێک بەرز بوو یان ئاو بوو ئیتر دەبـوایە بگەڕاینـایەتەوە و دیسـان لە شـوێنێکی باشـترەوە بڕۆشـتینایە، منـیش بە تـانییەکم لەسـەر شـان بـوو برایەکیشـم بەدەسـتەوە بـوو ئیتـر ئەوەندە پشتێنەکەمم توند پێچابوو لە پشتم سکم بریندار بوو و سەیرم کرد تلۆقەیەکی گەورەی کردووە و دواتر هەر کونی تێبوو بوو. ئێستاش شـوێنەکەی هەرمـاوە، هەرچۆنێک بـوو دەربـاز بـووین گەشـتینە گونـدی عەبابەیلێ (نەسرین)ی خوشکم لە هەمووومان باشتر بوو ڕۆشتینە ماڵێک کە دیار بوو مانگایان هەبوو، ئاژەڵ دار بوون، شیرێکی زۆریان هەبوو دایـان دۆشـیبوو هەر لەوێ مـابویەوە، نەسـرین هەسـتا و یەکسـەر شـیرەکەی کوڵانـد و یەکـی پەرداخێکـی پێـداین، هەر ئەوەنـدەمان زانـی

هەموومان دەستمان کرد بە ڕشانەوە، لە هۆش خۆمان چووین. کاتێک هۆشمان هاتەوە نەمانـدەزانی چەنـد ڕۆژ لەو مـاڵەدا بـووین. مـن لە ساتێکدا هۆشم هاتەوە ئاوێسەری برام داوای ئاوی دەکرد و تینوویان بوو، زۆر گەڕام چاوم نەیدەبینی و نەمدەتوانی هەستمە سەر پێ بە کورپە کورپ و بە دانیشتنەوە هەر چۆنێک بێت ڕۆشتم و گوێم لەدەنگی خەڵکی بوو هاواریان دەکرد، بانگی یەکترییان دەکرد و یەکێکم گوێ لێبوو وابزانم مەخزەنی تفەنگی پێبوو، بە دەنگەکەیدا زانیم. ڕۆشتمە دەرەوە و دەرگاکەیم دۆزییەوە و دەستم بەر دەفرێک کەوت و هێنام ئاویان بۆ بێنم، پێم وابێت ئەو کەسە نازانم پێشمەرگە بوو شێوەزاری لە خانەقینی دەچوو، ئاگام لێبوو دەفرەکەی لێوەرگرتم و و فرێی دا، ووتی کاکە ئەوە پیسە، وابزانم دەفری ئاژەڵ بوو. سەتڵێک ئاوی بۆ هێنام و سەتڵەکەی دەسکی هەبوو جامێکی تێدابوو، تا ئەوکاتە کەسیان شەهید نەبووبوون. ئاوەکەم بۆ هێنان و خواردیانەوە و تووشی لەرز بوون و دەرشانەوە.

ئەو دیمەنەی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە ئەوەبوو بانگمان لە یەکتر دەکرد لەبەر ئەوەی بزانین ماوین یان مردووین. ئەوەی بانگت دەکرد ئەگەر وەڵامی نەدایەتەوە دەمانزانی کە مردووە. من زۆر بێتاقەتی خوشک و براکانم (هەورامان و ئاوێسەر و ئاشنا) بووم، هەورامان دەیووت من باشم ئاوێسەر دەیووت من باشترم تا ئێوە. زۆر دڵخۆش بووم کە وایان دەوت. لەو کاتەدا (٢) دوو کەس هاتنە ناو خانووەکەوە من نەمدەبینی وایان دەزانی کە ناتوانین ببینین، ناشتوانین ببیستین، دیاربوو خاوەنی ماڵەکە بوون، قسەیەکی ناخۆشی کرد، ووتی بەو کەسەی لەگەڵیدا بوو لەم ماڵەدا دەمرن و دوایی چیان لێ بکەین؟ بەڵکو هەرچۆنت کردووە بیان بەیت بۆ مزگەوتەکە. کە ئەو قسەیەی کرد زۆر

ترسـاین، زانـیم کە ئـێمە تەندروسـتیمان بـاش نیـیەو لـێ بـووینەتەوە، ئومێدمان نەماو هیچیشمان پێ نەدەکرا.

ئەو پیاوە ماڵی ئاوابێت ئێمەی بە دوو جار بردە مزگەوتەکە و لەپاڵ یەکتردا هەمووومـانی دانـا. هەتـا چووینە ئەوێ نەمـانزانی ئەو خەڵکە چی بەسەر هاتووە، کاتێکمان دەزانـی خەڵـک هـاواری دەکرد ئەوە یەک، دوو، سێ دەمردن و دەبوویە شین و هـاوار و گریـان، ئێمە نەماندەبینی بەڵام گوێمـان لێبـوو، دیـارە ئەوانەشـی دەمـردن لە تەنیشـت و ئەم لاو لای ئێمەوە بوون، ئاخۆ کەی نۆرەی ئێمەش بێت؟

ئەوەی گوێمـان لێبـوو خـوڕەی ئـاو دەهـات و زانیمـان مزگەوتـی گوندەکە بوو، کوڕەکەی مامم کە زاواشمانە هـات و ئێمەی دۆزییەوە و هەر کە دەنگـی ئەومـان بیسـت یـانی وەکـو چـۆن چـرایەک داگیرسـێنیت ماڵێک ڕوونـاک دەکـاتەوە، ئێمەش ئـاوا هەر دەنگـی ئەومـان گوێ لێبـوو یەکسـەر گەشـاینەوە و تـا ئەو کـاتەش کەسـمان نەمردبـووین. کە ئـێمەی بینی هەندێک باوکە ڕۆ و هاواری کـرد و ئۆتـۆمبێلێکی هێنـاو دیـاربوو لە جـۆری تویێتـا (میکزەمینـی) بـوو، هەر کە ئۆتـۆمبێلەکە بوەسـتایە خەڵـک پەلاماری دەدا و سواری دەبوو ئیتر کە چـووینە ئۆتـۆمبێلەکە (نەزیـرە)ی خوشـکم هـاواری دەکـرد یەکێـک گـاز لە پەنـجەی قـاچم دەگرێـت. سـەیر دەکەین ئەو خەڵکەی تێدابوو کە لەژێرەوە بـوون و برینـدار بـوون لە تـاو ئازاری خۆیان قەپیان لە منداڵەکان دەگرت.

کەوتینە ڕێ و جادەکەش خـۆڵ بـوو، ئینجـا زۆریـش خێـرا دەڕۆیشـت، ئێمەیـان بـردە شـوێنێک دیـاربوو چارەسـەری سـەرەتایی لـێ دەکـرا، قەترەیان کردە چاومان و هەتا ئەو کاتەش کەسمان شـەهید نەبووبـووین ئینجـا پاسـێکیان بـۆ هێنـاین و بەوەدا زانیمـان پاسـە چـونکە هەوا لێـی نەدەداین، لەوێـدا بـانگی یەکترمـان دەکـرد بـۆ ئەوەی بـزانین پێکەوەین،

فڕۆکەکانیش بەبەردەوامی دەهاتن و دەسوڕانەوە، شۆفێرەکانیش زۆر بە وریاییەوە دەڕۆیشتن.

جاری دووەم خستینیانە پاسێکی ترەوە هەر من و خۆراسانی هاوسەرم و ئاشنای خوشکم بووین ئەوانمان لێ جیابوویەوە، ئاشنای خوشکم لە نێوان من و هاوسەرەکەمدا بوو. هاوسەرەکەم وتی با ئاڵتون و شتەکانم بدەم بە تۆ نەوەکو بێهۆش بم و کەسێک لێم بسێنێت. تازەش هاوسەرگیرم پێک هێنابوو، وابزانم نیگەران بوو لەوەی من پێم ووت کەی کاتی ئاڵتون و پارەیە، خوا بکات خۆمان بمێنین و دەربچین.

بردینیان بۆ شوێنێک خەڵکیان دەشۆرد، ژن بە جیاو پیاو بە جیا. بەختیاری ئامۆزام دەیوت من دوای (٣) سێ ڕۆژ هاتووم بە دواتاندا و ئێوەم دۆزیوەتەوە، ئێمە چونکە بێهۆش بووین وامان دەزانی (٢) دوو کاتژمێرە، لە هۆش خۆمان چووین لە گوندی عەبابەیلێ لەو ماڵەدا. بەهەر حاڵ ئەو شۆردنە زۆر چاک بوو وەکو بڵێیت لەشمان سووک بوو. بەڵام چاومان هەر نەیدەبینی بەدەستی خۆمان چاومان دەکردەوە وەک ئەوەبوو زیخی تێدا بێت، ئەوەندە ئازاری هەبوو چاومان. بەرگێکی سپییان دەکردە بەرمان و منیان جیاکردەوە لە هاوسەرەکەشم و ئاشنای خوشکیشم. دیار بوو دۆخی من زۆر خراپ بوو چونکە زۆر سوتابووم، لە قسە کەوتبووم، دەمم سوتابوو، سەرشانەکانم هەمووی بووبوو بە تلۆقە وام لێهاتبوو لەشم ئاوسابوو خواردنمان بۆ نەدەخورا تەنها ماستم دەخوارد. لەو شوێنەش (٢) دوو ڕۆژ مامەوە، لەبەر سەختیی برینەکەم منیان بردە شوێنێک زۆر فراوان بوو، ئەوەی دەیزانم دەرگای نەبوو، خەڵکێکی زۆری تێدابوو تەنها یەک گەرماو و شوێنێکی ئاو خواردنەوەی تێدابوو.

پێشتر منداڵێک چوو بوو بۆ ئاو خواردنەوە تێیدا خنکا بوو ئێمەش هەر لەو ئاوەمان دەخواردەوە کە منداڵەکەی تێدابوو. جاری وا هەبوو

(٣) سێ رۆژ چارەسەریان نەدەکردین، رۆژێکیان تیمێکیان هێنا و قەترەیان کردە چاومان و جیایان کردینەوە ئەوانەی زۆر نارەحەت بوون خستینیانە ناو پاسێک، کە منیش یەکێک بووم لەوانە، بردینیان بۆ نەخۆشخانەیەک، شوێنەکە وەکو مەشجەبی سەربازی وابوو، چووینە ژێر زەمینێک من (٢- ٣) دوو بۆ سێ ڕۆژ مامەوە لەوێ. ئەو شوێنە بۆ ئێمە زۆر باش بوو، چونکە گڵۆپ و ڕۆشنایی تێدا نەبوو، حەزمان لە ڕوناکی نەبوو، چاوی ئازار دەدایین، لەشم بە تەواوی سوتابوو. تیمە پزیشکییەکە دەهاتن تلۆقەکانیان دەبڕی و مەڵهەمێکی سپیان لێ دەدا و ئەو مەڵهەمە زۆر فێنکی دەکردەوە، زۆر باش بوو ڕاستە ئازاری هەبوو بەڵام ئارامی دەکردەوە.

من هێشتا هەواڵی کەسم نەدەزانی چونکە نەمدەتوانی قسە بکەم. ڕۆژێکیان کوڕێکی سپیکاری قۆز هات، زۆر منداڵ بوو، دکتۆر بوو، ئەڵقەیەکی بینی لە دەستمدا، من زۆر منداڵ بووم ژنم هێنابوو، وتی ژنت هێناوە؟ فارسی بۆ کوردی و هەورامی ئاسان تێدەگەیشتین وتم: بەڵێ. وتی حەزدەکەیت بتنێرم بۆ دەرەوەی وڵات؟ وتم نەوەڵا حەز ناکەم، هاوسەرەکەم لێرەیەو پێم خۆش نیە لەیەک دابڕێین.

ئەو ئێوارەیە نانیان بۆ هەموویان هێنا بەڵام هیچیان بۆ من نەهێنا. لەسەر قەرەوێڵەکە بووم بەستبوومیانەوە لەبەر ئەوەی دەیان بەستینەوە نەدەوەستاین دەڕۆیشتین، بێئەوەی بەویستی خۆمان بێت. کە هەموو نانی لەبەردەم دابوو بێجگە لەمن زۆر نارەحەت بووم و بریسیشم بوو، هاوارم دەکرد کەس نەدەهات بەدەممەوە، سستەرێک هات و دەستی گرتم و بردمی شۆردمیان شتێکی کردە دەستم وەکو کاتژمێر وابوو، ناوی خۆمی لەسەر نوسرابوو بە ئینگلیزی، نەمدەزانی ئەمە مانای وایە دەمان بەن بۆ سەفەرکردن ئیتر هەر نانیان نەدەدا پێم و موغەزییان بۆ هەڵدەواسیم و جلەکانی بەرمیان لەبەرم داکەند و جلێکی خاوێنیان کردە

بەرم و بەرنامە وابوو بمان بەن بۆ دەرەوەی وڵات. نەقالەیەکیان هێناو بەستمیانەوە بە نەقالەکەدا و بردمیانە ناو ئیسعافەکە، من و (٢) دوو کەسی تر بووین بۆ شوێنێکی دووریان گواستینەوە و منیش زۆر برسیم بوو، سکم وەک بڵێی سوتابویەوە ئەوەندە ئازاری هەبوو، کە بەڕێگاوە بووین زانیمان بۆ فڕۆکەخانەمان دەبەن، کە گەیشتینە جێگای مەبەست شوێنەکە زۆر هۆسە و قەرەباڵغ بوو، بردینیانە ناو فڕۆکەکە، یەکێک لە سەربازەکانی ئێران کێشای بە پشتمدا و ووتی ئەوانە بانگت دەکەن، سەرم بەرزکردەوە سەیر دەکەم ڕەنگینی خوشکم و کوێستانی خوشکی هاوسەرەکەم و ڕۆشنای مامە جەبار و ئەمانەی لێبوو لە ناو فڕۆکەکەدا، من حەواسم نەبوو قسە بکەم، کوێستان لە من باشتر بوو چونکە توانای قسەکردنی هەبوو، ئەوەندە زۆر بوین هەر کۆمەڵێک و لە وڵاتێک دایان دەبەزاندین.

ئێران ئەوکات نزیکەی (٢٥) بیست و پێنج کەسی ناردە دەرەوە زیاتر بۆ ئەوە بوو تاوانەکە بناسێنێت. ئەوەندە بێ هۆش بووین توانای ئەوەمان نەبوو بڵێین با ئێمە لەیەک شوێندا دابەزین و پێکەوە بین و خێزانێکین. ئەوەبوو ڕەنگینی خوشکم بۆ بەریتانیا، کوێستانی خوشکی هاوسەرەکەم بۆ نەمسا و ڕۆشنای مامم بۆ نەرویج. من و ئەو کچەی دراوسێمان کە لە ماڵمان بوو (شنۆ حەمە ساڵح قادر) لەگەڵ دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) ناویان (دارا و جەلال) بوون، (موحەمەد) ناوێک خەڵکی قەلاجێ بوو لەگەڵ سەربازێکی ئێراندا بریندار بووین لە ئەڵمانیا دایان بەزاندین. کە دایان گرتین بە لامەوە زۆر سەیر بوو کە قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو لەو شوێنەی کە ئێمەیان داگرت و دیارە ئەو کوردانەی لەو وڵاتە بوون پێشتر وەک ئەرکێکی مرۆیی و نەجابەتی کوردانە خەڵکێکی زۆر لەوێدا کۆبونەوە هەر ئەوەندەمزانی کەسێک شنۆی گرتە باوەش و بە هەورامی قسەی لەگەڵ شنۆ دەکرد. دیارە من

دۆخــم زۆر خــراپ بــوو یەکســـەر بە پەلە کردمیــانە ژورەوە و بینــیم پەنجەرەیەکــی لێبــوو لە ژورەوە ســەیرم کــرد ئەو کــوڕە بە هەورامــی قسـەی لەگەڵ شنۆ دەکرد، وتـم تـۆ کێیت؟ ووتـی مـن سـابیری حـاجی یوسفی تەوێڵەییم، کاک سـابیر خەڵکی نـاوچەکەی خۆمـان بـوو، پێشـتر هاتبووە ئەڵمانیا، منیش بە دەنگێکی زۆر نـزم ووتـم مـن لوقمـانی کـوڕی فڵان کەسم، یەکترمان ناسییەوە و نەیانهێشت زۆر قسـە بکەیـن. دیـاربوو ئەو وڵاتە زۆر پێشـکەوتوو بـوو لە ڕووی چارەسـەرەوە، ڕاسـتە تەمەن بەدەسـت خـوایە، بەڵام هۆکـاری ڕزگـاربوونی مـن ئەو وڵاتە بـوو. ئەو ئـازار و سـوتانەی کە هەمـان بـوو مەحـاڵ بـوو چـاک بینەوە، قەتـرەیەک شـروبیان بـۆ دەهێنـاین و پێیـان دەدایـن و دوای ئەوە ئـازار لە لەشـمان نەدەمـا بـۆ مـاوەی (٤٠) چـل ڕۆژ لەوێ بـووین، ڕۆژانە (١١) یـانزە بتـڵ ئاویـان تێـدەکردم و ئەو مـاوەیە (٤٤٠) چـوار سـەد و چـل بتـڵ ئاویـان تێکردم، خۆشم خەریکە دەکەومە گومانەوە. لە سـەر قەرەوێڵەیەک دایـان نـابووم مەڵهەمـی سـپیان لێـدەدام و تاوێـک لەسـەردەم تاوێـک لەسـەر پشـت بـۆ ئەوەی مەڵـهەمەکە بچێـتە نـاو برینەکـانمەوە، بە کەڵکـی ئەوە نەمابووم جل بکەنە بەرم.

هەروەهـا ڕۆژی (٣) سـێ جـار دەیـان شـۆردین و حەوزێکیـان بـۆ ئامـادە دەکـردین لەو مەڵـهەمەی کە لە ئێـران لێیـان دەدایـن، بەڵام ئەمـان دەیان کردە ناو ئـاوی حەوزەکەوە و ئێمەیان هەڵدەگرت و دەیانخستینە نـاو ئەو حەوزەوە کە تەواو دەبـووین وەک بڵێـی کەسـێکی تـر بـوین وهەستمان بە ئـارامییەکی زۆر دەکـرد و قسـەمان بـۆ دەکرا و زۆر پێـی ئاسودە بووین و دەبووینەوە بە کەسێکی ئاسایی و ئەمە چەنـد ڕۆژێک بەردەوام بوو تا سوتاوییەکە نەماو بە تەواوی سارێژ بوو.

دوای ئەوە خواردنیـان پێـدەداین و ئەو کەسـەی کە چارەسـەری بـۆ دەکـردین مەبەسـتم پزیشـکەکەیە خەڵکـی ئێـران بـوو، ناردبوویـان تـا

لەدەرەوەی وڵات بخوێنێـت و دواتـر بگەڕێـتەوە، بەڵام کە بڕوانـامەی وەرگرتبـوو نەگەڕابـووەوە ئێـران و هەر لەو وڵاتەدا مـابوویەوە و لەو نەخۆشـخانەیەدا چارەسـەری نەخۆشـی دەکرد و بووبـوویە پرۆفیسـۆر. هەتـا بڵێـی پیـاوێکی زۆر بەڕێـز بـوو، زۆر دڵسـۆز بـوو بـۆ ئـێمە هەتـا ئێسـتاش هەرمـاوە و هەواڵـی ئـێمەی پرسـیوە. نـاویم بیـر نـایەتەوە بە داخەوە.

خەریـک بـوو بە تەواوەتـی بـاش دەبـوومەوە بەڵام هەواڵـی کەس و کـارەکەمم نەدەزانـی. هەنـدێک کـورد لەوێ بـوون وەک دایـک و بـاوک و خوشک و برا وابوون بۆمان، ئەوەندە باش بوون ناتوانم بە هیچ زمانێک ستایشیان بکەم. کچێک لەوێ بوو نـاوی سـکاڵا مـحەمەد عەلـی پێنجوێنی بوو، وەکو خوشکێکی بەڕێز وابوو بۆم، زۆر خزمەتـی کـردم و تـا مـاوم ناتوانم قەرزی بدەمەوە. ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵمان بـوو برایەکـی لەوێ بوو ئەویش بـۆ ئێمە زۆر بـاش بـوو، ئێمە وردە وردە برینەکەمـان بـاش دەبـوو، بەڕاسـتی خزمەتـی زۆریـان دەکـردین و پیاوێـک بە نـاوی مـام عەزیـز لەوێ هـاتە لام و وەکـو بـاوک دەیگـرتمە ئـامێزی خـۆی، ئەو خۆشەویستییەی لەو پیاوەم بینی مەگەر لە بـاوکم بینیبێتم. کـاک ڕەفیق ناوێکی لێبوو زۆر دڵنەوایی دەکردین. ئەمانەی من ناوم هێنـان کە کاتێک لە نەخۆشـخانەکەدا بـووم بە بەردەوام دەهـاتن بـۆ لامـان و هەرچیمـان پێویسـت بـوایە بۆیـان دابـین دەکـردین. مـن وام لێهـات دەمتـوانی جل و بەرگ لەبەربکەم. لە ڕاستیدا من زۆر شەرمم دەکرد و لەڕووم نەدەهـات هیچ بڵێم بەوانەی کە دەهاتن بۆ لام کە پێویستم بە چییە و چیم دەوێت، بەڵام چوونکە کاک سـابیر خەڵکی لای خۆمـان بـوو، پێم ووت کە قاتێکم بـۆ بێنێـت لەبەری بـکەم، ئەو خوێنـدکار بـوو لەوێ دەیخوێنـد، زۆر بەسنگێکی فراوانەوە ووتی بەسەرچاو، نەک هەر بۆ من بەڵکو بۆ هەمـوو برادەرانی تریشی هێنا. ئەو داواکارییەی من بوویە جێگەی پرسیار لامـان

نەماندەزانی پزیشکەکان ڕێگامان دەدەن جل و بەرگ لەبەر کەین یان نا، دوای ئەوە وتیان ئاساییە دەتوانن، جل و بەرگیان بۆ هێناین، ئەو جل و بەرگانە کەمێک لە ئازارەکانی سوک کردین، چونکە ئەوەندە لە خۆمان بێزار بووبووین تەنانەت میوانێکمان دەهات لەبەر ناشیرینی و سوتاوی و نارێک پۆشی شەرممان دەکرد بچین بەدەم میوانەکانەوە، پێشتر نەمان دەتوانی دەبوایە خۆمان داپۆشتایە، لەبەر ئەوە گیانمان ڕووت بوو هەر بیرم لەماڵەوە دەکردەوە کە کەمێک هاتمەوە سەر خۆم دەمووت هەورامان و ئاوێسەر بەرگەی ئەم دۆخە ناگرن و منداڵن، چییان بەسەر هاتێیت خوایە؟ بەداخەوە ئەو کاتە وەکو ئێستا نەبوو تەلەفۆن هەبێت لە ڕێگەی کاک سابیری حاجی وەیسی یەوە کە خەڵکی لای خۆمان بوو پەیوەندییەکمان کرد بە خزمانمانەوە لە سلێمانی بەتایبەت د. تایەر هەورامی کە پوورزامە، ئەو نەیوت کە کەس و کارەکەت شەهید بوون، ئەگینا هەر نەدەگەڕامەوە. ڕاستە کە ئەوانەی لەوێ لام بوون و زۆر خۆشم دەویستن، بەڵام بیرم هەر لای ماڵەوە بوو برایەکی خاتوو شەهێن تاڵەبانی لە لامان بوو، کۆمەڵێک خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانی لێبوو زۆر بەڕێز بوون، بەڵام براکەی هونەرمەند خاتو شەهێن کە ویستم بۆ دواجار بگەڕێمەوە ناو کەس و کارم ڕێگەی پێنەدام، بەڕاستی ناویم بیر نایەتەوە بەڵام وابزانم ئەمیر یان سەمیر بوو. ئەوەبوو نەیان وت کەس و کارەکەت شەهید بوون و هیچیان پێ نەووتم. ئەو پرۆفیسۆرەی کە لەوێ بوو زۆری پێوتم کە بمێنمەوە لەوێ و نەگەڕێمەوە بۆ ئێران، چونکە ئێران خەرجی نەخۆشخانەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، دەیان ووت ئەوانەی کە لەوێن و نەگەڕێنەوە ئێمە خەرجییان بۆ دابین ناکەین. هەرچەندە خوا هەڵناگرێت ووتیان مەگەڕێنەوە ئێمە خەرجیتان بۆ مسۆگەر دەکەین، ئەگەر قەرزیشمان کردبێت لەو کوردانەی کە لێرەن، بەڵام من بڕیاری خۆمم

دابوو. ئەوەبوو شنۆم لەگەڵ خۆم هێنایەوە کە خەڵکی لای خۆمان بوو، بەڵام ئەو دوو پێشمەرگە لەوێ مانەوە، ئێمەیان هێنا بۆ فرۆکەخانە بەو شەوە، شوێنێک بوو تایبەت بوو بە ئێرانییەکان ئەوانەی لە جەنگدا دەست و قاچیان پەڕیبوو، بەڕاستی کە سەیرت دەکردن زۆر ناڕەحەت دەبوویت.

برینەکانی لەشمان باش بویەوە و نان خواردنمان ئاسایی بوو زۆر باش بووین، بەڵام من هەر پەرۆشیماڵەوە بووم، پەرۆشی باوکم، دایک، براو خوشکەکانم بووم، هەر دەمووت دەگەڕێمەوە لایان و ئەو ساتانە چەند خۆش بێت باوەش بە یەکتردا دەکەین، بەڕاستی بۆنم بە دایکمەوە دەکرد، بیرم دەکردن، بە خەیاڵ هەموو جارێک دەچوومەوە بۆ لایان و لایان دەژیام، بەڵام من بێخەبەرم. دواتر هەرچۆنێک بێت لە ڕێگای کونسولگەریی ئێرانەوە ئێمەیان بردەوە بۆ شوێنێک دیاربوو ئێران سەرپەرشتیی دەکرد لەوڵاتی ئەڵمانیا، پڕبوو لە برینداری ئێرانی هاتبوون بۆ چارەسەر هەموویان پاسدار بوون. لەوێش (٢) دوو ڕۆژ ماینەوە و فرۆکە دواکەوت  و کوردەکان هەردەهاتن بۆ لامان. ڕۆژێک پێش هاتنەوە خاتوو سکاڵا محەمەد عەلی هات بۆ لای من لەگەڵ پیاوێک ناوەکەیم بیر نییە، کوڕێکی پێبوو ناوی ڕێبین بوو هاتن ئێمەیان برد بۆ بازاڕ و ووتیان با بێتاقەت نەبن، تاوەکو سەفەر دەکەن، زۆر هەوڵیاندا نەگەڕێمەوە، ووتیان ئەو مەسروفە ئێمە دەیدەین بەس مەگەڕێرەوە، ژمارەی تەلەفۆنیان پێدام و هەندێک دیارییان کڕی بۆمان، بەتایبەت بۆ شنۆ هەموو شتەکانی شنۆم هێنایەوە لەبەر ئەوەی منداڵ بوو.

ئەو شتەی کە بیرم ناچێتەوە ئەوەبوو لە فرۆکەخانەی ئێران دابەزیین هەمووان کەس و کاریان هاتن بەدەمیانەوە جگە لە من و شنۆ، هەر بە تەنها مابووینەوە نەمان دەزانی چی بکەین، زمانەکەشمان نەدەزانی ئیتر

کابرایەک هات و پرسیاری کرد وتی چی دەکەن لێرە؟ وتمان نازانین ئێمە خەڵکی هەڵەبجەین و نازانین چی بکەین.

بردینیان بۆ شوێنێک کەزۆر فراوان بوو دیاربوو هەموو هەڵەبجەیی بوو، تاقمێک لەوێ بوون ئەفغانی بوون، جل و بەرگێکی سەیریان لەبەردا بوو، لەوێش کەس و کاری خۆمانمان نەبینی. ئیتر پاسێکیان هێنا و سواریان کردین و دەیان بردینە ناو خوێندنگەکان ناویان دەخوێندەوە، دەیان ووت کێ خێزانی ئەمانەیە بابێت بیان بەنەوە. منیان برد بۆ شاری سەنقوور وابزانم ئەوێ بوو بینایەکی دوو قات بوو، ناویان خوێندمەوە سەیرم کرد باوکم لەوێیە. ئیتر زۆر نارەحەت بووم بەو شێوەیە باوکم بینی زۆر گۆڕابوو. نەریمانی براشم ئەوەندە لاواز و بێڕەنگ بووبوو، وەخت بوو نەیان ناسمەوە، ماوەیەکی زۆر بوو یەکترمان نەدیبوو. باوەشمان بەیەکدا کردوو زۆر دڵخۆش بووین. شنۆشمان لەگەڵ خۆماندا هێشتەوە و باوکم کە ئێمەی بینی ئەو دیمەنەی کە هەرگیز بیرم ناچێت و هەمیشە لەبەر چاومە، ئەوەبوو لە عەزرەتی ئەوەی ماوەیەک بوو هەواڵی کەسمانی نەزانیبوو شەو تا بەیانی منی لە باوەش دەگرت و بە ڕاستی من پیاوێک بووم ژنم هێنابوو، ئیتر هەر دەیووت سوپاس بۆ خوا چۆن تۆم دۆزییەوە، ئەوانیش هەر ئاوا دەدۆزمەوە.

باوکم حاڵەتێکی نائاسایی لا دروست بووبوو، من خۆم دەمزانی باوکم ئاسایی نییە، بەڵام دەریشم نەدەبڕی، ئەو سۆز و خۆشەویستییەی بۆ منی هەبوو هەروەک ئەوەبوو منداڵێک بلاوێنێتەوە و ساوایەک تازە هەستێتەوە سەر پێ وابوو. ئیتر ڕۆژ بویەوە و ئەو ژوورەی ئێمەی تێدابوو خوێندنگە بوو، چەند کەسێکی تریشی تێدابوو، هەمووی کۆدەبوویەوە چونکە کەس نەیدەزانی کەس و کاری لەکوێیە هەمووان بێتاقەت و نارەحەت بوون، ئێمەیان برد بۆ ئۆردوگای کامیاران خەڵک وێنەی شەهیدەکانی ئێمەی بینی بوو، من و باوکم و نەریمانی

بـرام و مـونیرەی خوشـکم  و شـنۆ کە بردینیـان بـۆ ئەوێ مـاڵی خـاڵۆم لەوێ بوون، خێمەیەکیان بۆ هەڵدان و ئێمە لەوێ ماینەوە نزیک لە مـاڵی خاڵۆم بووین. خەڵک کە دەهات بۆ لامان بەشێوەیەک سەیریان دەکردین دەمـانزانی شـتێک ڕویـداوە و قسـە بـۆ ئـێمە نـاکەن، ئـێمە و باوکیشـم نەمانـدەزانی چێمـان بەسـەر هـاتووە، بەو خەڵکانەدا دڵـم خەبەری دابـوو شتێک هەیەو لێمـان دەشـارنەوە. بەڵام بەڕاسـتی ئەوەم بەبیـردا نەدەهـات کە دایکـم و ئەوان شـەهید بـووبن، ئیتـر ئەوەبـوو وردە وردە ئەوانەی کە مابووین من و نەریمان و باوکم و منیرەی خوشکم و ڕەنگینی خوشکم کە لە نەمسـا گەڕایەوە و ئەمانـەمـان کۆبـووینەوە و ڕۆژێکیـان خـاڵۆم و ئەو کـوڕەی ئـامۆزام ڕۆشـتن بـۆ تـاران بـۆ ئەوەی سـۆراخیان بـکەن دواجـار ئێـوارەیەک هـاتنەوە، دایکمیـان لە بەفـر گرەکـانی تارانـدا بینیبـوو بەمردوویی و هەورامان و ئاوێسەر و ئاشنا و ئەوان هەموویـان شـەهید بووبـوون. گەڕانەوە و مەلایەکیـان هێنـابوو لەگەڵ خۆیانـدا وابـزانم بـرای ئەم مامۆستا مەلا عـوزێرە بـوو، هەر لەو بنەمـاڵەیە بـوو، هـاتنە ژوورەوە و ئـێمە هەرگیـز بە بیرمانـدا نەدەهـات کە ئەوان شـەهید بـووبن، ووتیـان ئەوەی ڕاستی بێت هەموویان شەهید بوون.

مـن لە هۆشـی خـۆم چـووم و بـاوکم بەهەمـان شـێوە، وەکـو شـێتمان لێهـات، بەڕاسـتی دونیـا لەبەر دیـدەم گـۆڕا. مامۆسـتاکە ووتـاری بـۆ خوێندینەوە و وتی قەدەری خودایە و دەسەڵاتمان نییەو ئیتـر هەر وەکـو چۆن لە پرسەدا چی دەوترێت بە خـاوەن پرسـە، بەو شـێوەیە دڵنەواییـان کردین و ئەو ئێوارەیە ئەوەیان پێ ووتین.

ئەو مەلایە لە شـاری (سـنە)وە هێنابوویـان بە ژمـارە ناوەکـانی پـێ ووتین کە هەموویان شەهیدبوون. پێش ئەوە هەر مەلاکەم بینی یەکسـەر وتم شتێک بووە زانیم، من نەدەچوومە ژورەوە خـاڵۆم تـوڕە بـوو ووتـی بڕۆ دانیشە، هەرگیز دەنگی باوکم بیر ناچێت کە ئەو کاتە چەند بە هـاوار

بوو ئەو دەنگەم لەوێدا لە باوکم بینی هەرگیز بیرم ناچێت نازانم چۆن نەمردم.

بە هەر حاڵ ئیتر ئەو چەند ڕۆژە نازانم ئاگامان لە خۆمان نەبووە نازانم کێ هاتووە و کێ نەهاتووە، تەرمی دایکمیان هێنابوویەوە بۆ کامیاران. بەڵام خوشک و براکانم هەر لە تاران لە گۆڕستانی (بەهەشتی زەهرا) ئەسپەردە کرابوون. بەو شێوەیە بوو ناو دەخوێنرایەوە ئەوانەی وەفاتیان دەکرد و دەیانهێنانەوە، ناوی دایکمیان خوێندەوە، کێ خێزانی (جیهان صادق)ە؟ ڕامکرد سەیردەکەم خوشکەکانم لەوێن، وایان دەزانی دایکم ماوە، و بە زیندوویی هێناویانەتەوە، بەڵام بەداخەوە بە مردوویی و بە ئیسعاف هێنابوویانەوە. دایکێک کە هەموو ئەو ماوەیە چاوەڕوان بووم وەک جاران بیگرمەوە باوەش و نازی دایکایەتیم بداتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە... دایکمیان شۆرد و مەراسیمێکی جوانمان بۆ ڕێکخست و لە گۆڕستانی (کامیاران) ئەسپەردەی خاکمان کرد.

ئەو گۆڕەی دایکم ئەوەندە جوان بوو لامان جاری وا هەبوو کاتژمێر دوانزەی شەو دەچووم بۆ لای. کە دەڕۆیشتم دەمبینی بەهەمان شێوەی من خوشکەکانم و پورم و ئەوان لەوێن، زۆر سەیر بوو لە ڕۆژێکدا چەندین جار دەچووم، وام دەزانی هەر بەڕاستی زیندووە و دەچم بۆ لای. بەو شێوەیە لەوێ ماینەوە و ئەو کاتە کەمالی برام لە کەرکوک خوێندکاری پەیمانگا بوو، هات بۆ لامان و دۆخێکی زۆر خراپمان هەبووهیچمان پێنەدەکرا، ڕۆژ تا ئێوارە هەر دەگریاین و هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەکردووە بە جارێک ئەو هەموو کەسەم لێ شەهید ببێت. ئەو برادەرانەی دەرەوە هەمیشە تەلەفۆنیان بۆ دەکردم و لە ڕێگەی براکەی شەهێن خانەوە هەواڵیان دەپرسیم. ڕۆژێک هاتە لام و ووتی دەنگ و باست چیە؟ وتم وەڵا شتێکی وا ڕویداوە، ئەویش لە زمان کەوت و وتی زۆر بەداخەوەم، من دەتوانم بتبەمەوە بۆ ئەڵمانیا، تا ئەو

ساتەش نەمان دەزانی هاوسەرەکەشم شەهید بووە، من دۆخم زۆر زۆر خراپ بوو، ئەو کورەی ئامۆزام کە زاواشمانە ووتی با بڕۆین هاوسەرەکەی تۆ بە مردوویی نەبووە لە ناویاندا با بڕۆین بزانین ماوە؟ ئیتر ڕۆیشتین بۆ پێشانگای شوهەدا لە تاران وێنەکانیان هێنا بۆمان، دیاربوو خۆراسانی هاوسەرم نەشتەرگەریی بۆ کرابوو، زۆر تێک چووبوو، شێوەی نەدەناسرایەوە، مەگەر زۆر سەرنجت بدایە بتناسیبایەتەوە، بە کۆمپیوتەر پیشانیان دام ووتم ئەوە خۆراسانە وتیان نا ووتم ئەوە و زۆر دڵنیام. ئیتر ئەوانەی کە شەهید بوو بوون لەوێ ناشتبوویانن، گەڕاین و هاوسەری کوڕێکی مامەشم لەوێ شەهید بووبوو. چووینە سەرەوە ووتیان ئەم ژنە نەنێژراوە، ئەوانەی کە شەهید بووبوون لە کۆمپیوتەرێکدا ناوی نوسرابوو، ئەوانەی نەنێژرابوون لە کۆمپیوتەرێکی تردا بوون، کە دەگەڕام ئەو خزمانەم دۆزییەوە، بە کوڕەکەی ئامۆزامم ووت ئەوە دادە سەعادەتە کە براژنی ئەوی دەکرد. وتیان دەتوانن بچنە ژوورەوە و لە بەفرگرەکەدا سەیری بکەن بۆ دڵنیایی. بەفر گرەکە سەربازی بوو تایەی لە ژێردابوو دەجولا دەرگاکەیان کردەوە و من و بەختیار چووینە ژورەوە و دیاربوو ئەو دادە سەعادەتە هەر بە زگماکی قاچێکی کورتتر بوو لەوی تری. بەفر گرەکە نزیکەی (٢٠) بیست منداڵێکی تێدابوو لە تەمەنی هەفتەوە تا پێنج مانگ، کردیانەوە سەیری قاچیمان کرد سەیر دەکەین بەو شێوەیە بوو کەمن ووتم. واممان بڕیاردا بیهێنینەوە بۆ لای دایکم و لای ئەو ئەسپەردەی بکەین و بۆ منداڵەکانیشی باشە، سەردانی گۆڕی خۆشەویستان زۆر گرنگە، ئێمە بەو سەردانەی کە دەچووینە سەر گۆڕەکەی دایکم زۆر باش دەبووین. بە گوێیان کردم و وتیان شتێکی باشە ئیتر نزیکەی سێ ڕۆژی پێچوو دادە سەعادەتمان هێنایەوە بۆ کامیاران و هەر لای دایکم ئەسپەردەی خاکمان کرد و ناشتمان.

منداڵەکانی ترمان هەورامان و ئاوێسەر و ئاشنا و وەزیرە لە گۆڕستانی بەهەشتی زاهران لە تاران کێلی ژمارە (٢٥) بیست و پێنج، خۆراسانی هاوسەرم کێلی ژمارە (٤٠) چل، پورێم و دادە خاڵخاسم و ئامۆزاکانم ئەوانیش هەر لە بەهەشتی زەهران. باوکم ڕۆژێکیان بانگی کردم و لە پشتی ئۆردوگاوە ڕەزە دێمێکی تێدابوو، ڕۆژ دەبوویەوە دەچوووومە ئەوێ تا درەنگانێک بیرم دەکردەوە دەگریام، قەت بڕوام نەدەکرد ئەو خۆشەویستانەم شەهید بووبن، بۆ دایکم بڕوام کردبوو چونکە گۆڕەکەیم بینیبوو، بەڵام بۆ ئەوان جۆرێک بوو بڕوام نەدەکرد، زۆر خەوم پێوە دەبینین، یەک خەو بە دە جار دەمبینیەوە، بەخوا ئێستاش بڕوام نییە ئەو خێزانەم شەهید بوون ئەو خەوەی کە دەمبینی بەو شێوە بوو، دەهاتنە خەوم و هەر جارێک دەهات دەیووت من نەمردووم، باوکم هاتە لام و وتی ئەمە ناکرێت تۆ زوو زوو دێیتە ئێرەو وا دەکەیت لە خۆت و بەم شێوە نابێت، بابچینەوە لەوێ خزم و کەس و کار هەیەو بەدەم یەکەوە دەبین و ئارامیمان بۆ دێت. ئیتر ئەوەبوو لە کۆتای ساڵی (١٩٨٨) ڕژێمی بەعس لێبوردنی گشتیی دەرکردو بۆ دڵدانەوەی خۆمان و نزیکیمان لە خزمان بڕیاری گەڕانەوەمان داو هاتینەوە بۆ باشووری کوردستان.

هەروەها هۆکارێکی تری سەرەکیی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان خوشک و برایەکم بوو کە بەرنەکەوتبوون لە کیمیاییەکەدا، خوشکەکەم لە سلێمانی مامۆستا بوو، براکەشم لە کەرکوک خوێندکار بوو لە پەیمانگا لەبەر خوێندنەکەی ئەوان گەڕاینەوە. ئەوان ڕۆژی (٣/١٦) لە هەڵەبجە نەبوون.

کە هاتینەوە لە ساڵی (١٩٨٩) لە سلێمانی خانویەکمان گرتبوو بە کرێ. ئەوەی بەسەرمان هات لەو گەڕانەوەیەدا کەمتر نەبوو لە کیمیابارانەکە، هەموو دەرد و مەینەت و ناڕەحەتی.

ئێمە لەو ماوەیەدا گەڕاینەوە کە بڕیاری لێبوردنەکەی تێدا دەرکرا بۆیە دەبوایە بڕۆشتینایە بۆ گردەچاڵ، بەڵام ئێمە بە دزییەوە لە سلێمانی خانویەکمان گرتبوو بە کرێ مانگانە (٣٠٠) سێسەد دینارمان دەدا. بۆ ئەوەی نەناسرێینەوە کە هەڵەبجەیین هەرچەندە برینداریش بووین نەماندەوێرا بچین بۆ نەخۆشخانە، هەربۆیە زۆربەی بریندارەکان مردن. ئەو کات وەستای کڵاش بووم. کابرایەکی سلێمانەیی هەبوو ئەنجومەن بوو، ناوی باقی بوو، ماڵیان لە گەڕەکی سەرکارێز بوو، بەس بۆ ئەوەی نەڵێ هەڵەبجەیین بەرتیلم پێدەدا، ساڵێکیان سێ جووت کڵاشم بۆ کرد، هەر بیانووی دەگرت ئەیووت ئەمە بچوکە و قاچم دەگرێت و داومە بە زاواکەم، ئیتر ناچار جوتێکی ترم بۆ دەکرد، هەر بیانووی دەگرت دەهات دەیووت ئێوە خەڵک زۆر هەواڵتان دەپرسێت ئێوە ناسراون.

شتێکی زۆر ناخۆش کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە بردمیان بۆ سەربازی و بەو شێوەیە درێژەمان بەو کولە مەرگییەدا تا ساڵی (١٩٩١) و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان. پاش ڕاپەڕین هاتینەوە هەڵەبجە لە خۆشیدا نەماندەزانی چی بکەین وەک ئەوەبوو خەونمان بینیبێت باوەڕمان نەدەکرد.کە هاتینەوە هەڵەبجە پاش ڕاپەڕین هەڵەبجە وێرانبوو، هەموو خانوەکانی ڕوخابوو ئەو خانوانەی کە مابوو نەدەگەشتنە (١٠٠) سەد خانوو. بە مزگەوت و خوێندنگە و نەخۆشخانە هەمووی ڕووخا بوون.

فرۆکەیەک تەنها (٢٥) بیست و پێنج کەسی هەڵبژارد لە هەموو ئێراندا کە برینەکەمان زۆر سەخت بوو، بۆ ئەوەی وەک نمونەی قوربانییەکانی هەڵەبجە پیشانی دنیا بدرێن، ئەوانەش (٥) پێنج کەسیان لە ماڵی ئێمەبوون و خێزانی من بوون، ئێستا من چاوێکم چاوی مردوویان بۆ داناوم، باوکم هەردوو چاوەکەی چاوی مردوویان بۆ داناوە، منیرەی خوشکیشم هەر بەهەمان شێوە وەکو ئێمەیە چاوی ڕەنگینیش، بەهۆی

برینـدار بوونمـان بە کیمیـاوییەکە. لای مـن هێشـتا کیمیابـارانی هەڵەبـجە هەر بەردەوامە.

هەسـت بە ئـازاری هەمـوو خەڵکـی دەکەم چـونکە خـۆم ئـازارم چێشـتووە، شـتێک بەلای ئـێمەوە زۆر گـرنگە کە دوای کیمیابـارانی هەڵەبـجە سـاڵی (١٩٩١)، دوای ڕاپەڕیـن لەبەردەم مـاڵی خۆمانـدا بـووم، دوو سەربازی عێراقی دەگەڕان بەو ناوەدا، هێنامنەوە بۆ مـاڵی خۆمـان بە خوا دوو قاتی کوردیم هەبوو هەردووکیـانم دا بە ئەوان، لەبەر ئەوەی کە عەرەب بوون نەیاندەزانی پشتوێن ببەستن خۆم چاکم کردن و بەڕێـم کـردن، لەگەڵ سـەلاحی ئـامۆزام بردنمـان تـا چەمچەمـاڵ و یەکـی پـانزە دیناریشمان پێدان، ئەو کاتە ئەو پارەیە زۆر بوو، ناردنمانەوە بۆ شـوێنی خۆیـان. مەبەسـتم ئەوەیە ئەگەر کەسـێک بوومـایە بیـرم لە تـۆڵە بکـردایەتەوە، ئەوا بە لەسـێدارەدانی سـەددام تـۆڵەی بـرایەکم یـان خوشکێکم کراوەتەوە، ئەی ئەوانی تر؟ ئەی ئەو خەڵکە؟ کاتێک ئێمە ئەو دوو سەربازەمان ناردەوە و مامەڵەی باشمان لەگەڵ کردن، پیاوێک هاتە ماڵمانەوە وتی ئەمە چییە بۆ نایانکەنە دەرەوە؟ زۆر پێی دڵگران بووم. وتـی ئێـوە مـاڵێکی قەرەبـاڵخن و خوشـکتان هەیە لەسـەر مـاڵ بیـانکەنە دەرەوە، ئیتـر بەڕێمـان کـردن و تەنـانەت نەیانـدەتوانی بەنەخـوێنی شـەرواڵی کـوردی ببەسـتن بەنەخوێنەکانمـان بـۆ کـردن بە لاسـتیک. مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ هەرگیز بیر لە تۆڵە کردنەوە نەکاتەوە، چونکە ئەگەر تۆڵە بکەیتەوە ناتوانیت بژییت، واتە تۆش جیاوازیت نییە لەگەڵ کەسێکی تردا کە تاوانەکەی ئەنجام داوە، کەسێک دەتوانێت بیباتەوە کە لێبوردنی هەبێت.

پاش ڕاپەڕین و ساڵی (١٩٩١) هاوسەرگیریم کردەوە، (٤) چوار منداڵم هەیە، ئەوانیش:

(٣) سێ کچ بە ناوەکانی: (ڕەیان- جەنات- ڤینا)، هەروەها (١) یەک کوڕ بەناوی (ڕەوەند).

پاشتریش لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کاردەکەم و ئامانجمان خزمەتکردنە بە کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە و ناساندنی ئەو جینۆسایدە. لە ساڵی (٢٠٠٩) شەوە سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەم.[١٠]

**چوارەم/ گەشاو موراد محەمەد یوسف**

(گەشاو موراد) یەکێکی ترە لە شایەدحاڵ و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە، لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا (٢٢) بیست و دوو کەسی لەدەست داوە. گەشاو هەرچەندە لە کاتی کیمیابارانەکەدا تەمەنی تەنها (١٢) دوانزە ساڵ بووە. منداڵێک بووە کە خودی خۆی پێویستی بە چاودێریی دایکانە هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچاری وایلێکردووە ڕۆڵی دایکێکی بە هەیبەت و میهرەبانی بینیوە بۆ براکانی. سەرەڕای ئەوەی ژیانێکی سەختیان گوزەراندووە لە ئۆردوگاکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، لە گەڕانەوەشیان بۆ باشووری کوردستان بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییە لە سەر باشووری کوردستان هەبووە دوبارە ژیانێکی سەختیان گوزەراندووە. بەڵام دلاوەرانە توانیویەتی براکانی بەخێو بکات و چەندین ئیشی قورس و سەخت بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بژێویی براکانی دابین بکات و هەروەها براکانیشی خوێندنەکەیان تەواو بکەن. لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا لەگەڵ ئەو ئازارو ژیانە سەختە ئاشنا دەبین.

گەشاو موراد لە دایک بووی ساڵی (١٩٧٦)ی گوندی خەرپانی ناوچەی هەورامانە و لە کاتی جینۆسایدی هەڵەبجەدا لە هەڵەبجە بووە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و بەم شێوەیە باس لە جینۆسایدی هەڵەبجە و ژیانی خۆیان دەکات:

لەڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٤) کاتژمێر نزیکەی (١٠:٣٠) دەو نیوی بەیانی بوو، لە خوێندنگەی (ئەحمەد موختار جاف) خوێندکار بووم، کاتێک هێرشەکان توند بوویەوە لەسەر شاری هەڵەبجە و تۆبباران بە خەستی شارەکەی گرتەوە، چەند تۆپێک دای لە نزیک خوێندنگەکەمان و بە جارێ شوشەی پەنجەرەی خوێندنگەکە هاتە خوارەوە و شکا. ئێمەش وەک خوێندنگەیەکی سەرەتایی دەستمان کرد بە هاوار و گریان سەرەتا مامۆستاکان ڕێگایان لێ گرتین بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. ئەو کات لە پۆلی شەش بووم، دواتر مامۆستا حەمە ئەمین بەڕێوەبەر بوو، وتی با خوێندکارەکان بڕۆنەوە و بەیانیش مەیەنەوە.

دواتر هەندێک لە دایک و باوکەکان هاتن بە دوای منداڵەکانیاندا و ئەوانەشی مانەوە وەک من بە تەنها گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. بیرمە ئەو کاتەی لە خوێندنگەکە دەرچووم و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، لە نزیک کۆڵانەکەی خۆمان باوکمم بینی. لەو کاتەدا وەک ئەوەی ئەویش بیەوێت بەدوای مندا بێت بۆ خوێندنگە، لەپڕ لە نێوان من و باوکمدا تۆپێک دای بەکۆڵانەکەدا و من خۆم دا بەزەویدا ، کاتێک سەرم بەرزکردەوە دووکەڵی تۆپەکە و تەپوتۆزی کۆڵانەکە باوکمی لێ ونکردم. دوای ئەوەی پارچە تۆپەکان بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان و دیوار و پەنجەرەی ماڵەکانی ووردو خاش کرد، باوکمم بینی لە شوێنەکەیدا خۆیداوە بە زەویدا وەکو من، ئیتر هەردووکمان بە سەلامەتی بەرەو ڕووی یەکتر ڕۆشتین، لەو کاتەدا باوکم بەخێرایی گەشتە لام و باوەشی پیاکردم و وتی بەخوا هەر خەمی تۆم بوو. پاشان ووتی لە من وابووە تۆپەکە تۆی کوشتووە. منیش دەستم کرد بەگریان ووتم باوکە گیان منیش وامزانی تۆپەکە داویەتی لە تۆ، ئیتر پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

باوکم دە ساڵ پێش ئەوەی خانووەکەمان دروست بکات ژێر زەمینێکی دروست کرد بۆ خۆپاراستنمان لە تۆپی ئێران ئێمە

بنەماڵەیەکی قەرەباڵخ بووین باوکم و براکانی و ئامۆزاکانی پێویستمان بەوەها ژێر زەمینێک هەبوو. کاتێک گەیشتینەوە ماڵەوە دراوسێکان هاتبوونە ژێر زەمینەکەی ئێمە و نزیکەی (٥٠) پەنجا کەسی تیابوو.

ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٥) ووتم دەڕۆمەوە بۆ قوتابخانە، باوکم وتی نا کەس ناڕواتەوە مامۆستاکانیشتان وتویانە مەیەنەوە. ئیتر ئەوەبوو گەشتینە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) دوای ئەوەی فڕۆکەکان فڕێدانی بۆمبەکانیان چڕکردەوە لەسەر شارەکە و دەنگۆی ڕشتنی کیمیاویی وەک بروسکە هەواڵ گەیشتە خەڵکی ژێرزەمینەکەی ئێمەش. باوکم بۆ بەرگریکردن لەو ژەهرە هەواییە فەرشێکی گەورەی تەڕکردو دای بە دەرگای ژێر زەمینەکەدا لە پێناو پاڵفتەکردنی هەوا ژەهراوییەکە. دواتریش تەشتێک ئاوی هێنایە ژێر زەمینەکە بۆ ئەوەی زوو زوو پەڕۆ تەڕبکەین و بیدەین بە دەم و لوتماندا، بۆ ئەوەی ڕزگاربین لە کیمیایی. بیرمە باوکم زوو زوو لە ژێر زەمینەکەوە دەهاتەدەرەوە، جارێکیان ووتی فڕۆکەکان شتێکی سپی فڕێ دەدەنە خوارەوە، پێدەچێت مەبەستیان ئەوە بێت کە بزانن ئاراستەی باکە بەرەو کوێیە بۆ ئەوەی ژەهرەکە لەو ئاراستەیەوە بڕژێنن.

لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەدا باوکم ویستی بڕوات بۆ بانکی هەڵەبجە و ئەو (٤١،٠٠٠) چل و یەک هەزار دینارەی کە پێشتر دایناوبوو لە بانک وەریبگرێتەوە، بەڵام ئەو دەنگۆیە بڵاو بویەوە کە بانکی هەڵەبجە دەستی بە سەردا گیراوە و هەروەها دایکیشم دەستی گرت و وەک تکایەک داوای لێکرد لەم کاتەدا دەست هەڵگرێت لە پارەکەو گیانی خۆی پارێزراو بێت لە پارەکە باشترە. ئیتر هەر ئەوەبوو ئەو ڕۆژە تا نزیکەی کاتژمێر (٦:٣٠) شەش و سی خولەکی ئێوارە لە ژێر زەمینەکەدا ماینەوە. کاک سەلاح و کاک سەباح لە خانوەکانی ئێمەدا بوون لە گەڕەکی شارەوانی ئەوان پاش ئەوەی ڕاگوێزران دوو خانومان هەبوو باوکم

دابووی بەوان. پاشان باوکم بە من و منداڵەکانی ووت با بەتەکسییەکەی خۆمان لەگەڵ سەلاح بەشارەتی و سەباح بەشارەتی بتانێرم بۆ گوندی خەرپانی بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە فڕۆکە کیمیایی وەشێنەکان.

ئەوەبوو ئەو ئێوارەیە من و چوار برام (حەسەن- حسێن- هۆشمەند- هۆشیار)، کە لە خۆم بچوکتر بوون و وشیار بچوکترینیان بوو شیری دەخوارد سەرکەوتینە ناو تەکسییەکە. بەردەوامیش دەگریام و دەمووت باوکە بۆ کوێمان دەنێریت؟ کە ئێوە نایەن لەگەڵمان، ئیتر ئێمە بۆ کوێ بڕۆین؟

بیرمە باوکم وتی ئێوە بڕۆن با لە پێشەوە ڕزگارتان بێت، ئێمەش دواتر دێین بە دواتاندا.

وتم ئاخر باوکە هۆشیاری برام زۆر منداڵە، شیر دەخوات، چیی لێ بکەم؟

لەوکاتەدا دایکم سەرقاڵ بوو، سەیرێکی کردم و وتی ڕۆڵە با ئێوە دەربازتان بێت دواتر ئێمە دێین بۆ لاتان. ئیتر من هەر دەگریام بۆ دایک و باوکم تا دەرەوەی شار. لەهەمانکاتدا دوو منداڵی پورێم و ئامۆزایەکم و مامۆژنێکم و زیاتر لە سی کەسی ناو ژێرزەمینەکە پێکەوە دەرچووین بە سێ ئۆتۆمبێل بەرەو گوندی خەرپانی لە باکووری خۆرهەڵاتی هەڵەبجە. لەدەرەوەی شار زیاتر ترسمان لێنیشت، چونکە فڕۆکەکان زیاتر ئێمەیان دەبینی و هیچ پەنایەک نەبوو خۆمانی تێدا حەشار بدەین، لە لایەکی تر وڵاخێکم بینی بە بارەوە کەوتبوو، کەسێکیش لە تەنیشتییەوە کەوتبوو.

وردە وردە بە ئۆتۆمبێلەکە گەشتینە ناو باخەکانی عەنەب، خەریک بوو شەو دادەهات، ئۆتۆمبێلێکم بینی هەموو نەفەرەکانی ناوی مردبوون. چەندین ئاژەڵ لە مانگا و ئێسترمان بینی کە بەهۆی کیمیاییەکەوە مرداربووبوونەوە ئێمەش منداڵ بووین هەر سەیرمان دەکرد.

لە نـاو تەرمەکانـدا ئەحـمەدی ئـامۆزامم بینـی زینـدوو بـوو دەمێـک دەکەوت و دەمێـک هەڵدەسـتایەوە، دەمێـک دەیکێشـا بەزەویـدا. دواتـر زانیمـان ژنەکەی و سێ لە منداڵەکانی شـەهید بـوون. لەو کـاتەدا گـوێم لێبوو کاک سەباح وتی ئەوە کەستان غازتان پێ نیە؟ ئەوە کێیە غـازی بەرداوەتەوە؟ خێـرا بیگـرێتەوە، مەبەسـتی غـازی چێشـت لێنـان بـوو، کە بۆنێکی پیسی هەبوو، ئێمەش هەریەکەو لای خۆیەوە وتمـان نەوەڵا کـاک سەباح غازی چی؟ کەس غازی پێ نیە. ئەویش وتی دەم و لوتتـان بگـرن ئەوە کیمیاوییەکەیە، یەکسەر قسەکانی باوکمم بیر دەکەوتەوە کە دەیوت دەرمان دەوەشێنن و هەروەهـا ئەو تەشـتە ئـاوەی کە دەیهێنـا بۆ ئەوەی زوو زوو پەڕۆ تەڕکەین و بیدەین بەدەم و لوتماندا.

ئیتر لەو کاتەدا لەسەر ڕێگاکە بینیم ژمارەیەک پاسدار وەستا بوون و ئۆتۆمبێلەکانیـان وەسـتاندبوو ژمـارەیەک قیناعیـان داپێمـان بۆ پـارێزی و یەکێکیان وتی تا تەوێڵە مەوەستن کیمیاویی وەشێنراوە.

پەڕۆیەکـی هۆشـیارم پێبـوو خسـتمە سـەر دەمـی هۆشـیار کە بە باوەشـمەوە بـوو دەستێکیشـم بەدەم و لـوتی هۆشـمەندەوە گـرت کە بە کـۆڵمەوە  بـوو ئەوانـی تـریش حەسـەن و حسـێن لەسـەر کۆشـم بـوون لەبەردەمـم. لەو کـاتەدا ترسـام دابـبـڕێین لە دایـک و بـاوکم بـۆیە بە شۆفێرەکەم وت بۆ کوێمان دەبەیت؟

وتی بۆ خەرپانی.

کاتێک لەنزیکی گونـدەکەی خۆمـان بووین ئەوانەی نـاو ئۆتـۆمبێلەکە وتیـان بـۆنی سـێو دێـت. خـۆم یەکێـک بـووم لەوانە ئەوەنـدە حەزم لە هەڵمژینـی بـۆنی سـێوەکە دەکـرد وەک دەڵـێن تێـر نە دەبـووم لەو بـۆنە خۆشـە. بەڵام ئەوەنـدەم زانـی لە سـەر ڕێگـای گونـدی خەرپـانی ئۆتۆمبێلەکەمان لای نەداو بەرەو گوندی بەڵـخە ڕۆیشت. کـاتژمێر دووی شـەو لە قوتابخـانەی گونـدی بەڵـخە دابەزیـین، ئەو شـەوە تـا بەیـانی

هۆشیاری برام لە برسانا دەگریا و شیر نەبوو بۆی بکەم. بۆیە لە ناچاریدا بە ژنێکی پیری خزمی خۆمانم وت

ئەو مناڵەمان دەگری بۆ شیر، ئێستاش هیچمان لا نیە بیخوات، ئەگەر عەزیەت بکێشیت تۆزێک مەمکی خۆت بخەیتە دەمی بۆ ئەوەی ژێر بێتەوە.

پیرە ژنەکە وتی ڕۆڵە گیان من تەمەنم (٧٠) حەفتا ساڵە، شیرم کوا؟ چۆن بە مەمکی من ئاشت ئەبێتەوە؟ ئەو منداڵە برسییەتی برسی.

ئیتر چاوم گێڕا لە قوتابخانەکەدا ژنێکی ترم بینی شیری دەکرد بۆ منالەکەی، ڕۆشتم بۆ لای وتم زەحمەت نەبێت شیرێکم بۆ بکە با بیدەم بەو منالەمان لە ئێوارەوە برسیەتی و دەگری بۆ شیر.

ئاگام لێبوو ویستی شیرەکەم بۆ بکات چونکە بەزەیی دەهاتەوە بە هۆشیاری برامدا، بەلام خەسوی حەزی نەکرد شیرەکەم بداتێ. بۆیە هات و وتی ڕۆڵە شیر کوا لەم چۆڵەوانییەدا. پاشان وتی ئا کچم هەندێک بسکیتم هێنابوو هەندێکی بەرێ با تێر بخوات، ئیتر پارچەیەک بسکیتی دا بە دەست هۆشیارەوە و دوای مەلا بانگدان دیسان بەڕێکەوتین بەرەو ئێران. بیرمە لەڕێگا بە هۆشیارەوە کەوتم بەزەویدا. لەو کاتەدا دەگریام و خەمی ئەوەم بوو هۆشیار شوێنێکی شکابێت و دایکم تورەبێت لێم.

بۆ بەیانی (١٩٨٨/٣/١٧) گەشتینە شارۆچکەی پاوە، لەوێ هەندێک ماڵ هاتن بەدەممانەوە و بردینیانە ماڵی خۆیان و شیریان کرد بۆ هۆشیار و لە گریان کەوت و ئیتر خەوت. دوو ڕۆژ لەوماڵە ماینەوە و من هەر دەگریام و دەموت بۆ تا ئێستا دایک و باوکم نەهاتن و نەگەشتن. لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا لەو ماڵە ئێرانییە، ژنێک ڕۆژی دوو تا سێ جار دەهات شیری دەدا بە هۆشیار.

لەو کاتەدا هەموومان چاومان قورس بووبوو، ئیتر تیمێکی تەندروستیی ئێرانی هاتن و مەڵهەمیان کردە چاومان.

دوای ئەو دوو ڕۆژەو بۆ ئەوەی تەندروستیی ئەو ماڵەش پارێزراو بێت، چووین بۆ گوندی (دوریسان) و لە قوتابخانەیەکدا بیست ڕۆژماینەوە. لەو ماوەیەدا بەردەوام خەڵکی هەڵەبجە دەهاتنە ئەو گوندە و من هەر چاوم بۆ دایک و باوکم دەگێڕا. هەندێک ڕۆژیش لەگەڵ خزمەکاندا دەچووم بۆ پاوە بۆ هەواڵپرسین. بەڵام بەداخەوە هەر هیچ هەواڵێکی دایک و باوکم نەبوو. هەموو خەڵکی دوریسان چیرۆکی ئەو پێنج منداڵەی ئێمەی دەزانی کە لە چاوەڕوانیی شاد بونەوەدان بە دایک و باوکیان. بۆیە زۆر بەزەییان دەهاتەوە پیاماندا بەردەوامیش دەهاتن بەدەممانەوە و پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکردین و خزمەتیان دەکردین.

بیرمە دوای ئەو بیست ڕۆژە مامێکم بەناوی مامە عەلی وەیس موراد هات بۆ لامان و وتی هەواڵێکم پێیە بۆتان ئیتر قوڕ دەپێون، چی دەکەن بیکەن.

پاشان وتی هەر ئەو شەوە دوای ئێوە، بۆمب و ناپاڵم داویەتی لە گوندی عەنەب و بەوهۆیەوە (٢٢) بیست و دوو کەس لە بنەماڵەکەمان شەهید بوون بە دایک و باوک و سورەیای خوشکیشتانەوە. تەنانەت وتی هەموو ئەو کەسوکارە لە هەڵەبجەوە بەپێ هاتوون تا قلیجی عەنەب، خۆم چوومەتە سەر تەرمەکانیان و یەکە بە یەکە سەرم ناوە بە سنگیانەوە بۆ ئەوەی دڵنیابم کە ئایا هەناسە ئەدەن. یان گیانیان لە دەست داوە.

پاشان مامم وتی ئەو شەوە ماموژنێکت خەریک بووە منداڵی ببێت، دوای ئەوەی چاوەڕوانییەکی زۆریان کردووە تا منداڵەکەی ببێت لە پڕ ناپاڵم و کیمیاییان بەسەردا دەبارێت و هەموویان گیان لەدەست دەدەن.

واتە هۆکـاری سـەرەکیی دواکەوتنـی ماڵەوەمـان و بنەماڵەکەمـان و درەنگ دەرچوونیـان لە هەڵەبـجە ئەوەبـوو کە مـامۆژنێکم منـاڵی دەبـوو، بەهۆی ئەوەوە پێویست بوو لە شار بمێننەوە تا مناڵەکەی دەبێت.

هێشتا دوای ئەو هەواڵەش هەر هیوایەکم لا دروست بووبوو. چونکە زۆرێک لەو کەسانەی بە پاس دەهـاتن بۆ پـاوە و دوریسـان، چیرۆکـی سـەیری ئەو کەسـانەیان دەگێـڕایەوە کە لەدوای ئەوەی دەبـوونە بەرکەوتەی کیمیایی و بەهـۆش خۆیـان دەهـاتنەوە و زیندوو دەبوونەوە. بۆیە منیش بەردەوام بەو هیـواوە دەژیـام و دەمـوت بەڵکـو ئەمە خـوایە، دایک و باوکیشـم هـاتبنەوە هۆشـی خۆیـان و نەمـردبن. ئیتـر وردە وردە هـیچ هەواڵێکیـان نەبـوو دڵ مـردە بووبـووین و لە دوریسـانەوە ڕۆشـتینە ئۆردوگـای سـەریاس. دوای ئـۆقرە گرتنـی مـاوەیەک لە ئۆردوگـای سەریاس و ڕۆشتین بۆ لای بەفراوی خوشکم لە ئۆردوگای شـەهرەکی کامیـاران. بەفـراو لە کـاتی کیمیـاوییەکەدا لەگەڵ ئـێمە دەرنەچـوو لە هەڵەبـجە ئەو دواتـر دەرچـوو، پـاش مـاوەیەک بە بەفـراو گەشـتینەوە. لە شـەهرەک تـا ئەنـدازەیەک خێزانەکەمـان کۆبـوونەوە و هەسـتمان کـرد سەرپەرشـتیارێکمان هەیە. ئەوەبـوو کەسـوکارەکەمان خێمەیـان بـۆ هەڵـداین و لە نـزیکەوە بەردەوام چاودێرییـان دەکـردین چـونکە ئـێمە هەموومان مناڵ بووین. وەک وتم ئەو کاتە من تەمەنم دوانزە ساڵ بوو خـودی خۆشـم پێویسـتم بە سەرپەرشـتیار هەبـوو بەڵام مـن سەرپەرشتیاری چوار برای لە خۆم بچوکتر بووم.

لەو مـاوەیەدا بـاپیرم دابڕابـوو لێمـان، بەجیـا بردبوویـان بـۆ پارێزگـای (کرمان) لە مەرزی ئەفغانستان. دوای دوو مانگ باپیرەمیان هێنایەوە بۆ کامیـاران، بەڵام بەداخەوە تێکچـوو بـوو لە خەفەتـی مناڵەکانیـدا، تەواو سەرو ڕیشی سپی بوو، بەردەوام لە خۆیەوە قسـەی دەکرد. ئەمـە حـاڵی

باپیرەم بوو تا دوو مانگ، دواتر بەگریانەوە گرتی و بەردەوام دەگریا، تاماوەیەک باپیرەم ئێمەی نەدەناسییەوە.

سوپاس بۆ خوا دوای چوار مانگ باپیرەم باش بوویەوە و هاتەوە سەرخۆی و لەگەڵ ئێمە دەمایەوە و بەردەوام ئەو دڵخۆشی دەداینەوە.

کاتێک ڕژێمی بەعس بڕیاری لێبوردنی دەرکرد بۆ هەڵەبجەییەکان، ئێمە باوەڕمان بەو بڕیارە نەکرد و نەگەڕاینەوە.

دوای ئەوەی سوپای عێراق شکستی هێنا لە کوێت و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی (١٩٩١) هاتە پێشەوە، پاشان کۆڕەوی بەسەردا هات و هەموو خەڵکی ئاوارەی کوردستان لە ئێران و تورکیاوە گەڕانەوە، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە.

ئەوەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە ئەو یەکەم ڕۆژە بوو گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە و چووینە سەر خانووە ڕوخاوەکەی خۆمان. لەو کاتەدا باپیرەم دەستی کرد بە گریانێکی بەکوڵ و باوکە ڕۆ و برا ڕۆیەکی نایەوە وەک ئەوە وابوو باوک و دایکم و مام و ئامۆزاکانم ئەو ڕۆژە مردبن. ئێمەش تێر گریاین بەڵام زیاتر بەزەیمان بە باپیرەماندا دەهاتەوە، بەو ڕیشە سپییەوە، بەو تەمەنە گەورەیەوە، بەو شێوەیە بانگ و سەڵای هەڵدابوو لەسەر ئەو دارو پەردووە ڕوخاوەی ماڵی باوکم.

دواتر باپیرەم بەردەوام دڵخۆشیی ئێمەی دەدایەوە و دەیوت من شەش کوڕم ڕۆشتووە، ئێوە لە جێگای ئەوانن و جێگای ئەوانم بۆ دەگرنەوە.

باپیرم بەو تەمەنە پیرییەو بەو دڵە برینداریەیەوە لەگەڵمان ژیا تا ساڵی (١٩٩٦) و بە حەسرەتی بینینی کوڕەکانی سەری نایەوە و کۆچی دوایی کرد. کاتێک ئەمریکییەکان لە ساڵی (٢٠٠٣) عێراقیان داگیر کرد و سەدام و کوڕەکانیمان بینی بەو شێوەیە لە سێدارە دران و کوژران. دەمان وت

خۆزگە باپیرەشم مابایە، بۆ ئەوەی سەددام و کوڕەکانی بینیبا کە چۆن سەدام جەرگی سوتا و خۆیشی لە سێدارە درا.

دوای ئەوەی لە ئێران گەڕاینەوە هیچمان نەبوو ئەو پارەشی کە هەمان بوو لە بانکەکەی هەڵەبجەدا بوو، هەمووی ڕۆیشت. دواتر ئەو قەمەرەیەی باوکم کە بەدەست پورزایەکی باوکمەوە بوو فرۆشتمان بە (٩،٠٠٠) نۆ هەزار و لە جێگای خانووە ڕوخاوەکەی خۆمان خانویەکی ترمان پێسەرگرت. ئەو قەمەرەیە ئەو پورزایەی باوکم ئیشی پێ دەکرد لەگەڵ خۆی هێنای بۆ ئێران وە لە کاتی لێبوردنەکەدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لای ئەو بوو تا ساڵی (١٩٩١).

بەهۆی ئەو گرانییەی لەو کاتەدا هەبوو هەروەها هەر چوار براکەشم خوێندکار بوون، بۆیە ژیانمان زۆر سەخت بوو، بەو منداڵییەمەوە چەندین ئیشی قورسم دەکرد کە ئەگەر ناچاری نەبووایە نەم دەتوانی بیکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بژێویی براکانم پەیدا بکەم و هەروەها درێژە بەخوێندکەیان بدەن. هەر لە ساڵی (١٩٩١) ەوە خۆم فێری کڵاش چینین کرد. ئیتر کڵاشم دروست دەکرد و دەمفرۆشت، هەروەها کرێکاریم دەکرد و بەهاران دەڕۆشتم بۆ ئەم دەشتی شارەزوورە بۆ بژارکردن و شەتڵ لێدانی توتن و لۆکە چنین.

کاتێک براکانم لە پۆلی شەشی ئامادەیی دەیانخوێند، وەک ئەوەی خۆم لەشەش بم، بڕوا بکە ئەو کاتانەی کە تاقیکردنەوەیان هەبوو دەڕۆشتم دەرگای حەوشەکەمانم دا دەخست و و قوفڵم لێ دەدا و لە ماڵە دراوسێکانەوە دەهاتمەوە خانووەکەی خۆمان. بۆ ئەوەی کاتێک میوانێکمان دەهات وا هەست بکەن کە کەسمان لەماڵەوە نیین. ئەوەشم بۆ ئەوە دەکرد کە براکانم بتوانن بە باشی سەعی بکەن و بتوانن خوێندنەکەیان تەواو بکەن.

ئێستاش دوای ئەو هەمووە ساڵە لە ڕووی تەندروستییەوە بارودۆخم زۆر باشە. هەرچەندە شانی چەپم ڕەشبووەتەوە. بەڵام وابزانم ئەوە کاریگەریی دەم و لیکی هۆشمەندی برامە کە دابووم بە سەرشانمدا، پێدەچێت ئەو لیکە تێکەڵ بە ژەهرەکە بووبێت بۆیە وا ڕەش بووەتەوە. ئەم شانەم ئازاری نییە بەڵام هەموو بەهارێک حەساسیەتی هەیەو دەخورێت و کاتی کیمیاوییەکەم بیردەکەوێتەوە.

خۆم کە ساڵی (١٩٨٨) لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، ئیتر دەستبەرداری خوێندن بووم، وتم با براکانم درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن. وتم تا ئەوان خوێندکەیان تەواو نەکەن و نەگەنە ژیانی خۆیان دەست ناکەمەوە بە خوێندن.

وەک ئەوەی ئێستا هۆشیاری برام دەڵێت گەشاو تۆ بوویت بە مۆم و ڕوناکیت بەخشی بە ئیمە و لەوپێناوەدا خۆت تواندەوە.

سوپاس بۆ خوا نەمهێشت واز لە خوێندن بهێنن و ئێستا هەموویان گەشتوون بە پلە و پایەی خۆیان. لەوانە دوان لە براکانم مامۆستای زانکۆن، ئەوانیش (مامۆستا حەسەن و مامۆستا هۆشمەند)ن. دوانیشیان پزیشکن، ئەوانیش (د. حسێن و د. هۆشیار)ن.

ئیتر ئەوەبوو لە ساڵی (٢٠١٠- ٢٠١١) بچوکترین برام د.هۆشیار زانکۆی تەواو کرد و وتی گەشاو ئیتر ئێمە تەواو بووین تۆ دەست بکە بەخوێندن  ئێستا سەرەی ئێمەیە  خزمەتی تۆ بکەین. منیش وتم تازە تا من تەواوی دەکەم کەس دانامەزرێت، وتی نا ئەم حکومەتەی خۆمان هەر ڕۆژی بڕیارێک دەدات دەبێت بخوێنیت.

ئیتر ئەوەبوو بە هاوکاریی هەموو براکانم و بەتایبەتی د.هۆشیار دەستم کردەوە بە خوێندن و ئێستا لە (پەیمانگای کۆمپیوتەری ئەهلیی هەڵەبجە) خوێندکارم و مامۆستا هۆشمەندی برام بەڕێوەبەری پەیمانگاکەیە و هەم مامۆستاشمە.

زۆر دڵخۆشم کە توانیم براکانم بگەیەنمە ژیان و پلەو پایەی خۆیان. ساڵی ڕابردوو نەخۆش بووم، لەگەڵ ئامۆزایەکم ڕۆشتمە نەخۆشخانە، د. شیرین تەلەفۆنی بۆ کردم نەشتەرگەریشی هەبوو، ووتی گەشاو خان وەرە لە فلان شوێنم. لە نەخۆشخانەی کیمیاباران بوو. کە گەشتمە ئەوێ بە دەستکێشەوە لە ژووری نەشتەرگەری هاتبووە دەرەوە. ووتم سوپاست دەکەم و ئەوە ڕەنجی خۆمە کە ئێستا دەیچنمەوە بە هۆی (د.حسێن)ی برامەوە هاتووی بەدەممەوە ئەوکات هەستم بەڕەنجەکەمکرد و زۆر پێی دڵخۆش بووم.

خوا براکانم لێنەسێنێت ئێستا زۆر لێیان ڕازیم و داواکارم لە خوای گەورە شەهیدانی بنەماڵەکەم بە تایبەتی دایک و باوکم و سورەیای خوشکم بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.[١١]

**پێنجەم/ ماردین مەحمود فەتاح**

(ماردین مەحمود فەتاح)، لە دایک بووی ساڵی (١٩٨٣)ی هەڵەبجەیە، یەکێکە لە منداڵە دۆزراوە و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە. منداڵە ونبوەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە نزیکەی (١١٤) سەد و چواردە منداڵن، لە کۆی ئەوانە تەنها (٩) نۆ منداڵیان دۆزراونەتەوە.

ماردین باس لە چیرۆکی خۆی دەکات لەو ماڵەی کە پەنایان دا لە خۆرهەڵاتی کوردستان تا گەشتنەوەی بە باشووری کوردستان و شادبوونەوەی بە کەسوکارەکەی:

ساڵی (١٩٨٨)م بیرنایە. بەڵام نەخۆشخانەم بیردێتەوە، ئەو کاتەی کە نابینا بووم بەهۆی کاریگەریی چەکی کیمیاوییەوە. سەرەتا برسیم بوو، دەگریام بۆ نان کەس لێم تێنەدەگەشت، دواتر ئاویان بۆ هێنام و وەرم نەگرت، دایک و باوکمم لەگەڵ نەبوون، دواتر هەستم کرد لەگەڵ نابینا بوونیشدا قاچم بریندارە و سوتاوە بە چەکی کیمیاویی.

ئەو ڕۆژانەی نەخۆشخانە کەسێکم ناسی کەمێک کوردیی دەزانی و دەیوت من دکتۆر محەمەدم، ئێرە نەخۆشخانەی (ئیمام خومەینی)یە، زوو زوو دەهاتە سەر قەرەوێڵەکەم و دەستی دەهێنا بەسەرمدا. پرسیاری ناوی خۆمی لێدەکردم. بەڵام من ناوی خۆمم نەدەزانی. ڕۆژێکی تر کەسێک هات نیوە کوردی و نیوە فارسی قسەی دەکرد، پێیان وت هێشتا برینی هەیە، دەم و چاوی سوتاوە، دواتر چاک بوویەوە، وەرە بیبەرەوە بۆماڵەوە.

ڕۆژێکی تر بلاجیکتۆرێکی بەهێزیان ئیش پێکرد بەرامبەر بە چاوم، منیش گریام و ووتم چاوم ئێش دەکات لایبەرن. ئیتر لەو ڕۆژەوە دکتۆرەکان زانییان چاوم کوێر نییە، بۆیە ووردە ووردە چارەسەری چاویان بۆ کردم.

ڕۆژێکی تر پیاوێک هات بۆ نەخۆشخانەی (ئیمام خومەینی) و وتی کچی خۆم چاک بوویتەوە، ئەمڕۆ دەتبەمەوە. ئیتر منیش وتم ئەی ئەو ماوەیە نەهاتویت بۆ لام؟

وتی دکتۆر وتویەتی تا چاک نەبێتەوە، نابێ سەردانی بکرێت. ئیتر وتم ئەمڕۆ لای (لەیلا ئێرانی) دەمێنمەوە، کچێکی نەخۆش بوو، لەو ماوەیەدا بوو بووین بە هاوڕێ. بۆیە وتم سبەی وەرەوە بە دوامدا. ئیتر وتی باشە و ڕۆشتە دەرەوە.

دواتر بۆیان گێڕامەوە کە ژنی ئەو پیاوە لە هەمان نەخۆشخانە، نەخۆش بووە و دوای ئەوەی چیرۆکی بێ کەسیی منی بیستووە، قسەی لەگەڵ دکتۆرەکان کردووە و ئەوانیش وتویانە ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە ئیشی بۆ بکەیت بۆ ئەوەی ئەم منداڵە هەڵگریتەوە، ئەوا ئێمە ڕێگر نابین  بیبەیتە لای خۆت.

بۆ ڕۆژی دواتر ئەو پیاوە ژنەکەی هێنا لەگەڵ خۆی، پێکەوە چووینەوە بۆ ماڵەوە.

له ناو ئەو خێزانەدا سێ براو سێ خوشکم هەبوو. لە شاری سنه دایکم ناوی (ڕوقیه خان) بوو، پیشەی ژنی ماڵەوە بوو. باوکم ناوی (عەبدولی سۆفی محەمەد) بوو، پیشەی مامۆستای قوتابخانه بوو. خۆم ناوم (هێرۆ) بوو. دانیشتووی گەڕەکی (٢٢) بیست و دووی (بەهمەنی) شاری سنه بووین.

دوای ئەوەی تەمەنم بوو بە شەش ساڵ، لە قوتابخانەی (بەعسەتی نمونەیی) خوێندنم دەستپێکرد، بێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست بە نامۆیی خۆم بکەم لە ناو ئەو خێزانەدا.

ورده ورده تەمەنم بوو بە هەشت ساڵ.

ڕۆژێکیان لە کۆڵان لەگەڵ هاوڕێکانم هانا و ئەفسانە و هونا یاریم دەکرد، باوکم بەفرگرێکی بچوکی بۆ کڕیبووم، منیش وەک شانازییەک بردم نیشانی ئەو هاوڕێیانەمدا. ئەوانیش داوایان لێکردم بیدەم بەدەستیانەوە. منیش وتم نایدەم چونکە باوکی خۆم بۆی کڕیووم. لەو کاتەدا یەکێک لەو کچانەی هاوڕێم وتی خۆ تۆ دایک و باوکت نییە، تۆ هەڵەبجەییت. ئیتر منیش بە گریان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. لە ماڵەوە باوکم باوەشی پیاکردم و سەری ماچ کردم و وتی نەخێر وا نییە، من باوکتم، ئەو کچانەی هاوڕێت پێیان ناخۆشە ئێمە تۆمان زۆر خۆش دەوێ و شتی جوانت بۆ دەکڕین.

ئەوە سەرەتایەک بوو وەک هەورە بروسکە هەواڵی هەڵەبجەیی بوونی منی پێڕاگەیاندم. دواتریش هەموو ساڵێک لە هۆڵی سینەمای سنه یادی هەڵەبجە دەکرایەوە، باوکم منی دەبرد و دیارییان پێشکەش دەکردم. لەو ساڵانەی دواییدا بە باوکمم وت بۆچی دیاری دەدەن بە من؟خۆ من هەڵەبجەیی نیم؟

باوکیشم وتی ئاخر تۆ لە قوتابخانەی بەعسەتی نمونەییت و زیرەکیت، بۆیە دیاریت پێدەبەخشن.

دوای چەند ساڵێک چەند ژنێک بە میوانی هاتن بۆ ماڵمان، ڕوقیە خانی دایکم وتی هێرۆ گیان چایەکمان بۆ لێنێ. لەو کاتەدا یەکێک لە ژنە میوانەکان سەرنجێکی منی داو گوێم لێبوو وتی ڕوقیە خان ئەو کچە لە مناڵەکانی ئێوە ناکات.

کە وای وت لە ژورەکەی تر وەستام و گوێم لێ بوو دایکم وتی ئەوە هەڵەبجەییە و کەسوکاری نەماوە، چەند ساڵێکە ئێمە بەخێوی دەکەین. ئیتر کە گوێم لە وەڵامەکەی دایکم بوو، خێرا گەڕامەوە و وتم ئەی بۆ تۆ و باوکم دەڵێن ئەو کچانەی هاوڕێم درۆ دەکەن؟ کەواتە من هەڵەبجەییم....

ئیتر بێ ئەوەی گوێی لێبگرم، چ وەڵامێکم دەداتەوە، ڕاست چوومە ژورەکەی خۆم و گریام. تا باوکم هاتەوە دەرگاکەم نەکردەوە. ئیتر باوکم بۆ دڵنەوایی من هەر دەیوت نەخێر وانییە کچم، تۆ بۆ باوەڕ بە من ناکەیت. ئەی تۆ نازانی ئێمە چەنێک تۆمان خۆش دەوێ. بەڵام من هەر دەگریام و لە دوای ئەو میوانانەش هەستێکی وام لا دروست بووبوو کە مناڵی ئەوان نیم. ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە وەک جاران نەدەچوومە لای باوکم. بیرمە بۆ ئەوەی ئەو هەستەم لا بشارێتەوە باوکم وەک جاران دەیوت وەرە ماچم بەرێ. دەموت خۆ من کچی تۆ نیم ئیتر بۆ ماچت بەمێ.

لە دوای ئەوەی بۆ دووەم جار بروسکەی هەڵەبجەیی بوون لێی دامەوە، ماوەیەک بە گۆشەگیری بردمە سەر، خەفەتم بۆ ئەوە دەخوارد، بۆچی درۆیان لەگەڵ کردووم. یان بیرم دەکردەوە چۆن تا ئێستا باوک و دایکی خۆم نەهاتوون بە دوامدا. تەنانەت بیرم لەوە دەکردەوە، تۆ بڵێی ڕاست بێت کەسوکارم هەمووی مردبن.

ئەو ساڵە لە گەڕەکی (٢٢) بیست و دووی بەهمەنی شاری سنە، ماڵمان بەرامبەر بە بارەگایەکی دەوڵەتی بوو بەناوی (بەسیج). بیرمە

باوکم بەردەوام پارە و نامەی لە زەرفدا دەدا بە خەڵک. هەندێک جار بە دایکمی دەوت ئەگەر هەر کەسێک هات و بەو ناونیشانە، ئەو ئەمانەتەی بەرێ. تەنانەت بیرمە باوکم لەماڵدا دەمانچەی هەبوو. سەرەڕای هەموو ئەو کارانە، باوکم زۆر جار خۆی پەردەی ماڵی لادەدا، لە هەمانکاتدا بارەگا دەوڵەتییەکەی بەسیجی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کامێرای چاودێرییان دانا بوو لەسەری ماڵی ئێمە.

ڕۆژێکیان ئەوەندەمان زانی ژمارەیەک سەرباز هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەمان لە گەڕەکی (٢٢) بیست و دووی بەهمەنی شاری سنە و هەرچی کەل و پەلی ماڵەکەبوو سەرو بنیان کرد، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. لەو کاتەدا کە ویستیان بڕۆنە دەرەوە، بەرپرسەکەیان لە ژوورەکاندا قاچی دەکێشا بە زەویەکەدا لە پڕ ووتی ئێرەیە. سەربازەکانیش فەرش و ڕاخەرەکانیان هەڵدایەوە و ئەوەی من چەند ساڵ لەو ماڵەدا نەمبینی بوو، ئەوان بینییان و ئاشکرایان کرد. لە ژێر فەرش و ڕاخەری ژورەکەدا، ژێر زەمینێک بوو. پڕبوو لە کاغەز و بڵاوکراوەی حیزبی کۆمەڵەی ئێران، پڕ بوو لە دەمانچەو تفەنگ. دوای ئەوەی دوو سندوق دەمانچە و هەموو تفەنگەکان و کاغەز و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەیان بارکرد. خەریک بوو لە ئۆتۆمبێلەکەدا جێگای نەبێتەوە. بەو شێوەیە لەبەرچاومان کەلەپچەیان کردە دەستی باوکم و دواتر چاویان بەست و لە ماشینە سەربازییەکەدا گواستیانەوە. بارەگا دەوڵەتییەکەی بەسیجی ئێران دیاربوو بەڵگەی تەواویان لەبەردەستدا بوو، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو چاودێریی هاتوچۆکانی ماڵی ئێمەیان کردبوو. بۆیە من وا دەزانم لەوە دڵنیا بوون کە باوکم بەرپرسێکی چالاکی حیزبی کۆمەڵەی ئێرانە.

له دوای ئەو کارەساتە دراوسێکان سڵاویان لێنەدەکردین، تەنانەت منداڵەکانیشیان. هەموو ئەوەش لە ترسی گیانی خۆیان بوو، وەک بڵێی نەک ئەوانیش تێوە بگلێن بە دۆسیەکەی باوکمەوە.

دوای کەمتر لە مانگێک، چارەنووسی (عەبدولی سۆفی محەمەد)ی باوکم، بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو. پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێت، باوکم وەسیەتی کرد، ڕوقیەخانی دایکم سەردانی بکات و لە بری منداڵەکانی تریش، هێرۆ لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ زیندان. ئەو ڕۆژە من و دایکم ڕۆشتینە زیندان. بەڵام بەداخەوە لەبەر کەمیی تەمەنم نەیانهێشت من بچمە ژورەوە، بۆیە دایکم ڕوو بە ڕوو کە شوشە لە نێوان باوکم و دایکمدا هەبوو. بە تەلەفون پێکەوە قسەیان کرد. دواتر دایکم هاتە دەرەوە و پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

ڕوقیە خانی دایکم  لە ماڵەوە نامەیەکی باوکمی دەرهێنا و بۆی خوێندمەوە نوسرابوو:

کچی خۆم هێرۆ گیان، تۆ ناوت هێرۆ نییە و تا ئێستاش نە خۆت، نە هیچ کەسێک نازانێت تۆ ناوت چیە و کچی کێیت. تەنها ئەوەندە زانیاریمان هەیە کە تۆ کچێکی هەڵەبجەیت و لە ڕووداوی کیمیابارانی هەڵەبجەدا خێزانەکەت لەدەست داوە. بەڵام من نەمتوانیوە ئەم ڕاستییەت پێ بڵێم، چونکە تەمەنی منداڵیی تۆ بەرگەی هەڵگرتنی ئەم کۆستە گەورەیەی نەدەگرت. ئێستاش کە من زیندانیکراوم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڕیاری لە سێدارە دانم بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. داوا لەخێزانەکەم دەکەم پێش ئەوەی من لە سێدارە بدرێم، هێرۆ لە خاکی ئێران دەر بکەن و با بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە بۆ ناو کەسوکارەکەی.

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی (١٩٩٧) و دوای (٩) نۆ ساڵ ژیان لە ناو ئەو خانەوادەیە، بە گریانەوە یەکترمان ماچ کرد و خواحافیزیی یەکجاریم لە خوشک و برا سنەییەکانم کرد. پاشان لەگەڵ محەمەدی

برام لە سنە وە بەڕێکەوتین بۆ مەریوان، دواتر لە ناو مینی بوسێکدا لەگەڵ ژنێک سەرکەوتین بۆ مەرزی باشماخ لە سنووری پێنجوێن. پاشان محەمەدی برام لەگەڵ ئەو ژنەدا کەوتە گفتوگۆ و چیرۆکی منی بۆ گێڕایەوە و وتی:

ئەوە پارەی کرێ پاسەکەی تۆش. بەس ئەوەندە ئەزیەت بکێشە، دوایی گەیشتیتە سلێمانی ڕێنمایی ئەو کچەم بۆ بکە، بۆ ئەوەی بچێتە ناو پاسێکی هەڵەبجە، تا بە کەسوکارەکەی شاد بێتەوە.

ئیتر محەمەدی برام خوا حافیزیی لێکردم و من و ژنەکەش گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. کات ئێوارەیەکی زۆر درەنگ بوو، لەگەڵ ئەو ژنە چوومەوە بۆ ماڵەکەیان، وابزانم لە گەڕەکی ئازادیی شاری سلێمانی بوو، ژنەکە حەزی بە چارەی من نەبوو. کاتێک چووینە ژورەوە بۆ ماڵەکەی ئەو گوێنی و تورەکەیەی پێی بوو، کردیەوە، لە ناویدا ژمارەیەکی زۆر عەلاگەی بچوکی بەستراوی تێدا بوو. هەر لە ڕۆنەوە بگرە تا چا و شەکر و برنج و ئارد و گەنم و جۆ و ساوەر و زۆر شتی تر. زوو زوو لا چاوی دەدایە من، وەک ئەوەی بیەوێت شتێکی ناو گوێنییەکە لە من بشارێتەوە. ئیتر تا درەنگێک هەر دانیشتم و هیچ قسەی لەگەڵ نەکردم. ناچار منیش لە ماندوێتیدا لە جێگاکەی خۆم خەوم لێکەوت. بۆ سبەینێ بێ ئەوەی هیچ نان و خوانێک ئامادە بێت، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، ماوەیەک خۆم مەشغوڵ کرد دواتر وتم من دەمەوێت بڕۆم. هیچ قسەی لەگەڵ نەکردم. کاتێک ویستم بچمە دەرەوە، ژنەکە بە دوامدا هات، وامزانی دەیەوێت بڵێ مەڕۆ، بەڵام هیچی نەوت. کاتێک چوومە ئەو دیو دەرگاکە، یەکسەر بەدوامدا دەرگاکەی داخست.

دوای ئەوەی ژنەکە بەدوامدا دەرگاکەی داخست، منیش هاتمە دەرەوە و چوومە بەردەم دوکانێک و پارەی ئێرانیم دەرهێنا بۆ ئەوەی بسکیتێکی پێ بکڕم، دوکاندارەکە وتی ئەوە چیە ئەو پارەیە؟

منیش چیرۆکی خۆمم بۆ گێڕایەوە و وتم من هەڵەبجەییم و چەند ساڵە لە ئێران بووم، دوێنێ گەڕاومەتەوە و ئێستاش نە پارەی عێراقیم پێیە شتێکی پێ بکڕم و بیخۆم، نە کەسوکارەکەشم دەزانم لە کوێن تا بچم بۆ لایان.

ئیتر دوکاندارەکە کچێکی چواردە ساڵی قیافە ئێرانی و شێوەزارێکی سنەیی قسە بکات و جل و بەرگ و پوتی لە پێدا بێت، بەتایبەتی لەو ساڵانەی کە گرانی بوو، نەدەچوو بە عەقڵیدا، بۆیە باوەڕی پێم نەکرد و بەدەستی بەتاڵ دەریکردم.

وردە وردە برسێتی زیاتری بۆ ئەهێنام، بۆیە ئەمجارەیان ڕۆشتم تەقەم دا لە دەرگای ماڵێک و ژنێک هاتە دەرەوە. بە هەمان شێوە چیرۆکەکەم بۆ ئەویش گێڕایەوە و وتم

خێرت دەگات، شتێکم بەیتێ بیخۆم، دڵنیابە سواڵکەرنیم.

ژنەکە سەیرێکی سەرتاپای کردم و وەک بڵێی باوەڕت پێ ناکەم، وتی

جا نانم کوا بیدەم بە تۆ خۆم خوا خوامە منداڵەکانم تێر سکی خۆیان نان بخۆن.

دوای ئەو قسانە دەرگاکەی بە ڕوومدا داخست.

منیش برسێتی ئەوەندە زۆری بۆ هێنابووم، بەو گەڕەکانەی ئازادی و گۆیژە و هەوارە بەرزەی سلێمانیدا دەگەڕام، نەم دەزانی تەقە لە دەرگای چ ماڵێکی تر بدەم، بەدەم ڕۆشتنەوە دڵم پڕ بوو بوو. خەریک بوو دەگریام، بیرم لەوە دەکردەوە و دەموت تۆ بڵێی لە ئاوەدانیی ئەم شارە گەورەیەدا من بمرم لە برسا؟ ئەو کاتانەم زۆر بەلاوە ناخۆش بوو، لەسەر زەوی تەنها کەسێکم نەبێت داڵدەی من بدات، هەرکاتێک دەمویست بدەم لە دەرگای ماڵێک ، هەمان دیمەنی ئەو ژنەم دەکەوتەوە بیر کە وتی

جا نانم کوا بیدەم بە تۆ، خۆم خوا خوامە منداڵەکانم تێر سکی خۆیان نان بخۆن.

بۆیە شەرم نەیدەهێشت یەخە بە دەرگایەکی تر بگرم و تا دەهات بێ هێزتــر دەبــووم. بەو بیرکــردنەوە ئــاڵۆزانەوە، بەو برســێتییەوە، بەو بێکەســییەوە، گەیشــتمە بەردەم دەرگــای ماڵێــک و بە جــارێ هەمــوو بیرکردنەوەکــانم گــۆڕا و خێــرا تەقەم دا لە دەرگــای مــاڵەکە و ژنێکــی باڵابەرزی خان و مان هاتە دەرەوە.

وتی: فەرموو

هەمـان چیرۆکم بـۆ گێڕایەوە و وتـم تەنـانەت ئەگەر مـاڵێکیش هەبێت ئامادەم ئیشیان بۆ بکەم. ژنە خان و مـانەکە سـەیرێکی جل و بەرگەکەی کرد وەک بڵێ ئەم کچە هەژار نییە، سواڵکەر نییە، بۆیە وتـی فەرمـوو تۆ جــارێ وەرە ژورەوە. منــیش چــوومە ژورەوە و دوای کەمێــک جــۆرە شــۆربایەکی بــۆ هێنــام، منــیش لەبەر ئەوەی ڕانەهــاتبووم بە خــواردنی ســلێمانی، هەرچــیم کــرد بــۆم نەخــورا. زۆری پێنەچــوو هاوســەرەکەی هاتەوە و بە هەمان شێوە چیرۆکی منی بۆ گێڕایەوە.

لە کۆتاییدا پیاوەکە وتی جا کێ ئەڵێت وایە. ئیتر چەند پرسیارێکیشی لە خۆم کرد و دواتر دووبارە وتـی جا کێ دەڵێ ئەم قسـانەی تۆ وایە. منیش سوێندم بۆ خوارد و وتم هەرچی دەڵێم ڕاستەو من درۆ ناکەم. ژنی ئەو ماڵە ناوی (نەسرین خـان) بـوو، هاوسـەری ئەو ژنە نـاوی (دارا تۆفیق سورەبانی) بـوو، وتـی زۆر باشـە، مـن دەچـم هەمـوو ئەم قسـانەی تۆ لای پۆلیس باس دەکەم، ئەگەر وانەبوو دواتر دەتکەمە زیندان.

وتم حەز دەکەم بمدەی بە پۆلیس، چونکە لەوانەیە خێزان و کەس و کــارەکەم بــۆ بــدۆزنەوە. ئیتــر لە دوای ئەو قســانە، کــاک دارا تۆفیــق سورەبانی، ڕۆشتە دەرەوە و گوێم لێ بوو بە نەسرین خـانی وت ئەو کچە ڕاست دەکات، هەڵەبجەییە و لە کەسوکارەکەی دابڕاوە. چونکە لە

پۆلیس ناترسێت. ئەوەبوو هەمان ڕۆژ لەگەڵ کاک دارا چووینە بنکەی پۆلیسی ئازادی و خۆم ناساند کە من نۆ ساڵە لە خێزانەکەم دابڕاوم و دوێنێ لە سنەوە گەڕاومەتەوە بۆ سلێمانی.

دوای چەند ڕۆژێک کەناڵی یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبی شیوعی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم، وێنەیان بڵاو کردەوە.

دواتر نازانم لە چ ڕێگایەکەوە بوو، (جەبار فەرمان) فەرماندەی سەربازیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، داوای کرد سەردانی بکەم بۆ ئەوەی هەوڵم بۆ بدات و بە کەسوکارەکەم شادم بکاتەوە.

ئەوەبوو لەگەڵ نەسرین خان سەردانی جەبار فەرمانمان کرد و بەڵێنی داپێمان لە ماوەی هەفتەیەکدا کەسوکارەکەم بۆ بدۆزێتەوە. دوای هەفتەیەک، چووینەوە بۆ لای جەبار فەرمان و وتی بەداخەوە تۆ لە هەڵەبجە کەست نەماوە.

منیش وتم چۆن؟ هەر پورزایەکیشم نەماوە؟

وتی نەخێر.

پاشان وتی من دەتوانم چاکەیەکت لەگەڵدا بکەم.

وتم چییە؟

ووتی دەتکەم بە خادیمە لای خۆم.

وتم دەبێ ئەم ماڵە ڕازی بن.

وتی پێویست ناکات، خۆتۆ کەست نەماوە.

وتم نەخێر ئەوە چەند ڕۆژە لە ماڵی ئەوان دەمێنمەوە، بۆیە دەبێ بچم پێیان بڵێم، نەمویست بڵێم نەخێر ئیشی واناکەم، شەرمم لێدەکرد، چونکە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا کچ چی دەزانێت.

ئیتر بەو شێوەیە گەڕامەوە بۆ ماڵی نەسرین خان.

دوای چل ڕۆژ مانەوەم لە ماڵی نەسرین خان هاوسەری دارا تۆفیق سورەبانی، نزیکەی پانزە کەس هاتن بەمەبەستی ناسینەوەی من،

تەنانەت بیرمە یەکێک لەو ژنانەی هات بۆ ناسینەوەی من هەر لە بەیانی تا ئێوارە بۆ من گریا. بەڵام من هیچ سۆزێکم بۆ ئەو نەبوو، بەردەوام دەیوت بەخوا تۆ کچی منیت، بەڵام من هیچ مەیلێکم بەلایدا نەدەرۆشت. دواجار ناچار بوو خوا حافیزیی کرد.

لە ناو هەموو ئەو کەسانەی بۆ سۆراغکردنی من هاتن، تەنها (فەرهادی مامە محەمەدم) سۆزم بۆی جوڵا. ئەوەبوو هەموو چیرۆکی خۆمم بۆ گێڕایەوە. ئەویش ڕۆشتەوە و چیرۆکەکەی منی بۆ مامم گێڕایەوە و پاشان مامم هات بۆ لام. هەر لە دوورەوە (مامە محەمەدم) بینی شێوەم کرد و بە نەسرین خانم ووت ئەو ماممە.

نەسرین خان وتی نابێ لەگەڵی بچیت، کێ دەڵێ مامتە.

دوای گێڕانەوەی ڕووداو و چیرۆک و بەسەرهاتی خۆم، مامم خوا حافیزیی کرد و ڕۆژێکی تر مامم هاتەوە و ئەو جارە پورمی لەگەڵ خۆی هێنا. هەر لەو دوورەوە بێئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم بە نەسرین خانم وت ئەوەش پورمە.

نەسرین خان وتی کچم تۆ عەقڵت لەدەست داوە، چۆن هەر لە خۆتەوە دەڵێی ئەوە پورمە؟ چونکە پورم وەک نیشانە دەکەوتەوە بیرم کە لە پێشەوە سەری سپی بوو بوو.

لەو کاتەدا پورم منالێکی لەگەڵدا بوو، وابزانم داوای پارەی کرد، پورم کەدەستی کرد بە گیرفانیدا زیاتر لە چکەکەی لەسەری بویەوە و قژی دەرکەوت. کە بینیم سەری سپی بوو، یەکسەر بە نەسرین خانم وت نەخێر ئەوە پوری من نییە، پوری من ئەوەندە سەری سپی نەبوو. ئیتر بیری ئەوەم نەبوو بڵێم من چەند ساڵە دابڕاوم لە پورم و ئێستا پورم تەمەنی زیاتر بووە، بۆیە سەری سپی بووە.

ئیتر نەسرین خان وتی نەخێر ئەمە کچی ئێوە نییە، ئەگەر دڵنیان، با دایــک و بــاوکی خــۆی بــێن، ئەو کــاتە تەواو ڕاســتییەکانمان بــۆ دەردەکەوێت.

بـاوکم سـاڵی (١٩٩٧) پێشـمەرگەی بـزوتنەوەی ئیسـلامی بـوو، لەو ساڵەدا شـەڕێکی گەرم هەبوو لە نێوان بزوتنەوەی ئیسـلامی و یەکێتـی نیشــتیمانی کوردســتان دا. بەو هــۆیەوە هــاتو چــۆکردنی بــاوکم لە هەڵەبــجەوە بــۆ ســلێمانی ئاســان نەبــوو. بــۆیە دوای چەنــد ڕۆژێــک چاوەڕووان بوون. باوکم لە هەڵەبجەوە نەهات بۆ سلێمانی، بەو هۆیەوە ماڵی نەسرین خان زۆر توڕە بوون.

بـۆیە وتیـان مـادەم ئەوە چەنـد ڕۆژە بـاوک و دایکـی ئەم کـچە لە هەڵەبـجەوە ئامـادە نـین بێـنە سـلێمانی بـۆ لای ئەم کـچە. ئیتـر ئەگەر بەڕاسـتییش کچـی ئەوان بێـت ئـێمە هەر نایـدەینەوە بە دایـک و بـاوکی. دوای تەکلیفکردنــی زۆری پــور و مــامم و عــوزر هێنــانەوە، هەروەهــا گێـڕانەوەی چیرۆکـی بـاوکم کە ئیسـلامییە. هاوکـات لەو کـاتەدا شـەڕی ئیسلامی و یەکێتی بوو، ئیتر نەسرین خان ڕازی بوو لەگەڵ خۆی و پور و مامم بمهێننەوە بۆ هەڵەبجە.

لە مانگی (٥)ی ساڵی (١٩٩٧) گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە.

لە ڕێگـا بە نەسـرین خـانم دەوت بـۆچی ئەم ئۆتـۆمبێلە ئەوەنـدە خـاو دەڕوات؟

نەسرین خان وتی ڕۆڵە خاو ناڕوات، ئەوە تۆ پەلەتە.

دوای کەمێـک ڕۆشـتن دیسـان وتـم بـا بڵـێم بە شـۆفێرەکە بـۆ خێـرا ناڕوات؟

نەسـرین خـان وتـی ئەیەڕۆ حەیامـان مەبە، ئۆتۆمبێـل هەروا دەڕوات، وردە وردە نزیـک بـووینەوە لە هەڵەبــجە، ئەو کــاتە هەڵەبــجە زۆربەی

خانووەکــانی کەلاوە و ڕووخــابوو، هێشــتا بڕیــاری نەوت بە خــۆراک لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرنەچوو بوو بۆ عێراقییەکان.

هاووڵاتیـانی عێـراق و کوردسـتان و هەڵەبـجەش زیـاتر لە (٦) شـەش ساڵ بوو لە سزای گەمارۆی ئابووریدا بوون، لە گرانیدا ژیانیان بەسـەر دەبرد.

کاتێـک دابەزیـن لە نـاو هەڵەبـجە، بـاوکم لەدورەوە بینـی، یەکسـەر بە نەسـرین خـانم وت ئەوە بـاوکمە. بـاوکم ڕیشـی هەبـوو، هەر کە بەرەو ڕومـان هـات یەکسـەر سـۆزم بـۆی جـوڵا، بەڵام نەسـرین خـان لە بـاوکم دەترسا، بەڵام من خۆشم دەویست. دوای سـڵاو و یەکتـر ناسـین، بـاوکم پشتی تێکردم، زۆرم پێ نـاخۆش بـوو، بۆیە بە نەسـرین خـانم وت جێم نەهێڵیت دێمەوە لەگەڵت. کاتێک سواری تەکسی بووین بۆ ماڵی باوکم، لە نـاو تەکسـییەکەدا قـژی بـاوکمم ڕادەکێشـا، بەڵام بـاوکم هەر سەیریشـی نەکـردم. دیسـان بە نەسـرین خـانم وت نـامێنمەوە ئەگەر ئەمە باوکیشـم بێت هەر دێمەوە لەگەڵت بۆ سلێمانی. نەسرین خانیش وتی باشە بێدەنگ بە.

کاتێک گەشتینە مـاڵی بـاوکم لە هەڵەبـجە، قەرەبـاڵغییەکی زۆری لێبـوو. شەو درەنگ پورێکم هـات بۆ لام و وتـی نیشـانەیەک هەبوو لە لاشـەتدا، چەنـد جـار پـێش (٣/١٦) تـۆم شـۆردووە لەگەڵ منـاڵەکـانی خـۆم. ئیتـر سەیری کردم و وتی ئێستا تەواو دڵنیا بووم کە کچی خۆمانە و ناویشـی (ماردین)ە نەک (هێرۆ).

هەر ئەو شــەو درەنـگ داهــات، کاتێـک قەرەبـاڵخییەکە کەم بـوویەوە، باوکم هات بۆلام و دەستمان کردە ملی یەکتر.

ئیتر وتم ئەی دایکم کوا؟

بۆ نایەت بۆلام؟

پورم وتی دایکتت بۆ چییه؟ ئەو مەشغوڵی میوانەکانە. ئیتر هەر پرسیاریان لێ دەکردم بۆ ئەوەی هەواڵی دایکم نەپرسم.

ورده ورده کاتی خەو هات و هەر دایکم نەهات، دیسان وتم ئەوە دایکم بۆ نەهات؟ و

وتیان جارێ منداڵ دەخەوێنێت. لەو کاتەدا خوشکێکی باجیم لە تەنیشتم بوو خێرا وتم دەتوانی بڕۆیت دایکم بۆ بانگ بکەیت؟ یەکسەر وتی دایکتی چی؟ ئەی نازانی دایکی تۆ لە کیمیاوییەکەدا تیا چووە؟ ئیتر ئەو کاتە زانیم دایکمم لەدەست داوە. بۆیە چیترخۆم پێ ڕانەگیراو دەستم کرد بە گریان، دیسان خۆشییەکەم لێبووەوە بە شیوەن. بۆ بەیانی وتم دەچمەوە بۆ سلێمانی. نەسرین خان وتی مەیەرەوە لەگەڵ من، ماوەیەکی تر خۆم دێمەوە بە دواتا. ئیتر تا ماوەیەک لەگەڵ ماڵی باوکم و ئەو ماڵە خزمانەدا بووم، زۆر تووڕە بووم، بە تایبەتی ئەو کاتانەی بە ماردین بانگیان دەکردم، هەروام نەئەزانی لەگەڵ منیانە، تا ماوەیەکی زۆر یەکێک بە هێرۆ بانگی بکردمایە زۆر ئاسودە دەبووم، لەوەی بە ماردین بانگم بکەن.

باوکم دوای لە دەستدان و مردنی دایکم و ئێمە، ژنی هێنابوویەوە و چەند منداڵێکی هەبوو، ورده ورده خۆم ڕاهێنا لەگەڵیان. دواتریش بیرم لەوە کردەوە بچمەوە قوتابخانە، بەڵام بەداخەوە من لە سنە جگە لەوەی بە فارسی چەند قۆناغێکم خوێندبوو. لە هەمان کاتدا هەموو بەڵگەنامەو بڕوانامەکانم بە ناوی هێرۆوە بوو، بۆیە هەوڵی زۆرمدا هیچ سودی نەبوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە ڕەچاوی ئەو ڕووداوە گەورەیان نەکرد کە بەسەر خۆم و خێزانەکەمدا هاتووە. تەنها لەسەر ناوێک هەموو ئەو ساڵانەی خوێندنم لە کیس چوو. بۆیە ڕۆشتمەوە بۆ قوتابخانەو لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە دەستم کرد بە خوێندن. ئەوەبوو

به هەر شێوەیەک بوو درێژەم بە قوتابخانەکەم داو توانیم ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجە تەواو بکەم.

لە ساڵی (٢٠٠٢) واتە (٥) پێنج ساڵ دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە، ڕۆژێکیان لە قوتابخانە بووم، کچێکی هاوڕێم بینی ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو. ئاگادارییەکی کردبوو تەقریبەن بەو شێوەیە بوو

کوڕێکی هەڵەبجەیی تەمەنای ئەوە دەکات کەسوکارەکەی بدۆزێتەوە، هاوکات وێنەی کوڕەکەی لە تەنیشت نوسینەکەوە دانرابوو. پاشان نوسرابوو ئەم کوڕە لە کیمیابارانی هەڵەبجەوە وون بووە و ئێستا لە ماڵێکدایە لە ڕانیە.

منیش یەکسەر بیرم بەلای شوانەی برامدا چوو کە لە کیمیابارانەکەدا بە مردوومان دانابوو، بۆیە خێرا داوام لەو هاوڕێیەم کرد و وتم تەنها ئەو لاپەڕەیەم بەرێ. کچەکە وتی بۆچیتە؟ وتم برایەکم لە کیمیابارانەکەدا هاوشێوەی خۆم ون بووە. بۆیە دەمەوێت ئەو وێنەیە ببەمەوە بۆ باوکم تا دواتر سۆراغی ئەو کوڕە بکەین و بزانین شوانەی برامە یان نا.

کاتێک لاپەڕە ڕۆژنامەکەم هێنایەوە بۆ ماڵەوە. بە باوکمم وت ئەوە شوانەی برامە لەو ماڵەیە لە ڕانیە. باوکم وتی شوانەی چی؟ ئەم وێنەیە جیاوازە لە ئەو. وتم تۆ با بڕۆین سەرێک لەو ماڵە بدەین خۆ زەرەر ناکەین. ئیتر ئەوەبوو چووینە ڕانیە و سەرەتا چووینە ڕێکخراوی ئازادیی لاوان کە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە ئاگادارییەکەی بڵاوکردبووەوە. دوای ئەوەی بەرپرسەکە زانیارییەکەی پشت ڕاست کردەوە بۆمان بەڕێککەوتین بۆ ماڵی مام نەجمەدین. لە ڕێگا کوڕێکم بینی بە سوار پاسکیلەوە بوو، هەر لە خۆمەوە وتم باوکە ئەوە شوانەی برامە. باوکم بە توڕەییەکەوە وتی بێدەنگ بە. هەر لە خۆتەوە قسە مەکە.

دواتر بەرپرسی ڕێکخراوەکە وتی وەڵا ڕاست دەکات ئەوە بەختیارە. ئەو کوڕەیە کە من ئاگادارییەکەم لە سەر بڵاو کردەوەتەوە. ئیتر بەرپرسەکە بە شوانەی برام، یاخود بڵێم بە بەختیاری وت ئەم میوانانە هاتوون بۆ لای تۆ و دەڵێن کوڕی ئێمەیە. ئیتر ئەویش وتی دەی باشە با بێنەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر شوانەی برام لە پێشەوە با پاسکیلەکە ڕۆشتەوە بۆ ماڵ مام نەجمەدین کە خەڵکی گوندی (لێوژە)ی بناری قەندیل بوون. ئێمەش ڕۆشتین بە دوایدا.

لە شاری ڕانیە دوای ئەوەی سەلام و کەلام و ماریفەت تەواو بوو، ماڵی مام نەجمەدین ڕێزێکی زۆریان لێ گرتین و هاتینەوە سەر بابەتەکە و وتمان. چیرۆکی ئەم کوڕەمان بۆ باس بکەن؟

مام نەجمەدینیش باسی لەوە کرد، ساڵی (١٩٨٨) و لە سەردەمی بەعسدا، حەسەن ئاغای برام کە پیاوێکی باوەڕدار بوو. دوای نوێژی خەوتنان ئەم کوڕەی لە مزگەوتەوە هێنایەوە بۆ ماڵەوە. دوای ئەوە لێمان پرسی تۆ کێیت و خەڵکی کوێیت؟

وتی ناوم بەختیارە و خەڵکی هەڵەبجەم و کەسوکارەکەم لەدەست داوە. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە بێ جیاوازی وەک منداڵەکانی خۆمان لە ناو ئەم خێزانەدا ژیاوە. لەبەرامبەردا ئێمەش زۆر سوپاسمان کرد و وتمان کوڕی ئێمەیە.

مام نەجمەدین وتی بە چ بەڵگەیەک کوڕی ئێوەیە؟ ڕاستی من جگە لەوەی شێوەیم دەکرد، هیچ بەڵگەیەکمان پێ نەبوو. بۆیە وتم وێنەی ئەو ساڵانەی ڕابردووتان لایە کە شوانە لاتان ژیاوە؟

ووتیان نەخێر. تەنانەت منداڵەکانی خۆیشمان وێنەی کۆنیان نییە. دواتر هەندێک قسەمان لەگەڵ شوانە کرد، بەڵام بە داخەوە شوانەی برام هیچ لە ڕابردووی خۆی نەزانی. تەنها ئەوەندە نەبێ تۆپباران و ژێرزەمین و

ترس و لەرز و سەرمای ئەوکاتەی دەهاتەوە بیر. ئیتر لەگەڵ ماڵی مام نەجمەدین ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی جارێکی تر سەر بدەینەوە لێییان و وێنەی کۆنی شوانەیان بۆ بەرین. لەکاتی ئەو قسانەدا من چوومە لای شوانە و وەک هاوسۆزییەک بۆ خوشک و برایەتیی نێوانمان، بێ دوو دڵی دەستی شوانەی برام گرت و گوشیم و پێم ڕاگەیاند شوانە گیان تۆ برای منیت. پاشان وتم ئێستا (١٤) چواردە ساڵ تێپەڕ دەبێت ئێمە دەتدۆزینەوە، منیش دوای (٩) نۆ ساڵ بە باوکم شاد بوومەتەوە.

ئیتر وێنەیەکی شوانەم هێنا لەگەڵ خۆم و گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە.

هەرچەند من دڵنیا بووم کە بەختیار هەمان شوانەی برای منە، بەڵام بۆ دڵنیایی پێویستی بەکات و بەڵگە دەکرد. یەکێک لەو بەڵگانە ئەوەبوو، وێنەکەی شوانەی برام لەگەڵ وێنەی ڕابردووی شوانە و کەسوکارەکەم بەراورد کرد لای خزمێکمان کە هونەرمەندێکی پەیکەرتاش بوو.

لەوەڵامدا ئەو پەیکەر تاشە وتی ئەو وێنەیە لە (٩٩%) هەمان شێوەی ئەو وێنە کۆنەی هەیە کە هاوشێوەیە لەگەڵ وێنەی ئەو خزمانەتان کە ئێوە هێناوتانە بۆ بەراورد.

بەڵام ئێمە بۆ ئاسودەیی خۆمان هەر بەوە ڕازی نەبووین، بۆیە بەختیار لەگەڵ باوکم ڕۆشت بۆ تاران و پشکنینی (ژەنەتیک)یان بۆ کرد. کە جۆرە شلەیەکە لە ژێر زماندایە. دواتر پشکنینەکان ئاشکرایان کرد، کە بەختیار شوانە بێ خاوەنەکەی ئێمەیە و دوای (١٤) چواردە ساڵ بویەوە بە کوڕی باوکم و برا ئازیزەکەی من.

هێنانەوەی شوانەی برام لە ڕانیەوە بۆ هەڵەبجە ئاسان نەبوو، بۆیە بیرمان کردەوە بە ژمارەیەک ئۆتۆمبێل بچین بۆ ڕانیە و لە شێوەی ئاهەنگێکی بچووکدا ئەو دابڕانە ئاسایی بکەینەوە.

ئەو کاتەی شوانە خوا حافیزیی لە مام نەجمەدین و دایە مەریەم کرد. زۆر بۆی گریان، گریانەکەیان بەشێوەیەک بوو، خۆشی و ناخۆشی تێکەڵ بوو، بە شێوەیەک بوو. ئەگەر دایە (مەریەم) کوڕی خۆی بوایە خوا حافیزیی بکردایە لێی، هەر ئەوەندە بۆی دەگریا. بەڵام بەداخەوە شوانەی برام بە هاتنەوەی لە بری شادومان بێت بە هەڵەبجە و خێزانەکەمان، زۆر بێتاقەت بوو.

لە ساڵی (٢٠٠٢) شوانە هیچ ئاشنایەتییەکی نەبوو بە کوچە و کۆڵانی ئەو شارەی کە زێدی لەدایک بوونی بوو. شوانە لە ناو شاری هەڵەبجەدا هیچ هاوڕێ و ناسراوێکی نەبوو، تەنانەت هیچ کام لە خزمەکانی خۆمانی نەدەناسیەوە. ناچار جگە لەوەی من خوشکی شوانەی برام بووم، لە هەمان کاتدا خۆم کرد بە هاوڕێی شوانەی برام و بۆ زۆر شوێنی ناو هەڵەبجە و تەنانەت خانووە کۆنەکەی خۆمان و بۆ ماڵە خزمەکان لەگەڵی دەڕۆشتم.

لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە و لە کۆی خێزانەکەمان، تەنها خوشکێکی بچوکم ڕزگاری بووبوو. باوکم لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بە خێوی بکات، هەر لە سەرەتاوە ئەو خوشکەمی سپاردبوو بە نەنکم واتە دایکی دایکم لە ناحیەی باوەنوور- لە کەلار. بۆیە بە فرسەتم زانی داوا لە باوکم بکەم ئەو خوشکە بچوکەم بهێنینەوە بۆ هەڵەبجە و جارێکی تر خێزانەکەمان بەبێ دایک دروست بکەینەوە. ئەوەبوو سەرەتا ئەو خوشکەم ڕازی نەبوو، دواتر قەناعەتم پێکرد لە بەر برا تاقانەکەمان کە لە دوای (١٤) ساڵ گەڕاوەتەوە. ئەو خوشکەیشم بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە و جارێکی کە چرای کوژاوەی ماڵەکەمان داگیرسێنین. بۆ ئەو مەبەستەش قسەم لەگەڵ نەنکم کرد و ئەویش ڕازی بوو. لە دوای ماوەیەک پێکەوە ژیانی ئەم دوو خوشک و برایە لە هەڵەبجە، شوانەی برام بەردەوام بێتاقەت بوو، بۆ خاڵی بونەوە لەو بێتاقەتییەش بەردەوام

شوانە بیانووی دەگرت. هەندێک جار دەیوت من دەچم بۆ گەرمیان بۆ لای ماڵی خاڵوانم، لە بەرامبەردا باوکم ڕازی نەدەبوو، لە کۆتاییدا شوانەی برام ڕۆشتە کەلار. دوای ماوەیەک خوشکە بچوکەکەشم چوویەوە بۆ ناحیەی باوەنوور لە گەرمیان، تەنها من مامەوە لە هەڵەبجە. لەو ماوەیەدا کە شوانە و خوشکەکەم لە کەلار و باوەنور بوون، چەندین جار چووین بەدوایاندا، بەڵام هیچ کامیان نەهاتنەوە.

دوای (٢) دوو ساڵ و لە (٢٠٠٤) دا شوانەی برام لەگەڵ یەکێک لە کچە خاڵەکانم هاوسەرگیریی کرد، بە هەمان شێوەش خوشکەکەشم هەر لە گەرمیان هاوسەر گیریی کرد و نەهاتنەوە بۆ هەڵەبجە.

هەرچەندە باوکم حەزی دەکرد شوانە لە هەڵەبجە ژن بهێنێت. بەڵام قەدەری خوا بە ویستی باوکم نەبوو.

منیش ساڵی (٢٠٠٨) لە هەڵەبجە هاوسەرگیریم کرد.

باوکم لە باجیەکەم (٥) پێنج کچی هەیە. زۆر ئاسودەم لەگەڵ ئەو (٥) پێنج خوشکەم. کەسێک لە نزیکەوە تێکەڵ بە خێزانەکەمان نەبێت، نازانێت ئێمە بەرەی دوو دایکین، مەگەر خۆمان لای خەڵک ئەو چیرۆکە ئاشکرا بکەین. تەنانەت من زیاتر ئەو (٥) پێنج خوشکەم خۆش دەوێت. چونکە زیاتر تێکەڵم لە گەڵیاندا.

یەکێکی تر لە کێشەکانی من و شوانەی برام لە کاتی هاتنەوەماندا ئەوەبوو. لە ڕووی یاساییەوە باوکم ئێمەی مراندبوو. بۆ ئەوەی جارێکی تر وەک کەسێکی زیندوو خاوەنی مافەکانمان بین، پێویستمان بەوە بوو خاوەنی ناسنامە بین. لەو پێناوەدا زۆر ماندوو بووین، بەرپرسانی ڕەگەزنامە دەیانوت چۆن دەبێت باوکتان درۆ لەگەڵ حکومەتدا بکات؟ ئێمەش هەموو ئەو چیرۆکانەی خۆمانمان بۆ گێڕانەوە هیچ سودێکی نەبوو. تەنانەت دەیانوت دەبێ باوکتان زیندانی بکرێت. سەیرە لە وڵاتێکدا دوو منداڵی ونبووی گەڕاوەی کیمیابارانی هەڵەبجە. بیانووی

ئەوەیـان پێبگیرێـت کە بـۆ باوکتـان ئێـوەی مرانـدووە. واتە حکـومەت ئەوەندەی هەڵسەنگاندنی بۆ ناچار مراندنیانی بەلاوە نایاسابییە، ئەوەندە هەڵسەنگاندن و بایەخپێدانی گەڕانەوەیان بەلاوە گرنگ نەبێت. بیرمە ئەو ڕۆژەی لە ڕەگەزنامە بووین، وتیان لە ڕووی یاساییەوە دەبێ باوکتان زیندانی بکرێت، تورە بووم و وتم هەر ئەو ناسنامە و ڕەگەزنامەیەم ناوێت. لە کۆتاییدا تا کردیانینەوە بە هاووڵاتییەکی لە هەزار لاوە هەست بریندار و کۆست کەوتوو، خەریک بوو شێت بین.

من یەکەم کچ و منالی هەڵەبجە بووم، گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە. ئێستاش بەردەوام خەفەت بۆ دوو شت زۆر دەخۆم.

یەکەم/ بـۆ شـوانەی بـرام کە بەردەوام نەخۆشـە و بـورانەوەی لەگەڵدایە.

دووەم/ بۆ ئەو ڕۆژەی ئەو بەرپرسە کوردەی لە بێکەسیدا ویستی بمکاتە خادیمەی خۆی.

خاڵێکی تر کە دەمەوێت وەک وەفایەک بۆ ئەو خێزانە سنە-ییەی منیان بەخێو کرد، (ڕوقیە خان و ماڵی عەبدولی سۆفی محەمەد) و لەگەڵ ماڵی (ڕوناک خان و کاک دارا تۆفیق سورەبانی) بڵێم. تا ماوم سوپاسیان بکەم، دوای ئەوەی باوکە سنەییەکەم لە سەر حیزبی کۆمەڵەی ئێران لە سێدارە درا. خێزانەکەی دوای مانگێک ئێرانیان بە جێهێشت بۆ دەرەوەی وڵات. وەمن وای بۆ دەچم ئەگەر ئەو خێزانەی منیان هەڵگرتەوە ئەو کارەسات و لە سێدارەدانە بەسەر باوکمدا نەهاتایە، هەرگیز من نەدەگەڕامەوە بۆ هەڵەبجە، دوای ئەو هەموو ساڵە. وا هەست دەکەم ئەندامێکی ئەو خێزانە سنەییەم کە (٩) نۆ ساڵ لە ماڵیاندا ژیام. بۆیە دوور بۆی مەڕۆ لە هەر شوێنێک سۆراغیان بکەم و بیاندۆزمەوە بڕۆمەوە بۆ لای ئەوان و ببمەوە بە کچیان.[١٢]

## یەکەم/ تەیمور عەبدوڵڵا ئەحمەد

(تەیمور عەبدوڵڵا) لە ساڵی (١٩٧٦) لە گوندی کوڵەجۆی سەر بەناحیەی ڕزگاری لە دایک بووە. یەکێکە لە شایەد حاڵ و ڕزگاربووەکانی ئەنفال، تاکە ڕزگاربووی ناو گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منالە ئەنفالکراوەکانە. پاش ئەوەی بە برینداری لە گۆڕەکەی خۆی ڕزگار دەکات ماڵێکی عەرەب لە سەماوە پەنای دەدەن و سارێژی برینەکەی دەکەن و دواتر دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان ناو کەس و کارە ڕزگاربووەکانی.

بەم شێوەیە جینۆساید کردنی خۆی و نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە:

پاش ئەوەی کە دەستگیرکراین و براین بۆ قەڵای قۆرەتوو لەوێشەوە بە گەلابە کۆمەڵ کۆمەڵ گواستینیانەوەوە بۆ تۆپزاوا و پاشتریش بۆ گولە بارانکردن و زیندەبەچاڵکردن لە بیابانەکانی سەماوە لە باشووری عێراق کەهەر ئۆتۆمبێلێک سەربازێک یان بەکرێگیراوێک (جاشێک)ی تێدابوو بە دیار خەڵکەکەوە پاسەوان بوو.  ئەو خەڵکەی کۆمەڵ کۆمەڵ کرابون لەیەک جیا دەکرانەوە، پیاوی گەنج بە جیا، ژن و منالٔ بە جیا، پیرەژن و پیر میردەکانیش بە جیا.

لەپاش ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکان دایان گرتین خستینیانە ناو چاڵەکانەوە، پاش ماوەیەکی کەم کە تەنها دە خولەک بۆ چارەکێک دەبوو گولە باران کراین، وەک ئاوڕشێن دەستڕێژیان بە ناوماندا کردوو و لە چەند ساتێکی کەمدا هەمووی فیشەکی بەرکەوت و کەوتین بەسەر یەکدا. ئاگام لێبوو کە چۆن فیشەک بەریان کەوت و چۆن شەهید بوون. ئاگام لێبوو کە فیشەک بەر سەری دایکم و خوشکەکانم کەوتن و شەهید بوون. یەکەمجار فیشەکێک بەر سەری دایکم کەوت، سەرپۆشێکی سپی

لەسەر بوو سەرپۆشەکەی سەری پەڕی و دایکم کەوت بینیم خوێن بە لاڕومەتیدا بە فیشقە هاتە دەرەوە. گولەکان زۆر بە خێرای بەدوای یەکەوە بوون فیشەکێک  بە خێرای دای لە لاڕومەتی لاولاوی خوشکم و ئەویشم بینی کەوت، سنووری خوشکم لە ترسا ئاوا لەپی دەستی ڕاستی کردبووەوە، وەک ئەوەی بیەوێت بەدەستی نەهێڵێت گولەکە بەری کەوێت فیشەکێک دای لە دەستی و فیشقەی خوێنم بینی لە دەستیەوە دەرچوو کەوت بەسەر لاشەکەی دایکمدا. ئەوەی گێلاسم لە بەرچاو نیە وا هەست دەکەم کەوتبووە ئەودیوی دایکمەوە لێمەوە دیار نەبوو. فیشەکێک بەر گۆشتەکەی شانی خۆشم کەوت و گرمۆڵە بووم، ئیتر هەمووی لە چاوتروکانێکدا بەسەر یەکدا کەوتن. ئەو ژنەی دایکم دەیناسی بەجۆرێک کەوتبوو وەک چۆن نوێژ دەکەیت سەرت لەزەوییەو سمتی بەرزەوە بووبوو، فیشەک لە سمتی دەداو لەودیوەوە دەردەچوو خوێن و گۆشتی فڕێدەدا. گوێم لە دەنگی خاڵۆژنم بوو ئامینە عەلی عەزیز یەک دوو جار لە سەر یەک بانگی دایکمی کرد و مرد. پێشتر هەموو خەڵکەکە خڕبووبوونەوە، بەڵام لەگەڵ تەقەکاندا بەسەریەکدا کەوتن و ڕەنگە مناڵ هەبووبێت فیشەکی بەرنەکەوتبێت و کەوتبێتە ژێر لاشەکانەوە و بەو جۆرە مردبێت. ئیتر دەنگی تەقە نەما تەنها گوێم لە دەنگی خوێن بوو.

هەستامە سەر پێ لە چاڵەکانی ئەو سەرەوە بینیم شۆفڵ  وا خۆڵ دەکات بەسەر چاڵەکاندا و پڕیانی دەکردەوە. هۆشم بە خۆم بوو کە ئەگەر لێرە بمێنمەوە خۆڵ بکەنە سەرماندا دەمرم. ویستم بڕۆمە دەرەوە دەنگی کچێک هات ووتی بۆ کوێ دەچیت، تاریک بوو بە هێواشی قسەم کرد ووتم ئایا تۆ ساغی؟ یان برینداریت؟ کچەکە ووتی من زیندووم بەڵام قاچم لە ژێر تەرمەکاندایە، پێم ووت هەستە با بڕۆین ڕاکەین خۆمان بشارینەوە. بەهێواشی ووتی من نامەوێ دایکم بە تەنیا بەجێبێڵم

و لە سەرباز دەترسم نایەم. کچێکی هەشت بۆ نۆ ساڵان دەبوو. هیچ هەستێکی ترم نەبوو چی پێبڵێم یان هەوڵی لەگەڵ بدەم بێتە دەرەوە، ئێستا لۆمەی خۆم دەکەم بۆچی ئەو کچەم دەرنەکرد، نازانم ئەو کاتە تەنها ئەوەندە هۆش و بیرم هەبوو. کە دەمویست لە چاڵەکە دەرچم یەک دوو جار لەبەر خوێن پێم دەخلیسکا لەسەر خۆڵەکە چونکە وەک قوڕاوی لێهاتبوو، بەڵام دەرچووم. سەرم لێشێوابوو تۆ وەرە بیهێنە پێشچاوی خۆتان مناڵێکی دە دوانزە ساڵان تووشی ئەو هەموو چەرمەسەریە بێت و بە بەرچاوتەوە هەموو کەسوکارت بکوژرێت خۆشت بە برینداری دەرچیت بە ئازارێکی زۆر و ترسێکی زۆرەوە بە شەوێکی تاریک و لە دەشتێکی چۆڵدا دەبێت چۆن بێت. خۆشم نازانم چۆن ئەوەنە وورە و توانام هەبوو بەرگەی ئەو هەموو مەینەتییە بگرم. ئەو کچەی بە زیندویێتی کە لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەدا بەجێمهێڵا، دەهێنمە بەرچاوی خۆم و دەڵێم بەس نەبێت منیش وەک ئەو نەترسام و ئەگەر منیش نەمویرایا دەرچم و بەناو تاریکیدا بکەومەڕێ، ئەوە ئێستا کێ دەیزانی ژن و مناڵەکانی ئەنفال چییان بەسەر هاتووە، دەبوو تا هەتایە کورد بەدوای چارەنوسیاندا بگەڕایا، بەڵام دەڵێم خوا منی بۆ ئەوە ڕزگارکرد بۆ ئەوەی ئەو تاوانە بە شاراوەی نەمێنێتەوە.

کە لەچاڵەکە هاتمە دەرەوە تەماشام کرد لە دوورەوە تارماییەک دەبینم جیاواز بوو لە ڕەنگی ئاسمان و ڕەشی دەکردەوە. دەمزانی ئەمە ئاسمان نیە و زەویش نیە چونکە لە زەویەکە بەرزتر بوو. بەرەو ئاراستەی ئەو تاریکیە چووم نزیک بوومەوە دەنگی سەگ پەیا بوو، لەبەر ئەوەی من مناڵی لادێ بووم دەمزانی سەگ لە لادێ هەیە، زۆر دڵم بە سەگەکان خۆش بوو ووتم ئیشەڵا خوا فریام کەوتووە و ئەمە لادێ-یە، زانیم ئێرە ئاوەدانی لێیە، بەڵام دەشترسام لەوەی سەربازگە بێت. ئیتر زیاتر کەوتمە خۆم و بەرەو لای دەنگی سەگەکان چووم.

ســەگەکانیش بەرەو لای مــن هــاتن، ترســی ئەوەم لێنیشــت بەهــۆی برینەکـانی لەشـم و خـوێنەکەی گیـانمەوە ئێسـتا دەمخـۆن، لە ترسـا لە شوێنی خۆم دانیشتم دەستم بەناو لمەکەدا گێژدا بەردێکم هەڵگرت تا ئەگەر زۆر لـێم بێنە پێشـەوە تێیـان بگـرم. سـەگەکان بە وەڕە وەڕ لـێم نزیـک بـوونەوە نـازانم سـێ بـوو یـان چـوار سـەگی زۆر گەورە بـوون، منیش لە شوێنی خۆم چۆکم خستبووە سەر زەویەکە و نەمدەزانی چی بکەم باشە هاوار بکەم، بگریم، بەردەکەی دەستم تێبگرم، ئاوا بمێنمەوە. ســەگەکانیش بە چواردەورمــا وەک ئەوەی بــازنەیەک بەدەورمەوەبێــت دەخولانەوە و دەوەڕین. دیاربوو بە لای سەگەکانیشـەوە شتێکی سـەیر بـووە بەم شـەوە تاریـک و نـاوەختە و لەم چـۆڵەوانییە ئەم شـتە چیـیە لەوان پەیا بوو. سەگەکانیش لە دووری چەند مەترێکی کەمەوە بەدەورما دەســوڕانەوە و دەیــان نەڕانــد، ئەو بەردەی بەدەســتمەوە بــوو گــرتمە ســەگەکان وەک تــاکە هۆکارێـک کە بتـوانم خـۆمی پێبپـارێزم و نەیەنە پێشــەوە لـێم، خواوڕاســان دای لە یەکـێ لە ســەگەکان قوریســکانی. لای تارماییەکەوە کەسێک بە لایتێکەوە پەیابوو بە پیری دەنگی سـەگەکانەوە هات و بینی وا من لە نێوان سەگەکانیدا لەسەر چۆک دانیشـتووم، کردیە هەرا ســەگەکانی دوور خســتەوە و هــاتە لامەوە، کــابراکە بــاڵمی گــرت هەســتانمیە ســەرپێ و چــووین بەرەو تارمــاییەکە بینـیم ئەمە ڕەشـماڵە، کاتژمێر دوانزەی شەو بوو بردمیە ژورەوە پیرەژنێک و کچە عـازەبێکی لێبـوو ئەوانـیش خەبەریــان بـووەوە و زۆر سەرسـام بـوون منالێـک بە شـەرواڵ و کراسێکی کوردیەوە هەمـوو لەشـی خـوێنە و لەم چـۆڵەوانیە چی گەیاندویەتیە ئەم ڕەشماڵەی ئەوان.! نـان و دۆیـان بۆ هێنـام، خۆشـم نازانم هۆی چی بـوو داوای پیـازم دەکرد ئەوانیش لـێم تێنەدەگەیشـتن و پیـازیـان بـۆ نەهێنـام. جلەکانیـان لەبەرم داکەنـد و سـوتاندیان، بە پەڕۆ خـوێنەکەی لەشـمیان سـڕی و دسداشـەیەکیان هێنـا کردیـانە بەرم، ئیتـر

خستمیانە سەر جێگەیەک، چونکە زۆر هیلاک و ماندوو بووم خەوم لێکەوت. بەیانی کاتێ لە خەو هەستام و ڕۆژ بووەوە بینیم ئەوان مەڕدارن و بۆ مەڕ لەوەڕاندن هاتوونەتە ئەم شوێنە، شەو تەنها ڕەشماڵەکەم بینی. بەیانی تەماشام کرد ئۆتۆمبێلێکی وەک لۆری کەمێک بچوکتریشی لێبوو هەر ئەو ڕۆژە بەو ئۆتۆمبێلە منیان گواستەوە بۆ دێیەک حەوت هەشت ماڵێک دەبوو. چووینە یەکێ لەو ماڵانە دیار بوو وەک بڵێی ماڵی خۆیان و کەسوکاریان بوو بەڵام خێزانی تریشی لێبوو. منیان خستە سەر قەرەوێڵەیەک و ئیتر مناڵەکانیان دەوریانداوبووم و خێزانەکەیش بەیەکدا دەهاتن و دەچوون و هەستم دەکرد شپرزە بوون. دەترسام خوایە دەبێت چیم بەسەر بێت، پاش ماوەیەک کەوتنە تەداوی برینەکانم بە پەڕۆ دەیانسڕیمەوە و ڕۆنیان لێی ئەدا، زۆر زۆر ئازارم هەبوو بەڵام بەوە دڵخۆش بووم دەمووت ئەگەر ماڵێکی باش نەبن تەداویم ناکەن.[١٣]

### دووەم/ ڕەحمە عەبدولکەریم بابا یوسف

(ڕەحمە عەبدولکەریم) لە دایک بووی ساڵی (١٩٦٦)ی تاوێربەرزی ناوچەی قادرکەرەمە و یەکێکە لە شایەدحاڵ و ڕزگاربووەکانی ئەنفال. پاش ئەوەی دەستگیریان دەکەن و دەیانگوازنەوە بۆ تۆپزاوا و جیاکردنەوەی مناڵەکانیان، ئامادەیان دەکەن بۆ جینۆسایدکردنیان. ڕەحمە عەبدولەکریم بەم شێوەیە جینۆسایدکردنیان دەگێڕێتەوە:

هەر لە ئۆتۆمبێلەکان دایان گرتین، ڕیزیان کردین، کۆمەڵێک سەرباز هاتن شێوەیان بە عێراقی نەدەچوو هەموو ڕەش ڕەش و لچ قەوی بوون. زۆر زاڵمانە مناڵەکانیان جیاکردەوە ئەوەی کە بە پێی خۆی دەڕۆی لە ڕیزەکە دەریان دەکرد و لەولاوە ڕیزیان دەکرد.. لەوێ گوێت لە قیژ و قاوی مناڵ بوایا. مناڵ بەزۆر خۆی دەنووسان بەدایک و

بـاوکییەوە ئەوانـیش بە پەل ڕاکێشـان و تێهەڵـدان جیایـان دەکـردنەوە. نازانم بەزەیی لەدڵیان نەبوو چی . شەقی وایان لە منـاڵ دەدا بەو خـوایە پێنج شەش مەتر دەڕۆی. ئینجا منـاڵە شـیرە خۆرەو بەر مەمکەکانیشـیان لێمان سەند. ژن خۆی دەنوساندە کۆرپەکەیەوە خۆمان دەدا بەزەویدا و منـاڵەکەمان دەخستە ژێر خۆمانەوە بەقژ ڕاکێشـان بەرزیان دەکردینەوە و هەموو منـاڵەکانیان لێسـەندین.. هـاواری دایک و نزولەی منـاڵ گەیشـتە کەشکەڵانی فەلەک. من خۆم منـاڵی یەک ساڵە و منـاڵی بەر مەمکەم پێبوو لێمیان سەندو بە بەرچاو خۆمانەوە منـاڵەکانیان پەلکێش کـرد و خسـتیانە یەکێ لەو هـۆڵە گەورە و درێـژانەوە.. کـورە قەت نـاتوانم باسـی نـوزەو هـاواری ئەو منـاڵانەتـان بـۆ بکەم. خۆیشـمانیان کـردە هۆڵەکـانەوە. بەڵام هۆڵی چی دەتووت هـۆڵی ڕانە مەڕە ئەم سـەرو ئەو سـەری دیـار نەبوو. ژن و پیاویان پێکەوە تێترنجان ئەمەنەیان تێکردبوو. هەمـوو وەک مەیت بەسـەر یەکدا کەوتبـووین. خەڵکەکەیـش زۆر بـوو. وایـان نەکـردایە جێـی نەدەبـووەوە. بەو حاڵەیشـەوە سـۆندەیان کـردە ژورەوە و ئاویـان کـردە ژێرمان هەر ڕەق بووینەوە. تـا بەیانی هەر هـاوار و ناڵەمـان بـوو. کەس بە فریامـان نەکەوت. نـازانم ئەو شـەوە چـۆن لە ئـێمە ڕۆی، مەگەر هەر خوا بزانێ، مەگەر دۆزەخ ئاوابێ وەک باسی دەکەن. بیرم نەبوو هەر کە گەیشـتینە ئەوێ کچێکی زۆر جوان کە نـاوی (بەیـان) بـوو خەڵکی خـاڵۆ بازیـانی بـوو. تەمەنـی هەر (١٤- ١٥) چـواردە پـانزە سـاڵ دەبـوو. سەربازەکان پەلاماریان داو هەر ئەو شەوە لە تاوا شێت بوو. دوایی لە هۆڵەکان بە زنجیر دەیان بەستەوە بە پەنجەرەکانەوە.

بەیانی کە ڕۆژ بوەوە. هاتن دەرکی هۆڵەکەیان کردەوە ڕیزیان کردین و بردینیـان بـۆ لێکـۆڵینەوە. بەڵام هەمـوو ئەو خەڵـکە چاویـان بە هـۆڵی منـاڵەکانەوە بوو، دەتووت پەپولەن لە ناو پەنجەرەی هـۆڵەکەوە سـەیریان دەکرد و قیژو قاویان بوو. قاژەی جەرگمان دەهات بۆیان بەڵام چیبکەین

چواردەورمان سەرباز گرتبووی ژنێک لە ڕیزەکە لایدا دیار بوو جەرگ هەڵی گرتبوو خەریک بوو بەرەو هۆڵی منداڵەکان بڕوات هەر کوشتیان ئەوەندەیان لێدا. بەخوا من درۆ نیە گەر بڵێم گوێم لە قرچەی جەرگی خۆم بوو وا بۆ منداڵەکانم دەسووتام. یەکێکیان یەک ساڵە بوو، ئەوەی ترم قنۆرکە بوو تەنیا سێ ڕۆژ بوو لەدایک بووبوو. کە لە هەردەکەی بنکە خڕیان کردینەوە هێشتا زەلامەکانیان جیانەکردبۆوە لێمان پیاوەکەم پێی ووتم ناوی منداڵەکە بنێ (بارق) با ئەگەر خۆیشمان فەوتاین کورد بزانێ بارق وای لێکردین. ئیتر کە بردینیان بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵێ ژوور بوو هەر ژورەی مێزێک و کورسییەک دانرابوو کابرایەکی عەرەب ناوەکەی دەنووسی و کوردێکیش وەرگێڕمان بوو کوردەکە پێی دەوتین بڵێن خێزانی موخەڕیبی ئێرانین باشترە بۆتان.

ئیتر هەریەکە و قسەیەکی دەکرد. یەکێ دەیووت مێردەکەم جوتیار بووە. یەکێ دەیووت شوان و هەبوو بە قسەی وەرگێڕەکەی دەکرد و دەیووت موخەڕیبی ئێرانییە.

هۆڵ هۆڵ بەم شێوەیە ڕیزین کردین. هەر لەوێ هەموو پیاوە گەنجەکانیان جیاکردەوە. کۆمەڵێ منشەئەیان ڕیز کردبوو پیاوەکان جلەکانیانیان دادەکەن و هەریەکی کراس و شەرواڵێکیان پێیان هێشتەوە و سواری منشەئەکانیان کرد و بردنیان. بەڵام خەڵکەکە لە تاو ئەوەی جەرگەکەیان لە کۆشی ڕفانبوو گشتی حەپەسابوو. کەس لە ترسا ورتەی لەدەم دەرنەدەچوو. دوای ئەوەی ئەوانیان برد ئینجا پیرەژن و پیاوە پیرەکانیشیان جیاکردەوە ئەوانیشیان خستە ئۆتۆمبێلی موقەپەتەوە و بردنیان. ئێمەشیان خستەوە هۆڵەکانی خۆمان و ناونووسیان کردین و ئیتر نازانم خوا نابووی لەدڵییان، نازانم بڕیارەکە گۆڕا، نازانم بەزەییان پێمان داهاتەوە، چی بوو منداڵەکانیان هێنایەوە بۆناومان. منداڵی چی گشتی لە ترسا زیڕەی کردبوو هەموو میزو پیسیان کردبووە خۆیاندا

ئەوەندە هاواریان کردبوو نوزەیان دەرنەدەچوو. دەتووت خویَ کراوەتە چاویان یەک پارچە بوو بووە خویَن. بەلاّم کۆمەلیَ منالّی بیَ دایک و باوک مانەوە، دایک و باوکیان بەر ئەو وەجبانە کەوتن کە خرانە مونشەئەکانەوە و بران. من خۆم دوو منالّی بیَ دایک و باوک کەوتە لامەوە خوشک و برایەک بوون کچەکە ناوی (ئاواز قادر ئینجە) بوو کوڕەکەش ناوی (شیَرزاد قادر ئینجە) بوو. پیَنج ڕۆژ لە تۆپزاوە ماینەوە و هەر کاتژمیَریَکمان مردنیَ بوو، ڕۆژی تەنها یەکجار دەیانهیَشت بچینە دەرەوە بۆ سەرئاو، ئەویش سەربازیَک بە دیارتەوە ئەوەستاو لە دەرگای ئاودەستەکەی ئەداو زوبە وەرە دەرەوە.

بەلاّم تۆپزاوا بووبووە سەرەڕیَ هەر ڕۆژی وەجبەیەکی تازەیان دەهیَنا و دواتر جیایان دەکردەوە و دەیان بردن. بەخوا لە پەنجەرەی هۆلّەکەوە چاوم لیَبووە زەلامیان بەڕیش ڕاکیَشاوە. یەکیَکم ناسی خەلّکی ئاواییەکی نزیکمان بوو بەڕیش و قژە سەر بەزەویدا ڕایان کیَشت.

کچە عازەبم دەبینی بەچی دەردیَک ئەتکیان دەکرد. ڕۆژیَک کچیَ عازەب ئەو ناو خیَلّە بوو شەروالّی پیاوانەی لەپیَبوو ئەوەنە جوان بوو دەتووت مانگە دەسووتیَ. من دیم بەچی دەردیَ جلەکانیان لەبەر داکەن و ڕووتیان کردەوە.. کافرستانیەک بوو مەپرسە.

دوای پیَنج شەو نیوەڕۆیەک کۆمەلیَ منشئەیان هیَنا و ئیَمەشیان بەڕیز لە هۆلّەکانەوە بۆ ناو منشئەکان بارکرد. ئەو پیَنج ڕۆژە لە تۆپزاوا ئەوەنەمان ڕەزالەت دیبوو بۆ مردنیش بوایا حەزمان دەکرد بمان گوازنەوە. سەربازیَک کوردیەکی کەمی دەزانی وتی ئیَوە دەگوازنەوە بۆ شویَنیَکی تر چونکە لە سەربازگەی خالید زیندانیَکی زۆری لیَیە ئەوان دەهیَنن بۆ ئیَرە. ئیَوەش یان بۆ نوگرە سەلمان یان دوبز یان تکریت یان ڕومادی دەبەن. بۆ هەرشویَنیَ بوایا لەویَ پیَمان خۆشتربوو. نازانم چەندیَ بوو ڕەنگە کاتژمیَریَ کاتژمیَر و نیویَک بەقافلّە بە ڕیَگادا

بردینیان گەیشتینە سەربازگەیەکی تر، هەبوو خوێندەواربوو لە درزی پەنجەرە تاریکەکانەوە سەیری دەکرد. وتیان ئەمە (دوبزە).

ئەمیش سەربازگەیەکی گەورە بوو بە تەلبەند دەوری گیرابوو کۆمەڵێ هۆڵی درێژ درێژ دەتووت قافڵەی ئۆتۆمبێلن بەدوای یەکەوە دروست کرابوون. لە ئۆتۆمبێلەکان دایان گرتین. ئەو سەربازانە لەدەورمان بوون ڕەنگ و ڕوویان لەوانەی تۆپزاوا جیاوازبوو. ڕیز ڕیز ڕێکیان خستین بۆ ناو هۆڵەکان لەبەردەم هەر هۆڵێکدا یەکێک بە سجلێکەوە دانیشتبوو ناوی دەنووسی. هەر هۆڵەی (٥٠٠) پێنج سەد کەسیان تێدەکرد جگە لە مناڵ. ناوی منداڵەکانیان نە دەنووسی، ژنی وا هەبوو دەمنالی بەلاوە بوو. ڕەنگە پەنجا هۆڵ ببوایا بە چەند ڕۆژێ هەموویان پڕکرد. بەڵام ئاوو خواردنمان لە تۆپزاوا باشتر بوو.

ڕۆژێک هاتن بە فیشقە دەرمانێکیان بەسەرماندا ڕژان. نەمان زانی چیبوو. خوا ئاگادارە ڕۆژێ دوای ئەوە داروبەردی ئەو هۆڵانە بوو بە (ئەسپێ) ئەسپێیەکی گەورە کلکی هەبوو، منال تووشی نەخۆشی بوو، گشتی پێستی بووە زام. توومەس هی ئەو دەرمانەبوو. منال گەڕو گولبوو لێیان کەوتە مردن. کە دەمرد دەبوو لە پەنجەرەکەوە پاسەوانەکە ئاگادار بکەین و دەهاتن دەیانبرد ئیتر نەمان دەزانی چی لێدەکەن فڕێی دەدەن دەیکەنە ژێر خۆڵەوە یان نا؟

شتێکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە هەروا دوو هەفتە دەبوو برابووینە دوبز ڕۆژێ کۆمەڵێک قەمەرەی جام ڕەش هاتن دابەزین گشتی عەرەبی دزداشە لەبەر بوو بەناو هۆڵەکاندا دەگەڕان. زابتی هۆڵەکەی ئێمە پیاوێکی باشبوو دەیووت من لەناو کورددا بووم، لەگەڵماندا باشبوو. هات و ووتی هەرچی کچی جوان و جاحێڵ هەیە لەچکەکانتان بەدەم و چاوتاندا بئاڵێنن. ئەمانە هاتوون هەرچی کچێ ئەقڵیان بیگرێ دەیبەن بۆ خۆیان، ووتی من ویژدانم ئەوە قبوڵ ناکات، بەڵام هەرئەوەندەم

دەســـەڵاتە. کۆمەڵێکیـــان جیـــاکردەوە و بردیـــان ئیتـــر ئەوانـــیش وەک زەلامەکـان تـا ئێسـتا هەواڵیـان نـازانین، ئەوەنـدە نەبێ کە ئەمسـاڵ دەڵێن خەڵک چووە بۆ حەج ژنە کوردی بینیوە لە سعودیە ووتویانە ئێمە لە ئەنفالەکانین..! ئیتر نازانم تا چەند ڕاستە..!؟

ئێمە تـا شـەش مانگ بەو حاڵە لە دوبز ماینەوە. هەر ڕۆژێ (١٠) دە کەسمان دەبوو بڕۆین لە هەر گۆڵێکدا (١٠) دە کەس ئیشیان پێدەکردین. ســـەربازگەکەیان پـــێ پاکـــدەکردینەوە. دوای شـــەش مانـــگ ووتیـــان لێخۆشبوون دەرچووە. ئێمە بڕوامـان نەدەکـرد، هەر ڕۆژی قسـەیەکیان دەکرد. لەو کاتانەیا بوو کۆمەڵێ منشئە هاتن لە ناو تەلبەندەکە زەلامێکی زۆریان داگرت و وتیان لێخۆشبوونە و ئەوانیش بەردەبن. بەڵام زۆری پێنەچوو باریـانکردینەوە و ڕەنـگە ڕاسـت بێـت و ئەوان بەربدەن. بەڵام زابتەکەی ئێمە ووتی بڕیارەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە هیچ پیاوێک بەر نادەن.

ناونووسـیان کـردین. هەر ئەو ڕۆژە ئێمەیـان خسـتە نـاو منشـئەوە وەجبەیەک بـووین نـازانم بڵـێم چەنـد ئۆتۆمبێـل بـوو گەڕاندینیانەوە بۆ تـــۆپزاوا بـــۆ زینـــدانە ناخۆشـــەکە. هەرچەنـــدە دەیـــانووت بـــۆ بەردان هێناویـانینەتە ئێرە. بەڵام ئەو ڕۆژە ئەوەنـدەمان ئـازار تیـا چێشـتبوو. کە خسـتینیانەوە ئەو هـۆڵانە ئەو کـاتە حەزمـان دەکرد هەر لە دوبـز زینـدان بووینایـــا. هەرچەنـــدە ئەمجـــارە وازۆر نەبـــووین زۆربەی هەرە زۆری مناڵەکانمـان لە دووبـز بەو نەخۆشـیە مردبـوون کـۆمەڵێ ژن مردبـوون. بـاش بـوو تەنهـا شـــەوێک لەوێ مـــاینەوە بەیـــانی زوو خسـتیانینە نـاو منشئەی ترەوە جامی تاریکبوو هـیچ شـوێنێکمان نەدی. تا ئەو شـوێنەی کە دایـــان گـــرتین و ووتیـــان ئێـــرە عەربەتە. لەوێ ناویـــان نوســـینەوە سەرلەنوێ. لەوێ ووتیان ئێوە شانستان هەیە. هەر ئەم وەجبەیەی ئێوە ناوەکانی دەرچووە و بەر لێخۆشبوون کەوتوون ئیتر بڕیارەکە ڕاگیراوە.

دوای ناونووسین هەریەکی کاغەزێکیان پێدان و ووتیان ئەمە لە جیاتی ئامارو خستیانینە ناو منشئەکانەوە. ترساین ووتمان بەو خوایە دەمان بەنەوە بۆ زیندان. شەو بوو لەشوێنێک دایان بەزاندین و بەرەلایان کردین، ووتیان ئێرە باینجانە. لە نێوان سلێمانی و چەمچەماڵ . ئەو شەوە ماڵەکانی باینجان گرتیانینە خۆیان و بۆ بەیانی گەڕاینەوە بۆ چەمچەماڵ. ئیتر هەر ئەو وەجبەیە بوو. ئێمە زۆر کەس و کارو خزمی خۆمان هەبوو هەر لە دووبز لە هۆڵەکانی تر بوون بەرنەدران تا ئێستا چارەنووسیان دیار نیە.

بێجگە لە زەلامەکانمان، کە من هەر خۆم برایەکم بەناوی (نەجمەدین عەبدولکەریم بابا یوسف) و چوار ئامۆزام و سێ خاڵۆزام و ماڵی خەزورانیشم ئاسەواریان بڕایەوە سەراپا ژن و مناڵ و زەلامیان گیراوە. ئەو کچ و کوڕەی کە لە زیندانیش کەوتنە لای منەوە. کچەکە ئێستا ماوە و کوڕەکە شێرزاد بە (شێرزاد سەر سپی) ناسرابوو، بووە پێشمەرگەی یەکێتی و لە ساڵی (١٩٩٤) لە شەڕی ناوخۆدا لە قەلادزێ شەهید بوو.

ئێمەش لەو کاتەوە تا ئێستا لە ئۆردوگای شۆڕش لە گەڕەکی قادر کەرەمیەکان بە کولە مەرگی ژیان دەگوزەرێنین و هەمیشە چاومان ها بەڕێوە و هەر بەتەمای چارەنووسی ئازیزەکانمانین.[١٤]

### سێیەم/ فەرەج محەمەد عەزیز

(فەرەج محەمەد عەزیز) لە دایک بووی ساڵی (١٩٥٠) ی گوندی تۆپخانەی سەر بە ناحیەی قادر کەرەمە. فەرەج یەکێکە لەو پێنج کوردە ڕزگاربووەی ئەنفال کە دوای گولە باران کردن و بریندار بوون و خۆ دزینەوەیان لە ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە گەڕانەوە باشووری کوردستان.

فەرەج بەم شێوەیە باس لە جینۆسایدکردنیان دەکات:

له تۆپزاوا که گەنجەکانیان جیا کردەوە، له گەنجی (١٥) پانزه ساڵەوە تا (٥٠) پەنجا ساڵ هەر حیسابی گەنجیان بۆ دەکرد. له ناو ئۆتۆمبێلەکه هەر موقەپەتیەکەی وەک ئەشکەنجه وابوو، هەوا کێشی نەبوو، خۆیشمان هەتا دەهات زیاتر گەرمامان دەبوو، زیاتر تینومان دەبوو برسیمان دەبوو. تەنگه نەفەس دەبووین که ئەگەر نەک بۆ گوله بارانکردن، بیان ووتایه وا بۆ ئازادکردنیشتان دەبەین ناو ئەو ئۆتۆمبێله هەر بۆ خۆی مایەی ئەشکەنجه بوو. بڕوا بکه وەک ئەوە وابوو له تەنوری ئاگردابی و خولەک له دوای خولەک هەستت به گەرمای زیاترو تەنگه نەفەسی زیاتر و تینوێتی زیاتر دەکرد. هەمووومان قوڕگمان وشک بووبوو، هەر به ئاستەم هەناسەمان بۆ پێ دەدرا. زۆر کەسیش که تەنگاو بوو میزو پیسیەکەی کردبووه ناو ئۆتۆمبێلەکەوە. ئەو ئۆتۆمبێلەی ئێمه دوو کوڕی گەنجی تیابوو، موویان لێ نەهاتبوو، هەر زۆر منداڵ بوون هەر سەریان کردبوو بەیەکدا لەوە دەچوو خزم و کەسی یەکتریش بووبن زۆر دەترسان و کابرایەکیشی تیابوو کاملێش بووهەر دەگریاو دەیووت من خۆم وام له خۆم کرد، لای موستەشارێک بووم ووتویەتی برۆ چارەسەری خۆت بکه من ناتوانم داڵدەت بدەم. به ملی شکاوم هاتم تەسلیم بووم. لەسەری ئەو دۆخەی خۆمەوە زۆرم بەزەیم بەو دوو کوڕه منداڵەو بەو کابرایەدا دەهاتەوە. زۆر بەزەیم به کابرایەکی تریشدا دەهاتەوە که تینوێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو هەر دەپاڕایەوە هاواری بوو دەیووت خنکام فریام کەون قومێ ئاو، ئێ ئێمەش هەمووومان هەر وەک ئەو وابووین، بینیم پێڵاوەکانی له پێی خۆی داکەند و میزەکەی خۆی تێکرد و له تینووا خواردیەوە. ئەو دیمەنەش زۆر ئازاری دام.

نازانم چەند کاتژمێر دەکات له چێشتەنگاوە له تۆپزاوا خستینیانەڕێ هەروا چارەکێ بۆ نیو کاتژمێر خۆری مابوو که گەیشتینه ئەو شوێنەی

ڕەمیـان کـردین. دە خـولەک دەبـوو بەسـەر خۆڵـدا دەڕۆیشـتین دەنگـی تەقەکـردن دەهـات، تەقەیەکـی زۆر ئـێمە وامـان دەزانـی تەقە تەقـی ئۆتۆمبێلەکانە چونکە ڕێگاکە تاسەی زۆری تیابوو، سەرەتا وامان لێک دەدایەوە بەڵام تا ئێمە زیاتر دەڕۆیشتین زۆرتر دەنگی تەقە دەهات، ئەو کـاتە نەمـانزانی چـیە بەڵام دواتـر بـۆم دەرکەوت کە هەمـوو ئەو تەقە کردنانە تەقەی گولە بارانکردنی کورد بووە. ئەو کاتانەی کە تەقەکان دەکرا ئێمە نەمانزانی کە خەڵک ڕەمی دەکەن، من دوایی ئەوانەم بۆ دەرکەوت کە چەنێ گەنجی کوردیان خستبووە ئەو چاڵانەوە، کە هەر چاڵێکی بە باڵای زەلام پڕ کرابوو لە لاشەی لەسەر یەک.

ئەوەی من بینیم و بەسەرمانا هات هی گێڕانەوە نییە. بڕوا ئەکەی لە (١٩٨٨)وە تا ئەو ڕۆژەی بەرەو ئەمریکا دەچووین لە ناو باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تورکیا لەوێ بۆ ژن و مناڵەکانم گێڕاوەتەوە ئەویش دوای زیاتر لە (٩) نۆ ساڵ بەسەریدا تێپەڕی بوو. حەزم نەکرد ئەوەی من بینیبووم لە چاوی منەوە کەسی تر ببینێ.!

دوو کەس دوو کەس پێکەوە دادەگیراین و دەستمان پێکەوە دەبەسترا پێکەوە گولەباران دەکراین و پێکەوە فڕێ دەدراینە ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە. لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە دوو کوڕی مێرد منداڵی تیابوو، دوو گەنجی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوون کە مرۆڤ هەرچەندە ستەمکار بێت و ئەم دوو گەنجە دوژمنیشت بن دەستت تێناچوو بیانکوژی. لەناو ئۆتۆمبێلەکە لە پێش من و ئامۆزاکەمەوە دانیشتبوون دوای ئەوەی هەشت کەسیان برد بۆ گولە بارانکردن، نۆیەم و دەیەم کەس ئەو دوو گەنجە جوانە بوون، کاتێ کە دەیانزانی ئەم جارە کە سەربازەکان گەڕانەوە نۆرەی ئەوانە خۆیان دەنووسان بەسەر ئەو تەختەیەوە کە لەسەری دانیشتبوون و هەڵ دەلەرزین ڕەنگیان نوری لێ دەباری. نەمدەتوانی تەماشایان بکەم، کە سەیرم دەکردن هەستم دەکرد

ئەمەوێ هەتا دەتوانم هاوار بۆ خوا بکەم. لە تاوا هەر دەپاڕامەوە و ئایەتەلکورسیم دەخوێند. دەمبینی لەگەڵ هەر هەناسەدانێکدا هەناسەیان کورت تر دەبوو. دەستی ئامۆزاکەمم گرت و ووتم با ئێمە لە پێش ئەم دوو گەنجەدا بمرین. توخوا با مەرگی ئەم دوانە نەبینم. بە زۆر پەلی (ساڵەح)ی ئامۆزامم ڕاکێشا و هاتینە پێشیانەوە، ئەمجارە کە تەماشایانم کرد هەستم کرد لە سیمایاندا خۆشحاڵیم بەدی دەکر، دیاربوو زۆر بەوە دڵخۆش بوون کە مەرگیان چەند خولەکێک دوا دەکەوێت، لەوە دەچوو هەر بە ئومێدی ئەوە بووبن کە خوا دەگاتە فریایان و ئاوا بە ڕەزیلی نامرن. کە دوو سەربازە جەلادەکە گەڕانەوە من و ساڵەح لە بەردەمیاندا ئامادەبووین بۆ مەرگ توند هەر یەکی کردیان بە قۆڵی یەکێکماندا و دایان گرتینە خوارەوە. سەرەتا وا هەستم دەکرد کە بەوەی گیانی خۆم ببەخشم گیانی ئەو دوو گەنجە ڕزگار دەکەم. بەڵام ئەوەی من دەمویست بە چاوی خۆم نەیبینم ئاخری هەربینیم.

کە دایان گرتین سەرباری ئەوەی کە هەنگاو بەرەو مەرگ دەچووم بەڵام ئەوەندە لەناو ئۆتۆمبێلەکە تەنگە نەفەس بووبووم خۆزگەم خواستبوو یەک جاری تر ڕووناکی دەرەوە ببینم دڵم بەو ساتانە خۆش بوو کە ڕووناکیم بینی و چاوم بە زەوی کەوتەوە. لەو ساتە کەمەی کە لە ئۆتۆمبێلەکە دامیان گرت و تا ئەو کاتەی چاومیان بەستەوە زۆر شتم بینی و زۆر شت سەرنجی ڕاکێشام، چاڵی درێژ درێژم بینی، شۆفڵم بینی، سەربازی زۆرم بینی. تەرمی زۆرم بینی.

دوا دیمەن بینیم لایتی شۆفڵەکە بوو کە لەدورەوە ئیشی دەکرد و خۆڵی دەکرد بەسەر لاشەی کورددا. دوای ئەوەی دەست و چاویان بەستین گیانمان گەڕان، من ڕەگەزنامە و پارەی زۆرم پێبوو. ئەوەی لە گیرفانەکانم بوو دەریان هێنا و چونکە لە گیرفانمدا بوو زۆر نەگەڕان، بەڵام پێش ئەوەی بمانبەن بۆ تۆپزاوە هەندێ پارەم لە ناو دەرپێ

کورتەکەم شاردەوە لەوێ نەیاندۆزیەوە و ئەو پارەیەم پێمایەوە. لەو کاتەدا ئەوەی بە خەیاڵمدا دەهات خوێندنی ئایەتەلکورسی بوو. بڕیاری مەولویەکیشمدا کە ئەگەر ڕزگارمبێت گوێلکێک دەکەمە خێر. پاڵی خستین لەسەر دەم و پێی ووتین شایەتمان بهێنن. ئێمە هەر شایەتمانمان دەهێنا و لەبەر خۆمانەوە دەپاڕاینەوە. ئەوانیش بە عەرەبی شتێکیان خوێند نازانم چی بوو، ئایەت بوو نازانم قسەی سەددام بوو دەیانخوێند نازانم چی بوو.

من هەرچەندە چاوم بە جامانەکەی خۆم بەسترابوو، بەڵام لەگەڵ یەکەم فیشەکدا هەستم کرد کە دوای ئەوەی لە ئەملاو ئەولای سەرم و شان و گشت گیانمدا دەیدا بە زەویەکەدا و قوڕ و خۆڵی هەڵ دەدایە ئاسماندا و هاوار و یەک دوو جار لرخە لرخی ساڵەحی ئامۆزاشم گوێ لێبوو کە کاتێ فیشەکەکان دای لێی و لە تاو ئازار هاواری دەکرد و گۆشت و خوێن بەر گیانی منیش دەکەوت. لەبەر ئەوە گیانمان پێکەوە نووسابوو، لە کاتی گولە بارانکردنەکەشدا کاتێ ساڵەحی ئامۆزام بەرکەوت و لەگەڵ فیشەکەکەدا هەڵبەزیەوە کەوتبووە سەر لایەکی من و خوێنەکەی ڕژابووە سەر مندا. بەڵام من دوای تەقەکان ئیتر وا هەستم کرد کە منیش کوژراوم. هەست دەکەم ماوەیەکیش ئاگام لە خۆم نەمابوو، چونکە دوای تەقەکان تا ماوەیەک دوای ئەوە نازانم چی ڕویداوە و چەنی پێچووە، بەڵام هەندێ دوای ئەوە هاتمەوە سەر خۆم هەستم کرد من نەمردووم و ماووم بەڵام هۆشم بە خۆم نەبوو حەپەسابووم هەر دەنگی تەقەی تر دەهات و گوێم لە هاوار و ناڵە بوو، گوێم لە ئاخ و ئۆف و شایەتمان بوو، دەمزانی من کە نەمردووم، دەمزانی کە برینداریش نیم، بەڵام وا هەستم دەکرد کە ڕۆحم زامدار بێ. جوڵەم لێ بڕابوو وەک تەرم وابووم دەمویست بجوڵێم بزانم ماوم،

نەمـــدەتوانی بجـــوڵێم. کـــاتێکم زانـــی بەســـەر زەویەکەدا هەردووکمـــان ڕادەکێشـن و لە لێوارێکی بەرز بەریـان دایـنەوە کەوتیـنە سـەر کـۆمەڵێ تەرمی تردا فیشکەی خوێن دەهات، هاوار هاوار بوو هەبوو بریندار بـوو هێشــتا نەمردبــوو لە تــاو ئــازاری گیــانی دەینالاّنــد دەپــاڕایەوە. وورده وورده هەستم دەکرد خەریکە دێمەوە سەر خۆم دەزانم من ئێستا لە کـوێم شـتەکانم بیـرکەوتەوە، دەزانـم ئەم کـۆمەڵە تەرمەیە کە کەوتـوون چـین و دەشــمزانی یەکێـک لە لاشــەکانی تەنیشــتم ســاڵەحی ئــامۆزامە. هەستم دەکرد ئێستا وا باشتر گوێم لە دەنگی دەستڕێژی گولەیە و گوێم لە نەڕە نەڕی شـۆفڵە وا ئـیش دەکەن، بەڵام هێشــتا نەمتوانیـوە دەسـتم بکەمەوە و چاویشـم هەر بەستراوەتەوە. دەمزانی کە ئەمە ئەو شـوێنەیە کە ئیتر بە شۆفڵ خۆڵ دەکەن بەسەرماندا، وام دانابوو کە جوڵە لە خـۆم ببڕم تا نەزانن من زیندووم کەی شـۆفڵ خـۆڵی کردە سـەرماندا و ئەوان ڕۆیشــتن مـن لە ژێـر خـۆڵەکەدا دەرچـم. بەڵام وردە وردە زیـاتر بیـرم دەکەوتەکار لە خۆمم دەپرسی کە من ئێستا ناتوانم لاشەیەک لە سـەر خۆم لابەرم چۆن دەتوانم بە بالاّی زەلامێک خـۆڵ لابەرم. کە ئەوەم لێک دەدایەوە وورده وورده هێزم دەدایە خۆم هەستم کرد کە ئێستا دەتوانم بجـوڵێم هەنـدێ خەریکـی دەسـتم بـووم تـوانیم دەسـتم بـکەمەوە و بە هێواشــی جامانەکەشــم لەســەر چــاوم لابـرد. بەڵام بـڕوا بـکە تــا پێـنج خولەکیش جامانەکەم لابردبوو توند چاوی خۆم نوقاندبوو نەم دەوێـرا چــاوم بــکەمەوە. لەم ماوەیەشـــادا چەنـــد لاشـــەیەکی تریـــان بەردایەوە سـەرمان کە مـن کاتێ چاوم کردەوە هەرچەند دونیا تەواو تاریک بـوو ناو چاڵەکەش تاریکتر تەماشای ئەملاو ئەولای خـۆمم کـرد هەمـوو لاشـە بوون لە ناو لاشەکاندا تەرمی ئەو دوو کوڕە گەنجەم بینی کە ئێستاش ئازاریـان وا لە نـاو دڵمدایە و بە قەدەر براکـانی خـۆم زیـاتر خەفەتـم بـۆ

خـواردن. مـن پێشـیان کەوتـم تـا مەرگـی ئەوان نەبیـنم کە چـی لاشـەی هەردووکیان لەبەردەستم بوو. چاوم لێبوو لەو سـەری چاڵەکەوە شـۆفڵ ئیشی دەکرد لایتەکەی لە نـاو چاڵەکە دەدا بەدرێژاییەکـی زۆر هەمووی لاشەی لەسەر یەک بوو، ئاگام لێبوو دوو سەرباز هـاتن بەنـاو لاشـەکاندا دەگەڕان ئەوەی کە بریندار بوو دەجوڵایەوە و هاواری بوو دەسـتڕێژیان لێ دەکرد و دەیانکوشت. ئەمجا وەخت بـوو زراوم بچێ ئەمجارە زۆر دەترسـام زۆر لەو حـاڵەتە ناخۆشـتربوو. ئەمجـارە ژیـانم زۆر لا خۆشەویسـتتربوو، دەپـاڕامەوە و ئایەتەلکورسـیم دەخوێنـد کە هەسـت نەکەن ماوم، هەناسـەم لە خـۆم بڕیبوو. هەرچەنده هیچ ئومێدێک نەبـوو بـۆ ڕزگـاربوونم و ترسـی ئەوەم هەبـوو کە پـاش کەمێکـی تـر بەشـۆفڵ خـۆڵ بـکەن بەسـەرمدا، کەچـی زۆر دەپـاڕامەوە ئەم دوو سـەربازە نەمکوژن. خوا کردی ئەوانیش بەسەرمدا تێپەڕین و کە بەسەر لاشەکاندا ئەڕۆیشتن گوێم لە قرچەی شکانی ئێسک بـوو لە ژێر پێیانـدا کەبەسـەر لاشەکاندا دەچوون. دوای ماوەیەک کە ڕەنگە کاتژمێرێکی پێچووبێ هەر ئـاوا لەنـاو لاشـەکاندا بـووم. تەواو تاریـک بووبـوو، ئەمجـارە سـەرم بەرزکردەوە تەماشای ئەملاو ئەولام دەکرد بە بیرمدا هات کە ناوی خـوا بهێنم و هەوڵـدەم لە نـاو لاشـەکان دەرچـم، بەڵام لەشـم هەمـووی هەر خـوێنە بەنـاو لاشـەکاندا هەنـدێ لەسـەر چـۆک و هەنـدێ بەزگە خشـێ ڕۆیشتم هەستم کرد کەس ئاگای لێنییە بەو شێوەیە چاڵەکەم بڕی کە بە پانایی چوار مەتر و درێژییەکەی زۆر زۆر بوو دیاربوو شـۆفڵ بەناویـدا ڕۆشـتبوو، چـونکە ئەوسـەری قـوڵییەکەی کەم بـوو شـۆفڵەکە لەوێـوە سـەرکەوتبوو، منیش بەشـوێن شـۆفڵەکەدا دەرچـووم بێئەوەی ئـاوڕ بـۆ دواوە بـدەمەوە ڕامکـرد، مـاوەیەکی زۆر کەم ڕۆیشـتم کەوتـمە چـاڵی لاشـەی تـرەوە ئەویشـم بـڕی چەنـدین چـاڵی پـڕ لاشـە و چـاڵی تـری

ئامادەکراوم بینی، هەر ڕامدەکرد و نەوەستام یەکەمجار ئاوڕم بۆ دواوە دایەوە هەستم کرد ماوەیەکی باش دوور کەوتومەتەوە و لایتی ئۆتۆمبێلەکانم لێوە دیاربوو ناوچەکە وەک ئەوە وابوو ناو دۆڵێکی پان بێت، ئیتر ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێ ڕێگام بڕی و ئەوجا دانیشتم و کەمێک پشوومدا.

لەبەر ئەوەی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا کە لە تۆپزاواوە بردینیان ناو ئۆتۆمبێلەکە زۆر گەرم بوو ئەوجا لە تاو گەرما پێڵاوەکانم داکەندبوو کاتێکێک دایان گرتین بۆ گولە بارانکردن پێم پەتیبوو. دوای ئەو کاتژمێرە ڕاکردن و بەپێ بڕینە هەستم کرد کە پێم ژانئەکات، هیلاک و ماندووم، تینووم ئازارم هەیە، دەترسام. ئیتر خۆیشم نەم دەزانی بۆ کوێ دەچم، هەر ڕێگەم دەکرد بێئەوەی بزانم ڕووم لەکوێیە. لەهەر شوێنێ ئاوەدانی دیاربوایە لە ترسا ڕووم تێنەدەکرد خۆشم نەمدەزانی دەمەوێ بۆ کوێ بچم. چونکە گیانم بە خوێنەوە بوو، نازانم بۆنیان کردبوو چی بوو هەندێ سەگ بەوەڕە وەڕ بۆم هاتن، دەستم بۆ زەوی دەبرد و هەمووی لم بوو هیچم شک نەبرد پەنای بۆ ببەم، زۆر دەترسام کە سەگ بمخوات، سەد خۆزگەم دەخواست وەک ئەو خەڵکە منیش فیشەکەکان بەرم بکەوتایە و بمردمایە و ڕزگارم نەدەبوو. ناشوکوریم دەکرد و دەمووت خوا بۆ نەگبەتی منی هێشتەوە، سەگەکان زۆر تەنگیان پێم هەڵچنی لە تاوا خۆم وەک ئاژەڵی چوار پێ لێکرد و هەتا هێزم تیابوو دەمنەڕاند و مۆڕەم لە سەگەکان دەکرد. هەستم کرد کەوام کرد سەگەکان هەڵوێستەیان دەکرد و دەگەڕانەوە دواوە. فرسەتم بینی و زیاتر دەمنەڕاند و ئەمجارە من بەرەو ڕوویان چووم، سەگەکان لە ترسا ڕۆیشتن و لەدورەوە پێم دەوەڕین. ئیتر ئەو شەوە تا ڕۆژ بۆوە من هەر ڕێگام بڕی، لە کوێ لایتی ئۆتۆمبێل دیاربوایە بۆی نەدەچووم،

ئـاوەدانی لە هەرشـوێنێک دەرکەوتـایە ئاراسـتەی ڕێـگەکەم دەگـۆڕی، تـا ڕۆژم لێبووەوە.

ئیتـر بەرچـاوم ڕوونتـر بـوو هەرچەنـدە نەمـدەزانی ئەم شـوێنە کـوێیە بەڵام کە ڕۆژ بووەوە و ڕووناکی خۆرم بینی هەر لەخۆمەوە ئومێدم لا دروستبوو کە پشت بەخوا ڕزگارم بووە، زۆرم برسـی بـوو کەوتمە گیا خواردن. لە دورەوە جۆگە ئاوێکم بینی منیش هـیلاک و تینـوو وا کـوێر دەبم بۆ قومێ ئاو، ڕۆیشتم ئاوم خواردەوە دەست و پێ و دەم و چـاوم شۆری هەندێ جلەکانم پاککردەوە کە بەخوێنەوە بـوون، هەمـوو لەشـی خۆم تەڕکردبوو تا خوێنەکە لە گیانم بێتەوە، خۆمم دابـووە بەر خـۆرەکە کـاتێکم زانـی کـابرایەکی پیـر وا بەرەو لای مـن دێت و دیـاربوو ئەو منـی بینیبوو، هیچ چـارەیەکم نەمـاو شـوێنێ نەبـوو خـۆمی لێبشـارمەوە و زۆر ترسم لێنیشت، لەم دەشتە چۆڵەدا ئەم کابرایە چییە پەیدا بوو. کاتێ هـات و نزیــک بــوویەوە کە ســڵاوی لێکــردم و کەوتە قســەکردن لەگەڵمــدا تەماشام کرد (کورد) بوو، شوان بوو. ئیتر وەک ئەوەی تازە لە دایـک بـم ئــاوا هەمــوو ناخۆشــیەکم لەبیرچــووەوە. وەک ئەوە وابــوو خــوا لە ئاسمانەوە ئەم پیاوەی کردبێ بە فریشتە و بـۆ منـی نـاردبێ. لێی پرسـیم بۆ وا کەوتویتەتە ئەم دەشـتە؟ بـۆ گیانـت بە خـوێنە؟ بـۆچی پێت پەتیە؟ هەســتم کــرد زۆر بە پەرۆش و خەمخــۆرییەوە ئەم پرســیارانەی کــرد. زۆرتر لای خۆمەوە تەگبیرم کردبوو کە ئەگەر تـووش هەر ئـاوەدانییەک بووم دەڵێم شـۆفێری ئۆتـۆمبێلی ئیشـغاڵم و وەرگەڕاوین لە ئۆتۆمبێل و هاوڕێکانم مردوون و ڕێگام لێ گۆڕاوە. کە ئەمەشـم بە کـابرا ووت زۆر بەزەیـم پێمـدا هـاتەوە. منـیش لە ئەوم پرسـی کە ئەو چـی دەکـات لێـرە و ئێرە کوێیە من چی بکەم؟ ووتـی ئێمە کـوردی ئێـرانین دەمێکە لێـرەین و لە کەمپێکـداین لە نزیـک ڕومـادی. ئیتـر زۆر دانیشـتین و دڵـی دامەوە و

ڕێگای بۆ کێشام کە چۆن بچم بۆ ناو ئۆردوگاکە و ناونیشانی ماڵێکی داپێم کە تەکسی هەیە و ئیش دەکات تا ئەو بمبات بۆ ڕومادی و لەوێوە بۆ بەغداد بچم.

کاتێ بەرەو لای ئەو شوێنە دەچووم کە پیرەمێردەکە ناونیشانەکەی دابوو پێم تووشی ڕەبایەک بووم کە هەمووی سەربازی بوو زۆر ترسام وام دەزانی ئەوان بە دۆخەکەی من دەزانن و دەمناسنەوە و دەمگرن، بەڵام ئەوان هەر لە دوورەوە تێیان خوڕیم کە نزیکی ڕەبایەکەی نەبمەوە و دوور بگرم. کەمێک هۆشم هاتەوە و شوکرانەیەکی خوام کرد کە ئەمجارەش ڕزگارم بوو. نزیکی بانگی نیوەڕۆ بوو گەیشتمە ئەو ئۆردوگایەی کە پیرەمێردەکە ناونیشانی داپێم. سەرەتا تووشی هەندێ گەنج بووم خشتیان دەبڕی سڵاوم لێیان کرد بە کوردی وەڵامیان دامەوە و ئەوان زۆر بە سەرسامیەوە تەماشامیان دەکرد کە غەریب بووم و بەپێی پەتی و سەروملێکی شێواوەوە چومەتە ئەوێ و جلی کوردیم لەبەرە بەلایانەوە سەیربوو، هەرکەس دەیپرسی هەر ئەو قسەیەی یەکەمجارم دەکردەوە کە شۆفێرم لە ئیشغاڵ و ئۆتۆمبێلەکەم وەرگەڕاوە، بە پرسیار ماڵەکەم دۆزیەوە کە پیرەمێردە شوانەکە ناونیشانی دابووپێم.

لە دەرگای ماڵەکەم دا ژنێک دەرگای کردەوە سڵاوم لێکرد و چوومە ژورەوە، زۆر سەرسام بوو بێئەوەی خوڵکم بکات خۆم کرد بە ژووردا. دانیشتم و پرسیاری ئەو ناوەم کرد کە ناونیشانیان دابوو پێم. ووتی نییە لە ماڵ دۆخی خۆم جارێکی تر باس کرد کە جۆن وەرگەڕاوم و شەوو ڕۆژێکە ڕێگەم لێ تێکچووە و نانم نەخواردووە. ژنەکەیش بەزەیی پێمدا هاتەوە نانی بۆ هێنام و چایی بۆکردم و نیو کاتژمێر دوای ئەوە مێردەکەی هاتەوە. ئەویش کاتێ چاوی بە من کەوت سەرسام بوو کە ئەم کابرایە چی دەکات لە ماڵیان. سەر لەنوێ ئەو دۆخەی بۆخۆم

ڕێکخستبوو بۆ ئەویشم گێڕایەوە و داوای هاوکاریم لێکرد کە بمبات بۆ شوێنێ کە بتوانم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. ووتی من ناتوانم بتبەم چونکە منیش کە ئۆتۆمبێلم هەیە ڕۆژی یەکجار بە کارت بۆمان هەیە لەم ئۆردوگایەدا دەربچین من نۆرەی خۆمم تەواو کردووە و ناتوانم جارێکی تر دەربچم لە ئۆردوگاکە چونکە ئێمەش وەک زیندان واین. ئیتر زۆر نائومێد بووم و دیاربوو بە ڕوخسارمەوە، کە هەستاین و بینی پێم پەتیە بەلایەوە سەیر بوو ووتم ئێستا پێڵاو دەکڕم ڕازی نەبوو، لەماڵی خۆیان جوتێ نەعلیان داپێم، دیاربوو ئەم حاڵەتە بۆ من باش بوو زیاتر بەزەیی پێمدا هاتەوە و ووتی بابڕۆین ئێستا ڕێگەت بۆ دەکێشم چی بکەیت. کە هاتینە دەرەوە لەگەڵم هات تا دەرەوەی ئۆردوگاکە ووتی لە ناو ئۆردوگاکە سواری ئۆتۆمبێل مەبە چونکە ئەوە بازگەکە لەوێیە نەوەک داتبگرن، ڕێگەیەکی تولەڕێی نیشاندام کە بەپێ بەو ڕێگایەدا بڕۆم تا دەگاتە سەر ڕێگا سەرەکیەکە و لەوێدا ڕاوەستم تا ئەو کاتەی ئۆتۆمبێلی ناو ئۆردوگاکە کە نۆرەیەتی بچێت بۆ ڕوومادی، دێت دەستی لێ ڕابگرم و لەگەڵی سەرکەوم. ویستی پارەم بداتێ پێم ووت کە پارەم پێیە. چونکە ئەو پارەیەی لە نێوان چەمچەماڵ و تۆپزاوا لە ناو دەرپێ کورتەکەم شاردبوومەوە هەرمابوو. وەک ئەم کابرایە ڕێی بۆ کێشام بە ڕێگاکەدا ڕۆیشتم و لەسەر ڕێگا سەرەکیەکە ڕاوەساتم ماوەیەکی پێچوو ئۆتۆمبێلێکی (١٨) هەژدە نەفەری لە دورەوە کە لە ئۆردوگاکەوە دەرچووبوو دەهات. ئیتر تا ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە لام هەر دەپاڕامەوە خوایە هەڵم بگرێ و زۆریش دەترسام کێ دەڵێ ئاسایش و پیاوی حکومەتی تیا نییە و نازانێ من وام بەسەر هاتووە و نامگرن. زۆر دەترسام و دڵی خۆشم دەدایەوە خۆ قابیلە غەیبیان پێ نییە بەچی دەزانن.

ئۆتـۆمبێلەکە هێشـتا زۆری مـابوو بگـاتە نـزیکم دەسـتم بـۆ ڕاگـرت. دەمووت نەک من دەست ڕابگرم و شـۆفێرەکە ئاگای لێنەبێ. بۆ ئەوەی بمبینـێ بـا هەر لە دوورەوە هێمـای بـۆ بـکەم. کـاتێ گەیشـتە ڕاسـتم ڕاوەسـتا. زۆر بەترسـەوە ئەو دوو هەنگـاوەم بـڕی کە لە نێـوان مـن و ئۆتۆمبێلەکەدابـوو، ئەویـش دەرگـاکەی لە تەنیشـتەوە بـوو، بێـئەوەی بەدەسـت خـۆم بێـت کە دەسـتم بـۆ دەرگـای ئۆتـۆمبێلەکە بـرد دەسـتم گەڕانـدە دواوە، دیمەنـی ئەو ئۆتـۆمبێلە هـاتەوە پـێش چـاوم کەبەر لەم ئۆتۆمبێلە دوا ئۆتۆمبێل بوو بینیبووم و سواری بووم بۆ ئەوەی بمانبەن بـۆ گـولە بـارانکردن. دەترسـام وەک ئەوەی لە نـاو ئۆتـۆمبێلەکە لاشـەی دوو کوڕە گەنجەکە و سـاڵەحی ئامۆزامی تیابێ. وەک بڵێی لە نـاوەوەی ئۆتـۆمبێلەکە هەسـتییان بەم هەڵوێسـتەی مـن کردبـێ کەسـێک لە نـاوەوە دەرگـاکەی کـردەوە. بە کـردنەوەی دەرگـاکە ترسـەکەم شـکا و یەکسـەر سـەرکەوتم. تەماشـام کـرد زۆربەی کورسـیەکانی گیـراوە. سـڵاوم کـرد یەکێـک لە نـاو هەموویانـدا سـڵاوەکەمی سـەندەوە و ووتـی فەرەج بێـرە ئێرەوە.

یەکەمجـار زۆر ترسـام وام دەزانـی لە نـاو گـۆڕە بە کۆمەڵەکـانەوە بە شوێنمەوەیە و هاتووە من بەرێتەوە بۆ شـوێنی ڕەمـی کـردنەکە، بەڵام لە هەمانکاتـدا زۆر دڵـم خۆشـبوو مـن ئەوەی دیبـووم وا هەسـتم دەکـرد کە ئیتر کەسێک نەماوە بیناسم بۆیە مـوچڕکەی خۆشـی بە گیانمـداهات کەوا کەسـێک هەیە لەم دنیـایەدا فەرەج دەناسـێتەوە. سـەرەتا نەمناسـی و چوومە تەنیشتیەوە دانیشتم هەندێ تەماشـای یەکتریمـان کـرد ناسـیمەوە کە (عوزێر)بوو، خەڵکی ناوچەی لەیـلان بـوو، ئەویش وەک مـن گیرابـوو، ئەویـش لە گـولە بـارانکردنەکە ڕزگـاری بووبـوو. ئەو وتـی چـی دەکەی لێـرە؟ منـیش ووتـم وەک تـۆ، کەوام ووت ئیتـر ئەویـش حـاڵی بـوو، بـۆ ئەوەی خەڵـکەکە بە دۆخەکەمـان نەزانـن هـیچ قسـەیەکی ترمـان لەو بارەیەوە نەکرد.[١٥]

**یەکەم/ نادییە موراد**

نادییە موراد لە ساڵی (١٩٩٣) لەدایک بووە، و کچە خوێندکارێک بوو لە گوندەکەیان (کۆجۆ) کاتێک داعش هێرش دەکەنە سەریان لە مانگی (٨)ی ساڵی (٢٠١٤)دا، لەو هێرشەدا (٣١٢) سێسەد و دوانزە نێرینەی گوندەکەیان دەکوژن کە لەناویاندا شەش براو زڕبرای نادییەیان تێدایە. هەروەها کچ و ژنە گەنجەکانیان دەگرن و نادییە یەکێک دەبێت لەو (٥٠٠٠) پێنج هەزار ژنە ئێزدییانەی کە دەستگیر دەکرێن و دەڕفێندرێن لەلایەن داعشەوە. نادییە موراد لە (٢٠١٦/١/٥)دا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە کاندید دەکرێت بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی (٢٠١٦) بەهۆی چالاکییەکانی و ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان. لە (٢٠١٦/٩/١٦)دا وەک باڵوێزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا و مەدالیاکەی لەلایەن بانکی مۆنی سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکەوە کرایە ملی و هەروەها لە (٢٠١٦/١٠/١٠)دا پەڕلەمانی ئەوروپا خەڵاتی ڤاسلاڤ هاڤێلی مافی مرۆڤی پێبەخشی.

نادییە بەم شێوەیە باس جینۆسایدکردنیان دەکات:

پێش (٢٠١٤/٨/٣) من لەگەڵ خێزانەکەم لە گوندی کۆجۆ لەگەڵ دایکی تەنهام و خوشک و براکانم لە گوندێکی خۆشدا بە ئاشتی دەژیاین. بەڵام لە (٢٠١٤/٨/٣) میلیشیای ئیسلامی بەناوی داعش هێرشیان کردە سەرمان، خۆمان لە بەردەم لەناوبردنێکی ڕاستیدا دۆزییەوە. کە لە چەند دەوڵەتێکەوە هاتبوون و جلی سەربازییان لەبەردا بوو ئامانجیان کۆتایهێنان بوو بە ژیانی ئێزدییەکان بەشێوەیەکی گشتی پاڵپشت بەوەی کە ئێمە بێباوەڕین. ئەوان تەنها بۆ کوشتنی ژن و کچ نەهاتبوون، بەڵکو دەیانویست وەکو دەستکەوتی جەنگ بمانبەن و وەکو کەرەستەیەک لە

بازاڕەکـانی جیهانـدا بمانفرۆشـن بە نرخێکـی کەم یـان بێبەرامـبەر. ئەمە تاوانێکی لەناکاو نەبوو بەڵکو پێشـتر پیلانـی بـۆ داڕێژرابـوو. داعش یەک ئامـانجی هەبـوو ئەویـش لەنـاوبردنی ئێزدییەکـان بـوو بەزۆری هێـز و دەســتدریژی کردنەســەریان. بەتــایبەت ژن و کچەکانیــان وە دڵنیایــان کـردینەوە کە نـاگەڕێینەوە بـۆ ژیانی ئـاسایی خۆمـان. لە (٨/١٥)دا داعش بانگیان کـردین بـۆ خوێندنگەیەک لە گوندەکەمان کە ژن و پیـاو منداڵیان لەیەکتر جیاکردەوە، پیاوەکانیان کوشت و لە ناو کوژراوەکانـدا شـەش لە براکـانم هەبـوون. ژنـان و منـداڵەکانیان بـرد بـۆ شـوێنێکی تـر، لە ڕێگـادا سـوکایەتیان پێـدەکردین، بەشـێوەیەک دەسـتیان لێـدەداین کە شـێوازێکی ئابڕووبەرانە بوو. منیان بـرد بـۆ موسـڵ لەگەڵ (١٠٥) ژنـی تـردا. داعشـێک لێم نزیک بویەوە، وتـی هـاتووم بتـبەم، مـن سـەرم داخسـتبوو، کە سـەرم بەرزکـردەوە پیـاوێکی گەورەی دڕنـدە بـوو، هـاوارم کـرد و زۆر گریـام پێموت من زۆر بچـوکم بـۆ تـۆ تـۆش زۆر گەورەی، هەربـۆیە بە شـەق و تێهەڵـدان زۆری لێـدام. دوای چەنـد خولەکێـک کەسـێکی تـر هـات هێشـتا سـەرم داخسـتبوو سـەیری زەویـم دەکـرد قـاچیم بینـی قەبـارەی بچـوکتر بوو بۆیە لێیپاڕامەوە کە ئەو بمبات لەگەڵ خۆی چونکە من زۆر لە پیاوە گەورەکە دەترسام. ئەوەی کە منی برد داوای لێکردم کە ئاینەکەم بگۆڕم بەڵام من ڕازینەبووم. دوای ڕۆژێک هات و داوای لێکردم بۆ شتێک کە ئەوان ناویان ناوە (هاوسەرگیری). پێموت من نەخۆشم چونکە زۆربەی ئەو ژنانەی کە ڕفێندرابوون کەوتبوونە سوڕی مانگانەوە لە ترسا. چەند ڕۆژێکی کەم تێپەڕی داوای لێکـردم خـۆمی بـۆ بگـۆڕم و خـۆم ئارایشـت کەم، لەو شەوە ڕەشەدا دەستدرێژی کردەسەرم.

ئیتر هەمـوو ڕۆژێـک سـوکایەتیان پێـدەکردم و ئەشـکەنجەیان دەدام و دەســتدرێژییان دەکــردە ســەر ناموســم. جارێــک ویســتم هەڵبــێم بەڵام دەستگیریان کـردم، زۆریـان لێـدام ئەوەی کە دەسـتگیری کـردم پێـی وتـم

جلەکانــت داکەنە و لەگەڵ پاســەوانەکان لە ژورێکــدا داینــام، بەردەوام دەسدرێژیان دەکردە سـەرم تـاوەکو بێهۆش دەبووم. دوای (٣) مانگ لە ڕفاندنم، لە کۆتایدا توانیم هەڵبێم و خۆم ڕزگاربکەم و ئێستا لە ئەڵمانیا چارەسەرم بۆ دەکرێت.

**دووەم/ نارین**

(نارین) کچێکی ئێزدیی تەمەن (١٤) ساڵان بووە لە کاتی جینۆسایدی ئێزدییەکاندا، خەڵکی گوندێکی سەر بە قەزای شەنگالە. دوای داگیرکردنی گوندەکەیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە و هەڵهاتنیان دەستگیر دەکرێت و دواتــر بە پیــاوێکی تەمەن ســەروو (٥٠) پەنجــا ســاڵی دەدەن و لە کۆتاییدا لە فەلوجە هەڵدێت و و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

نارین بەم جۆرە چیرۆکی جینۆساید کردنیان دەگێڕێتەوە:

لەگەڵ دەرکەوتنـی خـۆردا لە ڕۆژی (٣)ی ئـاب، لە گونـدەکە هەواڵێک بڵاوبویەوە کە چەکدارانی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێراق و شـام (داعش)، ڕوودەکەنە گوندەکەمان لە نزیک تل عوزێر کە دەکەوێتە نزیک پارێزگای نەینەوا، بۆیە پاش ئەو هەواڵە جگە لە چەند جل و بەرگ و شـتگەلێکی بەنـرخ هیچمـان لە مـاڵەکەی خۆمـان دەرنەهێنـا و بەپـێ لە گونـدەکەی خۆمان دەرچووین.

دوای چەنـد کاتژمێرێک لە ڕۆیشـتن، وەسـتاین تـاوەکو ئـاو بخـۆینەوە ئەوەش ناوەڕاستی بیابان بوو، پلانەکەمـان بەم جۆرەبوو کە پەنـابەرینە بەر چیـای شـەنگال کە بە هەزاران ئێزدیـی لێیە، چـونکە بیسـتبوومان کە داعش دەیانەوێت ئێمە لە ئاینی خۆمان هەڵبگەڕێننەوە و ببینە موسـوڵمان و هەرکەسـێکیش موسـوڵمان نەبێـت دەکوژرێـت. بەڵام لە پڕێکـدا چەنـد ئۆتۆمبێلێکی چەکدارانی داعش دەوروبەریان گرتین کە هەموویـان جل و بەرگێکی تایبەت بەداعشیان لەبەرکردبوو.

زۆربەیـان لەترسـا هاواریـان دەکـرد، ئـێمەش لە ژیانمـان دەترسـاین، دوای ئەوەی ئێمەیان دەستگیر کرد، بەگوێرەی تەمەن جیایان کردینەوە، کچە هەرزەکار و ژنە گەنجەکان و پیاوی پیر و منداڵیش بە جیاجیا.

چەکدارانی داعش هەمـوو خشـڵ و زێڕەکانیـان بـردین و لەو دەشـتە چـۆڵەدا خەڵکەکەیـان جێهێشـت و کـچ و ژنە گەنجەکانیشـیان لەڕێگـای بارهەڵگرەوە گواستەوە، لەو کاتەدا گوێمان لەدەنگی فیشـەک بـوو، دواتـر زانیمـان ئەوان پیـاو و کـوڕە گەنجەکانیـان کوشـتووە، لە نێوانیانـدا بـرا تەمەن (١٩) نـۆزدە سـاڵانەکەی مـن کە مـاوەی (٦) شـەش مانـگ دەبـوو ژنی هێنابوو.

دوای نیـوەڕۆ ئێمەیـان بـردە خوێنـدنگایەکی چـۆڵەوە لە (بەعـاج) کە شـارۆچکەیەکی بچـوکە لە خۆرئـاوای پارێزگـای موسـڵ کە دەکەوێـتە سنووری سوریاوە. لەوێ چەندین کچی تری هـاوتەمەنی خۆمم بینی کە هەموویـان ئێـزدی بـوون لەلایەن داعشـەوە دەسـتگیرکرابوون و داعـش باوک و براو مێردەکانیانی کوشـتبوون، ئەوان وایـان بە ئێمە وت. دواتـر چەکدارێکی داعش هاتە ژوورەوەو شایەتمانی هێنا، ئینجا داوایان لە ئێمە کـرد کە ئـێمەش لە دوایـانەوە بیڵێیـنەوە، بەڵام ئـێمە ڕەتمـان کـردەوە و ئەوانیش توڕە بوون. دوای دوو ڕۆژ ئێمەیـان برد بۆ هـۆڵێکی گەورە لە موسڵ کە ژمارەیەکی زۆر ژنی ئێزدیی لێ بوو، هەندێک لە چەکدارەکان لە تەمەنــی منــدا بــوون. لە ســەر زەویەکە دەخەوتــین و ڕۆژانە تەنهــا یەکجـار نانمـان پێدەدرا، پیـاوانی داعش دەهـاتن و داوایـان لـێ دەکریـدن ببیـنە موسـوڵمان، بەڵام ئـێمە ڕەتمـان دەکـردەوە و نەمانـدەتوانی واز لە ئـاینەکەی خۆمـان بهێنـین. ڕۆژێـک ئێمەیـان جیـاکردەوە بۆ ئەوەی کـچە عازەبەکـان بـدەن بە شـوو. مـن و شـەیمای هـاوڕێی منـداڵیم بە دیـاری درایـن بە دوو چەکـداری داعـش لە باشـوور، کە شـوێنەکەیان دەکەوتە

نزیک بەغداوە، ئەوان دەیانویست ئێمە بکەن بە ژن و کەنیزەی خۆیان. شەیما پێشکەش بە ئەبو حوسێن کرا کە پیاوێکی ئاینی بوو، منیشیان دا بە پیاوێکی زۆر قەڵەو کە تەمەنی دەوروبەری (٥٠) پەنجا ساڵێک دەبوو، ڕیشێکی ڕەشی پێوە بوو، کە پێدەچوو ئەویش لە هەمان پۆستی پیاوەکەی شەیما بوبێت. ئەو پیاوەی منی پێ بەخشرا بە ئەبو ئەحمەد بانگیان دەکرد. ئەبو ئەحمەد و ئەبو حوسێن لە خانویەکی فەلوجە دەژیان. ئەبو ئەحمەد سوربوو لەسەر ئەوەی من ببم بە موسوڵمان و ئاینەکەی خۆم بگۆڕم، بەڵام من سور بووم لەسەر مانەوەم لەسەر ئاینەکەم، زۆر جار دەیویست دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەرم و من ڕێگەم پێنەدەدا تەنانەت پەنجەشم لێوە بدات، بۆیە هەموو ڕۆژێک لێیدەدام و ڕۆژانەش یەک ژەم خواردنی پێدەدام.

ئەوان مۆبایلیان پێدان تاوەکو لەگەڵ خێزانەکانمان قسە بکەین، دواتر زانیمان خانەوادەکانمان لەسەر چیای شەنگالن و داعش دەوروبەریانی گرتووە و دەیانەوێت لە برساندا ئەو خەڵەک بکوژن.

لە ڕۆژی شەممەدا کە ئێمە لە فەلوجە بووین، ئەبو ئەحمەد بۆ ئیش و کار ڕووی لە فەلوجە کرد و ئێمەی سپاردە دەستی ئەبو حوسێن لە کاتی خۆرئاوابووندا، ئێمەی جێهێشت و ڕۆشت بۆ نوێژ، شەیما لەڕێگای تەلەفونەوە پەیوەندیی کرد بە کەسێکەوە کە ناوی مەحمود بوو، هاوڕێی ئامۆزای شەیما بوو، تاوەکو یارمەتیمان بدات ئەو دەترسا بێتە نزیک ماڵەکە، بۆیە ئێمەڕۆیشتین بەچەقۆیەک کە لە چێشتخانەکەدا بوو دەرگاکەمان شکاند و دوو عەبامان لە ماڵەکە دەرکرد و پۆشیمان و بۆی دەرچووین. دواتر بۆ ماوەی (١٥) پانزە خولەک بەپێ ڕێمانکرد، ئینجا مەحمود هات بە هانامانەوە و ئێمەی برد بۆ ماڵی خۆیان. لەوێ خواردنی پێدان و لەڕێگای دروستکردنی دوو بەڵگەنامەی خوێندکارەوە

بە پیکابێک ئێمەی بۆ بەغداد گواستەوە. ئێمە زۆر دەترسایـن چونکە ئەو ڕێگایە هەمووی خاڵی پشکنینی داعش بوو ڕووبەندمان لە دەموچاومان کردبوو، بۆ ئەوەی نەناسرێینەوە، شۆفێرەکەش دەترسا کە ئێمەی گواستەوە بۆ بەغداد بەڵام لە پێناو خوادا ئەوەی کرد. بۆ پەڕینەوەمان مەحمود بەرتیلی بە خاڵەکانی پشکنین دەدا تاوەکو بپەڕینەوە، کاتێک گەشتینە بەغداد پەیوەندیمان کرد بە کەسانی ئێزدی و کوردەکانی ترەوە تاوەکو یارمەتیمان بدەن. ئێستا ناتوانم پەسنی ئەو کاتانە بکەم کە چۆن ژیامەوە کاتێک گەیشتمە ئەو ماڵە لە بەغداد. دواتر ئەو ماڵە لە ڕێگای دوو کارتی خوێندکاری ساختەوە ئێمەیان لە ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدادەوە بەرەو هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێکرد. دوای نیشتنەوەی فڕۆکەکە ڕۆشتینە ماڵی (ڤیان دەخیل)ی پەرلەمانتار، لەوێشەوە ئێمە ڕۆشتینە ماڵی بابە شێخی گەورەی ئێزدییەکان.

پاش چەندین ڕۆژ باوکمم لە باوەش گرتەوە کە خۆشترین ساتی ژیانم بوو. باوکم پێی وتم لەو ڕۆژەوەی ئێوە ڕۆشتوون هەموو ڕۆژێک گریاوم. لەوێشەوە ڕۆشتم بۆ (کەمپی خانکێ) دایکم و کەسوکارەکەم لەوێ بوون، یەکترمان لە باوەش گرت و دەستمان کردە گریان. دواتریش زانیمان کە برا (١٩) نۆزدە ساڵانەکەم لەلایەن داعشەوە ڕەمی کراوە. چیتر ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە لادێکەمان تاوەکو لە ژێر دەستی داعش ئازاد نەکرێت، گەر بشتوانین بگەڕێینەوە ناتوانم چونکە مەرگی براکەم بۆ من بووەتە مۆتەکەیەک.

ئێستا بیرم دەکەوێتەوە ئەگەر ئەوەی من و شەیما بینیومانە ڕامان نەکردایە چی ڕووی دەدا؟ دەمتوانی چی بکەم؟ دەمەوێت ئەم وڵاتە جێ بهێڵم، ئەم وڵاتە چیتر شوێنێک نییە بۆ من و ئەگەر بتوانم دەمەوێت بڕۆمە وڵاتێکی تر تاوەکو لەسەرەتاوە دەست پێبکەوە.[١٦]

**سێیەم/ زەیتون خەلیل چەتۆ**

(زەیتون خەلیل چەتۆ) کچێکی ئێزدییە و لە ساڵی (١٩٩١) لە (تەل عوزێر) لەدایکبووە. زەیتوون وەک ڕزگاربوویەک بەم شێوەیە باس لە جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان دەکات:

ئێمە لە ناو باخەکەی ماڵی مامم (بەرەکات مەحمود) بووین، لە کۆتایی تەل عوزێر لەلای ئەو پرسگەیەی بۆ قەزای شەنگال دێت. ئێمە (١٢) دوانزە خێزان بووین لەوێ. ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) کاتژمێر (٨)ی بەیانی، داعشەکان کە ژمارەیان (٧) کەس بوون بەئۆتۆمبێل هێرشیان کردە سەرمان، پیاوەکانمان ئاڵای سپییان بەرزکردەوە، پێیان وتین مەترسن، پیاوەکان ئەو چەکانە ڕادەست بکەن لەگەڵ ئەو مۆبایلانەی کە لایانە. چەک و مۆبایلەکانیان ڕادەستکرا. دواتر داوای پارەو زێڕیان کرد، ئێمەش پارەو زێرەکانمان ڕادەستکردن. دواتر بە ئافرەتەکانیان وت بچینە یەکێک لە ژورەکان، ئەو ئافرەتانەی کەکەمتر لە (٤٠) چل ساڵ بوون لەگەڵ کچەکان خرانە ژورێکی تر. لەبەر ئەوەی کە وتیان قسەمان لەگەڵ پیاوەکانتان هەیە داواکانیانمان جێبەجێکرد. دوای یەک چارەکە کاتژمێر، (٣) سێ لە پیاوەکان هاتنە ژورەوە و سیانی تر لە ناو حەوشەکە مانەوە لەنزیک ئۆتۆمبێلەکان، نیو کاتژمێر تێنەپەڕی دەستڕێژیان لە یەکێک لە پیاوەکانمان کرد لە نزیک ئۆتۆمبێلەکە، دوای چوونە ژورەوەکەی تر دەستڕێژیان لە پیاوەکان کرد، گوێمان لە هاواری پیاوەکانمان بوو، ئافرەتەکان هەموو هاوار و فیغانیان بوو لە ناو ژورێکی داخراوەوە. دواتر دەستڕێژیان لە پیاوەکانی ناو حەوشەکە کرد، بەڵام ئاگادار نەبووین لە کوشتنیان. لە ئۆتۆمبێل سەریان خستین بۆ سیبا لە مەرکەزی پۆلیس، لەوێ کۆمەڵێک خەڵکی زۆری لێبوو.

لێرە برینداریک لە گەڵ مناڵێکی لێبوو کە ئەویش بریندار بوو، چیم لەدەست دەهات بۆی بکەم، منیش هەڵگری هەمان خەم و ئازارم. ئێمە

(کچەکان) و ئافرەتەکانی تر بە دوو پاس ڕاگوێزراین بۆ (بەعاج) کاتژمێر (١١) یانزەی پێش نیوەڕۆ گەشتینە بەعاج، ژمارەمان نزیکەی (١٠٠) سەد کەس دەبوو.

داوایان لێکردین کە چی دەخۆین؟ ئێمە ڕەتمان کردەوە. کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ ڕەوانەی موسڵیان کردین بە ئۆتۆمبێلی کۆستەر، لە نێو هۆڵێکی گەورەیان کردین کە هۆڵی شایی بوو، دوو نهۆم بوو لە نزیک دارستانێک، دوای سێ ڕۆژ ڕەوانەی هۆڵێکی ژێر زەمینیان کردین کە تیشکی خۆرمان نەدەبینی. خواردنمان زۆر کەم بوو، برسیمان بوو، داوایان دەکرد بچینە سەر ئاینی ئەوان، دەرگایان لێمان کلیل دابوو.

لە ڕۆژی (٨/١١) دوو ئافرەت خۆیان کوشت. لە کاتژمێر (١٢) ی هەمان شەو بۆ هۆڵێکی خوارتریان گواستینەوە، چونکە ئەو هۆڵەی تیای بوین بەرزتر بوو. گوێمان لە دەنگی خەڵک دەبوو، نەوتیان بەشوێنی خۆشتنەکانیاندا کردبوو، هەرکەس خۆی بشۆردایە تووشی حەساسیەت دەبوو، ئەگەر خۆشی نەشۆردایە تووشی پیسی و خوران دەبوو.

یەکێک لە پاسەوانەکانمان، کوردێکی موسوڵمان بوو ناوی (ئەحمەد سنجاری) بوو. (١١) یانزە ڕۆژ لەوێ ماینەوە دواتر ژنەکانیان لە کچەکان جیاکردەوە و کچەکانیان ڕەوانەی هۆڵێکی تر کرد. بەڵام من لە لای ژنەکان مامەوە، چونکە هاوسەری کوڕی مامەکەم دووگیان بوو، هاوکات نەخۆشیش بوو، بە بیانووی چاودێری کردن لەلای مامەوە.

هەموو ڕۆژێک داعشەکان دەهاتن و بەزۆر کچەکانیان دەبرد بەتایبەت جوانەکان، ژمارەی کچەکان (٧٠٠) حەوت سەد کەس دەبوون. هەر جارێ یەکێک لە ئەمیرەکانی داعش دەهات پێی دەوتین ژمارەتان (٧٠٠) حەوت سەد کەس بوو ئەوەندەتان ماوە، پرۆسەی بردن و ڕادەستکردن بە لێدان بە سۆندە و قامچی بوو، یان ڕاکێشانی دەمانچە و لێدان لەسەر جەستە، چونکە کچەکان ڕەتیان دەکردەوە لەگەڵیان بڕۆن.

کەس نەمایەوە تەنها (١٥) پانزە ئافرەت نەبێت، کە بەلایانەوە جوان و مەرغوب نەبوون، یاخود کەس پێیان ڕازی نەدەبوو، دوای (١١) یانزە ڕۆژ ڕەوانەی (تەلەعفەر)یان کردین. من لەگەڵ (٢٠) بیست ئافرەتی تر بۆ بەعاج ڕەوانە کراینەوە کە زۆربەیان کەم ئەندام بوون، لەوێ (٨) هەشت ڕۆژ ماینەوە و هەر لەوێش (جیلان برجس) خۆی کوشت.

ڕۆژێک پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، دوان لە هاوڕێکانی لەگەڵ خۆی برد بۆ شوێنی خۆشۆردن و پێیانی وتبوو ئامادەباشی بۆ کەسێک دەکات. دواتر لەو شوێنە خۆی کوشت. (٨) هەشت ڕۆژ بەبێ کارەبا و لەگەڵ کەمێک خواردن لە بەعاج ماینەوە. لەو ماڵەی کە لێی بووین لە چوار ژوور پێک هاتبوو. هەر ژورێک زیاتر لە (٢٠) بیست ئافرەتی دەگرت. دواتر ڕەوانەی تەل بەناتیان کردین، ناوی خۆم بەناوی (جیلان شەهید) نوسیبوو، لە ئۆردوگای تەل بەنات دوو ڕۆژ ماینەوە، لەوێ ژمارەیەک خانەوادەی تەل بەناتی لێبوو، دوای ئەو دوو ڕۆژە ڕەوانەی ئۆردوگای تەل قەسابیان کردین. ئێمە (٢٧) بیست و حەوت کچ بووین. لەو ماڵەی لێی بەند کرابووین خواردنم بۆ هەموویان دروست دەکرد.

هەموو ڕۆژێک داعشەکان دەهاتن و لێیان دەبردین، تا دواتر (١٠)دە کەس ماینەوە. یەکێک هات بۆلامان ناوی (ئەبوکەرەم)بوو، خەڵکی موسڵ بوو، پێی وتین دەبێت ئەو سیانەتان لەگەڵ من بێن سێ خوشک (غالیە، جیهان، جەیلان) و دەتان فرۆشم بە (ئەبو خالد) کە ئەویش ئێزدییە و ماڵی بەرامبەر نەخۆشخانەی شەنگالە و ئەویش لەوێوە دەتاننێرێتە چیا، ئێوە ئەمانەتی منن، باوەڕم کرد، پێم ووت بیگومان لەگەڵت دێین. بردینی بۆ گوندی تەل قەسەب کۆن، دۆستیکی لەگەڵ بوو ناوی (ئەبو عەباس)بوو، داعشیش بوو.

دوای خواردنی کاڵەک و میوەی تر، (ئەبوکەرەم) پێی وتین غالیە دەبەم بۆ موسڵ، پێویستە ئێوەش تۆ و جیهان لەگەڵ (ئەبو عەباس)

برۆن، بەڵام ئێمە ڕەتمان کردەوە و پێمان وت ئیتر بۆچی فریوت داین، بە مشتی دەمانچەکانیان بەربوونە گیانمان و لێیان داین، غالیەیان کردە ژورێکەوە و من و جیهانیان هەڵواسی و ووتیان دەتانگێڕینەوە بۆ بەندیخانە.

(ئەبو ئەنەس) داعشیان ئاگادار کردەوە، کە یەکێک لە کچە ئێزدییەکانی لابوو بەزۆر لای خۆی ڕامانگرێ لە حاتمیە، یەک شەو لەوێ ماینەوە، دوایی گەڕاندینیانەوە بۆ تەل قەسەب، لەوێ پێش ئەوەی فڕۆکەکان بۆردومان بکەن، من و کچێکی عەزیز لالۆ هەڵهاتین، دوو ڕۆژ لەشەوەکەیاندا ڕێمان کرد، لەدورەوە چیامان دەبینی و بەو ئاراستەیە دەڕۆیشتین، هیچ چاوساغێکمان نەبوو، تەنها ئەو چیا بەرزەمان دەبینی و بەرەو لای دەڕۆیشتین. ئەو ڕێگایەمان دەگرت کە بمانگەیەنێتە شوێنی ئارام. دوو ڕۆژ لە ترس و تینوێتی و برسێتی و چارەنووسی نادیار، تا ئەو کاتەی ڕۆژی (٢٠١٤/٩/١١) گەشتینە چیا و جارێکی تر لە دایک بووینەوە.[١٧]

## چوارەم/ عەلی عەباس مەندەکانی

(عەلی عەباس مەندەکانی) لە دایک بووی ساڵی (١٩٦٤) و مامۆستای خوێندنگەی گوندی کۆجۆ بووە و یەکێکە لە شادحاڵ و ڕزگاربووەکانی جینۆسایدی شەنگال و بەم شێوەیە باس لە جینۆسایدی گوندی کۆجۆ دەکات:

لە ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) هێزی پێشمەرگە پاشەکشێی کرد و بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکەمان ئاوارە بوون. من خۆم و خێزانەکەم لەگەڵ خێزانی هاوڕێیەکم کە ماڵێکی هەبوو لە شەنگال، بەرەو ئەوێ ڕۆیشتین و لە ماڵی هاوڕێکەم ماینەوە، ویستمان دەربچین بە ئاراستەی شەنگال بەڵام دەستڕێژی گولەیان لێکردین، ناچار گەڕاینەوە لە مزگەوتی

(عەبدولڕەحمان) شوێنیان هەڵکردبووین. لە شوێنێک خۆمان حەشاردا تا کاتژمێر (٣) سێی پاش نیوەڕۆ، هاوڕێکەم ووتی بابچین بۆ ماڵی یەکێک لە ناسیاوەکانمان بە ناوی (حەسەن حەمادە) ئێمە ژمارەمان دەگەیشتە (٤٠) چل کەس، بۆیە هەر (١٠) دە کەس و دابەشی سەر ئۆتۆمبێلەکان بووین هەموومان خەڵکی گوندی کۆجۆ بووین، کەس و کارەکەم زۆربەیان دەرچوبوون، بەڵام لە ناوەندی قەزای شەنگال لە نزیک شوقەکانی ڤیان شەهید کرابوون.

وەجبەی یەکەم گەشتنە ئەو ماڵەی بۆی ڕۆیشتین، بەڵام وەجبەی دووەم کە من و خێزانەکەم و ئەوانی تر بووین، داعش دەستگیریان کردین و هەموو شتەکانیان بردین، من خۆم (١٨) هەژدە ملیۆن دینار و بڕێکی زۆر بەڵگەنامەی فەرمی خێزانەکەم پێبوو، هەموویان برد.

ڕێک لە کاتژمێر (٣) سێ پەیوەندییان پێوە کردین، ووتیان ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەمیری دەوڵەتی ئسیلامی داعش (ئەبو حەمزە خاتونی) و شێخی مەندەکان لە کۆجۆ (ئەحمەد جاسۆ) کراوە و پارێزراو دەبین. دیاربوو مەبەستی ئەم ئەمیرە ئەبو حەمزە خاتونی ئەوەبو هەموو خێزانەکان لە چیا بێنە خوارەوە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بە کۆمەڵ بیان کوژێت. بۆیە داوای لە ئەحمەد جاسۆ کردبوو پەیوەندی بە هەموو شێخەکانی ئێزدیەکانەوە بکات و دڵنیایان بکات لە ئاسایش و پاراستنیان. چونکە نایەوێ لە تینوێتی و برساندا بمرن، بۆیە باشترە بۆیان بگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵەکانیان. لەبەر ئەمە ئەحمەد جاسۆ دڵنیابووەوە و خێزانەکانیشیان پێیان باش بوو لە گوندەکە دەرنەچن، پێشیان وابووە ئەوانەی تریش لە چیا دێنە خوارەوە و دەگەڕێنەوە بۆ ناو گوندەکان.

دوای دوو کاتژمێر پەیوەندیمان بە گوندەکەوە کرد، دڵنیایان کردین کە ئەوان پارێزراون، یەک کەس دەستی بۆ نەبردوون و تەنانەت یەک

ڕستەشیان پێ نەوتوون. پێشیان وتین لە کاتی گەڕانەوەتان ئاڵای سپی بکەنە سەر ئۆتۆمبێلەکانتان، بۆ ئەوەی لە ڕێگادا یان گەشتنە پرسگەکان بزانرێ ئێمە کۆمەڵەکەی ئەبو حەمزە خاتونین، بەم شێوەیە ڕێککەوتین بۆ گەڕانەوە. لە ناو شار و ڕووبەڕووی پشکنین پرسیار کردن بوینەوە و ویستیان ئازارمان بدەن. لە سەرەتادا ئۆتۆمبێلی تویتای دەبڵ قەمەرەی ناوەندییان لێسەندین و دزییان، تەنها چوار ئۆتۆمبێلماینەوە. لە پرسگەی باشووری شارەکە پرسیاریان کرد ئێوە کێن؟ ووتمان ئێمە لە کۆمەڵی ئەبو حەمزە خاتونین. ووتیان بەڵام پێویستە لە پێشماندا ببنە موسوڵمان یان بێنە ناو ئاینی ئیسلام هەروەها شایەتمان بێن و بیروباوەڕی خۆتان واز لێبهێنن بۆ ئەوەی ڕێگاتان بدەین لە شار دەربچن. پرسیاری ئەوەشیان کرد ئەم پارچە پەڕۆیە چیە بەسەر ئۆتۆمبێلەکانتانەوە؟ وتمان ئەمە ئاڵای سپی یان ئاشتیە. وەڵامیان داینەوە کەواتە ئێوە کێ بە دوژمن دەزانن؟ لە شۆفێرەکەش پرسیاری ئەوەی کرد بیرو باوەڕی ئێزدی چییە؟

دوای ڕاوێژکردن لە نێوان خۆیاندا لە بارەی ئەوەی چی لەم ئێزدیانە بکەن، کە ئەم تێکەڵەیە بوون عەرەبی کجلە، متویتە، عفریە، خاتوونی. وتیان لەدوای ئەو ئۆتۆمبێلە فریاکەوتنە کە هی خۆیان بوو سەربکەون بەرەو ناوشار و مزگەوتی عەبدول ڕەحمان. لەوێ کەوتە گفتوگۆ و ڕاوێژ لە بارەی چارەنووسمانەوە. دوای گەڕاندینیانەوە بۆ هەمان پرسگەی پێشوو. گوێم لێبوو دەیانووت چی لەمانە بکەین؟

جارێکی تر کەوتینەوە دوایان بەرەو مزگەتی عەبدول ڕەحمان، بەڵام پێش گەیشتنمان پێیان وتین بگەڕێنەوە بۆ گوندەکەتان، پێدەچوو پەیوەندیەکی تەلەفونیان کردبێت. ئێمەش بەرەو گوندەکەمان ڕۆیشتین لە ڕێگاش پرسگەیەکی تر هەبوو، پێمان ووتن ئێمە لە کۆمەڵەکەی ئەبو حەمزە خاتونین، کاتێک گەیشتینە ناو گوندەکە بینیمان هەموو

چەکەکانیـان لە خەڵـکەکە سـەندووە، مۆڵەتیشـیان بـۆ دانـاون لە ڕۆژی چـوار شـەممە (٨/٦ بـۆ ٨/١٠) سەرپشـکیان کـردوون یـان بە موسـوڵمان بوون یان سەربڕین.

ڕێککەوتنێـک لە نێـوان خەڵکـی حـاتەمیە لەم مـاوەیەدا هەبـوو، کە ئەحـمەد جاسـۆ پەیوەنـدی دەکـرد بە شـێخە عەرەبەکـان بـۆ ئەوەی دەروازەیەک بـدۆزێتەوە بـۆ ڕزگـارکردنی خەڵـکەکە. یەکێـک لەشـێخە عەرەبەکان ئایەتی تۆبەی بۆ ئەبو حەمزە خاتوونی نوسی و ئەحمەد جاسـۆش ڕادەسـتی ئەبـو حەمـزە خـاتوونی کـرد، کاتێـک ئـایەتەکەی خوێنـدەوە ووتـی ئەم ئـایەتە پەیوەنـدی بە ئێـوەوە نیـیە و ئەوان دوو حاڵەتیان لە پێشـەو نابێتە سێهەم ئەویش ئەوەیە یان موسوڵمان بوون یـان سـەربڕین. دوای دوو ڕۆژ کۆمەڵێـک لە خەڵکـی گونـدەکە هـاتن و مـوژدەی ئەوەیـان داینـێ کە خـاتوونی وازی لە گونـدەکە هێنـاوە بەوەی لەشوێنی خۆیان بن و سروت و داب و نەریتی خۆیان جێبەجێبکەن لە چوارچێوەی ئادابدا، دەست وەرنادەینە ناوکاروباری ئاینیان. بەڕاستی ئەمە بۆ ئێمە خۆشیەکی گەورەبوو، هەواڵەکەش بەخێرای لە نـاو هەمـوو گوندنشـینەکاندا بـڵاو بـویەوە، هاوکـات هەمـوو دانیشـتوانی گونـدی حـاتەمیەش لە مـاڵ دەرچـوون. بەڵام گڵـۆپی ماڵەکـان نەکـوژێنرایەوە و موەلیدەی کارەباش ئیشی دەکرد، بەمەش داعشەکان بەوەیان نەزانی کە خەڵـکەکە دەرچـوون بەرەو چیـا. دوای هەڵهـاتنی دانیشـتوانی حـاتەمیە، دوای دەسـتیان کـرد بەگرتنـی چـواردەوری گونـدەکەمان لە هەمـوو لایەکەوە بـۆ ئەوەی شـتێکی وەک ئەوەی حـاتەمیە نەکەیـن. لە ڕۆژی (٢٠١٤/٨/١٢) کۆمەڵێک ئۆتۆمبێل هـاتن بۆ میوانخـانەی گوندەکەو لەگەڵ سـەرۆک عەشـیرەت گفتوگۆیـان کـرد، گـوێم لێبـو دەیـانوت مۆڵەتنـامە دەدەنە هەموو دانیشتوانی گوندەکان. دیارە عەشیرەتی مەندەکانی ئێزدی ئەم گونـدانە دەگـرێتەوە (تەل قەسـەب، کۆجـۆ، حـاتەمیە، عەزاویە،

شـەهوانیە، عەیـن فەتحـی). هەروەک دەیـانووت ڕێککەوتنێـک لەشـێوەی ڕێککەوتن لەگەڵ مەسیحییەکان دەکرێت و پارە و زێڕەکانیـان پێدەدرێت لەبەرامبەر دەرچوونیان بەرەو چیا، دانیشـتوانی گوندەکە بەم داواکارییە ڕازی بوون.

ڕۆژی هەینی (٢٠١٤/٨/١٥) ئێمە کۆمەڵێک گەنج لەیەکێک لەشوێنەکانی نـاو گونـدەکە کۆبوینەوە، بینیم حەفـارەو شـۆفڵ هـاتنە نـاو گونـدەکە. بە گەنجەکـانم ووت کـێ لەپشـت ئەم شـۆفڵ و حەفـارانەوەیە؟ دوای یەک کـاتژمێر نـزیکەی (٤٠) چـل ئۆتۆمبێـل کە چواریەکانیـان ئـیش پێکردبـوو چەکەکـــانی ســـەریان بە بەتـــانی داپۆشـــیبوو و بەرەو قوتابخـــانەی دواناوەندی گوندەکە هاتن. داعشـەکان فەرمانیـان کردبوو کە هەموومـان لەوێ کۆببینەوە، هەروەها هەرچی پارەو زێڕ و سـامان و ئۆتۆمبێل هەیە لەگەڵ خۆمـان بـبەین، بـۆ ئەوەی لە بەرامبەریـدا بمـاننێرن بـۆ چیـای شـــەنگال. لە دەرگـــای قوتابخـــانەکە یەکێـــک پشـــکنینی بـــۆ کـــردین و مۆبایلەکانیـان لـێ وەرگـرتین دواتـر لە ڕاڕەوی قوتابخـانەکە ڕایـانگرتین، هەریەکە و یەک دانە بوتڵ ئاویان پێدایـن، ئۆتۆمبێلەکانیشـیان بە تەنیشـت قوتابخانەکەوە ڕاگرت و داوایان لە ئافرەتەکان کـرد بچـنە نهـۆمی دووەم و پیاوەکانیش لە نهۆمی یەکەم بمێننەوە.

کاتێک ئەبو حەمزە خاتوونی هات بۆ قوتابخـانەکە داوای کـرد ئەحـمەد جاسۆ بچێت بۆ لای، داوای لێکرد هەرچی پارە و مـاڵ هەیە بخـرێتە ئەو جانتـا ڕەشـەوە، هەمـووان داواکەیـان جێبەجێکـرد. دوای ئەوە خـاتوونی قسـەی کـرد و ووتـی پێمـان وتـن واز لەنەزانـی بێنن و ببنە موسـوڵمان بەڵام وەڵامی فەرمانەکەی ئێمەتان نەدایەوە ئێستاش کێ لە ئێوە دەیەوێ واز لە بیروباوەڕەکەی بهێنێ لە سەر مـاڵ و سـامان و گونـدەکەی خـۆی دەمێنێـتەوە. بەڵام ئەوانـی تـر دەریـان دەکەیـن بـۆ چیـا. بەدوای ئەودا موختاری گوندەکە ئەحمەد جاسۆ وتـی ئەی خەڵکی گونـد مـن دەردەچـم

بۆ چیا ئەوەی لەگەڵم دێ با بێت ئەوەشی لە گوند دەمێنێتەوە هیچ لاریمان نییە. هەموو خەڵکەکە بەیەک دەنگ وتیان لەگەڵت دەردەچین بۆ چیا.

هەروەها خەدیدە باپیری کە یەکێکە لە هاوڕێکانی ئەحمەد جاسۆ، دەڵێت بەردەوام لە پەیوەندیدا بووم لەگەڵیدا لە ڕۆژی پێنج شەممە واتە دوو ڕۆژ پێش بە کۆمەڵ کوشتنەکە، ئاگادارم کردنەوە کە متمانە بەوانە نەکات بیریشم خستنەوە کە چیان کرد بەکەسوکارەکەمان لە گوندی حەردان.

عەلی دەڵێت ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی داعش ئەبو حەمزە خاتوونی داوای لە خەڵکی گوندەکە کرد، وەجبە وەجبە سەربکەونە سەر ئۆتۆمبێلەکان، لە سەر بەڵێنی دەرکردنیان بۆ چیا، یەکەم وەجبە (٣٠-٤٠) سی بۆ چل کەس بوون، بە دوو ئۆتۆمبێل پاسەوانی دەکران، لە لێواری دۆڵێک نزیک لە گوندەکە بە دووری (٥٠٠) پێنج سەد مەتر، لای ڕۆژئاواوە بە کۆمەڵ کوژران، بەڵام ئێمە گوێمان لە دەنگی تەقە نەبوو ئەوەش لەبەر هۆکاری قەرەباڵغی ناوەوە. لە وەجبەی دووەم لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (کیا) سەرکەوتم، بەڵام لە ڕێگا هەستمان کرد لە سەرجادە لایدایەوە بەرەو ڕەزو باخێک کە بیری ئیرتوازی تێدابوو، لە پێشی هەموو بیرێک حەوزێکی قوڕینی تێدابوو بۆ گلدانەوەی ئاو، کە پانییەکەی (٢٥) مەتر و قوڵییەکەی (٢- ٣) دوو بۆ سێ مەتر بوو، داعشەکان هاواریان دەکرد بە سەرمانداو دەیانوت خێرا، بچنە ناو حەوزەکە، سەرتان نەوی بکەن، الله اکبر، دەوڵەتی ئیسلامی دەمێنێ و ئیتر دەستڕێژی گولەیان لێکردین. بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری حەوزەکەدا وەستابوون، هەموویان دەستڕێژیان دەکرد، دوای کەمێک وەستان، لاشەکان بەسەریەکا کەوتبوون لەناو حەوزەکەدا، گوێم لێبوو یەکێکیان دەیووت لە دەستڕێژەکانتان تەرکیز لە سەر سەریان بکەن،

جارێکی تر دەستڕێژیان لە سەر سەرمان کرد، دوای چارەکە کاتژمێرێک وازیان لێ هێنایین، بانگم کردو وتم کێ بریندارەو دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات و لە حەوزەکە بێتە دەر؟

مـن و سـەعید مـوراد بەسـی، دڵشـاد سـلێمان قاسـم لە حەوزەکە دەرچـوین و بە زەحـف بەرەو ڕۆژئـاوای حەوزەکە ڕۆیشـتین. لەوێ حەوزێکی ترهەبوو بینیمان کۆمەڵێکی تر کوژراوی تیایە، نەمانزانی پێش ئێمە یـان دوای ئـێمە کوشـتویانن، لە لای بـاکووری ڕەزو بـاخەکەوە بە دووری (٨) هەشـت کیلـۆمەتر ڕەزو بـاخێکی تـر هەبـوو گەیشـتینە ئەوێ. مـن و هـاوڕێکەم سـەعد مـوراد لە ژێـر کەل و پەلە کۆنەکانـدا خۆمـان شـاردەوە تـا تاریـک داهـات، بەڵام هـاوڕێکەی ترمـان بەردەوام بـوو لە ڕۆیشـتن بەرەو گونـدە عەرەبییەکـان، لەم کاتـانەدا گوێمـان لە دەنگـی فرۆکە بوو لە سەر ئاسمانی گوندەکە بەڵام دیاربوو بەرز بوو، هەروەهـا گوێمـان لە دەنگی گولە بـاران بـوو، دیـارە کـۆمەڵ کـۆمەڵ خەڵکەکەیـان دەبـــردو دەیانکوشـــتن، چاومـــان لە دووکەڵ بـــوو لە گونـــدەکەوە بەرزدەبـویەوە، نەمانـدەزانی دووکەڵـی سـوتاندنی گونـدەکەیە یـان هـی بۆمبارانی فڕۆکەکانە؟

لە کـاتی مانەوەمـان لە ڕەزو بـاخەکە دوای دوو کـاتژمێر، شـۆفڵمان بینی بەرەو شوێنی تاوانەکە هـاتن، نـازانم تەرمەکانیان داپۆشـی یان ئەو تەرمانەیـــان دەکـــردە نـــاو حەوزەکەوە کە لە دەرەوەی حەوزەکە کوشـتبوویانن. دوای ئەوەش دوو ئۆتۆمبێـل هـاتن بـۆ ڕەزو بـاخەکە بەدوای ڕزگاربووەکانـدا دەگەڕان و ئەو ناوەیـان دەپشـکنی، ئیتـر شـەو داهات، دەرچووین و ڕوومـان کردە دۆڵـی نەخیلە، بە ڕێگـای خـاکی ئەل برایــز و لەوێشـــەوە هەردوو دۆڵـــی ڕۆژئـــاواو ڕۆژهەڵاتمـــان بـــڕی و گەیشتینە تاوەرەکە. کـاتژمێری (١٢) دوانـزەی شـەو چووینە نـاو گونـدی (ر)، ئـێمە برینـداربوین، لە دەرگـای ماڵێکمانـدا، کە دەرگـای کـردەوە

بێئەوەی داوای یارمەتیان لێبکەین لەناو باخچەی ماڵەکەیان خۆماندا بە زەویدا، پێمان وتن ئێمە خەڵکی گوندی کۆجۆین، ئەوەی ڕوویدا بوو بۆمان گێڕانەوە، ماڵەکە هاوڕێکەمیان ناسیەوە، برینەکانیان تیمارکردین، پێیان وتین ئێمە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی داعش ئاگادارکراوین، ئەوەی هاوکاری ئێزدی یان شیعی بکات لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ، لە بەر ئەمە داواتان لێدەکەین بڕۆن.

بە ڕێگای دۆڵێکدا گەیشتینە گوند (ن) لە باکووری قەزای شنگال، گوێمان لە دەنگی بانگدان بوو، هیچ دەرفەتمان نەبوو دەبوایە بچینە ناو گوندەکەوە، پیاوێکی پیرمان بینی بەرەو مزگەوت دەرۆیشت بۆ نوێژی بەیانی، سڵاومان لێکردو چیرۆکی کۆجۆمان بۆ باسکرد، تا ڕۆژی دوایی لای ئەو ماینەوە. بۆ مێژوو دەیڵێم من برینەکەم سەخت بوو، یەکێک لە زانا ئاینییەکان چارەسەری بۆکردم. لە ڕۆژی دووەم وتی کەسێک هەیە دەتگەیەنێتە سووریا لە بەر ئەوەی برینەکەت سەختە، بۆیە کەسێک هەیە لە ڕەزو باخێکی نزیک دەتانگەیەنمە ئەوێ لەگەڵ هاوڕێکەم دڵشاد سلێمان قاسم گەیشتینە ڕەزو باخەکە لە نێوان دۆمێزو قابوسیە، پێشی ووتین بگەڕێن بۆ هاوڕێکەی ترتان، گەڕاین و نەمانبینیەوە، ڕەزو باخەکە لە سەرجادەی گشتی بوو، شەوگەڕاینەوە بۆ گوندەکەو چوینە ماڵێکی تر، هاورێکەشم لەوێ مایەوەو خۆم چومە ماڵێکی تر، سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە ئەوان دەترسان لە برینەکەم. شۆفێری تاکسییەک وتی من بە (٢٠٠٠) دوو هەزار دۆلار دەتگەیەنمە زاخۆ، لە سەر ئەمە رێککەوتین، بەڵام بۆ ڕۆژی دووەم وتی ناتوانم بەوکرێیە بتگەیەنم کەمە، داوای (٨٠٠٠) هەشت هەزار دۆلاری کرد، باوکم و کوڕەکەم شەهید بوبوون لە کۆمەڵ کوشتنەکە، لە زاخۆش تەنیا مامەیەکم لەوێیە، پەیوەندیم پێوەکرد سوێندی خواردو وتی بەخوا ناتوانم ئەو برە بدەم.

دوای ئەوە کەسێکی تر هەبوو پەیوەندیمان پێوەکرد وتی دوای چەند ڕۆژێک دەتگەیەنم. لەم کاتەدا خالد برای هاوڕێکەم سەعید کە ئەویش واتە سەعید لە کۆمەڵ کوشتنەکە ڕزگاری بوبوو، گەیشتە گوندەکە هەرسێکمان لە ڕەزو باخەکە یەکترمان بینی، خاوەنی ماڵەکە ئاوی بۆ هێناین و مۆبایلمان وەرگرت و لە ڕێگای دۆڵێکەوە بەرەو زەیتوونە بەڕێککەوتین بۆ ئەوەی بگەینە چیای شنگال.

لە چوار ڕیانی مەرکۆی شنگال، هەستمان بە تیشکی سەوزی لیزەری کرد، وتمان تازە ئاشکرا بووین، زۆر بە خێرایی خۆمان گەیاندە ڕەزو باخەکەی زەیتوونە، ئۆتۆمبێلێکی داعش بەرەو ڕوومان هات، بەڵام ئێمە خۆمان شاردەوە، ئۆتۆمبێلەکە تێپەڕبوو، لە تاریکیدا ماینەوەو بەرەو دۆڵی سەرسار کەوتینە ڕێ، کەچی ئۆتۆمبێلێک لە تەلەعفەرەوە بەرەو شەنگال هات، دیسان خۆمان شاردەوەو دواتر گەیشتینە گوندی سۆلاغ، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سەگەکان ڕێگایان لێگرتین بچینە ناو گوندەکە، ئیتر من کەوتم و هێزم لەبەر بڕا، نەمدەتوانی ڕێبکەم، هاوڕێکەم سەرەڕای شکانی دەستی بەڵام لە سەرپشتی هەڵیگرتم. من داواملێکردن ئەوان سەربکەون بۆ چیاو من لێرە دەمێنمەوە، یەک شەو لەوێ و لە سەر بەردەکان و لە ترس و دڵەڕاوکەو برسێتی و تینوێتی مامەوە، لەگەڵ گریانی بەردەوام بۆکەسوکارەکەم و بە کۆمەڵ کوشتنیان.

بەیانیەکەی بۆ ئاو دەگەڕام لە گۆڕستانێکی نزیک، دەبەیەک ئاوم دۆزیەوە، خواردمەوە بەڵام تینوێتیمی نەشکان. لە نزیک قەراج کەسوکارەکەم ئۆتۆمبێل و گەلابەیەکی زۆریان جێهێلا بوو، لەناو ئۆتۆمبێلەکان بۆ ئاو دەگەڕام، مەقتورەیەکی ئاوم بینی بەڵام دیاربوو هیچی تیا نەبوو، لە سۆندە دەگەڕام، چونکە زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ بانزین لە گەڵ خۆیان هەڵی دەگرن، سۆندەیەکم دۆزیەوە، بە سۆندەکەو

لە ڕادیـــتەری تراکتۆرەکـــانەوە چەنـــد دەبەیەک ئـــاوم پڕکـــرد، کەم کەم پاڵفتەمکرد بۆ خواردنەوە، بۆ ڕۆژی دووەم بەرەو چیا کەوتمەڕێ.

دوای ماوەیەک لە سەرکەوتن بۆ سەرچیا، ئاوم لێبڕا، شوانێکم بینی، بانگمکرد کە من بریندارم و تینومە، داوای ئاوم لێکرد، پێی وتم ناتوانم لە دۆڵەکە بپەڕمەوە چونکە دۆڵەکەی نێوانمان زۆر قوڵ بوو، پێی وتم کەمێـــک وەرە بـــۆ لای ڕۆژئـــاوا لەوێ پەڕیـــنەوەیەک هەیە دەتـــوانم هاوکاریت بکەم. بەرەو ئەوشوێنە کەوتمەڕێ، دیاربوو کۆمەڵێک گەنج گوێیان لە بانگە بانگم بووە بۆ شوانەکە، یەکسەر بەرەو لای من هاتن، نـان و تەمـاتەو ئاویـان هێنـا، داوایـان لە هاوڕێکانیـان کـرد گوێدرێژێک ئامادە بکەن، سەریان خستمە سەر گوێدرێژەکە بۆ بارەگای (ی ب ک) و لەلایەن دەســتەیەکی پزیشــکی چارەســەریان بــۆکردم، داوایـــان کـــرد بمگەیەننە نەخۆشخانەی دیرک لە سوریا، بەڵام کە پێشمەرگە زانیان من لەوێم، ئۆتۆمبێلێکیان ناردو دوای ئەوەش ئۆتۆمبێلێکیان ئامادەکرد بۆم بۆسـوریاو لەوێشـەوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و لە گەڵ گەیشـتنم بـۆ نەخۆشخانەیان بردم.[١٨]

**پەراوێزەکانی بەشی سێیەم**

١/ بـڕوانە: مـونزور چەم، ئەمە لە دەرسـیم ڕویـدا (لە دەمـی قوربانییەکـانەوە)، وەرگێڕانـی لە تـورکیەوە ئەحـمەد مـحەمەد ئیسـماعیل، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی موکریانی (هەولێر)، ٢٠١٣.

٢/ بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

٣/ بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

٤/ بڕوانە: ڕێبوار ڕەمەزان بـارزانی، بەراوردێک لەنێوان جینۆسایدی (دەرسیم، فەیلیەکـان، بارزانیەکـان، ئەنفـال و هەڵەبـجە) لەگەڵ کـوردانی ئێـزدی، چـاپی یەکەم، ٢٠١٥.

٥/ بـڕوانە: ڕێبـوار ڕەمەزان عەبـدوڵڵا، جینۆسـایدکردنی بارزانیەکـان لە سـەدەی بیستەمدا بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتننامە نـاوخۆی و نێودەوڵەتیەکـان، چـاپی یەکەم، ٢٠١١.

٦/ بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

٧/ بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

٨/ بـڕوانە: ڕێبـوار ڕەمەزان بـارزانی، بـارۆڤی لەنـاوبردنی بارزانیەکـان، چـاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠١٠.

٩/ چـاوپێکەوتنی نوسـەر لەگەڵ مـزەفەر ئەسـکەندەر عەبـدوڵڵا عەبـدولکەریم، تاقانەیەکی جینۆسایدی هەڵەبجە، شوێنی چاوپێکەوتن نـاحیەی خورمـاڵ، ٢٠١٥/٤/٩ کاتژمێر (١٠:٤٠)ی شەو.

١٠/ چـاوپێکەوتنی نوسـەر لەگەڵ (لوقمـان عەبـدولقادر مـحەمەد). شـوێنی چـاوپێکەوتن هەڵەبـجە، شـەوی (٢٠١٣/١٢/٨ و ٢٠١٥/٤/٣٠)، هەروەهـا سـود وەرگیـراوە لە کتێبـی (یادەوەرییەکـانی ٣/١٦ ڕۆژی تـاوانە گەورەکە) چـاپی یەکەم، ٢٠١٣، زنجیرەی (٦)، ئامادەکردنی عومەر عەبدول.

١١/ چاوپێکەوتنی نوسـەر لەگەڵ (گەشـاو موراد محەمەد یوسف) شـایەدحاڵ و ڕزگاربووی جینۆسـای هەڵەبجە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجە، ڕۆژی (٢٠١٥/٥/١١). هەروەها سود وەرگیراوە لە کتێبی (ڕومەڵخەزای هەڵەبجە)، نوسـین و ئامـادەکردنی هاودەنگ محەمەد فەرەج، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، ٢٠١٥.

١٢) بـڕوانە: هاودەنـگ مـحەمەد فەرەج، ڕومەڵـخەزای هەڵەبـجە، بەرگـی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٥.

١٣/ بڕوانە: عارف قوربانی، ئەنفال و سەرگوزشتەی تەیمور، چاپخانەی کارۆ (سلێمانی)، ٢٠١٣.

١٤/ بڕوانە: عارف قوربانی، شایەدحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٤.

١٥/ بڕوانە: عارف قوربانی، شایەدحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٤.

١٦/ بڕوانە: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان- جینۆسایدی کوردانی ئێزدی، چاپی یەکەم، لە بڵاو کراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

١٧/ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٨/ بڕوانە: داود موراد خەتاری، جینۆسایدی ئێزدیەکان (گوندی کۆجۆ)، وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی تەها سلێمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٥، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال.

# بەشی چوارەم
# دادگای باڵای تاوانکاریی عێراق و جینۆسایدی کورد

**باسی یەکەم/ دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی**

لە ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە (کەسانی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی جینۆساید یان هەر یەکێک لەو کردارانەی کە لە ماددەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکەدا باسکراون، دادگایی دەکرێن لەبەردەم دادگایەکی تایبەت لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتەی کە کردارەکەی لەسەر خاکەکەیدا ئەنجام دراوە، یان لەبەردەم دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتیدا کە تایبەتمەندیی هەبێت بەرامبەر هەر لایەنێک کە پەیوەندیداربێت و دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نابێت).

بەڵام وەک ئاشکرا و ڕوون بوو کە عێراق ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکە لە خاکەکەیدا ئەنجام دراوە، ئەو دادگا تایبەتەی نەبوو کە هەستێت بە دادگاییکردنی تاوانکاران. وە هەموو دادگاکانی عێراقی لە ژێر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بوون کە ڕژێمەکەشی بەعسی سەددام بوو. بۆیە چاوەڕوانکردن لە دادگایەک کە ئەو تاوانابارانە دادگایی بکات و بە سزایان بگەیەنێت کارێکی چاوەڕواننەکراو و نالۆژیکی بوو، ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەی کە ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی باسی دەکات، هێشتا پێک نەهاتبوو.

هەربۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنەکەی (ئەنجومەنی ئاسایش)، بەپێی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی نێودەوڵەتی لە ئەستۆدا بوو وە هەیە. بە پێی یاسای نێودەوڵەتی ئەو ئەرکە یاساییەی

له ئەستۆ بوو کە هەستایا بە پێکهێنانی دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی تایبەت بە دادگایکردنی سەدام و سەرانی ڕژێمەکەی وەک ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید لەدژی کورد. وەک چۆن ئەو ئەنجومەنە لە دواتردا سێ دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی پێکهێنا بۆ یوگۆسلاڤیا و ڕواندا و لوبنان.

ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق لە (٢٠٠٣/٤/٩)دا، ئەو دەرفەتە یاسایی و سیاسییەی ڕەخساند بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراقی. ئەویش لە میانی پێکهێنانی دادگایەکی بالآی تاوانکاری لە عێراقدا. پێکهێنانی ئەو دادگایەش بە بەشێک لە دادپەروەری ڕاگوزەری دادەنرێت لە دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکان بە تایبەت پرسی یاسایی بە ئاراستەکردنی دادگاییکردن و سزادانی ڕژێمی سەرکوتکەری پێشوو.

هەر لەو سۆنگەیەوە بوو ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کاتی لە عێراق بە فەرمانی ژمارە (٤٨)، یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی لە (٢٠٠٣/١٢/١٠)دا دەرکرد و (پۆڵ بریمەر)، بەڕێوەبەری کارگێڕیی هاوپەیمانان واژۆی لەسەر کرد و بە پێی بڕیارەکە دادگای تاوانکاریی عێراقی تایبەتمەند بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دامەزرێنرا.[١]

ئەو یاسایە کارپێکرا تاوەکو بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، هەڵوەشایەوە. وە ماددەی (٣٧)ی یاسای دادگای بالآی تاوانكاري عێراقی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە (یاسای دادگای بالآی تاوانکاریی عێراقی تایبەتمەند بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٣) و ڕێساو ڕێکارییەکانی کە دەرچووە بەگوێرەی بڕیارەکانی ماددەی (١٦)ی یاساکە هەڵدەوەشێنرێتەوە لە بەرواری ڕۆشتنە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە)وە. هەرئەوەش بوو یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەرچوو، کە ئەو ئەنجومەنەش هەڵبژێردراوی تاکەکانی گەلی عێراق بوو لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥/١/٣٠) و

بەگـوێرەی بـڕگەی (آ- ب)ی مـاددەی (٣٣) و مـاددەی (٣٧)ی یاسـای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرکراو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٥/١٠/٩)دا پەسەندی کرد، یاسـاکەش لە ژمـارە (٤٠٠٦)ی ڕۆژنـامەی وەقـائیعی عێراقـی لە (٢٠٠٥/١٠/١٨)، بڵاو کرایەوە.

بەوەش یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی پێکهێنرا، کە دادگاکە سـەربەخۆییەکی تەواوی هەیە، دادگـا پێـک دێـت لە چەنـد دەسـتەیەک (دەستەی پێداچونەوە، دەستەی لێکۆڵینەوە، دەستەی داواکاری گشتی و فەرمانگەی کارگێڕی). دادوەرەکانی دادگا عێراقین و نابێت بەعسی بن، وە ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە کاتی پێویست لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دادگا دادوەرانی بیانی دابنێت ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە بواری تاوانە نێودەوڵەتییەکان، وە دەبێت ئەو دادوەرانە تاڕادەیەکی بەرز خاوەن خورەوشتی بەرز و داوێن پاک و سەر ڕاستبن و ئەوانیش بە یـارمەتی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی و لەوانـیش نەتەوە یەکگرتووەکـان دادەنرێن. بارەگای دادگا لە شاری بەغدادەو بۆی هەیە کۆبونەوەکانی خۆی لە هەر پارێزگایەک لە پارێزگاکانی عێراقدا ببەستێت بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سـەرۆکایەتی لەسـەر پێشنیاری سـەرۆکی دادگـا.[٢] یاسـای دادگاکە لە (٤٠) چل مادده پێک هاتووە.

دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی سـاڵی (٢٠٠٥) لە مـاددەی (١٣٤)دا، باس لە دادگاکە دەکات و هاتووە (دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی وەک دەستەیەکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بۆ چاوخشـاندنەوە بە تاوانەکـانی ڕژێمـی دیکتـاتۆری پێشـوو و سـەرانی، ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەڵوەشاندنەوەی دادگای ناوبراوی هەیە بە یاسا پاش تەواوکردنی کارەکانی).

**هۆیەکانی پێویستیی دەرچوونی ئەم یاسایە**

بۆ بەدیارخستنی ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون لە عێراق لە بەرواری (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١)، دژی گەلی عێراق و گەلانی ناوچەکە، کە چەندەها قەسابخانەی دڕندانەی لێکەوتۆتەوە. وە بە ئامانجی دانانی ڕێساو سزاکانی تۆمەتبارکردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە لە دادبینییەکی دادپەروەرانە لەسەر تاوانەکانیان دەربارەی پەلاماردانی جەنگی و جینۆساید و تاوانەکانی ئەنجامدراو دژ بە مرۆڤایەتی وە بەمەبەستی دانانی دادگایەکی نیشتیمانیی تاوانکاری باڵای عێراقی لە دادوەرانی عێراقی خاوەن تواناو شارەزایی بەرز و داوێن پاک کە تایبەت بێت بە دادگایی کردنی ئەو تۆمەتبارانە. بۆ دەرکەوتنی ڕاستی و ستەمی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە. وە بۆ پاراستنی مافەکانی زۆربەی عێراقییەکان و بۆ وەلانانی زۆرداری و ستەم لە سەریان و دەرخستنی دادپەروەریی ئاسمان هەروەک یەزدان ویستویەتی، ستایش و پایە بەرزی بۆ یەزدانی مەزن، ئەم یاسایە دەرچوو.[٣]

| | | |
|---|---|---|
| شێخ غازی عجیل ئەلیاوەر | عادل عەبدولمەهدی | جەلال تاڵەبانی |
| جێگری سەرۆک کۆمار | جێگری سەرۆک کۆمار | سەرۆک کۆمار |

**باسی دووەم/ پسپۆڕییەکانی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی**

لەم باسەدا لەبارەی پسپۆڕییەکانی (بابەتی، کات، شوێن، کەسی)، دادگای باڵای تاوانکاری عێراقییەوە دەدوێین.

## یەکەم/ پسپۆڕیی بابەتی

لێرەدا مەبەست لەو تاوانانەیە کە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی پسپۆڕی و دەسەڵاتی بینین و دەسەڵاتی دادگاییکردنی تۆمەتبارەکانی تێدا هەیە. ئەوانیش بە پێی بڕگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دادگاکە ئەم تاوانانە دەگرێتەوە:

١/ تاوانەکانی جینۆساید.
٢/ تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی.
٣/ تاوانەکانی جەنگ.
٤/ پێشێلکردنی یاساکانی عێراقی.

### لقی یەکەم/ تاوانەکانی جینۆساید (Crimes of Genocide)

بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١١)ی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی تاوانەکانی جینۆساید بریتییە لە (هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

ئەو کردەوانەش:

* کوشتنی ئەندامانی گروپە.
* زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری  بە ئەندامانی گروپەکە.
* دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.

* ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.
* ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

ئەم پێناسەیەش هەمان پێناسەیە کە سیستەمی بنەڕەتیی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای) کردوویەتی.[٤]

بڕگەی (٢)ی هەمان مادده دەڵێت ئەم کردارانەی خوارەوە سزایان لەسەرە:

* جینۆساید.
* پیلان دانان بۆ جینۆساید.
* هاندانی ڕاستەوخۆو ئاشکرا بۆ تاوانی جینۆساید.
* هەوڵدان بۆ تاوانی جینۆساید.
* بەشداریکردن لە جینۆساید.

**لقی دووەم/ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی (Crimes against Humanity)**

بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١٢)ی دادگای باڵای تاوانکاري عێراقی، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی بریتین لە (هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە هەرکاتێک ئەنجام درا لە چوارچێوەی هێرشێکی بەربڵاو یان نەخشە بۆ کێشراو و ئاراستە کراو دژی گروپێک لە دانیشتوانی سڤیل وە یان زانیاری بەو پەلامارە هەبێت).

ئەو کردارانەش:

* کوشتنی بە مەبەست.
* لە ناوبردن.
* بە کۆیلەکردن.
* دورخستنەوە یان گواستنەوەی دانیشتوان بەزۆر.

* زیندانیکردن، یان بێبەشکردنی توند لە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی ئازادی جەستەیی کە پێچەوانەی ڕێسا بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت.

* ئەشکەنجەدان.

* دەستدرێژی کردنە سەر ناموس، کۆیلە کردنی سێکسی، لەشفرۆشی بەزۆر، سک پڕبوونی بە زۆر، یان هەر شێوەیەک لە شێوەکانی توندو تیژیی سێکسی کە بەم پلەیە ترسناک بێت.

* چەوساندنەوەی هەر گروپێکی دیاریکراو یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە دانیشتوان، لەسەر بنەمای سیاسی، نەژادی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، کەلتوری و ئاینی یان پەیوەندیی هەبێت بە جۆری ڕەگەز، یان بە هەر هۆیەکی ترەوە کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەی لێگرتووە.

* ونکردنی کەسانێک بە زۆر.

* کردارە نامرۆڤایەتییەکانی تر کە شێوەی هاوجۆری ئەوانن و دەبنە هۆکاری بە مەبەست بۆ گیرۆدەیی توند کە ئازاری ترسناک بە جەستە یان بە تەندروستی هزر و جەستە دەگەیەنن.[٥]

**لقی سێیەم/ تاوانەکانی جەنگ (Crimes of War)**

بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١٣)ی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، تاوانەکانی جەنگ، بریتین لە (پێشێلکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکانی (ژنێف)ی (١٩٤٩/٨/١٢)، وە بە دیاریکراوی هەریەک لەم کرادارانەی خوارەوە ڕیزبەند کراوە و ئەنجامدراوە دژی کەسان یان موڵک و ماڵی پاریزراو بەپێی بڕیارە پێدراوەکانی ڕێککەوتننامەی (ژنێف)ی پەیوەندیدار).

ئەو کردارانەش:

* کوشتنی بە مەبەست.

* ئەشــكەنجەدان یــان هەڵســوکەوتی نامرۆڤــانە، لەوانە هەســتان بە تاقیکردنەوەی بایۆلۆژی.

* بەســەر هێنــانی کــوێرەوەریی تونــد و مەبەســتدار یــان گەیانــدنی ئازاری ترسناک بە جەستە یان تەندروستی.

* وێرانکردنێکــی فــراوان و لە ڕادەبەدەری موڵــک و مــاڵ و دەســت بەسـەراگرتنیان بەبێ پاسـاوی پێویسـتییەکی سـەربازی وە بەشـێوەیەکی لادەر لە یاساو بە ڕێگایەکی گێرەشێوێن.

* ناچــارکردنی دیلەکــانی جەنــگ یــان کەســی پــارێزراو بــۆ ڕاژە لە سوپای دوژمن.

* بێبەشکردنی هەر دیلێکی جەنگ یان کەسی پارێزراو لە مافی خۆی بۆ دادبینی کردن لە دادگایەکی دادپەروەر و ڕێک و پێک بە مەبەست.

* هێشتنەوەی نایاسایی.

* دورخستنەوە یان گواستنەوەی نایاسایی.

* بە بارمتە گرتن.

لە بڕگەی (٢)ی هەمان مادەدا هاتووە (پێشێلکارییە ترسناکەکانی تری ئەو یاســاو داب و نەریتــانەی کە پێویســتە پیــادە بکرێــت لە ململانــێ چەکدارییە نێودەوڵەتییەکاندا لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی چەسپاو وە بە دیاریکراوی لەم کردارانە)دا.

ئەو کردارانەش:

* هێرشـی بە مەبەسـت و ئاراسـتە کـراو دژی دانیشـتوانی سـڤیل یـان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگییەکان بەشدار نەبوون.

* هێرشـی بە مەبەسـت ئاراسـتەکراو دژی ئامـانجە سـڤیلییەکان لەوانە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین.

* هێرشـی بە مەبەسـت دژی خزمەتگوزارییەکـان، دامەزراوەکان، کەل و پەلەکــان، یەکەکــان یــان ئۆتــۆمبیلی بەکارهــاتوو لە کــارە هاریکــارییە

مرۆییەکـــان یـــان پاراســـتنی ئاســـایش بەپێـــی دەســـتووری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنە بن کە دراوە بە سڤیلەکان یـان ئامـانجە سـڤیلییەکان، بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی بـۆ ململانێ چەکدارییەکان.

* هێرشـی بە مەبەسـت سـەرەڕای ئەوەی کە بزانرێـت ئەم هێرشـە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانی گیانی یان بریندار بوونی سڤیلەکان یان کەوتـنەوەی زیـانی سـڤیلی کە زیـادە ڕۆیـیەکەی ڕوون بێـت بە بەراورد لەگەڵ گشـت دەسـتکەوتە سـەربازییە چـاوەڕوانکراوە هەسـت پێکـراو و ڕاستەوخۆکان.

* هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی بزانرێت ئەو هێرشـە دەبێتە هـۆی کەوتـنەوەی زیـانێکی یەکجـار بەرفـراون و مـاوە درێـژ و بەتـین بە ژیـنگەی سروشـتی کە زیـادە ڕۆیـیەکەی ڕوون بێـت بە بەراورد لەگەڵ هەمـــوو دەســـتکەوتە ســـەربازییە چـــاوەڕوانکراوە هەســـت پێکـــرا و ڕاستەوخۆکان.

* هێـرش یـــان بۆردومـــانی شـــارەکان، گونـــدەکان، ماڵەکـــان یـــان باڵەخانەکـان بە هەر ئامرازێـک بێت کە هـیچ جـۆرە بەرگرییەکیـان نییەو ئامانجی سەربازییش نین.

* کوشـــتن یـــان برینـــدارکردنی جەنگاوەرێـــک کە دەســـت بەرداری چەکەکەی بووبێـت یـان ئـامرازی بەرگـری لە خـۆ کردنـی نەبێـت و بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی بەدەستەوە دابێت.

* خـراپ بە کارهێنـانی ئـاڵای ئـاگر بەسـت یـان ئـاڵا یـان دروشـمی سـەربازی و جل و بەرگـی دوژمـن، یان ئـاڵا یان دروشـمەکان و جل و بەرگی سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکـان. هەروەهـا نیشـانەکانی جیاکـاری ڕێککەوتننامەکـــانی ژنێـــف کە دەبێـــتە هـــۆی گیـــان لە دەســـتدان یـــان برینداركردنی تاکەکان.

* هەڵسانی حکومەتی عێراق یان هەریەک لە دەزگاکانی (بۆ مەبەستی ڕوون کـردنەوە بریتـی یە لە هەر دەزگـایەکی پـارتی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـتی)، بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بە گواستنەوەی بەشێک لە دانیشتوانە سڤیلەکان بۆ هەر خاکێک کە داگیری دەکـات. یـان دورخسـتنەوەو گواسـتنەوەی هەمـوو یـان بەشـێک لە دانیشتوانی خاکە داگیرکراوەکە لە نێو ئەو خاکە یان بۆ دەرەوەی.

* هێرشـی بە مەبەسـت ئاراسـتەکراو دژی باڵەخانەکـان کە ئامـانجی سەربازی نین و تایبەتن بۆ مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، خێرخوازی، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، نەخۆشخانەکان و شوێنی کۆبونەوەی نەخۆش و برینداران.

* سـەرپێدانواندنی کەسـانی سـەر بە هەر دەوڵەتێـک بـۆ شـێواندنی جەسـتەیی یـان هەر جۆرە تـاقیکردنەوەیەکی پزیشـکی یـان زانسـتی کە بیانویەک لە ئارادا نەبێت بۆ چارەسەری کەسی مەبەست لە نەخۆشخانە و لە بەرژەوەندیدا نەبێت و ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانێک یان تەندروستییان بخاتە ژێر مەترسییەکی ترسناکەوە.

* کوشـتن یـان برینـدارکردنی هەر کەسـێک لە کەسـانی نەتەوەی دوژمن بە ڕێگایەکی ستەمکارانە.

* ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ کەسێک لە ژیاندا نەماوە.

* وێرانکردن یان دەست بەسـەردا گرتنی موڵک و ماڵی دانیشـتوانی سـڤیلی لایەنـی دوژمـن کە ئەم وێرانکـردن و دەسـت بەسـەردا گـرتنە کارێکی وا نەبێت کە ناچارییەک بێت بۆ پێویستییەکانی جەنگ.

* ڕاگەیانـدنی هەڵوەشـانەوە، یـان هەڵپەسـاردن، یـان نەهێسـتنی پەنـابردنە بەر دادوەری بە مەبەسـتی بێبەشـکردنی هاووڵاتیـانی لایەنـی دوژمن بۆ داواکردنی مافەکانیان.

* ناچـــاركردنی هاووڵاتیـــانی لایەنـــی دوژمـــن بـــۆ بەشـــداری لە كردارەكانی جەنگی ئاراستە كراو دژی دەوڵەتەكەیان، هەتـا ئەگەر هـاتوو ئەو هاووڵاتیانە لە ڕاژەی دەوڵەتی شـەڕكەردا بووبن پێش هەڵگیرسـانی جەنگ.

* تـاڵانكردنی هەر شـارێک یـان شـوێنێک، ئەگەر هـاتوو بەزۆریـش دەستی بەسەردا گیرابێت.

* ژەهر بەكارهێنان یان چەكی ژەهراوی.

* بەكارهێنانی گازی خنكێنەر یان ژەهـراوی یـان هەر گـازێكی تـر، وە هەروەها هەر شلەیەک یان كەرەستەیەک یان كەلوپەلێكی تری هاوجۆر.

* بەكارهێنـانی ئەو گـوللانەی كە دەكشـێت یـان بە ئاسـانی ڕۆدەچێت بۆ ناو جەستەی مرۆڤ، وەک ئەو گوللانەی كە بەرگیان بەهێزەو هەمـو جەســـتەی گـــولەكە داناپۆشـــێت یـــان ئەو گـــولانەی كە بەرگەكانیـــان بەهێزكراوە.

* دەسـتدرێژی كـردنە سـەر نـاموس وە بە تـایبەتی هەڵـس و كەوتـی ڕیسواكەر كە دەبێتە هۆی دابەزینی شكۆمەندی.

* دەسـتدرێژیكردنە ســەر نـاموس، یـان كـۆیلەكردنی سێكسـی، یـان لەشفرۆشـی بەزۆر، یـان سـكپڕكردنی بەزۆر یـان هەر شـێوەیەكی تـر لە شێوەكانی توندوتیژیی سێكسی كە بەهەمان پلە ترسناک بێت.

* بەكارهێنـانی هەبـوونی كەسـانی سـڤیل یـان كەسـانی پـارێزراو بـۆ ئەوەی هەندێ خاڵ یان ناوچە یان هێزی سـەربازی تونـدو تـۆڵ بكات لە ڕووی كردارە سەربازییەكانەوە.

* ئاراســـتەكردنی هێرشـــی بە مەبەســـت دژی باڵەخانەكـــان، كەل و پەلەكـانی یەكە پزیشـكییەكان و ئامرازەكـانی گواسـتنەوە و كەسـانێک كە دروشـمی جیاكـاری ڕێككەوتننامەكـانی ژنێـف بەكـاردەهێنن بەگـوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

* برسـیکردنی دانیشـتوانە سـڤیلەکان وەک شـێوەیەک لە شـێوەکانی جەنـگ، وە بێبەشـکردنیان لەو خواردنـانەی کە پێویسـتە بـۆ مـانەوەی ژیانیـــان، لەوانە بە مەبەســت کۆســـپ خســـتنە بەردەم یـــارمەتییە فریاگوزارییەکان کە لە دەقەکانی ڕێککەوتننامەکانی ژنێفدا هاتووە.

* سـەربازگیری یـان تۆمـارکردنی منـاڵانی خـوار تەمەن (١٥) پـانزە ساڵی لە هێزی سوپای نیشتیمانی یان بەشداری پێکردنیان لە کردارە دوژمنکارییەکاندا.

لە بڕگەی (٣)ی هەمان ماددەدا هاتووە (لە کاتی ڕوودانی هەر جۆرە ململانێیەکـــی چەکـــدارانە، هەریەک لەم کـــردارە تاوانکارییـــانەی دژی کەسـانێک ئەنجـام دەدرێـت، کە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە کـردارە جەنگییەکان بەشدارنەبوون، لەوانە کەسانی هێزی چەکداری ئەوانەی کە چەکەکانیان فڕێداوە و ئەوانەی دەستە پاچەن لەشـەڕ بەهـۆی نەخۆشـی یان برینداری یا گلدانەوە یا بەهەر هۆیەکی تر):

* توندو تیژی بەکارهێنان دژی ژیانی کەسان، بەتایبەتی کوشتن بە هەمـــو جۆرەکـــانیەوە و شـــێواندن و هەڵســـوکەوتی بێبەزەییـــانە و ئەشکەنجەدان.

* دەستدرێژی کردنە سەر ئابڕوی کەسان بەتایبەتی هەڵس و کەوتی ڕیسواکەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی شکۆمەندی.

* بە بارمتەگرتن.

* فەرمان دەرچواندن و جێبەجێکردنی لە سێدارەدان، بەبێ هەبوونی فەرمانێکی پێشوو کە لە دادگایەکی دامەزراو و پەیڕەوکراو دەرچوبێت و دەستەبەری هەموو گەرەنتییە دادوەرییە باوەڕپێکراوە گشتییەکان بێت کە دەستبەرداربوونی بۆ نییە.

لە بـڕگەی (٤)ی هەمـان مـادەدا هـاتووە ( پێشـێلکارییە ترسـناکەکانی تـری یاسـاو داب و نەریتەکـان کە پێویسـتە جێبەجـێ بکرێـت لەسـەر

ململانــێ چەکــدارییە نانێودەوڵەتییەکــان لە چــوار چێــوەی یاســای نێودەوڵەتی جێگیر)، وە بەدیاریکراوی هەر کردارێک لەم کردارانە:

* ئاراستەکردنی پەلاماری بە مەبەست دژی دانیشتوانی سڤیل، یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ بەشداری کردارە جەنگییەکان ناکەن.

* ئاراســتەکردنی پەلامــاری بە مەبەســت دژی باڵەخانەکــان، کەل و پەلەکــان، یەکەکــان یــان ئامرازەکــانی گواســتنەوەی پزیشــکی وە یــان کەسانێک کە دروشمی جیاکاری ڕێککەوتننامەکانی ژنێف بەکار دەهێنن بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

* هێرشــی بە مەبەســت دژی خزمەتگوزارییەکــان، دامەزراوەکــان، یەکەکان، یان ئۆتۆمبێلەکانی بەکارهاتو لە کارە یارمەتییە مرۆییەکان یان پاراستنی ئاسایش بەپێی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنەبن کە دراوە بە سڤیلەکان یان ئامانجە سڤیلەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.

* ئاراستەکردنی هێرشی بەمەبەست دژی باڵەخانەکانی تایبەتمەند بە مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، زانستی، یان خێرخوازی، یان شوێنەوارە مێژوویەکــــان و نەخۆشـــــخانەکان و شــــــوێنەکانی کۆبــــونەوەی نەخۆشخانەکان و بریندارەکان، بە مەرجێک ئامانجی سەربازی نەبن.

* تــالانکردنی هەر شــارێک یــان شــوێنێک ئەگەر بەزۆریــش دەســتی بەسەردا گیرابێت.

* دەست درێژیکردنە سەر ناموس، یان کۆیلە کردنی سێکسی، یان لەشفرۆشــی بەزۆر، یــان ســکپڕکردنی بەزۆر، یــان هەر شــێوەیەک لە شێوەکانی توندو تیژیی سێکسی کە بەهەمان پلە ترسناک بێت.

* ســەربازگیری یــان تۆمــارکردنی منــداڵانی خــوار تەمەن (١٥) پــانزە ســاڵی لە هێزەکــان یــان گــروپە چەکــدارییەکان یــان بەکارهێنانیــان لە بەشداری ڕاستەوخۆی کردارە جەنگییەکان.

* فەرمان دەرکردن بە ڕاگواستنی دانیشتوانە سڤیلەکان بە هۆکاری پەیوەندیدار بە ململانێ، ئەگەر هاتو ئەم کارە لە پێناو ئاسایشی سڤیلەکان یان هۆکاری سەربازی ڕاستەوخۆ نەبوو.
* کوشتن یان بریندارکردنی یەکێک لە جەنگاوەرانی دوژمن بە ستەم.
* ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ کەسێک لە ژیاندا نەماوە.
* سەرپێدانواندنی کەسانی سەر بە دەسەڵاتی لایەنی تری ململانێ، بۆ شێواندنی جەستەی یان هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی یان زانستی کە بیانوویەک لە ئارادا نەبێت بۆ چارەسەری پزیشکی یان چارەسەری مرۆڤ یان چارەسەری کەسی مەبەست لە نەخۆشخانە و لە بەرژەوەندی ئەودا نەبێت و ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانێک یان تەندروستیان بخاتە ژێر مەترسیەکی ترسناکەوە.
* وێرانکردن یان دەست بەسەردا گرتنی موڵک و ماڵی لایەنی دوژمن کە ئەم وێرانکردن و دەست بەسەردا گرتنە کارێکی وانەبێت پێویستییەکانی جەنگ ناچاریکردبێت.[٦]

## لقی چوارەم/ پێشێلکاریی یاساکانی عێراقی (Violation of Iraqi Laws)

لە ماددەی (١٤)ی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقیدا هاتووە کە دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر تاوانکارانی ئەم تاوانانەی خوارەوەدا:
* دەستخستنە ناو کارەکانی دادوەری یان هەوڵدان بۆ کارتێکردنی لە کارەکانی.
* بەفیڕۆدانی سامانی نیشتیمانی و پەرت و بڵاوکردنی بەگوێرەی بڕیارەکانی بڕگەی (ز) لە ماددەی دووەم لە یاسای سزادانی کەسانی پیلانگێڕ لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی و گەندەڵکردنی ڕژێمی دەسەڵات ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٥٨).

* خراپ بەکارهێنانی پلەو پایە و تێکۆشان لە پێناوی سیاسەتێک کە ببێتەهۆی نانەوەی هەڕەشەی جەنگ یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی عێراقی دژی دەوڵەتێکی عەرەبی بەپێی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٥٨).

* ئەگەر دادگا بینی کۆڵەکەی تایبەتی هەریەک لە تاوانەکانی باسکراو لە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣)ی ئەم یاسایە نەهاتەدی وە بۆی دەرکەوت کارەکە تاوانەو یاسای سزاکان یان هەر یاسایەکی تر سزای دەدات کاتی ئەنجامدانی، دادگا بەرپرسیارێتی دادوەری دەگرێتە ئەستۆ بۆ بینینی کێشەکە.[٧]

ئەو تاوانانەی سەرەوە کە ئاماژەمان بۆ کردوون، ئەو تاوانانەن کە بەپێی ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی دەچنە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دادگاوە و دادگاش پسپۆڕیی بینینیانی هەیە.

ئاشکراشە لای یاسا ناسان کە ناتوانی دادگایی تۆمەتبارو تاوانکارێک بکەیت لە دادگایەکدا کە یاسای دادگاکە تاوانەکەی نەناساندبێت و باس نەکردبێت.

**دووەم/ پسپۆڕی کات**

ئاشکرایە کە هەر یاسایەک دەردەچێت لەوکاتەوەی کە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە دەست پێدەکات تا ئەوکاتەی بۆی دیاریکراوە بەکۆتایهاتنی یان هەمواركردنی یان هەڵوەشاندنەوەی. بەمەرجێک ئەگەر لە یاساکەدا دەقێک پێچەوانەی ئەمە نەهاتبێت.

سەبارەت بە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١)دا هاتووە (دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت، بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراق نیشتەجێبێت، وە تۆمەتباربێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تاوانانەی کە

باسـكراون لە مادەكـانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسـایەدا و ئەنجـام دراون لە (١٩٦٨/٧/١٧ تـــاوەكو ٢٠٠٣/٥/١)، لە عێـــراق یـــان لە هەر شوێنێكی تردا).[٨]

ئەو برگەیە دەسەڵاتەكانی دادگای لە ڕووی كاتی بینینی تاوانەكانەوە دیـاریكردووە كە مـاوەكەی (٣٥) سـی و پێـنج سـاڵە و هەروەهـا دادگـا دەسـەڵاتی ئەوەی هەیە بـۆ دادگـاییكردن بگەڕێـتەوە بـۆ دواوە، ئەوەش ناڕاسـتەوخۆ گوزارشـت كـردنە لە گـرتنە دەسـتی دەسـەڵات لەلایەن بەعسییەكانەوە لە عێراقدا. تـاكو ڕاگەیاندنی فەرمـی كۆتایهـاتنی پرۆسـە سەربازییەكانی ئەمریكا لە عێراقدا.

بەشـێك لەتـوێژەرانی یاسـایی ڕەخـنەی پسـپۆڕی كـات دەگـرن لەو دادگایە و پێیان وایە گەڕانەوەی دەسەڵاتەكانی دادگا بۆ پێش پێكهێنانی نایاساییە. بۆ ئەوەش پشت دەبەسـتن بە بە مـاددەی (٢١) بیسـت و یەكـی دەسـتووری كـاتی عێراقـی سـاڵی (١٩٧٠)، كە دەڵێـت (هـیچ تـاوان و سزایەك نییە بەبێ بوونی یاسـا). هەروەهـا بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (١٩)ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی سـاڵی (٢٠٠٥)، كە دەڵێت (هـیچ تـاوان و سزایەك نییە بەبێ بوونی دەق).

لێـــرەدا هەوڵ دەدەیـــن لەڕوانـــگەی یاســـای عێراقـــی و یاســـای نێودەوڵەتییەوە. یاسـاییانە وەڵامـی ڕەخنەكانیـان بدەینەوە و بیسـەلمێنین كە ڕەخنەكانیان نازانستی و نایاساییین.

ئەو تـوێژەرانە هەمـوو بڕگەكـانی ماددەكەیـان وەرنەگرتـووە بەڵكـو بەشێك لە بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (١٩)یـان وەرگرتـووە. ئەگینـا لە هەمـان بـڕگەو مـاددەدا هـاتووە (هـیچ كەسـێك تاوانبـار ناكرێـت و سـزا نادرێـت تەنهـا بە دەق نەبێت. هـیچ كەسـێكیش سـزا نادرێت تەنهـا بەو كـردەوانە نەبێـت كە یاسـا بە تـاوانی دادەنێـت، لەكـاتی ئەنجامـدانی تاوانـدا نابێـت

سـزایەک بسـەپێنرێت کە تونـدتر بێـت لەو سـزایەی کە بـۆ ئەو تـاوانە دیاریکراوە).

لێرەدا بڕگەکە دەڵێت (هیچ کەسێکیش سزا نادرێت تەنها بەو کردەوانە نەبێت کە یاسـا بە تـاوانی دادەنێـت). کەواتە لێـرەدا ئەگەر کـردەوەیەک یاسـا بە تـاوانی دانـابوو ئەوا سـزای لەسـەرە. بـۆ سـەلماندنی ئەوەش بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (١)ی دادگـاکەدا ئەو کـردەوانەی بەپێـی یاسـای دادگـاکە بە تـاوان دانـاوە کە ئەوانـیش تاوانەکـانی (جینۆسـاید، دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ، پێشێلکاری یاساکانی عێراق)ین. هەروەها لە بڕگەی (٩)ی مـاددەی (١٩)ی دەسـتوورەکەدا هـاتووە (یاسـا بـۆ کـاتی پـێش دەرچوونی کاری پێناکرێت مەگەر لە یاساکەدا شتێکی تر وترابێت، بەڵام ئەم هەڵاوێـردنە یاسـاکانی بـاج نـاگرێتەوە). کەواتە ئەگەر لە یاسـاکەدا وترابێـت ئەم یاسـایە بـۆ کـاتی پـێش دەرچـوونی کـاری پێدەکرێت ئەوا دروسـت و یاسـاییە. دیسـان بـۆ سـەلماندنی ئەوەش لە بـڕگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دادگاکەدا هاتووە کە دەسەڵاتەکانی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر ئەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)دا باسکراون و ئەنجام دراون لە (١٩٦٨/٧/١٧ تـاوەکو ٢٠٠٣/٥/١). کەواتە لێرەشـدا بە ئاشکرا ئاماژەی بە کات و گەڕانەوەی دەسەڵاتی دادگا کردووە بۆ پێش پێکهێنـــــــــــــــــانی دادگـــــــــــــــــا.

لەلایەکـی تـرەوە مـاددەی (١٣٤) سـەدو سـی و چـواری، دەسـتوری هەمیشـەیی عێراقـی سـاڵی (٢٠٠٥)، دانـی نـاوە بە دادگـاو دەسـەڵات و تایبەتمەنـدییەکانی و دەڵێـت (دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێـراق وەک دەسـتەیەکی دادوەری سـەربەخۆ بەردەوام دەبێـت لەسـەر ئەنجامـدانی کارەکانی بۆ چاوخشاندنەوە بە تاوانەکـانی ڕژێمـی دیکتـاتۆری پێشـوو و سەرانی، ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەڵوەشـاندنەوەی دادگـای نـاوبراوی هەیە بە یاسـا پـاش تەواوکردنـی کارەکـانی). لەم مـاددە دەستوورییەشـدا

بەڕوونی ئاماژەی کردووە کە دادگاکە دەسەڵاتی گەڕانەوەی هەیە بۆ پێش پێک هێنانی وەک دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجام دانی کارەکانی بۆ چاو خشاندنەوە بە کردارەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو و سەرانی.

لەسەرووی ئەوانەشەوە و لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی هاتووە کە:

بڕگەی (٢)ی ماددەی (١١)ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت (هیچ کەسێک سەبارەت بە ئەنجامدانی کردەوەیەک یان دەست هەڵگرتن لەو کردەوەیە کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی یاسای نیشتیمانی یان نێودەوڵەتی بە تاوان نەناسراوە، تاوانبار ناکرێ. هەروەها هیچ کەسێک نابێ بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوە، تاوانبار بکرێ).

بڕگەی (١)ی ماددەی (١٥)ی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکان دەڵێت (هیچ کەسێک سەبارەت ئەنجامدانی کردەوەیەک یان دەستهەڵگرتن لەو کردەوەیە کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی یاسای نیشتیمانی یان نێودەوڵەتی بە تاوان نە ناسراوە، تاوانبار ناکرێ. هەروەها نابێ هیچ سزایەکی توندتر لەو سزایەی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ تاوانەکە هەبووە، دیاری بکرێ. ئەگەر پاش ئەنجامدانی تاوان، ڕێوشوێنی یاسایی دیکە دابنرێ و سزایەکی سووکتر بۆ ئەو تاوانە دیاری بکرێ، تاوانبار دەبێ لەو ڕێوشوێنانە سود وەربگرێت).

کەواتە لێرەشدا ئەگەر هاتوو کردەوەیەک لەسەر ئاستی نیشتیمانی و یاسای نیشتیمانی بە تاوان نەناسێنرابوو، بەڵام لەسەر ئاستی

نێــودەوڵەتی و لە یاســای نێــودەوڵەتی ناســێنرابوو. ئەوا ئەنجامــدەرانی تاوانەکــان ملــکەچ دەبــن بــۆ ســزای یاســایی. هەروەهــا تاوانکــاران یــان ئەنجامــدەرانی تاوانەکــان نــاتوانن بەســود وەرگــرتن لەو دەقەی کە لە یاسای دەوڵەتەکەیاندا بە تاوان نەناسێنراوە سود وەربگرن. چونکە ئەو تاوانــانەی کە دادگــاکە دەســەڵاتی بینینیــانی هەیە، تــاوانە ترســناکە نێودەوڵەتییەکــانن، تــاوانێکن کە پێشــتر قەدەغە کــراو بــوون و ســزای یاســایی بــۆ ئەنجامــدەرانی دیــاریکراو بــووە. وەک ڕێککەوتننــامەی جینۆســــایدی نەتەوە یەکگرتوەکــــانی (١٩٤٨/١٢/٩)، کە عێــــراق لە (١٩٥٩/١/٢٠)وە واژووی کــــردووەو ئەنــــدامە تێیــــدا، هەروەهــــا ڕێککەوتننامەکــانی ژنێفــی (١٩٤٩/٨/١٢)، کە عێــراق لە (١٩٥٦/٦/١٢)ەوە واژووی کردووەو ئەندامە تێیدا.

کەواتە بەم وەڵامە یاسـاییانە وەڵام و نکـوڵی ئەو ڕەخنانەمـان کـردوو سەلماندمان کە ڕەخنەکانیان نا یاسایی و نازانستین. هەربۆیە پسـپۆڕیی دادگـا لە گەڕانەوەی دەسـەڵاتەکانی بۆ پێش پێکهێنـانی دادگـاکە. کـارێکی یاسـایی و دروسـتە، چـی لەسـەر ئاسـتی یاسـای عێراقـی و چـی لەسـەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی.

لە لایەکـــی تـــرەوە و لە ســـەر ئاســـتی نێـــودەوڵەتی و لە یاســـای نێودەوڵەتیدا، لەو دادگا تاوانکاریە نێودەوڵەتیانەی کە پێـک هـاتوون ڕێگە بەو تایبەتمەنـدییە دراوە کە دەسـەڵاتەکانی پەیـڕەو بکـات بەسـەر ئەو تاوانـانەی کە لە ڕابـردوو و پێشـتردا، پـێش پێکهێنـانی دادگـاکەدا ئەنجـام دراون.

نمونەی ئەو دادگایانەش:

* دادگــای تاوانکــاریی نێــودەوڵەتی بــۆ یوگۆســلاڤیای پێشــوو، کە لە (١٩٩٣/٥/٢٥) دامەزراوە. بەڵام دادگـــا دەســـەڵاتی دادگـــاییکردنی ئەو تاوانکــارانەی هەیە کە لە ســاڵی (١٩٩١)وە تاوانیــان ئەنجــام داوە، بەڵام

ئەو دادگـایە مـاوەی کۆتایهـاتنی دەسـەڵاتەکانی دیـارینەکردووە، کە کەی کارەکانی دادگا کۆتایی پێدێت.[٩]

* دادگـــای تاوانکـــاریی نێـــودەوڵەتی ڕوانـــدا، کە لە (١٩٩٤/١١/٨) دامەزراوە. بەڵام دادگـا دەسـەڵاتی دادگـاییکردنی ئەو تاوانکـارانەی هەیە کە تاوانیان ئەنجام داوە لە (١٩٩٤/١/١ تاوەکو ١٩٩٤/١/٣١).[١٠]

* دادگـــای تاوانکـــاریی تـــایبەتی کەمبۆدیـــا، کە لە ســـاڵی (١٩٩٧) دامەزراوە. بەڵام دادگـا دەسـەڵاتی دادگـاییکردنی ئەو تاوانکـارانەی هەیە کە تاوانیان ئەنجام داوە لە (١٩٧٥/٤/١٧ تاوەکو ١٩٧٩/١/٦).

* دادگـای تـایبەتی سـیرالیۆن، کە لە (٢٠٠٠/٨/١٤)، دامەزراوە. بەڵام دادگـــا دەســـەڵاتی دادگـــاییکردنی ئەو تاوانکـــارانەی هەیە کە لە (١٩٩٦/٦/٣٠)ەوە تاوانیـــان ئەنجـــام داوە، ئەم دادگـــایەش مـــاوەی کۆتاییهاتنی کارو دەسەڵاتەکانی دادگای دیاری نەکردووە.[١١]

* دادگـای تـایبەتی لوبنـان (ڕەفیـق حەریـری)، کە لە (٢٠٠٧/٥/٣٠)دا دامەزراوە. بەڵام دادگـا دەسـەڵاتی دادگـاییکردنی ئەو تاوانکـارانەی هەیە کە لە (٢٠٠٥/٢/١٤) هەسـتان بە کوشـتنی سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی لوبنان (ڕەفیق حەریری) و کەسانی تر.[١٢]

هەر بـۆیە پسـپۆریی کـات، گەڕانەوەی دەسـەڵاتی دادگـا بـۆ پـێش پێکهێنـانی دادگا لە دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقیدا بۆ دادگـاییکردنی تاوانکاران، کە لەماوەی ئەو (٣٥) سی و پێنج ساڵەدا ئەو چوار تاوانەیـان ئەنجام داوە، یاسایيە و ڕێگە پێدراوە و هیچ کەمییەکی یاسایی نییە.

**سێیەم/ پسپۆریی شوێن**

پرەنســـیپێکی بنەڕەتیـــیە کە هەمـــوو دەوڵەتێـــک هەڵدەســـتێت بە جێبەجێکردنی سەروەرییەکەی و سەپاندنی یاساکانی بەسەر هەمـوو ئەو تاوانـــانەی کە لە هەرێمـــی وشـــکانی و ئـــاوی و ئاســـمانییەکەیدا ئەنجـــام دەدرێن.

بڕگەی (٢) ی ماددەی (١)ی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی ئاماژەی بە دەسەڵاتی دادگا کردووە لە تایبەتمەندیتی شوێندا، و دەڵێت (دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراق نیشتەجێ بێت وە تۆمەتباربێت بەئەنجامدانی یەکێک لە تاوانە باسکراوەکانی ئەم مادەیە لە عێراق یان هەر شوێنێکی تر)دا.[١٣]

ئەو دەقە یاساییە کە دەڵێت (لەهەر شوێنێکی تر)، مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادگا کۆت نەکراوە بە تەنها لە هەرێمی دەوڵەتی عێراقدا، درێژ بوونەوەی بۆ (هەر شوێنێکی تر)، مەبەستی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادگا ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە ئەنجام دراون لە دەوڵەتەکانی تردا، وەک ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراون لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، وە تاوانی دەست درێژی کردنە سەر دەوڵەتی کوەیت. هەروەها تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت لە خۆرهەڵاتی کوردستان.[١٤]

لە دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکانی پێشووتردا دەسەڵاتی دادگا بۆ دەرەوەی هەرێمی دەوڵەت هەبووە. لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ڕواندا دا، دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر هەموو کەسێک کە پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییان کردووە لە ڕواندا لە خاکەکەیدا یان لە ئاسمانەکەیدا یان هەر هاوڵاتییەکی ڕواندای کە هەمان پێشێلکارییان کردووە لە دەوڵەتە دراوسێکاندا.[١٥]

کەواتە تایبەتمەندیی شوێن لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقیدا بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی بە تەنها هەرێمی دەوڵەتی عێراق ناگرێتەوە بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراون تێیدا بەڵکو ئەو دەسەڵاتە دەوڵەتە دراوسێکانی وەکو کوەیت و ئێرانیش دەگرێتەوە. کە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە یەکێک لەو چوار تاوانەی تیایاندا ئەنجام دراوە کە دادگاکە باسی دەکات.

**چوارەم/ پسپۆڕی کەسی**

دەسـەڵاتەکانی دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقـی جێبەجێـدەکرێت بەسـەر هەمـوو کەسـێکی سروشـتی ئەگەر هـاتوو ئەو کەسـە هەڵگری ڕەگەزنـامەی عێراقـی بێـت یـان بیـانی بێـت و لە عێـراق نیشـتەجێبێت و یەکێک لە چـوار تـاوانە باسـکراوەکەی مـاددەی (١)ی دادگـاکەی ئەنجـام دابێت.[١٦]

پرەنسیپێکی گشتییە لە یاسای تاوانکاریدا هەموو ئەو کەسـەکانەی کە تاوانیان ئەنجام داوە، بەبێ جیاوازی لە نێوانیان لەسەر بنەمـای ڕەگەز و پلەی کۆمەڵایەتییـان، ملـکەچ دەبـن بـۆ یاسـا ئەم پرەنسـیپەش بە مانـای یەکسـانیی نێـوان تاکەکـان دێـت.[١٧] هەر لەسـەر هەمـان بنەمـا لـە مـاددەی (١١)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)دا، هـاتووە کە (هەمـوو کەسـێکی نیشـتەجێی هەرێمـی عێـراق ملکەچـن بـۆ یاسـای تاوانکاریی عێراقی).[١٨]

مـاددەی (١٥)ی دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقـی، هەمـوو کەسـە سروشتییەکانی ملکەچ کردووە بۆ سـزا ئەمەش بۆ ئەوەی هـیچ کەسـێک سود وەرنەگرێت لە پۆست و پلەو پایەیـان بـۆ خۆپاراسـتنیان لە سـزا. لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (١٥)دا هـاتووە (ئەو پلەو پایە فەرمییەی کە تـاوان خـراوە پـاڵ هەیەتـی، نـابێتە هـۆی لێبوردنی یان سـوککردنی سـزا، ئەگەر هـاتوو تـاوان خـراوە پـاڵ سـەرۆکی دەوڵەت یـان سـەرۆک یـان ئەنـدامی سـەرکردایەتی شـۆڕش یـان ئەنـدامی ئەنجـومەنی وەزیـران یـان ئەنـدامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس بوو. یاساپارێزی (حصانە) نابێتە بیـانوو بـۆ ڕزگاربوون لە بەرپرسـیارێتی ئەو تاوانـانەی کە باسـکراوە لە ماددەکـانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا).

هەروەهــا لە بــڕگەی (٦)ی هەمــان مــاددەدا هــاتووە (بڕیارەکــانی لێبووردنی پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هیچ یەکێک لەو تۆمەتبارانە نـاگرێتەوە کە تۆمەتبـار کـراون بە ئەنجـام دانـی یەکێـک لەو تاوانـانەی باسکراون لەم یاسایەدا).

ئەم پرەنسیپە، لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەسپاو و جێگیرە. لە ماددەی (٤- ٧)ی ڕێککەوتننــامەی نەتەوە یەکگرتووەکــان بــۆ قەدەغەکردنـــی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، جێگیر کراوە.

هەروەها لە چەندین دادگای تردا هەمان پرەنسیپ چەسپاوە، وەکو: ماددەی (٧)ی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ، ماددەی (٦)ی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی خۆرهەڵاتی دوور (تۆکیۆ)، ماددەی (٧)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بۆ یۆگوسلاڤیای پێشوو، ماددەی (٦) ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ڕواندا، ماددەی (٦) ی دادگای تایبەتی سیرالیۆن و لە سەرو ئەوانەشەوە هەردوو ماددەی (٢٧- ٢٨)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای).

بەڵام یەکێک لەو ڕەخنە قوڵانەی کە لەلایەن یاساناسانەوە ئاراستەی پسپۆڕیی کەسی دەکرێت لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقیدا، ئەوەیە کە دادگـا لە بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (١)دا بە تەنهـا ئامـاژەی بـۆ کەسـی سروشــتی کــردووە، بەوەش دەســەڵاتی دادگــا کەســانی مەعــنەوی ناگرێتەوە. ئەوەش بە هەند وەرنەگرتنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ســاڵی (١٩٦٩)ە کە تێیــدا مــاددەی (٨٠) دەڵێــت (کەســایەتییە مەعنەوییەکـان بێجگە لە دەزگـا حکومییەکـان فەرمـانگە حکومییەکـان و نــیمچە حکومییەکــان، لە ڕووی ســزاییەوە بەرپرســن بەرامــبەر ئەو تاوانانەی کە نوێنەرەکانیان یان بەڕێوەبەرەکانیان یان بریکارەکانیان کە کاریان بۆ دەکەن، ئەنجامی دەدەن).

**باسی سێیەم/ دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی و کەیسەکانی جینۆسایدی کورد**

لەپاش پێکهێنانی دادگا لە ساڵی (٢٠٠٥)، بەپێی یاسای ژمارە (١٠). کەیسەکانی کورد لەو کەیسانە بوون کە دەبوو لەدادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی بە جینۆساید بناسرێن و یەکلاییبکرێنەوە.

لە سەرەتادا دادگا یەکەم کەیس کە بینی کەیسی دوجێل بوو، سەددام حسەین تۆمەتباری سەرەکی بوو لە کوشتنی (١٤٨) سەدو چل و هەشت هاووڵاتی شیعە ڕێباز لە شارۆچکەی دوجێل و ئەشکەنجەدانی ژن و منالان و دەستگیرکردنی نایاسای (٣٩٩) سێسەدو نەوەد و نۆ کەسی تر لە (١٩٨٢/٧/٨). سەددام لە (٢٠٠٦/١١/٥)، بەپێی ماددەی (١٢)ی دادگاکە وەک تاوانباری ئەنجامدەری تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سزای لە سێدارەدان بە هەڵواسین تا مردن بەسەردا سەپاو بڕیاری سزاکەی لەلایەن (دادوەر ڕەوف ڕەشید)ەوە بۆ خوێندرایەوە.

لە پاش ئەوەی بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەرگرت و وەک ئەوەی لە ماددەی (٢٤- ٢٧)ی دادگاکەدا هاتووە.[١٩] کاتژمێر (٦:٠٥) شەش و پێنج خولەکی بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە (٢٠٠٦/١٢/٣٠)، لە سێدارە درا. بەوەش بە تەنها لەسەر کوشتنی (١٤٨) سەدو چل و هەشت هاووڵاتیی شیعە ڕێباز سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و جێبەجێکرا. چاوەڕێ نەکرا لە پای جینۆساید کردنی (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار کوردیش دادگایی بکرێت. بەوەش گەورەترین پیلان کرا بەسەر دەستکەوتە یاساییەکانی نەتەوەی کورد و یاسای گەوهەریدا. سەرەڕای ئەوەش سەددام وەک گەورەترین تاوانکاری جینۆساید، بە تاوانکاری جینۆساید نەناسێنراو وەک تاوانکاری ئەنجامدەری تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سزای بەسەردا سەپێنراو جێبەجێکرا.

هەربۆیە ئەو چوار کەیسەی کورد (ئەنفال، کوردانی فەیلی، هەڵەبجە، بارزانییەکان)، کە بە جینۆساید ناسێنران. لە کاتێکدا بوو کە سەدام لە

ژیانـدا نەمـابوو، بەڵکـو سـەرکردە پـلە باڵاکـانی تـری ڕژێـمەکەی وەک تۆمەتباری سەرەکی دادگایی کران و سزایان بەسەردا سەپێنرا.

لە کـۆی (١٦) شـانزە کەیسـی کـورد لە دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقیدا تەنها (٦) شـەش کەیسیان بە جینۆسـاید ناسـێنرا کە ئەوانیش (ئەنفـال، کـوردانی فەیلـی، هەڵەبـجە، بارزانییەکـان)بوون، هەروەهـا کەیسەکانی (سەید صادق و پشدەر)یش وەک پاشکۆی کەیسی ئەنفال بە جینۆساید ناسێنران.[٢٠]

لێـرەدا هەوڵ دەدەیـن هەریەک لەو چـوار کەیسـە کە بە دانیشـتنی تـایبەت و سـەربەخۆ بە جینۆسـاید ناسـێنران لەلایەن دادگـای بـاڵای تاوانکاریی عێراقەوە، باس بکەین لەگەڵ بڕیاری کۆتایی دادگا لەسەریان کە بەجینۆسایدی ناساندووە.

ئەوانیش:

* کەیسی ئەنفال؛
* کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە؛
* کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی؛
* کەیسی جینۆسایدی بارزانییەکان.

**یەکەم/ کەیسی ئەنفال**

کەیسـی ئەنفـال یەکێـک بـوو لە کەیسـەکانی کـورد لە دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقیدا، کە یەکەم دانیشتنی دادگا لە (٢٠٠٦/٨/٢١) دەستی پێکـرد. پـاش (٦١) شەسـت و یەک دانیشـتن، دادگـا لە (٢٠٠٧/٦/٢٤)دا کەیسی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند.

ئەمەی خوارەوەش دەقی بڕیاری کۆتایی دادگایە لەسەر بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال و سزادانی تاوانکارەکانی:

بەناوی خوای گەورە

دادگای باڵای تاوانکاری عێراق
ژمارە (١/ دووەمی ج/٢٠٠٦).

دادگای دووەمی تاوانکاری
(٩ ی جەمادی دووەم ١٤٢٨) کۆچی

بەغداد- عێراق
(٢٠٠٧/٦/٢٤) زاینی

دەقی بڕیار[٢١]

لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەم ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر (٢٠٠٧/٦/٢٤)ی زاینی دادگای دووەمی تاوانکاری لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق بەسەرۆکایەتی (محەمەد عورەیبی مەجید خەلیفە) و تەواوی ئەندامانی پێکهات و بەناوی گەلەوە ئەم بڕیارەی دەرکرد:

**١/ تۆمەتبار (طاهر تۆفیق یوسف ئەلعانی)**

بەهۆی نەبونی بەڵگەی تەواوەتی لە دژی تۆمەتبار (طاهر تۆفیق یوسف ئەلعانی) لەو تۆمەتەی کە ئاراستەی کرابوو بە گوێرەی بڕیارەکانی ماددەی (١١) بڕگەی یەکەم بەشی (آ، ب، ج)، هەروەها ماددەی (١٢) بڕگەی یەکەم/ بەشی (آ، ب، ج، د، ە، و، ح، گ، ی)، وە ماددەی (١٣) بڕگەی چوارەم/ بەشی (آ، د، ە، ح، ل). لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تۆمەتە ئاراستەکراوەکانی ناوبراوی دەرکرد و ئازاد کرا. هەروەها کۆتاییهات بە مانەوە (توقیف) کردن و داواکردنی بۆ کەیسێکی تری هاوشێوەی ئەو کەیسە. ئەمەش بە پشت بەستن بە

ماددەی (١٨٢) سەدو هەشتاو دوو بەشی (ج، ە) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا، کە شایانی پێداچونەوەیە، هەروەها بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

**٢/ تاوانبار (فەرحان موتڵەگ ساڵەح ئەلجبوری)**

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (فەرحان موتڵەگ ساڵەح ئەلجبوری)، بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی، کە بەشداری کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەمەبەست وەک تاوانی جینۆساید بە گوێرەی بڕیارەکانی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ) وە بڕگەی دووەم بەشی (ە). بە پشت بەستن بە ماددەی (١٥) بڕگەی یەکەم و دووەم وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکرا بەپشت بەستن بە بڕیارەکانی ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ، ب، و)، وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (فەرحان موتڵەگ ساڵەح ئەلجبوری)، بە زیندانیکردنی هەتاهەتای  کە بەشدارە لە ئەنجامدانی کوشتنی تاوانی بەمەبەست کە تاوانی دژی مرۆڤایەتیە بەگوێرەی بڕیارەکانی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د)، بەپشت بەستن بە ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢)، وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، سزاکە دیاریکرا بە پشت بەستن بە بڕیارەکانی ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (آ) بەشی (آ، ب، و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩)، لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)  ساڵی (١٩٦٩)ی

هەمـوارکراو بڕیـارەکە بە ڕێککەوتنـی ئامـادەبووان دەرکـرا کە شـایەنی پێداچونەوەیە بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بڕیاردرا بەسـەر تاوانبار (فەرحان موتڵەگ ساڵەح ئەلجبوری)، بە (١٠) دە سـاڵ زیندانیکردن کە بەشداری کردووە لە ئەنجامدانی تـاوانی دورخستنەوەی خەڵک و گواستنەوەیان وەک تـاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی یەکەم بەشی (د)، بە پشت بەستن بە مـاددەی (١٥) بـڕگەی (١- ٢)، هەروەهـا مـاددەی (٢٤) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، سزاکە دیاریکرا بە پشت بەسـتن بە مـاددەی (٤٢١) بـڕگەی (ب) و مـاددە هاوپێوەنـدەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩)، لە یاسـاى سـزادانی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو بڕیـارەکە بە ڕێککەوتنـی ئامـادەبووان دەرکـرا کە شـایانی پێداچونەوەیە بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* ئەژمـارکردنی مـاوەی ڕاگرتنـی تاوانبـار (فەرحـان مـوتڵەگ سـاڵەح ئەلجبـوری) نـاکرێ، کە مەرجـێکە لە هـاتنەدی چارەنووسـی ئەم کەیسـە چونکە ڕاگیرانەکەی لەسەر کەیسێکی ترە.

* جێبەجێکردنـی بەرزتـرین سـزای یەک لە دوای یەکـی پێویسـت بە فەرمان دەرکرا بەسەر تاوانبار (فەرحان موتڵەگ ساڵەح ئەلجبوری)، بە پشـت بەسـتن بە ڕێسـای ژمـارە (٦٥) بـڕگەی (٢)، لە گـرتنە بەری ڕێسـاکانی کـۆکردنەوەی بەڵـگەی تـایبەت بە دادگـا، هەروەهـا مـاددەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* دەستبەسـەرداگرتنی مـاڵی ڕاگـوێزراوە و نەگـوێزراوەی تاوانبـار (فەرحـان مـوتڵەگ سـاڵەح ئەلجبـوری) بە پشتبەسـتن بە مـاددەی (٢٤) بـڕگەی (٦) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی ژمـارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

* تاوانبــار تێگەیەنــرا کە دۆســیەی داواکەی ڕەوانەی ئەنجــومەنی پێداچونەوە کرا بۆ پێداچونەوە، بەپشت بەستن بە ماددەی (٢٥٤) برگەی (١) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١).

بە ڕێککەوتنی ئامادەبوان بڕیارەکە دەرکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (١)ی یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ســاڵی (١٩٧١)ی هەمــوار کــراو و بە ئاشــکرا تێگەیەنــرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بەهــۆی نەبــوونی بەڵــگەی تەواوەتــی لە کەیســی دژی تۆمەتبــار (فەرحــان مــوتڵەگ ســاڵەح ئەلجبــوری)، لە تــۆمەتی ئاراســتە کــراو بەپێــی مــاددەی (١١) بــڕگەی (١) بەشــی (ب- ج)، وە مــاددەی (١٣) بــڕگەی (٤) بەشی (آ- د- ە- ح- ل) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق ژمارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠٠٥)، دادگــا بڕیــاری هەڵوەشــاندنەوەی ئەو تــۆمەتە ئاراستە کراوەی داو لەو تاوانە بەخشرا. بڕیارەکە بە ڕێککەوتن دەرکرا بە پشــت بەســتن بە مــاددەی (١٨٢) بــڕگەی (ج) لە یاســای بنەمــای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو بڕیارەکە شــایەنی پێــداچونەوەیە، وە بە ئاشــکرا تێگەیەنــرا لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەمی ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠٠٧/٦/٢٤)ی زاینی.

**٣/ تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)**

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسین ئەلدوری)، بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی کە بەشداری کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی بە مەبەست وەک تاوانی جینۆسساید. بە گوێرەی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشــی (آ)، وە بــڕگەی (٢) بەشــی (ە)، هەروەهــا بە پشــت بەســتن بە ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢)، وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاری کرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە

هاوپێوەندەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩)، لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو، بڕیارەكە بە ڕێككەوتنی ئامادەبووان دەركرا كە شایەنی پێداچونەوەیە وە بە ئاشكرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)، بە زیندانیكردنی هەتاهەتایی كە بەشداری كردووە لە ئەنجامدانی تاوانی كوشتنی بە مەبەست وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) وە بە پشت بەستن بە ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢)، وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانكاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاكە دیاریكرا بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و)، وە ماددە هاوپێوەندەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩)، لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو بڕیارەكە بە ڕێككەوتنی ئامادەبوان دەركرا كە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشكرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)، بە زیندانیكردن، كە بەشداری كردووە لە هێرشكردنە سەر هاووڵاتیانی سڤیل بەو سیفەتە یان دژی تاكەكەسی سڤیل كە بەشداری ڕاستەوخۆیان نەكردووە لە جەنگدا وە تاوانێكە لە تاوانەكانی جەنگ بەگوێرەی ماددەی (١٣) بەشی (٢) بڕگەی (١) بە پشت بەستن بە ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانكاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاكە دیاریكرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو، بڕیارەكە بە ڕێككەوتنی ئامادەبووان دەركرا كە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشكرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)، بە (١٠) دە ساڵ زیندانیکردن کە بەشداری کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی خەڵک و گواستنەوەی وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د) وە پشت بەستن بە ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢)، ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). وە سزاکە دیاریکرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٢١) بڕگەی (ب)، و مادده هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمووارکراو، بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* ئەژمارکردنی ماوەی ڕاگرتنی تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری) ناکرێ، کە مەرجێک لە هاتنەدی چارەنووسی ئەم کەیسەیە، چونکە ڕاگیرانەکەی لەسەر کەیسێکی ترە.

* جێبەجێکردنی بەرزترین سزای یەک لەدوای یەک کە پەیوەستە بەفەرمانی دەرکراو بەسەر تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)، بە پشتبەستن بە ڕێسای ژمارە (٦٥) بڕگەی (٢)، لە گرتنە بەری ڕێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگا، هەروەها ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* دەست بەسەرداگرتنی ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوەی تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)، بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٤) بڕگەی (٦) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

* تاوانبار تێگەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی ڕەوانەی دەستەی پێداچونەوە کرا بۆ پێداچونەوە، بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٥٤)ی یاسای

بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو وە بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کەیسی دژی تۆمەتبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری)، لە تۆمەتی ئاراستەکراو بەپێی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج) وە ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (ب- ج- ە- و- ح- ی- گ) وە ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (آ- د- ە- ح- ت)، لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). وە دادگا بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەو تۆمەتە ئاراستە کراوەیدا، بڕیارەکە بەڕێککەوتن دەرکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (ج) لە یاسای بنەمای دادگایکرنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو ئامادەکرابوو شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠٠٧/٦/٢٤) زاینی.

* دادگا ڕەچاوی سەپاندنی سزاکەی بەسەر تاوانبار (صابر عەبدولعەزیز حسەین ئەلدوری) دەکات، بە داوای لێبووردن لە گەلی عێراق و کەس و کاری قوربانیان و ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی سزاکە، ئەم بڕیارەش دەرچوو بە ڕێککەوتن بەپشتبەستن بە ماددەی (١٣٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە شایەنی تانە لێدانە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر (٢٠٠٧/٦/٢٤)ی زاینی.

**٤/ تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)**

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەمەبەست، هەروەها هەستان بە زیانگەیاندنی جەستەی و عەقڵی قووڵ بە تاکەکانی گروپێک و ملکەچ پێکردنی گروپەکەو خستنە ناو بارودۆخێکی ژیانی

کەمەبەستی لە ناوبردنی کرداری هەموو یان بەشێکیان وەک تاوانی جینۆساید، بەگوێرەی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج) هەروەها بڕگەی (٢) بەشی (آ- ه) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) وە سزاکە دیاریکراوە بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچوونەوەیە بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بڕیاردرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەمەبەست، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) برگەی (١) بەشی (آ) وە بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکە دیاریکرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) و ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو و بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەمەبەست، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) برگەی (١) بەشی(آ) وە بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکە دیاریکرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و)

و مـادده هاوپێوەنـدەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو و بڕیـارەکە دەرچـوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە (١٠) دە ساڵ زینـدانیکردن بە ئەنجامـدانی تـاوانی دورخسـتنەوەی دانیشـتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بەگوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د)  وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکە دیاریکرا بە پشت بەستن بە بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) و مادده هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو و بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سـزادرا بەسـەر تاوانبـار (سـلطان هاشـم الطـائی)، بە زینـدانی هەتاهەتایی بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤـایەتی بەگـوێرەی مـاددەی (١٢) بـڕگەی (١) بەشـی (و) وە بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکە دیاریکرا بە پشتبەستن بە بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) و مادده هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو و بڕیـارەکە دەرچـوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە زیندانی هەتا هەتایی. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بەگوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (و) وە بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکە دیاریکرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) و مادده هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو و بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە لە سێدارەدان، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی شاردنەوەی تاکەکان وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بە پێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (گ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکە دیاریکرا بە پشتبەستن بە بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) و مادده هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو و بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیکردن، کە بەشداری کردووە لە تاوانی هێرشکردنی بەمەبەست بۆ سەر شوێنە ئاینییەکان و فێرگەکانیان بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (ت) وە بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی

(٢٠٠٥) و سزاكە دياريكرا بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) و مادده هاوپێوەندەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو و بڕیارەكە دەرچوو بە ڕێككەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشكرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە (١٥) پانزه ساڵ زیندانیكردن كە بەشداری كردووه لە تاوانی دەركردن و ڕاگواستنی خەڵكی سڤیل وەک تاوانی جەنگ بەپێی ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (ح). وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانكاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاكە دیاریكرا بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- د) و مادده هاوپێوەندەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو و بڕیارەكە دەرچوو بە ڕێككەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشكرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیكردن كە بەشداری كردووه لە تاوانی وێرانكردن و دەستبەسەرداگرتنی كەلوپەلی لایەنەكەی تر وەک تاوانی جەنگ، بەپێی ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (ل) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانكاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاكە دیاریكرا بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- د) و مادده هاوپێوەندەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو و بڕیارەكە دەرچوو بە ڕێككەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچونەوەیەو بە ئاشكرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە پشتبەستن بە ڕێسای ژمارە (٦٥) بڕگەی (٢)، لە گرتنەبەری ڕێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگا، هەروەها ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* دەستبەسەرداگرتنی ماڵی گوێزراوەو نە گوێزراوەی تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٤) بڕگەی (٦) لە یاسای دادگای تاوانکاری باڵای عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

* تاوانبار (سلطان هاشم الطائی)، تێگەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی ڕەوانەی دەستەی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٥٤) بڕگەی (آ) لە یاسای شێوازی دادگایکردنی سزای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)، وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتننی ئامادەبووان دەرکرا بە پشت بەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (آ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو وە بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کەیسی دژی تاوانبار (سلطان هاشم الطائی) لە تۆمەتی ئاراستە کراو دژی، بەپێی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج)، وە ماددەی (١٢) بڕگەی یەکەم بەشی (ب- ج- ه- و- ح- ی- گ)، وە ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (آ- د- ه- ح- ت)، لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). وە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتە ئاراستە کراوەی دا، بڕیارەکە بەڕێککەوتن دەرکرا بە پشت بەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو ئامادەکرابوو شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر (٢٠٠٧/٦/٢٤)ی زاینی.

**٥/ تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)**

* سزادرا بەسەر (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە مەبەست، هەروەها هەستان بە زیانگەیاندنی جەستەی و عەقڵی قووڵ بە تاکەکانی گروپێک کە تاوانی جینۆسایدە بەگوێرەی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج) هەروەها بڕگەی (٢) بەشی (آ- ه) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمووارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بە سەر تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە لە سێدارە دان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بە سەر تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە مەبەست وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی

(٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) برگەی (١) بەشـــی (آ- ب- و) وە مـــاددە هاوپێوەنـــدەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بە سەر تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە لە سێدارە دان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە مەبەست دژی هاووڵاتیانی سڤیل وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیکردن بە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی دانیشتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە گوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د) ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) برگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* ئەژماری ماوەی ڕاگرتنی تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، ناکرێت چونکە ئەو ماوەیە وابەستەیە بە چارەنووسی کەیسەکەیەوە کە ڕاگرتنەکە وەستاوە لەسەر هەبوونی کەیسێکی تر.

* جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە پشتبەستن بە ڕێسای ژمارە (٦٥) بڕگەی (٢)، لە گرتنەبەری ڕێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگا، هەروەها ماددەی (١٤٢)ی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* دەست بەسەرداگرتنی ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوەی تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٤) بڕگەی (٦) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

* تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد)، تێگەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی ڕەوانەی دەستەی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٥٤) برگەی (آ) لە یاسای شێوازی دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١). بڕیارەکە بەڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (آ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو وە بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کەیسی دژی تاوانبار (حسەین ڕەشید محەمەد) لە تۆمەتی ئاراستە کراو دژی بەپێی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج)، وە ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (ب- ج- ه- و- ح- ی- گ)، وە ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (آ- د- ه- ح- ت)، لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). وە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتە ئاراستە کراوەیدا، بڕیارەکە بەڕێککەوتن دەرکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو ئامادەکرابوو شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر (٢٠٠٧/٦/٢٤)ی زاینی.

### ٦/ تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)

* سزادرا بەسەر (عەلی حەسەن مەجید) بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە مەبەست و هەروەها هەستان بە زیانگەیاندنی جەستەی و عەقڵی قووڵ بە تاکەکانی گروپێک کە تاوانی جینۆسایدە، بە گوێرەی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج) هەروەها بڕگەی (٢) بەشی (آ- ه) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە لە سێدارەدان، بە هەڵوواسین تا مردن. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتن بە مەبەست وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە مەبەست وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ)

وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە (١٠) دە ساڵ زیندانیکردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی دورخستنەوەی دانیشتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بە گوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د) ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٠٦) برگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە (١٠) دە ساڵ زیندانیکردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەگوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د) ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە لە سێدارەدان، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی شاردنەوەی تاکەکان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (ت) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە لە سێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی بەمەبەست و هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیل بەهۆی ئەوەی کە بەشداریان کردووە یان ئەوانەی کە بەشداریان نەکردووە کە ئەمەش تاوانە بەپێی ماددەی (١٣) بڕگەی (آ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار(عەلی حەسەن مەجید)، بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیکردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی هێرشکردن و ڕوخاندنی بینا ئاینییەکان کە شوێنی فێربوون بوون. وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بەگوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) وە سزاکە دیاریکرا بە

پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار(عەلی حەسەن مەجید)، بە (١٥) پانزە ساڵ زیندانیکردن، کە بەشداریکردووە لە تاوانی دەرکردن و ڕاگواستنی خەڵکی سڤیل وەک تاوانی جەنگ بەپێی ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (ح) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢) وە ماددەی (٢٤)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- د) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە (١٠) دە ساڵ زیندانیکردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی دورخستنەوەی دانیشتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەگوێرەی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (د) ) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) برگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* سزادرا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیکردن، بە ئەنجامدانی تاوانی وێرانکردن و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ژیانی لایەنی بەرامبەر وەک تاوانی جەنگ بەگوێرەی ماددەی (١٣) بڕگەی (١) بەشی (د)، وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢- ٤) وە ماددەی (٢٤) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکە دیاریکراوە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٠٦) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- و) وە ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤).

* ئەژماری ماوەی ڕاگرتنی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) ناکرێت، چونکە ئەو ماوەیە وابەستەیە بەچارەنووسی کەیسەکەیەوە کە ڕاگرتنەکە وەستاوە لەسەر هەبوونی کەیسێکی تر.

* جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بە پشتبەستن بە ڕێسای ژمارە (٦٥) بڕگەی (٢)، لە گرتنەبەری ڕێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگا، هەروەها ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* دەستبەسەرداگرتنی ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، بەپشتبەستن بە ماددەی (٢٤) بڕگەی (٦) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

* تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، تێگەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی ڕەوانەی دەستەی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە، بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٥٤) بڕگەی (آ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١).

* بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کەیسی دژی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) لە تۆمەتی ئاراستەکراو دژی بەپێی ماددەی (١١) بڕگەی (١) بەشی (آ- ب- ج)، وە ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (ب- ج- ە- و- ح- ی- گ)، وە ماددەی (١٣) بڕگەی (٤) بەشی (آ- د- ە- ح- ت)، لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). وە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتە ئاراستە کراوەیدا، بڕیارەکە بەڕێککەوتن دەرکرا بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو ئامادەکرابوو شایەنی پێداچونەوەیە و بە ئاشکرا تێگەیەنرا لە بەرواری (٩ ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٤٢٨)ی کۆچی بەرامبەر (٢٠٠٧/٦/٢٤)ی زاینی.

**٧/ بڕیارە گشتیەکان**

* بۆ سکاڵاکاران هەیە داوای مافی شارستانی خۆیان بکەن و سەردانی دادگا شارستانیەکان بکەن و داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە کە بەهۆی ئەو تاوانانەوە لێیان کەوتووە.

* لە بەرواری (٢٠٠٧/١/٨)، ڕێوشوێنی یاسایی لە بەرامبەر تاوانبار (سەدام حسەین مەجید) ڕاگیرا، لەبەر دڵنیابوون لە مردنی بەهۆی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان کە تاوانباربوو لەسەر دۆسیەی دوجەیل بە پشتبەستن بە ماددەکانی (٣٠٠- ٤٠٠) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١).

ئەندام    ئەندام    ئەندام    ئەندام    سەرۆک

موحەمەد عورەیبی

مەجید خەلیفە

**دووەم/ کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە**

کەیسی هەڵەبجە یەکێکی تربوو لە کەیسەکانی جینۆسایدی کورد لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقدا. یەکەم دانیشتنی دادگا لەسەر کەیسی هەڵەبجە لە (٢٠٠٨/١٢/٢١) ئەنجام درا، لە (٢٠١٠/١/١٧) دادگا کەیسەکەی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساند. لە بری ئەوەی کەسیەکە بە جینۆساید بناسێنێت ئەوەش نەشارەزایی دادوەرەکانی پیشاندا، کە کەیسێک هەموو مەرج و پێوەرە یاساییەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە بەڵام بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساندیان.

لەو چوارچێوەیەشدا سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) جێبەجێکرا لە (٢٠١٠/١/٢٥).

پاش تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکەو لە (٢٠١٠/٢/٢٨)دا، پاش (٣٤) سی و چوار دانیشتن، دادگا بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجەیدا. واتە تاوانباری سەرەکی عەلی حەسەن مەجید وەک تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی لەسێدارە درا نەک تاوانباری جینۆساید.

هەریەک لە تاوانکاران (سوڵتان هاشم- فەرحان موتڵەگ- سابر عەبدول عەزیز) بە (١٥) پانزە ساڵ زیندانیکردن سزادران.

ئەمەش دەقی بڕیاری کۆتایی دادگایە کە دوای تێهەڵچوونەوە دەریکردووە لەسەر کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە.[٢٢]

دوای بڕیار لەسەردانی تاوانبارانی کەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان بە چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، لە ساڵی (١٩٨٨)داو لەسەر دەستی ڕژێمی لەناوچووی بەعس. پاشان ناساندن و یەکلایکردنەوەی کەیسەکە بە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەبری ناساندنی بە تاوانی جینۆساید. لە شەقامی کوردی و چین و توێژەکانی کوردستان و بەتایبەت هەڵەبجە هەڵوەستەی لەسەر کراو کاردانەوەی زۆری هەبوو. هەربۆیە دەستەی تێهەڵچوونەوە لە

دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێـراق پێـداچوونەوەی وردی لە تـانەو سـکاڵاو بڕیارەکەدا کردو، ئەوەبوو لە کۆتایدا کەیسـی هەڵەبجە لەلایەن دادگـاوە بە جینۆساید ناسێنرا.

دەستەی تێهەڵچوونەوە لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق لە بەرواری (١٣ ی ڕەبیع ئەلئەوەلی سـاڵی ١٤٣١)ی کۆچی بەرامـبەر (٢٠١٠/٢/٢٨)ی زاینـی بەسـەرۆکایەتی دادوەر (عـارف عەبـدول ڕەزاق ئەلشـاهین) و بە ئەنـدامێتی ئەنـدامە ڕێگەپێـدراوەکانی لەلایەن دەسـەڵاتی دادوەریـیەوە بەناوی گەل پێکهات و ئەم بڕیارەی دەرکرد.

ئەوانەی داوای تیهەڵچوونەوەیان کردووە:

١/ سـکاڵاکاران و داواکـارانی مـافی تـایبەتی و بریکارەکانیـان هەریەک لە پارێزەران (گۆران ئەدهەم و بەکر حەمە سدیق).

٢/ داواکاری گشتی لەبەردەم دادگای دووەمی تاوانەکان.

دواکراو بۆ تێهەڵچوونەوە:

بڕیاری دادگای باڵای دووەمـی تاوانەکـان لە دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراق ژمارە (٢/ج دوو/٢٠٠٨).

لایەنی دەستتێوەردان:

دۆسـێی داوای ژمـارە (٢/ج دوو/٢٠٠٨)، کە پەیوەندیـدارە بە کەیسـی هەڵەبجەی پارێزگای سلێمانی و تـایبەت بە هەریەک لە تاوانباران (عەلی حەسەن مەجید- سوڵتان هاشم ئەحمەد- صابر عەبدول عەزیز حسەین- فەرحـان مـوتلەگ سـاڵح)، ڕەوانەی دەسـتەی تێهەڵچـوونەوە کـرا بـۆ تێڕوانین و تێهەڵچوونەوەی، بەپێی دەقی ماددەی (٢٥) لە یاسای دادگای بـاڵای تاوانکـاری عێـراق ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) و بنەمـای ژمـارە (٦٨/ب) لە بنەماکـانی گرتنـی ڕێوشـوێنەکان و کـۆکردنەوەی بەڵـگە پاشـکۆکانی یاسـای دادگـا و مـاددەی (٢٥٤/آ) لە یاسـای بنەمـای

دادگـایکردنی سـزایی ژمـاره (٢٣)ی سـاڵی (١٩٧١). تێبینـی ئەوە کـرا کە بڕیاری تێهەڵچونەوە چەندین بڕگەی بڕیاری گرتۆتەخۆ.

ئەمانەن:

تۆمەتبـارکردنی تاوانبـار (عەلـی حەسـەن مەجید) بەپێـی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) و بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بـڕگەی (١- ٢- ٣- ٤) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێـراق ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) سـەبارەت بەتـۆمەتی یەکەم کە ئاراسـتەی کـراوە و بە هەڵواسـین هەتـا مـردن بڕیـاری لەسـەر دراوە. بەهـۆی ئەنجامـدان و بەشـداریکردنی لە تـاوانی کوشـتنی بە مەبەسـت وەک تـاوانی دژ بە مرۆڤـایەتی، سـزاکەش بەپێی ماددەی (٤٠٦) بـڕگەی (١) بەشـی (آ- ز) و مـاددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩)ی یاسـای سـزادانی عێراقـی، وە مـاددەی (٢٤) لە یاسـای دادگــاکە دیــاریکراوە، هەروەهــا هەڵوەشــاندنەوەی تــۆمەتی یەکەمــی ئاراستەکراو بۆ هەریەک لە تۆمەتباران (سوڵتان هاشم ئەحمەد- صابر عەبدول عەزیز حسـەین- فەرحـان موتلەگ ساڵح). بەپێـی ماددەی (١٢) بـڕگەی (١) بەشـی (آ) و بە بەڵـگەی ماددەی (١٥) بـڕگەی (٢) بەشـی (آ- ب- ج) و بــڕگەی (٣- ٤)ی هەمــان مــاددەی یاســای دادگــای بــاڵای تاوانکاری عێراق. ئەویش لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لە دژیان، بۆیە دەستبەجێ لەدەستبەسەرکردن ئازاد دەکرێن مادام لەبەر هیچ کەیسێکی تر ڕانەوەستێنراون و داوا نەکراون، بەپێی ماددەی (١٨٢) بڕگەی (ب- ە) لە یاسـای شـێوازی دادگـایکردنی سـزایی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی (١٩٧١)ی هەمــوارکراو. هەروەهــا تۆمەتبــارکردنی هەریەک لە تاوانبــاران (عەلــی حەسەن مەجید- سوڵتان هاشم ئەحمەد- صابر عەبدول عەزیز حسەین- فەرحان موتلەگ ساڵح). بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشـی (د) و بە بەڵـگەی مـاددەی (١٥) بـڕگەی (٢) بەشــی (آ- ب- ج) و بـڕگەی (٣- ٤) هەمـان مـاددە لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێـراق، ژمـارە (١٠)ی

ساڵی (٢٠٠٥) بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیکردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی سڤیل، بڕیاریان لەسەردراون و سزاکەیان پاڵپشت بە ماددەی (٤٧٨) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) هەمان یاسا دیاریکراوە. تۆمەتبارکردنی هەریەک تاوانباران (عەلی حەسەن مەجید- سوڵتان هاشم ئەحمەد- صابر عەبدول عەزیز حسەین- فەرحان موتلەگ ساڵح). بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (گ) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (١- ٢) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بڕیار لەسەر دانیان بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی بێسەرو شوێنکردنی زۆرەملێ وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و سزاکەشیان بەپێی ماددەی (٤٢١) و بە بەڵگەی ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩)، لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دیاریکراوە. ماوەی ڕاگرتنیان بۆ ئەژمار ناکرێت، چونکە بەهۆی چەند کەیسێکی ترەوە ڕاگیراون. بۆ داواکارانی مافی شارستانیش هەیە سەردانی دادگا شارستانیەکان بکەن بۆ داواکردنی قەرەبوو لە پای ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە لە دژیان ئەنجام دراوە، و لێیان کەوتووە. دادگای لێکۆڵینەوەش لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی ئەو کەسانە دەگرێتە بەر کە ناوەکانیان لە لیستی هاوپێچدا هاتووە و بەپێی ئەو بنەمایانەی لەگەڵ نوسینگەی بەرگریکردن لە دادگا لە سەریان پێکهاتوون، مافی پارێزەریتی بۆ پارێزەرە ڕاسپێردراوەکان دیاریدەکرێت.

تانەکانی سکاڵاکاران و داواکارانی تێهەڵچوونەوە و داواکارانی مافی کەسیی لە ڕێگای بریکارەکانیانەوە پارێزەران (گۆران ئەدهەم ڕەحیم و بەکر حەمە سدیق عارف)ەوە بەپێی داوای تێهەڵچوونەوە لە

(٢٠١٠/١/٢٧)دا. داوای ڕەتکردنەوەی کراوە لەبەر ئەو هۆکارانەی تێیدا ئاماژەیان پێدراوە، بەوەی بڕیارەکە پێچەوانەی یاسایە. بەو پێیەی کە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و کوشتنی زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار هاووڵاتی کوردی سڤیل لە ڕێگای بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو، بەپێی ناوەڕۆکی ماددەی (١٢) لە یاسای دادگاکە لەوەو پێش وەکو تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ئەژمارکراوە، بەڵام ئەوەی بۆ تاوانی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی گونجاوە بریتییە لە تاوانی (جینۆساید) بەهۆی بوونی سەرجەم مەرجە یاساییەکانی تایبەت بەو تاوانە. گرنگترین مەرجیش لەو تاوانەدا ئەو مەرجە تایبەتەیە کە پشت بە نیازو مەبەست دەبەستێت لەڕووی پەرێشانکردنی گروپێکی مرۆیی دیاریکراو لەبەر ئینتیمای نەتەوەییان. جگە لەوەش ویستی سەرانی ئەو ڕژێمەی کە ئەو تاوانکارانە نوێنەرایەتیان کردووە بریتی بووە لە لەناوبردنی ئەو گروپە خەڵکە بەشێوەیەکی تەواوەتی یاخود بەش بەش. هەروەها سەرجەم تۆمەتبارەکان بەشدارییان کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی لەناوبردنی هاووڵاتیانی کوردی سڤیل لە هەڵەبجەدا، چونکە ئەوان نوێنەرایەتی سەرانی ئەو ڕژێمەیان کردووە کە بڕیاری سەربازی دەردەکات و ناشکرێت بڕیارێک دەربکرێت بۆ لێدانی پێگەیەکی سەربازی یان ئامانجێکی شارستانی بەبێ پشتبەستن بەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییانەی کە لە ڕێگەی دەزگای زانیاری خۆرهەڵات و سەرۆکی ئەو کاتە (فەرحان موتلەگ) و بەڕێوەبەری زانیاری گشتی (صابر عەبدول عەزیز و سوڵتان هاشم)ەوە دەردەچوون. بەو پێیەی کە بەرپرسی فەیلەقی یەک بووە کە هەستاوە بە گواستنەوەی خەڵکانی سڤیلی بێتاوان لە شارۆچکەی (تەوێڵە)وە بۆ (نوگرە سەلمان) و لەوێ مردوون. بۆیە تاوانکاران بەرامبەر ئەو تاوانە بەرپرسیارن و داوا دەکرێت پەسنی

یاسـایی بـۆ تاوانەکـانی کوشـتن بگۆڕدرێـت بەو پێـیەی کە تـاوانی جینۆسـایدە. بـۆیە دەبێـت بەپێـی مـاددەی (١١) لە یاسـای دادگـا ئەو سزایانەی بەرامبەر تاوانەکانی ڕاگوێزانی زۆرەملێ و بێسەروشوێنکرنی زۆرەملێـی دانیشـتوانی سـڤیل لە دژیـان دەرچـوون، لە سـەریان تونـد بکرێت.

هەروەهـا داواکـاری تێهەڵچـوونەوە و داواکـاری گشـتی لە کەیسـی هەڵەبجە تانەی لە بڕیارەکە داوە و داوای ڤیتۆکردنی کردووە لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە فایلی (٢٠١٠/١/٢٥)دا هـاتووە. چونکە پێچەوانەی یاسایە و دادگاش خۆی پاراستووە لە پێدانی پەسنێکی یاسایی تەندروست و بە تـاوانی دژ بە مرۆڤـایەتی لە پێنوسـی داوە. بەڵام ئەو تاوانـانە دەچـنە خـانەو ژێـر ناونیشـانی تاوانەکـانی جینۆسـایدەوە. چـونکە پێداویسـتیە یاسـاییەکان و سـەرچاوەکانی سـەلماندنی کە لەلایەن دادگـا نێودەوڵەتیەکانەوە داڕێژراون، لە تاوانی هەڵەبجەدا بەردەستن کە بریتین لە پەرێشانکردن و لە ناوبردنی ئەو گروپە نەتەوەییە بەو پێیەی کە ئەوە پەرێشـانکردنێکی تەواوەتـی یـاخود بەشـی بـووە و مـاددەی (١١) بـڕگەی (١) بەشـی (آ)ی یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی ژمـارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. بۆیە داواکراوە پەسنی یاسایی تـاوانی کوشـتن بگۆڕدرێـت و کەیسـەکە بگەڕێنـرێتەوە بـۆ دادگـاکەی بـۆ تاوانبـارکردنەوە و سـزادانی ئـازادکراوان هەریەک لە (سـوڵتان هاشـم ئەحـمەد و صـابر عەبـدول عەزیـز ئەلـدوری) بە هەمـان ئەو سـزایەی بەسەر تاوانبار عەلی حەسەن مەجیددا سەپێنرا.

دۆسیەکە خرایە بەردەستی سەرۆکایەتی دەستەی داواکاری گشتی لە دادگـا و بەپێـی فـایلی دادگـا لە ڕۆژی (٢٠١٠/٢/٩)دا داوای ڤیتـۆکردنی بڕیـاری دەسـتەی تـاوانی دووەمـی بە ژمـارە (٢/ج/ دووەم/ ٢٠٠٨)ی لە (٢٠١٠/١/١٧) کـردووە لەبەر ئەو هۆکـار و بەڵگـانەی کە لە فـایلی بەڕێز

داواکـــاری گشـــتیدا هـــاتووە، بـــۆیە کەیســـەکە خـــرایە بەر وردبینـــی و پێداچوونەوە.

لەکاتی وردبینی و گفتوگۆکردندا، دەستەی تێهەڵچوونەوە لە دادگای بـاڵای تاوانکـاری عێـراق بـۆی دەرکەوت کە هەردوو تـانەکە لە وادەی یاساییدا پێشکەش کراون، بۆیە بڕیاردرا لە ڕووی شێوەوە وەربگیرێن. چـونکە پەیوەنـدییان بە یەک بـابەتەوە هەیە و بڕیـاردرا هەردوو تـانەکە یەکبخـرێن و پـێکەوە سـەیر بکـرێن، ئەوەبـوو لە دوای سـەیرکردنەوەی بڕیـــارەکە و وردبینیکـــردن لە دۆســـیەکەدا دەرکەوت کە ڕووداوەکە و بابەتی داواکە بەو شێوەیە دێتەوە کە ڕاسـتی و دروسـتییەکانی لە کـاتی لێکـــۆڵینەوە و دادگـــای کردنەکانـــدا نیشـــان دراوە، بەوەی کە ڕژێمـــی لەنـاوچوو وەکـو بەشـێک لە سیاسـەتە شـۆڤێنییەکانی بـۆ ڕاگواسـتنی کوردەکـــان لە شـــوێنەکانی نیشـــتەجێبوونیان هەر لە ناوەڕاســـتی حەفتاکـــانەوە، بریتیبـــووە لە ســـەپاندنی ڕێوشـــوێنی ئاسایشـــی و سەربازیەکان بۆ ڕاگواستنی خەڵکی گوندە سنووریەکان و ناچارکردنیان بـــۆ گـــوێزانەوە و نیشـــتەجێبونیان لە کۆمەڵگـــا زۆرە ملێکانـــدا کە پێداویسـتیەکانی ژیـانێکی سـەربەرزانەیان تێـدا دابـین نەکرابـوو. جگـە لەوەش ناچارکردنیان بە پەسەندکردنی چەند بارودۆخێکی ژیانیی وا کە مەبەسـت لە پشـتیانەوە لە ناوبردنیـان بـوو لە ڕوی مـادیەوە. هەروەهـا ڕژێم پیلانێکی سەربازی داڕشتبوو بۆ چۆڵکردنی زنجیرەی سنووریی دەوروبەری شـاری هەڵەبـجە وەک هەمـوو شـارو دێهـاتە سـنووریەکانی تر. دانیشتوانی ئەو ناوچانە ڕوبەڕووی دڕندانەترین هەڵمەتی لە ناوبردن بـــوونەتەوە. بەتـــایبەتی لە هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابـــردوودا. لەوانە هەڵمەتەکانی ئەنفال لە دژی سڤیل و بێبەرگری کە پێشێلکاریەکی زەقی مافەکانی مرۆڤ بوو. هەروەها وێرانکردنی زیاتر لە (٤٠٠٠) چوار هەزار گوند و بێسـەرو شـوێن بـوونی زیـاتر لە (١٨٢،٠٠٠) سـەدو هەشـتاو دوو

هەزار هاووڵاتی بێتاوانی لێکەوتەوە. ئەمە جگە لە بێسەر و شوێن بوونی (٨٠٠٠) هەشت هەزار بارزانی و بێسەرو شوێنکردنی هەزاران کەس لە فەیلییەکان. هەروەها هەڵمەت و پەلامارەکانی ڕژێم بە بەکارهێنانی شێوازەکانی لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و ڕاگواستنی زۆرە ملێ و پاکتاوکردنی ڕەگەزی و گرتنە بەری سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوەیی گرتەخۆ. تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) لە (١٩٨٧/٣/٢٩)دا لێپرسراوێتی ئەمینداریێتی نوسینگەی ڕێکخستنی کاروباری باکووری حیزبی بەعسی ڕوخاوی وەرگرت و لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵوەشاوەی شۆڕشەوە بەپێی بڕیاری ژمارە (١٦٠) سەدو شەست لە (١٩٨٧/٣/٢٩)دا، دەسەڵاتی ڕەهای پێدرا لە کوردستاندا بۆ ئەوەی لە جیاتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس و ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکرادیەتی شۆڕش هەستێت بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان لە باکووری عێراق بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەو کاتەشەوە. تاوانباری ئاماژە بۆکراو دەسەڵاتی ڕەهای وەرگرت بە ئەنجامدانی لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ لەدەرەوەی بازنەی دادوەریدا. هەروەها هەستا بەوێرانکردنی ناوەندە سڤیلەکان وەک مزگەوت، قوتابخانە، کڵێسا، بیر، کانی، سەرچاوەکانی ئاو و بەتاڵانبردنی موڵک و کەلوپەلەکانی دانیشتوانی سڤیل و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری گوندەکان. لە سایەی ئەو بارودۆخەدا لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا ڕژێمی لەناوچووی بەعس لەدوای کێشانەوەی سوپاکەی لە هەڵەبجە و کۆمەڵگاکانی دەوروبەری لە ڕێگای فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە کە لە هەردوو بنکەی (الحریە و البکر)ەوە هەڵدەستان کەوتنە بۆردومانکردنی ئەو شارۆچکەیە بەچەکی کیمیایی. هەروەها لە شارۆچکەی سەید صادقەوە کەوتە تۆپبارانکردنی بە بەکارهێنانی ناپاڵم و ماددەی فۆسفۆڕ بە مەبەستی وێرانکردنی بینا و تەلارەکان و ڕێگا خۆشکردن بۆ

بۆردومانکردنی شارەکە بەچەکی کیمیای و کوشتنی زۆرترین ژمارە لە هاوولاتیـانی سـڤیل و بێبەرگـری. لە ئەنجـامی ئەو بۆردومـانکردنەدا، دانیشـتوانی شـاری هەڵەبـجە هانایـان بـۆ پەناگەکـان دەبـرد بـۆ خۆپاراسـتنیان لە کـاریگەری هێرشـە ئاسـمانیەکان. لە نیـوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا فـڕۆکە عێراقیەکـان کە لە هەردوو بـنکە (الحـریە و البکـر)ی ئاسمانیەوە هەڵدەستان دەیان بۆمبی کیمیاییان هەڵدایە ناو شارۆچکەی هەڵەبـجە و چەنـد نـاوچەیەکی دەوروبەری، ئەوەش بەپێـی پیلانێکـی تاوانکاری و ڕیتمێکی بەرنامەیی لە پێناو لە ناوبردنی نەتەوەی کورددا ئەنجـام دراو بەهـۆیەوە هەزاران کەس لە هاوولاتیـانی سـڤیل و بێتـاوان کـوژران و برینـداربوون. پاشـان بۆردومـانکردنەکە لە دژی ئەو خەڵـکە سڤیلە بەردەوام بوو کە بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵدەهاتن.

دوای چەنـد مانگێـک لەبۆردومـانکردنەکە، ڕژێمـی عێـراق بڕیـاری لێبوردنی بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە دەرکرد و ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە. بەهـۆی ئەو بڕیـارەوە هەزاران خێـزان گەڕانەوە و بە مەبەسـت خـرانە ژێربـاری بـارودۆخێکی ژیـانیی زۆر ناخۆشـەوە بە مەبەسـتی تەنگەتاوکردنیـان بەشـێوەیەکی تەواوەتـی یـاخود بەشـێوەیەکی بەشـی. ئەویـش لە ڕێگـای گواسـتنەوەیان لە دەروازە سـنوورییەکانەوە بە ئۆتۆمبێلی سەربازی و نیشتەجێکردنەوەیان لە ناو کۆمەڵگە زۆرەملێکان و نـوگرە سـەلمان لەسـەر سـنووری نێـوان عێـراق و سـعودیە کە لە سادەترین پێداویستیەکان بێبەش بوون، لەوێش خرانەوە ژێر باری ژیان و گوزەرانێکی زۆر قورس بەمەبەستی پەرێشانکردنیان بەو هۆیەشەوە بەرەنگاری دڕندانەترین جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەی بـوونەوە. بەهـۆی بەکارهێنـانی زەبـرو تونـدوتیژی زۆر لە دژی قوربانییەکـان و دەستبەسـەرکردنی نایاسـایی پیاوەکـان و گـوێزانەوەی زۆرەملێـی ژنـان و منـداڵان بـۆ دەرەوەی نـاوچە کوردنشـینەکان، بەو

شێوەیەش ژنان و منداڵەکان لە پیاوەکان جیاکرانەوە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە وەچە خستنەوە. هەروەها گەنجەکانیش لە بەساڵاچووەکان جیاکرانەوە کاتێک بەتەمەنەکانی ناو خێزانەکان ڕەوانەی زیندانی نوگرە سەلمان دەکران و گەنجەکانیش ڕاپێچی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکران. هەرچیشی لێیان دەمایەوە ڕێگەیان پێنەدەدرا لە سلێمانی نیشتەجێ ببن. جگە لەوەش ڕێگا بە خەڵکی شاری هەڵەبجە نەدەدرا بگەڕێنەوە سەر کارو پیشەو قوتابخانەکانیان. بەڵام ئەو خێزانانەی لە دوای تەواوبونی ماوەی بڕیاری لێبوردنەکە گەڕانەوە هەموویان دەستگیرکران و بەرەو شوێنی نادیار دەبران و تاکو ئەمڕۆش چارەنووسیان نادیارە. یەکە سەربازیەکان و دام و دەزگا ئاسایشیەکانیش هەستان بە کاری تێکدان و وێرانکردنی خانووەکان و بیناکانی خەڵکی هەڵەبجە و ڕێگایان پێنەدەدان بگەڕێنەوە ناویان. بەو پێیە پاساو مەرجەکانی جینۆساید لە تاوانی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی بوونیان هەیە. گرنگترین ئەو مەرجانەش ئەوەیە کە ڕژێم نیازەکانی پاڵنەری بوون بۆ پەرێشانکردن و لەناوبردنی گروپێکی مرۆیی دیاریکراو ویستی دەسەڵات ئاراستەکراوە بۆ لەناوبرنی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی تەواوەتی یان بەشی.

لە پێشەکی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٤٨/١٢/٩)دا پەسەند کراوە و لە (١٩٥١/١/١٢)وە کارپێدەکرێت. تاوانی جینۆسایدی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بە تاوانێکی پێچەوانەی پرەنسیپ و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دانراوە و جیهانی شارستانی لەدژی دەوەستنەوە. هەروەها بەپێی ماددەی (٢) لەو ڕێککەوتننامەیە ئەنجامدانی هەر کارێک بەمەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشی کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان

نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی وەک (آ/ کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە. ب/ ئەشکەنجەدانی جەستەی و هزری بە ئەندامانی ئەو گروپە. ج/ ناچارکردنی بە مەبەستی گروپەکە بۆ باردوخێکی ژیانی ناهەموار بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان. د/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون و زۆر بوون لە ناو گروپەکەدا. ە/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر). ئەمانە هەموویان بە تاوانی جینۆساید دەدەنرێن. ئەمجۆرە دیاریکردنە بۆ تاوانی جینۆساید کە لەماددەی (٢)ی ڕیککەوتننامەکەدا هاتووە، بەسەر زۆرێک لەو تاوانە زیانبەخشانەدا دەسەپێنرێت کە لەلایەن ڕژێمی لە ناوچووەوە ئەنجامدراون. لەوانەش هێرشەکانی ئەنفال و بۆردومانکردنی شارو گوندەکانی کورسستان بە چەکی کیمیایی لەساڵی (١٩٨٧)وە. توندوترین ئەو پەلامارانەش بۆردومانکردنی شارو گوندەکانی کوردستانە بە چەکی کیمیایی لە ساڵی (١٩٨٧)وە، توندترین ئەو پەلامارانەش بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی قەدەغەکراو کە بۆخۆی پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان بوو لە عێراقدا. ئەو مافانەش لەلایەن بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانەوە دەستەبەرکراوە. ئەو قەسابخانەیەی کە ڕژێم لە دژی نەتەوەی کورد لە هەڵەبجە ئەنجامیدا، بۆخۆی شێوازێکە لە شێوازەکانی تاوانی جینۆساید و هەنگاوێک بوو بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو گروپەو ئاگاداری هەموو پایەکانی بوو.

**١/ تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)**

تاوانبار عەلی حەسەن مەجید ئەمینداری نوسینگەی ڕێکخستنی کاروباری باکوور و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە بووە. دەسەڵاتی هەردوو سەرکردایەتییەکەی پێدرابوو بۆ جێبەجێکردنی

سیاسەتەكانیان لە ناوچەكانی باكووری عێراقدا. هەروەها بەپێی بڕیاری ژمارە (١٦٠) سەدو شەست لە (١٩٨٧/٣/٢٩) دەسەڵاتی سەرۆك كۆماری پێدرابوو. هەموو یەكە سەربازییەكان و دەزگا ئاسایشییەكانی حیزبەكانیش خرابوونە ژێر فەرمانیەوە و هەموو سەرۆكەكانی یەكە كارگێڕییەكانی و سەرجەمی ئەو دام و دەزگایانەی پێوە پەیوەست كرابوو سەرجەمیان بە فەرمان و ڕێنمایی و بڕیارەكانیەوە پابەند كرابوون. هەروەها بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٤٤) دوو سەد و چل و چووار لە (١٩٨٧/٢/٢٠) ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەسەڵاتی خەرجكردنیشی درابووە ئەو تاوانكارە بە مەبەستی جێبەجێكردنی بڕگەكانی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەركردایەتی شۆڕش كە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ كرا. جگە لە جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی حیزبی بەعس و ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەركردایەتی شۆڕش و بە پاساوی پاراستنی ئاسایش و ئارامی كوردەكانی كردە ئامانج لەبەر ئەوەی كە گروپێكی نەتەوەی و نەژادی بوون. ئیتر كەوتە جێبەجێكردنی لە سێدارەدانی بەكۆمەڵ لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها گوندەكانی وێرانكرد و چەكی قەدەغەكراوی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەدژییان بەكارهێنا. لە ڕێگای ئەو بەڵگانەوە كە لەبەردەستدان ئەوە سەلمێنرا كە فڕۆكەكانی هێزی ئاسمانی عێراق لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا، هێرشێكی بەرنامە بۆ داڕێژراو بەربلاویان بۆ سەر دانیشتوانی سڤیلی كورد لە شاری هەڵەبجە ئەنجامداوە و بەچەكی كیمیایی بۆردومانیان كردووە و زیانێكی مرۆیی هێجگار گەورەیان لە ڕیزی خەڵكانی سڤیلی بێتاواندا خستووەتەوە كە بەهەزاران كەس لە كوژراو و بریندار مەزەندە كراوە. پاشان بۆرومانكردن بەچەكی كیمیایی لەدژی ئەو كوردە سڤیلانە درێژەی هەبووە كە بەرەو سنوورەكانی ئێران دەربەدەر بوون. ئەمە سەرباری ئەو هەموو زیانە ژینگەییانەی كە

له ئەنجـــامی کاریگەرییەکـــانی ئەو بۆردومـــانکردنەوە پەیـــدابوون و کاریگەریەکەی تا ئەمرۆش ماوەتەوە.

تاوانباری ناوبراو بە تەواوەتی ئاگاداری ئەنجامدانی ئەو تـاوانە بـووە لە دژی دانیشـــتوانی کـــوردی ســـڤیل. هەمـــوو ئەمـــانەش لە وتەکـــانی سـکالاکاران و داواکـارانی مـافی تـاکەکەس و شـاهیدەکان پشـت ڕاسـت کراوەتەوە، و جەخت لەوە دەکاتەوە لە چەند پۆلێک فڕۆکەکانی عێراق لە ناوچەکـانی قەرەداغ و دەربەنـدیخانەوە هـاتوون و شـاری هەڵەبجەیـان بۆردومـان کـردووە. پاشـان بەهەمـان ڕێگـادا گەڕاونەتەوە و هەنـدێک لە فڕۆکەکان بە مەبەستی ڕوخاندنی بیناکان بۆمبیان هەڵدەدایە خوارەوە و هەنـدێکی تریشـیان گـازە ژەهراویەکانیـان دەڕشـت. بەپێـی وتەکـانی تۆمەتبـاری ڕاکـردوو (تـاریق ڕەمەزان)، ئەو فـڕۆکەوانەی کە نـاوی لە قۆناغەکـانی لێکـۆڵینەوەدا هـاتووە، دەڵێـت (فـڕۆکە عێراقیەکـان شـاری هەڵەبجەیـان بۆردومـان کـردووە، هەروەهـا چەنـدین بەڵگەنـامە و (CD) ســـی دی کە لە داواکەدا نیشـــاندراون ئەوە دەســـەلمێنن. لەوانەش بەڵگەنامەی ژمارە (ق٢٥٥٢/١) لە (١٩٨٧/٣/٢٧) کە لە مەنزومەی زانیاری خۆرهەلاتەوە دەرچووە و نێردراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری ســــەربازی. لە بـــڕگەی (٢) بەڵگەنـــامەکەدا هـــاتووە (لە ئەنجـــامی بۆردومـانکردنی کیمیـایی هەڵەبـجە و دەوروبەریـدا (١٥٠٠) هەزار و پێنج سـەد کەس لە خەڵکـی شـارۆچکەی هەڵەبـجە کـوژراو برینـدار بـوون). هەروەهـــا بـــڕگەی (١٣) ســـیانزە دەڵێـــت (لە ڕۆژی دوای هەســـتانی هێزەکانمـان بە لێـدانی هەڵەبـجە بە مـاددە کیمیاییەکـان، ئەو بەڵگـانە لە دانیشـتنی ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/١٦) بەپێـی دانپێدانانە ڕاشـکاوەکانی تۆمەتبـار پشت ڕاسـت کرانەوە بەوەی کە وتبووی ئەگەر سـەلمێنرا عێراق شـاری هەڵەبـجەی بەچەکـی کیمیـایی بۆردومـانکردووە، ئەوا مـن بەشـێک لە بەرپرسـیارێتیەکەی دەگـرمە ئەسـتۆم نەوەک هەمـوو بەرپرسـیارێتیەکە،

چونکە من بەشێک بووم لە سەرکردایەتی نەک بەرپرسیاری هەموو، بەو پێیەی من ئەندامێکی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بووم). بەپێی دانپێدانانەکانی تۆمەتبار لەبەردەم سکاڵاکاران و شاهیدەکان کە خەڵکی هەڵەبجەن و قسەکانیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنەکەدا و لەکاتی چاوپێکەوتنیاندا نوسراوتەوە، وتویەتی (کە من بە چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجەم داوە ئێوە چۆن بەزیندوو ماون. من فەرمانڕەوای کوردەکان و سەرۆک سەدام حسەین  فەرمانڕەوای عێراق بوو، بۆیە هەڵەبجە نسکۆیەکە و پێویستە بە ئاوی دەریا پاکبکرێتەوە). پاڵپشت بەو زانیارییانەی وتراون، تۆمەتبار عەلی حەسەن مەجید پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (١٦٠) سەدو شەستی ساڵی (١٩٨٧)، دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری پێدراوە و لەو کاتەشدا پۆستی ئەمینداری نوسینگەی ڕێکخستنی کاروباری باکوور و ئەندامێتی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەی هەبووە و هەموو دامو دەزگا ئاسایشی و حیزبییەکان و یەکە سەربازییەکانی سوپا لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون. کە لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەردەچوون و تاوانکار عەلی حەسەن مەجید دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری پێدراوە  و نوێنەرایەتی کردووە. بۆیە بەپێی ئەو فەرمانە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق هەستاون بە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کلاسیکی و مادده ژەهراوییەکان (زنجیرەی تایبەتی) کە بووە هۆی مردنی هەزاران کەس لە دانیشتوانی کوردی سڤیل و برینداربوونی هەزارانی دیکەش کە تاوەکو ئێستاش بەدەست گرفتەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و کاریگەرییەکانی ئەو مادانە لەسەر جەستەیان دەناڵێنن. ئەمە سەرەڕای کاریگەری دەروونی کە بەندە بە بارودۆخی کاتی کشانەوەی هێزە عێراقییەکان لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بە ئاگاداری و

بەشــداریکردنی تۆمەتبــار پاڵپشــت بەو فەرمانــانەی بەپێــی دەســەڵاتە پێـدراوەکانی دەریکـردوون و لەوەشـدا هـیچ ئاگـاداری و هۆشـداریەکی نەداوەتە خەڵکانی سڤیل بۆ چۆڵکردنی شارەکە.

تاوانکــار عەلــی حەســەن مەجیـد ئەو تــاوانەی بـۆ جێبەجێکردنــی سیاســەتەکانی ڕژێمــی لەنــاوچوو و سیاســەتەکانی حیزبــی بەعســی هەڵوەشــاوە و بە ئامــانجی لە نــاوبردنی خەڵکــی ســڤیلی کــورد بــووە. هەروەهـا ئاگـادار بـووە و نیەتێکـی پێشـوەختی هەبـووە بـۆ بەدیهێنـانی ئەنجــامی تاوانکــاری. هەمــوو ئەوانە ڕونیــدەکەنەوە کە لە نــاو چەکە بەکارهێنراوەکانـدا چەکـی کیمیـایی هەبـوەو و قوربانیەکـانیش ژنـان و پیـاوان و منـاڵان و پیـرو پەکـکەوتە لە نەتەوەی کـورد بـوون، تیایـدا گوندەکان و شارەکان و کێڵگەکان و ماڵەکان وێرانکراوە و ڕزگاربووانی ئەو تـاوانەش ڕێگەیـان پێنەدراوە بگەڕێنەوە بـۆ شـوێنی نیشـتەجێبونیان. ئەو کارانە بە تەنها شاری هەڵەبجە و دەوروبەری نەگرتووەتەوە، بەڵکو زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە.

ئەوەی باسکرا زۆربەی ئەندامانی دەستەی تیهەڵچوونەوەی نیشانداوە کە تاوانبــار عەلــی حەســەن مەجیـد بەرپرســیارێکی تاوانکــاربووە لە بەرامــبەر ئەو کــردەوە تاوانــانەی ئەنجامــدراون. ئەویــش لە ڕێــگەی بەشداریکردنی لە مەبەستە تاوانکاریەکاندا لەگەڵە چەند تاوانبـارێکی تـردا کە دۆســیەکەیان جیــاکراوەیە ســەبارەت بە جێبەجێکردنــی پیلانێکــی تاوانکاری هاوبەش لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لەدژی کوردانی سڤیل لە شاری هەڵەبجە. ئەوەش لە پای تۆمەتی ئاراستەکراوی دووەم بۆ تاوانکار عەلی حەسەن مەجید لە پای تـاوانی ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشـتوانی سـڤیل وەکـو تـاوانی دژ بەمرۆڤـایەتی. ئەوەیە کە تاوانکـار لێپرسـراوێتی ئەمینـداری نوسـینگەی ڕێکخسـتنی کاروبـاری بـاکووری لە ئەستۆدا بوو. هەروەها دەسەڵاتی فراوانی پێدرابوو، جگە لەوەش هەمـوو

دامودەزگـــا ئاسایشـــی و هەواڵگـــریە ســـەربازیەکان و فەرمانـــدە سەربازیەکان  سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان خرابوونە ژێر فەرمانییەوە. لەدوای چەنـد مانگێـک بەسـەر بۆردومـانکردنی شـاری هەڵەبـجە و ئـاوارەبوونی ڕزگـاربوان بـۆ دەوڵەتـی ئێـران. ڕژێمـی لەنـاوچوو لێبووردنێکی تایبەتی بۆ خەڵکی ئەو شارە دەرکردوو و ڕێگای پێدان بگەڕێـنەوە، بـۆیە بەپێـی ئەو لێبـووردنە هەزاران خێـزان گەڕانەوە و پاڵپشت بە فەرمانەکانی عەلی حەسەن مەجید یەکە سەربازییەکانی سەر بە فەرمانـدەیی فەیلەقـی یەک و دامودەزگـا زانیـاریی و حیزبییەکـان بە مەبەسـت هەسـتان بە ناچـارکردنی خەڵـکەکە بـۆ بـارودۆخێکی ژیـانیی خـراپ، ئەویش بە مەبەستی وەڕەزکـردن و پەرێشـانکردنیان لە ڕێگـای ڕاگواســـتنییان لە نـــاوچە ســـنوورییەکانەوە بـــۆ ناوەنـــدەکانی دەستبەسـەرکردن وەک (بەرەحوشـتر- گردەچـاڵ- نـوگرە سـەلمان). لە ڕێگـای بەکارهێنـانی ئۆتـۆمبێلە سـەربازیەکانەوە. هەروەهـا گوێزانەوەیـان بۆ ئەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەی کە سادەترین پێداویستیەکانی ژیانیان تێدا نەبـوو. بەو شـێوەیەش خـرانە ژێـر بـارێکی ژیـانیی زۆر سـەختەوە بە مەبەستی پەرێشانکردنیان. بۆیە ڕوبەڕووی هەموو جۆرەکانی ئازاردانی دەروونـی و مـادی بـوونەوە. جـگە لەمەش ڕژێـم ڕەفتـاری تونـدوتیژی لەگەڵ قوربانیانـدا پیـادە دەکـرد، کە بووەهـۆی گیانلەدەسـتدانی سـەدان کەسـیان. هەروەهـا دەسـەڵاتی بەعس نەیهێشـت خەڵکەکە بگەڕێتەوە بۆ شاری هەڵەبجە، بەڵکو هەستا بەوێرانکردن و سوتاندنی خانوەکانیان و ڕێگاشی پێنەدان بگەڕێنەوە سەر کارو پیشـە و قوتابخانەکانیان. پاڵپشـت بەو زانیاریـانەی سـەرەوە و بەپێـی ئەو بەڵگـانەی لەبەردەسـتدان ئەوە سـەلمێنرا کە تاوانبـار عەلـی حەسـەن مەجیـد بە بەشـداریکردنی لەگەڵ کۆمەڵێـک تاوانبـاری تـردا هەسـتاوە بە ئەنجامـدانی تـاوانی ڕاگواسـتنی

زۆرەملێی دانیشتوانی سڤیل و ناچارکردنیان بە باری ژیانێکی خراپ و ناهەموار.

بەڵام سەبارەت بەتۆمەتی سێیەم کە لەسەر ئەنجامدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی بەزۆر وەک تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتی ئاراستەی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید کراوە، لە ڕێگای بەڵگە بەردەستەکانی کەیسەکەوە دەرکەوت، کە دوای لێدانی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی، ئەوانەی کە لەمردن ڕزگاریان بووە بەرەو سنورەکانی ئێران ئاوارەبوون و بۆ ماوەی چەندین مانگ لە ناو خێوەتگاکاندا نیشتەجێ کراون. بەڵام حکومەتی عێراقی لێبوردنێکی تایبەتی بۆ خەڵکی هەڵەبجە دەرکردووە، بەڵام دوای گەڕانەوەیان سەدان خێزان دوای کۆتایهاتنی ماوەی لێبوردنەکە، یەکە سەربازی و زانیاریی و حیزبییەکان لە ڕێگای دەروازەی سنووری (تەوێڵە)وە بەفەرمانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید بەو پێیەی کە بەرپرسی نوسینگەی ڕێکخستنی کاروباری باکوور بووە و هەموو یەکە سەربازییەکان و دامودەزگا هەواڵگرییەکان بەپێی بڕیاری ژمارە (١٦٠) سەدو شەستی ساڵی (١٩٨٧)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەژێر فەرمانیدا بوون، هەستاون بە دەستگیرکردنیان و گوێزانەوەیان بۆ شوێنێکی نادیار و تا ئەمڕۆش چارەنووسیان نادیارە. ئەم ڕاستیانەش پشت بەوتەکانی سکاڵاکاران و داواکارانی مافی تاکەکان پشت ڕاست دەکرێتەوە. هەروەها تۆمەتبار زانیاری و ئاگایی لەبارەی چارەنووسی ئەو خەڵکەوە هەبوو. بۆیە بەپێی بەڵگە لەبەردەستەکان سەلمێنراوە کە تاوانبار عەلی حەسەن مەجید بە بەشداری لەگەڵ تاوانبارانی تردا هەستاون بە ئەنجامدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی بەزۆر دانیشتوانی سڤیل وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و لە چوارچێوەی هێرشێکی بەرنامە بۆداڕێژراو و بەرفراوانەوە هەستاوە بە جێبەجێکردنی پیلانێکی تاوانکاری.

**٢/ تاوانکار (سوڵتان هاشم ئەحمەد)**

تاوانکار سوڵتان هاشم ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان و فەرماندەی فەیلەقی یەکی (معایشە) بووە. لە سەرەتای نیسانی ساڵی (١٩٨٨)دا بەشێوەیەکی فەرمی سەرکردایەتی فەیلەقی یەکی گرتە دەست. لەدوای بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و کاتێک خەڵکی ڕزگاربووی ئەو شارە بەرەو وڵاتی ئێران ئاوارە بوون. هێزە سەربازیەکانی عێراق گەڕانەوە بۆ ناو شاری هەڵەبجە و لە ڕێگای هەوڵەکانی ئەندازیاریی سەربازی بە فەیلەقی یەک و بە ئامانجی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئەو شارە دەستیانکرد بە تەقاندنەوەی هەموو بینا حکومی و خزمەتگوزاریەکانی شارەکە، لەوانەش کارگەی پوختەکردنی توتن، نەخۆشخانەی گشتی، قوتابخانەکان، خانووی هاووڵاتیان، کۆگاو دوکانەکان. لەدوای چەند مانگێک حکومەتی عێراق لێبووردنێکی تایبەتی بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە دەرکرد و ڕێگایان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. پاڵپشت بەو بڕیاری لێبوردنەش هەزاران خێزان لەڕێگای دەروازەی تەوێڵەوە گەڕانەوە، بەڵام هێزە سەربازیەکان و دەزگاکانی ئاسایش و زانیای هەستان بەدەستگیرکردن و دەست بەسەرکردنیان و بەزۆر گوێزانەوەیان بە ئۆتۆمبێلە سەربازیەکان لە جۆری (ئیڤا) بۆ دەزگای تەواری سلێمانی و خستنیانە ژێر بارێکی بژێوی سەخت و دژوارەوە و ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی ئازار و ئەشکەنجەدانی مەعنەوی و ماددی کرانەوە. بەشێکیان بۆ پارێزگای هەولێر گوێزرانەوە و لە سەربازگەکانی (گردەچاڵ و بەرەحوشتر) دەست بەسەرکران، هەندێکی تریشیان ڕاپێچی گرتووخانەی (نوگرەسەلمان) کران لە بیابانی پارێزگای موسەننا لە نزیک سنورەکانی نێوان عێراق و سعودیە، کە لە سادەترین پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران بێبەش بوون. هەروەها خرانە ژێر بارێکی ژیانی زۆر

سەختەوە بۆیە زۆربەیان گیانیان لەدەستدا و سەرجەم قسەكانی سكاڵاكاران و شاهیدەكان و بەڵگەنامە نیشاندراوەكان و قسەكانی تاوانباری ئەوە پشت ڕاست دەكەنەوە كە خەڵكی هەڵەبجە بە شێوەیەكی دروست لە ناوچەكە بوون، بەڵام بەزۆرە ملێ ڕاگوازراون. تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد ئاگاداری ئەوە بوو كە ئەو خەڵكە بەشێوەیەكی ڕەوا لەو ناوچەیەدان و ئەو هێزەی هەستاوە بە جێبەجێكردنی فەرمانی دەستگیركردن و گوێزانەوەیان بەزۆر، لەژێر فەرمانی ئەودابوون و ئەنجامدانی ئەو تاوانەش بەشێكە لە هێرشێكی بەربڵاو لەدژی دانیشتوانی سڤیلی ئەو ناوچەیە. دوای پێشكەشكردنی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان سەلمێنرا كە تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد بە بەشداریكردنی لەگەڵ چەند تاوانبارێكی تردا هەستاون بە ئەنجامدانی تاوانی ڕاگواستنی بەزۆر وەكو تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەپای تۆمەتی دووەم كە ئاراستەی كراوە.

دەربارەی تۆمەتی سێیەم كە سەبارەت بە تاوانی بێسەروشوێنكردنی بەزۆر وەك تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ئاراستەی تاوانبار سوڵتان هاشم كراوە، بۆیە لەو بەڵگانەوە كە دەربارەی كێشەكە لەبەردەستدان دەركەوتووە كە لێدانی شاری هەڵەبجە بە چەكی كیمیایی بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران كەس لە دانیشتوانی سڤیل، لەو كاتەدا ئەوانەی لە مردن دەربازیان بوو توانیان بەرەو سنوورەكانی ئێران هەڵبێن و لە خێوەتگاكاندا نیشتەجێ كران. پاشان ڕژێمی لەناوچوو لێبوردنێكی تایبەتی بۆ خەڵكی هەڵەبجە دەركرد و لەكاتی گەڕانەوەی خێزانەكانی هەڵەبجە لە ماوەی لێبوردنەكەدا لەلایەن یەكە سەربازییەكان و دەزگای زانیاریی سەربازییەوە دەستگیركران و ڕاپێچی سەربازگەكانی (گردەچاڵ و بەرەحوشتر)، لە پارێزگای هەولێر و گرتوخانەی (نوگرەسەلمان)، لە بیابانی پارێزگای موسەننا كران. ئەوەش

بووەهـۆی مەینەتـی و ئەشـکەنجە خـواردنی زۆر و بێـبەش بوونیـان لە ئازادییەکانیان. هەروەها بێسـەرو شـوێنکردنی بەشـی هەرەزۆریـان بەبێ دیاریکردنی چارەنووسیان. بەڵام ئەو خێزانانەی کە لەدوای تەواوبوونی مـــاوەی لێبـــوردنەکە گەڕانەوە لەلایەن ئەو دامـــوو دەزگایـــانەوە دەســـتگیرکران و بەرەو شـــوێنی نادیـــار بـــران و تـــاوەکو ئەمـــڕۆ چارەنووسیان دیار نیە. بەمشێوەیە تاوانبار سوڵتان هاشم بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر تـاوانی بێسەروشـوێنکردنی بەزۆری دانیشـتوانی سـڤیل بەو پێیەی لەو کـاتەدا فەرمانـدەی فەیلەقـی یەکەم بـووە کە لە سـنووری شـاری هەڵەبـجەدا بـووە و ئەوانەش کە خەڵکیـان دەسـتگیر کـردووە ئەو ئەفسـەر و سـەربازانە بـوون کە سـەر بە فەیلەقـی ئامـاژە بۆکراو بـوون. هەروەها ڕەفتارەکانی بەشێک بوون لە هێرشـێکی بەربڵاو و بەرنـامە بۆ داڕێـژراو ئاراسـتەکراو لەدژی دانیشـتوانی سـڤیل. پاڵپشـت بەو بەڵگـانەی لەبەردەستدان و باسکران سـەلمێنرا کە تاوانبـار سـوڵتان هاشـم ئەحمەد بە بەشداریکردنی لەگەڵ چەند تاوانبارێکی تردا هەستاون بە ئەنجامـدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی بەزۆری دانیشـتوانی سـڤیل وەک تـاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی.

**٣/ تاوانبار (صابر عەبدول عەزیز حسەین دوری)**

تاوانبار صابر عەبدول عەزیز حسەین دوری، یەکێک بوو لە ئەندامانی سـەرکردایەتی گشـتی هێـزە چەکـدارەکان و سـەرۆکی دەزگـای زانیـاری سەربازی بوو، هەروەها لێپرسـراوی ڕاسـتەوخۆ و پیلان داڕێـژەری ئەو هێرش و پەلامارانە بوو کە لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕوویانـدا لە دژی دانیشتوانی سڤیل و لێدانیان بەچەکی جۆراوجۆر. لەڕاستیدا ئەنجامـدانی هەر کردەیەکـی سـەربازی دەبـوو لە ڕێگـای بەڕێـوەبەرایەتی زانیـاری سـەربازییەوە تێپەڕێ بکردایا. لە دوای لێدانی شـاری هەڵەبـجە بەچەکی کیمیایی هەزاران خەڵکی سڤیل کوژران و بریندار بوون، پاشـان ئەوانەی

له مردن دەربازیان بوو توانیان بەرەو سنورەکانی ئێران هەڵبێن و له خێوەتگاکاندا نیشتەجێکران. لەبەرواری (١٩٨٨/٩/٦)دا ڕژێمی لەناوچوو، لێبوردنی تایبەتی بۆ خەڵکی هەڵەبجە دەرکرد و بەپێی ئەو لێبوردنە ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. بەو جۆرە بە هەزاران خێزان لە ڕێگای دەروازەی تەوێڵەی سنوورییەوە گەڕانەوە. پاشان ناوەندەکانی سەر بەدەزگای زانیاری سەربازی بە هاوکاری لەگەڵ هێزە سەربازییەکاندا هەستاون بە دەستگیرکردنی هەموو ئەوانەی لە ئێران دەگەڕانەوە. پاشان ڕادەستی فەرمانگەی ئاسایش و تەواری سلێمانی کران و خرانە ژێرباری ژیانێکی خراپ و بە هەموو جۆرێک ئازارو ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەی دران و بەشێکیان بەزۆر بۆ پارێزگای هەولێر گوازرانەوە و لەسەربازگەکانی (گردەچاڵ و بەرەحوشتر)، دەستبەسەرکران و بەشەکەی تریشیان بەبێ هیچ یاسایەک ڕاپێچی گرتوخانەی (نوگرەسەلمان) کران لە بیابانەکانی پارێزگای موسەننا، نزیک لە سنوورەکانی نێوان عێراق و سعودیە کە سادەترین پێداویستیەکانی ژیانی تێدانەبوو. هەروەها خرانە ژێرباری ژیانێکی زۆر قورسەوە و ڕوبەڕووی مەینەتی و ناخۆشی زۆر کرانەوە و لە ئازادییەکانیان بێبەشکران، بەو هۆیەشەوە زۆرێکیان گیانیان لەدەستدا. بەو پێیەی کە تاوانبار صابر عەبدول عەزیز حسەین بەڕێوەبەری دەزگای گشتی زانیاری سەربازی و ئەندامی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بووە. بۆیە پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوەکانەوە و ناردنی زانیاریەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و پاڵپشتی کردنیان بە پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان، بۆیە صابر عەبدول عەزیز حسەین بەشێوەیەکی کارا بەشداریکردووە لە ڕاگواستنی دانیشتوانی سڤیل بە زۆرەملێ وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و ئەوانەی هەستاون بەدەستگیرکردن و

ڕاگوێزانی خەڵکەکە سەر بە دەزگای زانیاری سەربازی بوو و لە ژێر فەرمانی ئەودابوون و هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتووەتەبەر بۆ ڕێگەگرتنیان، بەڵکو ڕەفتارەکانیان بەشێکە لە هێرشێکی بەربڵاو و بەرنامە بۆ داڕێژراو و ئاراستەکراو لە دژی خەڵکانی سڤیل. پاڵپشت بەو بەڵگانەی لەبەردەستدان و بە وتەکانی سکاڵاکاران و داواکارانی مافی تاکەکەس و بەڵگەنامە نیشاندراوەکان، ئەوە سەلمێنرا کە تاوانباری ئاماژە پێکراو بە بەشداریکردنی لەگەڵ چەند تاوانبارێکی تردا هەستاون بە ئەنجامدانی تاوانی ڕاگواستنی زۆرە ملێی دانیشتوانی سڤیل وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

بەڵام سەبارەت بە تاوانی سێیەم کە ئاراستەی تاوانبار (صابر عەبدول عەزیز حسەین) کراوە لەپای ئەنجامدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی بەزۆر وەک تاوان دژ بەمرۆڤایەتی، لە میانی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکان و دادگایکردن و ئەو بەڵگانەی لەبارەی تاوانەکەوە لەبەردەستدان. ئەوە سەلمێنرا کە لەدوای لێدانی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی هەزاران خێزانی سڤیل و بێ بەرگری ڕووبەڕووی مەینەتی بوونەتەوە و ئەوانەی کە لەمردن ڕزگاریان بووە بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵهاتوون و لەوێ لەناو خێوەتگاکاندا نیشتەجێ کران. پاشان ڕژێمی لەناوچوو لێبوردنێکی تایبەتی بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە دەرکرد و ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان، بۆیە وەک وەڵامدانەوە بۆ بڕیاری لێبووردن ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خێزانە ئاوارەکان گەڕانەوە و لەلایەن هێزەکانی سوپا و ناوەندەکانی سەر بەدەزگا زانیاری و سەربازی و دام و دەزگا ئاسایشی و حیزبییەکانەوە دەستگیرکران و ڕادەستی فەرمانگەی ئاسایش و تەواری پارێزگای سلێمانی کران و خرانە ژێر بارودۆخێکی ناهەمواری ژیانەوە و ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی دەروونی و مادی

بونەوە و بەشێکیان بەزۆر و بەبێ ویستی خۆیان ڕەوانەی پارێزگای هەولێر کران و لە سەربازگەکانی (گردەچاڵ و بەرەحوشتر) بەند کرانو بەشێکی تریشیان بەبێ هیچ یاسایەک ڕاپێچی گرتوخانەی (نوگرە سەلمان) کران لە بیابانەکانی پارێزگای موسەننا لە نزیک سنوورەکانی نێوان عێراق و سعودیە کە لە سادەترین پێویستی و ئامرازەکانی ژیان بێبەشبوون. ئەوەش زیانی زۆری پێگەیاندن و تووشی مەینەتی کردن و لە ئازادییەکانیان بێبەشی کردن. جگە لەوەش بەشی هەرەزۆریان بێسەروشوێن کران و لێکۆڵینەوەکان نەگەیشتنە دیاریکردنی چارەنووسیان. بەڵام ئەو خێزانانەی کە لەدوای تەواوبوونی ماوەی لێبووردنەکە گەڕانەوە هەموویان لەلایەن ناوەندەکانی سەر بەدەزگای زانیاری سەربازی بە هاوکاری یەکە سەربازییەکان و دام و دەزگا ئاسایشیەکانی تر دەستگیرکران و بەرەو شوێنێکی نادیار بران و تاوەکو ئەمڕۆ چارەنووسیان نادیارە. لەبەرئەوەی تاوانبار صابر عەبدول عەزیز حسین بەڕێوەبەری دەزگای زانیاری سەربازی و ئەندامی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بووە و پلەو پایەی گرنگی هەبووە لە ڕووی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر خەڵکی هەڵەبجە لە سەرچاوەکانییەوە، پاشان ناردنی زانیاریەکان بۆ لایەنەپەیوەندیدارەکان، سەرباری پاڵپشتی کردنی زانیاریەکان بە پێشنیار و ڕاسپاردەکانی. بۆیە ناوبراو بەشێوەیەکی کارا بەشداری لە تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێی دانیشتوانی سڤیلی کردووە، وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەوانەش کە هەستاون بە دەستگیرکردنی دایشتوانی سڤیل و بێسەروشوێنکردنیان سەر بە دەزگای زانیاری سەربازی بوون و لەژێر فەرمانی ئەودا کاریان کردووە، بەڵام هیچ کارێکی بۆ ڕێگەگرتنیان نەکردووە و ئەو ڕەفتارەی بەشێک بووە لە هێرشێکی زۆر بەربڵاو و بەرنامە بۆ داڕێژراو و ئاراستە کراو لەدژی خەڵکی سڤیل. بۆیە پاڵپشت بەو بەڵگانەی

لەبەردەستدان و ئەوەی لەوتەکانی سکاڵاکاران و داواکارانی مافی تاکەکەس و شاهیدەکان و بەڵگەنامە نیشاندراوەکانەوە پێکهاتووە، ئەوە سەلمێنراوە کە تاوانبار صابر عەبدول عەزیز حسین بە بەشداریکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک تاوانباری تردا هەستاون بە ئەنجامدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرە ملێی دانیشتوانی سڤیل وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

**٤/ تاوانبار (فەرحان موتڵەگساڵح)**

تاوانبار فەرحان موتڵەگ ساڵح، لەکاتی بۆردوماکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچووەوە لێپرسراوی مەنزومەی زانیاری خۆرهەڵات بوو. لەو ماوەیەشدا کە بەدوای ئەو تاوانەدا هات یەکەو ناوەندەکانی زانیاری یەکە سەربازیەکانی فەیلەقی یەکەم کە هەڵدەستان بە ناردنی ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی سەرچاوەکانیانەوە کۆیان دەکردنەوە بەشێوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەنزومەی خۆرهەڵات، سەرجەمی ئەو ڕاپۆرتانەش پشتیان پێدەبەستراو لەبەر ڕۆشناییان پیلانڕێژی بۆ ئەو هێرشانە دادەنرا کە دەکرانە سەر دانیشتوانی سڤیلی ناوچە کوردییەکان. لەدوای لێدانی شارۆچکەی هەڵەبجە بەچەکی کیمیای و خستنەوەی زیانی زۆر گەورە لە ڕیزی خەڵکانی سڤیلی بێبەرگری، پاشان ئەوانەی ڕزگاریان بوو توانیان بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵبێن و لەخێوەتگاکاندا نیشتەجێکران. پاڵپشت بەو لێبووردنە تایبەتەی ڕژێمی لەناوچوو لە (١٩٨٨/٩/٦)، بۆ خەڵکی هەڵەبجەی دەرکرد ئیتر بەپێی ئەو لێبووردنە ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. لەماوەی لێبووردنی تایبەتدا هەزاران لەو خێزانانە لەڕێگەی دەروازەی سنووری (تەوێڵە)وە گەڕانەوە. بەڵام یەکە سەربازییەکانی سوپا و بەهاوکاری دام و دەزگا ئاسایشی و هەواڵگری و حیزبییەکان هەستان بەوەرگرتنەوەی

گەڕاوەکانی ئێران و پاشان دەستگیریان کردن و ڕادەستی فەرمانگەکانی ئاسایش و تەواری پارێزگای سلێمانیان کردن و خرانە ژێرباری ژیان و گوزەرانێکی زۆر خراپ و ناهەموارەوە و ڕوبەڕووی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەی کرانەوە و بەشێکیان بەزۆر و بێویستی خۆیان ڕەوانەی پارێزگای هەولێر کران و لە سەربازگەکانی (گردەچاڵ و بەرەحوشتر) دەستبەسەرکران. بەشەکەی تریشیان لەگرتووخانەی (نوگرە سەلمان) لەبیابانەکانی پارێزگای موسەننا لە نزیک سنوورەکانی نێوان عێراق و سعودیە زیندانیکران کە لەسادەترین پێداویستی و ئامرازەکانی ژیان بێبەش بوون، جگە لەوەش خرانە ژێرباری ژیانێکی زۆر سەخت و دژوار و پڕ مەینەتەوە و لە ئازادیەکانی ژیانیان بێبەش کران و زۆرێکیشیان لەوێ گیانیان لەدەستدا.

لەبەر ئەوەی تاوانبار فەرحان موتڵەگ ساڵح لەوکاتەدا پۆستی بەڕێوەبەری مەنزومەی زانیای سەربازی هەبوو، چەندین دەزگا و ناوەند کە ئەرکیان کۆکردنەوەی زانیاری و ناردنیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و چاودێریکردنی خەڵکی هەڵەبجەو شارەکانی تر بوو، کە لەوێشەوە ڕەوانەی کۆمەڵگە زۆرە ملێکانیان دەکردن و ڕێگەیان پێنەدەدان بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان کە سووتاو وێران کرابوو، سەرجەمیان لەژێر فەرمانی ئەودا بوون. بۆیە فەرحان موتڵەگ بەشێوەیەکی کارا ڕۆڵی هەبوو لە ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی سڤیل وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، ڕەفتارکردنیشی بەشێک بووە لە هێرشێکی بەربلاو و بەرنامە بۆ داڕێژراو. پاڵپشت بەو بەڵگانەی لەبەردەستدان و ئەوەی لە وتەکانی سکالاکاران و داواکارانی مافی تاکەکەس و شاهیدەکان و بەڵگەنامە نیشاندراوەکانەوە پێکهاتووە، ئەوە سەلمێنرا کە تاوانبار فەرحان موتڵەگ ساڵح بە بەشداریکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک تاوانباری تردا هەستان بە ئەنجامدانی تاوانی ڕاگواستنی

زۆرەملێی دانیشتوانی سڤیل لە شوێنی خۆیان، ئەوەش تاوانی دووەمە کە ئاراستەی ناوبراو کراوە.

سەبارەت بە تاوانی سێیەم کە ئاراستەی تاوانبار فەرحان موتڵەگ سالح کراوە لە پای تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، بەهۆی هەموو ئەو بەڵگانەوە کە دەربارەی کەیسەکە لەبەر دەستدان دەرکەوت کە لەدوای لێدانی شارۆچکەی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی لەناوچووەوە زیانێکی مرۆی ئێجگار زۆر لە خەڵکی سڤیل و بێبەرگری کەوتووە.لە کوژراو و بریندار. ئەمە سەرەڕای ئەو زیانە ژینگەییانەی لە ئەنجامی ئەو بۆردومانەوە پەیدابوون. لە بەرامبەریشدا ئەوانەی لە مردن ڕزگاریان بوو بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵهاتن و پاشان لەناو خێوەتگاکاندا نیشتەجێکران. لەدوای دەرچوونی لێبوردنێکی تایبەت لەلایەن ڕژێمی لەناوچووەوە بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە، ڕێگە بە خێزانەکان درا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. بەڵام دوای هاتنەوەیان بۆ ئەمدیوی سنوورەکانی عێراق لەلایەن هێزە سەربازیەکانەوە بەهاوکاری دام و دەزگا زانیاری و ئاسایش و حیزبییەکانەوە دەستگیرکران و ڕادەستی دەزگاکانی ئاسایش و تەواری سلێمانی کران و خرانە ژێر باری ژیانێکی زۆر سەخت و دژوارەوە و ڕووبەڕوی هەموو جۆرەکانی ئازار و ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی کرانەوە و بەشێکیان ڕاپێچی سەربازگەکانی (گردەچاڵ و بەرەحوشتر) کران لە پارێزگای هەولێر و بەشەکەی تریشیان بەبێ هیچ فەرمانێکی دادوەری ڕاپێچی گرتوخانەی (نوگرە سەلمان) کران لە بیابانەکانی پارێزگای موسەننا لە سەر سنووری نێوان عێراق و سعودیە. بەو شێوەیەش زیانی زۆریان لێکەوت و مەینەتی زۆریان چەشت و لە ئازادییەکانیان بێبەشکران. جگە لەوەش بەشی هەرە زۆریان بێسەرو شوێنکران و تا ئێستا چارەنوسیان دیار نیە. بەڵام ئەو خێزانانەی کە لەدوای تەواوبوونی ماوەی لێبوردنە تایبەتەکە گەڕانەوە لەلایەن دام و دەزگا و فەرمانگە ئاماژەپێکراوەکانەوە دەستگیرکران و بۆ شوێنێکی نادیار گوێزرانەوە و تاوەکو ئەمڕۆ هیچ کەسێک چارەنووسیان

نازانێت. لەبەر ئەوە تاوانباری ناوبراو لەو کاتەدا سەرۆکی مەنزومەی زانیاری خۆرهەڵات بووە و ئەو ناوەندانە لە ژێر فەرمانیدا کاریان کردووە و هاوکاربوون لەگەڵ هێزە چەکدارەکان و دام و دەزگاکانی تردا بۆ جێبەجێکردنی پیلانی تاوانکاری لەڕێگەی دەستگیرکردنی دانیشتوانی سقیل و گواستنەوەیان بەبێ ویستی خۆیان بۆ سەربازگەکانی دەستبەسەرکردن و بێسەروشوێنکردنیان بەزۆر، هەرچەندە دەیزانی و زانیاری هەبوو کە ئەوە تاوانێکە و ئەنجام دەدرێت. بۆیە ئەو ڕەفتارەی تاوانباری ناوبراو بەشێکە لە هێرشێکی بەربڵاو و بەرنامە بۆ داڕێژراو لە دژی خەڵکی سقیل.

هەموو ئەو بەڵگانەی دەربارەی ئەم کەیسە لەبەردەستدان و هیچ گومانێک تێدا نییە دەیسەلمێن کە تاوانبار فەرحان موتڵەگساڵح بە هاوبەشی و بەشداریکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک تاوانباری تردا، هەستان بە ئەنجامدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی بەزۆری دانیشتوانی سقیل وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی. لەبەر ئەوەو پاڵپشت بەو بەڵگانەی لەسەر کەیسەکە لەبەردەستدان، دەرکەوت کە ڕژێمی لەناوچووی عێراق لە ڕوانگەی سیاسەتە شۆڤێنییەکانییەوە کە پەیڕەوی دەکردن چەندین ڕێوشوێنی ئاسایشی و سەربازی توندی سەپاندبوو بۆ ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان و ڕاپێچکردنیان بۆ ناو کۆمەڵگا زۆرەملێکان و چۆڵکردنی زنجیرە سنووریەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بە مەبەستی دابڕاندنی ناوچەکە بە یەکە سەربازییەکان و دام و دەزگا ئاسایشییەکان و فەجەکانی بەرگری نیشتیمانی. هێرشەکانی ڕژێم و بەکارهێنانی شێوازەکانی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و هێرشەکانی ڕاگواستنی زۆرە ملێ و گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی ناوچە کوردنشینەکانی گرتەخۆ. ڕژێم بەپێی پیلانێکی تاوانکاری و لۆژیکی بەرنامەیی بە مەبەستی لەناوبردنی نەتەوەی کورد هەستا بە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی و لەسەر ئەو بۆردومانە کیمیاییە لەدژی دانیشتوانی سقیل کە بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵدەهاتن هەر بەردەوام بوو.

ئەو بەڵگانــامە فەرمیــانەی ســەربە دەزگاکــانی ئاســایش و زانیــاری تــایبەتی ڕژێمــی لەنــاوچوون و پەیوەنــدیان بە چــۆنیەتی ئەنجامــدانی کاروکردەوەکانی پرۆسەی جینۆسایدی خەڵکی هەڵەبجەوە هەیە، بەڵگەن بۆ بەرجەستەبوونی سیماکانی لایەنە ماددیەکانی ئەو تاوانە. بەڵام ئەو خێزانانەی کە دواتر ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان دەستگیرکران و بە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان و بە هاوکاری دام و دەزگا ئاسایشی و زانیــاریی و حیــزبییە جۆراوجۆرەکــانی ڕژێــم ڕاپێچــی ســەربازگەکانی دەست بەسەرکردن کران لە (گردەچاڵ و بەرەحوشتر) و گرتوخانەی (نوگرە سەلمان) و لە هەموو ئازادیەک بێبەشکران و بەشی هەرەزۆریان بێسەرو شوێن کران و تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نیە. بەڵام ئەو خێزانانەی کە لە دوای تەواوبوونی ماوەی لێبوردنەکەی ڕژێم گەڕانەوە، هەموویان دەستگیرکران و بەرەو شوێنێکی نادیار بران و تا ئەمڕۆ هیچ کەسێک چارەنوسیان نازانێت. هەمــوو ئەو تــاوانەش لە چوارچێــوەی هێرشێکی بەربڵاو و بەرنامە بۆ دارێژراو ئەنجام دران. بۆیە وتەکانی ســـکاڵاکاران و داواکــارانی مــافی تــاکەکەس و وتەی شــاهیدەکان و بەڵگەنامە نیشاندراوەکان پاڵپشتی ئەوەن کە دادگای دووەمی تاوانکاری لایەنی ڕاستی گرتووە لە دیاریکردنی پەسنی یاسای ئەو تاوانەی کە لەدژی کوردەکان لە شاری هەڵەبجە ئەنجام دراوە و پەیوەندیدارە بە تۆمەتی یەکەم کە ئاراستەی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید کراوە بەو پێیەی کە پاڵپشت بە ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەکانی (١- ٢- ٣- ٤)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییە و ئەوەی لە دژی کوردەکان لە شاری هەڵەبجە ئەنجام دراوە بۆخۆی تاوانی جینۆسایدە بە مەبەست و بەنیازی زیانلێدانی جەستەیی یان هزری زۆر لە تاکەکانی ئەو گروپەی تاوانەکە لە دژیان ئەنجام دراوە، جگە لەوەش خــرانە ژێــر بــارودۆخێکی ژیــانیی ســەخت و دژوارەوە بەمەبەســتی پەرێشــانکردنیان بەشــێوەیەکی تەواوەتــی یــان بەشــی وەکــو تــاوانی

جینۆساید. لەبەر ئەوە پێویستە تاوانی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی بەپێی ماددەی (١١) برگەی (١) بەشی (آ- ب- ج) و برگەی (٢) بەشی (آ- ە) بە بەڵگەی ماددەی (١٥) برگەی (١- ٢- ٣) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و پاڵپشت بە ماددەی (٢٦٠) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) بگونجێنرێت. بۆیە بریاردرا بە پەسنی یاسای ئەو تاوانەی کە بەهۆیەوە عەلی حەسەن مەجید تاوانبار کراوە بەپێی ماددەی (١٢) برگەی (١) بەشی (آ) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥) برگەی (١- ٢- ٣) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و تۆمەتبارکردنی بەپێی ئەو یاسایە. بۆیە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان تا مردن بەسەریدا گونجاو وپێکهاتووە لەگەڵ ئەو پەسنە یاساییە نوێیەدا، لەبەر ئەوە بریار درا پەسەندو هەموار بکرێت بۆ ئەوەی سزاکە بەپێی ماددەی (٤٠٦) برگەی (١) بەشی (آ- ب) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) بێت و بەپێی ماددەی (٢٥) برگەی (٢)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق بە بەڵگەی ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان لابرا. دەستەی تێهەڵچوونەوە بەپێی نوسراوی ژمارە (ق١/١٠) لە (٢٠١٠/١/٢٧) کە نێردراوە بۆ سەرۆکی دادگا و بەڵگەنامەی کۆچکردنی ژمارە (٢٥٠٩٠٧)ی لە (٢٠٠٥/١/٢٥) کە تایبەتە بە مردنی سزادراو عەلی حەسەن مەجید پێوە هاوپێچ کراوە کە ئاماژەیە بۆ جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان تامردن بەسەر ئەلمەجیددا لەسەر داوای ژمارە (١/ج٢/٢٠٠٦) کە لەدادگای دووەمی تاوانکاری لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقەوە دەرچووە. بۆیە بریاردرا ڕێوشوێنەکانی بەشێوەیەکی کۆتایی لەدژی بوەستێنرێت وەک کارکردن بە ماددەی (٣٠٤) لە یاسای شێوازی دادگایکردنی سزایی و بریارەکە بەزۆرینەی دەنگ لە (١٣ ی ڕەبیع ئەل ئەوەل ی ١٤٣١)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١٠/٢/٢٨) زاینی دەرچووە. بەڵام سەبارەت بە بریاری دادگا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی تاوانباران سوڵتان

هاشم ئەحمەد و صابر عەبدول عەزیز حسین و فەرحان موتلەگ سالح کراوە بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (آ) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (٢) بەشی (آ- ب- ج) و بڕگەی (٣- ٤) ی هەمان مادده لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق لە پای تاوانی کوشتنی بە مەبەست وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، و بڕیاردان لەسەر ئازادکردنیان بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو لە دژیان و یەکسەر دەرکردنیان لە ڕاستاندن مادامەکی بەهۆی کەیسێکی ترەوە ڕاستاند نەکراون و داواکراو نین. ئەویش پاڵپشت بە ماددەی (١٨٢) بڕگەی (ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) کە بەڕاستی هاتووە و لەگەڵ یاسادا کۆکە. چونکە ئەو بەڵگانەی لەدژیان نیشاندراوە تەواو نین و بۆ تۆمەتبار کردنیان، لەبەر ئەوە بڕیاری ڕاستاندنیان دراوە بەپێی ماددەی (٢٥) بڕگەی (٢) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق و ماددەی (٢٥٩) بڕگەی (آ) لە یاسای شێوازی دادگایکردنی سزایی. بەو جۆرە تانەی تێهەڵچوونەوە کردن پەسەند نەکراو بڕیارەکە بەزۆرینەی دەنگ لە (١٣ ی ڕەبیع ئەل ئەوەل ی ساڵی ١٤٣١)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١٠/٢/٢٨)ی زاینی دەرچوو. بەڵام سەبارەت بە هەردوو تۆمەتی دووەم و سێیەم کە ئاراستەی تاوانباران (عەلی حەسەن مەجید- سوڵتان هاشم ئەحمەد- صابر عەبدول عەزیز حسین- فەرحان موتلەگ سالح) کراوە. تاوانی دووەم بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی( د) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (٢) بەشی (آ- ب- ج) و بڕگەی (٣- ٤)ی هەمان مادده لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی بەهۆی بەشداریکردنیان لە ئەنجامدانی تاوانی ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی سڤیل وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ئەژمار کراوە. بەڵام تاوانی سێیەم بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (١) بەشی (ڤ) و بەبەڵگەی ماددەی (١٥) بڕگەی (٢) بەشی (آ- ب- ج) و بڕگەکانی (٣- ٤)ی هەمان مادده لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بەهۆی بەشداریکردنیان لە تاوانی بێسەروشوێنکردنی بەزۆری

دانیشـــتوانی ســـڤیل وەک تـــاوانی دژ بەمرۆڤـــایەتی ئەژمـــار کـــراوە. تاوانبارەکـان ســەرقاڵی جێبەجێکرنـی سیاسـەتی ڕژێـم و سیاسـەتەکانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە بوون و دام و دەزگا ئاسایشی و حیزبیی و زانیارییەکان و هێزە چەکدارەکان لەژێر فەرمانی ئەواندا جوڵاونەتەوە و ڕەفتاریان کردووە، بۆیە ڕێڕەوی داواکە و ئەو بەڵگانەی لەسەری هەن ڕاســـتی تێوەگلانیـــان لە ئەنجامـــدانی تـــاوانی ڕاگواســـتن و بێسەروشـوێنکردنی زۆرە ملێـی دانیشـتوانی سـڤیل لە شـاری هەڵەبـجە لەدوای لێـدانی شـارەکە بە چەکـی کیمیـایی دەسـەلمێنن. هەروەهـا لە وتەکـانی سـاکالاکاران و شـاهیدەکان و ئەو بەڵگەنامـانەدا هـاتووە کە بە بەڵـگەی بەڵـگە نەویسـت تێـوەگلانی ئەو تاوانبـارانە لە ئەنجامـدانی ئەو هەمـوو تـاوانەدا دەسـەلمێنن لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئاگـایی و زانیارییـان لەسەر ئەنجامدانی هەبووە و ئەوەی دادگای دووەم لە تۆمەتبارکردنیاندا بەپێی ماددەکانی تۆمەتبارکردنی نیشانی داوە و سەلماندوویەتی ڕاست دەرچووە و لەگەڵ یاسادا کۆکە، بۆیە بڕیاردرا پەسەند بکرێت.

بەڵام ســەبارەت بەو ســزایانەی بەســەریاندا ســەپێنراوە، دەســتەی تێهەڵچـوونەوە پێیـوایە گونجـاوبوون بـۆیە بڕیاریـدا پەسـەندبکرێت بە لابردنی ماددە هاوپێوەندەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان و بڕگە و ماددەکـانی تـریش پاڵپشـت بە مـاددەی (٢٥) بـڕگەی (٢) لە یاسـای دادگـاو مـاددەی (٢٥٩) بـڕگەی (آ) بەشـی (١) لە یاسـای شـێوازی داگـایکردنی سـزایی، بـۆیە تـانەی تێهەڵچـونەوەکە پەسـەند نەکـراوەو بڕیارەکە بەزۆرینەی دەنگ لە (١٣ ی ڕەبیع ئەل ئەوەلی ساڵی ١٤٣١)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١٠/٢/٢٨)ی زاینی دەرچوو.

دادوەر

عارف عەبدول ڕەزاق ئەل شاهین

سەرۆکی دادگای باڵای تاوانکاری عێراق

**سێیەم/ کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی**

یەکەم دانیشتنی دادگا سەبارەت بە کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە (٢٠٠٩/١/٢٦) ئەنجام درا. پاش (٤٤) چل و چوار دانیشتن، دادگا لە (٢٠١٠/١١/٢٩) کەیسی کوردانی فەیلی بە جینۆسایدناساند. بەڵام لەبەرامبەر ئازادکردنی (٢) دوو تۆمەتباری سەرەکی، بووە هۆی نارەزایی بەشێک لە یاساناسان و ڕوناکبیر و نوسەرو سکاڵاکاران بەمەش کەیسەکە جیاکردنەوە (تمیز)ی تێداکراوەو دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی لە (٢٠١١/٥/١٠)، کەیسەکەی بەجینۆساید ناساندەوە.

ئەمەش دەقی بڕیاری کۆتایی دادگایە کە دوای جیاکردنەوە (تمیز) دەریکردووە لەسەر کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی.[٢٣]

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

کەیسی فەیلییەکان

کۆماری عێراق

دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی

دەستەی جیاکردنەوە (الهیئە التمیزیە)

بەغداد- عێراق

ژمارە (١٢) ت (٢٠١١)

بەروار (٢٠١١/٥/١٠)

دەستەی جیاکردنەوە لە (١٤٣٢/٦/٦) کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١١/٥/١٠) زاینی لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز دادەوەر(          ) هەریەک لە دادوەران (     ). پێکهێنرا بۆ بڕیاردان بەناوی گەلەوە، پاش تێڕوانینی بابەتەکە گەشتن بە بڕیاری:

لایەنەکانی داواکە

١/ تۆمەتبار- سەعدون شاکر محمود- بریکارەکەی لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشانکراوە بەرێز شاکیر سامر محمود

٢/ تۆمەتبار- تاریق عەزیز عیسا- بریکارەکەی لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشانکراوە بەرێز عەلی خەتاب حەمدان.

٣/ تۆمەتبار- مزبان خزر هادی- بریکارەکەی لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشانکراوە بەرێز موشتاق ساڵح سالم.

٤/ تۆمەتبار- عەزیز ساڵح حەسەن- بریکارەکەی لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشانکراوە بەرێز موشتاق ساڵح سالم.

٥/ داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی

٦/ سکاڵاکاران- سامیە عەزیز حەمەد خەسرەو عەبدولرەزاق حسەین حەمەد و فلەیح موسا محەمەد و کۆمەڵەکەیان- پارێزەرەکانیشیان بەڕێزان صادق جەعفەر محمد ئەلسعودی و سەفا بارەکە مولک و ئارام موحسن موستەفا.

بابەتی داوا لەسەرکراو/ بڕیاری سەرەتایی دادگای تاوانکاری لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (٣/ت/ سەرەتایی/ ٢٠٠٨) لە بەرواری (٢٠١٠/١١/٢٩).

دۆسیەی سکاڵای ژمارە (٣/ت/ سەرەتایی/ ٢٠٠٨) لە بەرواری (٢٠١٠/١١/٢٩) دەربارەی کوردە فەیلییەکان گەشتە بەردەم دەستەی ئەستۆپاکی دژی هەریەک لە تۆمەتباران سەعدون شاکر محمود و تاریق

عەزیز عیسا و ئەحمەد حسەین خزەیر و مزبان خزر هادی و عەزیز سالّح حەسەن و فازیل سەڵفیح موحەیمید و سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن و وەتبان ئیبراهیم ئەلحسەن و سابیر عبدولعەزیز حەسەن و محمود خزیەر صەباح و فازیل عەباس ئیبراهیم و ئەیاد تەها شەهاب و نیعمان عەلی محمود سلێمان و عەبدولحەمید سلێمان ئیبراهیم و سەعدون سالّح ئەحمەد و عەلی حەسەن ئەلمەجید بۆ چاو پێداخشاندنەوە تیایدا بە پشتبەستن بە دەقی مادەی (٢٥) لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥) و بە ڕێسای (٦٨/ ب) لە ڕێساکانی ڕێوشوێن و کۆکردنەوەی بەڵگەی پەیوەست بە یاسای دادگاوە، وە هەروەها بە پشتبەستن بە ماددەی (١/٢٥٤) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی سالّی (١٩٧١). دەرکەوتووە کە بڕیارەکە ئاراستەکردنی شەش تۆمەت دەگرێتەوە کە ئاراستەی تۆمەتبارە یەکەمەکان کراوە دەربارەی کوشتنی بە مەبەست (تاوانی جینۆساید) بەپێی ماددەی (١١/یەکەم/ آ) بە پشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالّای تاوانکاری عێراقی ژمارەی (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو بە پشتبەستن بە ماددەکانی (٤/ ٦/ ١/ آ) و (٢٣/ ١ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ئەم مادانە (١/٢/٧٤ و ٢ و ٤٩/٤٨) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩). سکالّای دووەم دەربارەی دوورخستنەوەی بە زۆرەملێ بۆ نیشتەجێبوان کە ئەوەش تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ٢) بەبەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالّای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥) و مادەکانی (٤٢١ و ١/٢٣/ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (١/٤٧ و ٢ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. و سکالّای سێهەم

دەربارەی زیندانیکردن و بێبەشکردن لە ئازادی کە ئەمەش تاوانێکی نکوڵی لێنەکراوە بەپێی ماددەی (١٧/ یەکەم/ ە) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج و سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٣٢٢/ و ١/٣٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (١/٤٧ و ٢ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. سکاڵای چوارەم دەربارەی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بە پێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێیەم و چوارەم) (١٢/ یەکەم و) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەکانی (٣٣٣/ ٣٣/ ١ و ٣٤/ ب) و به هاوبەشی ماددەکانی (١/٤٧ و ٢ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. سکاڵای پێنجەم دەربارەی چەوساندنەوە و ستەم بەرامبەر بە کۆمەڵێک دانیشتوان بە هۆکاری نەتەوەیی و ئاینی کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە. بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ح) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێیەم و چوارەم)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو و ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لە هەمان یاسا و بە هاوبەشی ماددەکانی (٢،١/٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. سکاڵای شەشەم دەربارەی کردارە نامرۆییەکانی تر ئەوانەی پەیوەندیدارن بە کۆمەڵێک ستەمەوە وەک ئەشکەنجەی جەستەیی و زیانبەخشن بە جەستەو هزرەوە کە ئەمانەش بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) تاوانن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج و سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢/٤٥٢) و بە هاوبەشی ماددەکانی

(٢/٤٧، ١ و ٤٨ و ٤٩) له یاسای سزادان ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. دەرکەوتووە کە دادگای تاوانکاری یەکەم بڕیارێکی چەند بڕگەیی ژێرانەی دەرکردوە کە پێک دێت لە:

بڕیاردان لەسەر هەر یەک لە تاوانباران سەعدون شاکر محمود و مزبان خزر هادی و عەزیز ساڵح حەسەن بەسزای لەسێدارەدان تاکو مردن. بەرامبەر بە ئەنجامدان و بەشداریکردنیان لە تاوانی جینۆساید وەک تاوانی یەکەم کە بەپێی ماددەکانی(١١/ یەکەم/ آ) ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشی ماددەکانی(٢/٤٧، ١ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو خراوەتە پاڵیان و سزاکە بە پشتبەستن بە ماددەی(٤٠٦/ ١/ آ) لە هەمان یاسا دیاریکراوە و بڕیاردان لەسەریان بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ بەهۆی بەشداریکردنیانەوە لە دوورخستنەوەی زۆرەملێ کە ئەوەش تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە و وەک سکاڵایەک ئاراستەیان کراوە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە هاوبەشی ماددەکانی (٢/٤٧، ١ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکرا و بەپێی ماددەی (٤٢١)ی هەمان یاسا. هاوکات بڕیاری زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. بۆ بەشداریکردنیان لە زیندانیکردن و بێبەشکردنی تاکەکان لە ئازادی کە ئەمەش سەرپێچی یاسا نێودەوڵەتیەکان و تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە وەک سکاڵای سێهەم کە لەسەریان تۆمارکراوە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ه) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە هاوبەشی ماددەکانی (٢/٤٧، ١ و

٤٨ و ٤٩) له یاسای سزادانی ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. سزاکان بەپێی ماددەی (٣٢٢)ی هەمان یاسا دەستنیشان کراوە، و بڕیاردان لە سەریان بە زیندانیکردنیان بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ بەهۆی بەشداریکردنیان لە ئەشکەنجەدان کە ئەوەش تاوانێکی دژ مرۆڤایەتییە وەک سزایەکی سکاڵای چوارەم بەپێی ماددەکانی (١٢/ یەکەم/ و) ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. سزاکان بەپێی ماددەی (٣٣٣)ی هەمان یاسا دیاریکراوە، و زیندانیکردنیان بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ دەربارەی ستەمکردنیان وەک تاوانێکی دژ مرۆڤایەتی و جێبەجێکردنی سکاڵای پێنجەمی ئاراستەکراو بۆیان بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ح)  بە بەڵگەی ماددەی ( ١٥/ یەکەم و دووەم/ ج سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکرا و سزاکەی بەپێی ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لە یاسای دادگا دیاری کراوە، و بڕیاردان بە زیندانیکردنیان بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ بەرامبەر ئەنجامدان و بەشداریکرنیان لە کردارە نامرۆییەکانی تر تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە و جێبەجێکردنی سکاڵای شەشەم  بەپێی یاساکانی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج و سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وسزاکانیان بەپێی ماددەی (٤٥١)ی هەمان یاسا دەسنیشانکراوە. و توندترین سزا دژیان تۆمار دەکرێت، بەپێی

ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادان. ماوەی ڕاگرتنیان لە گرتوخانەدا بۆ هەژمار ناکرێت چونکە چارەنووسیان لەم دۆسیەدا دواخراوە. تۆمەتبارەکان ئاگادارکراونەتەوە کە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا کۆنوسی داواکەو و بڕیارەکانی کە تێیدا دەرچووە ئاراستەی دەستەی جیاکردنەوە (التمیزییە) دەکرێت لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، بەپێی یاسای ماددەی (٢٢٤) لە یاسای بنەمای دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. وە لە بڕیارێکی تردا دادگا دەربارەی تۆمەتباران تاریق عەزیز عیسا و ئەحمەد حسەین خزەیر بڕیاریدا بە زیندانی کردنیان بۆماوەی (١٠) دەساڵ. بەرامبەر ئەنجامدان و بەشداریکردنیان لە کرداری نامرۆڤانەی تر تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەربارەی تۆمەتی شەشەم کە ئاراستەیان کراوە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج و سێیەم و چوارەم) لە یاساکانی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، و سزاکان بەپێی ماددەی (٢/٤٥٢) لە هەمان یاسادا دەستنیشان کراوە. وە لەبەر نەبوونی بەڵگەی سەلمێنراو دەربارەی دۆسیەی هەردوو تۆمەتبار تاریق عەزیز عیسا و ئەحمەد حسەین خزەیر لە سکاڵای ئاراستەکراو بۆیان بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و ماددەی (١٢/ یەکەم/ ە) و ماددەی (١٣/ یەکەم/ و) و ماددەی (١٢/ یەکەمی/ ح) لە یاساکانی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) دادگا بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو تومەتەی ئاراستەیان کرابوو وە ئازادکردنیان لە ڕاگرتن و دەستبەسەری لە زیندان ڕاستەوخۆ دوای بڕیارەکە. مەگەر تۆمەتێکی تریان خرابێتە پاڵ بەپێی ماددەی (١٨٢/ ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواوی سەلمێندراو لە کەیسەکە دژی هەریەک لە تۆمەتباران فازیل سەڵفیح موحەیمید و سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن و وەتبان ئیبراهیم ئەلحسەن و سابیر عبدولعەزیز حسەین و محمد خزیەر صەباح و فازیل عەباس ئیبراهیم و ئەیاد تەها شەهاب و نیعمان عەلی محمد سلێمان و عەبدولحەمید سلێمان ئیبراهیم و سەعد ساڵح ئەحمەد دەربارەی ئەو تومەتەی کە ئاراستەیان کرابوو بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و (١٢/ یەکەم/ د) و ماددەی (١٢/ یەکەم/ ه)و ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و ماددەی (١٢/ یەکەمی/ ح) و (١٢/ یەکەم/ ی) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و دادگا بڕیاریدا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەیان کرابوو. وە ئازاد کردنیان لە ڕاگرتنیان لە زیندان ڕاستەوخۆ دوای بڕیارەکە مەگەر تۆمەتێکی تریان خرابێتە پاڵ بەپێی ماددەی (١٨٢/ج و هـ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١). هاوکات دادگا بڕیاریدا بە پاراستنی مافی کەسی داواکارەکان کە سەردانی دادگا شارستانییەکان بکەن بەمەبەستی داواکردنی قەرەبوو بۆ هەموو ئەو زیانانەی پێیان گەیشتوە، لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان کراوە. قەرەبووی ماندووبونی ئەو پارێزەرانەی لە لایەن دادگاوە دیاریکراون بۆ بەرگری لە تۆمەتباران بەپێی ئەو یاساو ڕێسانە دیاری دەکرێت کە لەگەڵ نوسینگەی بەرگریدا دەست نیشانکراوە لە داداگای باڵای تاوانکاری عێراقی، وە لە هەمانکاتدا دادگا بڕیاریدا بە دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانەی ناویان هاتووە لە بەڵگەنامەو کۆنوسی لێکۆڵینەوەو دادگادا و هاوکات ئاگادارکردنەوەی دادگای لێکۆڵینەوە لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست دژیان بەپێی لیستی هاوپێچکراو لەگەڵ داواکەدا. سەعدون شاکر محمود لەرێگەی بریکارە دیاریکراوەکەیەوە لە ڕێگەی دادگاوە

بەڕێز سامر شاکرمحمود تانەیدا لە بڕیارەکەو بە پشتبەستن بە لیستی جوداکـارانی بەرواری (٢٠١٠/١٢/٢٨) داوای پیـاچوونەوەی بڕیـارەکەی کردووە کە تیایدا هۆکارە ئاماژە پێکراوەکان پەسەند ناکرێن و دەڵێت بڕیـاری سـەپێندراو بەسـەر سـەعدون شـاکر محمـود دا کە بـریتییە لەزیندانی کردنی بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ، نادروستە و پێچەوانەی یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێـراقیە کە جەخت دەکاتەوە لەسـەر جێبەجێکردنی یاسای سزادان بۆ ساڵی (١٩٨٥) (چاپی سێهەم) هەروەها بڕیاری داوە بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ لەسەر تاوانی زینـدانیکردن و بێبەش کـردن. بەم شـێوەیە دادگـا دوو بـڕگەی حـوکمی سـەپاندووە بەسـەر بریگرتەکەمـدا لەسـەر یەک کـردار کە لە هەردوو حاڵەتـدا بریگـرتەکەم هـیچ پەیوەنـدیەکی پێـوە نیـیە، وەک کەسـێکی سـەربەخۆ یـان وەک وەزیـری نـاوخۆ. دەربـارەی بڕیـاری زینـدانیکردنی بریگـرتەکەم بەپێـی بەنـدی بەڕێـز ژمـارە (٥) بـۆ (٦) شـەش سـاڵ بە پاسـاوی سـتەمکردن و بە پشتبەسـتن بە مـاددەی (٢٤/ پێنجەم)ەوە لە یاسای دادگا کە ئەمەش دوورە لە ڕاستییەکان و پێچەوانەی ئەو یاسایە کە دەڵێت (هیچ تاوانێک یان سزایەک بەبێ دەقێک بوونی نییە) بەمەش تـۆمەتەکە پـوچەڵ دەبێـتەوەو ڕووداوەکـانی سـکاڵاکار حەسـەن مـوراد سەلیم لە دانیشتنی ڕێککەوتی (٢٠٠٩/٤/٢١)  بە شایەدی عەبدول مەهدی کلـدار لە دانیشـتنی ڕێککەوتـی (٢٠١٠/١/١٠) ئاراسـتەی دەکـات هـیچ پەیوەنـدیەکیان بە بریگـرتەکەمەوە نییە. هاوکـات ئامـاژە بەوە دەکـات کە بریگـرتەکەی هیچ پەیوەندیەکی نییە بە بابەتی دەستگرتن بەسـەرموڵکە گواسـتراوە و نەگواسـتراوەکانەوە، چونکە سـەرجەم بڕیارەکـان لە لایەن ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆرشـەوە دەرچـوون و لە لایەن وەزارەتـی داراییەوە جێبەجێکراوە، لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکەدا بریگـرتەکەی مـن پۆستی وەزیری ناوخۆی دەگێڕا کاتێک ئەنجومەنی ناوبراوی هەڵوەشاوە

بڕیاری ژماره (٦٦٦)ی دەرکرد سەبارەت بە لێوەرگرتنەوەی ڕەگەزنامە و دوورخستنەوەی هەموو عێراقییەکی بیانی و پاش جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەکرێت دادگا بە مەبەستی دادپەرەوەری سزاکە کەمبکاتەوە بەپێی ماددەی (١٥/ پێنجەم) لە یاسای دادگا. لە ڕوداو و بەڵگەکانی داواکەدا دەردەکەوێت کە گرنگترین پایە لە پایەکانی تاوانکاری خستراوەپاڵ بریگرتەکەم نادیارەو بەڵگەکان زانستی و ئامادەبوونی کەسایەتی تێدانییە و داوای کرد سەرجەم بڕیارەکان بەپێی یاساو دادپەروەری هەڵبوەشێنەوە. تاریق عەزیز عیسا لەڕێگەی بریکارەکەیەوە تانەی ئاراستەی وتارەکەی عەلی حەتاب حەمدان کرد دەربارەی لیستەی لایەنەکانی بەرواری (٢٠١٠/١٢/١٣) کە تیایدا داوای هەڵوەشانەوەی هۆکارە پێشکەش کراوەکان دەکات و پارێزەری تۆمەتبارجەختیکردەوە لەسەر ئەوەی بریگرتەکەی لە هەموو قۆناغەکاندا جیاکردنەوەو بێلایەنی خۆی دەرخستووە وە تۆمەتەکان بە سیفەتی جێگری سەرۆک وەزیران و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشی هەڵوەشاوە و وەزیری دەرەوە خراوەتە پاڵی، لەکاَتێکدا یاسای سزادان و یاسای نێودەوڵەتی جەختدەکاتەوە لەسەر کەسێتی سزاکە واتە کاتێک سزا دەدرێت کە بە خودی خۆی تاوانەکەی ئەنجام دابێت نەک کەسانێکی تر ئەنجامیان دابێت و ئەم فەرمانی پێنەکردبێت. هاوکات وتی کە بریکارەکەی بەشدارنەبووە لە دوورخستنەوەی کوردە فەیلییەکان و ڕاگواستنیان بە سیفەتی کەسێتی یان لەو پۆستانەدا کە بەدەستی هێناوە وە لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا لەو جۆرە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوەدا ئامادە نەبووە. و تاکو ئێستا هیچ بەڵگەیەک نەهاتووەتە بەردەم دادگا کە ئەو تۆمەتە بسەلمێنێت بۆیە داوایکرد بڕیارە سەرەتاییەکە هەڵبوەشێتەوە و بریکارەکەی ئازاد بکرێت. وە هەروەها تۆمەتبار مزبان خزر هادی لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە پارێزەر موشتاق

صالح سالم تانەیدا لە لیستەی لایەنەکانی بەرواری (٢٠١٠/١٢/٢٨) داوایکرد بەڵگە پێشکەشکراوەکان هەڵبوەشێتەوە. چونکە بریگرتەکەی هیچ دەستێکی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆی نییە لە ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان چونکە ئەو لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٢) بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە وە هیچ دەستێکی نییە لەو بڕیارانەی کە لە ساڵی (١٩٧٥) و هەشتاکاندا دەرچووە.

هیچ بەڵگەنامەیەک نییە کە بریگرتەکەم تۆمەتبار بکات. وە کاتێک بەرپرسی حیزبی بووە لە دیالە و واسیت هیچ کەیسێکی ڕاگوازی یان کۆچپێکردن ڕوووینەداوە. کاتێک پارێزگاری شاری نەجەف بووە هیچ پەیوەندیەکی نەبووە لەگەڵ پرۆسەکانی ڕاگواستن و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی خەڵکی و وئەشکەنجەدانی هاووڵاتیان یان هەر کارێکی تردا. ئەو لایەنەی بەرپرسبوو لە ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتییە هیچ بەرپرسێک لە ڕژێمی هەڵوەشاوە بۆی نەبوو دەست بخاتە ناو کاروباری ئاسایشەوە. سەبارەت بە بڕیاری بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بەپێی بڕگەی (٢) لە بریارەکە بە پشتبەستن بە ماددەی (٤٢١)ی یاسای سزادان بڕیارێکی هەڵەیە. چونکە ئەو بڕیارە بەپێی دەقی ماددەکە (١٠) دە ساڵ تێناپەڕێنێت. بەپێی ئەو ماددەی ئاماژەی پێکراوە لە یاسای سزادان کە کاری پێدەکرێت لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە (چاپی سێهەم). هەروەها دادگا لە بڕگەی (٣)ی بڕیارەکەیدا بڕیاریدا بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ بەپێی ماددەی (٣٢٢)ی یاسای سزادان کە ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بڕگەی پێشتردا. لە بڕگەی (٥)یشدا بڕیار بە زیندانی بریگرتەکەم دراوە بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٤/ پێنجەم)ی یاسای دادگا کە ئەم ماددەیەش ماددەیەکی سزادان نییە و بەبێ هەبوونی دەقێک ناکرێت سزا بسەپێنرێت بەسەر

تۆمەتباردا، بۆیە بریکار داوای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە دەکات و داوا دەکات بریگرتەکەی ئازاد بکرێت. لە هەمانکاتدا تۆمەتبار عەزیز صاڵح حەسەن لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە پارێزەر موشتاق صاڵح سالم تانەیدا لە خشتەی بڕیارەکانی (٢٠١٠/١٢/٢٨) کە تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەیان دەکات بەهۆی نەبوونی پەیوەندی ئەو تاوانانە بە بریگرتەکەیەوە بە تایبەت بابەتی بڕیار دەرکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە دەربارەی ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان، چونکە ئەو لەو کاتەدا نە ئەندام بوو تیایدا و نە بەرپرس بوو و لە ساڵی (١٩٩٣)ەوە بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی هەڵوەشاوە. کە لەو کاتەدا پرۆسەی ڕاگواستن کۆتای هاتبوو، وە لەلایەن چەند لایەنێکی پەیوەندیدارەوە بڕیارەکە جێبەجێکرابوو کە بریتی بوون لە وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشەوە و هیچ لێپرسراوێکی حیزبی بۆی نەبوو دەستبخاتە ناو کارەکانی ئاسایشەوە. پارێزەی ناوبراو دەڵێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا بریگرتەکەم قایمقامی قەزای شەترە بوو و هاوکات ئەندامی لقێکی ئەو حیزبە هەڵوەشاوە بوو، رۆژێکیان بینی کە چەند ئۆتۆمبێلێک خێزانی بارکردووە و بە بەردەم قایمقامیەتەکەدا تێپەڕدەبێت کاتێک دەپرسێت لە وەڵامدا پێیدەوترێت کە ئەوانە ئێرانین و (ئاسایش) دەیانگوێزێتەوە، بریگترەکەم ئەو کارەی بەڕەوا نەدەزانی. بریکاری ناوبراو دەڵێت سکاڵاکارەکان و شایەدەکان نە لە لێکۆڵینەوەکەداو نە لە دادگادا ناوی بریگرتەکەم نابەن، وە لە دۆسیەکەدا هیچ بەڵگەیەک نییە کە بریگرتەکەم تاوانبار بکات. بڕیاری دادگا بە زیندانی کردنی لە برگەی (٢)دا بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ بەپێی مادەی (٤٢١) لە یاسای سزادان نا دروستەو پێچەوانەی یاسایە چونکە سزاکە لە (١٠) دە ساڵ تێناپەڕێت بە دەقی هەمان ماددەی لای سەرەوەی کارپێکراو لە (١٩٨٥) (چاپی هەشتەم). دادگا لە برگەی (٣)ی

بڕیارەکەیدا لەسەر تۆمەتبار بڕیاری داوە بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ســاڵ بە پشتبەســتن بە مــادەی (٣٢٢) لە یاســای ســزادان کە پێویست بوو لەسەر دادگا بڕیار بە یەکێکیان بدات. وە لە برگەی (٥)ی بڕیارەکەدا زیندانی دەرکردووە بۆ بریگرتەکەم بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ بەپێی مادەی (٢٤/ پێنجەم) لە یاسای دادگا کە ئەم ماددەیەش ماددەیەکی سزادان نییە، بۆیە بریکارەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی کردو داوای کرد کە بریگرتەکەی ئازاد بکرێت. هاوکات داواکاری گشتی تانەیدا لە دۆسیەی کوردە فەیلیەکان لەڕێگەی لیستەی ژمارە (ڕ ٣٨ ع) لە بەرواری (٢٠١٠/١٢/٣١) کە تیایدا داوایکرد بەپێی هۆکارە ڕوونکراوەکان هەڵوەشانەوە بۆ بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبار تاریق عەزیز عیسا بکرێت و بە تۆمەتبار هەژمار بکرێت بەرامبەر بەو تاوانانەی خراوەتە پاڵی. چونکە لەکاتی بڕیاردان و ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان ناوبراو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە بوو. بۆیە کارە تاوانکارییەکان کە ئەنجام دراون بە پیلان وبڕیاری ئەم و هاوەڵانی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە جێبەجێدەکراکە لایەنی یاسادانان و سەرچاوەی کارەکە بوون. سەبارەت بە تۆمەتبار مزبان خزر هادی و سەپاندنی سزا بەسەریدا لە لایەن دادگاوە دەربارەی هەموو ئەو تاوانانەی خراوەتە پاڵی هەموو ئەوانە لەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکاندا نەگونجاوە بەو پێیەی کە لایەنی جێبەجێکار بۆ زیندانیکردنی کوردە فەیلییەکان و ڕاگواستنیان و ئەشکەنجەدان و کوشتنیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی و دەزگای حیزبی و بەڕیوەبەرایەتی نیشتەجێبوونەوە ئەنجامدەدرا بۆیە داوای لە دادگا کرد کە بڕیارەکە هەڵوەشێتەوە و تۆمەتبارەکە ئازاد بکرێت. دەربارەی تۆمەتبار عەزیز صالح حەسەن نومان بەپێی بڕیاری دادگا تۆمەتبارەو سزای بەسەردا سەپێنراوە، بەرامبەر بە هەموو

تاواناکان بەو پێیەی ئەمینداری گشتی نهێنی لقی حیزبی بەعس بووە لە نەجەف کە ئەو بڕیارەش ڕەوا نییەو لەسەر بنەمایەکی گریمانە بنیات نراوە نەک لەسەر ڕاستی و بنەمای دیاریکردنی بەرپرسیاریێتی بۆ کاری تومەتبار، وە پێچەوانەیەو ناکرێت پشتی پێببەسترێت وەک بەڵگەی یکلاکەرەوەو کە بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدرێت وەک هۆکاریک بۆ تۆمەتبارکردنی تۆمەتبار، داوای کرد کە بڕیارەکە هەڵبوەشێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ دادگاو چاوی پیابخشێنرێتەوە بەپێی یاسا کاری تێدا بکرێت. هەر یەک لە داواکاران سامیە عەزیز محمد خەسرەو و عەبدولڕەزاق حسەین محمد و فلەیح موسا محمد و کۆمەڵەکەیان تانەیاندا لە ڕێگەی بریکارەکانیانەوە هەر یەک لە پارێزەران سادق جەعفەر محمد ئەلمەسعودی و سەفا یارکە مەلەک و ئارام موحسین موستەفا بە پشتبەستن بە لیستەی یەکلاکەرەوەی بەرواری (٢٠١٠/١٢/٢٨) جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە تۆمەتبار تاریق عەزیز عیسا یەکێکە لە ئەنجامدەرە سەرەکیەکانی تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی تری دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان. سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە بە تایبەت بڕیارەکانی دژی کوردە فەیلییەکان بەشێوەیەکی باش و وورد لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا و لەسەر بناغەیەکی دڵڕەقی و دوژمنانە دادەنرا. تاریق عەزیز یەکێک بووە لە هەرە گەورە دەسەڵاتدارەکانی دەسەڵاتی پێشوو بە تایبەت لەدانان ودەرکردنی بڕیاردا. شایەدەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتباری ناوبراویان کرد وە داوایان کرد دووبارە دادگایی بکرێت و توندترین سزا بدرێت. سەبارەت بە تاوانبار احمد حسەین خزەیر کە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکاندا پۆستی سەرۆک دیوانی سەرکردایەتی کۆماری بەدەستەوەبوو، وە هەموو بڕیارەکان کە لە سەرکردایەتییەوە دەردەچوو

بە نوسـنیگەکەی ئەمـدا تێـپەڕ دەبـوو جـگەلە لە هەبـوونی بەڵگەنـامەی فەرمی واژوکراو لەلایەن تۆمەتبارەوە. داوایانکرد کە بریاری ئازادکردنی هەڵوەشـێتەوە و دووبـارە دادگاییبکرێـت و سـزای تونـدی بە سـەردا بسەپێنرێت.

دادگـای لە دانیشـتنی بیسـت و دووهەمیـدا بڕیاریـدا بە ڕاگرتنـی گـرتنەبەری ڕێوشـوێنی یاسـایی بەرامـبەر بە تاوانبـار عەلـی حەسـەن ئەلمەجید بەهۆی ڕاگەیاندنی گیان لەدەستدانی بەهۆی لەسێدارەدانیەوە. بڕیارەکە خرایە بەردەم سـەرۆکایەتی دەستەی داواکاری گشتی لەناو دادگادا، بۆ دڵنیابوون لێی وە لە ئەنجامدا دادگا بڕیاریدا بەپێی لیستی ژمارە (ڕ ٥ ع) لە بەرواری (٢٠١١/١١/٢٧) بە هەڵوەشـاندنەوەی بریـاڕی ئـازادکردنی تۆمەتبـار تـاریق عەزیـز عیسـا, چـونکە ئەنـدامێک بـوو لە ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆرشـی هەڵوەشـاوە و بڕیـاری بەهێـزی دەردەکرد کە هەموو بڕیارەکانی دژی یاسای نێودەوڵەتی تاوانکاری و یاسـای نێـودەوڵەتی مرۆیـی بـوون وە داواکـرا بگەڕێتەوە بـۆ دووبـارە دادگـایکردنی، هاوکـات داواکـرا بڕیـاری تۆمەتبـارکردنی هەریەک لە تۆمەتباران مزبان خزەیر هادی و سەعدون شاکر محمود وعەزیز صاڵح حەسەن نۆمان پەسەند بکرێت. جگە لە داواکاری ئازادکردنی هەریەک لە فازیـل صـەلفیح محەیمیـد و وەتبـان ئیـراهیم حەسـەن و محمـد خزەیـر سـەباح و ئەیـاد تەهـا شـەهاب و عەبدولحەمیـد سـلێمان ئیبـراهیم و سـەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسـەن  و سـابیر عەبدولعزیز حسـەین و فازیل عەباس ئیبراهیم و نەعمان علی محمد سلێمان و سەعد صاڵح ئەحمەد. پاش ووردبینین دەرکەوت کە تۆمەتە ئاراستەکراوەکان لە چوارچێوەی مـاددە یاسـاییەکاندا سـەبارەت بە یەک بـابەت پەسـەند دەکرێت، و پـاش پێداچوونەوەی بڕیارە ناکۆکی لەسەرکراوەکان دەرکەوتووە کە بڕیـاری دادگـای تاوانکـاری پێکهـاتووە لە چەنـد بڕیـارێکی دادگـا کە هەنـدێکیان

تـايبەت بـوو بە سـزادان بە تۆمەتبـاربوون و سـزادان بـۆ هەنـدێکیان و پووچەڵکردنەوەی تۆمەتی هەندێکی تر بەم شێوەی لای خوارەوە:

**١/ تاوانبار: سەعدون شاکر مەحمود**

* دادگا بە ئامادەبوونی تۆمەتبار سەعدون شاکر محمود بڕیاریدا بە لەسـێدارەدان. بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانی جینۆسـاید بە مەبەسـت بەپێـی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و و سـێهەم و چـوارەم) لە یاسـای داداگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی ژمـارە (١٠)ی ســـاڵی (٢٠٠٥)، بە هاوبەشـــی ماددەکـــانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسـای سـزادان ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو، سـزاکان بەپێی ماددەی (٤٠٦/ ١/ آ) لە هەمان یاسادا دەست نیشان کراوە.

* دادگا بە ئامادەبوونی تاوانبـار سەعدون شـاکر محمود بڕیاریدا بە زینــدانیکردن بــۆ مــاوەی (١٥) پــانزە ســاڵ. بــۆ ئەنجامــدانی تــاوانی دوورخسـتنەوەی زۆرەملێی دانیشـتوان وەک تـاوانێکی دژ بە مرۆڤـایەتی بەپێی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ د) بە بەڵـگەی مـاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم) لە یاسای داداگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی ژمـارە (١٠)ی ســـاڵی (٢٠٠٥)، بە هاوبەشـــی ماددەکـــانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسـای سـزادان ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو، سـزاکان بەپێی ماددەی(٤٢١) لە هەمان یاسادا دەست نیشان کراوە.

* دادگا بە ئامادەبوونی تاوانبـار سەعدون شـاکر محمود بڕیاریدا بە زینــدانیکردنی بــۆ مــاوەی (٧) حەوت ســاڵ. بــۆ ئەنجامــدانی تــاوانی زیندانیکردن و بێبەشکردن، کە تاوانی دژ بە مرۆڤـایەتییە، بەپێی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ هــ) بە بەڵـگەی مـاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم و سـێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکـاری عێراقـی ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) بە هاوبەشـی ماددەکـانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسـای سـزادان

ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو، سزاکان بەپێی مادەی (٣٢٢) لە هەمان یاسادا دەست نیشان کراوە.

* بڕیاری دادگا بە ئامادەبوونی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم) لە یاسای داداگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بە هاوبەشی مادەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو، سزاکان بەپێی مادەی (٣٣٣) لە هەمان یاسادا دەست نیشان کراوە.

* دادگا بە ئامادەبوونی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بڕیاریدا بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ بۆ ئەنجامدانی ستەمکردن وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی مادەی (١٢/ یەکەم/ ج) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ح/ و سێهەم و چوارەم) لە یاسای داداگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، سزاکان بەپێی ماددەی (٣٣٣) لە هەمان یاسادا دەستنیشان کراوەو بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩).

* دادگا بە ئامادەبوونی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بڕیاریدا بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ. بۆ ئەنجامدانی تاوانە نا مرۆییەکانی تری دژبە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢/یەکەم/ - ی) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم- ج و سێهەم و چوارەم) لە یاساکانی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی

ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو سزاكان بەپێی ماددەی (٤٥١) لە هەمان یاسادا دەستنیشان كراوە.

* سەپاندنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار سەعدون شاكر محمود بەپشتبەستن بە یاسای ماددەی (١٤٣) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩).

* ڕێگەنەدان بە كەمكردنەوەی گلدانەوەی تاوانبار (سەعدون شاكر محمود)، چونكە چارەنووسی دیاریكرابوو لەم دۆسەیەدا و بە تۆمەتی داوایەكی گلدراوەتەوە.

* تاوانبار سەعدون شاكر محمود ئاشناكراوەتەوە بەوەی كە كۆنووس و بڕیارەكانی داواكەی ڕەوانەی دەستەی جیاكردنەوە (تمیزی) دەكرێت لە داداگای باڵای تاوانكاری عێراقی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا بەپێی ماددەی (٢٢٤) لە یاسای بنەمای دادگایكردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو. پاش ئەنجامدانی ووردبینین لەسەر دۆسیەكە، دەستەی جیاكردنەوە بۆی دەركەوتووە كە ڕووداوەكە وەك واقیعی داواكە دەریخستووە كۆدەبێتەوە لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەو دادگاییەكەدا دەسەڵاتی پێشوو كە دەسەڵاتێك بوو لەژێر ڕكێفی بیری حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەدابوو كە ئەو بۆچوونی ڕەگەز پەرستی و شۆفێنی بەسەریدا زاڵ بوو.

وە بەكاریدەهێنا بەچەندین شێواز ژیانی هاووڵاتیانی كۆتاپێهێناوە، ژیانی لەناو بردوون تەنها لەبەر ئەوەی كە گومانی هەبووە كە ئەوان مەترسین بۆ سەردەسەڵات، یان تەنها هەستی كردووە كە ئەوان پێچەوانەی سیاسەتی ئەو حیزبەن، بۆ هەموو ئەو گومانانە چەندین تۆمەتی جۆراوجۆر خراوەتە پاڵیان بۆ ئەوەی لەناویان بدات. كوردە فەیلیەكان لەم تۆمەتانە بێبەش نەبوون بەڵكو بە ئێرانی ناپاكیكار دژی نیشتیمان و ئامانجەكانی شۆرش ئەژماركراون، تەنها لەبەرئەوەی ئەوان

کـوردن و شـیعەن. دەسـەڵاتی سـتەمکاری هەڵوەشـاوە لە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا دەسـتیکرد بە گـۆڕینی سروشـتی نـاوچەکە و دەسـتیکرد بە ڕاگواستنی خێزانی کوردە فەیلییەکان و نەهێشتنیان لە ناوچەکەدا و لەو پرۆسەدا چەندین ڕێگەی نا مرۆڤایەتی بەکارهێنا کە دژی مرۆڤایەتی و یاسای نیشتیمانی و نێودەوڵەتی بوون. چەندین جۆر لە ستەمکاری و پێشـێلکردن و زینـدانی کـردن و کوشـتار کردنیـان لەدژ ئەنجامـدان لەڕێـگەی گـرتنەبەری پیلانێکـی داڕێـژراوەوە لەلایەن دەسـەڵاتی ستەمکارەوە بەمەبەستی لەناوبردنیان بەشێوەیەکی گشتی یان نیمچە گشتی. لەم پیلانەدا سـەرکردایەتی و دەزگـای ئاسـایش و هەواڵگری و حیزبییەکـان بەشـداریانکرد. ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی هەڵوەشـاوە چەنـد بڕیـارێکی دەرکـرد وەک بڕیـاری ژمـارە (٦٦٦) لە بەرواری (١٩٨٠/٥/٧)دا، بە لێوەرگرتنەوەی ڕەگەزنـامەی عێراقی دەیان هەزار لەوان و دواتریش ڕاگواسـتنیان و ئەشـکەنجەدانیان و دەسـتگرتن بەسـەر موڵکەکانیانـدا بێئەوەی هیچ تاوانێکیـان ئەنجامدابێت لەدژی ئەو دەسـەڵاتە. تۆمەتبـار سـەعدون شـاکر محمـود لەو سـاتەوەختەدا ڕۆڵـی وەزیـری نـاوخۆی دەبینـی، هەر لەوکـاتەدا تـاکو سـاڵی (١٩٨٨) بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی گەشـت و گـوزار پەیوەسـتبوون بە بریکـاری وەزیـری ناوخۆوە، کە ئەویش پەیوەستە بە وەزیری ناوخۆوە. بۆیە تاوانباری نـاوبراو هەزارەهـا بڕیـاری لێـوەرگرتنەوەی ڕەگەزنـامەی عێراقـی لە هاووڵاتییە عێراقییە کوردە فەیلییەکان دەرکردووە بەبێ بوونی بەڵگەیەک یان دەستوورێکی یاسایی ڕاست و درووست. دەزگاکان بڕیارەکانی وەزارەتیان جێبەجێ کرد و دەستیان کرد بە زیندانیکردنی قوربانیەکان لە پیـاو و ژن و منـداڵ و خـرانە نـاو زینـدانەکانەوە و چەنـدین جـۆر ئەشـکەنجە دران لە ئەشـکەنجەی جەسـتەیی و دەروونـی بەتـایبەت

ئەشـکەنجەدانی گەنجەکـان و دوورخسـتنەوەی پیـر و ژن و منـداڵەکان بەناو کێڵگە مین ڕێژ کراوەکاندا بەرەو ئێران کە لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا سنوورەکان چەندین کێڵگەی مین ڕێژکراوی تێدابوو کە بەوەش ژمارەیەکی زۆریان گیانیان لەدەستدا. بەر لەوەش هەموو بەڵگەکانیان لێوەرگرتنەوە کە بیسەلمێنێت ئەوان عێراقین وەک بڕوانامەی عێراقی و ڕەگەزنـامەی عێراقـی و پاسـپۆرتەکان و دەفـتەری سـەربازی کـردن. دەسـەڵاتی نـاوبراو گشـت هۆکـارە دڕنـدەییەکانی خسـتەگەڕ بـۆ دوورخسـتنەوەیان بەزۆر بـۆ نـاو خـاکی ئێـران کە ئەوان لەو کـاتەدا لە بـارودۆخێکی تەندروسـتی و ئـارامی و گـوزەرانی زۆر خراپـدابوون. کە ئەوەش تێپەڕانـدنی سـنووری مرۆڤـایەتییە. گیانلەدەسـتدانی زۆربەی هاووڵاتییەکـان بەڵـگەیەکە بـۆ سـەلماندنی هۆکـارە دڕنـدەییەکان لە لایەن ئەو دەسـەڵاتەوە. لەپاڵ ئەوەشـدا زۆرێـک لە گەنـجە فەیلییەکـان تووشـی گیـان لەدەسـتدان بـوون لەنـاو زیندانەکانـدا بەهـۆی بەکارهێنـانی ئەشکەنجەدانەوە لە زیندانەکانی سەر بە دەزگاکانی وەزارەتـی نـاوخۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکـانەوە یـان لەکـاتی جەنـگەکەدا بەکاریانـدەهێنان بەشێوەیەک دەیان ناردن لە ڕیزی پێشـەوە بـۆ تەقاندنەوەی مینەکـان کە ئەمەش لە زاری ئەوانەوە وەرگیراوە کە ڕزگاریان بووە و بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە دژایەتـی کـوردە فەیلییەکـان کـراوە لە لایەن دەسـەڵاتەوەو مامەڵەی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی و ڕەگەزی کراوە.

لە چوارچێوەی هێرشێکی بەرفراوانی ڕێکخراو. هەروەها ڕژێم هەستا بە کوشـتنی چەنـدەها کەس لێیان زینـدانی ئەبوغرێب لەسـاڵی (١٩٧٩) لە کـاتی دەستبەسـەرکردنیان بە بیـانووی ئەوەی لاسـارن و پێـدانی خـواردەمەنی ژەهـراوی کـراو، کە ئەمـانەش ڕەگەزێکـن لەڕەگەزەکـانی سـەلماندن و بەڵـگەی ڕوونـن وەجێـی هـیچ گومانێـک نـین کە ئەم کۆمەڵە نەتەوەییە ڕەگەزییە ( کوردە فەیلییەکان) کە ملکەچکراون لە بـارودۆخی

ژیـــانێکی نـــاخۆش و قورســـدا بـــژین وه مەبەســـت لەو بـــارودۆخە لەناوبردنیـان بـووه. وه ڕۆڵـی تاوانبـار سـەعدون شـاکرمحمود ڕوونە لە چوارچێوەی جێگەو پێگەو پیشەکەی بەو پێیەی کە وەزیری ناخۆ بووه، بەرپرسیاربووه لەتاوانی دەرکردنی ئەو فەرمان و بڕیارانەی دەرچوون ســـەبارەت بە لێســـەندنەوەی ڕەگەزنـــامەی عێراقـــی و هەروەهـــا بەرپرسـیارێتی سـەرکردایەتی دەزگاکـانی ئاسایشـی سـەر بەوەزارەتـی نـاوخۆی دەکەوێـتە سەرشـان کە هەسـتاون بە گـرتن و زینـدانیکردنی قوربانییەکان وە بە نـاهەق ئەشکەنجەدانیان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکەکانیـان و دوورخســتنەوەیان لەعێـراق لەبەر ئەوەی ئاگـاداربووه لەڕوودانیـــان لەڕێـــگەی ئەو فەرمـــان و بڕیـــارانەوه بـــووه کە ئەمەش بەرپرســیارێتی ســەرکردایەتی دەخـاتە ئەســتۆ بـۆ ئاگـادارکردنەوەی پیاوەکـانی ژێردەسـتی بەهەسـتان بەکردنـی ئەم تاوانـانە. وه لەلایەکـی تـرەوه هەڵنەسـتاوه بەکردنـــی هـــیچ ڕێگـــرییەک لە کردنـــی ئەم کـــارە تاوانکاریانە یان سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوه. بەم پێیە تاوانباری ناوبراو بەشدارە لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆسـاید دژ بە کـوردە فەیلییەکـان لەکـاتی جینۆسـایدەکەدا وه ئاگـادار و زانیـاری هەبـــووه بەمەش بەرپرســـیارێتی تاوانکـــاری دروســـت دەبێـــت لەبەشداریکردنی ئەنجامـدانی ئەو تاوانـانە وه دادگـای تاوانکـاری یاسـای جێبەجێکردووه بەشێوەیەکی دروست بەهـۆی بوونی بەڵگەی سـەلمێنراو و بـاوەڕپێکراو بەتاوانبـارکردنی تۆمەتبـار سـەعدون شـاکرمحمود بەپێـی مـاددەی (١١ یەکەم/ ا) وه مـاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سـێ یەم و چوارەم) لەیاسای دادگـای بـاڵای تاوانکاری عێراقی ژمـاره (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) هەمـــوارکراو. وەهەروەهـــا بـــوونی بەڵـــگەی ســـەلمێنراو و بـاوەڕپێکراو بـۆ تـاوانی دوورخسـتنەوەی بە زۆرەملێـی دانیشـتوان وه تاوانی زیندانیکردن و بێبەشکردن، وەک تاوانی ئەشکەنجەدان و تاوانی

چەوساندنەوەو وە تاوانکاری نامرۆڤانەی تر کە شێوەی ئەو نمونانەیە. دەبێتە هۆکارێکی بە مەبەست بۆ گرفتاری زۆر یان ئازاری ترسناک کە بەر لاشەی یان چالاکی تەندروستی یان لەشی کەوتووە کە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە، بەپێی ماددەکانی (١٢/ یەکەم/ د) و (١٢/ یەکەم/ ه) و (١٢/ یەکەم/ و) و (١٢/ یەکەم/ ح) و (١٢/ یەکەم/ ی) وە بەبەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێ یە م و چوارەم ) لە یاسای دادگای بالآی تاوانکاری عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو. بەڵام ئەوەی لە بەرنامەی جیاکردنەوە (تەمیزی) پێشکەش کراودا هاتووە، بەهۆی بریکارەکەی داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی کردووە بەهۆی سەرپێچی یاساوە. وە تایبەت بەو بەرگریەی کە هاتووە بە سزادانی بریگرتەکەی بە زیندانی کردنی بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. وە بێبەشکردنی بەم شێوەیە دادگا بڕیاری داوە بە دوو بڕگەی سزا لەسەر بریگرتەکەم لەسەر کارێک وە کوردە فەیلییەکان لە عێراق کە بە ناو کێڵگەی میندا لە نێوان عێراق و ئێراندا جێبەجێکرا. بەڵام ئەو سزایەی لە بڕگەی (٣) بڕیارەکەدا هاتووە دەربارەی دەستبەسەرکردن و گرتنی خێزانە کوردە فەیلیەکان لە زیندان و شوێنی دەستبەسەرکردن دوچاری جۆرەها ستەم کوردە فەیلییەکان لە عێراق کە بەناو کێڵگەی میندا لەنێوان عێراق و ئێراندا جێبەجێ‌کرا، بەڵام ئەو سزایەی لە بڕگەی (٣)ی بڕیارەکەدا هاتووە دەربارەی دەستبەسەرکردن و گرتنی خێزانی کوردە فەیلییەکانە لە زیندان و شوێنی دەستبەسەرکردن دوچاری جۆرەها ستەم و زۆرلێکردن هاتن. بەڵام بەرگری نەبوونی پەیوەندی بریگرتەکەت بەم تاوانانە بەهۆی کەسی یان بەهۆی وەزیری ناوخۆ. ئەم بەرگریەش بەرگرییەکی ڕاست نییەو پەسەند ناکرێت. ڕوداوەکانی داواکە ئەوەیە کە تاوانبار ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە تاوانەکاندا لەڕێگەی دەرکردنی ئەو فەرمان و بڕیارانەی کە تایبەت بوون بە لێسەندنەوەی

ڕەگەزنـــامەی عێراقـــی کە دەرئەنجـــامەکەی دەستبەســـەراگرتنی مـــاڵ وتالانکردنی موڵک و زەوی و زاریان و دوورخستنەوەیان. وە هەروەها بەرپرســیاریێتی سەرکردایەتیشــی دەکەوێــتە سەرشــان بەو پێــیەی کە وەزیری ناوخۆ بووە. وەهەستانی دەزگاکانی سەر بەوەزارەتەکەی بە گرتنـــــی قوربانیەکـــــان و وە ســــپاردنیان بە زینــــدان و شــــوێنی دەستبەسەرکردنیان و ئەشکەنجەدانیان وە بەرپرسیاریێتی ئەو تاوانانەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە ئەو کەسانە کەوتونەتە ژێردەستیەوە ئەنجامیان داوە کە بەفەرمان و ئاگاداری ئەو سەپێنراوە بەسەریاندا کە ئەو تاوانانە ئەنجامبدەن. بەڵام بەرگری ئەوەی کە بریگرتەکەی ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بووە لەکاتی دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٦٦٦) بە لەدەستدانی ڕەگەزنامە هەستاوە بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی کە بۆی دەرچووە، وە نەبوونی کۆڵەکەی بنچینەیی لە ئەرکانەکانی تاوانی بریگرتەکەم جا بە ئاگاداری یان خۆی ئەو کارەی کردبێت یان بەشداربوبێت تیایدا. ئەم بەرگرییەش پەسەند ناکرێت وەکو ئەویتر بەگوێرەی ئەو دەقەی کە لە مـادە (١٥)ی یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـدا هـاتووە. وە تۆمەتبار مرۆڤ بووەو هوشیاری و دەرککردنی هەبووە وە ئامێر نەبووە کە فەرمان جێبەجێبکات و بیری لێنەکردبێتەوە، بەڵکو پێویست بـــووە لەســـەری کە وردبینـــی بـــۆ بکـــات و پابەنـــد نەبـــوایە بە جێبەجێکردنیانەوە ئەگەر سەلمێنرا کە گونجاوە لەگەڵ ڕێساکانی یاسادا. وە لەکاتێکدا کە ئەو بڕیارانەی کە خراونەتە ڕوو پێش کەش کراوە بەڕاستی هاتووە و گونجاوە لەگەڵ یاسادا. بە پاڵپشت بەو هۆکارانەی پشـتیان پێبەسـتراوە لەبەر ئەوە بڕیاریـدا بە پەسـەندکردنی سـەرجەم بڕیارەکـانی تـۆمەتەکەو بڕگەکـانی تـری بڕیـارەکە. بەڵام بڕیـاری جێبەجێکردنی سزاکە کە لەبڕگەی (١) گونجاوە لەبەر گەورەی تاوانە ئەنجام دراوەکە بڕیاردرا بەپەسەند کردنی. بەڵام بڕیاری جێبەجێکردنی

ئەو سزایەی کە لەبڕگەی (٢)ی بڕیارەکەدا هاتووە دەربارەی دوورخستنەوەی زۆرەملێ، ڕاست نییە، ماددەی (١٧/ ا/ ب) لە یاساکانی دادگا لەبەرچاونەگرتووە کە پێویست بوو یاسای سزاکانی ساڵی (١٩٨٥) چاپی سێیەمی کارپێکراو جێبەجێبکرایە. لەلایەکی ترەوە پێویستە سکاڵاکە لەدادگا سزاکەی دیارییبکردایە بە ڕابەرە پێشینەکانی دادوەری، وە سزاکانی دادگاکانی تاوانکاری نێودەوڵەتی کارپێکراو بە مادده (٢٤/ پێنجەم) لەیاساکانی دادگا وە پێشتر بڕیاری پیاچوونەوەی تیادراوە لەلایەن ئەم دەستەیەوە، لەبەرئەوە بڕیاری دیاری کردنی سزاکەیدا، پاڵپشت بە ماددەکانی (٧٧/ ا/ ب) لەسیستەمی بنچینەیی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ڕۆما ساڵی (١٩٩٨) لەجیاتی ماددەی (٤٢١) لەیاسای سزادان بەشێوەیەک سزای سەپێنراوی (١٥) پانزە ساڵ بەسەریدا گونجاو نییە و بڕیاری سوک کردنی سزاکەیدا بۆ (١٠) دە ساڵ. وە یاداشتێکی تر بەسزا نوێیەکە ڕێک دەخرێت، لەژێر ڕۆشنایی پێشکەشکردنەکەدا. بەڵام ئەو سزایانەی کە هاتووە لەبڕگەکانی (٣ و ٤ و ٥ و ٦) گونجاوە وە بڕیاری پەسەندکردنی هەمـوارکردنەوەی دراوە کەپێویستە سزا سەپێنراوەکە دیاری بکرێت لەبڕگەی (٥) بەپێی ماددەی (٧٧/ ا/ ب) لەسیستەمی بنچینەیی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ڕۆمای ساڵی (١٩٩٨)، بە بەڵگەی ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لەیاسای دادگاکان وە هەروەها هەمواركردنێک کە پێویستە سزاکەی دیاری کراوبێت لەبڕگەی (٦) بەپێی هەردوو ماددەی (٤٥١ و ٢/٤٥٢) لەیاسای سزاکان لە جیاتی ماددەی (٤٥١) لەیاسای سزاکان لەگەڵ تێبینی ئەوەی پاڵپشت بە ماددەکانی بەشداربوون (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان هیچ شوێنێکی نییە لەم داوایانەو جێبەجێنابێ بەسەر ئەم تاوانانە. وە پاڵپشت بە ماددەی (١٥) و بڕگەکانی یاسای دادگاکان بەسە بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی بۆ ئەنجامدەری کارەکە بەتایبەتی کە یاسای تایبەت یاسا

گشتییەکە دەبەستێتەوە وە پێویست بە ڕەواندنەوەی ئەم دەستەواژەیە ناکات (بڕیارەکان بە ڕێککەوتن و بە دادگەری ئامادە بوون دەرچوون وە شایەنی پیاچوونەوەیە بەتەواوی و بەئاشکرا)، لەهەر بڕگەیەکی دادگەریەکە بەجیا. بەکارکردن بە بڕیارەکانی ماددەی (٢٥/ دووەم) لەیاساکانی دادگەری وە ماددەی (٢٥٩/ ا/ ١) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی سالّی (١٩٧١)، وە وەلامی پیاچوونەوەی تانەکەیدا، وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتن دەرچوو لە (٦ ی جەمادی کۆتای/ ١٤٣٢ ی کۆچی) بەرامبەر بە (٢٠١١/٥/١٠)ی زاینی.

**٢/ تاوانبار تارق عەزیز عیسا**

بڕیاری دادگا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی تاوانبار تارق عەزیز عیسا کراون. یەکەم بەپێی بڕیارەکانی ماددەی (١١/ یەکەم/ ا) وە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ وە سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالاّی تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥). وە ماددەی (٤٠٦/ ١/ ا) لەیاسای سزاکان، ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، دەربارەی کوشتنی بە مەبەست (تاوانی جینۆساید). دووەم بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) وە ماددەی (١٥/ یەکەم/ دووەم/ ج/ سێیەم وچوارەم) لە یاسای دادگای بالاّی تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥)، وە ماددەی (٤٢١) لە یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، دەربارەی دوورخستنەوەی بەزۆرەملێ ( تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی). سێیەم بەگوێرەی ماددەی(١٢/ یەکەم/ ە) وە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالاّی تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥)، وە ماددەی (٢٣٣) لەیاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، دەربارەی زیندانیکردن و بێبەشکردن لە ئازادی جەستەیی ( تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی). چوارەم بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ وە ماددەی

١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سـێیەم و چـوارەم) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥)، وە مـاددەی (٣٧٢) لەیاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەربارەی ئەشـکەنجەدان ( تـاوانی دژ بەمرۆڤـایەتی). پێنجەم بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ ج) وە مـاددەی(١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سـێیەم و چـوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥)، وە ماددەکـانی بەشـداربوو (٤٧ و ٤٨ و ٤٩)، لە یاسـای سـزاکان، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە مـاددەی (٢٤/ پێنجەم) لەیاسـای دادگا دەربارەی چەوساندنەوەی هەر کۆمەڵێکی دیاریکراو لە دانیشـتوان بەهۆکـاری سیاسـی یـان ڕەگەزی یـان نەتەوەیـی یـان ئـاینی یـان نەژادی یان هەر هۆکارێکیتر کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەی لێگرتووە ( تاوانی دژ بە مرۆڤـایەتی). ئـازاد بکرێـت بەهـۆی نەبـوونی بەڵـگەی تەواو دژی, پاڵپشـت بەبڕیارەکـانی مـاددەی (١٨٢/ج) لە یاسـای بنەمـای دادوەریـیە سـزاییەکان ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی (١٩٧١) بەڕاسـتی هـاتووە و گونجـاوە لەگەڵ یاسـادا کە ئەو هۆکـارانە دەگـرێتەوە کە بەڵـگەی یاسـایی تەواو سـەلمێنەر نییە بـۆ ڕاپەڕانـدنێکی بنچینەیـی بـاش بـۆ تۆمەتبـارکردنی, وە ناوبراو لە هەموو قۆناغەکان ئەو تۆمەتـانەی ڕەت کـردەوە کە ئاراسـتەی کرابـوو. لەبەر ئەوە بڕیـار درا بە پەسـەند کردنـی هەمـوو بڕیـارە هەموارکراوەکان بەشـێوەیەک کە مـاددە سـزاییەکە بەپێـی مـاددەی (٣٢٢) بێـت نەک مـاددە (٣٢٣) لە یاسـای سـزاکان لە بـڕگەی (٣) وە گـۆڕان لە مـاددە سـزاییەکەدا بکرێـت بەشـێوەیەک بەپێـی مـاددەی (٣٢٣) بێـت لە یاسـای سـزادان لە جیـاتی مـاددەی (٣٧٢) لە یاسـای سـزادان بـڕگەی (٤) لەگەڵ تێبینـی پاڵپشـت بە بڕیارەکـانی ماددەکـانی بەشـداربوون (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لەیاسـای سـزادان هـیچ شـوێنێکی نییە لە بـڕگەی (٥) لەم داوایەدا وە جێبەجێ ناکرێت بەسـەر ئەم جۆرە تـاوانەدا، پاڵپشـت بە مـاددەی (١٥)

لەیاسـای دادگـا بەبڕگەکـانیەوە بەسـە بـۆ دیـاریکردنی ئەنجامـدانی بەرپرسـیاریّتی کـارەکە، بەتـایبەتی کە یاسـای تـایبەت یاسـا گشـتییەکە دەبەسـتێتەوە بە کـارکردن بە مـاددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێـراق. وە مـاددەی (٢٥٩/ ا/ ١) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی (١٩٧١)، لە لیسـتی پیـاچوونەوەکەدا هـاتبوو وە بڕیـارەکە بەرێککەوتـن دەرکـرا لە (٦ ی جەمـادی کۆتـای/ ١٤٣٢) کـۆچی بەرامـبەر بە (٢٠١١/٥/١٠)ی زاینـی, سەبارەت بەو تۆمەتەی کەئاراستەی تاوانبار تارق عزیز عیسا کراوە، دادگا ئەم بڕیارانەی دا:

* دادگـا بڕیـاری بە سـەپاندنی (١٠) دە سـاڵ زینـدانیکردن، بەسـەر تۆمەتباری ئامادە بوو تارق عزیز عیسا بەهۆی ئەنجامدانی تاوانە دژ بەمرۆڤایەتی تر کە هەمان شێوەو نموونەیان هەیە کە دەبێتە هۆکاری بە مەبەسـت ناخۆشـی زۆر یـان ئـازاری ترسـناک بـۆ لاشـەو تەندروسـتی عەقڵی وە یان جەستەیی کە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتیە، بەپێی ماددەکانی (١٢/ یەکەم/ ی) وە ماددە (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم ) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە ماددەکانی بەشداربوو (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە لەیاسـای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو وە سزاکەی دیاری کردووە بەپێی بڕیاری ماددەی (٢/٤٥٢) لە هەمان یاسا.

* ڕاگیرکردنی تاوانبار (تاریق عزیز عیسا) هەژمار ناکرێت لەبەر ئەوە چارەنووسی دیاری کراوە لەمداوایە وە ڕاگیرکراوە و دەستبەسەرە لەسەر داوایەکی تر.

دەردەکەوێـت لەلێکـۆڵینەوە لەدۆسـیەکە کە بەڵـگەی ڕوون هەیە لەهەموو قۆناغەکان کە تاوانبار (تاریق عزیز عیسا) لە چەندەها پلەو پایە کـاریکردووە لەوانە ئەنـدامی ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی هەڵوەشـاوە و

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی و نەتەوایەتی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ڕژێم (سەدام حسەین) لەساڵی (١٩٨٠) داوای زیادکردنی دەسەڵات پێبەخشینی ئەنجومەنەکەی دەکرد، لە دەرکردنی بڕیارەکان و یاساکان وە پاڵپشت بەمە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا بە پێدانی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکە بە سەرۆکی ڕژێم لەگەڵ هەموو پسپۆڕییەکانی یاسادانان لەسەر بنەمای ئەم دەسەڵات پێدانانە. سەرۆکی ڕژێم کۆمەڵێک بڕیاری ستەمکارانەی دەرکرد بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی ئەنجومەن. وە دەینارد بۆ نوسینگەکانیان بۆ ئاگاداربونیان لێی. بەم شێوەیە تومەتباری ناوبراو هەڵنەستاوە بەجێبەجێکردنی ئەرکە دەستووری و یاساییەکانی بە ڕەخنەگرتن لێیان لەسەر ئەمە بەرپرسیارێتی تاوانکاری دەکەوێتە سەرشان لەسەر ئەنجامی ئەو تاوانانە کە ڕژێم و دارو دەستەکەی و پیاوەکانی و سەرۆک و ئەندامەکانی ئەو دەزگایە پێی هەستاون. وە تاوانبار دەیزانی بەپێی شوێنی کارەکەی و پلە حیزبییەکەی کە ئەم دەسەڵات پێدانانە کە دراوە بە سەرۆکی ڕژێم یاسایی نییە و پێچەوانەی دەستوورە.

وە هەرئاکامێکی نایاسایی کە لەئەنجامی ئەم دەسەڵات پێدانانە دەکەوێتەوە زیاد دەکات لەکاتی ئەنجام دانیدا، وە بەپێی ئەم دەسەڵات پێدانە سەرۆکی ڕژێم چەند بڕیارێکی ستەم کارانەی توندی دەرکرد کە ئەمانەی تیابوو دەست بەسەراگرتنی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی قوربانییە سڤیلە فەیلییە کوردەکان بێهیچ پاساوێکی یاسایی و بە بەڵگەی پوچەوە. وەک ئەوەی کە ئەوان بنەچەیان بیانییە و سۆزیان بۆ نیشتیمان نییە. بە پێچەوانەی هەر ڕێساو یاسا و بەهاو ئامانجە مرۆییەکان و ڕێگە پێنەدانیان کە سکاڵا بکەن لای لایەنە دادوەرییەکان. چونکە قەدەغەیان

کردبوو دادگاکان ئەو سکالایە ببینێت کە لەسەر بنەمای پیادەکردنی (یاسای ڕەگەزنامە)، ژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٦٣) بنیاتنرابوون. لەبەرئەوە ئەو ڕێپێدانە بەسەرۆکی ڕژێم هەر لە بنەمادا بەتاڵدەبێتەوە، بەپێی یاساو دەستوور هەموو ئەو ڕێکارانەش کە لەسەر بنەمای ئەو بڕیارانە دروستبووە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی هەمووی پوچدەبێتەوە. بەڵکو ئەوە فەرمانکردنە بە تاوانی نێودەوڵەتی و تاوانێکە بەپێی یاسای عیراقی. ناوبراویش بەشداربووە لەو تاوانە نامرۆییانەیەدا لەڕێگەی ڕێپێدان بەسەرۆکی ڕژێم کە دەسەلاتی ڕەهای هەبێت و دەسەلاتی یاسادانانیشی هەبێت. هەروەها بەشداری کردووە لەو کارە نامرۆییانەی تر کە دراونەتە پاڵی. چونکە دەستبەسەراگرتنی ماڵی گواستراوەو نەگواستراوە هەرچی موڵکە وەک خانوەکان و زەوی و زار و باخەکانیان و کارگەو کۆمپانیاکان و دوکانەکانیان و شوێنی بازرگانی قوربانییە سڤیلەکانی کوردە فەیلیەکان و تۆمارکردنی بەناوی وەزارەتی داراییەوە و بە ناوی دەزگای هەواڵگرییەوە یاخود بەناوی کەسانی سەربە ڕژێمەوە، هۆکارێک بووە بۆ ئازاردانی زۆری دەروونی کوردە فەیلییەکان وەک هەر کارێکی تر کە لەماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) ئاماژەی پێکراوە، لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). ئەو کارانەش کە دژ بە کوردانی فەیلی کراوە. تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو پایەکانی ئەو تاوانە تەواوە. دادگایش ئەو یاسایەی بەتەواوەتی پیادەکردووە بەهۆی مسۆگەرکردنی هەموو بەڵگە نکوڵی لێنەکراوەکانی بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار (تارق عزیز عیسی) بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) وە بە بەبەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم/ ج/ و سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). لە بەشداریکردن لە کاری نامرۆڤایەتی کە هەمان

مۆركی پێوەیە، كە بۆتە هۆی ئازارێكی گەورە و مەترسیدار كە تووشی جەستەو تەندروستی عەقڵی و دەروونی جەستەیی دەبێت، وەك تاوانێكی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەمما ئەو داكۆكییەی بریكاری تاوانبار دەیكات بەوەی كە بریگرتەكەی تۆمەتەكانی پەسەند نەكردووە كە ڕووبەڕوی كراونەتەوە، بەوپێیەی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەو ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بووە. وە یاساش جەختی لەسەر ئەوەكردووە كە كەسێك سزا نادرێت مەگەر لەسەر تاوانێك نەبێت كە خۆی كردبێتی. ئەم داكۆكییە ڕاست نیەو پەسەند نەكراوە. چونكە دەسەڵات پێدانەكە هەر بۆ خۆی پوچ بووە، چونكە پێچەوانەی دەستووری عێراقی و ئەو بنەمایانە بوو كە لە یاسایی تاوانی دەستوریدا جێگیر بووە. ئەویش بەرپرسیار دەبێت وەك تاوانبار لەسەر ئەوەی هاتۆتەكایە لەئەنجامی جێگیركردنی بڕیارەكاندا. ئەمەش خۆی بنەمای تاوانباركردنی تێهەڵچوونەوە بە بەشداریكردنی یارمەتی لە ڕێگەی ئەو دەسەڵات پێدانە كە سەرۆكی ڕژێمی پێشوو و سەرۆكی دەزگاكان و كارمەندەكانیان بەهۆیەوە ئەو تاوانانەیان ئەنجامداوە، كە تاوانی نامرۆین وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ئەو دەقەی لە ماددەی (١٥) یاسای دادگای باڵای تاوانكاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، سەرەڕای ئەوە تاوانبار بەئاشكرا دانیبەوەدا ناوە كە هەموو دەسەڵاتەكانی خۆی داوە بەسەرۆكی ڕژێمی پێشوو كە دەزانێ ئەوە شتێكی نایاساییە. ئەمما داكۆكیكردن لەوەی كە بریگرتەكەی بەشدارینەكردوە لە پاكتاوكردنی كوردانی فەیلی و كۆچكردنیان نە بەهۆی كەسێتی خۆیی و نەبەو پۆستانەی وەریگرتوون ئەم داكۆكیكردنەیش پەسەند نەكراوە. چونكە تاوانبار هەڵساوە بە پێشكەشكردنی یارمەتی لە ڕێگەی دەسەڵاتدان بە سەرۆكی ڕژێمی پێشوو، بەشدارە لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە، ئەگەر ئەم دەسەڵات پێدانە

نەبوایە، ئەوا سەرۆکی ڕژێم و دەزگا سەرکوتکەرەکانی نەیاندەتوانی تاوانی وا ئەنجامبدەن. لەبەر ئەوانەی باسکران کەواتە بڕیاری تێهەڵچوونەوەکە ڕاستەو تەبایە لەگەڵ یاسادا. وە لەبەرئەوەی کە پشتیپێبەستووە لە هۆکارەکان بڕیاردرا واژووی بڕیاری تاوانبارکردنی و هەموو بڕگەکانی بڕیارەکە بکرێت. هەروەها بڕیاری سەپاندنی سزاکە تەبایە لەگەڵ بڕیاری واژوو کردنەکە بەوەی سزاکەی دیاریکردووە بەپێی هەردوو ماددەی (٤٥١، ٤٥٢/ ٢) لە یاسای سزاکان لە جیاتی ماددەی (٢/٤٥٢) لە یاسای سزاکان لەگەڵ تێبینی ئەوەی پشتبەستن بە ماددەکانی بەشداریکردن (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزاکان لێرەدا جێگەی نیەو بەسەر ئەم تاوانانەدا جێبەجێناکرێت وە پشتبەستن بە ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا بڕگەکانی بەسە بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی یاسایی ئەوەی کارەکەی ئەنجامداوە، بە تایبەت کە یاسای تایبەتی هاوپشتی یاسای گشتی دەکات. تانەکانی جیاکردنەوە (تەمیز) پەسەند ناکات بەپێی ماددەی (٢٥٩/ ١/ ١) لە یاسای شێوازی دادگایکردنی سزایی و بڕیارەکەش بە زۆرینە دەرچووە لە (٥/ جەمادی کۆتای/ ١٤٣٢)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١١/٥/١٠)ی زاینی.

**٣/ تاوانبار ئەحمەد حسەین**

* بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکانەوە دژی تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) لەو تۆمەتەی ڕووبەڕوی کراوەتەوە، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ ١) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە ماددەی (٤٠٦/ ا/ أ) لە یاسای سزاکان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکرا، دادگا بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی تۆمەتە ئاراستەکراوەکان بۆ ناوبراو و ئازادکردنی لە ڕاگرتن ڕاستەوخۆ، ئەگەر ڕانەگیرابێت یان

داوانەکرابێت لەسەر کەسێکیتر بەپێی ماددەی (١٨٢/ ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموار کراو.

* بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکان دژی تاوانبار (ئەحمد حسەین خضیر) لەو تۆمەتانەی بەرەو ڕووی کراوە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لەیاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٤٢١) لە یاسای سزاکان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو، دادگا بڕیاریدا بەهەڵوەشانەوەی ئەو تۆمەتەی ڕوبەڕوی کراوە و ئازادکردنی، دەرکردنی لە ڕاگیرانی دەستبەجێ، ئەگەر لەسەر کەیسێکی تر ڕانەگیرابێت یان داوانەکرابێت بۆ کەیسێکی تر بەپێی ماددەی (١٨٢/ ج) لە یاسای شێوازی دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکانی دژی تاوانبار (ئەحمد حسەین خضیر) لەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ه) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٣٣٣) لە یاسای سزاکان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. دادگا بڕیاریدا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتەی ڕوبەڕوی کراوەتەوەو بە ئازادکردنی تۆمەتبار و دەرکردنی لە ڕاگرتن بێدواکەوتن، ئەگەر لەسەر کەیسێکیتر ڕانەگیرابێت یان داوانەکرابێت لەسەر کەیسێکیتر بەپێی ماددەی (١٨٢ / ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکان لەدژی تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) لەو تۆمەتانەی ڕوبەڕوی کراوەتەوە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێهەم و چوارەم) لە یاسای

دادگای بالآی تاوانکاری عێراقی، ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و مادەی (٣٧٢) له یاسای سزادانی عیراقی، ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. دادگا بڕیاریدا به هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوی کراوەتەوە، هەروەها ئازادکردن و دەرکردنی له (ڕاگرتن) ئەگەر لەسەر کەیسێکیتر ڕانەگیرابێت یاخود داوانەکرابێت بۆ کەیسێکی تر بەپێی ماددەی (١٨٢ / ج) لەیاسای شێوازی دادگایکردنی سزادانی عێراقی، ژماره (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکانی دژ به تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) لەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوی کراونەتەوە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ج) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) له یاسای دادگای بالآی تاوانکاری عێراقی، ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٣٧٢) له یاسای سزاکان، ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. دادگا بڕیاریدا به هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوی کراوەتەوه و ئازاد کردنی و دەرکردنی له (ڕاگرتن) ئەگەر بەهۆی کەیسێکی ترەوه ڕانەگیرابێت یاخود لەسەر کەیسێکی تر داواکراو نەبێت بەپێی ماددەی (١٨٢ / ج) له یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژماره (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

بڕیاری دادگا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) کراوەتەوه بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیه م و چوارەم) له یاسای دادگای بالآی تاوانکاری عێراقی ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٤٠٦ / ا/ ا) له یاسای سزاکان، ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، له بارەی کوشتنی بەمەبەست (تاوانی جینۆساید)، و دووەم بەپێی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیه م و چوارەم) له یاسای دادگای بالآی تاوانکاری عێراقی ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٤٢١) له

یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو لە بارەی دوورخستنەوەی بەزۆر (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی).

وە سێیەم بەپێی ماددەی (٢/ یەکەم/ د) ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێ یەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٣٣٣) لە یاسای سزاکان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو لە بارەی زیندانیکردن و بێبەشکردنی لە ئازادیی جەستەیی (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) و چوارەم بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٧٢) لە یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو لەبارەی ئەشکەنجەدانەوە (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی). و پێنجەم بەپێی ماددەی (٨٢/ یەکەم/ ج) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێ یەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لە هەمان یاساو ماددە هاوبەشەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزاکان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو لەبارەی هەر کۆمەڵێکی دیاریکراو یا دەستەیەک لە دانیشتوان بەهۆکاری سیاسی یان نەژادی یان نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان ئاینی یان هەر هۆکارێکی تر کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەی لێگرتووە (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی)، ئازادکردنی بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکانەوە بەپێی ماددەی (١٨٢/ ج) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو، ڕاستەو هاوڕایە لەگەڵ یاسادا. چونکە ئەو بەڵگە یاساییانە تەواو نەبوون و بڕوایان بە دادگا نەکرد تا بنچینەیەکی گونجاو بۆ تاوانبارکردنیان بسەلمێنێت، خۆشی نکۆڵی لە هەموو ئەو تاوانانە کرد کە دراونەتە پاڵی. لەبەر ئەوە بڕیاردرا هەموو بڕیارەکان مۆر بکرێن و

هەموار بکرێنەوە، بە جۆرێک ماددەی سزاکە بەپێی ماددەی (٣٢٢) لە یاسای سزاکان بێت لە جیاتی ماددەی (٣٣٣) لە یاسای سزاکان بڕگەی (٣) و هەمواركردنی ماددەی سزایی بەپێی ماددەی (٣٣٣) لە یاسای سزاکان لە جیاتی ماددەی (٣٧٢) لە یاسای سزاکان لە بڕگەی (٤) لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە پشت بەستن بە ماددە هاوبەشەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزاکان جێگەی نییە لە بڕگەی (٥) دا لەم سکاڵا نامەیەدا و بەسەر ئەم تاوانانەدا نا چەسپێت و پشتبەستنە بە ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا بە هەموو بڕگەکانیەوە بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی ئەنجامدەری کارێک، چونکە یاسای تایبەت یاسای گشتی سنوردار دەکات، بەپێی ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی و ماددەی (٣٥٩) لە یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) و پەسەندنەکردنی تانەکانی تێهەڵچونەوە، بڕیارەکە بە ڕێکەوتن دەرچووە لە (٥/ جەمادی کۆتای/ ١٤٣٢)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١١/٥/١٠)ی زاینی.

بەڵام تاوانی شەشەم کەمەو ڕوبەڕوی تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) کراوەتەوە، دادگا بڕیاری دا:

* دادگا بە ئامادەبونی تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) فەرمانیدا بە زیندانیکردنی ناوبراو بە (١٠) دە ساڵ. بەهۆی ئەنجامدانی کاری نامرۆییانەی هاوشێوە کە بە مەبەست بۆتە هۆی ئازاردانێکی زۆر مەترسیدار کە بەر جەستە یاخود تەندروستی عەقڵی و جەستەیی قوربانیان کەوتووە، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) وە بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لەیاسای سزاکان،

ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و سزا دیاریکراوە بەپێی ماددەی (٢/٤٥٢) لە هەمان یاسا.

* ئەژمار نەکراوە بەندکراویی تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر)، چونکە چارەنووسی لە ئەم کەیسە دواخراو بەندکراوە بە کەیسێکی تر. دەرکەوت لە وردبینینی دۆسیەو بەڵگەی دەستکەوت لە خولی هێنانە قسەو لێپرسین و دادگایی کە تاوانبار (ئەحمەد حسەین خضیر) سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بووە لە (١٩٨٤ تا ١٩٩١) و لە ساڵی (١٩٩٥) تاکو (٢٠٠٣) و ڕژێمی پێشوو کە هزری حیزبی بەعس زاڵبوو بەسەریا بە تێڕوانینی تیرەگەری و ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزخوازی و شوڤینی بووە و بە مەبەست زۆردارانە ڕەفتاری دەکرد بە چارەنوسی هاووڵاتی و کوشتنیان تەنها بەگومان کە ئەوان دژی سیاسەتی ڕژێمن بەجۆرێک تاوانیان دەدۆزییەوە بۆیان و تاڵان کردنی مافەکانیان ئەم چەوسانەوە پێکهاتەکانی میللەتی گرتەوە و لەوانە کوردی فەیلی کە وای دانا عێراقی نین بە بنچینە بێگانەن و ملکەچ و ژێردەستەی ئێرانن. بەهۆی ئەوەی کوردن و شیعەن و بە مەبەست ڕژێم هەر لەناوەندی حەفتاکانەوە سروشتی نیشتەجێبوونی گۆڕا بۆ ئەو ناوچەیەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون بە ئاوارەبوونی کوردی فەیلی، ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی شۆڕشی هەڵوەشێنراو فەرمانی دەرکردنی ژمارە (٦٦٦) لە (١٩٨٠/٥/٧)دا، بە لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بەبێ پشتگیری دەستوور یان یاسا و بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ڕەفتاری نامرۆڤانەیان بەکارهێنا کە دژی دەستوورو یاسای نیشتیمانی و نێودەوڵەتییە، وە هەموو جۆرە ڕسوابوون، سووک کردن، سزادان، چەوساندنەوەو ئازار دانیان لە زیندان بەکارهێنان یان وەک قەڵغان و زرێپۆش لە هێڵی بەرەنگاری جەنگ لە شەڕی ئێران و عێراق دەست بەسەراگرتنی ماڵ و دارایی بەپێی پیلانی ڕێکخراو. تاوانبار (ئەحمد

حسەین خضیر) بەشداربووە لە یەک لەسێی تاوانەکان ئەویش بە شاردنەوەو داپۆشینی بە سەرهاتی زۆربەی قوربانیانی کوردی فەیلی ئەوانەی یان لە شەڕی ئیران و عێراق کوژران یان لە زیندان مردن. بەهۆی سزادان یان بەهۆی لاوازبوونی تەندروستیان یان بەهۆی دوورکردنیان و نەزانینی چارەنووسیان تاکو ئێستا و چەندین فەرمانی دەرکرد وای دانا کە شەهیدی پاسەوانی نیشتیمانی (جیش شعبی) و خەلاتکردنی خێزانەکانیان بە موچەی خانەنشینی بە مەبەستی داپۆشینی تاوانەکانی و بەخشینی شێوازی یاسایی وایدانا کە وەک جەنگاوەر مردوون ... وە ئەوەی فەرمان و بڕیار جێبەجێ دەکات کە پێک هاتووە لە کردەوەی نامرۆڤانە وەک تاوانی نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێت و ئەوەی ئاسانکاری و هاوکارە لە جێبەجێکردنی بەشدارە لە ئەو تاوانە و تاوانباری ناوبراو هەستاوە بە داپۆشین و شاردنەوەی تاوانەکان وەک جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە فەرمان دەرکردن کە شەهیدن و لە جەنگ مردوون بە بەکارهێنانیان وەک قەڵغانی مرۆیی یان لە بەندیخانە مردوون.

چەوسانەوەی خاوەن قوربانی زیادی کرد، جگە لە ئەمە تاوانبار لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی وەک سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار فەرمانی دەرکرد بە دەستبەسەراگرتنی ماڵ و دارایی جێگیرو گۆیزراوی کوردی فەیلی، ئەم کردەوەیە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم) لەیاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، هەربۆیە کردەوەی نامرۆڤانە هۆکاری ئازاری دەرونی توند بوو بۆ قوربانیان، ئەم کردەوەیە بەشێک بوو لە هێرشی فراوان دژی دانیشتوانی ئاسایی. دادگای تاوانکاری یاسای جێبەجێکردو گەیاندییە ئەنجام بەهۆی زۆری بەڵگەی سەلمێنەر و قایلکەر بە تاوانبارکردن (ئەحمد حسەین خضیر) بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/

سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢/٤٥٢) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمووارکراو، لە بەشداریکردن بەکردەوەی مرۆڤایەتی تر کە هاوشێوەی ڕەفتاربوو کە هۆکاری بەمەبەست چەوسانەوەی توند بوو و ئازاری مەترسیدار بۆ تەندروستی مێشک و جەستە وەک تاوان دژ بە مرۆڤایەتی. هەربۆیە بڕیاری ڕاست هاوشێوەی یاسا بەپشتگیری هۆکار بڕیاردرا پەسەندکردنی بڕیاری تاوانبارکردن بە سەپاندنی سزا و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٤٥٢،٤٥١/ ٢) لە یاسای سزادان لەبری ماددەی (٤٥٢/ ١) لە یاسای سزادان لەگەڵ تێبینی بەشداری ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان جێگای نییە لە ئەم داوایە، و لەگەڵ ئەم تاوانانە بە ڕێنمایی کردن بە ماددەی (١٥) لە یاسی دادگا بەندەکانی بۆ دیاریکردنی بەرپرسیاریێتی یاسایی بەکردنی کارێک هەرچەندە یاسای تایبەت بەستراوە بە یاسای گشتی و گەڕانەوەی پەرچدانەوەی فەرمان جیاکردنەوە و کارکردن بە ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی و ماددەی (٢٥٩/ أ/ ١) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو، بڕیاردرا بە زۆرینە لە (٦/جەمادی کۆتای/ ١٤٣٢)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١١/٥/١٠).

**٤/ تاوانبار مزبان خضر هادی**

* دادگا بڕیاریدا بە ئامادەبونی تاوانبار (مزبان خضر هادی) بە لە سێدارەدان تا مردن. چونکە تاوانی کوشتنی بە مەبەستی ئەنجامداوە وەک تاوانی جینۆساید، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) بە ڕێنمایی ماددەی (١٥/ چوارەم) لەیاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددە هاوبەشەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای

سزادانی عێراقی، ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٤٠٦/ ١/ أ) له هەمان یاسا.

* دادگـا بڕیاریـدا به ئامـادەبوونی تاوانبـار (مزبـان خضـر هـادی) به زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزه ساڵ. بەهـۆی تـاوانی دوورخسـتنەوەی بەزۆرەملـێ دانیشـتوان وەک تـاوانی دژ به مرۆڤـایەتی، بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ د) به ڕێنمـایی مـاددەی (١٥/ چـوارەم) له یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـاره (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) و به بەشـداری مـادده هاوپێوەنـدەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) له یاسـای سـزادانی عێراقـی، ژمـاره (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو دیـاریکردنی سـزا بەپێـی ماددەی (٤٢٦) له هەمان یاسا.

* دادگا بڕیاریدا به ئامادەبون لەسەر تاوانبار (مزبان خضر هادی) به زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. بەهۆی کرداری بێبەش کـردن و زیندانیکردن، که سەرپێچی نەریت و یاسای نێودەوڵەتییه وەک تاوانی دژ به مرۆڤـایەتی، بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ ه) بەڕێنمـایی مـاددەی (١٥/ چوارەم) له یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمـاره (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) و به بەشـداری ماددەکـانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) له یاسـای سـزادان، ژمـاره (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو دیـاریکردنی سـزا بەپێـی مادەی (٣٢٢) له هەمان یاسا.

* دادگـا بڕیاریـدا به ئامـادەبوونی تاوانبـار (مزبـان خضـر هـادی) به زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. بەهۆی کرداری ئەشکەنجەدان و ئازارگەیانـدن وەک تـاوانی دژ به مرۆڤـایەتی بەپێی مـاددەی (١٢/ یەکەم) به ڕێنمـایی مـاددەی (١٥/ چـوارەم) له یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقی، ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و به بەشداری ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) له یاسـای سـزادان، ژمـاره (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو، دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٣٢٢) له هەمان یاسا.

* دادگا بڕیاریدا بە ئامادەبون لەسەر تاوانبار (مزبان خضر هادی) بەزیندانیکرد بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ. بەهۆی کرداری سزادان کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ج) بە ڕێنمای ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی هەموارکراو.

* دادگا بڕیاریدا بە ئامادەبون لە سەر تاوانبار (مزبان خضر هادی) بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ بەهۆی کرداری نا مرۆڤانەی تر کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) بە ڕێنمایی ماددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بە بەشداری ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٤٥١) لە هەمان یاسا.

* جێبەجێکردنی سزای توند بەسەر تاوانبار (مزبان خضر هادی) بەگوێرەی ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* زیندانیکردنی تاوانبار (مزبان خضر هادی) ئەژمار نەکراوە، چونکە چارەنوسی دواخرا لە ئەم کەیسە و بەندکراوە بە داوای تر.

* تاوانبار (مزبان خضر هادی) تێگەیەنرا، کە نوسراو کاغەزی داوا و بڕیاری دەرچوو دەنێردرێت بۆ دەستەی جیاکردنەوە لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ بەگوێرەی ماددەی (٢٢٤) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

دەرکەوت لە لێپرسینەوەو بەڵگەی دەستکەوت کە ڕژێمی بەعسی هەڵوەشێنراو بە هزری شوڤێنی و ڕەگەز پەرستی و تیرەگەری بڕیاری

چارەنووسی هاووڵاتی دەدا. بەهەموو پێکهاتەکانی و لە ناوبردنیان تەنها ئەگەر گومانی هەبوو کە مەترسین بۆ ڕژێم یان دژی سیاسەتی ڕژێمن ڕووبەڕو بوونەوەیان بە تاوانی جیاواز. کوردی فەیلی یەکێک بوون لە ئەو پێکهاتانەی گەل کە وایدانا لە بنچینەدا ئێرانین و ژێر دەستەی ئێرانن چونکە لە ڕێبازی شیعەن و لایەنگری نیشتمان و ئامانجی نەتەوە و شۆڕش نین. بەهۆی ئەوەی کوردن و لە ڕێبازی شیعەن ڕژێم بە مەبەست هەر لە حەفتاکانەوە سروشتی دانیشتوانی گۆڕی بۆ ئەو ناوچانەی تێیدا نیشتەجێن و دورخستنەوەی خێزانی کوردی فەیلی بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشی هەڵوەشێنراو ژمارە (٦٦٦) لە (١٩٨٠/٥/٧) بە لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی، بەبێ پشتگیری دەستوور یان یاسا و نەریتی جیاوازی یاسای نێودەوڵەتی.

تاوانبار (مزبان خضر هادی) پۆستی پارێزگاری نەجەفی هەبوو بەم جۆرە سەرۆکی باڵای کارگێڕی و جێبەجێکردن بووەو ئەو شارە لە ئەستۆی ئەو بووە، جێبەجێکردنی بڕیار و یاسا کە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشی هەڵوەشێنراو دەردەچوو لە ڕێگای دەستگای ئاسایش لە ناو پارێزگاو هەرکەسێک ئاسانکاری یان هاوکاری جێبەجێکردنی بڕیاری نامرۆڤانە بدات ئەوە هاوکارە لە ئەو تاوانە. سەرۆک و بەرپرسیاری دەستگای ئاسایش و حیزبە هەستان بە دورکەوتنەوەی کوردی فەیلی بەزۆرلێکردن لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ شوێنی تر و تووشی جۆرەها ئەشکەنجە کراون لە کوشتن و ئازار. بەپێی پیلانی ڕێکخراو و دورکەوتنەوەیان بۆ ئێران لە ڕێگای کێڵگەی مین کە بڵاوە لە سنووری عێراق و ئیران بە مەبەستی کوشتنی ژمارەی زیاتر، یان لە سێدارەدانیان لەناو زیندان، یان ژەهراویکردنی خواردنی دەستبەسەرگیراو یان بەندکراو، بە مەبەستی لەناوبردنیان بەتەواوی یان بەشی. ڕژێم ئەم کۆمەڵە (کوردی فەیلی) توشی گوزەرانی سەخت دەکرد بە هێرشی فراوان، بە وتەی سکاڵاکاران ئاشکرابوو،

تاوانبار هەستا بەهۆی دەستگای ئاسایش و حیزبییەوە بە دورخستنەوە بە زۆرلێکردن دوای زیندانیکردنیان و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی و دەستبەسەراگرتنی ماڵ و دارایی جێگیرو گوێزراو دورکەوتنەوەیان بۆ ئێران بە بەکارهێنانی کردەوەی نامرۆڤانە کە سەرپێچی دەستوور و یاسای نێودەوڵەتییە. تاوانبار تاوانی ئەنجامداوە چونکە سەرۆکی باڵای پارێزگای نەجەف بووە بە دەستبەسەراگرتن و زیندانیکردنی هاووڵاتی و ئەنجامدانی ئەشکەنجەو ئازاری جەستەیی و دەروونی هۆکاری مردنی زۆربەیان بووە، دەستگای ئاسایش مامەڵەی خراپی لەگەڵ ژن و منداڵ و جیاکردنەوەیان لە پیاوەکانیان و بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئەشکەنجەدان و سزادان و بێبەشکردنیان لە مافە سەرەکیەکانی خۆیان کە ئەمە دژی یاسای نێودەوڵەتیە، ڕژێمی پێشوو ئەو نەتەوەی مەبەست بوو بەپێی پیلانی ڕێکخراو بە دەستبەسەراگرتنی ماڵ و دارایی کوردی فەیلی و تۆمارکردنی بە ناوی وەزارەتی دارایی یان بەناوی دەستگای سیخوڕ یان بەناوی کەسانێک سەر بە ڕژێم، بووە هۆی ئازاری دەروونی توند و چەوسانەوە بەهۆی بێبەشکردنیان لە ڕزق و گوزەرانی ژیانیان، تاوانبار (مزبان خضر هادی) بەرپرسە لەو تاوانە، چونکە سەرۆکی باڵا بووە لە پارێزگا، ئەو وەک سەرۆک زانیاری هەبووە لە کردەوەی دەستگای ئاسایش و حیزبی و ڕێگرنەبوو لەو تاوانە یان سزای تاوانباران بدات. تاوانبار (مزبان خضر هادی) بەشداربوو لە جینۆسایدی کوردی فەیلی، ئەو زانیاری هەبوو لە کردەوەی بەرپرسان و زانست و زانیاری هەبوو بە بەڵگەی یەکلاییکردنەوە و سەلمێنراو بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم) و مادەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). وە دەستکەوتنی بەڵگەی قایلکەر و سەلمێنراو بە تاوانی دورخستنەوەی زۆرەملێیانە و تاوانی زیندانیکردن و تاوانی سزادان و کردەوەی نامرۆڤانەی تر بە

مەبەستی چێشتن و چەوساندنەوەی توند بوو بە تەندروستی مێشک و جەستە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم) و (١٢/ یەکەم/ ە) و (١٢/ یەکەم/ و) و (١٢/ یەکەم/ ح) و (١٢/ یەکەم/ ی) و ماددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). بەڵام تایبەت بە پێدانی پێشەکی لەلایەن بریکاری تاوانبار، کە تاوانبار بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری داوای دوورخستنەوەی کوردی فەیلی دەکرد، ئەم پێدانە دەگەڕێتەوە بۆ تاوانبار پۆستی پارێزگاری شاری نەجەف بووە، سەرۆکی باڵای کارگێڕی و جێبەجێکردن بووە لە شار و لە ئەستۆی ئەوە جێبەجێکردن بڕیار و فەرمان کە سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایش و سەرپەرشتی هەموو دەستگای ئاسایش و جێبەجێکردن کردووە، لە شار و لە ڕێگەی ئەوان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوەو لە ئەستۆی ئەوە ئەم تاوانانە، چونکە خاوەن دەسەڵات بووە لە ژێر دەستی ئەو کاریان دەکرد بە فەرمانی بەرپرسی سەرۆکایەتی بەڵام پاڵدان بە لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێی کرد و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و دارایی جێگیرو گوێزراوە بە ڕێنمایی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش و وەزارەتی دارایی. ئەم پێدانەش دەگەڕێتەوە کە تاوانبار مرۆڤە هۆشیاری هەیە ئەو ئامێر نییە بەبێ بیرکردنەوە ئیش ئەنجامبدات ئەرکی سەرەکی پشکنین و پابەند نەبوون و جێبەجێکردن، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتن نەگۆڕا لەگەڵ نەریتی یاسا. هەر بۆیە بڕیارەکان جیاوازە و ڕاستە بەپێی یاسایە (پشت بەستە بە هۆکار هەربۆیە بڕیاردرا قایل بوونی گشت بڕیارەکانی تاوانبار کردن و ڕاستکردنەوەی بە ڕێنمایی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێهەم و چوارەم). بەڵام سزای بڕیاردراو لە برگەی (١) ئەم دەستەیە پێشنینی کرد کە توندە و جێبەجێکردنی فەرمانی دەرچوو لە لایەن سەرۆکی باڵاو

کـارکردن بە مـاددەی (١٥/ پێـنجەم) لە یاسـای دادگـا بڕیـاردرا بە کەمکردنەوەی سزا و کردنی زیندانیکردنی هەتا هەتایی لەبری کوشتن بە سێدارە و ڕێکخستنی پوختە داوا بە فەرمانی سزای تازە. بەڵام سزای بڕیار دراو بەپێی بڕگەی (٢) لە بڕیار بە دوورخستنەوەی بەزۆر ڕاست نـیە و ڕەچـاو نەکردنـی مـاددەی (١٧/ یەکەم/ ب) لە یاسـای دادگـا کە ئەرکـی بەجێهێنـانی یاسـای سـزادانە کە کـاری پێدەکرێ سـاڵی (١٩٨٥) (چاپی سێهەم). لە لایەکی ترەوە پێویست وابوو دادگا سزا دیاریبکات بە گەڕان بەشـوێن ڕاسـتی پێشـینە دادوەرانە و سـزای دادگـای تاوانەکـانی نێودەوڵەتی کار بە ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لە یاسای دادگا پێشتر بڕیاری جیاکردنەوە دەرچوو لەم دەستەیە هەر بۆیە بڕیار درا دیاریکردنی سـزا بە گوێرەی مـاددەی (٧٧/ ا/ ب) لە سیسـتەمی ڕۆمـای بنچینەیـی دادگـای تاوانکـاری نێـودەوڵەتی سـاڵی (١٩٩٨)، لەبـری مـاددەی (٤٢١) لە یاسـای سـزا. ئەم دەسـتەیە بینـی کە ئەم سـزایە گونجـاو نیـیە بڕیـار درا بەکەمکـردنەوەی بـۆ مـاوەی (١٠) دە سـاڵ لە بـری (١٥) پـانزە سـاڵ و ڕێکخستنی پوختە داوا بە سزای تازە. بەڵام سزاکانی بەندی (٣، ٤، ٥، ٦) لە بڕیـار گونجـاوە یەکسـەر قـایلبوون بە ڕاسـتکردنەوە بەجێهێنـان بە ڕێنمـایی مـاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم و سـێهەم و چـوارەم) لە بـری مـاددەی سیسـتەمی ڕومـا بنچینەیـی بـۆ دادگـای تاوانکـاری نێـودەوڵەتی سـاڵی (١٩٩٨)، بە ڕێنمـایی مـاددەی (٢٤/ پێـنجەم) لە یاسـای دادگـا هەروەها ڕاستکردنەوە بە دیاریکردنی سزا لە بڕگەی (٦) بەپێی هەردوو ماددەی (٤٥١- ٢/٤٥٢) لە یاسای سزا لە بری ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزا، لەگەڵ تێبینی پشت بەستن بە بەشداری ماددە هاوبەشـەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩)ی داوایە و گونجاو نیە بە ئەم تاوانە بە گوێرەی ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا بە بەندەکانی بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی بە ئەوانەی تاوانیـان ئەنجام داوە و یاسـای تـایبەت بەسـتراوە بە یاسـای گشـتییەوە،

پێویست نییە دوبارەبوونەوەی ڕستەی (بڕیار دەرچوو بە ڕێککەوتن ڕوبەڕو قابیلی جیاکردنەوە تێگەێنرا بە ئاشکرا) لە هەموو بەندێکی فەرمان.

کاردەکرێت بە ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگا و ماددەی (٢٥٩/ أ/ ١) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی سالّی (١٩٧١) و دەرچوونی بڕیار بە ڕێککەوتن لە (٦/ جەمادی کۆتای/ ١٤٣٢) کۆچی بەرامبەر (٢٠١١/٥/١٠) زاینی.

**٥/ تاوانبار عزیز صالح حسن**

* دادگا فەرمانیدا ڕوبەڕو بەسەر تاوانبار (عزیز صالح حسن) بە لە سێدارەدان تا مردن. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە مەبەست و جینۆساید بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) بە ڕێنمایی ماددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای بالاّی تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥) بە بەشداری ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزای عێراقی، ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٤٠٦/ ا/ ا) لە هەمان یاسا.

* دادگا فەرمانیدا بە ڕوبەڕو بەسەر تاوانبار (عزیز صالح حسن) بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە سالّ. بەهۆی ئەنجامدانی کرداری تاوانی دورخستنەوەی بەزۆری دانیشتوان، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) بە ڕێنمایی ماددەی (١٥ / چوارەم) لە یاسای دادگای بالاّی تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزای عێراقی، ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) و دیاریکردنی سزا بەپێی مادەی (٤٢١) لە هەمان یاسا.

* دادگا فەرمانیدا بە ڕوبەڕو بەسەر تاوانبار (عزیز صالح حسن) بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت سالّ بەهۆی کرداری تاوان یان

بێبەشــکردنی تونــد بە هەر جۆرێــک بێــت لە ئــازادی جەســتەیی، بە پــێچەوانەی نەریتــی بنچینەیــی یاســای نێــودەوڵەتی وەک تــاوانی دژ بە مرۆڤــایەتی، بەپێــی مــاددەی (١٢/ یەکەم/ ە) بە ڕێنمــایی مــاددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزای عێراقی، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو و دیـاریکردنی سـزا بەپێی ماددەی (٣٢٢) لە هەمان یاسا.

* دادگا فەرمانیدا بە ڕوبەڕو بەسەر تاوانبار (عزیز صالح حسن) بە زیندانیکردنی (٧) حەوت ساڵ بەهۆی ئەنجامدانی کرداری ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) بە ڕێنمایی ماددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ســـاڵی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشـــی ماددەکـــانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسـای سـزای عێراقـی، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٣٣٣) لە هەمان یاسا.

* دادگا فەرمانیدا بە ڕوبەڕو بەسەر تاوانبار (عزیز صالح حسن) بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ. بەهۆی ئەنجامدانی کرداری سزادان، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ج) بە ڕێنمایی ماددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٣٤/ پێنجەم) لە هەمان یاسا بە بەشداری ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزای عێراقی، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* دادگا فەرمانیدا بە ڕوبەڕو بەسەر تاوانبار (عزیز صالح حسن) بە زینـدانیکردنی بـۆ مـاوەی (١٠) دە سـاڵ. بەهـۆی ئەنجامـدانی کـرداری نامرۆڤانەی تر وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) بە ڕێنمـــایی مـــاددەی (١٥ / چـــوارەم) لە یاســـای دادگـــای بـــاڵای

تاوانکـــاری عێراقـــی، ژمـــاره (١٠)ی ســـاڵی (٢٠٠٥) و به بەشـــداری ماددەکـانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) له یاسـای سـزای عێراقـی، ژمـاره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و دیاریکردنی سزا بەپێی ماددەی (٤٥١) له هەمان یاسا.

* جێبەجێکردنـی سـزای تونـد به سـەر تاوانبـار (عزیـز صـالح حسـن) بەگوێرەی ماددەی (١٤٢) له یاسای سزای عێراقی ژمـاره (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

* زینـدانیکردن و دەستبەسـەرداگرتنی تاوانبـار (عزیـز صـالح حسـن) ئەژمار نەکراوە، چونکه چارەنووسی دواخـرا لەم داوایه و بەندکراوە به داواو کەیسێکی تر.

* تاوانبار (عزیز حسـن صـالح) تێگەیەنـرا که نوسـراو کـاغەزی داوا و ئەو بڕیارانەی دەرچووە دەنێردرێت بۆ دەستەی جیاکردنەوە له دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، لەمـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ بەگـوێرەی مـاددەی (٢٢٤) له یاســای بنەمــای دادگــایکردنی ســزایی ژمــاره (٢٣)ی ســاڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

دەرکەوت له لێکـۆڵینەوەو دادگـایی وردبینـی بەڵـگەی دەسـتکەوت که ڕژێمی بەعس کۆنترۆڵی دەکرد به دەسەڵات خواز و دژەکاری و زۆردار و ســـتەمکار به گیـــانی هاووڵاتیـــان، بەهەمـــوو چینەکـــانی گەل و لێسەندنەوەی مافەکانیان که گومـانی هەبـوایه که پێچەوانەی ڕژێمـن یـان دژی سیاسـەتی ڕژێمـن. وه ڕوبەڕو بونەوەیان به تـاوانی جیـاواز لەوانه، کوردی فەیلی که وای دانا بێگانەن (مل کەچی ئێرانن) سـەر به نیشـتیمان نـین، لەبەر ئەوەی کـوردن له ڕێبـازی شـیعەن و له مەبەسـت شـێوازی نیشتەجێ بوونی خەڵکی گۆڕا بۆ ئەو ناوچانەی تێیدا نیشـتەجێ بـوون و دورخسـتنەوەیان به بڕیـاری ئەنجـومەنی شۆڕشـی هەڵوەشـێنراو، ژمـاره (٦٦٦) له (١٩٨٠/٥/٧) و لێسـەندنەوەی ڕەگەزنـامەی عێراقـی له کـوردی

فەیلـی بەبـێ پشـتگیری دەسـتوور و بە پـێچەوانەی نەریـت و یاسـای نێودەوڵەتی.

تاوانبار (عەزیز صالح حسن) پۆستی ئەمینداری لقی پارتی بەعس بـووە لەشـاری نەجەف، و ئەنـدامی لیـژنەی ئاسـایش و یەکێـک بـووە لەبەرپرسـە گەورەکـان لەشـاری نەجەف, بەم جـۆرە هەمـوو دەزگـای ئاسـایش و پـارتی لەژێـر دەسـەڵاتی ئەودا بـووە. لەگەڵ کەسـانی تـر بەشـداربووە لەجێبەجێکردنـی بڕیارەکـان و ئەو فەرمانـانەی دەردەچـوو لەئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆرشـی هەڵوەشـێنراو لەڕێـگەی دەزگـای ئاسـایش و حیزبـی بەشـدار لەجێبەجێکردنـی ئەو فەرمـان و بڕیـارانەی دژی کوردی فەیلی کە بەپێی پیلان بوو.

بەگوێرەی بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی دەستگیرکران و زۆربەیان لەشاری نەجەف و تووشی چەندەها جۆری ئەشکەنجە بوون، لە زیندانەکانی نەجەف لەکوشتن و ئەشکەنجەو ئازارو دوور خستنەوەی پیـرو ژن و منـداڵ، بـۆ ئێـران بەڕێـگەی مەترسـیدار لەسـنووری ئێـران وعێـراق کەپـڕە لەمـین، وە بە مەبەسـتی کوشـتنی ژمـارەی زیـاتر. لێسـەندنەوەی ڕەگەزنـامەی عێراقـی و ناسـنامە و پاسـپۆرت و تیانوسـی ڕاژەی سـەربازی تـاپۆی خـانو لێسـەندنەوەی پـارەو ئـاڵتون و هەمـوو کردەوەیەکـی نامرۆڤـانە بە دوورخسـتنەوەیان بـۆ ئێـران بەزۆرەملـێ و ئەوان لە بـارودۆخێکی خراپـدابوون لەلایەنـی تەندروسـتی و ئاسـایش و گـوزەرانی ژیـان کە بـووە هـۆی مردنـی هەنـدێک لەو قوربانیـانە، وە گەنجەکانیـان زینـدانیکران و زۆربەیـان کـوژران لە زینـدانەکان، کەسـەر بەدەزگـای ئاسایشـە، وە نـاردنی گەنجەکـان بـۆ هێڵـی بەرەنگـاربونەوەی جەنـگ بـۆ تەقانـدنەوەی کـێڵگەی مـین، زۆربەی ئەوانەی ڕزگاریـان بـوو ئەوەیـان سـەلماند کە مەبەسـت لەوە کوشـتنی زۆرتـرین ژمـارەی ئەو گەنجانە بووە. وە ڕۆڵـی تاوانبار (عزیزصـالح حسـن) لەئەنجام دانی ئەم

تاوانە ڕوونە کە ئەو دەسەڵاتی کرداری هەبووە, چونکە بەرپرسی باڵای حیزب بووە، (ئەمینداری لقی حیزبی بەعس) و ئەندامی لیژنەی ئاسایش و یەکێک بووە لە لێپرسراوی باڵای شاری نەجەف وە ئەو بەرپرسە لە کردەوەی دەزگای ئاسایشی شاری نەجەف بە زیندانیکردنی قوربانیانی کوردی فەیلی و ئەشکەنجەدانیان لە زیندان ودەستبەسەرداگرتنی ماڵ و دارایی. چونکە تاوانبار فەرمانی دەدا بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی هەیبو هیچ ڕێگر نەبوو لەکرداری خراپ یان نەهێشتنی ڕوودانی ئەو کردەوەیە یان سزادانی تاوانباران, هەروەها تاوانبار (عزیزصالح حسن) بەشداربوو لە جینۆسایدی کوردی فەیلی. وە دادگای تاوانکاری هەستا بە جێبەجێکردنی یاسا، بەگوێرەی دەستکەوتنی بەڵگەی یەکلاکەرەوە و قایلکەر و سەلمێنراو بە تاوانبارکردنی (عزیزصالح حسن) بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ا) و ماددەی (١٥/ چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

هەروەها دەستکەوتنی بەڵگەی یەکلایکەر و سەلمێنراو بە تاوانبارکردنی (عزیز صالح حسن ) تاوانی زیندانیکردن و بێبەشکردن و تاوانی ئەشکەنجەدان و سزاو تاوانی کرداری نامرۆڤانەی تر. هەروەها دورخستنەوەی بەزۆر لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ شوێنی تر. ئەمانە بوونە هۆی چێشتن و چەوساندنەوەی توندیان ئازاری مەترسیدار بە جەستەو تەندروستی مێشک و تاوانی جەستەیی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و (١٢/ یەکەم/ ه) و (١٢/ یەکەم/ و) و (١٢/یەکەم/ ی) بەپێی ڕێنمایی ماددەی (١٥/ چوارەم) لەیاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥). بەڵام تایبەت بە پێدانی پێشەکی لەلایەن بریکاری تاوانبار لە لیستی جیاکردنەوە کە تاوانبار هیچ پەیوەندی نەبووە بەبڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشێنراو تایبەت بە دوورخستنەوەو ئاوارە بوونی کوردی

فەیلی، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تاوانبار بەرپرسی باڵای حیزب بووە (سکرتێری گشتی لقی حیزبی بەعس) و ئەندامی لیژنەی ئاسایش ودەسەڵاتی تەواوی هەبووە. چونکە بەڕێوەبەر و بەرپرسی شاری نەجەف و سەرپەرشتی ڕێکخراوە حیزبییەکان و لەڕێگەی ئەوانەوە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامداوە. هەروەها بەرپرسی لیژنەی ئاسایش بووە لە شار. وە تاوانی ئەنجامدراو لە ئەستۆی ئەوە دژ بەکوردی فەیلی و ئەو کەسانەی کەسەر بەون و لەژێر دەسەڵاتی ئەو کاردەکەن. تاوانبار (عزیز صالح حسن ) بەرپرسە لە تاوانی ئەوان، چونکە سەر بەون. هەروەها جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشێنراو، تایبەت بە دورخستنەوە و ئاوارەبونی کوردی فەیلی. وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی بەشدار بوون لە تاوانی دەستگیرکردنی کوردی فەیلی و زیندانیکردنیان لە زیندانەکان، دوای ئەوە دوور خستنەوەیان و ئاوارەکردنیان دوای دەستبەسەراگرتنی ماڵ و دارایی نەگوێزراوە و گوێزراوە، تاوانبار خۆی بەرپرسی باڵای حیزب بووە لەشار.

سزای سەپێنراو بەپێی بڕگەی (١) ئەم دەستەیە بینی کە توندە، وە فەرمانی جێبەجێکردنی دەرچوو لەسەرۆکی باڵا، کار بە ماددەی (١٥/ پێنجەم) لەیاسای دادگا بکرێت کە بڕیاردرا بەکەم کردنەوەی و کردنی سزاکە بە زیندانیکردنی هەتا هەتایی، لەجیاتی لەسێدارەدان. وە ڕێکخستنی دۆسیەی تازە بە فەرمانی سزا نوێیەکە. بەڵام سزای سەپێنراو لە بڕگەی (٢) لەبڕیارەکە دەربارەی دورخستنەوەی بەزۆرلێکردن ڕاست نییە و بە ڕەچاوکردنی ماددەی (١٧/ یەکەم/ ب) لە یاسای دادگا کە پێویست بوو یاسای سزادانی کارپێکراوی ساڵی (١٩٨٥) (چاپی سێهەم) جێ بەجێ بکرێت. وە لە لایەکی ترەوە باشتر بوو دادگا سزاکەی دیاری بکردایە بە ڕێنیشاندەریە دادوەریە پێشووەکان و

سزاكانی دادگاكانی تاوانە نێودەوڵەتیەكان و كاركردن بە ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لەیاسای دادگا وە پێشتر بڕیاری جیاكردنەوە دەرچوبوو لەم دەستەیە لەم بارەوە, هەربۆیە بڕیاردرا بەدیاریكردنی سزا بەگوێرەی ماددەی (٧٧/ ا/ ب) لەسیستەمی بنچینەیی ڕۆمای دادگای تاوانكاری نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٩٨) لەجیاتی ماددەی (٤٢١) لەیاسای سزاكان. وە ئەم دەستەیە بینی كە سزای سەپێنراو بۆ ناوبراو گونجاو نییەو بڕیاردرا بە سوككردنی سزاكەی بۆ زیندانیكردنی بۆ (١٠) دە ساڵ لە جیاتی (١٥) پانزە ساڵ. وە ڕێكخستنی دۆسیەی تازە بە فەرمانی سزا نوێییەكە. بەڵام سزای سەپێنراو لە بەندەكانی (٣- ٤- ٥- ٦) لە بڕیارەكە گونجاوە و بڕیاردرا بە پەسەندكردنی هەمواری بەڕێنمایی ماددەی (١٥/ یەكەم و دووەم/ ٤/ سێیەم و چوارەم) لە بری ماددەی سیستەمی ڕۆمای دادگای تاوانكاری نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٩٩٨) لە جیاتی ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لەیاسای دادگا. هەروەها ڕاستكردنەوەی بە دیاریكردنی لە بەندی (٦) بەپێی هەردوو ماددەی (٤٥١- ٢/٤٥٢) لە یاسای سزادان لە بری ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان، لەگەڵ تێبینی بەپشتبەستن بە مادده هاوبەشەكانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لەیاسای سزا جێگای نییە لەم داوایە و گونجاو نییە بەم تاوانە پاڵپشت بە ماددەی (١٥) لەیاسای دادگا، بە بەندەكانی بۆ دیاری كردنی بەرپرسیارێتی بە كردەوەی لە تاوان و یاسای تایبەت بەستراو بەیاسای گشتی پێویست نییە، دووبارە بوونەوەی ڕستەی (بڕیار دەرچوو بەڕێكەوتن و لەسەر فەرمانە كە بە ئامادەبوون وە شیاوی جیاكردنەوەیەو بەئاشكرا تێگەیەنرا) لەسەر هەموو بەندەكانی فەرمانەكە بەتەنها ماددەی (٢٥/ دووەم ) لەیاسای دادگا و مادەی (٢٥٩/ آ/ ١) لەیاسای بنەمای دادگایكردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو، گێڕانەوەی تانەو بەرپەرچدانەوەی جیاكردنەوە، وە بڕیار دەرچوو بە زۆرینە وە

سـەبارەت بە بـڕگەی فەرمـانی (١) و بەڕێککەوتـن فەرمـان دەرچـوو بەبڕگەکـانی تـر لە (٦/ جەمـادی کۆتـای/ ١٤٣٢) کـۆچی بەرامـبەر بە (٢٠١١/٥/١٠) زاینی.

**تاوانباران**

فاضـل صـلفیح محیمیـد وسـبعاوی ابـراهیم الحسـن و وتبـان ابـراهیم الحسن وصابرعبدالعزیز حسـەین و محمد خضـر صباح و فاضـل عباس ابـراهیم و ایـاد طه شـهاب و نعمـان علـی محمـد سـلیمان و عبدالحمیـد سلیمان ابراهیم و سعد صـالح احمد, بڕیاری دادگا بە هەڵوەشـاندنەوەی تاوان بە تاوانباران فاضل صـلفیح محیمید و سـبعاوی ابـراهیم الحسـن و وتبان ابراهیم الحسن و صـابرعبدالعزیز حسـین و محمـد خضـر صـباح و فاضل عباس ابـراهیم و ایاد طه شـهاب و نعمـان علـی محمد سلیمان و عبـد الحمیـد سـلیمان ابـراهیم و سـعد صـالح احمـد بەپێـی مـاددەی (١١/ یەکەم/ آ) لە کوشـتنی بە مەبەسـت تـاوانی (جینۆسـاید) و مـاددەی (١٢/ یەکەم/ د) بەتـاوانی دوورخسـتنەوەی بە زۆر و ئـاوارە بـوونی کـوردی فەیلی.

**چوارەم/ کەیسی جینۆسایدی بارزانییەکان**

یەکەم دانیشتنی دادگا سەبارەت بە کەیسی جینۆسایدی بارزانییەکان لە (٢٠٠٩/٣/٢) ئەنجامدرا، پاش (٤٠) چل دانیشتن، دادگا لە (٢٠١١/٥/٣) کەیسی بارزانییەکانی بە جینۆساید ناساند و پاش جیاکردنەوە (تمیز)ی بڕیارەکەش لە (٢٠١١/٦/٢٠)، بووە هۆی ئازادکردنی تۆمەتبار (وەتبان ئیبراهیم حەسەن)، زڕ برای سەدام حسەین و سزادانی چەند تاوانبارێکی تر و دووبارە کەیسەکە بەجینۆساید ناسێنرایەوە.

ئەمەش دەقی بڕیاری کۆتایی دادگایە کە دوای جیاکردنەوە (تمیز)ی بڕیارەکە دەریکردووە لەسەر کەیسی جینۆسایدی بارزانییەکان.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

کۆماری عێراق

دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی

دەستەی جیاکردنەوە (هیئە التمیزیە)

بەغدا- عێراق

ژمارە: (٣٧/ ت/ ٢٠١١)

بەروار: (٢٠١١/٦/٢٠)

دەستەی جیاکردنەوە (هیئە التمیزیە) لە (٢٠١١/٦/٢٠)، لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز دادوەر ( ) و هەریەک لە دادوەران ( ) و عەبدول لەتیف و صەلاح خەلیل پێکهێنراوە، بۆ بڕیاردان بەناوی گەلەوە. پاش تێڕوانینی بابەتەکە گەشتن بە بڕیاری

لایەنەکانی داواکە

١/ تاوانبــار ســـەعدون شـــاکر محمـــود بریکـــارەکەی لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشانکراوە بەڕێز شاکیر سامر محمود.

٢/ تاوانبار سوفیان ماهر حسن بریکارەکەی لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشانکراوە بەڕێز شاکیر سامر محمود.

٣/ داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

بابەتی داوا لەسەرکراو/ بڕیاری سەرەتایی دادگای تاوانکاریی ژمارە (٤/ج سەرەتایی/ ٢٠٠٩) لە بەرواری (٢٠١١/٥/٣).

کەیســـی ســـکاڵای ژمـــارە (٤/ج ســـەرەتایی/ ٢٠٠٩) دەربـــارەی بەرزانییەکـــان گەشـــتە بەردەم دەســـتەی ئەســـتۆپاکی دژی هەریەک لە تاوانباران (سەعدون شاکر محمود) و (تاریق عەزیز عیسا) و (حکمت میزبان ئیبراهیم) و (سوفیان ماهر حسن) و (حامد یوسف حمادی) و (وەتبان ئیبراهیم ئەلحسەن) بۆ چاوپیاخشانەوە تیایدا بە پشت بەستن بە دەقی ماددەی (٢٥) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، و بە ڕێسای (٦٨) بە بەندی (٢٠)ەوە لە ڕێساکانی ڕێوشوێن و کۆکردنەوەی بەڵگەی پەیوەست بە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی. وە هەروەها بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٥٤/ أ) لە یاسای شێوازی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموار کراو.

بڕیارەکە چەند تۆمەتێک دەگرێتەوە کە ئاراستەی تۆمەتبارەکان کراوە

یەکەم/ دەربارەی بە مەبەست کوشتن، وەک تاوانی جینۆساید بەپێی ماددەی (١١/ أ) بە پشتبەستن بە ماددەی (١٥) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، و بە پشتبەستن بە ماددەی (١/٤٠٦/ أ) و بە یارمەتی مادده هاوبەشەکان لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

دووەم/ تـاوانی دورخســتنەوەی خۆنەویســت بـۆ نیشـتـەجێبوان کە ئەوەش تـاوانێکی دژ بە مرۆڤـایەتییە بەپێـی مـاددەی (١٢/ د)، بە بەڵـگەی ماددەی (١٥) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکاری عێراقی، ژمـارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە یـارمەتی مـاددە هاوبەشـەکان و مـاددەی (٤٢١/ و ١/٣٣ و ٣٤/ ب) و بە یـارمەتی مـاددە هاوبەشـەکان لە یاسـای سـزادان ژمـارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو.

سـێیەم/ دەربـارەی ئەشـکەنجەدان وەک تـاوانێکی دژ بە مرۆڤـایەتی، بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵـگەی مـاددەی (١٥) لە یاسـای دادگــای بــاڵای تاوانکــاری عێراقــی، ژمــارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠٠٥) و ماددەکانی (١/٣٣/٣٣٣ و ٣٤/ ب) و بە یـارمەتی مـاددە هاوبەشـەکان لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

چوارەم/ دەربارەی تـاوانی کردارە مرۆییەکان ئەوانەی پەیوەندیدارن بە کۆمەڵێـک سـتەمەوە وەک ئەشـکەنجەی جەسـتەیی و زیانگەیانـدن بە جەسـتەو مێشـک کە ئەمـانەش بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ ی) تـاوانن بەرامـبەر بە مرۆڤـایەتی و بە بەڵـگەی مـاددەی (١٥) لە یاسـای دادگـای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و مـاددەی (٤٥١) و بە یارمەتی ماددە هاوبەشەکان لە یاسای سزادان، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

لەبەر نەبوونی بەڵگەی سەلمێنراو و کۆکراوە لە لە داواکەدا بەرامبەر بە تۆمەتبـار (وەتبـان ئیبـراهیم ئەلحســەن) دەربـارەی ئەو تۆمەتـانەی خــراوەتە پــاڵی، بەپێــی مــاددەی(١١/ یەکەم/ أ) و (١٢/ یەکەم/ د) (١٢/ یەکەم/ و) (١٢/ یەکەم/ ی) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، لەبەر ئەوە دادگــا بڕیاریــدا بە ئەســتۆپاکی نــاوبراو و ئــازادکردنی بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢/ ج) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. دادگای تاوانکاری سـەرەتایی

بەڕێـز چەنـد بڕیـارێکی ژێـرانەی دابـوو وەک لای خـوارەوە ئامـاژەی پێکراوە:

**١/ تاوانبار سەعدون شاکر**

* سزادانی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە لە سێدارەدان تا مردن. بەرامـبەر بە ئەنجامـدانی تـۆمەتی بە مەبەسـت کوشـتن وەک تـاوانی جینۆساید، بەپێی ماددەی(١١/ یەکەم/ أ) و بەپشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سـێهەم و چـوارەم) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥) و سـزاکەی بەپێـی ماددەی (٤٠٦/ ١/ أ) و بە هاوبەشی ئەم مادانە (١/٤٧ و ٢ و ٤٩/٤٨) لە یاسـای سـزادان، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩) دیـاریکراوە و بە پەشتبەستن بە دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگـایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ. بە تۆمەتی دورخستنەوەی ناچاری بۆ نیشتەجێبوان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی دەقی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و بە پشتبەسـتن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چـوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سـزاکەی بەپێـی ماددەکـانی (٤٢١ و ١/٢٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشـی ماددەکـانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسـای سـزادان، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە، بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤـایەتی بەپێـی دەقەکـانی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ و) و

بەپشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکان بەپێی ماددەی (٣٣٣ و ١/٣٣ و ٣٤/ ب) دیاریکراوە و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بە پشتبەستن بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ. بەرامبەر ئەنجامدانی کردەوە نا مرۆییەکان کە بە مەبەست بووە، بەهۆی ئازارێکی زۆر و ئەشکەنجەیەکی ڕادەبەدەر بۆ جەستەو تەندروستی عەقڵ کە ئەوەش تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکە/ ی) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٥١ و ١/٣٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و هەموارکراو دەستنیشانکراوە. هاوکات جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادان بەبێئەوەی ماوەکەی دیارییبکرێت چونکە چارەنووسی دیاریکرابوو.

**٢/ تاوانبار تاریق عەزیز**

* سزادانی تاوانبار تاریق عەزیز عیسا بە زیندانیکردن تاکو کۆتایی ژیان. بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتن وەک تاوانی جینۆساید، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و بەپشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەی (٤٠٦/ ١/ أ) و بە

هاوبەشی ئەم ماددانە (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دیاریکراوە، بە گەڕانەوە بۆ دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار تاریق عەزیز عیسا بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ. دەربارەی دوورخستنەوەی زۆرەملێی نیشتەجێبوان کە ئەوەش تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٢١، ١/٢٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکان لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە، بە گەڕانەوە بۆ ماددەی(١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار تاریق عەزیز عیسا بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. دەربارەی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی یاسای ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار تاریق عەزیز عیسا بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ. دەربارەی ئەنجامدانی کردەوە نا مرۆییەکان، ئەوانەی بوونەتە هۆی بە مەبەست دروستبوونی چەوسانەوەیەکی زۆر، یان ئەشکەنجەیەکی مەترسیدار بۆ جەستە یان مێشک، کە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و بە

بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٥١، ١/٢٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە و بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٨٢/أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. جگە لە جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار تاریق عەزیز عیسا بە بەڵگەی ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادا،ن ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. بەبێئەوەی ماوەکەی دیاریبکرێت چونکە چارەنووسی دیاریکرابوو.

### ٣/ تاوانبار حکمەت مزبان ئیبراهیم

* سزادانی تاوانبار حکمەت مزبان ئیبراهیم بە زیندانیکردن تاکو کۆتایی ژیان. بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتن وەک تاوانی جینۆساید، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و بە پشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەی (١/٤٠٦/ أ) و بە هاوبەشی ئەم ماددانە (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دیاریکراوە و بە گەڕانەوە بۆ دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی  ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار حکمەت مزبان ئیبراهیم بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ. دەربارەی دوورخستنەوەی زۆرەملێ بۆ نیشتەجێبوان کە ئەوەش تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٢١، ١/٢٣ و ٣٤/ ب) و بە

هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە.

* سزادانی تاوانبار حکمەت مزبان ئیبراهیم بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. دەربارەی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٣٣٣، ١/٢٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و بە بەڵگەی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە.

* سزادانی تاوانبار حکمەت مزبان ئیبراهیم بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ. دەربارەی ئەنجامدانی کردەوە نا مرۆییەکان ئەوانەی بوونەتە هۆی بە مەبەست دروستبوونی چەوسانەوەیەکی زۆر یان ئەشکەنجەیەکی مەترسیدار بۆ جەستە یان مێشک کە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژماردەکرێت بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٥١، ١/٣٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و هەموارکراو دەستنیشانکراوە و بە گەڕانەوە بۆ ماددەی(١٨٢/أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. لەبەرئەوە توندترین سزا بەسەر تاوانبار (حکمەت مزبان ئیبراهیم) بسەپێنرێت. بە بەڵگەی ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.

**٤/ تاوانبار سوفیان ماهر حەسەن**

* سزادانی تاوانبار سوفیان ماهر حەسەن بە زیندانیکردن تاکو کۆتایی ژیان. بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتن وەک تاوانی جینۆساید بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و بە پشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێهەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەی (١/٤٠٦/ آ) بە هاوبەشی ئەم ماددانە (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دیاری کراوە. بە گەڕانەوە بۆ دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار (سوفیان ماهر حەسەن) بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ. دەربارەی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٣٣٣، ١/٢٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و هەموارکراو، بە بەڵگەی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە.

* لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو دژی تۆمەتبار (سوفیان ماهر حەسەن) بەرامبەر ئەو تاوانانەی ئاراستەی کراوە بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، لەبەرئەوە دادگا بڕیاریدا بە پەسەندنەکردنی تۆمەتەکان و ئازادکردنی ناوبراو لە هەمان کاتی دەرچوونی بڕیارەکەدا بەجیا، لەوەی ئەگەر سکاڵایەکی تری لە دژ نەبێت بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢/ج/

و/ه) له یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی، ژمـاره (٢٣)ی سـاڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* وه له بەرنەبوونی بەڵگەی پێویست دژی تۆمەتبار (سوفیان ماهر حەسەن) دەربارەی تۆمەتەکانی ئاراستەی کراوە، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) له یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، دادگا بڕیاریدا به پەسەندنەکردنی تۆمەتەکان و ئازادکردنی ناوبراو بەجیا لەوەی ئەگەر سکاڵایەکی تری له دژ هەبێت به پشتبەستن به ماددەی (١٨٢/ج/ و / ه) له یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی. ژماره (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. هاوکات بڕیاری توندترین سزای بەسەردا سەپاند، لەگەڵ دیاریکردنی ماوەی زیندانی له بەرواری (٢٠٠٩/١/١٢) تاوەکوه (٢٠١١/٥/٣).

**٥/ تاوانبار حامید یوسف حمادی**

* سزادانی تاوانبار حامید یوسف حمادی به زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٠) ده ساڵ. بەهۆی ئەنجامدانی کرداری دژ به مرۆڤایەتی، ئەوانەی بوونەته هۆی به مەبەست دروستبوونی چەوسانەوەیەکی زۆر یان ئەشکەنجەیەکی مەترسیدار بۆ جەسته یان مێشک، که وەک تاوانێکی دژ به مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و به بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) له یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٥١، ١/٣٣ و ٣٤/ب) و  به هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) له یاسای سزادان، ژماره (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە. به گەڕانەوه بۆ ماددەی (١٨٢/ أ) له یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژماره (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست دژی تۆمەتبار (حامید یوسف حەمادی) دەربارەی تۆمەتی ئاراستەکراو بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ)

لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پەسەندنەکردنی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراوە، هاوکات بڕیاریدا بە ئازادکردنی و دەرکردنی لە بەندیخانەی ڕاگرتن هەر لە دەرچوونی بڕیارەکەوە مەگەر سکاڵایەکی تری لەسەر بێت یان لەلایەن یاساوە داواکراو بێت یان لە داوایەکی تردا دەستی هەبێت.

* لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لە دژی تۆمەتبار (حامید یوسف حەمادی) دەربارەی تۆمەتی ئاراستەکراو لە دژی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پەسەندنەکردنی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراوە. هاوکات بڕیاریدا بە ئازادکردنی و دەرکردنی لە بەندیخانەی ڕاگرتن هەر لە دەرچوونی بڕیارەکەوە مەگەر سکاڵایەکی تری لەسەر بێت یان لە داوایەکی تردا دەستی هەبێت.

* لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لە دژی تۆمەتبار (حامید یوسف حەمادی) دەربارەی تۆمەتی ئاراستەکراو لە دژی بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پەسەندنەکردنی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراوە، هاوکات بڕیاریدا بە ئازادکردنی مەگەر سکاڵایەکی تری لەسەر بێت یان لە داوایەکی تردا دەستی هەبێت بە پشت بەستن بە ماددەی (١٨٢/ ج/ ە) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو . هاوکات دادگا مافی سکاڵاکارانی پاراست بۆ داواکردنی قەرەبوو کردنەوە لای دادگا شارستانیەکان دەربارەی ئەو زیانانەی بەریان کەوتووە، لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە لەدژیان و هەروەها دادوەر ئاماژەی کرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست لەدژی ئەوانەی بەشداری تاوانەکەیان کردووە و

ڕێوشوێنی یاساییان بەسەردا جێبەجێ نەکراوە و لەهەمان کاتدا بڕیارەکە بە ڕەزامەندی لایەنەکان دەرچووە.

تۆمەتبار سەعدون شاکر محمود لە رێگەی بریکارەکەیەوە پارێزەر سامر شاکر محمود تانەیدا لە خشتەی بڕیارەکانی (٢٠١١/٥/٢٥) کە تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەیان دەکات لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا هاتووە، وەها ئاماژە دەکات بەوەی کە خودی سەرۆک کۆماری پێشوو بڕیارەکەی بە تەنها دەرکردووە بە سیفەتی بەرزترین پلە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لە هەمان کاتدا سەرۆک کۆمار دەڵێت لایەنی جێبەجێکاری بڕیارەکە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بوو، وەک لە بەڵگەنامەکانی داواکەدا هاتووە و بە تایبەت بەڵگەنامەی (١٧٤) لە بەرواری (١٩٨٣/١٠/٤) و لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتییەوە بە دەست نووس نوسراوە. هەر لە وتەکانیدا دەڵێت ئەنجومنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەو سەرکردایەتی هەرێمگەری هەڵوەشاوە تاوتوێی داوای (بارزانیان) نەکردووە بەر لە ڕوودانی لە بەرواری (١٩٨٣/٨/١) یان دوای ئەو بەروارەش. وە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی ڕاستەوخۆیانە پەیوەندیدارە بە خودی سەرۆک کۆمارەوە لە کاروبارەکانیدا، نەک لەگەڵ بریکارەکەی (سەعدون شاکر محمود)دا، وە هەروەها پارێزەری ناوبراو داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دژی بریگرتەکەی کرد، وە هەروەها داوایکرد ئازاد بکرێت بەپێی ماددەی (١٨٢/ ج) لە یاسای کارپێکراو لە دادوەری دادگا سزاییەکان.

تۆمەتبار سوفیان ماهر حەسەن لەڕێگەی بریکارەکەیەوە پارێزەر سامر شاکر محمود تانەیدا لە خشتەی بڕیارەکانی (٢٠١١/٥/٢٥) کە تیایدا داوای هەڵوەشانەوەیان دەکات، لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا هاتووە، وە هەروەها ئاماژە دەکات بەوەی کە تاوانی کوشتاری بە

مەبەست بۆ نێرینە بارزانیەکان لەلایەن چەند ئەندام و ئەفسەرێکی ئاسایشی بەغداوە ئەنجامدراوە. و بە هاوکاری ئاسایشی خۆ بەڕێوەبەری وەک لە بەڵگەنامەکاندا دیاریکراوە، پارێزەری ئاماژە پێکراو دەڵێت بریگرتەکەم لەو کاتەدا فەرماندەی لیوای (پاسەوانی کۆماری) نەبووە، بەڵکو تەنها نەقیبێک بووە. وە لە کاتی ڕووداوەکەدا فەرماندەی لیوای (پاسەوانی کۆماری) بریتی بوو لە عەمید ڕوکن (عەبدولڕەحمان خەلەف جاسم) بەپێی نوسراوی ژمارە (١٠٣٣١) دەرچوو لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە. هاوکات داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی بە لیستەی ژمارە (٤٣/ ج) لە بەرواری (٢٠١١/٥/٢٣) و (٥٢/ ج) لە بەرواری (٢٠١١/٥/٣) وە لەبەر ئەو هۆکارانەی هاتووە تیایدا تانەیدا لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئازادکردن بۆ تۆمەتبار حامید یوسف حەمادی بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی. وە هەروەها داوای گەڕانەوەی داواکەی کرد بۆ دووبارە دادگایکردن و ئاراستەکردنی تۆمەتەکەو و سزادانی بە پشتبەستن بە ماددەی (١١/ یەکەم/أ/ ج) لە یاسای دادگا و سەپاندنی سزاکان بەسەریدا بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (٤٠٦/ أ) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمووارکراو. هاوکات داوای لە سەرۆکایەتی دەستەی داواکاری گشتی کرد چاو بخشێنێتەوە بەسەر ژمارە (٧٠/ ج) لە بەرواری (٢٠١١/٦/١٦) هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئازادکردن دەربارەی تۆمەتبار حامید یوسف حەمادی وە داوایکرد دووبارە داواکە بگەڕێتەوە بۆ دادگاییکردن بەمەبەستی تۆمەتبارکردن بە پشتبەستن بە مادەی (١١) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، وە داوایکرد سزاکانی هەر یەک لە تاریق عەزیز عیساو سوفیان ماهیر حەسەن بە توندی بسەپێنرێت و بڕیاری تاوانبارکردن و سزادانی تۆمەتبار سەعدون شاکر پەسەندبکرێت.

پاش ووردبینی و تاوتوێکردن:

دەستەی جیاکردنەوە (تەمیزی) ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لەسەر تانەو گرتنە جوداکارییە پێشکەشکراوەکان بەو پێیەی کە لە ماوەی یاساییدایە و دەربارەی یەک بابەتە، بۆیە بڕیاری تاوتوێکردنی لەسەردا، پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر بڕیاری تانە و گرتنەکە دەرکەوتووە کە بڕیاری دادگای تاوانکاری پێکهاتووە لە چەند بڕیارێکی ژێرانە وەک پوچەڵکردنەوەی هەندێک تۆمەت و تاوانبارکردن و سزادان بەم شێوەی لای خوراەوە:

**١/ تۆمەتبار وەتبان ئیبراهیم حەسەن**

بڕیاری دادگای تاوانکاری سەرەتایی بریتیبوو لە پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی تۆمەتبار وەتبان ئیبراهیم حەسەن کرابوو و بڕیاریدا بە ئازادکردنی بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویستەوە:

* بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ)
* بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د)
* بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و)
* بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی)

لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، و بەپشت بەستن بە ماددەی (١٨٢/ ج/ ه) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو، و دیاری نەکردنی ماوەی زیندانیکردنی بەهۆی دیاریکردنی چارەنووسییەوە. بڕیارەکە بەکۆی دەنگ ڕەزامەندی وەرگرت.

دەستەی ئەستۆپاکی بڕیاری ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی وەتبان ئیبراهیم ئەلحەسەن و بڕیاری ئازادکردنی بە بڕیارێکی ڕاست و دروست و یاسایی هەژمارکرد بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەوە و هاوکات بەهۆی نەهاتنی ناوی تۆمەتبار لە وتەی شایەد و سکاڵاکاران و

بەڵگەنامەی داوای تایبەت بە دەستگیرکردن و کوشتن و دووخستنەوەی خۆنەویستی بەرزانییەکان. وە هەروەها نکۆڵیکردنی تۆمەتبار لە گشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییەکەدا، لەبەر ئەمە بڕیاری پشتگیری بۆ دەرچوو لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی کە ماوەی ڕاگرتنی تۆمەتبار لەگەڵ پوچەڵکردنەوەی تۆمەتەکە و ئازادکردنی بەپێی ماددەی (٢٩٤) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی کارپێکراو. بڕیارەکە بە کۆی دەنگ لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠) دەرچوو.

**٢/ تۆمەتبار حامید یوسف حەمادی**

بڕیاری دادگای تاوانکاریی سەرەتایی بە پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی تۆمەتبار حامید یوسف حەمادی کرابوو، بە پشتبەستن بە ماددەکانی (١١/ یەکەم/ أ) و(١٢/ یەکەم/ د) و (١٢/ یەکەم/ و) لە یاسای دادگای بالای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ئازادکردنی بەپێی ماددەی (١٨٢/ ج/ ە) لە یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو، بڕیارێکی ڕاست و دروست و یاساییە، لەبەر نەبوونی بەڵگەی یاسایی پشت پێبەستراو، بۆ تاوانبارکردنی حامید یوسف حەمادی و هاوکات نکۆڵیکردنی ناوبراو بۆ ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون. تۆمەتبار لە تانە لێدانەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بوونی وەک سکرتێری سەرۆکی پێشوو چەند کۆپیەک لە نوسراوی ژمارە (٩/ ٩٨٣) و (٥/ ٩٨٣) و (١٢/ ٩٨٣) لە بەرواری (١٩٨٣/٨/٨) و (١٩٨٣/٨/١٦) و (١٩٨٣/٩/١٨) بەدەست گەشتووە، کە تیایدا ڕاپۆرتی زانیارییە سەرەتاییەکانی هاتبوو کە لە لایەن ئەندامانی ئاسایشەوە ئامادەکرابوو، کە تیایدا بەرزانییەکان تۆمەتبار کرابوون. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە من (حامید یوسف حەمادی) بەشداریم کردبێت لە پلاندانان و جێبەجێکردنی ئەو تاوانە. وە هیچ بەڵگەیەک نییە کە بتوانێت ناوبراو تۆمەتبار بکات. بۆیە پشتگیریی

بڕیـــارەکە دەکرێــت و تۆمەتەکـــان پــۆچەڵ دەکـــرێتەوەو لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠) بە کـۆی دەنـگ بڕیـاری بـۆ دەرچـووە. هەر لە بڕیـاری دادگادا هاتووە کە تۆمەتبار (حامید یوسف حەمادی) سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ بۆ دەرچووە بەرامبەر بەشداریکردنی لە کردەوە نامرۆییەکـــان ئەوانەی بـــوونەتە هـــۆی بە مەبەســـت دروســـتبوونی چەوسانەوەیەکی زۆر یان ئەشکەنجەیەکی مەترسیدار بۆ جەستە یان مێشـک کە وەک تـاوانێکی دژی مرۆڤـایەتی هەژمـار دەکرێـت، بەپێـی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سـزاکەی بەپێـی ماددەکـانی (٤٥١، ٣٣/ ١ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی، ژمـــارە (١١١)ی ســـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـــوارکراو دەستنیشـــانکراوە و بە بەڵگەی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ســاڵی (١٩٧١)ی هەمــوارکراو، کە تیایـدا مـاوەی زینـدانیکردنی دیارینەکراوە چونکە چارەنووسی دیاریکراوە.

پاش لێکۆڵینەوە دەستەی ئەستۆپاکی بۆی دەرکەوتووە کە دادگای تاوانکـاری لە بڕیارەکەیـدا پشـتی بەسـتووە بەوەی کە تۆمەتبـار حامیـد یوسف حەمادی لەکاتی ڕووداوەکەدا سکرتێری سەرۆک کۆماری پێشوو بـووە و ئەرکەکەی بریتـی بـووە لە چـاودێری و نهێنێتـی زۆرێـک لە قوربانییەکـــان کە لەســـێدارە دراون. هەرچەنـــدە دەســـتەی ئەســـتۆپاکی لەکاتی لێکۆڵینەوەی بۆ داواکە ئەمەی بۆ ئاشکرا نەبووە. وە سەبارەت بە ڕانەگەیانـــدنی بەڵگەنـــامەی بڕوانـــامەی کـــۆچکردنی قوربـــانییە بارزانییەکـان دەسـتەی ئەسـتۆپاکی هـیچ بەڵگەیەکـی بەدی نەکـردووە کە تۆمــەتبـار تاوانبـار بکـات کە ئایـا فەرمـانی کـردووە یـان پۆسـتەکەی بەکارهێنـاوە بـۆ ڕێگریکـردن لە بڵاوکـردنەوەی ئەو بەڵگەنامـانە. ئەوەی

دادگا بۆی چووە کە ئایا دەزگای ئاسایش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیانە لەژێـر دەسـتی نـاوبراودا بـووە، پـاش ئەوەی لە وەزارەتـی نـاوخۆ جیـابووەتەوە، ئەوا ئەو بڕیـارە دوورە لە ڕاسـتییەوە، چـونکە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و وەزارەتی نـاوخۆ و دواتـر پەیوەنـدیکردنی بە سـەرۆکایەتیی کۆمـارەوە بەپێـی فەرمانی ژمارە (١٥) لە بەرواری (١٩٨٨/١٢/٩) ئەنجامدراوە، کە لەلایەن سـەرکردایەتی شۆرشـی هەڵوەشـاوەوە دەرچووە وەک لە داوای ژمـارە (٣٢٦٧) خراوەتە ڕوو، کە ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی نییە بەو تاوانەی لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠) و (١٩٨٣/٧/٣١) و (١٩٨٣/٨/١٠)دا ئەنجامـدراوە. بۆیە دەستەی ئەستۆپاکی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی تەواو و سەلمێندراوی بەدەست نەگەیشتووە بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار حامید یوسف حەمادی جگە لەوەی تۆمەتبـار لە هەردوو قۆنـاغی لێکۆڵینەوەو دادگاییـدا نکـۆڵی کردووە. بۆیە هەردوو بڕیاری تاوانبارکردن و سزادانی تۆمەتبار حامید یوسـف حەمـادی پەسـەندناکرێت، بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ ی) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە بڕیـاری ئـازادکردنی مـاوەی تـۆمەتەکەی و مـاوەی ڕاگرتنـی کـاتی بـۆ دەردەچێت مەگەر دەربارەی داوایەکی تر داواکرابێت یان سزا درابێت. تێبینی گەڕانەوە بۆ ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە و بەسەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێ ناکرێت، بۆیە تەنها گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراوێتی تۆمەتبارێک، بە تایبەتی بەکارهێنانی بۆ جارێک گشتگیری دروسـت دەکـات وە پێشـتر بەکارهـاتووە لە بڕیـارێکی جوداکـاری (تمییـزی)دا. لە لایەن ئەم دەزگـاوە بـۆ هەمـان مەبەسـت بە گەڕانەوە بـۆ ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە

(١٠)ی سـالّی (٢٠٠٥) و مـاددەی (٢٥٩/ أ/ د) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی، ژمـارە (٢٣)ی سـالّی (١٩٧١)ی هەمـوارکراو و بڕیارەکە بە ڕێککەوتن لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠)دا دەرچووە.

**٣/ تۆمەتبار سوفیان ماهیر حەسەن**

بڕیـاری دادگـای تاوانکـاریی سـەرەتایی دەربـارەی پـوچەڵکردنەوەی هەردوو تۆمەتی ئاراستەکراو بەڕوی تۆمەتبار سـوفیان مـاهیر حەسـەن بە گەڕانەوە بـۆ مـاددەی (١٢/ یەکەم/د) و (١٢/ یەکەم/ی) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی سـالّی (٢٠٠٥) و ئـازادکردنی بە گەڕانەوەی بـۆ مـاددەی (١٨٢/ ج/ ه) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی، ژمـارە (٢٣)ی سـالّی (١٩٧١)ی هەمـوارکراو، بڕیـارێکی ڕاسـت و دروسـت و یاسـاییە، و پشـت بە بەڵـگەی دروسـت بەسـتراوە، وە هـیچ بەڵـگەیەک نەخـراوەتەڕوو کە ببێـت بە بنـاغەیەکی بەهێز بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار، بۆیە دەستەی جیاکردنەوە (تەمیزی) بڕیـارەکەی پەسـەندکرد و بەکـۆی دەنـگ لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠) بڕیاری لەسەردا.

هەروەهـا دادگـا بڕیاریـدا بە زینـدانیکردنی تۆمەتبـار سـوفیان مـاهیر حەسەن، تاکو کۆتایی ژیان. بەرامبەر ئەنجامدانی تـاوانی کوشـتن وەک تاوانی جینۆساید بەپێی ماددەی (١١/یەکەم/ أ) و بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سـێهەم و چـوارەم) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی سـالّی (٢٠٠٥)، وە سـزاکەی بەپێـی مـاددەی (١/٤٠٦/ أ) لە یاسـای سـزادانی ژمـارە (١١١)ی سـالّی (١٩٦٩)ی هەموار کراو دیاریکردووە و بە پشتبەستن بە دەقی مـاددەی (١٨٢/ أ) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی، ژمـارە (٢٣)ی سـالّی (١٩٧١)ی هەموارکراو. بە بڕیاردانی توندترین سزاو زیندانیکردن لە مـاوەی نێوان (٢٠٠٩/١/١٢) تـاوەکو (٢٠١١/٥/٣). دەسـتەی ئەسـتۆپاکی بـۆی

دەرکەوتووە کە دادگا لە بڕیارەکەدا بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار سوفیان ماهیر حەسەن پشتی بەستووە بە وتەی سکالاکار موستەفا محمد عومەر کە لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکەدا و نمایشکردنی گرتەی ڤیدیۆ ئاشنابووە بە تۆمەتبارەکە، کە ئایا ئەو خودی ئەو کەسە بووە (واتە تۆمەتبار)، کە لە سالّی (١٩٨٣) دەوری یەکە نیشتەجێبووەکانیان داوە لە دەزگای ئاسایش و بە هاوپەیمانی هێزی پاسەوانی کۆماری. وە هەروەها شایەدی (عائیشە سەعید تەها) کە ئایا ئەویش تۆمەتبار (سوفیان ماهیر حەسەن)ی ناسییەوە لەکاتی نمایشکردنی دادگایی لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنی، وە شایەدی ئاماژەپێکراو لە هەمان کەس دەچێت کە داویەتی لەسەر شایەدەکە. هاوکات دادگا بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار پشتی بەستووە بەوەی کە تۆمەتبار ئەندامی پاسەوانی نیشتیمانی یەکەم بووە کە هێرشیان کردووەتە سەر بارزانییەکان. پاش لێکۆڵینەوە و پشکنینی سەرجەم لایەنەکانی ئەو بەڵگانەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە و ئاشنابوون بە ناوەڕۆک و بەڵگەکانی و دواتر تەنها کارنەکردن بە ڕوخساری بەڵگەکان و لێکدانەوەی هەردوو لایەنی کەسێتی و بابەتی، دەستەی جیاکردنەوە (تمیزی) بە بەڵگەی ئەوەی کە ئایا سکالاکار مستەفا عومەر محمد لەکاتی ڕووداوەکەدا (١٤) چواردە ساڵ بووە و دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (٢٠) بیست ساڵ لەڕێگەی شاشەی تەلەفیزۆنەوە ئاشنا دەبێت بە تۆمەتبار (سوفیان ماهیر حەسەن) بە بەڵگەیەکی لاواز دەبینێت و پشتی پێنابەسترێت. وە دەربارەی شایەدی (عائیشە سەعید تەها) کە تەمەنی لە (٨٠) هەشتا ساڵ زیاترە و ئایا لەڕێگەی گرتە ڤیدیۆوە ئاشنابووە بە تۆمەتباری ناوبراو، کە ئەوەش بەهەمان شێوە جێگەی گومانە و پشتی پێنابەسترێت. چونکە شایەدی ناوبراو تەمەنی زۆرە. وە دەربارەی دەست تێوەگلانی پێشەنگە دیارەکانی داواکە کە ئایا تۆمەتبار ئەندامی لیوای پاسەوانی نیشتیمانی

یەکەم بـــووە، لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠)، بەڵام دەربـــارەی ئەو باســـە لە بەڵگەنامەی پێشکەشکراودا دەربارەی هێزی سـەربازی ئەنجامدەری ئەو کـردەوە هـاتووە لە نوسـراوی ژمـارە (٨٤) لە بەرواری (١٩٨٩/٣/٢٩)دا دەرچووە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشـی گشـتی (هێزێکـی سـەربازی لە پاســـەوانی کۆمـــاری) لەکاتێکـــدا هــــاتووە لە نوســـراوی (٣٤٢٨)ی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشـی خـۆ بەڕێـوەبەری لە بەرواری (١٩٨٩/٣/٢٩)دا (بە هاوپەیمانی لیوای پاسەوانی کۆماری) و بەپێی وتەی شایەد (زوهەیر ڕەســـول حەســـەن) لە دانیشـــتنی دادگـــایی ڕۆژی (٢٠١١/١/٤) کە ئەو سەربازێکی کۆنە و ئازادکراوە، دەڵێت هێز (هێزی ئەنجامدەر) بریتیە لە فەوجـی هێـزی تـایبەت لە پاســـەوانی کۆمـاری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا گریمـــان لیـــوای یەکەمـــی پاســـەوانی کۆمـــاری بەشـــداریکردووە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نییە بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار کە ئایـــا یەکێـــک بێـــت لەوانەی بەشـــدارییان کـــردووە لە پرۆســـەی دەستگیرکردنی بارزانییەکان. بۆیە ناکرێت تەنها بە گریمانە تاوانبارکردن بکرێـت، بە تـایبەت بـۆ تـاوانێکی جینۆسـاید بەو شـێوە گەورەیە کە ئەوە گەورەتـــرین تـــۆمەتە لای کـــۆمەڵگە مرۆییەکـــان. بـــۆیە پێویســـتە بـــۆ تاوانبارکردنی لەم شێوە تۆمەتە بەڵگەی یەکلاکەرەوە و دوور لە گومان پێشکەش بکرێت. بۆیە دەستەی جیاکردنەوە ( هیئە التمیزیە) پێی وایە ئەو بەڵگانەی دادگا لە لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا پشتی پێبەستووە ناگاتە ئاسـتی پشتپێبەسـتن بـۆ یەکلاکـردنەوەی تۆمەتێـک. بـۆیە بڕیـاردرا بە پەســـەندنەکردنی هەردوو بڕیـاری تاوانبـارکردن و سـزادانی تۆمەتبـار (ســـوفیان مـــاهیر حەســـەن) بەپێـی بەڵـگەی مـاددەی (١١/ یەکەم/ أ) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بڕیــاردرا بە ئـازادکردنی تۆمەتبـار مەگەر تێـوەگلاو بێـت بە داوایەکـی تـرەوە، یـان لەبەر داوایەکـی تـر زینـدان کرابێـت. تێبینـی گەڕانەوە بـۆ

ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و هەموارکراو بۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە و بەسەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێ ناکرێت بۆیە تەنها گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراویەتی تۆمەتبارێک بە تایبەتی بەکارهێنانی بۆ جارێک گشتگیری دروست دەکات وە پێشتر بەکارهاتووە لە بڕیارێکی جوداکاری (تمییزی)دا، لەلایەن ئەم دەزگاوە بۆ هەمان مەبەست بە گەڕانەوە بۆ یاسای ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاساکانی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٥٩/ أ/ د) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

هاوکات دادگا بڕیاریدا بە تاوانبارکردنی تۆمەتبار سوفیان ماهر حەسەن بە (٧) حەوت ساڵ زیندانی کردن. بەرامبەر ئەنجامدانی کرداری ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٣٣٣، ١/٣٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨ ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە، بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. دەستەی جیاکردنەوە پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەربارەی تاوانبارکردنی تۆمەتبار سوفیان ماهیر حەسەن بەرامبەر بە تۆمەتی ئەشکەنجەدان بۆی دەرکەوتووە کە بڕیارەکە بێهۆکارە، چونکە بەپێی یاسا دەبێت تاوانبارکردن لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەی هۆکار بێت و بەڵگەهێنانەوە باشترین گەرەنتییە بۆ تۆمەتبار کە لەڕێگەیەوە دڵنیادەبێت لە دادپەرەوەری یاسا دەربارەی ئەو بڕیارەی بەسەریدا سەپێندراوە.

لەبەر ئەوە دادگای بەڕێز گرنگی بە ماددەی (٢٢٤/ أ) لە یاسای دادوەری نەداوە. لەسەر ئەوەی باسکرا دەستەی جیاکردنەوە گەیشت بە ئەنجامی ئەوەی لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار سوفیان ماهیر حەسەن بەپێی بڕیاری (١٢/ یەکەم/ و) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، دەستەی جیاکردنەوە بڕیاریدا بە پوچەڵکردنەوەی تاوانبارکردنەکەو ئازادکردنی ئەگەر هاتوو لە داوایەکی تردا دەستی نەبێت، یان بەپێی یاسا داوا نەکرابێت. تێبینی گەڕانەوە بۆ ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە و بەسەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێناکرێت. بۆیە تەنها گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراوێتی تۆمەتبارێک. بە تایبەتی بەکارهێنانی بۆ جارێک گشتگیری دروست دەکات، وە پێشتر بەکارهاتووە لە بڕیارێکی جوداکاری(تمییزی)دا، لەلایەن ئەم دەزگاوە بۆ هەمان مەبەست بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٥٩/ أ/ ٢) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو و بڕیارەکە بە کۆی دەنگ لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠) دەرچوو.

**٤/ تاوانبار حیکمەت مزبان ئیبراهیم**

بەپێی بڕیاری دادگا تاوانبار (حیکمەت مزبان ئیبراهیم) بۆ هەتاهەتایی زیندانی بکرێت. بەرامبەر بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن وەک جینۆساید، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وە سزاکەی بەپێی ماددەی (١/٤٠٦/أ) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دیاریکردووە، بە

پشتبەستن بە دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو و جێبەجێکردنی توندترین سزا بەرامبەری بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٤٢) لە یاسای سزادان و بەبێ دیاریکردنی ماوەکەی. چونکە چارەنووسی دیاریکراوە. دەستەی جیاکاری بۆی دەرکەوتووە بڕیاری دادگا لەسەر بناغەی ئەوەبووە کە ئایا ئەرکی تۆمەتبار لە تاوانەکەدا پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بووە بەهەر شێوەیەک بێت بەمەبەستی کارئاسانی کردنی تاوانەکە، جگە لەوەی کە تۆمەتباری ناوبراو بەشداربووە لە ڕێککەوتنی تاوانکاری هاوبەش دەربارەی ئەنجامدانی تاوانێکی دڕندە لەوانەی کە چاوەڕوان دەکرا (صەدام حسەین) و شوێنکەوتوانی و سەرکردەکانی دەزگای ئاسایش ئەنجامی بدەن بەو پێیەی کە تۆمەتبار دەسەڵاتی ڕەهای بەخشیوە بۆ بڕیاردان و فەرمانکردن بە بڕیاری بەهێز لە یاسادا.

دەستەی جیاکاری پێیوایە کە دادگا هەڵەبوو لە بۆچوونەکانی دەربارەی بەڵگەکان و لە پشتبەستنی لە بڕیارەکەیدا، بەوەی کە تاوانبار یەکێک بوو لەوانەی دەسەڵاتی ڕەهایان  بە صەدام حسەین بەخشیوە بۆ بڕیاردان و فەرمانکردن بە بڕیاری بەهێز لە یاساداناندا. لە بەڕێوەچوونی دادگایی و پێشکەشکردنی بەڵگەی داواکەدا نەسەلمێندراوە کە تۆمەتباری ناوبراو سەرۆکی ڕابردووی دەستنیشان کردبێت بەوەی ئازاد بێت لەو جۆرە یاسادانانە. هاوکات ئاماژەکردن بە سەرپشکردنی تۆمەتبار لە داوایەکی تردا خراوەتەڕوو لە یەکێک لە دەزگاکانی دادگا کە ئەوەش بەڵگەیەک نییە، یان دان پیانانێک نییە لە لایەن تۆمەتبار (حیکمەت مزبان ئیبراهیم)ەوە، چونکە بنچینەی کردارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بکەرەکە وە لە لایەکی ترەوە ئەوەی صەدام حسەین ئەنجامیدا، کردەوەیەکی قێزەوەنی دڕندەیی بوو، بەڵام بەهۆی سەرۆکی دەسەڵاتی

جێبەجێکـار بەبـێ پشتبەسـتن بە بڕیـاری ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوەوە.

لە دەقی ماددەی (١٥/ دووەم/ ج)دا هاتووە، کەسێک یارمەتیدەر بێت یان کارئاسانی بکات بۆ زەمینە سازکردنی تاوانێک یان هۆکارەکانی تاوانەکە دابین بکات، ئەوا ئەو کەسە بەرپرسە لە تاوانەکە. هەر وەک لە سیستمی ڕۆمای بنەڕەتیدا هاتووە یارمەتیدان بەگشت شێوەکانییەوە بۆ بکەرە بنچینەییەکە بەشداریکردنە لە تاوانەکە. دەستەی ئەستۆپاکی بۆی دەرکەوتووە کە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار کە ئایا دەسـتی یـارمەتی درێـژ کردبێـت بـۆ لەنـاوبردنی پیـاوانی عەشـیرەتی بارزانی. وە لەبەر ئەوەی تۆمەتی تۆمەتبار بریتییە لە تاوانی جینۆساید، بۆیە پێویستە بەڵگەکان یەکلاکەرەوە بن. وە تۆمەتبار نکۆڵی کردووە لەو تاوانەی ئاراستەی کراوە لە هەریەک لە لێکۆڵینەوەو دادگاییەکەدا، بۆیە دەسـتەی جیاکاری بڕیـاری تاوانبـارکردن و سـزادانەکەی پـوچەڵکردەوە بەرامـبەر بە حـیکمەت مزبـان ئیبـراهیم بەپێـی مـاددەی (١١/ یەکەم/ أ) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥)، وە بڕیـاری دا بە ئـازادکردنی مەگەر لە داوایەکـی تـردا داواکرابێـت، یـان دەسـتگیر کرابێـت. تێبینـی گەڕانەوە بـۆ ماددەکـانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسـای سـزادان، ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـوارکراو بـۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە و بەسـەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێ ناکرێـت. بـۆیە تەنهـا گەڕانەوە بـۆ مـاددەی (١٥) لە یاسـای دادگـا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراوێتی تۆمەتبارێک بە تایبەتی بەکارهێنـانی بـۆ جارێـک گشـتگیری دروسـت دەکـات وە پێشـتر بەکارهاتووە لە بڕیارێکی جوداکاری (تمییزی)دا، لەلایەن ئەم دەزگاوە بۆ هەمان مەبەست بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگا و مـاددەی (٢٥٩/ أ/ ٢) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی، ژمـارە

(٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو و بڕیارەکە بە کۆی دەنگ لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠)دا دەرچووە.

هاوکات دادگا بڕیاریدا بە تاوانبارکردنی حیکمەت مزبان ئیبراهیم بەرامبەر بە تاوانی دورخستنەوەی بەزۆر وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د) و زیندانیکردنی بە (١٥) پانزە ساڵ، وە هەروەها بە (٧) حەوت ساڵی تریش زیندانیکردن، بەرامبەر بە ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و)، وە (١٠) دە ساڵ زیندانیکردنی بەرامبەر کردەوە نامرۆییەکان، کە بوونەتە هۆی بە مەبەست دروستبونی چەوسانەوەیەکی زۆر یان ئەشکەنجەیەکی مەترسیدار بۆ جەستە یان مێشک کە وەک تاوانی دژ بە مرۆژڤایەتی هەژمار دەکرێت، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشی مادەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. دەستەی جیاکردنەوە پێیوایە بەڵگەکان ناگەنە ئاستی بێگومانی و توانستی یاسایی بۆ تاوانبارکردن. بۆیە بڕیاری تاوانبارکردن و سزاکەی پوچەڵ دەکرێتەوە و تۆمەتبار حیکمەت مزبان ئیبراهیم ئازاد دەکرێت، مەگەر لە داوایەکی تردابێت، یان دەستگیرکرابێت بەهۆکارێکی تر، بەپێی ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٥٩/ آ/ ٢) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو. تێبینی، گەڕانەوە بۆ ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە و بەسەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێناکرێت. بۆیە تەنها گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥)

له یاسای دادگا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراوێتی تۆمەتبارێک بە تایبەتی بەکارهێنانی بۆ جارێک گشتگیری دروستدەکات، وە پێشتر بەکارهاتووە لە بڕیارێکی جوداکاری (تمییزی)دا، لەلایەن ئەم دەزگاوە بۆ هەمان مەبەست بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگا و ماددەی (٢٥٩/ أ/ ٢) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو و بڕیارەکە بە کۆی دەنگ لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠)دا دەرچووە.

**٥/ تاوانبار تاریق عەزیز عیسا**

بەپێی بڕیاری دادگا تاوانبار (تاریق عەزیز عیسا) بۆ هەتاهەتایی زیندانیبکرێت. بەرامبەر بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن وەک جینۆساید، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ). وە بە (١٥) پانزە ساڵ زیندانیکردن بەرامبەر بە دورخستنەوەی بەزۆر بۆ دانیشتوان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ د). و بە (٧) حەوت ساڵ زیندانیکردن. بەرامبەر بە ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بە پێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ و)، وە (١٠) دە ساڵ زیندانیکردنی بەرامبەر کردەوە نامرۆییەکان کە بوونەتە هۆی بە مەبەست دروستبونی چەوسانەوەیەکی زۆر، یان ئەشکەنجەیەکی مەترسیدار بۆ جەستە یان مێشک کە وەک تاوانی دژ بە مرۆژڤایەتی هەژمار دەکرێت، بەپێی ماددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، بەپشتبەستن بە دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو

و جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانباردا بەبێ دیاریکردنی ماوەکەی، چونکە چارەنووسی دیاریکراوە.

دەستەی جیاکاری بۆی دەرکەوتووە دەسەڵاتی یاسادانانی تۆمەتبار (تاریق عەزیز عیسا) کە بەخشیویەتی بە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە بۆ بڕیاردان گەرچی پێچەوانەی دەستووری عێراقی کاتیش بێت دەربارەی دەرکردنی بڕیار و یاسادانان وەک بڕیاری لەناوبردنی حیزبە ئاینییەکان، بە بڕیاری ژمارە (٤٦١)ی ساڵی (١٩٨٠) و بڕیارەکانی دژی کوردە فەیلییەکان وەک بڕیاری (٤٧٤)ی ساڵی (١٩٨١) و (١٦١٠)ی ساڵی (١٩٨٢) و بڕیاری (٤٥٦)ی ساڵی (١٩٨٤) و بڕیاری (٣٦٣)ی ساڵی (١٩٨٦) و بڕیاری (٧٢٢)ی ساڵی (١٩٨٧) و چەندین بڕیاری تری نا دەستووری و پێچەوانەی سادەترین یاسا نێودەوڵەتییەکان. دەربارەی ئەم داوایە لە کوشتار و لەناوبردنی بارزانییەکان و دورخستنەوەیان بەزۆر و ئەنجامدانی کردەوە نا مرۆییەکان لە دژیان هەموو ئەمانە لە ئەنجامی بەخشینی تۆمەتبارەوە دروست نەبوون یان لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە جێبەجێ نەکراون، بەڵکو تاوانەکە بەشێوەیەکی نهێنی و ورد ئەنجامدراوە لە نێوان سەرکردایەتی پێشوو و دەزگا ئاسایشییەکان. دەستەی جیاکاری بۆی دەرکەوتووە کە بەڵگەی تەواو و یاسایی پێشکەش نەکراوە، بۆ کارپێکردنی وەک بنەمایەکی ڕاست و دروست بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار (تاریق عەزیز عیسا)، وە لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی نکۆڵی کردووە. بۆیە بڕیاری تاوانبارکردن و سزادانی پوچەڵ دەکرێتەوە بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و (١٢/ یەکەم/ د) و (١٢/ یەکەم/ و) و (١٢/ یەکەم/ ی) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بڕیاردرا بە ئازادکردنی ئەگەر هاتوو لە داوایەکی تردا داوا نەکرابێت، یان تاوانبار

نەکرابێت. تێبینی گەڕانەوە بۆ ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە و بەسەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێناکرێت. بۆیە تەنها گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراوێتی تۆمەتبارێک بەتایبەتی بەکارهێنانی بۆ جارێک گشتگیری دروست دەکات، وە پێشتر بەکارهاتووە لە بڕیارێکی جوداکاری (تمییزی)دا، لەلایەن ئەم دەزگاوە بۆ هەمان مەبەست بە گەڕانەوە بۆ یاسای ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٥٩/ أ/ ٢) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو و بڕیارەکە بە کۆی دەنگ لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٠)دا دەرچووە.

### 6/ تاوانبار سەعدون شاکر محمود

* سزادانی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە لەسێدارەدان تاکو مردن. بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەمەبەست وەک تاوانی جینۆساید، بەپێی ماددەی (١١/ یەکەم/ أ) و بە پشتبەستن بە ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم وچوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، سزاکەی بەپێی مادەی (٤٠٦/ ١/ أ) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەستنیشانکراوە، و بە پشتبەستن بە دەقی ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار سەعدون شاکر محمود بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ. بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی دورخستنەوەی بەزۆر بۆ نیشتەجێبوان، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. بەپێی دەقی

مـــاددەی (١٢/ یەکەم/ د) و بە پشتبەســـتن بە مـــاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم وچوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکانی (٤٢١ ٢٣/ ١ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشــی ماددەکـانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاســای ســزادان، ژمـــارە (١١١)ی ســـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـــوارکراو دەستنیشـــانکراوە، بە پشتبەسـتن بە مـاددەی (١٨٢/ أ) لە یاسـای بنەمـای دادگـایکردنی سـزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سزادانی تاوانبار تاریق عەزیز عیسا بە زیندانیکردن بۆ مـاوەی (٧) حەوت ســاڵ. دەربــارەی ئەنجامــدانی تــاوانی ئەشــکەنجەدان، وەک تــاوانی دژ بە مرۆڤـایەتی، بەپێـی مـاددەی (١٢/ یەکەم/ و) و بە بەڵـگەی مـاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سـێیەم و چـوارەم) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥)ی هەمـوارکراو و سزاکەی بەپێی ماددەکـانی (٣٣٣ و ٣٣/ ١ و ٣٤/ ب) دەستنیشـاکراوە. بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسـای سـزادان، ژمـارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو. بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسـای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

* سـزادانی تاوانبـار سـەعدون شـاکر محمـود بە زینـدانیکردن بـۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ. بەرامبەر بە ئەنجامدانی کردەوە نا مرۆییەکان کە بە مەبەست بووەتە هۆی ئازارێکی زۆر و ئەشکەنجەیەکی ڕادەبەدەر بۆ جەســتەو تەندروســتی عەقــڵ کە ئەوەش تــاوانێکی دژ بە مرۆڤــایەتییە، بەپێــی مـــاددەی (١٢/ یەکەم/ ی) و بە بەڵــگەی مـــاددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ سێیەم و چوارەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و سزاکەی بەپێی ماددەکـانی (٤٥١ و ١/٣٣ و ٣٤/ ب) و بە هاوبەشی ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسـای سـزادان،

ژمـــاره (١١١)ی ســـاڵی (١٩٦٩)ی هەمـــوارکراو دەستنیشـــانکراوە، بە پشتبەستن بە ماددەی (١٨٢/ أ) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمـاره (٢٣)ی سـاڵی (١٩٧١)ی هەمـوارکراو. جـگە لە جێبەجێکردنـی توندترین سـزا بەسـەریدا، بەبێئەوەی مـاوەکەی دیاریبکرێـت، چـونکە چارەنوسی دیاری کرابوو.

دەســتەی ئەســتۆپاکی پــاش لێکــۆڵینەوە لە دۆســیەی ڕووداوەکە بۆیـــدەرکەوتووە کە ڕووداوەکە بەو شـــێوەیە کە لە بەڕێوەچـــوونی لێکـــۆڵینەوەو دادگـــاییەکەدا هـــاتووە دوای داڕوخـــانی بـــزوتنەوە ئـــازادیخوازییە کـــوردیەکە لە کوردســـتانی عێـــراق لە ئەنجـــامی ڕێککەوتننـامەی جەزائیـری سـاڵی (١٩٧٥)، لە نێـوان حکـومەتی عێراقـی پێشـوو و دەوڵەتـی ئێران، بەپێـی ئەو ڕێککەوتـنە حکـومەت هەسـتاوە بە ڕاگواستنی دێهاتەکـانی سـەر سـنووری هەردوو وڵات بـۆ ئۆردوگاکـانی پێشـتر ئامـادەکرابوون، بەبێئەوەی ئاسـانترین هۆکارەکـانی ژیـانی تێـدا بەدیکرابێت. هاوکات حکومەت هەزارەها خێزانی کوردی ڕەوانەی نـاوچە جیاوازەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کـردووە. لەم پرۆسەیەشدا چارەنووسی بارزانییەکان لە شوێنێکی دابڕاوی شاری دیوانیە بـوو کە لەو ئۆردوگایانە سادەترین هۆکارەکانی ژیان بوونی نەبوو. دواتر پاش دەرچوونی بڕیاری لێخۆشبوون و ئارامبوونی بارودۆخی کوردستان و سەرهەڵدانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەلێک دروستبوو لەبەردەم دوورخراوەکـان بـۆ گەڕانەوە، بـۆ جـارێکی تـر حکـومەت بارزانییەکـانی گواستەوە بۆ ئۆردوگاکانی نـاوچەی (هەریر و قوشتەپە) لەنزیک شـاری هەولێـــر، بەهـــۆی ســـەختی ژیـــان و بڵاوبـــوونەوەی نەخۆشـــی بەرتەســـکردنەوەی ئازادییەکـــان، ســـەدەها بـــوون بە قوربـــانی. وە لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠) و (١٩٨٣/٧/٣١) و (١٩٨٣/٨/١٠) ســــــــەرجەم

بارزانییەکـان لە ڕەگەزی نێـر دەسـتگیرکران لە لایەن هێزێکـی گەورەو هاوبەش لە ئاسایش و پاسەوانی کۆماری هەرچەندە بارزانییەکان سڤیل بوون و هیچ پەیوەندیەکی سیاسیان نەبوو. ئەم دەستگیرکردنە بارزانییە نیشتەجێبووەکانی هەردوو شاری هەولێر و بەغدادی گرتەوە کە دواتر لەسێدارەدران کە ژمارەیان (٢٢٢٥) دوو هەزار و دوو سەد و بیست و پێنج کەس بـوون، لە نـاوچەی (بوسـەیە) لە شـاری موسـەنا بەکـۆمەڵ خرانە چاڵەوە. حکومەتی پێشوو پەنایبرد بۆ چەندین دۆسیەو پاساو بۆ ڕاگواسـتنیان بـۆ (دادگـای شـۆرش) بە مەبەسـتی تاوانبارکردنیـان و سزادانیان بە لەسێدارەدان. هەروەها دەزگای ئاسایش چەندین شێوازی تونـدوتیژی بەکاردەهێنـا و خێزانـی قوربانییەکـانی بەچەنـدین جـۆر ئەشکەنجە دەدا لە ئۆردوگاکاندا، و بێبەشیدەکردن لە هۆکارەکانی ژیان و چاودێری توندی لەسـەر دادەنـان، بەمەبەستی لەناوبردنیـان و ئـاو و کارەبای لێدەبڕین و لە هەواڵی دۆست و ئازیزانیان دووربوون، ئەوانەی کە لە زیندانەکانـدا بـوون کە دواتـر لە سـاڵی (٢٠٠٣)دا دەرکەوتـووە کە بەشێکیان بە فیشەک کوژراون و بە کۆمەڵ لەچاڵ نراون.

ڕۆڵی تۆمەتبار شاکر محمود ڕوون و ئاشکرایە، لە تاوانەکەدا لەڕێی پۆستەکەیەوە وەک وەزیری نـاوخۆ کە سـەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئاسـایش و پـۆلیس لەژێـر دەسـتیدابوون و فەرمانەکانیـان لەوەوە وەردەگـرت. هاوکـات تۆمەتبـاری نـاوبراو ئەنـدامێک بـووە لە لیـژنەی ڕێکخسـتنی پـارتی بەعسـی هەڵوەشـاوە لە بـاکوور، بـۆیە بەرپرسـێکی تاوانکـارە لە بڕیـاردان و فەرمـانکردن. وە لە بەڕێوەچـونی دادگـایی و بەڵگەنـامە پێشکەشـکراوەکاندا دەرکەوتـووە هەر یەک لە دەزگـای ئاسایشی سەر بە ئاسایشی گشتی و ئاسایشی ناوچەی خۆ بەڕێوەبەری (ئۆتۆنـۆمی) لە هەولێـر و بە یـارمەتی هێزێـک لە پاسـەوانی کۆمـاری

هەموو پێکەوە دەوری ئۆردوگاکانیان داوە، کە دانیشتوانەکانی بارزانی بوون. وە هەروەها بەرپرسێکی تاوانبارە دەربارەی فەرماندەرکردن بۆ ژێر دەستەکانی بە سەرۆکایەتی (فازل بەراک) کە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بووە و فەرمانەکانی لە بەرپرسی سەرووی خۆیەوە وەرگرتووە. تۆمەتبار سەعدون شاکر محمود و فەرمانەکانی دەربارەی کوشتاری بارزانییەکان بوو کە لە ئەنجامدا بڕیاری لەسێدارەدان بۆ (٢٢٢٥) کەس لە بارزانییەکان دەرچوو، و بە فیشەک دەستڕێژکران، و لە ناوچەی (بوسەیە) لە شاری (موسەنا) لەچاڵ نران. تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان سەر بە عەشیرەتی بارزانی بوون، سەرجەم قوربانییەکان لە ڕەگەزی نێر بوون. بۆیە لێپرسراوێتی تۆمەتبار لێپرسراوێتییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی یەکەم و ڕاستەوخۆ بووە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش و پۆلیس، بۆیە بە ئاگابووە لەوەی کە ژێردەستەکانی چیان دەکرد. وە بەپێی ئەو بەڵگانەی خراونەتە بەردەستی بەئاگابووە لەوەی قوربانییەکان چیان بەسەر هاتووە. وە دەربارەی ئەو بڕیارە دروستکراوانەی بۆ بەرزانییەکان دروستکرابوون لە لایەن (دادگای شۆڕش)ی هەڵوەشاوەوە بووە، و وێنەیەکی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوەو بە هاوبەشی دەزگا ئاسایشییەکانی ژێر دەستی ناوبراو لە ئەنجامدا کارەکان ڕێکخراوە و جینۆسایدەکە ئەنجامدراوە.

لە هەمان کات کە تۆمەتبار سەعدون شاکر محمود وەزیری ناوخۆ بووە، سەبارەت بە گرنگترین خاڵ بۆ تاوانبارکردنی سەرۆکێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانەی کە ژێر دەستەکانی ئەنجامی دەدەن بەهۆی دەسەڵاتی بەسەر ژێردەستەکانیدا، وەک پێگەیەکی بەرز لە دەسەڵاتدا کە دەتوانێت دەستبەسەر کردارەکانیاندا بگرێت، بۆیە پێویست بوو ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر دژی ژێردەستەکانی ئەوانەی ئەو

کردارەیـــان ئەنجامـــدا. بـــۆیە ئەو لەو مـــاوەی کە وەزیـــری نـــاوخۆ و بەرپرســی ڕێکخســتنی کاروبــاری پــارتی هەڵوەشــاوە بــوو لە بــاکوور لێپرسراوێتی تاوانباران لە ئەستۆ دەگرێت. لەبەر ئەوە تاوانبار سەعدون شاکر محمود بەشدارە لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دژبە عەشیرەتی بارزانییەکـان و بە ئاگابووە لەو تـاوانە. بەوەش لێپرسـراوێتی تاوانکـاری لە ئەسـتۆ دەگرێـت. لێـرەوە دادگـای تاوانکـاری بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت جێبەجێکـردووە، ئەوەش لەبەر هەبـوونی بەڵـگەی یەکـلاکەرەوە بـۆ تاوانبـارکردنی تۆمەتبـار سـەعدون شـاکر محمـود بەپێـی مـاددەی (١١/یەکەم/أ) و بە بەڵگەی ماددەی (١٥/ یەکەم و دووەم/ ج/ و سێیەم و چـوارەم) لە یاسـاکانی دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥).

وە لەبەر ئامادەبوونی بەڵگەی تەواو و یەکلاکەرەوە بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبـــاری نـــاوبراو، دەربـــارەی دوورخســـتنەوەی بەزۆر و تـــاوانی ئەشکەنجەدان و تاوانی کردەوە نا مرۆییەکانی تر، ئەوانەی کە بەهەمـان شـێوە ئـازارێکی زۆر بـۆ جەسـتە و دەرونیـان گەیانـدووە بەپێـی دەقـی مـــاددەی (١٢/ یەکەم/ د) (١٢/ یەکەم/ و) لە یاســـاکانی دادگـــای بـــاڵای تاوانکـاری عێراقـی، ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥). لەبەر ئەوە دەسـتەی جیاکـــاری بڕیاریـــدا بە پشتڕاســـتکردنەوەی ســـەرجەم بڕیارەکـــانی تاوانبـارکردن، و بڕیارەکـانی دادگاکـانی تـر، و سـڕینەوەی دەسـتەواژەی (یاسای گشتی)، و پشتگیری بڕیاری سزادانی بەندی (١)، چـونکە ڕاسـت و دروستە بەهـۆی گەورەیـی تـاوانە ئەنجامدراوەکانەوە. بەڵام سـەبارەت بە سزای بەندی (٢) لە بڕیـاری تـایبەت بە تـاوانی دورخسـتنەوەی بەزۆر بڕیـارەکە نـا ڕاسـتە. چـونکە کـار بە مـاددەی (١٧/ یەکەم/ ب) لە یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانکـاری عێراقـی نەکـراوە، کە بەپێـی ئەم یاسـایە کـار بە

یاسای سزادانی کارپێکراو لە ساڵی (١٩٨٥)ی (چاپی سێهەم) دەکرێت، کە پێویست بوو لەسەر دادگا سزادانی تۆمەتبار بەپێی گەڕانەوە بۆ پێشینە یاساییەکان و سزاکانی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دیاری بکات بە پشتبەستن بە ماددەی (٢٤/ پێنجەم) لە یاسای دادگا، لە بڕیارێکی جوداکاری (تمیزی) لەلایەن ئەم دەستەوە بڕیاردرا بە دیاریکردنی سزاکە بەپێی ڕێنمایی پێشینە یاساییەکان لەبری گەڕانەوە بۆ ماددەی (٤٢١) لە یاسای سزادان، بۆیە سزاکە لە (١٥) پانزە ساڵ زیندانیکردن بەسەر تۆمەتبار سەعدون شاکر محمود کەم کرایەوە بۆ (١٠) دە ساڵ زیندانیکردن. چونکە (١٥) پانزە ساڵ چیتر بەپێی ئەم یاسایە گونجاو نییە. وە سەبارەت بە بڕیاری هەردوو بەندی (٣-٤) پشتگیریکران لەبەر گونجاوییان. تێبینی، گەڕانەوە بۆ ماددەکانی (٤٧- ٤٨- ٤٩) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بۆ ئەم جۆرە داوایە هیچ پاساوێکی نییە، و بەسەر ئەم جۆرە داوایەدا جێبەجێناکرێت بۆیە تەنها گەڕانەوە بۆ ماددەی (١٥) لە یاسای دادگا و بەندەکانی بەسە بۆ یەکلاکردنەوەی لێپرسراوێتی تۆمەتبارێک بە تایبەتی بەکارهێنانی بۆ جارێک گشتگیری دروست دەکات وە پێشتر بەکارهاتووە لە بڕیارێکی جوداکاری (تمییزی)دا لەلایەن ئەم دەزگاوە بۆ هەمان مەبەست بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (٢٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی (٢٥٩/ أ/ ١) لە یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو، بڕیارەکە بە کۆی دەنگ لە بەرواری (١٧/ ڕەجەب/ ١٤٣٢)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠١١/٦/٢٠)ی زاینیدا دەرچووە.

لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە بەگشتی دژی سزای لە سێدارەدانم. نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ خودا دروستی کـــردووە و بە تەنهـــا خـــودای گەورەش مـــافی ئەوەی هەیە ژیانیـــان لێوەرگرێتەوە و لێسەندنەوەی ژیانیش بۆ هیچ کەسێکی تر ڕەوا نییە جگە لە خودا. بەڵکو بە باوەڕێکی قووڵەوە لەوە گەشتووم کە سزاو تۆڵە ناتوانێت هاوسەنگی درووست بکاتەوە و دادپەروەری بەدیبهێنێت.

لە سێدارەدانی هەموو ئەوانەی کە تاوانکاری سەرەکی بوون یاخود بەشـداروو هانـدەرو هاوکـاریکەری ئەنجامـدانی جینۆسـاید بـوون لەدژی کـورد، ناتوانێـت دۆخـی نەتەوەی ئـێمە بگەڕێنێـتەوە بـۆ پـێش دۆخـی جینۆسـایدەکە. لەم ڕوانـگەیەوە کە لەسـێدارەدان ناتوانێـت دادپەروەری بەدی بهێنێت و لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕم بە سزای سێدارەدان نییەو ئەو ســزایەش لە فەلســەو هــزری یاســایی منــدا هەڵوەشــاوەتەوە و لەگەڵ بەخشین و لێخۆشبوونیش نیم بۆ تاوانکـاران و بەکرێگیـراوان، چـونکە بەخشین و لێخۆشبوون بە مانای لەبیرکردنی ئەو تـاوانە قووڵە دێت کە ئەنجـام دراوە، ئەو جۆرە تاوانـانەش نابێت لەبیـر بکـرێن پێویسـتە نەوە لەدوای نەوە لە قووڵیی ئەو ئازارە بگەن کە لە مێژوویەکدا نەتەوەکەی ئەزمـوونی کـردووە. وازهێنـان لە سـزاو تـۆڵەش بەمانـای بەخشـین و لێبوردنی تاوانباران نایەت، بەڵکو مانای جیاکردنەوەو دانانی تاوانبارانە بە ناشیرینییەکانیانەوە، وەک کەسێکی ڕەفتار خراپ، جیاکردنەوەیان بە تاوانەکانیـانەوە بە سـتەمەکانیانەوە لەپەراوێـزی کۆمەڵایەتیـدا، کە ئەو تاوانبـارانە لەگەڵ ژیـانی مرۆییـانەی ئـێمەدا نـاژین و جێگایـان نـابێتەوە، ئیـدی ئەوان وەک مـرۆڤ تایبەتمەنـدیی مرۆییـان لەدەسـتداوە و ئەرکـی دەسـتگای دادوەرییە کە دادگاییـان بکـات و جۆرێک لە سزای یاسـاییان

بەسـەردا بسـەپێنێت بەبێ لە سـێدارەدان و بخـرێنە پەراوێـزی کۆمەڵایەتییەوە.

لەژێر ئەو ڕوناکییەی کە باوەڕم بە سزای لە سێدارەدان نییە، بەڵام لێرەدا وەک کەسێکی یاسایی بە ئەرکی دەزانم کە بەرچاوڕونی بدەم لەسەر شێوازی دادگاییکردنی تاوانباران و سزای تاوانباران لە ڕوانگەی یاسای سزایی نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەوە.

لە دوای پێکهێنـانی ڕێککەوتننـامەی قەدەغەکردنـی جینۆسـاید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی لە ساڵی (١٩٤٨)دا، ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید بەهیچ شێوەیەک نابەخشرێن و لەو کاتەوە سزای یاسایی بۆ ئەنجامدەرانی داناوە.

لە مـاددەی (٤) چـواری ڕێککەوتننـامەکەدا هـاتووە (ئەنجامـدەرانی جینۆسـایدو هەر کرداریێکیتـر کە لە مـاددەی (٣)ی ئەم ڕێککەوتننـامەیەدا هـاتووە. کردارەکـانی مـاددە (٣) بـریتین لە (جینۆسـاید- پیلانـدانان بـۆ ئەنجامـدانی جینۆسـاید- هانـدانی ڕاسـتەوخۆو ئاشـکرا بـۆ ئەنجامـدانی جینۆسـاید- هەوڵـدان بـۆ ئەنجامـدانی جینۆسـاید- بەشـداریکردن لە ئەنجامدانی جینۆساید). سزا دەدرێت، بەبێگوێدانە ئەوەی فەرمانڕەوای دەستووری بێت، یان فەرمانبەری گشتی یان تاکە کەسێک بێت).[٢٤]

وە لە مـاددەی (٦) شەشـەمی ئەو ڕێککەوتننـامەیەدا هـاتووە (دادگـایکردنی کەسـانی تۆمەتبـارکراو بە ئەنجامـدانی جینۆسـاید و هەرکرادرێکیتـری باسـکراو لە مـاددەی (٣)ی ڕێککەوتننـامەکەدا هەیە، لەبەردەم دادگـایەکی پسـپۆڕ لە دادگاکـانی ئەو دەوڵەتـانەی کەکـردارەکە لەخاکەکەیـدا ڕویـداوەو ڕودەدات، یـاخود لەبەردەم دادگـایەکی سـزایی نێـودەوڵەتی کە تایبەتمەنـدی هەبێـت بەرامـبەر هەر لایەنێـک کە پەیوەندیداربێت و دانی بە پسپۆڕی دادگاکەدا نابێت).[٢٥]

له ماددەی (٧) حەوتەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە (جینۆساید و کردارەکانی تری باسکراو لە ماددەی (٣)ی ڕێککەوتننامەکەدا لەسەر ئاستی تەسلیم کردنەوەی تاوانکاراندا، بە تاوانی سیاسی ناژمێردرێن، و لایەنە ڕێککەوتووەکانیش لە دۆخێکی وەهادا پەیماندەدەن کە بەپێی یاساکانیان و ڕێککەوتننامە کارپێکراوەکان داوای تەسلیم کردنەوەکە جێبەجێبکەن). واتە تاوانکاری جینۆساید گەر هەڵبێت بۆ هەر دەوڵەتێک، ئەوا ناتوانێت بەسوود وەرگرتن لە مافی پەنابەریی مرۆیی و سیاسییەوە خۆی بپارێزێت و پەنابدرێت. بەڵکو دەبێت لەو دەوڵەتەی بۆی هەڵهاتووە دادگایی بکرێت و سزا بدرێت، یان تەسلیم بە دەوڵەتەکەی خۆی بکرێتەوە و لە دادگایەکی سەربەخۆ و دادوەر و ئاشکرادا دادگایی بکرێت.[٢٦]

ماددەی (٦) شەشەمی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسی و شارستانییەکانی ساڵی (١٩٦٦)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێگەی بە سزای لەسێدارەدان داوە لەو دەوڵەتانەی کە هێشتا سزای لە سێدارەدان هەڵنەوەشاوەتەوە.

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیش سەرەڕای ئەوەی بە پێی ماددەی (٣٨)ی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە یەکەم سەرچاوەی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێن، هەروەها لە ڕوی یاساییشەوە بالاییان هەیە بەسەر یاسا نیشتیمانییەکاندا.

هەروەها گەرچی لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای)، سزای لە سێدارەدان بوونی نییە، بەڵکو بەپێی ماددەی (٧٧) قورسترین سزا زیندانیی هەمیشەیی و زیندانیکردنە بە ماوەیەک کە نەگاتە (٣٠) سیی ساڵ. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای) بەپێی ماددەی (٨٠)، ڕێگەیداوە بەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی دادگاکەن و سزای لە سێدارەدانیان هەڵنەوەشاندووەتەوە کە سزای لە

سێدارەدان جێبەجێبکەن بە سەر ئەنجامدەرانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ناویشیاندا ئەو چوار تاوانە نێودەوڵەتییەی کە ماددەی (٥) پێنجەمی دادگاکە ئاماژەی بۆ کردووە و دادگا دەسەڵاتی دادبینی کردن و بینینیانی هەیە.[٢٧]

یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لە ماددەی (٤٠٦)دا باسی سزای لە سێدارەدان دەکات بۆ ئەو تاوانانەی کە پەیوەستە بە کوشتنی بە مەبەستەوە. ئاشکراشە تاوانەکانی دژ بە کورد کە لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دژی کوردانی بێبەرگری و بێتاوان ئەنجامدران و هەموو تاوانی بە مەبەست بووە و بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کوردی ئاری نەژاد ئەنجامدراوە، بۆیە تاوانکارانی ناتوانن لە سزای یاسایی ڕزگاریان ببێت.[٢٨]

دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقیش لە ماددەی (٢٤)دا، کاری بە سزاکانی یاسای سزادانی عێراقی کردووەو چەند بڕیاری لە سێدارەدانی لە کەیسە مەترسیدارەکانی لەسەرەتای دامەزراندنی دادگاکەوە تا هەنوکە دەرکردووە و جێبەجێکردووە.[٢٩]

هەروەها لە ماددەی (٢٧)ی هەمان دادگا باسی جێبەجێکردنی بڕیارەکان کراوەو لە بڕگەی (١) یەکەمی ماددەکەدا هاتووە (بڕیارەکانی ئەم دادگایە جێبەجێدەکرێن بەپێی یاسا).

لە بڕگەی دووەمدا هاتووە (هیچ لایەنێک بە سەرۆک کۆماریشەوە بۆی نییە بڕیاری لێبوردن دەربکات، یان سزاکانی ئەم دادگایە سوک بکات، وە سزاکەش پێویستە لە دوای بەسەر چونی ماوەی (٣٠) سیی ڕۆژ جێبەجێبکرێت لە بەرواری وەرگرتنی بڕیارەکە بە پلەی کۆتایی).[٣٠]

هەروەها لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧٣)ی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا دەسەڵاتی دەکردنی لێبوردنی تایبەتی بە سەرۆک کۆمار بەخشیوە.[٣١] بەڵام هەندێ تاوانی لێبەدەرکردووە لەوانەش تاوانە

نێودەوڵەتی و مەترسیدارەکان. وەک ئاشکراشە تاوانی جینۆساید یەکێکە لە مەترسیدارترین تاوانە نێودەوڵەتییەکان. هەربۆیە بەپێی دەستوور ناکرێت بڕیاری لێبوردن دەربکرێت بۆ تاوانکارانی جینۆساید. هەر یاسایەکیش یان فەرمانێک پێچەوانەی ئەو بڕگەیە دەربچێت ئەوا بە پێشێلکاریی دەستوور دادەنرێت و وەک ئاشکراشە دەستوور لوتکەی یاساکان و دایکی یاساکانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا.

لە سەروی ئەوانەشەوە عێراق ئەندامی دوو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتییە و واژوی کردووە و ئەو دوو ڕێککەوتننامەیەش وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە سزای یاسایی بۆ ئەنجامدەرانی جینۆساید داناوە و نەیبەخشیون.

ئەوانیش:

یەکەم/ ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی (١٩٤٨/١٢/٩)، کە عێراق لە (١٩٥٩/١/٢٠)وە واژوی کردووە و ئەندامییەتی.

دووەم/ ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکانی (١٩٦٦/١٢/١٦)، کە عێراق لە (١٩٦٩/٢/١٨)وە واژوی کردووە و ئەندامییەتی.

لەژێر ئەو ڕوناکاییە یاساییانەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییش ئەنجامدەرانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی و بە تایبەتی جینۆساید لە سزای یاسایی ڕزگاریان نابێت و هیچ دەوڵەتێکیش ناتوانێت پەنایان بدات و تاوانەکانیان وەک تاوانی سیاسی سەیربکات و مافی پەنابەری سیاسی و مرۆییان پێببەخشێت.

بەڵام ئەوەی جێگای ڕەخنەیەکی قووڵە، ئەوەیە کە بەرەی کوردستانی لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، بێئاگایانە لەوەی کە ئەو

ماف و دەسەڵاتەی نییە، بڕیاری بەخشینی بۆ ئەو تاوانبارانە دەرکرد. بەبێئەوەی ئەو مافەی هەبێت چونکە تاوانی جینۆساید لەبەرئەوەی تاوانێکی نێودەوڵەتییە بەهیچ شێوەیەک تاوانکارانی نابەخشرێن کە دەستی باڵایان هەبوو لە پرۆسەی جینۆسایدی کورددا. بەخشینی ئەو تاوانبارانە گەورەترین گرفت بو کە ئەمڕۆ باجەکەی دەدەین لە ڕووی مرۆیی و یاساییەوەو کاریگەریی بەسەر نەوەی داهاتوشەوە دەمێنێتەوە.

نەمزانیوە، نەمخوێندووەتەوە، نەمبیستووە و بەرچاوم نەکەوتووە کە هیچ نەتەوەیەکی جینۆسایدکراوی ئەم دونیا پان و بەرینە بەکرێگیراوەکانی بەخشیبێت، بگرە بە سزای یاسایی خۆیانی گەیاندوون. بەکرێگیراوان و تاوانکارانی جینۆساید شایستەی لێخۆشبون نین و نابورێن، نەک لەبەرئەوەی کە جینۆسایدکراوان لە ژیاندا نەماون تا داوای لێبوردنیان لێبکرێت. بەڵکو لەبەرئەوەی بەخشین و دەرکردنی بڕیاری لێبوردن واتە لە بیرکردنی تاوان، کە ئەو تاوانانە نابێت هەرگیز لە بیربکرێت و وا پێویست دەکات لە هزری تاک بە تاکی نەوەی نەتەوەو مرۆڤایەتیدا جێگیر بکرێت و لە پێناو مرۆڤ دۆستی و دوبارە نەبوونەوەی جینۆسایدەکەدا یادی مەزنی ئازاراوی و ڕەشی ڕەهای ڕۆژەکە بکرێتەوە و وەک دژوارترین ئازار و سەختترین ئەشکەنجە کە ئەزموونیان کردووە لە خەیاڵگەیاندا هەڵبگرن.

ئەو تاوانبارو بەکرێگیراوانە لە فەرهەنگی کوردیدا بە (جاش) ناویان هاتووە. لەوانەیە بەم چەمکە مەزنترین غەدرکرابێت لە جاش (بەچکەی کەر)، وەک ئاژەڵێکی بێزیان و ماندووی ڕۆژگار. دەکرێت چەمکی خۆفرۆش، یان بێنرخ، یان بەکرێگیراو بۆ ئەو تاوانبارانە گونجاوتربێت، تاوەکو چەمکی جاش. نەک هەر جاش بگرە لە سیستەمی هیچ جۆرە ئاژەڵێکی تردا نەبینراوەو نییە کە ئاژەڵێک ئاژەڵێکی تری هاوجۆری خۆی بخوات. بەڵام لە پرۆسەی جینۆسایدی کورددا کوردی بەکرێگیراو

کوردی خوارد و بەشداربوون لە شکاندنی کەرامەتی گەوهەرییان و ڕژاندنی خوێنی ئاڵیان.
لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئەوانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن بە (بەکرێگیراو) ناسراون و مافەکانی دیلی جەنگ و جەنگاوەریان نییە و ئەوانە وەها پێناسەکراون کە لە پێناو بەرژەوەندییەکی تایبەتدا ئەو کارە جێبەجێدەکەن. ئەویش لە ژێر ڕوناکایی ماددەی (٤٧)ی پڕۆتۆکۆڵی یەکەمی ژنێڤی (١٩٧٧/٦/٨)، کە عێراق واژوی کردووە.
هەر پەیوەست بەو بابەتەوە لە (٢٠٠٧/٦/٢٤)، دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی بە بڕیاری ژمارە (س/١٠/٨٣) بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ (٤٢٣) چوار سەدو بیست و سێ تۆمەتبار دەرکرد کە لە ناو ئەوانەدا (٢٥٨) دوو سەدو پەنجاو هەشت تۆمەتباریان کوردن و تا هەنوکە تەسلیم بە دادگا نەکراون و دادگایی نەکراون. زۆربەی زۆریان لە ناو پارتەکانی باشووری کوردستاندا پەنا دراون، نەک هەر ئەوە بگرە ڕێزی زیاتر و پلەی کۆمەڵایەتیی باشتریان پێدراوە، لە کەسوکاری جینۆساید کراوان. هەندێکیشیان ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کراون. ئەو بەخشین و دادگایی نەکردنە کاریگەریی هەبووە لەسەر قەرەبوو نەکردنەوەی زیانلێکەوتوانی جینۆسایدی کورد، چونکە بڕیاربەدەستانی کوردی هاوکاریی دادگاکەیان نەکردووە لە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران. بەڵکو بگرە ئەمە ڕەوایی دانە بە دروستکردنەوەی بەکرێگیراو لە ناو سوپای دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا و ناڕاستەوخۆ بە کوردانی بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستان دەڵێت بڕۆن ببن بە بەکرێگیراو سبەینێش کە ناسنامەو ئازادی بەدەستهات و خۆری سەربەستی و سەربەخۆیی هەڵهات و بوون بە خاوەنی حکومەتی کوردی ئەوا هەر ئێوە ڕێزتان زیاترە لە هەمو ئەوانەی بونەتە قوربانیی ئەو جینۆسایدەی کە ئێوە بەشدار بوون تیایدا. ڕاشکاوانە پێیان دەڵێت دڵنیابن کە هەرگیز

ڕووبەڕووی سزای یاسایی نابنەوە. گەر ئەو تۆمەتبارانە دادگایی بکرانایا و سزای یاسایی خۆیان وەرگرتایە، ئەوا ژمارەی بەکرێگیراوەکانیش لەناو سوپای داگیرکەری کوردستاندا کەم دەبوویەوە و بگرە نەش دەما. چونکە لەوە دەگەشتن کە لەکاتی سەربەخۆیی خۆرهەڵات و باکووری کوردستانیشدا ئەوانیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و سزای یاسایی وەردەگرن لە بەرامبەر ئەو ڕاژەیەی کە بە سوپای داگیرکەریان کردووەو ئەوانیش ئەو ڕاژەیان بەکارهێناوە بۆ جینۆسایدی کورد.

پاش ئەوەی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ ئەو (٤٢٣) چوار سەدو بیست و سێ تۆمەتبارە دەکرد. دادگا ناوی (٢٥٨) دوو سەدو پەنجاو هەشت تۆمەتبارە کوردەکەی ناردووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستگیرکردنیان، ئەویش ناردوونی بۆ ئەنجومەنی دادوەری بۆ ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەربکات. وە لە (٢٠١١/٥/٥) ئەنجومەنی دادوەری بە فەرمانی ژمارە (٩٤٣) لە ڕێگای دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی کوردستانەوە داوای دەستگیرکردنی کردوون. هەروەها بۆ جارێکی تر سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی دادوەری لە (٢٠١٥/٥/٧) بە فەرمانی ژمارە (٢٧٠) داوای دەستگیرکردنی کردوون، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەو ئەرکە هەڵنەستاوەو دەستگیری نەکردوون و ڕادەستی دادگای نەکردوون بۆ لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن. تۆمەتبارەکانیش ئامادەیی ئەوەیان نییە بچنە بەردەم دادگا.

بەپێی ماددەی (١١)ی جارنامەی جیهانیی مەفەکانی مرۆڤ.[٣٢] و ماددەی (٦٦)ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی (دادگای لاهای).[٣٣] هەموو کەسێکی تۆمەتبارکراو بێتاوانە تا ئەو کاتەی کە تاوانەکەی دەسەلمێت بەگوێرەی یاسا و لە بەردەم دادگادا. بۆیە ئێمە ناتوانین ئەو داواکراوانە بە تاوانکار ناو ببەین تا ئەو کاتەی لەبەردەم دادگای باڵای تاوانکاریی

عێراقیدا تاوانکاری و بێتاوانییان یەکلایی دەبێتەوە. بۆیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی ئاکاری و یاساییە هەستێت بەجێبەجێکردنی بڕیاری دادگا بە تەسلیم کردنەوەو دادگاییکردنیان. گەر ئەو کارە نەکرێت ناتوانرێت باس لە هاوبەشیکردنێکی ڕاستەقینەی ئازاری جینۆساید کراوانی کورد بکرێت و ناشتوانین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕویەکی گەشەوە کار بۆ بە جینۆسایدناساندنی کەیسی جینۆسایدی کورد بکەین.

لێرەدا ناوی ئەو تۆمەتبارە کوردانە وەک خۆی دادەنێینەوە کە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی لە لیستی (٤٢٣) تۆمەتبارەکەدا ناوی هێناون.

ئەو تۆمەتبارە کوردانەش کە ژمارەیان (٢٥٨) دوو سەدو پەنجاو هەشت کەسن ئەوانەی خوارەوەن:

١/ محەمەد کەریم شوش زێباری

٢/ خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ

٣/ خدر عەبدوڵا حسەین

٤/ خالید شێخۆ مراد

٥/ خالید قاسم محەمەد ئەمین

٦/ حمود عومەر صاڵح تاجەدین میرنی

٧/ حیلمی سەعید قادر محەمەد جاف

٨/ حسەین خدر حمد

٩/ حسەین حەمە فەتاح قادر

١٠/ نامیق ڕەقیب سورچی

١١/ عاصف حەحمەد زێباری

١٢/ عەبدولکەریم محەمەد سەلیم شوش زێباری

١٣/ عەبدوڵلا کاک ئەمیر (عەبە کەرکوکی)

١٤/ عەبدوڵڵا حەسەن صاڵەح بابان
١٥/ عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف
١٦/ ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری
١٧/ ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنە
١٨/ ئەحمەد بیجۆ
١٩/ ئەحمەد جەبار جەباری
٢٠/ محەمەد جەوهەر گۆران
٢١/ کەمال محەمەد حەیدەر (کەمال شەمە)
٢٢/ کەمال حەمە مام سۆرانی
٢٣/ کامەران ئەحمەد (کامەران سور)
٢٤/ محەمەد شێخ عەبدول کەریم بەرزنجی
٢٥/ عومەر حاجی بادینان
٢٦/ عەلی لوت ماسی
٢٧/ عومەر خدر حەمد سورچی
٢٨/ فوئاد کەریم بایز هەمەوەند
٢٩/ فارس محەمەد قادر عەزیز سورچی
٣٠/ عادل تۆفیق ڕەشید
٣١/ عەبدوڵڵا حەسەن صالح
٣٢/ جەلال محەمەد عەبدول ڕەحمان هیلالی
٣٣/ جەلال شێخ نەجمەدین کەریم
٣٤/ جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگایی
٣٥/ جەرجیس حەمید حیدر
٣٦/ جاسم محەمەد فارس محەمەد
٣٧/ تەیب محەمەد عوسمان (شێخ تەیب)
٣٨/ عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی

٣٩/ محەمەد صادق محەمەد شوانی
٤٠/ عومەر محەمەد حەیدەر
٤١/ عومەر مردخان جەلیله
٤٢/ عەلی ئەوڕەحمان ئەسعەد
٤٣/ عەلی ئەحمەد محەمەد هارونی
٤٤/ عەونی حاجی مستەفا جبرائیل
٤٥/ عەلی عەبوش عەبدی غەزاله
٤٦/ عەلی سلێمان حسەین
٤٧/ عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان
٤٨/ شێخ بورهان
٤٩/ شێخ جەلال ساڵەیی
٥٠/ شێخ سعاد تالنی
٥١/ شێخ ڕوووناک
٥٢/ عومەر حەمە ڕۆستەم
٥٣/ کامیل شێخ هادی
٥٤/ عومەری حاجی صاڵح
٥٥/ عەبدول مەجید حسەین ئیسماعیل شێخکی
٥٦/ مەلا حەسەن ڕۆغزایی
٥٧/ شێخ کەریم شێخ شەهاب
٥٨/ سەید مەجنون
٥٩/ شامل دەروێش
٦٠/ عەمەی حاجی حسەین
٦١/ جەبار موسا قەرەهەنجیری (جیهاد)
٦٢/ جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی
٦٣/جەمال حسەین دوزی

٦٤/ چیا سورچی
٦٥/ حەجاج عەبدولغەفور خالید دوبەردانی
٦٦/ حەسەن مەحمود بەگ ئەمین هواری
٦٧/ حەسیب محەمەد نەجم جەباری
٦٨/ مامەند حەمد مەولود
٦٩/ محەمەد عەلی ڕەسوڵ
٧٠/ مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا
٧١/ نەوزاد ئەنوەر بێتواتە
٧٢/ مام یەحیا (کۆیە)
٧٣/ ئەسعەد سەلیم حاجی ئاغا
٧٤/ ئەحمەد کوێخا ڕەجەب
٧٥/ ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵەح
٧٦/ حەمە بوخچی
٧٧/ میرزا حەسەن
٧٨/ ئەنوەر حسو
٧٩/ محەمەد کاوانی
٨٠/ عومەر حەسەن (عومەر عەرەب)
٨١/ سەید قدرت
٨٢/ عومەر سۆفی
٨٣/ سەلاح شینە
٨٤/ عومەر ئاغا
٨٥/ هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا
٨٦/ هەڵگورد عەبدولکەریم کەسنەزانی
٨٧/ نوری حەسەن مراد سورچی
٨٨/ نەجمەدین ساڵەح محەمەد بەرزنجی

٨٩/ مشير هادی حەمد ئاغا

٩٠/ مشير ئيبراهيم ئەحمەد

٩١/ محيّدين عەزيز محەمەد باباعەلی

٩٢/ مەحمود حسەين مەحمود عەلی

٩٣/ مەحمود ئەحمەد شەريف غەوارە

٩٤/ محەمەد ئەحمەد ژاژلّەيی

٩٥/ محەمەد نەجيب سادق بەهادين

٩٦/ محەمەد عومەر ئەمين جەميل (باساكی)

٩٧/ تاهير عەلی عەبدولڕەحمان

٩٨/ محەمەد سەليم قادر عوسمان

٩٩/ ئيبراهيم بالول ئاغا

١٠٠/ عەقيد حەميد عوسمان

١٠١/ محەمەد شێخ مەعروف پيرداود

١٠٢/ مەجيد سلێمان ئەحمەد جاف

١٠٣/ كەريم خان مەحمود خەليفە

١٠٤/ قاسم كەريم ئەحمەد مەحمود

١٠٥/ قادر مەحمود خەليفە عەبدولسەمەد

١٠٦/ قادر محەمەد ڕەشيد عەبدولقادر

١٠٧/ فەرهاد مامەند حمد مەولود

١٠٨/ فاتيح تاهير مستەفا عەبدولقادر

١٠٩/ وەهاب ڕەحمان حەمد ئەمين

١١٠/ ميرزا ئيسماعيل شريف ڕەزا

١١١/ خدر فەتاح حسەين گامێش

١١٢/ ڕەسوڵ مامەند قيردۆلی

١١٣/ زەيد سورچی

١١٤/ سەعید عەدنان جەباری
١١٥/ سەعید محێدین ئەحمەد زەنگەنە
١١٦/ سەید ڕەزا سەید تەها (سەید مانکا)
١١٧/ جەبار درێژ
١١٨/ حاج عەلی نبیاوە
١١٩/ عەلی سەلمە چوارتایی
١٢٠/ ئەسعەد جانكیز هەركی
١٢١/ محەمەد جەوهەر ئیسماعیل ساڵەح
١٢٢/ جەهەر مەحی جانكیز هەركی
١٢٣/ ئەرشەد ئەحمەد زێباری
١٢٤/ محەمەد سەعید مەحمود شەمێرانی
١٢٥/ محەمەد حەمە ئەمین حسەین زراری
١٢٦/ محەمەد تاهیر ڕەشید حەمە ئەمین
١٢٧/ موحسین محەمەد یاسین
١٢٨/ محەمەد كانەبی بانو ئاغا
١٢٩/ حسەین محەمەد عوسمان
١٣٠/ حەمە خان دارا ڕەشید
١٣١/ یونس ڕەمازان غەوارە
١٣٢/ كیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح
١٣٣/ محەمەد حەسەن عەلی میرزا
١٣٤/ تەحسین شاوەیس سەعید
١٣٥/ ئیبراهیم عەلی ملولزوری
١٣٦/ مەحمود حەمە ئەمین حەمە ساڵەح
١٣٧/ ڕەشید حەمە ئەمین عەزیز
١٣٨/ ڕەزا تەها محێدین

١٣٩/ ڕەفعەت محەمەد عەلی
١٤٠/ زیرەک تاهیر سەعید
١٤١/ سعاد فەیزوڵڵا محەمەد
١٤٢/ عاسی حەمە دیزە
١٤٣/ دڵسۆز خدر مینە بڵباس
١٤٤/ فازیل مستەفا حەسەن بەرواری
١٤٥/ فاروق ڕەشید عەلی محەمەد نەورۆڵی
١٤٦/ کەریم عەبدوڵڵا کەریم
١٤٧/ فەتاح کەریم فەتاح
١٤٨/ عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ
١٤٩/ ساڵەح ئەحمەد حسەین
١٥٠/ جەبار شێخ هادی
١٥١/ خەیروڵڵا دوزی
١٥٢/ خالید مەحمود ئەحمەد عەلی غەوارە
١٥٣/ شێخ مەحمود سەید گوڵ
١٥٤/ سەعید قادر محەمەد جاف
١٥٥/ سەعید ئەحمەد شیشە
١٥٦/ سالار نەسروڵا قادر
١٥٧/ خضەیر ڕەشید بەحری
١٥٨/ سەعید غەیدان (حەمە سەعید)
١٥٩/ زاهیر ئاغا کۆیە
١٦٠/ عەدنان دیسکۆ
١٦١/ مەجید غەیدان
١٦٢/ تاریق کاکەیی
١٦٣/ سەباح سورچی

١٦٤/ عەبدولکەریم سەعدی سلێمان سەعدی
١٦٥/ عەبدوڵڵا فەیسەڵ عەبدوڵڵا ماوانی
١٦٦/ عەبدولکەریم حسەین خالید
١٦٧/ عەبدولقادر مستەفا محەمەد
١٦٨/ عەبدولڕەحمان عاسی عێزەدین
١٦٩/ حەمەد ئەمین حەمە شاسوار
١٧٠/ حەمزە عەباس مامەند ئاکۆ
١٧١/ قالەی عەزە ناڵبەند
١٧٢/ مەدحەت تۆفیق داودی
١٧٣/ مەلا عوزێر
١٧٤/ موحسین کەرچی ڕەحی
١٧٥/ سەباح نازم ڕەقیب سورچی
١٧٦/ محەمەد کەلحی ڕێکان
١٧٧/ محەمەد قادر ئاغا سورچی
١٧٨/ فەرهاد مامەند حەمد
١٧٩/ شێرزاد عەلی بەلەکە
١٨٠/ تاریق شەفیع کافرۆش
١٨١/ تاریق عەزیز ڕەزا ئاغا
١٨٢/ شێخ سەلاح نەقشبەندی
١٨٣/ ئەنوەر محەمەد ڕەزا مەحمود جاف
١٨٤/ بورهان شوانی
١٨٥/ بەکر عەلی حاجی موشیر
١٨٦/ بەکر کەریم غەفور
١٨٧/ جاسم محەمەد زێباری
١٨٨/ محێدین حەمە ڕەحیم

١٨٩/ناميق عەبدولکەریم
١٩٠/ حەمە ڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم
١٩١/ شمال ڕەفعەت کلی
١٩٢/ مامەند قەشقە
١٩٣/ عومەر حەمە عەلی چەرمەگا
١٩٤/ مستەفا سلێمان وزە
١٩٥/ حەمە کەریم حەمە فەرەج
١٩٦/ عەمید فەتاح بگ جاف
١٩٧/ یەحیا جاف
١٩٨/ تاهیر عوسمان ڕۆستەم
١٩٩/ بابەکر وسو محەمەد
٢٠٠/ جەمال خضر خالید
٢٠١/ جەمال فەقێ حسەین
٢٠٢/ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم
٢٠٣/ تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری
٢٠٤/ ئەحمەد جەمیل ئەمین
٢٠٥/ حسەین حەمە سور ئاغا
٢٠٦/ ئاوات ئەحمەد حەسەن ڕەش
٢٠٧/ تۆفیق حەمە فەرەج حەمە ڕوسم نەورۆڵی
٢٠٨/ بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد
٢٠٩/ بایز عەزیز ڕەشید باوەجانی
٢١٠/ ئەبوبەکر فقێ ساڵحی
٢١١/ ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک
٢١٢/ ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گلی
٢١٣/ ئەنوەر ڕەشید خضیر میران

٢١٤/ عەلاو محەمەد ئەمین عیسا
٢١٥/ عەرەب ساڵەح عومەر قادر
٢١٦/ عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەبارە
٢١٧/ قاسم ڕەشید دزەیی
٢١٨/ غیاب تۆفیق سلێمان یاسین
٢١٩/ عیسمەت دینو بیری
٢٢٠/ عومەر حەسەن سەرگوڵ کوردی
٢٢١/ عومەر بەشار ساڵەح
٢٢٢/ شەریف حەمە شەریف (شەفەی خاتون)
٢٢٣/ شەریف حەمەد کرداوی
٢٢٤/ شێخ ئەحمەد بەرزنجی
٢٢٥/ شەهاب ئەحمەد وایەرمەن
٢٢٦/ سدیق عەلی محەمەد ئەمین هارونی
٢٢٧/ سەباح ئیسماعیل خضر
٢٢٨/ ساڵەح ئەحمەد ئیسماعیل ڕەفعی
٢٢٩/ سادق زەید وایەرمەن
٢٣٠/ شکر جندی عەنتەر مزوری
٢٣١/ ڕەشید ساڵەح ڕەشید ئەتروشی
٢٣٢/ زەهیر تاهیر تۆفیق
٢٣٣/ سمکۆ عەبدی حەسەن زدکی
٢٣٤/ تارق سەعید ئیبراهیم مزوری
٢٣٥/ حسەین جیهانگیر جادر مزوری
٢٣٦/ جەعفەر ئەنوەر سلێمان
٢٣٧/ جەمیل کەریم مەجید ئاغا کوری
٢٣٨/ محەمەد عیسا بیرویس عیسا جاف

٢٣٩/ ئیبراهیم نەسروڵڵا عەزیز بەرزنجی
٢٤٠/ جەمال نەسادین عەزیز
٢٤١/ جەلال مەحمود ساڵەح دوستی
٢٤٢/ سابیر ئەحمەد ڕەقیب
٢٤٣/ عەباس بایز بالو ئاغا
٢٤٤/ عەباس حاجی ئەخاسر سیان
٢٤٥/ عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا
٢٤٦/ عومەر ئەحمەد عەلی
٢٤٧/ عومەر بابەکر سەلیم
٢٤٨/ فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر
٢٤٩/ قادر شەفیق نعمان
٢٥٠/ ڕەحیم کەریم قادر
٢٥١/ قاسم فاوس تاهیر مستەفا ئاغا
٢٥٢/ لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری
٢٥٣/ سەلیم مهند رەسوڵ
٢٥٤/ محەمەد تاهیر یونس محەمەد (ڕێنکاوی)
٢٥٥/ سوارە فەتاح فەرەج جاف
٢٥٦/ شەریف مەحمود مەعروف
٢٥٧/ شێخ مەجید بایز حەسەن
٢٥٨/ سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ.[٣٤]

ئەوەنــدەی کە ئاگــادارم و لە بــواری جینۆســایددا کــار دەکەم، ئەو بەکرێگیــراوانەی بەشــدار بــوون لە جینۆســایدی نەتەوەکانیــان. نەک بە ســـزای یاســـایی خۆیـــان گەیەنـــراون بەڵکـــو بـــونەتە ناشـــیرینترین ڕوخسارەکانی دەوڵەتەکانیان، ناویان لە ناو فەرهەنگەکانی نەفرەتدایە و

له مێژووی ڕەشدا تۆمارکراون. زۆربەیان پەیکەریان بۆ تاشراوە بۆ ئەوەی تفییان تێکەن نەفرەتیان لێکەن و بە نەوەی نوێی بناسێنن.

ئەرمەنەکان وەک یەکێک لەو گروپانەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم یەکێک لە قوڵترین جینۆسایدەکان لەدژیان ئەنجامدرا، لەلایەن ئیمپراتۆریەتی تورکیای عوسمانی. ئەرمەنەکان دوای ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دەستی سزایان گەیاندە ئەوانەی کە بەشداری سەرەکی بوون لە جینۆساید کردنیان. (تەلعەت پاشا) یەکێک بوو لەوانەی کە لەجینۆسایدی ئەرمەندا ڕۆڵی پلە یەکی هەبوو دوای جینۆسایدەکە هەڵهات بۆ ئەڵمانیا و لە بەرلینی پایتەختی ئەو دەوڵەتە بە نهێنی دەژیا. لەویَ لەماڵەکەی خۆیدا لەلایەن کەسایەتییەکی ئەرمەنی بەناوی (سوغوفۆن تەهلیریان)، لە (١٩٢١/٣/٢١) دەکوژرێت. سوغوفۆن تەهلیریان یەکێک بوو لەوانەی کە لەکاتی جینۆسایدەکەدا بریندرا بوبوو، تەهلیریان دەڵێت (کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە چەند هەنگاوێک لەو لامەوە دایک و براو خوشکەکانم لەخوێندا نقوم بوبون). بە زەحمەتییەکی زۆر لە گۆڕستانی بیگۆڕی ئەرمەن ڕزگاری بووە. دواتر بەجلی تورکی و بەناوی خوازراوەوە ژیاوە، خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیاو لەوێدا بە دوای تاوانکارانی جینۆسایدی ئەرمەندا دەگەڕێت و بەتایبەتی تەلعەت پاشا کە لەویَ بووە کاتێک دەگاتە ماڵەکەی پێیدەڵێت گۆڕ هەڵکەنی پیس دوا ساتی تەمەنت هاتووە و هەر لەوێدا دەیکوژێت.[٣٥]

یەکێکیتر لەو تاوانکارانەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان (سەعید حیلمی پاشا) بووە کە هاوکارێکی نزیکی تەلعەت پاشابووە و هەڵهاتبوو بۆ ئیتالیاو لە ڕۆما دەژیا، لەلایەن گەنجێکی ڕاکردووی ئەرمەنییەوە بە ناوی (ئەرشاویز شیرگیان) خۆی دەگەیەنێتە ئیتالیا و پاش گەڕان و دۆزینەوەی لە (١٩٢١/١٢/٦) دەیکوژێت.[٣٦]

جولەکەکانیش وەک گروپێکی جینۆساید کراو بەدەستی ڕژێمی ئەڵمانیای نازی پاش جینۆسایدەکەیان و وە تا ئێستاش بە دوای ئەو

تاوانکارانەوەن کە دەستیان هەبووە لە جینۆساید کردنیان. یەکێک لەو تاوانکارە ئەڵمانییانەی کە جولەکەکان دۆزییانەوەو لە سێدارەیان دا (ئۆتۆ ئەدۆلۆف ئایشمان) بوو.

ئۆتۆ ئەدۆلۆف ئایشمان پاش ئەوەی ماوەیەکی درێژ دەزگای مۆسادی سیخوڕیی ئیسرائیل بەدوایەوە بوون لە ئەرجەنتین دەستگیریان کرد.[٣٧] پاش ئەوەی لە (١٩٦٠/٥/١١) لە (بوینس ئایرس)ی پایتەختی ئەرجەنتین دەستگیری دەکەن و دەیهێننەوە بۆ ئیسرائیل و لە دادگای باڵای ئیسرائیل دادگاییان کرد و بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ لەدژی جولەکەکان لە (١٩٦٢/٥/٣١) لە ڕامەڵا لە سێدارەیاندا.[٣٨] دوای چوار کاتژمێر لەدەرچوونی گیانی، لاشەکەی بەنهێنی دەسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی فڕێدەدەنە ناو دەریای ناوەڕاست. لە دەرەوەی هەرێمی ئاویی ئیسرائیلەوە.[٣٩]

لەبەرئەوەی جینۆساید هەرگیز بەسەرناچێت وەک تاوانێک، ئەوا هەموو کاتێک دەتوانرێت ئەوانەی تۆمەتبارن بە جینۆسایدی کورد دادگایی بکرێن و ڕووبەڕوی سزای یاسایی بکرێنەوە. تاوانکارەکانی جینۆسایدی کورد زۆربەیان لە نەتەوەی کوردن و لەناو کوردستانیشدان دەزگای سیخوڕی و گەڕانی دورو درێژی ناوێت. ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن تۆمەتباران و تاوانکارانی جینۆسایدی کورد ڕادەستی دادگا بکات و سزای یاسایی خۆیان وەرگرن. وە پێویستە ئازاری ئەو جینۆسایدە بگەیەنرێتە گوێیەکانی نەوە لەدوای نەوە و لە هزریاندا جێگیربکرێت. گەر ئەو کارە نەکەین ئەوا ناتوانرێت هەرگیز باس لە پێکەوەژیان و ئاشتبوونەوەیەکی شەرەفمەندانەو هاوخەمییەکی ڕاستەقینە بکرێت لەگەڵ کەسوکاری جینۆسایدکراوانی کورد و گیانی بێ گوناهی سووتاویان. دڵنیام گەر بەو کارە هەڵنەستین بەر نەفرەتی نەوەکانی داهاتوو دەکەوین.

**باسی پێنجەم/ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی جینۆسایدی کورد**

قەرەبووکردنەوە، یەکێکە لە پرەنسیپە جێگیرو چەسپاوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا. ئەگەر زیان هەبوو ئەوا بەرپرسیارێتی درووست دەبێت، کە بەرپرسیارێتیش دروست بوو قەرەبووکردنەوە و بژاردن دەبێتە ئەرکێکی یاسایی. بەرپرسیارێتیی دەوڵەت بەرامبەر بە تاوانەکانی جینۆساید کە لەدژی گروپێکی مرۆیی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی یان ئاینی ئەنجامدەدرێت، بەشێوەیەکی ئاشکرا پاش جینۆسایدی جولەکەکان کە لەمێژووی جینۆسایددا بە هۆلۆکۆست ناسراوە لەلایەن ڕژێمی نازیی ئەڵمانیاوە لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە سەریهەڵدا.

وەک لەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ کردووە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، شەش کەیسی کوردی بە جینۆساید ناساندووە و لەگەڵ بڕیاری بەجینۆساید ناساندنەکەشدا ئاماژەی بە قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی جینۆسایدەکە کردووە. وە پەڕلەمانی عێراقیش دانیناوە بەبڕیارەکەی دادگاو ئەویش دوبارە بە جینۆسایدی ناساندونەتەوە. بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراقی قەرەبوی ئەو زیانانەی نەکردووەتەوە کە ئەرکێکی یاسایی و ئاکاریی لە ئەستۆدایە بۆ قەرەبووکردنەوەکە. چونکە حکومەتی ئێستای عێراق میراتگرو شوێن گرەوەی حکومەتی پێشووی عیراقە. لە یاسای نێودەوڵەتییشدا پرەنسیپێکی چەسپاو هەیە کە بریتییە لە حکومەتی بەردەوام، واتە چۆن حکومەتی میراتگر و شوێن گرەوە هەموو مافەکانی بۆ دەگوازرێتەوە بەو شێوەیەش ئەرکەکانی بۆ دەگوازرێتەوەو دەبێت پێوەی پابەندبێت.

قەرەبو نەکردنەوەی زیانەکانی جینۆسایدی کورد لەکاتێکدایە کە حکومەتی عێراقی قەرەبوی دەوڵەتی کوەیتی کردووەتەوە بەرامبەر ئەو هێرش و پەلامارانەی کە ڕژێمی بەعسی سەددام کردیە سەر دەوڵەتی

کوەیــت لە ســاڵی (١٩٩٠). هەروەهــا حکــومەتی عێراقــی قەرەبــووی کەســوکاری ئەو (١٤٨) ســەدو چــل و هەشــت هــاوڵاتییە شــیعەیەی کردووەتەوە کە لە شارۆچکەی دوجەیل کوژران بەدەستی ڕژێمەکەی سەددام.

ئەوەی ئازاری جینۆسایدی نەتەوەی کورد جیادەکاتەوە لە ئازاری جینۆســایدی نەتەوە جینۆســایدکراوەکانی تــری دونیــا و ئــازارەکەی قووڵترو بەسۆتر دەکات، بە تەنها ئەوە نییە کە جینۆسایدەکە لە لایەن ئەو حکــومەتەوە لەدژی ئەنجــام دراوە کە لە ناویــدا دەژی. بەڵکــو ئەو ئازارە قوڵە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە شێوازی جینۆسایدەکە زۆر جیــاوازبوون و نێرینەکــان بە ئامــانج کــران و بەوەش جــگە لە جینۆسایدکردنی نێرینەکان مێینەکانیش توشی قوڵترین ئازاری دەرونی هاتن و ئەرکیان بوو بە پاراستنی کەرامەت و ناموسیان. لە جینۆسایدی کورددا ئەو چەکە کیمیاییە قەدەغەکراوانەی کە بەکارهێنران لە جەنگە گەورە جیهانییەکاندا دوژمنەکان لە دژی یەکتر بەکاریان نەهێنابوون. ســەرەڕای ئەوەی کە کاریگەریی ئەو چەکە کیمیاییانە تا ئێستا ماوە لەســەر پێســت، چــاو، تەنــگە نەفەســی، هەناســەدان، نەزۆکــی و منــداڵ لەبارچونی ڕزگاربوان و بەرکەوتوانی. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی ساڵانە چەنــدین برینــدار بەهــۆی کــاریگەریی برینەکەیــانەوە دەمــرن و بریندارەکانیش بە ئازاری قوڵی سارێژ نەبویانەوە دەتلێنەوە. هەروەها لە پرۆسەکانی جینۆسایدی کورددا کەرامەتی ئافرەتە خاوەن کەرامەتەکانی تێیدا شکا و جەستەی پاکیان بە یانە لەشفرۆشییەکانی دەوڵەتانی عەرەب فرۆشران، و ویژدانی یاسایی، مرۆیی و ئاینی لە ئاستیدا بێدەنگ بوو و نەهەژا، وە تا ئێستاش چارەنوسی ئەو پاکیزانە بە نادیاری ماونەتەوە.

لە ژێر ڕوناکی ئەو ڕاستییە یاساییانەی سەرەوەدا کە قەرەبوکردنەوە بووەتە ئەرکێکی یاسایی و لە ئەستۆی حکومەتی ئێستای عێراقە وەک

میراتگر و شوێن گرەوەی ڕژێمی سەددام. بەڵام تا ئێستا هەرێمی کوردستان و کەسوکاری جینۆسایدکراوان مافە ڕەوا و یاساییەکانی خۆیانیان وەرنەگرتووە، بەرامبەر ئەو جینۆسایدەی کە ڕژێمی پێشوو لە دژی ئەنجامی داوە. قەرەبوکردنەوە و بژاردنی زیانەکانیش بە سێ شێواز دەکرێت ئەوانیش (گێڕانەوە- قەرەبو- ڕازیکردن).

گێڕانەوە واتە گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ئەنجامدانی جینۆسایدەکە. ئەگەر هاتوو ئەمەش نەکراو مەحاڵ بوو، ئەوا ئەو کات پەنا بۆ قەرەبوکردنەوەی دارایی دەبرێت واتە لەبری ئەو زیانانەی کە کەوتونەتەوە بڕێک پارە دەدرێت واتە بەخشینی پارە بە کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان چونکە دەچێتە سەر میراتەکەی و کەسوکاری ئەو مافەیان هەیە لێی سودمەند بن. هەروەها لە ئەستۆگرتنی هەموو تێچوی سارێژکردنی برینی بریندارەکان. یان بەشێوەی ڕازیکردن، ئەویش ڕازیکردنی کەسوکاری جینۆسایدکراوانە بە بەشداریکردن لە ساڵیادی جینۆسایدەکەیان، پیشاندانی خەم بەشێوەی فەرمی، داوای لێبوردن کردن لەسەر ئاستی فەرمی و گشتی، خەم خواردن و خۆ بە هاوبەشی دانان لە پەژارەو ئەو ئازارە قووڵەیاندا کە لە هەناو و جەستەیاندا دروستبووە، هەروەها دادگاییکردن و سزادانی تاوانبارەکان و پێشکەشکردنی ڕێزێکی تایبەت بۆ قوربانیان و کەسوکاریان. بەڵام لە هەندێ دۆخدا بژاردنەوەی زیانەکانی جینۆساید لەوانەیە لە شێوەی گێڕانەوە یان قەرەبوکردنەوە یان ڕازیکردن بێت ئەویش بە پێی بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی کە دەڵێت (بژاردنەوەی تەواوی ئەو زیانانەی کە لە ئاکامی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە دەکەوێتەوە). لە ڕێگەی گێڕانەوە و قەرەبوکردنەوە و ڕازیکردن جا یەکێکیان بێت یان هەر سێ شێوازەکە پێکەوە.[٤٠]

بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراقی نە قەرەبوی مادی کردووەتەوە، نە قەرەبوی مەعنەوی. لە کاتێکدا ئەرکێکی یاسایی لە ئەستۆیە لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی و یاساو دەستووری عێراقی. بێهەڵوێستیی حکومەتی ئێستای عێراق بۆ قەرەبووکردنەوە پێشێلکاری و سەرپێچیی دەستوور و یاساکانی خۆیەتی. گەر حکومەتی عێراقی بۆ هەموانە بۆ دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان کوشتنی (١٤٨) سەدو چل و هەشت هاوولاتی شیعە کە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییەو قەرەبووی شایستەی خۆیان وەرگرتووەو کوشتنی نزیکەی (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار کورد کە تاوانی جینۆسایدە و تا ئێستا قەرەبوویان وەرنەگرتووە.

ئەمە لەلایەکەوە عەقڵیەتی فەرمانڕەوای ئەو دەسەڵاتدارانەی حکومەتی ناوەند پیشان دەدات کە بیرکردنەوەو سیاسەتی فەرمانڕەواییان یەکە. لە لایەکی ترەوە گوێنەگرتنی حکومەتی هەرێم و بڕیار بەدەستانی باشووری کوردستانە کە نەیانویستووە کار بەو پەیامە یاساییانە بکەن و گوێ بۆ ئەو هاوارە یاساییانە بگرن کە مێژوویەکە دەیخەینە بەردەستیان. هەربۆیە دۆخی نەتەوەی کورد لەبەشی باشووری کوردستاندا بەو ئاستەی ئەمڕۆ گەشتووە. کە تروسکاییەکی هیواو ئومێد نادۆزیتەوە بۆ بنیادنانەوەو دەستپێکردنەوەی ژیانێکی مانادارانەو هیوا بەخشانە پاش پرۆسەکانی جینۆساید.

لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو مادده دەستووری و یاساییانەی عێراق بخەینە ڕوو کە تێیدا قەرەبووکردنەوەی بۆ زیانلێکەواتوان و کەسوکاری جینۆساید کراوان چەسپاندووەو ناساندووە.

لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١١٢)ی دەستووری عێراقی، ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە (حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی

نەوت و گـــازی بەرهەمهێنـــراوی کێڵگەکـــانی ئێســـتا بەڕێـــوە دەبـــات بەمەرجێـــک داهاتەکانیـــان بەشـــێوەیەکی دادپەروەری و بەگـــوێرەی دابەشـبوونی دانیشـتوان لەسـەرجەم پارچەکـانی وڵاتـدا دابەشـبکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بەجۆرێـک گەشەسـەندنێکی هاوتەریـب بـۆ نـاوچە جیاوازەکـانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت).[٤١]

لە بـڕگەی (١)ی مـاددەی (١٣٢)ی دسـتووری عێراقـی سـاڵی (٢٠٠٥) هـاتووە (دەوڵەت چـاودێری زینـدانیکراوە سیاسـیەکان و زیـانلێکەوتوانی کردە دڕندانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو دەگرێتە ئەستۆ).

لە بڕگەی (٢)ی هەمان ماددەدا هاتووە (دەوڵەت قەرەبوی خـانەوادەی شەهیدان و بریندارەکانی کردە تیرۆریستیەکان دەکاتەوە).[٤٢]

هەروەها لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، لە ماددەی (٢٢)دا دەڵێت (کەسـوکاری قوربانیـان و زیـانلێکەوتوانی عێراقـی، بۆیـان هەیە داوای شارسـتانی دژی تۆمەتبـاران تۆمـار بکەن، دەربـارەی ئەو زیانـانەی کە لێیـان کەوتـووە بەهـۆی ئەو کـارانەی کە بە تـاوان دادەنـرێن بەپێـی بڕیارەکـانی ئەم یاسـایە، وە پێویسـتە دادگـا کێشـەکان یەکـلای بکـاتەوە بەپێی یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) و یاساکانی پەیوەندیدار).

لەسـەروی ئەوانەشـەوە کەسـوکاری قوربانیـان و زیـانلێکەوتوانی پرۆسـەکانی جینۆسـایدی کـورد دەتـوانن بەگـوێرەی هەردوو مـاددەی (٢١٩- ٢٣١)ی یاسـای شارسـتانی عێراقـی ژمـارە (٤٠)ی سـاڵی (١٩٥١)، داوای قەرەبووکردنەوەی شایستە بکەن لە دادگا شارستانییەکاندا.[٤٣]

**باسی شەشەم/ چۆنیەتي بە نێودەوڵەتیکردن و ناساندنی جینۆسایدی کورد**

بە دووشـێوە دەتـوانین کـار بکەیـن بـۆ بە فەرمـی ناسـاندن و بە نێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کورد ئەوانیش لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

**١/ ئاسـتی نـاوخۆیی:** هەرچـی سـەبارەت بە ئاسـتی نـاوخۆییە، دەبێت دادگای ئەو دەوڵەتەی کە جینۆسایدەکەی تێدا ئەنجام دراوە تـاوانەکە بە جینۆسـاید بناسـێنێت. ئەوەش پرەنسـیپێکی یاسـایی جێگیـرە و لە یاسـای نێودەوڵەتیدا چەسپاوە کە دەسەڵاتی پێشینە بۆ دادگاییکردن لای دادگـای نیشتیمانییە، ئەگەر دادگای نیشـتیمانی بە ئەرکەکەی خۆی هەڵنەسـتا، جـا نەیەوێت یان نەتوانێت ئەوا ئەو کاتە دادگـای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئەو مافە بەدەستدەهێنێت کە دەسەڵاتی دادگایی خۆی بەکاربهێنێت.[٤٤]

بـۆ ئەمەش لە کـۆی جینۆسـایدی هەرچـوار بەشـی کوردسـتانی داگیرکـراو، بە تەنهـا دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقـی شـەش کەیسـی جینۆسایدی کوردی باشووری بە جینۆسـاید ناسـاندووە وەک ئاماژەمـان بـۆ کـردووە و ئەوانـیش کەیسـەکانی (ئەنفـال، کیمیابـارانکردنی هەڵەبـجە، کـوردی فەیلـی، نێـرینە بارزانییەکـان، ڕاگواسـتنی پشـدەر، سەیدصـادق). بەڵام هەر یەک لە دادگاکـانی دەوڵەتـانی ئێـران و تورکیـا و سـوریا، ئەو تاوانـانەی بە جینۆسـاید نەناسـاندووە کە دەوڵەتەکانیـان لە دژی کـورد ئەنجامیان داوە.

بە جینۆسـاید ناسـاندن لە سـەر ئاسـتی نـاوخۆیی بەچەنـد قۆناغێـک دەبێـت. ئەو شـەش کەیسـەی جینۆسـایدی کـوردی باشـوور تەنهـا یەک قۆنـاغی جێبەجێکراوە. ئەویش ناسـاندنی کەیسـەکەیە بەجینۆسـاید. بەڵام نە قەرەبـــووی جینۆســـایدکراوان و کەســـوکاری زیـــانلێکەوتوانی جینۆسـایدی کـورد کـراوەتەوە، نە دادگـایی تۆمەتبـار و بەکرێگیراوەکـان کراون، نە لەسەر ئاستی گشتی و فەرمییش داوای لێبووردن لە نەتەوەی

کورد کراوە وەک نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو. بۆیە تا ئەو سێ قۆناغەی تری ناساندی جینۆساید نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و نەکرێت بە یاسا ناتوانرێت باس لە ناساندنی جینۆسایدی کوردی باشوور بکرێت.

**٢/ ئاستی نێودەوڵەتی:** هەرچی سەبارەت بە ئاستی نێودەوڵەتییە، دەکرێت لەلایەن دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بناسرێت. سەبارەت بە دەوڵەت بە چەند شێوازێکە. ئەوانیش دەبێت تاوانەکە لەسەر جوگرافیای ئەو ڕوویدابێت، یان دەبێ تاوانبارەکە ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەی هەبێت. یان ئەگەر هاتوو تاوانبارەکە هەڵهات بۆ هەر دەوڵەتێکی تر ئەوا ئەو دەوڵەتە ناتوانێت مافی پەنابەریی پێبدات. ئەمەش لە ژێر ڕووناکایی ماددەی (٧)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی کە دەڵێت تاوانی جینۆساید تاوانێکی سیاسی نییە، هەر بۆیە ئەنجامدەرانی ناتوانن سودمەندبن لە مافی پەنابەرێتی سیاسی و مرۆیی. چونکە تاوانە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندی بە ئاسایش و ئاشتی جیهانییەوە هەیەو دەوڵەتێک مافی ئەوەی نییە لە بری جیهان بیبورێت و پەنای بدات.[٤٥]

هەروەها لە دەرەوەی ئەو سێ بارەی سەرەوە دەکرێت دەوڵەتان هەستن بە ناساندنی جینۆسایدەکە، ئەویش پاش ئەوەی کە دڵنیا دەبن کە ئەو تاوانەی ئەنجام دراوە جینۆسایدە بەگوێرەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و نیشتیمانییەکان کە پێناسەی جینۆسایدی کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش لەم کتێبەدا بە قووڵی ئەوەمان سەلماندووە کە ئەو تاوانانەی لە دژی کورد ئەنجام دراون جینۆسایدە بەگوێرەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و نیشتیمانی، سەرەڕای ناساندنی چەند کەیسێکی کورد بە جینۆساید. نمونەی ناساندنی پەڕلەمانی دەوڵەتانیش وەک ناساندنی جینۆسایدی جولەکە (هۆلۆکۆست) لە (١٧) دەوڵەتی جیهاندا. هەروەها ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە (٢٣) دەوڵەتی جیهاندا.

گەرچی پەرلەمانەکانی (سوید، نەرویج، بەریتانیا، کۆریای باشوور) ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەوەی لە دژی کورد ئەنجام دراوە لە باشووری کوردستان تاوانی جینۆسایدە. بەڵام نەیکردووە بە یاسا وەکو ناساندنی جینۆسایدی جولەکە و ئەرمەنییەکان، کە ئەگەر هاتوو هەرکەسێک نکوڵی ئەوە بکات و بڵێت لەدژی کورد جینۆساید ئەنجام نەدراوە ڕووبەڕووی سزای دارایی و زیندانیکردن بێتەوە.

هەروەها کۆمپانیای ئەو دەوڵەتانەی کە چەکی کیمیاییان فرۆشتووە بە ڕژێمی عێراق، بەرپرسیارن و دەبێت سزای بازرگانەکانیان بدەن و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی و ژینگەی کورد بکەنەوە. هەروەک چۆن دادگای هۆڵەندا سزای (فرانس ڤان ئانرانت)یدا بە (١٧) حەڤدە ساڵ زیندانیکردن، بۆ ئەو مادده خاوە کیمیاییانەی کە بە حکومەتی عێراقی فرۆشتبوو و حکومەتی عێراقیش لە دژی کورد بەکاریهێنابوو.

سەبارەت بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت لە لایەن خۆیانەوە بە بڕیارێک ئەو تاوانانەی لە دژی کورد ئەنجامدراوە بە جینۆسایدی بناسێنن، ئەو ڕێکخراوانەش وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، پەرلەمانی ئەورووپا، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، کۆمکاری وڵاتانی ئەفریکی و ئیسلامی، ڕێکخراوەکانی بواری جینۆساید و مافەکانی مرۆڤ. بە تایبەت گەر بێتو لە لایەن کۆمەڵەی گشتی (پەرلەمان)ی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بناسرێت ئەوا کاریگەریی گەورەی دەبێت. چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ نوێنەرایەتیی (١٩٣) دەوڵەتی جیهان دەکات. جینۆسایدی ئەرمەنییەکان جگە لە ناساندنی لەلایەن دەوڵەتانەوە، لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا و دەیان ڕێکخراوی تری جیهانی لە بواری جینۆساید و مافەکانی مرۆڤدا ناسێنراوە.

ناساندنی کەیسێک بەجینۆساید ئەگەر هاتوو لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە یان ئەو دەوڵەتەی کە میراتگری دەوڵەتی

تاوانکارە نکوڵی بکرێت و بە جینۆساید نەناسرێت، ئەوا بە مانای ئەوە نایەت ئیتر ئەو کەیسە دەبێت وازی لێبهێنرێت و نەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە، هەروەک جینۆسایدی ئەرمەنییەکان کە لە ساڵی (١٩١٥) لە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی تورکی عوسمانییەوە ئەنجام دراوە، بەڵام پاش (١٠٠) سەد ساڵ لە جینۆسایدەکە دەوڵەتی تورکیا نکوڵی دەکات  لە ژمارەی کوژراوانی جینۆسایدەکە. بەڵام وەکو ئاماژەمان بۆ کردوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەلایەن دەیان دەوڵەت و ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە بە جینۆساید ناسێنراوە، چونکە ئەو تاوانەی کە لەدژی ئەرمەنییەکان ئەنجامدراوە بە هەموو پێوەرێک لەسەر ئاستی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و نیشتیمانی دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

بۆ ئەوەی کورد بتوانێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەیسەکەی بەجینۆساید بناسێنێت دەبێت سود لەو کەرەستانە وەربگرێت کە دەتوانێت لە ڕێگایانەوە کەیسەکەی بباتە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و دەرگا یاساییەکانی ئەوان بەڕووی کەیسی جینۆسایدەکەیدا بکاتەوە.

ئەوکەرەستانەش:

* بە بەستنی چەندین کۆنفرانس و سیمینارو کۆبونەوە لەسەر جینۆسایدی کورد لە دەوڵەتانی جیهان، بەشێوەیەک هەست و سۆزیان بۆ لای کورد و دۆزە ڕەواکەی ڕابکێشرێت. ئەوەش  نابێت بە تەنها لایەنە فیزیکی، کەلتوری، بیۆلۆژی، ئابووری و ژینگەییەکەی جینۆسایدەکە باس بکرێت. بەڵکو دەبێت ئاماژە بە پێشێلکارییە زەق و قووڵەکانی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی،  جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ،  هەردوو ڕێککەوتننامەی مافە شارستانی و سیاسی و مافە  ئابووری و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان بکرێت. کە ئەو دەوڵەتانە پابەندبوونی خۆیانیان پێوە

ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە کاتی جینۆسایدی کورددا بێدەنگییان هەڵبژارد و بەرژەوەندییەکانی ئەوکاتیان لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراقدا پرەنسیپی کۆت کردبوون و هەڵوێستێکی یاسایی و ویژدانی و مرۆییان نەبوو. هەڵوێستی ئێستایان بە ناساندنی جینۆسایدی کورد لە پەرلەمانەکانیاندا دەتوانن قەرەبووی ئەو بێدەنگی و بێهەڵوێستییەیان بکەنەوە  کە لەکاتی جینۆسایدی کورددا هەڵیانبژاردبوو.

* دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی تۆمەتبار کە چەکی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتبوو، ڕژێمیش لە دژی کورد و بەتایبەتی لە شاری هەڵەبجە ئەنجامی دابوو.[٤٦]

* بە پشتبەستن بە بڕگەی (٤)ی ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراقی، کەدەڵێت (نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵوێزخانەو نێردە دیپلۆماسییەکاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان).[٤٧] دەتوانرێت لە ڕێگای کەسانی شارەزای بواری یاسا نێودەوڵەتییەکان و جینۆسایدەوە کەیسی کورد بوروژێنرێت و زانستییانە کاری جددیی تێدا بکرێت. ئەویش بەوە دەبێت کە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم نوێنەری پارێزگاکان، دووربن لە کەسانی حیزبی و کار بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی بکەن و نوێنەری ڕاستەقینەی کوردستان و باڵوێزی ڕاستگۆی ناساندنی جینۆسایدەکەی بن، نەک نوێنەری حیزب و ئایدۆلۆژیاکان بکەن. یەکێک لەو هۆکارانەشی کە تائێستا نەتوانراوە کەیسی جینۆسایدی کورد بەشێوەیەکی زانستی و یاسایی کاری تێدا بکرێت، ئەوەبووە، کە لە بری کەسانی شارەزا کەسانی حیزبی و کەم ئەزموون و نە شارەزا بەو بوارە دانراون.

* لەڕێگای نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەوڵەتانی دونیادا، کە دامەزراوەیەکن و لەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتی کوردستان دەکەن

وەک دامەزراوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ئەوان دەتوانن باشتر ڕۆڵ بگێرن لە ناساندنی جینۆسایدی کورددا، چونکە دونیای ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەدا دەکات نەک تاکەکەس.

* باڵوێزخانەکانی عێراق لە دەوڵەتان، بەتایبەت ئەوانەی کە باڵوێزەکانیان کوردن دەتوانن لە تەنیشت ئەرکە نیشتیمانییەکەیاندا ئەرکێکی نەتەوەیی بەجێبگەیەنن و کار بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد بکەن.

* یەکێکیتر لە ڕێگا کاریگەرەکان، ناردنی وەفدی زمانزان و شارەزایە لە جینۆسایددا، بە هاوڕێیەتی و بردنی ئەوانەی کە لە جینۆسایدی کورد ڕزگاریان بووە، لە ناو ئەوانەشدا تاقانەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە و مندالە دۆزراوەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە، ڕزگاربووانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی جینۆسایدی کورد (ئەنفال) بەشداریکردنی ئەوان لە ساڵیادی جینۆسایدی گەلان و لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا کە ساڵانە لە سەر ئاستی جیهان دەبەسترێت و نوێنەری نەتەوە جینۆسایدکراوەکانی تێدایە و زۆربەی کات سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان یان نوێنەری سکرتێر بەشدار دەبێت، بە گێڕانەوەی چیرۆکی جینۆسایدکردنیان، کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە سەرچاوەیەکی کاریگەر و زیندوو ئەژماردەکرێت و دەتوانرێت سود و کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لە ناساندنی جینۆسایدی کورددا.

**پەراوێزەکانی بەشی چوارەم**

١) محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، بەرپرسیاریێتی تاوانکاری لە تاوانی ڕەشەکوژی هەڵەبجەدا، وەرگێڕانی عەبدولکەریم عوزێری، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە (٢٠١- ٢٠٢).

٢) بڕوانە ماددەکانی (٢- ٣- ٨- ٩- ١٠)ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٣) کەریم محەمەد صۆفی، یاسای دادگای تاوانکاری باڵای عێراقی، چاپی دووەم، پوختکراو، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، لاپەڕە (٥٢).

٤) بڕوانە ماددەی (٦)ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی.

٥) بڕوانە ماددەی (١٢)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٦) بڕوانە ماددەی (١٣)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٧) بڕوانە ماددەی (١٤)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٨) بڕوانە ماددەی (١)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

9) See article (1) of the international criminal tribunal for former Yugoslavia.

10) See article (1) of the international criminal tribunal for Rwanda.

11) See article (1) of the special court for Sierra leon.

12) See article (1) of the special court for Lebanon (Rafiq Harriri).

١٣) بڕوانە ماددەی (١) ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

١٤) محمد رشید حسن، المحكمه الجنائيه العراقيه العليا دراسه فی مبادیء العداله، طبعت فی موسسه حمدی للطباعه وللنشر، السليمانيه، ٢٠١٢، صحيفه (٥٢).

15) See article (1 and 7) of the international criminal tribunal for Rwanda.

١٦) بڕوانە ماددەی (١)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

١٧) الدكتور محمود نجيب حسنی، الاختصاص ولاثبات فی قانون الاجراءات الجنائيه، طبعه الاول، دار النهضه لعربيه، القاهره، ١٩٩٢، صحيفه (٢١).

١٨) بڕوانە ماددەی (١١)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩).

١٩) بڕوانه ماددەی (٢٤ و ٢٧)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٢٠) بـڕوانه: تەهـا سـلێمان، جینۆسـایدی گەلـی کـورد، چـاپی یەکەم چاپخـانەی بینایی، ٢٠١٤.

٢١) هـیلال ئیبـراهیم، بـاخی کوشـتن، چـاپی یەکەم، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٠. لاپەڕە (١٨١- ١٩٩).

٢٢) ئـاوارە حسـێن، جینۆسـایدی هەڵەبـجەو هەڵوێسـتی یاسـای نێـودەوڵەتی، تـــوێژینەوەیەکی یاســـاییە، لە ســـاڵی (٢٠١١) وەک بەشـــێک لە پێداویســـتییەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس لە یاسـادا پێشـکەش بە کـۆلێژی یاسـا و ڕامیاری بەشی یاسای بەیانیانی زانکۆی سلێمانی کراوەو وەک خـۆی و بە ئاسـتی نایاب پەسەند کراوە، لاپەڕە (٥١- ٧١).

٢٣) تەهـا سـلێمان، لە دادگـای بـاڵای تاوانەکـانەوە دۆسـیەی فەیلییەکـان، چـاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٤، لاپەڕە (١٧٣- ٢٠٢).

24) See article (4) of the UN convention on the prevention and punishment crime of Genocide.

25) See article (6) of the UN convention on the prevention and punishment crime of Genocide.

26) See article (7) of the UN convention on the prevention and punishment crime of Genocide.

٢٧) ئـاوارە حسـێن، تـاوانی جینۆسـاید لە یاسـای نێودەوڵەتیـدا، چـاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤، لاپەڕە (٥٥- ٥٦).

٢٨) بـڕوانه مـاددەی (٤٠٦)ی یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩.

٢٩) بڕوانه ماددەی (٢٤)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٣٠) بڕوانه ماددەی (٢٧)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٣١) بڕوانه ماددەی (٧٣)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

32) See article (11) of the universal declaration of human rights.

33) See article (66) of the international criminal court.

.

٣٤) تەهـا سـلێمان، جینۆسـایدی گەلـی کـورد، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی بینـایی، ٢٠١٤، لاپەڕە (٢٣٩-٢٥٠).

٣٥) م.ئـارام مەجید شـەمێرانی، پەیوەندی کورد و ئەرمەن و بێتـاوانی کـورد لە جینۆسایدی ئەرمەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٤، لاپەڕە (٤٧- ٤٨).

٣٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٩).

37) Dr. S. K. Kapoor, International law and Human Rights, 15th Edition, 2010, published by central law agency Allahabad, page (273).

٣٨) ئـاوارە حسـێن، چـاوپێکەتن (ڕۆژی جیهـانی هۆلۆکۆسـت)، کەنـاڵی ئاسـمانی KNN TV، (٢٠١٤/١/٢٧).

39) http://en.wikipedia.org/wiki/Adolf_Eichmann, last visited 27/3/2015.

٤٠) ئاوارە حسێن، تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٥- ٣٦).

٤١) بڕوانە ماددەی (١١٢)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

٤٢) بڕوانە ماددەی (١٣٢)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

٤٣) ئاوارە حسێن، تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١).

٤٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢).

٤٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٣).

٤٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٦).

٤٧) بڕوانە ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

# بەشی پێنجەم
# جینۆسایدی کورد و دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی

**باسی یەکەم/ دامەزراندنی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی**

پاش ئەوەی تاوانەکانی جینۆساید لە (١٩٤٨/١٢/٩)، بەپێی بڕیاری (٢٦٠)ی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە یاسا، و ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزا خستنەسەر تاوانکارانی دەرچوو. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگییەکی زۆر درا بە قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر و جەخت کردنەوە لەسەر سزادانی تاوانکاران.

ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی دەڵێت (کەسانی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی جینۆساید یان هەر یەکێک لەو کردارانەی کەلە ماددەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکەدا باسکراون، دادگایی دەکرێن لەبەردەم دادگایەکی تایبەت لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتەی کە کردارەکەی لەسەر خاکەکەیدا ئەنجام دراوە، یان لەبەردەم دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتیدا کە تایبەتمەندیی هەبێت بەرامبەر هەر لایەنێک کە پەیوەندیدار بێت و دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نابێت).[1]

لە دوای دەرچوونی ڕێککەوتننامەی جینۆسایدەوە، زۆربەی ئەو جینۆسایدانەی کە ئەنجامدراون و دەوڵەتەکان ئەنجامیان داون. دەگمەن ڕوویداوە کە دوو گروپ لە دژی یەکتر ئەنجامیان دابێت و هیچ کامێکیان دەسەڵاتی گشتی دەوڵەتیان بەدەستەوە نەبووبێت. هەربۆیە لەو دەوڵەتانەی کە تاوانی جینۆساید ئەنجامدەدرێت هەمیشە سیستەمێکی ستەمکار و دیکتاتۆر فەرمانڕەوایی دەکات و دادگاکان و دەسەڵاتی دادگایی لە ژێر دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە و ناتوانن بە ئەرکی خۆیان هەستن و دادگایی تاوانکارانی جینۆساید بکەن. هەربۆیە دەبوایە لە دوای دەرچوونی ڕێککەوتننامەکەوە ئەو دادگا سزاییە نێودەوڵەتییە پێک بهێنرایا کە لە ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە.

پێکنەهێنان و دانەمەزراندنی ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییە، بووە هــۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەوانەی کە تــاوانی جینۆســاید و تــاوانە نێودەوڵەتییەکانی تریان ئەنجامدابوو دەربازیان ببێت لە دادگایی کردن و بەبێ سزای یاسایی بمێننەوە. بەوەش گروپە بەرژەوەندی ویستەکان ئاسانتر و بەبێ سڵەمینەوە تاوانەکانیان ئەنجامدەداو دادگایەکیش نەبوو لێپێچینەوەیــان لەگەڵــدا بکــات، نەتەوە یەکگرتووەکــانش نەیویســت و نەیتوانی ڕێگری بکات لەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە لەدوای کۆتایی هــاتنی جەنگــی جیهــانیی دووەم و دامەزرانــدنی ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام دەدرا.

لە دوای کۆتاییهــاتنی جەنگــی جیهــانی دووەم، لە (٢٥٠) دوو ســەدو پەنجا ململانێی چەکداری (١٧٠،٠٠٠٠٠٠) سەدو حەفتا ملیۆن مرۆڤ بوونەتە قوربانی.[٢] بەوەش ڕێژەی قوربانییەکان لە سایەی هەبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زیاترە لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم. بەشێک لە بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی بەقووڵی ڕەخنەی شکستی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان دەکەن کە نەیتوانی ڕێگری بکات لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم و بە سەرفرازییەوە باسی سەرکەوتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن کە توانیویەتی بۆ ماوەی (٧٠) حەفتا ساڵ ڕێگریبکات لە هەڵگیرسانەوەی جەنگێکی تری جیهانی.

بەڵام ئەنجامــدانی چەنــدین جینۆســاید لە دەوڵەت و کیشــوەرە جیاوازەکان لە دوای پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆی شکستێکی قووڵە بۆ ڕێکخراوەکە. دەبوایە لەبری ستایش کردنی ڕێکخــراوەکە، ڕەخــنەی یاســایی قــوڵ بکرایــا و هەڵوەشــێنرایەتەوە و بەتــایبەت لە ســاڵی (١٩٨٨)دا کە ئەو ڕێکخــراوە لە ژێــر هەرنــاو بە هەربیانوویەک بێت شکستی هێنا لە پاراستنی نەتەوەیەک لە قووڵترین جینۆساید. قووڵیی جینۆساید لە ساڵی (١٩٨٨) ئەوە نەبوو کە یەکێک لە

زیانمەندترین گروپە جینۆسایدکراوەکان کورد بووە، ئێمە لە ڕوانگەی زانستی و یاسایەکی گەوهەرانەوە ئەو هەڵسەنگاندنە دەکەین، نەوەک لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزی نەتەوە پەرستی. وە لەم کتێبەشدا قووڵیی جینۆسایدی نەتەوەی کوردمان سەلماندووە.

هەموو ئەو تاوانانە وایکرد، بیر لە دامەزراندنی دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی بکرێتەوە بۆ دادگایکردنی تاوانکاران و گێڕانەوەی ماف بۆ قوربانییەکان و دانانی سنورێک بۆ پێشێلکارییە قووڵەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی.

پاش ماوەیەکی درێژ، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٨٩/١٢/٤)، داوای لە کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی.[٣] لە ئەنجامدا کۆمیسۆنەکە لە ساڵی (١٩٩٠)، هەستا بە لێکۆڵینەوە کردن لە مەسەلەی پێکهێنانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی. کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی (١٩٩٢) و هەروەها ساڵی (١٩٩٣) داوای لە کۆمیسیۆن کرد بۆ درێژەپێدانی ڕەشنوسی یاساکە، هەر ئەوە بوو کۆمیسۆن لە ساڵی (١٩٩٤) کۆتایهێنا بەکارەکانی ڕەشنوسی یاسای دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی و پێشکەشی کۆمەڵەی گشتی کرد.[٤]

لە ساڵی (١٩٩٤) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتبەست بە ڕەشنوسی ئامادەکراوی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی. لیژنە کاتییەکە لە ساڵی (١٩٩٥) دوو جار کۆبوویەوە.[٥] کۆمەڵەی گشتی لە (١٩٩٨/١٢/١٧) بڕیاری (٢٠٧/٥١)ی دەرکرد و لەو چوارچێوەیەدا بڕیاری بەستنی کۆنفرانسێکی دیپلۆماتی کرد کە دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدرابوو بۆ کۆتاپێهێنان و پێکهێنانی ڕێککەوتننامەی دامەزراندنی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، هەروەها کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری (١٦٠/٥٢) کە لە (١٩٩٧/١٢/١٥) دەریکرد دەوڵەتی ئیتالیای وەک شوێنی بەستنی

کۆنفرانسەکە پەسەند کرد.[٦] هەر ئەوەبوو کۆمەڵەکە داوای لە سکرتێری گشتی کرد بۆ بانگهێشتکردنی هەموو دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەندامانی دەزگا تایبەتمەندەکان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکە. کۆنفرانسەکە لە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراک لە ڕۆما ڕێکخرا، لە (٧/١٥ بۆ ١٩٩٨/٧/١٧)، کۆنفرانسەکە گیۆڤانی کۆنسۆی ی ئیتالی وەک سەرۆک هەڵبژارد. کۆنفرانسی دیپلۆماتی لە دوایین ڕۆژی کۆبونەوەکانیدا لە (١٩٩٨/٧/١٧)، ڕێککەوتننامەی ڕۆمای دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی پێکهێنا.[٧] لەو کۆنفرانسەدا (١٦٢) دەوڵەت ئامادەبوون.[٨] (١٢٠) سەدو بیست دەوڵەت دەنگیان بە بەڵێ دا و (٧) حەوت دەوڵەتیش بە نەخێر و (٣٥) سی و پێنج دەوڵەتیش بەبێ لایەن مانەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە بەنەخێر دەنگیان داو دژی پێکهێنانی دادگاکە بوون بریتی بوون لە (چین- عێراق- ئیسرائیل- لیبیا- قەتەر- ئەمریکا- یەمەن).

بەوەش دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی دامەزرا، کە بارەگای سەرەکی لە شاری لاهای هۆڵندایە، یاسای دادگاکە پێکهاتووە لە (١٢٨) ماددە و دابەشکراوە بۆ (١٣) بەش و پێشەکییەک.

بەشەکانی یاسای دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بریتین لە:

* دامەزراندنی دادگا؛
* دەسەڵاتەکانی دادوەری دادگا و جێبەجێکردنی یاساکان؛
* پرەنسیپە گشتییەکانی یاسای تاوانکاری؛
* پێکهاتە و بەڕێوەبردنی دادگا؛
* لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن؛
* دادگاییکردن؛
* سزاکان؛
* پێداچوونەوە؛

* هاوکاریی نێودەوڵەتی و یارمەتییە دادوەرییەکان؛
* سەپاندنەکان؛
* کۆبونەوەی دەوڵەتە ئەندامەکان؛
* دارایی؛
* بڕگەکانی کۆتایی.

دادگاکە پاش ئەوەی لە (١٩٩٨/٧/١٧) دامەزرا و ئەو رۆژە بە ڕۆژی دادپەروەری نێودەوڵەتی ناسراوە. لە (٢٠٠٢/٧/١)ەوە ڕۆشتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەپێی ماددەی (١١)ی دادگاکەش دەسەڵاتی بەسەر ئەو تاوانانەدا هەیە کە دوای ڕۆشتنە بواری جێبەجێکردنی ئەنجامدراون بۆ داهاتوو.[٩]

(١٢٤) دەوڵەت ئەندامی دادگاکەن و (١٨) دادوەری هەیە. مەرجە دادوەرکان لانی کەم زمانێکی کارپێکردنی داگا بزانێت و خاوەنی ڕەوشتی بەرز و سەربەخۆ و بێلایەن بێت و شارەزاییەکی باشی لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤدا هەبێت. شەش زمان زمانی فەرمی دادگان، ئەوانیش (ئینگلیزی- فەرەنسی- ڕوسی- چینی- ئیسپانی- عەرەبی)، بەڵام زمانی کارکردنی دادگا بریتییە لە زمانەکانی (ئینگلیزی و فەرەنسی).[١٠]

(سیلڤیا فیرناندیز) سەرۆکی دادگایە و (فاتو بنسۆدا) سەرۆکی داواکاری گشتیی دادگایە. دادگا لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە داوای (٣٦) تۆمەتباری کردووە و زۆربەیانی دادگاییکردووە، لە ناو ئەو تۆمەتبارانەشدا (جۆزیف کۆنی) سەرۆکی یاخیبووەکانی ئۆگەندا، (عومەر حەسەن بەشیر) سەرۆکی سودان، (ئوهورو کنیاتا) سەرۆکی کینیا و (لۆرێنت گابۆ) سەرۆکی کۆتید ڤوار.[١١] قورسترین سزای دادگا بۆ تاوانکارانی ئەو چوار تاوانەی کە لە پسپۆڕییدایە بریتییە لە زیندانیکردن کە لە (٣٠) سی ساڵ زیاتر نەبێت، لەگەڵ پێبژاردن و قەرەبووکردنەوە.[١٢]

**باسی دووەم/ پسپۆڕییەکانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی**

لەم باسەدا لە بارەی پسپۆڕییەکانی (بابەتی، کات، شوێن، کەسی)، دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوە دەدوێین.

## یەکەم/ پسپۆڕیی بابەتی

پسپۆڕیی بابەتی، مەبەست لە و تاوانانەیە کە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتی بینین و دەسەڵاتی دادگاییکردنی تاوانکارەکانی تێدا هەیە.

ئەو تاوانانەش بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥)ی دادگاکە، دابەشکراون بۆ ئەم تاوانانەی خوارەوە:

١/ تاوانەکانی جینۆساید؛

٢/ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی؛

٣/ تاوانەکانی جەنگ؛

٤/ تاوانەکانی دوژمنکاری.[١٣]

هەریەک لەم چوار تاوانە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا ناسراو و پێناسە کراون، بۆیە لێرەدا پێناسەیان ناکەینەوە.

بەڵام سەبارەت بە تاوانەکانی دوژمنکاری، دادگا لە ئێستادا ناتوانێت پسپۆریی خۆی جێبەجێ بکات لەسەر ئەو تاوانانە. ئەو کاتە دادگا دەتوانێ، کە پشت دەبەستێ بەو بڕیارەی دوای (٢٠١٧/١/١) دەدرێت. ئەویش بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی ئەندام و، بە پشت بەستن بە پەسەندکردنی (٣٠) سی دەوڵەتی ئەندام بە لایەنی کەمەوە، لەسەر هەمواركردنی تایبەت بەو تاوانانە.[١٤] هەربۆیە تا ئێستا دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی پێناسەی تاوانەکانی دوژمنکاریی نەکردووە.

**دووەم/ پسپۆڕیی کات**

لێرەدا مەبەست لەو کاتەیە کە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتەکانی خۆی پەیڕەو دەکات لەو تاوانانەی کە ڕوویانداوە لە دوای ڕۆشتنە بواری کارکردنی دادگاکەوە. دادگا لە (٢٠٠٢/٧/١)ەوە کارەکانی دەستپێکردووە، هەربۆیە ماددەی (١١) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دادگا دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاردەهێنێت تەنها بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجامدراون لە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی یاسای ئەم دادگایەوە.[١٥]

هەر دەوڵەتێکیش ببێت بە ئەندام لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، ئەوا دادگا بە تەنها لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و دادگایی کردنی تاوانکارەکانی دەوڵەتەکە لەو کاتەوە دەکات کە دادگا لیەوەی ڕۆشتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە واتای ئەوەی ئەو دەوڵەتە تازەیەی کە دەبێت بە ئەندام لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئەگەر هاتوو پێش ساڵی (٢٠٠٢) هەر چوار جۆرە تاوانە نێودەوڵەتییەکەی ئەنجام دابێت کە لە ماددەی (٥)ی دا ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوا دادگا دەسەڵاتی بینینیانی نییە. بەڵکو دادگا بە تەنها ئەو تاوانانە دەبینێت و دادگایی ئەو تاوانکارانە دەکات کە دوای (٢٠٠٢/٧/١) ئەنجام دراون بەرەو داهاتوو.

هەربۆیە پسپۆڕیی کات لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بریتیە لە (٢٠٠٢/٧/١) و بەرەو داهاتوو. ئەوەش بە یەکێک لە ڕەخنەکان دادەنرێت لە دادگاکە، کە لە یاساکەیدا یەکلایی کردووەتەوە کە دەسەڵاتەکانی بۆ پێش ساڵی (٢٠٠٢) نەگەڕێتەوە، هەرچەندە زۆربەی جینۆسایدەکان و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر لە سەدەی بیستەم دا ئەنجام دراون زۆربەی تاوانکارەکانیش تا ئێستا بە سزای یاسایی خۆیان نەگەشتوون و قوربانییەکانیش مافەکانیان بۆ نەگەڕێنراوەتەوە.

هەربۆیە هیچ کەسێک لە ژێر یاسای دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیدا بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە ئەستۆ نییە بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی داون، لە کاتێکدا دادگاکە نەڕۆشتبووە بواری جێبەجێکردنەوە. هەربۆیە لە دۆخـــی هەمـــوارکردنی یاســـا کارپێکراوەکـــانی ئەم دادگـــایەدا بـــۆ کەیســـەکانی پـــێش ســـاڵی (٢٠٠٢) ئەوا یاســـاکان لەبەرژەوەنـــدیی ئەو کەسانەیە کە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە، یان دادگایی کردن، یان قۆناغی دەرکردنی بڕیارەکەن بەسەریاندا.[١٦]

**سێیەم/ پسپۆڕیی شوێن**

مەبەســت لە پســپۆڕی شــوێن لە دادگــای تاوانکــاریی نێودەوڵەتیــدا، ئەوەیە کە دادگــا لە چــی هەرێــم و جوگرافیایەکــدا دەتوانێــت دەســەڵاتە یاساییەکانی خۆی پەیڕەوبکات.

وەک بنچینە دادگـا دەسـەڵاتەکانی خـۆی لە هەرێمـی هەمـوو دەوڵەتە ئەندامەکانیـدا پەیـڕەو دەکـات و دادگـایی ئەو تاوانکـارانە دەکـات کە لەو هەرێمـانەدا چـوار تـاوانەکەی ژێـر دەسـەڵاتەکانی دادگایـان ئەنجامـداوە. هەریەک لەو چـوار تـاوانە نێـودەوڵەتییە لە هەریەک لە دەوڵەتـانی ئەنـدام ئەنجـام بـدرێت، ئەوا داواکـاری گشـتی دادگـا بە پشـت بەسـت بە بـڕگەی (٣)ی ماددەی (١٣) کەیسەکە دەجوڵێنێت. دەوڵەتە ئەندامەکانی دادگاکەش بریتین لە (١٢٤) دەوڵەت.

دادگــای تاوانکــاریی نێــودەوڵەتی ســـەربەخۆییەکی یاســـایی هەیە لە ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو دادگـای دادی نێودەوڵەتی نییە کە دەزگـایەکە لە دەزگاکـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان. هەرچەنـدە یاسـای دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی دەسـەڵاتی دیـاریکراوی بەخشـیوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیانـــدا هەیە. بـــۆ ئەو مەبەســـتەش بـــڕگەی (٢)ی مـــاددەی (١٣)ی

دادگاکە.[17] ڕێگای داوە بە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دەرکردنی بڕیار بەپێی بەشــی حەوتەمــی دەســتووری ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکــان و ئاراســتەکردنی هەرکەیســێکی تاوانکــاری لەو دەوڵەتــانەی کە ئەنــدامی دادگاکە نین.[18] ئاراستەکردنی کەیسی دارفۆر لە ساڵی (٢٠٠٥) و کەیسی لیبیــا لە ســـاڵی (٢٠١١) لە لایەن ئەنجـــومەنی ئاسایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە بـۆ دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی لە چوارچێـوەی جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتانەدایە کە دادگا بەخشیویەتی بە ئەنجومەنی ئاسـایش و ئەنجـومەنەکەش پشتبەسـت بەو ئەرکەی لە ئەسـتۆیەتی بـۆ پاراســتن و گێــڕانەوەی ئاشــتی و ئاسایشــی نێـودەوڵەتی بڕیارەکــانی دەرکردووە.

لەلایەکـی تـرەوە بەپێـی بـڕگەی (٣)ی مـاددەی (١٢)ی دادگـا، ئەگەر دەوڵەتێکی نا ئەندام لە دادگاکە پەسەندی دەسەڵاتەکانی دادگا بکات ئەوا لەو بارودۆخەشدا دادگا دەتوانێت دەسـەڵاتەکانی خۆی بەکاربهێنێت لە هەرێمـی ئەو دەوڵەتەدا گەرچـی دەوڵەتەکە ئەنـدامی دادگـاکەش نەبێـت. هەروەهـا بەپێی خـاڵی (١)ی بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (١٢) ئەگەر کەسـێک، هـاووڵاتی هـیچ دەوڵەتێکی ئەنـدامی دادگـا نەبـوو بەڵام تـاوانێکی ئەنجـام دابـوو لە نـاو کەشـتییەک یـان فرۆکەیەکـی دەوڵەتێک یـان بە یەکێک لەو دوانە، ئەوا ئەو دەوڵەتەی کە خـــاوەنی کەشـــتی و فـــرۆکەکەیەو ڕەگەزنامەی کەشتی و فڕۆکەکەی هەیە دەتوانێت کەیسـەکە بگەیەنێت بە دادگـا. ڕەگەزنـامەی کەشـتی و فڕۆکە بەپێی یاسـای نێودەوڵەتی تـایبەت دیاریدەکرێت و لەسـەر چەند بنەمـایەک دەبەخشـرێت. ڕێگـایەکی تـر بـۆ دادگـاییکردنی تۆمەتبـاران و گەیانـدنی کەیسـێک بە دادگـا، بـریتییە لەو دەوڵەتــانەی کە ئەنــدامی دادگــاکەن و هاووڵاتییەکانیــان لە هەرێمــی دەوڵەتێکـی نـا ئەنـدام تاوانیـان ئەنجـام داوە. ئەوا لەو بـارەدا دەوڵەتـانی

ئەنـــدام پشتبەســـت بە پرەنســـیپی ڕەگەزنـــامەی هاووڵاتیانیـــان کە ڕەگەزنـامەی ئەو دەوڵەتەیـان هەیە دەتـوانن کەیسـەکە بگەیەنـن بە دادگـا بەپێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٢).[١٩]

کەواتە پسپۆڕی شوێن یان هەرێمی دەسەڵاتەکانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بریتییە لە هەرێمی دەوڵەتە ئەندامەکانی و هەروەهـا هەرێمـی ئەو دەوڵەتـانەش کە ئەنـدامی دادگـاکە نـین و لە ڕێگـای ئەنجـومەنی ئاسـایش بە بڕیـارێکی یاسـایی و بـۆ لێکـۆڵینەوە لە تاوانێـک بـووە بە هەرێمی دەسەڵاتەکانی، لەگەڵ هەرێمی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی دادگا نـین و خـودی دادگـاکە دەسـەڵاتەکانی دادگـای پەسـەند کـردووە لە هەرێمەکەیدا، یان ئەو دوو بارەی تر کە ئاماژەمان بۆ کردووە.

## چوارەم/ پسپۆڕیی کەسی

مەبەسـت لە پسـپۆڕیی کەسـی لە دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی ئەوەیە دادگا دەسەڵاتی بەسـەر چـی کەسـێکدا هەیە بۆ ئەوەی دادگاییـان بکات. پرەنسیپێکی چەسپاو و جێگیرە لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا کە چۆن هەموان لە بەردەم یاسادا یەکسانن، بە هەمان شێوەش هەموان لەبەردەم سزادا یەکسانن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە جیاوازییەکی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی، ئاینی، سیاسی و پلەی کۆمەڵایەتی.

بەپێی ماددەی (٢٦)ی دادگاکە، دادگا بە تەنها دەسـەڵاتی بەسـەر ئەو کەســـە سروشـــتییانەدا هەیە کە تەمەنیـــان لە ســـەرووی (١٨) هەژدە ســاڵییەوەیە، واتە منـداڵان و ئەو کەسـانەی کە تەمەنیـان لە خـوار (١٨) ساڵەوەیە لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا و تۆمەتباربن بە ئەنجامدانی یەکێک لەو چـوار تـاوانە نێـودەوڵەتییەی کە دادگـا ئامـاژەی بـۆ کـردووە،

دادگا دەسەڵاتی دادگاییکردنیانی نییە.[٢٠] هەروەها دەبێت ئەو کەسەی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە کەسێکی سروشتی بێت، ئەویش بەپێی ماددەی (٢٥)ی دادگا، کە مەرجی داناوە، واتە کەسانی مەعنەوی بەرپرسیارنین و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی کەسانی سروشتی پێکهاتووە.[٢١]

ماددەی (٢٧)ی دادگاکە، هەموو کەسە سروشتییەکانی ملکەچ کردووە بۆ سزا، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک بە سود وەرگرتن لە پلەو پایەی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان نەتوانن خۆیان بپارێزن لە سزای یاسایی. لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٢٧)دا هاتووە (یاسای دادگاکە بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێ دەبێت بەبێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەک کە بنیاد نرابێت لەسەر پۆستی فەرمی، بەتایبەتی پۆستی فەرمی، جا سەرۆکی دەوڵەت بێت یان سەرۆکی حکومەت، وەزیر یان ئەندامی پەرلەمان، یان نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی حکومەت و فەرمانگە حکومییەکان. هیچ کەسێکیان نابوورێن لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری).

بڕگەی (٢)ی هەمان ماددە دەڵێت (یاساپارێزی (حصانە) یان ئەو یاسایانەی کە پەیوەستە بە پۆستی فەرمی کەسانێک لە ژێر یاسای نیشتیمانی یان یاسای نێودەوڵەتی، نابێتەهۆی ئەوەی کە دادگا نەتوانێت دەسەڵاتەکانی جێبەجێبکات لەسەر ئەو کەسانە).

هەروەها لە ماددەی (٢٨)ی دادگاکەدا باس لە بەرپرسیارێتیی تاوانکاری فەرماندە سەربازییەکان دەکات، بۆ ئەو تاوانانەی کە لەدەسەڵاتەکانی دادگادایە، ئەگەر هاتوو لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا یان ئەو هێزانەی کە لە ژێر فەرمانی ئەواندا ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن و

هەستان بە ئەنجامدانی تاوانێک. ئەوا ملکەچ دەبن بۆ سزا، و پۆستەکانیان نابێتە هۆی بەخشینیان لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری.[٢٢]

ئەم پرەنسیپەش لە هەردوو ماددەی (٤ و ٧)ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنەسەر تاوانکارانیدا جێگیرکراوە، کە تاوانکاران بەرپرسن بۆ کردەوە تاوانکارییەکانیان و ناتوانن سود لە یاسا پارێزی (حصانە) وەربگرن و مافی وەرگرتنی مافی پەنابەریی سیاسی و مرۆییان نییە.[٢٣]

بەوەش دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی پرەنسیپێکی گرنگی جێگیر کردووە کە هیچ تاوانکارێکی نەبەخشیوە لە سزاو هەمووانی بە بەرپرس زانیوە بۆ ئەنجامدانی کردەوە تاوانکارییەکانیان. بەوەش لە لایەکەوە دەیەوێت ڕێگری بکات لە ئەنجامدانی تاوان و قەدەغەکردنی پێشێلکاریی یاسایی، لەلایەکی ترەوە پەیامێکی ڕووناکی تێدایە بۆ سەرۆکی ئەو دەوڵەتانەی کە لە دەستوورەکانیاندا مافی یاساپارێزی (حصانە) بە خۆیان دەبەخشن و ملکەچ نابن بۆ یاسا.

دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی پشت بەست بە ماددەی (١٧)ی یاساکەی، شوێنی دادگا نیشتیمانییەکان ناگرێتەوە بەڵکو تەواوی دەکات، واتە ئەرکی تەواکاریی لە ئەستۆدایە. ئەویش کاتێک بەو ئەرکە هەڵدەستێت، ئەگەر هاتوو ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکە لە هەرێمەکەیدا ئەنجامدراوە بەئەرکی خۆی هەڵنەستێ، یان بێتوانا بێت، یان ئارەزووی کارکردنی نەبێت، وەک ئەوەی بەبێ پاساو گرتنەبەری ڕێکارە دادوەرییەکان دوابخات، یاخود ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر کە ببێتەهۆی ئەوەی کەسێک لە لێپرسراوێتی تاوانەکان ببورێ، ئەمەش بە بنەمای تەواوکاری دەناسرێ، کە بنەمای سەرەکی و پێشەنگی بۆ یاسای دادوەری نیشتیمانی دادەنێت و هەرکات بە ئەرکەکەی هەڵنەستا ئەوا دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئەرکەکەی دەستپێدەکات.[٢٤]

**باسی سێیەم/ چۆنیەتی گەیاندنی کەیسی جینۆسایدی کورد بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی**

نەتەوەی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستانی داگیرکراودا، یەکێکە لەو گروپە نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزییانەی کە قووڵترین بەرکەوتەی جینۆسایدە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانییەوە. کارێکی نا لۆژیکی و چاوەڕوان نەکراو و مەحاڵە گەر پێمان وابێت دادگا تاوانکارییەکانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کە جوگرافیای کوردیان داگیر کردووەو نەتەوەکەشیان جینۆساید کردووە هەستن بە دادگاییکردنی تاوانکارانی دەوڵەتەکانیان. لەلایەکی ترەوە ئەو تاکە دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەی دامەزرا نەیتوانی خواست و خەونی کورد وەک نەتەوەیەکی جینۆساید کراو بەدیبهێنێت و بیکات بەڕاستی. چونکە یەکەم دەوڵەتە داگیرکەرەکان (عێراق- ئێران- تورکیا- سوریا) ئەندامی دادگا نین، بەوەش دادگا ناتوانێت ڕاستەوخۆ دادگایی تاوانکارانی جینۆسایدی کورد بکات لەو دەوڵەتانە و مافەکانی کورد بگەڕێنێتەوە. دووەم یاسای دادگاکە بە شێوازێک داڕێژراوە کە کاریگەریی بۆ پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی دادگاکە نییە. وە زۆربەی ئەو جینۆسایدانەی کە لەدژی کورد ئەنجامدراوە لە پێش (٢٠٠٢/٧/١)ەوە بووە، وە قوڵایی جینۆسایدی کورد لە سەدەی بیستەمدا بووە کە ئەو دادگایەش لە یاساکەیدا یەکلایی کردووەتەوە کە دەسەڵاتەکانی بۆ دادگاییکردنی تاوانکاران کاریگەرییەکەی بۆ ڕابردوو ناگەڕێتەوە (Non- Retroactive)، بەڵکو بۆ داهاتووە (Prospective).

لە ژێر ئەو ڕووناکاییە یاساییەدا، نەتەوەی کورد بە تەنها دەتوانێت سود لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی وەربگرێت بۆ ناساندنی ئەو کەیسانەی کە لە دوای (٢٠٠٢/٧/١)ەوە ئەنجامدراون. ڕێگرییەکی تر کە

دێته بەردەم دادخوازیی کورد ئەوەیە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە، وە دادگاش داوای یاسایی دەوڵەت وەردەگرێت. هەروەها هیچ کام لەو چوار دەوڵەتەی کە کوردستانیان داگیرکردووە ئەندامی دادگاکە نین، وە هیچ نیەتێکی ڕاستگۆیانەشیان نییە بۆ ئەندام بوون. کەوابوو ئەوەی لەسەر کورد پێویستە بیکات بۆ ئەوەی بگات بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لەو بارەی کە ئێستا تێیدایەتی ئەوەیە لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کەیسەکانی ئاراستەی دادگا بکات، ئەویش بە باوەڕهێنان بە ئەنجومەنی ئاسایش کە ئەوەی لە دژی کورد ئەنجامدراوەو ئەنجامدەدرێت ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خستووەتە مەترسییەوە. وە دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٩١/٤/٥) بۆ پاراستنی خەڵکی باشووری کوردستان و دانانی هێڵی (٣٦) لەسەر هەمان بنەمای یاسایی بوو.[٢٥]

کەیسەکانی جینۆسایدی کورد لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە لە دوای ساڵی (٢٠٠٢)ەوە پێک دێت لە:

* لە باکووری کورستان بریتین لە ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکانی سوپای تورکیا بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕانی کورد، زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی هزری و جەستەیی لاوان و پەڕلەمانتارانی کورد، کوشتن و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانە ڕەواکانی کورد و دیارترین پێشێلکارییش بریتییە لە تاوانەکەی ڕۆبۆسکی (٢٠١١/١٢/٢٨) کە تێیدا (٣٤) کۆڵبەری بێتاوانی کورد کوژران کە (١٩)یان منداڵ بوون.

* لە خۆرهەڵاتی کوردستان بریتین لە لەسێدارەدانی لاوانی کورد، کوشتنی کۆڵبەر و سووتاندنی ڕەزو باخ و دارستانەکان و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر کە لەو بەشە داگیرکراوەی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تا هەنووکە ئەنجامدەدرێت.

* لە خۆرئاوای کوردستان بریتین لە جینۆسایدی ڕژێمی سوریا لە دژی کوردانی ئەو بەشەی کوردستان، بەتایبەتی لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئازادیی ئەو بەشەی کوردستان لە (٢٠١١/٢/٤). و قووڵترین

جینۆسایدیش بریتییە لە پەلامارەکانی داعش بۆ سەر کانتۆنی کۆبانێ و گەمارۆ (٤) مانگییەکە لە (٢٠١٤/٩/١٤) تاوەکو (٢٠١٥/١/٢٧). کە تێیدا سەرەڕای خاپوربونی کانتۆنی کۆبانی (٤٠٨) شەڕڤان کوژران. هەروەها جینۆسایدەکەی تری کۆبانی لە (٢٠١٥/٦/٢٥) کە لە لایەن داعشەوە ئەنجام درا. بووە هۆی کوشتنی (٢٠١) کەسی سڤیل و بریندارکردنی (٢٠٠)ی دیکە.

* لە باشووری کوردستان بریتییە لە جینۆسایدی شەنگال، کە ئەوە نەک لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بە تازەترین جینۆساید دادەنرێت کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراوە.

تێکڕای جینۆساید کراوانی ئێزدییەکان لە شەنگال دەگاتە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس، نزیکەی (٥٠٠٠- ٧٠٠٠) پێنج هەزار بۆ حەوت هەزار کچ و ژن و منداڵیان فڕێندراون و هەندێکیان وەک کۆیلە فرۆشراون و (٣٠٠) سێسەد هەزاری تر ئاوارە بوون. کوردانی ئێزدی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر لە (٣٥٠٠) سێ هەزار و پێنج سەد کچ و ژنیان لە دەستی داعشدایە و ژمارەیەکی زۆر لەوان وەک کۆیلەی سێکسی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بە نرخێکی کەم دەفرۆشرێن.

لێرەدا هەوڵ دەدەین باس لە ناساندنی کەیسی جینۆسایدی شەنگال بکەین هەروەها چۆنیەتیی گەیاندنی بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی یان دادگایەکی تری تاوانکاری.

### یەکەم/ کەیسی شەنگال و دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی

جینۆسایدی ئێزدییەکان لە قەزای شەنگال ئەنجام دراوە، ئەو قەزایەش یەکێکە لە شارۆچکە کوردییەکانی باشوری کوردستان. باشوری کوردستانیش بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١١٧)ی دەستووری

عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، هەرێمێکە لە ناو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدایە. واتە جینۆسایدەکە لە ناو سنور و خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە.

لەم ڕووەوە یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی لە ماددەی (١١)دا تاوانی جینۆسایدی قەدەغەکردووە و سزای بۆ ئەنجامدەرانی داناوە. بەڵام کێشەی ئەو دادگایە ئەوەیە کە ناتوانێت ئەو کەیسە ببینێت. هەرچەندە لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١) ی دادگاکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بە سەر هەموو کەسێکی سروستی ئەگەر هات و عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراقدا نیشتەجێبێت، وە تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تاوانانەی کە باسکراون لە ماددەکانی:

یەکەم/ جینۆساید، ماددەی (١١).

دووەم/ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ماددەی (١٢).

سێیەم/ تاوانەکانی جەنگ، ماددەی (١٣).

چوارەم/ پێشێلکاریی یاساکانی عێراقی، ماددەی (١٤).

بەڵام مەرجە ئەو تاوانانە ئەنجام درابێت لە بەرواری (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١).[٢٦]

ئاشکراشە کە جینۆسایدی شەنگال لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئەنجامدراوە. واتای ئەوەیە کە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی لەڕوی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەوە پسپۆڕیی ئەوەی نییە لێکۆڵینەوەو دادگایی تاوانکارانی داعش بکات بۆ ئەو جینۆسایدەی کە ئەنجامیانداوە.

وەک ئاماژەمان بۆ کردووە کە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی لەڕوی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەوە، دەسەڵاتی دادبینی لە کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکاندا نییە. هەربۆیە پێویستە ئەو ڕێگایانە ڕونبکەینەوەو بیناسێنین کە دەمانگەیەنن بە دادگایەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی تاوانکارانی داعش کە ئەنجامدەری جینۆسایدی ئێزدییەکانن لە شەنگال.

**دووەم/ کەیسی شەنگال و چۆنیەتیی گەیاندنی بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی**

دادگـــای تاوانکـــاریی نێـــودەوڵەتی لە (١٩٩٨/٧/١٧) دامەزراوە و لە (٢٠٠٢/٧/١)ەوە چـووەتە بـواری جێبەجێکـردنەوە. بەپێـی مـاددەی (٥) دەسـەڵاتی دادگـا پەیـڕەو دەکرێت بەسـەر ئەنجامـدەرانی چـوار تـاوانی نێـــودەوڵەتی ئەوانـــیش (تاوانەکـــانی جینۆســـاید- تاوانەکـــانی دژ بە مرۆڤایەتی- تاوانەکانی جەنگ- تاوانەکانی دوژمنکاری)ن.

گەر عێـراق ئەنـدامی دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی بـوایە، ئەوا داواکـاری گشـتی بەپێـی بـڕگەی (١ و ٣)ی مـاددەی (١٣)ی دادگـاکە، دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاردەهێنا بۆ دادبینی کردن لە کەیسی شەنگال-دا. بەڵام عێـراق ئەنـدامی ئەو دادگـایە نیـیە. هەر بـۆ ئەوەی ئەو کەیسـە بە جینۆسـاید بناسـێنرێت ئەو کـارتە بەهێـزەی جینۆسـایدی کـوردیش لە دەسـت دەرنەچێت دەبێت چەنـد ڕێوشـوێنێک بگیـرێتەبەر بە مەبەسـتی دادبینی کردن لەو کەیسەدا لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی.

دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بە هەر یەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە دەتوانێـت دەسـەڵاتەکانی خـۆی بەکاربهێنێـت و دادبینـی لە کەیسـی جینۆســـایدی ئێزدییەکانـــدا بکـــات. ئەوەش دوای ئەوە دێـــت کە ئەو تاوانانەی ڕویداوە بە پێوەرە یاساییەکانی یاسـای تاوانکاری نێودەوڵەتی دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە. وە عێراقیش وەک دەوڵەتێک ئەنـدامی دادگـاکە نیـیە. بـۆیە تەنهـا بەم ڕێگـایەی خـوارەوە دەتوانرێـت کەیسەکە بخرێتە بەردەم دادگا، ئەوانیش:

١/ بە ئەنـدامبونی عێـراق لە دادگـای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی. بەوەش دادگـا دەتوانێـت دەسـەڵاتەکانی خـۆی پەیـڕەو بکـات و لێکـۆڵینەوە لە کەیسـەکەدا بکـات. چـونکە ئەوکـات لێکـۆڵینەوە لە کەیسـێک دەکـات کە یەکێکە لەو چـوار تـاوانەی کە لە چوارچێوەی دەسـەڵاتەکانی دادگـادایەو

لەلایەکی تریشەوە هیچ کۆت و ڕێگرییەکی یاسایی نییە و لە دەوڵەتێکدا تاوانەکە ئەنجامدراوە. کە ئەندامی دادگایە.

٢/ لە بەرئەوەی عێـراق ئەنـدامی دادگـاکە نیـیە، وە بـۆ ئەوەشـی کەیسەکە بخاتە بەردەم دادگاکە، ئەوا بەپێی بڕگەی (٣)ی ماددەی (١٢)، ڕەزامەنـدی خـۆی دەردەبڕێت بەوەی کە دادگـاکە دەسـەڵاتەکانی خـۆی جێبەجێ بکات و کەیسەکە لە دادگاکەدا دادبینیی تێدا بکرێت. واتە لێرەدا پێویسـتە حکـومەتی عێـراق دەسـەڵاتەکانی دادگـا پەسـەند بکـات و ڕەزامەنـدبێت بەوەی کە دادگـا لێکـۆڵینەوە لەو کەیسـەدا بکـات کە لە هەرێمەکەیدا ئەنجامدراوە.

٣/ لە ڕێگـای ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە بە بڕیارێک ئەویش بە پێی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٣)ی دادگا، کەیسەکە بخرێتە بەردەم داواکاری گشتیی دادگاکە و داواکاری گشتی ڕاسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەدا.

نمـونەی ئەو ڕێگـایەش هەریەک لەو کەیسـانەی خـوارەوەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش خستویەتییە بەردەم دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی:

* ئەنجومەنی ئاسایش لە (٢٠٠٥/٣/٣١) بڕیاری (١٥٩٣)ی دەرکرد، کە لە (٩) مـاددە پێکهـاتبوو. بەپێـی ئەو بڕیـارە کەیسـی جینۆسـایدی دارفۆری لە (٢٠٠٢/٧/١)وە، خستە بەردەم داواکاری گشتی لە دادگای تاوانکـاریی نێـودەوڵەتی. لە بڕیـارەکەدا هـاتووە کە پێویسـە حکـومەتی سودان و هەمو لایەنەکانی تر لە ململانێکانی دارفۆر و یەکێتی ئەفریکی هاوکـاریی تەواو و پێویسـتی داواکـاری گشـتی و دادگـاکە بـکەن بـۆ بەدەسـتهێنانی دادپەروەری لە کەیسـەدا. ئەمەش لە کاتێکـدا بـوو کە دەوڵەتی سودانی یەکگرتوو ئەندامی دادگاکە نەبوو.

* ئەنجومەنی ئاسایش لە (٢٠١١/٢/٢٦) بڕیاری (١٩٧٠)ی دەرکرد، کە لە (٢٨) ماددە پێکهاتبوو. بەپێی ئەو بڕیارە کەیسی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی لیبیای لە (٢٠١١/٢/١٥)وە، خستە بەردەم داواکاری گشتی لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی. لە بڕیارەکەدا هاتووە کە پێویستە حکومەتی لیبیا و دەوڵەتانی ئەندام و هەموو ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان هاوکاریی تەواوی داواکاری گشتی و دادگا بکەن و، هەموو تێچوونی ئەو کەیسەش لە ئەستۆی دەوڵەتانی ئەندامی دادگاو هەر دەوڵەتێکی ترە کە خۆی ئارەزوی هاوکاریکردنی هەبێت. هەر بەپێی ئەو بڕیارە گەمارۆی سەربازی خرایە سەر لیبیا و دەوڵەتانی ئەندامی ناچارکرد کە ڕێگەنەدەن بە زۆربەی سەرکردەکانی لیبیا کە بە ناو وڵاتەکەیاندا تێپەڕن و خۆیان دەرباز بکەن. هەروەها بڕیارەکە داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات کە بە هاوکاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە کار بکەن بۆ گێڕانەوەی دۆخێکی ئاسایی مرۆیی بۆ لیبیا. ئەمەش لە کاتێکدا بو کە لیبیا وەک دەوڵەتێک ئەندامی دادگاکە نەبوو.

٤/ ئەو هاوڵاتییانەی کە لە ڕیزەکانی داعشدان و دەوڵەتەکانیان ئەندامن لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی. ئەوا بە پێی خاڵی (٢) لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٢)ی دادگا، دەتوانن سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن لە دادگاو دادگاش دەتوانێت لێکۆڵینەوە و دادگاییان بکات.[٢٧]

٥/ ئەو دیلانەی داعش کە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلاوە دەستگیرکراون. ئەوەش ڕێگایەکی ترە کە دەتوانرێت زۆرترین زانیاری و بەڵگەیان لێبەدەستبهێنرێت و بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەریان لەدادگاکەشدا، دادگای بکرێن و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانیان ئەنجامبدرێت، جا ئەگەر بێتو ئەو دیلانە دەوڵەتەکانیان ئەندامی دادگا بن یان ئەندام نەبن.

**سێیەم/ کەیسی شەنگال و دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی تایبەت**

یەکێکی تر لە ڕێگاکانی دادگاییکردنی تاوانکارانی داعش که لە دەرەوەی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوەیە. ئەوەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بەشی حەوتەمی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان هەستێت بە پێکهێنانی دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی تایبەت بۆ ئەو جینۆسایدەی لە شەنگال ئەنجامدراوە. هەروەک چۆن ئەو ئەنجومەنە چەند دادگایەکی تاوانکاری پێکهێنا لە دەوڵەت و کیشوەرە جیاوازەکاندا بۆ دادگاییکردنی تاوانکارانی جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر.

نمونەی ئەو دادگایانەش:

* پێکهێنانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای جاران، لە (١٩٩٣/٥/٢٥) بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٢٧)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانکارانەی کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە، تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگیان ئەنجام دابوو لە هەرێمەکانی بەلکان کە بە قەسابخانەکانی بەلکان ناسرابوو.

* پێکهێنانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ڕواندا، لە (١٩٩٤/١١/٨)، بەپێی بڕیاری ژمارە (٩٥٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانکارانەی کە بەرپرس بوون لە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە ڕواندا. بە کورتی جینۆسایدکردنی توتسییەکان لەلایەن هوتووەکانەوە. هەروەها دادگاییکردنی ئەو هاووڵاتییە ڕوانداییانەی کە دەستیان هەبوو لە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید و پێشێلکارییەکانی

تر له سنوری دەوڵەته دراوسێکانی ڕواندا. له نێوان (١٩٩٤/١/١ تاوەکو ١٩٩٤/١٢/٣١).

* پێکهێنانی داگای تایبەتی لوبنان (ڕەفیق حەریری)، له (٢٠٠٧/٥/٣٠)، بەپێی بڕیاری ژماره (١٧٥٧)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوه یەکگرتووەکان بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی که دەستیان هەبووه له کوشتنی سەرۆک وەزیرانی لوبنان ڕەفیق حەریری و (٢٢) بیست و دوو کەسی تر و بریندارکردنی چەندین کەسی تر له (٢٠٠٥/٢/١٤).[٢٨]

## چوارەم/ کەیسی شەنگال و دادگای تاوانکاری تایبەت

ڕێگایەکی تر بریتییه له پێکهێنانی دادگایەکی تاوانکاریی تایبەت که ئەمه ئەو دەوڵەته پێی هەڵدەستێت که تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوه. لێرەدا به بڕیارێکی تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش پێکنەهاتووه، بەڵکو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوه یەکگرتووەکان هاوکاربووه له پێکهێنانی ئەو دادگا تاوانکارییەدا. بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانه نێودەوڵەتییەکانی تر، که ئەو دادگایانه به دادگای تایبەت، یان نائاسایی و تێکەڵاوەکان ناسراون.
نمونەی ئەو دادگایانەش:

* پێکهێنانی دادگای تاوانکاریی نا ئاسایی کەمبۆدیا (خمر ڕۆف)، له ساڵی (١٩٩٧) بۆدادگاییکردنی ئەندامانی بەرپرسی ڕژێمی خمر ڕۆف به سەرکردایەتی پۆل پۆت که بەرپرس بوون له ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ به مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ. له ماوەی (١٩٧٥/٤/١٧ تاکو ١٩٧٩/١/٦).

* پێکهێنـــانی دادگـــای تـــایبەتی ســـیرالیۆن، لە ســـاڵی (٢٠٠٠) بـــۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانکارانەی کە بەرپرس بوون لە پێشێلکردنی یاسای نێـودەوڵەتی مرۆیـی و یاسـای سـیرالۆن-دا لە دەوڵەتـی سـیرالیۆن. لە (١٩٩٦/١١/٣٠)ەوە. هەروەهـــا دادگـــاییکردنی ئەو ســـەرکردانەی کە بە ئەنجامدانی تاوانەکانیان هەڕەشە بوون لە ڕێگای دامەزراندنی پرۆسـەی ئاشتی لە دەوڵەتی سیرالیۆن-دا.

* پێکهێنـانی دادگـای بـاڵای تاوانکـاریی عێراقـی لە (٢٠٠٥/١٠/٩) بـۆ دادگـاییکردنی هەمـو ئەو کەسـە سروشـتییە عێراقـی و بیانییـانەی کە لە عێراقـدا نیشـتەجێن وە تۆمەتبـارن بە ئەنجامـدانی تاوانەکـانی جینۆسـاید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و پێشێلکاریی یاساکانی عێراقی لە ماوەی نێوان (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١).[٢٩]

بەم ڕێگایـانەی سـەرەوە هۆشـیاریی یاسـایی قـوڵ و بەرچـاوڕوونی تەواومان داوە لە سەر چۆنیەتی ناساندنی کەیسی جینۆسایدی شەنگال.

کەیســـی شـــەنگال وەک نمـــونەیەک وەرمـــانگرتووە کە یەکـــێکە لە دیارترین جینۆسایدی کورد لە دوای ساڵی (٢٠٠٢)ەوە ئەنجامدرابێت. وە هەروەهـا لە سـەر ئاسـتی نـاوخۆیی و نێـودەوڵەتی دەنگدانەوەی زۆری هەبووەو زیاتریش گرنگیی پێدراوە. هەربۆیە کورد لە بەشـەکانی بـاکوور و خۆرهەڵات و خۆرئـاوا دەتوانێت بە هەمـان ڕێگـای (دووەم- سـێیەم- چوارەم) کەیسی جینۆسایدەکانی بناسێنێت. بە تەنها ئەو سێ ڕێگـایەش هەیە کە کورد لەو سێ بەشەی کوردستاندا بگەیەنێت بە دادپەروەری و ســـزای تاوانکـــارانی جینۆســـایدی نەتەوەکەی بـــدات و مافەکانیشـــی وەربگـرێتەوە. لەدوای ئەو ســێ ڕێگـایەش ئەوەی بەدەسـت کـوردەوە دەمێنێـتەوە ئەوەیە کە هەوڵ بـدات بـۆ هەمـواری یاسـای دادگـاکە،

بەشێوازێک ئەو هەمواركردنە ڕێگە بدات گروپە جینۆسایدکراوە بێدەوڵەتەکان و لە ناویاندا کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت سکاڵاکانی لە دادگا وەربگیرێت، و هەروەها داگاش بتوانێت لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکات کە لە هەرێمی دەوڵەتێکدا ئەنجامدەدرێن و ئەندامی دادگاش نین.

لەپاش ئەوەی لەسەر بانگهێشتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ پانزەیەمین کۆبونەوەکانی ساڵی (٢٠١٦)ی دادگا کە لە ڕۆژانی (١٦-٢٠١٦/١١/٢٤) لە شاری لاهای هۆڵندا، بارەگای سەرەکی دادگا بەسترا بەشداربووم. لە ڕۆژی دووەمی کۆبونەوەکان، سەرۆکی داواکاری گشتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دادوەر (فاتۆ بنسۆدا) کاتێکی بۆ نوێنەرانی نەتەوە جینۆسایدکراوەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هاوپەیمانی دادگاکە ڕێکخست و لە کۆبونەوەیەکی دوو کاتژمێریدا وەڵامی پرسیاری ئامادەبوانی دایەوە.

لە وەڵامی پرسیاری چارەنووسی کەیسی جینۆسایدی شەنگالدا، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە لەبەر ئەندام نەبونی عێراق لە دادگاکەدا تا ئێستا ئەو دەسەڵاتە یاساییەمان نەبووە لێکۆڵینەوە لە کەیسی جینۆسایدی شەنگالدا بکەین و پێویستمان بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاساییشە بۆ ئاراستەکردنی کەیسیەکە بۆ بەردەم دادگا و ڕاسپاردنی دەزگای داواکاری گشتی بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانەکە.

هەمان ڕۆژ و پێش دەستپێکردنی کۆبونەوەکان لەبارەی هەمواری یاسای دادگاکەوە لەگەڵ سەرۆکی داواکاری گشتی گفتوگۆم کرد بۆ ئەوەی دادگا بتوانێت لێکۆڵینەوە لەو تاوانە نێودەوڵەتیانەشدا بکات کە لە هەرێمی دەوڵەتێکدا ئەنجامدراون و دەوڵەتەکەش ئەندامی دادگا نییە، سەرۆکی داواکاری گشتی دادگا وتی لای خۆمانەوە هەوڵی ئەوە دەدەین لە کۆبونەوەکانی داهاتوودا.

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

1) See article (6) of the UN convention on the prevention and punishment crime of Genocide.

٢) بڕوانە: د.عبد الواحد الفار، الجرائم الدوليه وسلطه العقاب عليها، طبعه الاول، دار النهضه العربيه، القاهره، ١٩٩٦، صحيفه (٢٠٦).

3) See resolution number (44/39) of the UN General Assembly, on December 4, 1989.

4) Dr. H. O. Agarwal, International law and human rights, 17th edition, published by central law publication, 107, Darbhanga castle, Allahabad—211002, 2010, Page (716).

5) William A. Schabas, an introduction to the international criminal court, second edition, published in the United States of America by Cambridge University Press, New York, 2004, page (13).

6) Dr. S. K. Kapoor, international law and human rights, 15th edition, published by central law agency, Allahabad, 211002, 2010, page (186).

7) Dr. H. O. Agarwal, former source, page (717).

8) Dr. S. K. Kapoor, former source, page (187).

9) See article (11) of the international criminal court.

10) See article (50) of the interntional criminal court..

11) http://en.wikipedia.org/wiki/International_Criminal_Court, 15/4/2015.

12) See article (77) of the international criminal court.

13) See article (5) of the international criminal court.

14) Understanding the International Criminal Court, without year and place of publishing, page (14).

15) See article (11) of the international criminal court.

16) See article (24) of the international criminal court.

17) See article (13) of the international criminal court.

18) See chapter (7) of the UN organization charter.

19) See article (12) of the international criminal court.

20) See article (26) of the international criminal court.

21) See article (25) of the international criminal court.

22) See article (28) of the international criminal court.

23) See article (4 and 7) of the UN convention on the prevention and punishment crime of Genocide.

24) See article (17) of the international criminal court.

25) See resolution number (688) of the UN Security Council, on April 5, 1991.

٢٦) بڕوانە ماددەی (١)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی.

٢٧) ئـاواره حسـێن، چـۆنیەتی ناسـاندنی جینۆسـایدی ئێزدیەکـان (تـوێژینەوە)، ماڵپەڕی کوردۆساید. ٢٠١٥/١/١٤.

٢٨) سەرچاوەی پێشوو.

٢٩) سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی شەشەم
# سود وەرگرتن لە جینۆسایدی کورد
# بۆ پیکهێنانی دەوڵەتی کوردستان

ئەوەی لەم بەشەدا باسی دەکەین بریتییە لە سود وەرگرتن لە کەیسی جینۆسایدی کورد، بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ باشووری کوردستان. چونکە باشووری کوردستان ئەو پایە یاساییانەی تێدایە کە لە ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەی ماف و ئەرکی دەوڵەتان (مۆنتیڤیدیۆ)دا بە مەرجی داناوە بۆ هەبوونی دەوڵەت. گەرچی خۆرئاوای کوردستان-یش لە ئێستادا و بەتایبەتی تر لە دوای پێکهێنانی کانتۆنەکانی خۆرئاوا (جەزیرە- عەفرین- کۆبانێ) و ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی جۆرێک لە سەربەخۆیی هەیەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک دەوڵەتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات بەتایبەتی کانتۆنی کۆبانێ و لەدوای هێرشەکانی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ئەو کانتۆنە ئەو ڕاستییە سەلما. هەروەها خۆرئاوای کوردستان و کانتۆنەکانی، کانتۆنێک نین سەر بە دەوڵەتی سوریا بن و سیستەمێکی فیدراڵی بە دیمەشقی بەستبێتەوە. بەڵکو بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن بە شێوەی سیستەمی کانتۆنی فیدراڵی.

هەربۆیە قووڵایی ئەم باسە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی باشووری کوردستان دەدوێت و لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەرچاو ڕوونی و پەیامی یاسایی دەدات بە بڕیار بەدەستانی باشوری کوردستان و دەخوازێت ئەو دەوڵەتە ڕابگەنرێت. ئەویش بەسود وەرگرتن لە ئەزمونی ئەو گروپە مرۆییانەی کە جینۆسایدکران و دواتر بە سود وەرگرتن لە جینۆسایدەکەیان توانییان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن. لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی هەندێ مافی یاسایی هەیە گەر دەوڵەتت نەبێت

ناتوانیت بەدەستی بهێنیت و پیادەیان بکەیت، لەلایەکی ترەوە هیچ ئومێدو گەرەنتییەک نییە کە کورد ببەستێتەوە بە عێراقەوە و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا مافە یاسایی و سروشتییەکانی بناسێنێت. مێژووی خوێناوی عێراق لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا ئەوەی سەلماندووە، کە ئەو دەوڵەتە جگە لە جینۆساید و شکاندنی کەرامەت و کەسایەتی یاسایی هیچ دەستکەوتێکی یاسایی گەوهەریی پێ نەبووە بۆ کورد نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستاو نەبۆ نەوەکانی داهاتوش. بۆیە باشترین ڕێگای بەدەستهێنانی مافەکانی کوردان ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە وەک مافێکی یاسایی گەوهەریی.

لە سەرەتا پێویستە پێناسەو پایەکانی دەوڵەت، تیۆرەکانی دان پێدانان بە دەوڵەت، جۆرەکانی دانپێدانان بە دەوڵەت، مافی چارەی خۆنووسین و پیادەکردنی، بەڵگەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەرکە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و گرنگی هەبوون و فەلسەفەی دەوڵەت. باس بکەین و ئەوە بسەلمێنین کە چەندین گرووپی مرۆیی جینۆساید کراو تەنها بە جینۆسایدەکەیان توانییان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕابگەیەنن، ئێمەش بەو کەیسە یاساییە گرنگە دەتوانین ئەو مافە یاسایی و سروشتییە بەدەست بهێنین.

**باسی یەکەم/ پێناسە و پایەکانی دەوڵەت**

دەوڵەت بابەتێکی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتییە. دەوڵەتی سەربەخۆ و دانپێدانراو، تەواوی ئەرک و مافەکان بەدەستدەهێنێت لە یاسای نێودەوڵەتیدا. گەرچی پێناسەکردنی دەوڵەت ئاسان نییە بەهۆی ئەو مانا جیاوازانەی کە یاسای دەستووری دەیبەخشێت. سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا زیاتر لە (١٤٥) پێناسە بۆ دەوڵەت کراوە هەموویان جەخت لە

سەر ئەوە دەکەن و یەکدەگرن کە بنەماو پایەکانی دەوڵەت بریتین لە (دانیشتوان- هەرێم- حکومەت)، و دەڵێن:

دەوڵەت (بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە لە هەرێمێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و لەلایەن حکومەتێکەوە کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبرێت).[1]

بە گوێرەی (هانس کێلسن) بیرمەندی یاسای نێودەوڵەتی هەر کیانێک بۆ ئەوەی دانیپێدابنرێت وەک کەسێک لە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی. پێویستە چوار مەرجی تێدابێت، یان جێبەجێبکات، ئەوانیش:

١/ دەبێت ئەو کیانە لە ڕوی سیاسییەوە ڕێکخرابێت.

٢/ پێویستە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر هەرێمەکەیدا.

٣/ دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکەیدا تەنها کاتی نەبێت و ببێت بە هەمیشەیی.

٤/ دەبێت ئەو کیانە سەربەخۆ بێت.[2]

بەڵام مەرجەکانی بە دەوڵەت بون یاخود پایەکانی دەوڵەت بەپێی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ جیاوازە.

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەردەمی نوێدا و بەپێی ماددەی (٣٨) بڕگەی (١) خاڵی (١)ی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێن.[3] ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ (ڕێککەوتننامەی ماف و ئەرکی دەوڵەتان)، لە (١٩٣٣/١٢/٢٦) لە شاری مۆنتیڤیدیۆی ئۆرۆگوای دەرچووە و لە (١٩٣٤/١٢/٢٦)ەوە کارییێدەکرێت و لە (١٩٣٦/١/٨)دا، لە پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا تۆمارکراوە. یەکێکە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، کە ناکرێت باس لە دەوڵەت، ڕاگەیاندنی، ماف و ئەرکەکانی بکرێت و ئاماژە و هێما بۆ ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ نەکرێت.

ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (١٦) ماددە پێکهاتووە و بەپێی ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەکە پایەکان یاخود مەرجەکانی دەوڵەت بریتین لە:

١/ دانیشتوانێکی هەمیشەیی.
٢/ هەرێمێکی دیاریکراو.
٣/ حکومەت.
٤/ توانای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا.[٤]

**١/ دانیشتوان:** مەبەست لە چەمکی دانیشتوان (گەل)ە. ئەو تاکانەن کە پێکەوە دەژین و سەر بە ڕەنگ و ڕێباز و کەلتورە جیاوازەکانن. شتێکی سروشتییە کە دانیشتوانێک هەبن بە شێوەیەکی هەمیشەیی و جێگیر لە هەرێمەکەدا بژین و ملکەچی حکومەتێک بن.[٥]

هەرچی چەمکی دانیشتوانی هەمیشەییە کە لە ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆدا هاتووە. ڕوونی نەکردووەتەوە کە مەبەست چییە لە دانیشتوانی هەمیشەیی. بەڵام بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی وای بۆ دەچن و شرۆڤەی دەکەن کە دانیشتوانی هەمیشەیی مەبەست لەو تاکانەن کە کۆچەری نین و ناچنە سنوری دەوڵەتانی ترەوە. ئەوان پێیان وایە کە دانیشتوانی هەمیشەیی ئەو تاکانەن کە پەیوەستن بە خاکەکەی خۆیانەوە.

هەرچی سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانە بۆ هەبوونی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا ژمارەکە دیارینەکراوە. گرنگ نییە زۆر بێت یان کەم. گرنگ ئەوەیە بتوانن پێکەوە بژین و کاروبارەکانیان بەڕێوە ببەن. لە ئێستای جیهاندا نزیکەی دە  دەوڵەت هەن کە ژمارەی دانیشتوانیان ناگاتە سەد هەزار کەس. نمونەی ئەو دەوڵەتانەش بریتین لە:

* ڤاتیکان ژمارەی دانیشتوانی (٧٦٨) کەسن.
* ناورو ژمارەی دانیشتوانی (١١٢١٨) کەسن.
* مۆناکۆ ژمارەی دانیشتوانی (٣٣٠٨٤) کەسن.
* ئاندۆرا ژمارەی دانیشتوانی (٥٨٤٦٨) کەسن.[٦]

لە ناو ئەو دەوڵەتە بچوک و دانیشتوان کەمانەدا، ڤاتیاکان نەک هەر بچوکترین دەوڵەتی جیهانە بەڵکو یەکێکیشە لە چوار کەسایەتییەکەی یاسای نێودەوڵەتی.

دەکرێ لە ڕوانگەی یاساییەوە دانیشتوان بکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە. ئەوانیش: (هاووڵاتیان و بیانییەکان).

* هاوڵاتیان: ئەو تاکانەن کە زۆرینەی دانیشتوانی دەوڵەت پێکدەهێنن. پەیوەندی یاسایی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان ڕەگەزنامەیە  و لە ڕێگای پەیوەندیی ڕەگەزنامەوە بەستراونەتەوە بە دەوڵەتەکەیانەوە، کە ماف و ئەرکەکانیان لە بەرامبەر یەکتریدا دیاریدەکرێت.

* بیانییەکان: ئەو تاکانەن کە بەشێوەیەکی کاتی لە دەوڵەتەکەدا نیشتەجێن. پەیوەندیی یاسایی نێوان دەوڵەت و بیانییەکان مافی نیشتەجێبوون هاتوچۆیە و ئەمانیش هەندێ ماف و ئەرک بەدەستدەهێنن کەمتر لە مافی هاووڵاتیان. بۆیە لە هەموو دەوڵەتێکدا تەنها هاووڵاتیان بۆیان هەیە دەسەڵاتی گشتی بگرنە دەست و بەشداربن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان و سەرۆکی دەوڵەتدا.

مەبەست لەو دانیشتوانەی کە پایەیەک لە پایەکانی دەوڵەت پێکدەهینێت هاووڵاتیانە نەک بیانییەکان. هاووڵاتیەکانیش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشن وەک نەتەوە و مێژووی هاوبەش، زمان و کەلتوری هاوبەش، ئاینی هاوبەش، ڕەگەز و نەژادی هاوبەش. سەرەڕای ئەوەش یاسای نێودەوڵەتی ڕێگریی نەکردووە کە دانیشتوانی دەوڵەت لە نەتەوە، ئاین، نەژادو ڕەگەزی جیاواز پێکهاتبێت. گرنگ ئەوەیە کە بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین.

**٢/ هەرێم:** دووەمین پایەی پێکهێنانی دەوڵەتە. هەرێمی دەوڵەت بریتییە لە خاک و ئاو و ئاسمانەکەی. کە حکومەتێک دەسەڵاتی خۆی

بەشـــــێوەیەکی هەمیشـــــەیی و بەردەوام بەســـــەریانداو بەســـــەر دانیشتوانەکەیدا جێبەجێدەکات.

سێ جۆر هەرێم هەیە، ئەوانیش هەرێمی (وشکانی، ئاوی، ئاسمانی).

* هەرێمی خاک یان وشکانی: هەموو زەمینە وشکانییەکان، بیابان، بەرزایی، گردۆڵکەو چیاکان دەگرێتەوە.

* هەرێمی ئاوی: بریتییە لە هەموو ئاوەکان لە سنووری هەرێمی دەوڵەتەکەدا لە دەریاچەکـــان و ڕوبـــارە نیشـــتیمانییەکان ئەوانەی لە ســنوری دەوڵەتەکەوە هەڵـدەقوڵێن و لە ســنوری دەوڵەتەوە کۆتاییــان پێدێت. هەروەها دەریا یاخود زەریای هەرێمی لە دەوڵەتە کەنارییەکان واتە ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە سەر کەناری دەریاو زەریاکان ئەویش بەپێی ماددەی (٣)ی ڕێککەوتننامەی یاسای دەریاکانی ساڵی (١٩٨٢) کە ئەو بەشـــەی دەریـــا یـــاخود زەریـــایە کە لە کەنارەکـــانی دەوڵەتەوە دەستپێدەکات تاوەکو (١٢) دوانزە میلی دەریایی، واتە پانی ئەم هەرێمە دوانزە میلەو لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیرکراوە.

بەگوێرەی مـاددەی (٣)ی ڕێککەوتننـامەی یاسـای دەریاکـانی سـاڵی (١٩٨٢) هەموو دەوڵەتان مافی دیاریکردنی سنووری پانیی دەریاکانیان هەیە تـاوەکو دوانـزە میـل، نـزیکەی (٩٠) نەوەد دەوڵەت لە ناویشـیاندا هیندستان پانیی هەرێمی دەرییاییان دیاریکردووە و دامەزراندووە کە لە دوانزە میل زیاتر نییە.[٧]

* هەرێمی ئاسمانی: چینە ئاسمانییەکان دەگرێتەوە، کە بەسـەر خـاک و دەریـــای هەرێمـــی دەوڵەتەوەن تـــا ئەو ســـنوورەی تێیـــدا ئاســـمان دەســـتپێدەکات بە بەرزایـــی (١٠٠- ١١٠) کیلـــۆمەتر لە ئاســـتی ڕووی دەریاوە.[٨]

دەوڵەت پێویستە هەرێمێکی هەبێت و دەسـەڵاتی بەسـەریەوە هەبێت. مەرج نییە هەرێمەکە بەیەکەوە لکاو بێت. چەندین دەوڵەت هەن دەکەونە

سەر دورگەگەلێکی جیا جیا وەک فیلیپین، ئیندۆنیسیا، ژاپۆن و نیوزلەندا. لە یاسـای نێودەوڵەتیـدا هـیچ پێوەرێـک نیـیە بـۆ دیـاریکردنی ڕووبەری هەرێمی دەوڵەت، واتە گرنگ نییە ڕووبەری ئەو هەرێمە گەورە بێت یان بچوک. گرنگ ئەوەیە ئەو هەرێمە بوونی هەبێت و ئەو دانیشتوانەی کە دەوڵەتەکەی لێڕادەگەیەنن دەسـەڵاتیان بەسـەریدا هەبێت و تیایدا بژین. چونکە گەر هاتو ئەو دانیشتوانەی کە دەوڵەتەکە ڕادەگەیەنن دەسـەڵاتیان بەسـەر هەرێمەکـدا نەبێـت یـاخود بە فیزیکـی لە ناویـدا نەژیـن و بە مانایەکی تر هەرێمیان نەبێت ئەوا ناتوانن دەوڵەت پێکبهێنن.

هەربۆیە نەبوونی هەرێـم ڕێگرێکی سـەرەکییە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت. بـۆ نمـونە لە (١٩٣٠/١/٢٦) پـارتی کـۆنگرەی نیشـتیمانی هیندسـتان، سـەربەخۆی هیندسـتانی ڕاگەیانـد. بەڵام بەریتانیـا دانـی پێدانەنا، چـونکە هیندسـتان تـا (١٩٤٧/٨/١٥) داگیـرگەی بەریتانیـا بـوو. هەروەهـا دەوڵەتـی فەلەستین، کە لە جەزائیر لە ساڵی (١٩٨٨)، جاڕدرا دانی پێدانەنرا. چونکە ڕێکخـراوی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتین دەسـەڵاتی نەبـوو بەسـەر هـیچ بەشێک لەو بەشانەی کە بە خاکی فەلەستین دایدەنا.[٩]

ئەوەش دوای ئەوە هـات کە (یاسـر عەرەفـات) سـەرۆکی ڕێکخـراوی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتین لە کۆبـونەوەی ژمـارە (١٩)ی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی فەلەسـتین-دا لە (١٩٨٨/١١/١٥)، سـەربەخۆیی فەلەسـتینی لە جەزائیـر ڕاگەیانـد. ئەو جـاڕی سـەربەخۆییە لە لایەن ئەنجـومەنی نیشـتیمانیی فەلەسـتینەوە بە (٢٥٣) دەنگـی بەڵـێ پەسـەند کـرا. لە هەمانکاتـدا (٤٦) دەنـگ لە دژی بـوون و (١٠) دەنگـیش بێـدەنگییان هەڵبـژارد.[١٠] بەڵام ئەوە نەبـووە هـۆی ئەوەی کە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی دانییپێدا بنێـت. چـونکە بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی هەر لایەنێـک جـاڕی سەربەخۆیی دەوڵەتێک دەدات بۆ هەرێمێک دەبێت دەسـەڵاتی کرداری و بەردەوامی بەسەر هەرێم و خاکەکەیدا هەبێت. وە دەوڵەتـی فەلەسـتین-

یـــش لە مەنفـــا و لە جەزائیـــر ڕاگەیەنـــرا و لەو کـــاتەدا ڕێکخـــراوی ئازادیخوازی فەلەستین دەسەڵاتی بەسەر فەلەستیندا نەبوو.

هەرچـــی چەمکـــی هەرێمـــی دیـــاریکراوە کە لە ڕێککەوتننـــامەی مۆنتیڤیـدیۆدا هـاتووە. گەر جیـاوازییەکیش هەبێـت لە نێـوان دەوڵەت و دراوسـێکەی سـەبارەت بە دیـاریکردنی سـنورەکەی دەکـرێ دان بە دەوڵەتەکەدا بنـرێ، گەر دەسـەڵاتێک هەبێـت سـەروەری خـۆی بەسـەر هەرێم و دانیشتوانەکەیدا جێبەجێبکات. بۆ نمونە دەوڵەتی ئەلبانیا پێش جەنگـی یەکەمـی جیهـانی لەلایەن چەنـدین دەوڵەتەوە دانـی پێـدانرا، هەرچەندە کێشەی دیاریکردنی سنوری هەبوو لەگەڵ دراوسێکانیدا. ئەمە وای نەکـرد کە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بە تـایبەت ئەو دەوڵەتـانەی کە دانیـان پێـدا نـابوو گومـان بـکەن لە پایەکـانی دەوڵەت کە لە ئەلبانیـادا هەبووە.

سـەرەڕای ئەوەش لە ئێسـتادا چەنـدین دەوڵەت هەن و بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی مـاف و ئەرکەکانیـان دیـاریکراوە و ئەنـدامن لە ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـــان کەچـــی ســـنوورو هەرێمـــی دەوڵەتەکەشـــیان دیـاریکراو نییە، یـاخود کێشـەیان هەیە لە سـەر هەرێمـی دەوڵەتەکەیـان لەگەڵ دراوسێکانیاندا. وەک دەوڵەتانی چین و هیندستان کە زیاد لە نیو سـەدەیە کێشـەیان هەیە لەسـەر بەشـێک لەو هەرێمەی کە چین داگیـری کـردووە. یـاخود هەرێمـی کشـمیر لە نێـوان هیندسـتان و پاکسـتاندا کە ناکۆکیی سیاسی و زۆر کات شەڕی گەرمی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا لێکەوتووەتەوە لەسەر پاراستن و بەدەستهێنانەوەی ئەو هەرێمە بۆ سەر سـنووری دەوڵەتەکەیـان. هەروەهـا هەردوو دەوڵەتـی ئیسـرائیل و فەلەستین زیاتر لە شەست ساڵە کێشـەیان لەسـەر سنوورو خـاک هەیەو چەنـدین جـارو تـا هەنـووکەش شـەڕی گەرمـی قـووڵ لە نێوانیانـدا هەڵگیرسـاوەو بەردەوامیشـە. بەمەش دەکرێـت هەرێمـی دیـاریکراو کە لە

ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ ئاماژەی بۆ کراوە وەک پایەیەک بۆ هەبوونی دەوڵەت تەنها تیۆر بێت، ئەگینا لە پراکتیکدا چەندین دەوڵەت هەیە کە هەرێمەکەی دیارینەکراوە و کێشەی سنوورو خاک لە نێوانیاندا هەیە.

**٣/ حکومەت:** سێیەمین پایەی پێکهێنانی دەوڵەتە. پێویستە حکومەتێک هەبێت کاروبارەکانی دانیشتوان لە هەرێمدا بەڕێوە ببات. لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە مەرجی دانەناوە کە سیستەمی فەرمانڕەواییەکەی چۆن بێت. پەڕلەمانی، ئەنجومەنی، سەرۆکایەتی یان تێکەڵاو بێت. بەڵام ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە دەوڵەت بەبێ حکومەت پێکناهێنرێت.

هەرچی دەربارەی حکومەتی سەقامگیر و بەهێزە لە یاسای نێودەوڵەتی کلاسیکدا پایەیەکی بنچینەیی دەوڵەتە. بەڵام لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا لە هەندێ کەیسی دیاریکراودا بەگرنگی دانەناوە کە حکومەتەکە بەهێزو سەقامگیر بێت. حکومەتی سەقامگیر و بەهێز دژی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینە. لەبەر ئەوە حکومەتی ناسەقامگیر لە هەندێ کەیسی دیاریکراودا نابێتە ئاستەنگ و ڕێگری وەک پایەیەک لە پایەکانی دەوڵەت.[١١]

**٤/ توانای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا:** ئەم پایەش بەچوارەمین پایەی پێکهێنانی دەوڵەت دادەنرێت. دەبێت ئەو حکومەتەی کە سەروەریی بەسەر هەرێم و دانیشتوانەکەیدا هەیە توانای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا هەبێت. گەرچی ئەمە زۆرکات بووەتە جێگای ڕەخنەی یاساناسانی نێودەوڵەتی بەوەی کە هەندێک لە هەرێم و کانتۆنە فیدراڵییەکان لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکانیانەوە ڕێگایان پێنادرێت بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، یاخود بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر لە دەستووری هەندێ لە دەوڵەتاندا لە

تایبەتمەندی حکومەتی ناوەندیدایە و ئەو مافە بە حکومەتی هەرێم و کانتۆنە فیدراڵییەکان نەدراوە.

ئەم چوار پایە کە لە ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدۆدا هاتووە بۆ کیانە سیاسییەکان بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن و وەربگیرێن وەک کەسێک لە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی. گەرچی ئەمە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی و تیۆرییەوە بابەتێکی تەواو یاساییە. بەڵام لە پراکتیکدا سیاسییەو پەیوەندی و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان مامەڵەی پێوەدەکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین سروشتی پایەکانی دەوڵەت لە نێوان ڕەوش و دۆخی یاساو سیاسەتدا جۆلانێ دەکات.

لە ژێر ڕووناکایی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە باشووری کوردستان ئەو چوار پایەی هەیە کە ڕێککەوتننامەکە داوای دەکات بۆ وەرگیرانی کیانێک وەک یەکێک لە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی. دانیشتوانێکی هەیە کە دەتوانێت پێکەوە بژین و کاروبارەکانیان ڕێکبخەن. خاوەنی هەرێمێکە، گەرچی هەرێمەکە سنورەکەی دیاریکراویش نەبێت ئەوا نابێتە کێشەیەکی یاسایی وکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانن گومان لە نەبوونی پایەیەک لە پایەکانی دەوڵەتی کوردستان بکەن. چونکە وەک ئاماژەمان بۆ کردووە چەندین دەوڵەت هەبوون کە دانیان پێدانراوەو سنوورەکەشیان دیاریکراو نەبووە لەگەڵ دراوسێکانیاندا،و چەندین دەوڵەتی تریش هەن تا هەنوکە کێشەی سنووریان هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێیانداو کەچی نەک هەر دانیان پێدانراوە وەک دەوڵەت، لە هەمانکاتیشدا ئەندامن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

باشووری کوردستان خاوەنی حکومەتێکە کە بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵە فەرمانڕەوایی دەکات و سیستەمی فەرمانڕەواییەکەشی پەرلەمانیی، کۆماریی و دیموکراسییە.[١٢] سەرەڕای ئەوانەش پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریی لەگەڵ ژمارەیەک دەوڵەت بەستووە و جیاواز لە زۆربەی هەرێم و کانتۆنە فیدراڵییەکانی تری جیهان زۆر کات گەر سەرۆکی دەوڵەتێک سەردانی بەغداد پایتەختی عێراق بکات سەردانی هەولێر پایتەختی باشووری کوردستانیش دەکات. یاخود کاتێک سەرۆکی هەرێمەکەی بەسەردان دەچێتە دەوڵەتانی تر زۆ رکات سەرۆکی دەوڵەتەکە پێشوازیی لێدەکات نەک هاوتاکەی خۆی. واتە ئەمڕۆ باشووری کوردستان لە چاوی زۆربەی دەوڵەتانەوە وەک نیمچە دەوڵەتێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ سەیر دەکرێت.

بەپێی ماددەی (٥١)ی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها دەوڵەت مافی بەرگری ڕەوای هەیە، دەبێت ئەو دەوڵەتەش ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت.[١٣] بەڵام لەپاش هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوکاریی مرۆیی و سەربازیی هەرێمی کوردستانی کردو چەندین چەکی قورس و پێشکەوتووی دایە کوردستان بۆ بەرگری کردن لە هێرشی ئەو گروپە تیرۆریستییە. هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش مافی بەرگریی ڕەوای بەکارهێناو بوو بە پارێزەری خاک و کەرامەتی هاوخوێنەکانی و تا ئێستاش لەو بەرگرییە گەوهەرییە بەردەوامە. لە کاتێکدا کوردستان نەک ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان نییە، بەڵکو دەوڵەتیش نییە. بەوەش پێگەی یاسایی و سیاسیی باشووری کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک دەوڵەتێک دەرکەوت و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش وەک دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ کردوو لەگەڵیشی دەکات تایبەت بەو بوارە.

**باسی دووەم/ تیۆرەکانی دانپێدانان بە دەوڵەت**

لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ ئەوەی دەوڵەتێک وەربگیرێت بە ئەندام لە خێزانی نەتەوەکان دەبێت دانپێدابنرێت. هەربۆیە گرنگیی یاسایی دانپێدانان ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان بە هۆی پرۆسەی دانپێدانانەوە بەڕێوەدەبرێت و ماف و ئەرکەکان بۆ دەوڵەتی دانپێدانراو دەستەبەر دەکرێت و جێگیر دەبێت. کە دەوڵەتی دانپێدانەنراو ئەو مافانەی نییە کە یاسای نێودەوڵەتی بە دەوڵەتی دانپێدانراوی دەبەخشێت.

ماددەی (٦)ی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ دەڵێت (گرنگیی دانپێدانان ئەوەیە کە کەسێتی یاسایی دەچەسپێت و ماف و ئەرکەکان دیاریدەکرێت. هەروەها دانپێدانان بێمەرجەو گەڕانەوەی تێدا نییە).[١٤]

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دوو تیۆرمان هەیە بۆ دانپێدانان بە دەوڵەتان.

ئەوانیش بریتین لە:

١/ تیۆری دانپێدانانی دروستکەر.

٢/ تیۆری دانپێدانانی دەرخەر.

١/ تیۆری دان پێدانانی دروستکەر Constitutive Theory: هیگڵ پێشەنگی ئەم تیۆرەیەو لەلایەن هەریەک لە (ئەنزیلۆتی، هۆلاند، ئۆپنهایم)ەوە پشتگیری کراوە. بەپێی ئەم تیۆرە دانپێدانان پرۆسەیەکە دەوڵەت دروست دەکات، بۆیە ناونراوە تیۆری دروستکەر.[١٥] هەر بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت نابێتە کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتی تاوەکو دانیپێدا نەنرێت و بە دانپێدانانیشی هەموو ئەو مافانە بەدەست دەهێنێت کە یاسای نێودەوڵەتی پەسەندی کردوون و هەروەها ئەرکەکانی دەوڵەتیشی دەکەوێتە ئەستۆ کە پێویستە پێوەی پابەند بێت.

٢/ تیۆری دانپێدانانی دەرخەر Declaratory Theory: ئەم تیۆرە لە لایەن هەریەک لە (جی هاڵ، وانگەر، برایرلی، پیت کۆبێت، فیشەر)وە

خراوەتە ڕوو و پشتگیری کراوە.[١٦] بەپێی ئەم تیۆرە دانپێدانان دەوڵەتەکە ئاشکرا دەکات و لە بنچینەدا دەوڵەتەکە بوونی هەیە، بەڵام دانپێدانان دەریدەخات و پێیان وایە دانپێدانان تەنها ڕازیبوونە بەوەی کەدەوڵەتێکی نوێ ببێتە ئەندام لە خێزانی نەتەوەکان و ببێتە کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتی. دانپێدانان بەهەند زانینێکی فەرمییە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە هەیە و بە دانپێدانان دەردەخرێت و ئاشکرا دەکرێت.[١٧]

پراکتیکی نێودەوڵەتی زیاتر تیۆری دووەم (تیۆری دانپێدانانی دەرخەر)یان پەسەند کردووە. پێیان وایە کە دەوڵەت بوونی هەیە، دانپێدانانیش تەنها ڕاگەیاندنێکە بە بوونی ئەو دەوڵەتەدا و هەرکاتێک دەوڵەتێک پایەکانی پێکهێنانی هەبوو ئەوا مافی هەیە کە دانیپێدا بنرێت. لە هەمانکاتیشدا یاساناسانی نێودەوڵەتی بە قووڵی ڕەخنەی تیۆری یەکەم (تیۆری دانپێدانانی دروستکەر) دەکەن و پێیان وایە کەم و کوڕیی یاسایی تێدایەو دەڵێن گەر دەوڵەتێک پایەکانی پێکهێنانی نەبێت ئەوا دانپێدانان ناتوانێت بیکاتە کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتی. هەروەها دەڵێن ناکرێت دەوڵەتێک دانیپێدا نەنرێت و نەبێتە خاوەنی هیچ ماف و ئەرکێک کە یاسای نێودەوڵەتی دەستەبەر و دیاریکردووە و نەبێتە کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتی. هەروەها دەڵێن ئایا ئەگەر دەوڵەتێک هەبوو چەند دەوڵەتێک دانیپێداناو چەند دەوڵەتێکی تر ئامادەنەبوون دانیپێدا بنێن ئەو کاتە تا چ ڕادەیەک دەبێت بە کەسێکی یاسایی؟ ئەم تیۆرە وەڵامیان پێ نییە.

لە ماددەی (٣)ی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ (ڕێککەوتننامەی ماف و ئەرکی دەوڵەتان)دا هاتووە (بوونی سیاسیی دەوڵەت جیایە لە دانپێدانانی دەوڵەتەکانی تر پێیدا. دەوڵەت تەنانەت پێش ئەوەشی دانیپێدا بنرێت، مافی هەیە بەرگری لە قەوارەو سەربەخۆیی خۆی بکات و کار بۆ مانەوەی خۆی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانی بکات و ئەو

سیستەمانەش بۆ خۆی دابنێت کە بگونجێت بۆی، یاساو ڕێسای پێویست دابنێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و دەزگاکانی بەڕێوە ببات و دەسەڵات و ئەرکی دادگاکانیش دیاریبکات. سەلماندنی ئەم مافانە سنوردار ناکرێت لە سەلماندنی مافی دەوڵەتانی تر بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی).[١٨]

لەم مادده یاساییەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە کە یاسای نێودەوڵەتی تیۆری دووەمی پەسەند کردووە بۆ دانپێدانان بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێدا.

**باسی سێیەم/ جۆرەکانی دانپێدانان بە دەوڵەت**

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەند جۆرێک دانپێدانانمان هەیە بۆ دەوڵەتان.

ئەوانیش:

١/ دانپێدانانی ئاشکرا و دانپێدانانی نهێنی Express and Implied Recognition.

٢/ دانپێدانانی تاک لایەنە و دانپێدانانی بە کۆمەڵ Individual and Collective Recognition.

٣/ دانپێدانانی دیفاکتۆ و دانپێدانانی یاسایی De facto and De Jure Recognition.

١/ دانپێدانانی ئاشکرا و دانپێدانانی نهێنی Express and Implied Recognition.

* **دانپێدانانی ئاشکرا**: بریتییە لەو جۆرە دانپێدانانەی کە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت. ئەم جۆرە دانپێدانانەش یان بە بەستنی پەیمانێک ئەنجام دەدرێت، یان ناردنی شاندێکی دیپلۆماسییە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت پرۆسەی دانپێدانانەکە ئەنجامبدات کە پەیامی دانپێدانانی پێیە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت دانپێدابنێت.[١٩]

نمــونەی ئەم جــۆرە دانپێــدانانەش، وەک دان پێــدانانی هیندســتان بە بەنگلادیش لە (١٩٧١/١٢/٦).

* **دانپێدانانی نهێنی:** بریتییە لەو جۆرە دانپێدانانەی کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت و لێرەدا هیچ جۆرە پەیمان بەستنێکی تێدا نییە. دانپێدانانەکە دەکرێت بە زارەکی بێت یان بە نووسراو. ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت پرۆسەی دانپێدانانەکە ئەنجامبدات شاند دەنێرێت بۆ ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت دانیپێدابنێت، ئامادە دەبێت لە کۆنفرانسەکانی، کۆبوونەوەکانی و ڕێککەوتننامەکانی. هەروەها کونسوڵی دیپلۆماسی لە نێوان خۆیاندا دەگۆڕنەوەو پێشوازی لە کونسوڵی یەکدی دەکەن.[٢٠]

ماددەی (٧)ی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆش دەڵێت (دانپێدانان بە دەوڵەتدا دەکرێت ئاشکرا بێت یان نهێنی. ئەنجامەکانی دواتری هەر کردارێک دەریدەخات کە مەبەستی دانپێدانان بووە بە دەوڵەتێکی نوێدا).[٢١]

٢/ دانپێدانانی تاک لایەنە و دانپێدانانی بە کۆمەڵ Individual and Collective Recognition.

* **دانپێدانانی تاک لایەنە:** کاتێک دەوڵەتێک دانیپێدا دەنرێت لەلایەن تاکە دەوڵەتێکی ترەوە، ئەوە ناودەبرێت بە دانپێدانانی تاک لایەنە. ئەو کاتەش پەیوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتی دانپێدانەرو دەوڵەتی دانپێدانراودا دروست دەبێت. هەمیشە لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە پرۆسەی دانپێدانانەکە دەکەوێتەوە.[٢٢] نمونەی ئەم جۆرە دان پێدانەش، وەک دانپێدانانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە کۆماری کوردستاندا لە (١٩٤٦/١/٢٢).

* **دانپێدانانی بە کۆمەڵ:** کاتێک دەوڵەتێک دانیپێدا دەنرێت لەلایەن کۆمەڵێک دەوڵەتی ترەوە و وەک دەوڵەت پەسەند دەکرێت، ئەوە

ناودەبرێت بە دانپێدانانی بە کۆمەڵ. ئەمەش هەمیشە لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەیەکی هەرەوەزی بە کۆمەڵ، پەیماننامە، کۆنفرانس و کۆبونەوەکان پرۆسەی دانپێدانانەکە دەکەوێتەوە. نمونەی ئەم جۆرە دانپێدانانەش وەک پەسەندکردنی ئەندامێتی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.[٢٣]

٣/ دانپێدانانی دیفاکتۆ و دانپێدانانی یاسایی De facto and De Jure Recognition.

* **دانپێدانانی دیفاکتۆ:** ئەو جۆرە دانپێدانانەیە کە کاتێک دەوڵەتێک بیەوێت دانپێدانانی یاسایی بە دەوڵەتێکی تردا دوابخات، ئەوا لە سەرەتادا ئەم جۆرە دانپێدانانە ئەنجامدەدات. دانپێدانانی دیفاکتۆ ئەنجامدەدرێت لەبەرئەوەی گومان هەیەو ئەو باوەڕە یاساییە دروست نەبووە کە ئەو دەوڵەتە بتوانێت سەقامگیریی تەواوی هەبێت و بتوانێت ئەرکەکانی کە یاسای نێودەوڵەتی بۆی دیاریکردووە جێبەجێبکات. دەوڵەتی دانپێدانەر ئەو دانپێدانانە ئەنجامدەدات لەبەرئەوەی پێی وایە کە ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت دانیپێدا بنێت، مەبەستیەتی و کار بۆ ئەوە دەکات ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆی دیاریکراوە. هەروەها ئەو کیانە سیاسییە کە دانیپێدا دەنرێت تەواو سەربەخۆیەو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە کۆنترۆڵی ئەو خاک و هەرێمە بکات کە دەوڵەتەکەی لێڕادەگەیەنێت.[٢٤]

دانپێدانانی دیفاکتۆ هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ دانپێدانانی یاسایی. نمونەی ئەم جۆرە دانپێدانانەش وەک دانپێدانانی دیفاکتۆی بەریتانیای گەورە بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە (١٩٢١/٣/١٦) و دواتریش دانپێدانانی یاسایی بەریتانیای گەورە بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە (١٩٢٤/٢/١).[٢٥]

* **دانپێدانانی یاسایی:** هەر کاتێک کیانێکی سیاسی تەواوی پایەکانی دەوڵەتی تێدابوو، دەسەڵاتی هەبوو بەسەر دانیشتوانەکەیداو سەقامگیریی ڕەخساندبوو، وە توانیی ببێت بە ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوا ئەو دانپێدانانە ناودەبرێت بە دانپێدانانی یاسایی.[٢٦] لەم جۆرە دانپێدانانەدا دەوڵەتانی دانپێدانەر گەشتونەتە ئەو باوەڕە یاساییەی کە ئەو دەوڵەتەی دەیانەوێت دانیپێدا بنێن تەواوی پایەکانی دەوڵەتی تێدایەو دەتوانێت ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات کە یاسای نێودەوڵەتی بۆی دیاریکردووە.

لە دانپێدانانی یاساییدا دەکرێت دەوڵەتانی دانپێدانەر ڕاستەوخۆ پرۆسەکە ئەنجام بدەن. یان پرۆسەی دانپێدانانی دیفاکتۆ ئەنجام بدەن، دواتر یاسایی. پرۆسەی دانپێدانانی یاسایی کۆتاییەو ناتوانرێت بکێشرێتەوەو گەڕانەوەی تێدا نییە.

مەرجەکانی دانپێدانانی یاسایی، بریتین:

١/ سەقامگیری و جێبەجێکردنی دڵنیاییەکی گونجاو و شایستە.

٢/ پێویستە حکومەتەکە دەسەڵاتێکی گشتیی هەبێت بەسەر دانیشتوانەکەیدا.

٣/ پێویستە ئەو حکومەتە مەبەستی بێت و بتوانێت ئەرکە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێبکات.[٢٧]

زۆربەی یاساناسانی نێودەوڵەتی ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە جیاوازییەکی قوول نییە لەنێوان ئەو دوو جۆرە دانپێدانانەدا. بەڵام جیاوازی گەوهەرییان ئەوەیە، کە لە پرۆسەی دانپێدانانی دیفاکتۆدا ئەو دەوڵەتانەی کە دانپێدانانەکە ئەنجام دەدەن دەتوانن دانپێدانانەکە بکێشننەوە، بەڵام لە دانپێدانانی یاساییدا ناتوانرێت دانپێدانانەکە بکێشرێتەوەو گەڕانەوەی تێدا نییە. نمونەی ئەو جۆرە دانپێدانانەش وەک

دانپێــدانانی بەشــێک لە دەوڵەتــانی دنیــاو لە ناویشــیاندا ویــلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨)دا.

تـا ئێـرە ئاماژەمـان بە هەقـیقەتە یاسـاییەکان کـردووە بـۆ ڕاگەیانـدنی دەوڵەتـی سـەربەخۆ. هەوڵـیش دەدەیـن لێـرەوە ئاسـتەنگەکان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان ڕونبکەینەوە.

ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هیوای هەموو کوردێکی وشـیارو دڵسـۆزە، بەتـایبەتی ئەوانەی کە پێیـان وایە چارەسـەرکردنی کێشــەکانی نەتەوە، تەنهــا بە دەوڵەت بــوون دەبێــت و لە هەقیقەتیشــدا هەروایە. دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان ئەو خەونە پیــرۆزەیە کە شۆڕشگێڕانی هـزرو کـردار یاساناسـان و دڵسـۆزان لە مێژە کـار بـۆ بە ڕاستی بوونی دەکەن و لەو پێناوەشدا خـوێنی گەش و ئاڵـیان بە خشـیوە و ڕووبەڕوی دژوارتـرین ئەشـکەنجەکان و سـوکایەتییەکان بـوونەتەوە و کەرامەتیـان شـکاوە و کەسـایەتییان بریندار کـراوە. بەڵام تـا هەنوکە ئەو مــافە لەلایەن داگیرکەرانــی کوردســتان و کۆمەڵگــای نێــودەوڵەتی بەرژەوەندی ویستەوە پێی ڕەوا نەبینراوە. ئەو مافە مـافێکی سروشـتی و ئاینی و یاسـایی جێگیرە. ئەرکی یاساناسـانە هۆشـیاریی یاسـایی لەسـەر ئەو پرسە بدەن و قوڵترین زانیاری و ڕێگای گەشـتن بەو ئامـانجە مەزنە ببەخشن بە بڕیار بەدەستانی باشـووری کوردسـتان و هەروەهـا گرنگیی بوون و فەلسەفەی دەوڵەت ڕوونبکەنەوە.

بە پێویسـتی دەزانـین هەنگاوەکـانی گەشـتن بە ڕاگەیانـدنی دەوڵەتـی ســـەربەخۆی کوردســـتان و گرنگییەکـــانی لە یاســـای نێودەوڵەتیـــدا ڕوونبکەیـنەوە و وەک پەیـامێکی یاسـایی و نەتەوەیـی بیـدەین بە گـوێی هەمووانـدا بەتـایبەت بڕیـار بەدەسـتانی باشـوور، ئیتـر نـازانین تـا چەنـد دەگات.

**باسی چوارەم/ مافی چارەی خۆنووسین و پیادەکردنی**

لە ئەمڕۆدا باشترین شێواز بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نویێ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسینە بە بە دەستهێنانی ڕێگا ئاشتیخوازییەکەی. مافی چارەی خۆنوسین کە ئەمڕۆ بووە بە پرەنسیپێکی جێگیرو چەسپاو لە یاسای نێودەوڵەتیداو مافێکی گەوهەریی یاساییە بۆ هەموو نەتەوەو گروپێک بە بێ جیاوازی.

بیرۆکەی مافی چارەی خۆنوسین دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو شۆڕشی ئەمریکی (١٧٧٦/٧/٤) و فەڕەنسی (١٧٨٩/٧/١٤). دواتر چەندین سەرۆک و یاساناس گرنگی و گەشەیاندا بە مافی چارەی خۆنووسین.

لەماوەی فەرمانڕەوایی بیست و هەشتەمین سەرۆکی ئەمریکا (تۆماس ودرو وێڵسن ١٨٥٦/١٢/٢٨—١٩٢٤/٢/٣)دا، گەشەی زۆری پێدرا. وێڵسن لە (١٩١٨/١/٨)دا (١٤) چواردە خاڵەکەی پێشکەشی کۆنگرێس کرد. ئەو پرەنسیپانەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو و هیوایەکی مەزنی بە گەلانی چەوساوە بەخشی بۆ بەدەستهێنانی ئازادییان.

لە خاڵی (١٢) دوانزەیەمدا بەڕاشکاوی جەخت لە ئازادیی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات و تیایدا هاتووە (مسۆگەرکردنی سەروەریی تەواو بۆ بەشە تورکییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام نەتەوەکانی تر کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژین مافیان پێدەدرێت خۆیان بە ئارەزووی خۆیان سیستەمی فەرمانڕەوایی و سەربەخۆیی خۆیان هەبێت. دانیشتوانە تورکەکان پێویستە لە لایەن حکومەتی تورکییەوە بەڕێوە ببرێن، ئەوانەشی کە تورک نین و لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی تورکی کۆندان پێویستە خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن).

ئەم خاڵە بە ناڕاستەوخۆ باس لە هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و کورد دەکات. کاتێک (١٤) چواردە دەوڵەتی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی دووەم، پەیمانی سیڤەر-یان لە (١٩٢٠/٨/١٠)دا بەست، ئەم پەیمانە لە

(١٣) سیانزە بەش و (٤٣٣) چوار سەدو سی و سێ ماددە پێک هاتبوو. لەو پەیمانەدا نوێنەرانی کورد و ئەرمەن بەشدار بوون و تاڕادەیەک گوێیان لێگیرابوو. بەپێی ئەو پەیمانە ماددەکانی (٨٨- ٨٩- ٩٠- ٩١- ٩٢-٩٣) تایبەت کرابوون بە مافی ئەرمەنەکان.[٢٨] ئەرمەنەکان توانییان بەسود وەرگرتن لە کەیسی جینۆسایدەکەیان و ناساندنی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕابگەیەنن.

هەروەها ماددەکانی (٦٢- ٦٣- ٦٤) هەمان پەیمان تایبەت کرابوو بە مافی کوردەکان. کە بڕیار بوو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە باکووری کوردستان پێکبهێنرێت و باشووری کوردستان-یشی بخرێتە سەر. بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی و دژایەتیکردنی نێودەوڵەتی بۆ کوردان نەک ئەو دەوڵەتە پێکنەهات بگرە خاکەکەشی دووبارە داگیرکرایەوەو دابەشکرایەوە. لەو کاتەشەوە تا هەنوکە کورد بەهۆی نەبوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی و هۆکارە ناوخۆییەکان و سود وەرنەگرتنی لە کەیسی جینۆسایدەکەی و نەناساندنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت.

پرەنسیپی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان وەک پرەنسیپێکی گەوهەریی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ لە دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو جاڕنامەو ڕێککەوتننامانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەلان و مافەکانیان دەریکردووە جێگیرکراوە، و لە پاش ئەوەوە بوو بە مافێکی گەوهەریی یاسایی و پێشێل کردنیشی بە مانای نکوڵیکردن دێت لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و شکاندنی پرەنسیپی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاستەنگ خستنە بەردەم پەرەسەندنی پەیوەندیی هاوکاریی دۆستانەی نێوان ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان و بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە جیهاندا.

مافی چارەی خۆنوسین لە ماددەکانی (١- ٥٥- ٧٣- ٧٦)ی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگیر کرا.[٢٩]

بڕگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دەستووری نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت (گەشەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی پرەنسیپی یەکسانیی نێوان نەتەوەکان و پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنوسینی هەریەکەیان و گرتنە بەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە جیهاندا).

لە (١٤/١٢/١٩٦٠)دا، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی پانزەیەمیدا بە بڕیاری ژمارە (١٥١٤) جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی بە گەل و دەوڵەتە داگیرکراوەکانی پەسەند کرد. ئەو جاڕنامەیە داوای دەستبەجێ و بێمەرجی کۆتاییهاتنی داگیرکاری دەکات بە هەموو شێوەو دیاردەکانییەوە و داوای مافی چارەی خۆنوسین دەکات بۆ گەل و دەوڵەتە داگیرکراوەکان. ماددەی (٢)ی جاڕنامەکە دەڵێت (هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و ئەم مافە ئازادییان پێدەدات لە هەڵبژاردنی سیستەمی فەرمانڕەواییان و ئازادانە بەدیهێنانی پەرەسەندن و گەشەپێدانی لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتورییان).[٣٠]

ئەو جاڕنامەیە بە گرنگترین بەڵگەنامە دادەنرێت کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریکردبێت بۆ بەخشینی سەربەخۆیی و ریسواکردنی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری. لە هەقیقەتیشدا بەرجەستەبوونێکی ڕاستگۆیانەی بەخشینی سەربەخۆییە بە گەلانی ژێر چەپۆک و ئەو گەلانەی کە لە ژێر سیستەمی ویصایە (چاودێری)دان. هەر بۆیە جاڕنامەکە بە پێویستی دەزانێت ڕێوشوێنی گونجاو و لەبار بگیرێتە بەر بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەلانی ئەو هەرێمانە و بە ئازادی و بە بێ هیچ مەرج و دەستپێوەگرتنێک و بە ویستی ئازادانەی خۆیان تاوەکو توانای وەرگرتنی سەربەخۆیی و سەربەستی تەواویان فەراهەم بکرێت بەبێ گوێدانە جیاوازیی نەتەوە، نەژاد، ڕەگەز، ئاین، ڕێبازی ئاینی و بیروباوەڕی سیاسی.

پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بەر گرنگییە یاساییەکەی دیسان لە هەردوو ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکان و ڕێککەوتننامەی مافە ئابوری و کۆمەلایەتی و کەلتورییەکانی ساڵی (١٩٦٦)دا جێگیرکرایەوە. بڕگەی (١)ی ماددەی (١)ی هەردوو ڕێککەوتننامەکە دەڵێت (هەموو گەلێک مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە، بەپێی ئەو مافە بۆیان هەیە بە ئازادی بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بدەن و بە ئازادییش درێژە بە گەشەپێدانی لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتورییان بدەن).[٣١]

کەواتە دەتوانین بڵێین مافی چارەی خۆنوسین مافێکی گەوهەریی یاسایی دەستەبەرکراو و چەسپاوە بۆ هەموو نەتەوە و گروپێک بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک. کە بەشێوەیەکی ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی یاسایی و سیاسی خۆیان دەدەن و بەشێوەیەکی ئازادانە پەرە بە بوارە ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتورییەکانی خۆیان دەدەن. هەموو ئەو ماددەو بەڵگەنامە یاساییانە داندەنێن بە مافی چارەی خۆنوسین بۆ هەموو نەتەوەیەک بەبێ جیاوازی و دان بە یەکسانیی گەل و دەوڵەتە ناسەربەخۆکاندا دەنێن لەگەڵ گەل و دەوڵەتانی سەربەخۆ، لە بەرامبەر پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی وەک مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ بەستنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان هەموو نەتەوەکانی جیهان. کە ئەوەش پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. پێشێلکردنی ئەو پرەنسیپە گەوهەرییە یاساییە واتە پێشێلکردنی چەند مافێکی بنچینەیی کە یاسای نێودەوڵەتی مسۆگەری کردووە. بەمەش بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی درووست دەکات بۆ ڕاگرتنی ئەو پێشێلکارییەش دەستتێوەردان دێتە کایەوە. بەمەش ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە. جا بۆ ئەوەی تەواوی گەلانی ژێر چەپۆک بە مافە یاسایی و سروشتییەکانیان بگەن و ئازادی بە دەستبهێنن و بتوانن بە دۆستانە لەگەڵ گەلانی ئازاددا بژین. ئەرکێکی یاسایی و ئاکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و

نەتەوە یەکگرتوەکانە کە هەرچی زووترە کار بۆ سەربەخۆیی گەلانی ژێر چەپۆک و نا ئازاد و لە ناویشیاندا کورد بکەن و ڕێگربن لە ڕێگای پێشێلکارییە یاساییەکان و ئەو مافا یاساییەنەی کە خۆیان دەستەبەریان کردووە.

لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەندین شرۆڤەکاری و ڕاڤەکاریمان هەیە بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسین. لێرەدا ڕاڤەکاریی سروشتی یاسایی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین ڕووندەکەینەوە.

١/ مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی-Internal Right Self-Determination: مافێکی یاسایی دانیشتوانی دەوڵەتێکە بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەیان و دەستنیشانکردنی شێوەی حکومەتەکەیان، بە ویستی ئازادانە و مافی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی خۆیان.[٣٢] ئەم مافە بەتەنها چارەنووسی سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو مافی دانیشتوانی دەوڵەتە بۆ بە ئازادی پەرەپێدانی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریی خۆیان. بە کورتی مانایەکی تری ئەم مافە دەستبەرکردن و جێبەجێکردنی تەواوی مافەکانی هەموو گروپە جیاوازەکانە لە چوارچێوەی هەرێمی ئەو دەوڵەتەی کە لێیدەژین.

٢/ مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکی -External Right Self-Determination: جێبەجێکردنی ئەم مافە بریتییە لە لەناوبردنی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت بۆ هەموو گروپ و نەتەوە داگیرکراوەکان، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک.[٣٣] بەپێی ئەم ڕاڤەکارییە هەر گروپ و نەتەوەیەک کە تا هەنوکە داگیرکراوەو دەچەوسێنرێتەوە و نەگەشتوە بە سەربەخۆیی، وە مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆی بۆ دەستەبەر نەکراوەو جێبەجێنەکراوە. ئەوا مافێکی یاسایی هەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت و لەو دەوڵەتە جیاببێتەوە کە لە ناویدا بە چەوساوەییەوە دەژی.

هەر لەو بارودۆخەدا دەكرێت ڕێگریكردن لە بەشداربوونی گروپێكی دیاریكراو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ئەوەی گەشە بە لایەنی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتوریی خۆیان بدەن، پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنی دەوڵەتەكەشدا دەنگی پێویستیان هێنابێت بۆ بەشداریكردن لە پرۆسەی یاسایی و سیاسیدا، بەڵام ئاستەنگیان بۆ دروست بكرێت. ئەو گروپەش مافی پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە. هەروەك جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاكستان لە ساڵی (١٩٧١).

ئەو مافەش ئەگەر هاتوو بە شێوازە جۆراوجۆرەكانی ئاشتییانە و دیپلۆماسییانە مسۆگەر نەكرا، ئەوا دەتوانرێت هێز بەكاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. هەر بۆیە بەكارهێنانی هێز لەلایەن بزوتنەوە ئازادیخوازەكان بۆ سەربەخۆیی كە خاكەكەیان داگیركراوە و نەتەوەكەیان دەچەوسێنرێنەوە، ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی یاساكانی جەنگ و پرەنسیپەكانی مافی چارەی خۆنووسیندا بێت ڕەواو یاساییە. گەرچی ئەمڕۆ بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێكۆشان و ناوی زۆرێك لەو بزوتنەوە ئازادیخوازانەی خستووەتە ڕیزی تیرۆرەوە.

٣/ مافی چارەی خۆنووسین بە ڕاپرسی Right Self-Determination by Referendum: یاساناسانی نێودەوڵەتی ئەم شێوازە بە باشترین شێواز دادەنێن بۆ جێبەجێكردنی مافی چارەی خۆنوسین بەپێی یاسای نێودەوڵەتی. ئەم ڕاپرسییەش لە بەرەنجامی ماددەیەكی دەستووری دەكرێت، كە لە دەستووری دەوڵەتەكەدا ڕاپرسی جێگیر كرابێت. یان ڕاپرسییەكە بە پەیمانێك دەكرێت كە لە نێوان حكومەتی ناوەندی و حكومەتی هەرێمەكەدا بەسترابێت. ئەمەش بەوە دەبێت كە هەرێمی دەوڵەتێك ڕاپرسی ئەنجام بدات بۆ دانیشتوانی هەرێمەكەی كە ئایا دانیشتوانەكەی دەیانەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە كە هەنوكە لێی دەژین یان جیاببنەوەو سەربەخۆیی وەربگرن.[٣٤]

نمونەی ئەو جۆرە ڕاپرسییەش:

* گەلی تەیموری خۆرهەلات لە (١٩٩٩/٨/٣٠) ڕاپرسییەکی گشتیی ئەنجامداو (٧٨،٥٠%) دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا.

* مۆنتینیگرۆ لە (٢٠٠٦/٥/٢١) ڕاپرسیی ئەنجامداو لە (٨٦،٥٠%) دانیشتوانەکەی دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی بەسەربەخۆییەکەیدانا.

* گەلی باشووری سودان کە پاش ئەوەی حکومەتی ناوەندی خەرتوم و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی سودان لە ساڵی (٢٠٠٥)دا پەیمانی نایڤاشا-یان بەست. سەربەخۆیی باشووری سودان یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە. نایڤاشا ئاماژەی کردبوو کە لە (٢٠١١/١/٩) ڕاپرسی دەکرێت، ئایا گەلی باشووری سودان دەیانەوێت وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی سودان-دا بمێننەوە یاخود سەربەخۆیی وەردەگرن. هەر ئەوەش بوو ئەنجامی ڕاپرسیەکە لە (٩٨،٨٣%) دەنگیان بە سەربەخۆییدا، وە لە (٢٠١١/٧/١٤) لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک دەوڵەتێکی تازە سەربەخۆ بە ئەندام وەرگیرا.[٣٥]

یاخود دەکرێت پەڕلەمانی هەرێمێک تاکلایەنە سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت. نمونەی ئەو جۆرە سەربەخۆییەش پەڕلەمانی کۆسۆڤۆ-یە کە لە (٢٠٠٨/٢/١٧) تاکلایەنە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆی ڕاگەیاند و دادگای دادی نێودەوڵەتییش ئاماژەی بەوە کرد کە (ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ پێشێلکاری نییە بۆ یاسای نێودەوڵەتی گشتی، چونکە یاسای نێودەوڵەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی قەدەغە نەکردووە).[٣٦]

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان، لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق، لە بری ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنن، ڕۆشتنەوە باوەشی عێراقێک کە لەوەتەی هەیە دەوڵەتێک بووە پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی بەخۆیەوە

نەدیوە. کە ئەوەشیان نەکرد، لەبری ئەوەی لە دەستووری عێراقدا ماددەیەک جێگیر بکەن یاخود ڕێککەوتننامەیەک ببەستن بۆ ڕاپرسی گەر هاتو مافەکانی کورد کە لە دەستووردا دەستەبەرکراوە جێبەجێنەکرا، ئەوا ڕاپرسی ئەنجام بدەن بۆ مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا یان سەربەخۆیی. پێچەوانەکەیان کرد نەک هیچ بڕگەو ماددەیەکی دەستووری یان ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ ئەو پرسە گەوهەرییە، یاساییە، گرنگ و پێویستە جێگیر و واژوو نەکرد، بەڵکو سوێندیان خوارد کە یەکپارچەیی عێراق بپارێزن. بەدەست و ویستی خۆیان چارەنووسی نەتەوەیەکی ستەمدیدەو جینۆسایدکراویان خستە دەستی عێراقێکەوە کە لە دامەزراندنیەوە خوێنی لە کورد ڕشتووە و جینۆسایدی کردووە.

لە ئێستادا ئەرکێکی یاسایی و ئاکاریی بڕیار بەدەستانی باشووری کوردستانە کە پشت بەست بەو هۆشیارییە یاساییەی کە دەیبەخشین میکانیزمەکانی مافی چارەی خۆنوسین بە ڕێگای ڕاپرسی بگرنەبەر و کاری یاسایی و دڵسۆزانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدەن. وەک چۆن لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، ئەو هەلە مێژووییەیان لە دەستدا، با ئێستا ئەم هەلە لەدەست نەدەن کە لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعشەوە پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ باشووری کوردستان دروست بووەو هاوکاریی مرۆیی و سەربازی کراوەو زۆر کات وەک دەوڵەتێک مامەڵەی کردووەو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پێی ڕەوا بینراوە کە مافی بەرگریی ڕەوا بەکاربهێنێت.

پێویستە بڕیار بەدەستانی باشووری کوردستان هاواری ئازادیخوازی و یاسایی دڵسۆزان پەراوێز نەخەن. چونکە چارەسەری سەرەکی کێشە نەتەوەییەکانی کورد، دەوڵەتی سەربەخۆ و جیابوونەوەیە لەو عێراقەی کە باشترین خەڵاتی بۆ کورد جینۆساید بووە.

**باسی پێنجەم/ بەڵگەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان**

ئەم بەڵگانەی خوارەوە داواکاریی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەکەن:

١/ پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، پرەنسیپێکی گەوهەریی یاسایی نێودەوڵەتی جێگیرە بۆ هەموو نەتەوە و گروپەکان بێ جیاوازی، نەوەک بە تەنها بۆ نەتەوەو گروپە داگیرکراو و ژێر چەپۆک و چەوساوەکان.[٣٧]

٢/ پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتیک بەپێی هەردوو بڕگەی (٤ و ٧)ی ماددەی (٢)ی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.[٣٨] و ماددەی (٨)ی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ.[٣٩] قەدەغەکراوە و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی تر ئەو مافەیان نییە دەستوەربدەن لە کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتێکی تر، مەگەر لەو کاتانەدا نەبێت کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت. بەو پێیەش پرۆسەی جیابونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی دەوڵەتێکەوە کارێکی ناوخۆیی کاروباری دەوڵەتی پەیوەندیدارەو ناچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسای نێودەوڵەتییەوە.

٣/ ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت تاوانی جینۆساید دژ بە کورد لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە. کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییش دان بەوەدا نراوە کە نەتەوەی کورد ڕووبەڕوی چەوساندنەوەو جینۆساید بووەتەوە. ئەوەش یەکێکی ترە لە بەڵگە گرنگەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان کە چەندین گروپی جینۆسایدکراو بە سود وەرگرتن لە کەیسی جینۆسایدەکەیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاندووە.

بۆ ئەم مەبەستە لە (١٩٨٨/٥/٩) پاش (٥٤) پەنجاو چوار ڕۆژ، لە ئەنجامدانی جینۆسایدی هەڵەبجە. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە

یەکگرتووەکان، لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢٨١٢)دا، بەکۆی دەنگی هەر (٥) پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی (ئەمریکا- بەریتانیا-فەرەنسا- ڕوسیا- چین) و هەر (١٠) دە ئەندامە ناهەمیشەییەکەی لەو کاتەدا (بەڕازیل- ئەرجەنتین- ئەڵمانیای خۆرهەڵات- جەزائیر- ئیتالیا- ژاپۆن- نیپاڵ- سەنیگال- زامبیا-یوگۆسلاڤیای پێشوو)، بڕیاری (٦١٢)ی دەرکرد و دانی بەوەدانا کە هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق چەکی کیمیاوییان بەکارهێناوە لە ململانێکانی نێوانیاندا. ئەو بڕیارە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو دوو دەوڵەتە ڕێککەوتننامەی ژنێف بۆ قەدەغەکردنی چەکە بایۆلۆژی و کیمیاوییەکان کە لە (١٩٢٥/٦/١٧)دا دەرچووە و لە (١٩٢٩/٢/٨)دا چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێشێل کراوە لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە.[٤٠]

هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێشەکیی بڕیاری (٦٨٨) کە لە (١٩٩١/٤/٥)دا دەریکرد بۆ پاراستنی خەڵکی باشووری کوردستان لەپاش کۆڕەوە ملیۆنییەکەی و جێگیرکردنی هێڵی (٣٦) و ناوچەی دژە فڕین. ئاماژە دەکات کە (ئەنجومەنی ئاسایش هەست بە نائارامییەکی قووڵ دەکات بەرامبەر ئەو داپڵۆسینەی دانیشتوانی سڤیلی عێراقی توشی دەبن لە زۆر پارچەی عێراق و لەم دواییەدا ناوچە کورد نشینەکانیشی گرتەوە و بووە هۆی زیادبونی پەنابەرانی بەشێوەیەکی فراوان بەرەو سنووری نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی بۆردومان لە دەوروبەری سنوور بە جۆرێک ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە. لە کاتێکدا ئەنجومەنی ئاسایش هەست بە نائاسودەییەکی قووڵ دەکات بە رامبەر ئەو ئازارە سەختە توشی مرۆڤەکان بوون لە ئەنجامی ئەوەدا ڕیسواو لۆمەی ئەو داپڵۆسینە دەکات).[٤١]

هەروەها پەرلەمانی دەوڵەتانی (سوید- نەرویج- بەریتانیا- کۆریای باشوور) ئەو تاوانانەی کە ڕژیمی بەعسی سەددام لەدژی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجامیداون وەک تاوانی جینۆساید ئاماژەیان بۆ کردووە.[٤٢]

لەسەروی ئەوانەشەوە و لەسەر ئاستی عێراقی چەندین تاوانی دژ بە کورد بە جینۆساید ناسێنران. ئەوانیش:

* دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) کەیسەکانی ئەنفال، کوردە فەیلییەکان، بارزانییەکان و هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساندووە.

* پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٩) بە بڕیاری ژمارە (٢٦) لە (٢٠٠٨/٤/١٤)دا هەڵمەتەکانی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند. لە بڕیارەکەدا هاتووە (بۆ جەختکردنەوە لەسەر بڕیاری دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی، سەبارەت بە گونجاندنی ئەو ڕوداوانەی لەگەڵ پرۆسەکانی ئەنفالی بەدناودا ڕوویاندا، کە جینۆسایدە. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاردەدات، کە ئەوەی تووشی گەلی کورد بووە لە کوردستانی عێراق لە سیاسەتی داپڵۆسین و چەوسانەوەو تاوانگەلێک، کە ئەم بڕیارە وێنەی ڕووداوەکانی خستەڕوو، تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییە بە هەموو پێوەرێک).[٤٣]

* پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٤٤) لە (٢٠١١/٣/١٧)دا بە بریاری ژمارە (١٢) کەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند. لە بڕیارەکەدا هاتووە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دژی خەڵکی شاری هەڵەبجە ئەنجامدرا لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا، وە پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی کە لە (٢٠١٠/٢/٢٨)دا دەرچووە، بە تاوانی جینۆساید دادەنرێت و بە هەموو مانایەک دەیگەیەنێت و دەیگرێتەوە).[٤٤]

* ئەنجــومەنی ســەرۆکایەتیی عێــراق بە بڕیــاری ژمــارە (٢٦) لە (٢٠٠٨/٩/١٠)دا، تاوانەکانی ڕژێمی سەددامی دژ بە باشووری کوردستان بە جینۆساید ناساند.

* ئەنجــومەنی وەزیرانــی عێــراق بە بڕیــاری ژمــارە (٤٢٦) لە (٢٠١٠/١٢/٢٧)دا ئەنفالی کوردە فەیلییەکانی بە جینۆساید ناساند.

هەروەهــا لەســەر ئاســتی کوردســتانیش تاوانەکــانی دژ بە کــورد بە جینۆساید ناسێنران. ئەوانیش:

* پەڕلەمــانی کوردســتان لە (٢٠٠٨/٤/١٤)دا تاوانەکــانی ڕژێمــی سەددامی دژ بە باشووری کوردستان بە جینۆساید ناساند.

* ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتانیش بە بڕیــاری ژمــارە (١٣) لە (٢٠٠٨/٦/٢)دا تاوانەکانی ڕژێمی سەددامی دژ بە باشــووری کوردستانی بە جینۆسایدناساند.[٤٥]

بەڵــگەی ئەو دانپێــدانانە یاســاییانە گرنگــی و پاڵپشــتێکی گەورەیە بــۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتــی ســەربەخۆ. هەروەک چۆن زۆر نەتەوەی جینۆســاید کراو جینۆسایدەکەیان وەک بەهێزترین کارت بەکارهێنا بۆ ڕاگەیاندنی ســەربەخۆیی و پێکهێنــانی دەوڵەتــی خۆیــان و ســەلماندیان کە مافەکــانی ئەوان بە تەنهــا بە دەوڵەتــی ســەربەخۆی خۆیــان مســۆگەر دەبێــت و جێبەجێــــدەکرێت نەک مــــانەوە لە چوارچێــــوەی ئەو دەوڵەتەی کە جینۆسایدی کردوون.

نمونەی ئەو دەوڵەتانەش:

* ئیسرائیل

*بەنگلادیش

* پێـــنج کۆمـــارەکەی یوگۆســـلاڤیای جـــاران (کرواتیـــا، ســـلۆڤینیا، هیرسۆگۆڤینا، بۆسنە و مەکدۆنیا)

* دوو کۆماری یوگۆسلاڤیای فیدراڵی نوێ (مۆنتینگرۆ- کۆسۆڤۆ)

* دواین دەوڵەتیش باشووری سودان. [٤٦]

٤/ هاوکاری و پشتیوانیکردنی نێودەوڵەتی بۆ باشووری کوردستان، بەتایبەتی لەپاش هێرشـەکانی تیرۆریستانی داعش. هەروەها دەرکردنی هەردوو بڕیـــاری (٢١٧٠ و ٢١٩٩)ی ئەنجـــومەنی ئاسایشـــی نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ بنبڕکردنی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆریستانی داعش. کە ئەمەش ناڕاستەوخۆ بە مانای پشتگیری کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردســتان و دۆزەکەی دێت، گەر کۆمەڵگـای نێودەوڵەتی ڕاسـتگۆیانە مەبەستیان بێت سـەرچاوە داراییەکانی داعش وشک بکرێت و کردەوە تیرۆریستی و تاوانە نێودەوڵەتییەکانیان دژ بە کورد بوەستێنرێت.

ئەو هاوکارییـانە هەل و دەرفەتێکی گەورەیە بـۆ کـورد، گەر بتوانێت شـارەزایانە سـودی لێوەربگرێت و لە ڕێگـای شـاندی شـارەزا لە یاسـای نێودەوڵەتیدا، دۆستایەتی بۆ کورد بە دەستبهێنێت بە کردار و لە کاتێکدا کە باشـووری کوردسـتان سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد ئەو دەوڵەتـانە دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێن.

هەرێمی باشووری کوردسـتان هەرێمێکی یاسـایی و دەسـتوورییە. وە بەپێـی بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (٥٦) لە یاســای هەڵبژاردنـی پەڕلەمـانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو و ماددەی (٤٠)ی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتانی سـاڵی (٢٠٠٩)، پەڕلەمـانی کوردسـتان دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەیە و سـەرچاوەی بڕیاردانە لەسـەر

پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی یاسایی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندندا دیاریدەکات.

هەروەها ماددەی (٧)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی (٢٠٠٩) دەڵێت (گەلی کوردستان- عێراق، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە و بە ویستی ئازادانەی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی عێراقدا. مادام عێراق پابەندبێ بە سیستەمی فیدراڵی، دیموکراسی، پەرلەمانی، فرە لایەنی و مافەکانی تاکو کۆی مرۆڤەوە، بەو جۆرەی کە لەدەقی دەستووری فیدراڵیدا هاتووە).[٤٧]

بەڵام ئاشکرایە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق پابەندنەبوون بە سیستەمی فیدراڵی، دیموکراسی، پەرلەمانی، فرە لایەنی و مافەکانی تاکو کۆی مرۆڤەوە. تاهەنوکەش پێچەوانەی دەستوور کاردەکەن و مافەکانی خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان پێشێل دەکەن و ناناسێنن.

هەر بۆیە تاوەکو ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) جێبەجێنەکرێت بەو ڕێگایانەی هاتووە، واتا ئاساییکردنەوەی پاشماوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن، ڕاگواستن، سەرژمێری و ڕاپرسیی ئازاد لە بارەی چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوە داگیرکراوەکان. ناتوانرێت بوترێت کە باشووری کوردستان مافی چارەی خۆنووسینی خۆی جێبەجێکردووە. گەرچی جێبەجێکردنی فیدراڵی بە جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین دەژمێردرێت بەپێی پرەنسیپی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا. بەڵام لەبەرئەوەی فیدراڵی بۆ باشووری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بە مەرجەکانییەوە جێبەجێنەکراوە، کە کە گرنگترینیان یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوە

داگیرکراوەکـــانە. کەواتە دەتـــوانین بڵێـــین فیـــدراڵییش بـــۆ باشـــووری کوردستان نەچەسپاوە.

کەواتە لەژێـــر ڕووناکـــایی بـــڕگەی (٢)ی مـــاددەی (٥٦) لە یاســـای هەڵبژاردنـــی پەڕلەمـــانی کوردســـتان ژمـــارە (١)ی ســـاڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو و ماددەی (٤٠)ی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی (٢٠٠٩). پەڕلەمـانی کوردسـتان دەسـەڵات و مـافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێمی باشووری کوردستان بدات.

لەسـەروی ئەوەشـەوە پەڕلەمـانی کوردسـتان پشتبەسـت بە بڕیـاری بـڕگەی (١) لە مـاددەی (٥٦)ی یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هەمـوارکراو، لەسـەر پێشـنیاری ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەڕلەمـان، پەڕلەمـانی کوردسـتان لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٨)ی ڕۆژی (٢٠١٤/٧/٢٣) بڕیـاری دەرچـوونی یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی (٢٠١٤)ی دەرکـرد، کە لە (٢٢) بیسـت و دوو مـاددە پێکهـاتووە. کە تـایبەتە بە (یاسـای کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی) و بە بڕیـاری ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠١٤) لەلایەن سـەرۆکی هەرێمـی کوردستانەوە پەسەندکرا.

لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢)ی ئەو یاسایە (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی)دا هاتووە کە (بە گوێرەی ئەم یاسایە دەسـتەیەک دادەمەزرێ لەژێـر نـاوی کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکـان و ڕاپرسـی بـۆ ئەوەی ببێـتە تـاکە دەسـەڵات (السـلطە الحصریە) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان- عێراق).[٤٨]

له مـــاددەی (٤)ی ئەو یاســـایەدا هـــاتووە کە کۆمســـیۆن ئەمـــانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

* بـڕگەی (١) (دانـانی بنەمـاو ڕێسـای کـارپێکراوی نێـودەوڵەتی بـۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان کە لە سەرتاسەری کوردستان- عێراقـدا ئەنجـام دەدرێـن بـۆ زامـن کردنـی جێبەجێکردنـی بەشـێوەیەکی بێگەرد و دادپەروەرانە).

* بڕگەی (٢) (سەرپەرشتیکردنی هەڵبـژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عێراق)دا.

* بڕگەی (٣) (جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکان).

* بـــرگەی (٤) (ڕێکخســـتن و جێبەجێکردنـــی هەمـــوو جـــۆرە هەڵبژاردنەکـان و ڕاپرسـییە گشـتییەکان لە سـەر تاسـەری کوردسـتانی عێراق).[٤٩]

بەڵام تا ئێستا کۆمسیۆن هەڵنەستاوە بەو ئەرکەی لە ئەستۆی دایە بە ڕێکخســتنی ڕاپرســی و دیــاریکردنی ڕۆژی ڕاپرســی بــۆ باشــووری کوردســتان، ئەویــش لە چوارچێــوەی مــافی چــارەی خۆنووســین وەک مــافێکی گەوهەری کە لە یاســای نێــودەوڵەتی هاوچەرخــدا گرنگییەکــی قووڵی پێداوە.

له مـــاددەی (١١)ی ئەو یاســـایەدا هـــاتووە (ئەنجـومەنی کۆمســـیاران دەتوانێ پشت بە شـارەزاو پسپۆڕی نێودەوڵەتی و نـاوخۆیی بوارەکـانی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی ببەسـتێ لە قۆناغەکـانی سـازدان و گەڵاڵەکـردن و ئامادەکاری و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکاندا).[٥٠]

بەڵام ئەنجومەنی کۆمسیاران کە لە (٩) ئەندام پێک دێت. تـا ئێسـتا بە دڵسۆزییەکی قـوڵەوە بەو ئەرکە هەڵنەسـتاوەو نەک پشـتی نەبەسـتووە بە

کەسانی شارەزا و پسپۆری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆ بواری ڕاپرسی بەڵکو هیچ ئامادەکارییەکیشی نەکردووە و ئەو مەرجانەشی کە یاساکە دایناوە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە خاڵی (٤- ٧)ی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥)دا، کە دەبێت بێلایەنی سەلمێنراوبێت و ئینتیمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێت لە کاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجومەن.[٥١] ئەوەش پێشێل کراوە. بەوەی کە هەر (٩) ئەندامەکەی ئەنجومەن، پارتە سیاسییەکانی باشوور دایناون و نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن. ئەوانیش (٣) ئەندامیان پارتین، (٢) ئەندامیان یەکێتین، (٢) ئەندامیان گۆڕانن، (١) ئەندامیان کۆمەڵ و (١) ئەندامیان یەکگرتووە.

بۆیە لە ئێستادا ئەرکێکی یاسایی و ئاکاریی ئەو کۆمسیۆنەیە، کە دەستبەجێ هەستێت بەڕێکخستن و دیاریکردنی ڕۆژی ڕاپرسی بۆ باشووری کوردستان بە پشتبەستن بە شارەزایانی بواری یاسای نێودەوڵەتی و مافی چارەی خۆنووسین و سود وەرگرتن لە زۆربەی ئەو گروپ و نەتەوانەی کە ئەو مافەیان بە شێوازی ڕاپرسی ئەنجامداوەو بە مافی یاسایی و سروشتیی خۆیان گەشتوون کە دەوڵەتە. ئەمەش لەلایەکەوە بۆ ئەوەی کورد بەو مافە سروشتی و یاساییەی بگات کە چەندین ساڵە ڕۆڵەکانی خوێنی گەشی بۆ دەڕێژن و ترسناکترین جینۆسایدیشی لە دژی ئەنجامدرا. لەلایەکی ترەوە دەبێت بگاتە ئەو باوەڕە نکوڵی لێنەکراوەی کە ئایندەی کورد لە عێراقدا نییەو دەبێت جیا بێتەوەو سەربەخۆیی وەربگرێت و لە نەفرینەکانی عێراقێک دوور بکەوێتەوە کە لەوەتەی دامەزراوە هەناسەیەکی پشووی ئازادی و شەرەفمەندانەو یەکسانانەی تێدا نەبووە بۆ گروپەکانی و بە تایبەتی کورد و قوڵترین جینۆسایدیشی لەدژ ئەنجامدراوە.

**باسی شەشەم/ ئەرکە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان**

تاوەکو ئەو کاتەی کە (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی)، ڕۆژی ڕاپرسی بۆ هەموو گەلی باشووری کوردستان دیاریدەکات. لە ئێستاوە ئەرکێکی یاسایی و ئاکاری و مێژوویی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە هەنگاوی پێویست لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بگرێتەبەر گەر ئەوەش نەکات ئەوا هەر باسکردنێک لە دەوڵەت بۆ باشووری کوردستان تەنها فرۆشتن و بازرگانیکردنە بەو دروشمەوە.

لە گرنگترین ئەو هانگاوانەش:

* کارکردنی ڕاستەقینە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی کەیسی جینۆسایدی کورد و ناساندنی لە پەڕلەمانەکانی دونیا و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش. کردنی بە یاسایەک کە ئەگەر هاتوو هەرکەس نکوڵی جینۆسایدی کورد بکات، ئەوا ڕووبەڕوی سزای دارایی و زیندانیکردن ببێتەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە (٢٢) بیست و دوو دەوڵەتدا ناسێنراوەو بەنێودەوڵەتیکراوە. هەروەها جینۆسایدی جولەکەکان کە لەمێژووی جینۆسایدا بە هۆلۆکۆست ناسراوە لە (١٧) حەڤدە دەوڵەتدا ناسێنراوەو بە نێودەوڵەتیکراوە. بۆ ئەمەش دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت ببەستێت بەکەسانی شارەزای بواری جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکان و کار بەو پەیامە یاساییانەیان بکات کە دەیبەخشن لەو بوارەداو لە گرنگییەکەی تێبگەن.

* ناردنی شاندی کوردی شارەزا لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، کە شارەزاییەکی قووڵیان هەبێت لە مافی چارەی خۆنوسیندا، بۆ هەموو دەوڵەتانی دنیا. بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئینتیمای حیزبی نەک ئەو هەڵەو پێشێلکارییە دووبارە بکەنەوە کە بۆ ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە بنەمایان گرت. جەخت لەسەر

شارەزایی و سەربەخۆیی و دڵسۆزییان بکرێتەوە. بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و وەرگرتنی گەرەنتییەک گەر دەوڵەتی باشووری کوردستان ڕاگەیەنرا دانیپێدابنێن. وە جەخت لەوە بکەنەوە کە مێژوو ئەوەی تۆمار کردووە کە کورد و ئەزموون و فەرمانڕەواییەکەی مەترسی نین بۆ سەر نەتەوەکانی تر، ئاینەکانی تر، نەژادەکانی تر، ڕەگەزەکانی تر و نەتەوەیەکن گەر دەرفەتیان پێبدرێت دوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت، ئەوا بەشدارییەکی شەرەفمەندانە، ڕاستگۆیانەو مەزن دەکەن لە پاراستن و بەردەوامیدان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و گێڕانەوەی سەقامگیریی نێودەوڵەتی. هەر بۆ سەلماندنی ئەوەش فەرمانڕەوایی کۆماری کوردستان و هەرێمی ئێستای باشووری کوردستان دوو نموونەن کە شایستەی ئەوەن وانەی گەورەیان لێوەر بگیرێت و دەستەبەرکردنی مافی گروپ و کەمە ئاینییەکان و نەتەوەییەکانی تر لە کۆماری کوردستان و باشوری کوردستاندا سەلمێنەری ئەو هەقیقەتە نکوڵی لێنەکراوەن.

* لێبڕاوانەو دڵسۆزانە هەنگاونان بەرەو ئابوورییەکی سەربەخۆ، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، گرنگیدانی قوڵ بە کەرتی کشتوکاڵ و بەروبومی ناوخۆ، سەربەخۆ کردنی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە کە تاهەنوکە لە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بۆ کوردستان دێت. دەبێت ئەو هەقیقەتەش لەبەر چاوان بێت کە سەربەخۆیی سیاسی و دەوڵەتی کوردستان بەستراوەتەوە بە ئابورییەکی سەربەخۆوە. بە مانایەکی تر سەربەخۆیی سیاسی بەدەست نایەت گەر سەربەخۆیی ئابووری بەدەست نەهێنرێت.

* گوێگرتن بۆ پەیامی دڵسۆزان و یاساناسان و بیستنیان و کارپێکردنیان.

* گێڕانەوەی ئینتیما بۆ جوگرافیای دایک و ئاشتکردنەوەی لاوان بە نیشتیمان.

* دەستگیرکردن و دادگایی کردنی بەکرێگیراوان (تۆمەتباران)ی جینۆسایدی کورد، کە بڕیاڕی دەستگیرکردنیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووە. بەڵام تا ئێستاش بە ئازادییەوە دەسوڕێنەوە و پاداشت کراون و لەناو ئەوانەشدا هەیانە زیاتر لە کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان ڕێز لێگیراوترن. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینتیمای سەربەخۆیی و خەونی دەوڵەتی کوردستان لەبار ببات. چونکە ئەوە لە گەوهەری خۆیدا ناڕاستەوخۆ بە کوردانی بەشە داگیرکراو و دابەشکراوەکانی تری کوردستان دەڵێت بڕۆن ببن بە بەکرێگیراو لە ناو ڕیزەکانی سوپای داگیرکەردا ڕاژە بەوان بکەن، گەر لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو بەشانەی کوردستانیش ئازادکران ئەوا ڕێزی ئێوە و پایەی کۆمەڵایەتیی ئێوە زیاترە لە کەسوکاری شەهیدان و خەباتگێڕان.

* دابەشکردنی داهاتی نەوت بۆ هەموان بە شێوەیەکی دادپەروەری و بێجیاوازی.

* دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و پاراستنی مافە شارستانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتورییەکانی تاک بە تاک و بەبێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەک.

* پشت نەبەستن و فریو نەخواردنی دروشمە سۆز ئامێزو بەرژەوەندی هەڵگرەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر، بەتایبەتی تورکیا، چونکە ئەوانە دۆستی بەرژەوەندین و دەکرێت هەرکات بەرژەوەندیی زیاتریان دەست کەوت لەو بەرژەوەندییەی کە لە باشووری کوردستانەوە دەستی دەکەوێت کورد بگۆڕیتەوە و بفرۆشێت وەک چۆن یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بەرامبەر بە کۆماری کوردستان بە بنەمای گرت.

* بە ئاگاهـاتنەوە و وازهێنـان لە ڕاژە کردنـی قـووڵ بە داگیـرکەران و حکـومەتی ناوەنـدی وەک چـۆن وەزیـرە کـوردەکەی دەرەوەی عێـراق چـالاکییە بونخـواز و ئـازادیخوازەکەی خـۆرهەڵاتی کوردسـتانی بە کردەوەی تیرۆریستی ناوزەدکرد و سـەرەڕای ئەوەش هەوڵەکانی قـووڵ و چڕکردەوە لە دەرهێنانی عێراق لە ژێر بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەکاتێکدا مافەکانی کورد لە باشووری کوردسـتان جێبەجێنەکرابـوو. چـونکە ڕاگەیانـدنی دەوڵەتـی سـەربەخۆ کاتێک گونجاوترو باشتر دەبو کە عێراق هەر لە ژێر بەشی حەوتەمی دەسـتوری  نەتەوە یکگرتووەکانـدا بـوایە، نەک وەک ئێسـتا خـاوەنی سەروەری.

لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە لەسەر ئاستی میدیایی ئەو هۆشیارییە لای تـاک بە تـاکی نەتەوە دروستبکرێت کە تـاکە چارەسـەری کێشـەکانی کـورد و دەسـتەبەرکردنی مـافە یاسـایی و سروشـتییەکانی، دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی دادپەروەر و دیمـوکراتە نەک دەوڵەت- نەتەوە و مـانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوە داگیرکەرەکاندا.

هەروەها نکوڵی لەو بانگەشەیە بکرێت و وەڵامیان بدرێتەوە کە دەڵێن کـورد ناتوانێـت دەوڵەتـی سـەربەخۆ ڕابگەیەنێـت بەهـۆی ئەوەی کە دەوڵەتێکـی داخـراوە. ئەمەش بەوەی کە لەسـەر ئاسـتی تیـۆری و لە یاسـای نێودەڵەتیـدا و بەپێـی ڕێککەوتننـامەی یاسـای دەریاکـانی سـاڵی (١٩٨٢) دەوڵەتە داخراوەکـان هەمـان مـافی ڕاگەیشـتنیان بە دەریـاو زەریاکـان، سـود وەرگـرتن لە سـامانی سروسـتی دەریـاو زەریاکانیان....هتد، هەیە وەک دەوڵەتانی بەستراو بەدەریاوە.

بـڕگەی (١)ی مـاددەی (١٢٥)ی ڕێککەوتننـامەی یاسـای دەریاکـان، دەڵێـت (دەوڵەتە داخراوەکـان مافیـان هەیە کە بـگەن بە دەریاکـان بـۆ مەبەستی جێبەجێکردنی مافەکانیان کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژەی بۆ کـراوە، وەک ئەو مافـانەی کە پەیوەسـتە بە ئـازادی دەریـا بەرزەکـان و

سەروەتی هاوبەشی ئادەمیزاد، وە ئەو دەوڵەتە داخراوانە سود وەردەگرن لە تێپەڕین بەناو هەرێمی ئەو دەوڵەتانەی کە پێیدا تێدەپەڕن بە هەموو هۆیەکی گواستنەوە)وە.[٥٢]

ماددەی (١٣١)ی ڕێککەوتننامەی یاسای دەریاکان، دەڵێت (ئەو کەشتیانەی ئاڵای دەوڵەتی بێ کەنار و داخراویان هەڵگرتووە، مافیان هەیە بە هەمان مامەڵەی یەکسان مامەڵە بکرێن، کە لەگەڵ کەشتی دەوڵەتانی بیانی دیکە دەکرێت).[٥٣]

لەلایەکی ترەوەو لەسەر ئاستی پراکتیکیش ئێستا لە جیهاندا (٤٦) دەوڵەتی داخراو واتا بێ کەناری دەریایی هەن.[٥٤] تازەترین دەوڵەتی داخراویش کە تازە سەربەخۆیی وەرگرتبێت باشووری سودانە.

**باسی حەوتەم/ گرنگیی هەبوونی دەوڵەت**

گرنگیی هەبوونی دەوڵەت بۆ کورد هەر بەتەنها ئەوە نییە کە لە ژێر چەپۆکی و ستەم و جینۆساید ڕزگاری دەبێت و هەناسەیەکی پشوو و ئازادی هەڵدەمژێت. بەڵکو زیاد لەوەش هەندێ ماف هەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە تەنها بۆ دەوڵەت دەستەبەرکراوە. لە گرنگترین ئەو مافانەش:

١/ مافی پەنابردنە بەر دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، کە بەپێی ماددەی (١٣)ی دادگاکە ئەگەر تاوانە نێودەوڵەتییەکان کە لە ماددەی (٥)ی دادگاکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لەدژی هەر لایەنێک ئەنجام بدرێت. دەبێت ئەو لایەنە دەوڵەت بێت و ئەندامی دادگاکەش بێت ئەوکات دەتوانێت پەنا بۆ دادگاکە ببات بۆ ئەوەی مافەکانی بۆ وەربگرێتەوە و تاوانبارانیش سزابدات.[٥٥]

٢/ مافی بەرگریی گەوهەریی ڕەوا  کە لە دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەستەبەرکراوە، بەپێی ماددەی (٥١)ی دەستوری ڕێکخراوەکە. تەنها دەوڵەت دەتوانێت سود لەو مافە وەربگرێت و  دەبێت ئەو دەوڵەتەش ئەندامی ڕێکخراوەکە بێت.[٥٦]

٣/ مافی بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە ڕێککەوتننامەی ڤییەننا (یاسای ڕێککەوتننامەکان) ئاماژەی بۆ کردووە، بەپێی ماددەی (١ و ٢)ی ڕێککەوتننامەکە. ئەو ڕێککەوتننامەیە لەسەر دەوڵەتان جێبەجێدەکرێت و ڕێککەوتننامە  نێودەوڵەتییەکان بە تەنها لە نێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەبەسترێت.[٥٧]

قۆناغەکانی مێژوو ئەوەی تۆمار کردووە کە هیچ داگیرکەرێک مافەکانی نەتەوەی  دەستەبەرنەکردووە. لەپاش داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستانی گەورە لەپاش جەنگی چاڵدیران (١٥١٤/٨/٢٣) و دواتریش لە ڕێککەوتننامەی لۆزانی (٢٤-٧-١٩٢٣) و، وە لەپێش ئەوەشەوە داگیرکەرانی کوردستان نەک هیچ مافێکی یاسایی وسروشتییان بۆ کورد دەستەبەرنەکرد. بەڵکو نکوڵییان لە هەبوونی کرد و جینۆسایدیشیان کردن.  بۆیە تاکە چارەسەری ڕیشەیی، دەوڵەتی سەربەخۆ و  خاوەن سەروەری یاسایە و ڕزگاربوونە لەژێر چەپۆکی. لە مێژە کورد ویستی بە ئازادییەکی مانادارەوە یەکدی وەک مرۆڤ لە ئامێز بگرن بەڵام ئەوان نەیانویست، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لێیان جیا ببینەوەو لەگەڵیاندا نەژیین.

لەئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ هەموو گروپەکان دەستەبەرکراوە. بەبێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەک کە بنیادنرابێت لەسەر نەتەوە، ڕەگەز، نەژاد، ئاین، بیرو باوەڕی سیاسی و پایەی کۆمەڵایەتی... هتد. باشووری کوردستانیش هەموو ئەو پایانەی هەیە کە یاسای نێودەوڵەتی بە مەرجی

داناوه بۆ هەبوون و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئایا گەر کوردان سەربەخۆییان ڕاگەیاند  تا چەند کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی پێدا دەنێت؟

لە باشووری کوردستاندا  هۆشیارییەکی یاسایی و سیاسی قوڵ نیە کە خەونی دەوڵەتی کوردی لە گەوهەر و هەناویدا هەڵگرتبێت و بە دڵسۆزییەوە کاری بۆ بکات. ئینتیما بۆ حیزب زیاترە تاوەکو نەتەوەو نیشتیمان، کەسانی شایستە لە شوێنی شیاوی خۆیاندا دانەنراون و دانانرێن. ناتەبایی و نایەکگرتوویی کورد ئەوەش یەکێکە لەو گرفتانەی کە بەدرێژایی مێژوو هۆکاری شکستی بزوتنەوەکانی بووەو ئەو کیانە سەربەخۆییە کاتییەشی کە لە مێژوودا بە دەستیهێناوە، هەر بەهۆی ناکۆکی و کێشەکانی ناوخۆوە شکستی هێناوە. هەروەها ئەوەمان بەدەستهێنا کە تاکە چارەسەری یاسایی و سیاسی بۆ کورد و ئایندەکەی، دەوڵەتی یاسا و جیابونەوەیە لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کە بێ ویست و خواستی کورد خۆی بەسەریاندا دابەشکراون، و نەک نەیان ویستووە مافە سروشتی و یاساییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیاندا بناسێنن بەڵکو بەردەوامیشن لە شکاندنی کەرامەت و جینۆسایدکردنی.

**پەراوێزەکانی بەشی شەشەم**

١) ئاوارە حسێن، کوردو دەوڵەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠١٠، لاپەڕە (١٠١- ١٠٢).

2) Prof. Pathan, Human rights and international law, without year of publishing, page (35).

3) See article (38) of the International Court of Justice.

4) See article (1) of the Montevideo convention.

5) Dr. H. O. Agarwal, International law and human rights, 17th edition, central law publication, Allahabad, 2010, page (67).

6) James Crawford, The creation of states in international law, second edtion, Clarendon press. Oxford, Page (52).

7) Dr.H. O. Agarwal, former source, page (131).

٨) پ. ی. د. تالیب ڕەشید یادگار، بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، لاپەڕە (٢٠٩).

٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢١٠).

١٠) ئاوارە حسێن، کاریگەرییە یاساییەکانی بە ئەندام بوونی فەلەستین لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، ماڵپەڕی کوردۆساید، ٢٠١٥/٣/٢.

11) Brownlie, Prinsipels of public international law, sixth edition, 2003, page (71).

١٢) بڕوانە ماددەی (١)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

13) See article (51) of the UN organizations charter.

14) See article (6) of the Montevideo Convention.

15) Prof. Pathan, former source, page (35).

16) Dr. S. K. Kapoor, International law and human rights, 15th edition, 2010, published by central law agency Allahabad, page (88).

17) Prof. Pathan, former source, page (36).

18) See article (3) of the Montevideo Convention.
19) Prof. Pathan, former source, page (37).
20) Former source, page (37).
21) See article (7) of the Montevideo Convention.
22) Prof. Pathan, former source, page (37).
23) Dr. S. K. Kapoor, former source, page (93).
24) Former source, page (88).
25) Dr.H. O. Agarwal, former source, page (98).
26) Dr. S. K. Kapoor, former source, page (89).
27) Former source, page (89).
٢٨) م.ئارام مەجید شەمێرانی، پەیوەندی کورد و ئەرمەن و بێتاوانی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٤، لاپەڕە (٥٨- ٥٩).
29) See article (1, 55, 73, and 76) of the UN organization charter.
30) Declaration on the granting of independence to colonial countries and peoples, (1960).
31) See article (1) of the both International Convention on Civil and Politic Rights and the Convention Economic, Social and Cultural rights (1966).
32) Awara Hussein, Genocide and the declaration of an indepenedent country, first edition, Jamal Erfan cultural organization press, 2014, page (99).
33) Awara Hussein, former source, page (99).
٣٤) ئاوارە حسێن، پێکهێنانی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا و چۆنیەتی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان (وتار)، ماڵپەڕی کوردۆساید، ٢٠١٤/١١/٢٦.
٣٥) ئاوارە حسێن، سەرچاوەی پێشوو.
٣٦) پ. ی. د. تالیب ڕەشید یادگار، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٠٨).
37) See article (1) of the UN organization charter.
38) See article (2) of the UN organization charter.

39) See article (8) of the Montevieo Convention.
40) See resolution number (612) of the UN Security Council.
41) See resolution number (688) of the UN Security Council.
٤٢) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٤، لاپەڕە (١١٣).
٤٣) پ. ی. د. تالیب ڕەشید یادگار، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٠٧).
٤٤) بکر حمه صدیق عارف، حلبجه فی مواجهه سموم الموت، التبعه لاول، بیروت- لبنان، السنه ٢٠١٤، صحیفه (٦٠٨).
٤٥) ئاوارە حسێن، تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤، لاپەڕە (٣٣-٣٤).
٤٦) ئاوارە حسێن، پێکهێنانی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا و چۆنیەتی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان (وتار)، ماڵپەڕی کوردۆساید، ٢٠١٤/١١/٢٦.
٤٧) بڕوانە ماددەی (٧)ی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.
٤٨) بڕوانە ماددەی (٢)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.
٤٩) بڕوانە ماددەی (٤)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.
٥٠) بڕوانە ماددەی (١١)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.
٥١) بڕوانە ماددەی (٥)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.
52) See article (125) recognition of laws of sea.
53) See article (132) recognition of laws of sea.
٥٤) پ. ی. د. تالیب ڕەشید یادگار، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢٨).
55) See article (13) of the International Criminal Court.
56) See article (51) of the UN organization charter.
57) See article (1- 2) of the Vienna Convention (laws of treaties).

## ئەنجام

لە کۆتاییـدا ئەوەمـان بەدەسـتهێنا، کە پـاش ئەوەی جینۆسـاید وەک تاوانێـک لە سـاڵی (١٩٤٨)ەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە کـرا بە یاسـا. ئەمـڕۆ جینۆسـاید وەک قـووڵترین تـاوانی نێـودەوڵەتی، لە یاسـای تاوانکـاری و سـزایی نیشـتیمانی و نێودەوڵەتیـدا سـزای قورسـی بـۆ ئەنجامدەرانی داناوە و ئەنجامـدەرانی بەهـیچ شـێوەیەک مـافی وەرگرتنی پەنابەری مرۆیی و سیاسییان نییە و ملکەچن بۆ یاسا و سزا.

هەروەها ئەوەمان بەدەستهێنا کە ئەو تاوانانەی لەدژی نەتەوەی کورد ئەنجامـدراون لە سـەر ئاسـتی کوردسـتانی گەورە، دەچێتە چوارچێـوەی تـاوانی جینۆسـایدەوە. توانیمـان ئەوەش بسـەلمێنین کە جینۆسـایدی نەتەوەی کـورد قـووڵترین جینۆسـایدە کە تائێسـتا مێـژووی جینۆسـاید ناسیبێتی. گەر جینۆسایدی نەتەوەکانی تر بە تەنها جینۆسایدی فیزیکی بوبێـت. ئەوا لە جینۆسـایدی کوردانـدا جـگە لە جینۆسـایدی فیزیکـی، تاوانکارەکـان بە چەنـدین شـێوازی تـر کاریـان لەسـەر تێکشـکاندنی کەرامەت و کەسایەتیی نەتەوەی کـورد کـردووە و دەروون و هەناویـان بریندار کردووە. ناوزەدکردنی جینۆسایدی کورد بە قووڵترین جینۆسـاید لە هەسـت و سـۆزەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە. گەر هەر توێژەرێـک زانستییانە توێژینەوەی لە بارەوە بکات دەگاتە ئەو باوەڕە.

لە جینۆسـایدی دەرسـیمدا جگە لە کوشـتنی ڕاسـتەوخۆ جینۆسـایدی فیزیکی، دەستدرێژی کراوەتە سەر ناموسی ئافرەتـانی کـورد، کە ئەوەش بـۆ خـۆی لە کوشـتنی ڕاسـتەوخۆ ئـازاراویترە و کـاریگەریی بـرینەکە سـاڕێژ نەبـووترە. لە جینۆسـایدی بارزانییەکانـدا جـگە لە جینۆسـایدی فیزیکی نێرینەکان، بۆماوەی دەیان ساڵ پرۆسـەی هاوسـەرگیری لە نـاو

بـــارزانییە ڕزگاربووەکانــدا وەســـتا، ئەویـــش بەهـــۆی نەمـــانی نێــرینە پێگەیشـــتووەکان و تەمەن یاســـاییەکان بـــۆ پێکهێنـــانی پرۆســــەی هاوسەرگیری. لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا جگە لە جینۆسایدی فیزیکی و بەکارهێنانی چەند جۆرە چەکێکی کیمیایی کە تا ئەوکاتە لە سەر هیچ زینــــدەوەرێک تـــــاقینەکرابوونەوە و بەرکەوتــــووانی بە شـــــێوەیەک بریندارکران کە تا ئێستاش بە هۆی سارێژنەبوونی برینەکانیانەوە گیان لەدەســـت دەدەن، ئەوەش ئـــازاری ئەم جینۆســـایدە جیـــا دەکـــاتەوە لە جینۆسایدەکانی تر کە تەنها لە سات و ساڵێکدا نەبووە بەڵکو بەردەوامە، لە پرۆسەکانی ئەنفالدا سەرەڕای جینۆسایدی فیزیکی بەشێک لە کچ و ژنە شــۆخەکان فرۆشـــران بە دەوڵەتـــانی عەرەبـــی، بەوەش ویســـتراوە کەسایەتی و کەرامەتی کورد بشکێنن.

سەرەڕای جینۆسایدی فیزیکیی کورد، بەچەندین شێوازی جیاجیا و مەترسـیدار تاوانەکـانی دژ بە مرۆڤـایەتی و تاوانەکـانی جەنـگ لەدژی کورد ئەنجامدراوە و ئەنجام دەدرێت.

لە کــاتی ئەنجامــدانی جینۆســایدی کــورددا ئەرکــی یاســایی نەتەوە یەکگرتووەکــان بــوو کە هەســتایا بە پێکهێنــانی دادگــایەکی تاوانکــاریی نێــودەوڵەتی بــۆ دادگــاییکردنی تاوانکــارانی جینۆســاید. بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکـــــان بەو ئەرکە هەڵنەســــتاو نەیتــــوانی و نەیویســــــت نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی تەواوی نەتەوەکان بکات بەبێ جیاوازی و بیانپارێزێت.

لەپاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی سەددام و پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانکــاریی عێراقــی تــوانراوە شـــەش کەیســـی جینۆســـایدی کـــورد لە باشووری کوردستان بە جینۆساید بناسرێت، بەڵام تا ئێستا کەیسەکانی

تـر بەبێ دادگـاییکردنی تۆمەتبـاران و قەرەبـووکردنەوەی زیـانلێکەوانی جینۆسـاید مـاونەتەوە. ئەمەو سـەرەڕای ڕادەسـتنەکردنی تۆمەتبـاران بە دادگا بۆ دادگاییکردنیان و پەنادانیان لەلایەن بڕیار بەدەستانی باشووری کوردستانەوە.

دادگـــای تاوانکـــاریی نێـــودەوڵەتی وەک تـــاکە دادگـــای تاوانکـــاریی نێودەوڵەتی، کەیسـەکانی پێش کـارکردنی دادگـا نابینێت. بۆیە نەتەوەی کـورد دەتوانێـت سـود وەرگرێـت لەو دادگـایە بـۆ دادگـاییکردنی ئەو تاوانکـارانەی کە لەدوای سـاڵی (٢٠٠٢)ەوە تـاوانە نێودەوڵەتییەکـان و لە ناویشیاندا جینۆسایدیان لەدژی کورد ئەنجامداوە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا یەکێک لە کارتە بەهێز و گرنگەکان بۆ ڕاگەیانـدنی دەوڵەتـی سـەربەخۆ، بـریتییە لە کـارتی جینۆسـاید و سـود وەرگـرتن لە کەیسی جینۆساید. نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی جینۆسـاید کـراو دەتوانێت بەسود وەرگرتن لە ئەزموونی گـروپە جینۆسـایدکراوەکانی تـر، کەیســی جینۆســایدەکەی لێزانــانە بەکاربهێنێــت بــۆ پێکهێنــانی دەوڵەتــی کوردسـتان، ئەوەش پـاش ئەوەی کە نەتەوەی کـورد لە هەردوو بەشـی باشـوور و خۆرئـاوای کوردسـتاندا ئەو پـایە یاسـاییانەی هەیە کە یاسـای نێـودەوڵەتی بە مەرجـی دانـاوە بـۆ گروپێـک کاتێـک دەوڵەتـی سـەربەخۆ ڕادەگەیەنێت.

ئەوەی لەســـەرمە وەک مرۆڤێـــک، وەک کەســـێکی یاســـایی. بە ئەرکە مرۆیـــی و ئـــاینی و یاســـایی و نەتەوەیـــیەکەی سەرشـــانم هەســـتاوم و بەردەوامـیش دەبـم لە ڕاژەکـردن بە پرسـی جینۆسـایدی نەتەوەکەم و مرۆڤـایەتی لەســـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی و گەیانـدنی قـووڵترین بەرچـاو ڕوونـــی بە نەوەی نەتەوەکەم و هەمـــوو ئەوانەی دەیانەوێـــت ڕاژە بەو

پرسە بکەن و توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامبدەن. باوەڕیشم وایە کە ئەم کتێبە بتوانێت تینوێتیی پێداویستییەکانیان لە بواری جینۆسایددا بشکێنێت. هەر بۆیە گەر توانیبێتم تا ئاستێکی کەمیش بێت زانیاریی یاسایی ئەوانەم بردبێتە سەرەوە کە لە جینۆسایدی کورد بە تایبەتی و جینۆسایدی مرۆڤایەتیدا بە گشتی کار دەکەن و ڕێگایەکی یاساییم لە بەردەم کارەکانیاندا کردبێتەوە و ڕاژەیەکم بە پرسەکە کردبێت. ئەوا بێ پەروا خۆم بەبەختەوەر دەزانم.

## ڕاسپاردن

١/ شەش کەیسی کورد لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و عێراق، قۆناغێکی بە جینۆساید ناسێنراوە. دەبێت قۆناغەکانی تری بە جینۆساید بناسێنرێت و بڕیار بەدەستانی باشووری کوردستان هاوکاریی دادگا بکەن لە ڕادەستکردنەوەی تۆمەتباران بە دادگاو ڕاژەکردنی زیاتری ڕزگاربووان و زیانلێکەوتووان و کەسوکاری جینۆسایدکراوان. هەروەها هەوڵ بدرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کەیسی جینۆسایدی کورد بە جینۆساید بناسرێت.

٢/ دامەزراندنی سەنتەرێک، لەسەر ئاستی کوردستان و خێرا ڕاپەڕاندن و دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوەی جینۆسایدی بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی جینۆسایدی کورد و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان و دانانی کەسانی شارەزا بە ڕاوێژکار لە سەنتەرەکەدا. بەجۆرێک لە توێژینەوەکاندا بە تەنها ئاماژە بە جینۆسایدی فیزیکی نەکرێت و بەقووڵی ئاماژە بە پێشێلکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بکرێت و بەبیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بخرێتەوە کە گەرچی لە کاتی جینۆسایدی کورددا بەهۆی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانیانەوە بێهەڵوێست بوون، ئەوا ئێستا دەتوانن بە ناساندنی جینۆسایدی کورد بە یاسایەک لە پەرلەمانەکانیاندا قەرەبووی ئەو بێهەڵوێستی و شەرمەزارییەی ڕابردوویان بکەنەوە.

٣/ ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، کە لە ساڵی (١٩٤٨)دا دەرچووە، بە تەنها چوار جۆرە گرووپی مرۆڤی پاراستووە. ئەویش بەهۆی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی بەرژەوەندی ویست لە کاتی نووسینەوەی

ڕێککەوتننامەکەو کارنەکردن بە پێشنیار و ڕاسپاردنی یاساناسانی گروپە جینۆساید کراو و چەوسێنراوەکان. پێویستە ئەو ڕێککەوتننامەیە پشتبەست بە ماددەی (١٦) هەمواربکرێت، و بە تەنها ئەو چوار گروپە نەپارێزێت، کە لە ماددەی (٢)دا ئاماژەی بۆ کردووە. بەڵکو فراوان بکرێت و گروپەکانی تریش بپارێزێت، بەجۆرێک هەبوونی مەترسی لە سەر بوونی گروپێک و دیاریکردن و ناساندنی لەلایەن تاوانکارەوە بەمەبەستی لە ناوبردنی بچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

٤/ پێویستە یاسای دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی پشتبەست بە هەردوو ماددەی (١٢١ و ١٢٢)ی دادگاکە هەموار بکرێتەوە. بە شێوازێک دادگا بە تەنها نوێنەرایەتیی ئەو دەوڵەتانە نەکات کە ئەندامن تێیدا، دەبێت دادگا بتوانێت لێکۆڵینەوە لەو کەیسە تاوانکارییانەش بکات گەر هاتوو لە هەر دەوڵەتێک ئەنجام درابێت، بەبێ چاوپۆشین لەوەی کە ئەو دەوڵەتە تاوانەکەی ئەنجامداوە یان تاوانی تێدا ئەنجام دراوە و لە دژی ئەنجام دراوە، ئەندامی دادگایە یاخود نا. هەروەها پێویستە ئەو گروپانەشی کە ڕووبەڕووی جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکان بوونەتەوە بتوانن سکاڵا تۆمار بکەن لە دادگا، بە واتای ئەوەی دادگا بە تەنها دادگای دەوڵەتان نەبێت، بەڵکو دادگای هەرێم و ئەو گروپانەش بێت کە تا هەنووکە دەوڵەت و هەرێمێکیشیان بەدەستەوە نییە.

## سەرجەمی سەرچاوەکان


**قورئانی پیرۆز**

١/ پوختەی تەفسیری قورئان، محمد ملا صالح، چاپی چوارەم.

2/ The Holy Quran, Abdulla Yusuf Ali, printed Jamia Nagar, New Delhi 110025 (India), 2012.

**یەکەم/ کتێب**

**بە زمانی کوردی**

١/ ئاوارە حسێن، تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، (٢٠١٤).

٢/ ئاوارە حسێن، کورد و دەوڵەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی (٢٠١٠).

٣/ تالیب ڕەشید یادگار (پ. ی. د.)، بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.

٤/ تەها بابان (دادوەر)، کۆستی شارێک، چاپخانەی کارۆ، (٢٠٠٤).

٥/ تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینای، (٢٠١٤).

٦/ تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە دۆسیەی فەیلییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینای، (٢٠١٤).

٧/ تەها سلێمان، تێگەیشتن لە ئەنفال وەک جینۆسایدی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، (٢٠١٤).

٨/ جۆناتان س. ڕانداڵ، کوردستان یان کڵۆڵی نەتەوەیەک- دوای ئەو هەمووە زانیارییە لێبوردنی چی؟ وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە د. خەسرەو شاڵی، چاپخانەی بەرهەم، (٢٠٠٣).

٩/ چنار نامیق ئەنفال و جینۆسایدی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، (٢٠١٣).

١٠/ حەسـەن مەحمـود حەمە کەریـم، کـاوە و نەورۆز لە نێـوان ئەفسـانەو ئایندا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی، (١٩٩٨).
١١/ حەسەن مەحمود کەریم، ئاینی کورد، لە تۆفانی حەزرەتی نوحەوە تا سەرەتای ئیسلام، (١٩٩٧).
١٢/ حەسـەن مەحمـود حەمە کەریـم، کوردسـتان لە دەوڵەتـی مـادەوە بـۆ دەوڵەتی مەدینە، (١٩٩٧).
١٣/ حەکیم مەلا ساڵح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجە، (٢٠١١).
١٤/ حەمەی حەمە سەعید، گازبارانی هەڵەبجەو ڕاستی ڕووداوەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، (٢٠١٤).
١٥/ خەبات عەبدوڵڵا، هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (٢٠١٠).
١٦/ داود مـوراد خەتـاری، جینۆسـایدی ئێزدیەکـان (گونـدی کۆجـۆ)، وەرگێڕان و ئامادەکردنی بۆ کوردی تەها سلێمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، (٢٠١٥).
١٧/ دیـوانی نـالی، لێکـۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبـدولکەریمی مـدرس، چاپی شەشەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان- سنە، (١٣٨٧).
١٨/ ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، بەراوردێک لەنێوان جینۆسایدی (دەرسیم، فەیلیەکـان، بارزانیەکـان، ئەنفـال و هەڵەبـجە) لەگەڵ کـوردانی ئێـزدی، چـاپی یەکەم، (٢٠١٥).
١٩/ ڕێبـوار ڕەمەزان عەبـدوڵڵا، جینۆسـایدکردنی بارزانیەکـان لە سـەدەی بیستەمدا بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتننـامە نـاوخۆی و نێودەوڵەتیەکـان، چـاپی یەکەم، (٢٠١١).
٢٠/ ڕێبـوار ڕەمەزان بـارزانی، بـاڕۆڤی لەنـاوبردنی بارزانیەکـان، چـاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، (٢٠١٠).

٢١/ ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان- جینۆسایدی کوردانی ئێزدی، چاپی یەکەم، لە بڵاو کراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، (٢٠١٥).

٢٢/ سالار باسیرە (د)، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چاپخانەی پیرەمێرد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، (٢٠١٤).

٢٣/ سابیر کۆکەی،ناڵەی پێشمەرگەیەک، بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، (٢٠٠١).

٢٤/ شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، (٢٠٠٣).

٢٥/ شێخ دارا شارباژێڕی، نەورۆز: بنەڕەتی، کوردانەدنی، ڕای زانایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڤاری- سلێمانی، (٢٠١٤).

٢٦/ عارف قوربانی، لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر، چاپی یەکەم، (٢٠٠٤).

٢٧/ عارف قوربانی، ئەنفال و سەرگوزشتەی تەیمور، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، (٢٠١٣).

٢٨/ عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (٢٠١٤).

٢٩/ عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (٢٠١٤).

٣٠/ عەبدوڵلا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵلا، چاپی سێیەم، چاپخانەی گەنج، (٢٠١٠).

٣١/ عەبدوڵلا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵلا، چاپی سێیەم، چاپخانەی گەنج، (٢٠١٠).

٣٢/ عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، شارستانی-سەردەمی خوداوەندە دەمامکدار و پادشا داپۆشراوەکان، پەرتوکی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، (٢٠٠٩).
٣٣/ عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، قەیرانی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوین و چارەسەری شارستانێتی دیموکراتی، پەرتوکی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، (٢٠١١).
٣٤/ عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک- پەرتوکی پێنجەم (کێشەی کورد و ڕێگە چارەی نەتەوەی دیموکراتیک)، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.
٣٥/ عەبدولڕەحمان قاسملوو (د)، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، (٢٠٠٦).
٣٦/ عەبدولڕەحمان قاسملوو (د)، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، (١٩٨٨).
٣٧/ عومەر ئیسماعیل مارف، دەوڵەتی ماد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، (٢٠١٠).
٣٨/ کەریم محەمەد صۆفی، یاسای دادگای تاوانکاری باڵای عێراقی، چاپی دووەم پوختکراو، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، (٢٠٠٩).
٣٩/ کەریم یەڵدز، کورد لە سوریا گەلێکی لە بیرکراو، وەرگێڕانی شاهۆ قادر خانزاد، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠٩).
٤٠/ کەیوان ئازاد ئەنوەر، چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، (٢٠٠٦).
٤١/ مارف عومەر گوڵ (د)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپی چوارەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٧).

٤٢/ مایکڵ لیزنبێرگ، ئەنفال لە کوردستانی عێراق، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت ژمارە (١٠)، (٢٠١٣).

٤٣/ محەمەد ڕەئوف، پاکیزەکانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، (٢٠١٤).

٤٤/ محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد (مامۆستا شاهۆ)، بەرپرسیاریتی تاوانکاری لە تاوانی ڕەشەکوژی هەڵەبجە، وەرگێڕانی عەبدولکەریم عوزێری، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (٢٠١٣).

٤٥/ میدڵ ئیست وۆچ، جینۆسساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: سیامەندی موفتی زادە، چاپی یەکەم، سلێمانی، (١٩٩٩).

٤٦/ نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، بیروت- لبنان، الدار العربیە للعلوم- ناشرون، (٢٠١٢).

٤٧/ نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، چاپی دووەم، (١٩٩٩).

٤٨/ هاودەنگ محەمەد فەرەج، ڕومەڵخەزایی هەڵەبجە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، (٢٠١٥).

٤٩/ هەژار عەزیز سورمێ (پارێزەر)، کوردو جینۆسساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٠٦).

٥٠/ هیلال ئیبراهیم، باخی کوشتن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، (٢٠١٠).

٥١/ ویسی صالح حمد امین- عمر علی شریف- عبید خدر فتح للە، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی دوووەم، چاپخانەی ماتیک، تورکیا، (٢٠١٤).

٥٢/ یوسف دزەی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، (٢٠١١).

**به زمانی عەرەبی**


١/ آيمن عبدلعزيز محمد سلامه (د)، المسئوليه الدوليه عن ارتكاب جريمه الاباده الجماعيه، التبعه الاول، (١٤٢٧ هيجرى ٢٠٠٦ ميلادى).

٢/ بكر حمه صديق عارف، حلبجه فى مواجهه سموم الموت، التبعه لاول، بيروت- لبنان، السنه (٢٠١٤).

٣/ حسنين عبيد (د)، الجريمه الدوليه، دار النهضه العربيه، القاهره، (١٩٧٨)م.

٤/ زارى خليل محمود (د)- باسيل يوسف، المحكمه الجنائيه الدوليه الهيمنه القانون القانون الهيمنه، (٢٠٠٣).

٥/ سيروان طه آحمد، الحمايه الدوليه للبيئه من آسلحه الدمار الشامل، حاله عراق نموذجا، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، (٢٠٠٦).

٦/ عبد الواحد الفار (د)، الجرائم الدوليه وسلطه العقاب عليها، طبعه الاول، دار النهضه العربيه، القاهره، (١٩٩٦).

٧/ ڤالا فريد ابراهيم، المسئوليه الدوليه الجنائيه عن جريمه الاباده الجماعيه، الطبعه الاول، (٢٠٠٤) م.

٨/ محمد رشيد حسن، المحكمه الجنائيه العراقيه العليا دراسه فى مبادىء العداله، طبعت فى موسسه حمدى للطباعه وللنشر، السليمانيه، (٢٠١٢).

٩/ محمود نجيب حسنى (الدكتور)، الاختصاص ولاثبات فى قانون الاجراءات الجنائيه، طبعه الاول، دار النهضه لعربيه، القاهره، (١٩٩٢).


**به زمانی ئینگلیزی**


1/ Adam Jones, Genocide a Comprehensive Introduction, First published, published in the Taylor and Francis e- Library, (2006).

2/ Ali Mahmud – Shakhawan Shorsh, The Darsim Massacre, directorate of culture for printing, Erbil, (2013).

3/ Aristotile kallis, Genocide and fascism the elemintations, drive in fascist Europe, first published, by Rutledge, New York, (2009).

4/ Awara Hussein, Genocide and the declaration of an independent Country, first published, Jamal Erfan cultural organization press, (2014).
5/ Brenden William Rensink, M, A, Native American history, comparative Genocide and the Holocaust: historiography debate and critical analysis, university Nebraska, (2006).
6/ Brownlie, Prinsipels of public international law, sixth edition, (2003).
7/ Creighton lawyer, the Genocide of the Iraqi Kurds and Trial of Saddam Hussein, fall 2005.
8/ Human rights watch, Genocide, war crimes and crimes against humanity, printed in the United Stated of America (2006).
9/ H. O. Agarwal (Dr.), International law and human rights, 17th edition, published by central law publication, 107, Darbhanga castle, Allahabad—211002, (2010).
10/ International conference on Genocide against the Kurdish people, Aras press, Erbil, (2008).
11/ James Crawford, The creation of states in international law, second edtion, Clarendon press, Oxford.
12/ Jemal Nebez, The Kurds history and culture, first published in German, The Kurdish community house in Berlin, Berlin-Germany, without year of publishing.
13/ John Cooper, Raphael Lemkin and the struggle for the Genocide convention, first published, Palgrave Macmillan, (2008).
14/ Jose Doria, Hans Peter Gasser and M.sherif, Bassiouni, the legal regime of the international criminal court, (2009).
15/ Kerim yildiz, the Kurds in Iraq – the past present and future, first edition, by Pluto press, (2004).
16/ Liam Anderson and Gareth Stansfield, the future of Iraq: dictatorship, democracy or division? First published, Palgrave Macmillan, (2004).

17/ M.P.Tandon, public international law, 7th edition, printed at copulate service, New Delhi, (2012).
18/ Mark S. Ellis and Richard J. Goldstone, the international criminal court challenges to achieving Justice and accountability in the 21st century printed in USA copyright (2008).
19/ Michael J. Kelly, ghosts of Halabja, first published, printed in the United States of America, (2008).
20/ Micheal N.Dobkowski and Isidor Walliann, the coming age of scarcity, preventing mass death and Genocide in the twenty-first century, first edition, (1999).
21/ Pathan (Prof.), Human rights and international law, without year of publishing.
22/ Raphael Lemkin, Axis rule in occupied Europe, Washington D.C., (1944).
23/ Rhona K.M, Smith, international human rights, 5th edition, oxford university press.
24/ Robert Cryer_Haman friman_Darryl Robinson, Elizabeth Wilmshurst, an introduction to international criminal law and procedure, second edition, Cambridge University Press, (2010).
25/ S. K. Kapoor (Dr.) International law and human rights, 15th edition, published by central law agency- Allahabad, (2010).
26/ Understanding the International Criminal Court, without year and place of publishing.
27/ William A. Schabas, an introduction to the international criminal court, second edition, published in the United States of America by Cambridge University Press, New York, (2004).
28/ William A Schabas, Genocide in international law: the crime of crimes, Cambridge university press, and 1st published, (2000).
29/ William A .Schbas, the UN. International criminal tribunal: the former Yugoslavia, Rwanda and Sierra Leone, first published in print, (2006).

**دووەم/ ڕێککەوتننامە و جارنامە نێودەوڵەتییەکان**

1/ Treaty of Sevres, (1920).
2/ Treaty of Lausanne (1923).
3/ Montevideo convention on the rights and duties of states, (1933).
4/ UN organization charter, (1945).
5/ Universal declaration of human rights, (1948).
6/ Convention on the prevention and punishment of the crime of genocide, (1948).
7/ Fourth Geneva convention relative to the protection of civilian persons in time of war, (1949).
8/ Declaration on the granting of independence to colonial countries and peoples, (1960).
9/ International convention on the elimination of all forms of racial discrimination, (1965).
10/ International convention on civil and political rights, (1966).
11/ international convention on economic, social and cultural rights, (1966).
12/ Vienna convention on the law of treaties, (1969).
13/ Convention on the elimination all forms of discrimination against women, (1979).
14/ Convention on the law of the sea, (1982).
15/ Convention against torture and other cruel, inhuman or degrading treatment or punishment, (1984).
16/ Convention of the rights of the child, (1989).
17/ Convention on the prohibition of the development, production, stockpiling and use of chemical weapons and on their destruction, (1993).

**سێیەم/ یاساکان**

١/ یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
٢/ یاسای شارستانیی عێراقی، ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٥١).
٣/ یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩).
٤/ یاسای شێوازی دادگاییکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١).
٥/ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤).

**چوارەم/ دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان**
1/ Charter of the International criminal court, (1998).
2/ Charter of the International criminal tribunal for the former Yugoslavia, (1993).
3/ Charter of the International criminal court for Rwanda, (1994).

**پێنجەم/ دادگا سەربازییە نێودەوڵەتییەکان**
1/ Charter of the Nuremberg international military tribunal, (1945).
2/ Charter of the International military tribunal for the Far East (Tokyo), (1946).

**شەشەم/ دادگا تاوانکارییە تایبەتەکان**
1/ Charter of the extraordinary chambers in the courts of Cambodia, (1997).
2/ Statute of the special court for Sierra Leone, (2002).
3/ Law of the supreme Iraqi criminal tribunal, (2005).
4/ Statute of the Special tribunal for Lebanon, (2007).

**حەوتەم/ بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان**
1/ UN General Assembly resolution number (96).
2/ UN Security Council resolution number (598).
3/ UN General Assembly resolution number (44/39).
4/ UN Security Council resolution number (612).
5/ UN Security Council resolution number (670).
6/ UN Security Council resolution number (688).
7/ UN General Assembly resolution number (49/60).
8/ UN Security Council resolution number (1593).
9/ UN Security Council resolution number (1970).
10/ UN Security Council resolution number (2107).
11/ UN Security Council resolution number (2170).

**هەشتەم/ دەستوورەکان**
1/ Constitution republic of Syria, (1973).
2/ Constitution Islamic republic of Iran, (1979).
3/ Constitution republic of Turkey, (1982).
4/ Constitution republic of suriname, (1987).
٥/ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ساڵی (٢٠٠٩).

# پاشکۆ یاساییەکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ساڵی (١٩٤٨)

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە (٢١٧) ئەلیف (د- ٣) لە (١٩٤٨/١٢/١٠)دا دەریکردووە و لە (٣٠) ماددە پێکدێت.

بەو هۆیەوە کە بە فەرمی ناسینی شکۆ و کەرامەتی خودیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و، مافی وەک یەکی و نکوڵیلێنەکراوی ئەوان، بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنێ،

بەو هۆیەوە کە وەبەرچاونەگرتن و سووکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوەبووە، کە ویژدانی مرۆڤایەتییان ئازارداوە و، پێکهێنانی جیهانێک کە تێیدا مرۆڤ لە بیروڕا دەربڕیندا سەربەست و، لە ترس و هەژاری بە دوور بن، وەک بەرزترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە، کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتداریێتیی یاساوە پشتیوانییان لێبکرێ، تا مرۆڤ ناچارنەبێ لەدژی ستەم و بێدادی وەک دواچارە پەنا بباتە بەر یاخیبوون.

بەو هۆیەوە کە پەرەگرتنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێت پشتگیری بکرێت،

کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوای خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئابڕو و کەرامەت و بایەخی تاکەکانی مرۆڤ و، بەرابەریی مافەکانی ژنان و پیاوان، لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندووەو، بڕیاریانداوە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدەن و، لەبەر ڕووناکایی ئازادیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێکبێنن. دەوڵەتانی ئەندام بەڵێنیان بەخۆیان داوە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ ڕێزگرتنی هەمەلایەنە

چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بکەن، کە تێگەیشتنی هاوبەش لەبارەی ئەو ماف و ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوەبچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

کۆمەڵەی گشتی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشی هەموو مرۆڤ و گەلان ڕادەگەیەنێ، تا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و دەزگاکانی کۆمەڵگە، هەمیشە ئەم جاڕنامەیەیان لە بەرچاو بێ و هەوڵ بدەن بەهۆی فێرکردن و ڕاهێنانەوە، ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە پەرە پێبدەن‌و، بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی رۆژ بە رۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بە فەرمی ناسران و باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە ناو خەڵکی دەوڵەتانی ئەندام و چ لە ناو خەڵکی ئەو سەرزەوییانەدا کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندان، دابین بکەن.

ماددەی (١):

هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری شکۆ و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەکدا یەکسانن.

ماددەی (٢):

١/ هەموو کەسێک دەتوانێ بێهیچ جیاوازییەک بەتایبەتی لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، ئاین، بیرو ڕای سیاسی یان بیرو ڕایەکی دیکەوە، هەروەها بەبێ لەبەر چاوگرتنی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، سامان، لەدایک بوون، یان هەر بارودۆخێکی ترەوە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لەم جاڕنامەیەدا هاتوون. هەروەها نابێت هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر بنەمای پایەی سیاسی، دادگایی یان نێودەوڵەتی و دەوڵەتێک یان سەرزەوییەک کە مرۆڤێک پێیەوە بەستراوەتەوە، ڕەچاوبکرێ، چ ئەو دەوڵەتە یان سەرزەوییە سەربەخۆ بێت، یان لەسایە و لەژێر چاودێریی دەوڵەتێکی تردا بێت یان

خۆبەڕێـــوەبەر نەبێـــت، یـــان ســـەرزەوییەکەی بەجۆرێـــک بەرتەســـک کرابێتەوە.

ماددەی (٣):

هەموو مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی کەسیی خۆی هەیە.

ماددەی (٤):

هیچ کەسێک نابێت بکرێتە کۆیلە یان بندەست و کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بە هەموو شێوەیەک ڕێلێدەگیرێت.

ماددەی (٥):

هیچ کەسێک نابێت ئەشکەنجە بدرێت یان بکەوێتەبەر ڕەفتار و سزای زۆردارانەو دژی مرۆیی و سوکایەتی پێبکرێت.

ماددەی (٦):

هەر مرۆڤێـک مـافی ئەوەی هەیە کەسـایەتییە یاسـاییەکەی لە هەمـوو شوێنێک بە فەرمی دانیپێدابنرێت.

ماددەی (٧):

هەمـووان لەبەرامـبەر یاسـادا یەکسـانن و مـافی ئەوەیـان هەیە بێهـیچ جیـاوازی دانانێـک لەلایەن یاســاوە پشــتیان بگیرێــت. هەمــووان مــافی ئەوەیــان هەیە لەبەرامــبەر هەر جیــاوازی دانانێکــدا کە نــاوەڕۆکی ئەم جارِنــامەیە پێشــێل بکــات و لە دژایەتــی لەگەڵ هەر هاندانێکــدا کە بە مەبەسـتی ئەو جیاوازیـدانانە بەڕێـوە بچێـت، وەک یەک لەلایەن یاسـاوە پشتیوانییان لێبکرێت.

ماددەی (٨):

لەبەرامبەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەڕەتییەکانی مـرۆڤ پێشـێلدەکەن و ئەو مافــانە بەهــۆی دەســتوور یــان هەر یاســایەکی تــرەوە دانیــان پێــدانراوە، هەر کەســێک مــافی پەنــا بــردن بــۆ دادگــا نیشــتیمانییە بڕواپێکراوەکان و داواکردنی پێڕاگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە.

ماددەی (٩):

نابێت هیچ کەسێک لە خۆوە بگیرێت، زیندانی بکرێت یان دوور بخرێتەوە.

ماددەی (١٠):

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بەو پەڕی یەکسانی لەگەڵ کەسانی تردا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن، دادپەروەر و ئاشکرادا بە کێشە و سکاڵاکەی بگەن و دادگایەکی ئەوتۆ دەبێت لەبارەی مافەکان و پێویستییەکانی ئەو یان هەر تاوانێک کە پێی تاوانبار کراوە بڕیاربدات.

ماددەی (١١):

١/ هەمووکەسێک بێتاوانە سەبارەت بەو تاوانەی پێی تۆمەتبار کراوە ، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرییەکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆکردنی بۆ دابین کرابێت، تاوانباربوونی ئەو بەشێوەیەکی یاسایی دەرنەکەوتووە، بەبێ تاوان دەژمێردرێت.

٢/ هیچ کەسێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی کارێک یان ئەنجامنەدانی کارێک کە لەکاتی ئەنجامدانیدا بەگوێرەی یاسا نیشتیمانی یان نێودەوڵەتییەکان بە تاوان نەناسراوە، تاوانبارناکرێت، هەروەها هیچ کەسێک نابێت بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوە، تاوانباربکرێت.

ماددەی (١٢):

هەر جۆرە خۆتێهەڵقورتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، کاروباری خێزانی، ماڵ و شوێنی مانەوە، نامە نوسینی هیچ کەسێک، هەروەها هەر کار و کردەوەیەک کە زیان بە شەرەف، ناموس، ئابڕوو و ناوبانگی کەسێک بگەیەنێت، مەحکومە. لەبەرانبەر ئەم جۆرە خۆتێهەڵقورتاندن و هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە لەلایەن یاساوە پشتی بگیرێ.

ماددەی (١٣):

١/ هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لەناو دەوڵەتێکدا هاتوچۆ بکات و بەویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێرێت.

٢/ هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە هەر دەوڵەتێک بە دەوڵەتەکەی خۆشیەوە بەجێبهێڵێت یان بگەڕێتەوە دەوڵەتی خۆی.

ماددەی (١٤):

١/ لەبەرامبەر ستەم و چەوساندنەوەدا، هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕێت و پەنا بباتە بەر دەوڵەتێکی تر.

٢/ کەسێک سەبارەت بە تاوانی گشتی و نا سیاسی و بەهۆی کردەوەی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ئامانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕاوەدوونان، ناتوانێت لەم مافەی سود وەربگرێت.

ماددەی (١٥):

١/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە ڕەگەزنامەی پێبدرێت.

٢/ هیچ کەسێک نابێت لە خۆوە لە مافی ڕەگەزنامە یان گۆڕینی بێبەش بکرێت.

ماددەی (١٦):

١/ هەر ژن و پیاوێک کە گەیشتنە تەمەنی یاسایی، مافی ئەوەیان هەیە بێ وە بەرچاوگرتنی هیچ سنوورێک لە باری ڕەگەز، نەتەوایەتی، یان ئایینییەوە ببنە ژن و مێرد و ژیانی هاوبەش پێکبێنن. لە تەواوی ماوەی ژن و مێردایەتی و هەروەها لەکاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژن و پیاو لە کاروباری پەیوەندیدار بە ژیانی هاوبەش، مافی وەک یەکیان هەیە.

٢/ هیچ ژیانێکی هاوسەری بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەو بە تەواویی ژن و پیاو پێکناهێنرێ.

٣/ خێزان کۆڵەکەی سروشتیی بنەڕەتیی کۆمەڵگایە و دەبێت لەلایەن کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە پشتیوانی لێبکرێت.

ماددەی (١٧):

١/ هەمـــوو کەســـێک چ بەتەنیـــا یـــان بەشـــێوەی بەکـــۆمەڵ مـــافی خاوەندارێتیی هەیە.

٢/ هیچ کەسێک نابێت لە خۆوە لە مافی خاوەندارێتی بێبەش بکرێت.

ماددەی (١٨):

هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئاینی هەیە. ئەم مـافە پێویسـتی بە ئـازادیی گـۆڕینی ئـاین یـان بیـر و بـاوەڕ، هەروەهـا ئاشـــکراکردنی بیـــروڕا لە چوارچێـــوەی فێرکردنـــی ئـــاینی، بەجێهێنـــانی ڕێوشوێنەکان و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا چ بەشێوەی تـاکی یان بە کۆمەڵ، چ بەشێوەی تایبەتی یان گشتیی هەیە.

ماددەی (١٩):

هەمـوو کەسـێک مـافی ئـازادیی بیـروڕا دەربڕینـی هەیە و ئەو مـافەش پێویسـتی بەوە هەیە کە هـیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسـێ و نیگەران نەبێت، لە بەدیهێنـان و وەرگـرتن و بڵاوکـردنەوەی زانیـاری و بیرو بۆچـووندا، ئـازادانە و بێ وەبەرچـاوگرتنی سـنوورەکان، دەسـتی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە بگات.

ماددەی (٢٠):

١/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆڕ و کۆبونەوە و کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێت.

٢/ هیچ کەسێک نابێت بە زۆر لە هیچ کۆبونەوەیەکدا بەشدار بکرێت.

ماددەی (٢١):

١/ هەمــوو کەســێک مــافی ئەوەی هەیە ڕاســتەوخۆ یــان لە ڕێگــای نوێنەرانێــک کە ئــازادانە هەڵیانــدەبژێرێت، لە بەڕێــوەبردنی کاروبــاری گشتیی دەوڵەتی خۆیدا بەشدار بێت.

٢/ هەمــوو کەســێک مــافی ئەوەی هەیە لە هەلــومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ کەسانی تردا، پیشە گشتییەکانی دەوڵەتی خۆی بەدەستبهێنێت.

٣/ خواســت و ویســت و بڕیــاری خەڵــک، بنــاغەی دەســەڵاتی دەوڵەتە. ئەو بڕیــارە دەبێــت لە هەڵبژاردنــی بــێ فێڵــدا کە بەشــێوەیەکی خــولی بەڕێوەدەچن، خۆی دەربخـا. هەڵبـژرادن دەبێت گشـتی و یەکسـانیی تێدا ڕەچاوبکرێت، بەدەنگدانی نهێنی یان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکات.

ماددەی (٢٢):

هەمـوو کەسـێک وەک ئەنـدامێکی کـۆمەڵ، مـافی بـیمەی کـۆمەڵایەتیی هەیەو بـــۆی هەیە بەهـــۆی یـــارمەتی و هاوکـــارییە نـــاوخۆیی و نێودەوڵەتییەکـان، ئەو مـافە ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و کەلتوورییـانەی بـۆ پاراسـتنی ئـابڕوو کەرامەت و گەشـەکردنی ئـازادیی کەسـیەتیی خـۆی، پێویســـتی بە ســـەرنجدان بە ڕێکخـــراوەو ســـەرچاوەکانی دەوڵەت، بەدەستیان بێنێ.

ماددەی (٢٣):

١/ هەموو کەسیک مافی ئەوەی هەیە کاربکات، کـاری خـۆی بەئـازادی هەڵبژێــرێ، هەلــومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگــای ڕەزامەنــدی بــۆ کارتێداکردن داوابکات و لە بەرامبەر بێکاریدا پشتیوانی لێبکرێ.

٢/ هەمووان مـافی ئەوەیـان هەیە بێ جیاوازیدانان لە بەرامبەر کـاری وەک یەکدا، هەقدەستی وەک یەک وەربگرن.

٣/ هەمــوو کەســێک مــافی ئەوەی هەیە بــۆ داکــۆکی لە قــازانج و بەرژەوەنــدییەکانی خــۆی لەگەڵ کەســانی تــردا ســەندیکا و یەکێتــی پێکبهێنێ، یان بچێتە ناویانەوە.

ماددەی (٢٤):

هەموو کەسێک مافی پشوودان و سود وەرگرتنی لەکاتی بەتاڵ هەیە و بەتایبەتی مافی دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کار و پشووی خولیی بە پێدانەوە هەیە.

ماددەی (٢٥):

١/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئاسوودەیی خۆی و بنەماڵەکەی بە تایبەتی لەباری خواردن، جلوبەرگ، خانوبەرە، چاودێرییە پزیشکییەکان و خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستییەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبێت. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەکاتی بێکاری، نەخۆشی، کەمئەندامی، بێوەژنی یان بێوەمێردی، پیری و لە تەواوی ئەم بارانەدا کە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسەو ئامرازەکانی ژیان و بەڕێوەچوونی لە دەست دەرچوون، لەباری کۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بکرێت.

٢/ دایکان و منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتی و چاودێریی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ. هەموو منداڵێک چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی یاسایی بن، چ ئەوانەی بە نایاسایی هاتوونەتە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەکیەک لە باری کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانییان لێبکرێت.

ماددەی (٢٦):

١/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندنو پەروەردە بکرێ. پەروەردەو فێرکردن لانی کەم خوێندنی سەرەتایی و بنەڕەتی، دەبێ بە خۆڕایی بێت. خوێندنی سەرەتایی بەزۆرە. فێرکردنی هونەریی و پیشەیی دەبێ بکرێتە گشتی و، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی باڵا دەبێ بە یەکسانیی تەواوەوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایەو توانای خۆیان کەڵکی لێوەربگرن.

٢/ ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبێ پێگەیاندنی هەموو لایەنی کەسایەتیی مرۆڤ و برەودان بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و

ئازادییە بنەڕەتییەکان بێت. پەروەردەو فێرکردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی باشترو، وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت چین و گروپە ڕەگەزی یان ئایینییەکاندا بێ و، هەروەها یارمەتیی پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا.
٣/ دایک و باوک لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدەو فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن.

ماددەی (٢٧):
١/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی کەلتووریی کۆمەڵدا بەشداری بکاو نەخشی هەبێ و، چێژ لە هونەر وەربگرێ و بەشداری لە پێشکەوتنی زانستیدا بکات و سوود لە دەستکەوتەکانی وەربگرێ.
٢/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پشتیوانیی قازانجە ماددی و مەعنەوییەکانی بەرهەمە زانستی، وێژەیی و هونەرییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ.

ماددەی (٢٨):
هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیدا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بێ کە ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا بە تەواوی دابین بکاو، بەڕێوەیان ببا.

ماددەی (٢٩):

١/ هەر تاکێک تەنیا لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکدا کە گەشەکردنی ئازادانەو هەموو لایەنەی ئەوی مسۆگەر کردووە، ئەرکی دەکەونە سەر شان.

٢/ هەر کەسێک لە بەکارهێنانی مافەکان و سود وەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆیدا، تەنیا لە بەرانبەر ئەو لەمپەڕە یاساییانەدا ملکەچە کە بەمەبەستی بە فەرمی ناسین و ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکەو، بە نیازی لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە ڕەوشتییە دادپەروەرەکان بە نیازی فەرمانی گشتی و بەرژەوەندی هەموان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا، پەسندکراون.

٣/ ئەم ماف و ئازادییانە نابێت بەهیچ شێوەیەک دژبێت لەگەڵ ئامانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ماددەی (٣٠):

هیچ یەک لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم جاڕنامەیە نابێت بە جۆرێک مانابکرێنەوە کە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێک، کۆمەڵەیەک یان کەسێک کە بەپێی ئەو، بۆ لە نێوبردنی ماف و ئازادییە گونجاوەکان لەم جاڕنامەیەدا تێبکۆشن.

**پاشکۆی ژماره (٢)**

ڕێککەوتننـــامەی قەدەغەکردنـــی جینۆســـاید و ســـزا خســـتنە ســـەر تاوانکارانی، ساڵی (١٩٤٨).

کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری (٢٦٠) ئەلیـــف (د- ٣) لە (١٩٤٨/١٢/٩) ئەم ڕێککەوتننـــامەیەی دەرکـــرد و لە (١٩٥١/١/١٢)ەوە ڕۆشـتووەتە بـواری جێبەجێکـردنەوەو، لە (١٩) مـاددە پێکدێت.

ماددەی (١):

لایەنە ڕێککەوتووەکـــان ئەوە پەســـەند دەکەن کە جینۆســـاید ئەگەر لەکاتی ئاشتیدا یان لەکاتی جەنگدا ئەنجام درابێت، تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و پەیمانی قەدەغەکردنی و سزادان لەسەر ئەنجامدەرانی دەدەن.

ماددەی (٢):

جینۆســاید هەریەکـێکە لەم کـردەوانەی خـوارەوە بە مەبەسـتی لە نـاوبردنی هەمـوو یـان بەشـێکی گروپێکـی نەتەوەیی، یـان ڕەگەزی، یـان نەژادی یان ئاینی.

ئەو کردەوانەش:

١/ کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە؛

٢/ زیانپێگەیاندنی جەستەیی یان هزری بە ئەندامانی ئەو گروپە؛

٣/ دانـانی ئەو گـروپە لە بـاردۆخێکی سـەختدا بە نیـازی لەنـاوبردنی هەموو یان بەشێکیان؛

٤/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لەناو ئەندامانی ئەو گروپەدا؛

٥/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

ماددەی (٣):

ئەم کردەوانەی خوارەوەش سزایان لەسەرە:
١/ جینۆساید؛
٢/ پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؛
٣/ هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؛
٤/ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؛
٥/ بەشداریکردن لە جینۆساید.

ماددەی (٤):

ئەنجامدەرانی جینۆساید یان کردارێکی تر کە لە ماددەی (٣) دا هاتووە سزادەدرێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە فەرمانڕەوایی دەستووری بێت، یان کارمەندی گشتی بێت، یان تاکە کەسێک بێت.

ماددەی (٥):

لایەنە ڕێککەوتووەکان هەر یەکێک و بەپێی دەستووری خۆی پەیمان دەدەن کە چەند ڕێگایەکی یاسایی پێویست بگرنە بەر بۆ پەیڕەوکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەتایبەتییش چەند سزایەکی تاوانی بەسوود و لەبار کە بەسەر ئەنجامدەرانی جینۆساید یان هەریەکێک لەو کردارانەی تر کە لەمادەی (٣) هاتوون، بسەپێنرێن.

ماددەی (٦):

دادگاییکردنی کەسانی تۆمەتبارکراو بە ئەنجامدانی جینۆسایدو هەرکردارێکی تری باسکراو لە ماددەی (٣)ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا. لە بەردەم دادگایەکی پسپۆڕ لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتانەی کەکردارەکەی لەخاکەکەیدا ڕویداوە، یاخود لەبەردەم دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە تایبەتمەندیی هەبێت بەرامبەر هەرلایەنێک کە پەیوەندیدار بێت و دانی بە تایبەتمەندیی دادگاکەدا نابێت.

ماددەی (٧):

جینۆسـاید و کردارەکـانی تـری باسـکراو لە مـاددەی (٣)دا، بە تـاوانی سیاسـی ئەژمارنـاکرێن لەکـاتی ڕادەسـتکردنەوەی تۆمەتبارەکانـدا. لایەنە ڕێککەوتووەکانیش پەیمان دەدەن کە بەپێی یاسـاکانیان و پەیماننـامە کـار پێکراوەکان داوای تەسلیمکردنەوەکە جێبەجێبکەن.

ماددەی (٨):

هەریەکێــک لە لایەنە ڕێککەوتووەکــان بــۆی هەیە کە داوا لە دام و دەزگـا پسـپۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکـان بکـات کە بەپێـی دەسـتووری نەتەوە یەکگرتووەکـان، کـاری گونجـاو بـکەن و ڕێگـا چـارە بگـرنەبەر تـاوەکو ڕێگـری بـکەن لە کردارەکـانی جینۆسـاید و کردارەکـانی تـری باسکراو لە ماددەی (٣).

ماددەی (٩):

ئەو ناکۆکییـانەی کە لەنێوان لایەنە ڕێککەوتووەکانـدا دروسـت دەبێت سـەبارەت بە شـرۆڤە کـردن و جێبەجێکردنـی ئەم ڕێککەوتننـامەیە، بەو ناکۆکییانەشەوە کە بەندن بە بەرپرسیارێتیی دەوڵەتێک لە جینۆساید یان یەکێک لەو کردارانەی تری باسکراو لە ماددەی (٣)، لەسەر داوای یەکێک لەلایەنە ناکۆکەکان دەخرێتە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی.

ماددەی (١٠):

ئەم ڕێککەوتننــامەیە لە بەڵــگەو هێــزدا دەقە ئیســپانی و ئینگلیــزی و ڕووسـی و چینـی و فەڕەنسـییەکەی وەک یەکن، بەرواری (١٩٤٨/١٢/٩)، بەخۆیەوە هەڵدەگرێت.

ماددەی (١١):

ئەم ڕێککەوتننــامەیە تــاوەکو (١٩٤٩/١٢/٣١) لەبەردەســتدا دەبێــت، لەلایەن هەردەوڵەتێـک لەدەوڵەتـانی ئەنـدام لە نەتەوە یەکگرتووەکـان و هەر دەوڵەتێکــیش کە ئەنــدام نەبێــت و کــۆمەڵەی گشــتی بانگهێشــتی واژۆکردنـی کردبێت. ئەم ڕێککەوتنـامەیەش پێویسـتە پەسـەند بکرێت و

دەقە بڕوا پێدراوەکانیش بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت. لەدوای یەکەمین ڕۆژی مانگی (١)ی ساڵی (١٩٥٠) وە، دەکرێت هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر دەوڵەتێکی تر کە ئەندام نەبێت بچێتە ناو ئەم ڕێککەوتننامەیەوە و دەقەکانی چوونە ڕیزیش بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێرێت.

ماددەی (١٢):

هەر لایەنێکی ڕێکەوتوو لەهەر کاتێکدا بۆی هەیە لە هەموو ئەو هەرێمانەدا کە دەوڵەتی پەیوەست بەرپرسیارێتی سیاسەتی دەرەوەی دەکات، یاخود هەرکام لەو هەرێمانە بگرێتەوە، ئەوەش بەهۆی پێراگەیاندنێک کە ڕوبەڕوی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکاتەوە.

مادەی (١٣):

لەو ڕۆژەوە کە تێیدا بیست ئەندامی یەکەم دەچنە ناوەوە یان بڕوای پێدەدەن، سکرتێری گشتی ڕاپۆرتێک ئامادە دەکات و وێنەی بۆ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لەماددەی (١١)دا ئاماژەیان پێدراوە دەنێرێت. جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەش پاش تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ بەسەر بەرواری پەسەند کردن یان بە ئەندام بوون دەستپێدەکات، هەموو پەسەندکردنێک یان بە ئەندامبوونێک دەکەوێتە قۆناغی کارپێکردنەوە لە ڕۆژی نەوەدەمینی پاش پەسەندکردن یان بە ئەندامبوون.

ماددەی (١٤):

ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ لە کاردا دەبێت لە ڕۆژی دەستپێکی کارکردنیەوە. دوا بەدوای ئەوەش، بۆ ماوەیەکی یەک لەدوای یەک، هەر ماوەو پێج ساڵ درێژ دەکرێتەوە، بە کارپێکراوی دەمێنێتەوە

بەگوێرەی ئەو لایەنە ڕێککەوتووانەی کە پێش تەواوبوونی ماوەکە بە شەش مانگ بەلانی کەمەوە لێی نەکشاونەتەوە، کشانەوە بە ئاگادارکردنەوەی نوسراوە و دەدرێت بە سکرتێری گشتی.

ماددەی (١٥):

ئەگەر هاتوو لە پاساوی کشانەوەدا ژمارەی لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە کەمبویەوە بۆ (١٦) شانزە لایەن، ئیتر کارکردن بەم ڕێککەوتننامەیە کۆتایی دێت لەدوای کشانەوەی دوا ئەندامەوە.

ماددەی (١٦):

هەموو لایەنێکی ڕێککەوتوو بۆی هەیە لە هەرکاتێکدا داوای پێداچوونەوە و بژاردەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە نووسراو پێشکەش بە سکرتێری گشتی بکات. لێرەدا کۆمەڵەی گشتی دەست بە هەنگاونان دەکات بۆ کاری پێویست.

ماددەی (١٧):

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتانی نائەندامی کە لە ماددەی (١١)دا ئاماژەیان بۆ کراوە و ئەمانەی خوارەوەیان پێڕادەگەیەنێت:

١/ واژۆکردن، پەسەندکردن و چوونە ڕیزی ئەندام کە بەپێی ماددەی (١١) وەرگیراون.

٢/ ئاگادارکردنەوە بەپێی ماددەی (١٢).

٣/ بەرواری دەستپێکردن بە کارکردن بە ڕێککەوتننامەکە بەپێی ماددەی (١٣).

٤/ کشانەوە پێشکەشکراوەکان بەپێی ماددەی (١٤).

٥/ سڕینەوە یان هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەکە بەپێی ماددەی (١٥).

٦/ ئاگادارکردنەوە پێشکەشکراوەکان بەپێی ماددەی (١٦).

ماددەی (١٨):

دەقـــی بنچینەیـــی ئەم ڕێککەوتننـــامەیە لە پارێزراوەکـــانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەپارێزرێن. وێنەیەکی باوەڕپێکراو لەو ڕێککەوتننامەیە بـۆ هەریەکێـک لە دەوڵەتـانی ئەنـدام و دەوڵەتـانی نائەنـدام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ماددەی (١١)دا ئاماژەیان بۆ کراوە، دەنێردرێت.

ماددەی (١٩):

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەو ڕۆژەی کە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**پاشکۆی ژماره (٣)**

ڕێککەوتننامەی بەسەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی ساڵی (١٩٦٨).

ئەم ڕێککەوتننامەیە بە بڕیاری ژمارە (٢٣٩١) (د- ٢٣)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٦٨/١١/٢٦) دەرچووە و لە (١٩٧٠/١١/١١)وە ڕۆشتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، و لە (١١) مادده پێکدێت.

پێشەکی

دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا کە ئاماژە بە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن (٣) (د١) کە لە (١٩٤٦/٢/١٣)دا دەرچووە و (١٧٠) (د٢) کە لە (٣١/ ١٩٤٧/١٠)دا سەبارەت بە تەسلیمکردنەوە و سزادانی تاوانکارانی جەنگ دەرچووە و بۆ بڕیاری (٩٥) (د١) کە لە (١٩٤٦/١٢/١١)دا دەرچووە، کە جەخت دەکاتەوە لە سەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتیی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ و لە بڕیاری دادگاکەدا دانیپێدانراوە و بۆ هەردوو بڕیاری (٢١٨٤) (د- ٢١) کە لە (١٩٦٦/١٢/١٢)دا دەرچووە و بڕیاری (٢٢٠٢) (د- ٢١) کە لە (١٩٦٦/١٢/١٦)دا دەرچووە و بە ڕاشکاوی دەقنوسی ڕیسواکردنی پێشێلکردنی مافە ئابووری و سیاسییەکانی دانیشتوانی ڕەسەنی دەوڵەتانی کردووە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ڕیسواکردووە، بەوەی کە دوو تاوانی دژ بەمرۆڤایەتین. کە ئاماژەیش دەکەن بە هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان (١٠٧٤) (د- ٣٩) کە لە (١٩٦٥/٧/٢٨)دا دەرچووە و (١١٥٨) (د- ٤١) کە لە (١٩٦٦/٨/٥)دا

دەرچووە، سەبارەت بە سزادانی تاوانکارانی جەنگ و ئەو کەسانەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییان ئەنجامداوە.

کە تێبینیش دەکەن هەموو جارنامە فەرمییەکان و بڕوانامە و ڕێککەوتننامەکان پەیوەندیدارن بە ڕاوەدوونان و سزادانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی لە هەر دەقێک لەسەر ماوەی بەسەر نەچوون خاڵین.

کە دەشبینێت تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی مەترسیدارترین تاوانەکانن لە یاسای نێودەوڵەتیدا. بە بڕواهێنانیشیان بەوەی کە سزادانی کاریگەرانەی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کارێکی گرنگە لە دوورکەوتنەوە لە ڕوونەدانی ئەو تاوانانە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و هاندانی بڕوایی و چەسپاندنی هەرەوەزگەلی لە نێوان گەلەکاندا و پاڵپشتکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

کە تێبینیش دەکەن هێنانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بۆ ژێر ڕکێفی بنەماکانی یاسای ناوخۆیی کە پەیوەستن بە بەسەرچوونی تاوانە ئاساییەکان، نیگەرانییەکی توند لەلایەن بۆچوونی گشتیی جیهانییەوە دەوروژێنێ لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی نەشیان، بۆ ڕاوەدوونان و سزادانی بەرپرسان لەو تاوانە.

کەهەستیش دەکەن بەپێویستی و لەباریی ڕابوون بە جەختکردنەوەی بنەمای بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و بەهۆی ئەم ڕێککەوتننامەیە و بە گەرەنتیکردنێکی گشتگیری جیهانی.

لەسەر ئەم مادانە ڕێککەوتن:

ماددەی (١):

به چاوپۆشـین لەکـاتی ئەنجامـدانیان هـیچ بەسـەرچونێک بەسـەر ئەو تاوانانەی خوارەوەدا پەیڕەوناکرێت:

١/ تاوانەکانی جەنگ، ئەوانەن کە پێناسەکراون لە دەستووری دادگای نێودەوڵەتی سـەربازیی نۆرمبێرگ، کە لە (١٩٤٥/٨/٨)دا دەرچووە، کە لە هەردوو بڕیـاری کـۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان ٣ (١) کە لە (١٩٤٦/٢/١٣) دەرچـــووە و بڕیـــاری ٩٥ (١) کە لە (١٩٤٦/١٢/١١)دا دەرچووە، جەخت کراوەتەوە لەسەری. بە تایبەتی پێشێلکاریی گەورە کە ئامـاژەی بـۆ کـراوە لە ڕێککەوتننامەکـانی ژنێڤـی (١٩٤٩/٨/١٢)دا بـۆ پاراستنی قوربانیانی جەنگ.

٢/ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەوانەن کە ئەگەر هاتوو ئەنجامدرابن لەکـاتی جەنـگ یـان ئاشـتیداو، وە پێناسـەکراون لە دەسـتووری دادگـای نێـودەوڵەتی سـەربازی نـۆرمبێرگ، کە لە (١٩٤٥/٨/٨)دا دەرچـووە، کە لە هەردوو بڕیـاری کـۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان ٣ (د- ١) کە لە (١٩٤٦/٢/١٣) دەرچـــووە و بڕیـــاری ٩٥ (١) کە لە (١٩٤٦/١٢/١١)دا دەرچـــووە، جەخـــت کـــراوەتەوە، دەرپەڕانـــدن بەهـــۆی دەســـتدرێژیی چەکـدارانە، یـان داگیرکـردن و کـردەوەی نامرۆییـانە کەلە ئەنجـامی سیاســـەتی ڕەگەز پەرســـتی و تـــاوانی جینۆســـاید کە پێناســـەکەی لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨)دا هاتووە، ئەگەر چییش ئەو کارە ناوبراوانە لاسەنگییەکی لە یاسای نـاوخۆی ئەو دەوڵەتەی کە تـاوانەکەی لێئەنجامـدراوە دروسـت نەکردبێت).

ماددەی (٢):

ئەگەر هەر تاوانێک لەو تاوانـانەی کە لە مـاددەی یەکەمـدا ئاماژەیـان بۆ کراوە، ئەنجامدرا، ئەوا بڕیارەکانی ئەم ڕێککەوتنـامەیە جێبەجێدەبێت

بەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئەو تاکە کەسانەی کە بە سیفەتی کارکردەی سەرەکی یان هاوبەش دەبن بە بەشداریکردن لە ئەنجامدانی هەر تاوانێک لەو تاوانە یان بە هاندانی ڕاستەوخۆی کەسانی دیکە لەسەر ئەنجامدانی یاخود ئەوانەی پیلان دەگێڕن بۆ ئەنجامدانی، بە چاوپۆشین لە پلەی جێبەجێکردن و لەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان نەرمی دەنوێنن.

ماددەی (٣):

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەڵێن دەدەن کە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی ناوخۆیی یاسایی وغەیرە یاسایی دەگرنە بەر بۆ تەسلیم کردنەوەی کەسانی ئاماژە بۆکراو کە لە ماددەی دووی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی.

ماددەی (٤):

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەر یەکێک و بەپێی چەند ڕێوشوێنێکی دەستووری پەیمان دەدەن بەکردنەوەی چەند تەگبیرێکی یاسایی یان جیا لە یاسایی کە پێویست بێت بۆ گەرەنتیکردنی پیادەنەبوونی بەسەرچوون یان هەر تاوانێکی تر بەسەر تاوانەکانی ئاماژەبۆکراو لە هەردوو ماددەی (١ و ٢)ی ئەم ڕێککەوتننامەیە چ لەڕووی ڕاوەدونانەوە یان لەڕووی سزادانەوە و بۆ گەرەنتیکردنی پوچەڵکرنەوەی، ئەگەر هەبوو.

ماددەی (٥):

ئەم ڕێککەوتننامەیە هەتا (١٩٦٩/١٢/٣١)، کراوەیە بۆ واژووکردنی هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان بۆ ئەندامانی هەر دەزگایەک لە دەزگا پسپۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان بۆ دەزگای نێودەوڵەتی و وزەی ئەتۆمی و هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی و هەر

دەوڵەتێکی تر کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی کردبێت کە ببێتە لایەنێک لەم ڕێککەوتننامەیەدا.

ماددەی (٦):

ئەم ڕێککەوتننامەیە بڕوایی پێدەدرێت و دەقەکانی بڕوایی پێدان بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان دەسپێردرێت.

ماددەی (٧):

ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هاتنەڕیزی هەردەوڵەتێک لەو دەوڵەتانەی کە لەماددەی (٥)دا ئاماژەی بۆ کراوە، کراوەیە و دەقەکانی هاتنە ڕیز بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتتووکان دەسپێردرێت.

ماددەی (٨):

١/ ئەم ڕێککەوتننامەیە لە نەوەدەمین ڕۆژی دوای بەرواری سپاردنی دەقی دەیەم لە دەقەکانی بڕوایی پێدان یان هاتنە ڕیز بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان، کارپێدەکرێت.

٢/ ئەم ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی هەریەک لەو دەوڵەتانەی کەبڕوای پێدەدات یان دەچێتە ڕیزییەوە پاش سپاردنی دەیەمین دەقی بڕوایی پێدان یان چوونە ڕیز لە نەوەدەمین رۆژی کە دوای بەرواری بڕوایی دانی دەوڵەتەکە یان چوونە ڕیزی بۆ ڕێککەوتننامەکە، کارپێدەکرێت.

ماددەی (٩):

١/ هەر لایەنێکی ڕێککەوتوو بۆی هەیە لە هەرکاتێکدا دوای تێپەڕبوونی (١٠) دە ساڵ بەسەر کارکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە داوای بژاردەکردن و پێداچوونەوە پێشکەش بکات، داواکەش بە ڕاگەیاندنێکی نوسراو دەبێت کە ڕوبەڕوی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێتەوە.

٢/ کۆمەڵەی گشتی ئەو هەنگاوانە یەکلایی دەکاتەوە کە ڕەنگە لە بابەتی وەک ئەم داوایە پێویست بە هاوێشتنیان بکات.

ماددەی (١٠):

١/ ئەم ڕێککەوتننــامەیە بە ســکرتێری گشــتیی نەتەوە یەکگرتوەکــان دەسپێردرێت.

٢/ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەسپێردرێت بە ناردنی وێنەی بڕواپێدراو لەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئاماژەبۆکراو لە ماددەی پێنجەم، بەوانەی خوارەوە:

آ/ واژۆکــانی ســـەر ئەم ڕێککەوتننــامەیە و دەقەکــانی بــڕوادان و چوونەڕیز بەپێی ماددەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم.

ب/ بەرواری کارکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەپێی ماددەی هەشتەم.

ج/ نامە هاتووەکان بەپێی ماددەی نۆیەم.

ماددەی (١١):

ئەم ڕێککەوتننـامەیە لە بەڵـگە و هێـزدا دەقە ئیسـپانی و ئینگلیـزی و ڕووسی و چینی و فەڕەنسییەکەی یەکسـانن، و بەرواری (١٩٦٨/١١/٢٦)، بەخۆوە دەگرێت.

**پاشکۆی ژمارە (٤)**

ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکانی ساڵی (١٩٦٦)

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (١٩٦٦/١٢/١٦) بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٢٢٠ ئەلیف)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە و لە (١٩٧٦/٣/٢٣) بەپێی ماددەی (٤٩)ی ڕێککەوتننامەکە، ڕۆشتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە (٥٣) ماددە پێکدێت.

پێشەکی:

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە:

بە سەرنجدان بەو بنەمایانە کە لە ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون، بە فەرمی ناسینی شکۆی کەسی و مافە یەکسان و ڕانەگوێزراوەکانی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤ بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنن،

بە سەرنجدان بەمە کە، ئەم مافانە لە شکۆی کەسیی هەر تاکێکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن،

بە سەرنجدان بەوە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا، لوتکەی ئەو شتەی مرۆڤێکی ئازاد دەیەوێ، دەستڕاگەیشتنی بە ئازادیی سیاسی، شارستانی و ڕزگاریی لە ترسەو، گەیشتنی بەم مەرجانە تەنیا و تەنیا لە ڕێگای سود وەرگرتنی هەر کەسە لە مافە سیاسی و شارستانییەکان و، هەروەها مافە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە مسۆگەر دەبێت.

بە سەرنجدان بە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتان ملکەچن ڕێزی ماف و ئازادییە مرۆییەکان بگرن و بەڕێوەیان بەرن و لە سەرانسەری جیهاندا پەرەیان پێبدەن،

بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە تاکەکان هەمبەر بەیەکترو کۆمەڵێک کە تێیدا ئەندامن، لە باری بەرەو پێش بردن و پەرەپێدانی مافە دانپێدانراوەکان لەم پەیماننامەیەدا، بەرپرسیارن،

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕەزامەندیی خۆیان لەسەر ئەم ماددانە دەردەبڕن:

بەشی یەکەم

ماددەی (١):

١/ هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. بەهۆی ئەم مافەوە، ئەوان چاکە و ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی کەلتووریی خۆیان، سەربەستانە دیاری دەکەن.

٢/ هەموو گەلێک دەتوانێ بۆ ئامانجەکانی خۆی سود لە سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی وەربگرێ، بە مەرجێک ئەو بەرپرسیارێتییە نەخاتە ژێرپێ کە بە گوێرەی ڕێککەوتنە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر بناغەی قازانجی بەرانبەر و یاسای نێودەوڵەتی، کەوتوونە سەرشانی. لە هیچ هەلومەرجێکدا ناکرێ گەلێک لە ئامرازو پێداویستییەکانی ژیان و بەرێچوون بێبەش بکرێ.

٣/ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیەو لەنێو ئەواندا ئەو دەوڵەتانە کە بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتانی داگیرکراو و بندەستیان لەسەرشانە، دەبێ بۆ بەدیهاتنی مافی چارەی خۆنووسین و ڕێزگرتن لەم مافە، بە گوێرەی دەق و ڕێوشوێنەکانی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەخێرایی هەنگاو بنێن.

بەشی دووهەم

ماددەی (٢):

١/ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە پەیمان دەدات کە لە هەمبەر تاکەکانی دانیشتووی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری ڕەچەڵەک، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی و هەر جۆرە بیروڕایەکی دیکە، هەروەها بێ لە بەرچاوگرتنی

بنەچـەی کۆمەڵایـەتی، نەتـەوەیی، سـامان، پـەیوەنـدیی خزمایـەتی و بارودۆخی تر، ڕێز لە مافەکانی گونجاو لەم ڕێککەوتننامەیەدا بگرێ و دەستەبەریان بکات.

٢/ هـەر دەوڵـەتێکی ئەنـدامی ئـەم ڕێککەوتنـامەیە، لـەو جێگایانـە کـە پێشبینیی یاساو ڕێوشوێنیان بۆ نەکراوە، پەیماندەدات کە بەپێی ڕەوتـی یاسادانانی خۆی و، لەسـەر بناغـەی ڕێوشـوێنەکانی ئـەم ڕێککەوتنـامەیە، هەنگاوی پێویست بنێ. دیاریکردنی یاسا و ڕێوشوێن دەبێت بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئەم مافانە بێ کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون.

٣/هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە پەیمان دەدات:

آ/ دڵنیایی بدا کە تاک لە کاتی پێشێلکرانی ئەو ماف و ئازادییانـەی کـە لـــەم ڕێککەوتننامەیـــەدا بـــە فەرمـــی ناســـراون ئـــامرازێکی بـــۆ قەرەبووکردنـەوەی کاریگـەریی زیانـەکانی هـەبێ. تەنانـەت ئەگـەر ئـەم پێشێلکردنە بە هۆی کەسانێکەوە بووبێ کـە پۆسـت و پایەی فەرمییان هەبووە.

ب/ دڵنیـایی بـدا ئـەو تاکـەی داوای قەرەبووکردنـەوەی زیـان دەکـا، لەلایەن کاربەدەسـتانی لێوەشـاوەی دادگایی، کـارگێڕی و یاسـا دانانـەوە، یـان بـەهـۆی هـەر کەسـێکی تـرەوە کـە سیسـتەمی یاسـایی دەوڵەت دیاریـــــدەکات، لێبپرســـــرێتەوە. هـــــەروەها پێداویســـــتییەکانی قەرەبووکردنەوەی زیانە یاساییەکان پەرەی پێبدرێ.

ج/ دڵنیاییبـدات کـە ئـەم جـۆرە کاربەدەسـتانە، هـەرکات لـەم جـۆرە زیانەیان لێدەرکەوت، ناچاردەکرێن قەرەبووی بکەنەوە.

ماددەی (٣):

دەوڵـەتانی ئەنـدامی ئـەم ڕێککەوتنـامەیە پەیمـان دەدەن یەکسـانیی مافـەکانی ژنـان و پیـاوان لـە سـود وەرگـرتن لـە هـەموو مافـە سیاسـی و شارستانییەکان کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون، دەستەبەربکەن.

ماددەی (٤):

١/ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامە هەرکات ڕووداوێکی نائاسایی گشتی ڕوویدا کە هەڕەشەی لە ژیانی نەتەوەیەک کردو، ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەندرا، دەتوانن لەدەرەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەو بەرپرسیارەتییە دیاریکراوەکانیان، هەنگاوی پێویست بەپێی بارودۆخەکەو بەرژەوەندییەکان هەڵبگرن. بەڵام بەو مەرجە کە ئەم هەنگاوانە لەگەڵ بەرپرسیارێتی و ئەرکە یاسایی و نێودەوڵەتییەکانیان ناتەبانەبن، هەروەها نەبنەهۆی جیاوازی دانان بە دژی، یان بە قازانجی ڕەچەڵەک، ڕەگەز، زمان و بنەچەیەکی ئایینی یان کۆمەڵایەتی.

٢/ (ئەم هەنگاوانە) نابێ لە دەرەوەی ماددەکانی (٦- ٧- ٨) بڕگەی (١- ٢)، (١١- ١٥- ١٦- ١٨) ئەم یاسایە (ڕێککەوتننامە)یەدا بن.

٣/ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە (مافی) دۆخە نائاساییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە سود وەردەگرێ، دەبێت دەستبەجێ جۆری ئەم دۆخە نائاساییەو، هۆیەکانی نائاسایی ڕاگەیاندنەکە لەڕێگای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ئاگاداریی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام ڕابگەیەنێ. (هەروەها ئەم دەوڵەتە) لە ڕاگەیەندراوێکدا کاتی تەواوبوونی ئەو بارودۆخە نائاساییە دەستنیشان دەکاو، لەڕێگای هەر ئەو کەسەوە (سکرتێری گشتی) بە ئاگاداریی دەوڵەتانی ئەندامی دەگەیەنێت.

ماددەی (٥):

١/ هیچکام لە خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، نابێ بە جۆرێک لێکبدرێنەوە کە ئەو مافە بدەن بە دەوڵەتێک، گروپێک یان کەسێک کە ماف و ئازادییە دەستنیشانکراوەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەناوببات یان بەرتەسکیان بکاتەوە.

٢/ هیچ بەرتەسککردنەوەو دابەزینێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤـ کە لـــە یاســـاکان (داب)، ڕێککەوتننامـــەکان، پێڕەوەکـــان و نـــەریت و ڕێوشوێنەکانی هەرکام لـە دەوڵەتانی ئـەم ڕێککەوتننامەیـەدا، ناسـراون و هـەن، بـەم پاسـاوە کـە لـەم ڕێککەوتننامەیـەدا (ئـەو مافانـە) بـە فەرمـی نەناسـراون، یـان لـە ڕادەیـەکی کـەمتردا بـە فەرمـی ناسـراون، پەسـەند ناکرێت.

بەشی سێهەم

ماددەی (٦):

١/ هـەر مرۆڤێک بـەشـێوەیەکی کەسـی، مـافی ژیـانی هەیـە. ئـەم مافـە دەبـێ بـە هـۆی یاسـاوە بپـارێزرێ. هـیچ کەسـێک نـابێ، لـەخۆوە و، بـە شێوەیەکی ناڕەوایانە لە مافی ژیان بێبەش بکرێ.

٢/ لەو دەوڵەتانەدا کە سزای لە سێدارەدان هەڵنەوەشاوەتەوە، سـزای لە سێدارەدان تەنیا دەبێ بۆ ئەو تاوانبارانـەی تاوانیـان کـردووە، ئـەویش بە گوێرەی یاسایەک کە لە سـەردەمی ڕووودانـی تاوانەکـەدا بـەڕێوەچووە، دەربچـــێ. (ئـــەم ســـزایەش) نـــابێ لەگـــەڵ ڕێوشـــوێنەکانی ئـــەم ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ناتەبا بێ.

٣/ کاتێک سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید سود لە سزای لە سـێدارەدان وەردەگیـرێ، هـیچ شـتێک لـەم ماددەیـەدا ڕێگـا بـە دەوڵـەتـی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە نادات لەو یاسایە لابدا کە لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانیدا هاتووە.

٤/ هەرکەسێک سزای لەسـێدارەدانی بۆ دیاری دەکرێ، مـافی ئـەوەی هەیـــە داوای لێبـــوردن یـــان ســـووکبوونی تاوانەکـــەی بکـــا. دەرفەتـــی

سـودوەرگرتن لـە لێبـووردنی گشـتی، لێبـووردنی تاکەکـەس یـان سووکبوونی سزای مردن بۆ هەموو کەیسەکان هەیە.

٥/ سزای لە سێدارەدان نابێ بۆ ئەو تاوانە دیاری بکرێ کە کەسانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵی ئەنجامیان داوەو،

(هەروەها ئەو سزایە) نابێ لەسەر ژنانی دووگیانیش جێبەجێبکرێت.

٦/ هیچ شتێک لەم ماددەیەدا نییە کە ببێتە هۆی وە دواخستن یان پێشگرتن بە هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان لەلایەن دەوڵەتی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

ماددەی (٧):

هیچ کەسێک نابێ ئەشکەنجە بدرێ یان سووکایەتیی پێبکرێ و، سزای نا مرۆیی و دڕندانە بدرێ. بەتایبەتی تاقیکاریی پزیشکی و زانستی نابێ بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەی کەسەکە لەسەری بەڕێوەبچێ.

ماددەی (٨):

١/ هیچ کەسێک نابێ وەکو کۆیلە ڕابگیرێ. کۆیلەیی و کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بە هەر جۆر و شێوەیەک بێ، قەدەغەیە.

٢/ هیچ کەسێک نابێ بە زۆرەملێ ڕاژەی پێبکرێ.

٣/

آ/ هیچ کەسێک نابێ بە زۆرەملێ کاری پێبکرێ، یان ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی داسەپاو بکرێ.

ب/ بڕگەی سێهەم (آ) نابێ ببێتە کۆسپ لەسەر ڕێی ئەو دەوڵەتانەی کاری قورس وەکو سزایەک دیاریدەکەن. دیارە بڕینەوەی سزایەکی ئەوتۆش (سزادانی تاوانبار بە کاری قورس) دەبێ بەپێی بڕیاری دادگایەکی شایستە بێ.

ج/ بۆ ڕوونبوونەوەی ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیە، وشەی کاری داسەپاو زۆرەملێ ئەم نموونەنانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

١/ هەر کارێک یان ڕاژەیەک کە بڕگەی (ب) نەیگرێتەوەو، ئەم جۆرە کارانە زۆرتر لە تاکێک کە بە بڕیاری دادگا ڕاگیر دەکرێ یان بە شێوەیەکی مەرجدار دەگیرێ، داوا دەکرێ.

٢/ هەر جۆرە ڕاژەیەکی تایبەتی سەربازی لەو دەوڵەتانەدا کە ئەرکی ڕاژەی سەربازی بەفەرمی نەناسراوە، هەر جۆرە ڕاژەیەکی نەتەوەیی بڕیار لەسەر دراو کە لە یاسای ڕاژەی سەربازیدا نەهاتووە.

٣/ هەر جۆرە ڕاژەیەک کە لە هەلومەرجی نائاسایی، یان لەکاتی ڕوودانی کارەساتێکی مەترسیدار بۆ ژیان و ئاسوودەیی کۆمەڵگە، ئەنجامدانی پێویست بێ.

٤/ هەر کار یان ڕاژەیەک کە بچێتە خانەی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتی (شارستانی)یەکان.

ماددەی (٩):

١/ ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی، مافی هەر مرۆڤێکە. هیچ کەس نابێ لەخۆوە دەستبەسەر بکرێ یان بگیرێ. هیچ کەس نابێ لە ئازادیی خۆی بێبەش بکرێ، مەگەر ئەوکاتە کە یاسا و ڕێوشوێنەکانی دادپرسی بڕیاری دابێ.

٢/ هەر کەسێک کە دەگیرێ، دەبێ لە ماوەی گیرانیدا، هۆی گیرانی پێڕابگەیەندرێ. هەروەها دەبێ دەستبەجێ لەو تاوانە ئاگادار بکرێتەوە کە داویانەتە پاڵی.

٣/ هەر کەسێک کە سەبارەت بە تاوانێک دەگیرێ و دەستبەسەر دەکرێ، دەبێت بێدواکەوتن ببرێ بۆ بەردەم دادوەر یان هەر فەرمانبەرێکی تر کە بەپێی یاسا کاروباری دادگایی بەڕێوە دەبا.

پێویسته له ماوەیەکی گونجاویشدا لێی بکۆڵرێتەوە یان ئازاد بکرێ. نابێ گرتن و چاوەڕوان هێشتنەوەی تاکەکان بۆ دادپرسی، ببێ بە ڕێسایەکی گشتی. بەڵام لە هەر قۆناغێک لە پێڕاگەیشتنی دادگاییدا، تۆمەتبار تا کاتی پێکهاتنی دادگاو بڕیاردان لەبارەی، بە گەرەنتی ئازادیی کاتیی پێبدرێ.

٤/ هەر کەسێک کە بە هۆی گیران و دەستبەسەری، لە ئازادی بێبەش دەکرێ، مافی خۆیەتی لەسەر ڕەوتی دادخوازی پێداگر بێ تا دادگا بێ دواکەوتن لەسەر نا یاساییبوونی گیرانەکەی بڕیار بدات، ئەگەر گیرانەکەشی نایاسایی بوو، (دادوەر) دەبێ بڕیاری ئازادکردنی بدا.

٥/ هەرکەسێک کە بووە بە قوربانیی گرتن و دەستبەسەرکرانی نایاسایی، مافی ئەوەی هەیە زیانەکانی بۆ قەرەبوو بکرێتەوە.

ماددەی (١٠):

١/ هەموو ئەو کەسانەی بێبەشکراون لە ئازادی، دەبێ بەشێوەیەکی مرۆیی و بە ڕێزەوە کە هەقیقەتی کەسی مرۆڤیان لێپێکهاتووە، ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ.

٢/

آ/ جگە لە نموونە ناوازەکان، کەسانی تۆمەتبار، دەبێت لەوانەی بڕیاریان لەسەر دراوە بەجیا ڕابگیرێن، دەشبێ ڕەفتارێکی جیاوازو، گونجاو لەگەڵ کەسانی بڕیار لەبارەوە نەدراویان لەگەڵدا بکرێ.

ب/ کەسانی هەرزەکاری لاسار، دەبێ بەجیا لە گەورەکان ڕابگیرێن، دەشبێ بە زووترین کات لێکۆڵینەوەی دادگاییان لەگەڵدا بکرێ.

٣/ دەزگای چاکسازی (پەژیوانگە) دەبێ جۆرێک ڕەفتار لەگەڵ تاکەکانی تێدا زاڵ بێ کە ئامانجە بنەڕەتییەکەی، چاککردنی ئەوان و گەڕاندنەوەی ئابڕووی کۆمەڵایەتییان بێ. هەرزەکارە لاسارەکان دەبێ

بەجیا لە گەورەکان بژین و، هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ تەمەن و بارودۆخی یاسایی خۆیان لەگەڵدا بکرێ.

ماددەی (١١):

نابێت مرۆڤێک زیندانیبکرێت تەنیا لەبەرئەوەی نەیتوانیوە پابەندبوونی پەیمانیانەی خۆی بباتەسەر.

ماددەی (١٢):

١/ هەموو کەسێک لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی خۆیدا، دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی مافی هاتوچۆی ئازادانە و هەڵبژاردنی ئازادانەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت.

٢/ هەموو کەسێک دەبێت ئازادیی بەجێهێشتنی هەر دەوڵەتێک بە دەوڵەتەکەی خۆشیەوە هەبێت.

٣/ ئەم مافانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، بەهیچ شێوەیەک نابێت بەرتەسک بکرێنەوە، مەگەر ئەو کاتانە کە بەرتەسککردنیان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، فەرمانی گشتی، تەندروستی گشتی و ڕەوشتی گشتی، یان لەپێناوی ڕەچاوکردنی ماف و ئازادیی کەسانی تردا، پێویستبێ و، بەهۆی یاساوە، بڕیاریان لەسەر درابێت و، لەگەڵ مافە ناسراوەکانی تری ئەم ڕێککەوتننامەیەشدا بگونجێن.

٤/ هیچ کەسێک نابێت لە مافی چوون بۆ دەوڵەتی خۆی، لەخۆوە بێبەش بکرێت.

ماددەی (١٣):

هەر بێگانەیەک کە بەشێوەیەکی یاسایی دەکەوێتە ناو سنووری دەوڵەتی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، تەنیا لە دۆخێکدا لەو دەوڵەتە

دەردەکرێ کە ئەم دەرکردنە بە گوێرەی بڕیارێکی یاسایی بێت. ئەگەر دەرکردنەکە نایاسایی بوو، یان هۆیەکی ڕوونی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەییەوە نەبوو، دەبێ ڕێگا بەو کەسە بدرێت کە هۆیەکانی دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم دەرکردنە، ڕابگەیەنێ. بۆ ئەم مەبەستە دۆسییەکەی ئەو بە ئامادەبوونی نوێنەرێک کە پێشتر دیاریکردووە، بەهۆی ناوەندە خاوەن دەسەڵاتەکانەوە، یان بەهۆی کەسانێکی تایبەتی کە لەلایەن ناوەندە خاوەن دەسەڵاتەکانەوە دیاریکراون، چاوی پێدادەخشێندرێتەوە.

ماددەی (١٤):

١/ هەموو کەسێک لە بەرامبەر دادگاو دەزگای دادپەروەریدا مافی یەکسانیان هەیە. لە کاروباری بڕیاردان لەبارەی هەر تاوانێک کە دەدرێتە پاڵ تاکێک، یان بڕیارێک کە لەدژی ماف و بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی ئەو بێ، هەموو کەسێک دەبێت مافی ئەوەی هەبێ لە دادگایەکی یاسایی، بێلایەن، خاوەن دەسەڵات و سەربەخۆ، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا لە تاوانەکانی بکۆڵدرێتەوە. چاپەمەنی و بیروڕای گشتی لەوانەیە سەبارەت بە لایەنی ڕەوشتی، فەرمانی گشتی یان ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، لە هەموو یان بەشێک لە دادگاکە ڕێگری بکرێن. کاتێک بەرژەوەندیی ژیانی تایبەتی لایەنەکانی کێشەکە وابخوازێ، یان دادگا لە هەلومەرجی تایبەتیدا ئاشکرابوونی کۆبوونەوەکانی بە زیانی بەرژەوەندیی دەزگای دادپەروەری بزانێ، ڕێگا دەدرێ کۆبوونەوەکانی دادگا لە هەموو یان بەشێک لە ڕەوتی دادپرسیدا، نهێنی بن. بەڵام بڕیارێک کە لەبارەی تاوانی سزایی یان شارستانییەوە دەدرێ، دەبێ ئاشکرا بێت. مەگەر ئەوکاتە کە بەرژەوەندیی هەرزەکارەکان وابخوازێ، یان ڕەوتی دادپرسییەکە، پەیوەندیی بە کێشەو ناکۆکیی خێزانی و، سەرپەرشتیی منداڵانەوە بێت.

٢/ هەموو کەسێک کە تاوانێکی دراوەتەپاڵ، مافی ئەوەی هەیە وەک بێتاوان سەیریبکرێت تا ئەوکاتەی کە بە گوێرەی یاسا تاوانەکەی دەسەلمێندرێت.

٣/ لەبارەی یەکجاریبوونی تاوان دژی تاک، هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە لە یەکسانیی تەواودا لەلانی کەمی مافە دەستەبەرکراوەکانی خوارەوە سود وەربگرێ:

آ/ دەستبەجێ و بەوردی، بە زمانێک کە لێی تێبگا، لە جۆرو هۆی تاوانێک کە دراوەتە پاڵی، ئاگادار بکرێ.

ب/ کات و کارئاسانیی پێویستی بەمەبەستی ئامادەکردنی داکۆکینامەو وتووێژ لەگەڵ پارێزەرێک کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، بۆ دابین بکرێ.

ج/ بەبێ دواخستنی ناپێویست، دادگایی بکرێت.

د/ لەکاتی دادگاییکردندا، بۆ خۆی لە دادگا ئامادە بێت، بۆ خۆی بەرگری لە خۆی بکات، یان لە رێگای پارێزەرێکەوە کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، بەرگری لە خۆی بکات. دەبێ لەو مافانەی خۆی ئاگادار بکرێ کە ئەگەر پارێزەری نییە، بە مەرجێک بەرژەوەندییەکانی دەزگای دادپەروەری بخوازێ و، هەروەها ئەگەر ئەو توانای ئەوەی نییە هەقدەستی پارێزەر بدا، بێئەوەی هەقدەست بدات، پارێزەری بۆ دەگیرێ.

ه/ لەو شایەدانەی بە دژی ئەو شایەدییان داوە، سەرلەنوێ پرسیار بکرێتەوە، یان داوایان لێبکرێ سەرلەنوێ شایەدی بدەنەوە. هەر لە هەلومەرجێکی ئەوتۆشدا کە بە دژی ئەو شایەدی دراوە، ڕێگا بدرێ کەسانێکیش بە قازانجی ئەو شایەدی بدەن.

و/ ئەگەر ئەو زمانەی لە دادگادا قسەی پێدەکرێ، تێناگا، یان ناتوانێ قسەی پێبکا، دەبێ بێئەوەی کرێی لێبستێندرێ، وەرگێڕی بۆ بێنن تا یارمەتیی بدات.

ز/ بۆ شایەدیدان لەدژی خۆی، یان داننان بە تاوانباریدا، نابێت هیچ زۆر یان سەپاندنێک هەبێ.

٤/ ڕێوشوێنی دادپرسی لە بارەی کەسانی هەرزەکار دەبێت بەگوێرەی تەمەن و بەرژەوەندی و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ئەوان دیاریبکرێت.

٥/ هەرکەسێک کە بە تاوانبار دەناسرێت، بەپێی یاسا دەبێ مافی ئەوەی هەبێ کە بڕیاری تاوانبارکردنەکەی لە دادگایەکی بەرزتردا چاوی پێدا بخشێندرێتەوە.

٦/ هەرکاتێک کەسێک بڕیاری یەکجاری لەسەر تاوانباربوونەکەی درابوو، بەڵام پاشان لە ئاکامی دۆزینەوەو دەستکەوتنی بەڵگەو زانیاریی نکوڵی لێنەکراودا ڕوون بووەوە کە ئەو بڕیارەی دراوە هەڵەیەکی دادگایی بووەو، بڕیارەکە هەڵوەشێندرایەوە یان کەوتە بەر لێبووردن، ئەو کەسە کە لە ئاکامی ئەو بڕیارە سزادانەدا تووشی ئازارو کوێرەوەری بووە، مافی ئەوەی هەیە بەپێی یاسا داوای بژاردنەوەی زیانەکانی بکات. بەڵام ئەگەر دەرکەوت بۆ خۆی کەم یان زۆر دەستی لە نەدرکاندنی زانیارییەکەو ڕوون نەبوونەوەی ڕاستییەکەدا هەبووە، ئەم مافەی نییە.

٧/ هەر کەسێک کە بەهۆی یاسای سزادانی دەوڵەتێکەوە، بە تاوانێک سزادەدرێت یان بە بێتاوان دەناسرێ، نابێ جارێکی تر دادگایی بکرێتەوە و سزابدرێت.

ماددەی (١٥):

١/ هیچ کەسێک نابێ هاوکات سەبارەت بە ئەنجامدانی کردەوەیەک یان دەستهەڵگرتن لەو کردەوەیە کە بەپێی یاسای نیشتیمانی یان نێودەوڵەتی تاوان نییە، تاوانباربکرێت. هەروەها نابێ هیچ سزایەکی

توندتر لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ تاوانەکە هەبوو، دیاری بکرێت. ئەگەر پاش ئەنجامدانی تاوان، ڕێوشوێنی یاسایی تر دابنرێ و سزایەکی سووکتر بۆ ئەو تاوانە دیاری بکرێت، تاوانبار دەبێ لەو ڕێوشوێنانە سود وەربگرێ.

٢/ هیچ کام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە نابێت لەگەڵ دادپرسی و سزادانی کەسێک کە لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەیەک یان دەست لێهەڵگرتنیدا، کردەوەکەی بەگوێرەی ڕێوشوێنە گشتییەکانی یاسا ناسراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوان نەبووە، ناتەبایی هەبێ.

ماددەی (١٦):

هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لەهەر شوێنێک لە بەرامبەر یاسادا، دان بە کەسایەتیی یاساییدا بنرێت.

ماددەی (١٧):

١/ دەستتێوەردان لە ژیانی تایبەتی، خێزانی، ماڵ و نامەگۆڕینەوەی هەر کەسێک، لەخۆوە بەبێ مۆڵەتی یاسا یان بەپێچەوانەی یاسا، قەدەغەیە. هەروەها نابێت کەسایەتی و ناوبانگی هیچ کەسێک بکەوێتە بەر دەستدرێژیی نایاساییەوە.

٢/ هەموو کەسێک ئەم مافانەی هەیە لە بەرامبەر ئەم جۆرە دەستدرێژی و دەستتێوەردانانەدا، لەلایەن یاساوە پشتگیری لێبکرێ.

ماددەی (١٨):

١/ هەموو کەسێک، مافی ئازادیی بیرکردنەوە، بیروڕا و ئایینی هەیە. ئەم مافە دەسەڵات و ئازادیی پەسەندکردنی دڵخوازانەی ئایین یان بیروڕایەکیش دەگرێتەوە. هەروەها هەر مرۆڤێک لە دەربڕینی

ڕاشکاوانەی ئایین یان بیروڕای خۆیدا بە شێوەی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ و بە نهێنی یان ئاشکرا سەربەستە. ئەم دەسەڵات و ئازادییە، فێربوون و فێرکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانی هەر مرۆڤێکیش دەگرێتەوە.

٢/ لەم جۆرە نموونانەدا، نابێ زۆر لە هیچ کەس بکرێ. هەروەها نابێ ئازادیی کەسێک لە پەسەندکردنی ئایینێک یان بیروڕایەکدا کە بە ویستی خۆی هەڵیبژاردووە، زیانی پێبگا.

٣/ تەنیا ئەوکاتە دەکرێت ئازادیی دەربڕین، ئایین و بیروڕای کەسێک بەرتەسک بکرێ کە بە گوێرەی یاسا، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی گشتی، فەرمان، تەندروستی ڕەوشت و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانیتر پێشبینی کرابێ.

٤/ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، پەیماندەدەن ئازادیی دایک و باوکان و سەرپەرشتانی یاسایی لە فێرکردنی ڕێوشوێنی ئایینی و ڕەوشتی بە منداڵانیان و بەگوێرەی بیروڕای خۆیان بپارێزن.

ماددەی (١٩):

١/ هەموو کەسێک مافی هەیە کە بۆچوونەکانی خۆی بەبێ دەستتێوەردان و ڕێلێگرتنی کەسانی تر، دەرببڕێ.

٢/ هەموو کەسێک مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە. ئەم مافە، ئازادیی فێربوونی زانست، وەرگرتن و بەخشینی زانیاری و هەرچەشنە بیروڕایەک دەگرێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتیی دەربڕینەکەی: بە زمان بێ یان بە نووسین، بە چاپکراوی یان لەشێوەی هونەری و بە هەر شێوەیەکی تر کە خۆی هەڵیبژاردووە.

٣/ جێبەجێکردنی مافە ئاماژەبۆکراوەکانی بڕگەی دووی ئەم ماددەیەدا ئەرکی تایبەتی و بەرپرسیارێتیی لەگەڵدایە، لەوانەیە هەندێک

سنووری دیاریکراوی بۆ دابنرێ. ئەم سنووردارکردنانە، تەنیا دەبێت لەبەر ئەم پێویستییانەی خوارەوەو بە هۆی یاساوە ئەنجامبدرێ:

آ/ بۆ ڕێزگرتن لە مافەکان یان نابانگی کەسانی تر.

ب/ پاراستنی ئاسایشی گشتی، فەرمانی گشتی، تەندروستی گشتی و ڕەوشتەکان.

ماددەی (٢٠):

١/هەر جۆرە پڕوپاگەندەیەک بۆ جەنگ، بەپێی یاسا قەدەغەیە.

2- هەر جۆرە هاندانی نەتەوەیی، نەژادی یان ئایینی کە ببێتە هۆی دروستکردنی جیاوازیدانان، یان دوژمنایەتی و توندوتیژی، بە گوێرەی یاسا قەدەغەیە.

ماددەی (٢١):

مافی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانە بەفەرمی دەناسرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە هیچ سنوورو چوارچێوەیەک دانانرێ، مەگەر بەگوێرەی یاسا، ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و لەبەر پێویستیی بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی، هێمنایەتیی گشتی، فەرمانی گشتی، پارێزگاری لە تەندروستی گشتی و ڕەوشتەکان و پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر.

ماددەی (٢٢):

١/ هەموو کەسێک مافی ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵە هەیە لەگەڵ کەسانی تردا. ئەم مافە پێکهێنانی یەکێتییەکان و ئەندامیەتی لەواندا بەمەبەستی پارێزگاری لە هۆگرییەکان و قازانجەکان دەگرێتەوە.

٢/ سـود وەرگـرتن لـەو مافانـە بـەهـیچ شـێوەیەک نـابێ بەرتەسـک بکرێتەوە، مەگەر ئەو سنووردارکردنە بە گوێرەی یاسا بێت، ئەویش لـە کۆمەڵگەیــەکی دیمــوکرات و ســەبارەت بــە پێویســتیی بەرژەوەنــدی، ئاسایشـی گشـتی، هێمنایـەتیی گشـتی، فەرمـانی گشـتی، پارێزگـاری لـە تەندروستی و ڕەوشی گشتی و پاراستنی ئازادیی کەسانی تر بێ. ئەم سـنووردارکردنە یاســاییە ئەنـدامانی هێـزە چەکـدارەکان و پۆلیسـیش دەگرێتەوە.

٣/ هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە، ڕێگا بە دەوڵەتانی ئەندامی ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٤٨)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، تایبەت بە ئازادیی پێکهێنانی یەکێتی و پشتیوانی لە مافی خۆڕێکخستن نادا بەهۆی یاسادانان یان جۆری بەڕێوەبردنی یاساکان، دژایەتیی ئەو دەستەبەرانە بکات کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتوون.

ماددەی (٢٣):

١/ خێزان کۆڵەکەیەکی بنچینەیی و سروشتیی کۆمەڵگەیە و، شایانی ئەوەیە بەهۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە، پارێزگاریی لێبکرێت.

٢/ مــافی پێکــەوەنانی ژیــانی هاوســەرێتی و پێکهێنــانی خێـزان بـۆ پیاوان و ژنانێک کە گەیشتوونەتە ئەو تەمەنە، بە فەرمی دەناسرێت.

٣/ هیچ ژیانێکی هاوسەری بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەو بە تەواویی ژن و پیاو پێکناهێنرێت.

٤/ دەوڵەتـانی ئەنـدامی ئـەم ڕێککەوتننـامەیە، دەبـێ هـەنگاوی گونجـاو بەمەبەستی دابینکردنی یەکسانیی مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانی ژن و مێرد لەکاتی پێکـەوەنان و هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوسـەری هـەڵبگرن. لــە پەیوەنـدی لەگــەڵ هەڵوەشــاندنەوەی ژیــانی هاوبەشــدا، دەبــێ بــۆ پارێزگاری لە منداڵان، پێشبینیی پێویست کرابێ.

ماددەی (٢٤):

١/ هەر منداڵێک، بەبێ هیچ جیاوازیدانانێک لەڕووی نەژاد، ڕەنگ، زایەند، زمان، ئایین، نەتەوە یان رەچەڵەکی کۆمەڵایەتی، سامان یان بەستراوەیی خوێنی و خزمایەتی کە بە سەرنجدان بە کەمیی تەمەن دیاری کراون، مافی ئەوەی هەیە سود لە پشتگیریی پارێزگارانەی کۆمەڵگە و دەوڵەت وەربگرێت.

٢/ هەر منداڵێک دەستبەجێ دوای لەدایکبوون دەبێ ناوی بۆ دانرێ و ئەم ناوەش تۆمار بکرێ.

٣/ هەر منداڵێک مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی هەیە.

ماددەی (٢٥):

هەر هاوڵاتییەک بەبێ لەبەرچاوگیرانی ئەو سنوورانەی لە بڕگەی دووەمدا هاتوون و (هەروەها) بێسنوورو لەمپەڕی بێجێ، دەبێ مافی ئەوەی هەبێ:

آ/ لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا، ڕاستەوخۆ یان لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانەوە، بەشدار بێ.

ب/ لە هەڵبژاردنی خولی بێخەوشدا کە بە دەنگی گشتیی وەکیەک و نهێنی بەڕێوەدەچێ و، دەربڕینی ئازادانەی داخوازەکانی دەنگدەران دەستەبەر دەکا، مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی هەیە.

ج/ دەوڵەتان بەپێی مەرجە گشتییەکان، مافی یەکسانیی بۆ ئەنجامدانی پیشە گشتییەکانی دەوڵەتانی خۆیان هەیە.

ماددەی (٢٦):

هەموو تاکەکان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و بەبێ جیاوازی، مافی پارێزران و پشتیوانی وەکیەکی لەلایەن یاساوە هەیە. لەم بارەوە، یاسا دەبێت قەدەغەی هەر جۆرە جیاکارییەک بگرێت و، بۆ هەموو تاکەکان

پشتیوانیی کاریگەر و وەکیەک دژی هەر جۆرە جیاوازیدانان، لە هەر قۆناغێکدا لەڕووی نەژاد، ڕەنگ، زایەند، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی یان باوەڕی تر، رەچەڵەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، سامان، بەستراوەیی خوێنی و خزمایەتی و هەر بارودۆخێکی ترەوە دابین بکات.

ماددەی (٢٧):

لەو دەوڵەتانەدا کە کەمایەتیی ڕەگەزی، ئایینی یان زمانی هەن، کەسانێک کە سەر بەو کەمایەتییانەن، نابێ مافی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆیان و هەروەها سود وەرگرتن لە کەلتووروو دەربڕین و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکان و قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان لێزەوت بکرێت.

بەشی چوارەم

ماددەی (٢٨):

١/ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ (لێرە بەدواوە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هەروەک لیژنە ناوی دەبرێ) دادەمەزرێ. ئەم لیژنە لە (١٨) هەژدە ئەندام پێکدێ و ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکا کە لە بڕگەکانی داهاتوو (٢ و ٣)دا دێن.

٢/ ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە هاوڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێکدێن، لە کەسانێک کە لەباری ڕەوشتەوە خاوەنی تایبەتمەندیی بەرزن و، لێوەشاوەیی ئەوان لە بواری مافی مرۆڤدا دەرکەوتووە. بەشداریی هەندێک کەس کە لە کاروباری دادگایدا ئەزموونیان هەیە لەلایەن لیژنەوە گرینگیی پێدەدرێ.

٣/ ئەندامانی لیژنە، هەڵدەبژێردرێن بەپێی لێوەشاوەیی لەم لیژنەیەدا ڕاژە دەکەن.

ماددەی (٢٩):

١/ ئەندامانی لیژنە بە دەنگی نهێنی و لەناو لیستی ئەو کەسە شیاوانە کە مەرجەکانیان لە ماددەی (٢٨)دا هاتووەو، هەر بەم مەبەستە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەوە کاندیدکراون، هەڵدەبژێردرێن.

٢/ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە ناتوانێ لە دوو نوێنەر زیاتری هەبێت. ئەو کەسانە دەبێت ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەیان هەبێت کە کاندیدیان دەکات.

٣/ هەر تاکێک بۆی هەیە دووبارە کاندید ببێتەوە.

ماددەی (٣٠):

١/ یەکەم هەڵبژاردن نابێت درەنگتر لە (٦) شەش مانگ دوای دەستپێکردنی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەڕێوەبچێ.

٢/ لانیکەم (٤) چوار مانگ پێش بەڕێوەچوونی هەر هەڵبژاردنێک لە لیژنەکەدا، بێجگە لەو هەڵبژاردنانەی بەپێی ماددەی (٣٤) بۆ پڕکردنەوەی جێگای بەتاڵ ئەنجامدەدرێن، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ناساندنی کاندیدی ئەندامێتی لەماوەی (٣) مانگدا بانگهێشت بکات.

٣/ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لیستەیەک بەپێی ڕیزبەندیی پیتەکانی ئەلفوبێ لە هەموو ئەو کەسانە کە بەم شێوەیە دەبنە کاندیدی ئەندامێتی لە لیژنەدا، وێڕای دیاریکردنی ناوی ئەو دەوڵەتانە کە ئەوانیان (بۆ ئەندامێتی لیژنە) کاندیدکردووە، ئامادەبکات بیدات بە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە. هەڵبژاردنی

ئەنــدامانی لیژنــە دەبێـت لــە کۆبوونەوەیەکـدا کــە ســکرتێری گشــتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداریی دەوڵەتانی ئەندامی ئـەم ڕێککەوتننـامەیە پێکیهێنـاوە، ئەنجامبـدرێ. ئاسـتی ڕەوایەتـی پەیـداکردنی ئەم کۆبوونەوەیە، بەشداریی دوو لەسـەر سێی دەوڵەتانی ئـەندامی ئـەم ڕێککەوتننامەیە کەسانێکیش کە بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە هەڵدەبژێردرێن دەبێت ئەو کاندیدانەبن کە زۆرترین دەنگەکانیان بەدەستهێناوەو، خاوەنی زۆریـنـەی ڕەهـای دەنگـی نوێنــەرانی دەوڵەتــانی دەنگـدەرو بەشـداری کۆبوونەوەکەن.

ماددەی (٣١):

١/ لیژنــە نــاتوانێ زیــاتر لــە کەسـێک لــە هــەر دەوڵەتێـک بەئەنــدام وەربگرێت.

٢/ لــە هـــەڵبژاردنی (ئەنــدامانی) لیــژنەدا، دەبێــت ســەرنج بدرێتــە ڕەچــاوکردنی دابەشــکردنی دادپەروەرانــەی جوگرافیــایی ئەنــدامان و نوێنــەرانی شارســتانییە جۆراوجۆرەکــان و سیســتەمە یاســاییە گەورەکان.

ماددەی (٣٢):

١/ ئەنـدامانی لیـژنە دەبێت بـۆ مـاوەی (٤) چـوار سـاڵ هـەڵبژێردرێن. ئەوان بۆ هەڵبژاردنەوەی دووبـارە دەتـوانن خۆیـان کاندیدبکەنـەوە. بـەڵام مـاوەی ئەنـدامێتی (٩) نـۆ کـەس لـە ئەنـدامانی هـەڵبژێردراو لـە یەکـەم هەڵبژاردندا، دەبێت پاش تەواوبوونی (٢) دوو ساڵ، کۆتایی پێبێت. نـاوی ئــەم (٩) نــۆ ئەندامــە دەبێــت دەســتبەجێ بــەدوای یەکــەم هــەڵبژاردن بەشـێوەی تیروپشـک و بـەهـۆی سـەرۆکی کۆبوونـەوەو، بـەگـوێرەی ماددەی (٣٠)ی بڕگەی (٤)، دیارییبکرێن.

٢/ هەڵبژاردن بەدوای کۆتاییهاتنی ماوەی خزمەتدا، بەپێی ماددەکانی پێشووی ئەم بەشە لە ڕێککەوتننامەکەدا بەڕێوەدەچێ.

ماددەی (٣٣):

١/ هەرکات ئەندامێکی لیژنە بەهەر هۆیەک جگە لە نەهاتنێکی کاتی، دەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەڵبگرێ و ئەندامانی دیکەی لیژنە لەسەر (ئەم کارە) یەکدەنگ بن، سەرۆکی لیژنە دەبێت سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان- کەسێک کە دەبێت ڕابگەیەنێ کورسیی ئەم کەسە بەتاڵە- ئاگادار بکاتەوە.

٢/ ئەگەر ئەندامێکی لیژنە بمرێت یان دەستلەکاربکێشێتەوە، سەرۆک لیژنە دەبێ دەستبەجێ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چۆڵبونی کورسیەکە ئاگاداربکاتەوە لە ڕۆژی مردن یان لە ڕۆژی دەستلەکارکێشانەوەکەوە.

ماددەی (٣٤):

١/ هەرکاتێک چۆڵبوونی کورسییەکە بەگوێرەی ماددەی (٣٣) ڕاگەیەندراو، لەماوەی (٦) شەش مانگی دوای ڕاگەیەندرانی چۆڵبوونی کورسییەکەدا ئەندامی جێنشین نەهاتبووە سەرکار، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕادەگەیەنێ کە دەتوانن لە ماوەی (٢) دوو مانگدا بەپێی ماددەی (٢٩) بۆ پڕکردنەوی کورسییە چۆڵەکە، کاندیدەکانی خۆیان بناسێنن.

٢/ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگوێرەی ڕیزبەندیی پیتەکانی ئەلف و بێ، لیستەیەک لە هەموو ئەو کەسانەی کاندیدی ئەندامێتین لە لیژنەکەدا، ئامادەدەکات و دەیدا بە دەوڵەتانی

ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە. هەڵبژاردن بۆ پڕکردنەوەی کورسی چۆڵ بەگوێرەی ڕێوشوێنەکانی ئەم بەشەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەڕێوەدەچێ.

٣/ هەر ئەندامێکی لیژنە کە بۆ پڕکردنەوەی کورسیی چۆڵ، بەپێی ماددەی (٣٣) هەڵ دەبژێردرێ، بۆ ماوەی ئەو خولەی ئەندامێک کە کورسییەکەی بەپێی ماددەی (٣٣) بەتاڵ ماوەتەوە، دەبێتە ئەندامی لیژنە.

ماددەی (٣٥):

ئەندامانی لیژنەکە بە پەسەندی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی ئەو مەرجانەی کە کۆمەڵەی گشتی دیارییان دەکات بە سەرنجدان بە بەرپرسیارێتییە گرنگەکانی لیژنەکە، لە سەرچاوە داراییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مووچە وەردەگرن.

ماددەی (٣٦):

سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کارمەندو کارئاسانیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەرچی کاریگەرتری ئەو ئەرکانەی لیژنەکە کە بەهۆی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە کەوتۆتە ئەستۆی بۆ لیژنەکە دابین دەکات.

ماددەی (٣٧):

١/ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامانی یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەکە بۆ ناوەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشت دەکا.

٢/ پاش یەکەم کۆبوونەوە، لیژنەکە کۆبوونەوەکانی بەپێی ئەو ماوەیە کە لە پێڕەوی ناوخۆیی خۆیدا دیاریکراوە، پێکدێنێ.

٣/ لیـژنەکە بـەشـێوەی ئاسـایی لـە ناوەنـدی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان یان لـە نوسـینگەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە ژنێڤ کۆدەبێتەوە.

ماددەی (٣٨):

هـەموو ئەنـدامێکی لیـژنەکە پـێش لـە ئەسـتۆگرتنی ئەرکـەکانی، دەبێت بـەشـێوەی فەرمـی لـە کۆبوونـەوەی ئاشـکرای لیـژنەکەدا ڕایبگەیـەنێ کـە ئەرکەکانی خۆی لەوپەڕی بێلایەنی و بە ویژدانەوە ئەنجامدەدات.

ماددەی (٣٩):

١/ لیژنەکە دەبێت ئەندامانی دەستەی سـەرۆکایەتی خۆی بۆ مـاوەی (٢) دوو سـال هـەڵبژێرێت. ئـەوان بۆیـان هەیـە سـەرلەنوێ هەڵبژێردرێنەوە.

٢/ لیـژنەکە بـۆ خـۆی یاسـا و ڕێوشـوێنە ناوخۆییـەکانی خـۆی دیاریدەکات. بەڵام ئەم یاسایە دەبێ ئەم خاڵانەیان تێدا ڕەچاو کرابێت:

آ/ ئاستی ڕەوایی پێکهێنانی کۆبوونەوەکان (١٢) کەسن.

ب/ بڕیارەکـانی لیـژنەکە بـە زۆریـنەی دەنگـی ئەنـدامانی ئامـادەبوو وەرگیرابێ.

ماددەی (٤٠):

١/ دەوڵەتـانی ئەنـدامی ئـەم ڕێککەوتننـامەیە پەیماندەدەن کـە لـەبارەی ئەو هەنگاوانەی بۆ هاتنەدیی مافە ناسـراوەکانی نێو ئـەم ڕێککەوتننـامەیە و سود وەرگرتنـی هـەرچی زیـاتر لـەم مافانـە هـەڵیانگرتوون، بەمشـێوەیە ڕاپۆرت پێشکەش دەکەن:

آ/ لـەمـاوەی سـاڵێک دوای ئـەوەی بـەڕێوەبردنی ئـەم ڕێککەوتننـامەیە لەسەر دەوڵەتانی ئەندام بوو بە ئەرکێکی پێویست.

ب/ دوای ئەو ماوەیە هەرکات کە لیژنەکە داوایکرد:

٢/ هەموو ڕاپۆرتەکان دەبێت بدرێن بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش بۆ پێراگەیشتن دەیداتەوە بە لیژنەکە. ڕاپۆرتەکان دەبێت لەبارەی ئەو هۆکارو گرفتانەوە بن کە لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە کاریگەرییان هەیە.

٣/ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاش ڕاوێژ و بیرو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ لیژنەکە، وێنەی هەندێک بەشی ڕاپۆرتەکان کە لایەنی پسپۆڕییان هەیە دەدات بە دامەزراوە پسپۆڕییەکان کە لەو بوارانەدا خاوەن دەسەڵاتن.

٤/ لیژنەکە لەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەوە پێی دراون، دەکۆڵێتەوە. پاشان ڕاپۆرتەکانی خۆی و هەروەها ئەو پێشنیازە گشتییانەش کە لەوانەیە شایانی سەرنج و گونجاو بن، بۆ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەنێرێ. هەروەها لەوانەیە لیژنەکە ئەم پێشنیازانە وێڕای ڕوونووسی ئەو ڕاپۆرتانەی لە دەوڵەتانی ئەندامەوە پێی گەیشتوون، بدات بە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٥/ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی بڕگەی (٤)ی ئەم ماددەیە دەتوانن بۆچوونی خۆشیان لەبارەی پێشنیازەکانەوە بۆ لیژنەکە بنێرن.

ماددەی (٤١):

١/ بەپێی ئەم ماددەیە هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەتوانێ هەرکاتێک ڕایبگەیەنێ کە لێوەشاوەیی لیژنەکە بۆ وەرگرتن و پێڕاگەیشتنی سکاڵاکانی دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەمبارەوە کە دەوڵەتێکی تری ئەندام بەرپرسیارێتی خۆی ئەنجامنادات، بەفەرمی بناسێ. بەپێی ئەم ماددەیە، ئەو سکاڵایانە وەردەگیرێن و لێیان

دەپرسـریتەوە کـە دەوڵەتـی ئەنـدامی ئـەم ڕێککەوتننـامەیە، دەسـەڵاتی لیـژنەکە بـۆ ڕاگەیشـتن بـەوانی بـەفەرمـی ناسـیبێ. هـەر سـکاڵایەک کـە پەیوەندیی بە دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە هەبێت کە ئەم دەسـەڵاتەی لیـژنەی بـەفەرمی نەناسـیبێ، وەرنـاگیرێ. ئـەو سـکاڵایانەی بەگوێرەی ئەم ماددەیە وەردەگیرێن بەم پێیە کە لـە خـوارەوەدا هـاتووە، هەنگاویان بۆ دەنرێ:

آ/ ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆی دەربکەوێت کە دەوڵەتێکی تری ئەندام ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ ناکا، ئەو دەوڵەتە بە سکاڵای نووسراو سەرنجی دەوڵەتی ئەندام ڕادەکێشـێ. لەماوەی (٣) سێ مانگ پاش وەرگرتنی سکاڵای بەنوسـراودا، دەوڵەتـی وەرگری سـکاڵاکە، ڕوونکردنـەوە یان هـەر جۆرە لێدوانێکی نووسـراوی تر بۆ ڕونبوونـەوەی بابەتەکە دەدات بە دەوڵەتی بەرزکـەرەوەی سکاڵا. ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ زانیاریی پەیوەندیدار بە ڕێسـاکانی دادپرسـی نـاوخۆیی ئـەو دەوڵەتـەو هـەنگاوەکانی تایبـەت بـە قەرەبووکردنـەوە یـان چاکسـازیی ئـەو ڕێسـایانەو هـەر شـتێکی بەسـودی دیکـەی تایبـەت بـەو بابەتەی تێدابێت.

ب/ ئەگـــەر دوو دەوڵەتـــی ئەنـــدام لەســـەر بابەتەکـــە، بـــەرەو لێکنزیکبوونەوەو ڕەزامەندی نەچوون، لە مـاوەی (٦) شـەش مـانگی پـاش وەرگرتنـی یەکـەم سـکاڵادا، هـەرکام لـە دوو دەوڵەتەکـە، مـافی ئـەوەی دەبێت کە کێشەکە بە نامـە بـە لیژنەو دەوڵەتی پەیوەندیدار بـە بابـەتەکە ڕابگەیەنێت.

ج/ لیـژنەکە تـەنها لـەو دۆخەدا لـە کێشـەکە دەپرسـێتەوە کـە ڕوون بووبێتـەوە هـەموو ڕێگاچـارە ناوخۆییـە گونجاوەکـان لـە بـارەی ئـەو کێشـەیە، بـەگـوێرەی بنـەماکانی یاسـا ناسـراوە نێودەوڵەتیـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی سـودیان لـێوەرگیراوەو ئاکـامی نـەبووە. ئـەم ڕێسـایە

لەبارەی هەندێک نموونەوە کە سکاڵاکە بە جۆرێکی پاساو هەڵنەگر درێژبووەتەوە، بەڕێوەناچێ.

د/ لیژنەکە، بەپێی ئەم ماددەیە، لەکاتی ڕاگەیشتنی بە سکاڵاکان، کۆبوونەوەی پێڕاگەیشتن پێکدێنێ.

ه/ بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی گونجاو لە بڕگەی (ج)دا، لیژنەکە هەنگاوی گونجاو و سەرنجەکانی خۆی بە مەبەستی چارەسەری دۆستانەی کێشەی جێیناکۆکی و لەسەر بناغەی ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤـ و ئازادییە بنەڕەتییە ناسراوەکان کە لەم ڕێککەوتننامەدا هاتوون دەدا بە دەوڵەتانی ئەندام.

و/ لیژنەکە بۆ ڕاگەیشتن بە هەر کێشەیەک کە داوای لێکراوە پێی ڕابگات، دەتوانێ بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی بڕگەی (ب)، زانیاریی تایبەت بەو کێشەیە لە دەوڵەتی پەیوەندیدار داوا بکا.

ز/ دەوڵەتانی پەیوەندیداری ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەپێی ناوەڕۆکی بڕگەی (ب)، مافی ئەوەیان هەیە لەکاتی گەیشتنی لیژنەکە بە کێشەکە، نوێنەریان لە لیژنەکەدا هەبێ و بۆچوون و لێدوانی خۆیان بە زارەکی و بە نووسراو پێشکەش بکەن.

ح/ لیژنە لە ماوەی(١٢) دوانزمانگدا پاش وەرگرتنی یادداشت، بەپێی بڕگەی (ب)، پەسەندی دەکات کە ڕاپۆرت پێشکەش بکات کە:

١/ ئەگەر ڕێگاچارەیەک بەپێی بڕگەی (ه) نەدۆزرایەوە، لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆی بەکورتی و تەنها لەبارەی ڕووداوەکان و ڕێگاچارەکە، ئامادە دەکات.

٢/ ئەگەر ڕێگاچارەیەک بەپێی ناوەڕۆکی بڕگەی (ه) نەدۆزرایەوە، لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆی بە کورتی و تەنیا لەبارەی ڕووداوەکانەوە ئامادەدەکا. بۆچوونی زارەکی و بەنووسراو کە لەلایەن دەوڵەتانی پەیوەندیدارەوە دەربڕاون، تۆمار دەکرێن و دەکرێ بە پاشکۆی

ڕاپۆرتەکــە. لــەبــارەی هــەر بابەتێکــەوە، ڕاپۆرتێــک بــە دەوڵەتــانی پەیوەندیدارو ئەندامی ڕێککەوتننامەکە ڕادەگەیەندرێ.

٢/ ڕێوشـوێنەکانی ئـەم ماددەیـە، لەوکاتـەوە بـەڕێوەدەچن کە (١٠) دە دەوڵەتی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەپێی بڕگەی (١)ی ئـەم ماددەیـە، ڕاگەیەنـدراویان دەرکردبـێ. ڕاگەیەنـدراوی دەوڵەتـانی ئەنـدامی ئـەم ڕێککەوتننــامەیە دەدرێتــە ســکرتێری گشــتیی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکان، ئەویش وێنەی ڕاگەیەندراوەکە بۆ دەوڵەتانی تری ئەندام دەنێرێت. ڕاگەیەندراوێک، هەر کاتێک دەکرێ بەهۆی یادداشتێک کە بۆ سکرتێری گشتی نووسراوە، وەربگیرێتەوە. وەرگرتنەوەی ڕاگەیەندراو، کار ناکاتە سەر سکاڵایەک کە پێشتر بەپێی ئەم ماددەیە نێردراوە بۆ لیژنە. هیچ سکاڵایەکی تر بەدوای گەیشتنی یادداشتی وەرگرتنەوەی ڕاگەیەندراو بە سکرتێری گشتی، وەرناگیرێ. مەگەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئاماژەبۆکراو، ڕاگەیەندراوێکی نوێ دەربکات.

ماددەی (٤٢):

١/

آ/ ئەگەر کێشەیەک بەپێی ماددەی (٤١) بۆ لیژنەکە نێردرابێ و ئەو کێشــەیە بــە ڕەزامەنــدیی دەوڵەتــانی ئەنــدامی پەیوەندیــدار چارەســەر نەکرابێ، لیژنەکە دەتوانێ بە ڕەزامەندیی پێشتری دەوڵەتانی ئەندامی پەیوەندیدار، کۆمیسیۆنێکی تایبەتی ڕێککەوتن دیاری بکات. کۆمیسیۆن بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی هێمنانە لەبارەی کێشەی جێی ناکۆکی، لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لەم ڕێککەوتننامە، یارمەتیی بەسود دەدات.

ب/ کۆمیسیۆن لە (٥) پێنج ئەندام پێکدێت کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیوەندیــدار، ڕازیــن. ئەگــەر دەوڵەتــانی ئەنــدامی پەیوەندیــدار لەســەر

پێکهاتەی هەموو یان بەشێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆن لە ماوەی (٣) سێ مانگدا ڕێک نەکەوتن، ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی کۆمیسیۆن کە لەسەریان ڕێک نەکەوتوون، بە دەنگی نهێنی و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنەکە، لە ناو ئەندامانیدا هەڵدەبژێردرێن.

٢/ ئەندامانی کۆمیسیۆن سەبارەت بە دەسەڵات و لێهاتووی کەسیی خۆیانەوەیە کە ئەو ئەرکانە ئەنجامدەدەن. نابێت هاووڵاتی دەوڵەتانی ئەندامی پەیوەندیدار، یان هاووڵاتی دەوڵەتێک بن کە ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە نییە یان هاووڵاتی دەوڵەتێک بن کە بەگوێرەی ماددەی (٤١)، ڕاگەیەندراوی دەرنەکردووە.

٣/ کۆمیسیۆن سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێ و پەیڕەوی نێوخۆیی خۆی پەسند دەکا.

٤/ کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن بەشێوەی ئاسایی دەبێ لە بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، لە نوسینگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان لە ژنێڤ پێکبێن. بەڵام ئەوان دەتوانن پاش ڕاوێژ لەگەڵ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەندامی پەیوەندیدار، کۆبوونەوەکانیان لە شوێنی گونجاوی تر پێکبێنن.

٥/ بەپێی ماددەی (٣٦)، نوێنەرایەتی پێشبینیکراو، ڕاژە و کاروباری نووسینگەیی ئەو کۆمیسیۆنانە ئەنجام دەدا کە بەهۆی ئەم ماددەیە پێکدێن.

٦/ ئەو زانیارییانەی لیژنەکە وەریان دەگرێ و لێیان دەکۆڵێتەوە، دەبێ بخرێنە بەردەست کۆمیسیۆن. کۆمیسیۆن دەتوانێ لە دەوڵەتانی ئەندامی پەیوەندیدار، زانیاریی تر کە بۆ کامڵکردن پێویستن، داوابکات.

٧/ کاتێک کۆمیسیۆن بە تەواوی بە کێشەکە ڕاگەیشت، لانی زۆر لە ماوەی (١٢) مانگ پاش ڕاگەیشتنی بە کێشەکە، بۆ ئاگاداریی دەوڵەتانی پەیوەندیدار، ڕاپۆرتێک لەلایەن سەرۆکی لیژنەکەوە پێشکەش دەکرێ.

آ/ ئەگەر کۆمیسیۆن لە توانایدا نەبوو لە ماوەی (١٢) مانگدا کاری ڕاگەیشتن بە کێشەکە تەواو بکات، لە ڕاپۆرتی خۆیدا تەنها باسی هەلومەرجی گەیشتن بە کێشەکە دەکات.

ب/ ئەگەر ڕێگایەکی هێمنانە بە مەبەستی پەیماندانی لایەنەکان لەسەر بناغەی ڕێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون، دۆزرایەوە، کۆمیسیۆن ڕاپۆرتی خۆی لە گێڕانەوەی بەکورتی ڕووداوەکان و ڕێگاچارەیەکدا کە پێی گەیشتووە، چڕدەکاتەوە.

ج/ ئەگەر ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە بەگوێرەی ناوەڕۆکی بڕگەی (ب) نەدۆزرایەوە، کۆمیسیۆن هەموو ئەو ڕێگاچارانە کە پەیوەندییان بە کێشەی نێوان دەوڵەتانی ئەندامەوە هەیەو، بۆچوونەکانی خۆی لە توێی پێشنیاز لە بارەی چارەسەری هێمنانەی کێشەکەوە، وەک ڕاپۆرت پێشکەش دەکا.

ئەم ڕاپۆرتە هەروەها تێبینییە زارەکی و نوسراوەکانی دەوڵەتانی ئەندامی بە تۆمارکراوی لەگەڵدا دەبێ.

د/ ئەگەر ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن بەپێی ناوەرۆکی بڕگەی (ج) پێشکەشکرا، دەوڵەتانی ئەندام لە ماوەی (٣) مانگ دوای وەرگرتنی ڕاپۆرت، دەبێ بە سەرۆکی لیژنە ڕابگەیەنن کە ئایا ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن پەسەند دەکەن یان نا.

٨/ بەپێی ماددەی (٤١)، ڕێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە، زیانێک بە بەرپرسیارێتییەکانی لیژنەکە ناگەیەنێ.

٩/ دەوڵەتانی ئەندام، هەموو تێچووەکانی ئەندامانی کۆمیسیۆن بەپێی بەراوردێک کە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیکات، بەشێوەی یەکسان دەگرنە ئەستۆ.

١٠/ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگوێرەی برگەی (٩)ی ئەم ماددەیە، ئەم دەسەڵاتەی هەیە ئەگەر پێویست بوو تێچووی ئەندامان بەرلەوەی دەوڵەتێکی ئەندام بیدات، بگرێتە ئەستۆ.

ماددەی (٤٣):

ئەندامانی لیژنەکەو ئەندامانی کۆمیسۆنەکانی تایبەت بە چارەسەری ناکۆکییەکان کە بە گوێرەی ماددەی (٤٢) دیاری کراون، هەروا کە لە بەشەکانی پەیوەندیدار بە بەڵێننامەی جیاوکەکان و پارێزراوییەکاندا هاتووە، مافی ئەوەیان هەیە لە ئاسانکاری، جیاوکەکان و پارێزراوییەکانی پسپۆڕانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سود وەربگرن.

ماددەی (٤٤):

ئەم ڕێوشوێنانەی لەم پەیمانەدا بڕیار لەسەر بەڕێوەچوونیان دراوە، هیچ زیانێک بەو پەیڕەوە ناوخۆییە دادپرسییانە ناگەیەنن کە لەبواری مافی مرۆڤ و بەڵگەنامەکانی پێکهێنەری دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە پسپۆڕییەکاندا، پەسندکراون. هەروەها ئەم ڕێوشوێنانە، ڕێ لەوەناگرن کە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیان، بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە گشتی و تایبەتییەکان کە لە نێوانیاندا هەیە، سود لە پەیڕەوە ناوخۆییەکانی تری تایبەت بە دادپرسی وەربگرن.

ماددەی (٤٥):

لیژنەکە لە ڕێگای ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕاپۆرتی ساڵانە لەبارەی تێکۆشانی خۆی پێشکەشی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

بەشی پێنجەم

ماددەی (٤٦):

هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامە نابێ بە جۆرێک لێکبدرێنەوە کە زیان لە ڕێوشوێنەکانی ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن، یان لەگەڵ پەیڕەوە ناوخۆییەکانی دامەزراوە پسپۆڕییەکان کە بەرپرسایەتییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکەن و هەروەها لەگەڵ دامەزراوە پسپۆڕییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکانی ئەم ڕێککەوتننامە، ناتەبا بن.

ماددەی (٤٧):

هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە نابێت بە جۆرێک لێکبدرێنەوە کە زیان بە مافی کەسی هەموو خەڵک لە سود وەرگرتنی تەواو و سەربەستانە لە سەرچاوە و سامانە سروشتییەکانی خۆیان بگەیەنێ.

بەشی شەشەم

ماددەی (٤٨):

١/ ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ مۆرکردن لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ئەندامی هەریەک لە دامەزراوە پسپۆڕییەکانی ئەم ڕێکخراوە، یان هەر دەوڵەتێکی ئەندامی وەفادار بە پەیڕەوی دیوانی نێودەوڵەتی داد و هەر دەوڵەتێک کە لەلایەن کۆمەڵەی

گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئەندامێتی لەم ڕێککەوتننامەیەدا بانگهێشت دەکرێ، بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

٢/ بوون بە ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەستراوەتەوە بە پەسندکرانی لەلایەن دەستووری هەر دەوڵەتێکەوە. بەڵگەنامەکانی پەسندکردن لەلای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەگیرێن.

٣/ ئەم ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بۆ ئەوەی هەر دەوڵەتێک پێی پەیوەست بێ ببێتە ئەندامی، کراوەیە.

٤/ پەیوەستبوون بەم ڕێککەوتننامەیەوە، لە ڕێگای پێدانی بەڵگەی پەیوەستبوون بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەبێ.

٥/ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەم ڕێککەوتننامەیان مۆر کردووە یان پێوە پەیوەست بوون، لە سپاردنی بەڵگەنامەی پەسندکردن یان پێوە پەیوەستبوون ئاگاداردەکاتەوە.

ماددەی (٤٩):

١/ (٣) سێ مانگ پاش سپاردنی سی و پێنجەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن یان پێوە پەیوەستبوون بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست بە بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامە دەکرێ.

٢/ هەر دەوڵەتێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پاش سپاردنی سی و پێنجەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن یان پێوە پەیوەست بوون، پەسند بکا یان پێی پەیوەست بێت، (٣) سێ مانگ پاش سپاردنی بەڵگەنامەی

پەسندکردن یان پێوە پەیوەستبوون، پێویستە دەست بە بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بکات.

ماددەی (٥٠):

ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەموو ئەندامانی دەوڵەتە فیدراڵییەکان بەبێ سنووردانان و جیاکردنەوە، دەگرێتەوە.

ماددەی (٥١):

١/ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەتوانێ گەڵاڵەیەک بۆ چاکسازی لەم ڕێککەوتننامەدا پێشنیاز بکات و دەقەکەی بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێ. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر گەڵاڵەیەکی پێشنیازکراوی لەم جۆرە بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەنێرێ و، داوایان لێدەکات پێی ڕابگەیەنن کە ئایا پێیان خۆشە کۆنفرانسێک بە بەشداریی دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی گەڵاڵە پێشنیارییەکان و بڕیاردان لە بارەیانەوە پێکبێت. ئەگەر لانیکەم سێ یەکی دەوڵەتی ئەندام لەگەڵ پێکهاتنی کۆنفرانسێکی ئەوتۆدا بن، سکرتێری گشتی لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆنفرانسێک پێکدێنێ. هەر دەسکاری و گۆڕانێک کە لەلایەن زۆرینەی دەوڵەتانی ئامادەبوو و دەنگدەری ناو کۆنفرانسەکە پەسندکرا، بۆ پەسەندکردن، دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢/ دەسکاری و گۆڕانەکان ئەوکاتە پێویستە بەڕێوە ببرێن کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرابن و زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی ئەندام، بە گوێرەی ڕەوتی یاسادانانی خۆیان، پەسەندیان کردبن.

٣/ هەرکە کاتی بەڕێوەبردنی گۆڕان و دەسکارییەکان دەستی پێکرد، بەڕێوەبردنیان لەسەر ئەو تاقمە لە دەوڵەتان کە پەسەندیان کردوون دەبێ بە شتێکی پێویست. دەوڵەتانی تری ئەندامیش ئەرکی سەرشانیانە ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەر جۆرە دەسکاری و گۆڕانێک کە پێشتر پەسەندیان کردووە، بەڕێوەببەن.

ماددەی (٥٢):

بێجگە لەو ڕاگەیەندراوانەی بەگوێرەی بڕگەی (٥)ی ماددەی (٤٨) دەدرێن، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو دەوڵەتانی ئاماژەبۆکراو لە بڕگەی (١)ی هەمان ماددەدا، لە هەموو ئەم هەنگاوە تایبەتییانە ئاگاداردەکاتەوە:

آ/ مۆرکردنەکان، پەسندکراوەکان و پێوە پەیوەستبوونەکان بەگوێرەی ماددەی(٤٨).

ب/ بەرواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی ماددەی (٤٨) و، بەرواری هەمواركردنەکان بەپێی ماددەی (٥١) دەبن.

ماددەی (٥٣):

١/ دەقی چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانیی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە هێزدا وەک یەکن و بە ئەرشیفی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێن.

٢/ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وێنەی دەقاودەقی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئاماژەبۆکراو لە ماددەی (٤٨)دا دەنێرێ.

**پاشکۆی ژماره (٥)**

پرەنسیپەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی

کە بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٠٧٤) (د- ٢٨)ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٧٣/١٢/٣)دا دەرچووە.
کۆمەڵەی گشتی:

ئاماژە دەکات بۆ بڕیاری خۆی ژمارە (٢٥٨٣) (د- ٢٤) کە لە (١٩٦٩/١٢/١٥)دا، دەریکردووە. بە بڕیاری خۆی ژمارە (٢٧١٢) (د- ٢٥) کە لە (١٩٧٠/١٢/١٥)دا، دەریکردووە. بڕیاری خۆی ژمارە (٢٨٤٠) (د- ٢٦) کە لە (١٩٧١/١٢/١٨)دا. دەریکردووە و بڕیاری خۆی ژمارە (٣٠٢٠) (د- ٢٧) کە لە (١٩٧٢/١٢/١٨)دا دەریکردووە.

ڕەچاوی ئەوە دەکات کە هەبوونی پێویستییەکی تایبەت بۆ بەدواداچوون و وەرگرتن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەپێناو دابینکردنی ڕاوەدوونان و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی.

کە سەیریشی کردووە لە پرۆژەی بنەماکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی. ڕایدەگەیەنێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی ئەو بنەما و مەبەستانەی کە لە بڕوانامەکەدا دیاریکراون و پەیوەستن بە پشتگیریکردنی هاوکاری نێوان دەوڵەتان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو بنەمایانانەی خوارەوە بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و

تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، ڕایدەگەیەنێت:

١/ تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی لە هەرکوێییەکدا ئەنجام درابن، جێگای لێکۆڵینەوەیە و ئەو کەسانەی کە بەڵگەی ئەوەیان لەسەر هەیە کە تاوانە ناوبراوەکانیان ئەنجام دابێت، جێگای بەدواداچوون و هێشتنەوە (توقیف) و دادگایی کردنن، و ئەگەر تاوانبار دەرچوون، سزا دەدرێن.

٢/ هەر دەوڵەتێک مافی دادگاییکردنی هاووڵاتیانی خۆی هەیە، بەهۆی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیەوە.

٣/ دەوڵەتان دوو لایەنە و چەند لایەنە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن لەپێناوی وەستاندنی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و ڕوونەدانی، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، چەند تەگبیرێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەکەن.

٤/ دەوڵەتان یارمەتیی یەکتر دەدەن لە بەدواداچوون و گرتن و دادگاییکردنی ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت کە بابەتی وەک ئەم تاوانەیان ئەنجامدابێت و سزادانیان ئەگەر تاوانبار دەرچوون.

٥/ ئەو کەسانەی کە بەڵگەی ئەوەیان لەسەرە کە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتییان ئەنجام دابێت، دەدرێنە دادگا و سزا دەدرێن، ئەگەر تاوانکار دەرچوون، ئەمەش وەک بنەمایەکی گشتی لەو دەوڵەتانەی کە تاوانەکانیان تێدا ئەنجام داوە، لەم بارەیەوە دەوڵەتان لە هەرچییەک کە پەوەندیی بە تەسلیمکردنەوەی ئەو کەسانەوە هەبێت هاوکاریی یەکتردەکەن.

٦/ دەوڵەتـان هاوكـاریی یەكتـردەكەن لە كـۆكردنەوەی ئەو بەڵـگە و زانیارییانەی كە بۆیان هەیە، یارمەتی ڕاپێچكردنی كەسانی كە لە خاڵی پێنجەمـی سـەرەوەی ئامـاژە بـۆ كـراو بـدات بـۆ دادگـاییكردن و ئەو زانیارییانە ئاڵوگۆڕیان پێدەكرێت.

٧/ بەپێـی مـاددەی (١) لە جاڕنـامەی پەنـابەری هەرێمـی كە لە (١٩٦٧/١٢/١٤)دا دەرچووە، نابێت دەوڵەتان پەنای هیچ كەسێك بدەن كە گومـانی تەواوی لێـدەكرێت بە ئەنجامـدانی تـاوانی دوژمنكـاری یـان تاوانەكانی جەنگ یان تاوانەكانی دژ بەمرۆڤایەتی.

٨/ دەوڵەتـان هـیچ تەگبیرێكـی یاسـایی یـان غەیـرە یاسـایی نـاكەن، لەوانەیە كـارتێكردنێكی نەرێنـی بەسـەر ئەو پابەنـدییە نێـودەوڵەتییەوە تێدابێت بە ئەستۆیانەوە گرتووە، لەوەی پەیوەندیدارە بە بەدواداچوون و گـرتن و تەسـلیمكردنەوە و سـزادانی كەسـانی تاوانكـار بە تاوانەكـانی جەنگ و تاوانەكانی دژ بەمرۆڤایەتی.

٩/ كاتێك دەوڵەتان هاوكاریی یەكتر دەكەن لە پێناوی بەدواداچوون و گـرتن و تەسـلیمكردنەوەی ئەو كەسـانەی كە بەڵـگەی ئەوەیـان لەدژدا هەیەكە تاوانەكانی جەنگ و تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامدابێت و سـزادانیان ئەگەر تاوانبـار دەرچـوون، بەپێـی دەسـتووری ڕێكخـراوی نەتەوە یەكگرتووەكـان و جاڕنـامەی بنەماكـانی یاسـای نێـودەوڵەتی پەیوەستدار بە پەیوەندیەكانی دۆستایەتی و هاوكاریی نێوان دەوڵەتان، بەپێی دەستووری نەتەوە یەكگرتووەكان هەڵسوكەوت دەكەن.

**پاشکۆی ژماره (٦)**

یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)

ئەم یاسایە، یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرچووە و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٥/١٠/٩)دا پەسەندی کردووە، یاساکەش لە ژمارە (٤٠٠٦) ی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی لە (٢٠٠٥/١٠/١٨)، بڵاو کراوەوەتەوە و لە (٤٠) مادده پێکدێت.

بەشی یەکەم/

دامەزراندنی دادگاکە و شێوەی ڕێکخستنی

لقی یەکەم:

دامەزراندن

ماددەی (١):

١/ دادگایەک دادەمەزرێت بە ناوی (دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی)، وە لە دواییدا بە (دادگا) دەناسرێت و سەربەخۆیی تەواوی هەیە.

٢/ دەسەڵاتی دادگا پەیڕەودەکرێت، بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراق نیشتەجێبێت، وە تۆمەتباربێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تاوانانەی کە باسکراون لە مادەکانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا و ئەنجامدراون لە (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١)، لە عێراق یان لە هەر شوێنێکی تردا.. وە ئەم تاوانانە دەگرێتەوە:

آ/ تاوانی جینۆساید،

ب/ تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی،

ج/ تاوانەکانی جەنگ،

د/ پێشێلکردنی یاساکانی عێراقی کە دیاریکراون لە ماددەی (١٤)ی ئەم یاسایەدا.

ماددەی (٢):

بارەگای دادگا لە شاری بەغداد دەبێت وە بۆی هەیە کۆبونەوەکانی خۆی لەهەر پارێزگایەک لە پارێزگاکانی عێراقدا ببەستێت بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دادگا.

لقی دووەم:

شێوەی ڕێکخستنی دادگا

ماددەی (٣): دادگا پێک دێت:

/١

آ/ دەستەی پێداچوونەوە تایبەتمەندە بە چاوگێڕان بەو فەرمان و بڕیارانەی لەلایەن دادگاکانی تاوانکاری یان دادوەرانی لێکۆڵینەوە دەردەچن.

ب/ دادگایەکی تاوانکاری یان زیاتر.

ج/ دادوەرانی لێکۆڵینەوە.

٢/ دەستەی داواکاری گشتی.

٣/ کارگێڕی هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کارگێڕی و داراییەکان بۆ دادگا و داواکاری گشتی.

٤/ دەستەی پێداچوونەوە لە (٩) دادوەر پێکدێت وە لە نێوان خۆیان سەرۆکێک هەڵدەبژێرن. سەرۆکی دەستەی پێداچوونەوە دەبێتە سەرۆکی بەرزی دادگا وە سەرپەرشتیی لایەنی کارگێڕی و دارایی دەکات.

٥/ ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەکاتی پێویست لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دادگا دادوەرانی بیانی دابنێت (انتداب) ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە بواری دادگایی کردن و خاوەن خوڕەوشتی بەرز و داوێن پاک و سەر ڕاستن بۆ کارکردن لە دادگا وە ئەو دادوەرانە بە یارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنرێن، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان.

لقی سێیەم:

دەست نیشان کردنی دادوەران و داواکارانی گشتی و بە کۆتایهێنانی ڕاژەکانیان

ماددەی (٤):

١/ دادوەران و داواکارانی گشتی پێویستە تا ڕادەیەکی بەرز خوڕەوشت بەرز و داوێن پاک و سەر ڕاستبن وە شارەزاییەکی باشیان هەبێت لە یاسای تاوانکاری وە مەرجەکانی دامەزراندنیان لە یاسای ڕێکخستنی دادوەری ژمارە (١٦٠)ی ساڵی (١٩٧٩)، وە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٧٩)دا باسکراوە.

٢/ بەدەر لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە کە دەڵێت پاڵێوراوان بۆ کاری دادوەری لە دەستەی پێداچوونەوە و دادگاکانی تاوانکاری و لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی دەبێت لەو دادوەر و داواکارییە گشتییانەبن کە لە ڕاژەدا بەردەوامن، وە هەروەها دەبێت، لە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی خانەنشین کراوبن بەبێ پابەند بوون بە مەرجی تەمەن، وە پارێزەرانی عێراقی خاوەن توانا و شارەزایی بەرز لەوانەی کە دەسەڵاتیان ڕەهایە بەپێی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (١٧٣)ی ساڵی (١٩٦٥)، وە ڕاژەی دادوەریان یان یاساییان لە بواری پارێزەرایەتیدا لە (١٥) پانزە ساڵ کەمتر نەبێت.

/٣

آ/ ئەنجومەنی دادوەری باڵا گشت دادوەر و داواکارە گشتییەکان بۆ دادگا دەپاڵێوێت، وە بەبڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دادەمەزرێن دوای ڕەزامەندنیی ئەنجومەنی وەزیران وە دەبێت لە جۆری دادوەری یەکەم بن بەدەر لە بڕیارەکانی یاسای ڕێکخستنی دادوەری و یاسای داواکاری وە موچەیان بە ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکرێت.

ب/ دادوەران و داواکـارانی گشـتی و فەرمـانبەران ئەوانەی کە بەپێـی یاسـا دامەزراون بـۆ ئەم دادگـایە پـێش دانـانی ئەم یاسـایە وا دادەنـرێن بەپێـــی یاســـا دامەزراون لە بەرواری دامەزرانـــدنیانەوە بەگـــوێرەی بڕیارەکانی بڕگەی (٣/ آ) لە ماددەی (٤) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی ماددەی(٣٣)ی ئەم یاسایە.

٤/ ئەنجـومەنی سـەرۆکایەتی لەسـەر پێشنیاری ئەنجـومەنی وەزیـران بۆی هەیە هەردادوەرێک یان داواکارێکی گشتی لە دادگا بگوازێتەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەریی باڵا لەبەر هەر هۆیەک بێت.

ماددەی (٥):

ڕاژەی دادوەران و داواکـارانی گشـتی ئەوانەی کە ئەم یاسـایە دەیـان گرێتەوە بەهۆی یەکێک لەم هۆیانە کۆتایی دێت:

١/ ئەگەر بە ئەنجامدانی تاوانێکی نا سیاسی تاوانبار بکرێت.

٢/ ئەگەر زانیاریی بەدرۆ یان ساختەی پێشکەش کردبێت.

٣/ ئەگەر لە جێبەجـێ کردنـــی ئەرکەکـــانی کەم تەرخەم بـــوو بەبـــێ هۆیەکی ڕەوا.

ماددەی (٦):

١/ لیژنەیەک هەڵدەبژێرێت بە سەرپەرشتیی دەستەی پێداچوونەوە کە پێکدێت لە (٥) ئەندام لەنێوان دادوەران و داواکارانی گشتیی دادگا، وە لە نێـوان خۆیانـدا سـەرۆکێک هەڵـدەبژێرن پێیـدەوترێت (لیـژنەی کاروبـاری دادوەران و داواکـارانی گشـتی)، بۆ مـاوەی سـاڵێک وە ئەو دەسـەڵاتانەی دەبێت کە لە یاسـای ڕێکخسـتنی دادوەری و یاسـای داواکـارانی گشـتیدا هـــاتووە، هەڵدەســـتێت بە چـــاوگێڕان بە ڕێکخســـتنی کارەکـــان و ڕاژەی فەرمانبەرێتیی دادوەران و ئەندامانی داواکـاری گشـتی وە بڕیارەکانیشـی شـیاوی تـانە لێدانە لەبەردەم دەسـتەی فراوانـی دادگـای پێداچوونەوەی

فیدراڵی ئەگەر هات و فەرمان بەکۆتاییهێنانی ڕاژەی دادوەر یان ئەندامی داواکاری گشتی بوو.

٢/ لیژنەکە دوای ڕەتکردنەوەی تانە لێدان لەلایەن دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی پێشنیارەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرچوونی بڕیار لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، بۆ کۆتاییهێنانی ڕاژەی دادوەر یا داواکاری گشتی یان سەرۆکی دادگا ئەگەر هات و یەکێک لەو حاڵەتانەی کە دیاریکراون لە ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە هاتەدی.

٣/ دادگا کاتێک کۆتایی بە کارەکانی دێنێ دادوەران و داواکارانی گشتی دەگوازرێنەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەریی باڵا، وە ئەوانەی تەمەنی یاساییان تەواو کردبێت خانەنشین دەکرێن.

لقی چوارەم:

سەرۆکایەتی دادگا

ماددەی (٧):

١/ سەرۆکی دادگا بەم کارانە هەڵدەستێت:

آ/ سەرپەرشتیی کۆبونەوەکانی دەستەی پێداچوونەوە.

ب/ دانانی دادوەرە هەمیشەیی و یەدەگەکانی دادگاکانی تاوانکاری.

ج/ دانانی هەر دادوەرێک بۆ دادگای تاوانکاری لە کاتی ئامادەنەبوونی یەکێک لە دادوەرانی تر.

د/ ئەنجامدانی کارە کارگێڕییەکانی دادگا.

ه/ دامەزراندنی بەڕێوەبەری کارگێڕیی دادگا و بەڕێوەبەری ئاسایش و بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبەری ئەرشیف و پاراستنی بەڵگەنامەکان لە دادگا و کۆتایی هێنان بە ڕاژەکانیان بەپێی یاسا.

و/ دانانی وتەبێژی فەرمی بۆ دادگا لە دادوەران یان داواکاری گشتی.

٢/ سـەرۆکی دادگـا بـۆی هەیە شـارەزایانی بیـانی دابمەزرێنێـت بـۆ کـــارکردن لە دادگاکـــانی تاوانکـــاری و دەســـتەی پێـــداچوونەوە بـــۆ پێشکەشـکردنی یـارمەتی لەبـواری یاسـای نێـودەوڵەتی و ڕووداوەکـانی هاوشێوە ئەگەر هـات و نێودەوڵەتی بوو وە یان شـێوەی تر، وە دەبێت دانانی ئەو شارەزایانە بە یارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان بێت.

٣/ پێویســـتە شـــارەزا بیانییەکـــان کە لە بـــڕگەی (٢)ی ئەم مـــادەیەدا باسکراون تـا ڕادەیەکی بەرز خـاوەن خوڕەوشـتی بەرز و داوێن پـاک و سـەر ڕاسـت بـن، وە وا بەبـاش دەزانرێت کە شـارەزایانی بیـانی کـاری کردبێت لە بواری دادوەری یان داواکاری گشـتی لە دەوڵەتـی خـۆی یـان لە دادگای تاوانکاریی جەنگی نێودەوڵەتیدا.

لقی پێنجەم:

دادوەرانی لێکۆڵینەوە

ماددەی (٨):

١/ ژمارەیەکی پێویست لە دادوەرانی لێکۆڵینەوە دادەمەزرێن.

٢/ دادوەرانـــی لێکـــۆڵینەوە لە دادگـــادا لێکـــۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبـــاران دەکەن لە ئەنجامـدانی ئەو تاوانـانەی لە بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (١)ی ئەم یاسایەدا باسکراون.

٣/ دادوەرانـــی لێکـــۆڵینەوە لە نـــاو خۆیانـــدا ســـەرۆکێک و جێگرێـــک هەڵدەبژێرن.

٤/ سـەرۆک کەیسـەکانی لێکـۆڵینەوە ئاراسـتەی دادوەرانـی لێکـۆڵینەوە دەکات بۆ هەریەکیان بە تەنیایی.

٥/ هەر نوسینگەیەک لە نوسینگەکانی لێکۆڵینەوە پێکدێت لە دادوەرانی لێکـۆڵینەوە و میلاکێـک کە لێهـاتویی هەبێـت و گونجاوبێـت بـۆ کـاری دادوەری لێکۆڵینەوە.

٦/ دادوەری لێکۆڵینەوە مافی کۆکردنەوەی بەڵگەکانی سەلماندنی هەیە لە هەر سەرچاوەیەک کە پێی گونجاوبێت وە دەتوانێت پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بەلایەنی پەیوەندیدار بکات.

٧/ دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگا بەسەربەخۆییەکی تەواو ڕەفتار دەکات بەو مانایەی کە دەزگایەکی جیایە لە دادگا و ناکەوێتە ژێر یان بەدەنگهاتنی هیچ داواکارییەک یان فەرمانێک کە لە لایەنێک لە لایەنەکانی میری یان هەر لایەنێکی تر دەرچووبێت.

٨/ بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە شیاوی تانە لێدانی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی پێداچوونەوە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە ڕۆژی پێڕاگەیاندن یان بەو پێیەی کە پێڕاگەیەنراوە بەگوێرەی یاسا.

٩/ سەرۆکی دادوەرانی لێکۆڵینەوە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی دادگا بۆی هەیە کەسانی بیانی دابمەزرێنێت وەکو شارەزا بۆ پێشەکەشکردنی یارمەتی بۆ دادوەرانی لێکۆڵینەوە لە بواری لێکۆڵینەوە لەو کەیسانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، ئەگەر کەیسەکان نێودەوڵەتی بن، یان هەر کەیسێکی تر، وە سەرۆکی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بۆی هەیە هەستێت بە دامەزراندنی ئەو شارەزایانە بەیارمەتیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٠/ مەرجە شارەزاو چاودرێرە بیانییەکانی ناوبراو لە بڕگە (٩)ی ئەم ماددەیەدا هەڵگری خوڕەوشتی بەرز و سەرڕاست و داوێن پاک بن، وە واباشە کاریان کردبێت لە بواری دادوەری یان داواکاری گشتی لە دەوڵەتی خۆیان لە دادگاکانی تاوانکاریی جەنگی نێودەوڵەتیدا.

لقی شەشەم:

دەستەی داواکاری

ماددەی (٩):

١/ ژمارەیەکی پێویست لە داواکارانی گشتی دادەمەزرێن.

٢/ دەســتەی داواکــاری گشــتی پێکـدێت لە ژمــارەیەک لە داواکــارانی گشــتی کە بەرپرســن لە تۆمــارکردنی داوا دژی کەســانی تۆمەتبــار بە ئەنجامدانی تاوان لە میانەی تایبەتمەندیی دادگادا.

٣/ داواکــارانی گشــتی لەنێــوان خۆیانــدا ســەرۆکێک و جێگرێــک هەڵدەبژێرن.

٤/ هەر نوسینگەیەک لە نوسینگەکانی داواکاری گشتی لە داواکارێکی گشتی و میلاکێکی لێهاتووی گونجاو بۆ کاری داواکاری گشتی پێکدێت.

٥/ هەر یەکێک لە داواکارانی گشتی بە سەربەخۆییەکی تەواو ڕەفتار دەکات بەو مانایەی کە دەزگایەکی جیایە لە دادگا وە ناکەوێتە ژێر یان بەدەنگەوەهاتنی هیچ داواکارییەک یان فەرمانێک کە لەلایەنەکانی میری یان هەرلایەنێکی تر دەردەچێت.

٦/ سەرۆکی داواکاری گشتی بریکاریەتی دەدات بە داواکاری گشتی لە کێشــەی پێویســت بە لێکـۆڵینەوە و دادبینــی لە قۆنـاغی دادبینیکـردن بەگـوێرەی ئەو دەســەڵاتانەی کە دراوە بە داواکــارە گشــتییەکان بەپێـی یاسا.

٧/ ســەرۆکی دەســتەی داواکــاری گشــتی دوای ڕاوێژکــردن لەگەڵ سـەرۆکی دادگـا بـۆی هەیە کەسـانێکی بیـانی دابمەزرێنێت بەناونیشـانی شارەزا بۆ یارمەتیدانی داواکارە گشتییەکان لەو کارانەی کە پەیوەندی دارن بە لێکۆڵینەوە و داواکاری لەو کەیسانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە بـواری نێـودەوڵەتی وەیـان هیتـر، وە سـەرۆکی دەسـتەی داواکـاری گشــتی بـۆی هەیە ئەو شــارەزا و چــاودێرانە بە یــارمەتیی کۆمەڵگــای نێودەوڵەتی دابمەزرێنێت لە نێوانیاندا نەتەوە یەکگرتووەکان.

٨/ مەرجە ئەو بیانییانەی کە لە بڕگەی (٧)ی ئەم ماددەیەدا ناوبراون تاکو ڕادەیەکی بەرز خوڕەوشت بەرز و سەرڕاست و داوێن پاک بن، وە

وا باشه شارەزای بیانی کاری کردبێت له داواکاری گشتی له دەوڵەتی خۆی یان له دادگاکانی تاوانکاریی جەنگی نێودەوڵەتیدا.

لقی حەوتەم:

فەرمانگەی کارگێڕی

ماددەی (١٠):

١/ فەرمانگەی کارگێڕی فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەبات بەناونیشانی بەڕێوەبەری فەرمانگە، که بڕوانامەی بەکالۆریۆسی له یاسادا هەبێت وە خاوەن شارەزایی دادوەری و کارگێڕی بێت، ژمارەیەک له فەرمانبەران یارمەتیی دەدەن بۆ ڕاپەڕاندنی کاری فەرمانگەکە.

٢/ فەرمانگەی کارگێڕی بەرپرسیارێتی کاره کارگێڕی و دارایی و کارگوزارییەکانی دادگا و دەستەی داواکاری گشتی دەگرێته ئەستۆ.

بەشی دووەم/

پسپۆڕی (تایبەتمەندییەکان)ی دادگا

لقی یەکەم:

تاوانی جینۆساید

ماددەی (١١):

١/ مەبەستەکانی ئەم یاسایه و بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنه سەر تاوانکارانی، که له (١٩٤٨/١٢/٩)ەوه دەرچووه و عێراق له (١٩٥٩/١/٢٠) مۆری کردووه. کەواته (جینۆساید: هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیه بەمەبەستی له ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

ئەو کردەوانەش:

آ/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

ب/ زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری به ئەندامانی گروپەکە.

ج/ دانـانی گـروپەکە لە بـارودۆخێکی سـەختدا بە نیـازی لە نـاوبردنی هەموو یان بەشێکیان.

د/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لەناو ئەندامانی گروپەکەدا.

ه/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

ئەم پێناسـەیەش هەمـان پێناسـەیە کە سیسـتەمی بنەڕەتیـی دادگـای تاوانکاریی نێودەوڵەتی کردوویەتی.

٢/ ئەم کردارانەی خوارەوە سزایان لەسەرە:

آ/ جینۆساید.

ب/ پیلاندانان بۆ جینۆساید.

ج/ هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ تاوانی جینۆساید.

د/ هەوڵدان بۆ تاوانی جینۆساید.

ه/ بەشداریکردن لە جینۆساید.

لقی دووەم:

تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی

ماددەی (١٢):

١/ تاوانەکـانی دژ بەمرۆڤـایەتی بـریتییە لە (هەریەک لەم کـردارانەی خـوارەوە هەرکاتێـک ئەنجامـدرا لە چوارچێوەی هێرشـێکی بەربـڵاو یـان نەخشە بۆ کێشراو و ئاراستەکراو دژی گروپێک لە دانیشتوانی سڤیل وە یان زانیاری بەو پەلامارە هەبێت).

ئەو کردارانەش:

آ/ کوشتنی بە مەبەست.

ب/ لە ناوبردن.

ج/ بە کۆیلەکردن.

ج/ دورخستنەوە یان گواستنەوەی دانیشتوان بە زۆر.

ە/ زیندانیکردن، یان بێبەشکردنی توند لە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی ئازادی جەستەیی کە پێچەوانەی ڕێسا بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت.

و/ ئەشکەنجەدان.

ز/ دەستدرێژی کردنە سەر ناموس، کۆیلە کردنی سێکسی، لەشفرۆشی بەزۆر، سک پڕبونی بە زۆر، یان هەر شێوەیەک لە شێوەکانی توندوتیژیی سێکسی کە بەم پلەیە ترسناک بێت.

ح/ چەوساندنەوەی هەر گروپێکی دیاریکراو یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە دانیشتوان، لە سەر بنەمای سیاسی، نەژادی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، کەلتوری و ئاینی یان پەیوەندیی هەبێت بە جۆری ڕەگەز، یان بە هەر هۆیەکی ترەوە کە یاسای نێودەوڵەتی قەدەغەی کردووە.

گ/ ونکردنی کەسانێک بەزۆر.

ی/ کرداره نامرۆڤایەتییەکانی تر کە شێوەی هاوجۆری ئەوانن و دەبنە هۆکاری بە مەبەست بۆ گیرۆدەیی توند کە ئازاری ترسناک بە جەستە یان بە تەندروستی هزر و جەستە دەگەینن.

٢/ بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەدا ئەم زاراوانەی کە لە خوارەوە ڕیزبەند کراوە ئەم مانایانە دەگەیەنێت کە لە بەرامبەری دیاریکراون:

آ/ هێرش ئاراستەکردن لەدژی هەر گروپێک لە دانیشتوانی سڤیل، بە مانای ڕێبازێکی ڕەوشتی دووبارە بونەوەی ئەنجامدانی کردەوەکان دەستبەسەردەکات کە باسکراوە لە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەدا دژی هەر گروپێک لە دانیشتوانی سڤیل بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەوڵەت یان ڕێکخراوێک کە فەرمان بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە هێرشە دەدات یان بۆ بتەوبوونی ئەم سیاسەتە.

ب/ لەناوبردن، سەپاندنی بارێکی گوزەرانی بە مەبەست دەگرێتەوە، وەک بێبەشکردن لە دەستکەوتنی خۆراک و داو دەرمان بەمەبەستی لەناوچوونی بەشێک لە دانیشتوان.

ج/ بەکۆیلەکردن، بە مانای جێبەجێکردنی هەریەک یان هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لە مافی موڵکایەتی دێتەدی بەسەر کەسێکدا، وە لەوانە جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتانەی لەپێناو بازرگانیکردن بە کەسان بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان.

د/ دوورخستنەوە یان گواستنەوەی دانیشتوان بەزۆرەملێ، بە مانای گواستنەوەی کەسانێک بەزۆرەملێ لە شوێنێک کە بەشێوەیەکی ڕەوا لێی دانیشتوون، بە دەرکردن یان بە هەرکارێکی زۆرەملێی تر بەبێ هیچ هۆیەک کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگای پێدابێت.

ه/ ئەشکەنجەدان، بە مانای بوونەهۆی ئێش و ئازارێکی زۆر و گیرۆدەیی بە مەبەست، ئەگەر هات و جەستەیی یان هزریی بێت بەسەر کەسێک کە گلدرابێتەوە یان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت بە و مانایەی کە ئەشکەنجەدان ئەو ئازار و گیرۆدەییە ناگرێتەوە کە لە ئەنجامی سزا یاساییەکان و پێوەندەکانی دێتەدی.

و/ چەوساندنەوە، بە مانای بێبەشکردنی بە مەبەست و توند لە مافە بنچینەییەکان بەشێوەیەک پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی بێت بە هۆکاری ناسنامەی گروپ یان گروپێک.

ز/ ونکردنی کەسانێک بەزۆرەملێ، بە مانای دەستگیرکردنی کەسانێک یان گلدانەوە یان ڕفاندنیان لەلایەن میرییەوە یان ڕێکخراوێکی سیاسی یان بەڕێپێدان و پشتیوانییان لەم کارە یان بێدەنگبوون لێیان. هەروەها پەسەندنەکردنی دانپیان بەبێبەشکردنی ئەو کەسانە لە ئازادی یان زانیاری پێدان دەربارەی چارەنووسیان یان ئەو شوێنانەی کە تیایدان، بەمەبەستی بێبەشکردنیان لە پاراستنی یاسایی بۆ ماوەیەکی درێژ.

لقی سێیەم:

تاوانەکانی جەنگ

تاوانەکانی جەنگ لەم یاسایەدا ئەم کردەوانەی خوارەوەیە:

١/ پێشێلکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکانی (جنێف)ی (١٩٤٩/٨/١٢)، وە بە دیاریکراوی هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە ڕیزبەندکراوە و ئەنجامدراوە دژی کەسان یان موڵک وماڵی پارێزراو بەپێی بڕیارە پێدراوەکانی ڕێککەوتننامەی (جنێف)ی پەیوەندیدار

ئەو کردارانەش:

آ/ کوشتنی بە مەبەست.

ب/ ئەشکەنجەدان یان هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە، لەوانە هەستان بە تاقیکردنەوەی بایۆلۆژی.

ج/ بەسەرهێنانی کوێرەوەریی توند و مەبەستدار یان گەیاندنی ئازاری ترسناک بە جەستە یان تەندروستی.

د/ وێرانکردنێکی فراوان و لە ڕادەبەدەری موڵک و ماڵ و دەستبەسەراگرتنیان بەبێ پاساوی پێویستییەکی سەربازی وە بە شێوەیەکی لادەر لە یاساو بە ڕێگایەکی گێرەشێوێن.

ه/ ناچارکردنی دیلەکانی جەنگ یان کەسی پارێزراو بۆ ڕاژە لە سوپای دوژمن.

و/ بێبەشکردنی هەر دیلێکی جەنگ یان کەسی پارێزراو لە مافی خۆی بۆ دادبینیکردن لە دادگایەکی دادپەروەر و ڕێک و پێک، بە مەبەست.

ز/ هێشتنەوەی نایاسایی.

ح/ دورخستنەوە یان گواستنەوەی نایاسایی.

گ/ بە بارمتە گرتن.

٢/ پێشێلکارییە ترسناکەکانی تری ئەو یاساو داب و نەریتانەی کە پێویستە پیادە بکرێت لە ململانێ چەکدارییە نێودەوڵەتییەکاندا لە

چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی چەسپاو وە بە دیاریکراوی لەم کردارانەدا.

ئەو کردارانەش:

آ/ هێرشی بە مەبەست و ئاراستەکراو دژی دانیشتوانی سڤیل یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگییەکان بەشدارنەبوون.

ب/ هێرشی بە مەبەست ئاراستەکراو دژی ئامانجە سڤیلییەکان لەوانە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین.

ج/ هێرشی بە مەبەست دژی خزمەتگوزارییەکان، دامەزراوەکان، کەل و پەلەکان، یەکەکان یان ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو لە کارە هاریکارییە مرۆییەکان یان پاراستنی ئاسایش بەپێی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنەبن کە دراوە بە سڤیلەکان یان ئامانجە سڤیلییەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.

د/ هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی کە بزانرێت ئەو هێرشە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانی گیانی یان بریندار بونی سڤیلەکان یان کەوتنەوەی زیانی سڤیلی کە زیادە ڕۆییەکەی ڕوون بێت بە بەراورد لەگەڵ گشت دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکراو و ڕاستەوخۆکان.

ە/ هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی بزانرێت ئەو هێرشە دەبێتەهۆی کەوتنەوەی زیانێکی یەکجار بەرفراون و ماوە درێژ و بەتین بە ژینگەی سروشتی کە زیادە ڕۆییەکەی ڕوون بێت بە بەراورد لەگەڵ هەموو دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکرا و ڕاستەوخۆکان.

و/ هێرش یان بۆردومانی شارەکان، گوندەکان، ماڵەکان یان باڵەخانەکان بە هەر ئامرازێک بێت کە هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نییەو ئامانجی سەربازییش نین.

ز/ کوشتن یان بریندارکردنی جەنگاوەرێک کە دەستبەرداری چەکەکەی بوبێت یان ئامرازی بەرگری لە خۆکردنی نەبێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی بەدەستەوەدابێت.

ح/ خراپ بە کارهێنانی ئاڵای ئاگربەست یان ئاڵا یان دروشمی سەربازی و جل و بەرگی دوژمن، یان ئاڵا یان دروشمەکان و جل و بەرگی سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها نیشانەکانی جیاکاری ڕێککەوتننامەکانی جنێف کە دەبێتەهۆی گیان لە دەستدان یان بریندارکردنی تاکەکان.

گ/ هەڵسانی حکومەتی عێراق یا هەریەک لە دەزگاکانی (بۆ مەبەستی ڕوون کردنەوە بریتی یە لە هەر دەزگایەکی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی)، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە گواستنەوەی بەشێک لە دانیشتوانە سڤیلەکان بۆ هەر خاکێک کە داگیری دەکات. یان دورخستنەوەو گواستنەوەی هەموو یان بەشێک لە دانیشتوانی خاکە داگیرکراوەکە لە نێو ئەو خاکە یان بۆ دەرەوەی.

ی/ هێرشی بە مەبەست ئاراستەکراو دژی باڵەخانەکان کە ئامانجی سەربازی نین و تایبەتن بۆ مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، خێرخوازی، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، نەخۆشخانەکان و شوێنی کۆبونەوەی نەخۆش و بریندارن.

ک/ سەرپێدانواندنی کەسانی سەر بە هەر دەوڵەتێک بۆ شێواندنی جەستەیی یان هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی یان زانستی کە بیانویەک لە ئارادانەبێت بۆ چارەسەری کەسی مەبەست لە نەخۆشخانە

و له بەرژەوەندییدا نەبێت و ببێتەهۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانێک یان تەندروستییان بخاتە ژێر مەترسییەکی ترسناکەوە.

ل/ کوشتن یان بریندارکردنی هەر کەسێک لە کەسانی نەتەوەی دوژمن بە ڕێگایەکی ستەمکارانە.

م/ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ کەسێک لە ژیاندا نەماوە.

ن/ وێرانکردن یان دەستبەسەردا گرتنی موڵک وماڵی دانیشتوانی سڤیلی لایەنی دوژمن کە ئەم وێرانکردن و دەست بەسەردا گرتنە کارێکی وانەبێت کە ناچارییەک بێت بۆ پێویستییەکانی جەنگ.

س/ ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوە، یان هەڵپەساردن، یان نەهێشتنی پەنابردنەبەر دادوەری بە مەبەستی بێبەشکردنی هاووڵاتیانی لایەنی دوژمن بۆ داواکردنی مافەکانیان،

ع/ ناچارکردنی هاووڵاتیانی لایەنی دوژمن بۆ بەشداری لە کردارەکانی جەنگی ئاراستەکراو دژی دەوڵەتەکەیان، هەتا ئەگەر هاتو ئەو هاووڵاتیانە لە ڕاژەی دەوڵەتی شەڕکەردا بوبن پێش هەڵگیرسانی جەنگ.

ف/ تالانکردنی هەر شارێک یان شوێنێک، ئەگەر هاتو بەزۆریش دەستی بەسەرداگیرابێت.

ص/ ژەهر بەکارهێنان یان چەکی ژەهراوی.

ق/ بەکارهێنانی گازی خنکێنەر یان ژەهراوی یان هەر گازێکی تر، وە هەروەها هەر شلەیەک یان کەرەستەیەک یان کەلوپەلێکی تری هاوجۆر.

ر/ بەکارهێنانی ئەو گوللانەی کە دەکشێت یان بە ئاسانی ڕۆدەچێت بۆ ناو جەستەی مرۆڤ، وەک ئەو گوللانەی کە بەرگیان بەهێزەو هەموو جەستەی گولەکە داناپۆشێت یان ئەو گولانەی کە بەرگەکانیان بەهێزکراوە.

ش/ دەست درێژی کردنە سەر ناموس وە بە تایبەتی هەڵس و کەوتی ڕیسواکەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی شکۆمەندی.

ت/ دەست درێژیکردنە سەر ناموس، یان کۆیلە کردنی سێکسی، یان لەشفرۆشی بەزۆر، یان سکپڕکردنی بەزۆر یان هەر شێوەیەکی تر لە شێوەکانی توندوتیژیی سێکسی کە بەهەمان پلە ترسناک بێت.

پ/ بەکارهێنانی هەبوونی کەسانی سڤیل یان کەسانی پارێزراو بۆ ئەوەی هەندێ خاڵ یان ناوچە یان هێزی سەربازی توندو تۆڵ بکات لە ڕوی کردارە سەربازییەکانەوە.

خ/ ئاراستەکردنی هێرشی بە مەبەست دژی باڵەخانەکان، کەل و پەلەکانی یەکە پزیشکییەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە و کەسانێک کە دروشمی جیاکاری ڕێککەوتننامەکانی جنێف بەکاردەهێنن بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

ژ/ برسیکردنی دانیشتوانە سڤیلەکان وەک شێوەیەک لە شێوەکانی جەنگ، وە بێبەشکردنیان لەو خواردنانەی کە پێویستە بۆ مانەوەی ژیانیان، لەوانە بە مەبەست کۆسپ خستنە بەردەم یارمەتییە فریاگوزارییەکان کە لە دەقەکانی ڕێککەوتننامەکانی (جنێف)دا هاتووە.

چ/ سەربازگیری یان تۆمارکردنی منداڵانی خوار تەمەنی (١٥) پانزە ساڵی لە هێزی سوپای نیشتیمانی یان بەشداری پێکردنیان لە کردارە دوژمنکارییەکاندا.

٣/ لەکاتی ڕوودانی هەر جۆرە ململانێیەکی چەکدارانە، هەریەک لەو کردارە تاوانکارییانەی دژی کەسانێک ئەنجامدەدرێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگییەکان بەشدارنەبوون، لەوانە کەسانی هێزی چەکداری ئەوانەی کە چەکەکانیان فڕێداوە و ئەوانەی دەستە پاچەن لەشەڕ بەهۆی نەخۆشی یان برینداری یان گلدانەوە یان بەهەر هۆیەکی تر.

آ/ توندو تیژی بەکارهێنان دژی ژیانی کەسان، بەتایبەتی کوشتن بە هەمـــوو جۆرەکـــانیەوە و شـــێواندن و هەڵســـوکەوتی بێبەزەییـــانە و ئەشکەنجەدان.

ب/ دەستدرێژی کردنە سەر ئابڕوی کەسان بەتایبەتی هەڵس وکەوتی ڕیسواکەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی شکۆمەندی.

ج/ بە بارمتە گرتن.

د/ فەرمان دەرچواندن و جێبەجێکردنی لە سێدارەدان، بەبێ هەبوونی فەرمانێکی پێشوو کە لە دادگایەکی دامەزراو و پەیڕەوکراو دەرچوبێت و دەستەبەری هەموو گەرەنتییە دادوەرییە باوەڕ پێکراوە گشتییەکان بێت کە دەست بەرداربوونی بۆ نییە.

٤/ پێشـــێلکارییە ترســـناکەکانی تـــری یاســـاو داب و نەریتەکـــان کە پێویستە جێبەجێبکرێت لەسەر ململانێ چەکدارییە نا نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی جێگیر، وە بەدیاریکراوی هەر کردارێک لەم کردارانە:

آ/ ئاراستەکردنی پەلاماری بە مەبەست دژی دانیشتوانی سڤیل، یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ بەشداری کردارە جەنگییەکان ناکەن.

ب/ ئاراســتەکردنی پەلامــاری بە مەبەســت دژی باڵەخانەکـان، کەل و پەلەکـان، یەکەکـان یـان ئامرازەکـانی گواســتنەوەی پزیشـکی، وە یـان کەسانێک کە دروشمی جیاکاری ڕێککەوتننامەکانی جنێف بەکاردەهێنن بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

ج/ هێرشـــی بە مەبەســـت دژی خزمەتگوزارییەکـــان، دامەزراوەکـــان، یەکەکان، یان ئۆتۆمبێلەکانی بەکارهاتوو لە کارە یارمەتییە مرۆییەکان یان پاراستنی ئاسایش بەپێی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنەبن کە دراوە بە سڤیلەکان یان ئامانجە سڤیلەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.

د/ ئاراستەکردنی هێرشی بەمەبەست دژی باڵەخانەکانی تایبەتمەند بە مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، زانستی، یان خێرخوازی، یان شوێنەوارە مێژووییەکان و نەخۆشخانەکان و شوێنەکانی کۆبونەوەی نەخۆشەکان و بریندارەکان، بە مەرجێک ئامانجی سەربازی نەبن.

ە/ تالآنکردنی هەر شارێک یان شوێنێک ئەگەر بەزۆریش دەستیبەسەردا گیرابێت.

و/ دەست درێژیکردنە سەر ناموس، یان کۆیلە کردنی سێکسی، یان لەشفرۆشی بەزۆر، یان سک پڕکردنی بەزۆر، یان هەر شێوەیەک لە شێوەکانی توندو تیژیی سێکسی کە بەهەمان پلە ترسناک بێت.

ز/ سەربازگیری یان تۆمارکردنی منالآنی خوار تەمەنی (١٥) پانزە ساڵی لە هێزەکان یان گروپە چەکدارییەکان یان بەکارهێنانیان لە بەشداری ڕاستەوخۆی کردارە جەنگییەکان.

ح/ فەرمان دەرکردن بە ڕاگواستنی دانیشتوانە سڤیلەکان بە هۆکاری پەیوەندیدار بە ململانێ، ئەگەر هات و ئەو کارە لە پێناو ئاسایشی سڤیلەکان یان هۆکاری سەربازیی ڕاستەوخۆ نەبوو.

گ/ کوشتن یان بریندارکردنی یەکێک لە جەنگاوەرانی دوژمن بە ستەم.

ی/ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ کەسێک لە ژیاندا نەماوە.

ک/ سەرپێدانواندنی کەسانی سەر بە دەسەڵاتی لایەنی تری ململانێ، بۆ شێواندنی جەستەیی یان هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی یان زانستی کە بیانویەک لە ئارادا نەبێت بۆ چارەسەری پزیشکی یان چارەسەری مرۆڤ یان چارەسەری کەسی مەبەست لە نەخۆشخانە و لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبێت و ببێتەهۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانێک یان تەندروستییان بخاتە ژێر مەترسییەکی ترسناکەوە.

ل/ وێرانکردن یان دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵی لایەنی دوژمن کە ئەم وێرانکردن و دەستبەسەرداگرتنە لە کارێکی وانەبێت پێویستییەکانی جەنگ ناچاری کردبێت.

لقی چوارەم:

پێشێلکاریی یاساکانی عێراقی

ماددەی (١٤) دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر تاوانکاری ئەم تاوانانەی خوارەوەدا:

١/ دەستخستنەناو کارەکانی دادوەری یان هەوڵدان بۆ کارتێکردنی لە کارەکانی.

٢/ بە فیڕۆدانی سامانی نیشتیمانی و پەرت و بڵاوکردنی بەگوێرەی بڕیارەکانی بڕگەی (ز) لە ماددەی دووەم لە یاسای سزادانی کەسانی پیلانگێڕ لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی و گەندەڵکردنی ڕژێمی دەسەڵات ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٥٨).

٣/ خراپ بەکارهێنانی پلەو پایە و تێکۆشان لەپێناوی سیاسەتێک کە ببێتەهۆی نانەوەی هەڕەشەی جەنگ یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی عێراقی دژی دەوڵەتێکی عەرەبی بەپێی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٥٨).

٤/ ئەگەر دادگا بینی کۆڵەکە (پایە)ی تایبەتی هەریەک لە تاوانەکانی باسکراو لە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣)ی ئەم یاسایە نەهاتەدی، وە بۆی دەرکەوت کارەکە تاوانەو یاسای سزاکان یان هەر یاسایەکی تر سزای دەدات کاتی ئەنجامدانی، دادگا بەرپرسیارێتیی دادوەری دەگرێتە ئەستۆ بۆ بینینی کەیسەکە.

بەشی سێیەم

بەرپرسیارێتیی تاوانکاری کەسی

ماددەی (١٥):

١/ ئەو کەسانەی کە تاوانکارەو تاوانەکەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگادایە، بەرپرسیاریێتی تاکی دەکەوێتەئەستۆ و ڕووبەڕوی سزا دەبێتەوە بەپێی ئەم یاسایە.

٢/ بەپێی ئەم یاسایە و یاسا سزاییەکان ئەو کەسە بە بەرپرسی تاوانکاری دادەنرێت ئەگەر هەستا:

آ/ بە خودی خۆی تاوانەکەی ئەنجامدا یان بەشداری لەگەڵ یەکێکی تر یان بەهۆی کەسێکی تر بە چاوپۆشین لەوەی کە ئایا ئەو کەسە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە ئەستۆدایە.

ب/ فەرماندان بە ئەنجامدانی تاوانێک کە بەکردەوە ڕوویدابێت یان دەستپێکردبێت یان فریودان یان هاندان بە ئەنجامدانی.

ج/ یارمەتی پێشەکەشکردن یان هاندان یان یارمەتی بەهەر شێوەیەکی تر بەمەبەستی ئاسانکاری ئەنجامدانی تاوان یان دەستپێکردنی وە لەنێوانیان ئامادەکاری هۆیەکانی ئەنجامدان.

د/ بەشداری بەهەر شێوەیەکی تر بۆ هەستانی گروپێک کە کاردەکەن بەمەبەستێکی هاوبەش بە ئەنجامدانی ئەم تاوانە یان دەستپێکردنی بە مەرجێک ئەم بەشدارییە بە مەبەست بێت و پێشکەشکرێت:

* بە ئامانجی بەهێزکردنی چالاکیی تاوانکاری یان بە مەبەستی تاوانکاری ئەو گروپە، ئەگەر هات و ئەو چالاکیە یان مەبەستە ئەنجامدانی تاوانێکی تیابوو کە دەکەوێتە میانەی دەسەڵاتی دادگا.

* زانیاری هەبێت کە ئەم گروپە نیازی ئەنجامدانی تاوانیان هەیە.

* هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە ئەوەی پەیوەندیدارە بە تاوانی جینۆساید.

* دەستپێکردنی بە ئەنجامدانی تاوان وە یان سەرەتای جێبەجێکردنی کارەکە بە مەبەستی ئەنجامدانی، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک بەبێ ویستی بکەر تاوانەکە ڕووینەدا، سەرەڕای ئەوەی بە بیانوی لێبوردراو

له سزا دادەنرێت ئەگەر هەوڵی چالاکانەی بکەرەکە بووەهۆی ڕوونەدانی یان تەواونەکردنی تاوانەکە، دەستپێکردن سزای لەسەر نییە بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر بکەر بە تەواوی ویستی خۆی وازیهێنا لە پرۆژە تاوانکارییەکەی.

٣/ ئەو پلەو پایە فەرمییانەی تاوان خراوەپاڵ هەیەتی نابێتەهۆی لێبوردنی یان سوک کردنی سزا، ئەگەر هات و تاوان خراوەپاڵ سەرۆکی دەوڵەت یان سەرۆک یان ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش یان سەرۆک یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعس بوو، یاساپارێزی (حصانە) نابێتە بیانو بۆ ڕزگاربوون لە بەرپرسیارێتیی ئەو تاوانانەی کە باسکراوە لە ماددەکانی (١١-١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا.

٤/ سەرۆکی گشتی لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری نابوردرێت لەو تاوانانەی ئەنجامدەدرێت لەلایەن کەسانێک کە لەژێر فەرماندەیی ئەو کاردەکەن، سەرۆک ئەگەر هات و پێی زانیبێت یان هۆیەکانی پێزانینی لا گەلاڵە بوبێت کە دەست و پێوەندەکانی ئەو کارانەیان ئەنجامداوە یان هێندەی نەماوە ئەنجامی بدەن وە سەرۆک هەڵنەستا بە ڕێکارییەکانی پێویست و گونجاو بە نەهێشتنی ڕوودانی ئەم کردارانە یان بەرزکرنەوەی دیاردەکە بۆ دەسەلاتدارانی تایبەتمەند بۆ ڕێککاری لێکۆڵینەوەو دادبینی.

٥/ هەرکەسێک تۆمەتبارکرابوو بە ئەنجامدانی کارێک وا جێبەجێکرابوو بە فەرمانێک لەلایەن میرییەوە دەرچوو بوو یان لە سەرۆکیەوە، ئەوە نابێتە هۆی لێبوردنی لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری و دەکرێت ڕەچاوبکرێت بۆ سوککردنی سزا ئەگەر هات و دادگا بە پێویستی زانی بۆ گەیشتن بە دادپەروەری.

٦/ بڕیارەکانی لێبوردنی پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هیچ یەکێک لەو تۆمەتبارانە ناگرێتەوە کە تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی یەکێک لەو تاوانانەی باسکراون لەم یاسایەدا.

بەشی چوارەم

ڕێسا ڕێککارییەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان

ماددەی (١٦):

یاسای بنەما دادبینییە سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) و ڕێسا ڕێککارییەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی پاشکۆی ئەم یاسایە کە دادەنرێن بەبەشێک و لێیجیانابنەوە و تەواوکەریەتی پیادەدەکرێت بەسەر ڕێککاریەکانی بە دواداچونی دادگا.

بەشی پێنجەم

بنەما گشتییەکانی یاسای تاوانکاری

ماددەی (١٧):

١/ لەکاتی نەبوونی دەقێکی یاسایی و ڕێساکانی ئەم یاسایە، بنەما گشتییەکانی یاسای تاوانکاری لەسەر تۆمەتبار جێبەجێدەکرێت کە بەدەق هاتوون لەم یاسایانەی خوارەوە:

آ/ لە ماوەی نێوان (١٩٦٨/٧/١٧ تاوەکو ١٩٦٩/١٢/١٤) یاسای سزاکانی بەغدادی ساڵی (١٩١٩).

ب/ لە ماوەی نێوان (١٩٦٩/١٢/١٥ تاوەکو ٢٠٠٣/٥/١) یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) کە جێبەجێدەکرا ساڵی (١٩٨٥).

ج/ یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٤٠) وە بنەما دادبینییە سەربازییەکان ژمارە (٤٤)ی ساڵی (١٩٤١).

٢/ دادگاو دەستەی پێداچوونەوە بۆیان هەیە پەنابەنە بەر بڕیارەکانی دادگاکانی تاوانکاریی نێودەوڵەتی لەکاتی ڕونکردنەوەی بڕیارەکانی ماددەی (١١- ١٢- ١٣)ی ئەم یاسایە.

٣/ بڕیارەکانی یاسای سزاکان پیادەدەکرێت ئەوانەی کە دەگونجێن لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم یاسایە و پابەندبوونەکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی میانەی دەسەڵاتی دادگا لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت بە لێبوردن لە بەرپرسیارێتیی تاوانکاری.

٤/ ئەو تاوانانەی لە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، ملکەچ نین بۆ ماوەی بەسەرچوونی دۆڕاو لە داوا سزاییەکان و سزاکان.

بەشی شەشەم

لێکۆڵینەوە و ڕەوانەکردن

ماددەی (١٨):

١/ دادوەری لێکۆڵینەوە بەدەست پێشخەریی خۆی یان بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە پێیدەگات لە هەر سەرچاوەیەک دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی کە لە پۆلیس هاتووە یان لەهەر لایەنێکی میری و نامیری. دادوەری لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانەی بۆی هاتووە دەگرێتەدەست بۆ بڕیاردان ئەگەر هات و بەڵگەکان پێویستبن بۆ دەستکردن بە لێکۆڵینەوە.

٢/ دادوەری لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی لێپێچینەوەی تۆمەتبارەکان و قوربانییەکان و شایەدەکانی هەیە لەپێناو کۆکردنەوەی بەڵگەکان و ڕێککاری لێکۆڵینەوەکانی مەیدانی. دادوەر لە پێناو جێبەجێکردنی کارەکەی دەتوانێت داوای یارمەتی لە دەسەڵاتدارانی میری پەیوەندیدار بکات هەر کاتێک پێویست بوو، وە لەسەر لایەنەکانی میری پەیوەندیدار پێویست بوو، وە لەسەر لایەنەکانی میری پەیوەندیدار پێویستە هاوکاری تەواوی بەدەنگەوە هاتنی داواکارییەکان بکەن.

٣/ دادوەر کە بڕیاریدا بەڵگەکانی بەشی پێکهاتەی کەیسەکە دەکەن، لەسەریەتی داواکە ڕەوانەی دادگای تاوانکاری بکات وە بڕیاری

ڕەوانەکردنەکە پێڕاگەیاندنێکی کورتی تێدا دەبێت لەسەر ڕووداوەکە و ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵ تۆمەتبار و مادده یاساییەکەی کە پێی ڕەوانە کراوە بەپێی ئەم یاسایە.

دەستەبەرییەکانی تۆمەتبار

ماددەی (١٩):

١/ هەموو کەسێک لەبەردەم دادگادا یەکسانن.

٢/ تۆمەتبار بێتاوانە تاوەکو تۆمەتەکەی دەسەلمێنرێت لەبەردەم دادگادا بەپێی یاسا.

٣/ هەموو تۆمەتبارێک مافی دادبینییەکی ئاشکرای هەیە بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم یاسایە و ڕێساکانی.

٤/ کاتی ئاراستەکردنی هەر گومانێک دژی تۆمەتبار بەپێی ئەم یاسایە، تۆمەتبار بەلای کەمەوە مافی دادبینییەکی دادپەروەرانە و پاکی هەیە بەپێی دەستەبەرییەکانی خوارەوە:

آ/ پێزانینی دەستبەجێ بە ناوەڕۆکی ئەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە بەدرێژی هەروەها بەسروشت و هۆیەکانی.

ب/ تۆمەتبار ئاسانکاریی تەواوی بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانێت داکۆکی خۆی ئامادەبکات و سەربەستیی تەواوی بدرێتێ بۆ ئەوەی بە تەواوی ویستی خۆی پارێزەرێک دیاریبکات و بە تەنیا لەگەڵی کۆببێتەوە، وە بۆی هەیە پەنابباتەبەر پارێزەرێکی بیانی ئەگەر هات و پارێزەری سەرەکی عێراقی بێت.

ج/ دادبینی کردنی بێدواکەوتن بەبێ هۆیەکی ڕەوا.

د/ دادبینی ڕووبەڕو بکرێت و خۆی داکۆکی لە خۆی بکات یان پەنابباتەبەر پارێزەرێک کە بەتەواوی ویستی خۆی دیارییکردووە و پێی ڕابگەیەنرێت کە مافی داواکردنی یارمەتیی دادوەری هەیە ئەگەر هات و

توانـای دارایـی نەبـوو، وە مـافی داواکردنـی ئەو پـارمەتییەی هەیە بـۆ ئەوەی پارێزەری بریکاری بۆ دابنرێت بێ ئەوەی کرێکەی بدات.

ه/ مـافی بـانگکردنی شـایەدەکانی داکـۆکی و هاوپرسـییەکی لە گەڵ ئەوان و شایەدەکانی سەلماندن هەیە، هەروەها مافی بە بەرچاوخستنی هەر بەڵگەیەک کە داکۆکییەکەی بەهێز بکات.

و/ نابێـت ناچاربکرێـت بـۆ دانپیانـان وە مـافی بێـدەنگیی هەیە، بەبـێ ئەوەی ئەو بێ دەنگییە بەڵگەیەک بێت بۆ تاوانبارکردن یان بێتاوانی.

بەشی حەوتەم

دادبینی

ماددەی (٢٠):

١/ ئەو کەسەی تۆمەتباردەکرێت و دەگیرێت بەگوێرەی فەرمانی گرتن کە لەلایەن دادوەری لێکـۆڵینەوەوە دەردەچێـت پێویسـتە لە شـوێنی ڕاگرتن دابنرێت و دەستبەجێ بەو تۆمەتە ئاگاداربکرێتەوە کە خراوەتە پاڵی و بگوازرێتەوە بۆ دادگا.

٢/ دادگای تاوانکاری دەستەبەری ڕێککاری دادبینییەکی دادپەروەرانە و خێـرای لەسـەر پێویسـتە بەپێـی بڕیارەکـانی ئەم یاسـایە و ڕێسـا ڕێککارییەکـانی پاشـکۆی ئەم یاسـایە لەگەڵ دەسـتەبەری مافەکـانی تۆمەتبـار و ڕەچـاوکردنی کە پێویسـتە بـۆ پارێزگـاری لە قوربانیـان و کەس و کاریان و شایەدەکان.

٣/ دادگـای تاوانکـاری پێویسـتە بڕیـاری ڕەوانەکـردن بخـوێنێتەوە هەروەها بڕوای بەخۆی هەبێت کەوا ڕێز لە مافەکانی تۆمەتبار دەگرێت و دەسـتەبەریدەکات و لەسـەریەتی دووبـارەی بکـاتەوە کەوا تۆمەتبـار تێگەیشـتوە لەو تـۆمەتە یـان تۆمەتەکـانی خـراوە ئەسـتۆی و پرسـیاری ئاراستەبکات ئایا تاوانبارە یان بێتاوانە.

٤/ دادبینییەکە دانیشتنەکانی بە ئاشکرا دەبێت، تەنیا ئەگەر دادگا بڕیاری بەنهێنی کردنیدا بەپێی ڕێساو ڕێککارییەکانی پاشکۆی ئەم یاسایە، وە ناکرێت دانیشتنەکان نهێنیبن ئەگەر هات و لەبەر چەند هۆیەکی زۆر سنوردار نەبێت.

ماددەی (٢١):

دادگای تاوانکاری پێویستە پاراستنی قوربانیان یان کەس و کاریان و شایەدەکان دابینبکات بەپێی ڕێسا و ڕێککارییەکانی پاشکۆی ئەم یاسایە وە دابینکردنی نهێنیی ناسنامەی قوربانیان و شایەدەکان.

ماددەی (٢٢):

کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی عێراقی بۆیان هەیە داوای شارستانی دژی تۆمەتباران تۆمار بکەن دەربارەی ئەو زیانانەی کە لێیان کەوتووە بەهۆی ئەو کارانەی کە بە تاوان دادەنرێن بەپێی بڕیارەکانی ئەم یاسایە، وە پێویستە دادگا کێشەکان یەکلایی بکاتەوە بەپێی یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) و یاساکانی پەیوەندیدار.

ماددەی (٢٣):

١/ دادگای تاوانکاری پێویستە سەپاندنی بڕیارەکان و سزاکانی سەر تاوانبارکراون ڕابگەیەنێت.

٢/ بڕیارەکانی دادگای تاوانکاری بەزۆرینەی دەنگ دەردەچێت و بە ئاشکرا ڕادەگەیەنرێت. فەرمان لەسەر بنچینەی بڕیاری تاوانبارکردن نەبێت دەرناچێت وە دەکرێت دیدو بۆچوونی دادوەری ناکۆکیی پێوە بلکێت.

ماددەی (٢٤):

١/ سزاکانی دادگا ڕایدەگەیەنێت، ئەو سزایانەن کە بەدەق هاتوون لە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)، جگە لە سزای زیندانیی

هەتاهەتـایی کە بەردەوام دەبێـت بە درێژایـی مـاوەی ژیـانی فەرمـان بەسەردادراو لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماددەی (١٧)ی ئەم یاسایە.

٢/ سـزاکانی سـەپێنراو بەسـەر تاوانبـاران بەپێی مـاددەی (١٤)ی ئەم یاسایە، ئەو سزایانەن کە باسکراون لە یاسای سزاکانی تر.

٣/ لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەکانی (چوارەم و پێنجەم)ی ئەم مـاددەیە، دادگای تاوانکاری سزاکانی تـایبەت بەو تاوانـانەی کەلە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣)ی ئەم یاسایەدا هاتوون دەگرێتە دەست خۆی.

٤/ کەسی تاوانبارکراو سزا دەدرێت بەو سـزایانەی بەدەق هـاتوون لە یاسای سزاکان ئەگەر:

آ/ تاوانەکـانی کوشـتن یـان دەسـتدرێژی کـردنە سـەر ناموسـی ئەنجامدابێت بەپێی یاسای سزاکان.

ب/ یـان بەشـداریکردبێت لە ئەنجامـدانی تاوانەکـانی کوشـتن یـان دەستدرێژی کردنە سەر ناموس.

٥/ دادگـا کاتێـک سـزای هەر تاوانێـک دیـاری دەکـات کە لە مادەکـانی (١١- ١٢- ١٣)ی ئەم یاسایەدا هاتووە و هاوتای نییە لە یاسای عێراقیدا، ڕەچـاوی هۆکـارە دیاریکراوەکـان دەکـات بـۆ نمـونە ترسـناکیی تـاوان و بـارودۆخی کەسـایەتیی تاوانبـارکراو و ڕێنمـایی کـردن بە بڕیـارە پـێش وەختەکان و سزای دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا.

٦/ دادگـای تاوانکـاری بـۆی هەیە فەرمـانی دەسـت بەسـەراگرتنی هەر سـەروەت سـامانێک یـان هەر داهاتێـک بـدات کە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی تـاوانەوە دەسـتکەوتبێت بەبێ زیـان گەیاندن بە لایەنەکانی سێیەم کە نیاز پاکن.

٧/ دادگای تاوانکاری دەبێت دەست بەسەر هەر ماددەیەک یـان کەل و پەلێکـدا بگرێـت کە یاسـا قەدەغەی کردبێـت بە چاوپۆشـین لەوەی ئایـا

کەیسەکە یان داواکە بە کۆتا هاتبێت یان نەهاتبێت بەپێی بڕیاری ماددەی (٣٠٧) لە یاسای بنەما دادبینییە سزاییەکان.

بەشی هەشتەم

شێوەکانی تانەلێدان

لقی یەکەم:

پێداچونەوە

ماددەی (٢٥):

١/ بڕیــار بەســەردراو یــان داواکــاری گشــتی بۆیــان هەیە لەڕێگــای پێداچوونەوەوە تانە لە  بڕیارەکان بدەن لەلای دەستەی پێداچوونەوە بە یەکێک لەم هۆیانەی خوارەوە:

آ/ ئەگەر بڕیـــارەکە پـــێچەوانەی یاســـا بێـــت یـــان هەڵەیەک لە شرۆڤەکردنیدا هەبێت.

ب/ هەڵەیەک لە ڕێککاریەکاندا کرابێت.

ج/ هەڵەیەکی سـەرەکی لە ڕووداوەکانـدا کرابێـت کە هـۆیەک بێـت بـۆ نشوستی دادپەروەری.

٢/ دەســتەی پێــداچوونەوە بــۆی هەیە بڕیــاری دادگــای تاوانکــاری و بڕیارەکـانی دادوەری لێکـۆڵینەوە پەسـەندبکات یـان هەڵیـان بوەشـێنێتەوە یان هەمواریان بکات.

٣/ دەســتەی پێــداچوونەوە کاتێــک بڕیــاردەدات بە هەڵوەشــاندنەوەی بڕیاری بێتاوانی یان ئازادکردنی تۆمەتبار کە لەلایەن دادگای تاوانکاری یان دادوەری لێکۆڵینەوە دەرچووە پێویستە داواکە بۆ دادگای تاوانکاری بگەڕێنێتەوە بۆ سەرلەنوێ دادبینیکردنی تۆمەتبار.

٤/ مــاوەی تانەلێــدان بەپێــی بڕیارەکــانی یاســای بنەمــا دادبینیــیە سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) دەبێت، لەکاتی نەبوونی دەقێکی تایبەت لەم ڕووەوە.

لقى دووەم:

دادبینی کردنەوە

ماددەی (٢٦):

١/ دەرکەوتنی ڕووداو و ڕاستی نویٛ لەکاتی دادبینی لەپێش دادگای تاوانکاری یان دەستەی پێداچوونەوە نەزانرابوون، وە لەوانەیە ببێتە هۆیەکی یەکلاکەرەوە بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی ڕەوا، کەسی تاوانبارکراو وە هەروەها داواکاری گشتی مافی ئەوەیان هەیە داوا پێشکەش بە دادگا بکەن بۆ سەرلەنویٛ دادبینیکردنەوە.

٢/ دادگا پێویستە داواکە پەسەندنەکات ئەگەر هاتو بینی بنچینەکانی یاسای تێدا نییە، بەڵام ئەگەر بینیی داواکە پشت دەبەستێت بەچەند هۆکارێکی شیاو بۆ هەموارکردنی بڕیارەکە پێویستە بڕیاربدات بە:

آ/ گێڕانەوەی داوا بۆ دادگای تاوانکاری بۆ پێداچوونەوەی سەرلەنویٛ.

ب/ یان گێڕانەوەی داوا بۆ دادگای تاوانکاریی تر.

ج/ یان دەستەی پێداچوونەوە سەیری داواکە دەگرێتەئەستۆی خۆی.

بەشی نۆیەم

جێبەجێکردنی بڕیارەکان

ماددەی (٢٧):

١/ بڕیارەکانی ئەم دادگایە جێبەجێدەکرێن بەپێی یاسا.

٢/ هیچ لایەنێک بۆی نییە، وە لەوانە سەرۆک کۆمار بۆ لێبوردن یان سوککردنی سزاکانی ئەم دادگایە، وە سزاکەش پێویستە لەپاش بەسەرچوونی ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ جێبەجێبکرێت لە بەرواری وەرگرتنی بریارەکە بە پلەی کۆتایی.

بەشی دەیەم

بڕیارە گشتی و کۆتاییەکان

ماددەی (٢٨):

دادوەرانی لێکۆڵینەوە و دادگای تاوانکاری و ئەندامانی دەستەی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارگێڕی و فەرمانبەرانی دادگا دەبێت عێراقی بن لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی ماددەی (٣/ پێنجەم) لەم یاسایەدا.

ماددەی (٢٩):

١/ ئەم دادگایە و دادگاکانی نیشتیمانی دەسەڵاتی هاوبەشیان دەبێت لە دادبینی کەسانی تۆمەتبار بە تاوانەکانی کە بەدەق هاتووە لە ماددەی (١٤)ی ئەم یاسایەدا.

٢/ ئەم دادگایە مافی یەکەمی هەیە بەرامبەر گشت دادگاکانی عێراقی ئەوەندەی پەیوەندی بەدەسەڵاتییەوە هەیە لەسەر تاوانەکانی کە بەدەق هاتووە لە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣)ی ئەم یاسایەدا.

٣/ ئەم دادگایە بۆی هەیە لەهەر قۆناغێکدا داوا لەهەر دادگایەکی عێراقی بکات بۆ گواستنەوەی هەر کەیسێک کە خراوەتە بەردەمی و تایبەتە بە هەر تاوانێک لە تاوانەکانی باسکراو لە ماددەکانی (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا، وە لەسەریەتی کەیسەکە ڕەوانەی ئەم دادگایە بکات هەر کاتێک داوایلێکرا.

ماددەی (٣٠):

١/ هیچ کەسێک نابێت دادبینی بکرێت لەبەردەم هیچ دادگایەکی عێراقیی تر لەسەر ئەو تاوانانەی کە پێشتر لەبەردەم دادگا دادبینی کراوە بە پشتبەستن بە ماددەکانی (٣٠٠- ٣٠١) لە یاسای بنەما دادبینییە سزاییەکان.

٢/ دادبینیی کەسێک لەبەردەم هەر دادگایەکی عێراقی لەسەر هەر تاوانێک لە تاوانەکانی کە دەکەوێتە میانەی دەسەڵاتی ئەم دادگایە، دادگا بۆی نییە دادبینی بکاتەوە لەسەر هەمان تاوان مەگەر بڕیاربدات کەوا

ڕێککارییەکـانی دادبینیـیەکە پـاک و بـێلایەن نەبـووە یـان ئەوەتـا ئەو ڕێککارییـانە ئامـادەکراو بـووە بۆ پاراسـتنی تۆمەتبـار لە بەرپرسـیارێتیی تاوانکاری، وە کاتێک بڕیار دەدات بە دادبینیکردنەوە دەبێت یەکێک لەم شـێوانەی تیـا بێت کە لە مـاددەی (١٩٦)ی یاسـای دادبینی شارسـتانی و ماددەی (٣٠٣)ی یاسای بنەما دادبینییە سزاییەکاندا هاتووە.

٣/ لەکـاتی دیـاریکردنی سـزای سـەپێنراو بەسـەر کەسـی تاوانبـارکراو بەپێی ئەم یاسایە، دادگا پێویستە لەسـەری ئەو مـاوەیە لەبەرچـاو بگرێت کە بەسـەری بـردووە لە هەر سـزایەک کە دادگـای عێراقی سـەپاندویەتی لەسەر هەمان کەس و هەمان تاوان.

ماددەی (٣١)

١/ سەرۆکی دادگا و دادوەران و دادوەرانی لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبەرە گشـتییەکان و بەڕێـوەبەری گشـتیی فەرمـانگەی کـارگێڕی و کارمەنـدانی دادگـا سـود لە یاسـا پـارێزی (حصـانە) وەردەگـرن دژی داواکـانی شارستانی ئەوەندەی پەیوەندیداربێت بە ئەرکی فەرمییانەوە.

٢/ دادگـا پێویسـتە لەگەڵ کەسـانی تـر ڕەفتـاری پێویسـت بکـات وە لەنێوانیان تۆمەتبار بۆ ڕێکیی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

ماددەی (٣٢):

زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دادگا دەبێت.

ماددەی (٣٣):

هەرکەسـێک سـەر بە پـارتی بەعـس بووبێت مـافی ئەوەی نییە ببێتە دادوەر یان دادوەری لێکۆڵینەوە یان بەڕێوەبەری گشـتی یـان فەرمـانبەر یان هەرکارمەندێکی ئەم دادگایە.

ماددەی (٣٤):

دەوڵەت لە بودجەی گشتی خەرجییەکانی ئەم دادگایە دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی (٣٥):

سەرۆکی دادگا ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە دەگرێتە ئەستۆ دەربارەی کارەکانی دادگا و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات.

ماددەی (٣٦):

بڕیارەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) و یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی (١٩٦٠) و یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی سۆسیالیستی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) و یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (١٩٦٦) جێبەجێدەکرێت بەسەر کارمەندانی دادگا جگە لە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی.

ماددەی (٣٧):

یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی تایبەتمەند بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٣) و ڕێسا و ڕێککارییەکانی کە دەرچووە بەگوێرەی بڕیارەکانی ماددەی (١٦)ی یاساکە هەڵدەوەشێنرێنەوە لە بەرواری بەرکاربوونی ئەم یاسایەوە.

ماددەی (٣٨):

هەموو بڕیار و ڕێککاریەکانی کە دەرچووە لەژێر سایەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٣) ڕاست و گونجاون لەگەڵ یاسا.

ماددەی (٣٩):

ئەنجومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی دادگا ڕێنماییەکان دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی (٤٠):

ئەم یاسایە جێبەجێدەکرێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.